نەوشیروان مستەفا ئەمین



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بیرەوەریەکانم

دوای ساڵی ١٩٩١

بەرگی چوارەم

یادداشت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

نەوشیروان مستەفا ئەمین



بیرەوریەکانم
دوای ساڵی ١٩٩١

بەرگی چوارەم

یاداشت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوی کتێب: بیرەوریەکانم دوای ساڵی ١٩٩١
نوسینی: نەوشیروان مستەفا ئەمین
نرخ : (١٨٠٠٠) دینار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوەرۆک

یادداشتی رۆژانەی مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس (١٩٩١)..... ٥
یادداشتی رۆژانەی یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩) ٦٣
یادداشتی رۆژانەی شەڕی ناوخۆ: هەڵگیرسانی و هەوڵەکانی کوژاندنەوەی(١٩٩٤ – ئەیلولی ١٩٩٨)..... ١١٩
هەڵگیرسانی: ئایاری ١٩٩٤ ..... ١١٩
هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە تاران..... ١٤٥
خولی یەکەم (ئاب – ٩٤/٩/١٠) ١٤٥
خولی دوەم (٣/٢٦ – ٩٥/٤/٢٢)..... ١٥٢
خولی سێیەم (٦/٢٨ - ٩٥/٧/٢)..... ١٦٤
خولی چوارەم (٥ – ٩٥/١٠/٩)..... ١٦٤
هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە پاریس (١٦-١٩٩٤/٧/٢٢)..... ١٧٢
هەوڵی کوژاندنەوە: رێککەوتنی ستراتیجی تا ٢٠٠٠ (١١/٢١ – ١٩١
هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە ئیرلاندا ٢٣٣
خولی یەکەم: (٩ – ١٩٩٥/٨/١١)..... ٢٣٣
خولی دوەم: (١٢- ١٩٩٥/٩/١٥)..... ٢٣٨
هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ بە نامە (٢/١٧ – ١٩٩٦/٣/٢٧)..... ٢٦٤
هەوڵی کوژاندنەوە: رێککەوتنی واشنتۆن (١٩٩٨/٩/١٧)..... ٣٢١
لە نێوان مام جەلال و منداً (ئازاری ١٩٩٩ – شوباتی ٢٠٠١)..... ٣٢٩
١. گەڕانەوە بۆ کوردستان (١٩٩٩/٣/١٥)..... ٣٣٠
٢. هەوڵی ریفۆرم..... ٣٣٩
٣. دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی..... ٣٤٧
٤. گەشتە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی مام جەلال ٣٥١
٥. داهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم..... ٣٥٩
٦. بابەتی جۆراوجۆر ٣٦٩

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیرەوریەکانم دوای ساڵی ١٩٩١.....

٧. دوەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی ...(١/٣٠– ٢٠٠١/٢/٥) ٣٧٦
یادداشتی رۆژانەی مەجلیسی حوکم..... ٣٨٨
(تەموزی ٢٠٠٣ – مارتی ٢٠٠٤) ٣٨٨
یادداشتی رۆژانەی پرۆسەی پێکهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم؟..... ٥٣٣
(کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ – حوزەیرانی ٢٠٠٥) ٥٣٣
چەردەیەک بابەتی جۆراجۆر ٦٠٧

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یادداشتی رۆژانەی

مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی –

بەعس (١٩٩١)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەم بەهاری ئازادی کورد

لە نەورۆزی ١٩٩١ دا ئەمان توانی بڵێین: ئەوە یەکەمین جارە لە مێژوی کوردا نزیکەی سەرانسەری سەرزەمینی کوردستانی عیراق لە دەسەڵاتی حکومەتی عیراق رزگاری بوە و، کورد لە رێگەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیەوە دەستی گرتوە بە سەر نیشتمانەکەی خۆیدا.

بەهاری ئازادی کورد زۆری نەخایاند، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە وەرگەڕا بە گەورەترین شکستی جەنگی و، گەورەترین کۆچی بە کۆمەڵی کورد و، گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی و، سەرەنجام بۆ یەکەمین جار مەینەتیی کورد توانی بەزەیی بەشێ لە رای گشتی جیهانی پێشکەوتو بە دەس بهێنێ.

فەرهەنگی کڕوزانەوە بۆ "بەدەسهێنانی بەزەیی بەرامبەر" بەشێکە لە کەسایەتی کورد. رەنگە بێدەوڵەتی و ژێردەستەیی درێژخایەنی دەسەڵاتی بێگانە لە دروستکردنی ئەم فەرهەنگەدا کاریگەر بوبێ. تاکی کورد بۆ بەدەسهێنانی مافەکانی، لە جیاتی ئەوەی خۆی بە خاوەن هەق دابنێ و داکۆکی رەوا لە خواستەکانی بکا، هەوڵ ئەدا لە رێی ئەوەوە کە گوناحە، نەگبەتە، بەدبەختە، لێقەوماوە، لاواز و زۆرلێکراوە، بە پارانەوە و لاڵانەوە و نوزانەوە هەستی بەزەیی لە بەرامبەرەکەی دا ببزوێنێ و، خواستەکەی پێ بسەلمێنێ. ئەوە لە کەسایەتی بە کۆمەڵی کوردیش دا، لەوانە لە سەرکردایەتی حیزبەکان دا، رەنگی داوەتەوە.

کۆچی بە کۆمەڵ چەندین روداوی تری بە دوای خۆی دا هێنا:

- گفتوگۆی کورد – بەعس.

- بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی پەناگای ئەمین بۆ کورد لە بەشێکی کوردستان دا.

- کێشانەوەی داوودەزگای حکومەتی، حیزبی، ئەمنی و جەنگیی... دەسەڵاتی بەعس لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وەکو خۆیان ناویان لێ نابو.

ئەم روداوانە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بون لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردا.

رۆژانەی راپەڕین

٥ ی ٣ ی ٩١:

خەڵکی رانیە و ئۆردوگاکانی دەوروبەری راپەڕین و دەسەڵاتی بەعسیان روخاند.

٧ ی ٣ ی ٩١:

خەڵکی شاری سلێمانی راپەڕین و دەسەڵاتی بەعسیان روخاند.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١١ ی ٣ ی ٩١:

خەڵکی شاری هەولێر ڕاپەڕین و دەسەڵاتی بەعسییان ڕوخاند.

١٢ ی ٣ ی ٩١:

خەڵکی شاری دهۆک ڕاپەڕین و دەسەڵاتی بەعسییان ڕوخاند.

١٣ ی ٣ ی ٩١:

کاک مەسعود بارەگای لە میوانخانەیەکی حکومەتیی لە مەسیفی سەلاحەدین دانا. هەروەها منیش بارەگاکەی خۆمم لە میوانخانەیەکی حکومەتیی تری مەسیف دا دانا.

١٤ ی ٣ ی ٩١:

کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی

مام جەلال لە سوریاوە زیاتر لە ٢٠ ڕۆژنامەوانی دەزگای جۆراوجۆری ڕاگەیاندنی جیهانی نارد بۆ کوردستان. لە شەقڵاوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان بۆ ساز کرا. کاک مەسعود قسەی بۆ کردن و وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە. منیش لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوم. لە ناو ئەوانەدا هەندێ ڕۆژنامەوانی ناوداریان تێدا بو، کە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە سازدانی ڕای گشتی ئەمەریکی و جیهانی دا بۆ پشتیوانی لە کێشەی کورد. ڕۆژنامەوانەکان کەوتنە گەڕان بە کوردستان دا. هەر لەو ڕۆژانەدا لە تورکیاوە هەندێ ڕۆژنامەوانی بریتانی دەربازی کوردستان بوبون، بەڵام سەریان تیا چو، چارەنوسیان بە نەزانراوی مایەوە.

*

پەیامی سەدام حسێن بۆ سەرانی کورد

لە گەرمەی ڕاپەڕین دا، لە کاتێک دا، دەسەڵاتی بەعس لە زۆری شار و شاروچکەکانی کوردستان ڕوخێنرا بو، هەمو ڕەبیە و موعەسکەرەکانی جەیشی عیراقی، کە لوتکەی گرد و چیاکانی کوردستانیان پیس و ناشیرین کرد بو، وە هەمو داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس لە ناو شارەکان دا، کە نیشانەی داگیرکراوی کوردستان بون، وێران کرا بو. دەیان هەزار ئەفسەر و سەربازی جەیشی ئیحتیلالی بەعس خۆیان بە دەستەوە دابو، بەرەڵا کرا بون و لە ناو شارەکان دا بە ئازادی ئەسوڕانەوە. سەدام پەیامێکی نوسراوی بۆ هەردو سەرکردە: مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نارد. لەو کاتەدا تەنیا شاری کەرکوک مابو بکەوێتە دەس بەرەی کوردستانی.

پەیامەکە بە ئیمزای سکرتێری سەرۆکی کۆمار نێردرا بو، تێکەڵاو بو لە:

- گلەیی چونکە کاتی هەڵبژاردنی جولانەوەکە هاوزەمان بوە لە گەڵ جولانی شیعە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- لە هەڕەشە چونکە بونەتە هاوپەیمانی شیعە و هاوکارییان کردون لە کاتێکا کە ئەو توانیوێتی جولانەوەکەیان بە تەواوی دابمرکێنێتەوە و شارە شیعەنشینەکانی گرتوتەوە، ئەتوانێ شارەکانی کوردستانیش بگرێتەوە.

- لە پێشنیار بۆ گفتوگۆ بۆ لە یەک گەیشتن.

ئەم پەیامەیان بە دو رێگای جیاواز و بۆ دو وڵاتی جیاواز و لە رێگەی دو کەسی جیاوازەوە، بەڵام بە هەمان ناوەرۆک و رستە و رێزمان، بۆ تاڵەبانی و بارزانی نارد بو.

کۆپیەکی پەیامەکەیان ئاڕاستەی تاڵەبانی کرد بو. تاڵەبانی لەو کاتەدا لە شام بو. کۆپیەکە نێردرا بو بۆ بەرزان تکریتی (ئەبو محەمەد) دایکبرای سەدام حسێن لە جنێف (لە سویسرا) تا رەوانەی بکا بۆ تاڵەبانی.

بەرزان تکریتی و سەرچڵ قەزاز ئاشنایەتییان هەبو. بەرزان تەلەفۆنی بۆ سەرچڵ قەزاز کرد بو کە بۆ کارێکی گرنگ و پەلە بگاتە لای. ئەویش دەسبەجێ بە فڕۆکە ئەچێ بۆ لای.

بەرزان پەیامەکەی بە نوسراوی ئەداتێ و، خۆیشی نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ هانی ئەدا ئەو هەلە مێژوییە بقۆزنەوە و، بە زار هەندێ راسپاردەشی لە زمانی سەدامەوە پێ ئەڵێ: کە سەرۆک ئامادەی گفتوگۆیە، ئەگەر وەفدێ بنێرن بۆ جنێف خۆی سەرۆکایەتی گفتوگۆکە ئەکا. ئەگەر بینێرن بۆ عەمان تاریق عەزیز ئەنێرن. ئەگەر لە سەلاحەدین بێ سەعدون حەمادی ئەنێرن. ئەگەر لە بەغداد بێ سەدام خۆی سەرۆکایەتی ئەکات. هەروەها وت بوی: ئەوان گفتوگۆ لە گەڵ یەکلا ناکەن، ئەبێ هەردو سەرکردە: تاڵەبانی و بارزانی و هەردوحیزب: یەکێتی و پارتی پێکەوە بن.

سەرچڵ پەیامەکەی گەیاند بوە د فوئاد مەعسوم لە لەندەن، لەو کاتەدا د فوئاد مەعسوم و محەمەد تۆفیق رەحیم هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بون و لە لەندەن بون، محەمەد تۆفیق پەیامەکە هەڵئەگرێ و ئەڕواتە شام تەسلیمی مام جەلالی ئەکات.

پاش چەند مانگێ لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی بەرە، لە سەر پێشنیاری کاک عەزیز محەمەدی سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق، بارزانی و تاڵەبانی پیک هات بون کە مەسعود بارزانی بەرپرسی کاروباری بەرە بێ لە کوردستان و جەلال تاڵەبانی بەرپرسی کاروباری بەرە بێ لە دەرەوەی وڵات. هەردوکیان پێکەوە سەرۆکایەتی هاوبەشی بەرەی کوردستانی بکەن.

مام جەلال، رەزامەندی دەربڕی بو بۆ گفتوگۆ و، بە نوسین بە دو نامەی جیاواز وەڵامی نامەکەی بەرزان و نامەکەی سەدامی دابوەوە و، ئاگاداری محەمەد تۆفیقی کرد بو دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ لەندەن ئەم و د.فوئاد نوێنەرایەتی یەکێتی بکەن و هوشیار زێباری و موحسین دزەیی، کە یەکەمیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و دوەمیان نوێنەری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەخسی بارزانی بو، کە ئەوانیش هەر لە لەندەن بون، نوێنەرایەتی پارتی بکەن و، لە گەڵ بەرزان تکریتی گفتوگۆ بە راگرتنی شەڕ دەس پێ بکەن.

د فوئاد مەعسوم و محەمەد تۆفیق بۆ ئەو مەبەستە قسە لە گەڵ وشیار زێباری و موحسین دزەیی ئەکەن. ئەوان ئەڵێن عیراق لە روخان دایە ئیمە گفتوگۆی لە گەڵ ناکەین. لەو کاتەدا هەردوکیان دەعوەت کرا بون بۆ سعودیە. سەردانەکەی سعودیەیان بە لاوە گرنگتر بوبو لە چون بۆ جنێف و شەڕاگرتن و گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتی عیراق.

بەمجۆرە دەسپێشکەریەکەی سەدام لە رێگەی بارزانی برایەوە بێ بەر دەرچو.

کۆپیەکی تری هەمان پەیام ئاڕاستەی مەسعود بارزانی کرا بو.

حاجی عوبێدی حاجی مەجیدی سەرسور لە ١٩٧٤ دا سەرلقی پێشمەرگە بو، ئاشنایەتی کۆنی لەگەڵ کاک مەسعود هەبو، ئەویان دۆزی بوەوە نامەکەی پێدا رەوانە بکەن.

حاجی عوبێد، پیاوێکی کوردپەروەری دڵسۆز بو، گومان لە نیازی بەعس ئەکا و، ئەکەوێتە دڵەڕاوکێ کە نەوەکو نامەکە بۆ نانەوەی فیتنە و تێکدانی نێوان یەکێتی و پارتی بێ. کە ئەگاتە پردێ بە دوای بارەگای یەکێتی دا ئەگەڕێ و، ئەچێتە لای مەلا فەرمان کە بەرپرسی ئەو بنکەیە بو. مەلا فەرمان و حاجی عوبێد هەردوکیان ساڵەیی بون. باسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە و داوا ئەکا نامەکە بخوێنێتەوە و ناوەرۆکەکەی بنوسێ و بینێرێ بۆ من بۆ ئەوەی ئاگاداری مەسەلەکە بم. مەلا فەرمان دەسبەجێ وێنەیەکی لە بەر نوسی بوەوە هەمان رۆژ بە دەستی بۆی ناردم. لە گەڵ کۆسرەت و حەسەن کوێستانی خوێندمانەوە. دوای تاووتوێ کردنی ناوەرۆکەکەی و، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و عیراق، بە تایبەتی کە ڕاپەڕینی شیعە لە شارەکانی خواروی عیراق تێک شکێترا بو. پێمان وا بو ڕاگرتنی شەڕ لە گەڵ هێزەکانی جەیش لەو شوێنانەدا کە بوبونە سنوری هەردولامان و دەس پێکردنی گفتوگۆ بە قازانجی کورد. هەڵوێستی کورد لەو کاتەدا لەوپەڕی بەهێزی دا بو، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی سەدام و بەعس لەوپەڕی خراپی دا بو.

ئێوارەکەی لە سەلاحەدین لە بارەگاکەی خۆمان بوم و کاک مەسعود لە شەقڵاوە بو بروسکەی بۆ کردم کە بۆ کارێکی زۆر گرنگ یەکتر ببینین دەسبەجێ چوم بۆ لای بەڵام بە هیچ جۆرێ وام پێشان نەدا من هیچ ئاگاریەکم لەو بارەیەوە هەیە.

کاک مەسعود میوانی عوسمان میرانی خۆشناو بو لە شەقڵاوە. داوای لە ماڵخوێ کرد ژورێکمان بۆ کۆبونەوە بۆ ئامادە بکەن. چوینە ژورەکەوە جگە لە خۆی و منْ، فەرەنسۆ حەریری، ئازاد بەرواری، فازیل میرانی... لە گەڵ بون. کاک مەسعود دەستی کرد بە قسە وتی: "ئەمڕۆ حاجی عوبێد لە حکومەتەوە ئەم کاغەزەی هێناوە" کاغەزەکەی دامێ بیخوێنمەوە. منیش بە وردی خوێندمەوە. ئینجا لێی پرسیم: "رەئیت چیە؟" دوای ئەوەی بۆچونەکانی خۆمانم بۆ رون کردەوە، وتم: "پێم باشە بە ئیجابی وەڵامی بنوسینەوە".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوانی تریش هەمان ڕەئیان هەبو. خۆیشی ڕەئی وەکو ئیمە بو. خۆی نامەیەکی کورتی نوسی ئامادەیی بەرەی کوردستانی دەربڕی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆ. هەر ئەو شەوە بڕیار درا وەفدێ پێک بهێنین دو لە سەرکردایەتی یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاح و دو لە سەرکردایەتی پارتی: ئازاد بەرواری و فازیل میرانی، هەر کات پێویستی کرد بینێرین بۆ گفتوگۆ. وەلامەکە بۆ سەدام نێردرایەوە. وەکو دوایی بیستمان نامەکە نەگەیشتبوە جیگەی خۆی چونکە لە ڕێگەی گەڕانەوەی دا کۆپتەر پەلاماری ئۆتۆمۆبیلەکەی حاجی عوبێدی دابو، سەرنشینەکانی لە تاو گیانی خۆیان هەلات بون. نامەکەش لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا سوتا بو.

وەکو دوایی دەرکەوت هەڵوێستی بارزانی و سەرانی پارتی لە کوردستان جیاواز بوە لە هی هاوڕێکانی لەندەنیان، پێ ئەچو ئاگایان لە یەکتری نەبوبێ.

بەمجۆرە دەسپێشکەریەکەی سەدام لە کوردستانیش بێ بەر بو.

*

۲۰ ی ۳ ی ۹۱:

ئازاد کردنی کەرکوک

پێش ئەوەی لە قاسمە ڕەش و زەڵێ دابەزین، ئەو کاتەی خۆمان ئامادە ئەکرد بۆ ڕاپەڕین، پێمان وابو ئازادکردنی کەرکوک لە ئازاد کردنی هەمو شارەکانی تری کوردستان گرنگتر بەڵام سەختتر ئەبێ. لە بەر ئەوە پلانی گەمارۆدان و هێرشی سێلایی‌مان بۆ دانابو. دامان نابو دوای ئازاد کردنی گەرمیان، سلێمانی، هەولێر، گەورەترین هێزی لە سەر کۆ بکەینەوە و، لە هەر سێ لاوە بەرەو ناوشار پەلاماری بدەین.

دوای ئازاد کردنی هەولێر، لە پێش ئەویش سلێمانی ئازاد کرابو، ئەبو پلانی ڕزگارکردنی کەرکوک جێبەجێ بکرێ.

هێزەکانی سلێمانی لە قەرەهەنجیر کۆکرابونەوە.

هێزەکانی هەولێر لە ئالتون کۆپری - کەڵەڕ کۆ کرابونەوە.

هێزەکانی گەرمیان لە شەڕی «موجاهیدینی خەڵق» ی ئێرانیەوە گلا بون.

سەرکردایەتی (میحوەری) کەرکوک چەند جارێ هەوڵی پەلاماردانی دا بو. نەیان توانی بو هیچ سەرکەوتنێکی کاریگەر بە دەس بهێنن. هەندێ لە فەرماندەکانی پێشمەرگە دودڵ بون و بە خۆیان دا ڕانەئەپەڕمو، بە قسەی خۆیان «ئۆبالّی مێژویی» ئەم هێرشە هەڵبگرن داوایان لێ کردم کە خۆم یان کاک مەسعود ئەو ئۆبالّە هەڵبگرین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەوی ١٩ ی ئازار لە گەڵ کاک مەسعود لە پردێ کۆبوینەوە و، ئیشوکارمان دابەش کرد. ئەرکی سەرکردایەتی قۆڵی کەرکوک بە من سپێردرا و، کاک مەسعود ئەرکی سەرکردایەتی قۆڵی موسڵی گرتە ئەستۆی خۆی.

لە گەڵ کاک کۆسرەت، کەوتمە سازدان و کۆکردنەوەی هێزەکان. بۆ ئەو مەبەستە سەردانی قەرەهەنجیرم کرد لە گەڵ فەرماندەکانی لای رۆژهەڵاتی کەرکوک کۆبوینەوە. ئەوانە هەندێکیان پێشمەرگە و هەندێکیان موستەشاری فەوجە خەفیفەکان و هەندێکیان ئامیر بەفرەزە بون. بۆ یەکەم جار تەحسین شاوەیسم لەوێ بینی. ئیشوکارمان بە سەردا دابەش کردن.

ئێوارەی نەورۆز لە رۆژئاوای کەرکوکەوە (پردێ) و لە رۆژهەڵاتەوە (قەرەهەنجیر) پەلاماری شاری کەرکوک درا و، شەوی پێشو هێزە کەرکوکیەکان دزەیان کرد بو چوبونە ناو گەڕەکە کوردەکانەوە.

بۆ شەو هێزەکان لە هەمو لاوە هێرشیان کرد و رژانە ناو شارەوە تا رۆژی دوایی کە نەورۆز بو ناو کەرکوکیان پاک کردەوە. تەنیا ئەو لایەی بە هێزەکانی گەرمیان، کفری و کەلار و دوز، سپێردرا بو بە هۆی شەڕی «موجاهیدینەوە» نەیتوانی هیچ بەشداریەک لە جێبەجێ کردنی پلانەکەدا بکا، بۆیە »موعەسکەر خالید» وەکو خەنجەرێکی کوشندە لە کەلەکەی کەرکوک دا مایەوە.

شەوی ٢٠ – ٢١ ی ٣ ی ١٩٩١ بە تەواوی دەس گیرا بە سەر ناو شاری کەرکوک دا. لە ناوشاری کەرکوکەوە لە سەر بۆنیتی ئوتوموبیلەکەمان هەوالێکی کورتم وەکو مژدە نوسی و بە بێتەل دامان بە رادیۆی «دەنگی گەلی کوردستان» بڵاوی بکاتەوە.

٢٤ ی ٣ ی ٩١:

پەیامێکی تری سەدام

عیراق هێزێکی گەورەی لە فیرقەکانی حەرەس جمهوری کۆ کرد بوەوە لە گەڵ ٣٠٠ تانک بەرەو کوردستان بەڕێ خرا بون. سەدام حسێن د موکەڕەم تالەبانی لە گەڵ ئەم هێزە نارد بو، رای سپارد بو کە قسە لە گەڵ کاک مەسعود و مام جەلال بکا بۆ گفتوگۆ. پێیان وت بو: «ئەگەر تا ٤ رۆژی تر وەلامی ئیجابی نەهێنێتەوە ئەوا بەو رێگایەدا نەگەڕێتەوە چونکە ئەوان هێرش ئەکەن بۆ گرتنەوەی کەرکوک و کوردستان» موکەڕەم لە »فەتحە» لە هێزەکەی عیراق جیا ببوەوە و ئەوان بەرەو دوبز جوڵا بون بیکەن بە بنکەی هێرشی پێچەوانە بۆ سەر کوردستان و، ئەمیش هات بو بۆ سلێمانی. لە سلێمانی فەرەیدون

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەبدولقادر و عومەر فەتاحی دی بو. راسپاردەکانی پێ وت بون ئەوان ئاگاداریان کرد بو کە »بەرەی کوردستانی» موافیقە لە سەر گفتوگۆ لە بەر ئەوە هەرچی زوتر بگەڕێتەوە باشترە. بەڵام موکەرەم وت بوی: «سەدام داوای لێ کردوە بارزانی و تاڵەبانی ببینێ و، لە دەمی خۆیانەوە قسەکان ببیستێ.» موکەرەم هات بو بۆ هەولێر شەو ئاگاداریان کردم بۆ بینینی. لە سەلاحەدینەوە بە ڕێ کەوتم بۆ هەولێر لە ماڵی محەمەد مەعسومی برای د فوئاد مەعسوم دابەزی بو. هەمان قسەکانی سلێمانی دوبارە کردەوە. منیش هەمان قسەم کرد و وتم: «مام جەلال هێشتا لە سوریایە لە بەر ئەوە ناتوانی بیگەیتێ چاکتر وایە بگەڕێتەوە ڕەزامەندی مام جەلال و کاک مەسعود و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان پێ رابگەیەنی» ئەو هەر سور بو لە سەر ئەوەی مام جەلال گەیشتۆتە زاخۆ و هەر ئەبێ ببینێ.

بۆ ڕۆژی دوایی د موکەرەم، مەسعود بارزانی و کەریم ئەحمەدی بینی بو و، لە گەڵ محەمەد مەعسوم بۆ بینینی مام جەلال بە ڕێگای بەردەڕەش ویستبویان بچن بۆ زاخۆ بەڵام بە هۆی هێرشی جەیشی عیراقیەوە نەیان توانی بو تێ بپەڕن و، گەڕابونەوە. ٤ ڕۆژەکە تێپەڕی. هێرشەکە دەستی پێ کرد. ناوبژیەکەی موکەرەم بە هیچ نەگەیشت.

*

٢٦ ی ٣ ی ٩١:

گەڕانەوەی مام جەلال

مام جەلال لە سوریاوە گەیشت بوە زاخۆ. پێشوازیەکی جەماوەریی گەورەی لێ کرا بو. لە گەڵ خۆی جەبار فەرمان و هەندێ لە کادرەکانی یەکێتی لە ئەوروپا هێنابوەوە. چەند ڕۆژێ لە بادینان مایەوە.

٢٨ ی ٣ ی ٩١:

هێرشی جەیشی عیراق بۆ سەر کوردستان

چەند فیرقەیەکی حەرەسی جمهوری لە چەند لاوە پەلاماری کەرکوکیان دا. چەند وردەشەڕ ڕوی دا بو، بەڵام پێشمەرگە و چەکدارەکان بە جێیان هێشت بو. لە هەمو لایەکەوە ڕاکردن دەستی پێ کرد بو. کورد و تورکمان کەرکوکیان بە جێ ئەهێشت و بەرەو سلێمانی و هەولێر ئەڕۆیشتن. ئەم کۆچە وەکو لافاو ڕوی لە هەر شار و ناوچەیەک ئەکرد خەڵکی ئەوێش ئەکەوتنە ڕاکردن لە گەڵی و هەتا ئەهات کۆچەکە فراوانتر ئەبو.

لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا سەدان هەزار پارچە چەک، سوک و ناونجی و قورس، کەوت بوە دەس خەڵک و حیزبەکانی بەرەی کوردستانی. لە هەمو گەڕەک و کۆڵان و، لە هەمو قوتابخانە و دائیرەیەک دا، بارەگایەکی چەکدار دانرا بو. من خۆم یەکێک بوم لەوانەی ئەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیاردەیەم بە لاوە شتێکی باش بو لەو باوەڕەوە کە ئەو بارەگا چەکدارانە لە کاتی هێرشی پێچەوانەی جەیشی عیراقی دا ئەبنە سەنگەری سەختی بەرگری کردنی ژیان و مردن و، ئەوە ئەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ستراتیجی جەنگیی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد: ستراتیجی پێکەوە گرێدانی شەڕی ناوشار و شەڕی ناوشاخ. بەڵام هەڵاتنی خێرای پێشمەرگە و چەکدارەکانی کورد، کە تێکەڵاو بون لە هی هەمو ناوچەکانی کوردستانی عیراق، لە بەردەم سەربازی عیراقی دا ئەم باوەڕەی کرد بە دالّغەیەکی پوچ. ئەگەر لە سەر ستراتیجی ترین و دەوڵەمەندترین شاری کوردستان ئەوەندە بەرگری بکەن، ئەبێ لە سەر شوێنێکی نەناسراو چەندە شەڕ بکەن.

٣٠ ی ٣ ی ٩١:
داگیرکردنەوەی هەولێر

حەرەس جمهوری لە پردێ و دوبزەوە هێرشیان هێنایە سەر هەولێر و گرتیانەوە. بارەگاکانی کاک مەسعود و من لە سەلاحەدین بو گوللەتۆپی جەیش ئەگەیشتە سەلاحەدین. لە بەر ئەوە گوێزامانەوە شەقڵاوە.

مام جەلال گەیشتە شەقڵاوە. تا ئەو کاتە، وەکو چەند مانگێ پێش ڕاپەڕین بەڵێنم پێ دابو، سەرپەرشتی کاروبارەکانی یەکێتیم ئەکرد و، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە نزیک کاک مەسعود بوم. کە مام جەلال گەڕایەوە ئێتر من ئەرکم تەواو بو. هەرەسی ڕاپەڕین و کۆچی بە کۆمەڵی خەڵک دەستی پێ کرد بو. هێزەکانی بەعس کەرکوک و هەولێریان داگیر کردبوەوە. مام جەلال و کاک مەسعود و من کۆبونەوەیەکی کورتمان کرد. ئەوان پاراستنی کوردستانیان لە بەینی هەردوکیان دا دابەش کرد. کاک مەسعود کاروباری هەولێر و دهۆک و مام جەلال کاروباری سلێمانی و کەرکوکی گرتە ئەستۆ. ئێتر بڵاوەمان لێ کرد من ئازاد بوم. بارزانی چو بۆ ساردراو لە ڕەواندز تاڵەبانی بۆ سلێمانی. منیش چوم بۆ دوکان.

٢ ی ٤ ی ٩١:

لە کۆێوە هاتبوم گەڕامەوە بۆ ئەوێ

هێرشی جەیشی عیراق لە کەرکوکەوە دەستی پێ کرد بۆ سەر سلێمانی و بۆ سەر دوکان.

مام جەلال لە سلێمانیەوە چو بوە کارێزە (چوارتا). کارێزە وێران بو. ئاوەدانی تێدا نەبو. چوبونە کەلاوەی بارەگایەکی جەیش. لە بەر نەبونی نوا شەوان لە ناو ئۆتۆمۆبیل دا نوست بون.

دوکانم بە جێ هێشت چومە ڕانیە. خەڵکی ڕانیە و ئەوەش کە ڕوی کرد بوە ڕانیە لە چۆڵکردن و ڕاکردن دا بون. لە ڕانیەوە چومەوە بارەگاکانی خۆمان لە زەڵێ. لە کۆێوە هات بوم گەڕامەوە بۆ ئەوێ. دەیان هەزار کەس لە تەختایی بەردەم کاولەکانی گوندی سونێ و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەختاییەکانی شێنێ و زەڵێ چادرەشڕیان هەڵدا بو، بە هەزاران ئۆتۆمۆبیلی جۆراوجۆری حکومەتی و تایبەتی لە دەشتاییەکان دا راگیرا بون بۆ نوستن و خۆپاراستن لە باران بە کاریان ئەهێنا. هەزاران کەس ریزیان بەست بو لە دەروازەی سنوریی قاسمەڕەش بۆ ئەوەی ئاوای دیوی ئێران ببن. ئەم دیمەنە نمونەیەک بو بۆ بارودۆخی ژیانی زۆرایەتی خەڵکی کوردستانی عیراق لە سەرانسەری ناوچە سنوریەکانی ئێران و تورکیادا. وەکو دوایی فەریق روکن سابیر دوری بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات لە بەغداد بۆی باس کردم بە پێی خەملاندنی ئەوان ژمارەی ئاوارەکان بەرەوژوری ٢ ملیۆن بو.

بەهاری ١٩٩١ وەرزێکی نائاسایی تەڕ بو. رەهێڵەی باران خۆشی نەئەکردەوە. نوا و خۆراک دو کێشەی گەورە بون. جەیشی عیراقی بەردەوام بو لە پەلاماری ئاسمانی و زەمینی دا. روداوەکان زۆر بە خێرایی ئەهاتن. سەرکردایەتی کورد، بە سەرانی هەمو حیزبەکانی بەرەی کوردستانیەوە، فریای لێکدانەوە و پلانی بەرامبەر نەئەکەوتن. راپەڕین لە سەرکەوتنێکی گەورەوە بو بە کارەساتێکی مرۆڤایەتی گەورە. سەدان هەزار کەس شار و ئۆردوگاکانیان چۆڵ کرد و لە بەر ئەوەی دێهات هەموی وێران بو نان و نوا دەس نەئەکەوت رویان کردە سنورەکانی ئێران و تورکیا.

رۆژنامەوانەکان هێشتا لە کوردستان بون شایەتی تێشکانی راپەڕین و کۆچی بە کۆمەڵی خەڵک بون. بە چەشنێک هەواڵەکانیان لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە، لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە، بڵاو ئەکردەوە بەزەیی رای گشتی جیهانی بە جۆرێ بزواند گوشار بۆ حکومەتەکانیان ببەن فریای کورد بکەون. لە ناو ئەو رۆژنامەوانانەدا کە رۆڵی گرنگیان لەم بارەیەوە بینی: جۆناسان رانداڵ لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و چارلس گلاس لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەمەریکی و جیم مۆیەر پەیامنێری بی بی سی.

رێکخراوی «پزیشکانی بێ سنور» کە چەند کەسێکیان هاتبونە کوردستان، ئەوانیش رۆڵێکی کاریگەریان هەبو بۆ ناساندنی مەینەتیی ئاوارەکان بە دنیا.

کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی خۆپیشاندانیان ساز کرد و لە هەندێ جێ پەلاماری سەفارەتی عیراقیان دا و داگیریان کرد.

٥ ی ٤ ی ٩١:

پارادۆکس: هاتوچۆی مەکۆکی دارا

مام جەلال نامەیەکی نوسی بو بۆ سەدام، پەیامەکەی خۆی و نامەی بەرزان تکریتی برای بیر هێنا بوەوە بۆ دەسپێکردنی گفتوگۆ. لە نامەکەی دا ئامادەیی دەربڕی بو بۆ راگرتنی شەڕ و ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ گفتوگۆ. نامەکەی دابو بە دارای تۆفیق ئاغا بیبات بۆ سەرکردایەتی عیراق. دارا یەکێ بو لە ئەفسەرانی ئیستیخباراتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەسکەریی عیراق. کاتێ هاتە ریزی پێشمەرگایەتیەوە گەیشتبوە پلەی موقەدەم. ژمارەیەکی زۆری لە ئەفسەرانی جەیشی عیراق ئەناسی.

دارا لە ڕێگەی ئەزمڕەوە چو بو بۆ سلێمانی لە ڕێگەی ئیستیخباراتەوە پێوەندی لە گەڵ کرد بون. ئاگاداری کرد بون کە نامەیەکی گرنگی تاڵەبانی پێیە بۆ سەرکۆمار. دەزگای ئیستیخبارات هەمان ڕۆژ گەیاندبویانە بەغداد. لە بەغداد گەیاندبویانە عەمید عەبد حەمود سکرتێری تایبەتی سەدام. عەبد داوای لێ کرد بو نامەکەی بداتێ بیبات بۆ سەدام. دارا وت بوی مام جەلال پێی وتوم تەسلیمی دەستی خۆی بکەم. دارایان برد بو بۆ شوێنی حەسانەوە. سەعات ٢ ی دوای نیوەشەو چوبون بە دوی دا و برد بویان بۆ لای سەدام لە بارەگای جیهازی موخابەرات. نامەکەی مام جەلالی دابویە و سەدام خوێند بویەوە. دارا داوای وەڵامی لێ کرد بو. سەدام وت بوی: «پێی بڵێ جگە لە جیابونەوە هەمو شتێ قابیلی باس کردنە».

بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش

ئەو ڕۆژەی مام جەلال ئەو نامەیەی بۆ سەدام نوسی بو داوای دەسپێکردنی گفتوگۆی لێ کرد بو، هەر لەو ڕۆژەدا ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ژمارە ٦٨٨ (١٩٩١) ی بۆ پاراستنی کورد دەرکرد کە لە مێژوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا ئەوە یەکەم جار بو بڕیارێکی لەو بابەتە دەربکات چونکە بە شکاندنی سەروەری و دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان دائەنرا.

سەرکردایەتی کورد لە ژێر قورسایی هەڕەسی ڕاپەڕین و کۆچی ملیۆنی گەلەکەی دا لەو ڕۆژەدا وەها شپرزە بوبو گرنگی ئەم بڕیارەی نەزانی و، لە دەرەوەش دەزگایەکی دیپلۆماسی ئەوتۆی نەبو نرخی ئەم بڕیارە بزانێ و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لێ ئاگادار بکا و، دوراییەکانی بۆ ڕون بکاتەوە. لە کاتی دروستکردنی بەرەی کوردستانی دا بڕیار درا بو نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی لە وڵاتانی دنیا یەک بخرێ بۆ ئەوەی ببێتە ناوکی دەزگایەکی دیپلۆماسی. بەڵام ئەم بڕیارە هەرگیز جێبەجێ نەکرا. من، لەو کاتەدا کە لە هەمویان کەمتر باری کەوتوی ڕوداوەکانم لە سەرشان بو زۆرتر هەڵی گوێگرتنم هەبو لە ڕادیۆ و ئەمتوانی سۆراخی هەواڵەکان بکەم، تا درەنگ دەقی ئەم بڕیارەم نەدی بو و، نەمئەزانی ناوەڕۆکەکەی چیە و چۆنە و کورد چۆن ئەتوانێ بە کاری بهێنێ.

لافاوی بەردەوامی هەڵاتوانی کورد بەرەو سنورە دەوڵەتیەکانی ئێران و تورکیا و، چونی سەدان هەزار کەس بۆ ناو خاکی ئەو دو وڵاتە و گیرخواردنی سەدان هەزاری تر لە سەر سنورەکان بوبونە کێشەی ڕاسەقینەی مرۆڤایەتی بۆ تورکیا و ئێران کە هاوسنوری کوردستان بون و، ئەترسان بگۆڕێ بۆ کێشەی سیاسی و سەرەنجام بۆ مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی‌یان. لێشاوی پەنابەران ئەوەندە زۆر و ئەوەندە کتوپڕ و خێرا بو، لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

توانای ئەو دو دەوڵەتەدا نەبو بە ئاسانی چارەیان بکا و، پێویستیەکانیان لە خزمەتی دااڵدەدان و خۆراک و تەندروسی دابین بکەن.

تۆرگۆت ئۆزال، چەند جارێ هەڕەشەی کرد کە ئەگەر کۆمەڵگای ناودەوڵەتی چارەی ئەو کێشەیە نەکا، تورکیا خۆی چارەی ئەکا بە قوڵایی چەند کیلۆمەتر هێز ئەهێنێتە ناوچە سنوریەکانەوە ئاوارەکان لە ناو خاکی عیراق دا نیشتەجێ ئەکا.

نوێنەری تورکیا لای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٢ ی نیسان دا و نوێنەری ئێران لە ٣ و ٤ ی نیسان دا و نوێنەری فەرەنسە لە ٤ ی نیسان دا نامەیان ئاڕاستەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە، سەرنجیان راکێشاوە بۆ ئەو کارەساتە مرۆڤایەتیە.

لە ٥ ی نیسانی ١٩٩١ دا ئەنجومەنی ئاسایش بە لە بەر چاو گرتنی تێبینیەکانی لەو نامانەدا نوسرابون پرۆژەی بڕیارێکی پەسەند کرد کە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا ئامادەیان کرد بو، بە ناوی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ (١٩٩١) هوە چوە مێژوی رێکخراوەکەوە. بڕیاری ٦٨٨ (١٩٩١) ی رۆژی ٥ ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩١

ئەنجومەنی ئاسایش

بە لە بەر چاو گرتنی ئەرکەکانی و ئۆباڵەکانی

بە پێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی

نیشانە بە بەندەکانی برگەی ٧ ی مادەی ٢ ی پەیمانەکە

سەخت نیگەرانە لە سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی عیراق لە زۆر شوێنی عیراق دا، کە تازەترینیان لە ناوچە کوردنشینەکان دایە و، بۆتە هۆی لێشاوی گەورەی پەنابەران بەرەو وە بۆ ناو سنورە ناودەوڵەتیەکان و بەزاندنی سنور، کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی ئەکا،

بە قوڵی ناڕەحەتە لەو ئازارە زۆرەی خەڵک لەوێ توشی بون، بە تێبینی کردنی نامەکانی نوێنەرانی تورکیا و فەرەنسا بۆ نەتەوە یەکرتوەکان لە رۆژانی ٢ ی ئەپریلی ١٩٩١ و ٤ ی ئەپریلی ١٩٩١ دا،

هەروەها بە تێبینی کردنی نامەکانی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە رۆژانی ٢ و ٤ ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩١،

پابەندیی هەمو دەوڵەتانی ئەندام دوپات ئەکاتەوە بەرامبەر سەروەری و، یەکێتی ئەرزیی و، سەربەخۆیی سیاسی عیراق و هەمو دەوڵەتانی ناوچەکە

بە لە بەر چاو گرتنی راپۆرتی سکرتێری گشتی لە ٢٠ ی مارتی ١٩٩١ دا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی لە زۆر شوێنی عیراق، لەوانە تازەترینیان لە ناوچە کوردنشینەکان دا، کە ئەنجامەکانی هەڕەشە ئەکا لە ئاشتی و ئاسایشی ناوەوڵەتی لە ناوچەکەدا، تاوانبار ئەکا.

٢. داوا لە عیراق ئەکا دەسبەجێ وەکو بەشداریەک لە رەواندنەوەی هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناوەوڵەتی لە ناوچەکەدا کۆتایی بەم سەرکوتکردنە بهێنێ و هیوا دەربڕێ لە هەمان بواردا گفتوگۆیەکی کراوە بکرێ بۆ دابینکردنی ڕێز لێ گیرانی مافی مرۆڤیی و سیاسی هەمو هاوواڵتیانی عیراق.

٣. پێدا ئەگرێ لە سەر ئەوەی عیراق دەسبەجێ ڕێگە بدا بە گەیشتنی ڕێکخراوی مرۆڤایەتی ناوەوڵەتی بۆ هەمو ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە لە هەمو شوێنێکی عیراق دا کارئاسانی بۆ کارەکانیان بکا

٤. داوا لە سکرتێری گشتی ئەکا تەقەلای مرۆڤپەروەرانە دڕێژە پێ بدا لە عیراق، دەسبەجێ ئەگەر پێویستی کرد دەستەیەکی تر بنێرێ بۆ ناوچەکە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێ لە سەر مەینەتی دانیشتوانی مەدەنی عیراق بە تایبەتی دانیشتوانی کورد، کە توشی هەمو جۆرە شێوەیەکی سەرکوتکردن بون لە لایەن دەسەڵاتی عیراقەوە.

٥. داوا لە سکرتێری گشتی ئەکا بە هەمو ئەو داهاتەی لە بەردەستی دایە لەوانە داهاتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی پێوەندیدار، بە خێرایی پێویستیە ئیستاییەکانی پەنابەران و دانیشتوانی عیراقی ئاوارە دابین بکا.

٦. بانگ لە هەمو دەوڵەتانی ئەندام و هەمو ڕێکخراوە مرۆڤیەکان ئەکا کە بەشداری بکەن لەم هەوڵی فریاکەوتنی مرۆڤە.

٧. داوا لە عیراق ئەکا هاوکاری سکرتێری گشتی بکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستانە

٨. بڕیارە ئەم پرسە لە بەر چاو بمێنێ.

لە دانیشتنی ٢٩٨٢ دا بە زۆرایەتی ١٠ دەنگ بەرامبەر ٣ دەنگ (زیمبابۆی و کوبا و یەمەن) و بێدەنگی ٢ ئەندام (چین و هیند) بڕیار درا.

٧ ی ٤ ی ٩١:

مام جەلال لە ماوەت

مام جەلال لە کارێزەوە گواستبویەوە بۆ ماوەت. ماوەت وێرانە بو. ئاوەدانی تێدا نەبو. دارا لە بەغداد گەڕا بوەوە بۆ ماوەت. جەیشی عیراق بەردەوام بو لە سەر هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر کاروانی کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی شارەکان. گۆیا فەرمانی ڕاگرتنی شەڕیان پێ نەگەیشت بو. ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی ئاوارەکان خراپتر ئەبو. ڕۆژانە سەدان منداڵ و پیر ئەمردن و لە کەناری ڕێگاکان ئەیانشاردنەوە. مام جەلال هەمان ڕۆژ دارای ناردۆتەوە بۆ سۆراخی کێشەی ئاگربڕ و ڕێکخستنی چونی وەفدی یەکێتی و پارتی بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەغداد بۆ مفاوەزە. دارایان لە سلێمانیەوە برد بوە کەرکوک. لە کەرکوکەوە لە گەڵ بەغداد پێوەندیان بۆ دروست کرد بو.

گەورەترین خەمی سەرکردایەتی کورد و دەستەی نوێنەرایەتی: راگرتنی شەڕ و گەڕانەوەی خەڵک بو بۆ سەر جێگەورێگەی خۆیان. کورد لە مەترسی ئەوەدا بو ببێتە گەلێکی ئاوارەی بێ نیشتمان.

٩ ی ٤ ی ٩١:

دارا لە کەرکوکەوە گەڕا بوەوە ماوەت. وت بوی: «حکومەت بڕیاری داوە شەڕ رابگرێ. داوا ئەکەن دەستەی نوێنەرایەتی بچێ بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە».

مام جەلال ئاگاداری کاک مەسعودی کرد بو کە نوێنەرەکانی خۆیان ئامادە بکەن و ئاگاداری فەرەیدون و عومەر فەتاحی کرد بو کە لە گەڵ دارای تۆفیق ئاغا هاوئاهەنگی بکەن بۆ ئەو مەبەستە.

*

١١ ی ٤ ی ٩١:

وەفدی کورد بۆ بەغداد

دەستەی نوێنەرایەتی پێک هێنرا بو لە یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر فەتاح و، لە پارتی: ئازاد بەرواری و فازیل میرانی. وەفدی ٤ قۆڵی هاورێ لە گەڵ دارا بە ڕێ کەوت بون بۆ بەغداد.

دەستەی نوێنەرایەتی بە تەنیا عیزەت دوری جێگری سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە، تەها یاسین رەمەزان جێگری سەرۆکی کۆمار، تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەعدی مەهدی سالح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، جەنەرال مەحمود شوکر شاهین سەرۆکی جیهازی موخابەراتیان بینی بو. خەمی یەکەمی دەستەی نوێنەرایەتی راگرتنی شەڕ، واتە راگرتنی هێرشی ئاسمانی هالیکۆپتەر و هێرشی زەمینی جەیشی عیراقی بو، بۆ ئەوەی سنورێ دابنێن بۆ کۆچی کارەساتباری بە کۆمەڵی خەڵک.

کاربەدەستان وت بویان: "ئامادەن بۆ راگرتنی شەڕ. ئامادەن بۆ دەسپێکردنی مفاوەزات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئامادەییان دەربڕی بو کە جگە لە جیابونەوە هەمو ڕێگەچارەیەکی تر بۆ کێشەی کورد، تەنانەت چارەی فیدرالی، باس بکەن." داوایان کرد بو کە مام جەلال و مەسعود هەردوکیان، یاخود یەکێکیان، بچێ بۆ بەغداد.

١٥ ی ٤ ی ٩١:

گەڕانەوەی وەفد

لە دوایی دا وەکو دەستەی نوێنەرایەتی لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دا گێڕایانەوە لە بەغداد. عیزەت دوری، تاریق عەزیز، سەعدی مەهدی سالح، تەها جەزراوی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یان دی بو. بەڵام بە ڕاشکاوی پێیان ڕاگەیاند بون کە ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەستەیە ناکەن، بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعود ئەکەن، لە بەر ئەوە ئەوان هەردوکیان یان هیچ نەبێ یەکێکیان ئەبێ بێن بۆ بەغداد. هاتنی ئەوان کارەکە زۆر ئاسان ئەکا و بە دانیشتنێک یان دو دانیشتن لە گەڵ سەرۆک خۆی هەمو گیروگرفتەکان چارە ئەکرێن و، ڕێککەوتن ئیمزا ئەکرێ. هەروەها وت بویان هەمو شت، جگە لە جیابونەوە، قابیلی باس و لیدوانە تەنانەت چارەی فیدراڵی بۆ کێشەی کورد.

هەروەها داوایان کرد بو بە گەڕانەوەی وەفدەکە مام جەلال و کاک مەسعود هەردوکیان یا یەکێکیان بچنە بەغداد. ئەمان وت بویان ئەوە جەژن بە ڕێگاوەیە بیخەنە دوای جەژن، ئەوان وتبویان ئێمە پیاوی تێکۆشەرین جەژنانیش کار ئەکەین و، کاروبارەکانمان بە هۆی جەژنەوە دواناخەین و، ئەمەش کارێکی پیرۆزە با لە جەژن دا تەواوی بکەین، ئەمان دیسان باسی ڕاگرتنی شەڕیان لەگەڵ کرد بون، ئەوانیش بەڵێنی ڕاگرتنی شەڕیان پێ دابون.

دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە خۆشبینیەکی زۆرەوە بە کۆمەڵ گەڕابونەوە. لە پێش دا چوبونە سارداو بۆ لای کاک مەسعود و قسەکانیان بۆ گێڕا بوەوە، سەرانی ڕژێم بە چاکیان زانی بو کە یا ئەو، واتە کاک مەسعود، یاخود مام جەلال بۆ گفتوگۆ و تەواو کردنی بچنە بەغداد.

کاک مەسعود دوای بیر لێ کردنەوە و وەرگرتنی ڕەئی سەرکردایەتی حیزبەکەی. پیشنیارەکەیان پەسەند ئەکا، بەڵام پێشنیار ئەکا لەبەر چەند هۆیەک جاری یەکەم ئەو نەچێ، بەڵکو جاری یەکەم مام جەلال بچێ، دوایی ئەگەر پێویستی کرد ئەویش بچێ. کاک مەسعود ڕەئی خۆی بە نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ و، بە هەمان دەستەی چوار کەسی دا بۆی ئەنێرێ.

دەستەی نوێنەرایەتی بە کۆمەڵ و بە نامەکەی کاک مەسعودەوە ئەچن بۆ ماوەت بۆ لای مام جەلال. قسەکانی کاربەدەستانی بەغدادیان بۆ ئەگێڕنەوە، نامەکەی کاک مەسعودیشی ئەدەنێ.

چونی مام جەلال بۆ بەغداد لە ناو دەوروبەرەکەی دا لە ماوەت مشتومڕی دروست کرد بو. خاتو هێرۆی ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری مام جەلال، زۆر بە توندی چو بو بە گژ ئەم پێشنیارەدا. هەروەها هەندێ لەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبونەوە. ئەمانە هەندێکیان بە ڕاستی لە ترسی گیانی مام جەلال و هەندێکیان بۆ چاپلوسی ئەم هەڵوێستەیان نواند بو، نەک لەبەر هۆی سیاسی. مامجەلالیش خۆی پێی باش نابێ، بە تەلەفۆنی سەتەلایت هەوڵ ئەدەن ڕەئی بەریتانیا و فەرنسا و ئەمریکا بزانن. ئەم وڵاتانە سەرەتای گفتوگۆیان پی خراپ نابێ، بەڵام هەمویان پێ لەسەر ئەوە دائەگرن، کە ناتوانرێ بڕوا بە سەدام حسێن بکرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یان دی بو. بەڵام بە ڕاشکاوی پێیان ڕاگەیاند بون کە ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەستەیە ناکەن، بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعود ئەکەن، لە بەر ئەوە ئەوان هەردوکیان یان هیچ نەبێ یەکێکیان ئەبێ بێن بۆ بەغداد. هاتنی ئەوان کارەکە زۆر ئاسان ئەکا و بە دانیشتنێک یان دو دانیشتن لە گەڵ سەرۆک خۆی هەمو گیروگرفتەکان چارە ئەکرێن و، ڕێککەوتن ئیمزا ئەکرێ. هەروەها وت بویان هەمو شت، جگە لە جیابونەوە، قابیلی باس و لیدوانە تەنانەت چارەی فیدراڵی بۆ کێشەی کورد.

هەروەها داوایان کرد بو بە گەڕانەوەی وەفدەکە مام جەلال و کاک مەسعود هەردوکیان یا یەکێکیان بچنە بەغداد. ئەمان وت بویان ئەوە جەژن بە ڕێگاوەیە بیخەنە دوای جەژن، ئەوان وتبویان ئیمە پیاوی تێکۆشەرین جەژنانیش کار ئەکەین و، کاروبارەکانمان بە هۆی جەژنەوە دواناخەین و، ئەمەش کارێکی پیرۆزە با لە جەژن دا تەواوی بکەین، ئەمان دیسان باسی ڕاگرتنی شەڕیان لەگەڵ کرد بون، ئەوانیش بەڵێنی ڕاگرتنی شەڕیان پێ دابون.

دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە خۆشبینیەکی زۆرەوە بە کۆمەڵ گەڕابونەوە. لە پێش دا چوبونە سارداو بۆ لای کاک مەسعود و قسەکانیان بۆ گێڕا بوەوە، سەرانی ڕژێم بە چاکیان زانی بو کە یا ئەو، واتە کاک مەسعود، یاخود مام جەلال بۆ گفتوگۆ و تەواو کردنی بچنە بەغداد.

کاک مەسعود دوای بیر لێ کردنەوە و وەرگرتنی ڕەئی سەرکردایەتی حیزبەکەی. پێشنیارەکەیان پەسەند ئەکا، بەڵام پێشنیار ئەکا لەبەر چەند هۆیەک جاری یەکەم ئەو نەچێ، بەڵکو جاری یەکەم مام جەلال بچێ، دوایی ئەگەر پێویستی کرد ئەویش بچێ. کاک مەسعود ڕەئی خۆی بە نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ و، بە هەمان دەستەی چوار کەسی دا بۆی ئەنێرێ.

دەستەی نوێنەرایەتی بە کۆمەڵ و بە نامەکەی کاک مەسعودەوە ئەچن بۆ ماوەت بۆ لای مام جەلال. قسەکانی کاربەدەستانی بەغدادیان بۆ ئەگێڕنەوە، نامەکەی کاک مەسعودیشی ئەدەنێ.

چونی مام جەلال بۆ بەغداد لە ناو دەوروبەرەکەی دا لە ماوەت مشتومڕی دروست کرد بو. خاتو هێرۆی ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری مام جەلال، زۆر بە توندی چو بو بە گژ ئەم پێشنیارەدا. هەروەها هەندێ لەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبونەوە. ئەمانە هەندێکیان بە ڕاستی لە ترسی گیانی مام جەلال و هەندێکیان بۆ چاپلوسی ئەم هەڵوێستەیان نواند بو، نەک لەبەر هۆی سیاسی. مامجەلالیش خۆی پێی باش نابێ، بە تەلەفۆنی سەتەلایت هەوڵ ئەدەن ڕەئی بەریتانیا و فەرنسا و ئەمریکا بزانن. ئەم وڵاتانە سەرەتای گفتوگۆیان پی خراپ نابێ، بەڵام هەمویان پێ لەسەر ئەوە دائەگرن، کە ناتوانرێ بڕوا بە سەدام حسێن بکرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەو کاتەدا لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی تەنیا عومەری حاجی عەبدوڵا (ملازم عومەر) و جەبار فەرمان و عومەر فەتاح و فەرەیدون عەبدولقادر لە نزیک مام جەلال بون. ئەندامانی تری سەرکردایەتی دابەش بوبون بە سەر ناوچەکان دا. سەرەنجام پاش بێنەوبەرەیەکی زۆر مام جەلال دێتە سەر ئەو باوەڕەی بۆ گفتوگۆ بچێت بۆ بەغداد. هەر ئەو ڕۆژە مام جەلال بە بروسکە داوای لێ کردم، لەو کۆبونەوەیەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دا کە ڕۆژی دوایی ئەبو لە ڕانیە بکرێ، پێش چونی خۆی بۆ بەغدا، ئامادە بم، لەو کاتەدا بە هۆی دوری ڕێگاوە نەمئەتوانی لە ڕانیە ئامادە بم، لە بەر ئەوە پێشنیارم کرد یەک ڕۆژی تر کۆبونەوەکە دوابخات بۆ ئەوەی منیش بتوانم بەشداربم. کۆبونەوەکەیان ڕۆژێکی تر دواخست، بەڵام شوێنەکەیان گۆڕی بە شەقڵاوە. بەڕاستی ئەگەر چونی مام جەلال بۆ بەغدا لە مەسەلەکەدا نەبوایە، کە "موجازەفە" یەکی ئازایانەی شەخسی و سیاسی بو لە لایەن مام جەلالەوە، لەوانە بو وەکو بڕیارم دا بو کەنارەگیر بم خۆم لە هیچ هەڵنەقورتێنم و لە هیچ کۆبونەوەیەک دا بەشدار نەبم.

*

من ئەو ماوەیە لە زەڵێ حەسابومەوە. جێگە و ڕێگەم وەکو دو ساڵی رابردو بو. هیچ مەسئولیەتێکم لە ئەستودا نەبو. گوشاری هیچ کەس و لایەن و کۆمەڵێکم لە سەر نەبو. کێشەی نوا و خۆراکم نەبو. بە باشی گوێدێری هەواڵەکانی دنیا و، چاودێری ڕوداوەکانی کوردستان بوم. تەنیا ڕێگەی پەیوەندیمان بێتەل بو. لە دوای ئەوەی لە شەقڵاوە بێتەلەکانم بە موخابیر و سەیارەکانەوە تەسلیمی مام جەلال کرد بو هیچ پێوەندیەکم لە گەڵ مام جەلال و کاک مەسعود نەمابو. هیچ کاریگەریەکیشم لە سەر ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژانە نەبو. دوای گەڕانەوەم بۆ زەڵێ بە چەند ڕۆژێ ئینجا دەزگایەکی تری بێتەل و پاتریمان پەیدا کرد و توانیمان پێوەندی لە گەڵ ناوچەکانی تر دابمەزرێنینەوە. ئەوسا زانیم کە مام جەلال خەریکی سازدانی زەمینەی مفاوەزەیە.

ئەمەم بۆیە نوسی چونکە ئەو کاتەی من لە بەغداد بوم بۆ بەشداری لە خولی نوەمی گفتوگۆدا هەندێ سەرچاوەی هەواڵ وایان بڵاو کرد بوەوە گوایە من زۆرم لە مام جەلال کردوە بچێ بۆ مفاوەزە کە ئەمە نمونەیەکیانە:

ڕۆژنامەی "صوت الکویت" کە کوێتیەکان دوای داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە ئەوروپا دەریان نەکرد و. لە چاو تازەیی دا ڕۆژنامەیەکی بەربڵاو و ناسراو بو بە تایبەتی لە ناو موعارەزەی عیراقی دا چونکە لێدوان و هەواڵی لە سەر عیراق بڵاو نەکردەوە. هەندێ لە کۆنەشیوعیەکانی عیراق لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان نەکرد. لە ژمارەی ۱۹۹۱/٥/۲۷ وتارێکی بە ناونیشانی "صدام یستعجل التوقیع والقیادة الکردیة حائرة" بڵاو کردبوەوە لە بەشێکی دا نوسی بوی: "وتنقل شخصیات کردیة عن الطالبانی قوله لتفسیر اسباب اندفاعه فی الذهاب الی بغداد، ان نوشیروان مصطفی نائبه فی زعامة الإتحاد الوطنی الکردستانی، کان یضغط علیه بقوة من اجل المفاوضات وان القیادة الکردیة وقعت ضحیة المبالغة التی عرض فیها الوفد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

الكردي الأول الذي زار بغداد في منتصف مارس (اذار) الماضي. استعدادات بغداد لتلبية الحقوق الكردية..."

لەو کاتەدا زۆری لایەنەکانی موعارەزەی عیراقی، بە شیعە و سوننەوە، بە دینی و قەومی و شیوعیەوە، دژی مفاوەزە بون و، پێیان وا بو سەرکردایەتی کورد هەڵەیەکی گەورەی کردوە نەنەبو نەو کارە لە پشت نەوانەوە بکا، نەترسان رێکەوتنی کورد – بەعس هیوای موعارەزە بە روخانی رژێمی بەعس نەهێڵێ. زانیاریەکەی "صوت الكويت" راست نەبو. بۆ پاساوانی سەفەرەکەی مام جەلال ناتاشرا بو. وەکو دوایی چومە بنجوبناوانی نوسەرەکەی عەنان حسێن و سەرچاوەکەی کادرێکی یەکێتی بو لەوانەی کە تازە لە ئەوروپاوە بۆ سەردان هاتبونەوە.

*

١٩ ی ٤ ی ٩١:

کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی

پێش نیوەڕۆکەی بە ڕانیەدا چوم بۆ شەقلاوە، کۆسرەت و حەسەن کوێستانی لەوێ بون، هیچ ئامادەییەکیان نەکرد بو بۆ پێشوازی و میوانداری. وتیان کەس ئیمەی ئاگادار نەکردوە. عەقید وەلید نایف بەرێوەبەری شوعبەی ٣ ی ئیستیخباراتی عەسکەری لە بەغداوە چو بو بە دوای مام جەلال دا لە سەر رێگای ئەزمر چاوەڕوانی کرد بو. مامجەلال لە گەڵ کاروانەکەی وەلیدا یەکیان گرت بوەوە و، بە رێگای سلێمانی- دوکان - خەلەکان - هیزۆپ هاتە شەقلاوە. وەلید لە هیزۆپەوە گەڕابوەوە چو بو بۆ مەسیفی سەلاحەدین. لەوێ چاوەڕێ بو دوای کۆبونەوەکەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی مام جەلال و دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ ئەو بچن بۆ بەغداد. شێردڵ حەوێزی و چەتۆ حەوێزی لە هیزۆپ پێشوازی مامجەلالیان کرد، پێکەوە گەیشتنە شەقلاوە.

ئەو کۆبونەوەیە ئەبو لە رانیە یا لە شەقلاوە بێ کاک مەسعود خست بویە دیواخانەکەی حسێن ئاغای سورچی کە لە گوندی کەڵەکین بو. سورچی عەشیرەتێکە چەند هەزار مالێکن لە بەری رۆژهەلات و رۆژئاوای زێی گەورە لە قەزاکانی سۆران و ئاکرێ نیشتەجێن. سەرۆکایەتیەکی یەکگرتویان نەبو. ئەوانەی رۆژهەلات حسێن ئاغا و عومەر ئاغای برای و محەمەدی قادر ئاغا و، ئەوانەی بەری رۆژئاوا مالی شێخەکان سەرۆکایەتیان ئەکردن. سورچی لە هەمو شۆڕشەکانی کوردا چەکدار و هاوکاری حکومەتەکانی عیراق بون، بە دەگمەن پێشمەرگەیان هەبوە. بەر لە راپەڕین چەندین جار فەوجی خەفیفە یان هەبو. حسێن ئاغا و عومەر ئاغا و زەیدی کوڕی و فەیسەڵ حاجی و محەمەدی قادر ئاغا و فارسی کوڕی موستەشار بون. لە بەر ئەوە بەعس هەندێ لە گوندەکانی ئەمانی نەڕوخاند بو. لە رۆژانی راپەڕین دا بێلایەن راوەستا بون، شەڕی پێشمەرگە و خەڵکیان نەکرد بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمە کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بو، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی حیزبەکان بەشدار بون لەوانە:

لە یەکێتی: مامجەلال، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدولا، عومەر فەتاح، کۆسرەت رەسول، حەسەن کوێستانی، نازم عومەر و، من.

لە پارتی: مەسعود بارزانی، نێچیروان بارزانی، ئازاد بەرواری، فازیل میرانی، د. جەرجیس حەسەن، یونس ڕۆژبەیانی.

لە سۆشیالیست: رەسول مامەند، سەعد عەبدولا، سەیدکاکە.

لە پارتی گەل: سامی عەبدورەحمان و، بروسکی نوری شاوەیس.

لە زەحمەتکێشان: قادر عەزیز.

لە حیزبی شیوعی عیراق کەس لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار نەبو چونکە نەدۆزرا بونەوە تا ئاگادار بکرێن.

لە پێش دا دەستەی نوێنەرایەتی باسی سەردانەکەی بەغدایان گێڕایەوە، هەڵسەنگاندن و بۆچونەکانی خۆیان وت. زۆری بەشدارانی کۆبونەوەکە لە باشی و بە کەڵکی گفتوگۆ دوان، بە تایبەتی لەو هەلومەرجەدا، هەمویان ڕەئی خۆیان بە سەربەستی دەربڕی. کەس نەبو دژی گفتوگۆ و ڕێککەوتن بێ. هەرەسی خەڵک و، نەبونی توانای بەرەنگاری جەیش و، کۆچی بە کۆمەڵ و، بێ هیوایی لە ئێران و سوریا و، باوەڕ نەبون بە ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی بە ئاشکرا لە سیمای هەموان دا بەدی ئەکرا، جۆرێ لە نائومێدی خەمگین بالی بە سەر هەموان دا کێشا بو.

مام جەلال سەبارەت بە چونی خۆی بۆ بەغدا داوای کرد کە هەمو ئەوانەی لەو کۆبونەوەیەدا ئامادەن ئەبێ کاغەزێکی بۆ ئیمزا بکەن کە ئەوان ئەینێرن و داوای کرد کە نێچیروان بارزانی لە پ د ک و، ڕەسول مامەند لە ح س ک و، سامی لە پ د گ ک، لەگەڵی بچن بۆ بەغداد. داواکانی مام جەلال قبول کرا، کاک مەسعود بڕیارەکەی بە خەتی خۆی نوسی و، هەمو دەسەلاتێکی درایە بۆ ڕێککەوتن و ئیمزا کردنی ڕێکەوتنەکە و، هەمومان ئیمزامان کرد و، کاغەزەکە، وەکو بەڵگەیەکی میژویی، درا بە مام جەلال خۆی.

لە پەراوێزی ئەم کۆبونەوەیەدا سەرکردایەتی ی ن ک کۆبونەوەیەکی لاوەکی کرد. لەم کۆبونەوەیەدا مامجەلال باسی کرد کەوا ئەمجارەش ئەومان کردۆتە بلدۆزەری پاککردنەوەی ڕێگای گفتوگۆ. باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتو نەبێ، چ کارێکی خراپ ئەکاتە سەر پاشەڕۆژی سیاسی خۆی و، پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و دەوڵەتانی دۆست. باسی ئەوە کرا لەگەڵ کاربەدەستان باسی چی بکرێ و، داوکانی کورد چی بێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە زۆری باس و بابەتەکان دا من خۆمم تێ هەڵئەقورتان ڕەئی خۆمم دەر ئەبڕی. بە تایبەتی لە دو مەسەلەی گرنگ دا بێ شەرموشکۆ ڕەئی خۆمم پێ وت:

لە میانەی قسەکانی دا گومانی دەربڕی کە لەوانەیە بەعسیەکان ئەمجارەیان دەرمانخواردی بکەن و، ژەهری بدەنێ. گومانەکەی لە جێگای خۆی دا بو. بەعسیەکان هەمو جۆرە تاوان و نامەردیەکیان لێ ئەوەشایەوە. لەمەش دا خۆمم پێ نەگیرا وتم هەق نیە تۆ قسەی وا بکەی، چونکە بە قسەی ئێمە هەزاران کەس لە پێناوی کوردا خۆیان داوە بەکوشت، گیانی ئێمەش لە هی ئەوان زیاتر نیە، لێرە بمریت یا لە بەغدا، بە ژەهر یا بە گوللە، لە پێناوی کوردایە. بەڵام ئەبێ هەمو ترسی ئەوەمان هەبێ کارێ نەکەین ئەو پشتیوانیە دنیاییە بۆ کورد خەریکە پەیدا ئەبێ، لە دەس بدەین. من ئەو قسەیەم بە هیچ نیازێکی خراپ نەکرد. بەڵام هەندێ کەس ئەم قسەیەیان بە خراپ لێک دابوەوە، ترش و خوێ یان پێوە کرد بو. لە زۆر جێگە گێڕابویانەوە.

لە گفتوگۆیەکی دوقۆڵی دا بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا دەربارەی هەندێ مەسەلەی گرنگ پێش ئەوەی بڕوا بۆ بەغداد، سەبارەت بە کۆنفرەنس و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی ڕەئی خۆمم بە ڕاشکاوی پێ وت کە لەو کاتەدا لە بەغدا شتێکی باش نیە، بە تایبەتی ئەگەر نەگەیشتن بە ڕێکەوتنی تەواو، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆی لێ لابدا باشترە. چونکە سەرانی بەعس شارەزای هونەری "ابتزاز" ن پیاو ئەخەنە گۆشەیەکەوە ناچار بێ هەندێ قسە بکا بە قازانجی ئەوان، سودی بۆ کێشەکەی خۆمان نیە.

پوختەی بۆچونەکانمان ئەوە بو: کە ئەگەر مفاوەزە هیچ ئەنجامێکیشی نەبێ ئەوا سودێکی گەورەی ئەبێ "مۆڵەتێکی زەمانی" مان ئەداتێ، دەرفەتمان بۆ بڕەخسێ، دو کار بکەین:

یەکەم، گەلەکەمان کە ئاوارە بوبو بگەڕێتەوە سەر ماڵ و نیشتمانی خۆی.

دوەم، هێزەکانمان، ڕێکخراوەکانی پێشمەرگە و ڕایەڵەی ڕێکخستنە سیاسیەکانی حیزب... کە هەموی هەڵوەشا بون، سەرلەنوێ ڕێک بخەینەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خولی یەکەمی مفاوەزە (۲۰ – ۱۹۹۱/۴/۲۸)

دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی بەعس پێک هاتبو:

لە یەکێتی: جەلال تالّەبانی کە سەرۆکی وەفدەکە بو، عومەر فەتاح، عومەر عەبدولا (ملازم عومەر) و دارای تۆفیق ئاغا وەکو ئەفسەری پەیوەندی.

لە پارتی: نێچیروان بارزانی، ئازاد بەرواری.

لە سۆشیالیست: رەسول مامەند.

لە پارتی گەل: محەمەد مەحمود عەبدورەحمان (سامی).

لە کۆڕێ وە بەڕێ کەوتن بۆ بەغداد.

ئەم دەستەیە چەند جارێ لەگەڵ عیزەت دوری، عەلی حەسەن مەجید، حسێن کامیل، تاریق عەزیز.. بە جیا و بە کۆمەڵ کۆبوبونەوە. هەروەها لەگەڵ سەدام حسێن دانیشت بون. بەڵام ئەو کاتە بەرە هیچ پرۆژەیەکی ئامادە نەکرد بو، بۆ دیاری کردنی خواستەکانی گەلی کورد تا قسەی لە سەر بکەن و بچنە وردەکاریەکانیەوە. بە گشتی باسی بابەتی جۆراوجۆریان کرد بو بە تایبەتی:

چارەسەری کێشەی کورد لە سەر بنچینەی بەیاننامەی ۱۱ ی ئازاری ۱۹۷۰.

ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان.

جیاکردنەوەی حیزبی بەعس لە دەسەلاتی دەوڵەت.

رێگەدان بە فرە حیزبایەتی و فرە رۆژنامەیی.

هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.

عیزەت دوری لە قسەکانی دا وای دەرخست بو، کە ئەوان بۆ ئەنجامدانی رێککەوتن و ئیمزا کردنی ئەوەندە بە پەلە نەبون وەکو بە دەستەی نوێنەرایەتی پێشویان وت بو. لەو ماوەیەدا بەعس خۆی توند کرد بوەوە. راپەڕینی شیعەی بە تەواوی سەرکوت کرد بو. سەرلەنوێ دەستی گرت بوەوە بە سەر هەمو ناوچە ئالۆزاوەکانی عێراق دا. لە روسیاش هەندێ رووداوی سیاسی بە قازانجی سەدام گۆڕا بو. عیزەت دوری بە مام جەلالی وت بو کە گفتوگۆکە پێویستی بە چەندین کۆبونەوەی درێژ و، خولی جیا جیا و، گەرانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی هەیە بۆ پرسورا لە گەڵ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی.

خولی یەکەمی گفتوگۆ هەرایەکی گەورەی لە دنیادا خولقاند. لەو کاتەدا لێشاوی ڕاکردنی بە کۆمەڵی دانیشتوانی کوردستانی عێراق و قەرەبالّغی ئاوارەکان لە سنورەکانی تورکیا و ئێران هێشتا نەنیشت بوەوە. یەکتر بینینی لە ناکاو و کتوپڕی سەدام حسێن و مامجەلال لەو ڕۆژانەدا و، ماچوموچی دۆستانە و، پیشاندانی لە تەلەفزیۆنی بەغدادا، لە دەزگاکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

راگەیاندنی دنیادا زۆر بە خراپی دەنگی دایەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گەڵ پیشاندانی کارەساتی ئاوارەکان دا دیمەنی یەکتر ماچکردنی سەدام حسێن و مامجەلالیان پیشان ئەدایەوە. ئێرانیش لەو ڕووەوە درێخی نەکرد هەمو سەری سەعاتێ دیمەنەکەی دوبارە ئەکردەوە.

یەکتر بینین و تەوقە و یەکتر ماچ کردن لە نێوان نوێنەرانی دو لایەنی دوژمن بە یەک، کە ناکۆکیەکی خوێناوی دورودرێژیان لە بەینا بوبێ، ئەگەر لە لای کورد و عەرەبی عێراق شتێکی ئاسایی بوبێ، ئەوا لە مفاوەزە بە ناوبانگەکانی جیهان دا، لەوانە مفاوەزاتی ڤیەتنامیەکان و فەرەنسیەکان، جەزائیریەکان و فەرەنسیەکان، تازەترینیان ئیرلەندیەکان و ئینگلیزەکان و عیراقیەکان و ئەمەریکیەکان لە خەیمەی سەفوان... دیمەنی لەو بابەتە ئاسایی نەبوە. بەهەرحاڵ، لە ناو خەڵکی کوردستانی عێراق دا ئەم ڕوداوە ناڕەزاییەکی ئەوتۆی نەخولقاند، بەڵکو هەمو لێقەوماوانی کوردستان لە خوا ئەپاڕانەوە، گفتوگۆ سەرکەوتو بێت و، بە سەربەرزی بگەڕێنەوە ناو شار و ماڵی خۆیان و، هەمو ئەوانەی لە ناو خاکی کوردستان دا مابونەوەو چەکیان هەبو، "تەقەی خۆشی" یان کرد.

مامجەلال لە بەغدا کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانی بەست. لە وەڵامی پرسیاری یەکێ لە ڕۆژنامەوانەکان دا وتی: "گەرەنتی ناودەوڵەتیمان ناوێ، سەدام خۆی گەرەنتیە..." دەنگدانەوەی ئەم قسەیە لە ناو خەڵک دا باش نەبو.

سەرەتای خۆڕێکخستنەوە

لەو ماوەیەدا کە مام جەلال و وەفدەکە لە بەغداد بون لەگەڵ کاک کۆسرەت (ئوتێلی توریستی شەقڵاوە) مان کرد بە بارەگا. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا هەلمان قۆستەوە چەند هەزار پێشمەرگەمان لە شوێنی جیاجیا کۆکردەوە و ڕێکخستەوە. هەر لە نزیک خۆمان ٤ هێزی گەورەمان کۆ کردەوە. ڕەفعەت عەبدولا (ڕێباز) و، مەناف نادر قادر (سەفینی مەلا قەرە) و، محەمەد عەباس عەبدولا (شاخەوان) و، بەکر مستەفامان دانا بە فەرماندەیان. ئاگاداری بەرپرسی شوێنەکانی تریشم کرد هەمان کار بکەن. ئەوانیش لە ڕانیە، پشدەر، شارباژێر، شارەزور، بەمۆ، هەمان کاریان کرد.

کاک فەرەیدون تازە ژنی دوەمی هێنا بو، ئەیویست ماوەیەک بۆ خۆی بە سەربەستی بژی، بەڵام لەبەر ناخۆشی و ئاڵۆزی هەلومەرجی کوردستان مابوەوە، ئەم ئاشتیەی بە هەل زانی ، بێ ئەوەی ڕوبەڕو خۆم ببینێ، نامەیەکی بۆ ناردم، لە نامەکەدا خواحافیزی لێ کرد بوم بە بۆنەی وازهێنانی لە سەرکردایەتی ی ن ک و، نوسی بوی کە ئێتر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆی ئەبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مادام میتران لە کوردستان

هەر لەم ماوەیەدا مادام دانیال میتران، هاوسەری سەرۆکی فەرەنسی فرنسوا میتران و سەرۆکی ڕێکخراوی "فرانس لیبرتی"، پاش سەردانی ئوردوگای ئاوارەکانی کورد لە ئێران، هات بۆ حاجی ئۆمەران. داوای بینینی سەرکردەکانی ی ن ک و پ د ک ی کرد بو، لەگەڵ کاک مەسعود من بە نوێنەرایەتی ی ن ک چوم بۆ بینینی. بەلایەوە مەبەست بو بزانێ، گفتوگۆ بە ڕەزامەندی هەموان بوە یا مامجەلال بە تەنیا بڕیاری داوە. کاک مەسعود بۆی باس کرد کە مامجەلال لە بەغدا نوێنەری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیە و، بە بڕیاری هەموان گفتوگۆ کراوە. سەردانەکەی مادام میتران کورت بو. ئێرانیەکان بە کۆپتەر هێنابویان بە هەمان کۆپتەر بردیانەوە.

لە گەڵ مادام میتران ژنێکی ئەمەریکی هات بو ویستی چەند ڕۆژێ بمێنێتەوە بۆ گەڕان بە ناو کەلاوەی شار و گوندە ڕوخێنراوەکان دا. لە گەڵ خۆم هێنام بۆ شەقلاوە و گەشتەکەمان بۆ ڕێک خست و گێڕامانەوە بۆ ئێران. ئەم ژنە سۆزان مایسەلەس (Meiselas) بو. دوای ئەم سەردانەی چەند جارێکی تر هات بۆ کوردستان. کتێبێکی وێنەداری نوسی بە ناوی "کوردستان لە سێبەری میژودا" کە یەکێکە لە باشترینی ئەو کتێبانەی بە زمانی ئینگلیزی لە سەر میژوی کورد نوسراون.

خاچی سور بارەگا لە کوردستان دانەنێ

نوێنەری ڕێکخراوی "خاچی سوری ناودەوڵەتی" هاتە شەقلاوە بۆ پرسوڕا سەبارەت بە دیاریکردنی جێگەی عەمار و دانانی ڕێوشوێنی دابەشکردنی یارمەتی بە سەر ئاوارەکان دا. لە ڕێگەی عێراق و بە موافەقەتی حکومەتی عێراق هات بو. خاچی سور بارەگای لە کوردستان دانا و کەوتە چالاکی.

٢٨ ی ٤ ی ٩١:

گەڕانەوەی مام جەلال

مام جەلال ئاگاداری کردین کە لە ڕێگەی مەسیفەوە ئەگەڕێنەوە. بۆ ڕۆژی پێشوازی ئێمە بە هەڵە لە بروسکەیەکی ئەوان تێ گەیشت بوین، وامانزانی نوێنەری حکومەتیان لە گەڵ دێ، لە بەر ئەوە وەکو نیشانەی خۆڕێکخستنەوە و پیشاندانی هێز، بە دروێڵایی ڕێگای کۆڕێ – شەقلاوە لەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە پێشمەرگەمان ڕیز کرد. کاک کۆسرەت کردی بە نوکتە، وتی: "با هەندێ لەو هێزە کەم بکەینەوە، ئەگەر مامجەلال ئەم هێزە زۆرە ببینێ لە گفتوگۆ پەشیمان ئەبێتەوە و ئەڵێ هێرش ببەن بۆ بەغدا!"

دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە سەرۆکایەتی مام جەلال لە بەغدا گەڕایەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆبونەوەی سەرکردایەتی ب ک

بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی خولی یەکەمی گفتوگۆ و، دانانی ڕێوشوێنی خولێ دوەم لە شەقڵاوە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەستی پێ کرایەوە. لەم کۆبونەوانەدا نوێنەری حیزبی شیوعی عیراق بەشدار بون. بەعس نەیئەویست حیزبی شیوعی بەشداری گفتوگۆی بەرە – بەعس ببێ. پێیان وا بو حیزبی شیوعی حیزبێکی کوردستانی نیە بەڵکو حیزبێکی عیراقیە و، کێشەی ئەو لە گەڵ کێشەی گشتی عیراق دا باس بکرێ نەک لە ناو کێشەی کوردا.

لەم کۆبونەوانەدا: سەرۆک و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ خولی دوەمی گفتوگۆ دیاری کرا، هەروەها کۆمیتەیەک پێک هێنرا بۆ نوسینی خواستەکانی کورد. ئەم کۆمیتەیە ٣ پرۆژەیان ئامادە کرد دەربارەی قانونی حوکمی زاتی و، ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان و، یەکێتیی نیشتمانی لە عیراق دا.

سەرکردایەتی بەرە هەمو قورسایی خۆی خست بوە سەر مفاوەزە لە گەڵ بەعس، گرنگی بە جولانی دیپلۆماسی نەدا بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەش لە جێبەجێ کردنی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش دا. پرۆسەکە بە جیا لە بەرەی کوردستانی ئەڕۆیشت. کەس هیوای بە ئەمەریکا و باوەڕی بە قسەی کاربەدەستەکانیان نەمابو، بە تایبەتی کە سەرۆک بوش (باوک) لە یەکێ لە وتارەکانی دا وتی: "ئامادە نیم یەک سەربازی ئەمەریکی بنێرم بۆ زەلکاوی عێراق" و لە وتارێکی تریش وت بوی: "ئەرکی ئەمەریکا رزگارکردنی کوێت بوە نەک روخاندنی سەدام..."

سەردانی دیمۆکرات

لە گەڵ مامجەلال و عومەری حاجی عەبدولا چوین بۆ سەردانی د.سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکرات لە بناری قەندیل. شەو لە لایان ماینەوە. جگە لە هۆی سیاسی و وەرگرتنی ڕەئی دیمۆکرات، ترسمان هەبو مام جەلال دەرمانخوارد کرا بێ. ئەمانویست دڵنیا بین لەوەی مام جەلال بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە چونکە دوای گەڕانەوەی لە بەغداد نەخۆش کەوت. هەندێ پزیشکی فەرەنسی، کە سەر بە ڕێکخراوی "پزیشکانی بێ سنور" بون لای دیمۆکرات نەخۆشخانەیەکیان هەبو. لە گەڵ د.شەرەفکەندی بە تێروتەسەلی باسی گفتوگۆ کرا. د.شەرەفکەندی ڕەئی وابو:

– مادام مامجەلال گفتوگۆی دەست پێ کردوە، ئەگەر سەر بگرێ یان سەر نەگرێ، هەر خۆی سەرکردایەتی بکا تا بە ئەنجام ئەگا و، بە هیچ جۆرێ نەیداتە دەست کەسی تر.

– پێی باش نەبو من تێکەڵاوی گفتوگۆ ببم، لای وابو دوای چونی مامجەلال بۆ بەغداد من بۆ پەیوەندی سیاسی بهێڵرێمەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەخنانەی ناحەزەکانی گفتوگۆ لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مامجەلالی ئەگرن، بیانویان نەبێ لە منی بگرن. کردی بە نوکتە بە مامجەلالی وت: "خۆ ئەگەر بەعسیەکان ژەهریان دابێ بە تۆ، باشتر وایە ئەم نەنێرن بۆ ئەوەی ژەهریش نەدەن بەم".

شەرەفکەندی بیروڕاکانی خۆی وەکو سیاسیەکی شارەزا و دڵسۆزی کورد دەرئەبڕی.

*

کۆبونەوەی سەرکردایەتی ی ن ک

چەند ڕۆژێ بە کۆمەڵ لە ڕانیە و دەشتی بیتوێن ماینەوە، لەو ماوەیەدا کۆبونەوەیەکمان کرد بە فەرماندەی پێشمەرگەکان بۆ ڕێکخستنەوەیان لە یەکەی تازەدا. هەروەها سەرکردایەتی ی ن ک کۆبونەوەیەکی کرد بۆ هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی. من وەکو پێشو نە بەشداری هەڵبژاردنەکە بوم، نە قبوڵم کرد هەڵم بژێرن.

*

ئازادکردنی ئەفسەرەکان

لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕینەوە زیاتر لە ۱۵۰ ئەفسەری عێراقی لە ڕانیە گیرا بون، لە وانە دوانیان بە ڕوتبەی لیواء ڕوکن، چەند کەسێکیان بە ڕوتبەی عەمید و ئەوانی تر لە ڕوتبەی عەقیدەوە تیابو تا مولازم. من گلم دابونەوە. لە پێش دا بەسەر مالاّن دا لە ڕانیە دابەشمان کردبون. لە کاتی ڕاکردنی بە کۆمەڵی خەڵک دا گوێزابومانەوە بۆ زەڵێ. مام جەلال، لەم سەردانەی دا بۆ ڕانیە، نیوەی ئەمانەی ئازاد کرد و، نیوەکەی تریشی دانا کە کاک مەسعود لە کاتی چونی دا بۆ بەغدا بەریان بدا. ئازاد کردنی ئەمانە بێ ئەوەی حکومەت هێشتا گیراوەکانی کوردی ئازاد کردبێ، ڕەخنە و بۆڵەی زۆری لە ناو برادەرەکان دا دروست کرد.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خولی دوەمی مفاوەزە (۵/۷ – ۱۹۹۱/۶/۱۷)

دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ خولی دوەمی مفاوەزە پێک هات بو:

لە پارتی: مەسعود بارزانی کە سەرۆکی وەفدەکە بو، ئازاد بەرواری، د ڕۆژ نوری شاوەیس، جەوهەر نامیق، د. جەرجیس حەسەن، چەند کەسێکی تر بۆ کاروباری بێتەل و سکرتاریەت.

لە سۆشیالیست: ڕەسول مامەند، سەعد عەبدولا.

لە پارتی گەل: محەمەد مەحمود عەبدوڕەحمان (سامی).

لە یەکێتی: عەبدولا ڕەسول عەلی (کۆسرەت) و من و دارای تۆفیق ئاغا.

وەفدەکەمان بە هەمان شێوەی وەفدی پێشو لە کۆڕێ بەرەو سەلاحەدین و لەوێوە بۆ بەغداد. لە بەغداد لە ئوتێلی ڕەشید دایان بەزاندین.

ئیمە لەگەل خۆمان ۳ پرۆژەمان برد بو کە پێشتر کۆمیتەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی ئامادەیان کرد بو. پرۆژەکان بریتی بون لە:

۱. قانونی حوکمی زاتی

۲. ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان (تطبیع الاوضاع فی کردستان)

۳. یەکێتیی نیشتمانی (الوحده الوطنیه)

پرۆژەکان بە پەلە ئامادە کرابون و بە پەلە چاپ کرابون.

۷ ی ۵ ی ۹۱:

یەکەم کۆبونەوە

بەعس بۆ ئەوەی لە ئیمە تێ بگەن، بە بیانوی ئەوەی ئیمە هەمومان عێراقین و برای یەکترین شوێنی ئەندامانی وەفدیان لە سەر مێزی گفتوگۆ دیاری نەئەکرد. لەبەر ئەوەی لەو جۆرە شوێنانە کورد پاڵ بە یەکەوە ئەنێن، بۆ ئەوەی شتی وامان لێ ڕو نەدات بەر لەوەی بچین بۆ کۆبونەوە بۆ دانانی ڕێوشوێنی دانیشتن و هەڵسان، من پێشنیارم کرد بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکان دا توشی بە یەکدا کەوتن و سەر لێ شێوان نەبین، لە سەرمێزی گفتوگۆ بەمجۆرە بەڕیز دابنیشین: مەسعود، سامی، من، ڕەسول، ئینجا ئەوانی ترمان بە ڕیز دانا.

لایەنی بەعسی: عیزەت دوری، تاریق عەزیز، سەعدی مەهدی سالح، عەلی حەسەن مەجید، فەریق ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز دوری تازە کرا بو بە بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات، لیوا ڕوکن وەفیق سامەڕائی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری، سەباح یاسین، وەلید نایف.

لایەنی کوردی: مەسعود بارزانی، سامی، من، ڕەسول مامەند، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، کۆسرەت، سەعد عەبدولا، جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری، د جەرجیس، دارا تۆفیق.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەم کۆبونەوەیەدا هەردولا پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەو یەکتربینینە و هیوایان خواست بگەنە ڕێککەوتن. کۆبونەوەکە بۆ یەکترناسین و "موجامەلە" بو.

٨ ی ٥ ی ٩١:

دوەم کۆبونەوە

لایەنی بەعس: عیزەت دوری جێگری سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە، تەها جەزراوی جێگری سەرۆک کۆمار، تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، عەلی حەسەن مەجید وەزیری ناوخۆ، حسێن کامل وەزیری دیفاع، سابیر دوری بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات، سەباح یاسین نەقیبی ڕۆژنامەنوسان و بەڕێوەبەری مەکتەبەکەی عیزەت دوری، وەفیق سامەرائی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری.

لایەنی کورد گروپی پێشو.

کۆبونەوەکە عیزەت دوری دەستی پێ کرد. سەبارەت بە پرۆژەکانی بەرە وتی:

"بۆ ئێمە شتێکی چاوەڕێ نەکراو بو، خۆزگەمان ئەخواست وا نەبوایە، هەم لە دەربڕین و هەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکان دا.... هەردولا ئەوەندە یەکتریمان دیوە بیروڕای یەکتری ئەزانین... لە سەرەتای حەفتاکان دا بیروڕامان تێکەڵ و پێکەڵ بو، بەڵام ئێستە هەمو بوینەتە پسپۆڕ لەم مەسەلە ئازاراویەدا...

"ئێوە چەند ساڵە بە هەمو ڕێگایەک هەوڵ ئەدەن ئێمە بڕوخێنن، ئێمە نەڕوخاین ماوین... ئێمەش چەند ساڵە بە هەمو ڕێگایەک هەوڵ ئەدەین لە ناوتان بەرین، ئەوەتا لەناو نەچون ماون.. هەردولامان ماوین کەواتە باشتر وایە ڕێک بکەوین...

"ئێمە لە ١٩٧٤ ەوە حوکمی زاتیمان داوە، حوکمێکی زاتی تازە دانانێین، هەر چۆنێ بێ ئێمە شانازی پێوە ئەکەین و لەوەوە دەس پێ ئەکەین. ئەو قانونەی ئێوە بۆ حوکمی زاتی پێشنیارتان کردوە سیادەی عیراق کەل ئەکا...

ئینجا بە خۆهەڵکێشانەوە وتی: "ئێوە ئێمە ئەناسن چ جۆرە پیاوێکین، ئەگەر پێویستی کرد دەس ئەدەینە تفەنگ و شەڕی ئەمەریکا ئەکەین..."

زۆر قسەی تری کرد. لە قسەکانی دا وای دەرخست کە ئێمە نەئەبو باسی مافەکانی گەلی عیراق بکەین چونکە ئێمە کوردین، بەڵکو بۆمان هەیە باسی مافەکانیْ خۆمان بکەین. سەیر ئەوە بو لە چەند کۆبونەوەیەکی تردا کە باسی مافەکانی کوردمان ئەکرد، ئەیان وت ئێوە بۆ هەر باسی کورد ئەکەن، مەگەر ئێوە عێراقی نین؟ کە باسی مافەکانی خەڵکی عیراقمان ئەکرد، ئەیان وت ئێوە کوردن هەقتان بە سەر عێراقەوە چیە بۆ باسی خۆتان ناکەن؟

دوای ئەو تاریق عەزیز قسەی کرد وتی: "جەوهەری قسەکانی هەردولا یەکە... لەبەر ئەوە دەس بکەین بە لایەنی عەمەلی، خاڵەکانی ناکۆکیان لە سەرە ئەوەندەی لێ ئەدوێین تا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەگەین بە لەیەک گەیشتن"... پێشنیاری کرد ببینە ٣ تیپی کار، یەکێکی سەرکردایەتی دوانی لایەنی نەزەری و لایەنی عەمەلی باسەکان.

دوای ئەویش تەها جەزراوی هەندێ قسەی کرد.

حسێن کامل، بن ئامۆزا و زاوای سەدام حسێن و، وەزیری جەنگ، پرۆژەکانی بەرەی بە دەستەوە بو. وای پیشان دا کە پیشتر نەی دیوەو تازە ئەیان خوێنێتەوە. لە پرۆژەکان ورد ئەبوەوە بە گاڵتەپێکردنێکی ڕقاویەوە سەیری ڕیزەکەی ئێمەی ئەکرد. نازانم دابەشکردنی دەور بو لە ناو خۆیان دا یا ڕوداوەکە ئاسایی بو، ئیزنی قسەکردنی لە عیزەت دوری وەرگرت. وتی: "گەورەم! لە بەرئەوەی من کارم هەیە ناتوانم تا کۆتایی دانیشتنەکە لێرە بم، تکایە ڕێگەم بدەن سەرنجەکانی خۆم دەربڕم!"

عیزەت دوری ڕێگای دا قسە بکا. حسێن لە ناو قسەکانی دا وتی:

"بە بینینی ئەو وەرەقانە توشی نائومێدیەکی زۆر بوم، ئەوانەی ئەم وەرەقانەیان هێناوە نایانەوێ ڕێک بکەون.. کێ ئەم گیروگرفتەی دروست کردوە؟ کورد نەک دەوڵەت. کێ چەکی هەڵگرت سەرباز و پۆلیسی کوشت... ئەوەی زەرەری لەگەڵی کوردمان داوە هەر ئەوان بون... ئەوان هاوکاریان لە گەڵ ئێران کرد، هاوکاریان لە گەڵ ئیسرائیل کرد، ئیستاش ئەوان پشت ئەستورن بە ئەمریکا وا ئەکەن، بەڵام ئەمریکا تا کەی ئەمێنێتەوە؟ ساڵێ دو ساڵ یا زیاتر، سەرەنجام هەر ئەڕوا ئەوسا ئەوان چی ئەکەن؟..." حسێن کامیل لەم شەکرانە زۆری شکاند، وەکو دوایی دەرکەوت بۆیە وەها تەنگاو و تورە بوە، هێزەکانی ئەمەریکا لەو یەکدو ڕۆژەدا هات بونە زاخۆ سوکایەتیەکی زۆریان بە جەیشی عیراقی کرد بو بە زەلیلی لەوێ ڕاویان نابون و لە دهۆک و ئامێدی و چەند جێگایەکی تریش تەنگیان پێ هەڵچنی بون. قسەکانی تەواو کرد، چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، هەڵسا ڕۆیشت.

کاک مەسعود لەسەر کاغەزێ بۆ منی نوسی: "قسەکانی ڕەدێکی بە شیدەتی ئەوێ" منیش بۆم نوسی: "ئیستا ڕەدێکی ئەدەمەوە علی اد المقام"، کاک سامی کە لە بەینی هەردوکمان دا دانیشتبو. کاغەزەکان بە بەردەمی ئەودا ئەڕۆیشت. بە منی وت ئەمە یەکەم کۆبونەوەمانە با تێک نەچێ، ڕێگە بدەن بە من وەڵامی بدەمەوە. ئیزنی لە کاک مەسعود وەرگرت. سامی وەڵامی دایەوە. لام وایە کەس لە ئەندامانی وەفدی کوردی وەڵامەکانی بە دل نەبو، بەڵام بۆ پارێزگاری یەکێتی وەفدەکەمان و، نیشاندانی یەکگرتوییمان لە بەرامبەر نوێنەرایەتی بەعس کەسی تر بە دەنگ نەهات. بەم بۆنەیەوە شیعرێکی (مەحوی) م بیر کەوتەوە کە ئەڵێ:

"قەزا بێ دەستەڵاتت کا، چیە غەیری ڕەزا چارە؟

لە بەردەستی جەلابا ڕێویەکە شێری پەل بەستە"

حسێن کامیل، لە سەرەتادا مفەوەزی شورتە بوە دوایی بە جۆریکی نائاسایی خرا بوە کولیەی عەسکەری و، بێ ئەوەی بە ڕێگای ئاسایی پیشکەوتنی سپایی‌دا بڕوا، سەدام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حسێن پلەی "فەریق روکن" ی پێ بەخشی بو بۆ ئەوەی پلەکەی ئەم لە هی هەمو ئەفسەرانی تری جەیشی عیراقی بەرزتر بێ. هەمو ئەفسەرە کۆنەکان بێ دودڵی و ڕامان، سەریان بۆ شۆڕ کرد و، سڵاوی سەربازیان بۆ ئەکرد و، پێیان ئەوت "سیدی" کە ئەمە خۆی جۆرێک بو لە شکاندنی شەرەفی عەسکەری ئەفسەرانی جەیشی عیراقی. پێشتر بە بەخشینی ڕوتبەی "موهیب روکن" بە خۆی و، بەرزکردنەوەی ڕوتبەی عەسکەری عەدنان خەیرواڵای خاڵۆزای و ژنبرای و دانانی بە نائیبی قائیدی عام و وەزیری جەنگ دەستیان پی کرد بو.

کاتی دەسپێکردنی مفاوەزە حسێن کامیل (بن ئامۆزا و زاوای سەدام) وەزیری دیفاع و، عەلی حەسەن مەجید (ئامۆزای سەدام) وزیری ناوخۆ و، وەتبان (دایکبرای سەدام) موحافیزی تکریت و، سەبعاوی (دایکبرای سەدام) مودیری ئەمنی عام و، هاشم حەسەن مەجید (ئامۆزای سەدام) موحافیزی کەرکوک بون.

وەفدی حکومەت بە ڕیز بە دوای یەک دا قسەیان کرد. عیزەت دوری، تەها جەزراوی، عەلی حەسەن مەجید، تاریق عەزیز. ئەیان ویست کاریگەریی هێرشەکانی حسێن کامیل لە سەر ئێمە کەم بکەنەوە و، گرژیی ناو کۆبونەوەکە خاو بکەنەوە.

گفتوگۆ، تەنانەت کات بەسەربردن، لە گەڵ کاربەدەستی بەعسی شتێکی بێ ئەندازە ناخۆشە. بەعسی وا پەروەردەکراون، کە هەمو کەس و هەمو لایەن و هەمو دنیا بە دوژمن دائەنێن، پێیان وایە پیلانیان لی ئەگیڕن، ئەیانەوێ لە ناویان ببەن. لەبەر ئەوە هەمیشە جلی شەڕیان لەبەردایە، خۆیان بە سەرقاڵ و مەشغول دائەنێن. بیری بەعس لە سەر ئینقیلاب، ئیغتیال، ئیبتیزاز، دامەزراوە.

تاریق عەزیز پێشنیارەکەی خۆی دوبارە کردەوە کە دابەش بین بۆ ۳ لیژنە یاوەکو ئەو ئەیوت بۆ ۳ فەریقی عەمەل:

۱. کۆمیتەیەکیان بۆ سەرکردایەتی. لەوەش مەبەستی یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان هەردولای مفاوەزە بو کە ئەگەر لە دو کۆمیتەکەی تردا بۆیان چارەسەر نەکرێ.

۲. کۆمیتەیەک بۆ باسی لایەنی نەزەری دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی. لەوەش مەبەستی گفتوگۆ بو لە سەر پرۆژەی یەکەم و دوەمی بەرە دەربارەی: "الوحده الوطنیه"، و "قانون الحکم الذاتی."

۳. کۆمیتەیەک بۆ باسی لایەنی عەمەلی حوکمی زاتی. لەوەش مەبەستی پرۆژەی "تطبیع الاوضاع فی کردستان" بو.

کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەبو لە سەرۆکی هەردو نوێنەرایەتی واتە لە عیزەت دوری و مەسعود بارزانی پێک بێ، بۆ ئەوەی ئەگەر کۆمیتە لاوەکیەکان لە مشتومڕەکانیان دا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ناکۆکیەکە، بخریتە بەردەم ئەوان، ئەوان تاووتوێی بکەن هەر بڕیارێکیان دا کۆمیتە لاوەکیەکە پابەندی بێت.

کۆمیتەکانی تریش پێک هێنران.

کۆمیتەی لایەنی نەزەری دیمۆکراسی و حوکمی زاتی، پێک هێنرا:

لە لایەنی حکومەت: تاریق عەزیز، ماوەیەک وەزیری ئیعلام و، ماوەیەک وەزیری کاروباری دەرەوە و، لەو کاتەدا جێگری سەرۆکی وەزیران، کە سەدام خۆی بو. د مونزیر شاوی مامۆستای قانونی دەستوری و ماوەی چەندەها ساڵ وەزیری عەدل بو، بەرپرس بو لە ڕێکخستنەوە نیزامی قەزایی و ئامادەکردنی دەیان پرۆژە و ڕەشنوسی قانونی گرنگی عیراقی، د یوسف شەریف، ئەویش مامۆستای قانون و ڕاوێژکاری وەزارەتی عەدل بو.

لە لایەنی کوردی: سامی عەبدورەحمان، ڕۆژ شاوەیس، کۆسرەت ڕەسول.

کۆمیتەی لایەنی عەمەلی

لە لایەنی حکومەتی: سەعدی مەهدی سالح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، عەلی حەسەن مەجید وەزیری ناوخۆ، فەریق ڕوکن سابیر دوری پێشتر چەند ساڵێ بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری و، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات بو.

لە لایەنی کوردی: ڕەسول مامەند، جەوهەر نامیق و من.

سەرۆکی لایەنی کوردی لە کۆمیتەی نەزەری سامی و هی عەمەلی من بوم.

*

کۆمیتە لاوەکیەکان کەوتنە کۆبونەوە و کارکردن

کۆبونەوەکانی ئێمە هەموی لە ژورەکەی عەلی حەسەن مەجید لە وزارەتی ناوخۆ ئەکرا. هەندێ جار سەعدی مەهدی سالح و، جاروبار فەریق ڕوکن سابیر دوری بەشدار ئەبون. تەنیا یەک کۆبونەوە لە گەڵ سەعدی مەهدی سالح لە بارەگای "مکتب تنظیم بغداد" کرا، ئەویش سەعدی وەرەقەی ئەو "التزامات" ەی تەسلیم کردین کە ئەبو بەرەی کوردستانی بەرامبەر بەعس بە جێی بهێنێ.

کۆبونەوەکانی کۆمیتەی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی لە مەکتەبەکەی تاریق عەزیز ئەکرا. بۆ هەندێ لەو کۆبونەوانە، بە تایبەتی باسی کەرکوک و سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی منیش ئەچوم.

*

پرس بە شارەزا

بۆ دەسکاری قانونی حوکمی زاتی پێویستیمان بە شارەزایەکی ئەم بوارە هەبو یارمەتیمان بدا. پرسم بە چەند کەسی کرد بو. پێیان وا بو باشترین کەس بۆ ئەم کارە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فایەق هوشیارە. فایەق هوشیار لە چلەکانی سەدەی بیستەم دا قانونی لە بەغداد تەواو کرد بو. ئەوسا یەکێ بوبو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی هیوا و، یەکێ لە نوسەرە رۆشنیرەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و، ماوەیەکی زۆر پارێزەری و حاکمی کرد بو و دواتر بەڕێوەبەری گشتی تاپۆی عیراق و ئەندامی مەحکەمەی تەمیز بو.

دارای تۆفیق ئاغا چو بۆ ناو بەغداد ئۆزیەوە قسەی لە گەڵ کرد هات بۆ ئوتێل رەشید. پرۆژەکەی خۆمان ئامادەمان کرد بو، لە گەڵ خۆمان بردبومان بۆ بەغداد تامان بەو نەسکاری بکات. جاری تریش کاری وەهامان پێ سپارد بو. پاش دو رۆژ کارەکەی بە تەواو کراوی بۆ هێناینەوە. هەروەها وتی: "من ئامادەم لە وەفدەکەی خۆتان دا نام بنێن بۆ دیفاع لە گۆڕپانەکانی ناو قانونەکە. ئەگەر رێککەوتن نەوە باشە ئەگەر رێکیش نەکەوتن من کابرایەکی پیرم چەند ساڵێکی کەمم ماوە چیم بە سەر بێ بە لامەوە گرنگ نیە."

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانە بو.

بۆ ئاساییکردنەوە هەلومەرجی کەرکوک و دانانی چارەی عەمەلی کە قابیلی جێبەجێ کردن بێ پێویستمان بە شارەزایەکی ئەم بوارە هەبو یارمەتیمان بدا. پرسم بە چەند کەسێ کرد بو. پێیان وا بو باشترین کەس بۆ ئەم کارە د موکەرەم تالەبانییە.

د موکەرەم لە چلەکانی قەرنی بیستەم دا قانونی لە بەغداد تەواو کرد بو. نەوسا یەکێ بو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی هیوا و. دواتر چو بوە ریزی حیزبی شیوعیەوە. لە سەر نەوە گیرا بو ساڵانێکی درێژ لە زیندانی سەردەمی مەلەکی دا بو. دوای رێکەوتنی حیزبی شیوعی و بەعس ئەم بو بە وەزیری ئاودێری لە عیراق و. دوای تێکچونی پێوەندی شیوعی – بەعسی ئەم لە بەغداد بە بێلایەنی مابوەوە. سەدام رێزێکی تایبەتی لێ نەگرت و. چەند جارێ بۆ ناوبژی لە گەڵ کورد رای سپارد بو. د موکەرەم شارەزاییەکی زۆری لە سەر کەرکوک و ناوچە نەنفال کراوەکان هەبو.

دارای تۆفیق ئاغا چو بۆ ناو بەغداد ئۆزیەوە قسەی لە گەڵ کرد هات بۆ ئوتێل رەشید. ناوامان لێ کرد پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکا. لە سەر ئاساییکردنەوەی کەرکوک. پرۆژەیەکی بۆ نوسین. من لە کۆمیتەکەی خۆمان دا. کردم بە بنچینەی گفتوگۆ لە گەڵ لایەنی بەعس و. بە نوسراوی پێشکەشمان کرد. د موکەرەم ئامادە بو لە وەفدەکەمان دا بەشدار بێ و دیفاع لەو پرۆژەیە بکات.

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانە بو.

کەڵکی زۆرمان لە هەردوکیان وەرگرت.

پرۆژەی بەرەی کوردستانی بۆ حکومەتی عێراق

الوحدة الوطنية

تعرضت منطقة كردستان خلال العقود الثلاثة المنصرمة الى ظروف صعبة و معقدة للغاية معروفة لدى الجميع الأمر الذي عرض البلاد الى مخاطر و عطل طاقات كبيرة و أضعف روح المسؤلية لدى قسم من المواطنين و جعل الأحوال الأستثنائية تتغلب على الحالة الطبيعية و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وضع المواطن في موضع مشكوك في أمره إذاء السلطة و قد إنعكس كل ذلك سلبيا على الوحدة الوطنية.

إن إعادةاللحمة الى الوحدة الوطنية هدف منشود من قبل الجميع و غيابها يعيق تقدم الشعب و البلاد و لا ينجو أي طرف من أضرارها مما يتطلب العلاج الجذري و السريع على الأسس التالية:

١) تتوطد الوحدة الوطنية بمعالجة الأسباب التي أعاقتها و ثملتها و بتعزيز الأخوة العربية الكوردية.

٢) تعزيز الوحدة الوطنية يستند على رفع الغبن التريخي الذي لحق بالشعب الكوردي و الأقليات القومية و بتحقيق الحقوق المشروعة و سيادة العدالة و تكافؤ الفرص و المساوات بين الجميع.

٣) سيادة القانون و النظام مطلوبة و ينبغي الألتزام بها من قبل الجميع و لا يمكن تحقيق ذلك بالأعتماد حلى القسر و القوة.

٤) ينبغي أن تتعاون الحركة الكوردية (جک) الى أقصى الحدود مع السلطة على صيانة حدود و أمن العراق في منطقة كوردستان.

٥) تساهم قيادة الحركة الكوردية (جک) بصورة فاعلة في منع مظاهر التسلح غير القانوني في منطقة كوردستان و في صيانة و تعزيز الوحدة الوطنيةالعراقية.

*

وەفدی حکومەت لە وەلامی پرۆژەی (الوحدة الوطنية) ی پێشنیارەکانی بەرەی کوردستانی سەبارەت بە ژیانی دیموکراسی ئەم پرۆژەیەیان دا بە نوێنەرایەتی کورد:

حول الوحدة الوطنية و الديمقراطية في العراق

أولا: اننا نرى إن الكثير مما ذكر في الورقة المعنونة (الوحدة الوطنية) غير وارد و يتناقض مح الحقائق و روح الحوار لذلک نرى.. غض النظر عنها و الإكتفاء بورقة مشتركة حول موضوع الديمقراطية.

ثانيا: أما بشأن مسألة الديمقراطية في العراق فقد جرت مناقشة أولية و عامة بين فريق عمل مشترک من الجانبين و يمكن أن نضع الأسس التالية:

١) إن الظروف الذاتية و الموضوعية في البلاد تحتم الدخول في مرحلة جديدة هي مرحلة (المشروعية الدستورية) و قد سبق للسيد الرئيس صدام حسين أن أعلن في خطابة في ٣/١٦ عن تصميم على المباشرة في هذه المرحلة خلال الفترة المقبلة وأكد بإن هذا التصميم حاسم و لا رجعة فيه.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢) من السمات الأساسية للمرحلة المقبلة التعددية الحزبية في إطار الوحدة الوطنية و المسؤلين الوطنية، و يقتصي ذلک السماح بتأسيس الأحزاب ذات النهج الوطني البناء و وفق قانون جديد ينظم مسألة تأسيس الأحزاب و ممارستها لنشاطها السياسي.

٣) إن المجتمع الديمقراطي يقوم على أساس الدستور و القانون والمؤسسات و التعددية الحزبية و حرية الصحافة و الرأي و كل الحريات التي يقرها ميثاق حقوق الأنسان وفقا للقانون و من منطلق القيم و التقاليد الوطنية و الدينية الراسخة في المجتمع العراقي و بإتجاه صيانتها..

٤) إن مشروع الدستور الذي نشر في عام ١٩٩١ و حديث السيد الرئيس صدام حسين في مجلس الوزراء بتأريخ ١٩٩١/٣/٢٨ قد أكد على مبداء (فصل سلطة الحزب عن الدولة).

٥) إن مشاركة الأحزاب السياسية في الوزارة فكرة مقبولة من حيث المبداء و ستعالج وفقا للأتفاق الذي يجري مع الجبهة الكوردستانية فيما يخص مشاركتها في الوزارة كما سيعالج مع الأحزاب الأخرى التي ستنشاء طبقا للبرنامج السياسي الذي يتفق عليه أو كنتيجة من نتائج الأنتخابات للمجلس الوطني الذي سينشاء بعد المصادقة على الدستور.

٦) إن مجلس قيادة الثورة الذى تحمل مسؤلية قيادة البلاد هو الذي يتحمل مسؤلية إقتراح مشروع دستور جديد للبلاد و سيطرح الدستور للمناقشة الوطنية العامة مجددا و سيقر بإستفتاء شعبي.

من الطبيعى أن يحدد تشكيل مجلس الوزراء في ضوء النتائج التي تتمخض عن انتخابات المجلس الوطني.. مع ثبات مبداء مشاركة الاكراد من شعبنا وفق الاسس التي يتم الأتفاق عليها.

بسم الله الرحمن الرحيم

وقل اعملوا فسيرى الله عملكم و رسوله والمؤمنون

صدق الله العظيم

تطبيع الاوضاع في منطقة الحكم الذاتي

لقد ادرک حزب البعث العربي الاشتراكي عبر مؤتمراته القطرية معاناة العراق بشكل عام ومنطقة الحكم الذاتي بشكل خاص واقر في مؤتمره القطري السابع الذي انعقد في اواخر عام ١٩٦٨ و مطلع عام ١٩٦٩ ان مسألة المطامح القومية للكرد في العراق تقع في مقدمة المسائل التي تواجه حركة الثورة العربية ورسم طريق الحل لها امام الثورة والسلطة الثورية.

وحيث ان منطقة الحكم الذاتي عانت من حالة عدم الاستقرار جراء النشاط الدولي والاقليمي المعادي مما جعلها تشكل تهديدا للامن الوطني.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وانطلاقا من تأكيدات السيد الرئيس صدام حسين حفظه الله ورعاه المهندس التأريخي لبيان ١١ اذار ١٩٧٠ على انهاء هذه الحالة وخلق حياة طبيعية من الاستقرار والطمأنينة والأمن والأمان في المنطقة.

ومن اجل بناء العراق الموحد وتقدمه وازدهاره وعزة شعبه.

وادراكا من قيادة الحزب والثورة والاحزاب الوطنية في الجبهة الكردستانية لتعزيز وحدة العراق والنهوض به على المستوى الوطني والقومي.

ومن اجل ان تتفتح على ايدي جميع الشرفاء الخيرين من مناضلي الحزب والجبهة الكردستانية صفحة جديدة مشرقة فقد تم بعون الله تعالى الاتفاق على مايلي:

١. يعفى عفوا عاما شاملا عن الكرد المدنيين والعسكريين ورجال قوى الامن الداخلي المحكومين والهاربين والموقوفين والمحجوزين وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية ضدهم عن الجرائم السياسية ويطلق سراحهم ويشمل هذا العفو العقوبات الاصلية والتبعية ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتلغى قرارات المصادرة بحقهم وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

٢. أ. يعفى عفوا عاما عن الكرد وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية ضدهم عن جرائم الهروب والغياب والتغيب المنصوص عليها في قانون العقوبات العسكري ذي الرقم ١٣ لسنة ١٩٤٠ وقانون معاقبة مرتكبي جرائم الهروب خارج البلاد اثناء الخدمة العسكرية ذي الرقم ٢٨ لسنة ١٩٧٢ المعدل وجرائم التخلف والمخالفة المنصوص عليها في قانون الخدمة العسكرية ذي الرقم ٦٥ لسنة ١٩٦٩ المعدل.

ب. يعمل في (أ) من هذا البند لمدة ثلاثة اشهر من تاريخ صدوره.

٣. تلتزم الجبهة الكردستانية التزاما تاما بتنفيذ برنامج وطني مركزي يضعه حزب البعث العربي الاشتراكي والجبهة الكردستانية يهدف الى بث الوعي الوطني الصحيح وتعزيز الاخوة العربية االكردية وتوطيد الوحدة الوطنية وحماية مسيرة الثورة ومكتسباتها بقيادة السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله وتعميق روح الانضباط والالتزام واحترام القوانين والانظمة والتعليمات التي تصدرها الدولة واجهزتها المختلفة من اجل تطور العراق وتحقيق حياة آمنة ومستقرة للمواطنين.

٤. تعلن الجبهة الكردستانية عن وقوفها جنبا الى جنب مع حزب البعث العربي الاشتراكي لمواجهة التشكيلات السياسية المصطنعة في المنطقة المؤتمرة بأوامر الاجنبي وبما يحقق أمن العراق الوطني والستراتيجي.

٥. اعادة منتسبي الجبهة الكردستانية من الموظفين والمستخدمين والعمال ومنتسبي القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي المفصولين والمنهاة خدماتهم والمحالين على التقاعد لاسباب

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سياسية الى الخدمة واعتبار مدة تغيبهم او فصلهم خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد بالنسبة لرواتبهم وليس على اساس المنصب الوظيفي.

٦. اعادة منتسبي الجبهة الكردستانية من الموظفين والمستخدمين والعمال المنقولين من دوائرهم الى دوائر اخرى او الى محافظات اخرى لاسباب سياسية الى الخدمة في مناطقهم الاصلية، وفق حاجة الدوائر (وضمان حقوق ورواتب الذين يفيضون على ذلك) من خلال تنسيبهم للعمل في دوائر اخرى وحسب حاجتها.

٧. اعادة الطلبة الكرد المفصولين والمطرودين لاسباب سياسية الى مدارسهم ومعاهدهم وجامعاتهم وتخصيص منح دراسية للمحتاجين منهم حسب القواعد المرعية وعدم احتساب سنوات غيابهم سنوات رسوب.

٨. قبول الطلبة الكرد في جميع المدارس والمعاهد والدور التربوية والعلمية والجامعات المدنية منها والعسكرية وكذلك البعثات العلمية والزمالات والاجازات الدراسية والمنح داخل العراق وخارجه بدون استثناء او تمايز وحسب الكفاءة ووفق القواعد والامر النافذة.

٩. يعفى عفوا عاما من البارزانيين و اطلاق السراح المحكومين والموقوفين والمحجوزين منهم وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية المتخذة بحقهم ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

١٠. اعادة السكان المرحلين من المدن والقرى الكردية الى مناطق اخرى داخل منطقة الحكم الذاتي او خارجها الى مدنهم وقراهم واماكنهم الاصلية حسب رغبتهم ووفق جدول زمني يتفق عليه وتعويضهم ويعمل على تطوير مناطقهم وذلك بايصال جميع الخدمات اليها لكي تصبح حسب قابليتها، والامكانات الطبيعية والزراعية المتوفرة فيها مراكز متطورة للزراعة وتربية الحيوانات والدواجن والصناعات الخفيفة ومناطق السياحة والاصطياف وكذلك لدعم الامن والدفاع الوطني الى جانب الاسهام في تطوير وتقدم اقتصاد عموم العراق مع مراعاة التجميع الريفي العصري والجانب الامني والاستراتيجي.

١١. تتوقف اذاعات الجبهة الكردستانية عن العمل واالبث ساعة اعلان هذا الاتفاق وتسلم هذه الاذاعات الى الدولة خلال مدة اسبوعين.

١٢. العمل على فتح جامعة في محافظة السليمانية.

١٣. تخصيص رواتب تقاعدية لعوائل الذين استشهدوا او اعدموا من منتسبي الجبهة الكردستانية في الظروف الاستثنائية السابقة وكذلك صرف رواتب للمعوقين والمفقودين منهم وتأمين السكن المناسب لهم وفق تشريع خاص يصدر لهذا الغرض.

١٤. اعادة المؤسسات والمشاريع التي اوقف العمل بها بسبب ظروف المنطقة الى وضعها الطبيعي.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٥. وضع خطة سريعة للنهوض بالمنطقة واعادة بنائها ورفع ما أصابها من التخلف كما جاء في بيان (١١ اذار ١٩٧٠).

١٦. الغاء جميع القوانين والقرارات والتعليمات الاستثنائية بعد زوال ظروفها والتي تقيد حرية المواطنين او تحول دون تقدم المنطقة وبعد اتفاق الطرفين.

١٧. حل كافة التشكيلات والميليشيات المسلحة التابعة للجبهة الكردستانية خلال مدة....

١٨. تسلم جميع الاسلحة الثقيلة العائدة الى الجبهة الكردستانية الى السلطات المركزية خلال مدة شهر من تاريخ اعلان هذا الاتفاق، اما بقية الاسلحة المتوسطة والخفيفة فتسلم خلال مدة شهرين من التأريخ المذكور عدا الاسلحة المتفق عليها التي ستجاز بصورة رسمية.

١٩. عدم قيام الجبهة الكردستانية باجراء اي تعاون او اتصال مع الدول في المنطقة وخارجها الا من خلال موافقة دولة العراق، اما الاتصال بالاحزاب غير العراقية فيتم من خلال الجبهة وميثاقها.

٢٠. العمل على اعادة العرب الذين اسكنوا بصورة غير طبيعية اثناء الظروف الاستثنائية على حساب الاخرين في منطقة الحكم الذاتي.

٢١. اطلاق سراح الكرد الفيليين من العراقيين والسماح للمرحلين منهم داخل المنطقة والموجودين منهم خارج العراق بالعودة الى القطر خلال مدة سنتين والسكن بالمنطقة وحسب رغبتهم.

٢٢. تطبيق قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي المشمولة بقانون رقم (٩٠) لسنة ١٩٧٥ تطبيقا يضمن مصلحة الفلاحين ويخدم الاقتصاد الوطني واعفاء المرحلين منهم مما ترتب عليهم من ضرائب جراء ترحيلهم وعدم استغلالهم أراضيهم.

٢٣. ان العراق كان ولا يزال يعاني من تهديدات خطيرة لأمنه الوطني والستراتيجي وفي مقدمتها التهديد الصهيوني الامريكي الامبريالي والنظام القائم في ايران وبعض الانظمة الاخرى في المنطقة ولما كان من المتفق عليه ان يساهم ممثلو الجبهة الكردستانية في الحكم وفي صنع القرار العراقي ومن أجل أن تكون المواجهة الوطنية لهذه التهديدات بالمستوى المطلوب فان الجبهة تلتزم بالخطط والاجراءات التي تتخذها دولة العراق لتحقيق هذا الهدف الوطني النبيل سواء كان ذلك بصيغة القتال العسكري او النضال السياسي الوطني كما انها تلتزم بتعميق الوعي الجماهيري باتجاه حب العراق والاستعداد للتضحية والدفاع عنه حتى الاستشهاد ضد كل اعدائه... والله الموفق.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێرشی ڕۆژنامەوانی

لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامە ڕەسمیەکانی "الثورە" ی زمانی حیزبی بەعس و "الجمهوریە" ی زمانی وەزارەتی ئیعلام، چەند وتارێکی ناشیرینیان لە سەر ڕاپەڕین، بە تایبەتی لە سەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، بڵاو کردەوە. هەموی جنێو بو بە ئێمە. ڕاپەڕینیان بە "صفحە الغدر و الخیانە" و ئێمەشیان بە "القادمون من الخارج" ناو ئەبرد. لە ناو ئەو نوسینانەدا ٤ سەروتاری ڕۆژنامەی "الثورە" و وتارێکی "ضیاء حەسەن" لە هەمویان قێزەونتر بون. ٤ سەروتارەکەی سەورە وەکو دوایی پرسیم سەدام خۆی نوسی بونی و، ضیاء حەسەن لە وتارەکەی دا گەلێ زانیاری لە سەر جوڵانی هێزەکانی هاندەری ڕاپەڕین لە جنوب و کوردستان بڵا کردبوەوە، کە ڕۆژنامەنوسێکی عێراقی نەی ئەتوانی بیزانێ. دیار بو ئاگادارییەکانی لە شوێنی ڕەسمی بەرزەوە پێ درا بو، گلەییمان لێ کردن لە سەر ئەو وتارانەی لە کاتێک دا بڵاوی ئەکەنەوە کە ئێمە هاتوین بۆ مفاوەزە. لیواڕوکن وەفیق سامەرائی، بەڕێوەبەری گشتی ئیستیخباراتی عەسکەری، گلەییەکانی بە تەلەفۆن، لە بەر چاوی خۆمان، گەیاندە عەقید عەبد حەمود بۆ ئەوەی بیگەیەنێ بە سەدام حسێن. بەڵام ئەو جۆرە نوسینانە لە ڕۆژەکانی داهاتوش دا لە ڕۆژنامەکان دا درێژەیان پێ درا. سەرەڕای ئەمەش بە زنجیرە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ژیاننامەی کوژراوەکانیان لە کوردستان. لە ڕۆژی کوژرانی هەندێکیان دا ئەیان نوسی: لە "صفحە الغدر و الخیانە" شەهید بوە، لە هەندێکی تریان دا "فی الدفاع عن الوطن" و هەندێ جۆری تر. دیار بو لە یەک شوێنەوە ئەنوسران و، یەک کەس بۆ دوا جار چاوی پێدا ئەگێڕایەوە تا هەموی وەک یەک لێ بکا، چونکە کوژراوەکانی جنوب هەمویان وەکو یەک، لە هەمو ڕۆژنامەکان دا، ژیاننامەیان بڵاو ئەکرایەوە.

*

شەقامەکانی بەغداد

چەند جارێ، هاوڕێ لە گەڵ مورافیقەکان، چوم بۆ گەڕان و پیاسە بۆ شوێنی جۆراوجۆری بەغدا. لە زۆر شوێن لافیتەی ڕەشی پرسەم ئەبینی بە دیوارەکانەوە بو، هی کوژراوەکانی ڕاپەڕین. زۆریان لە سەریان نوسرا بو: "استشهد اثناء الواجب المقدس فی شمال الوطن". کە ئەو لافیتانەم ئەدی تاوانەکانی دەزگاکانی (ئەمن) و (ئیستیخبارات) و (مونەزەمە) و ... ئەنفال و، گیران و کوژرانی هاوڕێ و کەسوکار و خەڵکی بێ تاوانی کوردستانم بیر ئەکەوتەوە. کوژراوەکان زۆریان سەر بەو دەزگا سەرکوتکەرانە بون. من جلی پێشمەرگەم لە بەردا بو کە ئەیانبینیم خێسەیان لێ ئەکردم. بەغداد ئەتوت خۆڵی مردوی بە سەردا کراوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێرفویم و کورتان

زەوقی هونەری سەرانی بەعس لە نزمترین پلەدا بو، چونکە لە ژینگەیەکی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و سیاسی دواکەوتوی ناخۆشی وەکو گوندی عوجە و شاری تکریت گەورە بون. لە تکریت کە گەورەترین شاری ناوچەکە و، گرنگترین ناوەندی رۆشنبیری و سیاسیی‌یان بو، دوکانی فرۆشتنی پێشکەوتوترین بۆنی دنیا بە تەنیشت دوکانی فرۆشتنی دواکەوتوترین کورتانی کەرەوە بو. خۆشترین رابواردنی شەوانەیان گۆرانی تیپەکەی حەمدیە سالّح و مۆسیقای دومبوکچیەکانی و، رەقسی ژنانی کاولی بو. زۆر شەو ئەم بەزمەیان بۆ وەفدەکەی ئێمە ساز ئەکرد.

لە سەرەتاوە عەلی حەسەن مەجید پێشنیاری کرد (لوجانی تەنسیق) لە هەمو موحافەزەکان دابنرێ و، لە بەغداش لوجنەی تەنسیقی مەرکەزی هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی رۆژانە رو ئەدەن. کاک مەسعود پێشنیارەکەی رەت کردەوە و، بە هیچ جۆرێ قوبوڵی نەکرد. پێی وابو ئەوە رێک کەوتن دوا ئەخات و، ئێمەش بۆ رێککەوتن هاتوین، نەک بۆ دروستکردنی لوجانی تەنسیق. پێشنیارەکەی عەلی حەسەن مەجید شتێکی عەمەلی بو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رۆژانەی خەڵک.

*

۱۱ ی ۵ ی ۹۱:

دیدەنی سەدام حسێن

بردینیان بۆ بارەگای ئیستیخباراتی عەسکەری. لە ژورەکەی ئەبو نەووار (وەفیق سامەرائی) بەڕێوەبەری گشتی، دانیشت بوین سەیری تەلەڤزیۆن مان ئەکرد، یەکێ هات پێی ڕاگەیاندین کە پاش ماوەیەکی تر ئەچین بۆ بینینی سەرۆک.

بە دو مارسیدس رۆیشتین، کاک مەسعود و، سامی و، رەسول و، من بوین. منیان هەمیشە لە گەڵ کاک مەسعود سوار ئەکرد.

پێشتر زۆریان باس ئەکرد لە سەر پشکنین و لێپرسینی ئەوانەی ئەچن بۆ لای سەدام. کە ئێمەیان برد بۆ بینینی هێشتا بۆ کارکردن نەچوبونەوە ناو (القصر الجمهوری) لە شوێنێکی تر چاوەڕوانی ئێمە بو، ئێمەیان نە پشکنی بەڵام هەمو ڕاڕەوەکان تەلەڤزیۆنی چاودێریان تێدا بو. بێ ئەوەی داوامان لێ بکەن خۆمان، لە پێش هەمومان دا کاک مەسعود، هەرچی لە گیرفانەکامان دا بو وەک قەڵەم و پارە... دەرمان هێنا و، تەسلیمی کابرای ژوری چاوەڕوانیمان کرد. بێ ڕاگیران یەکسەر بردیانین بۆ ئەو ژورەی سەدام چاوەڕێی ئەکردین. کە گەیشتینە ژوری سکرتێر پاش تەوقە و چاکوچۆنی لە گەڵ عەقید ئەرشەد یاسین (زاوای سەدام، میزردی خوشکی بو) کە بەرپرسی حیمایەکانی بو، یەک یەک لە گەڵ هەمومان ڕەسمی گرت. ئینجا ڕێی چونە ژوری بۆ کردینەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەدام ڕاوەستا بو، عیزەت دوری، تاریق عەزیز، عەبدولجەبار موحسین، عەقید عەبد حەمود، لە ژورەکەدا بون. عەبدولجەبار موحسین ڕۆژنامەوان و نوسەری بەلاغە عەسکەریەکانی "یا حوم اتبع لو جرینا" ی قیادەی عامی قواتی موسەلەحەی عیراق بو لە سەردەمی شەڕی ئێران و شەڕی کوەیت دا. ژورەکە لە ئۆفیس نەئەچو، چونکە میزی لێ نەبو، تا سەدام لەسەری دابنیشێ و ئیمەش لە بەردەمی دا. کورسی لە بن دیوارەکان دا بە ڕیز دانرا بو، بە قەد ژمارەی دانیشتوەکان کەمێ زیاتر.

سەدام کەسی ماچ نەکرد، بە ریز لە گەڵ کاک مەسعود، سامی، من، ڕەسول، تەوقەیەکی ڕەسمی، وەکو نەناسیاوی، کرد. نازانم، لەو کاتەدا، هەرای ماچوموچی خۆی و مام جەلالی بیست بوەوە، لەبەر ئەوە کەسمانی ماچ نەکرد، یا دۆستایەتی دێرینەی بنەماڵەی تاڵەبانی و تکریتیەکان و دوژمنایەتی دێرینەی بارزانی و تکریتیەکانی حساب کرد، وەڵامی ئەمە لای سەدام خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئیمەیشی ماچ بکردایە ئیمەش ماچمان ئەکردەوە، کەچی ماچ نەکرنی یەکتری سەدام و کاک مەسعود و ماچکردنی یەکتری سەدام و مام جەلال هەریەکە و بە جۆرێکی لێک ئەدایەوە.

سەدام پێش ئەوەی قسەکانی دەس پێ بکا، بە کابرای وێنەگری تەلەفزیون و، کابرایەکی تر موسەجیلەیەکی بچوکی دانا بو، وت بچنە دەرەوە، ئەوانەی لە ژورەوە مانەوە: سەدام حسێن، عیزەت دوری، تاریق عەزیز، عەبدولجەبار موحسین، عەبد حەمود، مەسعود بارزانی، سامی عەبدورەحمان، ڕەسول مامەند و، من بوین. سەدام وای دەرخست پەردە لە بەینمان دا نەماوە بۆ قسە کردن بێ (حەسیب و ڕەقیب) ئەتوانین قسە بکەین.

سەدام هەندێ بیرەوەری لە سەر بارزانی (باوک) گێڕایەوە.

کاک مەسعود جوابی دایەوە.

ئینجا سەدام قسەکانی کرد، وتی: "ئەگەر لە شەڕی ئێران دا ئێوەم لە گەڵ بوایە، شەڕەکە پێویستی بە ٨ ساڵ نەئەبو، بەڵکە بە ٨ ڕۆژ بە لاما ئەخست .

"شەڕی کوێت ئەگەر ئێوەم لە گەڵ بوایە ئەنجامەکەی هەرگیز وا نە ئەبو.

"ئیمە زۆرمان ئازاری یەکتری داوە.

"من حەزم ئەکرد، خەڵکی عیراق یەک نەتەوە یەک دین یەک مەزهەب بونایە، بەڵام خوای گەورە (سبحانە و تعالی) وای دروست کردین باشترە پێکەوە بژین."

دانیشتەکەمان کەمتر لە سەعاتێکی خایاند. لە خواحافیزی دا بە گەرمی لە گەڵ کاک مەسعود یەکتریان ماچ کرد. لە گەڵ ئیمە هەر تەوقەی کرد.

پێم وا بو قسەکانی سەدام نیشانەی قورسایی کورد و گرنگی بون لە عیراق دا. بەڵام کە لە گەڕانەوەمان دا بۆ چەند کەسێکم گێڕایەوە، یەکێکیان ڕۆژنامەنوسێکی ئەوروپی بو، ئەو وتی ئەمە هەڕەشەیەکی ژیرزارەکیە، هۆی شکستەکانی خۆی بە ئێوە ئەزانێ.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٨ ی ٥ ی ٩١:

کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی

ئەمجارەش من پێم وابو کە باشترە خۆمان لە کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی ببوێرین. کاک مەسعود سور بو لە سەر بەستنی سەدام داوای لێ کرد بو. بردینیان بۆ وەزارەتی "ثقافە و اعلام". وەزیر پێشوازی کردین. وەزیری "ثقافە و اعلام" حامید یوسف حەمادی بو. لە هۆڵی وەزارەت لە بەغدا بارزانی، سامی، ڕەسول و، من، ئامادە بوین. ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەوان و هەواڵنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیا لەوێ بون. پێشتر بە بیروڕای هەومان شتێکمان بۆ کاک مەسعود ئامادە کرد بو بیخوێنێتەوە سەبارەت بە خاڵە سەرەکیەکانی گفتوگۆ، ئەوەی خوێندەوە، وەلامی پرسیارەکان هەندێکی خۆی ئەی دانەوە و، هەندێکی بەڕەو ڕوی ئێمە ئەکردەوە.

لەم کۆنفرەنسەدا قسەیەکی تیا نەکرا بۆ مەسەلەی کورد خراپ بێ. بەڵام ڕۆژێکی تر گۆڤاری "الف با" ی بەغدادی دیمانەیەکی لە گەڵ کاک مەسعود کرد بو، گۆڤارەکە بڵاوی کردبوەوە، کاک مەسعود "ضمان" ی دەولی ناوێ، چونکە قسەکانی سەرۆک بە "ضمان" دائەنێ. ئەم قسەیەی کردبێ یان نەیکردبێ، خراپیی قسەکردن لە گەڵ ڕۆژنامەنوس و کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی لە شوێنێکی وەکو بەغدا لە ژێر دەسەڵاتی بەعس دا لەم جۆرە "ابتزاز" انەدایە.

دیوار گوێی هەیە

ئێمە لە ژورەکانی خۆمان دا کۆبونەوەمان ئەکرد، بە تایبەتی من سوێتێکیان بۆ دانابوم، لەوێ هەندێ کەسم ئەبینی و، هەمو جۆرە قسەیەکمان ئەکرد. دیار بو "لاقطە" یان لە ژورەکان دا دانا بو. ڕۆژێک لە باخەکەی فندق الرشیدا پیاسەم ئەکرد. یەکێ لە مورافیقەکانمان هاتە نزیکمەوە بە ئەسپایی وتی: "استاذ الحیطان الها اذان." واتە دیوارەکان گوێیان هەیە، تێگەیشتم ئیتر لە ژورەکانی خۆمان دا ئەوەندە قسەی بێ حساب نەکەین.

هەر لەو ڕۆژانەدا وەفیق سامەڕائی لە ناو تیپەکەی حکومەت دا دیار نەما. زۆر جار ئەو هاتوچۆی پێ ئەکردین و لە بارەگای ئیستیخبارات دەعوەتی خواردنی ئەکردین. هەمو جار کە ئەمانپرسی لە کوێیە؟ ئەیان وت بە "مهمة" ڕۆیشتوە. دوایی دەرکەوت لە سۆنگەی ئەم گوێچکانەوە لە ئیستیخبارات دەرکرا بو گوێزابویانەوە بۆ وەزیفەیەکی مەدەنی کەمبایەخ.

*

ورگ درێن

لەو ڕۆژانەدا بیستمان کە سەدام گروپێ لە گەورە ئەفسەرانی جەیشی عیراقی کوشتوە لەوانە باریق عەبدولا حاجی حینتە. باریق یەکێ بو لە درێندە تاوانبارەکانی جەنگی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستان و، لە گرتنی کوەیت دا قائید فەیلەق بو. ئەیانوت سەدام گومانی ئینقیلابی لێ کرد بو، بەست بوی بە دارێکەوە بە دەستی خۆی بە قەمە ورگی درێ بو.

*

سەدرەدین ئاغا خان، نوێنەری کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران، کە سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە، هات بو بۆ بەغداد. کاربەدەستانی عیراقی دی بو. داوای بینینی وەفدەکەی ئیمەی کرد بو. لە یەکێ لە هۆڵەکانی ئوتێل رەشید لە گەڵی دانیشتین. ئەیویست بزانێ رەوتی گفتوگۆ چۆن ئەڕوا و، چارەنوسی ئاوارەکان بە چی ئەگا.

*

ئەو ماوەیەی لە فندق الرشید بوین، دۆست و ناسیاو ئەیان توانی هاتوچۆمان بکەن و، زۆر نیوەڕۆ من لە لۆبی ئوتێلەکە دائەنیشتم ئەوانەم ئەبینی کە مەبەستم بو چ بۆ پرسوڕا و زانینی بیروڕای خەڵک لە سەر گفتوگۆ و چ بۆ هەواڵی دنیا. ژمارەیەک رۆژنامەوانی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانیەیش لەوێ نیشتەجێ کرا بون. پاش چەند رۆژێ لە فندق الرشیدەوە بە بیانوی "ئەمنی" یەوە گوێزایانینەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سەربازکایەتی لە "جادریە" لەوێ هەریەکەمان خانویەکیان بۆ تەرخان کردین و دایان بڕین لە دنیا.

*

٢ ی ٦ ی ٩١:

سەردانی سجنی ئەبو غرێب

بە لامەوە زۆر گرنگ بو چارەنوسی هەندێ لە گیراوەکان بزانم بە تایبەتی جەباری حاجی رەشید و هاوڕێکانی کە ماوەیەکی زۆر بو دەنگیان نەبو، گومانمان هەبو کوژرابن، بەڵام بەعس باسی نە ئەکرد. لە هەمان کات دا ئەمویست جۆرێ لە دڵنیایی و ئومێدی ئازادیان پێ بدەم. پرسم کرد ئاخۆ ئەتوانم سەردانی گیراوەکان بکەم، پرسیان بە سەدام کرد بو، وەڵامیان دامەوە کە ئەتوانم. داوای بینینی جەباری حاجی رەشیدم کرد، عەقید وەلید نایف پاش چەند رۆژی وەڵامی دامەوە کە هەمو زیندانەکانی عیراق گەڕاون، گیراوێکیان بەو ناوە لە ناودا نیە. ئینجا داوای بینینی فەرەیدون دارتاش و مستەفای سەید قادرم کرد. هەردوکیان لە "سجنی ئەبو غرێب" بون. وەڵامیان دامەوە مستەفای سەید قادر لە ناو گیراوەکانی ئەوان دا نیە، بەڵام فەرەیدون دارتاش هەیە و هەر کات بمەوێ ئەتوانم بچم بۆ سەردانی. هەواڵەکەیان راست بو مستەفا بە ناوێکی ترەوە گیرا بو، نەیان ئەناسی.

رائید تەها ناموس (ئەبو یاسین)، یەکێ لە مورافیقەکانمان، لە گەڵ دارای توفیق ئاغا و من چوین بۆ ئەبو غرێب. لە ژوری بەرێوەبەری زیندان دانیشتین. فەرەیدونیان هێنا بۆ ئەوێ دیمان، شوێنێکی وا نەبو بە تەنیا بیدوێنم، منیش داوای شتی وام نەکرد، پێشتر کە پێیان وت بو فلان ئەیەوێ بێت بۆ ببینیت، وت بوی من ناینناسم، دڵخۆشیم دایەوە، هەندێ هەواڵی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گفتوگۆم بۆ باس کرد، ئومێدەوارم کرد کە بەو نزیکانە ئەو و گیراوەکانی تر هەمو ئازاد ئەبن. دوایی هەم مستەفا و هەم فەرەیدون سەر و نامەیان بۆ نوسیم دەربارەی هەلومەرجی ناخۆشی زیندان.

*

پرسی کورد

ئەگاتە ئاستی ناودەوڵەتی

ئەو ماوەیەی کە نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لە بەغداد خەریکی گفتوگۆ بون لەگەڵ سەرانی رژێم و بەعس، گۆڕانی گەورە لە پرسی کوردا هات بوە کایەکەوە:

لە سەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچە، هاشمی رەفسنجانی (ئێران) و تورگوت ئۆزال (تورکیا) و حافز ئەسەد (سوریا) سەرقاڵی گفتوگۆ و هاتوچۆ و راوێژ بون بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کارەساتی ئاوارەکان.

لە سەر ئاستی جیهان، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جەیمس بەیکەر بە فڕۆکە بە سەر ئاوارەکانی سنوری تورکیادا گەڕا بو، کە هەلومەرجی تراجیدی سەدان هەزار ئاوارەی دی بو، لە ئاسمانەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش (باوک) قسەی کرد بو کە ئەبێ شتێ بکەن بۆ فریاکەوتنیان.

فرانسوا میتران (سەرۆکی فەرەنسی) و جۆن مەیجەر (سەروەزیرانی بەریتانیا) و جۆرج بوش (سەرۆکی ئەمەریکی) کەوتبونە راوێژ و گفتوگۆی تەلەفۆنی و، وەزیرانی دەرەوە: ڕۆلان دۆما (فەرەنسا)، دۆگلاس هێرد (بەریتانیا)، جەیمس بەیکەر (ئەمریکا)، لە وتوێژدا بون بۆ دانانی ڕێگەچارە. سەرەنجام بڕیاری ٦٨٨ ی ڕۆژی ٥ ی مایسی ١٩٩١ ی لێ بەرهەم هات بو.

*

پرۆڤاید کۆمفۆرت

هاوپەیمانان، بە تایبەتی ئەمەریکا، ئینگلیز، فەرەنسە، بە جدی هاتبونە ناو مەسەلەکەوە. کەوتبونە جێبەجێ کردنی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش. لە لایەکەوە هێزیان نارد بو بۆ کوردستان «پەناگای ئارام» دروست بکەن بۆ «دابینکردنی ئاسودەیی: operation provide comfort» و کورد لە دەستدرێژی جەیشی عیراق بپارێزێ، ئەم هێزە لە زاخۆوە هات بون و، وەکو هەڕدیها لە دیوی کوردستانی عیراقەوە بە درێژایی سنوری تورکیا کشا بون تا گەیشتبونە ناوچەی بارزان و، لە سەروی خەتی ٣٦ ەوە »ناوچەی نەفڕین:no-fly zone» یان ڕاگەیاند بو. چاودێریی ئاسمانی کوردستانیان ئەکرد بۆ ئەوەی عیراق نەتوانێ چەکی ئاسمانی بەکار بهێنێ. کۆلن پاول، سەرۆکی ئەرکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاوبەشی سپای ئەمریکی لە ڕۆژانی ۳۰ -۳۱ دا سەردانی هێزەکانی کرد بو لە زاخۆ و سەرسەنگ.

لە لایەکی ترەوە نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا، ڕێکخراوە خێرییە ناودەوڵەتیەکان، لەوانە خاچی سور، کەوتبونە چالاکی بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ئاوارەکان لە خۆراک و دەرمان و نوا (خێوەت و کابینە) و، گێڕانەوەیان بۆ سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان.

*

هەر لەو ماوەیەدا بێرنارد کوشنەر، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری مرۆڤایەتی لە حکومەتی فەرەنسادا، لە دیوی تورکیا بە ناو ئاوارەکانی کوردا گەڕا بو، بە پێ لە دەروازەی خابور – ئیبراهیم خەلیل دەربازی کوردستانی عیراق بوبو. فەرەنسە یەکێ بو لەو وڵاتانەی بڕیاری ٦٨٨ ی سەپاند بو.

هەرا لە دهۆک و سلێمانی

سەرانی بەعس، بە تایبەتی سەدام، لە شکانی خۆیان بەرامبەر هێزی هاوپەیمانیی ۳۰ دەوڵەتی و، لە ڕاپەڕینی خەڵکی عیراق و هۆکانی و ئەنجامەکانی، هیچ دەرسێکیان وەرنەگرت بو. دوای گرتنەوەی شارەکانی کوردستان، بە هەمان شێوەی پێش ڕاپەڕین ڕەفتاریان ئەکرد. عەبدولوەهاب ئەتروشیان بە پارێزگاری دهۆک و مونزیر نەقشبەندیان بە پارێزگاری هەولێر و نەجمەدین نەقشبەندیان بە پارێزگاری سلیمانی دانا بو. ئەمانە هەر سێکیان کورد بون بەڵام کوردی خۆیان بون لە بەر ئەوە لە ناو کورد و هێزە سیاسیەکانی دا نفوز و کاریگەرییان نەبو، سەرەڕای ئەمانە هاشم حەسەنی برای عەلی حەسەن مەجیدیان دانا بو بە پارێزگاری کەرکوک، لەو هەلومەرجە ئاڵۆز و شێواوەدا ئەمانە نەیان ئەتوانی ئاسایش بگێڕنەوە شارەکانی کوردستان و ژیان ئاسایی بکەنەوە، بە تایبەتی کە بەعس هەمو دەزگا سەرکوتکەرەکانی: جەیش، ئەمن، موخابەرات، حیزبی بەعس... یان سەرلەنوێ هێنابوەوە کوردستان. خۆیان بە سەرکەوتو و کوردیان بە شکاو دائەنا.

هێزی هاوپەیمانان هات بونە زاخۆ لە دهۆک نزیک بوبونەوە. بەعس بە هیوا بو گفتوگۆ هۆیەکی گرنگ بێ بۆ کشانەوەی بە پەلەی هێزەکانی بێگانە لە زاخۆ. خەڵک ئەیان ویست هێزی هاوپەیمانەکان بێن و دەسەڵاتی بەعس لە هەمو کوردستان دەربکەن. تازە خەڵک گەرابونەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان و، هێشتا هەندێک نەگەڕابونەوە. لە ئامێدی خەڵک هەڵیان کوتابوە سەر داوودەزگا ئەمنی و بەعسی و، وێنەی سەدامیان لە ژێر پێ نا بو، کاربەدەستەکانی حکومەتیان دەرکرد بو، لە دهۆکیش خەریک بو هەمان ڕوداو دوبارە ببێتەوە، لە کۆبونەوەیەکی هاوبەش دا عەلی حەسەن مەجید بەرەی کوردستانی دانا بە هاندەری ئەو ڕوداوە بۆ ئەوەی هێزی هاوپەیمانەکان لە باتی ئەوەی بڕۆن بێنە ناو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دهۆکەوە. داوای کرد کە کۆبونەوەکان ڕابگرین تا ئەو کێشەیە لابەلا ئەکرێ و، داوای کرد چەند کەسێ لە ئێمە بچن بۆ دهۆک بۆ ڕێگرتن لە خەڵک کە پەلاماری داوودەزگاکانی بەعس نەدەن. بڕیار درا لە پ د ک جەرجیس و، لە ی ن ک کۆسرەت و، لە ح س ک سەعد و، لە پ د گ ک سامی سەردانێکی خێرا بکەن و، بە زوبی بگەڕێنەوە بەغدا. لە دهۆک فازیل میرانی بەرپرسی پارتی و شەوکەتی حاجی مشیر بەرپرسی یەکێتی بو. لە بەرپرسانی یەکێتی محەمەد تۆفیقیش هەر لە دهۆک بو. لە ڕاستی دا هەمومان حەزمان ئەکرد خەڵک داوودەزگای بەعس لە دهۆک دەربکەن و، هیزی هاوپەیمانان بێتە ناو دهۆکەوە، بەڵام ناردنی ئەوانە دیسانەوە جۆرێ بو لە (ابتزاز)، مەبەستی ئێمە ئەوە بو گفتوگۆ کۆسپی تێ نەکەوێ.

هەر لەو ماوەیەدا لە سلێمانی هەرایەکی گەورە قەوما، شەو لە یەکێ لە (نادی) یەکانی بەغدا میوانی تاریق عەزیز بوین، عەقید وەلید نایف هات بە دوی من دا بۆ ئەوەی بە بێتەل قسە لەگەڵ مام جەلال بکەم هەوڵی ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی سلێمانی بدا، لە سلێمانی زیلێکی عەسکەری چەند هاوڵاتیەکی شێلا بو، خەڵک کە ئەوەیان دی بو، پەلاماری ئەوان و، چەند ینکەیەکی جەیشیان دا بو لە ناو شاردا. بە سەدان ئەفسەر و سەربازیان بە بارمتە گرت بو، لە مزگەوتی گەورە کۆیان کردبونەوە.

سەرکردایەتی بەعس ئەیان زانی لە کوردستان زۆر لاواز بون. ئەوەی بە زیاتر لە ٢٠ ساڵ بۆ دەس بەسەراگرتنی کوردستان کردبویان، ڕاپەڕین هەڵی تەکاند بو، ئەترسان تورەبونی خەڵک دیسانەوە داوودەزگاکانیان ڕابمالێ، بە تایبەتی لەو کاتەدا هەلومەرجی سیاسی دنیا بەرامبەر بە کورد، لە چاو ڕۆژانی ڕاپەڕین دا، زۆر گۆڕا بو.

*

کۆنسێرتی سمپل تروث

لە کاتێک دا ئێمە لە بەغداد خەریکی مشتومڕ بوین لەگەڵ نوێنەرانی بەعس بە تایبەتی لە گەڵ ئەبو حەسەن (عەلی حەسەن مەجید) و ئەبو زیاد (تاریق عەزیز) ئێوارەی یەکشەم ڕۆژی ١٣ ی مایس لە »هۆڵی ویمبلی» لە لەندەن بە ئامادەبونی ئەمیرە دایانا هاوسەری چارلس جێنشینی شای بەریتانیا و نزیکەی ١١ هەزار بەشدار، یەکێ لە گەورەترین ئاهەنگەکانی گۆرانی بە ناوی (simple truth) بۆ ناساندنی کورد بە دنیا ڕێکخرا بو. داهاتەکەی بۆ لێقەوماوانی کوردستان تەرخان کرا بو. ژمارەیەک لە ناودارترین گۆرانیبێژەکانی دنیا تیا بەشدار بون، ئاهەنگەکە لە هەمان کات دا ڕاستەوخۆ لە چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی جیا جیای وڵاتانی جیهانەوە پەخش ئەکرا، کە دەیان ملیۆن کەس لە کاتی ئاهەنگەکەدا سەیریان کرد بو.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کوردستانی جنوبی دا، لە مێژوی نوێی کوردا، ئەمە جاری سێیەم بو پرسی کورد بەرز بێتەوە بۆ ئاستی ناودەوڵەتی.

جاری یەکەم - لە کاتی هاتنی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی گەلان (١٩٢٥) بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی تورکی - ئینگلیزی لە سەر چارەنوسی ولایەتی موسڵ، لە رۆژگارێکا کە شێخ مەحمود داوای سەربەخۆیی کوردستانی ئەکرد.

جاری دوەم - لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ئینتیدابی بەریتانی لە عیراق دا، کاتێ عیراق ئەیویست پەیمانێکی نوێ لە گەڵ ئینگلیز ببەستێ و ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان (١٩٣٠ - ١٩٣١). لە رۆژگاری شەشی رەش ئەیلول و شۆڕشی شێخ مەحمودا.

جاری سێیەم - ئەمەیان کە دوای شکانی راپەڕین وەکو کورد خۆی ناوی نا بو «کۆڕەو» و، لە دەزگاکانی راگەیاندن دا بە وشەی تەوراتیی (exodus) باس ئەکرا.

ئەمجارەیان کورد لە چاو هەمو جارەکانی تردا هەلێکی لەبارتری بۆ هەڵکەوت بو، مەسەلەکەی بە زیندویەتی بهێڵێتەوە لە سەر شانۆی ناودەوڵەتی. عیراق ئەیویست ئەم هەلە لە دەس کورد بدا.

*

سی ئێن ئێن چیە؟

رۆژێکیان پاش کۆبونەوەیەکی پڕ مشتومڕ لەگەڵ ئەبو حەسەن (عەلی حەسەن مەجید) لە بینای وەزارەتی ناوخۆ گەڕامەوە ئوتێل. لە ڕاڕەوی ئەو نهۆمەی سویتەکەی منی تێدا بو چەند کەسێ بە کامێرای تەلەفزیۆنەوە ڕاوەستا بون. یەکێکی کەتەیان لەگەڵ بو لێی پرسیم: «دەنگوباسی گفتوگۆکانی ئەمڕۆتان چیە؟» منیش پرسیم: «ئێوە کێن؟» وتیان: «ئێمە تیمێکی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێنین» وتم: «سی ئێن ئێن چیە؟» کابرا بە سەرسوڕمانەوە پرسی: « هاتوی بۆ مفاوەزات و نازانی سی ئێن ئێن چیە؟» ئەو کاتەی چوبوم بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە ٢٢ مانگ بو لە قاسمەڕەش و نۆکان و زەڵێ و شێنێ دەرنەچوبوم دو جار نەبێ هەر جارەی بۆ دو ڕۆژ بۆ کۆبونەوە جارێکیان لە تاران و جارێکی تر لە کرماشان. تەنیا هۆی پێوەندی مان لەگەڵ دنیا نامەی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شارەکان و، دەزگای بێتەل و تەلەفزیۆنێ بو، کە هەندێ لە بەرنامەکانی ئێران و عیراقی وەرنەگرت، ئەویش لە بەر سەختی شوێنەکەی بە رونی وەرنەئەگیرا.

*

لێرەدا ئەبێ دان بە راستیەکی تاڵ دا بنێم: ئێمە نەشارەزا بوین لە هونەر و لە زانستی «دانوسەندن» و لە هونەر و زانستی «گێڕانی ناکۆکی» و «بەڕێوەبردنی ململانێ» دا. نەمانتوانی و نەمانزانی بڕیاری ٦٨٨ و، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو کوردستان و،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گوشاری ئەمەریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی بۆ سەر سەدام حسێن و رژێمی بەعس بە قازانجی کورد بە کار بهێنین. ئێمە خۆمان سەردەمێ قوتابی و سەردەمێ مامۆستای «فەرهەنگی کرۆزانەوە» بوین. ئەوساش ئێمە خۆمان پێ لاواز و ئەوانمان پێ بەهێز بو. لە باتی ئەوەی ئێمە »ئیبتیزاز» ی ئەوان بکەین ئەوان «ئیبتیزاز» ی ئێمەیان ئەکرد. ئێمەش نوێنەرایەتی یەک حکومەت یان یەک حیزبمان نەئەکرد. ئێمە نوێنەرایەتی ٤ حیزب مان ئەکرد، کە ماوەیەکی درێژ لە ناو خۆیان دا ناکۆک بون و، شەڕی یەکتریان کرد بو. دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەمان نەبو، حیزبی بێ یا بەرەیی، بێلایەن بێ یان لایەندار، کوردی بێ یا بیانی، ئامۆژگاریمان بکا و بیروبۆچونمان بداتێ چی بکەین و چی نەکەین.

هەندێ لە گرێکوێرەکان

بۆچونەکانی نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و سەرانی بەعس لە هیچ بابەتێکی سەرەکی دا یەکی نەئەگرتەوە، زۆرجار دژی یەکتری بون. چەند مەسەلەیەک بونە گرێکوێرە لەوانە: دەستوری عیراق، ئاساییکردنەوە و داوودەزگا ئەمنیەکان لە کوردستان، دیاری کردنی سنوری ئۆتۆنۆمی، چارەنوسی بێ سەروشوێنەکانی ئەنفال، سەرباری ئەمانەش داوای بەعس لە بەرەی کوردستانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێشمەرگە و، بڕینی هەمو جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ دەرەوە. ئەوەی خەڵکی کوردستان لە بەعسی ئەویست و، ئەوەی سەرکردایەتی بەعس ئامادە بو بیسەلمێنێ، زۆر دور بون لە یەکتری. من زو ئومێدم لە گفتوگۆکە بڕی، ڕۆژێکیان بۆ د.جەرجیس حەسەن و دارای تۆفیق ئاغا و ئازاد بەرواری کە پێکەوە لە خانویەک دا بوین، بۆم باس کردن، ئەفسانەیەکی کۆنی کوردی ئەڵێ: "ئەرز لە سەر پشتی گایە و، گا لە سەر پشتی ماسیە و، ماسیش لە ناو ئاوی دەریادایە" لێم پرسین: "بیستوتانە؟" وتیان: "بەڵێ بیستومانە" وتم: "گفتوگۆکەی ئێمەش لەو ئەفسانەیە ئەچێ!" لێرەدا هەندێ لە کێشە سەرەکیەکان باس ئەکەم:

کێشەی دەستور

یەکێ لەو پرۆژانەی لە گەڵ خۆمان بردبومان بۆ بەغداد پرۆژەی "الوحده الوطنیه" بو کە ئەبو لە کۆمیتەی ئۆتۆنۆمی دا گفتوگۆی لەسەر بکرایە. بیروڕای ئێمە بۆ دامەزراندنی رژیمێکی دیمۆکراتی لە عیراق دا بەمجۆرە بو:

- دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە دەسەڵاتی حکومەت جیا بکرێتەوە
- ئازادی دامەزراندنی حیزبی نوێ و رۆژنامەی نوێ بدرێ
- قانونێکی تازە بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دا دابنرێ
- لە ماوەی ٦ مانگ دا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر بکرێ، لەو ئەنجومەنەدا دەستوری دائیمی عیراق دابنرێ و، بخرێتە بەردەم گەل بۆ دەنگدان لە سەری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەو کۆمیتەیەدا لە سەر ئەم باسە زۆر دوا بون. سەرکردایەتی بەعس سور بون لە سەر ئەو دەستورەی پێش داگیرکردنی کوەیت بە ماوەیەکی کەم بڵاویان کرد بوەوە.

وەفدی حکومەت لە وەڵامی پرۆژەکەی بەرە و ئەم پێشنیارانەدا پرۆژەیەکی تریان ئامادە کرد و، دایان بە وەفدی کوردی پرۆژەکەی بەرەی کوردستانی لە بناغەوە هەڵئەتەکاند.

لە مەسەلەی دیمۆکراسی دا نوێنەرایەتی بەعس بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبون خواستە سەرەکیەکانی نوێنەرایەتی کورد بسەلمێنن، لەوانە جۆری دانانی دەستور، کە بە لای بەرەوە ئەبو دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی ئازاد و فرەحیزبی دابنرێ. ئەوان سور بون لە سەر ئەوەی لە لایەن "مەجلیسی قیادەی سەورە" وە دابنرێ و، بەرە هەر دەسکاریەکی ئەوێ تیا بکرێ، پێشنیاری بکات بۆ ئەوان تا لێی بکۆڵنەوە. پاش مشتومڕێکی زۆر بۆ ئەوەی قسەی ئێمە ببڕن، وتیان: "ئەم کێشەیە ئەخەینە بەردەمی سەرۆک یەکلایی بکاتەوە." هاتنەوە وتیان: "سەرۆک ئەڵێ مەجلیسی قیادەی سەورە پرۆژەی دەستوری دائیمی دائەنێ، هەر پێشنیارو رەئیەکتان هەیە بۆ چاککردنی بیڵێن." بەمە کۆتاییان بە گفتوگۆکە هێنا.

لە یەکەم دانیشتنی خولی دوەم دا عیزەت دوری لە ناو قسەکانی دا وتی: "قانونی نوێی حیزبایەتی و، رۆژنامەوانی و، هەڵبژاردنی گشتی، پێکەوە دائەنێین و، لە سەری پێک دێین." بەڵام لە دانیشتنەکانی تردا ئەم گفتەیان لە بیر خۆیان بردەوە. لە سەرەتای ئەیلول دا بە تەنیا "قانون الاحزاب" یان دەرکرد. ئەم قانونە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی نە بۆ کورد و نە بۆ گەلی عیراق دابین نەئەکرد. ئەوەندە پوچ بو لە لایەن هەمو لایەنەکانی موعارەزەی عیراقیەوە، بە دیمۆکراتی و نەتەوەیی و دینیەوە، رەت کرایەوە.

لە یەکێ لە دانیشتنەکان دا لە گەڵ تاریق عەزیز، ئەبو زیاد مەسەلەی بەشداری کردنی سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی لە حوکم دا هێنایە پێشەوە وتی: "ئەبێ هەمو سەرکردەکانی بەرە بەشداریەکی کاریگەر و چالاک بکەن لە حوکم دا" کە لێمان پرسی: "ئەو پلە و پایانە چین ئەدرێن بە کورد؟" باسی جێگری سەرکۆمار و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی... کرد. پێشتر لە ناو خۆمان دا باسمان کرد بو کە پێشنیار بکەین مادەم سەرکۆمار عەرەبە، لە پێناوی بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیی هەردو گەلی کورد و عەرەب دا با جارێک سەروەزیران، یا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بێ. من بۆ خۆشکردنی دانیشتنەکە وتم: "ئەبو زیاد ناکرێ جارێک سەرۆک، با سەرۆکی تیپی فوتبۆل بێ، لە ئێمە بێ؟" دەسبەجێ لە وەڵام دا وتی: "نە ئیستا و نە پاش پەنجا ساڵی تر شتی وا نابێ" کە پرسیاری هۆیەکەیمان کرد وتی: "چونکە ئێوە حوکمی زاتیتان هەیە!" وتمان کەوایە حوکمی زاتی بۆ خۆتان و شەریکایەتی حوکممان ئەوێ وتی: "حوکمی زاتی بەخشینی سەرۆکە بۆ گەلی کوردمان ئێوە ناتوانن رەتی بکەنەوە."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کێشەی دەزگا "ئەمنی" یەکان

لە کاتی گفتوگۆکانی ساڵی ١٩٨٤ دا داودەزگاکانی ئەمن لە چەند جێگایەک ئازاری خەڵکیان دابو، نوێنەرێکی ی ن ک لە لای "لوجنەی تەنسیق" شکاتی لێ کردبون، ئەفسەرێکی پلە بەرز، وت بوی: " لە سەر ئەمن هەرچی بڵێن لەوە خراپترن، لە ناو ئێمەدا ئەڵێن: ژن کە ئەکەوێ ئەبێ بە سۆزانی و، پیاویش کە ئەکەوێ ئەبی بە عنصر أمن". داودەزگاکانی ئەمن لە کوردستان دا ئەوەندەیان زوڵم لە خەڵک کردبو، ناوەندەکانی ئەوان لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا، یەکەمین ئامانجی پەلاماری خەڵک بو، فەرمانبەرەکانیشیان بە دەگمەن زەلامیان بە زیندویەتی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و شارەکانی تر دەرباز بون. خەڵک ئەوەندە بەداخ بو لێیان لە هەندێ جیگە پیرەژن و پیرەمێرد و منداڵ بە بەرد سەریان پان کردبونەوە.

ئەمن تەنیا دەزگای دزێو و بوغزێنراو نەبو، بەڵکو ڕێکخراوەکانی بەعس و، دائیرەکانی ئیستیخبارات و، موخابەراتیش لەوان کەمتر خراپ و بەدناو نەبون. خەڵک بە ئاواتەوە بون جارێکی تر ئەم داودەزگایانە نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. لە عێراق چەندین داوودەزگای ئەمنی هەبو: مدیریە الامن العامە، مدیریە الاستخبارات العسکریە العامە، مدیریە جهاز المخابرات، الامن الخاص، سەرباری ئەمانەش یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکانی هەمو بەعسیەک جاسوسی و ترساندنی خەڵک بو، کاتی خۆی "أمن" سەر بە وەزارەتی داخلیە و، " إستخبارات" سەر بە وەزارەتی دیفاع بو، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە سەدام لە داخلیە و دیفاعی جیا کردبونەوە و، ڕاستەوخۆ بەست بونی بە خۆیەوە.

بەعس وەکو حیزب بە گشتی و، سەدام خۆی وەک زەلام، "عقدەی ئەمنی"یان هەبو. سەدام لە سێبەری خۆی سڵی ئەکرد و، لە هاوڕێ نزیکەکانیشی دڵنیا نەبو، جاسوسی بە سەر جاسوسەوە دائەنا و، کارێکی وای کرد بو منداڵ بە سەر دایک و باوک و، ژن بە سەر مێرد و، برا بە سەر براوە جاسوسی بکەن. هەر لەو کاتەوە حوکمیان گرتە دەست بایەخێکی زۆریان دا بە دەزگا ئەمنیەکان و، پارەیەکی زۆریان بۆ تەرخان کرد، و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان تیا کۆکردەوە و، کەڵکیان لە شارەزا و تەجروبەی ولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلات، بە تایبەتی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات وەرگرت.

لە کاتی گفتوگۆکان دا یەکێ لەو مەسەلانەی بە چارەسەر نەکراوی مایەوە دەزگاکانی ئەمن کە سەر بە دەسەلاتی ناوەندی بن لە بەغدا، یان سەر بە دەسەلاتی ئۆتۆنومی بێت لە کوردستان؟ لایەنی بەعس لە پێش دا ئەیان ویست بە بڕوبیانوی داتاشراو، بە نوێنەرایەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردی بسەلمێنن، کە پێویستە سەر بە دەسەلاتی ناوەندی بێ، بەلام لە دوایی دا بە راشکاوی وتیان لە بەر ئەوەی ئەو دەزگایە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆک خۆیەتی باشتر وایە هەر باسی نەکەن، یان خۆتان لە گەڵ سەرۆک باسی بکەن.

پێشنیاری نوێنەرایەتی کورد ئەوە بو، لە عێراق ٤ دەزگای ئەمنی هەیە موخابەرات کە بۆ کاروباری دەرەوەیە و، ئیستیخبارات کە بۆ کاروباری سپاییە و، ئەمنی خاص کە بۆ پارێزگاری کاربەدەستانی حکومەت و، دامەزراوە گرنگەکانە با سەر بە ناوەند بن و، ئەمن کە بۆ ئاسایشی ناوخۆیە سەر بە دەسەلاتی ناوچەکە بێ، نوینەرایەتی بەعس ئەمەیان نەسەلماند بەڵکو بە دەسدرێژیان دائانا بۆ سەر دەسەلاتەکانی سەرکۆمار.

*

کێشەی گەرکوک

مەسەلەی سنوری جوگرافی کوردستان یەکێ بو لە ناکۆکیە لە چارەسەر نەهاتوەکانی نێوان هەردولا، بەعس لەو بارەیەوە بۆچون، تەنانەت نەخشەی خۆی هەیە، گوێ ناداتە ڕاستیەکانی مێژو و، جوگرافیا. بەڵکو هەوڵ ئەدا ڕاستیەکانی مێژو و جوگرافیا بە زۆر وا لێ بکات کە خۆی ئەیەوێ، یەکی لە پرۆژە گرنگەکانی بەرە "ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان" بو. ئەوان کردبویان بە "ئاساییکردنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی" بە واتەیەکی تر ئەو ناوچانەی نەئەکەوتنە ناو سنوری ئۆتۆنۆمیەوە، ئاسایی نەئەبونەوە و، ئەو "تەهجیر و تەعریب و تەبعیس" ەی تیا ئەکرا بو جیگیر ئەبو، وە ئەو زوڵمەی لە کورد کرا بو لە سەریان لانەئەبرا، لە کاتێک دا ئەو ناوچانە، کە چەندین ساڵ بو، ناکۆکیان لە سەر بو پێویستیان بە " ئاساییکردنەوە" واتا لابردنی زوڵمی بەعسی هەبو. لە میانەی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە گەڵ عەلی حەسەن مەجید کردمان دەربارەی ئەو ناوچانەی "پرۆژەی ئاساییکردنەوە" ئەیان گرێتەوە، گەیشتە ئەوەی بە سەرسوڕمانەوە لە ئێمەی پرسی: "بۆچی بە ڕەئی ئێوە سنوری ناوچە کوردنشینەکان کوێیە؟" لە وەڵاما وتمان: "سنوری کوردستان مەعلومە، ڕاستیەکانی مێژو دیاری ئەکەن" و، هەندێکی تر لە سەری ڕۆیشتین کەوا لە زۆر کتێب و نوسراو و بەڵگەدا باسی کراوە. پرسی: "وەکو؟" منیش وتم: "وەکو ئەو سنورەی عبدالرزاق الحسنی لە کتێبی (تأريخ العراق السياسي الحديث) دا باسی کردوە. عبدالرزاق الحسنی ئەڵێ سنوری کوردستان لە مەندەلیەوە بە هێڵێکی ڕاست بۆ سەر جەبەل حەمرین تا ئەگاتە شەنگار" نەی هیشت قسەکان تەواو بکەین وتی: "ئەوە با وەل بێ، خۆی خەڵەفاوە و، کتێبەکانیشی جێگای باوەڕ نین!"

زۆر جار هەوڵمان دا چەند دانیشتنێ تەرخان بکەین بۆ باس کردنی سنوری کوردستان، هەمو جارێ خۆیان لێ لا ئەدا. هەندێ ناوچەیان بە هیچ جۆرێ نەئەسەلمان و، هەر لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرەتاوە عیزەت دوری، حسێن کامیل، تاریق عەزیز، عەلی حەسەن مەجید، دڵنیایان کردین کەرکوک نە کوردی بوە و، نە ئێستا و، نە پاشەڕۆژ ئامادە نین باسی بکەن.

ڕۆژێکیان تاریق عەزیزمان لە کۆبونەوەیەک دا بە گیر هێنا باسی ئەو "مقیاس" انەمان بۆ بکات کە دائەنرێن بۆ دیاری کردنی سروشتی نەتەوەیی ناوچەکان، وتی: "ئەو ناوچانە ٣ جۆرن؛ هەندێکیان کوردین بەڵام لە بەر هۆی ئاسایش و ستراتیجی ناخرێنە سەر ئۆتۆنۆمی، هەندێکیشیان ناکۆکین لە سەری –وشەی کونتروڤیرژیالی ئینگلیزی بە کار هێنا- ئێوە ئەڵێن کوردیە و ئێمە ئەڵێین عەرەبیە، هەندێکیشیان کوردی نین و ئێوە بە خۆڕایی داوای ئەکەن". ئەو شوێنانەی ئەوان بە کوردیان دانەئەنا، بەشی زۆری ئەو شوێنانە بون کورد بە هی خۆی ئەزانێ، ئەو شوێنانە بە جێگای ناکۆکیان دائەنان کەم بون. تاریق عەزیز ئەی وت: "کەی هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق کرا و، ئێوەش بەشدار بون، ئەوسا کێشەی ئەو شوێنانەی ئێوە داوای ئەکەن، بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بخەنە بەردەم ئەنجومەنی هەڵبژێردراو ئەوان بڕیاری لێ بدەن".

لە سەر کەرکوک، ئەگەرچی ئێمە زۆرمان هەوڵ دا لە ڕوانگەی جوگرافیای بەشەری و سروشتی و سیاسیەوە، هەروەها بە بەڵگەی میژویی و، سەرچاوەی جۆراوجۆر، تەنانەت ناوی گەڕەک و، گرد و، شوێن و، گۆڕستان و مزگەوتە کۆنەکانی، بۆیان ڕون بکەینەوە کە کەرکوک بەشێکە لە کوردستان. تاریق عەزیز ئەمانەی نەئەسەلماند و، نمونەی ئەندەلوسی هێنایەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان عەرەبی بوە، ئێستا هیچ عەرەبێ داوای ناکات. سەرەڕای ئەم "بەهانە و بە یەک شوبهاندن" ە سەیرەی کەرکوک و ئەندەلوس، بۆ ئەوەی بۆمان ڕون بکاتەوە کە بۆچی ئەوان ڕازی نابن کەرکوک بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وتی: " کەرکوک نەوتی تێ دایە، لە ساڵی ١٩٢٧ ەوە داوودەزگا و، خانو، بۆری... تیا دائەمەزرێنرێ و، بیری لێ هەڵ ئەکەنرێ و نەوتی لێ دەر ئەهێنرێ. ئەگەر نەوتی کەرکوک بخرێتە سەر ئۆتۆنۆمی، کێ ئەڵێ ڕۆژێ کورد لە گەڵ ئێران یان لە گەڵ تورکیا ڕێ ناکەوێ، بەرامبەر بەوەی دان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دا بنێن، نیوەی نەوتەکەیان نادەنێ، کەرکوک ئەگەر بخرێتە سەر ئۆتۆنۆمی واتە بە کردەوە بناغەی ئابوریی دەوڵەتی کوردی دابین ئەکرێ". لە گفتوگۆکانی ١٩٨٤یش بەعس، بە تایبەتی سەدام خۆی، ئەم بیانوانەی هێنابوەوە بۆ دابڕینی کەرکوک لە کوردستان بۆ وەفدی ی ن ک.

بۆ ئەوەی باری سەرنجی خۆمان بە باشی بۆ سەرکردایەتی بەعس ڕون بکەینەوە پێمان باش بو بە نوسین پرۆژەیەکیان پێشکەش بکەین. لە سەر بنچینەی پرۆژەیەک کە د موکەرەم تالەبانی ئامادەی کردبو بۆمان، سامی و جەوهەر نامیق و من بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی پرۆژەکە دانیشتین، دوای نوسین و تایپ کردنی، بە ڕەسمی ناردمان بۆ وەفدی حکومەت، لە بەر گرنگی پرۆژەکە لێرەدا تێکستەکەی ئەنوسمەوە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مقترحات بشأن منطقة الحكم الذاتي حول كركوك:

كان الكرد قبل التغيرات الحاصلة في حدود المحافظة و الأحوال الاستثنائية يشكلون الأكثرية الساحقة على نطاق المحافظة، و بالرغم من استمرار تلك السياسة ازداد عدد الكرد في مدينة كركوك بسبب نزوح عدد كبير من الفلاحين من القرى التابعة لها جراء الهجرة الطبيعية من الريف الى المدينة.

اتبعت السلطة المركزية و بصورة خاصة بعد سنة ١٩٧٥ الاجرائات التالية لجعل الكرد أقلية في المحافظة:

١. إستقطاع قضاء كلار و قضاء چمچمال و إلحاقهما بمحافظة السليمانية.

٢. إستقطاع قضاء طوز و إلحاقه بمحافظة صلاح الدين.

٣. إستقطاع قضاء كفرى و الحاقه بمحافظة ديالى.

٤. بناء مجمعات عربية في ناحيتي داقوق و تازه و كذلك في دبس بنقل العشائر العربية اليها.

٥. بناء مجمعات سكنية عربية ضمن مدينة كركوك، احياء كاملة و ترغيبهم للسكن فيها، و نقل مجموعات عربية اليها، و تعين الموظفين من العرب فقط، و وجود قيادات عسكرية و أمنية و مدنية بصورة مكثفة فيها.

٦. إصدار الأوامر بعدم إجراء معاملات تسجيل العقارات بإسم الكرد و عدم إعطاء اجازات البناء لهم، و تسهيل بيع العقارات للعرْب فقط.

٧. اجبار بعض العشائر الكردية على تسجيل أنفسهم عربا، و إصدار قرار رسمي بعدم تغير ذلك في سجلات الأحوال المدنية.

٨. إخلاء المناطق القريبة من كركوك من سكانها الكرد بين سنتي ١٩٨٥-١٩٨٨.

٩. التهجير الجماعي من الأحياء الكردية الى منطقة الحكم الذاتي كحي الشورجة و حي رحيمآوا و غيرهما. و جرى الشيء نفسه في قضائي طوز و كفري و كان آخرها إزالة أحياء كردية بكاملها بعد الأحداث الأخيرة.

نقترح أحد البديلين لحل مسألة كركوك:

أولا: اعادة محافظة كركوك الى حدودها الادارية السابقة (لواء كركوك) أي اعادة الحاق أقضية كلار و كفري و طوز و چمچمال اليها، و ربط المحافظة بمنطقة الحكم الذاتي، مع ابقاء الصلاحيات المركزية على النفط و كلما تعتبره الدولة مرفقا استراتيجيا، و في هذه الحالة تبقى حقوق أبناء القومية العربية و الأقليات محفوظة بموجب القوانين.

ثانيا: اعادة محافظة كركوك الى حدودها الادارية السابقة (لواء كركوك) باستثناء قضاء الحويجة و ناحية قرەتپە، بالحاق الأول بمحافظة صلاح الدين و الثانية بمحافظة ديالى، و من ثم ربط محافظة كركوك بحدودها الأخيرة بمنطقة الحكم الذاتى مع إبقاء الصلاحيات

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

المركزية على النفط و كل مرفق تعتبره الدولة استراتيجيا، و في هذه الحالة تبقى حقوق أبناء القومية العربية و الأقليات محفوظة بموجب القوانين.

حول المناطق الاخرى:

أولا: ربط قضائي عقرة و الشيخان بمحافظة دهوك، جدير بالذكر انه كان من المقرر جعل هذين القضائين جزء من محافظة دهوك عند استحداثها عام ١٩٦٩.

ثانيا: ربط قضاء خانقين و قضاء السنجار و قضاء مندلي و ناحية زمار بمنطقة الحكم الذاتي، و بالامكان التفاهم حول بعض هذه المناطق على أساس ادارة مشتركة و ارجاعها الى وضعها الطبيعي و ربطها بالمحافظة المركزية.

و في كل الأحوال يبقى النفط و المرافق الاستراتيجية تابعة للسلطة المركزية.

*

بەعسیەکان زۆر جار مناوەرە ئەکەن، ئەمەشیان کردە بابەتێکی تری مناوەرە کردن. دوای ئەمە تاریق عەزیز کۆبونەوەیەکی لە گەڵ کردین وای دەرخست لە بینینی ئەم پرۆژەیە توشی "شۆک" بون، ئەوەیان بەوە لێک داوەتەوە کە ئێمە لە گفتوگۆ پەشیمان بوینەتەوە، بۆیە ئەوەمان پیشکەش کردون تا گفتوگۆ لە بنەڕەتەوە هەڵبەتەکێنین.

*

لە بەر ئەوەی گرێکوێرەکان لە کۆمیتە لاوەکیەکان دا نەئەکرانەوە. یەکلاییکردنەوەی بەرەو روی کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەکرایەوە. بۆ ئەو مەبەستە کاک مەسعود ٧ جار عیزەت دوری بە تەنیا بینی. هەمو جار پێش ئەوەی بڕوات بۆ دیتنی دوری، ئێمە خۆمان دائەنیشتین و، باسی ئەوەمان ئەکرد چی لە گەڵ عیزەت دوری باس بکات، ئەو مەسەلانەی کە ئێمە لە کۆمیتەکان لەسەری ڕێک نەئەکەوتین، ئەبو ئەو لە گەڵ دوری باسی بکات و، هەوڵ بدات لە باری سەرنجی بەرەوە بە لایان دا بخات. بەڵام لەوێش چار نەئەکران. بە هەڵواسراوی ئەمانەوە.

بۆ بەلادا خستنی مەسەلە گرنگەکانی وەکو: دەستوری دائیمی عیراق و، کەرکوک و، دەزگای ئەمن، هەمومان پێشنیارمان بۆ کاک مەسعود کرد داوای بینینێکی دو قۆڵی خۆی و سەدام بکات. بارزانی سەدامی بینی، بەڵام هیچ وەڵامێکی دیاری کراوی نەهێنابوەوە لە سەر ئەو ناکۆکیانە، قسەی گشتیان کرد بو.

مفاوەزە لە کۆڵانێکی داخراودا

کۆبونەوەکان بەرەو تەواو بون ئەچون، یا ڕاستتر گفتوگۆ بەرەو کۆلانێکی داخراو ئەڕۆیشت. ئەوەی بەعسیەکان ئەمجارە سەلماند بویان کەمتر بو لەوەی سالّی ١٩٧٠ بۆ پ د ک و، سالّی ١٩٨٤ بۆ ی ن ک یان سەلماند بو. ئەو (التزامات الجبهة الكردستانية تجاه

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

الوطن) ەی ئەمجارەش داوایان لە بەرەی کوردستانی کردبو، زۆرتر و قورستر و نالەبارتر بو لەوانەی ئەو دوجارە.

بەعسیەکان ئەیان ویست بیروڕاکانی خۆیان بسەپێنن و، بەرەی کوردستانی بخەنە سەنگەرە داڕوخاوەکەی خۆیانەوە. دوا ڕونوسی پرۆژەکانیان هێنایەوە، کە بە لای ئەوانەوە تەواو و، بە لای ئێمەوە هێشتا ناتەواو بون، ئەبو ئیتر ئیمزا بکرێن. سەرانی بەعس نەیان ئەویست بە تەنیا لە گەڵ کاک مەسعود ئیمزای بکەن. ئەیان ویست ڕەزامەندی و ئیمزای هەردوکیانی لە سەر بێ. لەبەر ئەوە داوایان ئەکرد مام جەلال بۆ ئیمزاکردن بێتە بەغداد. مەسعود چەند جارێ بە بێتەل قسەی لە گەل مام جەلال کرد بێتە بەغداد. مام جەلالیش داوای لە مەسعود ئەکرد، ئەو و وەفدەکەمان بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بۆ ڕاوێژی زۆرتر. کاک کۆسرەت پیش ماوەیەک گەڕابوەوە، پرۆژەکانی حکومەتی لە گەڵ خۆی بردبوەوە، مام جەلال پرۆژەکانی حکومەتی دی بو، بە لایەوە ناپەسەند بون.

چەند جارێ باسی پێویستی گەڕانەوەی وەفدەکەمان بۆ کوردستان، لابەلا لە گەڵ کاک سامی و کاک ڕەسول کرد، هەردوکیان بە لایانەوە باش بو. هەمان پێشنیارم لە گەڵ کاک مەسعودیش باس کرد، پەسەندی نەکرد، لای وا بو لە بەرئەوەی سەرکردایەی بەرە بە بڕیارێکی گشتی ئەویان ڕاسپاردوە بۆ گفتوگۆ و، دەسەڵاتی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنیان پێ داوە، ئەیویست تا نەگاتە ڕێکەوتنی تەواو نەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. چەند جارێ مام جەلال نامەی بۆ کاک مەسعود و من نوسی، کە لەوە زۆرتر لە بەغدا گیر نەبین بۆ ڕاوێژ و پرسوڕا لە گەڵ سەرکردایەتی بەرە و خەڵک بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، بەتایبەتی هەلومەرجی ناوەوڵەتی بە قازانجی کورد بۆ پێشەوە ئەچو. ئیمەش قسەمان لەگەڵ کاک مەسعود کرد بۆ سەردانەوەیەکی کوردستان، بەڵام ئەو سور بو لە سەر مانەوە و، بە ئەنجام گەیاندنی گفتوگۆ. مام جەلالیش سور بو لە سەر گەرانەوەمان. ئەمە یەکەم درزی خستە پێوەندیەکانەوە. هەر چۆنێ بو من بیانویەکم دۆزیەوە بۆ گەڕانەوە. کاک سامی لە گەڵ من گەڕایەوە بۆ ئەوەی مام جەلال قانع کا بچێ بۆ بەغداد.

تاریق عەزیز: تازەکردنەوەی هەڕەشەیەکی کۆن

بەر لە گەڕانەوەم لە گەڵ کاک مەسعود و هەندێ لە ئەندامانی وەفدەکەمان سەردانیکی تاریق عەزیزمان کرد. لە میانەی قسەکانی دا، تاریق عەزیز ڕوی لە من کرد، وتی: "وا مەزانن ئەمریکا ڕقی لە ئێمەیە چونکە چاومان ڕەشە، بەڵکو چەند داوایەکی دیاریکراوی هەیە. مەیکەن بە دەردەکەی ساڵی ١٩٧٤. ئەوساش سەرۆک جوابی بۆ باوکی ئیدریس نارد کە پشت بە ئێران نەبەستێ، ئەگینا شەتەلعەرەب ئەدەم بە ئێران و، لە گەڵی ڕێک ئەکەوم بۆ ئەوەی پشتتان بەر بدات، ئۆبالەکەشی ئەکەوێتە ئەستۆی ئێوە، ئەوسا ئیتر پەشیمانی کەڵکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نابێ، ئێستەش ئێمە ئەزانین ئەمریکا چی لە ئێمە ئەوێ، ناچارمان مەکەن (تەنازول) یان بۆ بکەین و، ئۆباڵەکەشی بکەوێتە ئەستۆی ئێوە و، دوایی پەشیمان ببنەوە، لە کاتێک دا ئیتر پەشیمانی سودی نامێنێ...»

د.ڕۆژ شاوەیس یەکسەر وەڵامی دایەوە: «ئەگەر تەنازول بۆ گەلەکەی خۆتان بکەن باشترە لە تەنازول بۆ بێگانە.»

دوای ئەوە من بەغدادم بە جێ هێشت.

٨ ی ٦ ی ٩١:

کشانەوەم لە مفاوەزە

من کە گەڕامەوە بۆ کوردستان مام جەلال لە ناوچەی سۆران (دیانە) بو. خۆی ئامادە ئەکرد بۆ سەفەر بۆ تورکیا بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی «سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال» دا کە ئەبو لە ئەستەمول ببەسترێ. لەو ڕۆژانەدا د بەرهەم سالح و سەرچڵ قەزاز هاتبونە کوردستان بە جۆرێک کاریان لە مام جەلال کرد بو رەئی لە سەر گفتوگۆ گۆڕی بو.

هەندێ قسە و راسپاردەم پێ بو بۆ مام جەلال، بە تایبەتی لە کاک مەسعودەوە، کە ئەبو وەڵامەکەی بۆ بەغدا ببرێتەوە، قسەکانم گەیاند، بەڵام بۆ بردنەوەی وەڵامەکانی بۆ بەغدا و، چیتر بەشداری لە دەستەی نوێنەرایەتی دا داوای لێ بوردنم کرد. لە شەقڵاوە مامەوە، لە باتی من کاک کۆسرەت گەڕایەوە بەغدا. بە باوەڕی خۆم لام وابو ئەرکی نەتەویی و نیشتمانی خۆمم بەرامبەر بە نەتەوەکەم و نیشتمانەکەم لە شەڕ و ئاشتی دا بە جێ هێنا بو، پێم وابو ئیتر کاتی ئەوە هاتوە، کارێ قەناعەتی ویژدانیی خۆمی تێ دا نەبێ نەیکەم. لە دوا مانگەکانی سەردەمی قاسمەڕەشەوە لە گەڵ مام جەلال و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە سەر جۆری کارکردن و جۆری بڕیاردان لە ناو سەرکردایەتی یەکێتی دا ناکۆک بوم. ئیستا دو کێشەی تری هاتبوە سەر کە یەکێکیان، جۆری بەڕێوەبردنی مفاوەزات و، ئەوی تریان جۆری بەڕێوەبردنی ململانێ بو لە گەڵ پارتی. نەم ئەویست کێشە لە گەڵ هاوڕێکانم دروست بکەم، کێشە شەڕی چەکداری ناوخۆی لێ دروست ئەبو، بڕیارم دا بۆیان بە جێ بهێڵم خۆیان چۆنی بە باش ئەزانن بەڕێوەی بەرن، بە بێدەنگی بکشێمەوە. زمانی حاڵم بەیتێکی مەحوی دوبارە ئەکردەوە:

«لە ڕێگەی مەهلەکەی عەشق ئەر بەڵاجو نیت، برا لادە!

ئەوی من چوم و لەوما دی، هەر ئاهو داد و فەریادە»

تا ئەو کاتە نێوانی ی ن ک و پ د ک باش و، لە سەر هەمو شت ڕێک و تەبا بون، کاتی خۆی هەردولا بەڵێنیان دابو بە یەکتری، لە خۆشی و ناخۆشی دا، لە شەڕ و ئاشتی دا پێکەوە بن، لە دو ساڵی ڕابردودا وەها بون، بەڵام ئیتر جیاوازی بیر و بۆچونی سیاسی و،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جیاوازی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان و، عیراق و، ناوچەکە و، جیهان، خەریک بو هاوپەیمانێتی هەردو ڕێکخراو هەڵتەکێنێ.

۱۷ ی ٦ ی ۹۱:

گەڕانەوەی بارزانی

بارزانی و دەستەی نوێنەرایەتی لە بەغداد گەڕانەوە. خولێکی درێژی مانەوە بو. سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی چەند کۆبونەوەیەکی لە سەر خولی دوەمی مفاوەزات و باسەکانی و پرۆژەکانی بەغداد کرد. د.مەحمود عەلی عوسمان و عەدنان موفتی، لە سەرکردایەتی ح س ک، کە تازە لە ئەوروپاوە گەڕابونەوە بەشداری کۆبونەوەکان بون. لە حیزبی شیوعی جگە لە کەریم ئەحمەد و چەند نوێنەرێکی تریان، عەزیز محەمەدی سکرتێری حیزب کە ئەویش تازە لە دەرەوە گەڕابوەوە بەشدار بو. ئەوی پێویست بو لە سەر ڕەوتی گفتوگۆ و مشتومڕەکانی هەردولامان، ئەوەندەی منی تێدا بوم، بۆم گێڕانەوە. کاک سامی کە نوێنەری بەرە بو لە کۆمیتەی دیمۆکراسی و ئۆتۆنۆمی دا ئەویش بە درێژی باسەکانی ئەوی پێوەندی بە خۆی و کۆمیتەکەیانەوە هەبو گێڕایەوە. لە ناو ئێمەدا دارای تۆفیق ئاغا "مەحزەری جەلسە" ی ئەنوسی بەڵام سامی قسە و باسەکانی ناو کۆبونەوەکانی بە وردی ئەنوسیەوە. زۆر جار تاریق عەزیز لە سەر ئەمە "تەعلیق" ی لێ ئەدا.

کاک مەسعود بۆ وەرگرتنی بیرورای خەڵک چەندین کۆبونەوەی بە ڕۆشنبیر و سەرانی خێڵ و دەمڕاستی دێهاتەکان کرد. بۆ یەکێکیان کە هی دەمڕاست و پیاوماقوڵانی گەرمیان بو لە شەقڵاوە، کاک مەسعود داوای لە من و کاک سامی کرد هەر یەکەمان ڕاپۆرتێ لە سەر گفتوگۆکان پێشکەش بە دانیشتوان بکەین. دوای تەواوبونی قسەکانی من کە باسی ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستانم بۆ کردن کابرایەکی گەرمیانی لێی پرسیم: "حیزبی بەعس و ئەمن و ئیستیخبارات لە کوردستان ئەمێنن؟" لە وەڵام دا بە کورتی وتم: "بەڵێ!" کابرا وتی: "کەواتە هیچ. ئەی چیتان کردوە؟" جۆری بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستان بەمجۆرە بو. بۆ چارەنوسی بێ سەروشوێنەکانی ئەنفال هیچ وەڵامێکی دیاریکراومان پێ نەبو. پاش ۳ جار مشتومڕ و هێنان و بردن لە گەڵ عەلی حەسەن مەجید ئینجا قبوڵی کرد بخرێنە خانەی "المفقودین" ەوە ئەویش بەو مەرجەی بخرێتە دوای ڕێککەوتن و بێ ئەوەی وشەی ئەنفال باس بکری.

*

۲۴ ی ۶ ی ۹۱:

کشانەوەی "هێزی ئەرکی هاوبەش"

لە ٦ ی مایس دا یەک ڕۆژ دوای دەرچونی بڕیاری ٦۸۸ سەرۆک بوش فەرمانی دابو بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە لە سەر ئەرز "هێزی ئەرکی هاوبەش:Joint Task Force" لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بنکەی جەنگیی ئینچەرلیک لە تورکیا دروست بکرێ بۆ ئەنجامدانی "دابینکردنی ئاسوودەیی:OPC" سەرەتا جەنەرال جەیمەرسەن سەرکردایەتی ئەکرد و ١٣ دەوڵەت بەشداریان تێدا کرد بو.

لە ٧ ی مایس دا دەستیان کرد بە دابەش کردنی خۆراک بە سەر ئاوارەکان دا. لە سەرەتادا لە ئاسمانەوە بۆیان فڕێ ئەدان.

لە ١٦ ی مایس دا سەرۆک بوش بڕیاری دا بو سنوری کاری "پڕۆڤاید کۆمفۆرت" فراوان بکا و جەنەرال شالیکاشفیلی چوبوە جێگەی جەنەرال جەیمەرسەن بۆ سەرکردایەتی "هێزی ئەرکی هاوبەش". بەشێکی ئەم هێزە بە سەرکردایەتی جەنەرال جای گارنەر هاتبوە ناو زاخۆ بۆ دامەزراندنی "کامپی کاتی" بۆ ئاوارەکان و ئاسانکردنی ڕێگەی گێرانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان. هێزەکەیان لە زاخۆوە بە درێژایی سنوری تورکیا بە ناو ئامێدی دا تا نزیک بارزان پێشڕەوی‌یان کرد و، ناوچەکانی سەروی خەتی ٣٦ یان بە "ناوچەی نەفڕین:No-Fly Zone" ڕاگەیاند. هێزەکانی عیراقیان لێ دەرکرد و، ئاسمانی ناوچەکەیان لە فڕۆکەی عیراقی ئەپاراست. ئەم خەتەیان بە ئەنقەست بەوجۆرە دیاری کرد بو. دواتر چەندی لە گەڵ ئەمریکا و ئینگلیز و فەرەنسا خەریک بون بۆ ئەوەی درێژ بکرێتەوە بۆ خەتی ٢٤ تا پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوکیش بگرێتەوە، نەیان کرد. لە مەش دو فاکتەر لە بەر چاو گیرا بو: یەکەمیان، نەیان ویست بو ببنە هاوسنوری ئێران و دوەمیان، نەیان ویست بو کەرکوک و دامەزراوە نەوتیەکانی بکەوێتە ژێر دەستی کورد.

ئەم هێزە خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە کورد کرد. سەدان هەزار کەسی لە مردن ڕزگار کرد و پاراستنی لە هێرشی جەیشی عیراق و، یارمەتی دان بگەڕێنەوە سەر جێگەوڕێگەی خۆیان و، دەروازەی خابور، بە ڕەزامەندی تورکیا، لە ڕوی هێزی هاوپەیمانان و ڕێکخراوە ناودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا کرایەوە. ئەم هێزە ئەرکەکەیان بەرەو تەواو بون ئەچو لە ناوەڕاستی حوزەیرانەوە دەستی کرد بو بە کشانەوە.

لە ٢٤ حوزەیران دا کاری "هێزی ئەرکی هاوبەش" بە سەرکردایەتی جەنەرال شالیکاشفیلی تەواو بو، لە جێگەی ئەوان "کۆمیتەی هاوئاهەنگی سپایی:MCC" دامەزرا بو کە سەرەتا بارەگاکەیان لە سیلۆپی و دواتر لە زاخۆ بو.

بۆ خواحافیزی لێ کردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە سولاف بانگهێشتنێکی گەورە لە جەنەرال شالیکاشفیلی و لە گەورەئەفسەرانی هێزی هاوپەیمانان کرا. بانگهێشتەکە د بەرهەم سالح و حسێن سنجاری ڕێکیان خست بو. بەم بۆنەیەوە هەم مام جەلال و هەم کاک مەسعود بە هالیکۆپتەر هاتن. لەو کاتەدا منیش لە بادینان بوم چاوەڕوانی وەرگرتنی ڤیزای تورکیام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەکرد. لە بانگهێشتەکەدا بەشدار بوم. شالیکاشفیلی لە سەر مێزی نان خواردن هەندێ قسەی کرد، هەندێکی ئەهێنێ لێرەدا بگێڕمەوە، وتی:

کوردستان یەکەم وڵاتی دنیایە کە خەڵک بە خۆشیەوە پێشوازیی‌یان لە سپای ئەمریکی کردوە و خەڵک داوا ئەکەن لێرە بمێنێتەوە. لە سەرانسەری دنیادا سپای ئەمریکی بۆ هەر کوێیەک چوبێ بەرەنگاری ناڕەزایی بۆتەوە. بە تەماتە و هێلکە پێشوازیی‌یان لێ کردون و دەریان کردون. ئێرە نەبێ. ئێمە ئەڕۆین داوام وایە ژن و منداڵ مەنێرنە سەر ڕێگای ئۆتۆمۆبیلەکانمان داوامان لێ بکەن بمێنینەوە. ئیشەکەمان تەواو بوە، لە هەمو حاڵەتێک دا، ئێرە بە جێ ئەهێڵین.

لەو ڕۆژانەدا کە خەڵک زانی بویان هێزەکانیان دەستیان کردوە بە کشانەوە وەفدێکی گەورە کە پێک هات بو لە ژمارەیەکی زۆری سەرۆکی عەشیرەتەکانی کوردستان چوبونە لای و داوایان لێ کرد بو "ئەمەریکا بە تەنیا بە جێیان نەهێڵێ..." لێرەدا "فەرهەنگی کڕوزانەوە"م بیر کەوتەوە.

پرسی کەی لە گەڵ عیراق ڕێک ئەکەون. وتیان، ئەو کاتەی سەدام بڕوا. بە پێکەنینەوە وتی سەدام ناڕوا. ناتوانێ بڕوا هیچ جێگایەکی نیە بۆی بچێ...

هەندێ وێنەیان بۆ یادگار لە.گەڵ گرت. کاک مەسعود بە دیاری خەنجەرێکی کوردی کرد بە قەدی دا و، جامانەیەکی سوری کردە سەری و، وێنەیەکی بەوجۆرە گرت. شالیکاشفیلی زانی وێنەکەی شتێکی سەیرە. ڕوی کردە کاک مەسعود و مام جەلال و پەنجەی هەڕەشەی هەڵبڕی بە پێکەنینەوە وتی ئەو وێنەیە بڵاو بکەنەوە هەردوکتان ئەکوژم!

*

بەرەو لەندەن

سەرچڵ قەزاز تازە بنکەی نوێنەرایەتی ی ن ک لە ئەنقەرە دامەزراند بو. سەرچڵ ئیشوکارەکانی منی جێبەجێ کرد. چومە ئەنقەرە. لە ئەنقەرە قەیا بەگ، وتەبێژی تورگوت ئۆزال، کە دوایی بو بە سەفیری تورکیا لە جنێڤ، هاتە ئوتێل بۆ سەردانم. بە دورودرێژی لە سەر هەلومەرجی کوردستان و ڕەوتی مفاوەزە دواین. ئەیویست بزانێ گفتوگۆی کورد – بەعس بە چی ئەگات.

دو ڕۆژ لە ئەنقەرە مامەوە ئینجا فڕیم بۆ لەندەن.

بسم الله الرحمن الرحيم

التزامات الجبهة الكردستانية تجاه الوطن

لقد عانى العراق بشكل عام و منطقة الحكم الذاتي بشكل خاص من حالة عدم الاستقرار جراء النشاط الدولي و الأقليمي المعادي و لمدة ليست بالقصيرة. و لقد نتج عن حالة عدم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

الأستقرار هذه جملة من المشاكل و التحديات شكلت تهديدا خطيرا لامنه الوطني و الستراتيجي، و ساهمت في عدم تطور المنطقة، كما خلقت قيما و مفاهيم و عادات خاطئة اسهمت هي الأخرى في إعاقة التقدم و عدم استقرار الحياة. و من أجل مواجهة كل ذلك و لكي تخلق الفرص و الأجواء المناسبة لأستباب الأمن و الأستقرار اللذان هما عنصران أساسيان لتقدم أي مجتمع و لكي يسود القانون و النظام في المنطقة تلتزم الجبهة الكردستانية بما يلى:

١. عملا بالفقرة ج من المادة ٣١ من دستور الجمهورية العراقية لسنة ١٩٧٠ و التي منعت تأسيس أو أقامة تشكيلات مسلحة غير حكومية من قبل الأفراد و الجماعات و الأحزاب و أعتبرت مثل هذا الحق من الحقوق الدولة حصرا، تحل كافة التشكيلات و الميلشيات المسلحة التابعة للجبهة الكردستانية، و تسلم أسلحتها كافة الى السلطات المركزية بعد شهر من إعلان الاتفاق.

٢. تسلم محطات الاذاعة التي تمتلكها الجبهة الكردستانية الى الدولة فور اعلان الأتفاق.

٣. إيقاف أي تعاون أو إتصال مع الدول في المنطقة و خارجها، و كذلك بالنسبة للتعامل مع الأحزاب غير العراقية أو منتسبيها، أما الأحزاب الصديقة فيمكن تحديد طريقة الأتصال بها و إقامة العلاقة معها من خلال ميثاق العمل الجبهوي الذى يتفق عليه، أو الصيغة التي سيحددها قانون الأحزاب الجديد.

٤. أن العراق كان و لايزال يعاني من تهديدات خطيرة لأمنه الوطني و الستراتيجي و في مقدمتها التهديد الصهيوني الأمريكى الأمبريالي و النظام القائم في ايران و بعض أنظمة المنطقة الاخرى، و من أجل أن تكون المواجهة الوطنية لهذه التهديدات بالمستوى المطلوب، تلتزم الجبهة الكردستانية بالخطط و الاجرائات التي تتخدها الدولة العراقية لتحقيق هذا الهدف الوطني النبيل سواء كان ذلك بصيغة القتال العسكري أو النضال السياسي الوطني، كما أنها تلتزم بخلق وعي جماهيري بإتجاه حب الوطن و الاستعداد للدفاع عنه حتى الاستشهاد ضد كل أعداء العراق المعروفين.

٥. من أجل إضعاف العراق و منعه من النهوض و بناء قدراته الوطنية و بما يحقق استقلاليته في أتخاذ القرار عملت القوى الدولية و الأقليمية على إقامة تشكيلات سياسية (أحزاب) تابعة لها تأتمر بأوامرها و أطلقت عليها تسميات ذات طابع معين (ديني و وطني قومي) كغطاء يسهل عليها النشاط و لكي تكون مقبولة من قبل الجماهير. إن الجبهة الكردستانية تعلن بهذه المناسبة عن أستعدادها للوقوف جنبا الى جنب مع حزب البعث العربي الاشتراكي و الأحزاب الوطنية الأخرى لمواجهة مثل هذه التشكيلات السياسية المصطنعة و بما يحقق أمن العراق الوطني الستراتيجي.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦. إن حالة عدم الأستقرار التي عاشتها منطقة الحكم الذاتي ساعدت على تمرد نسبة ليست بالقليلة من أبنائها على القوانين و الأنظمة و التعليمات التي تهدف الى تحقيق حياة آمنة مستقرة للمواطنين، و هذا يشكل خللا خطيرا في بناء الشخصية الوطنية الواعية و الملتزمة كما أن ذلك يعد خرقا لمفهوم الحقوق و الواجبات الأساسية و لمفهوم المواطنة الحقة و تأسيسا على ذلك فإن الجبهة الكردستانية تلتزم التزاما تاما بتنفيذ برنامج وطني مركزي يوضع من قبل حزب البعث العربي الاشتراكي و الجبهة الكردستانية و يهدف هذا البرنامج بث الوعي الوطني الصحيح و خلق روح الانظباط و الألتزام و احترام القوانين و الأنظمة و التعليمات التي تصدرها الدولة و أجهزتها المختلفة و إعتبار هذه الخطوة من المهام الوطنية العاجلة و التي من شأنها إذا ما تحققت أن تساعد بشكل واسع و كبير في تقدم و تطور العراق و منطقة الحكم الذاتي بشكل خاص.

***

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یادداشتی رۆژانەی
یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان
(١٩٩٢/٥/١٩)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۷ – ۸ ی ۴ ی ۹۲:
دانانی یاسای هەڵبژاردن

سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە زنجیرەیەک کۆبونەوەدا لە ڕۆژانی ۷ تا ۸ ی ئەم مانگە پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی پەسەند کرد.

بێگومان ئەمە بڕیارێکی مێژویی گرنگە و، ئەشێ ببێتە نوقتەی وەرچەرخان لە ڕەوتی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق دا بەرەو دامەزراندنی حکومەتی قانون و نیزام و پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی هەیە.

ئەندامەکانی بەرەی کوردستانی

بەرەی کوردستانی (لیژە بە دواوە ب ک) پێک هاتوە لەم ڕێکخراوانە:

۱. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سکرتێری گشتی یەکێتی جەلال تاڵەبانیە.
۲. پارتی دیمۆکراتی کوردستان، سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانیە.
۳. حیزبی شیوعی عیراق، سکرتێری یەکەمی حیزب عەزیز محەمەدە.
٤. حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، سکرتێری یەکەمی حیزب ڕەسول مامەندە.
٥. پارتی گەلی دیمۆکراتی کوردستان، سکرتێری پارتی سامی عەبدوڕەحمانە.
٦. حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سکرتێری حیزب قادر عەزیزە.
۷. پاسۆک، کەریم سەلام نوێنەرێەتیان ئەکا.

بە پێی پێڕەوی ناوخۆی بەرە، لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی دا، بڕیار ئەبێ بە کۆدەنگ (اجماع) بدرێ و هەمویان وەکو یەک بۆ هەر بڕیارێکی بیانەوێ پەکی بخەن مافی ڤیتۆ (نقض) یان هەیە.

پ د ک لایەنگیری سیستەمی دائیری و خۆهەڵبژاردنی تاک بو، شیوعی و گەل و زەحمەتکێشان و سۆشیالیست لایەنگری سیستەمی نیسبی و لیستی داخراو بون. نوێنەری یەکێتی لەم ناکۆکیەدا بێلایەن بوە. لایەنگرانی سیستەمی نیسبی هەڕەشەی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردوە ئەگەر دائیری بێ. پارتی بۆ ئەوەی بیانویان ببڕێ ڕەزامەندی بۆ سیستەمی نیسبی دەربڕیوە بەو مەرجەی لایەنی کەمی دەنگەکان لە ۷% کەمتر نەبێ.

حیزبەکان هیچیان قەوارەی ڕاستەقینەی خۆیان نازانن. هەمویان پێیان وایە ئەگەر لەو ڕێژەیە زۆرتر نەهێنن کەمتر ناهێنن و، کەسیان خۆیان لە کەسیان بە لاوازتر نازانن. کۆن وتویانە: "تۆ نۆ مەنی، من نۆ مەنم بێجگە لە گورز و کەمەنم!"

۱۰ ی ٤ ی ۹۲: تورکمان و ئەنجومەن

چوم بۆ کفری ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی ناوچەکەم بینی. باسی گرنگی هەڵبژاردن و پێویستی بەشداربونی هەموانم بۆ کردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە گەل چەند کەسایەتی تورکمانی کفری و ناوچەکە کۆبومەوە. ویستم قانعیان بکەم بە ئاشکرا بە ناوی تورکمانەوە لە هەلبژاردن و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دا بەشدار بن. کۆمەلێ بیانویان هێنایەوە، هەندێکی بەجێ بو، سەرەنجام ئامادە نەبون بەشداری بکەن.

١١ – ١٢ ی ٤ ی ٩٢:

چوم بۆ کەلار و سمود. دەربارەی هەلبژاردن چەند کۆبونەوەی تایبەتی و گشتیم کرد.

١٣ ی ٤ ی ٩٢:

چوم بۆ دەربەندیخان. دەربارەی هەلبژاردن چەند کۆبونەوەی تایبەتی و گشتیم کرد.

١٤ ی ٤ ی ٩٢:

گەڕامەوە سلێمانی.

ئەمڕۆ مام جەلال نامەیەکی بۆ نوسیوم ئەلێ:

"ئێوارەکەی ئەمڕۆ سەعات ٥ من چاوەنوارم. تکام وایە بەرنامەی هەلبژاردنیشم لە گەل خۆتان بۆ بهێنیت. چونکە جگە لە "تەعدیلاتەکانی" ئەوی ترم لە بەر دەستا نیە. تەنها نوسخەکەی هەوەل جارم لا ماوە. جا تکایە بەلکو لە کۆمپیوتەردا بۆم دەر بهێنیت و بیهێنیت."

١٥ ی ٤ ی ٩٢:

سەفەری مام جەلال

ژ ٦٩ ی رۆژی ١٧ ی ٤ ی ٩٢ ی "کوردستانی نوێ" هەوالی داوە:

مام جەلال گەیشتۆتە تاران.

مەبەستی سەفەرەکەی بەدەسهێنانی پشتیوانیە بۆ هەلبژاردن و بۆ لیستەکەی خۆی.

١٦ ی ٤ ی ٩٢: رۆژی هەلبژاردن

ژ ٦٨ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" هەوالی داوە:

سەرکردایەتی سیاسی ب ک دو بڕیاری داوە:

یەکەم، ئەنجامدانی هەلبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە رۆژی ١٧ ی ٥ ی ٩٢ دا.

دوەم، پێکهێنانی لیژنەیەکی بالا بۆ سەرپەرشتی پرۆسەی هەلبژاردن بە سەرۆکایەتی قازی ئەمیر حەویزی و نوێنەری کارگێڕیی (حکومەت) و نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندامی ب ک.

هەردو بڕیار زۆر گرنگن بۆ جێبەجێکردنی یاسای هەلبژاردن.

٢٠ ی ٤ ی ٩٢:

ژ ٧١ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" هەوالی داوە:

– سەفیری ئەلمانیا داوای لە کۆمیتەی سزادانی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە ڕێ بە ئەلمانیا بدرێ مەرەکەب و کاغەز بۆ هەلبژاردنی کوردستان ئامادە بکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- لێژنەی بالای هەڵبژاردن ٤ لێژنەی لاوەکی لە پارێزگاکانی کوردستان دا بۆ سەرپەرشتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێک هێناوە:

پارێزگای هەولێر بە سەرۆکایەتی قازی سەلاح ئەحمەد یەعقوبی.

پارێزگای سلێمانی بە سەرۆکایەتی قازی لەتیف مەحمود تەها.

پارێزگای دهۆک بە سەرۆکایەتی قازی وریا عەلی یوسف.

قەزای چەمچەماڵ بە سەرۆکایەتی قازی لەتیف سەعید.

٢٢ ی ٤ ی ٩٢: دانانی یاسای رابەر

ژ ٧٤ ی ٢٣ ی ٤ ی ٩٢ ی "کوردستانی نوێ" هەواڵی داوە:

- رۆژی ٢٢ ی ٤ ی ٩٢ سەرکردایەتی بەرە پرۆژەی "قانونی رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی" پەسەند کردوە.

- ئەمڕۆ مام جەلال سەرکۆماری ئێران هاشمی رەفسنجانی دیوە. لە رۆژانی مانەوەی دا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران د عەلی ئەکبەر ولایەتی، فەرماندەی گشتی سپای پاسداران موحسینی رەزائی، سەرۆکی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی لە عیراق سەید محەمەد باقیر حەکیم و سەفیری سوریای دیوە.

*

٢٤ ی ٤ ی ٩٢: شەڕە پەڕۆ

چوم بۆ قەڵادزە. ب ک فیستیفالیکی ساز کرد بو. چونەکەی من هەندێ پشێوی تێ خست. پێم ناخۆش بو.

سەرکردایەتی بەرە بۆ ئەوەی دەنگدەر لە کاتی دەنگدان دا لیستەکانیان بناسێتەوە هەریەکەیان رەنگێکی هەڵبژاردوە بە رەمزی خۆی: یەکێتی - سەوز، پارتی - زەرد، سۆشیالیست - شین، شیوعی - سور، ئاشوری - مۆر... لایەنگری هەر حیزبە پەڕۆی ئەو رەنگەیان کردوە بە ئاڵا و ملپێچ و دەسرۆکە.. لە سەر ماڵ و بارەگاکانیان هەڵیان کردوە و لە هاتوچۆی سەیارەدا رای ئەوشێنن. "شەڕە پەڕۆ" تازە بە تازە خەریکە وەکو زاراوەیەکی سیاسی لە ناو خەڵک دا بڵاو ئەبێتەوە.

٢٥ ی ٤ ی ٩٢:

لە سۆنگەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە رۆژ بە رۆژ گرژی نێوان هێزە سیاسیەکان زیاد ئەکا. هەر لایەک پرۆپاگاندە بۆ خۆی ئەکا و هەموشیان چەکدارن. حیزبە کوردیەکان ئەزمونی مونافەسەی سیاسی هەڵبژاردنیان نیە. هێزەکانی پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش... بێلایەن نین. هەرکەسەیان سەر بە لایەنێکە. مەترسی شەڕ و پێکادانی چەکدار زیاد ئەکا.

٢٦ ی ٤ ی ٩٢:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەم سەرقاڵیەدا چەند رۆژێکە ناساغم. لەرز و تا پەرێشانی کردوم. خۆم وام ئەزانی هی ماندوبونە و دکتۆر وای ئەزانی گەروم هاتۆتەوە یەک. ئەمڕۆ دوای چونم بۆ نەخۆشخانە دەرکەوت توشی "تیفۆئید" بوم. زەردویی و تیفۆئید لە سلێمانی بڵاو بۆتەوە.

لە گەڵ د رۆژ نوری شاوەیس نوێنەری پارتی پێکەوە رونکردنەوەیەکمان نوسی و بە هەزاران دانەی بە ناوشار و بازاڕ و دائیرە و خوێندنگە و رێگاوبانەکان دا بڵاو کرایەوە.

٢٩ ی ٤ ی ٩٢:

ژ ٧٩ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" رونکردنەوەکەی رۆژی ٢٦ ی ٤ ی من و رۆژی بڵاو کردۆتەوە.

١ ی ٥ ی ٩٢:

ژ ٨١ ی ئەمڕۆ ١ ی ٥ ی ٩٢ ی "کوردستانی نوێ" لیستی ناوی پاڵێوراوەکانی یەکێتی و بەرنامەی "بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی" بڵاو کردۆتەوە.

لیستی ناوەکان لە هەولێر، بە پلەی یەکەم، لە لایەن د کەمال فوئادەوە رێک خراوە و، بەرنامەکەش هەر خۆی نوسیوێتی. پێشتر لە گەڵیان رێک کەوت بوم ناوی منی تێدا نەبێ، بەڵام ئەوان بێ پرسی خۆم، ناوی منیشیان تێ ترنجاندوە.

من و زۆر کەسی تر لە سەر هەردوکیان تێبینیمان هەیە.

٢ ی ٥ ی ٩٢:

ئەمڕۆ مام جەلال نامەیەکی بۆ نوسیوم ئەڵێ:

"باوەڕ بکەن دە بە قەدەر تۆ نارازیم لە زوربەی کارەکانی د فوئاد + د کەمال + و ئەوانی تر. زۆریش قسەم بە خۆم و خۆت گوتوە کە وامان لە وەزعەکە کرد!! (دیارە لە دڵی خۆمدا)! هەمو بۆچونەکانتان بە کەموزیادێکی (ترەوە) پەسندە. زۆر نارازیم لەو جۆرە رێککەوتنە لە گەڵ ئاشوماش! زۆریش لەم وەزعە بیزارم. شتی خراپتریش کراوە پاشان بۆتان باس دەکەم.

بەڵام هەقە من و تۆ چۆنمان تێکداوە راستی بکەینەوە و هەوڵ دەین پینەی وەزعەکە بکەین بەڵکو دەیبەینەوە!

بەیانی رەنگە سەردانێکتان بکەم."

٤ ی ٥ ی ٩٢:

چوم بۆ سەردانی مام جەلال لە قەڵاچوالان تێبینیەکانی خۆمم لە سەر پاڵێوراوەکان و لە سەر بەرنامەکە پێ وت.

لە سەر لیستی ناوەکان وتم: چەند ناوێکی تێدایە رەنگە لای ئێمە قارەمان و پاڵەوان و گرنگ بن، بەڵام لە ناو خەڵک دا خوشناو نین، لە باتی ئەوەی دەنگ بۆ یەکێتی پەیدا بکەن، دەنگی یەکێتی لە دەس ئەدەن، بۆیە چاکتر وایە ئەوانەی تێدا نەبن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە سەر بەرنامەکە وتم: بەرنامەکەی لە کوردستانی نوێ دا بڵاوکراوەتەوە جیاوازە لەوەی کە لە کۆنگرەدا پەسەندمان کرد بو. پیویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەرنامەیە.

لە لای من هەردو تێبینیەکەی پێ باش و پەسەند بو.

لەم دانیشتنەدا وا تێگەیشتم: مام جەلال هەڵبژاردنی "رابەر" ی بە لاوە گرنگترە لە هەڵبژاردنی "ئەنجومەن". هەوڵی خۆی لە پلەی یەکەم دا بۆ ئەوە تەرخان ئەکا. ئەیەوێ هەمو یەکێتیی‌یش تەرکیز بکاتە سەر ئەوە.

بەرنامەی هەڵبژاردنم دەسکاری کرد بەوجۆرەی لە کۆنگرەدا لە سەری پێک هاتبوین. ناردم بۆ مام جەلال و ئەوە کرایە بەرنامەی رەسمیی یەکێتی.

بەڵام بۆ ناوەکان دوایی زانیم: ئەو کەسانەی من پێشنیارم کرد بو ناویان لە لیستەکەدا بکۆژێنرێتەوە بانگی کرد بون قسەکانی منی بۆ گێڕا بونەوە و، دڵنیای کرد بون لە هێشتنەوەی ناوەکانیان لە لیستەکەدا. بۆ بەگژاکردنەوەی من و شکاندنی قسەکەم تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن پلەیەکی بەرزتری دابو بە هەندێکیان. منیش کە ئەبو ئەرکی سەرپەرشتی حەملەی دیعایەی هەڵبژاردنی سەرانسەری کوردستان لە ئەستۆ بگرم، کە ئەوەم زانی بڕیارم دا واز لەوە بهێنم بۆ خۆیان من خەریکی سلێمانی بم. لەو کاتەوە سەرانی دەستەبەندیە ناکۆکەکانی ناو یەکێتی پڕۆپاگاندە دژی من ئەکەن: "کە من سلێمانچێتی ئەکەم!"

٦ ی ٥ ی ٩٢:

ئەمڕۆ مام جەلال نامەیەکی بۆ نوسیوم ئەڵێ:

"کۆبونەوەیەکمان کرد، دوای قڕەی زۆر لە سەر گۆڕاندنی ناڕەوا و سەرپێیانە و تاکڕەوانەی لیستەکان بڕیارمان دا کە داوا لە بەرەی کوردستانی بکەین کە ماوەی گۆڕاندنێک بدات ئەوسا ئێمەش گۆڕینکاری دەکەین لە لیستی خۆمان. جا تکایە تکایە جگە لە حەمە سەعید کێی تری بخەینە سەر لە سلیمانی دا؟ بە پەلە ئاگادارم بکەن لە بیروڕای خۆتان؟

یەکێک لە بڕیارەکانیش ئەوە بو کە تۆ خۆت وەفدێک (لە هەڵبژاردەی خۆی) سەرۆکایەتی بکەیت بۆ لای مەلا عوسمان بۆ مەسەلەی هاوکاری نێوانمان:

آ. لەڕکاتی دەنگدان بۆ رێبەر و ب. دوای دەرچونیش لە پەرلەمان. بەڵکو بەڵێنەکانی پێشویان دوپات بکەنەوە و گەر بکرێ ئاشکراشی بکەن.

ب. بڕیارمان داوە لە گەڵ ح. ش. ع / یش قسە بکەین بەڵام لە ٥ کورسی‌یان زیاتر نەدەینێ ئەگەر بۆ (رێبەر) یش بە دڵی ئیمە دەنگ بدەن.

ج. لە گەڵ سامی بە زوربەی دەنگ پەسند نەکرا.

د. لە گەڵ حسک یان باشتر بڵێم د مەحمود وا بڕیار درا کە سەرۆکی مەجلیسی بدەینێ گەر بۆ (رێبەر) ی ئیمە دەنگ بدەن."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جگە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و د مەحمود سۆرانی بە تەمای خۆ هەڵبژاردنن بۆ پایەی رابەری.

مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بە تەمایە بە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی خۆی بۆ رابەر هەڵبژێرێ. لە بەر ئەوە دەنگ بە مام جەلال نادەن.

د مەحمود لە گەڵ وەفدێکی حیزبەکەیان سەردانی کردم ئەو بە تەما بو ئێمە دەنگی رابەری بۆ بدەین. بە تەمایە بە نوێنەرایەتی حیزبی سۆشیالیست خۆی بۆ رابەر هەڵبژێرێ. لە بەر ئەوە دەنگ بە مام جەلال نادەن.

وەکو لە لاوە بیستومە حیزبی شیوعی بۆ ئەوەی هیچ لایەک لە خۆی زیز نەکا بە تەنیا ئەچێتە هەڵبژاردنەوە. بۆ رابەر بە نهێنی دەنگ بە مەسعود بارزانی ئەدەن. هەروەها پارتی گەل.

١٣ ی ٥ ی ٩٢:

تورکمان و ئەنجومەن

چوم بۆ هەولێر. چەند کۆبونەوەیەکی تایبەتی و گشتیم کرد.

لە گەڵ چەند کەسایەتی تورکمانی هەولێر کۆبومەوە. هەندێکیان ئەندامی "نادی الاخاء الترکمانی" ن. ویستم قانعیان بکەم بە نوێنەرایەتی تورکمان بەشداری هەڵبژاردن و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و وەزارەت بین. ئامادە نەبون بەشداری ئەنجومەن و وەزارەت بین. وا تێگەیشتم:

- لە حکومەتی عیراق ئەترسن هێزەکانی بگەڕێتەوە کوردستان و ئەوان بەر سزای بەعس بکەون.
- لە حکومەتی تورکیا ئەترسن تاوانبار بکرێن بەوەی بەشدار ئەبن لە دروستکردنی حکومەتی کوردی دا.

١٦ ی ٥ ی ٩٢:

دەیان رۆژنامەوان و چاودێری بێگانە لە رێگەی تورکیاوە هاتون بۆ کوردستان. لە ناو ئەوانەدا نوسەری رۆژنامە بە ناوبانگەکانی دنیا وەکو: واشینتۆن پۆستی ئەمەریکی، ریپۆبلیکای ئیتالی، لیبراسیۆنی فەرەنسی، گاردیان و ئیندیپێنتی ئینگلیزی...

١٧ ی ٥ ی ٩٢:

هەڵبژاردن کە ئەبو ئەمرۆ ئەنجام بدرێ لە لایەن لیژنەی بالاوە بە هۆی خراپی مەرەکەبەکەوە ٢ رۆژ دواخرا، بە هیوای ئەوەی لەم دو رۆژەدا چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

١٨ ی ٥ ی ٩٢:

مام جەلال ئەمرۆ نامەیەکی بۆ ناردوم تێیدا نوسیوێتی:

"ئیمرۆ گەڕامەوە بۆ قەڵاچوالان، بە پێویستم زانی لەم خاڵانەی خوارەوە ئاگادارتان بکەم:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۱. وا دیارە پارتی سورە لە سەر فرتوفێڵ بۆیە هەقە هەمو کۆمیتەکانی سلێمانی ئاگادار بکەین.
۲. هەقە مەسەلەی کارتی دەنگ / ی پێ دەدرێت چارە بکرێت.
۳. هەقە هەمو لیژنەکانی شار ئاگادار بکەین لە خەتەری فرتوفێڵ.

*

۱۹ ی ۵ ی ۹۲:

هەڵبژاردن تەواو بو.

هیچ لایەک لە ئەنجامەکانی رازی نیە.

حیزبەکان یەکتری بە تەزویر تاوانبار ئەکەن.

هەزاران کەس لە سەر جادەکان کۆبونەتەوە ئەڵێن بە هۆی کەمی سنوقەوە ماوەی دەنگدانیان نەبوە. ئەگەرچی شەڕ و پێکادانی چەکدار لە هیچ جێگایەک و لە هیچ ناوەندێکی هەڵبژاردن دا روی نەداوە بەڵام گرژیەکی توند سەرانسەری کوردستانی گرتۆتەوە. مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ و قبوڵ نەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەیە.

۲۰ ی ۵ ی ۹۲: کۆبونەوەیەکی پڕ هەراوهوریا

کۆبونەوەی سەرکردایەتی ب ک و لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی لە شەقڵاوە کرا. هەمو لایەنەکان ناقایل بون. گرژی نێوان لایەنەکان بە تایبەتی لە نێوان یەکێتی و پارتی دا بەردەوامە.

۲۲ ی ۵ ی ۹۲:

رێککەوتنی دوقۆڵی

پاش گفتوگۆیەکی درێژی پڕ لە مشتومڕ لایەنەکانی هەڵبژاردن بە تایبەتی یەکێتی و پارتی گەیشتنە پێکهاتن. مەسعود و مام جەلال رێککەوتنێکیان ئیمزا کرد.

گرژی لە سلێمانی توندتر بو لە چاو شوێنەکانی تردا. بە پەلە گەڕامەوە. لە تەلەفزیونەکەی یەکیتیەوە مژدەی پێکهاتنی یەکێتی و پارتیم بە خەڵک دا و بۆ رەواندنەوەی گرژیەکە چوم بۆ سەردانی بارەگای لقی ٤ ی پارتی.

ئاو کرا بە ئاگرەکەدا.

دەقی رێککەوتنەکە:

مەحزەری کۆبونەوە

لە رۆژی ۱۹۹۲/۵/۲۲ هەردو مەکتەبی سیاسی ی ن ک و پ د ک بە ئامادەبونی هەڤالان کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی لە شەقڵاوە کۆبونەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستان و ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی - کە هێندێ کەڵێن و موخالەفاتی تێ کەوتوە - وە لە پێناوی پاراستنی ریزەکانی جەماوەری کوردستان و بۆ پاراستنی سومعەی میللەتەکەمان و لە پێناوی بەرەو پێش بردنی خەباتی گەلی کوردستان و، دوای ئەوەی لایەنەکانی تری ناوبەرەی کوردستانی و بزوتنەوەی ئیسلامی کە بڕیاریان دا التزام بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەن و لە دەرەوەی پەرلەمان هەمو هاوکاریەکی بکەن، هەردولا رێککەوتن لە سەر:

١. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی داهاتو لە ٩٩٢/١٠/١٥ بکرێ.
٢. هەڵبژاردنی رابەر دوای دو مانگ بکرێتەوە.
٣. ئەنجومەنی نیشتمانی پێکەوە لە نێوان هەردولا بە یەکسانی پێک بێ.
٤. سەرۆکی ئەنجومەنی پەرلەمان پارتی بێ و جێگرەکەی یەکێتی.
٥. سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن یەکێتی بێ و جێگرەکەی پارتی.
٦. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بە یەکسانی دابەش بکرێ.
٧. دژی یەکتر هیچ جۆرە تەحالوفیک نەکەن.
٨. هەڤالان مام جەلال و کاک مەسعود پێکەوە بەیانێک دەربارەی هەڵبژاردنی رابەر.
٩. لە ئیستاوە هەردولا هەوڵی یەکخستنی داوودەزگاکانی شۆڕش ئەدەن.
١٠. اعلانی نتائجی هەڵبژاردن لە لایەن لیژنەی بالا ئەکرێ وەک هەیەو لە گەڵیا بەیانێکی موشتەرەک لە نێوان پارتی و یەکێتی دەرئەچێ.
١١. هەر بڕیاریک لە ئەنجومەنی پەرلەمان دەرچو بە رەزامەندی هەردولا ئەبێ.

مام جەلال مەسعود بارزانی

*

٢٤ ی ٥ ی ٩٢:

مام جەلال ئەم نامەیەی بۆ نوسیوم:

شەقڵاوە

١٩٩٢/٥/٢٤

برای خۆشەویست و هەڤاڵی دێرینم کاکە نەوەی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشیتانم داوایە. هیوادارم تەندروستیتان باشتر بێت.

وا وەفدێک دەنێرینە لاتان بە هیوای ئەوەی ئەمجارەشیان - وەک هەمیشە لە تۆمان رادیوە و رەچاو کردوە - ئەرکەکەمان لە گەڵ هەڵگریت بە هەمو شایستەگی و توانا و لێ زانین و شەخسیەتی خۆتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەک برایەکی دێرینیش، من خۆشم، کارم پێت هەیە بۆ مەسەلەی رابەرەکە! دو راسپاردەشم بە کاکە حەمەدا بۆ ناردویت هیوادارم باش لێیان ورد ببیتەوە. لێرەدا ماوەم بدەن ئیلحاحیکی (خۆموخۆتیی) ت لێ بکەم و داوا بکەم کە هیچ نەبێ بۆ ٤ مانگ ئەم ئەرکە هەڵگریت. بە راستی و بە راستیش پێویستیمان زۆر زۆر زۆر پێت هەیە، هەر بۆیەش دڵنیام کە بە جێ مان ناهێڵیت تا دەگەینە "شاطئ الامان".

جا پێم وایە هەقی ئەوەم هەیە ئەمجارەش داوات لێ بکەم کە هەر وەک چەندین جار کاری زۆر گرنگ و (خەتیر) ت کردوە بۆ خاتری من و لە سەر داوای بەندەی موخلیستان، ئا ئەمجارەش بە قسەمان بکەیت و پتر لە جارانی جاران! مەمنونمان بکەیتەوە و

هەر بژی بۆ برای دڵسۆزتان مام جەلال"

*

دوای ئەوەی مام جەلال و کاک مەسعود رێککەوتن لە سەر قبوڵکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و پێکهێنانی پارلەمان و حکومەتی هاوبەش و، دورکەوتنەوەی مەترسی شەڕی ناوخۆ، منیش بڕیارم دا لە کاری حیزبیی – یەکێتی دور بکەومەوە، ئیتر خۆمم لە هیچ کارێکی یەکێتی هەڵنەئەقورتان و لە هیچ کۆبونەوەیەک دا بەشدار نەئەبوم.

تەجروبەی رۆژانی گفتوگۆی بەعس – ب ک،

تەجروبەی رۆژانی یەکەم کۆنگرەی گشتی یەکێتی،

تەجروبەی ئەمجارەی رۆژانی هەڵبژاردن، چەند راستیەکیان بۆ سەلماندم ئەویش ئەوەیە کە:

– بیروبۆچونمان لە سەر بەڕێوەبردنی یەکێتی و دروستکردنی حکومەت بە تەواوی لە یەک جیاوازە.

– ئەم کابرایە بە ئوسلوبی خۆی، بێ ئەوەی گوێ بداتە سەرەتای سەرکردایەتی بە کۆمەڵ، کار ئەکا.

– من لە بەردەم خۆی دا بە رێگر ئەزانێ و دڵی لە من پاک نابێتەوە.

– لە رودا لە گەڵ خۆم جۆرێ قسە ئەکا و بە کردەوە بە جۆرێکی پێچەوانە رەفتار ئەکا.

– بە هەمو توانای هەوڵی لاوازکردنی من و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی ئەدا... لەمەش دا هەندێ لە سەرانی پێشوی کۆمەڵەی کردوتە هاوکار و هاودەنگی خۆی.

بۆ مانەوەم دو رێگام لە بەردەم دایە:

یان ئەبێ منیش وەکو ئەوانی تر هاوبیر و هاودەنگی بم، هەرچی بکا و بیڵێ پشتیوانی بکەم.

یان ئەبێ روبەڕوی ببمەوە.

لە حاڵەتی یەکەم دا وەکو هەندێک لە مەسئولەکانی تر سوک ئەبم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە حاڵەتی دوەم دا توشی شەڕی چەکدار ئەبم، چونکە ئەو بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی و هێشتنەوەی، هەمو رێگەیەک ئەگرێ، لەوانە بەکارهێنانی چەک..

بۆیە سەرەڕای هەمو ئەو گوشارە قورسەی بۆ مانەوە لە سەرم بو، بڕیاری کشانەوەم دا. ئەم نامەیەش کە مام جەلال بۆی نوسی بوم و ئەو وەفدەی نارد بوی بۆ لام بڕیارەکەیان پێ نەگۆڕیم.

*

٢٦ ی ٥ ی ٩٢:

گفتوگۆیەکی دوقۆڵی

دوای تەواو بونی هەڵبژاردن بە چەند ڕۆژێکی کەم، هێشتا کابینەی یەکەم دانەمەزرا بو، کاک مەسعود بە بروسکەیەک، کە بە هۆی لقی ٤ پارتیەوە ناردبوی، داوای لێ کردم بچم بۆ سەردانی.

لە سلێمانیەوە بەڕێ کەوتم بۆ صەلاحەدین. محەمەد تۆفیق و ڕزگاری حاجی کایل و سەرهەنگ ساحێبقرانم لە گەڵ هات بون. کە گەیشتینە بارەگاکەیان ئاگاداری کاک مەسعودیان کرد. کە چوم بۆ لای، نێچیروان بارزانی و وشیار زێباری لە لا بون. پاش چاکوچۆنی و هەندێ باسی گشتی ئەیویست بە دوقۆڵی دابنیشین. ئەوانی تر بە جێیان هێشتین و بە دوقۆڵی ماینەوە.

کاک مەسعود وتی:

"ئەو ماوەیەی کە ئیشم لە گەڵ کردوی تێگەیشتوم کە تۆ پیاوێکی صەریحی، ئەمەوێ هەندێ پرسیارت لێ بکەم و ئەگەر ئیحراج نەبی ئەمەوێ بە صەراحەت وەڵامم بدەیتەوە بۆ ئەوەی بەرچاوم ڕون بێ لە کاری داهاتوم دا شتی لە سەر بینا ئەکەم!"

منیش وتم:

"فەرمو هەر پرسیارێکت هەیە ئامادەم بۆ وەڵامدانەوەی!"

وتی:

"یەکێتی کە ئەڵێن ئەیانەوێ تەحالوفی ستراتیجیان لە گەڵ پارتی هەبێ و ئەیانەوێ لە گەڵ پارتی پێکەوە کار بکەن، ئەم قسانەیان بە ڕاستە یان بۆ تەکتیکە؟"

منیش وتم:

"ئەوەندەی من لە سەرکردایەتی یەکێتی تێگەیشتوم، یەکێتی چەند سال بە تەنیا و بە یارمەتی حیزبە کوردی و عەرەبیەکانی ناو جوقد، شەڕی لە گەڵ پارتی کرد، نەیتوانی پارتی لە ناوی ببا، پارتیش چەند سال بە تەنیا و بە یارمەتی حیزبە کوردیەکانی ناو جود و بە یارمەتی ئێران شەڕی لە گەڵ یەکێتی کرد، نەیتوانی یەکێتی لە ناو ببات،، سەرکردایەتی یەکێتی لای وایە کە هیچ لایەک ئەوی تری پێ لە ناو نابرێ و، هەچ لایەکیشیان بیەوێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەسکەوتێک بۆ کورد بە دەس بهێنێ بە تەنیا و بە بێ هاوکاری لایەکەی تر ناتوانێ بە دەستی بهێنێ، چونکە لایەکەی تر ئەتوانێ لێ ی تێک بدا. لەبەر ئەوە بیانەوێ و نەیانەوێ ئەبێ پێکەوە بژین و پێکەوە هاوکاری بکەن. لەبەر ئەوە کە باسی هاوپەیمانێتی ستراتیجی ئەکەن بەڵێ بە ڕاستیانە"

وتی: "ئەی بۆچی هەمیشە کاری وا ئەکەن و شتی وا ئەڵێن ئەیانەوێ من لە بەردەمی عەشیرەتەکەم و حیزبەکەم و گەلەکەم دا ئیحراج بکەن؟"

وتم: "ئەوە مونافەسەی حیزبیە، جەنابت ئەتەوێ خۆت ببی بە کەسی یەکەمی ناو جوڵانەوەی کورد و حیزبەکەشت ببێ بە حیزبی یەکەمی کوردستان، مامجەلالیش ئەیەوێ خۆی ببێ بە کەسی یەکەمی ناو جوڵانەوەی کورد و حیزبەکەی ببێ بە حیزبی یەکەمی کوردستان"

پرسی: "ئیختیلافاتی نێوان پارتی و یەکێتی چیە؟"

منیش زۆر بە سادەیی وتم: "لە نێوان یەکێتی و پارتی دا هیچ ئیختیلافێکی گرنگ نیە. نازانم ئاگاداری یا نە؟ لە پێش ڕاپەڕین و لە دوای ڕاپەڕین، ئەندامانی هەردو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، چەند جارێ پێکەوە دانیشتون بۆ ئەوەی باسی ئەوە بکەن چۆن ئەم دو حیزبە بکەن بە یەک. ئیختیلاف لە نێوان جەنابت و مامجەلال دا هەیە. تۆ ئەڵێی جەلال جاشی ٦٦ بوە من چۆن سەری بۆ دائەنەوێنم، ئەویش ئەڵێ من سەرم بۆ باوکی دانەنەواندوە مەسعود چیە سەری بۆ دابنەوێنم"

زەردەخەنەیەک گرتی و پرسی: "چارەسەرەکەی چیە؟"

وتم:"عەرەب مەسەلێکیان هەیە ئەڵێ: "الله لا یحیر عبده" منیش وەکو خەڵکی تر داماوم. ئەوەندەی من بیرم لێ کردۆتەوە تەنیا دو ڕێگەی هەیە:

یەکێکیان ئەوەیە، ئەو پێوەندییە ڕوکەشی و ڕواڵەتیەی ئیستا لە نێوان جەنابت و مامجەلال دایە کە لە سەر بنچینەی موجامەلە دامەزراوە، بگۆڕین بە پێوەندیەکی قانونی. واتە یەکێکتان ببێتە سەرۆکی پارلەمان و یەکێکتان ببێتە سەرۆکی حکومەت، ئەوسا هەر لایەک ماف و ئەرکەکانی خۆی بە دیاریکراوی ئەزانێ.

ئەگەر ئەوە ناکەن دوەمیان ئەوەیە ماوەی شەش مانگ هەردوکتان خەریکی کاروباری حیزبەکانی خۆتان بن و، واز لەم پارلەمان و حکومەتە بهێنن بێ دەستێوەردانی ئێوە بە ئازادی کاروبارەکانیان ئەنجام بدەن، پاش شەش مانگەکە دائەنیشینەوە سەیر ئەکەین ئەگەر ئیشوکارەکانیان بە چاکی بەڕێوە برد بو داوایان لێ ئەکەین دریژە بە کارەکانیان بدەن، ئەگەر خراپیشیان کرد بو ئەیانگۆڕین!"

بە وردی گوێی بۆ قسەکانم شل کرد بو. کە لێ بومەوە وتی:

"دیراسەی ئەکەم!"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گفتوگۆکەمان بەمجۆرە تەواو بو.

١ ی ٦ ی :١٩٩٢

١. کورد و پارلەمان

(لە ژمارە ١٠٦ ی ئەمڕۆ ١ ی ٦ ی ٩٢: ی "کوردستانی نوێ" دا بڵاو کراوەتەوە)

پیاچونەوەیەک بە رابردودا

کورد بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی نەبوە لەبەر ئەوەیە پارلەمانی تایبەتی خۆیشی نەبوە. ئەو دەوڵەتانەش کە کوردیان تیا ژیاوە هەمویان دەسەڵاتی سادە و ناوەندی بون، واتە بە زمانی قانونی دەستوری سادە (بسیط) و بە بیانوی مەرکەزییەوە دەرفەت و ماوەی ژیانی فیدرالی و لامەرکەزییان بە کورد نەداوە.

پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی، کورد لە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی و ئێران دا ژیاوە، دوای ئەو جەنگەش بە سەر چەند دەوڵەتێکی تردا دابەش کرا. پارلەمان لە ئەوروپادا رابوردویەکی مێژویی دوورودرێژی هەیە کە گۆڕان و گەشەکردنی زۆری بە خۆیەوە دیوە، بەڵام رەوتی گەشەکردنی ژیانی پارلەمانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا رێگایەکی تری گرتۆتە بەر.

لە ساڵی ١٨٧٧ دا یەکەمین دەستور لە ناوچەکەدا لە ژێر گوشاری دەوڵەتانی ئەوروپی دا بە رەنج و کۆششی رۆشنبیرانی عوسمانی بڵاو کرایەوە. هەر لەو ساڵەش دا بە پێی ئەو دەستورە لە ئەستەمول دا یەکەمین پارلەمان کۆ بوەوە کە کوردیشی تێدا بەشدار بو. بەڵام ئەم پارلەمانە زۆری نەخایاند چونکە سوڵتان عەبدولحەمید بە بیانوی هەڵگیرسانی جەنگی روسی ـ عوسمانی ١٨٧٨ هوە هەڵی وەشاندەوە و، ئیتر دەستورەکەشی لە کار خست، تا ساڵی ١٩٠٨ کە ئەفسەرانی "ئیتیحاد و تەرەقی" ئینقیلابیان کرد و جارێکی تر بە زۆر ئەو دەستورەیان بە سەر سوڵتان عەبدولحەمیدا سەپاندەوە.

کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی بەڵێنی یەکسانی و ئازادی و عەدالەتیان بە هەمو نەتەوە و دین و مەزهەب جیاوازەکان دابو، بەڵام دوای سەرکەوتن بەڵێنەکەیان نەبردە سەر، بگرە رێگای بە تورک کردنی ئەو گەلانەی کە تورک نەبون و ئازاردانی ئەو گەلانەشیان گرتە بەر کە موسوڵمان نەبون، لەو پارلەمانەدا تورک کە ئەوسا لە نیوە کەمتری دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانییان پێک ئەهێنا زوربەی شوێنیان بۆ خۆیان تەرخان کرد بو.

لە ئێرانیش بزوتنەوەی مەشروتە، کە ساڵی ١٩٠٥ روی دا، دەستوری بە سەر موزەفەرەدین شادا سەپاند کە ئەنجامەکەی ئەوە بو "مەجلیسی شورای میللی" دامەزرا، لەو مەجلیسەدا چەندین کورد بە نوێنەرایەتی ناوچەکانیان بەشدار بون.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی مستەفا کەمال لە ئەرزرومەوە، واتە لە کوردستانەوە کەوتەوە خۆرێکخستن، هەر لەوێشەوە "میثاقی میللی" نوسی و بەردی بناغەی بۆ پارلەمانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تورک دانا بە ناوی "تورک بیوک میللی مەجلیسی" کە لەم پارلەمانەدا چەندین کورد بەشداربیەکی چالاکانەیان تیا کرد.

شیخ مەحمودی حەفید دوای بە دیل گیرانی کە هێشتا لە مەنفا بو، شەڕی پارتیزانی پێشمەرگەکانی جاف و هەمەوەند و جەباری و پشدەر ئینگلیزیان ناچار کرد کە لە شاری سلێمانی و هەندێ ناوچەی دەوروبەری بکشێنەوە، گەورەپیاوانی سلێمانی کە ئەم هەواڵەیان بیست بە زویی "مەجلیسی میللی" واتە "ئەنجومەنی نیشتمانی" یان دامەزراند کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سلیمانی بو، تا شێخی نەمر گەڕایەوە سلیمانی و "کابینە" ی حکومەتی کوردستانی پێک هێنا هەر ئەو ئەنجومەنە کاروباری سلێمانی بەڕێکوپێکی بەڕێوە ئەبرد.

لە یەکەمین "مەجلیسی تەئسیسی" عیراقیش دا دیسان چەندین کورد بەشدار بون. پاشانیش کورد لە هەردو مەجلیسی "ئوممە" و "ئەعیان" ی عیراق دا بەشدار بون تا شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ کە ئیتر کۆتایی بە ژیانی پارلەمانی لە عیراق دا هێنا.

لێرەدا دو سەرنج ئەکەوێتە بەرچاو:

١. لە ناو هەمو ئەو پارلەمانانەدا کورد وەکو هاوواڵاتی ئەو دەوڵەتانە بەشداری کردوە، نەک وەک نوێنەری کورد، چونکە مافی نەتەوەیی کورد لە دەستوری هیچکام لەو دەوڵەتانەدا وەک نەتەوەیەکی جیاواز دانی پێدا نەنراوە. بۆ یەکەم جار لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ لە دەستوری کاتی عیراق و لە مادەی سێیەمی دا ناوی کورد وەک شەریکەبەش لە نیشتمان دا هاتوە.

٢. لە هیچکام لە ناو ئەو پارلەمانانەدا نوێنەرە کوردەکان نەیانتوانیوە "کێشەیەکی پارلەمانی" یەکگرتو بۆ داکۆکی کردن لە مافی کورد پێک بهێنن، تەنیا یەکجار نەبێ لە پارلەمانی عیراق دا لە ساڵی ١٩٢٩ دا کە یادداشتێکی هاوبەش بە سەرۆکی ئەنجومەن پێشکەش کرا، وەک ئەنجامیش یادداشتەکە ڕەفز کرا و خۆیشیان بە جیابونەوەخواز لە قەڵەم دران، دوای ئەوە هیچکام لە نائیبە کوردەکان ئەو کارەیان دوبارە نەکردەوە.

لە ساڵەکانی پەنجاوە بە دریژایی ساڵانی جەنگی سارد ڕیژیمەکانی عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا گەلەکانی خۆیان بە بێ جیاوازی دین و نەتەوە لە مەنگەنە دابو. کورد لە هەمویان زیاتر ئەچەوسێنرایەوە و مافیشی لێ زەوت کرابو، چونکە وایان ئەدایە قەڵەم کە کوردەکان دڵسۆز نین و گومان لێکراون. بۆ بەشداری کردنی ناو پارلەمانیش تەنیا ئەوە دەکرایە سەنگی مەحەک کە چەندە ئەو کەسانە دڵسۆزن بۆ شا یان بۆ سەرکۆمار، نوێنەرە کوردەکانیش لەو شوێنانەدا ئەگەر بەرامبەر گەلانی دی "سەلبی" بوبن، ئەوا بەرامبەر کوردی نەتەوەی خۆیان، واتە کورد "سەلبیتر" بون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەجروبەکانی پارلەمانیی عیراق لە سەردەمی بەعس دا، چ هی "مەجلیسی تەشریعی" ناوچەی ئۆتۆنۆمی (لە ساڵی ١٩٧٤ هوە تا ئێستا) و دوایی تریش هی "مەجلیسی وەتەنی" (لە ١٩٨٠ هوە تا ئێستا) لە کوردستان دا نەک هیچ تەقلیدێکی باشی نەچەسپاندوە، بەڵکو لەوەش دا شوێنەواری "ئەخلاقیەت" ی بەعسی بە زەقی بە جێ ماوە. بۆیە چۆن ئەبێ پلان و نەخشە بۆ ئاواکردنەوەی دێهاتە روخاوەکانی کوردستان و هێنانەوە سەر رێگا و چاکردنی رەوشتە جوانە تێکدراوەکانی کورد دابنرێ، ئەبێ پلانیش بۆ سڕینەوەی ئەو شوێنەواری ئەخلاقیەتەی بەعس لە پروسەی هەڵبژاردن و ژیانی پارلەمانیی کوردستان دا بۆ هەڵبژاردن و پارلەمانی داهاتومان دابنرێ.

*

راپەڕین و هەڵبژاردن

راپەڕینی گشتی خەڵکی کوردستان لە مارتی ١٩٩١ دا دەسەڵاتی داگیرکەری بەعسی بە تەواوی هەڵتەکاند. داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس کە زیاد لە بیست ساڵ بو لە کوردستان دا دامەزرا بون بە چەند رۆژێ روخان. خەڵک دەزگاکانی ئەمن و حیزب و موخابەرات و ئیستیخباراتی لە رەگوڕیشە دەرکێشا. تەنانەت هێزەکانی جەیشی ئیحتیلالی بەعسی، کە صەددام حسین بە هێزی پێنجەمی دنیای دائەنا، گەلێک لە سەرکردەکانی هەڵاتن و ئەوەیش کە مایەوە بە زەلیلی خۆی بە دەستەوە دا. بارەگاکانی فەیلەقی پێنجەم لە هەولێر و فەیلەقی یەکەم لە کەرکوک و هەندێ لە فیرقەکانی فەیلەقی دوەم لە چەند رۆژێکی کەم دا دەستیان بە سەردا گیرا. راگەیاندنی "ئاشتبونەوەی نیشتمانیی" ئەمەندە پتەو ریزەکانی خەڵکی یەکخست کە موستەشار و سەرتیپ و خەڵکانی ئاسایی بە یەکەوە هەڵیان ئەکوتایە سەر داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس. تەنانەت لە بادینان دا موستەشارەکان بە بێ یارمەتی پێشمەرگەی هیچ لایەنێک خۆیان سەرکردایەتی راپەڕینیان کرد و شێخان، زاخۆ، ئامێدی، دهۆکیان ئازاد کرد.

دەسەڵاتی کورد، کە خۆی لە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی دا ئەنواند، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی بەعسی دا و بەڵێنیشی بە خەڵکی کوردستان دا کە مەجلیسێکی تەنفیزی مۆقەت دابمەزرێنێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ مەجلیسێکی تەشریعی نوێ لە ماوەی ٣ مانگ دا. بەڵام دەسەڵاتی کورد زۆری نەخایاند. جەیشی ئیحتیلالی بەعسی، بە تایبەتی حەرەسی جمهوری، هێرشێکی دڕندانە و خێرای کردە سەر کوردستان و هەمو شارەکانی داگیر کردەوە. خەڵکی کوردستانیش بۆ دوبارە نەبونەوەی "ئەنفال" یکی تر هەمو شار و شاروچکە و ئۆردوگاکانیان چۆڵ کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیستا با بزانین ئەو راپەڕینە جەماوەرییەی خەڵک بۆچی بو بە کۆمەڵ؟ بە واتایەکی تر ئەو سەرکەوتنە بێ وێنەیەی کورد بۆ وەرگەڕایەوە بە تێشکانێکی بێ وێنە؟ ئەبو پێش هەمو کەس سەرکردەکانی بەرە ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن.

هۆی ناوەکی: نەبونی سەرکردایەتیەکی سیاسی و پێشمەرگەیی یەکگرتو کە نەخشە و پلانی سازدانی سیاسی خەڵک و یەکخستنی هەمو هێزە چەکدارەکانی کورد دابنێ بۆ ئەوەی سنوری کوردستان لە هێرشی پێچەوانەی جەیشی ئیحتیلالی بەعس بپارێزێ.

هۆی ناوچەیی: دەوڵەتە دراوسێکان، بە تایبەتی ئێران و سوریا، کە هەردوکیان ئاگاداری نەخشەی راپەڕین بون، کەچی وەک پێشتر بەڵێنی زۆریان بە سەرکردایەتی بەرە دابو، هیچ جۆرە یارمەتییەکی مادی یا مەعنەوی راپەڕینەکەیان نەدا.

هۆی جیهانیی: سروشتی دینیی راپەڕینەکەی خواروی عیراق و دروشمە نالەبارەکانی "المجلس الاعلی للثوره الاسلامیه" وای لە دەوڵەتانی دراوسێ، بە تایبەتی سعودیه و تورکیا، هەروەها دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمەریکی، کرد کە بترسێن و وای لێ کردن ئەمەریکا ئازادی بدا بە صەددام هێزەکانی و چەکەکانی لە جنوب و لە کوردستان بە کار بهێنێ بۆ هاڕینی هەردو راپەڕین.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: بۆچی سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان ئاگاداریی درۆیان دەربارەی نەهێشتن و تەفروتونا کردنی هێزەکانی ئاسمانی و حەرەسی جمهوری و ٤٢ فیرقەی جەیشی عیراق بڵاو کردەوە، ئاخۆ ئەمە بۆ ئەوە بو کە سەرکەوتنەکەی خۆیان بە گەورە دابنێن یان بۆ چەواشەکردنی خەڵکی عیراق بو؟ لە کاتێکا کە سەرکۆماری ئەمەریکا، بوش، چەند جارێ داوای لابردنی صەددام و گۆڕینی ڕێژیمی عیراقی لێ کرد بون؟

کۆچی بە کۆمەڵی چەند ملیۆن کورد لە لایەکەوە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ناچار کرد لە دەرگای گفتوگۆ بدا لە گەڵ صەددام، لە لایەکی تریشەوە ویژدانی گەلانی جیهانی هەژاند. مەسەلەی کورد بۆ یەکەمین جار لە میژوی دورودرێژی دا بو بە باسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پارلەمانەکان، کۆڕە سیاسییەکان، ڕێکخراوە جیهانییەکان، تەنانەت حکومەتان.

گفتوگۆی کورد - بەعس دەستی پێ کرد. لە هەمان کاتا بە دەسپێشکەری سەروەزیرانی بەریتانی، جۆن مەیجەر، کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئەوروپی بڕیاری کردنەوەی ناوچەیەکی "ئەمین" یان دا لە کوردستان و، بۆ یەکەمین جار لە میژوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی دەربارەی کوردی عیراق دا. زۆرایەتی ئاوارەکانی کورد لە ئەنجامی گفتوگۆکەدا و لە ژێر گوشاری هێزی هاوپەیمانەکان دا گەڕانەوە شار و ئۆردوگاکانی خۆیان، بەڵام حکومەتی عیراق ڕێگەی بە دانیشتوانی هەندێ شار و ناوچە نەدا بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، لەوانە چەند سەد هەزارێکی خەڵکی کەرکوک.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خواستەکانی نوێنەرایەتی کورد ساڵی ١٩٩١ لە خواستەکانی نوێنەرایەتی کوردی ساڵی ١٩٦٣ زۆر کەمتر بو. لە گەڵ ئەوەش دا سەرکردایەتی بەعس زۆری لێ کەم کردەوە، هەندێکێشی هەر نەسەلماند. گفتوگۆ درێژەی کێشا، تەگەرەی تێ کەوت، بەڵکو چوە ناو کۆلانێکی داخراوەوە، چونکە هەندێ لە خواستەکانی کورد کە بە هیچ جۆرێ نەئەکرا سەرکردایەتی کورد دەستی لێ هەڵ بگرێ، سەرکردایەتی بەعس بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبو نە ئیستاو نە لە پاشەرۆژدا بیسەلمێنێ، یا چارەیەکی مامناوەنجی بۆ بدۆزێتەوە. سەرکردایەتی بەعس کەوتە پیلانگێڕان و موناوەرە بۆ ئەوەی ناکۆکییەکەی بەینی خۆی و کورد بخاتەوە ناو سەرکردایەتی کورد خۆیەوە. بەڵام دیارە سەرکردایەتی کورد تەجروبەی لە کارەساتەکانی رابردو وەرگرتوە و گەیشتۆتە قۆناغێکی باشی ژیری و کامڵ بون چونکە لە باتی ئەوەی بهێڵێ ئەو ناکۆکییانە بێنە ناو ریزەکانی بەرەوە و ببیتە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی خۆبەخۆ، بە چەند بڕیار و هەنگاوی ژیرانە پەکی موناوەرەکەی بەعسی خست:

١. بەچەند هەنگاوێکی زیرەکانە داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس و جەیشی ئیحتیلالیان لە بەشێکی فراوانی ئەرزی کوردستان دەرکرد و، زۆرایەتی ناوچەکانی کوردستان ئازاد بو کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی سیاسی کورد خۆی، واتە دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی.

٢. لە باتی ئەوەی ئەمجارەش وەکو جارەکانی پێشو بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی ناو خۆیان پەنا بەرنە بەر چەک، پەنایان بردە بەر گەل، بڕیار درا بە ریگەی دیمۆکراسی، هەڵبژاردنێکی ئازاد، لە کوردستان دا بکرێ بۆ بڕیاردانی "ئەنجومەنی نیشتمانی" و "ئەنجومەنی بەڕێوەبردن".

هەڵبژاردنی ئەمجارە

سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کاتێ بڕیاری هەڵبژاردنی گشتی دا، چەند کەسێکی لە قازی و قانونییەکانی کورد راسپارد قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی دابنێن.

لە وڵاتانی دیمۆکراتی دا پێڕەوی دو ریگەی سەرەکی هەڵبژاردن ئەکرێ. یەکێکیان هەڵبژاردنی نوێنەرە لە مەڵبەندێکی دیاریکراوا کە پێی ئەڵێن "دائیری". بە ناوبانگترین نمونەی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە بەریتانیایە. ئەوی تریشیان هەڵبژاردنی لیستەی پارتییە سیاسیەکانە کە پێی ئەڵێن "نیسبی" نمونەکانیشی فەرەنسا، ئەڵمانیاو زۆری تر لە وڵاتانی ئەورووپیە.

هەردو ریگای "دائیری" و "نیسبی" لایەنی باشیان هەیەو لایەنی نەباشیان هەیە. ریگەی نیسبی کەسانی سەربەخۆ و بێلایەن بێبەش ئەکا لە مافی خۆهەڵبژاردن مەگەر بچنە لیستەی یەکێ لە پارتیە سیاسیەکانەوە، کە ئەوسا مەعلوم نیە دەرچون یا دەرنەچونی ئەگەڕێتەوە بۆ ناو و ناوبانگی خۆی یا بۆ هێزی حیزبەکە. جگە لەمە هەندێ سەربەخۆ هەن بۆ ئەوەی بە هەڵپەرست ناو نەبرێن ئامادە نین بچنە هیچ لیستەیەکەوە، ئەوسا گەل لە زانین و توانینی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوانە بێبەش ئەبێ. لە راستی دا هەڵبژاردن بە لیستە بە قازانجی ئەوانەیە کە سیاسەت ئەکەن بە پیشە، رەنگە ئەگەر خۆی بە تەنیا بچێتە مەیدانی هەڵبژاردنەوە دەرنەچێ، بەڵام بە زۆری هێزی حیزبەکەی، خەڵکی دائیرەکەی خۆی پێی خۆش بێ یا پێی ناخۆش بێ، ئەچێتە ناو پارلەمانەوە.

یەکەمین پرۆژەی قانونییەکانی کورد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی ئامادەیان کرد بو رێگەی "دائیری" یان دیاری کرد بو بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر. ئەگەرچی هەندێ لای پرۆژەکە شوێنەواری ئەو قانونەی پێوە دیار بو کە بەغدا دەری کردون بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنە کارتۆنیەکانی خۆی، بەڵام بە گشتی بە گیانێکی دیمۆکراسی و هاوچەرخ نوسرا بو ئەشیا وەکو یەکەمین تەجروبەی قانونی پارلەمان لە کوردستان دا جێبەجێ بکرایە. ئەگەر ئەو پرۆژەیە سەری بگرتایە لەوانە بو لە باتی هەندێ لەوانەی ئیستا ئەچنە پارلەمانەوە کەسانێکی کە بچونایە.

پرۆژەکە لە سەرکردایەتی بەرە وەکو خۆی پەسند نەکرا. هەندێ گۆڕینی تێدا کرا لەوانە گۆڕینی شێوەی هەڵبژاردن لە دائیریەوە بۆ نیسبی. ئەم گۆڕینەش لەسەر داواو پێ داگرتنی حشع، زەحمەتکێشان، گەل.... بو.

هەڵبژاردن چەندین کۆسپی سەختی لە رێگادا بو:

یەکەمیان، کۆسپی سیاسی بو، کوردستان هاوسنورە لە گەل ٣ دەوڵەت: ئێران، تورکیا، سوریا. لە ناو هەرسێ دەوڵەت دا کورد هەن. ئەبو ئەو ٣ دەوڵەتە دڵنیا بکرێن کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان نابێتە هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان و، وایان لێ بکرێ ئەگەر پشتیوانی لە هەڵبژاردنەکەش نەکەن، بێلایەن بوەستن یا هیچ نەبێ دژایەتی نەکەن و بە هەنگاوی یەکەمی جیابونەوەی دانەنێن.

دوەمیان، کۆسپی تەکنیکی بو، بە هۆی هەلومەرجی نائاسایی سالانی شۆرشەوە سەرژمێرێکی رێکوپێک و تەواوی دانیشتوانی کوردستان لە بەر دەستا نەبو. سەرژمێرکردنێکی تازەش وا بە پەلە کارێکی ئاسان نەبو، چونکە توانایەکی تەکنیکی و مالی زۆری گەرەک بو. لەبەر ئەوە نەئەتوانرا ناسنامەو کارتی هەڵبژاردن بە رێکوپێکی بۆ هەمو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبو ئامادە بکرێ. بۆ چارەی ئەم گیروگرفتە سەرەکیە هەندێ پسپۆر و شارەزای سویدی پێشنیاری ئەوەیان کرد کە جۆرە مەرەکەبێک بەکار بهێنن بۆ مۆرکردنی دەستی هەمو ئەوانەی دەنگ ئەدەن تا ماوەی ٤ رۆژ کال نەبێتەوە بۆ ئەوەی: ١. هیچ کەسێ نەتوانێ لە جارێ زیاتر دەنگ بدا، ٢. بۆ ئەوەی ئەگەر دەنگدان بە یەک رۆژ تەواو نەبو، بتوانرێ ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بۆ رۆژی دوهەم تا هیچ کەسێ لە دەنگدان بێبەش نەبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆسپەکان هەریەکەیان بە جۆرێ چارەیان بۆ دۆزرایەوە. جگە لە ڕێژیمی بەغدا هیچ دەوڵەتێکی تری دنیا، چ ئەوانی دراوسێ و چ ئەوانی دور دژی کاری هەڵبژاردن نەدوان، بەڵکو بە پێچەوانەوە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکی پێخۆشحاڵییان دەربڕی، تەنانەت هەندێکیان ئامادەییان پیشان دا بۆ سەرخستنی هەڵبژاردنەکە یارمەتی کورد بدەن.

دانیشتوانی کوردستان بە هیوایەکی زۆر گەورەو بە خۆشیەکی بێ ئەندازەو بە پەرۆشێکی بێ وێنەوە چاوەڕوانی ڕۆژی هەڵبژاردن بون. ژن و پیاو، گەورە و پچوک، خوێندەوار و نەخوێندەوار، شاری و لادێیی، هەژار و دەوڵەمەن، هەرکەس بە جۆرێ هیوای لە سەر هەڵچنی بو.

*

هەڵبژاردن یا میهرەجانی سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی

ڕۆژی ١٦ ی مایسی ١٩٩٢ کاتێ هەواڵی ئەوە بڵاو بوەوە کە ئەو مەرەکەبەی دابەش کراوە بە سەر ناوەندەکانی هەڵبژاردن دا بۆ مۆرکردنی دەستی دەنگدەرەکان بە کەڵک نایەت چونکە وەکو چاوەڕێ ئەکرا کە ٤ ڕۆژ بە دەستەوە بمێنێتەوە وا دەرنەچو، بەڵکو بە ئاسانی ئەسپردرێتەوە، بۆیە ماتەم هەمو خیزانێکی کوردی داگرت و بۆ شەوەکەی کە دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان" هەواڵی دواخستنی هەڵبژاردنی بۆ ماوەی ٤٨ سەعات ڕاگەیاند، بەو هیوایەی کە لەو ماوەیەدا چارەیەک بۆ مەسەلەی مۆر و مەرەکەب بدۆزرێتەوە. خەڵکی ترسیان لێ نیشت بو کە ئیتر هەڵبژاردنەکە نەکرێ یا ئەگەر بکرێ تێک بچێ.

هەواڵەکان ڕایان گەیاند کە زانایەکی کورد گیروگرفتەکەی چارەسەرکردوە بەوەی مەرەکەبێکی گرتۆتەوە قابیلی سڕینەوە نیە. دوای ٤٨ سەعات دواخستن، ڕۆژی ١٩ ی مایسی ١٩٩٢ دانیشتوانی کوردستان ڕویان کردە ناوەندە دیاریکراوەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی لە یەکەمین تەجروبەی دیمۆکراسی کوردی دا بەشدار بن. لە بەردەمی هەر ناوەندێکا بە ڕێکوپێکی چەندین هەزار کەس لە ڕیزی هێمن دا ڕاوەستا بون تا سەرەی دەنگدانیان بگاتێ.

لە ڕاستی دا کورد ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتی بە میهرەجانی سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ئەزانی. لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان سەلماندیان: نەتەوەن، خاوەنی هۆشی نەتەوەیین، ئەزانن ئامانجی نەتەوەیی چیە، قازانجی نەتەوەیی لە چی دایە، ئاسایشی نەتەوەیی چۆن بپارێزن، خەڵکی سادە، واتە کوردی ئاسایی لەوانە گەیشت بون، بەڵکو لە هەندێ ڕوەوە پیش سەرکردەکانی کورد کەوت بون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەزگاکانی راگەیاندنی بەعس: رادیۆ، تەلەفزیۆن، رۆژنامەکانی، هەروەها دەزگا سەرکوتکەر و تۆرە جاسوسیەکانی و تابووری پینجەم، هەرچییان لە توانادا بو لە پروپاگاندەو چاووڕاو، لە گفت و گەف، لە تێکدان... کردیان بۆ ئەوەی دانیشتوانی کوردستان بەشداری هەڵبژاردن نەبن، بەڵام بەشداری فراوانی خەڵک لە هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی دا بە بەرچاوی هەمو دنیاوە گەورەترین "ئیستیفتا" بو لە سەر ئەوەی:

١. کە هەمو دانیشتوانی کوردستان، سەرەڕای هەمو جۆرە گوشاری ئابلۆقەدران و نەبونی و برسێتی، بە کۆمەڵ هەڕەشەو داواکانی بەعس رەت ئەکەنەوەو ئەیانەوێ خۆیان چارەنوسی خۆیان بڕیار بدەن.

٢. خەڵک بە هیچ جۆرێ نایانەوێ دەسەڵاتی بەعس و، داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی و جەیشی ئیحتیلال بگەڕێتەوە کوردستان.

٣. خەڵکی کوردستان ئەیانەوێ و ئەتوانن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن.

دانیشتوانی کوردستان بە تاسەو پەرۆشێکی سەیرەوە، بە لەش و بیر و گیان، لە گەل هەڵبژاردن ئەژیان. بەشداربونی زۆرایەتی ئافرەتانی کوردستان و، ژمارەیەکی زۆر پیری بە سالاچو، پەککەوتە، نەخۆش و نوقسان و کەنەفت بەڵگەی هاوبەشی ویژدانیی و هەست کردنێکی بەرز بو بە ئەرکی نیشتمانی و لێپرسینەوە.

لە زۆر جێگای دنیا کە خاوەنی نەریتی دێرینەی هەڵبژاردن و ژیانی پارلەمانیین، رۆژانی پێش هەڵبژاردن و رۆژی هەڵبژاردن خەڵکی توشی "تای هەڵبژاردن" ئەبن. هەرچی گوێی لە هەوال هەڵبژاردنی ولاتانی تر بوبێ بە تایبەتی لە ئاسیاو، ئەفەریقاو، ئەمەریکای لاتینی ئەزانێ لەو رۆژانەدا چەندین روداوی جۆراوجۆری پڕ لە کارەسات و توندوتیژی قەوماوە، وەکو کوژرانی پاڵێوراوانی حیزبەکان، دروست بونی شەڕی خوێناوی لە نێوان لایەنگرانی حیزب و تاقمە جیاوازەکان دا، پەلاماردانی ناوەندەکانی هەڵبژاردن، فڕاندنی سندوقی دەنگدان و شکاندن و گۆڕینی... لە کوردستان دا بۆ خۆشبەختی نەک هەر هیچ روداوێکی لەو بابەتانە نەقەوما، بگرە شەڕە دەست و شەڕە جنێویشی تیا نەبو. ئەوەش بێگومان قوڵی هۆشیاری و دڵسۆزیی دانیشتوانی کوردستان دەرئەخا بەرامبەر چارەنوسی سیاسی خۆی.

دانیشتوانی کوردستان وەکو داوایان لێ کرا بو ئەرکی نیشتمانیی خۆیان، چ بە بەشداری لە دەنگدان دا و، چ بە پاراستنی هێمنی و رێکوپێکیەکی تەواو، بەوپەڕی هۆشیاری و دڵسۆزیەوە بە جێ هێنا. ئەمەش بە شایەتی سەدان چاودێر و ئەندامی پارلەمان و رۆژنامەنوسی سەرانسەری دنیا، کە هەمویان نەک دانیان بەم راستیەدا نا بەڵکو سەریشیان لەو فیستیفالە گەورەیە سوڕ مابو. بەڵام مەخابن هەمو سەرکردەکانی کورد وەک بەڵێنیان دابو نەیانتوانی چەند قاپێ مەرەکەبی بێگەرد و رێکوپێک بۆ رۆژی هەڵبژاردن ئامادە بکەن. "دەستەی بالای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی" ش نەیتوانی بو بە راستی رادەی بەشدار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بونی خەڵک لە هەڵبژاردن دا هەڵبسەنگێنێ بۆ ئەوەی ژمارەی ناوەندەکانی دەنگدان زیاتر بکات، یا هیچ نەبێ کاتی دەنگدان درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی هیچ خاوەن دەنگێکی لێ بێ بەش نەبێ. وە بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ یاری بە دەرمانی دووەم بکا، ئەبو وەکو مامۆستاکانی بەشی کیمیای زانکۆی صەلاحەدین داوایان کرد بو، بۆ هەر ناوەندێکی هەڵبژاردن یەکێ لە کیمیاییەکان بنێرن ئەوسا زۆر لەو تیر و توانج و قسەڵۆکانەی کران ڕێگایان پێ نەئەدرا.

سەرەڕای هەمو ئەوە پەیامنێرەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان، پەیامنێری ڕادیو، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە گەورەکانی دنیا بە ستایشێکی زۆرەوە لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکە دوان و، هەمو چاودێرانی بێگانە و نوێنەرانی پارلەمانە جیاوازەکانی کە لە سەرانسەری دنیاوە هات بون، بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە بە گەلی کورد و بە ڕێزێکی بێ ئەندازەوە ڕەوتی هەڵبژاردن و ئەنجامەکەیان بە باشی نرخاند. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعس بە درۆ کەوتنەوە. ئەوانەش کە لە ناو خۆمانەوە توانجیان تێ گرت و تانەیان لی دا، بەو کارەی کردیان، هەم لە شادی و خۆشی خەڵکیان کەم کردەوە و هەم بەهانەیان دا بە دوژمن تانە لە هەموان بدات.

هاتنی ئەو ژمارە زۆرە چاودێرانی بێگانەو نوێنەرانی پارلەمان و نوێنەرانی حکومەتان و پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان خۆی لە خۆی دا جۆرێکە لە دانپیانانی جیهانی بە پارلەمانی کوردستان دا. پێشتریش کاتێ حکومەتی ئەڵمانی بەڵێنی دابینکردنی پێویستیەکانی هەڵبژاردنی بە تایبەتی کاغەز و مەرەکەب، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە کۆمیتەی سزادانی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردبو کە موافەقەت بکا، ئەو پێویستییانە بنێری بۆ کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان، ئەمیش خۆی لە خۆیا جۆرێکە لە دانپیانانی ژێرزارەکی "اعتراف ضمنی" بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، کە لە قوناغی داهاتودا ئەگونجێ کەڵکی سیاسی، دیپلۆماسی، ئابوری، ڕۆشنبیری... لێ وەربگیرێ بۆ دیاری کردنی وەزعی قانونیی کورد و، ئاواکردنەوەی کوردستان و، چاکردنی هەلومەرجی خراپی ژیانی دانیشتوانی کوردستان.

*

کورد و ڕابەر

لە گەڵ پێشنیاری هەڵبژاردنی گشتی دا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان د. مەحمود سۆرانی پیشنیارێکی تری خستە پاڵ کە گوایە "شوان" یک بۆ کورد هەڵببژێردری کە ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بێ. ئەم پێشنیارە لە لایەن هەمو لایەنەکانی ناوبەرەی کوردستانییەوە بێ مشتومڕ قبوڵ و ئیمزا کرا.

زوربەی لایەنەکان دوای ئەم بڕیاردانە لە پاشملە کەوتنە ڕەخنە لێ گرتنی، بەڵام هیچ کامیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڤیتۆیان بەکار نەهێنا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

راستیەکەی هەڵبژاردنی رابەر و پارلەمان دو شتن پێچەوانەی یەکترین. چونکە رابەر بۆ زەمانی شەڕ و شۆڕش و بۆ سەردەمی بزوتنەوەی چەکدار واتە بۆ هەلومەرجیکی نائاسایی دەس ئەدا، بەڵام پارلەمان هی سەردەمی ئاسایش و دامەزراندنی حکومەتی قانون و نیزامە. دانیشتوانی کوردستان ئەیانەوێ بچنە هەلومەرجی ژیانی ئاساییەوەو حکومەتی قانون و نیزامیان هەبێ. هەڵبژاردنی راستەوخۆی رابەر لە لایەن خەڵکەوە، شان بە شانی نوێنەرانی پارلەمان، رابەر ئەخاتە سەرو پارلەمان و بەوەش لە دەسەڵات و هەیبەت و نرخی پارلەمان کەم ئەبێتەوە.

کاتێ داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس و جەیشی ئیحتیلال کوردستانیان بە جی هێشت سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە سەر بنچینەی "مشروعیه الثوره" یاخود "المشروعیه الثوریه" دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی گرتە دەست و ئەو بۆشاییەی بە کارگێڕەکانی خۆی پڕکردەوە. بە بڕیاردانی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی ویستی لە دۆخی "المشروعیه الثوریه" وە بگوێزیتەوە بۆ دۆخی "المشروعیه الدستوریه" مادەم گەل سەرچاوەی هەمو دەسەڵاتەکانە وەکو لە هەمو دنیادا باوە، کەواتە گەلی کوردستان سەرچاوەی هەمو دەسەڵاتەکانە بە هەڵبژاردنی پارلەمانەکەی خۆی، دەزگایەکی دەستوری دائەمەزرێنێ بۆ دانانی قانون و بۆ ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان کە ئەبێتە "السلطه التشریعیه"و، دانانی هەیئەتیک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان کە ئەبێتە "السلطه التنفیذیه". ئەم پارلەمانە کە سولتەی تەشریعیە سەرۆکی ئەبێ و هەم هەیئەتی بەڕێوەبردن کە سولتەی تەنفیزیە سەرۆکی ئەبێ. لە ئەنجام دا دۆخیکی قانونی و ئاسایی وەکو وڵاتانی تری دنیا دائەمەزرێن، کە ئیتر "المشروعیه الثوریه" ناخوات و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عیراق دا ئەبێتە دەسەڵاتیکی قانونی، ئیتر نەک هەر پێویستی بە رابەر نیە، بەڵکو رابەر لە گەڵ حالەتە قانونیە دامەزراوەکەدا نەگونجاو ئەبێ.

دانیشتوانی کوردستان تا ئیستا بڕیاری جیابونەوەیان لە عیراق نەداوە تا سەرکۆمار یا شاهێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن، پارلەمانیش هیشتا بڕیاری جۆری پێوەندی کوردستانی لە گەڵ حکومەتی بەغداد نەداوە کە ئاخۆ لە سەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی، لامەرکەزی، فیدرالی یا کۆنفیدرالی دایئەڕێژێ تا بەو پێیە جۆری سەرۆکایەتی ناوچەکە دیاری بکرێ، بۆیە لە هەمو حالەتێکا لە گەڵ هەلومەرجی ئیستای کوردستان دا شتێکی نەگونجاوە.

جگە لەمانە رابەر خۆی وەکو وشە لە ئەدەبی سیاسی گەلان دا خۆشناو نیە. لە ئەوروپا کاتی خۆی تەنیا لە ئەڵمانیای نازی وشەی رابەر FUHRER بۆ هیتلەر بەکار هاتوە. دوای ئەویش لە لیبیا بۆ قەزافی و لە عیراق بۆ صەددام و لە ئێران بۆ ئیمام خومەینی و دواییتر بۆ خامنەئی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی دا هیچکام لەو ٤ کەسەی خۆیان بۆ رابەر هەڵبژارد بو دەنگی پێویستیان نەهێنا. بۆ ئەوەش ئەبێ سەر لە نوێ هەڵبژاردن بکرێتەوەو خەڵک چەند رۆژ خەریک بکرێ بە هەراوهوریای بانگەشەی هەڵبژاردنی رابەرەوەو، گەلەکەمان دیسان پەرت بکرێتەوە. جا لێرەدا بە پێویستی سەرشانی خۆمی ئەزانم چەند پیشنیارێ بۆ قازانجی گەلی کوردستان، بخەمە بەر چاوان :

١. با لەبەر خاتری قازانجی نەتەوەیی گەلەکەمان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد رابەرەکان دەس لەو پایەیە هەڵبگرن و لە باتی "رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد" یەکێکیان ببێتە سەرۆکی سولتەی تەشریعی و یەکێکیان ببێتە سەرۆکی سولتەی تەنفیزی. ئەگونجێ ئەو سەرۆکایەتییەش بە دەوری بگۆڕنەوە، تا پارلەمانی کوردستان بڕیاری چارەنوسی سیاسی خەڵکی کوردستان و جۆری پێوەندی لەگەڵ حکومەتی بەعس ئەدا.

٢. ئەگەر هەر سورن لەسەر مانەوەی رابەر لەو حالەتەدا با دو کاری ڕێ تەختکەر بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێ:

یەکەمیان، پێش ئەوەی هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکی تر لە کوردستان دا بکرێ میلیشیای چەکداری هەمو حیزبەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو لە باتی ئەوان هێزێکی نیزامیی یەکگرتو و، پۆلیسێکی بەهێز دروست بکرێ، ئینجا هەڵبژاردن بکرێ، بۆ ئەوەی تاهەتایە لە مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ رزگارمان ببێ. ئەو کاتە خەڵک هەر رابەرێکی هەڵبژارد هەمو دانیشتوانی کوردستان ڕێزی لێ بگرن و بە رابەری خۆیانی بزانن.

دووەمیان، دەسکاری قانونی رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بکرێ. ناوی رابەر بگۆڕدرێ بە وشەیەکی قانونی و عەسری لە باتی ئەوە بۆ نمونە "سەرۆک" یا "حوکمداری ئیقلیمی کوردستان" دابنرێ. جۆری هەڵبژاردنی بگۆڕێ، لە باتی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی گشتی دەسەلات بدرێتە پارلەمان بۆ هەڵبژاردنی. دەسەلاتەکانیشی هەندێکی بدرێتەوە بە پارلەمان.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئامۆژگارییەکی دۆستانەی مادام میتران بنوسمەوە کە کاتی سەردانی ئاوارەبونی بە کۆمەڵی خەڵک لە حاجی ئۆمەران وتی: ئەگەر ئیوە بە یەک دەنگ قسە بکەن هەمو دنیا گوێتان لێ ئەگرێ، بەڵام ئەگەر بە دو دەنگ قسە بکەن، هیچ کەس گوێتان لێ ناگرێ.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٨ ی ٦ ی :١٩٩٢

٢. چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە پارلەمان و دەزگای بەڕێوەبردن

(لە ژمارە ١١٢ ی ئەمڕۆ ٨ ی ٦ ی ٩٢: ی "کوردستانی نوێ" دا بڵاو کراوەتەوە)

دانیشتوانی کوردستان هیوایەکی زۆریان لە سەر پارلەمان هەڵچنیوە:

جوتیارە ڕاگوێزراوەکان، قوربانییەکانی ئەنفال، کەسوکاری شەهیدەکان، نوقسان و سەقەتەکانی شۆڕش، هەمو ئەوانەی لە ٣٠ ساڵی ڕابردودا پێشمەرگایەتییان کردوە، ئاوارەکانی کەرکوک و دوز شوێنەکانی تر، دەربەدەرکراوەکانی هەندەران، فەرمانبەرە موچەبڕاوەکان، ڕۆشنبیرەکان، هەژارەکان، دەولەمەندەکان، هەمو ژنانی کوردستان کە بە ژمارە ئەوەندەی هەمو ئەوانی ترن، هەمویان، بەڵێ ئەمانە هەر هەمویان چاوەڕێن پارلەمان و دەزگای بەڕێوەبردن خواستە تایبەتی و خواستە گشتیەکانیان جێبەجێ بکەن.

چی لەو هیوایانە ڕەواترە کە هەر تۆێژێ لەم تۆێژانەی نەتەوەی کورد هەیانە؟

چی بڕوایەک پتەوترە لەو بڕوایەی ئەم هەمو خەڵکە زۆرەی ئەیداتە یەکەمین پارلەمانی هەڵبژێردراوی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و بە دێ هێنانی ئاوات و هیوا زل و زۆرەکانی، کە لە پێشەوە پیوەندییان بە خواستە تایبەتییە ژیانییەکانی خۆیانەوە، ئینجا بە خواستی گشتی و هاوبەشی نەتەوەییانەوە هەیە؟

پارلەمانیش نابێ خەڵک بێ هیوا بکا، ئەبێ هەم خۆی لە ئاستی هیواکانی خەڵک دا بێ، هەم دەزگایەکی ئەوتۆ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستانی عیراق دابنێ لە ئاستی هیواکانی خەڵک دا بن. بێگومان خەڵکیش، بێ جیاوازی لادێ و شار، دەولەمەند و هەژار، گەورە و پچوک، ژن و پیاو... بە کۆڵودڵ هاوکارییان لە گەل ئەکەن و پشتیوانییان لێ ئەکەن.

بەڵام پارلەمان و دەزگای بەڕێوەبردنی کوردستانی عیراق لە ناو گەلێکی تاڵانکراو و لە ناو نیشتیمانێکی وێرانکراوا کاروباریان گرتۆتە دەست. گەنجینەکەی چۆڵە، بە ڕواڵەت هیچی لە بەر دەست دا نیە، تەنانەت بۆ خەرجی کۆبونەوەو هاتوچۆکانی.

دیارە پارلەمان بە چەند ڕۆژێ یا بە چەند هەفتەیەک ناتوانێ هەمو یا زۆری چاوەڕوانییەکانی خەڵک بهێنێتە دی، ڕەنگە کەسیش چاوەڕوانی ئەوە نەبێ، بەڵام هەمو چاوەڕوانی گۆڕانی بنەڕەتیین لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی دانیشتوانی کوردستان دا، گۆڕانێ کە بە تەواوی لە گەل ژیانی سەردەمی ڕابردو جیابێ.

نەبونی ئیدارە لە چەند مانگی ڕابردودا یەکێک بو لە هۆ گرنگەکانی پاشاگەردانی و فەوتانی هەندێ سەرچاوەی مالی و دزرانی کەلوپەلی دەولەت و لە دەس دەرچونی ئەو هەمو دراوە بێگانەیەی هاتە کوردستانەوە. دامەزراندنی ئیدارەیەکی لێوەشاوەو لێهاتو و کارامە خۆی لە خۆیا هەنگاوێکی گرنگە بەرەو هێنانەدی چاوەڕوانییەکانی خەڵک.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە پێش هەمو شتێکەوە خەڵک نانی ئەوێ، چاککردنی باری گوزەرانی ئەوێ، دابینکردنی ئاسایشی سەر و سامان و، جێگیرکردنی ئازادی و ڕێبڕینی یەکجاری هاتنەوەی بەعس و داوودەزگا تۆقێنەرەکانی ئەوێ، ئاواکردنەوەی گوندە ڕوخێنراوەکانی و ڕونکردنەوەی چارەنوسی ئەنفالەکانی ئەوێ... ئەم خواستانە هەمو ڕەوان، جێبەجێ کردنیان بە زوێی دژوار و سەختن، بەڵام "موستەحیل" نین، بەڵکو هەمویان قابیلی جێبەجێ کردنن.

چاوەڕوانییەکانی خەڵک زۆرن، چاککردنی باری گوزەران و دابینکردنی ئاسایش لە کوردستان دا لە پێشەوە دێن.

چەند سەرنجێ دەربارەی چاککردنی باری گوزەران

هەردو دەزگا ئەبێ بیر لە دانانی پلانێکی کورت خایەن و خێرا بکەنەوە بۆ چاککردنی باری گوزەرانی نەدار و هەژارەکان و دابینکردنی لایەنی کەمی پێویستییەکانی ژیانی هەمو خەڵک. بۆ ئەوەش هەرچی زوتر دەس بگیرێ بە سەر گومرگ و دەرامەتەکانی تری حکومەت دا، شارەزا مالی و بازرگانی و ئابوورییەکان بودجەیەکی چەند مانگی داهات و خەرج دابنێن بۆ چارەسەرکردنی کاتیی گیروگرفتەکانی معاش و گرانی و کەمی خواردەمەنی و سوتەمەنی.

هاوزەمان لە گەل ئەمەدا شارەزایانی کورد بە یارمەتی شارەزایانی بێگانە هەوڵ بدەن بۆ دارشتنی سیاسەتێکی مالی تایبەتی بۆ کوردستان جیاواز بێ لە سیاسەتی مالی مالێوێرانکەری عیراق، بەوەی :

١. سیستەمێکی بانکی تایبەتی بۆ کوردستان دابمەزرێنێ.
٢. سیستەمێکی نوێی باج وەرگرتن بۆ کوردستان دابنێ.
٣. سەرچاوەی ناوەکی و دەرەکی دارایی پەیدا بکا.

أ. سەرچاوە ناوەکییەکانی دارایی

١. ڕێکخستنەوەی گومرگ.
٢. رسوم.
٣. دەرامەتی دائیرەکانی حکومەت.
٤. وەرگرتنەوەی قەرزەکانی بانکی کشتوکاڵ و قەرزەکانی تر لە قەرزارەکان بە جۆرێکی عادلانە.
٥. وەرگرتنەوەی خانو و بیناو کەلوپەلی زەوتکراوی حکومەت.
٦. فرۆشتنی بەرهەمی کارگاکان و، چاکردنەوەی ئەوانەی لە کار کەوتون و فرۆشتنەوەی بەرهەمەکانیان.
٧. کۆکردنەوەی دەرامەتی کارەبا، ئاو، تەلەفۆن بە ڕێکوپێکی.
٨. گەر پێویستی کرد فرۆشتنی هەندێ لە زەوی و دوکان و خانوەکانی حکومەت.

ساڵی پار کورد چەند کارتێکی گوشاری بە ئاسانی لە دەس دەرچو، لەوانە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. ئەو دانەوێڵە زۆرەی لە کوردستان کرابو، زۆری بە حکومەتی بەغدا فرۆشرا.
٢. ئەو دراوە سەنگینەی ڕێکخراوە بێگانەکان هێنابنە کوردستانەوە ئەبو لە کوردستان دا گل بدرێتەوە، نەهێڵرێ بڕواتە بازاڕی ڕەشی بەغدا.
٣. هێشتنەوەی جادەکانی نێوان کوردستان و بەغداد بە کراوەیی بۆ گوێزانەوەی هەمو پێویستیەکانی ژیان لە کوردستانەوە بۆ بەغدا، تەنانەت لە سەردەمی ئابلۆقەدرانیشی دا، لە لایەن بەغداوە.

ئەمسال ئەبێ دەرس لە پار وەربگیرێ، بەرەنگاری گوشاری ئابوری ئەبێ بە گوشاری ئابوری بکرێ.

ب. سەرچاوە دەرەکییەکانی دارایی

ئیستا کوردستان پارلەمانی هەڵبژێردراوی خۆی هەیەو، لە دایکبونی ئەم پارلەمانە بە خۆشییەوە لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانیەوە پێشوازی لێ کرا و، تەنانەت هەندێ حکومەت، لەوانە گەورەترین هێزی سەردەم: ئەمەریکا، پیرۆزبایی لێ کرد و، ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خواست. پارلەمان ئەو دەزگا شەرعییەیە کە بۆشایی شەرعی و قانونی لە کوردستان دا پڕ ئەکاتەوە. ئەبێ پارلەمانیش دەزگایەکی بەڕێوەبردن دابنێ، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئیداری و ئەمنی و ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری لە کوردستان دا.

لە دەرەوە سەرچاوەی جۆراوجۆری دارایی هەیە، جیگیربونی ئارامی و ئاسایش لە کوردستان دا و، زیرەکی دیپلوماسیەتی کوردی و، جۆری بۆچونی دەسەڵاتی سیاسی کورد بۆ ڕێکخستنی نیزامی ئابوری، لە سەر بنچینەی ئازادی ئابوری و بازرگانی لەو هۆیانەن ئەتوانن دەرگا بۆ کورد بکەنەوە، یاخود دەرگای لە سەر دابخەن.

سامانی عیراق ئەوی لە ناوەوە هەیەتی و ئەوی لە دەرەوە داینراوە و شاردوویەتیەوە، مولکی هاوبەشی هەمو دانیشتوانی عیراقە. کوردستانی عیراق بە قەدەر ژمارەی دانیشتوانی بەشی لەو سامانەدا هەیە. کورد نەک هیچ بەشدارییەکی لە تاوانەکانی صەددام و حکومەتی عیراقی دا نەکردوە، نە بەرامبەر کوەیت و نە بەرامبەر هیچ دەوڵەتێکی تر، کورد لە شۆڕش دا بوە دژی ئەو ڕژیمە، ناڕازی بوە لەو شەڕانەی هەڵیان گیرساند و، بۆ ئەوەی نەبێتە هاوبەشی ئەو تاوانانە هانی سەربازە کوردەکانی داوە ڕیزی جەیش بە جێ بهێڵن. بەڵکو کورد خۆی گەورەترین قوربانی تاوانەکانی حکومەتی بەغداد بوە، جگە لەوەی بنچینەکانی ئابوری کوردستانی هەڵتەکاند، بە سەدان هەزار مرۆڤیشی لێ کوشتوە. ئەمە خەریکە لە دنیادا ئەچەسپێ. کاربەدەستانی کوردستان ئەبێ ئەم ڕاستییانە دوای ئەوەی ئەخەنە قاڵبی قانونی و سیاسی مەعقوڵ و مەنتیقیەوە، جار لە دوای جار بێ ماندو بون بخاتەوە بەر چاو و بیری ناوەندەکانی بڕیاردان بۆ ئەوەی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. ئەنجومەنی ئاسایش بگاتە ئەو باوەڕەی بڕیار بدات بۆ دەرهێنانی کوردستانی عیراق لەو بڕیارانەی بۆ سزادانی عیراق بە تایبەتی بۆ سزادانی ئابوری داوێتی.

٢. ئەنجومەنی ئاسایش بگاتە ئەو باوەڕەی بڕیار بدات، بەشی دانیشتوانی کوردستانی عیراق لە رەصیدە تەجمید کراوەکانی عیراق بگێڕێتەوە بۆ خۆی، بۆ چاککردنی باری ژیانی خەڵک و ئاواکردنەوەی سەرلەنوێی کوردستانی وێران.

٣. ئەنجومەنی ئاسایش بگاتە ئەو باوەڕەی بڕیار بدات، بەشێک لە دەرامەتی فرۆشتنی نەوتی عیراق تەرخان بکرێ بۆ بژاردنی ئەو زەرەرە گیانی و مادییەی لە کوردستانی عیراقی داوە، وەکو ئەوەی بۆ کوەیت دراوە.

ئەمانە ئەگەر ژیرانە کاری بێ پسانەوەیان بۆ بکرێ، لە هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی دنیاو، نۆڕینی جیهان بۆ حوکمی صەددام و بۆ پارلەمانی کوردستان، ئەگەر هەموشی قابیلی جێبەجێ کردن نەبێ ئەوا هەندێکی تری قابیلە، کە ئەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی دارایی بۆ چاککردنی ژیانی ئیستاو دوارۆژی خەڵکی کوردستان.

کوردستانی عیراق، پاش هەڵبژاردنی پارلەمان و دامەزراندنی دەزگای بەڕێوەبردنی، ئیتر خاوەنی شەخسیەتی مەعنەوی خۆیەتی بەناوی خەڵکی کوردستانەوە مافی گفتوگۆی ئابوری، بازرگانی هەیە و ئەتوانێ سەودا و مامەڵەیان لە گەڵ بکاو بەڵێن و پەیمانیان لە گەڵ ببەستێ. بۆیە دەزگای بەڕێوەبردن ئەبێ هەیئەتێکی شارەزاو پسپۆڕ بنێرێتە دەرەوە بۆ گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتان، کۆمپانی و بانکەکان، هەوڵیان لە گەڵ بدا قانعیان بکا بۆ:

١. قەرزی کورت خایەن و درێژخایەن.

٢. بەشداری کردن لە چاککردنەوەو بەگەڕخستنی کارگەکان و فرۆشتنەوەی بەرهەمەکانی دا.

٣. دامەزراندنی پرۆژەی هاوبەش.

٤. هاندانیان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەی بێگانە لە پرۆژەی پچوک و ناونجی و گەورەدا وەکو دەرهێنانی نەوت، ئاسن، بەرد، گەشەپێدانی کشتوکاڵ.

مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی کورد لە کوێوە دێن؟

هەمو تاقمێکی مرۆڤ، چ پچوک و چ گەورە، هەر لە خێزان و بنەماڵە و هۆز و خێڵەوە تا دانیشتوانی ناوچە یا دەوڵەتێک، بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی بدات، بە تایبەتی ژیانێکی ئاسودە پێویستی بە ئاسایش هەیە، مەترسیەکان بۆ سەر ئاسایش لە کوێوە دێن و، ئاسایش چۆن دابین ئەکرێ؟

دەوڵەتان بۆ دابینکردنی ئاسودەیی خۆیان و خەڵکەکانیان هەریەکەیان بە گوێرەی بیروبۆچونی خۆیان و، بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئامانجی نەتەوەییان و، هێزی ئابوریی و مرۆیی و تەکنۆلۆجی و سیاسی و دیپلوماسی و جەنگیی و پیشەسازی و رۆشنبیری... خۆیان، ئەو سەرچاوانەیان دیاری کردوە کە رەنگە لەوێوە مەترسی دروست ببێ بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاسایشی نەتەوەیان و، ڕێوشوێنی دابینکردنیان داناوە. دیارە هەر دەوڵەتە و بە پێی یەکەمی و دوەمی گرنگی ئامانج و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی، یەکەمی و دوەمی گرنگی و بایەخی بەرژەوەندیەکانی خۆی دیاری ئەکا.

کورد لە عیراق دا دەوڵەتی تایبەتی خۆی نیە، لە چوارچێوەی عیراقیش دا قەوارەیەکی دەستوری یا قانونی خۆی نەبوە، داکۆکی لە بەرژەوەند و قازانجەکانی بکاو، ئامانجەکانی لە سەرو هەمویانەوە: پارێزگاری ئاسایشی سەر و گیانی و مال و سامانی دابین بکا. دانیشتوانی کوردستان هەمیشە لە مەترسی دا ژیاون. هەرگیز دلنیا نەبون لە ژیان و سامان و کار و خانو و دوارۆژ، بەڵکو سبەێنێی خۆیان.

کێ ئاسایشی عیراقی تیک داوە؟ کێ بەرپرس بوە لەوەی نەهیلی کورد بە ئاسودەیی لە ناو مال و شار و گوند و نیشتمانەکەی خۆیا بە ئاسودەیی بژی؟ هەمیشە مەترسییەکان بو سەر ئاسایشی کورد لە کوێوە هاتون؟

لەو کاتەوە بەریتانیا دەوڵەتی عیراقی، لە پیکەوە نوساندنی ولایەتەکانی بەغداد و بەصراو ئینجا موسل، پیک هێناوە، حکومەتی مەرکەزی بەغداد لە زەمانی مەلیک فەیصەلی یەکەمەوە تا زەمانی صەددام حسین هەر کوردیان تاوانبار کردوە بە تێکدانی ئاسایش. تەنانەت سەعد قاسم حەممودی ڕۆژنامەنوسی بەعسی شارەزای هەمو روداوە ئاشکراو نهێنیەکانی سەردەمی دەسەلاتی بەعس، جگە لەوەی کورد بە تێکدانی ئاسایش و نۆکەرایەتی بیگانە تاوانبار ئەکا، مەسەلەی کورد بە دومەلی کێماوی" ناو ئەبا.

کوردی عیراق ئەگەرچی بە گوێرەی دەستوری موەقەتی عیراق هاوولاتی عیراقەو، لە هەمو ماف و ئەرکەکانی هاوولاتی بون دا وەکو هەمو عیراقییەکی ترەو، بە گوێرەی قانونی دەولی و دابەش بونی سنور و جوگرافیای سیاسییش خۆی و ئەرزەکەی بە شیکن لە عیراق، بەڵام حکومەتی عیراقی لە دیاریکردنی سەرچاوەکانی هەڕەشەکانی "امنی قطری عیراق" و "امنی وطنی عیراق" و "امنی قومی عیراق و عەرەب" کوردی هەمیشە لە ریزی ئەو دوژمنانەدا داناوە کە هەڕەشە لە هەمو ئەو جۆرە "امن" انە ئەکەن کە کاربەدەستانی بەعس دایان ڕشتون.

هەمو گەلێ ئاسایشی ناوەکی "امنی داخلی"و ئاسایشی دەرەکی "امنی خارجی" هەیە. بێگومان وردکردنەوەی تیگەیشتنیان لە گەلیکەوە بۆ گەلیکی تر ئەگوڕی. بیرکەرەوەکانی بەعس لە عیراق دا تیۆری دابینکردنی هەردو ئاسایشی ناوەکی و دەرەکی لە سەر ئەو گریمانەیە "فرضیە" دائەنین کە عیراق لە دەرەوە بە دوژمن دەوری گیراوە، لە ناوەوەش بە دو دوژمنی هەمیشەیی ئاخنراوە: کورد و شیعە.

بە گوێرەی تیۆری بەعس بۆ "امنی وطنی و قطری و قومی":

لە دەرەوە، ئێران و تورکیاو سوریا ٣ سەرچاوەی دائیمی هەڕەشەو مەترسین بۆ سەر عیراق، ئەمانە گوایە هەمیشە چاویان بریوەتە سەری عیراق و، بۆ هەڵێ ئەگەڕێن پارچەیەکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قوت بدەن. لە ناوەوەش، کورد هەمیشە نادلسوزە بە هاندانی ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی دراوسێ بۆ هەڵێ ئەگەڕێ عیراق تیک بداو پارچە پارچەی بکا.

کاربەدەستانی بەعس توشی نەخۆشییەکی وەها سەختی"العقده الامنیه"بون، نەک هەر لەوەدا کاتی خۆی رازی نەبون دامەزراوی لە بابەتی تەلەفون و کارەبا کە لەم زەمانەدا لە زۆر شوێنی دنیا مولکی شەریکاتی ئەهلیین، بخەنە سەر دەزگای ئۆتۆنۆمی، تەنانەت لە ژیانی تایبەتی خیزانی ئەندامەکانیشیان دا مەسەلەی"عقدەی امنی"یان حساب کردوە.

بەعس بە ئاشکرا ٤ دەزگای ئەمنی هەیە :

١. مدیریه الامن العامه.

٢. مدیریه الاستخبارات العسکریه العامه.

٣. جهاز المخابرات.

٤. جهاز الامن الخاص.

سەرەڕای ئەمانە ئەرکی سەرەکی ڕێکخستنەکانی بەعس و زۆری ڕێکخراوە پیشەیی و چینایەتی و جەماهیرییەکان، جاسوسی کردن بۆ بە سەر خەڵکەوە. ئەمانە دەزگا ئەمنییە" ئاشکراکانن، دۆزینەوەی دەزگاو تۆڕی نهێنی و نەزانراو ئەکەویتە وەختیکی تر.

بەعس پاراستنی امنی داخلی و خارجی" بەم دەزگایانە سپاردوەو هەموشیان راستەوخۆ لە لایەن سەرکۆمار خۆی، واتە لە لایەن صەددام حسینەوە سەرکردایەتی ئەکرێن و بەریوە ئەبرین. ئەم دەزگایانەش بە گوێرەی تیۆرییەکەی بەعس لە گەل کورد وەکو دوژمنیکی ناوخۆ ڕەفتار ئەکەن. دەزگا ئەمنییەکانی عیراق تا چ ڕادەیەک ڕێزی مافی مرۆڤی عیراقییان گرتوە ئەوە شتیکە لێرەدا پێویست بە لیدوان ناکا، چونکە زۆر لایەنی بۆ دنیا دەرکەوتوە. بەڵام کورد کە چەند ملیۆنیکە لە عیراق داو لە خانەی دوژمنانی ناوخۆدا ڕیز کراوە ئەبێ چی بکا بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆی بپارێزی؟

ئەگەر کوردیش وەکو هەمو میللەتیکی ئەم سەرزەمینە مافی هەبێ ژیانی بە ئاسودەیی و ئازادی و بە ئاسایش لە وڵاتەکەی خۆی دا بە سەر بەرێ، ئەوا ئەبێ ئەویش حسابی امنی داخلی و خارجی" خۆی بکات و، بگەرێ بۆ ئەو شوێنەی کە هەمیشە مەترسی لیوە دێ و هەڕەشە لە ئاسایشی سەر و گیان و مال و سامانی دانیشتوانی کوردستان ئەکا.

لەوەتی بەعس هاتۆتە سەرکار کورد بە بێگانەو نائەمین و نادلسۆز و خائین و نۆکەری بێگانە دائەنێ. کورد مەگەر بە ریکەوت بکەویتە دامەزراوو داوودەزگاو خۆیندگا ئەمنییەکانەوە. دەزگا جۆراوجۆرەکانی سەرکوتکردن هەر لە"امن"وە تا ئەگاتە جیش"دەسەلاتیکی ناقانونی بی وینەیان هەیە بۆ گرتن، کوشتن، ونکردن، ئازاردان، دەسدرێژی بۆ سەر ناموس، زەوتکردنی مال و دارایی، سوتاندن، ویرانکردن. مرۆڤ لە ژێر سایەی ئەم دامەزراوانەدا هیچ مافیکی نیە. عەدالەت یا تەنانەت قانونە نارەواکانی خۆیان بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هیچ جۆری پێڕەوی ناکرین. بەعس بە ناو ئۆتۆنۆمی بۆ کورد سەلماندوە، بەڵام پاراستنی ئاسایش کوردی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.

لە راپەڕینی مارتی ١٩٩١ دا یەکەمین بارەگای کە لە بارەگای هەمو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس زیاتر زیانی گیانی و مالی پیگەیشت، بارەگاکانی امن" و بەعس" بو، ئینجا بارەگاکانی تری دەزگا سەرکوتکەرەکان. ئەبو ئەمە خۆی پرسیاری بۆ صەددام حسین و هاوکارەکانی دروست بکا، بۆ پیاچونەوە بە ستراتیجی ئەم دەزگایانەو جۆری رەفتاریان لە گەل خەڵک، چونکە خۆی راستەوخۆ بەرپرسی ئەم دەزگایانەیەو هەمو تاوانەکانیان راستەوخۆ لە ملی خۆیایەتی.

نوێنەرایەتی کورد لە گفتوگۆکانی پاری دا، هەوڵیکی زۆری دا بۆ ئەوەی لە ناو ئەو هەمو دەزگا جیاوازە ئەمنییانە تەنیا یەک دەزگایان کە پیوەندی بە امنی داخلی" دانیشتوانی کوردستانەوە هەیە، بوبوە مۆتەکەی سەر سنگی خەڵک، بخریتە ژێر دەسەڵاتی حوکمی زاتی. هەوڵەکان سەریان نەگرت بە بیانوی ئەوەی ئەویش ئەبێ لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆک، واتە صەددام حسین، دا بی، بەڵام موافەقەت نەکردن لە سەر ئەوەی دەزگای ئەمن بخریتە سەر حوکمی زاتی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەگەر لە سەر مەرکەز بمینیتەوە دڕێژە بە هەمان ستراتیج و سیاسەت و رەفتار ئەدا کە لە سالانی پیشودا بویەتی سەبارەت بە جاسوسی کردن بە سەر ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسانی نیشتمانپەروەر و نابەعسی و، ترساندن و ئازاردانی خەڵک و پیشیلکردنی مافی مرۆڤ، بەڵام ئەگەر بخرایەتە ژێر دەسەڵاتی حوکمی زاتیەوە، سروشتی دەزگاکە ئەگۆڕا لە باتی ترساندن و دەسدرێژی، ئەکرایە دەزگای پاراستنی ئاسایشی گیان و مال و مافی خەڵک.

مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی دانیشتوانی کوردستانی عیراق لە ئێران و تورکیاو سوریاوە نەهاتوە، دەزگا ئەمنییەکانی ئەوان نەبون کە هەڕەشەی کوشتن و فراندن و دەسدرێژی بۆ سەر ناموس، مال زەوت کردن، سەرانەو بەرتیلیان لە خەڵکی سلیمانی و هەولێر و کەرکوک و دهۆک کردوە، بەڵکو دەزگا ئەمنییەکانی عیراق بون، بە واتەیەکی تر مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی کوردستان لە ئێران و تورکیاو سوریاوە نەهاتون، بەڵکو لە بەغدادەوە هاتون.

کەواتە دانیشتوانی کوردستان هەقیانە لە دەزگا ئەمنییەکانی عیراق بترسین و ری نەدەن جاریکی تر بگەڕێنەوە ناویان، ئاسایشی گیان و مالیان تیک بدەن و، مافە سەرەتاییەکانیان زەوت بکەن، بەڵکو ئەبێ دەسەڵاتی نوی، لە پال باشکردن و بەهێزکردنی دەزگای پولیس دا، دەزگایەکی مۆدیرن بۆ پاراستنی ئاسایش ناوەوەی کوردستان دابمەزرێنن، ئەرک و فرمان و دەسەڵاتەکانی بە تەواوی جیاواز بی لە ئەرک و فرمان و دەسەڵاتەکانی دەزگای بەدناوی ئەمنی بەعس.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عیراق بەبیانوی ئەوەی ئێران و تورکیاو سوریا چاویان بریوەتە شیمالی عیراقی دەولەمەن بە نەوت و، ترسی هەڕەشەی بیگانە لە شیمالی عیراق، واتە بۆ کوردستان، ناوچەکەی لە کۆنەوە کردۆتە سەربازگەیەکی گەورە، بیانوەکەی عیراق راست نەبوە چونکە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق هیچ کات لەو دەوڵەتانەوە هەڕەشە لە کوردستانی عیراق نەکراوە، هێرشی نەکراوەتە سەر، داگیر نەکراوە ٣ جار نەبێ:

جاری یەکەم، ساڵی ١٩٦٣ کە بەعسی عیراقی داوای پشتیوانی جەنگیی لە بەعسی سوری کرد بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشی کوردستانی عیراق، ئەوە بو لیوای یەرموک بە سەرکردایەتی فهد الشاعر بۆ بە دەنگەوە هاتنی جەیشی عیراق پەلاماری کوردستانی دا.

جاری دوەم، ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٨٨ وەختێ کە صەددام حسین فەرمانی دا بە جەیشی عیراق پەلاماری ئێران بدەن و ئیتر جەنگی هەشت ساڵەی ئێران - عیراق هەلگیرسا.

جاری سێیەم، ساڵی ١٩٨٣ کاتێ حکومەتی بەعس مافی دا بە حکومەتی تورک بۆ راونانی شۆرشگیرانی کورد ٥ کیلومەتر بینە ناو خاکی کوردستانی عیراقەوە.

جگە لەم ٣ حالەتە کە هەر سیکیان بەعس خۆی بەرپرسە لێیان، هیچ جارێکی تر جەیشی عەرەبی سوری، ئۆردوی تورک و، ئەرتەشی ئێران نەهاتونەتە ناو خاکی کوردستانی عیراقەوە، ئازاری خەڵکی کوردستانی عیراقیان نەداوە. بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا جەیشی عیراق چی ماوە بە سەر دانیشتوانی کوردستانی دا نەهێنابێ؟

جەیشی عیراق لە دامەزراندنیەوە بە فەوجی ئیمام موسای کازم" تا بو بە هێزی پینجەمی دنیا" وەکو صەددام حسین ئیدیعای ئەکرد، هەر لە شەردا بوە دڕی کورد. بە درێژایی حەفتا ساڵی رابردو سەدان هەزار کوردی کوشتوە، هەر لە ئەنفالی ١٩٨٨ دا زیاتر لە ١٠٠ هەزار کوردی ون کرد.

جەیشی عیراق دەستی لە هیچ جۆرە ئازاردانیکی کورد نەپاراستوە، هەمو گوند و ئاوایی و زۆری شارەکانی روخاند. ناپالم، فوسفور، جۆرە جیاوازەکانی چەکی کیمیایی، خەردەل و تابون و سیانید... بۆ کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بە کار هێنا. چەندین ملیۆن لوغمی لە ئەرزی کوردستان دا چاند. دارستان و لێرەوارەکانی فەوتان و دارگوێزەکانیشی کڕاندەوە. گیانلەبەری مالی و کێوی بە کۆمەڵ لەناو برد.

لێرەدا پرسیارێ دێتە پێشەوە:

مەترسی بۆ سەر ئاسایشی دەرەکی کوردستانی عیراق لە کوێوە دێ؟ لە ئێران و تورکیاو سوریاوە، یاخود لە بەغدادەوە؟

وەڵامەکەی ئەوەندە ئاشکرایە پێویست بە نوسین ناکا.

کەواتە دانیشتوانی کوردستان هەقیانە هەمیشە لە جەیشی عیراق و هێزە چەکدارەکانی بەغداد بترسین و بۆ رەواندنەوەی ئەو ترسەو، بۆ بەرگری لەو مەترسیە، بۆ ئەوەی بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دلنیایی لە ئاسایشی سەر و گیان و مال و سامانی خۆیان بژین، ئەبێ هێزیک هەبێ پارێزگارییان بکا، ئەگەر ئەو هێزە جاران پێشمەرگە بوبێ، ئەبێ ئیستا هێزیکی نیزامی ئەوتۆی هەبێ لە ئاستی هەڕەشەکانی حکومەتی بەعس و دلنیاکردنی کوردا بێ.

٢٨ ی ٦ ی :١٩٩٢

٣. ئابووری دێهات و ئاسایشی نەتەوەیی کورد

(لە ژمارە ١٢٦ ی ئەمڕۆ ٢٨ ی ٦ ی ٩٢: ی "کوردستانی نوێ" دا بڵاو کراوەتەوە)

کورد لە مێژە گوتوێەتی: برسیێتی رەگی هاری پیوەیە!

مرۆڤ لە کۆنەوە لە سەر ئەرز و ئاوو سامان و خۆراک لە گەل یەکتری بە شەر هاتوون.

هەمو ئەو دەوڵەتانەی بۆ دابینکردنی خۆراکی دانیشتوانی وڵاتەکەیان پشت بە بازاری دەرەوە ئەبەستن بە لاواز دائەنرین، چونکە هەمو کات لە مەترسی ئەوەدان، لە کاتی دروستبونی ناکۆکی دا، خواردەمەنی وەکو چەک بۆ برسی کردنیان بە کار بهێنرێ. بەرهەمهێنانی خۆراک بە ئەندازەی پێویست بۆ هەر گەلێ، پلەی گرنگیی یەکەمینی هەیە. ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسی هەمیشە وەکو بەشیکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان سەیری ئەکەن.

سەیر ئەوەیە هەرچەند باسی دەولەمەندیی کوردستانی عیراق ئەکرێ، یەکسەر بیر لە سامانی نەوت ئەکرێتەوە. ئەم بۆچونە لای بیگانەو لای کورد چەسپیوە، لە کاتیکا کوردستانی عیراق جگە لە نەوت چەندین کانی مەعدەنی بە نرخی وەکو ئاسن، مس، نیکل، ئەسبیست، بەردی جۆراوجۆری مەرمەر و گرانیت و گەچ و چیمەنتۆ. سەرەڕای ئەمانەش هەموی خوا سروشتیکی جوان و دەولەمەنی پر لە فەڕ و بەرەکەتی بە کورد داوە، ئەتوانێ بە بەروبومی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پێویستییەکانی ژیانی دانیشتوەکانی دابین بکات.

بۆ کشتوکاڵ چەند شت پێویستن لەوانە: ئەرز و ئاو. لەکوردستان هەردوکی مشەیە.

سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان زۆرن. بێ ئەوەی هیچ جۆرە تەکنۆلۆجیایەکی پیشکەوتو بە کار بهێنرێ. هەزاران کانی، کاریز، جۆگا، چەم ئەتوانری بۆ ئاودانی کشتوکاڵ بە کار بهێنرێ، سەرەڕای ئەوەش کوردستان هەموی لەناو هیلی باران دایە. دانەوێلە کە مادەیەکی ستراتیجی دابینکردنی ژیانە، لە کوردستان پشت بە باران ئەبەستێ.

روی ئەرزەکەشی هەموی وەکو یەک نیە، هەندێکی چیایە، هەندێکی هەردەیەو هەندێکیشی دەشتە. بەرزی روی ئەرزی کوردستان لە ئاستی دەریاوە لە هەندێ شوێن ئەگاتە ٤ هەزار مەتر کەچی لە هەندێ شوێنی تری دا لە چەند سەد مەتری تی ناپەرێ. جیاوازی پلەی سەرماو گەرمای رۆژ و شەو لە ٢٠ و، هی زستان و هاوینی لە ٤٠ تا ٥٠ پلەی سەدی تی ئەپەرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەم پێیە مەناخی کوردستان وەکو یەک نیە بۆیە دارودەوەن و گژوگیاو رووەکی جۆراوجۆری لی ئەڕوێ. هەندێ شینایی کە لە دەشتی گەرمیان سەوز ئەبن لە زەوییەکانی بناری هەلگوردا ناروین و، پیچەوانەکەشی هەر وایە.

ئەرزی کوردستان لە بارە بۆ کشتوکاڵ. وەکو مێژوش ئەگیرێتەوە یەکیکە لە مەلبەندە هەرە کۆنەکانی داچاندنی گەنم. کورد پشت لە دوای پشت تەجروبەی هەزاران ساڵی رواندنی رووەکی جۆراوجۆر و هەلبەستنی جۆگاو دروستکردنی تەلان و ناشتنی رەزو باخی لە لا کەلەکە بوە. کوردستان مەلبەندی کشتوکاڵ و عەماری دانەویلە بوە بۆ دراوسێکانی. ئاستی ژیانی جوتیاری کورد، ئەگەرچی بە گوێرەی ستاتستیکی رەسمیی حکومەتی عیراق لە پلەیەکی نزم دا بوە، بەڵام راستییەکەی بە هۆی جۆری سیستەمی بانکی و جۆری سیستەمی باجوەرگرتنی عیراقی و جۆری ئەو ستاتستیک و سەرژمێرییانەی کراون، هەروەها بە هۆی نەبونی دەسەڵاتی حکومەت لە زۆر شوێنی کوردستان، دەزگاکانی دەوڵەت هەرگیز نەیانتوانیوە بە راستی دەرامەتی سالانەی جوتیاری کورد هەلبسەنگێنن و بە راستی باری گوزەرانی جوتیارانی کوردستان بزانن.

سەرچاوەکانی ئابوری دێهاتی کوردستان زۆر و جۆراوجۆرن وەکو لە خوارێ باسی ئەکرێ:

ا. کشتوکاڵ

١. دانەویلە وەکو، گەنم، جۆ، نیسک، نۆک، پاقلە، فاسۆلیا، لۆبیا، برنج، ماش.

٢. رەزوباخ وەکو، تری، سیو، هەنجیر، هەنار، قەیسی، قۆخ، هەلوژە، هەرمی، تو، لیمۆ، خورما، پرتەقال، ترش، گوێز، بادام.

٣. رووەک بۆ پیشەسازی وەکو، توتن، پەمو، کونجی، کەتان، گەنمەشامی.

٤. سەوزەی چیشت وەکو، تەماتە، بامی، باینجان، کولەکە، بیبەر، پیاز، سیر، شیلم، چەوەندەر، پەتاتە، کەلەرم. سەوزەی کال وەکو کەوەر، تەرخون، کەرەوز، تور، تەرەتیزە، کاهو، شوتی، کالەک، خەیار، ترۆزی.

ب. حەیوان

مەر، بزن، بزنی مەرەز، گاو چێڵ، ولاخی باربردن وەکو، ئیستر، ئەسپ، کەر.

ج. پەلەوەر

مریشک و کەلەشیر، قەلەمون، قاز، مراوی.

د. هەنگ.

ها. بەروبومی سروشتی

دار، بنیشت، کەتیرە، گیاسالم، کنگر و گژوگیای تری خواردن، قارچک و دومەلان.

و. راو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. حەیوان، بۆ گۆشت وەکو نێری و بزنەکیوی، کەمتیار، ئاسک، شور. بۆ پیست وەکو دەلەک، ریوی، ورچ.
٢. مەل، وەکو کەو، سویسکە، پۆر، چیرگ، مراوی، قاز، قوڵنگ.
٣. ماسی.
ز. کاری دەست
١. جۆلایی، وەکو کر، بەرمال، جاجم، پۆپەشمین.
٢. تەونگەرێ، وەکو بەڕە، فەرش، جەوال، تێڕ، رەشمال، گوریس.
٣. چنین، وەکو گۆرەوی، بلوز، دەسکێش.
٤. لباد، فەرەنجی، پەستەک.

ئەمانە هەمو لە دێهاتی کوردستان دا بەرهەم ئەهێنران. لەمەش مەبەست ئەوە نیە کە هەمو خێزانێکی جوتیار لە هەمو گوندێکی کوردستان دا هەمو ئەو شتانەی بەرهەم هێناوە. بەڵام جوتیاری هەمو ناوچەکان بەشی زۆری پێویستییەکانی ژیانی ساڵانەی خێزانەکانی خۆیان لە دانەویلە، سەوزە، گۆشت، سپیایی، هەنگوین، بەرهەم ئەهێنا. هەندێکیشیان لی زیاد ئەبو لە بازارا ئەیانفروشت بە پارە.

ئابوری دێهاتی کوردستان تێکەڵاو بو لە ئابوری سروشتی و ئابوری بازار. جوتیار ئەو بەشەی بەرهەمەکەی کە بۆ ژیانی ساڵیکی پێویست بوایە، لە ناو مالی خۆی دا زەخیرەی ئەکرد، ئەمەیان کرین و فرۆشتنی تی دا نەبو، جۆریکە لە ئابوری سروشتی. ژماردنی ئەمەو هەڵسەنگاندنی بە پارە لە توانای دەزگاکانی دەوڵەت دا نەبوە، لەبەر ئەوە نەچۆتە ناو هیچ ستاتستیکیکی رەسمییەوە.

جوتیار ئەو بەشەی بەرهەمەکەی کە لە خۆی زیاد بوایە لە بازاڕ ئەیفرۆشت بە پارەو، بەوەش پێویستیەکانی تری ژیانی وەکو جلوبەرگ، شەکروچا، ئاسنجاو و شتی تری پێ ئەکڕی. ئەمەشیان کە فرۆشتن و کرینی تی دا بو جۆریکە لە ئابوری بازار.

دێهاتەکانی کوردستان هەمیشە پەناگای شۆرشگێڕانی کورد و سەرچاوەی دابینکردنیان پێویستیەکانیان، بە تایبەتی خواردەمەنی، بون. دێهاتەکانی کوردستانی عیراق لە بیستەکانەوە توشی زۆر روداوی ناخۆش بون: زۆر جار بوردومان کراون، سوتێنراون، روخێنراون، راگوێزراون، ئاژەڵ و دەغلودان و رەزوباخیان توشی تالانکردن لە ناوچون بوە.

سیاسەتی کوردیی بەعس، لە گەڵ سیاسەتی هەمو حکومەتەکانی تری عیراقی سەردەمی پاشایەتی و جمهوری، جیاواز بوە. بەعس ویستویەتی کورد لە ناو ببات و، ئەگەر نەکرا لە ناو ببرێ لاواز بکرێ و نیشتمانەکەی داگیر بکات و، عەرەبی تێ دا نیشتەجێ بکات. ئەم سیاسەتە هەر زو ئاشکرا بو. ساڵی ١٩٦٣ کاتێ بەعس دەسەڵاتی بۆ ماوەی چەند مانگێ گرتە دەست کەوتە تێکدانی ئاواییە کوردنشینەکانی ناوچە نەوتیەکان. تەنانەت چەند گەرەکێکی کوردەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ناو شاری کەرکوک دا روخاند. دەغلودانی کوردستانی سوتاندو ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ کوشت. ساڵی ١٩٦٨ کاتێ بۆ دوەم جار دەسەڵاتی گرتەوە دەست، ئەمجارە بە جۆرێکی سیستەماتیک کەوتە جێبەجێ کردنی سیاسەتی تەهجیر و تەعریب و تەبعیس.

بەعس ناوچە نەوتیەکانی لە کورد چۆڵ کرد و عەرەبی هێنایە جێگایان. کوردە فەیلیەکانی بە بیانوی ئێرانی بون«ەوە لە عیراق دەرکرد. بە درێژایی سنوری خواروی کوردستان، دەستی کرد بە دەرکردنی کورد و هێنانی عەرەب بۆ شوێنەکانیان. بەعس نەیئەتوانی بە تەواوی سیاسەتی خۆی جێبەجێ بکات تا شۆرشی ئەیلول هەرەسی هێنا.

بەعس ویستی ئەوپەڕی کەڵک لە هەرەسی شۆڕشی کوردستان وەربگرێ بۆ ئەوەی سەیتەرەی سپایی و سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری و تەنانەت "نەفسی" بە سەر خەڵکی کوردستان دا بکا بۆ ئەو مەبەستەش:

- کوردستانی تەنی بە موعەسکەر و رەبیە.

- تۆڕی فراوانی جاسوسی لە هەمو گوندەکانا دامەزراند. موختارە کۆنەکانی گۆڕی، موختاری نوێی داناو معاشی بۆ برینەوە بۆ ئەوەی هەواڵەکانی گوندەکان بە دەزگا ئەمنییەکان بگەیەنن.

- تۆڕی فراوانی رێکخستنی بەعسی بردە ناو گوندەکانەوە، بارەگای لە هەندێکیانا کردەوە.

- قانونی رەقەم ٩٠ ی دانا بۆ سەندنەوەی مولکیەتی زەوی لە نەتەوەی کورد و کردنی بە مولکی حکومەتێکی عەرەبی.

- بڕیارێکی دەرکرد بۆ ئیعدام کردنی هەرکەسێ چەک یان تەقەمەنی لە لا بگیرێ.

- پلانی راگوێزانی گوندەکانی سنوری دانا....

بەعس نوقتەی قوەتی کوردی دۆزی بوەوە. نوقتەی قوەتی ئابوری دێهات بو. بۆیە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول کەوتە هەوڵی ڕماندنی ئابوری دێهات و، شکاندنی شەخسیەتی جوتیاری کورد. لە ١٩٧٥ بە دواوە کەوتە راگوێزانی گوندەکانی سنوری ئێران، تورکیا، سوریا بە قولایی ٣٠ کم. دانیشتوانی راگوێزراوی ئەم گوندانەی لە ئۆردوگای دیاریکراوی نزیک جادە گشتیەکان نیشتەجێ کرد. هەندێ پارەی بە ناوی بژاردن "تعویض" هوە دانی، زۆریشیانی بە کرێکاری بێکار لە غابات و دائیرەکانی تردا کرد بە موچەخۆری حکومەت.

راگوێزانی سنور لە ١٩٧٥ هوە درێژەی کێشا تا لە ١٩٧٨ دا تەواو بو. ئەو شوێنانەی چۆڵ ئەکران، دانەنران بە"منطقه محرمه" جگە لە رەبیەو موعەسکەرەکانی جەیش هیچ کەسیکی تر رێگە نەئەدرا بۆ هیچ مەبەستیکی تر کەڵک لە شوێنە چۆڵکراوەکان وەربگرێ بۆ کشتوکاڵ و، لەوەڕاندنی ئاژەڵ و، کۆکردنەوەی بەروبومی سروشتی، تەنانەت بۆ توریزم و سەیران. هالیکۆپتەری جەنگیی بە ئاسمانی "منطقه محرمه" دا ئەخولانەوە هەرکەسێکیان بدیایە یا ئەیانکوشت یا ئەیانگرت و"محکمه الثوره"حوکمی ئیعدامی ئەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵی ١٩٧٦ پێشمەرگایەتی دەستی پێ کردەوە. ئەمجارەش وەکو جارەکانی تر دێهات پەناگای شۆرشگێران بو. بەعس هەوڵێکی زۆری دا و دڕندایەتییەکی بێ وێنەی نواند بۆ کۆژاندنەوەی. بەڵام شۆڕش چەسپی و بەعس نەیتوانی بیکوژێنێتەوە. شۆڕشی ئێران سەرکەوت و شا روخا. شۆڕشی کوردستانی عیراق لە دوژمنیکی گەورە رزگاری بو. بگرە دەرەتانیکی بۆ کرایەوە. جەنگی عیراق - ئێران هەڵگیرسا. بەعس زۆرتر بە شەڕی ئێرانەوە خەریک بو. چالاکی پێشمەرگە زیادی کرد. بەعس بەردەوام بو لە سەر بەرەنگاری شۆڕشی کورد. هەر گوندێ شەڕی تیا ئەقەوما ئەیان روخاند. زۆری گوندەکانی ئەوان دەستیان ئەیگەیشتێ ویرانیان ئەکرد. جوتیارەکانیان هان ئەدا بار بکەن بۆ شارەکان و ئۆردوگاکان. گیانی عەشیرەتگەڕێیان زیندو کردەوە. بایەخیان ئەدا بە سەرۆکی عەشیرەتەکانی کورد و دەسەڵاتیان زیاد ئەکردن. "مجلس قیاده الثوره" لە ساڵی ١٩٨٢ دا بڕیاری ڕاگوێزانی هەمو دێهاتەکانی کوردستانی دا. هەروەها بڕیاری کاول کردنی هەندێ لە مەرکەزی ناحیەو قەزاکانیشی دا. بۆ ئەوەی بە تەواوی ئابوری دێهات بروخێنی، بەوەش نوقتەی قوەتی کورد لاواز بکات.

بەعس لەو کاتەدا نەیتوانی بە تەواوی بڕیارەکەی جێبەجێ بکات چونکە:

١. جەنگی عیراق - ئێران لە کایەدا بو.

٢. جگە لەوەی پێشمەرگە بەهێز بوبو، زۆرایەتی دانیشتوانی دێهاتەکانیش خۆیان چەکدار کرد بو، بەرهەلستی هێزە چەکدارەکانی بەعسیان ئەکرد.

٣. گفتوگۆی ی.ن.ک و بەعس کە لە کۆتایی ١٩٨٣ دا دەستی پێ کرد و ١٣ مانگی خایاند، ئەویش مەسەلەکەی هەندێ دواخست.

لە ١٩٨٤ دا کە شەر لە نێوان هێزەکانی ی.ن.ک و بەعس دا هەڵگیرسایەوە، هێزەکانی بەعس بەوپەری توندوتیژییەوە کەوتنە هەوڵدانی ڕوخاندنی ئابوری دێهات. ئابلوقەی ئابوریان دا. هەمو موچەخۆرەکانی حکومەت لەوانە مامۆستای قوتابخانەکان و مەلای مزگەوتەکانیان کێشایەوە. بە تۆپی قورس و بە فڕۆکەی جەنگیی، هەمو دێهاتەکانیان بە بی جیاوازی و بە جۆرێکی دیاریکراو، بۆردومان ئەکرد. تەنانەت لە سەرژمیری ١٩٨٧ دا هەمو دانیشتوانی دێهاتەکانی ئازادکراوەکان کە نەچوبونە ناو ئۆردوگاو شارەکان ناونوس نەکران. ئیمتیازی زۆری دا بە سەرۆکی عەشیرەتەکان و فەوجی چەکداری بۆ دروست ئەکردن، بۆ ئەوەی دانیشتوانی دێهات لە خۆیان کۆ بکەنەوە. کەوتە بەکار هێنانی گازی ژەهراوی دژی دانیشتوانی دێهات. سەرەڕای ئەمانە هەمو بەعس نەیتوانی وا لە خەڵکی لادی بکا، گوندەکانیان بە جی بهێلن، تا کۆتایی ١٩٨٧ کە عیراق ئاگاداریی وردی لە سەر توانای جەنگیی ئێران وەرگرت. ئێران ئیتر توانای هێرشبردن و پەلاماردانی عیراقی نەمابو. تەنانەت لە هەندێ شوێن توانای خۆپاراستنیشی کز بوبو. بەعس ئەمەی بە هەل زانی، بۆ ئەوەی ئەو جەیشە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زلەی لە ماوەی جەنگی عیراق - ئێران دا دایمەزراند بو، لە کوردستان کۆ بکاتەوەو، بەکاری بهێنێ بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی "مجلس قیاده الثوره" سەبارەت بە چۆلکردنی ئاوایيەکانی کوردستان و روخاندنی ئابوری دێهات.

لە مانگی شوباتی ١٩٨٨ دا هێزە چەکدارەکانی عیراق بە سەرکردایەتی صەددام حسین خۆی،"هێرشی ئەنفالی ١" بە پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەلبەندی ٢ ی ی.ن.ک کە لە دۆلی جافەتی بو لە سلیمانی و دوکان و چوارتاو قەلادزەوە دەست پی کرد. هێزەکانی بەعس ناوچەکەیان داگیر کردو هەمو ئاوایيەکانیان ویران کردو، هەرکەسیکیان بەردەست کەوت یا هەرکەس چوە بەردەستیان ونیان کرد.

بە دوای "ئەنفالی ١" دا هێرشی "ئەنفالی ٢" بۆ سەر بارەگاکانی مەلبەندی ١ ی ی ن ک دەستی پێ کرد لە قەرەداخ و گەرمیان. ئیتر "ئەنفالەکانی ٣ و ٤" لە ناوچەکانی کەرکوک و هەولێر دریژەی کێشا تا دوا قۆناغی لە بادینان بە "خاتمه الانفال" تەواو بو.

لە ئەنجامی هێرشەکانی ئەنفال دا:

١. هەمو ئاوایيەکانی کوردستانی عیراق، جگە لە چەند گوندیکی دیاریکراو، ویران کران.

٢. هەمو کوردستانی عیراق، جگە لە ئۆردوگاکان و ٢٠٠ مەتری کەناری جادە گشتییەکان، کرا بە "منطقه محرمه".

٣. بەعس هەمو مالّ و ئاژەڵ و دارایی دانیشتوانی ناوچە ئەنفالکراوەکانی بە تالان برد.

٤. زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسی لە دانیشتوانی ناوچە ئەنفالکراوەکان بە دیلی بردو لەوساوە هیچ کەس ئاگای لە چارەنوسیان نیە.

کاولکردنی ئاوایيەکانی کوردستان و، راپێچانی دانیشتوانی دێهات بە زۆر بۆ ئۆردوگاکان، کارێکی قوڵی کردە سەر جۆری پێکهاتنی کۆمەڵایەتی کورد و لایەنی ئابوری و سیاسی و رۆشنبیری و نەفسی ژیانی گەلی کورد.

جوتیاری کورد کە پیشان بەرهەمهێنەر و، تا رادەیەک دەولەمەن یا مامناوندجی بو، نان بدەو میواندار و بەرچاو فراوان بو، بو بە کەسیکی هەژاری بخۆری بەرچاوتەنگ، چونکە:

١. جاران خۆی بە کاری بەرهەمهێنەرانە پارەی پەیدا ئەکرد، بەڵام دوای راگوێزانی، لە ئۆردوگا بێکار کەوت بو ئەبو بۆ دابینکردنی ژیانی پشت بەو "معاش" ە ببەستی کە لە رێگای موستەشاری فەوجەکانەوە لە حکومەت وەری ئەگرت، یا ئەبو لە کۆکراوەکەی خۆی بخوات.

٢. جاران خۆی بەشی زۆری پێویستیەکانی ژیانی خۆی بەرهەم ئەهێناو زیادەکەشی بە خەڵکی ناوشارەکان ئەفروشت، کەچی دوای راگوێزانی ئیتر بۆ دابینکردنی خواردنیشی ئەبو پشت بەو شتومەکە ببەستی کە لە وەکیلەکانی مبایعات«ی حکومەت وەری ئەگرت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە واتایەکی تر جوتیاری کورد کارەکەی لە جوتیارییەوە گۆڕا بۆ کارێکی تر، هیچ جۆرە سەربەخۆییەکێشی نەما، بەڵکو بەسترایەوە بە حکومەتەوە، بۆ ئەوەی بە بی یارمەتی حکومەت نەتوانی بژی.

لێرەدا دیسانەوە پرسیاری گۆرین خۆی قوت ئەکاتەوە: مەترسییەکان بۆ سەر ئابوری دێهات بە تایبەتی و ئابوری کوردستان بە گشتی و، بۆ سەر دابینکردنی خواردەمەنی لە کوێوە هاتون و دین؟ لە کارەساتی سروشتییەوە وەکو لە ئیسیوبیا و سودان و هێند و پاکستان... ئەقەومێ یاخود لە بەغداوە؟

وەڵامەکەی دیارە هەر لە بەغداوە. ئەگەر کارەساتی سروشتی: بێبارانی، لافاو، سون و کوللە، وەیشومەو گەردەلول، بومەلەرزە... لە ناو دەیان ساڵ دا جارێک زیانی لە ئابوری کوردستان دابێ و، هەڕەشەی لە کشتوکاڵ و خواردەمەنی خەڵکی کوردستان کرد بی، ئەوا دەسەڵاتی بەعس لە بەغدا گەورەترین مەترسی دائیمی بوە بۆ سەر کشتوکاڵی کوردستان و خواردەمەنی خەڵکەکەی و، گەورەترین زیانی لە بژاردن نەهاتوی لێ داوەو، لێرە بەدواوەش ئەگەر بگەڕێتەوە پێڕەوی هەمان سیاسەت ئەکات. ئیستاش لە دورەوە هەڕەشە لە نانی کورد ئەکات و چاوی بریوەتە ئەو دانەویلەیەی لە کوردستان هەڵئەگیری و، ئەیەوی لە گەڵەکەمانی زەوت بکا.

جوتیارانی کورد دوژمنی خۆیان باش ئەناسی، بۆیە لە راپەڕینەکەدا ئەو دەورە بڕیاردەرەیان بینی لە رامالینی دەسەڵاتی بەعس و داوودەزگاکانی دا.

تێکدانی ئابوری دێهات کارێکی گەورەی کردە سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد. کۆچی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان دوای راپەڕینەکەی مارت گرنگیی ستراتیجی، بگرە ژیانیی هەبونی دێهاتی بۆ هەمو کوردێ دەرخست، دوای ئەوەش گەمارۆدانی ئابوری کوردستان لە لایەن بەعسەوە دیسان گرنگیی ستراتیجی و ژیانیی هەبونی دێهاتی سەلماند. بۆیە یەکێ لە کاریتە سەرەکیەکانی راگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی ئیستاو پاشەرۆژی کورد: ژیاندنەوەی ئابوری دێهات و، بردنەوەی جوتیاری کوردە بۆ دۆخی جارانی، بە واتایەکی تر ئاواکردنەوەی سەرلەنوێی کوردستانە. بۆ ئەوەش پێویستە دو کاری بە پەلە بکرێ:

یەکەمیان، هەر لە ئیستاوە شوێنی ئەو گوندانەی ئەویستری ئاوا بکرێنەوە لە لایەن حکومەتەوە دیاری بکرێ، نەک وەکو ئیستە هەر جوتیاری بە ئارەزوی خۆی لە کوێی بوێ خانو بکا.

دوەمیان، بە زویی کێشەی ئەرز چارەسەر بکرێ، چونکە لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا ئیستا چەندین قانون و قەرار دەربارەی کێشەی ئەرز لە کوردستان دا دەرچوە، زۆری ئەو قانون و قەرارانە بە تایبەتی ئەوانی سەردەمی بەعس، بۆ مەبەستی سیاسی دانراون نەک بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەشەپێدانی ئابوری دێهات. قانونی تازەی خاوەنێتی زەویوزار ئەبێ بەر لە هەمو شت بۆ مەبەستی بوژانەوەو گەشەپێدانی ئابوری دێهات بی.

*

١٢ ی ٢ ی ٩٥:

بیرەوەریەکانم

لە پەراوێزی هەڵبژاردنی گشتی یەکەم دا

(ئەم وتارە لە ژمارە ٩١٢ ی ١٢ ی ٢ ی ٩٥: ی "کوردستانی نوێ" دا بڵاو کراوەتەوە.)

بیری هەڵبژاردنی گشتی چۆن هاتە کایەوە ؟

لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا کوردستان چوە قۆناغێکی تازەوە. هەمو کەس چاوەڕوانی ئەوە بو دامودەزگای بەعس لە بەغدا ژێروزەبەر بێ. ئەو کاتە کەس بە بیری دا نەئەهات پاش ئەو سەرکەوتنە گەورانە تێشکان و، ئێنجا کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستانی بە دودا بێ.

لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی ب ک (بەرەی کوردستانی) دا، کە کاک مەسعودیش تیا بەشدار بو، بڕیار درا: هەردو مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی دەسنێژی بەعس هەڵبوەشێنرێتەوە و، لە ماوەیەکی کورت دا هەڵبژاردنی گشتی بکرێ. ئەم بڕیارە لە ڕادیۆکانی ئەو کاتەی لایەنەکانی ب ک دا بڵاو کرایەوە. چەند ڕۆژێکی کەمی پێ چو هێزەکانی بەغدا پەلاماری بادینان و کەرکوکیان داو داگیریان کردنەوە. دوای ئەویش هەولێر ئینجا سلیمانی گرتەوە. بڕیارەکەی سەرکردایەتی سیاسی ب ک لە ناو کارەساتەکانی کۆچی بە کۆمەڵ دا لە بیر چوەوە. کورد کەوتبوە هەلومەرجێکی زۆر نالەبارەوە. خەریک بو ئەبو بە گەلێکی ئاوارەی بێ نیشتمان. لەم هەلومەرجە نالەبارەدا سەرکردایەتی ب ک بڕیاری دا: گفتوگۆ لە گەڵ ڕژێم بکات. خولی یەکەم کە بە سەرۆکایەتی مام جەلال بو کورت بو. باسە گشتیەکان کرابون. خولی دوەم بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود بو منیشیان لە گەڵ بوم. ٤٠ ڕۆژ زیاتری خایاند. لەم ماوەیەدا هەلومەرجی نالەباری کورد لە سەر ئاستی دنیا بەتەواوی گۆڕا. بۆ یەکەمین جار لە مێژوی نەتەوە یەگرتوەکان دا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی دەربارەی پاراستنی کورد دەرکرد کە بڕیاری ٦٨٨ بو. هێزی ئەمەریکی، فەرەنسی، بەریتانی، ئیتالی، ئیسپانی، هۆڵەندی... هاتنە ناو کوردستانەوە. دەستیان کرد بەگێرانەوەی خەڵک و، دامەزراندنی "پەناگەی ئەمین".

گۆڕانێکی بنەڕەتی و گەورە، بە قازانجی کورد، بە سەر کێشەی کوردا هات. کورد ئیتر ئەو گەلە ئاوارە لاوازە نەبو ناچار بێ بە هەمو شتێ ڕازی بێ. ئەوەی بەعس ئامادە بو بۆ کوردی بسەلمێنێ، زۆر کەمتر بو لەوەی داوای ئەکرد. مام جەلال چەند جارێ بە بروسکە و بە نامە و بە گفتوگۆی بێتەل داوای ئەکرد: کە بۆ ڕاوێژ و گفتوگۆ وەفدەکەمان بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، چونکە هەلومەرجی ڕۆژی چونمان بۆ بەغداد لە چاو ڕۆژانی مانەوەمان لە بەغداد زۆر گۆڕا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بو. بەڵام کاک مەسعود سور بو لە سەر ئەوەی تا گفتوگۆکە بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی بەرە و ڕژێم تەواو نەبێ، خۆی و ئەندامانی وەفدەکە هەر لە بەغداد بن. ئەمە یەکەمین درزی کردە ناو ڕیزەکانی بەرەوە، بە تایبەتی نێوان یەکێتی و پارتی. لە گەڵ دریژەکێشانی گفتوگۆدا درزەکە زلتر ئەبو، بە ئاشکر جیاوازی دیار بو لە باری سەرنجی هەردو سەرکردە و هەردولادا دەربارەی ڕەوتی گفتوگۆ و، خواستەکانی کورد لە بەعس و، داواکانی بەعس لەکورد و، هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی.

من لەو ماوەیەدا کوردستانم بەجێ هێشت بو. لەدورەوە چاودێری ڕوداوەکانم ئەکرد.

جیاوازی هەڵوێستی پارتی و یەکێتی لە کشانەوەی هێزەکانی بەعس خەریک بو ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئەم دو هێزەدا. گەمارۆدانی ئابوری کوردستان و، دروستبونی بۆشایی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی و ئاسایش کێشەکانی قوڵتر کردن. چەند جارێ کاک مەسعود، زۆری بۆ سەرکردایەتی بەرە هێنا ڕێکەوتننامەکە پەسەند بکا، کاتێ زانی سەرانی بەرەی کوردستانی ئامادەنین بچنە ژێر ئەو بارە گرانەوە پێشنیاری کرد کە: پەنا ببرێتە بەر "ئیستیفتا" بۆ ئەوەی بزانرێ ئاخۆ زۆرایەتی خەڵک پڕۆژەی ڕێکەوتننامەکە پەسەند یا ڕەت ئەکاتەوە ؟ ئەوساش، بەهەڵە، کاک مەسعودیان وا تێگەیاند بو کە هەمو کورد پێکهاتن لە گەڵ بەعس، هەرچۆنێ بێ، پەسند ئەکا.

لایەنەکانی ناو ب ک، بەتایبەتی یەکێتی، پێشنیاری "ئیستیفتا"یان قۆستەوە بۆ گۆڕینی بە هەڵبژاردن. کاک مەسعود جارێک وشەی هەڵبژاردنی، لای ڕۆژنامەی "الحیاة" ی لەندەنی، لەدەم دەرچو. ئیتر لایەنەکانی ناو بەرە لەسەریان کرد بە ماڵ. لە هەمو جێ ئەوترا هەڵبژاردن پێشنیاری کاک مەسعودە بۆ ئەوەی لێی پەشیمان نەبێتەوە.

گەڕانەوەی نابەدڵ

تا لە ئەنفالی ١ دا ماڵ و بارەگاکانمان داگیر کرا خێزانەکەم لە بەرگەڵو لە گەڵ خۆم ئەژیان. دایکی منالەکانم لە ئوتۆمبیل وەرگەڕابو. ئەرکی قورسی من و هەمو منالەکانی پێ هەڵنەئەسوڕا. (چراو چیا) کەدوانە بون و هێشتا ساوا بون لە سلێمانی لای خزمان جێیان کرایەوە. دوای ئەنفال کە ئیتر لە ناو کوردستانی عێراق دا شوێنێک نەمابو ماڵ و بارەگای تیا دابمەزرێنین، (نما و دایکیم) ڕەوانەی بەریتانیا کرد. خێرومەند خەبەریان لەدوانەکەی سلێمانی دا. بە هۆی ئەوانەوە زۆری کەسوکارم گیرا. لەناو ئەوانەدا دایکم، خوشکم، زاوام، خەسوم و خەزورم و کچ و کوڕ و خزمە نزیکەکانیان. تەمەنی دایکم لە حەفتاساڵ زیاتر و، چرا و چیاش لە ٣ ساڵ کەمتر بون، هەمویان لە "ئەمن" ی سلێمانی کۆکردنەوەو پاشان بردیانن بۆ "ئەمن" ی بەغدا. دوای ماوەیەک بە هەوڵی پیاوچاکێ ئازاد کران. لەو هەلەدا چیاش گەیشتە دەرەوە ئەویشم ڕەوانەی لای دایکی کرد، چرا لە سلێمانی بەجێ مابو. دوای ڕاپەڕین بە چەند مانگێ، وەکو پێشتر بەئاگاداری هاوڕێکانم بڕیارم دابو، وێستم ئیتر لەژیانی سیاسی و گشتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- لە تێکڕای ۱۰۰ نوێنەرەکە: با ۳۵ نوێنەریان یەکێتی و ۳۵ نوێنەریان پارتی دایان بنێن و ۳۰ نوێنەرەکەی تر ڕێککەوتن لە بەینی هەردو لادا لە کەسانی شارەزای سەربەخۆ هەڵبژێردرێن، بۆ ئەوەی هەرکات ئەو دو فراکسیۆنە ناکۆک بون لە دەنگدان دا، بێلایەنەکان هاوسەنگیەکە ڕاست بکەنەوە.

ئەوکاتە حوکمی ب ک و مافی ڤیتۆی ئەندامەکانی، کوردستانی توشی پاشاگەردانی کردبو. بۆ قانیع کردنی کاک مەسعود زۆرم بەهانە هێنایەوە. کاک مەسروری کوڕی کاک مەسعود، کە ئێستا لە واشینتۆنە، بە خۆی و کامێرایەکی ڤیدیۆ وە هەمیشە لە گەڵ باوکی دا بو. هەمو ئەم قسانەی لە "بارەگاکەی لقی سلێمانی" دەستم پێ کردو لە "ئوتێلی ئەبو سەنا" تەواوم کرد بە کامێرای ڤیدیۆ گرت بوی. لەناو قسەکانم دا باسی ئەوەم کرد بو کە هەڵبژاردنی گشتی و ئەو لیستە هاوبەشە یەکێتی و پارتی لە "ئیبتزازی" حیزبە بچوکەکان ڕزگار ئەکا. هەندێ قسەی تریشم کرد. کەچی بۆ هاندانی ئەو حیزبانە دژی من وێنەیەکی ئەم شریتە ڤیدیۆییەی بە سەرکردایەتی حیزبەکان دا بو.

من ئەوسا بەدەگمەن ئەچوم بۆ کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی، بەشداری کۆبونەوەکانی هەردو مەکتەبی سیاسی نەئەبوم، بۆ کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی بەڕەش نەئەچوم، هەواڵەکانم لە بەشداربوانی کۆبونەوە ئەبیستەوە.

لە چەند کۆبونەوەیەکی هاوبەشی هەردو مەکتەبی سیاسی دا چەندین جار پێشنیاری "لیستی هاوبەشی" دوبارە کرابوەوە. سەرانی پارتی لایان وابو یەکێتی لە لاوازیەوە، لە ترسی دۆڕاندن ئەو پێشنیارە ئەکات، لەبەرئەوە هەمو جارێ بە لەخۆباییبونەوە ڕەتیان ئەکردەوە.

لە ڕاستی دا یەکێتی، نەئەوسا و نەئێستاش، ترسی دۆڕاندنی هەڵبژاردنی گشتی نەبوە چونکە یەکێتی باوەڕی بەدیموکراسی هەیە لە حاڵەتی بردنەوە و دۆڕاندن دا حورمەتی ویستی گەل ئەگرێ، بەڵام ترسی ئەوەی هەبو کە ئەگەر پارتی بیدۆڕێنێ، حورمەتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە نەگرێ و، شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنێ، چونکە دنیایان واتێ گەیاند بو کە ئەوان لە هەڵبژاردنی داهاتودا لە ٧٥% کورسیەکانی پەرلەمان وەرئەگرن تەنانەت کاک مەسعود خۆی ئەمەی بە ڕۆژنامە ناسراوەکانی لەندەن ڕاگەیاند بو. بەڵام کە هەڵبژاردن کرا پارتی لە سەدا چلوچواری کورسیەکانی هێنا، دروست بە ئەندازەی یەکێتی. ئەوەی تری حیزبەکانی تر هێنابویان. کاک مەسعود هەڵنەبژێردرا بە رابەر. پارتی ویستی هەمو شتێ تێک بدا.

بۆ هەڵبژاردنی داهاتو چەندین جار گفتوگۆی دوقوڵی لە سەر کراوە. چەند جارێکیش بڕیاری کردنەوەی دراوە.. لە پاریس هەردولا وا ڕێک کەوت بون کە:

- سەرژمێری گشتی بکرێ. ئەوکاتە مانگی تەموز بو کە ئەو ڕێککەوتنە ئیمزا کرا، وا بڕیار درا کە لە مانگی تشرینی یەکەم دا سەرژمێرە کە تەواو ببێ کۆتای کانونی دوەمیش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لیستەی ناوی دەنگدەران ئامادە بکرێ، فەرمانبەرەکان بەڵێنی یارمەتیان دا.

- ئەوسا هەڵبژاردن لەکاتی قانونی خۆیا بکرێتەوە.
- هەرلایەک بەتەنیا بە شداری هەڵبژاردن ببێ.
- ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچۆنێک بێ ئەبێ هەردولا پێزی بگرن.
- بە گوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەردولا حکومەتێکی ئیئتیلافی پێک بهێنن.

پارتی بۆ تێکدانی ئەمە لەلایەکەوە کارێکی جاسوسی کرد و، هەر لەگەڵ گەڕانەوەی وەفدی هەردولا لەتورکیاوە، تێکستی رێککەوتننامەی پاریس – کە بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە و مەرجی فەرمانبەرەکان ئەبو بە نهێنی بمێنێتەوە تا کاتی ئیمزاکردنی لە لایەن سەرکردەی هەردولاوە لە پاریس – پارتی بە دزی یەکێتی و فەرمانساوە دای بە تورکیا. ئەویش بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەم پڕۆتیستی دا بە فەرمانسا بە بیانوی ئەوەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە هاندانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و هەم حکومەتەکانی ئێران و سوریاشی لێ ئاگادار کرد و هانی دان بۆ دژایەتی کردنی، لە هەمان کاتا کوردیشی ئاگادار کرد کە تورکیا رازی نیە هەڵبژاردن بکرێ، بەم جۆرە ڕێکەوتننامەکەی لە بێشکەدا خنکاند. لە لایەکی ترەوە بەبیانوی ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستانەوە پەکی کارەکانی "کابینەی دوهەم" ی خست و نەشی هێشت "کابینەی سێهەم" دابمەزرێ. کوردستانی خستە هەلومەرجێکی نائاساییەوە.

ئەوساش و ئێستاش، پارتی لە دو شت زۆر ئەترسێ: یەکێکیان، سەرژمێری گشتیە. ئەوی تریان، دوبارە بونەوەی هەڵبژاردنی گشتیە چونکە ئەگەر سەرژمێری وردی دانیشتوانی کوردستان بکرێ و، ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە دیاری بکرێ، ئەوسا پارتی ناتوانێ یاری بە ژمارەی دەنگدەران بکا لە هەڵبژاردنی داهاتودا. کاک د ڕۆژ نوری شاوەیس، ئەندامی م س- پ د ک و هاوتای سەرۆکی وەزیران، ساڵێک زیاترە سەرۆکی کۆمیتەی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیە. لایەنە دژوارەکانی ئەنجامدانی سەرژمێرەکە پلانی بۆ دانرا بو. بۆ کەس لێی ناپرسێ بۆچی نەیکردوە؟ ئاخۆ کەمتەرخەمی خۆی بوە یا فەرمانی حیزبەکەی؟ سەرەڕای ئەمەش، لە هەڵبژاردنی گشتی ڕابردودا پارتی بۆ بردنەوەی، کارتی گرنگی بەدەستەوە بو، لەوانە هاوکاری و یارمەتی حکومەتی بەعس، گۆڕینی مەرەکەب، تەزویری دەنگدانی بادینان و هەندێ فڕوفێڵی تری هەڵبژاردن... ئەمجارە ئەوانەی بۆ ناچێتە سەر.

لە یەکێ لەو کۆبونەوە نازدارانەی هەردو م س کە کاک نێچێر بارزانی تیا بەشدار بوبو بۆ گفتوگۆ لە سەر دوا ڕێکەوتنی ستراتیجی، وت بوی: ئەو جۆرە هەڵبژاردنە شەرعیەت ئەدا بە شەڕی داهاتو، چونکە لایەک ئەیباتەوە لایەک ئەیدۆڕێنێ، هیچ لایەکیش ئەو بردنەوەیە ناسەلمێنێ، لابراوەکە پەلاماری لا دۆڕاوەکە ئەدا بەم جۆرە شەڕی ناوخۆ شەرعیەت پەیدا ئەکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

د فواد مەعصوم، بێ پرسی م س، پێشنیارە کۆنەکەی دوبارە کردبوەوە. ئەوانیش موافەقەتیان لەسەر کرد بو ئەمە پێش سەفەری کاک مەسعود بو بۆ ئێران. دوای هاتنەوەی لە ئێران ئەمەی هەڵوەشاندەوە. بڕیار درا هەرلایە بە جیا بچێتە هەڵبژاردنەوە. پارتی هیچ جارێک و هیچ کاتێک جیدی نەبوە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دوەم دا، بەڵکو هەمیشە باسی هەڵبژاردنی بۆ "ئیبتزازی" یەکێتی بەکار هێناوە، ئەگینا کە بهاتایەتە سەر دانانی ڕێوشوێنی ڕاستەقینەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، هیچی بەدەستەوە نەبوایە بۆ تەگەرە لێدانی، "ناڕازی بونی تورکیا " ی ئەکرد بە بیانوی نەکردنی.

ڕەوتی هەڵبژاردن

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاری دابو کە ئەنجومەنێکی نیشتمانی بە هەڵبژاردنی گشتی دابنرێ، بۆ ئەمەش گەڕابوەوە بۆ بەرنامەی بەرە. لە هەمان کاتا بڕیاری دابو کە ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش هەڵبژێردرێ، بۆ ئەمەیان هیچ بەڵگەیەکی لەبەرنامە و لە ئەدەبی سیاسی بەرە و هیچ کام لە حیزبەکان دا نەبو، بەرەی کوردستانی کەدامەزرا لەبەر ئەوەی نەتوانرا لە سەر جۆری سەرۆکایەتی پێک بێن، وا ڕێک کەوتن بەرە سەرۆکی نەبێت. دواییتر سەرکردایەتی بەرە لە کۆبونەوەیەک دا لە شام وا ڕێک کەوتن سەرۆکایەتیەکی دوانەی هاوبەشی هەبێ. ئەم دوانەییە لە سەرۆکایەتی دا بوبوە کۆسپێکی گەورەی ڕێگای جولاندنی کارەکانیانی بەرە. لەسەروبەری هەڵبژاردن دا لە یەکێ لە کۆبونەوەکان دا د مەحمود عوسمان پێشنیاری کردبو کە "شوان" یک بۆکورد هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە کێشەی سەرۆکایەتی هاوبەش ڕزگاربین. ئەم پێشنیارەی د مەحمود سەرکردەی هەردو حیزبی گەورە: مام جەلال و کاک مەسعودی هاویشتە ناو مەیدانی "تحدی" کردنی یەکتریەوە هەریەکێکیان قبوڵی نەکردایە بەوە تاوانبار ئەکرا کە ترسی دۆڕاندنی هەیە لە هەڵبژاردن دا.

هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەل بە هەڵبژاردنی گشتی لە ڕابردوی گەلان دا نمونەی نەبو. بە بیروبۆچونی من ئەمەیان لەگەڵ ژیانی سەردەم و نەریتی شارستانی نەئەگونجا. ڕابەر کاتی خۆی ناوی ڕەسمی هێتلەر، مۆسۆلینی و دواییتر قەزافی و صەدام بو. ڕابەر بە هەڵبژاردن دروست نابێ، بەڵکو لە پرۆسەیەکی میژویی دا هەڵئەکەوێ. کوردی عێراق لەو قۆناغە دا پێویستی بەڕابەر نەبو. پێویستی بە "حاکم" یان "سەرۆک" یکی قانونی خاوەن دەسەلاتی دیاریکراو و، بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی سەرۆکایەتی بو. من دڕەنگ بەمەسەلەی ڕابەرم زانی کە سەرکردایەتی بەرە بڕیاری لێ دابو، بێ ئەوەی نوێنەرانی یەکێتی لە دژی بوەستن. هەر ئەو کاتە دژی ڕاوەستام، چونکە بە شتێکی نەک هەر کۆنەپەرستانە، بەڵکو بە شتێکی فاشیستیانەم ئەزانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرکردایەتی ب ک بڕیاری پێکهێنانی کۆمیسۆنێکی قانونی دا بۆ دانانی قانونی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و، ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد زۆری ئەندامەکانی ئەو کۆمیسیۆنەی دانرا بون لە پارتیەوە نزیکتر بون تا یەکێتی.

هەردو قانون دانرا. نوێنەرانی پارتی ئیسرارێکی بێ ئەندازەیان بە خەرج دابو لە گفتوگۆکانی سەرکردایەتی ب ک دا بۆ پەسەندکردنی قانونی ڕابەر، تەنانەت بە گرنگتریان دائەنا لە هی ئەنجومەن، ئەوساش وەک ئێستا، سەرچاوە درۆزنەکانی هەواڵ و ئاگاداریەکانی پارتی دەنگوباسی درۆیان دابو بەسەرکردایەتی پارتی، وایان لە کاک مەسعود گەیاندبو: دەنگدەرانی کوردستانی عێراق بێ منەت ئەو بە رابەری کورد هەڵئەبژێرن. ئەویش بەڵێنی بە بەعس دابو کە هەڵبژێردرا بە ڕابەر ڕێکەوتننامەی گۆرین لەگەڵ بەعس ئیمزا بکات و، هەرلایەک ڕازی نەبو بیفلیقێنێتەوە.

لە بەردەم ڕەوتی هەڵبژاردن دا چەند کۆسپێکی دژوار هەبو:

- نەبونی سەرژمێرێکی وردی دانیشتوانی کوردستانی عێراق بۆ زانینی ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبو، بە تایبەتی ئەوانەی بە بۆنەی پێشمەرگایەتیەوە، یان بەهۆی ئەوەی لەناوچەکانی دەرەوەی ژێر دەسەلاتی ڕژێم دا بون، کە لە دوا سەرژمێردا ناویان کوژێنرابوەوە، یان بەهۆی ئاشبەتاڵەوە پەنایان بۆ ئێران و وڵاتانی تر برد بو.
- نەبونی هۆکاری گەیاندن و پێوەندی.

هۆکاری گوێزانەوەی دەنگدەران لە شوێنەکانی ژیانیانەوە بۆشوێنی سنوقی دەنگدان و تەلەفون و بێتەل بۆ ئەوەی سنوقەکان ئاگایان لە یەکتری و ناوەندەکانیان بێ.

- نەبونی دەزگای کۆمپیتەر بۆ هەڵێنجانی ئەنجامەکانی دەنگدان لەماوەیەکی کورتا.

گۆڕینی مەرەکەبی هەڵبژاردن

بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بە ماوەیەک، کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسترا، نوێنەرایەتی سکرتاریێتی سۆسیالست ئینتەر ناسیونال ئامادە بون. دەستەی نوێنەرایەتی پێک هات بو لە جوامێرێکی سویدی و، خانمێکی فەرەنسی و، خانمێکی ئیتالی، دوای بەشداربونی ئەم نوێنەرایەتیە لەکۆبونەوە گشتیەکان دا چ بە خوێندنەوەی وتاری پیرۆزبایی و چ بە گوێگرتن لە میوانەکانی تر، کارەکانی گەیشتە تەواو بون. داوای دانیشتنێکیان لە گەڵ مام جەلال کرد. مام جەلال منی لەگەڵ خۆی برد. پاش هەندێ گفتوگۆی سەرەتایی، لە مام جەلالیان پرسی: ئێمە ئەتوانین چ یارمەتیەکتان بدەین؟ پاش باسکردنی هەلومەرجی کوردستان، باسی هەڵبژاردنی کرد لە سەر هەڵبژاردن خۆی نەدوا ڕوی قسەی بەرەو ڕوی من کردەوە، منیش دژواریە دنیایی، ئیقلیمی، ناوخۆی، ئینجا تەکنیکیەکانی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەن و ڕێبەرم بۆڕون کردنەوە. واتێگەیشتن: دژواریە ناوخۆییەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و دژواریە تەکنیکیەکان زۆرتر بون لە دژواریە سیاسیە ئیقلیمی و دنیاییەکان. هەردو خانمی فەرەنسی و ئیتالی و جوامێرە سویدیەکە بە پەرۆشێکی زۆرەوە هەواڵەکەیان وەرگرت. جوامێرە سویدیەکە وتی: "من لە چەند ولاتێکی وەکو ولاتی ئێوە کە سەرزەمێری دانیشتوانی تیا نەکراوە چاودێری هەڵبژاردنم کردوە. ئیستا نامەوێ هیچ بڵێم کە گەرامەوە پرسی هەندێ شارەزا ئەکەم و ئاگادارتان ئەکەمەوە".

وەکو بەڵێنی دا، پاش ماوەیەک وەڵامی لێ گێڕاینەوە کە: سەرژمێر نابێتە کۆسپی ڕێگای هەڵبژاردن چونکە ئەتوانرێ مۆرێ بە جۆرێک لە مەرەکەب لە دەستی ئەوانە بدرێ کەدەنگ ئەدەن تا ٤٨ سەعات ناچێتەوە ئەمەش ٢ کەڵکی هەیە یەکەمیان هیچ کەسێ ناتوانێ لەجارێ زیاتر دەنگ بدات، دوەمیان ئەگەر دەنگدان بە یەک ڕۆژ تەواو نەبو، ئەتوانرێ ڕۆژی دوەەم تەواو بکرێ. ئەم باسە لە سەرکردایەتی ب ک دا کرا، لەو کاتەدا کاک مەسعود بە تەمای سەفەری ئەورپا بو مەسەلەکەی گرتە ئەستۆی خۆی کە لەو سەفەرەی ئەوروپادا سۆراخی ئەو مەرەکەبە بکات و ئەگەر هەبێ مشوری پەیدا کردنی بخوات. کاک مەسعود لەسەفەرەکەی دا لەگەڵ کاربەدەستانی ئەڵمانی باسی کردبو ئەڵمانەکان دوپاتیان کردبوەوە کە مەرەکەبێکی وەها هەیە و، بەڵێنیشیان دابو مەرەکەب و کاغەزی بەشی هەڵبژاردن دابین بکەن.

ڕێوشوێنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پێشەوە ئەچو. لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردن لە لایەن حاکم ئەمیر حەوێزیەوە سەرۆکایەتی ئەکرا. نوێنەری پارتی لە لیژنەکەدا کاک کەریم سنجاری و نوێنەری یەکێتی کاک جەمال تایەر بو کە ئەفسەری پولیس بو. شارەزای فڕوفێڵی هەڵبژاردن نەبو. پارتی بە وردی لە هەمو ناوچەکانی کوردستانی عێراقی کۆڵی بوەوە بۆ دیاریکردنی ناوچەکانی نفوزی خۆی و ناوچەکانی نفوزی یەکێتی. کەریم سنجاری توانی بوی وابکات لە ناوچەکانی نفوزی پارتی دا سنوقی دەنگدان زۆر دابنرێ و لە ناوچەکانی نفوزی یەکێتی دا هی کەم، بۆ ئەوەی هەمو لایەنگرانی یەکێتی نەتوانن دەنگ بدەن، بە تایبەتی ماوەی دەنگدان لە بەیانیەوە بو تا سەعات ١٢ ی نیوەشەو. ئەم فێڵە بەسەر نوێنەرەکەی یەکێتی دا تێپەڕی بو. کاتێ یەکێتی بەمەی زانی و داوای کرد چەند سنوقێکی تر لە چەند جێگایەکی تر دابنرێ، بۆ ئەوەی ئەم داوایە سەر نەگرێ پارتیش داوای دانانی چەندین سنوقی زیادەی کرد. لەئەنجام دا لیژنەی باڵا داواکانی هەردولای ڕەت کردەوە بە بیانوی ئەوەی لەڕوی تەکنیکیەوە پێیان هەڵناسوڕێ، چونکە بەو ژمارەیە حاکم نیە.

ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتی نزیک ئەبوەوە. بانگەشەی هەڵبژاردن ماوەکەی تەواو بو. ئەو شەوەی مەرەکەب و مۆر لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەوە گەیەنرا بوە حاکم شێخ لەتیف شێخ تەها سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانی و حاکم ئیبراهیم عەلی سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوک بۆ ئەوەی دابەشی بکەن بە سەر ناوەندەکانی هەڵبژاردن دا. بۆیان دەرکەوت بو کە ئەو مەرەکەبەی بۆیان هاتوە زۆر بە ئاسانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەسرەدرێتەوە. لەبەر ئەوە دابەشیان نەکردبو، بەڵکو رێک کەوت بون کە سەردانی من بکەن و د ڕۆژیش بانگ بکرێ بۆ ئەوەی هەردو لامان ئاگادار بکەن لەو کێشە گەورەیە.

دوای ماندوبونێکی زۆر ئەو شەوە من زۆر درەنگ نوست بوم بە تەمابوم بەیانی تا درەنگ تەرخان بکەم بۆ تەمەڵی. بەیانی زو لە خەو هەڵیان ساندم و ئاگاداریان کردم کە میوان هاتون. چوم بۆ بەخێرهاتنیان ڕوانیم حاکم شێخ لەتیف و حاکم ئیبراهیمن. دوای چاک و چۆنی لێم پرسین: "خێرە وا بەم بەیانیە زوە تەشریفتان هێناوە؟" وتیان: "کێشەیەکی گەورە ڕوی داوە با د. ڕۆژیش بێت ئەوسا باسی ئەکەین". د. ڕۆژیش گەیشت. ئینجا باسی مەرەکەبەکەیان کرد و نمونەشیان لە گەڵ خۆیان بۆ تاقیکردنەوە هێنابو. بە ڕاستی کێشەیەکی گەورە بو چونکە هەڵبژاردنەکە بەند بو بەم مەرەکەبەوە. حاکم ئیبراهیم بۆ ئاگادار کردنەوەی لیژنەی باڵا بەڕێ کەوت بەرەو شەقڵاوە. لەوێش بە خراپی مەرەکەبەکەیان زانی بو. دو ڕۆژ هەڵبژاردن دواخرا بۆ دوزینەوەی چارەیەک.

مەرەکەب لە ئەڵمانیا کاک مەسعود بە تەنیا خۆی بێ ئاگاداری هیچ کەسێکی لایەنەکانی تر بە رادانی دابو. دواییتریش ئەڵمانەکان مەرەکەبەکەیان هێنابو دابویانە دەست کاک فازیل میرانی. ئەویش لە دهۆک لای خۆی بێ ئاگاداری یەکێتی و هیچ لایەنێکی بەرە تا دو ڕۆژ پێش هەڵبژاردن، گلی دابوەوە ئینجا ناردبویان بۆ لیژنەی باڵا لە شەقڵاوە و ئەوانیش دابەشیان کردبو.

ئەگەر لە ڕەوتی هەڵبژاردن دا باسی "تەزویر" بکرێ ئەبێ لە پێش دا باسی گۆڕین و تەزویری مەرەکەب بکرێ کە خەریک بو ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی کورد، یا هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکە. ئاشکراش بو کێ و کام لایەن مەرەکەبی تەزویر کرد؟

*

نیسبەتی گومرگ و نیسبەتی دەنگ

لە پێش هەڵبژاردن دا خەڵک پەژارەیەکی ڕەوایان هەبو. ئەترسان هەڵبژاردن ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ. ئەیان پرسی چی دەستەبەری ئەوە ئەکات کە هەمو لاکان، بە تایبەتی یەکێتی و پارتی، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن؟ سەرکردایەتی هەردو حیزب دوای چەندین کۆبونەوە پێکهاتن لەسەر ئەوەی:

ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچۆنێ بێ هەردولا ڕێزی بگرن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەردولا بە پێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن حکومەتێکی ئیئتیلافی پێک بهێنن. دواییتریش سەرانی ب ک "پەیمانی شەرەف"یان بە ئیمزاکراوی بە گەلی کورد دا کە: ئەنجامی هەرچۆنێک بێ رێزی ویستی گەل بگرن و، لەسەر بردنەوە و دۆڕاندن کێشە و شەڕ دروست نەکەن.

سەیر ئەوە بو سەرانی پارتی زۆر مەغرور بون. یەکێتیان بە لاواز ئەزانی. یەکێتی هەر پێشنیارێکی باشی بکردایە بە گومانێکی قوڵەوە لێیان ئەکۆڵیەوە. هەرگیز ئەوەیان بۆ یەکێتی بە دڵسۆزی و، پەرۆشی قازانجی نەتەوەیی و، ئاسایشی نەتەوەیی کورد دانەئەنا، بەڵکو بە ترس و لاوازی یا لە باشترین حاڵەتا بە تاکتیک و فێڵبازی حساب ئەکرد.

بۆ بڕیاردانی ڕاست زانیاری ڕاست پێویستە. لەسەر بنچینەی زانیاری و دەنگوباسی ناڕاستیش بڕیاری ناڕاست ئەدرێ. یەکێ لە گیروگرفتەکانی یەکێتی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی یا وردتر لەگەڵ سەرۆکی پارتی ئەوەیە: بەشێکی زۆری ئەو زانیاری و دەنگوباسانەی لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانیانەوە پێیان ئەگات ناڕاست و بێ بناغەن، بگرە زۆر جار هەڵبەستراو و دروستکراون. ئەمەش بۆتە هۆی سەرلێشێوان و سەر لێتێکچونی سەرکردایەتی پارتی. ڕاست و ناڕاستی لێ تێکەلاو ئەبێ. بەبێ هیچ مەلامەتێکی بەجێ بڕیاری چەوت ئەدا. بڕیارەکانیشی کار لە هەلومەرجی کوردستان ئەکا. کار لە پاشەڕۆژی گەلی کورد ئەکا. باجەکەشی ئەبێ خەڵک و یەکێتی و حیزبەکانی تر بیدەن. وەکو ئەڵێن ئەمجارەش لەشکرکێشی بۆ سەر شەقڵاوە لەئەنجامی دەنگوباسێکی درۆدا بوە دەربارەی کۆکردنەوەی هێزێکی یەکێتی لە هیران. دوای هەڵگیرسانی شەڕ ئینجا ساغ بۆتەوە دەنگوباسەکە درۆ بوە.

ئەم سەرچاوە نائەمینانە هەندێ واهیمەیان لە لای بنەماڵەی بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دروست کردوە کە گوایە: یەکێتی نیشتمانی لە بنەڕەتا بۆ دوژمنایەتی و لەناو بردنی ئەوان دامەزرێنراوە، چەندی هەوڵ دراوە ئەم واهیمە بێ بناغەیەیان لە لا بڕەوێنرێتەوە، کەلکی نەبوە.

سەرگروشتەی "قیادەی سلێمانی " و "قیادەی هەولێر" و "میزانی ململانێی مەرکەزە جیاجیاکانی قەرار" ی ناو یەکێتی لەو زانیاریە ناڕاست و هەڵبەستراوانەن کە بۆتە هۆی سەرلێشێوانی سەرکردایەتی پارتی و، بڕیارە چەوتەکانی.

ئەم سەرچاوە نائەمینانە ئاگاداری درۆ ئەدەن بە سەرۆک و سەرکردایەتی پارتی، قەوارە و هێز و توانای جەماوەریی پارتی زۆر زیاتر لەوەی بەڕاستی هەیە پیشان ئەدەن. هەر ئەم سەرچاوە درۆزنانە بون لە کاتی هەڵبژاردن دا، لە کاتی گرژی و پێکدادانەکانی چەمچەماڵ و ئاکرێ و، لە فیتنەکەی مانگی مایسی ۹٤ و، لە فیتنەکەی ئەمڕۆژانە دا... پارتیان توشی دەردی "ژور- هەڵسەنگاندن" ی هێزەکانی خۆی و "ژێر – هەڵسەنگاندن" ی هێزەکانی بەرامبەری کرد و، ئەو بەڵایانەی بە سەر خۆی و میللەتەکە هێنا، کە خەریکە هەمو شت لە دەست کورد بدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژاردن دەستی پێ کرد، هەر بەیانی دەرکەوت مەرەکەبی دوەمیش ئەچێتەوە. بەڵام گوێ بەوە نەدرا هەڵبژاردن درێژەی پێ درا. ڕیزی ڕاوەستاوەکان ڕەنگی حیزبەکانیان بە ئاشکرا پێوە دیار بو د مەحمود بروسکەی لێ دا بۆ لیژنەی بالا داوای ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی کردبو. پدک و حشع و حسک و پاسۆک و گەل لە سلێمانی بەیانێکیان دەرکرد، ئەوانیش داوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنیان کرد بو. کاک مەسعودیش کەوت بوە هەڕەشەی ئیعتیراف نەکردن بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. بە هەرحاڵ هەڵبژاردن درێژەی پێ درا تاکاتی دیاریکراو، کە سەعات ۱۲ ی شەو بو. لە ناوچەکانی نفوزی یەکێتی دا کە لە سەرەتاوە سنوقیان کەم بۆ دانرا بو دەیان هەزار کەس فریای دەنگدان نەکەوتن، لەوانە چەند پالێوراوێکی لیستی سەوز وەکو مامۆستایان کەمال جەلال غەریب و حسێن عارف. لیژنەی بالا ماوەی هەڵبژاردنی درێژ نەکردەوە.

لایەنەکانی ئەندامی ب ک لەوەوپێش هەمو خۆیان لە ناو سەرکردایەتی بەرەدا بە یەکسان ئەزانی. ئەوسا داهاتەکانی گومرگ نەئەچوە خەزێنەی حکومەتەوە بەڵکو بە سەر ئەندامانی بەرەدا دابەش ئەکرا، هەرلایەک بە هۆی ئەو دەرامەتە نامەشروعەوە هەزاران چەکداری بەکرێگیراو و لایەنگیری هەلپەرستی لە خۆی کۆکردبوەوە و، موچە و ئیمتیازی پێ ئەدان. بە تەمابون لە هەڵبژاردن دا نیسبەتی دەنگەکانیان لە نیسبەتی گومرگەکەیان زۆرتر بێ.

نیسبەتی بەشی حیزبەکان لە گومرگ دا و نیسبەتی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردن دا بەمجۆرە بو:

حیزبەکان	نیسبەتی سەدی لە گومرگ دا	لە هەڵبژاردن دا
پارتی	۳۰	٤٤.٥١
یەکێتی	۳۰	٤٤.٠٣
زەحمەت کێشان	٠٤	–
ئیسلامی	٥.١٠	–
سۆشیالیست	١٣	٢.٥٨
پاسۆک	٠٤	–
شیوعی	١٠	٢.١٩
گەل	٠٨	–
ئاشوری	٠١	–

نیسبەتی دەنگەکانی هەردولا کە کاک مەسعود و هوشیار زێباری و قسەکەرەکانی تری پارتی لە هەمو جێگایەک ئەیشێوێنن کە گوایە لە سەدا پەنجاو یەکیان هێناوە بەمجۆرە بو:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارتی : ٤٢٨٣٣٩

یەکێتی: ٤٢٣٦٨٢

لەبەر ئەوەی هیچ کام لەلیستەکانی تر لە سەدا حەوتی دەنگەکانیان نەهێنا بو دەنگەکانی ئەوانیش بەسەر هەردو لیستی زەرد و سەوزدا دابەش کرایەوە.

ئەنجامەکانی هەلّبژاردن لەگەل چاوەڕوانی هیچ کام لە لایەنە بەشدارەکان نەئەگونجا. هەمو لاکان بە تەمای دەنگی زۆرتر بون لەوەی هێنا بویان.

- پ د ک لەزوەوە بە هەمو دنیای ڕاگەیاند بو کە خۆی بە تەنیا لە سەدا حەفتاوپێنجی دەنگەکان دەهێنێ، بەم پێیە ئەبو کاک مەسعودیش بە مسۆگەری بە رابەر هەلّبژێردرایە.
- ی ن ک یش چاوەڕوانی ئەوە بو بە لایەنی کەمەوە ٥٠% ی دەنگەکان وەربگرێ.
- حشع و حسک و پاسۆک و ئیسلامی یش چاوەڕێ بون لەسەدا حەوت زۆرتر بهێنن.

*

ڕابەر	دەنگ	چەند لە سەد
جەنابی کاک م ب	٤٦٦٨١٩	٤٨.١٢٢
د کتۆر مەحمود	٢٢٢٠٥	-
مام جەلال	٤٤١٠٥٨	٤٥.٤٦٧
مەلا عوسمان	٢٨٨٦٥	-

٢٥٧٦١ دەنگ ئیمە لە ڕابەر زیادین

پەرلەمان	دەنگ	چەند لە سەد
پارتی	٤٣٧٨٧٩	٤٥.٤١٣
حسک و پاسۆک	٢٤٨٠٢	٢.٥٧٢
گەل	٩٩٢٣	١.٠٢٩
حشع	٢١٥٨٢	٢.٢٣٨
اسلام	٤٦١٠٨	٤.٧٨٢
دیمۆکراتخوازەکان	٥٠٠	٠.٠٥١
یەنک	٤٢٣٨٠٢	٤٣.٩٥٣

ژمارەی دەنگدەر ٩٦٨٩٠٣

ژمارەی بطاقاتی دروست ٩٦٤١٩٨

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٤٠٧٦ دەنگ ئیمە لە پەرلەمان زیادین (ئەم ژمارانە لە بڵاوکراوەیەکی پارتیەوە وەرگیراوە)

*

ئەم ئەنجامە چاوەڕێ نەکراوە وای کرد هەمو لایەنەکان، جگە لە یەکێتی ئەو پەیمانی شەرەفەی دابویان بە گەلی کورد، دەربارەی ڕێزگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچۆنێ بێ فەرامۆش بکەن، یەکەمین تەجروبەی دیموکراتی کوردیان دایە بەر جنێو و توانج و پلار، کاک مەسعود خۆی نەشکاند بە ئەنجامی هەڵبژاردن ڕازی نەبو بەڵام لە بەر مەسلەحەتی کورد قوبوڵی کرد. لەهەمو دنیادا بڵاویان کردەوە کە ئەوان لە سەدا پەنجاویەکیان هێناوە بەڵام لە بەر خاتری کورد وازیان لە کورسیەک هێناوە و بە نیوە ڕازی بون!

کۆبونەوەیەکی پڕ هەراوهۆریا

لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا دەیان چاودێری بێگانە و پەیامنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەرانسەری دنیاوە هاتبونە کوردستان. دەیان هەزار کەسیش لە شەقام و شوێنە گشتیەکان دا چاوەڕوان بون.

هەڵبژاردن تەواو بوبو هێشتا بەتەواوی دەنگەکان جیا نەکرابونەوە دەنگی ناڕەزایی لە هەمو لایەنەکانەوە بەرز بو بوەوە، کاک مەسعود هەڕەشەی دەکرد کە ئیعتیراف بەو هەڵبژاردنە ناکات چونکە سەرەتای دەنگوباسەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکەنی سلێمانی و کەرکوک و هەولێری بە دڵ نەبو.

من لە سلێمانی بوم، لە سلێمانی چەند کەسێ، لای پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیا، قسەیان دژی ڕەوتی هەڵبژاردن کردبو، لە ناو ئەوانەدا: د مەحمود عوسمان و مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی، من خۆم بە قسەی هەندێ کەس ناڕەحەت نەدەبوم، زۆر لەوانەی قسەیان کرد بو کەسانێک بون ئەوەندەی ئیمتیازاتی تایبەتی خۆیان مەبەست بو، پاشەڕۆژی کوردیان بەلاوە گرنگ نەبو، بەڵام زۆرم پێ ناخۆش بو ئەمان قسەی وەها بکەن چونکە هیچ قازانجێکی تایبەتی یا حزبایەتییان نەبو لە بەدناوکردنی یەکەمین تەجروبەی دیموکراتی کورد دا.

مام جەلال بە پەلە داوای لێ کردم بچم بۆ هەولێر، لەگەڵ کاک شێرکۆ بێکەس ڕۆیشتین بۆ هەولێر، جەوی سیاسی سەرانسەری کوردستان گرژ و ئاڵۆز بو ، خەڵک لەلایەکەوە مەترسی ئەوەیان هەبو لایەنەکانی بەشداربوی هەڵبژاردن ئەنجامەکانی قبوڵ نەکەن و شەڕ هەڵ بگیرسێ، لە لایەکی ترەوە بەتەمای دامەزرانی پەرلەمان بون بۆئەوەی کوردستانیان بۆ بکا بە بەهەشتی بەرین. کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرە هەبو، کاک مەسعود سوربو لە سەر هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن، لە ناو کۆبونەوەکەدا مشتومڕی تووندوتیژ بو لە نێوان نوێنەرانی پدک و ینک دا، هەروەها نوێنەرانی حسک و حشع و پدک لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە زۆر توڕە بون، زۆریان قسەی توند کرد، زۆری لایەنەکان، لە پێش هەمویانەوە پدک، داوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنیان دەکرد، بە قازانجیان نەبو دەسەلاتی حکومەتی قانون دروست ببێ، دەیانویست حوکمی بەرەی کوردستانی بمێنێ، چونکە بە دامەزراندنی حکومەت دەسەلاتی حوکمڕانی شارەکان و داهاتی گومرگیان لە دەست دەدا.

ئەم کۆبونەوەیە زۆر قەرەباڵغ بو، نامەوێ روداوەکانی ئەم کۆبونەوەیە بە درێژی بگێڕمەوە چونکە زۆرکەسی تیابو هێشتا هەمویان ماون و لە سەرکردایەتی حیزبەکان دان. با ئەوان لە "یادداشت" ە کانی خۆیان دا بینوسن، ئەگەر تێیاندا هەبێ "یادداشت" بنوسن. من بە لامەوە گرنگ نەبو کێ هەڵبژاردن دەباتەوە، بەلامەوە یەک شت گرنگی ژیانیی هەبو، ئەویش ئەوەبو لە کوردستانی عێراق دا بۆشایی دەسەلاتی حکومەت پڕبکرێتەوە: بۆشایی حکومەت بە هەمو لایەنەکانی بەڕێوەبەرایەتی، ئاسایش، گوزەران، بۆ دنیای بسەلمێنێ کورد دەتوانێ خۆی بەڕێوەببات.

مەترسی ڕاستەقینە هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن بو چونکە ئەگەر هەڵبوەشێنرایەتەوە:

- دوای ئەوەی هەر حیزبە قەوارەی ڕاستەقینەی خۆی بۆ دەرکەوتوە کێ دەستەبەری ئەوە دەکات جارێکی تر هەڵبژاردن بکرێتەوە؟
- جارێکی تر چۆن ئەو هەمو چاودێر و پەیامنێرانە کۆدەبنەوە؟
- جارێکی تر چۆن ئەو هەمو خەڵکە بەپەرۆشەوە لەبەردەمی سنوقی دەنگدان دا ڕیز دەبەستن؟
- حکومەتێکی کە هەڵبژاردن – تەنانەت تەزویرێشی تیاکرابێت – دەسەلات بگرێتە دەست باشتر نیە لە بۆشایی دەسەلات و نەبونی حکومەت؟ بە تایبەتی ئەوانەی ناویان لە لیستی حیزبەکان دا نوسرابون زۆریان دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بون.

گوشاری دۆستانی دەرەوە و، دڵنیاکردنی کاک مەسعود لەوەی کە دەیان هەزار دەنگی زیادیان هاویشتە ناو سنوقە کانی بادینانەوە، کەمێ کاک مەسعودیان هێمن کردەوە.

لەو کۆبونەوەیەدا پێشنیارکرا نیسبەتی لە سەداحەوت کە یاسای هەڵبژاردن وەکو لایەنی کەم دیاری کردبو بۆ بەشدار بون لە ئەنجومەن دا لابببرێ و، هەر لایەکی بەشداری هەڵبژاردن بە گوێرەی ئەو نیسبەتەی هێناوێتی بەشداربێ، حیزبەکانی تر بەمە ڕازی نەبون. ئەگەر ڕازی بونایە زیاتر لە ١٠ کورسی پەرلەمان بەر ئەوان دەکەوت، حاڵەتی نیوەبەنیوەی کە پەکی پەرلەمانی خست نەدەبو .

لە پەڕاوێزی کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەدا، کۆبونەوەیەکی دو قۆڵی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی بە ئامادەبونی مام جەلال و کاک موسعود کرا بۆ بە لاداخستنی کێشەی هەڵبژاردن، هەردولا پێکهاتن لەسەر ئەوەی:

- ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ بکرێ.
- دوای ٦ مانگی تر هەڵبژاردن دوبارە بێتەوە .

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

• پێشنیار بکرێ بۆ حیزبەکانی تر نیسبەتی لە سەداحەوت لاببرێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بەو نیسبەتە دەنگیان هێناوە بە شداری بکەن.

• ئەگەر حیزبەکانی تر ئامادە نەبون ئەو پێشنیارە پەسەند بکەن، ئەوا یەکێتی و پارتی پێکەوە پەڕلەمان و حکومەت پێک بهێنن، نوێنەری حیزبەکانی تریش لەوەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی دا بەشدار بکەن.

• سەرۆکی پەڕلەمان لە پارتی بێ و سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی بێ.

ئەم ڕێککەوتنە خرایە بەردەم سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، بە نابەدڵیەکی زۆرەوە پەسەند کرا.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە کۆڕێکی ڕۆژنامەوانی دا لە لایەن حاکم ئەمیر حەوێزی و بە ئامادەبونی مام جەلال و کاک مەسعود بڵاوکرایەوە، دەنگی حیزبەکانی تریش دابەش دەکرایەوە بە سەر هەردولادا بە گوێرەی دەنگەکانی هێنابویان.

گرژی سیاسی زۆر زیادی کردبو، مەترسی تێکبەربونی چەکدار لە ناو شارەکان دا زیادی کرد بو، بۆ خاوکردنەوەی گرژیەکە ئەو پێکهاتنە بە بروسکە بڵاوکرایەوە، منیش بە پەلە گەڕامەوە بۆ سلێمانی لە پێشەوە چوم بۆ تەلەفیزیۆن دەربارەی پێکهاتنی یەکێتی و پارتی پەیامێکم تۆمار کردو داوام لە هەردولا کرد وەکو نیشانەی برایەتی ئاڵای سەوز و زەرد تێکەڵاوبکەن. لەوێوە ڕاستەوخۆ چوم بۆ سەردانی لقی ٤ پارتی بۆ دڵنیا کردنیان لە نیازی پاکی یەکێتی. هەردولا ئاڵاکانیان تێکەڵاو کرد. د ڕۆژ کە ئەوسا سەرپەرشتی لقی سلێمانی دەکرد ئاڵاکانی پێ لە یەک جیاکردنەوە.

سەرانی بەرەی کوردستانی، لە سەرو هەمویانەوە کاک مەسعود، ئەو پەیمانی شەرەفەیان بە جێ نەهێنا کە دەربارەی ڕێزگرتنی ویستی گەل و قبوڵ کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دابویان بە میلەت. هەمو هەڵبژاردنەکەیان خستە ژێر پرسیار و گومانەوە و کەوتنە تانە لێدانی و سوکایەتی پێ کردنی، هەر لە بەر ئەوەی دەنگیان کەمتر هێنا بو لەوەی چاوەڕوانی بون.

کاک مەسعود بەیانێکی دەرکرد دەربارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەزمونەکە ئەوەندە خراپ بو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعس بە فراوانی وەکو خۆی بڵاویان کردەوە. جگە لەوەش وای بەدنیا ڕاگەیاند کە پارتی لە سەدا پەنجاویەکی کورسیەکانی پەڕلەمانی هێناوە بەڵام لەپێناوی مەسلەحەتی کوردا تەزحیەی بە مەسلەحەتی حیزب داوە!

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەندێ بەڵگە:

ڕێکەوتنامەی بارزانی – تالەبانی

لە پێناوی رزگاری و دیمۆکراسی و مافی چارەی خونۆسین و بەدەستهێنانی هەمو مافە رەواکانی تری سیاسی و کومەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان کە لەم قۆناغەدا پێویستە بە شێوەی فیدرالی بیچەسپێنین هەم لە ناو خۆمان دا و هەم لە پارلەمان دا، کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تالەبانی پێکهاتن لە سەر ئەوەی داوا بکەن لە سەرکردایەتی ی ن ک و پ د ک بۆ داڕشتنی بناغەی هاوکاریەکی هەتاسەر و ستراتیژی هەردولایان. هەردوکیشمان پێک هاتین کە ئیستا و بە پەلە پێویستیمان بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە هەیە:

١. بەگەڕخستنی پەرلەمان و حکومەت و بە تەواوی دەسەڵاتدار کردنیان بۆ حوکمڕانی کوردستانی عیراق و بەڕێوەبردنی هەمو لایەنەکانی ژیانی خەڵکەکەی و بەدیهێنانی هەمو ئەرک و فەرمانەکانیان.

٢. یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە یەک تاکە هێزی ریکوپێکی هەڵبژاردەی باوەڕپێکراودا.

٣. یەکخستنی دەزگاکانی پەیوەندیەکانی دەرەوە و ئیعلام و مالیە و هەمو دەزگاکانی تر.

٤. یەکخستنی هەڵوێست بە گوتەو بە کردەوە، لە ئیعلام و ڕەفتار و کرداردا بەرامبەر پ ک ک و حیزبەکانی تری کوردستانیش.

٥. هاوکاری تەواو لە پەیوەندیەکانی دەرەوەو ناودەوڵەتان دا وە لە گەڵ کومپانیاکانی بێگانە کە دەیانەوێ لە کوردستان دا کار بکەن.

٦. ڕێگە نەدان بە هیچ حیزب و تاقمێک لە سەرپێچی کردن لە بەرامبەر پەرلەمان و حکومەت داو لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو گومرگ و ئیدارەو دەزگا جیاجیاکانی تردا.

٧. دابینکردنی هەمو ماف و ئازادیە دیمۆکراتیەکانی بیروڕا و ڕێکخستن و مانگرتن و خوپیشاندان و هەڵبژاردن و چالاکی سیاسی و کومەڵایەتی و هونەری و فەرهەنگی (ثقافی) بۆ هەمو هێز و حیزب و هاوولاتیەکی کوردستان بە کورد و تورکمان و ئاسوریشەوە.

مەسعود بارزانی مامجەلال تالەبانی ١٩٩٢/٩/٢

❊

اتفاق ستراتیجی بین

الاتحاد الوطنی الکردستانی والحزب الدیمقراطی الکردستانی – الموحد

ان کردستان العراق تعیش فی ظروف تاریخیه بالغه الدقه وقد حقق شعبنا مکاسب وطنیه بفضل نضاله ودماء شهداءه الابرار وتضحیات ابناءه والدور الاساسی الذی قام به الحزب

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

الديمقراطى الكردستانى – الموحد والاتحاد الوطنى الكردستانى ويدرك الطرفان بان ضمان نجاح تجربه الاداره الديمقراطيه فى كردستان العراق، وادامه التفهم العالمى لقضيه شعبنا العادله.. يتوقف اساسا على صيانه وحده الصف الكردى وتحصينها امام محاولات الاعداء لسلب شعبنا حريته ومكتسباته الوطنيه، ان كل ذلک يستوجب توحيد الموقف السياسى بين الطرفين ازاء التحديات الداخليه والخارجيه التى تهدد تجربتنا الفتيه لذلک فقد قرر الطرفان بعقد هذا الاتفاق الاستراتيجى بينهما والعمل الجاد لتنفيذ بنوده :

اولا: يؤكد الاتحاد الوطنى الكردستانى والحزب الديمقراطى الكردستانى – الموحد تحالفهما المصيرى والاستراتيجى لتحقيق الاتفاق الموقع بين الاخوين مسعود البارزانى وجلال الطالبانى بتاريخ ١٩٩٢/٩/٢. ويلتزم الطرفان بالنتائج التى توصلت اليها لجنه الحوار للمكتبين السياسيين للحزبين الحليفين اساسا وقاعده للعلاقه بينهما وتعتبر هذه النتائج جزءا من اتفاقهما الاستراتيجى هذا.

ثانيا: تؤكد قيادتا الحزبين على الاسس المبدئيه التاليه :

١. تحقيق مشاركه الطرفين فى البرلمان والحكومه على اساس المساواه واتخاذ القرارات الهامه بالتوافق وفى تولى المناصب الحساسه، اما الوظائف الاخرى فتخضع لمبدا تكافؤ الفرص بمراعاه الشهاده والتخصص والكفاءه.

٢. الحريه المضمونه للعمل الفكرى والسياسى والحزبى والديمقراطى والاعلامى فى جميع مناطق كردستان، من زاخو الى خانقين، لجميع مواطنى كردستان العراق وقواها السياسيه والاحزاب العراقيه، وفق القوانين النافذه فى الاقليم، ويمنع الاحتكار السياسى والتنظيمى فيها.

٣. حل الخلافات بين الطرفين ومنظماتهما وهيئاتهما بالاساليب السياسيه والسلميه والاخويه، وتحريم اللجوء الى العنف والسلاح لمعالجه الخلافات كافه.

٤. توحيد مواقفهما السياسيه والعمليه على اساس التشاور والتباحث الرفاقى حيال الاحزاب الكردستانيه العراقيه كافه، على ان يكون الموقف من اى منها على اساس الالتزام بسياده القانون والنظام واحترام المؤسسات الديمقراطيه فى اقليم كردستان.

٥. يلتزم الطرفان بدعم التوجهات الديمقراطيه والسياسيه للاحزاب الكردستانيه وعدم التدخل فى شؤونها الداخليه وتاييد حقوق الشعب الكردى المشروعه ويكون موقفها ازاء كل حزب وجماعه على مراعاه مصاله المشروعه.

٦. يجب الا يتحالف اى من الطرفين مع اى حزب من هذه الاحزاب ضد الطرف الاخر، والا يتخذ اى منهما المواقف الحديه حيالها دون التشاور فيما بينهما.

٧. يدين الطرفان الارهاب ايا كان مصدره ويؤكدان على ان الشعب الكردى الذى كان ضحيته، يعتبر الارهاب خروجا على تقاليده النضاليه والوطنيه.

ثالثا:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

أ) يؤلف مجلس رئاسه من الطرفين يضم كلا من الاخوين جلال الطالبانى ومسعود البارزانى والاخ رئيس المجلس الوطنى الكردستانى والاخ رئيس مجلس وزراء الاقليم وعضوين من المكتب السياسى لكل من الحزبين.

ب) يتمتع مجلس الرئاسه بالصلاحيات التاليه :

١. ممارسه الصلاحيات الوارده فى القانون رقم (٢) لسنه ١٩٩١ لحين استكمال المرحله الثانيه من انتخاب قائد الحركه التحرريه الكرديه.

٢. الاشراف على كتلتى الحزبين فى البرلمان والحكومه.

٣. متابعه تنفيذ جميع القرارات المشتركه الصادره من الحزبين والاتفاقات المعقوده بينهما.

رابعا: يقوم البرلمان بممارسه واداء واجباته الاساسيه باتفاق تام بين رئيسه ونائبه وبين رئيس كتلتى الحزبين فيه.

خامسا: تقوم حكومه اقليم كردستان بممارسه واداء واجباتها الاساسيه وتنفيذ برنامجها الوزارى باتفاق تام بين رئيسها ونائبه وبين وزراء ووكلاء الوزارات.

سادسا: يتفق الطرفان على سياسه موحده ومشتركه تجاه رؤساء الافواج الخفيفه والمستشارين وامراء المفارز الخاصه والبعثيين السابقين بحيث يمنع من يحاول منهم الاستفزاز والابتزاز ومواصله العلاقات المشبوهه مع الحكومه العراقيه، ولا يجوز قبول ولاء اى واحد منهم من طرف الى طرف اخر، كما لا يجوز الانجرار وراء الاستفزازات والابتزازات التى يثيرونها.

سابعا: يتفق الطرفان على سياسه واحده ومشتركه ومرنه تجاه دول الجوار وخاصه تركيا وايران وسوريا وفقا لعلاقات حسن الجوار والمصالح العليا لاقليم كردستان.

ثامنا: يتفق الطرفان على كيفيه انتقال اعضائهما من طرف الى اخر، على ان يمتنعا عن قبول الاعضاء المطرودين او المعاقبين لاسباب اخلاقيه او السرقه او الاتصال بالجهات المعاديه او عصيان اوامر الحكومه.

تاسعا: يؤكد الطرفان على ضروره فرض سياده القانون على الجميع والدفاع عن منجزات شعبنا وخاصه البرلمان وحكومه الاقليم، واحترام حقوق الانسان فى كردستان وتوفير الحقوق والحريات الديمقراطيه لجميع المواطنين فى العراق. ويتعهد الطرفان اعتبار ذلك مهمه مقدسه لهما.

عاشرا: يتعهد الاخوان مسعود البارزانى و جلال الطالبانى شخصيا وباسم حزبيهما بمراقبه وتنفيذ هذه الاتفاقيه ومنع الخروج على نصوصها وبنودها وجوهرها.

***

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یادداشتی رۆژانەی شەڕی ناوخۆ
هەڵگیرسانی و هەوڵەکانی کوژاندنەوەی
ئایاری ۱۹۹۴- ئەیلولی ۱۹۹۸

بیرەوەری
دۆکۆمێنت
لێدوان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشکەشە

بەوانەی من بە ئەندازیاری

شەڕی ناوخۆ ئەزانن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یادداشتی رۆژانەی شەڕی ناوخۆ

(١٩٩٤-١٩٩٨)

مانگی ٥ ی ١٩٩٤:

مام جەلال بە تەمای گەشتێکی سیاسی بو لە چەند دەوڵەتێکی ئەوروپایی گرنگ دا. لە کوردستانەوە بە تەلەفۆن داوای لێ کردم لە گەشتەکەی دا منیشی لە گەڵ بم. ئەوسا نیشتەجێی لەندەن بوم.

لە دوای بەستنی کۆنگرەی گشتی یەکێتی و، لە دوای دامەزراندنی پارلەمان و دروستکردنی حکومەتی هەرێمەوە (١٩٩٢/٧/٤) من بە چەند حەفتەیەک چومە لەندەن. لەو ماوەیەدا: لە هیچ بڕیارێکی سیاسی، لە هیچ کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی یا سەرکردایەتی یەکێتی یا هیچ چالاکیەکی سیاسی یەکێتی دا بەشدار نەبوم، خۆمم دور راگرت بو لە هەمو تێکەڵاویەکی سیاسی - حیزبی. جاروبار سەردانی موع (المؤتمر الوطنی العراقی) م ئەکرد، کە بارەگاکەی لە ناوجەرگەی لەندەن دا بو، بۆ دیدەنی د لەتیف رەشید، د ئەحمەد چەلەبی، هانی فکێکی، عەبدولسەتار دوری و هەندێ دۆست و ناسیاوی تر.

نەمئەویست لەو گەشتەدا بەشدار بم بیانوم هێنایەوە بۆ ئەوەی خۆمی لێ بدزمەوە. ئەو ماوەیە هەمو کاتی خۆمم تەرخان کرد بو بۆ نوسین کەرەستەی دو بابەتم ئامادە کرد بو:

یەکێکیان گێڕانەوەی رووداوەکانی ١٩٨٨ - ١٩٩١.

ئەوی تریان لێکۆڵینەوەیەک لە سەر کێشەی ئاو لە نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکانی دراوسێی دا بە هاوکاری تۆنی ئەلن سەرۆکی بەشی جوگرافیا لە سەوەس (SOAS: خوێندنگەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی و ئەفەریقایی).

*

مام جەلال رۆژی ٥ ی ٤ ی ٩٤ کوردستانی بە جێهێشت بو. سەردانی ئەڵمانیا و یۆنان و فەرەنسای کرد بو. گەڕا بوەوە ئەڵمانیا. لەو رۆژانەدا کۆبونەوەی مەڵبەندی رێکخستنی دەرەوە (رێکخراوەکانی یەکێتی لە ئەوروپا و ئەمەریکا) لە ئەڵمانیا هەبو. منیشیان دەعوەت کرد بو بەڵام من پۆزشتم بۆ هێنانەوە نەچوم. مام جەلال لە بەرلین بو داوای لێ کردم بچم بۆ لای ئەگەر بۆ کاری سیاسیەیش نەبێ، بۆ یەکتر بینین و هاوڕێیەتی سەفەر. سەرەنجام بڕیاری چونم دا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٢ ی ٤ ی ٩٤:

چەند رۆژێ بو رەسول مامەند هاتبوە لەندەن بۆ سەردانی خێزانەکەی. رۆژێکیان بۆ بەخێرهاتن و تازەکردنەوەی دۆستایەتی لە مالی خۆیان سەردانم کرد. نیوەشەو بە تەلەفۆن ئاگاداریان کردم کە لە کاتی وەرزش دا، لە یەکێ لە وەرزشگەکان دا، دڵی لە لێدان وەستاوە تا گەیاندویانەتە نەخۆشخانە گیانی سپاردوە. بلیتی فڕۆکەم بڕی بو بەیانیەکەی ئەبو بچم بۆ بەرلین بۆ لای مام جەلال. بە هۆی مردنی کاک رەسوڵەوە وازم لێ هێنا. مامەوە بۆ بەشداری لە پرسەکەی دا.

*

٢٥ ی ٤ ی ٩٤:

مام جەلال هاتە لەندەن. پێکەوە دانیشتین و بڕیارم دا سەفەرەکەی بۆ ئیسپانیا و ئیتالیا و یابان لە گەڵ تەواو بکەم. بە لایەوە مەبەست بو بە خەڵکی بڵێ کە ئێمە هێشتا یەکگرتوین.

*

٢٨ ی ٤ ی ٩٤:

سەردانی ئیسپانیا

ئەمە جاری دوەم بو بچمە ئیسپانیا:

جاری یەکەم، کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ لە ڤیەننا‌وە چوم بۆ مەدرید بۆ سەردانی تەیب بەرواری هاوڕێی سەردەمی خوێندن و کاری سیاسیم کە ئەوسا لە سەفارەتی عیراق دیپلۆمات بو. ئاهەنگەکانی سەری ساڵم لەوێ بەسەر برد.

جاری دوەم، نیسانی ١٩٩٤ لە لەندەنەوە لە گەڵ مام جەلال چوم بۆ مەدرید بۆ بەشداری لە گەشتەکەی ئەو دا.

بەکر فەتاح نوێنەری یەکێتی بو لە ئیسپانیا، چوستی محێدین یەکێ بو لە کوردانی نیشتەجێیَ ئەوێ. حکومەتی ئیسپانی چەند کەسێکیان دانا بو بۆ پاراستن و ڕێکخستنی دیدەنیەکانی مام جەلال. چەندین کەسمان لە سەرکردایەتی حیزبەکان و ئەندامانی پارلەمان و نوێنەرانی ڕێکخراوە خێرخوازەکان بینی. لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا، وەزیری کاروباری دەرەوە خافێر سۆلانە پێشوازی کردین. لە گەڵ مام جەلال وا ڕێک کەوتبوین لەم گەشتەدا ئەو باسی هەلومەرجی سیاسی عیراق و کوردستان بکا و، منیش پێویستیەکانی کوردستانی عیراق باس بکەم و داوای یارمەتی و "دەرۆزە" یان لێ بکەم. ئەوەی من لە سەری ڕائەوەستام دەرۆزەی بۆ بکەم بریتی بو لە چەند شتێ:

دابینکردنی کەلوپەلی خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، بە تایبەتی چاپی کتێب و دەفتەر، کە حکومەتی بەغداد بەشی کوردستانی لێ نەئەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێکخستنەوەی هێزی پۆلیس و ئاسایش، ڕاهێنان و مەشق و تەیارکردنیان بە چەک و ئۆتۆمۆبیل و دەزگای پێوەندی.

یارمەتیدانی حکومەتی هەرێم، بە پسپۆڕ و کۆمپیوتەر، بۆ ئەنجامدانی سەرژمێر و ئامارگیری لە کوردستان دا.

بۆ هەمویان بەڵێنی پێ داین.

لەو چەند ڕۆژەدا بە هەلم زانی هەندێ لە نەریتە تایبەتیەکانی ئیسپانیا ببینین. داوام لە ڕێبەرەکانمان کرد سەردانی شەڕی نابەرامبەری "ماتادۆر و جوانەگا" و، سەردانی ئاهەنگێکی سەمای "فلامینکۆ" مان بۆ ڕێک بخات. هەردوکیان بۆ ساز کردین.

*

سەردانی ئیتالیا

لە گەڵ مام جەلال بە فڕۆکە چوینە ڕۆما. شازاد سائیب، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا و سەلاح ڕەشید، نوێنەری یەکێتی لە ئەڵمانیا، گەیشتنە ڕۆما. ئازاد فەخرەدین و ئەحمەد دەرویش کە دانیشتوی ئیتالیا بون ئەوانیش گەیشتنە گروپەکە.

بە هۆی ململانێی حیزبەکانەوە وەزارەتی پێشو لە کار خرا بو بەڵام هێشتا وەزارەتی نوێ پێک نەهات بو. چەندین ئەندامی پارلەمان و سەرکردایەتی حیزبەکان و ڕێکخراوی خێرخوازمان بینی. سەرۆک کۆماری ئیتالیا ئۆسکار لویجی سکالفارۆ لە کۆشکی کۆماری پێشوازی کردین. هەمان قەوانی لە ئیسپانیا بۆ وەزیری دەرەوەمان لێ دا بو، بۆ ئەمیشمان دوبارە کردەوە. بەرەو ڕوی کۆمەڵێ کاربەدەستی بالای وەزارەتە جیاجیاکانی کردینەوە. ئەوانیش بەڵێنی هاوکاری و یارمەتی و جێبەجێکردنی داواکانیان دا.

سەردانی فاتیکانمان کرد، پاپا کەوت بو جێگەیەکی شکا بو، ئەومان نەدی، کەسێکمان بینی کاروباری وەزارەتی دەرەوەی فاتیکانی ئەکرد.

کۆبونەوەیەکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەبو لە تۆکیۆ و، کۆبونەوەیەکیان بۆ ڕێک خست بوین لە گەڵ وەزارەتی دەرەوەی یابان. خۆمان ئامادە کرد بو بۆ سەفەر، هەم ڤیزەی یابانمان وەرگرت بو هەم بلیتی فڕۆکەمان بڕی بو.

٢ ی ٥ ی ٩٤:

قەڵادزە سەرەتای شەڕ

شەو لە ئوتێل نوست بوین بە تەلەفۆن لە کوردستانەوە بە ئاگایان هێنایین شەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتی لە قەڵادزە قەوماوە. لەم کاتەدا کە ئەم شەڕە هەڵگیرساوە لە نیوە زیاتری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە دەرەوەن:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مام جەلال سکرتێری گشتی و فەرماندەی گشتی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە گەشتی سیاسی ئەوروپایە.

ڕەسول مامەند، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم، لە لەندەن بو چەند ڕۆژێکە کۆچی دوایی کردوە.

د کەمال فوئاد، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیە، لە ئەڵمانیایە.

قادری حاجی عەلی بەگ، لێپرسراوی دەزگای زانیاریە، لە سویدە.

عومەر فەتاح، لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنە، لە سویدە.

منیش کە بە ناو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بە کردەوە و بەراستی دور لەو دەزگا و دەسەلاتەم ١٦ مانگ زیاترە نیشتەجێی لەندەنم.

ئەوانەی لە کوردستانن:

کۆسرەت ڕەسول عەلی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە.

جەبار فەرمان، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و، وەزیری پێشمەرگەیە و جێگری فەرماندەی گشتیە.

عومەری حاجی عەبدوڵا (ملازم عومەر)، ئەندامی سەرکردایەتی و، سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانیە.

د فوئاد مەعسوم ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیە.

فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و. بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن و لە هەمان کات دا سەرنوسەری "کوردستانی نوێ" یە.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی ٨ ی ڕێکخستنی یەکێتیە. بارەگای سەرەکی لە ڕانیەیە. قەڵادزە کەوتۆتە سنوری کار و دەسەلاتی ئەوەوە.

عومەری سەید عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی ١ ی ڕێکخستنی سلێمانیە.

سالار عەزیز، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، پارێزگاری سلێمانیە.

ئەرسەلان بایز، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی هەولێرە.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوکە.

چەتۆ حەوێزی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سۆرانە.

عارف ڕوشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی ئاکرێیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حەسەن کوێستانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی دهۆکە.

*

راپۆرتی رەسمی م س – یەکێتی کە بۆ مام جەلالیان ناردوە و ئەمڕۆ بە فاکس وەرمان گرت رووداوەکە بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

بۆ هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال + مەڵبەندی دەرەوە

لە م س هوە

سەلاوێکی گەرم

رۆژی ١٩٩٤/٥/١ عەلی حەسۆ میرخانی ژاژۆکی لە گەڵ بابەکر پشدەری جێگری لقی ١١ بە هێزێکەوە، دەچنە سەر قەڵادزە بۆ تێکدانی ژمارەیەک دوکان، کە ئیدیعایان کردوە هی باوکێتی. لەوێ جەماوەر ناڕەحەت ئەبن و دۆخەکە ئاڵۆز ئەبێ. هەڤاڵ مام جوتیار و ژمارەیەک لە تێکۆشەرەکانی یەکێتی لە گەڵ جەماوەر ئەبن. پاشان مامۆستا دەڵگەیی و پیاوچاک ئەکەونە بەینەوە و لە یەکتر جیایان ئەکەنەوە. لەو دەمەدا پاش بڵاوەلێکردن کاک جوتیار و دەستەیەک پێشمەرگە کە بە لای چەکدارەکانی عەلی و ئەوانەی لق دا رەت ئەبن لە ناکاو دەستڕێژ لە مام جوتیار ئەکەن، خۆی و دو پێشمەرگە شەهید ئەبن. ئەو ئێوارەیە هەڤاڵانی ئێمە کۆ نابن بۆ کۆنترۆڵکردنی وەزعەکە و وەرامدانەوەی دەستدرێژی، شەو هێزێکی یەکێتی لە گەڵ هەڤاڵ عەلی نەبی ئەچنە هانای برادەرەکانمانەوە ئەچنە سەر لیژنەی ناوچەی قەڵادزە کە خۆیان بۆ شەڕ حازر کرد بو. ئەبێ بە شەڕ و لەو شەڕەدا هەڤاڵ عەلی نەبی شەهید ئەکرێ و هەڤاڵ ئیسماعیل وەرتی بە خەستی بریندار ئەبێ گوللە لە سەری داوە، پاش ئەوە هەلومەرج ئاڵۆزتر ئەبێ و هەڤاڵانی یەکێتی و جەماوەر ناچار ئەبن دەست بکەنەوە و قەڵادزە پاک بکەنەوە.

کەسوکاری شەهیدەکان و عەشیرەت و هەڤاڵانیان زۆر توڕە ئەبن و ناوچەی رانیە و لق و چوارقورنە ئەگرن. ئێمە بە پەلە دەستەیەکمان نارد، هەڤاڵ دارۆ شێخ نوری وەزیری دارایی و هەڤاڵ یونس رۆژبەیانی، بەیانی زوی ١٩٩٤/٥/٢ بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە. بە داخەوە ئەمڕۆ عەسر هەردوکیان بروسکەیان دا کە لە بەر توڕەیی خزم و عەشیرەتی هەڤاڵ عەلی نەبی و شەهیدەکان بۆیان ناکرێ کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن بۆیە بە پەلە پێشنیارمان کرد هەڤاڵ کۆسرەت، سەرۆک وەزیر و د رۆژ شاوەیس جێگری سەرەک وەزیران و هەڤاڵ ئازاد بەرواری بچن خۆیان لە نزیکەوە دەست بە سەر وەزعەکەدا بگرن و بەر بە تەشەنەکردن بگرن. ئیستە ئەو برایانە بەرەو ئەوێ ئەجوڵێن.

ئەم ساتە هەوڵی د رۆژ وا ئەگەیەنێ کە پەشیمان بونەتەوە نایانەوێ لە گەڵ کاک کۆسرەت بچن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێبینی: ناونیشانی ڕاپۆرتەکە بە خەتی د فوئاد و ناوەڕۆکەکەی بە خەتی فەرەیدون نوسراوە.

ئەمە گێڕانەوەی یەکێتیە بۆ سکرتێرەکەی ئەبێ گێڕانەوەی پارتی چۆن بێ بۆ سەرۆکەکەی؟ شەڕی دو تاقمی چەکدار لە سەر ئەرز و دوکان چ پێوەندی بە داگیرکردنی بارەگای حیزبیی ناوچە و لقەوە هەیە و شەڕ لە قەلادزێ بوە بۆچی ئەبێ رێگە بدرێ بگاتە رانیە؟

*

حەسۆ میرخان ژاژۆکی بارزانیە و لەو کەسانەیە بە گەنجی لە گەڵ مەلا مستەفا چۆتە یەکێتی سۆڤێت. لە دوای ۱۱ ی ئازاری ۱۹۷۰ بۆتە ئامیر فەوجی حەرەس حدود. لە دەسپێکردنەوەی شەڕدا (۱۹۷٤) بۆتە فەرمانەی هێزی کاوە. بارەگای هێزی کاوە لە پشدەر بوە. هەر لەوێ ژنێکی لە بنەماڵەیەکی ئەوێ هێناوە و پارچە ئەرزێکی لە قەلادزێ وەرگرتوە. حەسۆ لە هێرشی "جود" دا بۆ سەر هێزەکانی یەکێتی لە چیای قەندیل کوژرا (۱۹۸۳). عەلی کوڕی حەسۆیە لە ئێران گەورە بوە و خوێندویەتی و ئەفسەرە لە لیوای تایبەتی پاراستنی مەسعود بارزانی.

مام جوتیار (محەمەد ئەحمەد محەمەد) سەردەمێ موختاری هێرۆ بوە. فەرماندەی تیپی جوتیارانی یەکێتی بوە. کەسایەتیەکی ناسراو و بەڕێزی ناوچەکەیە. عەلی نەبی و سمایل وەرتی سەردەمێ سەرتیپی یەکێتی بون و بەر لە ڕاپەڕین لە فەرماندەکانی شانە چەکدارەکانی بروسک و شالاو بون و، یەکەم گوللەی ڕاپەڕین لە رانیە عەلی نەبی تەقاند بوی. دانیشتوانی ناوچەکە ئەم سێ کەسایەتیەیان بە قارەمانی خۆیان ئەزانی.

دارۆی شێخ نوری وەزیری دارایی (نوێنەری یەکێتی) و، یونس ڕۆژبەیانی وەزیری ناوخۆ (نوێنەری پارتی) کە لە هەولێرەوە چون بۆ رانیە بۆ دامرکاندنەوەی ئاژاومیەکە. ئەوان و هەندێ لە لێپرسراوەکانی پارتی لە بارەگای مەڵبەندی ۸ ی یەکێتی بون نەیان توانی بو "مستەفا چاوڕەش کە بەرپرسی ڕاستەوخۆی ناوچەکەیە، ببینن خەریکی ناشتنی تەرمی کوژراوەکانی یەکێتی بوە.

*

مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی پێکەوە ئەم "ڕونکردنەوە" یەیان بڵاو کردۆتەوە:

"ئەی جەماوەری بە شەرەفی کوردستان!

بە داخەوە ڕۆژانی ۱ ی ٥ و ۲ ی ٥ ی ۱۹۹٤ چەند کارەساتێکی دڵتەزێن لە شاری قەڵادزە ڕویان دا و لە ئەنجام دا چەند کادر و پێشمەرگەی هەردولا شەهید بون. ئەم ڕوداوە دڵتەزێنە ئەنجامی ناکۆکی و خیلافێکە کە دورە لە هەردو حیزب و بە بێ ئاگاداری لێپرسراوانی هەردو حیزبی هاوپەیمان ڕوی داوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێرەدا داوا لە هێزی هەردولا لە ناوچەکانی قەڵادزێ دەکەین کە دەستبەجێ بڵاوەی لێ بکەن و بە هێمنی بگەڕێنەوە جێگای بنکە ئاساییەکانی خۆیان. هەر کێشەیەک روی دا و هەر ئیجراڕاتێک پێویست بێ بکرێ بەرەو روی حکومەتی هەرێم بکرێتەوە.

بۆ ئاگاداریی جەماوەری بە شەرەفی کوردستان لیژنەیەکی باڵای مەکتەبی سیاسی هەردولا و حکومەتی هەرێم روی کردۆتە ناوچەکە بۆ خامۆشکردنەوەی باری نائاسایی و چارەسەرکردنی ئەو ئاڵۆزی و گیروگرفتە.

پێویستە لە سەر هەمو لێپرسراوەکان و لیژنەکانی هەردولامان دەستبەجێ باری نائاسایی ناوچەکانیان هێمن بکەنەوە و بە گیانی برایەتی و هاوپەیمانێتی رەفتار بکەن و ئاسایش و تەبایی بپارێزن.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢ ی ٥ ی ١٩٩٤

*

هێزەکانی پارتی بارەگای رێکخراوە دیمۆکراتیەکانی یەکێتیی‌یان لە بادینان داگیر کرد.

*

٢ ی ٥ ی ٩٤:

رۆژانە دەیان کەس و گروپ تەلەفۆن بۆ مام جەلال ئەکەن داوای لێ ئەکەن بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی وەزعەکە کۆنترۆل بکرێ و شەرەکە بکوژێتەوە. مەسعود بارزانی و نێچیروان بارزانی و هوشیار زێباری لە پارتی و کۆسرەت رەسول و جەبار فەرمان و د فوئاد مەعسوم و د بەرهەم سالح لە یەکێتی بە تەلەفۆن بەردەوام لە گەڵ مام جەلال لە سەر خەتن. مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ مەسعود بارزانی و هەردو م س نارد:

لە مام جەلالەوە

بۆ برای خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

زۆر بە داخەوە خەبەرە ناخۆش و دڵتەزێنەکانی شەڕی نێوان نەفامان و نامەسئولانی پارتی و یەکێتی‌مان بیست. من و کاکەنەوە (مەبەستی بەندەیە) دەسبەجێ بروسکەمان کردوە بۆ م س – ی ن ک کە پەیڕەوی ئامۆژگاری جەنابت بکەن. هەقە ئەمڕۆ جەنابتان دەوری مێژویی خۆتان ببینن بۆ گێڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش و برایەتی و یەکێتی نێوان پ د ک و ی ن ک.

پێم باشە جەنابت سەرۆکایەتی هەردو م س بکەیت بۆ راگرتنی دەستبەجێی شەڕ و دانانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانباران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە غیابی من دا هەقە جەنابت دەوری خۆتان لە جیاتی هەردوکمان لە ناو هەردو حیزب دا ببینن بە دوربینیی خۆتان چارەی پەلەی وەزعەکە بکەن.

لە سەر هەردو م س پێویستە پەیڕەوی ئامۆژگاریەکانی کاک مەسعود بکەن. ١٩٩٤/٥/٣

وێنەیەک بۆ م س – ی ن ک

وێنەیەک بۆ م س – پ د ک

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

*

"بانگەوازی مەسعود بارزانی بۆ ڕاگرتنی شەڕ

بسم الله الرحمن الرحیم

هەرچەندە زوڵمێکی زۆر لە پارتی کراوە لەم ڕوداوانەی دوسێ ڕۆژی ڕابوردو لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە و سلێمانی و لە بەر ئەوەی چارەنوسی گەلی کورد لە مەترسیەکی یەکجار زۆر گەورەدایە و بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی دڵتەزێن ڕو نەدات داوا دەکەم لە هەمو لایەک هێمنی بپارێزن و شەڕ بوەستێنن دەستبەجێ. داواکارم ڕۆژی ٤ ی ٥ ی ١٩٩٤ کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ببێ لە گەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دیراسەتی ئەم وەزعە و چارەسەرکردنی.

ئێمە هەمیشە بۆ بەرژەوەندی بەرزی گەلی کورد و کوردستان بەرژەوەندی ترمان بەلاوە ناوە. وا ئەم جارەش بۆ خاتری گەلی کورد دیسان واز لە مافی خۆمان دێنین تا مافی کورد بپارێزین. بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەڵوێست و موبادەرەی لایەنە سیاسیەکان و شەخسیاتی خێرخواز بکەم کە زۆر ماندو بون و هەوڵێکی زۆریان دا.

مەسعود بارزانی ٣ ی ٥ ی ١٩٩٤"

*

م س یەکێتی "بانگەواز" یکی دەرکردوە "لە سەر شەڕی دهۆک و سلێمانی و کەرکوک" "پێرێ ئێوارە لە سەر ڕوداوە دڵتەزێنەکانی ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە هەردو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد بۆ ڕێگە گرتن لە پەرەسەندنی شەڕ و ناکۆکی، بەڵام بە داخەوە دوێنێ ڕوداوەکان ناوچەکانی زاخۆ و سلێمانیشیان گرتەوە.

ئێمە بە گیانی هەستکردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بە مەترسی ئەو ڕوداوانە لە سەر ئایندەی گەلەکەمان و دەسکەوتەکانی داوا لە هەمو مەڵبەند و لقەکان و هێزەکانی هەردولا دەکەین بە پەلە شەڕ لە هەمو شوێنێ ڕابگرن و ڕێگا بە تەقینەوە نەدەن، سبەینێیش سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆ دەبێتەوە و ڕێگە چارەسەر دادەنێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆر سوپاسی هەمو لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و قسەکردنەیان لە گەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی دا بۆ دەرکردنی بانگەوازەکەی، هەروەها بۆ هەمو ئەو هەوڵانەی کە رویان کردە راگرتنی ئاگری شەڕ.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٣ ی ٥ ی ١٩٩٤

*

د فوئاد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر چو بون بۆ لای کاک مەسعود و م س پارتی لە سەلاحەدین تکایان لێ کرد بون کە رێگە نەدەن بارەگاکانی یەکێتی لە بادینان بگیرێ ئەگینا لە سلێمانیش بارەگاکانی پارتی ئەگیرێن.

دەمەو نیوەڕۆ هێزەکانی پارتی بارەگاکانی مەڵبەندی ٤ ی دهۆکیان داگیر کرد عەسری هەمان ڕۆژ هێزەکانی یەکێتی بارەگاکانی لقی ٤ ی سلێمانیان داگیر کرد. لە دهۆک تەقە نەبوە لە سلێمانی هەندێ تەقوتۆق بوە بەڵام زەرەری گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.

جەلالی حاجی حسێن، سەردەمێ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و یەکێ لە پێشمەرگەکانی دەسپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ و، سەردەمێ بەرپرسی پاسۆک، لە کاتی ناوبژی نێوان هێزەکانی یەکێتی و پارتی لە سلێمانی کوژراوە. جەلال کەسایەتیەکی ناسراو و بەڕێزی سلێمانی بو، هاوڕێیەکی نزیکی سالانێکی دوورودرێژم بو. چەندین ساڵ بو نیشتەجێی شام بو. م س – یەکێتی بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردوە.

*

٤ ی ٥ ی ٩٤:

ڕێککەوتننامەی م س – ی ن ک و پ د ک

لە کۆبونەوەی هاوبەشی ٤ ی ٥ ی ١٩٩٤ ی هەردو مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مەسعود بارزانی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بە بەشداری هەڤاڵان د فوئاد مەعسوم، کۆسرەت ڕەسول عەلی، فەرەیدون عەبدولقادر، مەلا بەختیار و سەعدی ئەحمەد پیرە وە لە لایەن پارتیەوە هەڤاڵان عەلی عەبدولا، سامی عەبدورەحمان، جەوهەر نامیق، د ڕۆژ نوری شاوەیس، موحسین دزەیی، د جەرجیس و عیزەدین بەرواری، بڕیار لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە درا:

١. کۆمیتەیەکی هاوبەش لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و قەلادزە و رانیە بۆ راگرتنی شەڕ و نەهێشتنی شوێنەواری شەڕ و حاڵەتی شەڕ.

٢. کۆمیتەیەکی هاوبەش بە هەمان شێوە و بە هەمان دەسەلات و بۆ ئەو کارانەی فەقەرەی (١) بچێ بۆ ناوچەکانی دهۆک، زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ و هەمو ناوچەی بادینان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. هەمو گیراوەکان بدرێنەوە بە یەکتری.
٤. ئەبێ بە پەلە بارەگاکان بدەنەوە بە یەکتر.
٥. ئەبێ بێ هیچ مەحتەلکردن مۆمتەلەکاتی یەکتر هەمو شت و هەمو ئامێر و دەزگای یەکتری بدەنەوە بە یەکتری.
٦. تەحەشودات هەمو هەڵگیرێ و هیچ هێزی تازەش لە روی یەکتر و دژی یەکتر کۆ نەکرێتەوە.
٧. راگەیاندن شوێنەواری شەڕ نەهێڵێ و هەردولا بەرپرسیارن لە راگەیاندن بە گیانی برایەتی و ئاشتی و تەبایی.
٨ هیچ جۆرە تەصریح و قسەیەک رێگە پێ نەدرێ بە بێ تەوجیهاتی مەرکەزی.
تێبینی: ئەم رێکەوتننامەیە بە خەتی فەرەیدون نوسراوە.

*

٥ ی ٥ ی ٩٤:

سەرچڵ قەزاز گەیشتە رۆما.

بارەگا و گەنجینەکانی سەرچڵ قەزاز لە زاخۆ داگیر کراوە و ئەحمەدی کوڕیشی گیراوە.
مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ م ب نارد:
لە مام جەلالەوە بۆ کاک مەسعودی بەڕێز ١٩٩٤/٥/٥
سڵاوێکی گەرم
ئێمڕۆ کاک سەرچل ئاگاداری کردم کە دوێنێ شەو و ئێمڕۆ بەیانی واتە دوای دو رۆژ لە رێکەوتنەکەی بە ئیشرافی جەنابت کراوە، بارەگاکەیان تاڵان کردوە و هەرچی تێدا بوە بردویانە. هیوادارم ئەمر بدەن دەستبەجێ کەلوپەلەکان کۆ بکرێنەوە و نەفەوتێت چونکە مواڵکی شەخسی سەرچڵە و بایی سەدان هەزار دۆلارە بە قسەی کاک سەرچڵ. هیوادارم ئەمر بدەن بە بادینان ئەو کارانە نەکەن.
وێنەیەک بۆ م س – ی ن ک بۆ ئاگادارکردنی کاک فەرەیدون
وێنەیەک بۆ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بەڕێز بۆ چاوەدێری کردنی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە.
تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

*

هێزەکانی پارتی بارەگای مەڵبەندی ٧ ی یەکێتییان لە ئاکرێ داگیر کردوە. رێباز و سلەیمان عەرەب کە دو فەرماندەی دێرینی پێشمەرگەکانی یەکێتی بون بە زیندویەتی گیراون و کوشتویانن. ئەم بارەگایە رێگر بو لە رێگەی گواستنەوەی هێزەکانی پارتی لە بادینانەوە بۆ سۆران. رێباز، لە دوای راپەڕین، هەندێ لە بیرەوەریەکانی خۆی لە دو کتێب

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دا بڵاو کردەوە هەرکەس ئەو دو کتێبەی خوێندبێتەوە ئەزانێ رێباز تا چ ئەندازەیەک دژی شەڕی ناوخۆی کورد – کورد بو.

هەر ئەمڕۆ هێزەکانی پارتی هەڵیان کوتاوەتە سەر بارەگای یەکێتی لە مەسیفی سەلاحەدین ١٤ کەسی تێدا بوە هەمویان کوشتون لەوانە ٦ یان بە دیلی گوللەباران کراون.

*

سەرەڕای ئەو هەمو بەیان و بانگەوازەی هەردولا دەستدرێژی و هێرش و پەلامار بۆ سەر یەکتری بەردەوامە ئەمە چی لێ ئەخوێنرێتەوە؟

- یان سەرکردە و سەرکردایەتی پ د ک و ی ن ک دەسەلاتیان بە سەر هێزە چەکدارەکانیان و حیزبەکانیان دا نەماوە.

- یان ئەو بڵاوکراوانە بۆ چاوبەست و تەفرەدانی رای گشتیە، ئەوان خۆیان لە پشت ئەم روداوانەوەن.

ئەگینا رێی تێ ئەچێ ئەگەر خۆیان ژێربەژێر فەرمانیان بۆ دەرنەکەن کەسیان بوێرن کاری لەو بابەتە بکەن!

هەمو ئەو نامانەی کە هاوڕێ و دۆست و ناسیاوەکانم بۆیان ئەنوسیم و، هەمو ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی لە وڵاتەوە ئەگەیشتن و، هەمو ئەوانەی لە کوردستانەوە ئەهاتن بۆ ئەوروپا و، هەمو ئەوانەی لە ئەوروپاوە سەردانی کوردستانیان ئەکرد، لە چەند مانگی رابوردودا، وایان رائەگەیاند کە ناکۆکی لە نێوان یەکێتی و پارتی دا لە جاران قوڵتر بۆتەوە. لە ریزی سەرەوە دابەزیوە بۆ ریزەکانی خوارەوە و چۆتە ناو خەڵکەوە. ئاگر کەوتنەوە، گەورە بێ یا پچوک، پێویستی بە یەک پڕیشکە، ئەو پڕیشکە لە قەڵادزێوە دەستی پێ کردوە. ئەگینا شەڕێ لە شارێکی سنوریی چەپەک و وێرانی وەکو قەڵادزێ، لە سەر پارچەیەک ئەرز و چەند دوکانێ، بۆ ئەبێ وا بە خێرایی و ئاسانی بتەنێتەوە بۆ لق و ناوچە و مەڵبەند و کۆمیتەکانی رانیە و سلێمانی و دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ؟

*

٦ ی٥ ی ٩٤:

ئەمڕۆ بە فاکس وێنەی ئەم رێککەتننامەیەمان پێ گەیشت:

پێش نیوەشەوی ٩٤/٥/٥ لە ماڵی مام جەلال بەرێزان کاک نێچیرڤان ئەندامی مەکتەبی سیاسی - پ د ک، د. ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی دەستەی ڕاپەڕینی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی، د. فوئاد مەعسوم ئەندامی م س - ی ن ک هەردولا ی ن ک و پ د ک رێککەوتن لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. هیچ لایەنێکیان هیز بۆ پارێزگای هەولێر نەنێرن نە هێزی پ. د. ک لە ئاوی قەندیل بپەڕێتەوە نە هێزی ی.ن. ک لە پارێزگای سلێمانی و کەرکوک بۆ پارێزگای هەولێر بێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. هەردولا هیچ هێزێک لە دەرەوەی هەولێر نەهێنن ناو هەولێر.
٣. هەردولا هەر هێزێکی لەم حەفتەیەدا هێناویانەتە دەوروبەری هەولێر و ناوشاری هەولێر هەموی بگەڕێتەوە شوێنی پێشوی خۆی.
٤. هەردولا پشتگیری لە هەنگاوەکانی لێژنە ئەمنیەکە دەکەن کە لە لایەن هەردولایان داندراوە بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی هەولێر

ئیمزا: نێچیروان فوئاد ئەحمەد چەلەبی

تێبینی: ئەم رێککەوتنە بە خەتی د فوئاد مەعسوم نوسراوە.

*

ئەمڕۆ کاک مەسعود بە فاکس ئەم نامەیەی بۆ مام جەلال نارد:

برای بەڕێز و خۆشەویستم مام جەلال پێشکەشە

دوای سڵاوێکی برایانە

زۆر زۆر بە داخەوە رووداوی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن رویان دا لەم چوار رۆژی رابردو کە بە خەیاڵم نەدەهات شتی وا لە نێوان پارتی و یەکێتی رو بدات.

خەڵکی نەفام و نەزان و هەندێک خائینیش بە داخەوە مەیدانیان بۆ خۆش بوە یاری بە چارەنوسمان بکەن.

من هەمو هەوڵێکم داوە و ئەیدەم کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەم و لیجانمان دانان بۆ محافەزەکان. بەڵام دیسان سەرپێچی هەر هەیە.

نابێ کۆل بدەین و ئەبێ ئینشائەڵا ئیرادەی خێر سەرکەوێت.

ئێستاش ئەم کارانەمان کردون:

١. نێچیروان و د ئەحمەد چون بۆ مالّی جەنابت بۆ سەردانی هێرۆ خان و بۆ ئەوەی خەڵک هەموی بزانن کە مالّی جەنابت مالّی منە و رەفتاری منالانەی خەڵکانێک تەئسیر لە برایەتیمان ناکات.

٢. لێژنەیەکمان دانا بۆ نەهێشتنی مظاهری توتر لە هەولێر. وە هەمو هەوڵێک درا بۆ ئەوەی لە هەولێر وەزعەکە بپارێزین و لە شوێنەکانی تریش موعالەجەی بکەین.

٣. کاک کۆسرەت و کاک د رۆژ چون بۆ سلێمانی.

٤. کاک فەرەیدون و کاک ئازاد بۆ دهۆک.

٥. کاک عارف و کاک مەلا بەختیار بۆ هەولێر بۆ جێبەجێکردنی برپارەکان کە کارێکی ئاسان نیە و بە داخەوە شتی وا روی دا کە مرۆڤ حەز ناکات باسیان بکات لە بەر سومعەی گەلەکەمان.

برای خۆشەویستم مام جەلال:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگە و کادری پارتی بە ساغی گیراون و ئیعدام کراون. بریندار لە خەستەخانە دەریان هێناوە و شەهیدیان کردوە. شتی وا زۆرە نامەوێت زیاتر ناڕەحەتت بکەم. چونکە ئەزانم لە من ناڕەحەتتری بۆ ئەم وەزعە ناخۆشە.

شتی نامەعقول و ناڕاست زۆر کراوە بەڵام هەر دەبێ خەبات بکەین بۆ تەبایی و برایەتی و فێرکردنی خەڵک بۆ ئاشتی و برایەتی و تەبایی نەک بۆ شەڕ.

ئینشائەڵا کە تەشریفت هاتەوە ئەبێ لە بنەڕەتەوە ئەم وەزعە عیلاج بکەین یان وا بڕوات زۆر باشترە بۆ هەردوکمان بۆ خۆمان بڕۆین با ڕوزەرد نەبین.

زۆر بە پێویستی دەزانم هەرچی زوتر تەشریف بێنەوە بۆ لامان بۆ ئەوەی پێکەوە بەڵکو هەم بڕینەکان ساڕێژ بکەین و هەم عیلاجێک لەم وەزعە بکەین و سود لەم چەند تەجروبانە وەرگرین.

زۆر زۆر سڵاوم بۆ کاک نەوشیروان و بە ئومێدی دیدارتان.

٥/٦-٥ براتان مەسعود بارزانی

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی کاک مەسعود نوسراوە.

*

٧ ی ٥ ی ٩٤:

مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ کاک مەسعود نارد:

لە مام جەلالەوە

بۆ برای خۆشەویستمان کاک مەسعودی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

وەک پێکەوە باسمان کرد، بە زوترین کات بە ڕێ دەکەوین بەرەو شام. دوبەیانی ئێوارەکەی هەمومان دەگەینە شام. کاکە نەوەش زۆر سڵاوی هەیە. هەمومان هیوامان زۆرە کە جەنابت کۆنترۆڵی تەواوی وەزعەکە بکەن تاکو دەگەینەوە و پێکەوە چارەی دەکەین. لە شامیشەوە هەوڵ دەدەین قسەتان لە گەڵ بکەین. پێم باشە بەردەوام هەردو م س ئامۆژگاری بکەن و ماوەی هیچ جۆرە کارێکی ناخۆشی دڵتەزێنی تر نەدرێت.

هەر شاد و سەرکەوتو بن

ئیتالیا ١٩٩٤/٥/٧

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

*

مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ د بەرهەم سالح، نوێنەری یەکێتی لە ئەمەریکا، نارد:

لە مام جەلالەوە بۆ د بەرهەمی بەڕێز

بە خزمان رابگەیەنە کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. مام جەلال و برایانی تری م س کە لە دەرەوەی ووڵاتن بە پەلە بە ڕێ دەکەون بۆ شام و لەوێشەوە بۆ ووڵات.

٢. لە گەڵ کاک مەسعودیش قسە کراوە کە بێتە پیریانەوە لە سەر زێیەکە.

٣. زۆر بە داخەوە وەک ڕەچاومان دەکرد خزمان نەهاتنە دەست. پێم وابو بە پەلەو بە فڕۆکە لە فرانکفۆرتەوە بۆ ئەنچەرلیک و لەوێشەوە بۆ ووڵاتم دەبەن. کەچی وا دەرنەچو.

٤. تورکیا چەند جیهەتێکە. من باوەڕم بە میت نیە. زۆر ترسم هەیە لە تورانیەکان و کۆنتەرگۆریللا. بۆیە بەو جۆرە بە تورکیادا ناچم.

٥. دەچم بۆ شام. گەر لەوێڕا توانیم بە زەمین دا دەچینەوە. ئەگینا با خزمان لە زاخۆڕا بە هەلیکۆپتەر بمانبەنەوە بۆ ناوچەیەکی ئەمینی خۆمان.

٦. لە گەڵ السید الحکیم قسەم کردوە، وەعدی بۆ لە ئێران وەرگرتوم بە وێدا بچمەوە. پێم وایە ئێرانیش دەیەوێ ناشت بێتەوە لە گەڵمان دوای شکانی ئەم دواییەی ئیسلامیەکان و لە ترسی هاتنەوەی سەدام بۆ کوردستان.

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

هێزەکانی پارتی شارەکانی هەریر و باتاسیان گرت و بارەگاکانی یەکێتیان لە کەسنەزان و مەلا ئۆمەر داگیر کرد.

*

٩ ی ٥ ی ٩٤:

نیوەڕۆکەی میوانی د ئەکرەم جاف بوین کارمەندی "فاو" ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە نیشتەجێی ڕۆمایە. ئێوارەش لە گەڵ مام جەلال و سەرچڵ قەزاز لە ڕۆماوە بە فڕۆکە چوین بۆ دیمەشق لە سوریا.

دانای ئەحمەد مەجید نوێنەری یەکێتیە لە سوریا.

*

١٠ ی ٥ ی ٩٤:

بانگەوازی مام جەلال بۆ وەستانی شەڕ لە کوردستان:

هەڤالانی بەڕێز

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

بە سلاوێکی گەرمەوە

داواتان لێ دەکەم کە دەسبەجێ بچنەوە شوێنەکانی خۆتان و دەست لە هەمو پێکدادان و بەگژیەکاچونێکا هەلگرن. پێویستە هەموتان ئەم ڕاستیە بخەنەوە یادی خۆتان کە شەڕی براکوژی کارەساتێکی نیشتمانی و نەتەوایەتیە دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی بەری ڕەنج و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەباتی خۆتان و برا شەهیدەکانتان و دەبێتە هۆی شادی دوژمنان و لە دەستدانی دۆستان و پشتیوانی گەلان و هاوپەیمانان.

ئەی جەماوەری خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر

پاراستنی خوێنی شەهیدەکانتان و تاقی کردنەوە دیمۆکراتیەکەمان و ژیان و مان و گەشەکردنی حکومەتە ساواکەمان بەند و بەستراوەتەوە بە یەکێتی ریزەکانی گەل بە گشتی و یەکێتی و هاوپەیمانێتی ی ن ک و پ د ک بە تایبەتی بۆیە پێویستە هەمومان وەک بیلبیلەی چاوەکانمان بیانپارێزین و بە هیچ شێوە و جۆرێک ماوەی شەڕی براکوژە نەدەین پێویستە هەمو چەکەکانمان، هەمو هەوڵ و تەقەلایەکمان، بۆ پاراستنی کوردستانی رزگار و رزگاری وڵات بێت لە دیکتاتۆریەت و هێنانەکایەی عیراقێکی دیمۆکرات و فیدرال بێت.

ئەی کەسوکاری شەهیدانی کوردستان! ماوە مەدەن خوێنی شەهیدەکان بە فیڕۆ بچێت هەموتان لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەری شەڕی براکوژە بگرن و پشێوی و ئاڵۆزی مەهێڵن.

ئەی هەمو حیزبەکانی تێکۆشەر!

خەباتی خۆتان، هەوڵی خۆتان پەرە و گەشە پێ بدەن بۆ نەهێشتنی هۆیەکانی شەڕی براکوژە و چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی و دیمۆکراتی لە کوردستانی خۆشەویستمان دا. دەبا هەمومان پێکەوە خەباتەکەمان دریژە پێ بدەین بۆ لە رەگوریشە هەڵکەندنی هۆیەکانی تووندوتیژی و پێکادانی ناوخۆ.

بژی یەکێتی ریزەکانی گەلی کوردستان

نەفرەت لە شەڕی براکوژەی کارەسات هێنەر

سەرکەوێ خەباتی هەمو لایەکمان لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتی و دیمۆکراسی و برایەتی و هاوپەیمانی

هەر شاد و سەرکەوتو بن

١٠ ی ٥ ی ١٩٩٤ برای دڵسۆزتان مام جەلال

*

١٧ ی ٥ ی ٩٤:

حەسەن کوێستانی و خولەی برای و یوسفی ئامۆزای لە رێگەی حاجی ئۆمەران کوژراون. م س – یەکێتی بەیاننامەیەکی بەم بۆنەیەوە دەرکردوە.

حەسەن ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و یەکێ بو لە پێشمەرگە ئازاکانی کوردستان. پێش ئەوەی ببێ بە پێشمەرگە بەرپرسی یەکێ لە فراوانترین تۆڕەکانی رێکخستنی کۆمەڵە بو لە ناو شارەکان دا. پێش خۆی دو برای: حاجی و حەمەڕەش لە دو شەڕی جودا کوژرا بون. لە بەر ئەوە حەسەن لە ناخی دڵەوە دژی شەڕی ناوخۆی کورد و کورد بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کارەساتێکی گەورەیە خێزانێک ٤ کوڕی ناردوە بۆ شەڕی ئازادی کورد کەچی لە شەڕی ناوخۆدا بکوژرێن.

هەمو کەس بە کوشتنی بێتاوانێ یا کەسێکی نزیکی دڵتەنگ ئەبێ. بۆ من ئەم شەڕە مایەی دڵتەنگیەکی بێئەندازە بو چونکە زۆری قوربانیەکانی: عەلی نەبی، سمایل وەرتی، حەسەن کوێستانی، ڕێباز، سلەیمان عەرەب و، جەلالی حاجی حسێن... لە هاوڕێ نزیکەکانی ڕۆژانی سەختی سەردەمی پێشمەرگایەتیم بون. لە گەڵ هەر یەکێکیان چەندین بیرەوەری خۆش و ناخۆشم هەبو.

١٩ ی ٥ ی ٩٤:

کاک مەسعود بۆ جاری سێیەم بانگەوازی دەرکردوە:

ئەی جەماوەری بە شەرەفی کوردستان

پێشمەرگە قارەمانەکان

خوشک و برایانی خۆشەویست

لە سەرەتای ئەم مانگەوە وڵات و میللەتمان دوچاری کارەساتێکی خوێنین و شەڕێکی خۆکوژی زۆر گەورە و ناڕەوا بوە. ئەم کارەسات و فیتنەیە مەترسیەکی هەرە گەورەی خستوتە سەر چارەنوس و دواڕۆژ و دەسکەوتە پیرۆزەکانی گەلەکەمان کە بە خوێنی هەزاران شەهید و ڕۆڵەی گەلی کورد بە دەست هاتون. لەم بارودۆخە مێژوییە و مەصیریەدا داوا لە هەمو لایەنەکانی ئەم شەڕە دەکەم شەڕ ڕابگرن و چیتر خوێنی ڕۆڵەی کورد بە دەستی کورد نەڕێژن. ڕاگرتنی شەڕ دەبێت سەرانسەری بێت بۆ ئەوەی بتوانین لە گەڵ کۆنگرەی نیشتمانی عیراق دا و بە هاوکاری هەمو خێرخوازان وەزعەکە بگەڕێنینەوە بارودۆخی ئاسایی جاران و ڕۆژێک زوتر دەست بکەین بە ساڕێژکردنی بریندەکانمان، سەرەڕای بانگەوازەکانی پێشوترم زەمیری هەمو لایەکتان دەکەم بە حەکەم و سوێندتان دەدەم بە خوێنی شەهیدانی کورد و کوردستان بۆ گوێڕایەڵی لەم بانگەوازەم و جێبەجێکردنی. هەرچەندە ڕوی ئەوەمان نیە باسی جەژن بکەین بەڵام ئومێدەوارم فرسەتی ئەوەتان ببێت جەژنێکی ئارام بەرنە سەر.

شەوی ١٩٩٤/٥/١٩ مەسعود بارزانی

*

م س – یەکێتی یش بانگەوازێکی بۆ هەمان مەبەست دەرکردوە:

"لە بارودۆخێک دا کێشەی گەلەکەمان هەتا دەهات دەچوە پێشەوە و نومێدی سەرکەوتنی کاریگەرتر پەیدا بوبو. بە داخەوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دوچاری شەڕێکی ناوخۆی نالەبار بوین کە تەواوی دەسکەوت و چارەنوسمانی خستبوە مەترسیەوە. بۆیە ڕاوەستانی شەڕەکە ئەرکێکی پیرۆز و مێژوییە. لەم پێناوەش دا جگە لە هەوڵەکانی مەکتەبی سیاسی ی ن ک و لایەنەکانی کۆنگرەی نیشتمانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عیراق و بەرەی کوردستانی و خێرخوازانی کوردستان و نۆستانی. بەڕێز مام جەلال لە ١٩٩٤/٥/١٠ تا پەیامێکی پیرۆزی بۆ ڕاوەستانی شەڕ بۆ تەواوی پێشمەرگەی کوردستان بڵاو کردەوە.

ئێستاش سەرەڕای چەندین ڕوداوی جەرگبڕ، بە هیمەتی هەمو لایەک خەریکە کۆتایی بە شەڕەکە دەهێنێ لەم پێناوەش تا ئەمشەو بەڕێز مەسعود بارزانی بانگەوازێکی بۆ ڕاوەستاندنی شەڕی سەرانسەری بڵاو کردەوە هەتا هەمومان بتوانین نۆخی کوردستان ئاسایی بکەینەوە.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هەروەکو لە سەرەتای ڕوداوەکانەوە داوای ڕاوەستانی شەڕەکەی کردوە، ئێستاش دوپاتی دەکەینەوە کە بانگەوازی ئێمەش لە پێناوی ڕاوەستانی شەڕە شەڕی سەرانسەریش. بۆیە داوا لە سەرجەم هێزەکانی ی ن ک دەکەین دەسبەجێ شەڕ ڕابگرن هەتا بتوانین سەرباری خەم و پەژارەی قوڵی شەڕەکە گەردنئازادی جەژنی نەمانی شەڕی ناوخۆ لە یەکتری بکەین. ئومێدەواریشین دوای ئەم بانگەوازە پەرۆشتر درێژە بە کۆبونەوە هاوبەشەکان بدەین بۆ چارەسەری سیاسی کێشەکە.

١٩-٢٠/٥/ ١٩٩٤ م س – ی ن ک"

٢٠ ی ٥ ی ٩٤:

بە سەرپەرشتی موع (موئتەمەری وەتەنی عیراقی) کۆبونەوەیەکی هاوبەشی هەردو م س یەکێتی و پارتی و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی کراوە. بڕیار دراوە "غرفە عملیات" دروست بکرێ لە بارەگای موع لە سەلاحەدین لە مەسعود بارزانی و حەسەن نەقیب (هەردوکیان ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی موع) و ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی دەستەی کارگێڕی موع و، کۆسرەت ڕەسول و نوێنەرێکی بەرەی کوردستانی.

ئێمە لە ڕۆماوە چوینە شام بە تەمای ئەوەی کاک مەسعود بێتە سەر سنوری سوریا – عیراق لەوێ لە گەڵ مام جەلال یەک بگرن و پێکەوە لە بادینانەوە دەس بکەن بە ئاساییکردنەوەی پێوەندی نێوان لقەکانی پارتی و مەڵبەندەکانی یەکێتی و هێزەکانی پێشمەرگەی هەردولا. بەڵام ئەمە جێبەجێ نەبو.

د محەمەد بەحرلعلوم ئەندامی سەرۆکایەتی موع "کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی"، هانی فکێکی ئەندامی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی کۆنگرە و، د ئەیاد عەلاوی سەرۆکی "ویفاقی وەتەنی" هاتن بۆ سوریا بۆ ئەوەی بۆ ناوبژی لە گەڵ مام جەلال بگەڕێنەوە کوردستان. بەڵام ئەوەندە دەستی دەستییان پێ کرا تاقەتیان چو سوریایان بە جێ هێشت گەڕانەوە لەندەن.

لەم ماوەیەدا مستەفا جەمالەدین دەعوەتێکی بۆ مام جەلال کرد لە ماڵەکەی خۆی بەشێ لە شیعرەکانی بۆ خوێندینەوە.

"وابەستەی نیزامی: مولحەقی عەسکەری" سەفارەتی ئێران هات بۆ دیدەنی مام جەلال و ئامادەیی ئێرانی دەربڕی بۆ گوێزانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

د کەمال فوئاد کە بۆ ئیجازە لە ئەڵمانیا بو، عومەر فەتاح کە بۆ ئیجازە لە سوید بو، هەردوکیان ئەندامی م س – ی ن ک بون، گەیشتنە شام بۆ ئەوەی لە گەڵ م ج بگەڕێنەوە کوردستان.

شازاد سائیب، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا، ئاگاداری کردین کاربەدەستانی تورکیا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ ڕاگرتنی شەڕ ناوبژی بکەن و نوێنەرانی هەردولا بانگ بکەن بۆ تورکیا و ماجەلال بە کۆپتەری خۆیان ببەنەوە بۆ کوردستان. تورکیا پێی وایە لاواز بونی هەر یەکێ لە پارتی و یەکێتی هاوسەنگی تێک ئەدا و پ ک ک و جولانەوە ئیسلامیەکان سودی لێ وەرئەگرن.

داوایان کردوە کاک مەسعود و مام جەلال هەردوکیان بچن بۆ تورکیا بۆ کۆبونەوە. .

*

٢٢ ی ٥ ی ٩٤:

شەڕی ڕاگەیاندن بۆ تاوانبارکردنی یەکتری گەیشتۆتە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و ئینگلیزی.

ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی عەدنان حسێن و مام جەلالی بڵاو کردۆتەوە. پرسیاری گەڕانەوەی ئەکا. مام جەلال هێزی دەرەکی تاوانبار ئەکا بە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکە.

یەکێ لە کارە باشەکانی مەکتەبی یەکێتی لە دیمەشق کردویەتی کۆکردنەوەی هەمو ئەو وتار و هەواڵ و لێدوان و گفتوگۆیانەیە، کە لە میدیای عەرەبی دا بڵاو ئەکرێنەوە و، پێوەندیان لە گەڵ پرسی کورد هەیە. هەوڵ ئەدەم منیش لێرە بە دواوە ئەوەندەی بگاتە دەستم تێهەڵکێشی بابەتەکانی ئەکەم. ئەمە دو قازانجی هەیە:

یەکەمیان، جۆری دەنگدانەوەی شەڕی خۆبەخۆی کورد لە ناو ڕاگەیاندنی نوسراوی عەرەبی دا چۆنە.

دوەمیان، هەڵوێستی ڕۆژنامەوانانی عەرەبی لە کێشەکە و نۆڕینیان لە ڕوداوەکان تێ ئەگەین.

*

٢٦ ی ٥ ی ٩٤:

م س – ی ن ک نامەیەکی بە عەرەبی ئاڕاستەی موع و بە کوردی ئاڕاستەی قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی کردوە داوایان لێ ئەکات هەڵوێست لە ئیران وەربگرێ و لایەنە ناوەوڵەتیەکان ڕابسپێرێ ئێران ناچار بکەن دەس لە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڕێم هەڵبگرێ. بە پێی نامەکە ئێران خۆی لە شەڕ هەلقورتاندوە و تۆپبارانی ناوچەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ و حاجی ئۆمەران ئەکا.

*

٢٧ ی ٥ ی ٩٤:

رۆژنامەی "الحیاة" ی لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی زوهێر قوسەیباتی لە گەڵ مام جەلال بڵاو کردۆتەوە. باسی کوژرانی حەسەن کوێستانی و هاوڕێکانی و، کوشتنی دیل و لوت و گوێبڕینی کوژراوەکانی یەکێتی لە لایەن پارتیەوە، ئەکا.

*

٢٨ ی ٥ ی ٩٤:

لە لایەن یەکێتیەوە: د کەمال فوئاد و عومەر فەتاح، لە لایەن پارتیەوە: نێچیروان بارزانی و چەند کەسێکی تریان، لە بنکەی جەنگیی سلۆپی لە تورکیا بە چاودێری چەند جەنەرالێکی تورک کۆبونەوە. کۆبونەوەکە بێ ئەنجام بوە. ئەوان هەر لەوێشەوە گەڕانەوە کوردستان.

تورک ئەیویست بارزانی و تالەبانی خۆیان لەم کۆبونەوانەدا بەشدار بن، بەڵام لە بەر ئەوەی بارزانی ئامادە نەبو خۆی بەشدار بێ، تالەبانی یش نەچو.

*

٢٠ ی ٥ ی ٩٤:

جەلالی حەمەی محە، یەکێ لە فەرماندە ئازاکانی یەکێتی و، یەکێ لە گەنجە خۆشەویستەکانی خەڵکی سلێمانی لە گەڵ پۆلێ لە هاوڕێ پێشمەرگەکانی لە شارەزور کوژراون. ئەمڕۆ دەیان هەزار کەس بۆ سپاردنی تەرمەکەی بە خاک لە گەڵی چون بۆ گۆرستان.

*

١ ی ٦ ی ٩٤:

رۆژنامەی "الشرق الاوسط" ی لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی دریژی هودا حوسەینی و مەسعود بارزانی بڵاو کردۆتەوە.

بە فرۆکە لە گەڵ مام جەلال لە دیمەشقەوە چوین بۆ قامیشلی. شەو لە قامیشلی ماینەوە. هەندێ لە دۆستە دێرینەکانی ئەوێمان بینی دڵتەنگ بون بە شەڕەکە و بە پەرۆش بون بۆ چەسپاندنی هەرچی زوتری ئاشتی و ئاسایش.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢ ی ٦ ی ٩٤:

سەر لە بەیانی لە سنور پەڕینەوە بۆ نسێبین هێزێکی تورکی بردینی بۆ بنکەیەکی سەربازی. پاشنیوەڕۆ بە کوپتەری تورکی گەیشتینە هەولێر.

*

٣ ی ٦ ی ٩٤:

ئیوارەی ئەمڕۆ بۆ دەربڕینی نیازباشی خۆی و یەکێتی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی پەیامێکی لە هەمو دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتیەوە بۆ یەکێتی و هێزەکانی بڵاو کردەوە یەکلایەنەو بێ هیچ مەرجێکی پێشەکی:

لە هەمو مەیدانەکان دا شەڕی راگرت.

فەرمانی دەرکرد بۆ هێزەکانی یەکێتی، چیای سەفین و هەمو شوێنەکانی نزیک سەلاحەدین، چۆڵ بکەن.

سەربانی مال و شوێنە بەرزەکانی ناوشاری هەولێر چۆل بکەن.

هێرشی راگەیاندن رابگرن.

گیراوەکانی پارتی دەسبەجێ ئازاد بکەن.

*

ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی بریتین لە: عەلی عەبدولا، نێچیروان بارزانی، هوشیار زێباری، جەوهەر نامیق، د رۆژ شاوەیس، سامی عەبدورەحمان، ئازاد بەرواری، د جەرجیس حەسەن، یونس رۆژبەیانی، قادر قادر، عیزەدین بەرواری، کەریم سنجاری، کەمال کەرکوکی، قادر جەباری، شەوکەت شێخ یەزدین، رەمزی شەعبان، دەروێش عەبدورەحمان، عەبدولعەزیز تەیب، نیزامەدین گلی، عارف تەیفور، محەمەد مەلا قادر، فەرەنسۆ حەریری، بروسک شاوەیس، عەبدولا ئاگرین.

هەروەها:

کەریم سەلام، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی ٤ ی سلێمانیە.

سەعد عەبدولا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی ٢ ی هەولێرە.

مەسعود ساڵەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی ٣ ی کەرکوکە.

فازیل میرانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی ١ ی دهۆکە.

عومەر عوسمان مێرگەسوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی سۆرانە.

زەعیم عەلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی ئاکرێیە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥ ی ٦ ی ٩٤:

بە دەسپێشخەری و ناوبژی موع لە ئوتێلێکی ناوشاری هەولێر کە بە ناوی "شیرین پالاس" هوە تازە کراوەتەوە کۆبونەوەیەک ساز کرا بە ئامادە بونی: ئەحمەد چەلەبی و حەسەن نەقیب لە موع، مەسعود بارزانی و مام جەلال و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی هەردولا و، لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کەریم ئەحمەد، قادر عەزیز، عەبدولخالق زەنگەنە، یەعقوب یوسف، منیش بەشدار بوم. جارێکی تر تێکەڵاوی روداوەکانی کوردستانی عیراق بومەوە.

ئەوەی من لەم کۆبونەوەیە تێگەیشتم سەرۆک و سەرانی پارتی ساردوسڕ بون، بە هیچ جۆرێ جدی نەبون لە راگرتنی شەڕ و گفتوگۆی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، وەختیان ئەکوشت و بە تەمای شتێ بون کە ئێمە نەمانئەزانی چیە. قسەکانیان ئەهێنا و ئەبرد و لە بازنەی شتە گشتیەکان دا ئەخولانەوە. نەیان ئەویست بچنە سەر بابەتی دیاریکراو.

*

رۆژنامەی "الحیاة" لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆیدا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی زۆهێر قوسەیباتی و مەسعود بارزانی بڵاو کردۆتەوە.

*

٦ ی ٦ ی ٩٤:
گەڕامەوە بۆ ماڵەکەی خۆم لە سلێمانی

گەڕانەوەم بۆ سلێمانی هاوزەمان بو لە گەڵ هێرشی هاوبەشی هێزەکانی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی بە پشتیوانی تۆپبارانی ئێرانی بۆ سەر سەیدسادق، پێنجوین، قەڵادزە. ئێران کەوتۆتە لوت تێژەنینی ئاشکرای شەڕەکە:

هێزە پەرتوبڵاوەکانی پارتی لە دیوی ئێران، لە سەر سنورەکان، کۆ ئەکاتەوە و لە بەرامبەر هێزەکانی یەکێتی دا ساز ئەدا.

بزوتنەوەی ئیسلامی و حیزبوڵای کورد لە شەڕەوە ئەگلێنێ.

تۆپبارانی کوێرانەی ناوچە سنوریەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ئەکا. هەزاران خێزان ئاوارە بون.

یەک لا هەمیشە ئەتوانێ شەڕ هەڵبگیرسێنێ، بەڵام یەک لا هەرگیز ناتوانێ بیکوژێنێتەوە، مەگەر لاکەی تر بە جۆرێ بشکێنێ توانای بەرگری نەمێنێ.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٢ ی ٦ ی ٩٤:

ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" ی لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی هودا حوسەینی و ئەدهەم بارزانی ڕەهبەری حیزبوڵای کوردی بڵاو کردۆتەوە. دانی ناوە بە بەشداری لە شەڕەکان دا.

*

١٢ ی ٦ ی ٩٤:

تورکیا کۆبونەوەیەکی هاوبەشی بۆ بەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لە سلۆپی ڕێک خستوە.

لە یەکێتی: جەلال تالەبانی، محەمەد تۆفیق، سەرچڵ قەزاز، شازاد سائیب، شێردڵ حەویزی.

لە پارتی: مەسعود بارزانی، سامی عەبدوڕەحمان، موحسین دزەیی، فازیل میرانی، بابەکر زێبارێ، سەفین دزەیی.

لە لایەنی تورکی: جەنەرال ئایدن ئالتەر (سەرکردەی گشتی جەندرمە)، جەنەرال حەسەن قۆنداغچی، جەنەرال یوسف، جەنەرال یالچین، نوێنەری وەزارەتی دەرەوە، بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئۆفیسی سەرۆک وەزیران.

کاک مەسعود ئامادە نەبوە لە گەڵ مام جەلال و نوێنەرانی یەکێتی ڕوبەرو دابنیشێ و گفتوگۆ بکا. لایەنی تورکی، بە جیا بارزانی و نوێنەرانی پارتی و تالەبانی و نوێنەرانی یەکێتییان دیوە و قسەیان لە گەڵ کردون، نیگەرانییان دەربڕیوە لە شەڕی ناوخۆ، پێیان وایە شەڕ بە قازانجی پ ک ک و ئیسلامیەکانەو ئەوان بە هێز ئەکا، پێداگرییان کردوە لە سەر پێویستی ڕاگرتنی شەڕ و چەسپاندنی ئاشتی، ئامادەییان پیشان داوە بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری هەردولا بکەن.

*

هاوزەمان لە گەل ئەم کۆبونەوەیەدا ڕوداوێکی خوێناوی لە سلێمانی قەوما. پارتی بە ڕەزامەندی "غرفه العملیات" تەرمی عوسمان قادر منەورەیان لە پێنجوینەوە هێناوەتەوە بۆ سلێمانی بینێژن. عوسمان لە شەڕەکانی پێنجوین دا کوژراوە و تەرمەکەی لە بەردەم هێزەکانی یەکێتی دا بە جێ مابو. پارتی ویستیان ئەم بۆنەیە بکەن بە بیانو بۆ سازدانی هەمو ئەندام و لایەنگرەکانیان و ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ گرتنەوەی بارەگاکانیان لە ناو شاردا. پێکادانێکی سەخت لە نێوان هێزەکانی یەکێتی و خۆپیشاندەرەکان دا ڕوی داوە. چەند کەسێ کوژراون و چەند کەسێ بریندار بون.

عوسمان لە شۆڕشی ئەیلول دا پێشمەرگە بوە. لە شۆڕشی نوێ دا لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی بو. کادری بزوتنەوەی سۆشیالیست بو. لە گەڕانەوە یەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مانگیەکەمان دا لە شەمزینانەوە بۆ شارباژێر ئەویشمان لە گەڵ بو. لە کارەساتی هەکاری دا پێشمەرگەی یەکێتی بو لە لایەن پارتیەوە گیرا. دوای ئازادکردنی گەڕایەوە هەرێمی ٤ ی یەکێتی. لە گەڵ جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیست لە یەکێتی ئەویش لە گەڵیان جیا بوەوە و بوە فەرماندەی هەرێمی ٤ ی سۆشیالیست و دوای ماوەیەک چوە ریزی پارتیەوە بوە ئەندامی لقی ٤. پیاوێکی کوردپەروەر و قسە خۆش و لە ناو هاوڕیکانی دا خۆشەویست بو. لە گەڵ من دۆست بو. حەیف بو بەوجۆرە و لە شەڕێکی وەهادا بکوژرێ.

*

٢٣ – ٢٤ ی ٦ ی ٩٤:

کۆبونەوەی م س – ی ن ک بە سەرپەرشتی مام جەلال و ئامادەبونی: د فوئاد مەعسوم، د کەمال فوئاد، کۆسرەت رەسول، جەبار فەرمان، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر فەتاح، عومەر عەبدولا و، من کرا و، لەم کۆبونەوەیەدا پرۆژەیەک ئامادە کرا بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و ریکخستنەوەی کاروباری حکومەت و داوودەزگاکانی و بە بەیانێک لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتیەوە بڵاوی کردەوە. لە بەر گرنگی ناوەرۆکی پرۆژەکە لێرەدا دەقەکەی ئەنوسمەوە:

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژانی ٢٣-١٩٩٤/٦/٢٤ دا بۆ چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستانی عیراق زنجیرەیەک کۆبونەوەی بەست دور لە گیانی حیزبایەتی تەسک سەرەتا و بنەما و هۆکانی روداوە دڵتەزێنەکانی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لە ئەنجامی بەرچاوگرتن و لێکدانەوەی هەمو هۆ ناوچەیی و ناوخۆییەی کوردستان پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی بۆ چاکردنی هەلومەرجی کوردستان بڕیار دا بۆ ئەوەی:

هەمو لایەنەکانی ژیان و تەجروبەکەی کوردستان کە زیانی پێ گەیشتوە و کەوتۆتە بەر مەترسی روخاندن بتوانێ سەرلەنوێ باشتر دابڕێژێتەوە، بە جۆرێ کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق بخاتەوە گەڕ و بنکەی سیاسی ئەنجومەنی وەزیران فراوانتر بکا و مافی نوێنەرایەتی قەومەکانی تری کوردستان دابین بکا. ڕێوشوێنی سەرجەم گیروگرفتە سیاسی و ئیداریەکان چارەسەر بکا و دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و ئابوری کوردستان بکاتەوە. بەمجۆرەی خوارەوە:

پرۆژەی چاکردنی هەلومەرجی کوردستان

١. چاککردنی جیهازی ئیداری

جیاکردنەوەی دەسەلاتی حیزبی لە کاروباری حکومەتی.

هەڵوەشاندنەوەی سەرەتای وەکیەکی وەزیر و وەکیلەکەی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دروستکردنی مجلس الخدمه بۆ دامەزراندنی مۆزەف لە باتی تەرشیح کردنیان لە لایەن حیزبەکانەوە.

کەمکردنەوەی ژمارەی مۆزەف بەوەی: بەشێکیان تەقاعود بکرێن بە هەمان معاشی ئێستایان

بەشێکی تریان بخرێنە سەر "ضمانی اجتماعی" هەمان معاشیان بدرێتی بەڵام بە ناوی یارمەتی بێکاریەوە

معاشی ئەو مۆزەفانەی لە وەزیفەدا ئەمێننەوە چەند قاتێ زیاد بکرێ.

٢. چاککردنی هێزی چەکدار

پۆلیس

دامەزراندنی کلیە الشرطە

بژارکردنی ریزی ئەفسەرەکانی ئێستا

وەرگرتنی ژمارەیەک لە دەرچوانی کلیەکانی: حقوق، علم النفس، ادارە، سیاسە و ... دانانیان بە ئەفسەری پۆلیس پاش تەدریب.

وەرگرتنی پۆلیس لە سەر بنچینەی تەجنید یاخود ئیعلان و مونافەسە.

هەڵوەشاندنەوەی دەزگای پۆلیسی ئێستا

ئاسایش

بە هەمان شێوەی پێشو چاک بکرێ

پێشمەرگە

هیئە الارکان دروست بکرێ

تەشکیلی ١٠ لیوای پیادە بکرێ

ئەفسەرەکانی بە گوێرەی کەفائەت لە فەرماندەکانی پێشمەرگە و دەرچوانی کلیەی عسکری عیراق و کوردستان هەڵبژێردرێن

لە باتی پێشمەرگە سەرباز وەربگیرێ

سەربازەکان لە سەر بنچینەی تجنید یان تطوع کۆ بکرێنەوە.

هەمو هێزەکانی ئێستا: سوپای یەکگرتو، میلیشیاکان، لیوا تایبەتیەکان... هەڵبوەشێنرێتەوە.

٣. هەڵبژاردن

تەواوکردنی ئیحصای گشتی

تەعدیلی قانونەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و رێبەر

دانانی قانونەکانی هەڵبژاردنی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا و سەرۆکی شارەوانی

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. ئەنجومەنی وەزیران

چاوگێڕانەوە بە وەزارەتەکان دا، هەڵوەشاندنەوەی هەندێکیان و دامەزراندنی هەندێکی تازە.

دانانی چەند وەزیرێکی دەوڵەت لە نوێنەرانی حیزبەکان.

هاوواڵتیانی خۆشەویست و بەڕێز!

پرۆژەی بەرنامەی ئاشتی، کە لەم کۆبونەوانەدا بۆ چاککردنی هەلومەرجی کوردستان بەمجۆرەی لای خوارەوە بڕیار درا و پێشکەش بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی تر و ڕوناکبیرانی گەلەکەمان ئەکرێ، پرۆژەیەکە بۆ پێشخستنی ژیان وئەمن و ئاسایش و خۆشکردنی زەمینەی برایەتی و یەکێتی ریزەکانی گەل.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دڵسۆزانە بەڵێن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەدا کە لای خۆیەوە بەوپەڕی توانا بەندەکانی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکا.

مەکتەبی سیاسی ی ن ک بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەو زیانە گەورەیەی لە گەلەکەمان کەوت و ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی هەمو لایەک و لە کۆمەڵانی خەڵک تیا بۆتە کۆچی قوربانی. بۆیە سەرەخۆشی لە قوربانیەکانی ئەم کارەساتە لە کەسوکار و لایەنەکانیان ئەکەین. ئومێدەوارین جارێکی تر کارەساتی وا دوبارە نەبێتەوە.

م س – ی ن ک ١٩٩٤/٦/٢٤

*

ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" لە ژمارە ٧١٦ ی ڕۆژی ٢٦ ی ٦ ی ٩٤ دا دەقی بەیاننامەکەی بڵاو کردۆتەوە.

ڕۆژنامەی "الحیاة" ی لەندەنی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ ی ٦ ی ٩٤ ی دا هەواڵی ئەم پرۆژەیە و خاڵە سەرەکیەکانی بڵاو کردۆتەوە.

ئەم پرۆژەیە لە لایەن پارتیەوە هیچ بایەخێکی پێ نەدرا و، بە تەواوی خرایە پشت گوێ.

*

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە تاران

خولی یەکەم: (ئاب - ٩٤/٩/٥)

د سادقی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ١٢ ی ٩ ی ١٩٩٢ دا لە بەرلین کوژرا. لەو کاتەدا مام جەلالیش لە بەرلین بو. هەردوکیان چوبون بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی سۆشیال دیمۆکرات دا. بەو بۆنەیەوە یەکێتی بەیانی دەرکرد و پرسەی بۆ دانا و، مام جەلال لە هەندێ گفتوگۆدا پەنجەی تاوانی کوشتنەکەی بۆ ئێران درێژ کرد. ڕێگەی بە حیزبی دیمۆکرات دا پرسەیەکی گەورەی بۆ دابنێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەکر فەتاح، نوێنەری یەکێتی بو لە تاران. کاربەدەستانی ئێرانی بانگیان کرد بو رونکردنەوەیەکیان بداتێ لە سەر قسەکانی مام جەلال کە ئاخۆ هیچ بەڵگەیەکی هەیە بۆ سەلماندنی ئیتیهامەکانی. بەکریان تەنگاو کرد بو. بەکر هات بوەوە بۆ کوردستان ئیتر نەگەڕابوەوە بۆ ئێران. پاش چەند رۆژێ یەکێتی خۆی دەفتەرەکەی و ماڵەکەی مام جەلالی چۆل کرد. ئیتر یەکێتی نوێنەرایەتی رەسمی لە ئێران نەما بو.

*

کە شەڕی یەکێتی – بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵگیرسا و دواتر کە شەڕی یەکێتی – پارتی قەوما یەکێتی هیچ نوێنەرایەتیەکی لە ئێران نەبو، هیچ پێوەندیەکی سیاسی لە گەڵ هیچ داوودەزگایەکی دەوڵەتی ئێران نەمابو، تا گفتوگۆی لە گەڵ بکا. ئێران ناڕازی بو لە یەکێتی و بە هێزێکی سپڵەی دائەنا کە لە تەنگانەدا پەنا بۆ ئێران ئەبا و لە خۆشی دا بایی ئەبێ. لە رۆژانی شەڕەکان دا لە چەند لاوە هەوڵ درا پێوەندی یەکێتی - ئێران ئاسایی بکرێتەوە، لەوانە:

سەید محەمەد باقیر حەکیم، سەرۆکی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی.

د ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی موئتەمەری وەتەنی عیراقی (موع).

لە ناو ئێرانیەکانیش دا، ئەگەرچی هەندێکیان دژی یەکێتی بون، بەڵام هەندێکی تریان کە لە سەردەمی جەنگی عیراق – ئێران دا ئاشنایەتیێان لە گەڵ یەکێتی و بەرپرسەکانی پەیدا کرد بو، هەوڵیان دا سود لەم هەلومەرجە وەربگرن بۆ دوبارەکردنەوەی پێوەندی ئێران لە گەڵ یەکێتی.

مەسەلەکە خرا بوە بەردەس "شورای عالی ئەمنیەتی میللی"، شورا موافەقەتی لە سەر کرد بو. هێشتا لە دیمەشق بوین "وابەستەی نیزامی" سەفارەتی ئێران لە سوریا سەردانی مام جەلالی کرد و، ئامادەیی ئێرانی دەربڕی بۆ گوێزانەوەی لە رێگەی ئێرانەوە بۆ کوردستان. هەروەها ئامادەیی ئێرانی دەربڕی کە لە تاران میوانداری بارزانی و تاڵەبانی بکەن بۆ پێکهێنانەوە و ئاشتکردنەوە. تاڵەبانی ئامادەیی پیشان دا بەڵام بارزانی رازی نەبوبو.

کاتێ گەیشتینەوە کوردستان، ئێران تا ئەهات بەهێزتر بە قازانجی پارتی دەستی وەر ئەدایە شەڕەکانەوە، لە هەمان کات دا ئامادەیی دەرئەبڕی بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندی لە گەڵ یەکێتی و ناوبژیکردن لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان دا.

یەکێتی پێویستی بە دامەزراندنەوەی پێوەندی بو لە گەڵ ئێران. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی هەموی هاوسنورە لە گەڵ ئێران، بەڵام ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بەشێکی هاوسنورە لە گەڵ ئێران، بەشەکانی تری هاوسنوری تورکیا و سوریایە. سنوری ئێران – یەکێتی بۆتە بنکەی کۆبونەوە و خۆسازدانی هێزەکانی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حیزبولا و، لەو سنورانەوە هێرش ئەکەنە سەر هێزەکانی یەکێتی بەڵام سنورەکانی پارتی – ئێران، تورکیا، سوریا، هەموی هێمن و ئەمینە. هێزی یەکێتی و شەڕی لێ نیە.

لەو ڕۆژانەدا دەستەیەک کاربەدەستی قەرارگای ڕەمەزان هات بونە کوردستان سەردانی سلێمانی و هەولێریان کرد بو. مام جەلال و هەندێ لە بەرپرسەکانی یەکیتییان دی بو. باسیان لەوە کرد بو کە یەکیتی دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ گفتوگۆ لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران بنێرێتە تاران. هەر ئەوان داوایان کرد بو کە ئەبێ منیشیان لە گەڵ بم.

*

کۆتایی ۸ ی ۹۴:

دەستەی نوێنەرایەتی ئێمە پێک هات بو لە: فەرەیدون عەبدولقادر، شێخ محەمەدی شاکەلی، موحسین عەلی ئەکبەر و، من.

بە ڕێگای پەرۆێزخان – قەسری شیرین دا چوینە ئێران. لە سنور فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان و چەند کەسێکی تر لە بەرپرسەکانیان پێشوازییان کردین. لە سەردەمی جەنگی عیراق- ئێران دا سپای پاسداران "قەرارگای ڕەمەزان" ی دامەزراند بو فایلی کاروباری عیراقی پێ سپارد بو. بارەگای سەرەکی لە کرماشان بو.

چوینە کرماشان میوانی قەرارگا بوین دۆستانە پێیان وتین: "بەخێر بێن بۆ ماڵی خۆتان!" هەندێ لە فەرمانده و بەرپرسەکانی قەرارگا کورد بون، لە عەشیرەتی لەک بون، یەکیکیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بو لە ئەدەبی عەرەبی دا لە زانکۆی خرتوم لە سودان وەری گرت بو.

ئێوارەکەی کۆبونەوەیەکمان لە گەڵ کاربەدەستانی قەرارگا هەبو. مەبەستیان خوێندنەوەی بیری ئێمە بو بەر لە کۆبونەوەکانی تاران.

ڕۆژی دوایی بە فڕۆکە لە کرماشانەوە فڕین بۆ تاران لە فرودگای میهراباد پێشوازیان کردین و لە ئوتێلی لالە دایان بەزاندین.

لە گەڵ کاربەدەستانی پێوەندیدار زنجیرەیەک کۆبونەوەمان لە تاران کرد. دەستەی نوێنەرایەتی ئێران بەرپرسەکانی دەزگایەک بون بە ناوی "فەرماندەیی نەصر" کە تێکەڵاو بو لە نوێنەرانی چەند دامەزراو و وەزارەتێکی ئێران لەوانە: شورای عالی ئەمنیەتی میلی، سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتیلاعات و، ڕاستەوخۆ سەر بە ڕەهبەری ئینقیلاب، سەید عەلی خامنەئی، بو وەکو خۆیان ئەیان وت.

کۆبونەوەی یەکەم بە هێرشێکی توندی سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی ئێران بۆ سەر کوردی عیراق و یەکێتی دەستی پێ کرد. بە ناچاری منیش بە هەمان توندی وەڵامم دایەوە. گفتوگۆکان خەریک بو بە پچڕان کۆتایی بێ. بۆ ئەوەی کۆبونەوەکان نەپسێ و بتوانین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دریژە بە گفتوگۆ بدەین و لە بەر چاوی ژمارەیەکی زۆری بەشدارانی کۆبونەوەکە تۆشی دەمەقاڵێ نەبین لە سەر داوای سەرۆکی دەستەی ئێرانی رێک کەوتین تا ئەگەینە ئەنجامێکی دیاریکراو، رێککەوتن یا رێککنەکەوتن، بە دوقۆڵی گفتوگۆ بکەین.

٣ رۆژ لە سەر یەک هەمو بەیانیەک سەعات ٦ ی بەیانی تا سەعات ٩ بە دوقۆڵی لە گەڵ عەلی ئاغامحەمەدی کۆ ئەبوینەوە و، ئەگەر پێویستی بکردایە هەندێ جار ئێوارانیش دائەنیشتینەوە.

ئێران هەرچی گلەییەکی لە کوردی عیراق و یەکێتی هەبو، ئەو بە رونی و راشکاوی، بێ موجامەلە و تەعاروف، هەموی باس کرد.

کوردی عیراق و یەکێتیش هەرچی گلەییەکیان لە ئێران هەبو، وەکو ئەو منیش بە رونی و راشکاوی، بێ موجامەلە و تەعاروف، هەمویم بۆ باس کرد.

رۆژانە راپۆرتی گفتوگۆکانی ئەگەیاند بە رەهبەری ئینقیلاب، سەید عەلی خامنەئی و، بە سەرکۆمار، عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی.

هەوڵی ئێمە بە رادەی یەکەم بۆ دو شت بو:

یەکەمیان، بێلایەنکردنی ئێران لە شەڕ و ناکۆکیەکانی نێوان حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی عیراق.

دوەمیان، ئاساییکردنەوەی پێوەندی ئێران و یەکێتی.

کۆبونەوەی گشتی بە بەشداری نوێنەرانی هەردولا دەستی پێکردەوە.

ئێرانیەکان گلەییان لە ئێمە زۆر بو، بەڵام ئەوی سەرەکی و مەبەستی ئەوان بو، مەسەلەی دااڵدەدانی نەیارانی جمهوری ئیسلامی ئێران یا بە زاراوەی ئەوان "دااڵدەدانی زدی ئینقیلاب" بو، بە تایبەتی سەرکردایەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. داوایان ئەوە بو کە یەکێتی یا حکومەتی هەرێم ریگا بە دوژمنانی ئەوان "زدی ئینقیلاب" نەدا ئەرزی کوردستانی عیراق بکەن بە بنکەی چالاکی چەکدار دژی ئیران.

ئێمەش گلەییمان لە ئێران زۆر بو، دوژمنایەتی ئێران لە گەڵ تەجروبەی تازەی دروستکردنی حکومەت و پارلەمان و، هەوڵی روخاندنی. دەسوەردانە کاروباری ناوخۆی کوردستانی عیراق و، یارمەتی دانی پارتی و بزوتنەوە و حیزبوڵا لە شەردا دژی یەکێتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یارمەتیدانی پارتی و بزوتنەوە و حیزبوڵایان لە شەڕەکانیان دا دژی یەکێتی خستە بەرامبەر یارمەتیدانی یەکێتی بۆ "زدی ئیقیلاب" دژی ئێران. بە ڕونی تێیان گەیاندین کە تا ئەو کاتەی یەکێتی چارەی کێشەی نەیارەکانی ئێران نەکا و سنورێک دانەنێ بۆ چالاکیە چەکداریەکانی ئەوان، ئەوا یەکێتییش ئەبێ چاوەڕوانی ئەوە نەبێ لە ئەرزی ئێرانەوە ڕێگا لەچالاکیەکانی دوژمنانی یەکێتی بگیرێ. بە واتەیەکی تر یا هەردولا ئەبێ ڕێز لە ئاسایشی یەکتری بگرن، یان ئەگەر ئاسایشی کوردستانی ئێران بە هۆی چالاکی دوژمنەکانیانەوە لە ئەرزی کوردستانی عیراقەوە تێکچو، ئەوا ئاسایشی کوردستانی عیراقیش بە هۆی چالاکی دوژمنەکانیانەوە لە ئەرزی کوردستانی ئێرانەوە تێک ئەدرێ.

جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی ئاسایش مەرجی پێشەکی بو بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندی و، کردنەوەی سنوری ئێران بۆ بازرگانی و هاتوچۆ و، دامەزراندنی پێوەندی باشی سیاسی، ئابوری، بازرگانی و فەرهەنگی و، یارمەتی تەکنیکی بە گەڕ خستنەوەی کارگەکان.

لەو کاتەدا کە ئێمە لە تاران سەرگەرمی گفتوگۆ بوین، هێزەکانی پارتی و هاوپەیمانەکانی لە هەڵەبجەوە پەلاماری شارەزور و، لە هێرۆ وە پەلاماری قەلادزەیان دا. لە هەردولاوە شکێنران. هێزەکانی یەکێتی گەیشتنە ناو هەڵەبجە و لای قەڵادزەش گەیشتنە سەر سنور. زۆری نەمابو هێزەکانیان بە تێشکاوی بکەنەوە بە دیوی ئێران دا. ئێران بۆ هەڵساندنەوەی هێزی تێشکاوی پارتی و هاوپەیمانەکانی بە کاتیۆشا و تۆپخانەی قورس کەوتە بۆردومانی خەست و بێ بەزەییانەی هێزەکانی یەکێتی و دانیشتوانی ناوشار و ئاوایيەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی. لەو بۆردومانە کوێرانەیەدا سەدان کەس کوژران و بریندار بون.

*

لە کاربەدەستێکیانم پرسی: "بۆچی ئێران هەمیشە پێوەندیەکی باشی لە گەڵ پارتی هەبوە، کەچی لە گەڵ یەکێتی لە زیگزاگ دا بوە؟"

لە وەڵام دا بە زەردەخەنەوە وتی: "پارتی هەرچەندە تینی بۆ بەرین سنورێکی بۆ خۆی دیاری کردوە لێی تێ ناپەڕێ، بەڵام یەکێتی کە زۆری بۆ بێنی سنوری نیە."

هەر لە میانەی ئەم قسانەدا یەکێکی تریان وتی:

"پارتی لە پێوەندیەکانی دا لە گەڵ ئێران نەگۆڕە، لە زەمانی شاوە تا ئێستا لە سەر یەک خەت هێناوێتی، بەڵام یەکێتی زو زو ئەگۆڕێ. ئێوە لە زەمانی جەنگ دا شەڕی زۆرتان لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەڵ هێزەکانی عیراق کردوە، ئازایەتی زۆرتان نواندوە، پارتی لە شەڕدا دژی عیراق کارێکی ئەوتۆیان نەکردوە، بەڵام لە شەڕی زدی ئینقیلاب دا ٦٠٠ شەهیدیان لە گەڵ ئێمە داوە، لە کاتێک دا ئێوە یارمەتی زدی ئینقیلابتان ئەدا."

"ئێوە بیری دروستکردنی کوردستانی گەورەتان لە سەردایە نەخشەی کوردستانی گەورەتان لە بارەگاکانی خۆتان دا هەڵواسیوە. دالدەی دیمۆکرات و پ ک ک تان داوە..."

"مەسەلەی فەلەستین یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەو هەمو پشتیوانیە ناو دەوڵەتیەی هەیە. نە ناصر و میسر، نە ئەسەد و سوریا، نە شاحسێن و ئوردون، ڕێگەیان بە فیداییەکانی فەلەستین نەدا لە ئەرزی ئەوانەوە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل. ئێوە خۆتان لەوان بە گرنگتر ئەزانن ڕێگە بە زدی ئینقیلاب بدەن لە ئەرزی ئێوەوە هێرش بکەنە سەر ئێران. قوربانیانی چالاکیەکانی زدی ئینقیلاب لە ساڵێک دا بە قەد ژمارەی کۆژراوی ڕۆژێکی ڕوداوی ئۆتۆمۆبیلەکانی جادەکانی تاران نابێ.. ئەوانە بەم کارانەیان ئەتوانن چ گۆڕینێ لە ئێران دا بکەن؟"

کورتەی قسەکانیان ئەوە بو: "یا لە هەردو دیوی سنور ئاسایش پارێزراو ئەبێ یان ئەگەر ئاسایشی دیوی ئەوان پارێزراو نەبێ ئاسایشی دیوی ئێمەش پارێزراو نابێ."

وەڵامی زۆری بابەتەکانیانم دایەوە لە میانەی قسەدا منیش وتم:

"ئەو ڕۆژەی خوا منی خەڵق کرد، لە خۆمی نەپرسی بە کورد دروستم بکا یان بە شتێکی تر، ئەگەر لە خۆمی بپرسیایە بێگومان شتێکی ترم هەڵئەبژارد. بەڵام خوا بە کورد و بە سوننی دروستی کردوم و تازە ناتوانم نەتەوایەتی خۆم بگۆڕم ببم بە فارس یان عەرەب یان تورک و مەزهبی خۆم بگۆڕم لە سوننیەوە بە شیعە... ئەگەر بە تەمەننا بێ، هەمومان تەمەننای دروستبونی دەوڵەتی کوردستانی گەورە ئەکەین بەڵام واقیع لە گەڵ تەمەنناکەی ئێمە ناگونجێ. ئێوەش ئەزانن هەلومەرجی ناوخۆ و، هەلومەرجی ناوچەیی دەوڵەتانی دراوسێ و، هەلومەرجی جیهانیی دەوڵەتانی گەورەی دنیا ڕێگەمان نادەن دەوڵەتی کوردی دروست بکەین. ئێمە واقیع بینین لەو ڕاستیە تێ ئەگەین..."

لە سەردەمی جەنگی عیراق – ئێران دا، لە ئێران نەخشەیەک چاپ کرا بو لە بازاڕدا ئەیان فرۆشت لە سەری نوسرا بو: "ڕاه قدس از کربلا میگذرد" بەشێکی سەرزەمینی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی دابوە دەم ئەرزی ئێران. ئەم نەخشەیەم بیر هێنانەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

شارەوانی تاران رۆژنامەیەکی دەرئەکرد بە ناوی "همشهری" یەوە. لەم رۆژانەدا کە ئێمە لە تاران بوین سەروتارێکی بۆ باسی کوردستانی عیراق تەرخان کرد بو. کابرای نوسەر لە وتارەکەی دا باسی مەترسی کێشەی نەتەوەیی کوردی کرد و، هاتنی هێزەکانی بێگانە بۆ ناوچەکە و، ئەو پیلانەی دژی ئێران ئەڕێسرێ، ئەنجامگیری بەوە کرد بو کە سەدام "فاسید" و کورد "ئەفسەد" ە داوای لە حکومەتەکەی کرد بو لە پێناوی قازانجی ئێران دا بۆ "دەفعی ئەفسەد" لە گەڵ "فاسید" رێک بکەوێ.

*

٥ ی ٩ ی ٩٤:

لە ئیران گەڕاینەوە. کۆبونەوەکانمان لە تاران دو حەفتەی خایاند. بە هەمان رێگای پەرۆێزخان دا کە هات بوین گەڕاینەوە. لەم سەفەرەدا:

نەمانتوانی ئێران لە شەڕەکان دا بێلایەن بکەین.

نەمانتوانی هیچ بەڵێنێکیان لێ وەربگرین بۆ شکاندنی ئەو ئابلۆقە ئابوری و سیاسیەی لە لایەک لە لایەن پارتی و لە لایەکی ترەوە لە لایەن ئێرانەوە خرابوە سەر ناوچەکانی یەکێتی.

نەمانتوانی "دەفتەری یەکێتی" لە تاران بکەینەوە.

بەڵام دەرگای گفتوگۆ و هاتوچۆی کردەوە. موحسین عەلی ئەکبەر، کە شارەزای کاروباری ئێران بو، ئەرکی ئەفسەری پێوەندی یەکێتی و ئێرانی پێ سپێردرا.

*

پاش چەند رۆژێ کاربەدەستێکی گەورە و چەند کەسێکی تر لە هاوڕێکانی هاتن بۆ کوردستانی عیراق. سەردانی هەردو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی یان کرد. ئێمە لە تاران بیروڕای خۆمان بۆ رون کرد بونەوە کە سەرانی کوردی عیراق لە ئەنجامی رەفتاری حکومەتی ئێران دا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی ئێران دژی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و، لە هەوڵی روخاندنی دایە. یەکێ لە کارەکانی ئەم نێردراوانە ئەوە بو بۆ سەرانی کوردی عیراق رون بکەنەوە کە حکومەتی ئێران دژی دابەشکردنی ئەرزی عیراقە، بەڵام رێزی ویستی گەلی عیراق ئەگرێ و، دۆستی کوردی عیراقە و، دوژمنی حکومەتی فیدرالی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارلەمان و تەجروبەکەی نیە. تەنیا داوایان ئەوەیە کە رێزی سنوری ئێران بگرن و، نەهێڵن ئەرزی کوردستانی عیراق ببێتە بنکەی تێکدانی ئاسایشی ئێران.

*

خولی دوەم: (۹۵/۴/۲۲ - ۳/۲۶)

۱۱ ی ۱ ی ۹۵:

بە پێی ئەو بروسکانەی لەم دوسێ رۆژەدا پێم گەیشتون:

نێچیروان بارزانی چۆتە ئێران سەرکردایەتی هێرشی هێزەکانی پارتی بکا بۆ سەر ناوچەکانی یەکێتی لە سنوری سلێمانی.

فەرەیدون عەبدولقادر چۆتە تاران بۆ ئەوەی ئیرانیەکان قانع بکا لە شەڕی یەکێتی و پارتی دا بێلایەن بن و دەوری ئیجابی بگێڕن لە گێرانەوەی ئاشتی دا.

شەهلایی، بە نوێنەرایەتی ئێران هاتۆتە کوردستان لە نێوان مام جەلال و کاک مەسعود دا هاتوچۆی مەکۆکی ئەکا بۆ ئەوەی: یەکێتی دەستەی نوێنەرایەتی بە سەرۆکایەتی بەندە و پارتی دەستەی نوێنەرایەتی بە سەرۆکایەتی نێچیروان بنێرن بۆ تاران. پێشمەرجی ئێران، لە زمانی شەهلاییەوە، بۆ راگرتنی شەڕی ناو کوردستان راگرتنی پەخشی رادیۆی دیمۆکراتە.

حیزبی دیمۆکرات ئامادە نیە گوێ لە یەکێتی بگرێ. نە چالاکی چەکدار رائەگرێ و نە پەخشی رادیۆکەی رائەوەستێنێ.

نوێنەری ئەمەریکا هەڕەشەی لە هەردولا، مام جەلال و کاک مەسعود، کردوە کە نابێ ناوبژی ئێران قبوڵ بکەن، ئەگینا ئەوان دەس لە پاراستنی کورد بەر ئەدەن.

دیمەنی سیاسی ئەم رۆژانەی کوردستان لە تابلویەکی سوریالی ئەچێ!

*

۱-۲ ی ۲ ی ۹۵:

کۆسرەت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو لە هەولێرە و من لە سلێمانی، ئەمڕۆ نامەیەکی بۆ نوسیوم، ئەڵێ:

"بە رەئی ئێمە:

۱. پارتی بە پشتیوانی ئێران ئیدامە بە شەڕەکە ئەدات هەروەهاش عەلاقەشیان هەیە لە گەڵ عیراق بۆیە ئێمە پێمان باشە جەنابتان بچن بۆ ئێران هەم بۆ وەزعی ئیقتیسادی و هەم دەرگایەکیشمان هەبێ.

پارتیش ناتوانێ هەندە ئیبتیزازمان بکات لە سەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە بەرژەوەندی هەمو کوردستانیش دایە ئێمە دەرگایەکمان هەبێ ئەم حەسارە لە سەر سۆران وا بەردەوام بێ شەڕیشمان نەکەن هەر ناتوانین بژین.

٢. سیاسەتی خیارات المفتوحە بە کار بهێنین بۆ هەمو لایەک.

٣. جەبهەکانیش قایم بکەین لە دیفاع دابین تاکو جەنابتان لە سەفەرەکەتان دا مۆفەق ئەبن هیچ حەملەیەک نەکەین.

چەندی زو لە گەڵ ئێران ئیتیفاق بکەین چاکە."

*

١٠ ی ٢ ی ٩٥:

بە پێی هەواڵێکی ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی "الحیاة" ی لەندەنی، دەیڤید لەیت، بەڕێوەبەری بەشی سەروی خەلیج لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە کۆڕێک دا لە سەر هەلومەرجی کوردستان لە "دامەزراوی واشنتۆن بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک" دا، هۆشیاری داوە بە هەردو حیزب کە ناوبژی ئێرانی قبوڵ نەکەن چونکە "ئێران لایەنێکی بێلایەن و پاک نیە... ئامانجەکانی بە هیچ جۆرێ لە گەڵ ئامانجی عیراقیەکان یا ئامانجی حکومەتی ئەمەریکی ناگونجێ."

دەڤید لەیت لە ڕۆژانی ٢٤-٢٧ ی کانونی دوەمی ئەمساڵ دا سەردانی کوردستانی کرد و، سەرانی موع و یەکێتی و پارتی دی. منیش لە کۆیە لە گەڵی دانیشتم. لە دانیشتنەکانی دا هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر شەڕ دریژە بکێشێ یا ناوبژی ئێرانی قبوڵ بکرێ، ئەوان دەس لە پاراستنی کورد هەڵئەگرن، واز لە "پرۆڤاید کۆمفۆرت" ئەهێنن، کورد بۆ سەدام بە جێ ئەهێڵن!

*

١٩ ی ٢ ی ٩٥:

ئەمڕۆش کۆسرەت دیسان نامەیەکی تری بۆ ناردوم بە هەمان ناوەڕۆکی نامەی پێشو نوسیوێتی:

"ئەم نامەیە تاریخە بۆ جەنابتان ئەنوسم چونکە دو مانگە هاوار ئەکەم کەس بە قسەم ناکات ئەویش بێ تەرەفکردنی ئێرانە ئێستاکەش مەجال ماوە تکایە تکایە مام جەلال بە دیمۆکرات بڵێ ئیزگەکە دابخەن.

دواجار ئەشکێین هیچمان پێ ناکرێ نەتیجە موهیمە لە هەمو شتێک دا.

جاشی تورکیا موهاجیرەکان داخل یان کردوە.

ئێران تەداخول بکات میزانەکە ئەگۆڕدرێت بۆیە پێویستە تاکو کاتمان لە دەست ماوە عیلاجێک بکەین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەسعود بە قسەی ئێران ئەکات بە قسەی ئەمەریکا ناکات دوێنێ بەو ئەمریکیەی لە گەڵ د. ئەحمەد چەلەبی بو قسەم کرد ئەویش رەئی وا بو مەسعود بە قسەی ئەمریکا ناکات بە قسەی ئێران ئەکات.

ئەوجا خۆت نامەیەک بۆ مام جەلال بنوسە و ئاگاداری دیمۆکرات بکەن ئێزگەکە دابخەن و کاک فەرەیدون لە تارانە لە گەڵ نێچیروان و ئازاد بەرواری بە هۆی ئێرانەوە ئەتوانن کۆبونەوەیان پێ بکەن.

ئەم نامەیە بۆ مێژو بۆتانم نوسی چونکە پێش ۲۰ رۆژ نامەیەکی لەم بابەتە بۆ جەنابی مام جەلال نوسی دیار بو بە کورتبین حسابی کردین لە کۆبونەوەی م س گوتی تۆ هەر بەر لوتت ئەبینی باشە با جەبهەی هەڵەبجە و بەمۆ و پێنجوین و قەلادزێ مان لێ بکەنەوە حاڵمان چی ئەبێ و دیمۆکرات چیمان بۆ ئەکات. بزانم ئەو کاتەش ئەمریکا تەعامول لە گەڵ ئەمری واقیع ئەکات یان نەء. ئەمریکا هیچ عەلاقەی نیە بە ی ن ک و پ د ک هەدەفی سەدامە. پارتی لە کوردستان بێ یەکێتی لە کوردستان بێ عەلاقەی نیە.

باشە ئەمریکا با پارەمان بداتێ خۆ ئەتوانێ.

بە هەرحاڵ قسە زۆرە مەسەلەکان هەر عەسکەری نیە ئەگەر عامیلی ئێرانی و تورکی تێدا نەبێ پارتی ئەو هێز و حیزبە نیە بتوانێ شەڕی ی ن ک بکات بەڵام بە پشتیوانی ئێران و تورکیا میزانەکە ئەگۆڕێ.

*

۱۱ ی ۳ ی ۹۵:

جەعفەری سەحراروردی، نێردراوی ئێران بۆ گفتوگۆ لە گەڵ یەکێتی و پارتی گەیشتۆتە کوردستان. پێشنیار ئەکا نوێنەرایەتی هەردولا بۆ گفتوگۆی ئاشتی بە چاودێری ئێران بچن بۆ تاران.

ئێران کەوتۆتە بەینەوە ئەیەوێ ڕێکخستنەوەی پێوەندی یەکێتی و پارتی خۆی ڕێکی بخاتەوە ئەم کارە لە دەس ئەمەریکا و ئینگلیز و تورک دەر بهێنێ.

ئەمەریکا هەر لە سەرەتاوە بە توندی دژی ناوبژیوانی ئێران بو. ئاگاداری هەردولایان کرد بو کە نابێ قبوڵی بکەن، بەهانەیان ئەوە بو ئێران بێلایەن نیە و پلانی تایبەتی خۆی هەیە بۆ خۆ تێ هەڵقورتان لە کاروباری کوردستان.

تورکیاش بە هەمان شێوە دژی ناوبژی ئێرانیە. پێی وایە نفوزی ئێران لە کوردستان دا بەهێز ئەکا.

*

تەجروبەی رابوردو سەلماندویەتی کە ڕێککەوتنی کوردی – کوردی ئەگەر هێزێکی دەرەکی لە پشت نەبێ، یا چاودێری جێبەجێکردنی نەکا، سەرناگرێ. یەکێتی و پارتی چەند

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵ شەڕیان بو نەیانتوانی بگەنە پێکهاتن تا ئێران تێکەوت هەردولای لە تاران کۆکردەوە ڕێککەوتنێکی پێ ئیمزا کردن (تشرینی یەکەمی ١٩٨٦). ئەو ئاشتیە لە نێوان یەکێتی و پارتی دا دڕێژەی کێشا تا هەڵگیرسانی شەڕی ئەمجارە.

*

٢٠ ی ٣ ی ٩٥:

ڕۆژێ پێش نەورۆز ٣٥ هەزار سەربازی تورکیا بە پشتیوانی فڕۆکە و تۆپ و زرێپۆش بە درێژایی ٢٢٠ کیلۆمەتر بۆ ناوناو و لە ناوبردنی بنکەکانی پ ک ک لە سنوری کوردستانی عیراق – تورکیا لەشکرکێشیان دەس پێ کردوە.

پێش هێرشەکەیان هێزەکەیان لە سیلۆپی بە ئاشکرا مۆڵ دا بو.

کاک مەسعود سەردانی سیلۆپی کرد و لە گەڵ هەندێ لە جەنەڕاڵەکانیان کۆبۆتەوە.

*

٢١ ی ٣ ی ٩٥:

ئەمڕۆ نەورۆزە. ئەم بەیانیە پارتی هێرشی کردۆتە سەر پێنجوین گرتویەتی.

*

٢٣ ی ٣ ی ٩٥:

ئەمڕۆ گەیشتینە کرماشان.

نوێنەرایەتی یەکێتی: د فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، شێخ محەمەدی شاکەلی، موحسین عەلی ئەکبەر و، من.

نوێنەرایەتی پارتی وەکو ناوبژیوانی ئێرانی ئەڵێ پێک هاتوە لە: نێچیروان بارزانی، سامی عەبدورەحمان، بروسک شاوەیس، ئازاد بەرواری.

٢٤ ی ٣ ی ٩٥:

لە کرماشان ماینەوە.

*

٢٥ ی ٣ ی ٩٥:

گەیشتینە فڕۆکەخانەی میهراباد لە تاران.

دو ڕۆژە لە پێنجوین شەڕە. ئێوارەکەی یاوەرەکەمان داوای لێ کردین داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی بکەین شەڕ ڕابگرن گوێیا پارتی ئامادەیە شەڕ ڕابگرێ.

*

٢٦ ی ٣ ی ٩٥:

شەوی ڕابوردو تا بەیانی لە پێنجوین شەڕ بوە یەکێتی خەریکی دەرکردنی هێزەکانی پارتیە لە پێنجوین. پارتی شکاوە چەند فەرماندەیەکیان کوژراوە. هەڵاتون بۆ ناو ئێران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمڕۆ یەکەم دانیشتن لە گەڵ لایەنی ئێرانی دەستی پێ کرد.
نوێنەری ئێران لە قسەکانی دا چەند بابەتێکی دیاریکراوی باس کرد:
ئێران ئەیەوێ بارودۆخی دراوسێکانی ئارام بێ.
هەردولا، یەکێتی و پارتی، دۆستی ئێرانن کوژرانی هێزەکانیان بە قازانجی دوژمنە.
ئەگەر کێشەی زدی ئینقیلاب نەبێ ئێران نایەوێ پشتیوانی "ئیختیشاش" لە سەروی عیراق دا هەبێ.
ئێران لە پارتی دا مەسعود بارزانی و لە یەکێتی دا جەلال تاڵەبانی ئەناسێ. ئەوانەی خوارەوە هەرچی بکەن ئێران هەر ئەوان بە لێپرسراو ئەزانێ.
ئێران قبوڵ ناکا لایەک لایەکەی تر "حذف" بکا.
جارێکی تریش ئەوەی دوبارە کردەوە، کە ئەگەر کێشەی دااڵدەدانی زدی ئینقیلاب نەبێ، ئێران دەس وەر ناداتە کاروباری ناوخۆی کوردستان و خۆیان هەر شتێوەیەکی حوکمڕانی حکومەتی کوردی یا فیدراڵی هەڵئەبژێرن، ئەوان دژی ناوەستن.
ئەگەر بێتە سەر پارچە پارچە کردن ئەوسا ئێران رەئی خۆی هەیە
دوای راپەڕین یەکێتی خۆی بارگەوبنەی لە ئێران پێچایەوە. ئێران لە هەڵبژاردن دا یارمەتی دان و، داوای لێ کردن پەیوەندی باشتر بکەن.
دوای سپاسی میوانداری ئێمە پێخۆشحاڵی خۆمان دەربڕی بۆ ناوبژیوانیی ئێران. پێمان وتن هیچ مەرجێکی پێشەکی مان نیە بۆ گفتوگۆ لە گەڵ پارتی. ئامادەین بۆ باس و چارەسەرکردنی هەمو ناکۆکیەکان.
پاشماوەی کاتی دانیشتن باسی لەشکرکێشی تورک و رێگای روخانی رژیم کرا.
مام جەلال، وەکو داوامان کردبو، لە سەعات ۷ ئێوارەی ئەمڕۆ ٢٦ ی مانگەوە فەرمانی راگرتنی شەڕی لە هەمو مەیدانەکان دا دەرکرد. نازانین کاک مەسعود و پارتی هەمان شتیان کردوە یا نە!

*

۲۷ ی ۳ ی ۹۵:

سەعات ٤.٥ بەیانی پارتی لە قۆڵەکانی: سێبەردان، شاوەیس، کانی قرژاڵە، بەحرکە، هێرشی کردۆتە سەر هەولێر. تۆپبارانی شار و ئۆردوگاکانی کردوە. هێرشەکە شکێنراوە. فاقە کوژراوە. دیارە پارتی پابەندی ئاگربڕەکە نەبوە،
عەسرەکەی لە گەڵ ئاغامحەمەدی دانیشتین باسەکان لە دەوری دو بابەت ئەخولایەوە: ناوبژی ئێران لە نێوان ینک و پدک و، رێگای روخانی رژیم.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٨ ی ٣ ی ٩٥:

کۆبونەوە دریژەی پێ درا.

نوێنەرایەتی ئێران پێک هاتوە لە: عەلی ئاغامحەمەدی، موجتەبا تورابی لە (ستادی فەرماندەیی کول)، هاشمی لە وەزارەتی ئیتیلاعات، ڕەمەزانی لە نەیروی قودس، مەحمود ڕەحیمی لە قەرارگای ڕەمەزان.

*

٢٩ ی ٣ ی ٩٥:

کۆبونەوە لە گەڵ هەمان دەستە دریژەی پێ درا. باسەکان:

پێوەندی دوقۆڵی و یارمەتیدانی گێڕانەوەی ئاسایش

زدی ئینقیلاب

حزوری بێگانە لە کوردستان

هەڵوێست لە ڕژیمی عیراق

*

پارتی هێرشی کردۆتە سەر کانی قرژاڵە، کە دەروازەی داگیرکردنی هەولێرە، شکاوە. غازی فەیسەل، یەکێ لە فەرماندەکانی یەکێتی، بریندار بوە لە سەر مردنە. لەوەتی ئێمە گەیشتوینەتە تاران پارتی ٣ هێرشی گەورەی کردوە جارێک بۆ سەر پێنجوین و دو جار بۆ سەر هەولێر. هەر سێ جار شکاوە.

*

نێچیروان بە بیانوی کاری پێویستەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ناوبژیوان گفتوگۆکانی دواخست تا ئەو ئەگەڕێتەوە. خانەخوێ پێشنیاری کرد لەو ماوەیەدا گەشتێ بۆ ئەسفەهان بکەین.

*

١ ی ٤ ی ٩٥:

بە فڕۆکە چوین بۆ ئەسفەهان لە "میهمانسەرای عەباسی" دایان بەزاندین.

ئەسفەهان پایتەختی هەندێ لە شاهەکانی سەفەوی بوە. شا عەباسی کەبیر لەوێوە حوکمڕانی کردوە. ئێرانیەکان ئەوەندە بەم شارەوە نازیون وتویانە: "اصفهان نصف جهان" واتە ئەسفەهان نیوەی دنیایە. ئێرانی شانازیەکی زۆر ئەکا بە ڕابوردوی وڵاتەکەیەوە. پیاو کە ئێران ئەبینی هەق ئەدا بە ئێرانی شانازی بە ڕابوردوی خۆیانەوە بکەن. سەردانی پردەکانی خواجە و ٣٢ پول و دو کۆشک و چوار مزگەوتمان کرد. یەکێ لە کۆشکەکان هی شاعەباس بو. نەخشەی هەندێ لەم شوێنانە بەهادینی عامیلی کێشاوێتی کە زانەیەکی شیعەی لوبنانی بوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەبێ ئەمڕۆ وەفدی پارتی بگەن: نێچیروان بارزانی، سامی عەبدورەحمان، ئازاد بەرواری، بروسک شاوەیس.

*

۲ ی ۴ ی ۹۵:

پاشنیوەڕۆ بە فڕۆکە گەڕاینەوە تاران.

ئەمڕۆ رێکەوتی سیانزە بەدەرە. خەڵکی شارەکان کەس لە ماڵ نامێنێ بۆ سەیران ئەچنە دەرەوەی شارەکان. ئێمە چوین بۆ سەردانی مزگەوتە کۆنەکان.

دو کەس لە سەرانی موع ئێستا لە تارانن:

د محەمەد بەحرەلعلوم، ئەندامی سەرۆکایەتی موع، لە کوردستان گەڕاوەتەوە لە تارانە. ئێوارەکەی هات بۆ سەردانمان نائومێد بو لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

هانی فکێکی، ئەندامی ئەنجومەنی ڕاپەراندنی موع، چەند ڕۆژێکە لە لەندەنەوە هاتۆتە تاران بە نیازی سەردانی کوردستان. دوێنێ بەیانی ئازاد بەرواری، سامی عەبدورەحمان و بروسک شاوەیسی دیوە ئەویش دوای ئەو بینینە ئومێدێکی بە ئاشتی نەبو.

۱۷ حیزبی کوردستانی عیراق، پێکەوە یادداشتێکیان داوە بە یەکێتی ناڕەزایی دەربڕن لە سەر داخستنی رادیۆی دیمۆکرات. داوایان کردوە ڕێ بدرێ رادیۆکەیان سەرلەنوێ بکەوێتەوە کار. لە ناو ئەم حیزبانەدا هەن ئاگاداری و دەنگوباسی نەیارانی ئێران، بە تایبەتی دیمۆکرات و کۆمەڵە، کۆ ئەکەنەوە و ئەیدەن بە ئێران و لە ناویان دا هەیە کە لێکۆلینەوەی پۆلیس و دادگا ساخی کردۆتەوە دەستیان لە کوشتنی کادرەکانیان دا هەبوە و هێرشی چەکداریان کردونەتە سەر. کەچی ئێستا بۆ پڕۆپاگاندەی سیاسی بونەتە پارێزەری ئەوان.

ئێوارە ڕەحیمی و عیبادی هاتن وتیان رادیۆی دیمۆکرات کەوتۆتەوە قسە.

*

۳ ی ۴ ی ۹۵:

پاشنیوەڕۆ سەردانی سەید محەمەد باقیر حەکیم، سەرۆکی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی‌مان کرد.

ئێوارەکەی لە گەڵ محەمەدی کۆبوینەوە. ٥ سەعاتی خایاند.

پارتی ئامادە نیە لە گەڵ ئێمە ڕوبەڕو دابنیشێ. لایەنی سێیەم قسەکانی ئێمە و ئەوان ئاڵوگۆڕ ئەکەن.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤ ی ٤ ی ٩٥:

لە گەڵ محەمەدی و هەیئەتەکەیان دانیشتین.

چەند بیروڕایەکمان ئامادە کرد بۆ دەربارەی: ڕاگرتنی شەڕ، چەکداماڵینی هەولێر، داهاتی حکومەت، پێکهێنانەوەی حکومەتی هاوبەش، بۆ محەمەدی مان باس کرد.

*

٥ ی ٤ ی ٩٥:

دانیشتنێکی تر. ڕەمەزانی سەرپەرشتی کۆبونەوەی کرد. محەمەدی ئامادە نەبو. پارتی سورن لە سەر پێشمەرجەکانیان: چۆڵکردنی بێ قەید و شەرتی هەولێر. داوا ئەکەن چەکداری حیزبەکان پارێزگاری ماڵی مام جەلال و بارەگاکانی م س و مەڵبەند و داوودەزگاکانی یەکێتی بکەن و ئاڵای ئەوانی لە سەر هەڵ بکرێ.

*

٦ ی ٤ ی ٩٥:

ئەم بروسکەیەم نارد بۆ مام جەلال: کۆبونەوەکان سودیان نەبو چونکە پارتی هەر سورە لە سەر چۆڵکردنی هەولێر لە یەکێتی و هەمو هێزەکان بە ماڵەکەی جەنابت و مەکتەبی سیاسی و هەمو مەقەرەکانەوە. پێشمەرگەی لایەنی سێیەم حەراسەت لە مەقەرات و مەسئولەکان بگرێت. واتە چەکداری موع و بەرە. ڕازی نابن هیچ چەکدارێکی یەکێتی تێدا بمێنێ. تاکو ئێستا ئامادە نین باسی ڕاگرتنی شەڕ و گومرگ و پێکهێنانەوەی حکومەت بکەن.

ئەگەر وا بڕوا گفتوگۆ بە شکان تەواو ئەبێ.

*

لە سەر داوای حیزبە کوردیەکان بارزانی لە ڕۆژی ٧ ی ٤ هوە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ "هودنە" ی ڕاگەیاندوە. بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا ئەوان بۆ ناوبژی تێ بکەون. هودنەی یەکلایەنە لە لایەن بارزانیەوە بە تەنیا ڕاگەیەنراوە نەک لە ئەنجامی ڕێکەوتنی هەردولای شەڕ لە بەر ئەوە:

هەر کات ویستی ئەتوانێ هەڵی بوەشێنێتەوە.

بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە کە تەواو بو ئەتوانێ پەلاماری لاکەی تر بدا.

چاودێریکەری بێلایەن لە بەینا نیە هەر لایە ئەتوانێ پێشێلی بکا و تاوانی تێکدانەکەی بداتە پاڵ لایەنی بەرامبەر.

"هودنە" وشەیەکی جیاوازە لە "وقف اطلاق النار" ی عەرەبی و "ئاگربەست" و "ڕاگرتنی شەڕ" ی کوردی. پێم وایە بە ئەنقەست بە کار هێنراوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوبژیوان ئاگاداری کردین: نوێنەرانی پارتی پێیان وتون ئەوان بۆ "سوڵح" نەهاتون ئەبێ بۆ راوێژ بە سەرکردایەتی خۆیان بچنەوە بۆ کوردستان گوێا ٣ رۆژیان پێ ئەچێ.

*

وەفدی تورکی چۆتە سەلاحەدین مەسعود بارزانییان دیوە داوای راگرتنی شەڕیان کردوە. داوایان لە مام جەلالیش کردوە بچێ بۆ هەولێر بۆ ئەوەی گفتوگۆی لە گەڵ بکەن. نەیتوانیوە بچێ. پێشنیاریان کردوە تاڵەبانی و بارزانی بچن بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ناوبژیان لە بەین دا بکەن.

*

خانەخوێ پێشنیاری بۆ کردین تا نوێنەرانی پارتی لە کوردستان ئەگەڕێنەوە بۆ تاران ئێمە کەڵک لەو بۆشاییە وەربگرین گەشتێ بۆ مەشهەد بکەین.

بە فڕۆکە چوین بۆ مەشهەد لە ئوتێلی "ئەترەک" دایان بەزاندین. سەردانی "ئاستانی قودسی رەضەوی" مان کرد. ئەمە دامەزراوێکی ئایینی – هەمە لایەنەیە بۆ سەرپەرشتی وەقف و سەرمایەی ئیمام رەزا. ئیمام رەزا نازناوی عەلی کوڕی موسایە و، هەشتەمین ئیمامی شیعەی ١٢ ئیمامیە. ئەم دامەزراوە لە پاش دەوڵەتی ئێران دەوڵەمەنترین دامەزراوی ئێرانیە. چەندین کارگە و دامەزراوی فەرهەنگی، پیشەسازی، کشتوکاڵیی هەیە. لە ناو مزگەوتەکەدا جگە لە ئارامگەی ئیمام رەزا موزەیەک، زانستگایەک، کتێبخانەیەکی گەورەی تێدایە. کتێبخانەکە تازە نوێ کرا بوەوە. سیستەمی کۆمپیوتەری تێ خراوە. ئێستا یەک ملیۆن کتێبی تێدایە بە تەمان بیکەن بە چوار ملیۆن.

لەم سەفەرەدا سەردانی ئارامگای فیردەوسی مان کرد. فیردەوسی دانەری شاهنامەیە. عەرەب شاهنامەی بە قورئانی عەجەم باس کردوە. لێکۆڵەرەوەکانی مێژوی ئێران فیردەوسی بە باوکی بیری نەتەوایەتی ئێران دائەنێن. ئارامگەکە شایستەی فیردەوسی بو. "مەهدی ئیخوانثالث" یەکێ لە شاعیرانی نوێکەرەوەی شیعری فارسی لە ناو چیمەنێکی نزیکی فیردەوسی نێژراوە.

لە کاتی زیارەتی ئارامگەی ئیمام رەزا مەولانا خالیدی شارەزوریم بیرکەوتەوە. مەولانا خالید لە گەشتەکەی دا بۆ شاری دەهلی لە هندستان بە مەشهەدا تێپەڕیوە. لەم سەفەرەدا چەند قەسیدە و غەزەلی هۆنیوەتەوە. لە مەشهەد سەردانی بارەگای ئیمام رەزای کردوە. یەکێ لە قەسیدە دریژەکانی لە ستایشی ئیمام رەزا و بارەگاکەی دا داناوە و "قطعه" یەکیشی بۆ مالئاوایی وتوە.

لە ستایشەکەی دا ئەڵێ:

این بارگاه کیست که از عرش برتر است
و زنور گنبدش همه عالم منور است

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە خواحافیزی دا ئەڵێ:

"خالد" بیا و عزم سفر زین مقام کن

بر روضەی رضا ز دل و جان سلام کن

مەولانا خالید لە قەندەهار غەزەلە شیرینە بەناوبانگەکەی هۆنیوەتەوە کە لە سەرەتاکەی دا ئەڵێ:

رۆژی جەژنە من تەریک و بێبەشی دیداری یار

خەڵکی خوڕەم، من بە خوڕەم ئاو لە چاوم دێتە خوار

گشت لە گەشتی دەشتە داوێن پڕ گوڵاڵەی ئاڵ و سور

ئەشکی سووری، داخی دووری، دەوری کردمە لالەزار

مەولانا شیعرەکەی بە فارسی داناوە. پیرەمێرد کردوویەتی بە کوردی. سالم، لە سەردەمی خۆی دا، لە رۆژگارێکی دەربەدەری دا فارسیەکەی "تەخمیس" کردوە. ئەم شیعرە هەموی تاسەی دووری نیشتمان و سۆزی خۆشەویستی خەڵک و داروبەردی ولاتەکەیەتی.

مەولانا دوای ئەوەی گەڕایەوە کوردستان مەحمود پاشای بابان بۆ ڕێزلێنانی لە سلێمانی مزگەوتێکی بۆ دروست کرد، کە ئێستا بە "خانەقای مەولانا خالید" ناسراوە. مەولانا بە هۆی نائارامی هەلومەرجی کوردستانەوە دو جار سەری خۆی هەڵگرت بۆ بەغداد. جاری یەکەم بە ڕجا و تکای پاشای بابان و چەند کەسێکی تر گەڕایەوە کوردستان. جاری دوەم کە ڕۆیشت، ماوەیەک لە بەغداد مایەوە، ئینجا بە یەکجاری کۆچی کرد بۆ شام. لەوێ جێگیر بو تا لە ١٢٤٢ ی کۆچی دا، لە تەمەنی ٥١ سالی دا، بە تاعون لە دەربەدەری دا سەری نایەوە. بەشێکی گەڕەکی سەرشەقام بە ناوی خانەقاکەی مەولاناوە پێی ئەڵێن: "بەرخانەقا". بنەماڵەکەی ئیمەش وەکو هەندێ لە بنەماڵە کۆنەکانی سلێمانی لەو زەمانەوە لە بەرخانەقا نیشتەجێ بون.

لە سەردەمی شەڕدا، حیزبی بەعس بۆ جنێودان بە "کۆمەڵە" کابرایەکی نەناسراوی بە ناوی مەلا ئەحمەدەوە دۆزی بوەوە، لە خانەقاکەی ئەم پیاوە هەڵکەوتوەی کوردا بە "خەتیب" تەعینی کرد بو. لە دوای ڕاپەڕین پارتی ئەم کابرایەیان لە شوێنەکەی خۆی دا هێشتەوە بۆ جنێودان بە یەکێتی و بە من و، لە گەڵ دەسپێکردنی شەڕی ناوخۆدا بردیان بۆ سەلاحەدین، بۆ ئەوەی وەکو بەشێ لە شەڕی ڕاگەیاندن، جنێوەکانی بە رادیۆ بڵاو بکەنەوە.

*

نوێنەرانی پارتی هاتنەوە بۆ تاران. ئەمجارەش ئامادە نین ڕوبەڕو لە گەڵ ئیمە دابنیشن. لایەنی سێیەم ئاڵوگۆڕی قسەکان ئەکەن.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۱۹ ی ۴ ی ۹۵:

محەمەدی پرۆژەیەکی هێنا بو بۆ لێدوان بەندە سەرەکیەکانی بریتی بو لە:

۱. راگرتنی شەڕ. راگرتنی هێرشی راگەیاندن. راگرتنی ئیجرائات دژی یەکتری.

(ماوەی ۳ رۆژ)

۲. هێزەکانی هەولێر بە مەسافەیەکی مساوی لە هەولێر دور بخرێنەوە. بە ئیتیفاقی هەردولا هێزێکی هاوبەش پارێزگاری ئاسایشی شار بکا. گیراوەکان بەر بدرێن.

(ماوەی ۷ رۆژ)

۳. پارلەمان بکەوێتە کار. کابینەیەکی تازە بنکەیەکی فراوانی هەبێ بە سەرۆکایەتی بێلایەنێک بکەوێتە کار. گومرگ تەسلیم بکرێتەوە.

(کەمتر لە ۱ مانگ)

٤. لە هەمو شوێنەکان تەتبیع بکرێ. هەمو کارەکان لە رێگەی حکومەتی مەرکەزیەوە بکرێ. هەردولا باسی تەعاونی سیاسی و دانانی رێوشوێنی هەڵبژاردن بکەن.

(بە زوترین کات)

داوای لێ کردین بیروڕای خۆمان بڵێین.

*

۲۰ ی ۴ ی ۹۵:

لە گەڵ محەمەدی کۆبوینەوە. هەندێ دەسکاری کەممان پێشنیار کرد . بە لایەوە پەسند بو.

*

مام جەلال بە تەلەفۆن ئاگاداری کردین:

"وەفدی ۱۷ حیزبی کوردستانی چونەتە لای بارزانی بۆ ناوبژی. بارزانی ئامادەیی دەربڕیوە بۆ: ۱. درێژکردنەوەی (هودنە) بۆ مانگێکی تر. ۲. بەردانی دیل و گیراوەکانی هەردولا. ۳. راگرتنی شەڕی راگەیاندن. ٤. دەسبەڵگرتن لە ئازاردانی لایەنگرانی یەکتری. هەروەها پێی وتون ئەو نایەوێ رێککەوتن لە ئێران بکرێ. ئەیەوێ لە کوردستان بێ."

"هەر ئەمڕۆش لە واشنتۆن نوێنەری هەردولایان بانگ کردوە دەربارەی کارەکانی وەفدی هەردولا لە تاران داوای رونکردنەوەیان لێ کردون، نوێنەری پارتی وتویەتی: "وەفدی ئێمە لە تارانە بۆ پێوەندی دوقۆڵی ئێران و پارتی نەک بۆ گفتوگۆ لە گەڵ یەکێتی. هیچ رێککەوتنێ لە تاران لە گەڵ یەکێتی ناکرێ."

تاڵەبانی بە نوێنەرانی ۱۷ حیزبەکەی وتوە: "موافیقە لە سەر هودنە و راگرتنی شەڕی راگەیاندن و بەردانی گیراوەکانی هەردولا بەڵام حیزبە کوردستانیەکان توانای چاودێری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیان نیە بۆیە ئێمە ڕێککەوتنمان لە تاران پێ باشە بە تایبەتی چونکە سابیقەمان هەیە."

*

٢١ ی ٤ ی ٩٥:

بارزانی بۆ ماوەی ١ مانگ هودنەی تازە کردۆتەوە. ئەم ڕاگەیاندنەی بڵاو کردۆتەوە:

"بۆ بە پیرەوەچونی داخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لەم پێناوەدا وەفدێکی سەرکردایەتی پارتیمانی لە تاران پێشوازی کردوە، هەروەها بۆ بە پیرەوەچونی کۆشش و تەقەلای دۆستانی دیکەی گەلی کورد و بۆ ڕێزلێنان لە کۆششی حیزبە کوردستانیەکان و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی عیراق و زانایانی ئاینی و شەخسیاتی کۆمەڵایەتی بڕیار درا کە ئاگربەس لە ڕۆژی ٢١ ی نیسانەوە درێژەی پێ بدرێ تا ١ ی حوزەیرانی داهاتو.

ئومێدەوارین بەوە هەل بڕەخسێت بۆ کۆتایی هاتن بە داگیرکاری عەسکەریانەی شاری هەولێر و دوایی هێنان بەو بارە نائاساییە تا هەولێر ببێتەوە بە پایتەختی پارلەمان و حکومەتی هەرێم و ئاشتی ناوخۆ، تا ئەوەش ببێتە سەرەتایەک بۆ چارەسەری گشت گرفتەکان و ئاسایی بونەوەی بارو دۆخی هەمو ناوچەکانی کوردستان. سەلاحەدین لە ٢١ ی نیسانی ١٩٩٥"

*

کاک مەسعود نایەوێ ڕێککەوتن لە ئێران و بە ناوبژی ئێران بێ، ناتوانێ زەق و ڕەق ناوبژی ئێرانی ڕەت بکاتەوە. ناشیەوێ دڵی ئەمەریکا و تورکیا بڕەنجێنێ. لە باتی ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆی ناوبژی ئێرانی کۆسپی سەرنەگرتنی دائەنێ:

ڕێککەوتن هەر ئەبێ لە کوردستان بکرێ.

وەفدەکەیان لە گەڵ وەفدی یەکێتی ڕوبەڕو دانەنیشێ.

پێشمەرجی سەخت دابنێ بۆ ئەوەی یەکێتی قبوڵی نەکا.

وەفدەکەیان هەرچەند ڕۆژ جارێک بۆ ڕاوێژ لە تارانەوە بانگ بکاتەوە بۆ سەلاحەدین.

تاکتیکێکی زیرەکانەیە بۆ پەکخستنی "موبادەرە" کەی ئێران.

*

مانەوەمان لە تاران سودێکی نەمابو. گەڕاینەوە بۆ کوردستان، بەڵام بە دەستی خاڵی.

*

٢٤ ی ٤ ی ٩٥:

بە سێ قۆڵی د فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر و من، چوین بۆ سەردانی مام جەلال ئەنجامی سەردانەکەمان گفتوگۆی خۆمان و نوێنەرایەتی ئێرانمان بۆ گێڕایەوە،

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۱ ی ۵ ی ۹۵:

ژمارەی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لە سەر ئەنجامی گفتوگۆکانی تاران لە گەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، کە ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی یەکێتی بو بۆ گفتوگۆ لە گەڵ ئێران و پارتی و، لە هەمان کات دا سەرنوسەری "کوردستانی نوێ" یە بڵاو کردۆتەوە.

خولی سێیەم: (۶/۲۸ – ۱۹۹۵/۸/۱۱)

وەکو خولی دوەم وابو.

*

خولی چوارەم: (۵ – ۹۵/۱۰/۹)

گفتوگۆکانی ئیرلەندا بە ناوبژی و سەرپەرشتی ئەمەریکا بە شکست تەواو بو. ئیران بۆ ئەوەی بە ئەمەریکا بڵێ ئەوەی بەو نەکراوە بەم ئەکرێ. کاریگەری ئەم لە سەر سەرکردایەتی کورد لە هی ئەو بەهێزترە. جارێکی تر نوێنەرایەتی هەردو حیزبی بانگهێشت بۆ تاران.

نوێنەرایەتی یەکێتی پێکهاتوە لە: د فوئاد مەعسوم، قادری حاجی عەلی، فەرەیدون عەبدولقادر، سەعدی ئەحمەد پیرە.

نوێنەرایەتی پارتی پێکهاتوە لە: سامی عەبدورەحمان، جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری.

بابەتەکانی گفتوگۆکانیان: ئاساییکردنەوەی بارودۆخی هەولێر، داهاتی گومرگەکان، پارلەمان و حکومەتی هەرێم، هەڵبژاردنی داهاتو.

ئەمجارەش لە سەر ناکۆکیە سەرەکیەکان نەگەیشتونەتە یەک.

*

۱۱ ی ۱۰ ی ۹۵:

لە لایەن یەکێتیەوە د فوئاد مەعسوم و لە لایەن پارتیەوە سامی عەبدورەحمان بەڵگەنامەیەکیان ئیمزا کردوە، کە شێوەی "رێکەوتننامە" ی هەیە و، تا ئەندازەیەکی زۆر هەندێ لە بابەتەکانی لە هەمان رەشنوس ئەچن کە رۆبێرت دۆیچ و هاوکارەکانی لە ئیرلەندا ئامادەیان کرد بو، ئاماژەیان تێدا کردوە بۆ:

- خولەکانی پێشوی گفتوگۆکانی هەردولا بە چاودێری جمهوری ئیسلامی ئێران.
- خاڵەکانی لە سەری پێک هاتون.
- خاڵەکانی بە چارەسەنەکراوی ماونەتەوە هەڵگیراون بۆ گفتوگۆی داهاتو.

سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا: "بناء علی طلب قاده الحزبین الرئیسیین العراقیین من الجمهوریه الاسلامیه الایرانیه لاجراء الوساطه فیما بنیهما واستمرارا للمباحثات واتفاقیات المبادیء التی انجزت فی ۲۸ / اذار / ۹۵ – ۱۲" / نیسان / ۹۵ و ۲۸ / حزیران / ۹۵ – ۱۱ /

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

اب / ٩٥. اجتمع وفدا الاتحاد الوطنی الکردستانی والحزب الدیمقراطی الکردستانی فی طهران بهدف حل خلافاتهما واعاده الاوضاع الی حالتها الطبیعیه فی کردستان العراق"

بەم بۆنەیەوە "بلاغ صحفی" یان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو کردۆتەوە.

*

هەندێ پاشکۆ

٩٥/١/٦: لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: "شەهلائی هاتە لام پێی راگەیاندم کە م ب رازی بوە بە شەڕوەستاندن و ناردنی نوێنەری دەسەلاتدار بۆ دیوی ئێران داوای ئەوەبو ئیمەش یەکێ بنێرین لە هەمان مستەوا. منیش وتم ئەگەر ن ب نارد ئەوا ئیمەش کاکە نەوە دەنێرین ئەگەر سامی یان نارد ئەوا هەڤاڵێکی تری م س دەنێرین. کاک فەرەیدون لەوێیە. رەئیتان چیە؟ ئیمە کێ بنێرین."

*

٩٥/١/٧: لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: "شەهلائی چۆتە لای م ب و رازی بوە لە سەعات ٦ ەوە شەڕ راگیرێت و رۆژی ٩٥/١/٩ نێچیروان لە لایەن ئەوانەوە بچن بۆ تاران. شەهلایی داوای تۆ دەکات بچی منیش پێم باشە گەر بچیت ئایا رەئیتان چیە.

خۆ ئەگەر شەڕەکە نەوەستێت بونی تۆ لە سلێمانی زۆر پێویستە گەر شەڕەکە وەستا ئەوا با کاک قادر بێتەوە بۆ سلێمانی و کوردۆ لەوێ بێت."

*

٩٥/١/١١: لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: بروسکەتان ژ ٢٩ لە ١٠-٩٥/١/١١.

"١. تەنها کاک کۆسرەت بە نامە منی ئاگادارکردوە و بەس. ئێستا لێی دەپرسمەوە.

٢. ئەمەریکا ئەڵێ ئەوە خەتی سورە هەڕەشەی تێکدانی علاقات ئەکات گەر ئێران بێتە کایەکەوە. د چەلەبی دەڵێ رەنگە بکشێنەوە بەجێتان بهێڵن بۆ سەدام.

٣. چێتان پێ دەکرێ بۆ ئەوەی کارەسات بە سەرمان نەیەت بیکەن. دیمۆکرات ئامادە نین رادیۆکەیان دابخەن.

٤. من هیچ باوەڕم بە ئێران نیە. هەموی فرتوفێڵە وا لە حاجی هۆمەران بە ئاشکرا یارمەتی پارتی دەدات جاران شەرتی نەبو کە زانی دەچین شەرتی دانا سبەی شەرتی تریش دادەنێ.

پێم باشە هەڤاڵانی م س کۆببنەوە و بڕیارێکی لێ بدەن."

*

١١-٩٥/١/١٢: لە مام جەلال بۆ فەرەیدون عەبدولقادر:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۱. سەد جارم پێ وتی حدکا ئامادە نیە رادیۆکەیان دابخەن خۆشیان بۆ شەڕ ئامادە کردوە تکایە تەرەدود نیشان مەدەن لەو مەسەلەیە.

۲. خزمانی بەرهەم هەڕەشەی تۆندمان لێ دەکەن.

۳. تکایە بە پەلە وەرەوە چونکە کۆبونەوەی م س لە سەر تۆ راگیراوە. دوێنێ رجام لە حدکا کردوە دەڵێن رایناگرین و چیتر بە قسەتان ناکەین جا تکایە ئەوەیان بە رونی پێ بڵێن. هەیئەتی ئیمەش هاتنەکەی بەندە بە رەئی ئەوان کەی وێستیان دێن بەڵام ئەو شەرتانە تەشقەڵەن شەرتی تەعجیزین بۆ بیانوگرتن ئەگینا من زۆرم هەوڵ داوە رەنگە ئەوانیش بە قسەی بەغداد و خزمانی بەرهەم بکەن کە هەردوکیان تەشجیعیان دەکەن رادیۆکەیان دانەخەن. دەزانن ئیمە ئیستا شەڕی هەمو کەسمان پێ ناکرێ بۆیە لیمان بێ منەتن جا گەر ئەوان دۆستایەتی ئیمەیان بە لاوە پەسندە هەقە بزانن "لا یکلف الله نفسا الا وسعها".

*

۹۵/۱/۱۱: کەریم خان ئەڵێ ئەمڕۆ نێچیروان چۆتە ئێران هێزیان کۆکردۆتەوە بۆ هێرشی لای سلێمانی.

*

۱۹۹۵/۳/۱۱: لە کۆسرەت رەسول بۆ مام جەلال مکرر نەوشیروان مستەفا: دەوری سەعات ۳ ی ئەمڕۆ ئاغای جەعفەری دێتە سلێمانی داوا ئەکا جەنابتان لەوێ بن و بتانبینێ.

لە مام جەلال بۆ کۆسرەت رەسول مکرر نەوشیروان مستەفا: بە داخەوە ناتوانم بچمە سلێمانی با کاکەنەوە ببینێ من لێرە د ئەحمەد و وەفیق دێن بۆ لام.

لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: تکایە ئێوە ئاغای جەعفەری ببینن ئەمڕۆ سەعات ۳ دەگاتە لاتان لە سلێمانی من ناتوانم بێمە سلێمانی لێرە میوانم هەیە.

*

بسم الله الرحمن الرحیم

بناء علی طلب الحزبین الکردیین الرئیسین العراقیین من الجمهوریه الاسلامیه الایرانیه لاجراء الوساطه فیما بینهما واستمرارا للمباحثات واتفاقات المبادیء التی انجزت فی ۲۸ اذار ۹۵ و ۱۲ نیسان ۹۵ و ۲۸ حزیران ۹۵ و فی ۱۱ اب ۹۵ اجتمع وفدا الاتحاد الوطنی الکردستانی و الحزب الدیموقراطی الکردستانی فی طهران بهدف حل خلافاتهما واعاده الاوضاع الی حالتها الطبیعیه فی کردستان العراق.

استمرت المباحثات خلال الفتره ٥ - ٩ / ١٠ / ١٩٩٥ (١٣-١٧ مهر ١٣٧٤) وتم تحقیق تقدم ملحوظ فی ایجاد الحلول للمواضیع التی طرحت علی جدول الاعمال، فقد حققت جهود الجمهوریه الاسلامیه الایرانیه الجاده تقاربا فی وجهات نظر کلا الجانبین کما ادت الی توصلهما الی اتفاق عملی ومیدانی فیما یخص النقاط المبدئیه و التفصیلیه.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

واكد الطرفان على وحده العراق ورعايه الامن الحدودى للدول المجاوره وهى: تركيا و ايران و سوريا.

وستبقى هذه الاتفاقيه نافذه وساريه لاجل استقرار السلام والهدوء فى كردستان العراق حتى اقامه حكم ديمقراطى فى العراق باسره.

واعتمادا على علاقات الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه الوديه مع الطرفين فقد اكدا على ان تتابع الجمهوريه الاسلاميه هذه وتساهم فى تهيئه الارضيه لها وتضمن تنفيذها.

اولا: جعل مدينه أربيل خاليه من السلاح

١. سحب جميع المسلحين والاسلحه الثقيله والمتوسطه من مدينه اربيل وهذا يعنى الاسلحه كافه ماعدا الكلاشنكوفات و المسدسات. يستثنى من ذلكك المسلحون الذين جرى الاتفاق عليهم وعددهم ٢٥٠ (مائتان وخمسون) مسلحا لحمايه مقرات ومسؤولى كل من الطرفين فى المدينه، ولا يسمح لغيرهم حمل السلاح فيها، على ان يتم ذلك خلال فتره اسبوعين من تاريخ توقيع الاتفاق النهائى.

٢. يكون عدد المقرات لكل من الطرفين ٤ (اربعه).

٣. عدد المسؤولين الذين يأتون الى اربيل يوميا بحمايه مسلحه لايزيد عن عشره مسؤولين ومجموع الحراس الذين يرافقهم لا يزيد عن ١٠٠ (مائه) لكل طرف.

٤. كل مسؤول يرافقه ٥ (خمسه) الى ٢٠ (عشرين) حارسا.

٥. بعد شهرين من تشكيل الاداره الاقليميه الجديده تجرى تخليه الشارع الستينى والمنطقه ضمن محيطه داخلا من جميع المقرات و المكاتب الحزبيه على ان تعوض بأبنيه اخرى مناسبه و ممثاله كما لا تفتح فى هذه الدائره مكاتب و مقرات حزبيه جديده.

٦. تكون القلعه خاصه بمحطات البث التلفزيونى و الاذاعى فقط ويكون مجال ذلك مفتوحا امام الجميع.

٧. بعد اسبوع بتقديم الشهاده ان اربيل امنه و خاليه من السلاح يقدم كل من الطرفين الى الهيئه المحايده قائمه باسماء اصحاب البيوت من منتسبيه و انصاره سواء كانت تلك البيوت ملكا خاصا بهم او حكوميه مؤجره لهم فى مدينه اربيل وباقى ارجاء المحافظه. ويلتزم كل من الطرفين بتنفيذ اخلاء البيوت التى بعهده منتسبيه وانصاره على ان يتم اعاده جميع تلك البيوت الى اصحابها خلال شهر واحد.

٨. للاحزاب الاخرى التى مكاتبها السياسيه فى اربيل مكتبان و الا فمكتب واحد ويكون لكل مكتب ٢٠ (عشرين) مسلحا كحمايه.

٩. نقل القوات العسكريه للاحزاب الاخرى الى خارج مدينه اربيل على ان يكون لكل حزب مقرا عسكريا واحدا فقط.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٠. تتولى الهيئه المحايده مسؤوليه امن المدينه خلال الفتره الانتقاليه وتشرف على مداخلها.

١١. تمنع السيطرات دخول المجموعات المسلحه و المسلحين الى اربيل. واما المسلحون الذين يرافقون بعض المسؤولين من الذين تم الاتفاق على ترددهم الى اربيل فان السيطره هى التى تدقق فى ضروره خروج هولاء المسلحين جميعا برفقه مسؤوليهم عند مغادرتهم المدينه وباسلحتهم التى كانت بحوزتهم عند الدخول.

١٢. يستخدم كل من الطرفين الطريق المخصص له بالنسبه الى مسؤوليه الذين ترافقهم الحمايات.

اطراف اربيل.

١. تخفيض القوات المتواجده حول مدينه اربيل وتجميعها فى مواقع يتفق عليها.

٢. يكون تجمع قوات كل طرف فى مواقع تقع باتجاه قواعده.

٣. يحدد خبراء عسكريون مواقع تجمع القوات على اساس مبدا التعادل وابعاد خطر الهجوم على اربيل.

ثانيا: الواردات

١. بعد ٤٨ (ثمانيه واربعين ساعه) من التصديق على ان اربيل امنه وخاليه من السلاح يتم جمع وايداع واردات الكمارک من ابراهيم الخليل الى بنجوين و كافه الواردات الاخرى التى يجمعها الحزبان فى حسابات مصرفيه باشراف الهيئه المحايده ولحساب الاداره الاقليميه.

٢. تنسب الهيئه المحايده ممثلين عنها الى جميع نقاط الكمارک و مواقع الواردات الاخرى للاشراف على جمع الواردات.

٣. تتولى الهيئه المحايده مسؤوليه التأكد من ايداع العائدات الماليه فى الحسابات المصرفيه المحدده باسم اداره الاقليم.

٤. تقوم الهيئه المحايده بالاحتفاظ بسجل كامل لجميع الاموال المحصله والمودعه فى البنوک.

٥. لا يحق لايه جهه التصرف بايه واردات لوحدها، واذا كانت هنالک ضروره لاى صرف للمصلحه العامه فيكون ذلک بالاتفاق وبعلم الهيئه المحايده.

٦. يمنع جمع ايه ضرائب أو رسوم غير قانونيه.

٧. تسلم كافه الواردات المتراكمه خلال هذه الفتره الى الاداره الجديده فور تشكيلها الا تلک المبالغ التى جرى الاتفاق على صرفها وبعلم الهيئه المحايده.

٨. تتولى حكومه الاقليم الجديده بعد تشكيلها مسؤوليه الواردات وايداعها وصرفها وينتهى بذلک دور الحزبين فى جمع الواردات كما ينتهى دور الهيئه المحايده فى الاشراف.

ثالثا: المجلس الوطنى الكردستانى و الاداره الاقليميتان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. عوده المجلس الوطنی الاقلیمی الی عقد جلساته خلال ٤٨ (ثمانیه واربعین ساعه) من تصدیق عملیه ان اربیل امنه وخالیه من السلاح.

٢. یقوم المجلس الوطنی الاقلیمی وبسرعه بتشکیل اداره جدیده لاقلیم کردستان العراق ذات قاعده عریضه تضم احزابا اخری وممثلین عن القومیات الاخری المتعایشه فی الاقلیم ویتم تشکیلها خلال اسبوعین من تاریخ اول جلسه له.

رابعا: التطبیع الشامل

تقوم الاداره والمجلس الوطنی الاقلیمیان بالتعاون مع الهیئه المحایده بتطبیع الاوضاع فی جمیع ارجاء کردستان العراق خلال مده لا تزید عن الشهر من تشکیل الاداره الجدیده.

عناصر التطبیع الشامل:

١. یشکل المجلس الوطنی والاداره الجدیده هیئه لجرد حسابات الواردات کافه والتی هی بحوزه الاحزاب منذ ١ ایار ١٩٩٤ وذلک خلال اسبوعین من تشکیل الاداره الجدیده.

٢. عوده جمیع المواطنین الذین اضطروا الی ترک بیوتهم الیها، سواء کانت ملکا خاصا بهم او حکومیه مؤجره لهم.

٣. یشکل المجلس الوطنی والاداره الجدیده هیئه متخصصه لاعاده السیارات و ممتلکات المواطنین الاخری المستولی علیها الیهم، او تعویضهم من قبل الجهه المسؤوله عن ذلک ان تعذرت الاعاده وذلک خلال شهر واحد.

٤. ضمان الحریه السیاسیه للجمیع وفی المناطق کافه.

٥. ضمان حریه التنقل فی المناطق کافه وفی نقاط العبور الی الخارج ولجمیع المواطنین.

٦. اعاده مقرات الاحزاب وابنیتها المملوکه و الحکومیه الیها او تعویضها من قبل الجهه المسؤوله عن ذلک.

٧. تقلیص القوات المسلحه للطرفین و بالتساوی.

خامسا: الهیئه المحایده

أ. تشکیل الهیئه المحایده:

تتشکل الهیئه المحایده من اطراف عراقیه یتفق علی ترکیبها فی الجوله القادمه من المحادثات.

ب. مهام الهیئه المحایده:

١. مراقبه تنفیذ وقف اطلاق النار.

٢. تتولی مسؤولیه امن مدینه اربیل خلال الفتره الانتقالیه، ای الی حین تشکیل الاداره الجدیده.

٣. الاشراف علی تجمیع الواردات خلال الفتره الانتقالیه والتأکد من ایداعها فی الحسابات المصرفیه المحدده باسم اداره الاقلیم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. الاشراف على نقاط السيطره ومداخل المدن.

٥. الاشراف والتصديق على جعل مدينه اربيل امنه وخاليه من السلاح والتفتيش عن الاسلحه للتأكد من الالتزام بالقرارات المعينه ولاتخاذ الاجراءات اللازمه.

٦. فصل القوات اينما دعت الضروره لذلك.

٧. التعاون مع المجلس الوطنى والاداره الاقليميتين فى اجراء التطبيع الشامل.

٨. مراقبه و متابعه تنفيذ بنود الاتفاق.

٩. تامين التنقل فى جميع انحاء كردستان العراق فى الداخل ونقاط العبور الى الخارج.

سادسا: الانتخابات القادمه

يتعهد الطرفان بالتعاون مع المجلس الوطنى والاداره الجديده و اتخاذ الاستعدادات الضروريه لاجراء انتخابات حره للمجلس الوطنى الاقليمى تحت اشراف مراقبين دوليين وذلك فى ١٩٩٥/٥/٤ ويلتزم الطرفان.....

المواضيع والفقرات التى لم يجر التوصل الى حلول بشأنها وتقرر تأجيلها الى جوله قادمه من المباحثات.

١. مواقع تجميع قوات الطرفين فى اطراف مدينه أربيل.

(احيلت هذه النقطه الى خبراء عسكريين)

٢. تحديد طريق كل من الطرفين الى مدينه اربيل والنقاط الاعتراضيه عليها.

٣. سحب قوات الامن والشرطه بأنواعها من مدينه اربيل.

٤. الغاء جميع القرارات المتخذه من طرف واحد خلال الفتره من ١٩٩٤/٥/١ حتى تاريخ الاتفاق.

٥. منصبى رئيس الوزراء للاداره القادمه و رئيس المجلس الوطنى.

٦. اضافه تعبير (عوده الشرعيه) الى الفقره (١) من ثالثا فى مواطيع الاتفاق.

٧. تثبيت (ممتلكات الاحزاب فى الفقره .... رابعا.

٨. كيفيه دفع رواتب الموظفين.

٩. ايداع الواردات المجمعه خلال الفتره الانتقاليه اسبوعيا فى بنوك دهوك واربيل والسليمانيه بالتساوى.

١٠. أمن نقاط الواردات كافه من ابراهيم الخليل الى بنجوين.

٩٥/١٠/١١

وفد الحزب الديمقراطى الكردستانى

سامى عبدالرحمن

وفد الاتحاد الوطنى الكردستانى

فؤاد

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بسم الله الرحمن الرحيم

بلاغ صحفى

(صادر عن محادثات الحزب الديموقراطى الكردستانى والاتحاد الوطنى الكردستانى فى طهران)

برعايه الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه عقد الحزبان الكرديان الرئيسيان العراقيان، الاتحاد الوطنى الكردستانى و الحزب الديموقراطى الكردستانى، محادثات لحل خلافاتهما واعاده الاوضاع الى حالتها الطبيعيه فى كردستان العراق وذلك خلال الفتره ٥-٩ تشرين الاول ١٩٩٥.

وقد ثمن الطرفان جهود الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه ومبادراتها السلميه منذ اذار الماضى وحتى هذا اللقاء والجهود الاخرى المبذوله بهذا الصدد.

وقد تضمن جدول اعمال المحادثات المواضيع الاساسيه والاشكاليه التى ينبغى ايجاد الحلول لها وهى: جعل مدينه اربيل امنه و خاليه من السلاح و واردات الكمارک و جميع الواردات الاخرى فى الاقليم وانعقاد المجلس الوطنى الكردستانى الاقليمى واقامه اداره جديده ذات قاعده عريضه تضم احزابا اخرى و ممثلين عن القوميات الاخرى المتعايشه فى الاقليم و تطبيع الاوضاع فى جميع انحاء كردستان العراق و الانتخابات القادمه و تشكيل الهيئه المحايده لمراقبه ومتابعه تنفيذ الاتفاقيه الشامله التى من المؤمل ابرامها بين الطرفين.

لقد تناولت المحادثات هذه المواضيع بالتفصيل و حققت تقدما ملموسا فى ايجاد الحلول المعقوله و العادله لها بما يخدم مصلحه شعب الكردستان والشعب العراقى بصوره عامه.

وقد تم تأجيل بعض الفقرات التى تعذر الوصول الى حلول بشأنها فى هذه الجوله من المباحثات وتعهد الطرفان بالعوده الى قيادتيهما واجراء المزيد من المباحثات عما قريب برعايه الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه وبهدف انجاز اتفاق شامل يحقق الاستقرار والسلام الذى يستحقه شعبنا.

اكد الطرفان على وحده العراق وكذلک رعايه الامن الحدودى للدول الجاره تركيا وايران و سوريا. ٩٥/١٠/١١

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە پاریس (۱۶-۱۹۹۴/۷/۲۲)

مانگی ۶ ی ۱۹۹۴:

دەستەیەکی نوێنەرایەتی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هاتون بۆ کوردستان ئەیانەوێ لە نێوان یەکێتی و پارتی دا ناوبژی بکەن. چەند جارێ بۆ چەند کۆنفرەنسێکی خۆیان هەردولایان وەکو "چاودێر" بانگ کردوە.

هاوزەمان لە گەڵ هاتنی ئەوان دەستەیەک کورد هاتون کە بریتیە لە: د کەندال نەزان، سەرۆکی ئینیستیتوتی کورد لە پاریس. د فوئاد حسێن، جێگری سەرۆکی ئینیستیتوت. د نەجمەدین کەریم، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە ئەمەریکا. هاتون بۆ کوردستان پێشنیارێکیان پێیە فەرەنسا ناوبژی بکا وەفد و سەرکردەی هەردولا بانگ بکا بۆ پاریس. مادام میتران، هاوسەری سەرۆک میتران و سەرۆکی رێکخراوی "فرانس لیبرتی" لە پشتە. خاڵە سەرەکیەکانی پرۆژەکەیان بریتیە لە:

سەرۆک میتران نوێنەرانی هەردولا بانگ بکا بۆ جێگایەکی نزیک پاریس بۆ گفتوگۆ.

ئەبێ هەواڵ و دەنگوباسی ئەم بانگهێشتنە و کۆبونەوەکانی و گفتوگۆکانی نهێنی بمێنێتەوە، نابێ بگاتە دەم رۆژنامەوانەکان.

کۆبونەوەکان لە لایەن نوێنەری تایبەتی سەرۆک میترانەوە سەرپەرشتی ئەکرێ، پسپۆڕ و شارەزای کێشەی کورد و، بەڕێوەبردنی ململانێ بانگ ئەکرێن بۆ یارمەتیدانی هەردولا بۆ نزیککردنەوەی بیروڕاکانیان لە یەکتری.

ئەگەر گفتوگۆکان بە سەرکەوتویی گەیشتە رێک کەوتن، ئەوسا سەرۆک میتران سەرکردەی هەردولا بانگ ئەکا بۆ پاریس و لە ئاهەنگێکی ئاشکرادا کە دیپلۆمات و رۆژنامەوان و سیاسی وڵاتانی جیاوازی بۆ بانگ ئەکرێ، بە ئامادەبونی سەرۆک میتران رێککەوتنەکە ئیمزا ئەکرێ.

ئەگەر گفتوگۆکە سەرکەوتو نەبو فەرەنسا خۆی ناکا بە خاوەنی.

بۆ پرۆسەکەش زەمانبەندیەکی دیاریکراویان دانا بو.

وەفدەکە ئەیانەوێ باری سەرنجی هەردولا بزانن لە هەوڵێر سەرکردە و سەرکردایەتی پارتی یان دیوە. هەروەها مام جەلال و هەندێ لە ئەندامانی م س و سەرکردایەتی یەکێتی.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٧ ی ٦ ی ٩٤:

مام جەلال ئەمڕۆ بە بڕوسکەی ژمارە ٢٥٧ ئەم ئاگاداری و ڕێنماییانەی "بۆ گشت هەڤاڵانی م س/ کۆمیتەی سەرکردایەتی/ مەڵبەندەکان" نارد:

"ئەمڕۆ کۆبونەوەیەکی زۆر باش کرا لە ماڵی کاک کۆسرەت بە بەشداری وەفدی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، د کەندال و، د نەجمەدین کەریم.

لە لایەن پارتیەوە: هەڤاڵان کاک مەسعود بارزانی، د ڕۆژ، کاک جەوهەر نامیق، کاک موحسین دزەیی، کاک زەعیم عەلی و کاک فرانسوا، بەشداربیان کرد.

لە لایەن یەکێتیەوە: هەڤاڵان مام جەلال، کاک کۆسرەت، کاک د فوئاد، کاک مەلا بەختیار، کاک ئەرسەلان بایز، کاک نەژاد ئەحمەد عەزیز و کاک ئەحمەد بامەرنی، بەشداربیان کرد.

لە کۆبونەوەیەکی دوقۆڵی کاک مەسعود و مام جەلال دا پێکهاتن لە سەر ئەوەی:

هەر دوسبەی نوینەری هەردو م س کۆببنەوە بۆ ئەوەی دەستبەجێ پەرلەمان و حکومەت بکەونەوە گەڕ باسی چۆنێتی ئاساییکردنەوەی وەزع و دەستبەجێ ڕاگرتنی حەملەی دیعایە و ڕاوەستاندنی گرتن و تالانکردن و ئازاردانی یەکتر بکەن.

پێویستە هەردو م س یش پلان دانێن بۆ چارەسەرکردنی هەمو گیروگرفتە گرنگەکان لە نێوان خۆمان دا بەڵام سەرکردایەتی بەرەش کۆ بکرێتەوە بۆ بەشداریکردنیان لە چارەی گیروگرفتەکان.

تکایە هەموتان بە جدی پەیڕەوی ئەو بڕیارانە بکەن و جێبەجێیان بکەن و ماوە مەدەن بە لاساران و داخ لە دڵان بۆ شێواندنی ئەو ڕێکەوتنە گرنگە."

*

ئەم وەفدە لە هەولێر بون ئەمڕۆ هاتون بۆ سلێمانی.

ڕۆژەکەی بە ناو شاری سلێمانی دا گەڕان دوای نانی ئێوارە لە گەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی ئەوانەی لە سلێمانی بون دانیشتن. فەرەیدون عەبدولقادر، جەبار فەرمان، عومەر عەبدولا، عومەری سەید عەلی، کوردۆ قاسم، عیماد ئەحمەد، سالار عەزیز و من.

*

٣٠ ی ٦ ی ٩٤:

پارلەمان بە ئامادەبونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کرایەوە. هەردوکیان بۆ پارلەمان دوان. هەروەها جەنەرال حەسەن نەقیب و د ئەحمەد چەلەبی وتاریان دا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١ ی ٧ ی ٩٤:

زنجیرەی کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س، کە لە کۆتایی مانگی رابوردوەوە دەستی پێ کردوە، بە ئامادەبونی کاک مەسعود و مام جەلال، ئەمڕۆش بەردەوام بوە.

لە نامەیەکی تایبەتی دا کە ئەمڕۆ مام جەلال بۆی نوسیوم ئەڵێ: "بۆ مەسەلەی پێشنیارەکەی کەنداڵ – و ئەوان، ئێمە هەردولا (مەبەستی پارتی و یەکێتیە) بڕیارمان دا کە وەفدەکەمان ١٥ ی ٧ لە پاریس بن. داوایان وایە کە وەفدەکەمان دەسەڵاتداران و بڕیاردەرانی هەردو م س بن. جگە لەوەی کە دەبێ لێ زان و شارەزا و بەتوانا و ئاگاداریش بن و، بەرچاویان روون بێت بۆ چارەی مەسەلەکان!

جا رەئی خودی خۆم ئەمەیە: وەفدی ئێمە بە سەرۆکایەتی تۆ بێت و ئەندامەتی هەڤاڵان د فوئاد مەعسوم و کاک قادری عاجی عەلی و کاک دارۆ و کاکە حەمە و کاک بەرهەم بێت. دەکرێ بۆ هەندێ کاروبار لە کاک حەمە سابیریش کەڵک وەرگرن...

جا تکایە بە پەلە لە رەئی خۆت ئاگادارم بکەرەوە...

دیارە دەبێ لە ٢٢ ی ٧ یش دا من و کاک مەسعودیش لەوێ بین گەر گەیشتنە ئەنجام."

*

٢ ی ٧ ی ٩٤:

لە نامەی رۆژی ٢ ی ٧ دا نوسیوێتی:

"بڕیارمان دا کە تۆ، د فوئاد، کاک قادری حاجی عەلی، کاک دارۆ، د بەرهەم، ببنە وەفدەکەی ئێمە بۆ پاریس. جا پێویست دەکات کۆبونەوە لێرە بکەین و شت ئامادە بکەن بۆ پاریس. بۆیە پێویست دەکات تۆش بێیت بۆ ئێرە، تاکو ئەوانەی لێرەشن لە گەڵتان بەشداری کۆبونەوەکان بکەن. جا تکایە دوسبەی ١٩٩٤/٧/٤ وەرن بۆ هەولێر.

دیارە بە ئیحتیات و رێگە تایبەتیەکەی خۆمان دا دێن."

*

٣ ی ٧ ی ٩٤:

پارتی وەفدەکەی پاریسیان دیاری کردوە پێک دێ لە: سامی عەبدورەحمان، وشیار زێباری، موحسین دزەیی، د رۆژ شاوەیس و د پیرۆت.

*

٤ ی ٧ ی ٩٤:

چوم بۆ هەولێر بۆ کۆبونەوەی م س یەکێتی بۆ ئامادەکردنی بابەتەکانی گفتوگۆی پاریس. پرۆژەیەکمان بە زمانی عەرەبی ئامادە کرد ناوەرۆک و چوارچێوە گشتیەکەی هەمان پرۆژەی کۆبونەوەکانی رۆژانی ٢٣ – ٢٤ ی حوزەیرانە کە مەکتەبی سیاسی لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەیاننامەیەکی تایبەتی دا بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام بە جۆرێکی فراوانتر و بە وردەکاری زۆرترەوە.

*

٥ و ٧ و ١١ ی ٧ ی ٩٤:

بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە گەڵ نوێنەرانی پارتی، پێش سەفەری پاریس، لەو ڕۆژانەدا لە ژوورێکی تەلاری پارلەمان لە هەولێر د فوئاد و من لە گەڵ سامی و موحسین چەند جارێ دانیشتین و گفتوگۆمان کرد. بۆچونەکانمان جیاواز و دور بون لە یەکتری. ئێمە پێمان وایە:

ئەبێ ڕێوشوێنی بناغەی دەوڵەتی قانون و نیزام لە کوردستان دا دابنێین.

ئەوان پێیان وایە:

پەلەمان کردوە لە قبوڵی ئەم داوایە دا و،

ئاساییکردنەوە و گێڕانەوەی هەلومەرجی کوردستان بۆ دۆخی جارانی پێش ١ ی ٥ ی ٩٤ لە پێش هەمو شتێکەوە دێ.

وام هەست کرد نوێنەرەکانی پارتی ئەم ناوبژیەیان پێ خۆش نیە و، هیچ هیوایەک لە سەر سەرکەوتنی هەڵناچنن. بە تایبەتی ئەوانەی دانرا بون لە وەفدەکەدا بن دەسەڵاتدار نەبون.

کون وتویانە: "ئاش لە خەیاڵی و ئاشەوان لە خەیاڵێ".

هێشتا سەفەرمان نەکردوە حەفتەنامەی "گولان" هەواڵی کۆبونەوەی پاریسی بڵاو کردەوە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو مەرجانەیە ناوبژیوانی فەرەنسی بۆیان داناوین.

*

١٢ ی ٧ ی ٩٤:

لە هەولێر کە دەرئەچی بەرەو زاخۆ لە سنوری تورکیا هەمو ڕێگاکانی لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پارتی دایە. لە دەیان شوێن بازگە و خاڵی پشکنین و سەنگەری چەکداری لێ دانراوە. بۆ ئێمە هیچ زەمانێک نیە بە سەلامەتی بەو ڕێگە زەمینیەدا تێ بپەڕین بۆ تورکیا و لەوێوە بڕۆین بۆ پاریس.

هالیکۆپتەری تورکی هاتە هەولێر ئێمەی هەڵگرت. سەرچڵ قەزاز و مستەفا چاوڕەش لە گەڵمان سەرکەوتن ئەچون بۆ ئیجازە. هالیکۆپتەر لە سەری ڕەش نیشتەوە سامی عەبدوڕەحمان و موحسین دزەیی سەرکەوتن. بە کۆپتەر تا دیاربەکر چوین. لە دیاربەکرەوە بە فڕۆکە چوینە ئەنقەرە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۱۳ ی ۷ ی ۹۴:
گەیشتینە ئەنقەرە.

شازاد سائیب نوێنەری یەکێتیە لە تورکیا.

لە ئەنقەرە مستەفا چاوڕەش چو بۆ هۆڵەندا و سەرچڵ قەزاز چو بۆ فەرەنسا.

ویستمان وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ببینین هەندێ بیانویان هێنایەوە دیدارەکەیان دواخست بۆ دوای گەڕانەوەمان. ئێمەیان نەبینی بەڵام نوێنەرانی پارتی یان بینی.

فرانک بەیکەر، یەکێ لە کاربەدەستانی سەفارەتی بەریتانی لە ئەنقەرە، کە چەند جارێ هات بو بۆ کوردستان و شارەزای گیروگرفتەکان بو، ئێوارەیەک میوانداری هەردولامانی کرد. لە میانەی قسەکانی دا بیروڕای منی پرسی. وتم: "من زۆر ئومێدەوار نیم". موحسین دزەیی لە تەنیشتمەوە دانیشت بو وتی: "ئەگەر ئومێدەوار نیت ئەی بۆچی بڕۆین بۆ پاریس؟" وتم: "هەوڵێکی خێرە ئەگەر سەرکەوتوش نەبێ باشترە لە هیچ".

بەریتانیا و ئەمەریکا "ناوبژیکردنی پاریس" یان پێ خۆش نەبو. وەکو ئەیان وت پێیان باشە کورد خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر بکا. تورکیاش پێی خۆش نەبو. نەیان ئەویست کێشەی کورد پەلوپۆی ناوەوڵەتی بهاوێژێ و پرسەکەی دورایی ناوەوڵەتی پەیدا بکا.

*

۱۵ ی ۷ ی ۹۴:

لە گەڵ نوێنەرانی پارتی لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە یەکمان گرتەوە بەڵام هەمومانیان راپێچ کرد بۆ ژوری پشکنین و لێکۆڵینەوە. شازاد سائیب نوێنەری یەکێتی لە تورکیا و فەتحی کارمەندی نوسینگەکەی یەکێتی و، سەفین دزەیی نوێنەری پارتی لە تورکیا و عەبدولموهەیمن بارزانی کە بۆ سەردان لە تورکیا بو، هات بون بۆ فرۆکەخانە. زیاتر لە دو سەعات گلیان داینەوە. یەکێ لە کاربەدەستەکانی فرۆکەخانەکە بە تورەییەوە قیڕانی بە سەرمان دا: "نامانەوێ چارەی ئێوە لەم وڵاتەدا ببینین. جارێکی تر مەیەنەوە بەم ناوەدا!"

هەمومان بە هەمان فرۆکە لە ئەنقەرەوە چوین بۆ پاریس لە فرۆکەخانەی شارل دیگۆل نیشتینەوە سەفیر بێرنارد دۆران، راوێژکاری دیپلۆماسی سەرۆک میتران، و د کەندال سەرۆکی ئینیستیتوتی کوردی، هات بون بۆ پێشوازی بە پاس بردینیان بۆ رامبوێیە لە کەناری پاریس. ئەندامانی تری وەفدەکە پێش ئێمە گەیشتبونە پاریس. ئێوارەی هەمان رۆژ هەمومان لە "کۆشکی فرانسوای یەکەم" لە رامبوێیە یەکمان گرتەوە. هەمان کۆشک بو کە یەکەمین کۆبونەوەی سەرانی ۷ دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکەی دنیای تێدا کۆ بوبوەوە.

*

۱۶ ی ۷ ی ۹۴:

د محەمەد سابیر نوێنەری یەکێتی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە فەرەنسا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خانەخوێی فەرەنسی داوایان لێ کردین پێوەندی و گفتوگۆ لە گەڵ رۆژنامەوان نەکەین ئەیانویست کارەکە بە شاردراوەیی بمێنێتەوە. لە هەوڵێریش پێیان وت بوین کە ئەبی ئەم کارە بە نهێنی بگرین تا بە ئەنجام ئەگا.

دەزگای تەلەفۆنیان لە ناو کۆشکەکەدا بۆ دابین کرد بوین راستەوخۆ لە گەڵ سەرکرایەتی حیزبەکانی خۆمان راوێژ و وتوێژ بکەین.

ژورەکان هەر یەکەی ناوی یەکێ لە ئەندامانی وەفدەکەی لە سەر نوسرا بو دو ژوریش، ژورێک بۆ مەسعود بارزانی و ژورێک بۆ جەلال تاڵەبانی، تەرخان کرا بو. ناوەکانیان لە سەر دەرگاکانی نوسی بو.

سەفیر دۆران کۆبونەوەکانی رێک ئەخست لە ریزکردنی دانیشتنی بەشدارانی کۆبونەوەکان دا تەنانەت لە نان خواردن دا بە وردی پێڕەوی نەریتی دیپلۆماسی ئەکرد.

ئەمڕۆ کۆبونەوە دەستی پێ کرد.

نوێنەرایەتی یەکێتی پێکهاتوە لە: د فوئاد مەعسوم، قادری حاجی عەلی بەگ، د بەرهەم سالح، د محەمەد سابیر و من.

نوێنەرایەتی پارتی پێکهاتوە لە: سامی عەبدڕەحمان، د ڕۆژ شاوەیس، هوشیار زێباری، موحسین دزەیی، د پیرۆت ئیبراهیم و جەعفەر گولی نوێنەری پارتی لە فەرەنسا.

پرۆژەکەی یەکێتی بە عەرەبی نوسرا بو د بەرهەم کردی بە ئینگلیزی و بە هەردو زمان ئەمان دا بە کەسانی پێوەندیدار.

پارتی پرۆژەیەکی بەرامبەریان نوسی بو ئەوانیش دابەشیان کرد.

بابەتەکانی کۆبونەوەکان بریتی بون لە:

چۆن دەسەڵات لە کوردستان رێک بخرێتەوە. پارلەمان، حکومەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتەکانیان چی بێ و چۆن هەڵبژاردنی گشتی بکرێتەوە.

چۆن دەسەڵاتی حیزبی لە هی حکومەتی جیا بکرێتەوە و، سەرەتای نیوە بە نیوە و، "ازدواجیەت" لە وەزارەت و دائیرەکان دا نەهێڵرێ.

چۆن داوودەزگای لەشکر، پۆلیس، ئاسایش، لە سەر بنچینەی تەجنیدی ئیجباری رێک بخرێتەوە.

چۆن بەڕێوەبەرایەتی وڵات لە سەر بنچینەی لێوەشاوەیی (مجلس الخدمه)، بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی لە سەر بنچینەی لێپرسینەوەی (دیوان الرقابه الماليه)، گەشەپێدانی ئابوری بە پێی (مجلس التخطيط) چاک بکرێ.

چۆن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لای دەوڵەتانی دنیا بەهێز بکرێ.

چۆن خەتی پارێزگاری کورد لە ٣٦ هوە بکرێ بە ٣٤ و گەمارۆی ئابوری لە سەر کوردستان هەڵبگیرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چۆن پێوەندی داوودەزگای کوردستانی لە گەڵ داوودەزگای ناوەندی لە بەغداد بە گوێرەی "دەستور" یەکی تایبەتی رێک بخرێ.

*

مادام میتران بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە نەخۆشخانە کەوتوە. پەیامێکی بۆ کۆبونەوەکە ناردوە، ئەمە دەقەکەیەتی.

پەیامی مادام میتران

دۆستانی بەڕێز..

نیازم وابوو کە بهاتبایەم لە نزیکەوە بەخیرهاتنم بکردبان و چاوم پێتان بکەوتبا و بەشداری گفتوگۆکانتان بووبام، بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی و نا تەواوی باری تەندروستیم ئەم ئارەزوەم نەهاتە دی. سەرەڕای ئەمە، لە نزیکەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەواڵتان دەپرسم و هەوڵ دەدەم بە پێی وزە و توانام یارمەتیتان بدەم.

کۆبونەوەکەتان لەمەڕ داهاتووی گەلی کورد گرنگیەکی تایبەتی هەیە. کوردەکان بە گشتی – هی ئێران و هی تورکیاش- چاوی هیوا و ئاواتیان لە ئەزمونی دیموکراتیکی ئیوە بڕیوە و لایەنگرانتان لە دەرەوەی وڵات شانازیتان پێوە دەکەن. ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییانە بە توندی ڕایچڵەکاندین و دڵ و دەرونی بریندار کردین. سەرۆکی هەردو پارتی بەرپرسایەتێکی زۆر گەورەیان بەرامبەر بە میژودا هەیە. ئەگەر بێتو هەر دولا، بە شێوەیەکی جیددی و لە ڕێگای وتوێژ، چارەسەری کێشەکانتان نەکەن، هەوڵ و کۆششی بێوچانی دۆستانتان لە دەرەوەی وڵات بێ بەهرە دەمێنێ و لایەنگرانتان ڕەنج بەخەسار دەبن. دیموکراسی چەکی هەرە بەکارتانە، هەوڵ بدەن بە ڕای گشتی جیهانی بسەلمێنن کە گەلی کوردیش دەتوانێ کاروباری ناوخۆی بە شێوەیەکی دیموکراتیانە و لە چوارچێوەی فرەحیزبایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی یەکاندا بەڕێوەبەرێ، ئەو کاتە دەتوانن پشتیوانی و یارمەتی هەرچی زیاتر بۆ لای کێشەکەتان ڕابکێشن. بەڵام ئەگەر دیموکراسی یەکەتان ڕووڵەتی بێت و خاوەنی بناغەیەکی فرە حیزبی نەبێ و ئەگەر لە جیاتی پەرلەمان و حکومەتی قانون، دەستە و تاقمی جۆربەجۆر خاوەن دەسەڵات بن و حوکمی وڵات بکەن، گەلی کوردیش هەر وەک باقی گەلانی جیهانی سێهەم سەیر دەکرێ و حیسابی تایبەتی بۆ نایەتە کرن. لە ژمارەی لایەنگرانتان کەم دەبێتەوە و تەبایی نیشتمانیتان توشی تەنگوچەڵەمەی بێژمار دێت؛ داهاتوی خۆتان و نەتەوەکەشتان لەمەترسی دەخەن.

ئێوە هەموتان لە هەمبەر دیکتاتۆریدا پێشمەرگەی ئازا و بەجەرگ و سەرۆکی کارزان و بە ناوبانگ بوون، بەڵام لەهەلومەرجی ناسکی ئیمڕۆ دا، گەلی کورد دۆستانتان لە دەرەوەی وڵات چاوەڕوانییان لێتان هەیە کە بە شێوەی "پیاوی دەوڵەت" بجوڵێنەوە و چارەنوس و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەربەرزی گەل و وڵات نەکەنە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی یان تاکەکەسی حیزبایەتی یەوە.

هیچ شکێکم لەمە دا نیە کە هەمو لایەکتان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە پەرۆشی گەل و وڵاتەکەتان دان، هەر بۆیەش دڵنیام کە سەرەنجام ڕێگا چارەیەک بۆ ئیدارەی هاوبەشیی وڵاتەکەتان دەدۆزنەوە و بە ڕێککەوتننامەیەکی نیشتمانی درێژخایەن چارەسەری کێشەکانتان دەکەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە لاپەڕەی شومی پڕ لە ئازاری شەڕی ناوخۆ هەڵبدەینەوە و بەرەو سەقامگیرکردنی دیمۆکراسیەکی ڕاستەقینە هەنگاو بنێین.

لەم هەلومەرجە سیاسیە تایبەتیەی لە ئاستی جیهانیدا بۆ کورد ڕەخساوە کەڵک وەرگرن و تێبکۆشن لە پێناو سەقامگیرکردنی یەکجارەکی ئازادی و دیمۆکراسی لە وڵاتەکەتاندا.

دوا ڕۆژی گەلەکەتان بە هیمەت و مەسئولییەتی ئێوەوە گرێ دراوە، دنیا چاوی لێتانە و ئێوەش دەبێ بە سەربەرزی لەم ئەزمونە میژوویییە دا سەرکەون.

جارێکی تر بەخێرهاتنتان دەکەم و ئاواتی سەرکەوتن لە کارەکانتان بۆ دەخوازم.

دانیەل میتەران پاریس ١٩٩٤/٧/١٣

*

٢١ ی ٧ ی ٩٤:

کۆبونەوەکان درێژەیان کێشا. چەندین شارەزای ناسراو و پسپۆڕی ئاگاداری کێشەی کورد بەشدار بون. لەوانە: جێرار شالیان، نوسەری کتێبی "کورد: نەتەوەی بێ دەوڵەت". مارک کارڤێت، نوسەر لە ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن". بێرنارد کوشنەر، وەزیری پێشوی کاروباری مرۆڤایەتی حکومەتی فەرەنسی. پرۆفیسۆر گالتونگ، پسپۆڕی لێکۆڵینەوەی ئاشتی. هەروەها دانێک دیپلۆماتێکی ئەمەریکی و دانێکی تر دیپلۆماتێکی بەریتانی هاتن بۆ چاودێری. چەند شارەزا و پسپۆڕی کاروباری قانونی و ئابوری لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بەشداری گفتوگۆکان بون.

نوێنەرایەتی هەردولا چەند جارێ گفتوگۆکانیان توند ئەبو، خەریک ئەبو بگاتە پچڕان و کۆڵانی داخراو، ناوبژیوان بۆ ئەوەی کەشی کۆبونەوەکە هێمن بکاتەوە پشوی پێ ئەدان.

هەرچۆنێ بو هەردولا گەیشتنە ڕێککەوتن. ناوبژیوان هەر لە سەرەتاوە پێوەندی تەلەفۆنیی بۆ نوێنەرانی هەردولا لە گەڵ سەرکردایەتی خۆیان دابین کرد بو. شەوی پێش ئیمزاکردن داوایان لە هەردولا کرد پرس بە سەرکردایەتی خۆیان بکەن. نوێنەرایەتی پارتی تێکستی ڕێککەوتننامەکەیان بە فاکس دا بە سەرکردایەتی حیزبەکەیان و، نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی ئاگاداریان کردین کە موافەقەتیان لە سەر کردوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە لای یەکێتیەوە من و لە لای پارتیەوە سامی هەردو تێکستی فەرەنسی و ئینگلیزی مان بە شایەتی سەفیر بێرنارد دۆرین، د کەندال نەزان، د فوئاد حسین، د نەجمەدین کەریم، د عەباس وەلی، ئیمزا کرد. هەر لایەک نوسخەی خۆی وەرگرت.

ئێوارەی هەمان رۆژ نوێنەری تایبەتی سەرۆک میتران هاتە لامان. سڵاوی سەرۆکی پێ راگەیاندین، پێخۆشحاڵی دەربڕی بە بۆنەی ئەوەی هەردولا گەیشتونەتە رێک کەوتن و پێک هاتن.

قەول وا بو سەرۆک میتران بۆ مەراسیمی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە سەرکردەی هەردو حیزب، یەکێتی و پارتی: جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بانگ بکا بۆ پاریس. لە ئاهەنگێکی دیپلۆماسی ئاشکرا و فراون دا لە کۆشکی ئیلیزێ رێککەوتننامەکە ئیمزا بکەن. سەرۆک میتران بەم بۆنەیەوە قسە بکا. داوا لە کۆمەڵی ناودەوڵەتی بکا یارمەتی کورد بدەن و پشتیوانی لێ بکەن. لە هەمان کات دا داوا لە سەرۆکی ئەمەریکی کلینتن و سەروەزیرانی بەریتانیا جۆن مەیجەر بکا: ئابلۆقەی ئابووری لە سەر کوردستان هەڵبگیرێ و، خەتی ناوچەی ئەمین لە ۳۹ هوە بگوێزرێتەوە بۆ ۳۶ بۆ ئەوەی هەمو کوردستانی عیراق بگرێتەوە. بەڵام ئەبو ناوەرۆکی رێککەوتنەکە ئاشکرا نەکرێ و بە نهێنی بمێنێتەوە تا کاتی ئیمزاکردنی لە بەردەمی سەرۆک میتران دا. نەخۆشی تەگەرەی لەم هەلە مێژوییە دا. بۆ نەشتەرگەری سەرەتانی پرۆستات سەرۆک میتران برایە نەخۆشخانە. هاتنی هەردو سەرکردە کەوتە کاتێکی دیاری نەکراو.

*

۲۲ ی ۷ ی ۹۴:

کۆبونەوەکان تەواو بون.

راگەیاندنی کۆتایی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوە:

• یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە پاریس لە سەر رێککەوتننامەی ئاشتی رێک دەکەون

لە رۆژی ١٦ ی گەلاوێژ تا ٢٢ گەلاوێژ دو وەفدی باڵای یەکێتی و پارتی لە شوێنێکی نزیک پاریس لێدوان و گفتوگۆیان کرد بۆ چارەکردنی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان هەردولا لە کوردستانی عیراق. قسەکردنەکە لە جەوێکی دۆستانە و جدی دا بو. ئەنجامی هێنا بە رێککەوتننامەیەکی بەربڵاو و فراوان، کە بە رەسمی لە لایەن بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعودەوە دەبێ ئیمزا بکرێ.

کاربەدەستانی کۆشکی ئەلیزی و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا و سەفارەتی ئەمەریکا و ئینگلتەرا وەک تەنها چاودێر لە هەندێک لە لێدوانەکان دا ئامادە بون، هەروەها چەند

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیپلۆماسیەک و سیاسی فەرەنسی و ئەکادیمی ئەوروپی وەک سەرپەرشتیکەری لێدوانەکان ئامادە بون.

لەم دانیشتنانەدا بە تێروتەسەلی باس کرا لە هۆکانی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان هەردولا، لە ئەنجام دا رێککەوتن لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

پێویستە هەمو کێشە و ناکۆکیەکان بە رێگای ئاشتی و دیمۆکراتیانە چارە بکرێن.

هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە مانگی مایسی ١٩٩٥ لە کاتێک دا فەترەی یاسایی پەرلەمانی ئێستا کۆتایی دێت.

رێک کەوتن لە سەر کۆمەڵێک ئیجرائات بۆ فراوانکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ نەهێشتنی دەستێوەردانی پارتیەکان لە کاروباری حکومەت دا.

رێک کەوتن لە سەر کۆمەڵێک ئیجرائات بۆ سەرلەنوێ رێکخستن و بنیاتنانەوەی هێزی چەکدار لە ناوچەکە.

هەردولا رێک کەوتن بۆ کارکردن لە سەر سیاسەتێکی دەرەوەی هاوبەش.

دانیشتنەکان دو بانگەوازی بەرز کردەوە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوە ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستانی عیراق و هەروەهاش بۆ درێژەپیدانی(operation provide comfort) تا ئەو کاتەی چارەسەرێکی دیمۆکراتیانە بۆ کێشەی کورد لە عیراق دەدۆزرێتەوە.

لێدوانەکان بایەخی سەرەکی دا بە تەبایکردنی پەیوەندی نێوان و باری ناوخۆی کوردستانی عیراق.

هەردولا سوپاس و رەزامەندی گەرمی خۆیان ئاڕاستەی دەسگاکانی فەرەنسا کرد بۆ رۆڵی گرنگیان بۆ ئاسانکردنی گرتنی کۆبونەوەکان. ٢٥ ی ٧ ی ١٩٩٤

*

خۆمان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە. من نەمئەتوانی بە رێگای زەمینیی زاخۆ – هەولێردا بگەڕێمەوە. ئەبو چۆن بە کۆپتەر هاتبوین بۆ تورکیا لە تورکیاوە بە کۆپتەر بگەڕێینەوە هەولێر. شازاد قسەی لە گەڵ کاربەدەستانی تورک کرد. نوێنەرانی پارتیێش داوای کۆپتەریان کرد بۆ گەڕانەوە. تورک رازی نەبون بۆ هەرلایەکمان بە جیا کۆپتەرێ ئامادە بکەن. ئەبو لە گەڵ نوێنەرەکانی پارتی پێکەوە بمانبەنەوە. سامی و موحسین و د فوئاد ئەچون بۆ لەندەن ئینجا ئەگەڕانەوە. ئەبو ئیمەش چاوەڕوانی ئەوان بین تا سەردانەکانیان تەواو ئەکەن. لە گەڵ داروی شێخ نوری و د محەمەد سابیر ئەو پشوەمان بە هەل زانی. بە ئۆتۆمۆبیل گەشتێکی توریستی مان لە پاریسەوە بۆ مۆنتی کارلۆ بە شارەکانی کان و نیس دا رێک خست.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۳ ی ۸ ی ۹۴:

ڕۆژنامەی "السفیر" ی بەیروتی زنجیرەیەک وتار و گفتوگۆی بە قەڵەمی "جهاد الزین" بڵاو کردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی: "جوله فی بلاد مابین المشکلتین: الماء والاکراد". نوسەر گەشتێکی کردوە لە ئەنقەرە، دیاربەکر، سەلاحەدین و، هەولێر، بابەتەکانی لەوێ نوسیوە.

ئەلقەی ۱ لە ڕۆژی ۲۹ ی تەموزدا بڵاو کراوەتەوە گفتوگۆیە لە گەڵ هەندێ لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا.

ئەلقەی ۲ لە ڕۆژی ۳۰ ی تەموزدا بڵاو کراوەتەوە باسی جەیشی تورکی و پ ک ک یە.

ئەلقەی ۳ لە ڕۆژی ۱ ی ئاب دا بڵاو کراوەتەوە لە ژێر سەرناوی "دویلتان کردیتان فی شمال العرق".

ئەلقەی ٤ لە ڕۆژی ۲ ی ئاب دا بڵاو کراوەتەوەگفتوگۆیەکی دریژە لە گەڵ مەسعود بارزانی.

ئەلقەی ٥ لە ڕۆژی ۳ ی ئاب دا بڵاو کراوەتەوە گفتوگۆیەکی دریژە لە گەڵ جەلال تاڵەبانی.

هەردوکیان بە خۆشیەوە لە ڕێککەوتنی پاریس ئەدوین و ئامادەیی دەرئەبڕن بچن بۆ ئیمزاکردنی.

*

۴ ی ۸ ی ۹۴:

دارۆی شێخ نوری و من لە پاریسەوە، د فوئاد لە لەندەنەوە، قادری حاجی عەلی لە ئەمەریکاوە، گەڕاینەوە بۆ ئەنقەرە. ئەمجارەش لە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە بێ هیچ هۆیەک گەڕیان پێ کردم زیاتر لە دو سەعات رایان گرتم. یەکدورۆژ لە ئەنقەرە ماینەوە. ئەمجارەش وەزارەتی دەرەوە هەندێ بیانویان هێنایەوە ئامادە نەبون بمان بینن. فڕین بۆ دیاربەکر.

*

۶ ی ۸ ی ۹۴:

لە دیاربەکر سواری کۆپتەر بوین بۆ بنکەی سەربازی خابور و لەوێشەوە بە سەر ناوچە شاخاویە جوانەکانی هەکاری دا ئەوان بۆ سەری ڕەش و ئیمەش بۆ هەولێر گەڕاینەوە.

*

۱۵ ی ۸ ی ۹۴:

پارلەمان ئەمڕۆ کۆبونەوەی نائاسایی دەس پێ کرد بە ئامادەبونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٦ ی ٨ ی ٩٤:

لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی پارلەمانی کوردستان دا سامی عەبدورەحمان و د فوئاد مەعسوم باسی کۆبونەوەکانی پاریس و رێککەوتنەکەیان کرد و، دارۆی شێخ نوری دەقی رێککەوتننامەکەی بە کوردی خوێندەوە. کوردیەکەی تەرجومەیە لە دەقی ئینگلیزیەوە بەڵام ساز و ڕەوان نیە.

*

تورکیا رێککەوتننامەی پاریسی دانەنا بە هەڕەشەی جدی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی گۆیا بنچینەی دەوڵەتی کوردی دانەمەزرێنێ. دژی هەمو رێککەوتننامەکە بو بە تایبەتی مادەکانی دەربارەی:

دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن چ بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و چ بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی.

تەجنیدی ئیجباری بۆ رێکخستنەوەی سوپا و پۆلیس و ئاسایش لە باتی میلیشیای حیزبەکان.

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لای وڵاتانی دەرەوە.

دانانی دەستوری فیدرالی بۆ حکومەتی هەرێم.

لە چەند لاوە کەوتە هەوڵی پەکخستنی:

لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە هەڵمەتێکی توندوتیژی دژی کورد و رێککەوتننامەکە دەس پێ کرد.

رای گەیاند کە رێگە نادا بە سەرکردەی هەردو حیزب لە تورکیاوە بچن بۆ پاریس بۆ ئیمزاکردنی رێکەوتنەکە.

بە ڕەسمی ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر حکومەتی فەرەنسی چونکە فەرەنسا یارمەتی کورد ئەدا دەوڵەت دروست بکا.

وێنەی رێکەوتننامەکەی دا بە ئیران و سوریا و، داوای کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی هەر سێ دەوڵەتی کرد بۆ یەکخستنی هەڵوێستیان دژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

*

ئەگەر سەرکرایەتی کورد بیەوێ ئەم رێککەوتنە جێبەجێ بکا سەرکردەکانی بچن بۆ پاریس یا نەچن، سەرۆک میتران شایەتی ئیمزاکردنی بێ یا نەبێ، چی لە جەوهەری مەسەلەکە ئەگۆڕێ. ویستی سیاسی کورد ئەتوانێ هۆی بڕیاردەر بێ نەک هەڵوێستی تورکی.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٩ ی ٨ ی ٩٤:

ڕۆژنامەی "السفیر" ی لوبنانی لە ژمارەی ڕۆژی ١٩ ی ١٠ ی ٩٤ دا دەقی ڕێککەوتننامەکەی بە عەرەبی بە لێدوانێکی "جهاد الزین" هوە بڵاو کردۆتەوە.

*

٢١ ی ٨ ی ٩٤:

بۆ جاری شەشەم وەزیرانی دەرەوەی تورکیا، ئێران و سوریا بۆ باسی هەلومەرجی کوردستانی عیراق، ئەمجارە لە دیمەشق، کۆبونەوە. تورکیا هەوڵ ئەدا هەڵوێستی هەر ٣ دەوڵەت دژی ڕێککەوتننامەی پاریس یەک بخات.

*

پاشکۆ

دەقی ڕێککەوتننامەی پاریس

تێبینی: لە ژ ١١ ی پرۆتۆکۆلەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ل ٥٩١ – ٥٩٦ وەرگیراوە.

*

وەفدی پارتی دیموکراتی کودستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ١٦ تا ٢٢ ی تەموز لە فەرەنسا کۆبونەوە بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکان و گفتوگۆکردن لە بارودۆخی ئێستا و داهاتوی کوردستانی عێراق و گەیشتنە ئەو ڕێکەوتننامەیە:

١. ڕێکخستنی دەسەلاتی کوردستانی عیراق لە لایەن سیستەمێکی دیموکراتیەوە بەڕێوە ئەبرێت کە دەستەبەری فرە حیزبی و ڕیزگرتن لە بانگەشەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمە نەتەوایەتی و ئاینییەکان دەکات.

١. سەرۆکایەتی کوردستانی عێراق:

أ. سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی و ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێ و دەسەلاتەکانی بە پێی یاسای ژمارە ٢ دیاری دەکرێت بەو پێیە ناوی ڕابەر دەگۆڕێت بۆ ناوی سەرۆک، دەبێ لە ماوەی پێش هەڵبژاردنی سەرۆک دا دەستەیەکی سەرۆکایەتی کە پێک دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و لە سەرۆک وەزیری کوردستان و سەرۆکی دادگای تەمیز مومارەسەی دەسەلاتەکانی سەرۆک دەکەن وەکو لە یاسای ژمارە ٢ دا دیاری کراوە بڕیارەکانی ئەو دەستەیە، بەتێکڕای دەنگ دەدرێت.

ب. ئەم ڕێکەوتنە ئەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت مەبەست لەم دەستەیە واتە ئەو دەستەی سەرۆکایەتییەی کە دائەمەزرێ.

٢. حکومەت:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

أ. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن حکومەتێکی ئیئتیلافیەوە بەڕێوە دەبرێت تا هەڵبژاردنی داهاتو دێ ئەم حکومەتە فروان دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو گروپانەش بگرێتەوە کە نوێنەریان نەبوە وەکو حیزبە سیاسیەکان و کەمە نەتەوایەتیەکان و کەسانی سەربەخۆ.

ب. بڕیاری حکومەت لە چوارچێوەی حکومەت و هەریەک لە وەزارەتەکان دا دەدرێت، بە بێ دەستێوەردانی حیزبە سیاسییەکان.

ج. حکومەت پاش لێکۆڵینەوەیەکی تەواو رێک دەخرێتەوە بە بەرچاوگرتنی ئەو ئەزمونەی کە بە دەست هێنراوە بۆ خوڵقاندن و کۆتایی پێ هێنانیان یاخود دروست کردنی هەندێ وەزارەت بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی هەرێم بە کاریگەرترین شێوە.

د. دامەزراندنی ئەم دەزگایانەی خوارەوە.

١. مەجلیسی خدمە بەرپرسیارە لەدانانی فەرمانبەرانی مەدەنی بێ رەچاوکردنی لایەن و لەسەر بناغەی توانای فەردی.

٢. دائیرەی رەقابەی مالی گشتی کە بەرپرسیارە لە پیاچونەوەی بەڕێوەبردنی دارایی لە هەرێم دا.

٣. ئەنجومەنی نەخشەی ئابوری هەرێمی دانان واتە دەستەی نەخشەکێشان کە بەرپرسارە لە دانانی نەخشەی ئابوری هەرێمی و دەستنیشانکردنی ئەولەویەت بۆ پەرەپێدان.

هـ. لەدروستکردنی حکومەتی نوێ دا سەرەتای یەکسانی لەنێوان هەردو حیزبە سەرەکیەکەدا لە ژمارە و گرنگی وزارەتەکان دا ئەبێ بپارێزرێت.

و. لەناو حکومەت دا هەمو وەزیرێک دەسەلاتی تەواوی هەیە کە بە پێی یاسا پێی بەخشراوە بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەی، جێگری وەزیر ئەو دەسەلاتانە جێبەجێ دەکات کە وەزیر بۆی دیاری دەکات بەپێی یاسا.

ز. ئیدارەی ئیستای عێراق کە بێ توانایی خۆی سەلماند. ئەبێ بە چاکی لە ژێر چاودێری دەستەی وەزیران دا رێک بخرێتەوە و موچەخۆرەکانی بە فیعلی کەم بکرێنەوە فەرمانبەرانی مەدەنی دائەنرێن بە پێی توانایان و ئەبێت رەچاوی بێلایەنی سیاسی بکەن، پێویستە بژێوی باشیان بۆ ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەگژ فەسادا بچن و ئیدارەیەکی بە توانا و چاک دروست بکەن.

٣. دەستور:

دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ئەبێ ئامادەبکرێت موئەسەساتی کوردی ئەبێت سوود لە شارەزایانی ولاتانی فیدرال وەرگرن بۆ ئامادەکردنی موسوەدەیەک پێش کۆتایی مانگی ١٠ ی ١٩٩٤ ئەم موسوەدەیە ئەبێ بەرزبکرێتەوە بۆ نموونە ئەنجومەنی نیتمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەو بۆ پەسەندکردنی پێش کۆتایی ئەمسال.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. هەڵبژاردن:

أ. هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەبێ مانگی ٥ ی ١٩٩٥ ئەنجام بدرێت کاتێ کە ماوەی پەرلەمانی ئێستا کۆتایی دێت.

ب. پێش هەڵبژاردن ئەبێ بارودۆخەکە ئاسایی کرابێتەوە.

ج. سەرژمێری دانیشتوان ئەبێ پێش هەڵبژاردن بکرێت بۆ دروستکردنی تۆمارێکی باوەڕپێکراو بۆ هەڵبژارن. سەرانی حیزبەکان ئەبێ لەبەردەم رای گشتی ناوخۆ و جیهانیدا پەیمانی پابەندبون بە سەرەنجامی هەڵبژاردن کە هەرچۆنێ بێت قبوڵی بکەن. سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە هەرچۆنێ بێت حکومەتێکی ئیئتیلافی دروست دەکرێت لەسەر بنچینەی تەرازوی نوێی هێزەکان وەکو نوێنەرایەتی نیسبی هەر حزبێک لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دا. هەڵبژاردنی شارەوانی ئەبێت بەپێی یاسا ئەنجام بدرێت رۆژی ئەم هەڵبژاردنە بەپێی رێککەوتنی نێوان هەردو حیزبەکە ئەنجام ئەدرێت.

ج. بەرگری و ئاسایشی هەرێم:

١. کاروباری سەربازی:

أ. سیستەمی ئێستای بەرگریی نیشتمانی کە بێ توانایی خۆی نیشان داوە ئەبێ رێک بخرێتەوە بەم شێوەیە ئەبێ دەستەیەکی ئەرکان جێگای وەزارەتی (پ م) بگرێتەوە کە پێک دێت لە ئەفسەری سەربازی پایەبەرز و دەخرێتە ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی سەرەک وەزیر و جێگری سەرۆک وەزیرانەوە ئەبێ لەشکرێکی یەکگرتو کە لە ژێر رکێفی حکومەت دابێ و بەرپرسیار بێ لە بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەر بنچینەی تەجنیدی ئیجباری نیشتمانی پێک بێت.

ج. لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەبێ مەشقی هێزەکانی پ م کەم بکرێنەوە و بە گوێرەی رێکەوتنی هەردوو حزبەکە.

د. میلیشیات پێویستە بە تەدریج چارە بکرێت بەپێی جەدوەلی زەمەنی هاوبەش، هەروەها دەبێ چارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ بژێوی گوزەرانی چەکدارەکانیان.

هـ بۆ جێبەجێکردنی عەمەلی ئەو خاڵانەی رێککەوتنەکەش پێویستە سوود لە شارەزایانی بێگانە وەربگیرێت.

٢. دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش:

أ. بۆ گرنگیدان و بە تەنگەوەهاتنی سەلامەتی کەسان و ملک و مال لە هەرێم دا پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ ئەبێت بەزویی رێک بخرێتە ژێر دەسەلاتی تەنیا حکومەتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ب. ئەم ڕێکخستنەوەیە ئەبێ بە لێپرسراوی و چاودێری دەستەی وەزیران ئەنجام بدرێت و پێویستی بە ئامرازی تەکنیکی و دارایی هەیە، کەسانی ناو ئاسایش و پۆلیس ئەبێ بەرادەیەی بەرز مەشق وەرگرن و بژێویەکی باشیان هەبێ بۆئەوەی بتوانن بەتەواوی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارەکانیان.

ج. ئەبێ ئەکادیمیەی پۆلیس دابمەزرێ تاکو مەشقی تایبەتی بکەن لە سەر بنچینە سەرەکیەکانی ڕەفتاری مەدەنی و دیموکراتی و چاودێری مافەکانی مرۆڤ و گوێڕایەڵی بۆ حکومەت.

هـ شارەزایانی بێگانە ئەبێ بانگ بکرێن بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی ناوخۆ بە تایبەت لە بواری تەکنیکی و مەشق دا.

و. جەدوەلێکی زەمەنی ئەبێ بە زویی دابنرێت بە دەستنیشانکردنی ماوە و قۆناغەکانی ئەم ڕێکخستنەوەیە. کۆنفرانسێکی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ ئەبێ ببەسترێت پێش کۆتایی مانگی ٩ بۆئەم ڕێکخستنەوەیە و کات و مەرجەکانی.

ز. ئەو یەکەو ئەو کەسانەی لەلایەن حیزبەکانەوە دانراون ئەبێ بگوێزرێنەوە دەزگا حکومەتیەکانی تر، تەجنیدکردنی ژمارەی پێویست لە پۆلیس و ئاسایش ئەبێ لەڕێگەی تەجنیدی ئیلزامی نیشتمانی و ناونوسینی دەرچوانی دانیشگاکان و شارەزایان بێ پاش بەسەربردنی ماوەی مەشقی پێویست بێ.

٣. ئابوری و دارایی:

أ. بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئابوریەوە لەکوردستانی عێراق کە ٢ ئابلوقەو چەندین جەنگی یەک لەدوای یەک و وای کردوە کە زیاتر لە ٥٠% هێزی کار لە کاربکەون و ئەم بارودۆخە بەهۆیەکی سەرەکی پێکدادانی ئەم دواییە ئەژمێردرێ و یارمەتیەکی فراوانی دەرەکی پێویستە بۆ هێمن کردنەوەی و دروستکردنی سەقامگیری لە هەرێمدا.

ب. جێگیرکردنی سەقامگیری لەهەرێمدا پێویستی بە هێورکردنەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (un) هەیە بۆئەوەی ڕێگا بە کرینی کەلوپەلی پێویست بدات بۆ چاککردنەوەی ئابوری و بەتایبەتی پالاوگەیەک بۆ دابینکردنی پێویستی زۆری خەڵکی بۆ وەدەستهێنانی وزە.

ج. لەبەرئەوەی کە یارمەتیەکان لەڕێگای ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە جێبەجێ دەکرێن، حکومەتی هەرێم ناتوانێ وەکو پێویست نەخشەی ئابوری هەبێت بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم ڕاستەوخۆ داوای یارمەتی لە حکومەتەکان و دام دەزگاکانی یارمەتی بێگانە بکات،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ بوژانەوەی ئابووری هەرێم پێویستە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسایەک دەربچوێنێ کە هەیکەلی کارکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان و خۆماڵیەکان و بیانیەکان دیاری بکات، بەزوترین کات داهاتەکانی گومرگ پێویستە تەنیا بچێتە خەزێنەی حکومەتەوە، حزبەکان پێویستە حسابات پێشکەش بە حکومەت بکەن دەربارەی ئەو داهاتانەی کە وەدەست هێناوە لە هەموو داهاتی ١ ی ٥ هوە پێویستە حکومەت هیچ پارەیەک نەدات بە حیزبەکان تاوەکو گومرگ نەچێتەوە ژێر دەسەڵاتی فیعلی خۆی. دەزگاکانی گومرگ پێویستە کە شایستەی ئەو کارە نین و چەند فەرمانبەرێکی مەدەنی بگۆڕدرێن کە دەستنیشان دەکرێن، بەگوێرەی توانا و شارەزاییان بەبێ رەچاوکردنی ئیعتباراتی سیاسی، پێویستە بانکی هەرێم بەرگری لێ بکرێت و بپارێزرێت لەلایەن هێزی پۆلیسی حکومەتەوە بەبێ دەست تێوەردانی حیزبەکان.

٤. پەیوەندییەکان هەرێمی و دەرەوەی:

١. پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا

أ. ئیدارەی کوردی پێویستە ماوەی پەناهەندەی سیاسی بدات بەو کوردانەی داوای پەناهەندەی سیاسیی دەکەن بەو مەرجەی چالاکی سەربازیان لەناو کوردستانی عێراقدا نەبێ و کوردستانی عێراق وەکو بنکەیەکی سەربازی بۆ پەلاماردان بەکار نەهێنن.

ب. لەکاتێکدا ئێمە کە باوەڕمان بە مەبدەئی دەست تێوەرنەدانی هاوبەش لەکاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراق و وڵاتانی دراوسێدا هەیە، هەردوولایەن داوای چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانە بۆ مەسەلەی کورد لەم وڵاتانەدا دەکەن.

ج. هەمو هاوکاریەک لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ یان لەگەڵ حیزبە سیاسیەکاندا هەبێ پێویستە بەکار نەهێنرێ لەلایەن حیزبێکی کەوە دژی حیزبێکی تر، بەڵکو پێویستە بۆ بەرژەوەندی کوردستانی عێراق بێت، پێویستە هەردوو حزب ئاگاداری یەکتر بکەنەوە و هاوکاری یەکتری بکەن و خۆیان لابدەن لە هەڵوێستی یەک لایەنە لەسەر حسابی کود لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

٢. نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک نوێنەری رەسمی دیاری کراوە و پێویستە کارەکانی بەهاوکاری لەگەڵ جێگرەکەیدا لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا ئەنجام بدات.

ب. مەکاتبی حیزبەکان پێویستە دەست نەخەنە ناو کاروباری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەبواری کاروباری دەرەوەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ج. مەکاتبی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوە لەلایەن حکومەتەوە دائەمەزرێت و ئیدارە ئەکرێت وەکو قۆناغی دەست پێکردن ئەم ئۆفیسانە لەلایەن هەردو حیزبەکەوە یارمەتی دارایی بۆدابین ئەکرێت.

د. پێویستە نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەی وڵات بە دەوریی لە گەڵ سەرکردایەتی هەردو حیزبەکە کۆبونەوە بکەن.

هـ. هەوڵی سازدانی سیمینارو چاوپێکەوتن و هەروەها رێکخستنی دەورەی کاری دیپلۆماسی بدرێ.

و. لیژنەیەکی راوێژکار کە لە چەند خەبیر و شارەزایەک لە بوارەکانی سیاسیەتی دەرەوە دروست بکرێت بۆ ئامۆژگاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەنیۆرک و بەلجیکا دابمەزرێ.

٥. جەدوەلی زەمەنی.

أ. ئاسایی کردنەوە واتە (تطبیع) بە زوترین کات بکرێت.

ب. پێش کۆتایی هاتنی مانگی ٨ ی ١٩٩٤ حکومەتی نوێ پێویستە پێک بێت و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێویستە دابمەزرێت.

ئاماری گشتی دانیشتوان جێبەجێ دەکرێ لە مانگی ١٢ ی ١٩٩٤.

د. ئەو شارەزایانەی کە مستەر کۆشنەر پەیمانی داوە کە بۆمانی تەرخان بکات لەگەڵ کەسانی شارەزای تر بگەنە کوردستان پێش دەست پێکردنی ئامار.

چاودێرەکان و خەبیرەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان پێویستە بۆ کوردستان بەماوەیەکی زۆریش پێش دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان و ئەگەر دەکرێ لەدەست پێکردنی ساڵی ١٩٩٥ هوە بێت.

و. مسوەدەیەک بۆ دەستوری هەرێم ئامادە دەکرێت بەیارمەتی چەن پسپۆرێک لەمانگی ١٠ دا پێش کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ لەبەردەم پەرلەمان دا پەسەند بکرێت یا دەزگا نوێیەکان کە ئەمانەن: مەکتەبی چاودێری دارایی گشتی، ئەنجومەنی نیشتمانی، فەرمانبەرە مەدەنیەکان، ئەنجومەنی خزمەتگوزاری، ئەنجومەنی پلان کێشان لەلایەن حکومەتە نوێکەوە دروست بکرێت کۆتایی ساڵی ١٩٩٤.

٦. چاودێری و ناوبژیکردنی هەردو حکومەتی فەرەنسی و ئینگلیزی بۆ ئەم رێککەوتننامەیە بە شەرعی مۆرکرا لە رۆژی ٢٢ ی ٧ ی ١٩٩٤ بە ئامادەبونی بەرێز بێرنارد دۆران راوێژکاری دەوڵەت و سەفیری فەرەنسا و مستەر کەندال نەزان سەرۆکی پەیمانگەی کوردی لە پاریس و مستەر فوئاد حسێن و مستەر عەباس وەلی بریکاری سەرۆکی پەیمانگای کوردی لە پاریس و د. نەجمەدین کەریم سەرۆکی ئەنجومەنی کورد لە ئەمەریکا. لیژنەیەکی چاودێری و ناوبژی کردن پێک هێنراوە لە چەند کەسایەتیەکی کوردی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و بیانی کە لە کاتی جیاوازی بیروبۆچون دا یاخود چۆنیەتی تێگەیشتنی لە مەتنی ئەم ڕێکەوتنامەیە هەڵدەستن بە یارمەتی دان و ڕاوێژکردن، شێوەی پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بەتەواوی دیاری ئەکرێت پێش ئیمزاکردنی کۆتایی ئەم ڕێککەوتنامەیە لە لایەن سەرانی کوردیەوە.

نەوشیروان مستەفا

سەرۆکی وەفدی ی ن ک

سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکی وەفدی پ د ک

ئامادەکراوەو ئیمزا کراوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵی کوژاندنەوە: ڕێککەوتنی ستراتیجی تا ۲۰۰۰ (۱۹۹۴/۱۲/۲۸ – ۱۱/۲۱)

مانگی ۱۱ ی ۱۹۹۴:

لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی دا لە هەرێمی کوردستان دا دو کێشە دروست بو کە دوایی کاری گرنگ و بنەڕەتییان کردە سەر ڕەوتی ڕوداوەکان:

کێشەی یەکەم، هیچ یەک لە هەردو سەرکردەی یەکێتی و پارتی، بە پێی قانونی ژمارە ۲ ی هەڵبژاردنی رابەر، دەنگی قانونیی پێویستیان نەهێنا ببنە رابەری کورد. ئەم شوێنە قانونیە بە بۆشی مایەوە. هەردوکیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی قانونیی حکومەت و پارلەمان دا مانەوە، بەڵام بە کردەوە دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی و، لە ئەنجامی ئەوەش دا بڕیاری قانونی، کارگێڕی، دارایی، جەنگی... هەر لە دەس ئەوان دا مایەوە.

کێشەی دوەم، جگە لە یەکێتی و پارتی، بە پێی قانونی ژمارە ۱ ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، هیچ کام لە حیزبەکانی تر ۷% ی دەنگیان لە هەڵبژاردنی گشتی دا نەهێنا بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەریان لە پارلەمان دا هەبێ لە بەر ئەوە دەنگەکانی ئەوانیش دابەشکرایەوە بە سەر هەردو حیزبی گەورەدا و، لە ئەنجامی ئەوەدا دەنگەکانی هەردو حیزب لە یەکەوە نزیک بو، پارلەمان نیوە بە نیوە دامەزرا.

هەرچەند ژمارەیەک لە سەرکردە دەسەڵاتدارەکانی هەردو حیزب بە ئەندامی پارلەمان هەڵبژێردرا بون بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە پارلەمان رازی نەبون چونە وەزارەتەوە. تەجروبەی پارلەمانی کوردستان شتێکی تازە بو. زاڵبی دەسەڵاتی حیزب و، دابەشکردنی کورسیەکانی نیوە بە نیوە و، نەبونی کەمینە و زۆرینە و، نەبونی ئۆپۆزیسیۆن لە پارلەمان دا، تەجروبەکەی لاوازتر کرد. پارلەمان تەرخان بو بۆ یاسادانان، دەسەڵاتی لێپرسینەوەی وەزارەت و، بەخشین و سەندنەوەی متمانە و، لێپرسینەوەی داهاتی هەرێم و بودجەی حکومەت و حیزبی نەبو. لە بەر ئەوە لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆدا سەرەڕای هەوڵی دڵسۆزانەی پارلەمان و ئەندامەکانی نەیتوانی دەورێکی بڕیاردەری هەبێ لە کوژاندنەوەی ئاگری شەڕەکەدا و لە گێڕانەوەی ئاسایش دا.

ئەمەی خوارەوە یەکێ بو لە هەوڵەکانیان.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق

الی/ السید مسعود البارزانی المحترم

السید مام جلال الطالبانی المحترم

تحیه واحترام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

استنادا لما ورد فی بیان البرلمان المعبر عن موقفه حول احداث ایار وحزیران الصادر فی ۱۹۹٤/۷/۲۵

ونظرا لاستمرار الحوادث والاقتتال والحرب الاعلامیه التحریضیه وعدم تطبیع الاوضاع ولجؤ الطرفین الی زیاده وتقویه المیلیشیات رغم کل القرارات والالتزامات، ونظرا لخطوره الوضع الذی یهدد مکتسبات شعبنا ومصیره والتجربه الفتیه، علیه نطالبکم بما یلی:

اولا: اصدار بیان مشترک من قبل السیدین مام جلال و کاک مسعود یتضمن:

۱. قرار حاسم بوقف اطلاق النار.

۲. عدم افساح المجال بای شکل من الاشکال امام ایه خروقات ومحاسبه المقصر.

۳. فصل القوات فورا.

٤. انسحاب القوات الی اتفاق ۱۹۹٤/٦/۸.

۵. التوقف عن تشکیل المیلیشیات والتسلح.

ثانیا: اختیار عناصر قیادیه معروفه بتوجهاتها السلمیه کاعضاء فی لجان تطبیع المحافظات.

ثالثا: تشکیل لجان فرعیه فی کافه الاقضیه للتطبیع من مهامها ایضا القیام بفصل القوات عند الحاجه.

رابعا: الاسراع فی التوقیع علی (اتفاقیه پاریس) من قبل السیدین (مام جلال وکاک مسعود).

خامسا: تحدید سقف زمنی للانتهاء من فصل القوات وانسحابها وبقیه اجراءات التطبیع.

سادسا: ان یصدر قرار من اللجنه العلیا للتطبیع یتضمن ما یلی:

۱. المحافظه علی حاله وقف اطلاق النار.

۲. اطلاق سراح کافه الموقوفین.

۳. منع المطارده والملاحقه وفسح المجال امام النشاط السیاسی.

٤. عوده المشردین والنازحین والمبعدین الی اماکن سکناهم.

۵. عوده الموظفین الی دوائرهم ووظائفهم السابقه.

٦. منع الشعارات الاستفزازیه والاعلام المضاد من ای طرف کان.

۷. اعاده الممتلکات الشخصیه الی اصحابها.

۸. الغاء کافه القرارات الاداریه الصادره خلافا للقانون خلال الاحداث.

۹. فورا الی اتخاذ الاجراءات بایداع واردات الگمارگ الی خزینه حکومه اقلیم کردستان.

۱۰. اضافه ممثل الحرکه الاسلامیه الی لجان التطبیع.

۱۱. انعکاس کل ذلک فی کافه وسائل الاعلام.

۱۲. تحدید فتره زمنیه لا تتجاوز اسبوع واحد من تاریخ صدوره لتنفیذ الفقرات اعلاه.

احمد سالار. ایاد الحاج نامق البقال. حازم الیوسفی. عدنان النقشبندی. عثمان دزەیی. کاکەرەش النقشبندی. سەرتیپ کاکەیی. سید حسن البرزنجی. اکرم عزت نجیب. بکر حاجی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

صفر. محمد سعید الیعقوبی. حسین عارف. اکرم عاشور. د. حسن حسین بفری. ملا محمود دیرشەوی. مامند محمد امین اغا. مظهر علی هیرانی. ملا محمد امین چمچمالی. نهاد نورالدین اغا. یوسف جمیل میران. عفان النقشبندی. جلال جوهر. احمد علی دزەیی. حسین علی کمال. د. عزالدین مصطفی رسول. قادر مامند اغا. کمال شالی. ملا محمد طاهر زین العابدین. ملا هادی خضر. جوهر احمد شاواز. ملا طلحه قرنی. وریا احمد دزەیی. کمال جلال غریب. حسن کانبی بلباس. حاجی حاجی ابراهیم. کانبی عزیز دزەیی. شیروان حیدری. گەلاویژ جەباری. فوزیه عزالدین رشید. سیروان نەورولی. مەلا شاخی

*

لە سەر داخوازی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، لە کۆبونەوەی ۱۹۹٤/۸/۱۵ دا بەشدار بوین. لەو کۆبونەوەیەدا ئەو کارنامەیەی رۆژی ۱۹۹٤/۷/۲۵ بڕیاری لە سەر درابو، هەمدیس ئەو یادداشتەی لە لایەن هەردو وەفدی پارلەمانەوە کە سەریان لە قەلادزی و هەڵەبجە دا، ئامادە کرابو، خوێندرایەوە. پاش لێکۆڵینەوە و بیروڕا ئاڵوگۆڕ کردن، هەمو خەڵکی کوردستان ئاگادار ئەکەینەوە کە ئێمە هەردوکمان بە گەرمی پشتیوانی لە هەمو بەندەکانی ئەو کارنامەیە و ئەو یادداشتە ئەکەین و هەردوکمان لە بەردەم پارلەمان دا بەڵێنمان دا کە بە هەمو تواناماندوە هەوڵ بدەین بۆ هێنانەدی و نەهێشتنی هەمو گیروگرفتێک کە ئەبنە کۆسپ لە ڕێگای جێبەجێکردنیان دا.

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

هەولێر ۱۹۹٤/۸/۱۵

*

لە کاک مەسعود و مام جەلالەوە

بۆ گشت هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان

سلاوێکی گەرم

پێویستە دەسبەجێ شەڕ لە هەمو شوێنێک بوەستێت. لە سەعات (۱۰) دەی شەوەوە واتە شەوی ۲۵ - ۱۹۹٤/۸/۲٦ هەرکەسێک درێژە بە شەڕەکە بدات ئەوا بە تاوانبار و گێرەشێوێن و دوژمن بە پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەژمێردرێت و سزای توند ئەدرێت.

داوامان وایە لە سەعاتی داندراوەوە هیچ تەقەیەک نەمێنێت.

مەسعود بارزانی مام جەلال

ئێوارەی ۱۹۹٤/۸/۲۵

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم ڕێککەوتن و بانگەوازانە زۆرتر لە "وەعزی مەلای مزگەوت" ئەچی تا ڕێککەوتنی ڕاستەقینەی ئاگربڕ چونکە "ئالیەت" ی جێبەجێکردنی بە وردیەکی ئەوتۆ دیاری نەکراوە کە ڕێگە ببڕێ لە فڕوفێڵی پێشێلیەکانی سودمەندانی شەڕ. لە بەر ئەوە لە شوێنە گەرمەکانی هەڵگیرسانی شەڕ دا کاریگەری نیە.

*

۲ – ۳ ی ۹ ی ۹۴:

کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س بەردەوام بوە.

*

۲۸ ی ۹ ی ۹۴:

بۆ ئەوەی لیژنەکانی ئاساییکردنەوە بەهێز بن، بڕیار درا بو جەلال تاڵەبانی ببێتە سەرۆکی کۆمیتەی ئاساییکردنەوەی سلێمانی و گەرمیان و مەسعود بارزانی هی هەولێر و دهۆک. مامجەلال، بۆ کردنەوەی بارەگاکانی لقی ۳ ی کەرکوکی پارتی لە دەربەندیخان و لقی ٤ ی سلێمانی پارتی و بارەگاکانی بزوتنەوە چەند کەسێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی، لەوانە منی، لە گەڵ خۆی برد. بەمەش ئەبوایە، وەکو پارتی داوای ئەکرد، گرێیەکی ئاڵۆزکاوی ئاساییکردنەوە بکرایەتەوە. چەکدارەکانی پارتی ڕژانە ناو شارەکانەوە. هەڵسوکەوتیان بە جۆری بو ئەتوت ڕاسپێردراون شەڕ لە ناوشاردا بنێنەوە.

*

بۆ جێگیرکردنی ئاشتی و ئاساییکردنەوە، بە هاوکاری لە گەڵ فەرەیدون عەبدولقادر و عومەری سەید عەلی، لە هۆڵی مەڵبەندی ڕۆشنبیری لە سلێمانی دو کۆڕم بەست. یەکێکیان بۆ هەمو بەرپرس و کادرەکانی یەکێتی لە مەڵبەندەکانی ۱ و ۳. ئەوی تریان بۆ کەسوکاری شەهیدەکانی یەکێتی، لە سنوری هەمان ناوچەدا، کە لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا بون. بۆ ئەوەی ئەوانیش ببن بە بەشێ لە پرۆسەی ئاشتبونەوە و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئاشتی لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان دا، بە تایبەتی چونکە شەڕی قورس و زەرەری زۆر و قوربانی زۆر لەوان و ناوچەکانی ئەوان دا بو، لە شەڕەکانی ئەم ناوچانەدا بەرەوژوری ۷۰۰ کەس کوژرا بون، لەوانە نیوەیان زیاتر لە ئەنجامی تۆپبارانی کوێرانەی ئێران دا گیانیان لە دەس دا بو، جگە لە پێشمەرگە ژمارەیەکی زۆر زۆر ژن و منداڵیان تێدا بو. نانی نیوەڕۆم لە گەڵ کەسوکاری کوژراوەکان خوارد.

*

مامجەلال پرۆژەی ڕێککەوتننامەیەکی هاوپەیمانێتی نوسی بو درا بە پارتی بۆ تاووتوێکردنی.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣٠ ی ٩ ی ٩٤:

گفتوگۆی هەردو م س بە ئامادەبونی کاک مەسعود و مام جەلال دەستی پێ کردوە بۆ لێدوانی پرۆژەی هاوپەیمانێتیەکەی کە ناوی "میثاق التحالف"ە و دەقی ئەسڵی بە عەرەبی نوسراوە.

*

٢ ی ١٠ ی ٩٤:

کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س بەردەوامە.

*

کابینەی سێهەم و داهاتی گومرگ

د. فوئاد مەعصوم و من بە نوێنەرایەتی یەکێتی، لە گەڵ سامی عەبدورەحمان و موحسین دزەیی بە نوێنەرایەتی پارتی، چەند جارێ کۆبونەوە بۆ لێدوان لە هەندێ مەسەلەی گرنگ لەوانە: جۆری پێکهێنانەوەی کابینەو، داهاتی گومرگ.

پارتی لە زوەوە سور بو لە سەر هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە. لە پێش دامەزراندنیشی دا، لە کاتی پێکهێنانی کابینەی یەکەم دا، پارتی دژی دروستکردنی وەزارەتێک بو بەو ناوەوە. ئێمەش هەندێ ئاڵوگۆڕ و دەسکاریمان لە وەزارەتەکان دا پێشنیار کرد بو. ئێمە لامان وابو پێویستە ٣ وەزارەتی تازە دابهێنرێ:

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی خوێندنی بەرز

وەزارەتی ئاسایش

نوێنەرەکانی پارتی بێ لێکدانەوە یەکسەر وەزارەتی ئاسایشیان رەفز کرد. وەزارەتی خوێندنی بەرزیشیان بۆ لێکۆڵینەوەی خۆیان هەڵگرت. تەنیا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییان پەسند کرد.

هەردولا پێک هاتین لە سەر ئەوەی:

- ١٥ وەزارەت هەبێ.

- ٥ وەزارەت بۆ یەکێتی و ٥ وەزارەت بۆ پارتی و ٥ وەزارەت بۆ حیزبەکانی تر.

- لایەنەکانی کە ئەبو لە کابینەی سێهەم دا بەشدار بن بریتی بون لە: حیزبی شیوعی، بزوتنەوەی ئیسلامی، بزوتنەوەی ئاشوری، تورکمان، زەحمەتکیشان.

- وەکیلی وەزیرەکان ئەبو لە تەکنۆکرات دابنرێن بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئینتیمای حیزبییان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارتی ئیلحاحیکی زۆری کرد بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی وەزیران بدرێ بە وان و سەرۆکایەتی پارلەمان بدرێ بە یەکێتی. هەرەها ئیلحاحیکی زۆری کرد کە ئەبێ وەکو جاران سەروەزیر و جێگرەکەی هاوتا بن و، هەمان دەسەڵاتیان هەبێ.

لەو کاتەدا لە ناو سەرکردایەتی هەردو حیزب و لە ناو پارلەمان دا قسەی ئەوە هەبو کە کاک مەسعود و مامجەلال سەرۆکایەتی وەزارەت و پارلەمان وەربگرن. کاک مەسعود خۆیشی دژی ئەم پێشنیارە نەبو. بەست بویەوە بە پرس کردنەوە بە دۆستەکانی. ئێمە رەئیمان وابو کە ئەگەر مەسعود ئامادە بێ کار وەربگرێ، ئەوا لە هەڵبژاردنی هەر کام لەو دو سەرۆکایەتییەدا ئازادە. خو ئەگەر کاک مەسعود و مامجەلال لە دەرەوەی وەزارەت و پارلەمان مانەوە، ئەوا یەکێتی داوا ئەکا هەردو پۆست وەکو خۆی بمێنێتەوە تا کاتی هەڵبژاردنی داهاتو لە مایسی ۹۵ دا.

پارتی لەم هەلەدا چەوتکاریەکی بە سەر پارلەمان دا سەپاند. یەکێ لەوانەی دیاری کردبون ببێ بە وەزیر گەنجێک بو، تەمەنی کەمتر بو لەوەی کە قانون دیاری کردبو، لە سەر داوای فراکسیۆنی زەرد قانونەکەیان گۆڕی، بۆ ئەوەی گەنجەکە ببێ بە وەزیر.

دەربارەی گێڕانەوەی داهاتی حکومەتیش پێکهاتین:

- هەمو داهات بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی هەرێم.
- جەرد و تەدقیقی حساباتی هەمو داهات بکرێ لە سەرەتای مایسی ٩٤ ەوە.
- وەزیری دارایی و بەڕێوەبەری بانکی هەرێم هەریەکەیان لە حیزبێکی جیاواز بێ.

پارتی وەختیان ئەکوشت. هەر جارەی بە بەهانەیەک مەسەلەکانیان دوائەخست. خەریک بو رێککەوتنەکان مردار ببنەوە.

*

ئاساییکردنەوەی بادینان

کاک مەسعود لە هەولێر و قەزاکانی دا بە تایبەتی ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیان دا بو، زور بە هێواشی جولا. ئاساییکردنەوە، بە واتای چۆڵکردنی شاری هەولێر لە هێزەکانی خۆی و کردنەوەی بارەگای یەکێتی لەو شوێنانەی لە شارەکانی پارێزگای هەولێر داگیر کرا بون، لە هەندێ جێ هەر نەکرا. تەنانەت بارەگا چەکدارەکانی کۆنە موستەشارەکانی سەر بە پارتی کە ئەبو لە ناوشاری هەولێر دور بخرینەوە، لەو هەلەدا، بەهێزتر و فراوانتر کران.

لەو ماوەیەدا ئەبو هەلومەرجی بادینانیش ئاسایی ببوایەتەوە. لە بادینان جگە لە کاری سیاسی رێکخراوەکانی یەکێتی، سێ شت گرنگییەکی تایبەتییان هەبو هەم بۆ یەکێتی و هەم بو خەڵک:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەمیان، داهاتی گومرگە کە لە ٧٠٪ ی هەمو داهاتی کوردستان زیاترە. سەرچاوەی سەرەکی موچەی کارمەندان و فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمە.

دوەمیان، دەروازەی ئیبراهیم خەلیل - خابورە بۆ هاتوچۆ بۆ تورکیا و دنیای دەرەوە.

سێیەمیان، هاوردنی خۆراک و کەلوپەلە بە ئازادی لە تورکیاوە بە ناو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی دا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی لە هەولێر و سلێمانی و گەرمیان.

پارتی هیچیانی نەخستۆتەوە ژێردەستی حکومەتی هەرێم دەسەلاتی خۆی تێدا توند و تۆکمەتر کردوە.

١٤ ی ١٠ ی ٩٤:

کاک مەسعود چەند رۆژێکە چوە بۆ ئێران. ژمارەی ئەمڕۆی رۆژنامەی "الحیاه" ی لەندەنی نوسیوێتی کە کاک مەسعود لە سەردانەکەی دا بە جیا سەرکۆماری ئێران هاشمی رەفسنجانی و، وەزیری کاروباری دەرەوە عەلی ئەکبەر ولایەتی دیوە.

ماوەیەکە کۆبونەوە هاوبەشەکانی هەردو م س خاو بونەتەوە.

پەراوێزێکی دارایی

لە دوای راپەڕینەوە تا دامەزراندنی حکومەتی هەرێم بەرەی کوردستانی حوکمڕانی ئەکرد. ئەوسا داهاتی گومرگەکان بەم ڕێژەیەی خوارەوە بە سەر حیزبەکانی ئەندامی بەرەدا دابەش ئەکرا:

پارتی	%٣٠
یەکێتی	%٣٠
سۆشیالیست	%١٣
شیوعی	%١٠
گەل	%٨
زەحمەتکێشان	%٤
پاسۆک	%٤
ئاشوری	%١

*

کاتێ کابینەی یەکەم دامەزرا، دوای ململانێیەکی توند لە نێوان حکومەت و بەرەی کوردستانی دا، پاش چەند حەفتەیەک، ئینجا بەرە رازی بو گومرگ تەسلیمی حکومەت بکا. لە داهاتی گومرگ موچەی فەرمانبەران درا. قەرزە کۆنەکانیشیان دانەوە. بەڵام خانەنشینەکانی نەگرتەوە. راستیەکەی ئەگەر هەمو داهاتەکانی حکومەت بە ڕێکوپێکی کۆ بکرایەتەوەو، بە عەدالەت دابەش بکرایە، بەشی موچەی فەرمانبەران، خانەنشینان، خێزانی شەهیدان، یارمەتی بێکار و هەژاران و، پەیدا کردنی دەرفەتی کاری بۆ بەشێ لە بێکاران

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەکرد و، ئەتوانرا سەدان پرۆژەی پچوکی ڕێگاوبان، پرد، بینای قوتابخانە، نەخۆشخانەی دێهاتی، هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی بکرێتەوە. بەڵام دەرامەتی حکومەت بە جۆرێکی تر سەرف ئەکرا. زۆری بە ڕێگای جۆراوجۆر ئەڕژایە قورگی هەردو حیزبەوە.

بۆ ئەوەی ڕادەی بێعەدالەتیی لە جۆری دابەشکردنەوەی دەرامەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بە سەر هەردو حیزب و بە سەر فەرمانبەران دا، ڕون بکەمەوە، لێرەدا بۆ بەراورد کردن ئەم ۲ خشتەیە ئەنوسمەوە:

یارمەتی مانگانەی هەردو حیزب (مانگی ۹٤/۱۰)

یارمەتی هەردو م س بە دینار	۲۰.۰۰۰.۰۰۰
یارمەتی هەردو م س بە دولار	۱٦.۰۰۰.۰۰۰ ($۳۲۰.۰۰۰)
یارمەتی پێشمەرگەی هەردولا	٤۰.۰۰۰.۰۰۰
یارمەتی شەهیدانی هەردولا	٤.۰۰۰.۰۰۰
هەموی	۸۰.۰۰۰.۰۰۰ دیناری عیراقی

موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (مانگی ۹٤/۱۰)

هەولێر	۳۸.٤۵۰.۰۰۰
سلێمانی	۲٦.۲۰۰.۰۰۰
دهوک	۱٤.۸۰۰.۰۰۰
کەرکوک	۷.۰۰۰.۰۰۰
هەموی	۸٦.٤۵۰.۰۰۰

*

ئەندامانی پارلەمان وْ وەزیر و وەکیلەکانیان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و، ئاسایش و گومرگ کە بە نیوەیی دامەزرا بون، موچەی مانگانەیان لە بودجەی حکومەت وەرئەگرت. لە شارێکی وەکو هەولێردا هەردو حیزب ٦ هەزار پۆلیسیان بە ناوی پاریزگارییەوە لە لایەنگرانی خۆیان دامەزراند بو. ئەوانیش موچەی مانگانەیان لەم بودجەیە وەرئەگرت. لەمەش سەیرتر، بەرپرسەکانی حیزبەکان بۆ گەشتوگوزاری تایبەتی خۆیان پارەیان لە حکومەتی هەرێم وەرئەگرت.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٧ - ٩ ی ١١ ی ٩٤:

کۆبونەوەکانی هەردو م س بەردەوامە. لە باتی باسکردنی هۆکاری راستەقینەی ناکۆکیەکان و دانانی ڕێوشوێنی گردەبڕی چارەسەرکردنی کێشەکانی بێ گوێدانە توشبونی بەرپرسیارێتی ئەم گروپ یا ئەو گروپی ئەم لا یا ئەو لای شەڕەکە "موجامەلە" و "ماچوموجێ یەکتری" و "خوانی رازاوە" زاڵە بە سەر کۆبونەوەکان دا.

پارتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی دا، بە تایبەتی "دەزگای گوڵان"، بەردەوامە لە سەر شاڵاوی پڕۆپاگاندە.

*

١٣ ی ١١ ی ٩٤:

کۆبونەوەی ڕۆژنامەوانی

لەو کاتەوە کە حوکمی بەرەی کوردستانی دامەزرا و، دواییتر هەڵبژاردن کرا و، پارلەمان و حکومەت دامەزرا، من ڕەئیم وابو کە هیچ مەسەلەیەکی گرنگ لە خەڵک نەشاردرێتەوەو، ڕاستیەکانیان بۆ باس بکرێ. بە بیروبۆچونی من ئەگەر لە سەرەتاوە گیروگرفتەکان و، گلەییەکانی حیزبەکان لە یەکتری ئاشکرا بکرانایە، لەوانە بو هەندێ لەو ڕوداوانەی قەومان ڕویان نەدایە و، هەندێ لەو حیزبانەش پڕکێشییان نەکردایە هەندێ شت هەبو بیکەن. بەڵام چەکدار بونی هەمو لایەنەکان ترسی پێکادانی چەکدار لە ئەنجامی باسکردنی یەکتری دا وای کرد بو، بێدەنگی هەڵبژێرن. ئەم بێدەنگییە سەرانی پارتی هان دا بە ئارەزوی خۆیان چییان بوێ بیکەن و چییان بوێ بیڵێن. ئەو ئازادییەی یەکێتی لە خۆی سەند بوەوە، پارتی بەوپەڕی بێ پەروواییەوە بە کاری ئەهێنا.

ڕۆژی ٩٤/١١/١٣ کۆبونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیم لە سلێمانی کرد. دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان ئەوە دوەمین جار بو کۆڕی ڕۆژنامەوانی ببەستم و، بیروڕای خۆم بە ئاشکرا لە تەلەفزیۆنەوە بڵاو بکەمەوە. ئەوانەی لە کۆنفرەنسەکەدا بەشدار بون هەمویان سەر بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی بون. ئەوی داواشی لێ کرد بوم ئەم کۆڕە ببەستم بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن و، هەندێ لە کادرەکانی ڕاگەیاندنی هەولێر بون.

لە کوردستانی ئازادا کە هەمو کۆڕ و کۆمەڵێ، تەنانەت کۆنە بەعسیەکانیش، بە ئازادی مافی دەربڕینی بیروڕای خۆیان هەیە، لە کاتێک دا دەیان ڕۆژنامە و هەفتەنامە و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بێ سانسۆر و بێ لێپرسینەوەی قانون بە ئارەزوی خۆیان چییان بوێ ئەیڵێن و ئەینوسن، زۆر جار ئەیگەیەننە ڕادەی "موهاتەرە" و "تەشهیر" و "قەذف" بێ ئەوەی دەزگایەک هەبێ پەنای ببرێتە بەر بۆ شکات و لێپرسینەوە. ئەی بۆچی منیش مافی ڕونکردنەوەی بیروڕاکانی خۆمم نەبێ لە سەر ڕوداوەکان، لە کاتێک دا زۆر کەس منیش بە یەکێ لە لێپرسراوە سەرەکییەکانی ڕوداوەکانی کوردستان دائەنێن؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەو کۆبونەوەیەدا هەوڵم دا هەندێ لە راستییەکان روون بکەمەوە. هۆی هەندێ لە دیاردە نالەبارەکان باس بکەم. بیروڕای خۆم لە بارەی چارەسەرکردنی هەندێ کێشە و گیروگرفتەکانی کوردستانی عیراق بە راشکاوی بڵێم.

ئەبوایە گفتوگۆکانی ناو ئەم کۆبونەوەیە لە هەردو کەناڵی تەلەفزیۆنی سلێمانی و هەولێرەوە لە یەک کات دا بڵاو بکرێتەوە. هەروەها "کوردستانی نوێ" و "الاتحاد" کورتەکەی بڵاو بکەنەوە. کەناڵی سلێمانی و رادیۆی ناوەندی بڵاویان کردەوە. بەڵام کەناڵی هەولێر بڵاوی نەکردەوە. هەروەها کوردستانی نوێ و الاتحادیش باسیان نەکرد. تومەز ململانێی ناوخۆی ئەندامانی م س یەکێتی لە گەڵ یەکتری تەگەرەیان لە پەخشکردنی دا بو. م س رایگەیاند کە ئەوە رەئی یەکێتی نیەو رەئی شەخسیی خۆمە. منیش لە کۆبونەوەکەدا هەروام گوت بو. پارتی بەو قسانە ئاگریان گرت. لە هەمو دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیانەوە: تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامەو حەفتەنامە کەوتنە هێرش بو سەر شەخسی خۆم.

تەلەفزیۆنی پارتی لە هەولێر ئەوەندەی هێرش کرد بوە سەرم، بێ ئەوەی خەڵکی هەولێر گوێیان لە قسەکانی من بوبێ، کەناڵی هەولێر لە ژێر گوشاری دۆستانی یەکێتی دا ناچار بون گفتوگۆکانی کۆبونەوەکە بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن بەراورد لە نێوان قسەکانی من و جنێوەکانی ئەوان دا بکەن.

لە پێش ئەم کۆبونەوەیەی من دا، نوێنەری پارتی لە لەندەن کۆڕێکی بەست بو لە "گەلەری کوفە" بە ئامادەبونی دەیان کەس، کۆڕەکەی تەرخان کرد بو بۆ هێرش بۆ سەر یەکێتی. پارتی قسە کردنیان لە دژی یەکێتی بۆ خۆیان بە حەلال دانەنا، بەڵام بۆ یەکێتی حەرام بو رەخنەیان لێ بگرێ.

مەبەستم لەم کۆبونەوەیە، جگە لە رونکردنەوەی بیروڕای خۆم، ئەوە بو ئەو راوەستانەی توشی رەوتی ئاسایکردنەوە و ئیمزاکردنی رێککەوتنەکان بو بو، بشلەقێنم. لە هەمو قسەکانم دا هێرشم نەکرد بوە سەر هیچ کەس.. بە سوکیی باسی هیچ کەسم نەکرد بو. موهاتەرەم نەکرد بو. تەنانەت ئەگەر لە کوردستان دادگایەکیش هەبوایە بۆ لێپرسینەوە لە شکاتی پارتی، دژی من بە گوێرەی قانونی رۆژنامەوانی، گومانم نەبو ئەوان تاوانبار دەرئەچون نەک من.

لەم کۆڕەدا چەند بابەتێکم باس کرد بو:

زۆری داهاتی حکومەتی هەرێم بە جۆرێکی ناڕەوا بۆ ئەم دولایەنە خەرج ئەکرێ.

تا کاک مەسعود و مامجەلال لە دەرەوەی حکومەت و پارلەمان بن، ئەو دو دەزگایە نابنە شوێنی بڕیاردان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەگەر کاک مەسعود بە سوکایەتی ئەزانێ کار لەم دو دامەزراوەدا بکا، ئەی بۆچی پارەیان لێ وەرئەگرێ و، ئاخۆ مەرکەزی قانونیی ئەو چیە، وا دەس وەرئەداتە هەمو ئیشوکارێکیانەوە؟

پارتی پابەندی رێککەوتن و پەیمان و مۆر و ئیمزای خۆی نیەو هەرچی قازانجی حیزبیی خۆی تیا نەبێ جێبەجێی ناکا.

پارتی نایەوێ حکومەتی قانون لە کوردستان دابمەزرێ، ئەیەوێ حوکمی میلیشیا هەبێ.

پارتی و یەکێتی، هیچ لایەکیان ناتوانن ئەوی تریان لە ناو بەرێ، بۆیە ئەبێ پێکەوە کار و هاوکاری بکەن.

پێویستە میلیشیای حیزبەکان هەڵبوەشێنرێتەوە، دیموکراسی چەکدار سەر ناگرێ، تا میلیشیا هەبێ ئەگەری شەڕبونەوە هەیە.

لە کۆڕەکەدا رەخنەم بە تەنیا لە پارتی نەگرت بو. لە شوێنی پێویست دا رەخنەم لە یەکێتییش گرت بو. سەرانی پارتی خەریک بون ئەم کۆڕەی من بکەن بە بیانوی هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێککەوتنەی یەکێتی بە تەمابو لە گەڵ پارتی ئیمزای بکا. بۆ بەهانە ئەگەڕان تەگەرەی لێ بدەن و تێکی بدەن.

*

١٢ – ١٤ ی ١١ ی ٩٤:

کۆبونەوەکانی هەردو م س بەردەوام بو.

زۆری ئەم کۆبونەوانە مامجەلال و مەسعود ئامادە ئەبون. باسی گیروگرفتی رۆژانە ئەکراو، هەندێ لە بەندەکانی پرۆژەکەش لێی ئەکۆڵرایەوە.

*

١٧ ی ١١ ی ٩٤:

د. فوئاد مەعصوم و سامی عەبدورەحمان دانیشتن بۆ دواییین دارشتنی رێککەوتنەکە.

*

٢١ ی ١١ ی ٩٤:

لە مەصیفی سەلاحەدین جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە دانیشتنێکی هاوبەشی هەردو م س دا رێککەوتنەکەیان ئیمزا کرد.

چەند سەرنجێ لەم رێککەوتننامەیە:

١. لەم رێککەوتنەدا، کە ناونراوە رێککەوتنی ستراتیجی تا ساڵی ٢٠٠٠، هەردو حیزب بونەتە "بەدیل" ی هەر ٣ دەسەڵاتی تەنفیزی و تەشریعی و قەزائی حکومەتی هەرێم و، هیچ دەورێکیان بۆ هیچ کام لەم دەسەڵاتانە نەهێشتۆتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۲. ڕێککەوتنەکە بە شێوەی "انشاء" نوسراوە، ئەچێتە خانەی ئامۆژگاریەوە بە تایبەتی کە وشەگەلی دینیی حەرام و تەحریم و تەجریم چەند جاری بە کار ئەهێنێ و هیچ میکانیزمێکی جێبەجێکردنی لە سەر ئەرز بە وردی دیاری نەکردوە.

۳. زەمانبەندی دەسپێکردن و تەواوکردنی قۆناغەکانی بە دیاری نەکراوی هێشتۆتەوە.

٤. هیچ دەزگایەک یا لایەنێکی – حکومەتی، حیزبی "تێکەڵاو لە هەردو حیزبی شەڕکەر یا بێلایەن"، بێگانە یا خۆمالّی، دیاری نەکردوە بۆ چاودێری جێبەجێ کردن و نەکردن و شکاندنی بەندەکانی.

٥. هیچ دەزگایەک یا لایەنێکی بێگانە یا خۆمالّی دیاری نەکردوە بۆ "تەحکیم" و "قەزاوەت" ی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان لە کاتی دروستبونی کێشەدا.

*

۲۴ ی ۱۱ ی ۹۴:

کۆبونەوەی پارلەمان کرا بە ئامادەبونی مام جەلال، مەسعود، سەرانی بەرەی کوردستانی، سەرانی موئتەمەر و چەندین کەسایەتی تر. دەقی پەیمانەکەی تیا خوێندرایەوە. لە لایەن هەموانەوە پیرۆزبایی لێ کرا.

*

۵ ی ۱۲ ی ۹۴:

بە پێی ئاگاداریەکانی کە لە حکومەتی هەرێمم وەرگرتوە لە ماوەی رابوردودا داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بەمجۆرە بوە:

لە ۹٤/۱۰/۱ تا ۹٤/۱۲/۱

بە دیناری عیراقی	۲٥۳.۰۰۰.۰۰۰
بە دولاری ئەمەریکی	۳.۸٥۰.۰۰۰

*

پارتی بە گوێرەی هەمو ڕێککەوتنامەکانی کە ئیمزای کردبون، وە بە گوێرەی بڕیارەکانی کۆمیتەی ئاساییکردنەوەو، بە گوێرەی بڕیارەکانی پارلەمان، ئەبو داهاتی گومرگ بگێڕێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام هەر دەستی دەستییان پێ ئەکرد و بیانویان دائەتاشی. تەنانەت بۆ گاڵتەکردن بە حکومەتی هەرێم لە سەرەتای تشرینی دوەم دا ٥ ملیۆن دیناری وردەی (مەعدەنی) یان بۆ بانکی هەرێم نارد. کەس سەودای بەو پارەیە نەئەکرد. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە جارێک مامجەلال بە دوقۆڵی لە گەڵ کاک مەسعود دانیشت و، کۆسرەتیش سەفەرێکی بۆ دهۆک کرد. ئەو دەمە کاک مەسعود لە دهۆک بو گوایە چوبو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گومرگ. بەڵام بێ ئەنجام بو.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٣ ی ١٢ ی ٩٤:

چەکدارەکانی پارتی ڕێگەی زەڵم – هەڵەبجەیان گرت. کەوتنە ئازاردانی دۆستەکانی یەکێتی لایەنەکانی ب ک هەوڵیان لە گەڵ دان ڕێگەکە چۆڵ بکەن سودی نەبو.

*

١٦ ی ١٢ ی ٩٤:

نزیکەی ٢٥٠ کەس لە ڕیشسپی و پیاوماقولانی عەشیرەتی هەرکی لە ناوچەی ئاکرێ بە سەرۆکایەتی حاجی عیزەدینی هەرکی هاتن بو سەردانی مامجەلال لە قەلاچوالان. حاجی عیزەدین لە دوای ڕاپەڕینەوە کوردستانی بە جێ هێشت بو لە موسل دائەنیشت. بە نامەی کاک مەسعود گەڕابوەوە ئاکرێ. لە سۆنگەی ئەم سەردانەوە پارتی مالّی هەندێکیانی تالان کرد و خێزانەکانی سواری لۆری کردن و لە کوردستان دەری کردن. بە ناوی ڕێگا گرتنەوە لە مان، پارتی هێزەکانی خۆی لە ئاکرێ وە تا مەصیف بە درێژایی ڕێگاکە دامەزراند. ئەم کارەی پارتی دولایەنی هەبو:

یەکێکیان، ئەگەر وەهای نەکردایە، ئەم هەڵوێستەی هەرکییەکان ئەبو بە سەرەتای کز بونی دەسەلاتی پارتی بە سەر عەشیرەتەکانی بادینان دا. دوای هەرکی لەوانە بو چەندین عەشیرەتی تریش چاو لەوان بکات.

دوەمیان، ئەمە پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتنەکەی یەکێتی و پارتی بو. ئیهانە بو بۆ یەکێتی و مامجەلال، چونکە ئەوانە میوانی ئەو بون.

*

١٧ ی ١٢ ی ٩٤:

پارتی دەوری مەڵبەندی ٩ ی شارەزوریان گرت لە هەڵەبجە ویستویانە بەرپرسە بالاکانی، بە تایبەتی قادری حاجی عەلی، بگرن. بە یارمەتی لایەنەکانی تر دەرباز بون.

*

١٨ ی ١٢ ی ٩٤:

پارتی خەریکە دەس بە سەر شەقڵاوەدا بگرێ. گوێا هەوال چوە بۆ مەسعود کە یەکێتی هێزی کۆکردۆتەوە شەقڵاوە بگرێ. ویستویەتی پیلانەکە پوچەڵ بکاتەوە، ئەوەندەی من ئاگادار بم، هیچ پیلانێکی لەو بابەتە لە گۆڕێ نیە. قایمقامی شەقڵاوە یەکێتی داناوە.

*

١٨ ی ١٢ ی ٩٤:

ئێوارە جەوهەر نامیق، فازیل میرانی، عارف تەیفور، لە گەڵ ئەحمەد چەلەبی گەیشتنە قەلاچوالان لە گەڵ مام جەلال ڕێک کەوتون:

ڕۆژی ٢٤ ی ١٢ کۆبونەوەی پارلەمان بکرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رۆژی ٢٦ ی ١٢ بە ئامادە بونی کاک مەسعود و مام جەلال کۆبونەوەی پارلەمان بکرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی سێیەمی کۆسرەت و رۆژ.

*

٢٠ ی ١٢ ی ٩٤:

ئەمڕۆ جەوهەر نامیق و فازیل میرانی لە قەڵاچوالانەوە گەڕانەوە سەلاحەدین بۆ لای کاک مەسعود.

*

٢١ ی ١٢ ی ٩٤:

سەرۆکایەتی پارلەمان دەعوەتنامەیان ناردوە بۆ کاک مەسعود و مام جەلال بۆ کۆبونەوەی بەخشینی متمانە بە کابینەی سێیەم.

*

٢٢ ی ١٢ ی ٩٤:

ئێوارە لە ماڵی نەژاد ئەحمەد جێگری سەرۆکی پارلەمان، سەرۆکەکانی حکومەت و پارلەمان و هەردو م س و چەلەبی کۆبونەوە لیژنەیەکی باڵایان پێک هێناوە لە پارتی - جەوهەر نامیق، لە یەکێتی – د کەمال فوئاد، لە موئتەمەر - د ئەحمەد چەلەبی، بۆ "موتابەعە" ی جێبەجێکردنی بڕیارەکان.

*

هەمان ئێوارە وەفدی پارتی: جەوهەر نامیق و فازیل میرانی، لە گەڵ د ئەحمەد چەلەبی بە ڕێ کەوتن لە ڕێگەی کەسنەزانەوە بۆ قەڵاچوالان بۆ هێنانی مام جەلال بۆ پارلەمان لە ڕێگە لە کەسنەزان تەقەیان لێ کراوە . شەو لە گەڵ مام جەلال دانیشتن پێکهاتن تا پێکەوە بەیانی بچن بۆ هەولێر بۆ کۆبونەوەی پارلەمان.

*

٢٢-٢٣ ی ١٢ ی ٩٤:

نیوەشەو کاک مەسعود ئەم بروسکەیەی ناردوە بۆ مام جەلال:

"پێشەکی من داخ و ئەسەفی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەو وەزعە بە تایبەت لە شەقڵاوە. بەڵام پێم وایە جەنابت زۆر دڵفراوانتر بیت و تەحەمولی مەسئولیاتی مێژویی خۆت بکەیت لەم کاتە حەساسەدا. من موبەریرات بۆ ئەوەی شەقڵاوە نادۆزمەوە بەڵام پێم باشە حەقیقەت عەرزتان بکەم ئیمڕۆ عەمید غازی لە سەر داوای کۆمیتەی شەقڵاوە چوە بۆ لایان بۆ چارەسەری وەزعەکە لە ڕێگا لێیان دا خۆی و دو لە حیمایەکانی بریندار بون یەکێکیش شەهید کرا، لەم حاڵەتەدا وەزعەکە لە کۆنترۆل دا نەما بەڵام جەنابت حەکەم بە بێ هیچ هۆیەک لە گەڵ ئەوەش من هەر ئامادە بوم و ئامادەم بۆ بەشدار بون لە هەر کۆبونەوەیەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە جەنابت ئامادە بیت بگرە ئەمڕۆ لە سەیتەرەی شاوەیس ٣ پێشمەرگەی ئێمەیان شەهید کردوە، هەرچی پارتییان دەست کەوتبێ ئیهانەیان کردوە و روتیان کردۆتەوە و بارەگاکەمان لە شاوەیس دیسان گیراوە و تاڵان کراوە. دوێنێ شەویش ناوچەی کۆیە داگیر کراوە و قایمقامی کۆیە دەستبەسەر کراوە. پاش بروسکەی موشتەرەکمان هێرش هەر بەردەوام بوە لە سەر برادەرانمان لە سەروچاوە و تەقتەقیش تا ئەم ئێوارەیە. شتی سەلبی زۆرەو هەردولا هەیانە. بەڵام دەبێت نائومێد بین و جڵەوەکە بۆ شەڕخوازان شل بکەین ماڵمان وێران بکەن؟ نەهاتنی جەنابت وەزعەکە خراپتر دەکات نەک چاکی دەکات. من برایانە و کوردانە و دۆستانە موناشەدەت دەکەم کە کوردستان گەورەتر بێت لامان لە شارێک و چەند شاروچکە و چەند ناوچە و چەند کۆمیتەیەک. چاوەڕوانتانین تا ئەم جارە کۆتایی بە هەمو شت بهێنین.

*

هێزەکانی پارتی بە شەڕ بە تەواوی کۆنترۆڵی شەقڵاوەیان کردوە. وەکو نیشانەی سڕینەوەی یەکجاریی دەسەلاتی یەکێتی لە ناوچەکەدا ماڵەکەی مام جەلالیان روخاندوە. مام جەلال لە دوای راپەڕینەوە خانویەکی لەوێ ئاوەدان کرد بوەوە ناوبەناو بۆ پشودان ئەچو لێی ئەمایەوە. شەقڵاوە بۆ پارتی شوێنێکی ستراتیجیە: یەکەم، بۆ دابینکردنی سەلامەتی پشتی سەری رەش و سەلاحەدین، کە بارەگا سەرەکیەکانی بارزانی و پارتی لێیە. دوەم، بۆ کۆنترۆڵ کردنی رێگای هاتوچۆی نێوان سەلاحەدین – دهۆک.

*

٢٣ ی ١٢ ی ٩٤:

مام جەلال ئەمڕۆ ئەم وەلامەی بۆ کاک مەسعود نوسیوەتەوە:

"من هەرچی توانیم کردم بۆ ئەوەی پەکی شەڕخوازان بخەین بەڵام زۆر بە داخەوە جەنابت فەوجە تایبەتیەکانی خۆتت نارد و شەقڵاوەت پێ گرت کە زۆر زۆر تکام لێ کردیت ئەوە نەکرێت چونکە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی شەڕەکە ئێستاش ئێوە دیسان بەڵێنشکێنیتان کرد و دەستی منتان گرتوە و زمانی منتان لال کردوە بۆیە هەمو شت ئێستاش بە دەست خۆتە.ئەتوانی بڕیاری شەڕوەستاندنی راستەقینە بدەیت و هێزەکانتان لە شەقڵاوە بکشێنەوە و بدریتە INC کە ئارام و ئاسایی دەکاتەوە و ئەشتوانن شەڕەکە پەرە و درێژە پێ بدەن. تکای برایانەم ئەمەیە ئیحتیرامی نیدای موشتەرەکمان بگرین و چیتر بە خوتوخۆڕایی خوێنی ڕۆڵەکانی کورد نەڕژێ."

*

کاروانەکەی مام جەلال و جەوهەر نامیق لە قەڵاچوالانەوە بە ڕێ کەوت لە رێگە لە نزیک کۆیە ئاگادار کران کاک مەسعود ئامادەی کۆبونەوەکەی پارلەمان نابێ. مام جەلال لە کۆیە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مایەوە ئەویش نەچو. بیانوی کاک مەسعود ئەوە بو کە ڕێگای هاتوچۆی بۆ هەولێر لێ گیراوە. بارەگای کاک مەسعود لە سەری ڕەش و سەلاحەدینە لە دو ڕێگاوە ئەتوانێ هاتوچۆی ناوشاری هەولێر و پارلەمان بکا:

یەکێکیان، ڕێگای سەلاحەدین – هەولێرە بە بەردەم بارەگا و ماڵی مام جەلال دا ئەبێ تێ بپەڕێ.

ئەوی تریان، سەری ڕەش – کەسنەزان – هەولێرە ئەمیش کەوتۆتە ژێر دەستی هێزەکانی یەکێتیەوە.

کاک مەسعود ئامادە نیە بە ناو هێزەکانی یەکێتی دا تێ بپەڕێ.

بیانوی یەکێتی بۆ گرتنی کەسنەزان تۆڵەی گرتنی شەقڵاوەیە. بیانوەکەی یەکێتی هەرچی بێ کارێکی باش نەبو.

لە ناو یەکێتی و لە ناو پارتی دا توێژ وتاقم دروست بوە حەز بە ئاشتبونەوە و ئاشتی ناکەن.

*

٢٤ ی ١٢ ی ٩٤:

هێزەکانی یەکێتی دەستیان گرتوە بە سەر کەسنەزان دا.

چەند ڕۆژێکە گرژی سیاسی و، تەقوتۆقی چەکدار، لە چەندین شوێن دەستی پێ کردۆتەوە.

هێزەکانی پارتی لە هەڵەبجەوە پەلاماری شارەزوریان دابو تا نزیک سلێمانی هات بون. هەروەها لە ناو سلێمانی گەڕەکەکانی هەوارەبەرزە، توی مەلیک و ئازادی تا جادەی ٦٠ مەتریان گرتوە.

عارف تەیفور بە نوێنەرایەتی پارتی و ئاوات عەبدولغەفور بە نوێنەرایەتی یەکێتی و نوێنەرانی بەرە لە سلێمانیەوە چون بۆ شارەزور بۆ ئەوەی هێزەکەی پارتی بگێڕنەوە هەڵەبجە. عارف لە باتی ئەوەی هێزەکەیان بگێڕیتەوە دواوە لایان مایەوە سەرکردایەتییان بکا. بە تەمابو هێزەکەی ئەوان لە گەڵ هێزەکەی ناوشاریان یەک بگرنەوە. یەکێتی هێزی نارد سەریان بە شەڕ لە شارەزور دەری کردن. پلانەکەیان سەری نەگرت.

*

٢٥ ی ١٢ ی ٩٤:

ژ ٨٧١ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" وتارەکەی من: "لە پەراوێزی دوا ڕێککەوتننامەی ستراتیجی ی ن ک و پ د ک دا" بە پێشەکیەکەیەوە بڵاو کردۆتەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٨ ی ١٢ ی ٩٤:

بڵاوبونەوەی چەکدارەکانی پارتی بە ناو گەڕەکەکانی سلێمانی دا نائەمینییەکی زۆری بڵاو کردەوە. تەقەی دوربەدوریان لە خەڵک ئەکرد. سەیتەرەیان لە کۆڵانەکان دا دائەنا. ئوتومبیل و چەک و پارەیان لە خەڵک ئەسەند. سەربانی مالانیان داگیر ئەکرد و لە سەر سفرەی خەڵک نانیان ئەخوارد. شەوکەتی حاجی موشیر بە نوێنەرایەتی یەکێتی و بە هاوکاری لە گەڵ لایەنەکانی تر چەندی هەوڵیان لە گەڵ دان بچنەوە ناو بارەگاکانی خۆیان سودی نەبو. سەرەنجام گەیشتە رادەیەک کە ئیتر قابیلی قوبوڵکردن نەبو. ئاگادار کرانەوە:

- بەرپرس و کادر و حیمایەکانیان بگەڕێنەوە ناو بارەگاکانی خۆیان و هێزە زیادەکەیان لە شار ببەنە دەرەوە.

- یان بۆ هەر جێگایەکی خۆیان هەڵی ئەبژیرن، هەڵبجە یا صەلاحەدین، بە سەلامەتی ئەیانگوێزینەوە.

ئەگەر هیچکام لەو دو چارەسەرەیان قوبوڵ نیە، ئەوا:

- ئەچینە سەریان، بە زۆر چارەیان ئەکەین.

لەم گفتوگۆ و کەینوبەینەدا نوێنەرانی بزوتنەوەو هەمو لایەنەکانی ب ک بەشدار بون. هێزەکەی پارتی و بەرپرسەکانی زۆریان خەڵکی دەرەوەی شاری سلێمانی بون. نائومێد بون لەوەی لە گەڵ هێزەکەی هەڵبجە یەک بگرنەوە. هەروەها نائومێد بون لەوەی لە ناوشاری سلێمانی دا هیچیان پێ بکرێ. دابڕاو و بێدەرەتان بون. بڕیاریان دا سلێمانی بە جێ بهێڵن و بە ئوتومبیل رەوانەی هەڵبجە بکرێن. وەکو داوایان کردبو، رۆژی ٢٨ ی ١٢ ئوتومبیلیان بۆ ئامادە کرا. بە دو کاروان، کاروانی یەکەم حامیدی حاجی غالی و کاروانی دوەم کەمال شاکیر بە نوێنەرایەتی یەکێتی، بەڕێزەوە بە سەلامەتی تا پردی زەڵم بە رێیان کردن. پاریزگاریی بارەگاکانیان لە سلێمانی، لە سەر داوای خۆیان، بە شیوعی و سوشیالیست سپێردرا.

بەو بۆنەیەوە بە راوێژ لە گەڵ هاوڕێکانم لە سلێمانی و کەرکوک رۆژی ٢٧ ی ١٢ ی ٩٤ تەعلیماتێکم بۆ هەمو پێشمەرگەو ئەندامانی یەکێتی لە سنوری مەڵبەندەکانی ١ و ٢ و ٨ و ٩ دەربارەی جۆری رەفتار لە گەڵ کادر و ئەندامەکانی پارتی، بەمجۆرەی لای خوارو، دەرکرد:

"هەڤالانی بەڕێز!

بە پێویستی ئەزانم لەم تەعلیماتەی خوارەوە ئاگادارتان بکەم و پێویستە بە وردی جێبەجێی بکەن و هەرکەسێک سەرپێچی بکا بە توندی سزا ئەدرێ:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. ئەو برادەرانەی پارتی لە شار و ئوردوگاکان دا ماونەتەوەو شوێنەکانی خۆیان بە جێ نەهێشتوە پێویستە سەر و سامان و کەرامەتیان پارێزراو بێ. هیچ کەسێک و بە هیچ بیانوێەک بۆی نیە دەسدرێژی بکاتە سەریان.

٢. مال داگیر کردن و مال تاڵان کردن و خەڵک دەرکردن لە خانوی خۆی قەدەغەیە.

٣. سەیارە لێ وەرگرتن قەدەغەیە.

٤. چەک لێ سەندن بە بێ موافەقەتی مەڵبەند قەدەغەیە.

٥. هەمو موچەخۆرانی پارتی ئەتوانن لە دائیرەکانی خۆیانا کار بکەن. نابێ هیچ کەسێک دەست بهێنێتە ڕێگایان.

٦. تۆڵە سەندنەوە قەدەغەیە.

٧. پێویستە ڕێز لە دیل بگیرێت. ژیان و کەرامەتی پارێزراو بێت.

هەر کەسێک سەرپێچی بکات سزا ئەدرێ.

ئەم تەعلیماتە چەند جارێک و چەند ڕۆژێک لە سەر یەک، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی یەکێتیەوە، بڵاو کرایەوە. هەر ٤ مەڵبەند و پێشمەرگەکان بە وردی پێڕەوییان کرد هیچ سەرپێچی یا شکاتێکی گرنگم نەبیستەوە.

لە م س - پ د ک

ژمارە ٤٧٤٥

٢٨ - ١٩٩٤/١٢/٢٩

بۆ / م س - ی ن ک

لێژنەی موتابەعە، بەڕێزان: د. ئەحمەد چەلەبی، جەوهەر نامیق، د. کەمال فوئاد، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی، INC ، حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی عیراق

زۆر بە داخەوە ئەمە پتر لە ١٠ ڕۆژە شەڕ و پێکدادان بەردەوامە لە کوردستان. سەرەڕای هەمو بروسکە و نوسراو و بەڵێن بە ناوبژیکەران وەک د. ئەحمەد چەلەبی و پەرلەمانتارە پەناگیرەکان و کۆڕ و کۆمەڵ و شەخسیەتی ناسراو بە ڕاگرتنی شەڕ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان بەڵام هێرشی ڕێکخراو و ڕێکوپێکی هێزەکانی یەکێتی لە چەندین قۆڵەوە بۆمان دەرکەوتوە کە هێزەکانتان وەک بڕیاری پێشو بەردەوامن لە سەر هێزەکانی پارتی بە مەبەستی ئاشکرای ئابلۆقەدانی صەلاحەدین هەر بۆیەشە ئێتر و چیتر گوێ نادەینە هیچ بروسکەیەک لەم بارەیەوەو بە ئاشکرا دەیڵێین کە نە پێیان فریو دراوین وە نەفریو دەدرێین.

بۆیە بۆ دواجار ڕایدەگەیەنین ئەگەر هێرشەکانتان لە ماوەی ٢٤ سەعات دا ڕانەگرن ئەوا ئێمە خۆمان بە ئازاد دەزانین و پابەندی هیچ ڕێککەوتننامەیەک نامێنین. هەمو ڕێککەوتنە دوقۆڵییەکانمان سەبارەت بە پەیوەندی دوقۆڵی و سەبارەت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەزیران بە هەڵوەشاوە دادەنێین و بە نەبوی دەزانین و خۆمان بە ئازاد دەبینین لە وەرگرتنی هەر هەنگاوێکی پێویست. ئێمە چیتر ئامادە نین لەم شەڕە فراوانە ناراگەیانراوەتان بە بێ هەڵوێست قبوڵ بکەین. تەنیا خۆتان تەحەمولی هەمو مەسئولیەتێکی میژویی دەکەن سەبارەت بە هەر کارەساتێک بە سەر میللەتی کوردا بێت.

*

لە مامجەلالەوە
بۆ جەنابی کاک مەسعود بارزانی بەڕێز
د. ئەحمەد چەلەبی بەڕێز
هەمو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان
ژمارە: ١٤٨٠
رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٩
سلاوێکی گەرم
بروسکەی م س - پ د ک ژمارە ٤٧٤٥ لە ١٩٩٤/١٢/٢٩.
١. ی ن ک دەسبەجێ و هەر ئێستا ئامادەی شەڕ راگرتنە.
٢. داوا دەکەین بە سەرۆکایەتی INC لە هەمو لایەنەکان لێژنەی ئیشراف بۆ هەمو قۆڵەکان دەرچێت هەر کەسی لە سەعاتی دیاریکراوەوە شەڕی رانەگرت ئەوا هەمو لایەک وەک تاوانبار و شەڕفرۆش ئیدانەی بکەن.
٣. ئێمە پێمان باشە شەڕراگرتن هەر بە قسەو بانگەواز نەبێت، بەڵکو بۆ هەمو قۆڵەکان دەسبەجێ لێژنەی ئیشرافی شەڕوەستاندن بچێت و شەڕ راگیرێت چونکە ئەو شەڕە گڵاوە کوردکوژەیە تاوانێکی نیشتمانی گەورەیە. تکای تایبەتیشم لە برای خۆشەویستمان کاک مەسعودی بەڕێز ئەمەیە کە بە هێمنی و شێنەیی گیروگرفتەکان چارە بکەین لەم کاتەدا ئەبێ پشودرێژی شورشگێڕانەمان هەبێت و هەردوکمان پێکەوە بچینە کایەکەوە بۆ شەڕراگرتن با دەسبەجێ ئەو شەڕە راوەستێ پاشان باسی گیروگرفتەکانی تر بکەین.

*

بەڕێز م س - پ د ک
بو ئاگاداری بەڕێزان: م س لایەنە کوردستانییەکان، لێژنەی موتابەعە، سەرۆکایەتی INC ، حیزب و رێکخراوە عیراقیەکان
سڵاوێکی گەرم
بروسکەتان ژمارە ٤٧٤٥ لە شەوی ٢٨ - ١٩٩٤/١٢/٢٩

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێوە ئەتانەوێ ئۆباڵی شەڕ هەڵگیرساندن بخەنە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بە داخەوە زۆر لە راستیەوە دورە:

١. ئایا ئێمە بوین کە هێزمان بردە سەر شەقڵاوەو بارەگاکانی ئێوەمان داگیر کرد یان پارتی بو کە نزیکەی سێ هەزار چەکداری لە مەصیف و هەریرەوە رژاندە ناو شەقڵاوە بارەگاکانی یەکێتییان بە ماڵی بەڕێز مام جەلالەوە داگیر و تالان کرد؟ لە کاتێکا هێزی چەکداری یەکێتی لەو شارە نەئەگەیشتە سەد کەس، کە بە پێی ڕێکەوتنی هەردولا ئەبوایە هی ئێوەش لەو ژمارەیە زیاتر نەبوایە. ئەگەر هیچ گومانێک لەم راستییەدا هەیە خۆتان سەرپشک بن، لە کەسانی بێلایەن و بەڕەی کوردستانی و INC و هەر لایەنێکی ئاگادار کۆمیتەیەک پێک بهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە تا بگەنە راستی و بە ئێوەو بە خەڵکانی تریشی رابگەیەنن.

٢. هەمو دیاردەکانی پێش شەڕ وا دەرئەخەن کە دەمێکە پارتی نەخشەو پلان دائەنێ بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە زۆرەملی و ناڕەوا بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی هەمو ناوچەکانی کوردستان داو نایەوێ ئەو واقیعەی هەیە بسەلمێنێ، هەر لە دەست بە سەراگرتنی داهاتی ئیراهیم خەلیلەوە تا بە کرێ گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار و پشت گوێ خستنی هەمو ئەو بەندانەی کە لە ڕێککەوتننامەکانی نێوانمان دا هەن و سودی گشتیی تێدایە نەک بەتەنیا هی پارتی، سەرەڕای کۆمەڵێک کاری ناڕەوا و تێرۆریستانە لە سەرتاسەری کوردستان بە نیازی پشێوی و ئاڵۆزی نانەوە بۆ لە بیربردنەوەی دەست بە سەراگرتنی قوتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی.

٣. ئێمە هەرگیز شەڕمان نەویستوە، هەمیشە بە تەنگ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و تەباییەوە بوین چونکە زۆر بە پێویستی ئەزانین بو سەرخستنی ئەزمونی دیموکراسی و چەسپاندنی حوکمی یاساو باشکردنی گوزەرانی خەڵک و ژیانی رۆژانەیان، چونکە بێ ئەوە ناتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین و بەرژەوەندی میللەت و دەسکەوتەکانی بپارێزین و مەسەلە ڕەواکەی سەر بخەین و پێشی بخەین.

٤. ئێمە لە گەڵ بڕیاری ڕاگرتنی شەڕداین، بە هیچ جۆرێک لە هیچ شەڕ و پێکدادان و تەقەیەک دا دەستپێشخەر نەبوین و نابین، ئێستاش بە پەرۆشەوە لە گەڵ ئەوەداین کە کۆمیتەی موتابەعە دەست بە کار بێ بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، لە سەرو هەمویانەوە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ (هەر ئەمڕۆ) لە سەرتاسەری کوردستان، وە بە گورجی دەستکردن بە ناردنی کۆمیتەکانی ئاساییکردنەوە بۆ هەمو میحوەرەکان، هیوادارین هەمو پێکەوە بتوانین ئەو هەلەیان بو بڕەخسێنین و کاریان ئاسان بکەین.

لە کۆتایی دا جارێکی تر ئەڵێینەوە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە ئێمە نە شەڕخوازین و نە شەڕفرۆش، بە دڵ و گیان لە گەڵ شەڕاگرتن و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان داین، ئومێدەوارین ئێوەش کارێکی وا بکەن کە ئەم داخوازییە ڕەوایەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێتە دی، کۆمیتەی باڵای موتابەعە بە زوترین کات بکەوێتەوە گەڕ، چونکە بێگومان "چەپڵە بە دەستێک لێ نادرێ".

هەولێر ١٩٩٤/١٢/٢٩ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

*

١ ی ١ ی ٩٥:
هێرشەکانی سوپای ڕزگاری

دوای کۆتایی شەڕی یەکێتی – پارتی و بزوتنەوە و، ئاساییکردنەوەی سلێمانی، "بزوتنەوە ئیسلامی" ناوچەی هەڵەبجەی کرد بە بنکەی خۆی. ڕێبەری گشتی بزوتنەوە و هەندێ لە سەرکردەکانی تری لەوێ نیشتەجێ بون. کە ئێوانی پارتی و یەکێتی گرژی تێکەوت، یەکێتی بۆ ئەوەی توشی شەڕ نەبێ لە گەڵ بزوتنەوە، هەڵەبجەی بە بێ شەڕ بۆ بزوتنەوە بە جێ هێشت و هێزەکانی خۆی لەوێ کێشایەوە. پارتی کەڵکیان لەم بۆشاییە وەرگرت و کردیان بە بنکەی خۆسازدان و پەلامار.

دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ، پاشماوەی هەمو فەوجەکانی کوماندۆی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و، هەمو بەرپرس و کادر و چەکدارەکانی لقەکانی ٣ ی کەرکوک و ٤ ی سلێمانی و ١٢ ی شارەزوریان لە هەڵەبجە کۆ کردەوە. عارف تەیفور بەرپرسی لقەکان و فەرەیدون جوانڕۆیی فەرماندەی سوپای ڕزگاری بو.

ئەگەرچی زۆری ئەم چەکدارانە بە یارمەتی یەکێتی گوێزرابونەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام سپڵەییان کرد، لە ژێر گوشاری سەرکردایەتی پارتیدا چەند جارێ پەلاماری شارەزوریان دا و بە چەکی قورس بۆردومانی ناوچەکەیان کرد.

سەرانی پارتی زۆریان لێ ئەکردن کە لە قۆڵی هەڵەبجە و پێنجوینەوە مەیدانی شەڕ لە گەڵ یەکێتی بکەنەوە، بۆ ئەوەی یەکێتی نەتوانێ هێزی ناوچەی سلێمانی ڕەوانەی مەیدانەکانی هەولێر بکا. تەنانەت هەندێ جار بۆ هاندان و بزواندنیان دژی یەکێتی موچەیان ئەبڕین و سوکایەتیان پێ ئەکردن.

*

هێزەکانی پارتی ئەمڕۆ بۆ جاری دوەم لە هەڵەبجەوە هێرشیان هێنایەوە تا کانی سپیکە هاتن. لەم شەڕەدا چەند کەسێ کوژران لەوانە هاوڕێی دێرینم قادر کۆکۆیی و ئازادی کورِی. هەمان ڕۆژ هێرشی پێچەوانەیان بۆ کرایەوە. جاری یەکەم لە ٢٣ ی ١٢ ی ٩٤

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێرشیان کرد بۆ شارەزور تا کانی پانکە هات بون. رۆژی دوایی هێرشی پیچەوانەیان بو کرا. ئەمجارەش وەکو ئەوجارە شکان و گەڕانەوە بو هەڵەبجە.

*

۷ ی ۱ ی ۹۵:
خەونی چۆلەکە و خەونی حوشتر

کۆتایی ساڵی ۸٦ چوم بۆ بەرلین بۆ نەشتەرکاری بڕبڕەی پشتم. هەر لەو سەفەرەدا چوم بۆ پاریس بۆ بەشداری کۆنفرەنسی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسی. نوسەرێکی رۆژنامەی لوموند گفتوگۆیەکی دەربارەی ئەگەرەکانی جەنگی یەکەمی خەلیج و چارەنوسی عیراق، لە گەڵ کردم. نوسەرەکە هەمو گفتوگۆکەی بڵاو نەکردبوەوە، ئەوانەی لێ هەڵبژارد بو کە خۆی بە شایانی بڵاوکردنەوەی زانی بو. لە میانەی قسەدا لێی پرسیم: رەئیت چیە ئەگەر لە ئەنجامی ئەم جەنگەدا عیراق پارچە پارچە ببێ؟ منیش بێ سیودو وتم: چارەنوسی عیراق ئەوەیە ببێ بە سێ پارچەی سوننی و شیعی و کوردیەوە.

بڵاوبۆنەوەی ئەم قسەیە، کە بیروڕای تایبەتی خۆم بو، گەردەلولێکی پڕ تەپوتۆزی دروست کرد. ئێران و سوریا، لای نوێنەرەکانی یەکێتی، ناڕەزایی دەربڕی و، داوای رونکردنەوەی رەسمییان لێ کردن: کە ئاخۆ ئەوە رەئی تایبەتی خۆمە یان رەئی یەکێتیە؟ هەڕەشەی بڕینی پەیوەندییان لە گەڵ یەکێتی لێ کرد بون.

رۆژنامە عەرەبیەکان، بە تایبەتی رۆژنامەکانی موعارەزەی عیراقی لە شام و لەندەن، هێرشێکی زۆریان کردە سەرم. هەندێکیان دایانمە بەر جنێوی سوک و ناشیرین. کابرایەک بە ناوی "عبدالامه الانباری" لە ناو جنێوەکانی دا، قسەکانی منی بە "خەونی چۆلەکە" دانا بو.

کۆتایی ساڵی ۹٤ یش کە وتارێکم دەربارەی ڕێککەوتنە ستراتیجیەکەی یەکێتی و پارتی بڵاو کردەوە. دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دایانمە بەر جنێوی سوک و ناشیرین. بەرپرسێکی بالایان لە جنێوەکانی دا قسەکانی منی بە "خەونی حوشتر" دانا بو. حەفتەنامەی "گولان" یش کاریکاتێرێکی منیان کرد بو کە خەوی حوشتر ئەبینم.

ئەوسا زۆر گەڕام بۆ ئەوەی لە زمانی کوردی دا هاوتای خەونی چۆلەکە و، ئێستاش زۆر گەڕام هاوتای خەونی حوشتر بدۆزمەوە، هەوڵم دا هەرچی پێوەندی بە خەون و خەوبینینەوە هەبو بە سەر بکەمەوە، تا بزانم پێوەندی لە نهێنی ئەم دو جۆرە خەونە سەیرەدا چیە، کە بە پاڵ منیان داوە: یەکێکیان هی چۆلەکە و ئەوی تریان هی حوشتر؟

"کەرویشکە خەو" و "گورگە خەو" و "زیندە خەو"...م دۆزیەوە بەڵام هیچ پێوەندیەکیان لە گەڵ "چۆلەکە خەو" و "حوشترە خەو" نەبو.

زێوەر سەبارەت بە کەرویشکەخەو ئەڵێ:

"خوابی خەرگوشی" هەتا کەی نەوبەتی بێداریە!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شێخ رەزای تاڵەبانی دەربارەی گورگەخەو ئەڵێ:
لازمە بۆ شێخ سبەینان "گورگە خەو"
تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو
پێشینانیش پەندی جوانیان سەبارەت بە خەون بە جێ هێشتوە، وەکو:
- دیل خەو بە ئازادیەوە ئەبینێ.
- برسی خەو بە نانەوە ئەبینێ.
- بێ دەرپێ خەو بە دو گەز جاوەوە ئەبینێ.
راستە منیش خەونم ئەبینی:
- سەردەمی پیشمەرگایەتی خەونم ئەبینی گەل و ولاتەکەم ئازاد ببێ.
- دوای ئازادبونی خەونم ئەبینی گەلەکەم پاشەڕۆژێکی خۆش و بەختیاری هەبێ.
- دوای هەڵبژاردن خەونم ئەبینی حکومەتی قانون و نیزام دابمەزرێ.
لام وایە ئەمانە هەمو خەونی رەوا بون. هیچ پێوەندیەکیان لە گەڵ چۆلەکەو حوشتر نەبو. بۆ بەدبەختی کورد، ئەوانەی لە دورولاتەوە بێ ماندو بون هاتنەوە سەر سفرەی حازری کوردستانی ئازاد، ولاتەکەیان تاڵان کردین و گەلەکەیان روتاندینەوە، سەرەنجام لە شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیانەوە گلاند. خەونەکانی ئێمەیان کرد بە مۆتەکە و، خەویشیان لێ زڕاندین. مستەفا بەگی کوردی، لە موناسەبەتێکی وەهادا، وتویەتی:

شادم کە بەڵکو بێتە خەوم یار و، بەختەکەم..
بەدبەختە، نایەڵێ کە دوچاوم بچێتە خەو!

*

١٠ ی ١ ی ٩٥:

ژمارە ٨٨٤ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" وتارەکەی من "پارتی بۆچی ئەم شەڕەی هەڵگیرساندەوە؟" بڵاو کردۆتەوە.

*

١٧ ی ١ ی ٩٥:

چەند هەفتەیەکە دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی هێرشەکانیان بۆ سەر من توندتر کردوە. ئەمڕۆ لە سلێمانی کۆبونەوەیەکم بە هەندێ لە رۆژنامەوانەکان کرد. مەبەستی سەرەکیم رونکردنەوەی هۆ سەرەکیەکانی ناکۆکیەکان و باری سەرنجی ئێمە، بە تایبەتی باری سەرنجی خۆم بو.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۱۹ ی ۱ ی ۹۵:

کەریم عوسمان، لە کەنالی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، هاتە سلێمانی گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیی لە گەڵ کردم تەرخانی کرد بو بۆ بەرپەرچدانەوەی شالاوی پرۆپاگاندەی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی لە هەولێر دژی من.

ژمارەی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" دەقی گفتوگۆکەی بە نوسین بڵاو کردۆتەوە.

*

۲۱ ی ۱ ی ۹۵:

ئەمڕۆ بۆ جاری سێهەم هێزەکانی پارتی لە هەڵەبجەوە هێرشیان هێنا گەیشتنە بەردەمی سەیدصادق و شانەدەری. هێرشەکەیان تێک شکێنرا. زیاتر لە ۱۲۵ کەسی هێزەکەیان کوژراو، بریندار کراو، گیرا. عارف تەیفور خۆیشی لەم هێرشەدا بریندار بو.

*

شەڕی هەمەلایەنە دیسان دەستی پێ کردۆتەوە.

لە دوای راپەڕینەوە یەکێتی و پارتی توشی هەڵئاوسانی رێکخراوەیی کتوپڕ بون. دەیان هەزار کەس لەوانە: خەڵکی دڵسۆز و سادە، هەروەها کۆنە بەعسی، کۆنە جاش، کۆنە جاسوس... هاتونەتە ریزەکانیانەوە. بە هۆی دارمانی ئابوری کوردستانەوە دەرفەتی کار زۆر کەم بۆتەوە، ئاستی گوزەران نزمە، رویان کردۆتە حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی. ئەم ژمارە زۆرە لە سەرو توانای هەڵگوشین و هەرسکردنی پەیکەرەی حیزبەکانەوە بو. لە باتی ئەوەی حیزب بتوانێ بە بیری سیاسی خۆی پەروەردەیان بکا، ئەوان لە گەڵ خۆیان هەمو دەردە میراتیەکانی کۆمەڵ، بە تایبەتی هی سەردەمی حوکمڕانی بەعس: پیلانگێڕی، پەیمانشکێنی، بەکار هێنانی توندوتیژی، ناکۆکی کۆمەڵایەتی - خێزانی، بنەماڵەیی، خێڵەکی، ناوچەی و، دوکەسێتی – دوڕویی، دوزمانی، دودڵی ... هێناوەتە ناو رەفتاری رۆژانەی حیزبەوە.

هێمنی موکریانی کە گلەیی لە دڵدارەکەی ئەکا ئەڵێ:

لە ناو کوردا نەبو پەیمان شکاندن

لە کوێ فێر بوی گوڵم پەیمانشکێنی؟

تەجروبەی ئەم چەند مانگەی شەڕی ناوخۆ و، ئیمزاکردنی ئەو هەمو رێککەوتن و پەیمان و بانگەواز و پرۆژەی ئاشتی و چی و چی ... سەلماندیان کە ئەو بۆچونە باوەی ئەڵێ: لە ناو کوردا پەیمانشکێنی نەبوە، کورد خاوەنی قسەی خۆیەتی، ئەگەر گفتی دا جێبەجێی ئاکا، کە سۆزی دا ئەیباتە سەر... راست نیە. چەندین جار پەیمانی دۆستایەتییان ئیمزا کرد و، بەڵێنی راگرتنی شەڕیان دا و، گفتی جێگیرکردنی ئاشتییان دوبارە کردەوە، کەچی ئەم شەڕە نالەبارە کۆتایی نەهات. لە جێیەک دائەمرکێتەوە لە جێیەکی تر هەڵئەگیرسێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێرەدا شیعرەکەی نالی، کە پێش هێمن بە ماوەیەکی زۆر وتویەتی، راستترە بە خۆشەویستەکەی ئەڵێ:

دەستم، کە لە سەد جێگە، بە سەد وەعدە، شکاوە
جەبری نیە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ

"میثاق التحالف" ی ئەم جارەی یەکێتی و پارتی بەم دەردە چو!

*

۲۲ ی ۱ ی ۹۵:

ژمارە ۸۹٤ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" دەقی پرسیار و وەڵامەکانی کۆنفرەنسە ڕۆژنامەوانیەکەی ۱۷ ی ۱ ی بڵاو کردۆتەوە.

*

۱۲ ی ۲ ی ۹۵:

ژمارە ۹۱۲ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" وتارەکەی من "بیرەوەریەکانم: لە پەراوێزی هەڵبژاردنی گشتی یەکەم دا" بڵاو کردۆتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاشکۆ

دەقی ڕێککەوتننامەی "میثاق التحالف"

ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانی نێوان

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لەو ئەزموونانەی کە گەلەکەمان پێیان دا تێپەڕیوەو روداوەکانی ئەم دواییە ڕاستیەکی گرنگی سەلماند کە پێویستە بزانرێ و کاری پێ بکرێ ئەویش ئەوەیە کە شەڕی نێوان ی. ن. ک و پ. د. ک - یەکگرتوو شەڕێکی خۆکوژیەو بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەڕمێنێ و ئیرادەی خەڵکی یەکگرتوی گەلی کوردستان لێک دەترازێ، هەروەک چۆن دەستکەوتەکانی گەلەکەشمان لەناوەوە و لە دەرەوە بەفیڕۆ دەدا و زەرەر لە سومعەی هەردو حیزب و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، ئەگەیەنێ و تەئکید لەسەر گەشەپێدانی بزوتنەوەی کوردستانی و پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و بەرەی کوردستانی و گیانی خەباتکارانەی گەلەکەمان دەکاتەوە کە پەیوەست بێ یەکەم بە یەکێتی و ئالیکاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان_یەکگرتو، دووەمیش بە یەکێتی ریزەکانی نیشتمانیەکانی دەرەوە دەگرێتەوە کاروانی دیموکراتی سیاسی لە عێراقدا.

بەئاشکرا و بەروونیش ئەوە دەرکەوت کە بەرژەوەندی نیشتمانی و حیزبایەتی وا دەخوازێت کە باشترین پەیوەندی سروشتی و هاریکاری و خەباتگێڕی لە نێوان هەردو حیزب دا هەبێ چونکە ئەوە تەوەر و چارەنوسی هەردوکیانە هەرئەویش بە تەنها دەستەبەری مانەوەیان دەکات وەکو دو هێزی جەماوەری و هەرواش دەستەبەری خستنەگەڕیانە لەپێناو خزمەتی گەل و نیشتمان دا.

لە بەر هەمو ئەمانە هەردو مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک و پ.د.ک _یەکگرتو بەئامادەبونی برایان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هەمو ئەندامی م س ی هەردولا، (جگە لەوانەی لە دەرەوەی وڵات دان). کۆبونەوە پاش لێکۆڵینەوە و وتوویژ و باس لێوەکردن بە تێکڕایی بڕیاری ئەمانەی خوارەوەیان دا:

یەکەم:

حەرام کردن و تاوانبارکردنی شەڕ لە نێوان حیزب و هێزە سیاسیەکانی هەرێم بەتایبەتیش لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتو و ئەو شەڕەش بەتاوانێکی نیشتمانی گەورە دادەنرێ کە ناشێ پەنای بۆ ببردرێ بەڵکو ئەرکی نیشتمانی وا دەخوازێ کەخۆی لێ لابدرێ و لە ریزەکانی هەردو حیزب دا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵمەتی فیکری بەرفراوان لە دژی بەرپا بکرێ تاکو دەرون و میشکی بۆ پاک بکرێتەوە و لە پێناوی سەلماندنی عەقڵیەتێکی شارستانی و بڵاوکردنەوەی لە ریزی ئەندام و کادران و سەرکردایەتی هەردو حیزب دا. عەقڵیەتێکی دیموکراتی کە باوەڕی بە برایەتی و هاوپەیمانێتی و چارەسەری سیاسی و ئاشتیانەی کێشە و گرفتەکانی هەبێ و هەمو شێوەیەکی توندوتیژی و پێکدادان و تیرۆر و گوشار و ناچارکردن لە سەپاندنی بۆچون و هەڵوێستەکانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە میانی رێڕەوی ئەو خەبات و دیموکراسیەی کە لە کوردستانی عێراق دا هەیە، رەت بکاتەوە، وە هەروەها پەنا بردن بۆ وڵاتانی بێگانە لە ململانێ ناوخۆییەکانی دژ بە یەکتر حەرام و تاوانبار بکا و بە فیرۆدانی سامانی نیشتمانی حەرام بکا، بەڵکو تەئکیدیش لە سەر چارەسەرکردنی هەمو کێشە و جیاوازیەکانی نێوان هەردو حیزب یان بنکە و رێکخراوەکانیان بەرێگەی ئاشتیانە و شێوازی دۆستانە و گفتوگۆ و وتووێژ و رەخنەی برایانە دەکاتەوە بەشێوەیەک کە تەنانەت بیرکردنەوە پەنابردن بۆ چەک ببێتە وەهمێکی تۆقێنەر و روانینێکی بێزراو و قێزلێکراو.

تەنانەت ئەگەر ناکۆکیەک یان ململانێیەک لە گەڕەکێک یان گوندێک یان شارێک رویدا ئەوا دەبێت پەلە لە کۆنترۆڵکردنی بکرێ و رێگە لە بڵاوبونەوە و تەنینەوەی بگیرێ وەکو ئەرکێکی بنچینەیی بە هەردو سەرکردایەتی بە گشتی و برایان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بەتایبەتی رابگەیەنرێ.

هەروەها پێویستە ئەندامان و کادیران و سەرکردایەتی هەردو حیزب بە گیانی برایەتی و هاوپەیمانێتی لە خەبات دا گوێ بگرێن، ئەو راستیەش بزانن کە ئایندە و چارەنوسیان پێکەوەیە، هەروەها پێویستە بەو هزرە پەروەردە بکرێن کە هەر سەرکەوتنێک یان هەر شکستێک بۆ یەکێکیان سەرکەوتن یا شکستی ئەوی تریشە پێویستیشە پێ لە سەر بڵاوکردنەوەی پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و شێوازە شارستانی و حیزبیەکان دا بگێڕێ و ململانێیەکی شەریفانە بۆ ئەندام و لایەنگر زیادکردن لە رێزی جەماوەر و کادیران هەردو حیزب دا بڵاوبکرێتەوە، هەردولایەن بە شێوەیەکی هاوبەش کار دەکەن بۆ داڕشتنی یاسایەک لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان سەبارەت بە حەرامکردن و تاوانبارکردنی شەڕی ناوخۆ.

دووەم:

خۆ دورگرتن لە هەمو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی پێکادان و هەڵشاخان لە نێوان هەردولا، ئەویش بە لەبەر چاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

١. هەڵبژاردن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

أ. پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ئاماری گشتی لە لایەن ئەو لێژنە حکومییەی کە کارەکەی پێ سپێرراوە. بە مەرجێک ئەو ئامارە پێش کۆتایی هاتنی خولی ئێستای پەرلەمان ئەنجام بدرێت.

ب. ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیە ئەنجام بدرێ و رێ خۆشکردن بۆ ئەو هەڵبژاردنە لە رێگای جێبەجێکردنی ئاماری گشتی و ئاساییکردنەوەی سەرتاسەری و دابینکردی ئازادی گشتی بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی و ئەو هەڵبژاردنە گەر پێویستیشی کرد یاسای هەڵبژاردنیش گۆڕانی تێدا بکرێ.

ج. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئیئتیلافی حکومی بە بەشداری لایەنە نیشتمانیەکانی تر، پاش هەڵبژاردنی گشتی داهاتو بە پێی ئەنجامەکانیشیەوە.

د. پێویستە بە پێی رێکەوتنەکە لە میکانیزمی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بکۆڵدرێتەوە.

هـ رێکەوتن لەسەر دامەزراندنی رێکخراوی یەکگرتو بۆ توێژە پیشەییەکان وەکو پزیشکان و ئەندازیاران و ....تاد.

و. هاریکاری لە نێوان هەردو حیزب و حیزبەکانی دیکە بۆ خۆ بە دور گرتن لە بە یەکا هەڵشاخان، لە هەڵبژاردنەکانی ئەو رێکخراوانە و هەڵبژاردنەکانیش لە کەشێکی دیموکراتیدا ئەنجام بدرێ و، پابەندی ئەنجامەکانیشی بن.

٢. حەرامکردنی پاوانخوازی لە کاری حیزبایەتی یان سەندیکایی یان پیشەیی لە هەمو ناوچەکانی کوردستان دا بە شێوەیەک کە ئازادی کاری حیزبی و سەندیکایی و پیشەیی بۆ هەموان دەستەبەر بکات بە شێوەیەک کە ململانێ لە پێناوی کۆکردنەوەی جەماوەر بە شێوەیەکی شارستانیانە بکرێ و پێشبڕکێ کردن بۆ خزمەتی جەماوەر و بیروڕاو دروشمی راست و دروست پێشکەش بکرێ.

٣. هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتری لەلایەن هەردو حیزبەوە لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەرک و لێپرسراوێتیە نیشتمانیەکان لە هەمو بوارەکان دا.

٤. قەدەغەکردنی گواستنەوەی لایەنگران لە کادر و پێشمەرگەی هەر لایەک بۆ لایەنەکەی تر.

٥. پاوانخوازی دەسەڵات لە ئاستی ناوخۆ و مەرکەزی لە دەزگا حکومی و نیمچە حکومیەکان دا حەرام دەکرێ و پەلە لە دامەزراندنی ئەو دەزگا حکومیانە دەکرێت کە لە رێکەوتنامەی پاریس دا بڕیاریان لەسەر دراوە، (مجلس الخدمه، دیوانی چاودێری دارایی، ئەنجومەنی نەخشەکێشان) تاوەکو ئەرکەکانیان بەپێی یاسا پیادە بکەن.

٦. بوژاندنەوەی بەرەی کوردستانی، فراوانکردنی، پاش دەستکاری بەرنامەکەی و بوار خۆشکردن لە بەردەمی بۆ ئەوەی رۆڵی سیاسی و راگەیاندنی جەماوەری خۆی ببینێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٧. پێکهێنانی لیژنەیەکی هەماهەنگی هاوبەش بۆ دانانی دیسپلینی دیاریکراو بۆ هەردولا و سەرپەرشتی ئاراستەکردنی راگەیاندن بەو شێوەیەی کە خزمەتی هاوپەیمانیەتی و برایەتی و ئەرکی تێکۆشانیان دەکات، هەروەها دور بێ لە دەمارگرتن و خراپە و ناوزڕاندن و قسە پێگوتن و سوکایەتی پێکردن و هەمو ئەو هۆیانەی بگرێتەوە کە زیان بە پەیوەندیە هاوبەشەکان ئەگەیەنن.

٨. تەنسیقی پەیوەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان یەکخستنی سیاسەت و هەڵوێستی هەردولا بە پێی ئەو شێوازە کە لەریکەوتنامەی پاریس دا هاتوە.

سێیەم:

دروستکردنی سەرکردایەتیەکی سیاسی هاوبەش کە هەردو بەرێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هەردو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بگرێتە خۆی کە بە شێوەیەکی دەوری و بەردەوام کۆبونەوە بکەن بۆ جێبەجێکردنی هەمو ریکەوتنەکان و سەرپەرشتیکردنی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە هاوبەشەی کە لە سەری ریک کەوتون هەروەها گەشەپێدان و پتەوکردنی گیانی هاوکاری و برایەتی و هاوخەباتی نێوان هەردو حیزب بە بەردەوامی و سەرپەرشتیکردنی بەجێهێنانی ئەرکە نیشتمانیە هاوبەشەکان و پەیوەندی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان.

چوارەم:

پابەندبون بە ریکەوتنامەی پاریس تا ئەوکاتەی لە لایەن کاک مەسعود و مام جەلال ئیمزا دەکرێت.

پێنجەم:

کارکردنی جیددی بۆ جێبەجێکردنی ریکەوتنامەی پاریس بە شێوەیەکی تەواو و تا تەواو بونی ئەوەش دەبێ هەردولا ئەمانە جێبەجێ بکەن:

١. تەنسیق لە نێوان سەرکردایەتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەردو حیزب و ئاراستەکردنیان بەرامبەر دوژمن بۆ پاسەوانی کردنی سنورەکانی هەرێم و پەروەردەکردنی پێشمەرگە بە گیانێکی برایەتی و هاوکاری بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان دژی دوژمنان.

٢. بەرە بەرە گەڕاندنەوەی میلیشیاکان بۆ کارەکانی پێشو و پیشە ئەسڵیەکانیان.

٣. دورخستنەوەی هێزەکان لە شار و سەرریگا گشتیەکان و کۆکردنەوەیان لەو ناوچانەی کە تەنیا بۆ بەرگری لێ کردن پێویستن.

شەشەم:

یارمەتیدانی خێزانی شەهیدان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێزلێنانی شەهیدان و یارمەتی خێزانەکانیان ئامانجێکی سەرەکی هەردو حیزب و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانە بە گشتی بۆیە بڕیاردرا یارمەتی خێزانی شەهیدان بدرێت بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک لە سەر ئەم بنەمایانە:

١. دیاریکردنی یارمەتی خێزانی شەهیدان لە سەر بنچینەی پیادەکردنی یاساو پەیرەوە پەیوەندیدارەکان بە مەرجێک کە "پێنجسەد" دینار مانگانە بدرێت بە خێزانی هەر شەهیدێک تاوەکو معامەلەی شەهیدانەیان بە گوێرەی ئەوەی لە پێش دا باسکرا.

٢. پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی پارێزگار و ئەندامێتی جێگرەکەی و لێپرسراوی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ لێ ورد بونەوەی کە بە پێی "قەسامە شەرعیە" کانیان لە هەمو پارێزگاکان دا بڕیاری لە سەر دەدرێ.

٣. پێویستە مەعامەلەی شەهیدان ئەوپەڕەکەی لەماوەی "سێ" مانگ دا جێبەجێ بکرێ لە بەرواری ڕێکەوتنی ئەم ڕێکەوتننامەیەوە.

حەوتەم:

سەقامگیرکردنی بنەماکانی یاسادان و جێبەجێکردنی لە سەر بنچینەی دیموکراسی و شارستانیانەی هاوچەرخ دور لە ململانێی تەسکی حیزبایەتی و ئیزدیواجیەت لە پلە و پایەدا.

١. هەردو حیزب لە تەنسیق و هاوکاری تەواوی نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ڕێکەوتون بە شێوەیەکی کە هەمو بڕیارە گرنگەکان و بنچینەییەکان بە ڕەزامەندی هەردولا بێ.

٢. بریکاری وەزارەت دەبێ پسپۆر و شارەزا بێت و وەزیر خۆی دەسەڵاتەکانی دیاری دەکات.

هەشتەم:

دانانی ستراتیژیەتی گشتی بۆ هەرێمی کوردستان کە هەمو لایەنە سیاسی و ئابوری و یاسایی و گەشەپێدان و پەیوەندی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزی و دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهان بگرێتەوە. هەروەها هەڵێنانەوەی پێویست بۆ چاککردنی گوزەرانی هاوڵاتیان و سازدانەوەی کشتوکاڵ و سەرلەنوێ بەگەڕخستنەوەی کارگە و کێڵگەکانی پەلەوەر و دامەزراوە کشتوکاڵیەکان و هەوڵی هاوبەشی هەردولا بۆ زێترکردنی یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان و ئاراستەکردنی ئەوانەی بڕیاریان لەسەر دراوە بەرەو گەشەپێدان و بوژاندنەوەی ژێرخانی کۆمەڵگای کوردستان و دەرهێنانی نەوت و سامانە کانزاییەکان لە هەرێم دا.

نۆیەم:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سازدانی هەڵمەتێکی سیاسی و راگەیاندنی فراوان بۆ ڕونکردنەوەی حەقیقەتی فیدرالیەت بەو شێوەیەی کە ئێمە دەیخوازین کە بە پێچەوانەوەیە لەگەڵ جیابونەوە کە ئەمەش یەکێتی عێراق و سەروەریە نیشتمانیەکەی پتەو دەکاو هەردولا دوپاتی یەکێتی عێراق دەکەنەوە.

هەروەها ڕەتکردنەوەی پڕوپاگەندە شۆڤینیەکان کە دەڵێن گوایە فیدرالیەت هەنگاوێکە بۆ دابەشکردن و جیابونەوە.

دەیەم:

هەتا ئەوکاتەی هەردو دەزگای "زانیاری و ڕێکخستنی تایبەت" یەکدەخرێن و دەدرێتە حکومەتی هەرێم، ئەوا:

أ. هاوکاری و یارمەتی لە نێوان لێپرسراوانی هەردو دەزگا دەمێنێت.

ب. هەردو دەزگا لە چالاکیەکانیان لە دژی یەکتر و هەمو هێزە سیاسیەکان قەدەغە دەکرێن.

ج. هەردو دەزگا هەوڵەکانیان لە دژی دوژمنان و تێکدەرە بە کرێگیراوەکانیان بەکار دێنێت و هەوڵی ئاشکراکردنی تۆڕە جاسوسیەکان و پلانەکانیان دەدەن.

د. تیرۆر و تەقاندنەوە و جاسوسی و کاری تێکدەرانە و جاسوسیانە حەرام دەکرێ و نەفرەتی لێ دەکرێ.

یانزەیەم:

هەردولا هەڵوێستیان یەک دەبێت لە کۆنگرەی نیشتمانی عێراق INC و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی کۆنگرە هەروەها هەڵوێستی یەکگرتو لە هەوڵەکانی ڕوخاندنی دیکتاتۆریەت و دانانی ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراتی و پەرلەمانی.

دوانزەیەم:

چەسپاندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکان بۆ تورکمان و ئاشوریەکانی هەرێم.

سیانزەیەم:

ئەو هاوپەیمانیەتە بەردەوام دەبێ هەردولا بەڵانی کەم تا کۆتایی ئەم سەدەیە کار بەم ڕێککەوتننامەیە دەکەن.

چواردەیەم:

ئیلتیزام بەم ڕێکەوتننامەیە و بە ڕێککەوتنامەی ستراتیژی دەکرێ تەنیا ئەو برگانەی لێ بترازێ کە لەگەڵ ئەم ڕێکەوتنەدا ناکۆکن.

٢١-١١-٩٩٤

جەلال تاڵەبانی مەسعود بارزانی

سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

لە ژ ٨٧١ ی رۆژی ٢٥ ی ١٢ ی ١٩٩٤ ی "کوردستانی نوێ" دا ئەم وتارەم بڵاو کردەوە لە ژێر ناونیشانی:

"لە پەراوێزی دوا ڕێککەوتننامەی ستراتیجی ی ن ک و پ د ک"

بەڕێزان: ئەندامانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن!

بەڕێزان کاربەدەستانی:

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان!

ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان!

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ!

حەفتەنامەی الاتحاد!

پاش دەیان کۆبونەوە و دەیان سەعات گفتوگۆی پڕ لە مشتومڕی دوقۆڵی هەردو مەکتەبی سیاسی ینک و پدک لە هەولێر و صەلاحەدین و پاریس، گەلاڵەی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ ئامادە کرا.

ڕۆژی ٢٤ ی ١١ بەڕێز جەلال تالەبانی لە باتی ینک و بەڕێز مەسعود بارزانی لە باتی پدک ڕێککەوتننامەکەیان لە بەردەمی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی و، وەزیرەکانی کابینەی دوەم و، نوێنەرانی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و، بزوتنەوەی ئیسلامی و، کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و، هەندێ لایەن و کەسی تردا، ئیمزا کرد.

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ڕێککەوتنەکەیان پەسند کرد. هەمو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و بزوتنەوە و، کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق پیرۆزباییان لی کرد، بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە خۆشییەکی تێکەڵاو بە گومانەوە پێشوازییان لێ کرد، بە خۆشییەوە: چونکە ئومێدەوار بون کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بهێنێ و، بە گومانەوە: چونکە ئەترسان چارەنوسی ئەمیش لەوانی تر بەختیارتر نەبێ.

بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنەش بە دەردی ئەوانی تر نەچێ، گەرەکمە لە پەراوێزی ئەم ڕێککەوتنەدا هەندێ بیروبۆچون دەربېرم، ئەمە بە تەنیا بیروبۆچونی خۆم نیە. هی تاقمێ لە سەرکردە و، کادر و، ئەندامی یەکێتیی نیشتمانی و، کەسانی ناحیزبییە کە پێکەوە لە "مینبەر" یک دان، مینبەری دیفاع لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد دژی هەڵپە و دەستدرێژی خۆپەرست و مشەخۆر و کۆنەخائین.

بە بیانوی ئەوەی کە پەیوەندی هەردو ڕێکخراو: ینک و پدک گرژی تێ نەکەوێ و، جەووی سیاسی کوردستان نەئاڵۆزێ و، نەشێوێ، زۆر جار سەرکردایەتی هەردولا پێک هاتون لە سەر ئەوەی بە ئاشکرا و لە ناو دەزگا گشتییەکانی ڕاگەیاندن دا باسی یەکتری نەکەن، بەڵکو لە کۆبونەوەی دوقۆڵی دا ڕەخنە لە یەکتری بگرن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەک زۆرتر پێڕەوی لەم سیاسەتە کردوە، بەڵام پدک ئەوەندە گوێی نەداوەتێ. هەر کاتێ دەنگ کردن بە قازانجی بوبێ هاتۆتە دەنگ و، چی ویستبێ بۆ شکاندنی یەک و سەرکردەکانی وتویەتی، تەنانەت گەیاندویەتیە موهاتەرات و جنێودان و بوختان هەڵبەستن. لە دەرەوەی کوردستانیش درێخییان نەکردوە. لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێک دا، لای هەر رۆژنامەوان و سیاسی و کاربەدەستێک، هەڵێکیان بۆ هەڵکەوتبێ، چرنوکی خۆیان گرتوە.

سیاسەتی "دیزە بە دەرخۆنە کردنی راستییەکان" هۆیەکی سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بو. کەڵەکە بونی گلەیی و گازاندە لە یەکتری، سەرەنجام بو بە هۆی تەقینەوە. ئاشکرا کردنی راستیەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک، بەڵام دور لە مەبەستی فیتنە هەڵگیرساندن و، دور لە موهاتەراتی شەخسی، یارمەتی خەڵک ئەدا، بیروڕای گشتی دەربارەی کاری باش و کاری خراپ دروست بکات. یارمەتی حیزبەکانیش ئەدا بۆ ئەوەی بە کارەکانی خۆیان دا بچنەوە، ئەگەر چەوتییەک قەوما بێ راستی بکەنەوە.

شاردنەوەی راستیەکان لە خەڵک زەرەر لە رەوتی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە و، چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش ئەدات و، چاوپوشین لە کاری چەوتی یەکتری، سەرلەنوێ زەمینەی شەڕ خۆش ئەکاتەوە.

هەر لەم روانگەیەوە تکام وایە لە هەموتان بوارم بدەن چەند راستییەک رون بکەمەوە، ئەگەرچی لە گەڵ سیاسەتی یەک و دەزگای راگەیاندنیش دا نەگونجێ.

یەکێ لەو باشیانەی لە سەرەتاوە لە ناو یەکێتی دا هەبو: نەریتی ئازادی دەربڕینی بیروبۆچونی جیاواز و، لە یەکنەچو بو. لە سەرەتاوە یەک کە دامەزرا لە ٣ رێکخستن پێک هات بو. هەر یەکێکیان رێکخستن و، سەرکردایەتی و، ئۆرگانی تایبەتی خۆی هەبو، ئەیانتوانی بە ئازادی بیروبۆچونی خۆیان بە قسە لە کۆبونەوەی فراوان دا و، بە نوسین لە بڵاوکراوەکانیان دا، دەربڕن. پێگەیشتن و گەشە کردنی شێنەیی ژیانی ناوخۆی یەکێتی سەرەنجام ئەو ٣ رێکخستنەی کرد بە دووان و، دواییتر بە یەکێک، ئەویش ئەم یەکێتییەی ئێستایە. ئەوی من لە بیرم مابێ لە کۆنگرەی گشتی دا، سەرلەنوێ پێ داگیرایەوە لە سەر سەلماندنی نەریتی ئازادی دەربڕینی بیروڕا، تەنانەت هەبونی مینبەری جیاواز، بۆیە داواتان لێ ئەکەم سەبارەت بەم مافەی هەمو ئەندامێکی یەک هەیەتی و، سەرەڕای ئەوەش کاتی خۆی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ناو سەدان نوسەر و رۆژنامەنوسی گەنج و پیردا، ئەم بەندەیەیان لە گەڵ چەند کەسێکی کەدا هەڵبژارد، "کارتی رێزلێنان" یان بۆ نارد "نیشانە بە دەوری دیاری... لە بڵاوکردنەوەی پەیڤی رەسەنی کوردی" دا.

ئەم پێشەکییەم بۆیە بۆ نوسین بۆ ئەوەی "مقەستی رەقیب" نەخەنە ملی نوسینەکان. دیارە ئەمجارەش وەک جارەکانی تر نەمتوانیوە ئەمانە بکەم بە رەئی رەسمیی یەکێتی، وەکو هەندێ کەس وتویانە، بۆیە بە ناوی خۆمەوە و، لە سەر مەسئولییەتی خۆم ئەینوسم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لیرەدا ئەمەوێ دو نمونەتان لە سەر بیروڕای خۆم کە نەمتوانی بیکەم بە رەئی رەسمی بو بنوسم:

- یەکەمیان، سەردەمی حوکمرانی بەرەی کوردستانی، هەمو لە بیرتانە چ پاشاگەردانییەک بو. پێشنیارم کرد بۆ هاوڕێکانم: وەکو دەربڕینی نارەزایی لە باری گشتی وڵات و، وەکو گوشارێک بو چاککردنی هەلومەرجی نارێکی ئەو کاتە، ینک ئەندامێتی خۆی لە بەرەدا رابگرێ و، لەو لیژنانە بکشێتەوە کە حوکمی شارەکانی کوردستانیان بە دەست بو، بۆ ئەوەی یەکێتی نەبێ بە هاوبەشی بەرە لە هەڵگرتنی ئۆبالی ئەو نارێکییەدا. جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارە زەرەری لە زۆر کادر و ئەندامی یەکێتی ئەدا و، بێبەشی ئەکردن لەو ئیمتیازانەی ئەوسا هەیان بو.

پێشنیارەکەم سەری نەگرت، منیش بێدەنگ بوم.

- دوەمیان، دوای پێکهینانی کابینەی یەکەم و، هی دوەمیش، کە کارەکانی حکومەت و خەڵک رائەوەستان بە هۆی "وەکیەکی وەزیر و وەکیل و، سەرەتای نیوە بە نیوە"، پێشنیارم کرد بۆ هاوڕێکانم: یەکێتی لە حوکم بکشێتەوە. حوکم تەسلیمی پارتی بکات و، یەکێتی ببێتە موعارەزەیەکی ئیجابی. جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارەش زەرەری لە زۆر کادر و ئەندامی یەکێتی ئەدا و، بێبەشی ئەکردن لەو ئیمتیازانەی هەیان بو.

پێشنیارەکەم سەری نەگرت، منیش بێدەنگ بوم.

تەجروبە سەلماندویەتی و ساغی کردۆتەوە، بێدەنگ بون هەمو جارێ باش نیە. بۆیە ئەمجارە بە پێویستی ئەزانم، گەرماوگەرم، بڕێ لە بیروبۆچونەکانی خۆم و هاوڕێکانم دەربڕم. لە مەش مەبەست خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی و شەڕ نیە، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەیە، کە من خۆم هەوڵێکی زۆرم داوە بو دەوڵەمەن کردنی ناوەرۆکەکەی و دارشتن و بەستن و ئیمزا کردنی.

لە گەڵ سپاس و ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان مستەفا

- پارتی بۆچی "انتقائی" سەیری ڕێککەوتننامەکان ئەکا؟

هەمو جار و، لە هەمو کۆبونەوە هاوبەشەکانی هەردو مەکتەبی سیاسی دا هەرچەند باس لە ئاساییکردنەوە ئەکرا، ئەوترا ئاساییکردنەوە ئەبێ "کامل و شامل" و "لە هەمو ئاستەکان دا" بێ: ئاستی سیاسی، پێشمەرگەیی، بەڕێوەبەرایەتی. ئەبێ ئاساییکردنەوە لە زاخۆ وە هەتا کفری وەکو یەک بکرێ، نابێ هیچ جێگایەکی لێ ببوێردرێ و، هیچ مەسەلەیەکی لێ دەربهێنرێ، نابێ هیچ لایەک ڕێگە بەوی تر بدات "انتقائی" سەیری بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە بکا، کامی بە قازانجی بو جێبەجێی بکا و، چی بە دڵ نەبو پشت گوێی بخا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمانە سەرەتای گشتی بون، زۆرتر نوێنەرانی پارتی پێیان لە سەر دائەگرت و، ئەیان وتەوە. کەچی ئێستا خۆیان وا رەفتار ئەکەن. کامی بە قازانجێتی پێی لە سەر دائەگرێ و، هەرچییەکیشی بە قازانجی نیە جێبەجێی ناکا.

هەر لە سەرەتاوە تەشەنەی ئاگری شەڕ لە سەر بادینان بو. پارتی مەبەستی بو ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک ئاسایی بکرێنەوە، یەکێتی یش مەبەستی بو بادینان ئاسایی بکرێتەوە، چونکە بادینان لە مڕۆدا گەروی کوردستانی عیراقە. بەڕێز جەلال تالەبانی و هاوڕێکانی و، سەرانی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق، بە تەعبیری رونکردنەوەی قسەکەری بەڕێزی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتو، لە سوریا کە "چەقی" بون لە بەر ئەوە نەبو تورک رێگای پێ نەدان، بەڵکو لە بەر ئەوە بو هێزی چەکداری پارتی بادینانی داگیر کرد بو. ئازادی هاتوچۆ تەنیا بۆ ئەوانە هەبو کە پارتی رێگای پێ ئەدان. بەڵێ لە سەر سنوری قوری بادینان دا راوەستا بون، چاوەڕوانی بەجێهێنانی بەڵێنەکەی بەڕێز مەسعود بارزانییان ئەکرد. گەشتێکی هاوبەشی ئەوسای بەڕێزان: تالەبانی و بارزانی، لە بادینانەوە تا گەرمیان، هەر ئەو کاتە ئەیتوانی کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێ. کە بەڕێز بارزانی نەیتوانی بەڵێنەکەی جێبەجێ بکا، ئینجا بە هالیکوپتەری تورکی، بە ئاسمانی بادینان دا گەڕانەوە.

بە ریشی کێ رەوایە، تالەبانییەک هەمو تەمەنی لە رێگای بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازادا بەخت کرد، سەرکردەی گەورەترین هێزی سیاسی و پێشمەرگەیی کوردستانی عیراق، نەتوانێ بە ئازادی بە ناو بادینانی ئازادا بگەڕێتەوە بۆ بارەگاکەی خۆی لە هەولێر، بۆ ئەوەی ئاوی کوژاندنەوەی یەکجاری بکا بە ئاگری کڵپە سەندوی شەڕی ناوخۆدا؟ ئەوە بو بە گەیشتنەوەی بڕیاری راگرتنی یەکلایەنەی شەڕی دا و، بڕیاری کێشانەوەی یەکلایەنەی هێزەکانی یەکێتی دا. ئەوانەی پێ یان وا بو یەکێتی خاوی ئەنوێنی لە ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی سلێمانی دا، رەنگە ئێستا بۆیان دەرکەوت بێ، کە یەکێتی لە سەر هەق بو کاتێ داوای ئاساییکردنەوەی سەرانسەری و گشتلایەنی ئەکرد، چونکە بەو شارەزاییەی کە یەکێتی پەیدای کرد بو لە پارتی، دڵنیا بو لەوەی پارتی "انتقائی" سەیری رێککەوتن و ئاساییکردنەوە ئەکات. بایی ئەوەندە رێزی پەیمان و بەڵێن و گفتەکانی ئەگرێ، کە سودی تایبەتی خۆی تێ دایە.

ئێستاش دوای ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی سلێمانی و کەرکوک، پارتی لە بادینان هێشتا هەنگاوێکی جددی نەناوە بۆ چارەسەر کردنی کێشە سەرەکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی.

- پارتی بۆچی هێزەکانی خۆی زۆرتر ئەکا؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە سەردەمێک دا کە جەنگی ئێران - عیراق و، جەنگی کورد - بەعس لە کایەدا بو، کوردستان بوبوە سەربازگەیەکی گەورە. هەر کەسە بە جۆرێ چەکدار بو. بەشێکی بە ناوی جیا جیاوە لە ریزی هێزە چەکدارەکانی عیراق دا بو، بەشێکیشی لە ریزی هێزە چەکدارەکانی حیزبە کوردییەکان دا بون. لەڕۆژانی راپەڕین دا چەکدارەکان، ئەوانەی لە گەل بەعس بون و ئەوانەی لە گەل حیزبە کوردییەکان بون، هەمو تێکەڵاو بون. سەدان بارەگای چەکدار بە ناوی حیزبەکانەوە لە شەقام و کۆڵانی شار و ئوردوگاکان دا کرایەوە. هەبون و هەڵگرتنی چەک، بە سوک و ناونجی و قورسەوە، بو بە شتێکی ئاسایی. لە بەر ئەوەی لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی خەریکی شتی تر بون، نەیانپەرژایە سەر ئەوەی ڕێوشوێنی لە بار و گونجاو دابنێن بۆ ڕێکخستنەوەی چەکدارەکان و بە کار هێنانی چەکەکان بۆ پارێزگاری نیشتمان لە هێرشی چاوەروانکراوی دوژمن.

لە دوای راپەڕینەوە پێشمەرگایەتی بە مەعنا پیرۆزەکەی ئیتر تەواو بو. ئەوانەی چەکیان پێ بو ئەبو پێ یان بڵێن: "چەکدار"، چونکە ڕەوا نەبو ناوی پێشمەرگەیان لێ بنرێ. هەر حیزبە هەوڵی ئەدا بۆ کوکردنەوەی زورترین ژمارەی چەکدار بە ناوی پێشمەرگەوە. لەو ململانییەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵک هیچ پێوانەیەکی شوڕشگێڕانە یا نیشتمانی یا ئەخلاقی لێک نەئەدرایەوە.

دیاردەی چەکداری لە بەر چاوی خەڵک ناشیرین بو. خەڵک تینیان بۆ لایەنەکان ئەهێنا، کە چارەسەرێکی ئەو دیاردە ناشیرینە بکەن. هەڵبژاردنی گشتی بو. ئەنجومەنی نیشتمانی و یەکەمین کابینە دامەزران.

سەرکردایەتی هەردو حیزب پێکهاتن لە سەر پێکهێنانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و، یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و، دیاریکردنی ڕێوشوێنی هەبون و هەڵگرتنی چەک. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان قانونی بۆ هەمو ئەمانە دانا. بەڵام لە باتی ئەمانە جێگەی خۆیان بگرن، وەزارەتی پێشمەرگایەتی هەڵوەشایەوە، سوپای یەکگرتوی هەردو حیزب لە یەکتری جیا بوەوە و کەوتنە شەڕەوە، قانونی هەبون و هەڵگرتنی چەک کاری پێ نەکرا. بۆچی کەس ناپرسێ ئەمانە بۆ سەریان نەگرت؟ ئایا کورد پێویستی بە هێزی چەکدار نیە؟

پارتی بە ئاشکرا و لە بەر چاوی خەڵک نەیئەتوانی دژی ئەم هەنگاوە شارستانییانە ڕابوەستێ، بەڵام هەوڵی ئەدا کۆسپ بهێنێتە ڕێگای جێبەجێ کردنیان، تەگەرەی لێ ئەدان بۆ ئەوەی سەرکەوتو نەبێ و سەر نەگرێ. چونکە پارتی نەیئەویست هێزی پارێزگاری نیشتمان، کە دڵسوز ئەبو بۆ گەلی کورد و خاکی کوردستان، نەک بۆ حیزب و سەرکردە، دروست ببێ بەڵکو ئەیویست میلیشیاکەی خۆی بهێڵێتەوە و زیاتری بکات.

لێرەدا بە بیر هێنانەوەی ئەمە پێویستە چونکە تەجروبەیەکی تازەی ڕێکخستنەوەی "هێزە چەکدارەکانی کوردستان لە بەر دەم دایە، بۆ ئەوەی پارتی نەتوانێ ئەوەش وەکو ئەوی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشو لە بار ببات. هەروەکو سەرگرتن و سەرکەوتنی ئەوانی پێشو ئەبون بە دەسکەوتی باش بۆ گەل، سەرگرتنی ئەمیش ئەبێتە دەسکەوتێکی گرنگی خەڵک.

بە گوێرەی ڕێککەوتنی پاریس ئەبێ تەجنیدی ئیجباری بکرێ. بەم سەربازانەی کە لەم مەڵبەندانەوە کۆ ئەکرێنەوە سەر لە نوێ هێزەکانی لەشکر و پۆلیس و ئاسایش دروست بکرێتەوە بۆ پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان و ئاسایشی سەر و سامانی دانیشتوان. ئەم هێزانە ئەبێ دڵسوزی نیشتمان و، بەرفەرمانی حکومەتی هەرێم بن، نەک ئەم حیزب یان ئەو حیزب. شان بە شانی ئەمە ئەبێ ژمارەی پێشمەرگە کەم بکرێتەوە و، میلیشیای حیزبەکان هەڵبوەشێنرێتەوە و، بۆ ئەوەی توشی بێکاری نەبن گوزەرانیان دابین بکرێ.

لە دوا ڕێککەوتن دا دیسانەوە پێ داگیراوەتەوە لە سەر جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی پاریس. هەروەها هەردولا پێک هاتون لە سەر ئەوەی ژمارەی چەکدارەکانیان تا کۆتایی ساڵی ٩٤ کەم بکەنەوە بۆ ١٥ هەزار.

ئەوەی جێگەی سەرنجە پارتی لە دوای هاتنەوەیان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی کەوتونەتە هەوڵی دروستکردنی دەیان فەوجی کوماندوی نوێ، لە هەندێ شوێن لە نۆکەرە دڵسۆزەکانی ڕژێم. تەنانەت یەکێکیان بە شانازییەوە وت بوی: "هەرچی تەزکیەی سوارەیی - مەبەستی ئەوەیە ئەبێ جاشایەتی کرد بێ - نەهێنێ وەرناگیرێ". لە دوای ئیمزاکردنی دوا ڕێککەوتن تازە بڕیاری دامەزراندنی "کولیەی جەنگ" ی داوە.

جا ئەگەر پارتی بە تەمای سەپاندنی شەڕ نیە بە سەر یەکێتی دا بۆچی تازە بە تازە دوای ئیمزاکردنی پەیمانی ستراتیجی تا ساڵی ٢ هەزار لە باتی ئەوەی هێزەکانی کەم بکاتەوە، هێزەکانی زۆرتر ئەکات و کولیەی جەنگ دائەمەزرێنێ؟ لە باتی ئەوەی بە هاوکاری لاکانی تر مشوری کردنەوەی مەڵبەندی تەجنیدی ئیجباری بخۆن، بۆ ئەوەی ناوکی هێزی دڵسۆز و بەرفەرمانی حکومەتی هەرێم دابمەزرێنن، خەریکی کۆ کردنەوەی هێزی بەکرێگیراوی دڵسۆزی خۆیەتی؟

- پارتی بۆچی داهاتی حکومەتی کوردستان بۆ خۆی ئەبات؟

سەرچاوەکانی داهاتی حکومەتی هەرێم ئاشکرایە کامانەن. گرنگترینیان گومرگە، بە تایبەتی داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل لە زاخۆ. لە سەرەتای مانگی مایسەوە تا ئێستا، پارتی بە بیانوی هەڵگیرسانی شەڕەوە دەستی بە سەردا گرتوە. هەمو داهاتەکەی بۆ خۆی ئەبات. سەرەڕای ئەمەش، بە درێژایی ئەو ماوەیە، هاوبەش بوە لە خەرج کردنی ئەو پاشەکەوتەی حکومەتی هەرێم کرد بوی و لە بانکی هەرێم دا دانرا بو.

ئەم کارە جگە لەوەی زەرەر لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد ئەدا، چونکە حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان بێبەش ئەکا لە داهاتێکی گرنگی خۆی، پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانەشە کە بە دوقۆڵی ئیمزا کراون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی پاریس، کە دوا ڕێککەوتن تەئکیدی لە سەر "التزام" و "تنفیذ" ی کردوە، ئەبێ هەمو داهاتەکانی گومرگ بچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەبێ هەردو حیزب حسابانی خۆیان پێشکەش بە حکومەت بکەن کە لە ١ ی مایسەوە تا ئێستا چەندە پارەیان لە داهاتەکانی حکومەت بردوە.

هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیش لە بڕیاری ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان دا داوای گێڕانەوەی داهاتەکانی حکومەتی کردوە، لەوانە گومرگی ئیبراهیم خەلیل.

خەڵک چاوەڕوانی ئەوەیە کابینەی سێهەم گوزەرانیان باش بکات. فەرمانبەرانی حکومەت بە تەمان موچەکانیان زیاد بکرێ. خانەنشینەکان بە تەمان موچەیان بدرێتێ. کەسوکاری شەهیدان بە تەمان حکومەت موچەی مانگانەیان بو ببڕێتەوە. کرێکار و جوتیار بە تەمان حکومەتی هەرێم پڕۆژەی ئاواکردنەوەی کوردستان دابنێ و هەڵی کار بو خەڵک بڕەخسێنێ.

پارتی بە چ هەقێ بەشێکی گرنگی داهاتی نەتەوەیی کورد بە بەرچاوی دنیاوە زەوت ئەکا و حەوالەی بانکەکانی ئەوروپا و ئەمەریکای ئەکا، لە کاتێک دا زۆرایەتی گەلەکەمان لەوپەڕی هەژاری و نەداری دا ئەژین؟ ئەگەر منەتی ئەوە بە سەر کوردا ئەکات لە کاتی ڕاپەڕین دا ئیبراهیم خەلیلی لە دەسەلاتی بەعس دەرهێناوە، خەڵکی بادینان لە بیریانە سەرکردایەتی کام لایەن نامەی بۆ هەمو "موستەشارەکان" نوسی و، داوای هاوکاری لێ کردن بۆ ڕاپەڕین. رادیۆی کام لایەن بو "ئیعاز" ی دا بە شانە چەکدارەکانی بادینان بۆ ڕاپەڕین. مەسئول و هێزی پێشمەرگەی کام لایەن بو، بۆ دڵنیا کردنی خەڵک، لە پێش هێزە دوڵەکانی تردا گەیشتە دهوک و شارەکانی تری بادینان.

لە کاتی شەڕەکان دا یەکێکیان وت بوی: "یەکێتی ئەو باوکەی مرد جارێکی تر لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل بەشی بدرێ". ئەم "قسە نەستەقە" یان دوایی لە وتارێک دا نوسی. وا دیارە هێشتا جۆری بیرکردنەوەی سەردەمی شەڕی ناوخۆ زاڵە بە سەر مێشکی هەندێ لە سەرکردەکانی پارتی دا. ئەمەش پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتنەکەی ئەم دواییەیە.

پارتی ئەیەوێ خەڵکی ناوچەی سۆران هەژار بن. ئەیەوێ یەکێتی نابوت بێ. بەو پارەیەی کەڵەکەی کردوە ئەیەوێ خەڵکی پێ بکرێ و هێزێ تازەی پێ دابمەزرێنێ. جا ئەو خەڵکەی ئەیکڕن و، ئەو هێزەی دایئەمەزرێنن بۆ سەپاندنی شەڕێکی تر بە سەر یەکێتی دا؟ یان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوە؟ پاشەڕۆژ ئەمەیان ڕون ئەکاتەوە.

- پارتی بۆچی ئەیەوێ نائەمینی بخاتە ناوچەی سۆرانەوە؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دانیشتوانی کوردستان بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە هەواڵی ئاگربڕی شەڕی نێوان پارتی و بزوتنەوە - یەکێتی یان وەرگرت. ئومێدیان وابو کە ئیتر جارێکی تر شەڕ رو نەداتەوە و، ئاشتی و ئاسایش بکەوێتە وڵاتەوە.

شەڕ بە ئاشکرا راوەستا. بەڵام لە دەوروبەری ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی دوقۆڵی ینک - پدک زنجیرەیەک تاوانی ڕێکخراو دژی تێکوشەرانی ینک ئەنجام درا. ئەوە بو لە ڕێگای چەمچەماڵ ٨ کەس لە بەرپرسەکانی ینک لە بۆسەیەکی ڕێکخراودا بریندار کران، بکوژەکانی ئەم روداوە لە لایەن کاربەدەستانی پدک ەوە گوێزرانەوە بۆ هەڵەبجە و دااڵدە دران. هێشتا خوێنی بریندارەکانی روداوەکە وشک نەبوبوەوە لە ناو شاری هەولێردا زنجیرەیەک تاوانی ڕێکخراوی تر دژی تێکوشەرانی ینک ئەنجام درا. ٢ پارێزەر، پێشمەرگەیەک و، زانایەکی ئایینیی بونە قوربانی. دوای راوەستانی شەڕی ئاشکرای نێوان هەر ٣ لایەنی سیاسی، ئەبێ کێ لە پشتی ئەم شەڕە نهێنیەوە بێ دژی ینک؟

خەڵک بە هیوا بون دوای ئەو ڕێککەوتنە ئیتر نە شەڕی ئاشکرا و نە شەڕی نهێنی نەمێنێ. بە هیوای ئەوە بون ئاسایشی سەر و سامانی هاوواڵتیان لەوانە تێکوشەرانی حیزبەکان پارێزراو بێ. هەردو حیزب ڕێک کەوتون لە سەر حەرام و تاوانبار کردنی کوشتنی تێکوشەرانی یەکتری، تێکدانی کاری یەکتری و، دروستکردنی کێشە و گێچەڵ بۆ یەکتری. هەردو حیزب پێکهاتون "دەزگای زانیاری" و "ڕێکخستنی تایبەت" تێکەڵاو بکەن.

بەر لە کردنەوەی بارەگاکانی پارتی لە سلێمانی، دانیشتوانی شاری سلێمانی شایەتن چۆن ئارامی و ئاسایش ڕاگیرا بو. تاوان کەم بوبوەوە. کوشتن، ماڵ بڕین، فڕاندنی ئوتومۆبیل، دیاردەی چەکداری، لە رادەی نەبودا بون. بەڵام ڕاستەوخو دوای کردنەوەی بارەگاکانی پارتی، تاوان دەستی پێ کردەوە. دزی و کوشتن و ئوتومۆبیل فڕاندن و سەرانە سەندن بۆتە روداوی ڕۆژانە.

لە هەولێر ئاسایش بە جۆرێ تێک چوە هیچ کەسێ لە سەر و سامانی خۆی ئەمین نیە.

جێگەی داخە سەرچاوە نهێنییە ئاگادارەکان وا ئەگەیەنن پارتی بە بەرنامە ئەیەوێ ئارامی و ئاسایشی شارەکانی ناوچەی سۆران، بە تایبەتی سلێمانی و دەوروبەری، تێک بدات. خەڵک لە ترس و پەژارە و نائەمینی دا بژین. ئەیەوێ هەلومەرجی سلێمانیش وەکو هەولێر لێ بکا. ئەیەوێ خەڵک وا تێ بگەیەنێ کە ینک وڵاتی پێ بەڕێوە ناچێ و ناتوانێ ئاسایشی سەر و سامانیان دابین بکات و، دنیاش وا حاڵی بکا کە: کورد توانای بەڕێوەبردنی خۆی نیە. ئەگەر وانیە بۆچی هاوکاری پارێزگاری هەولێر و دەزگا حکومەتییەکان ناکەن هەلومەرجی ناوشاری هەولێر چاک بکەن و، لە سلێمانیش هاوکاریی پارێزگار ناکەن کارەکانی ئەنجام بدات؟ هەر ڕۆژە بیانویەکی پێ ئەگرن و، هەر دەمە هێرشێکی نارەوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەکەنە سەر. ئەگەر وانیە ئەی بۆچی بەشدارانی تاوانی بوسەی چەمچەماڵ لە باتی ئەوەی بگیرێن و بدرێن بە دادگا، لە ژێر باڵی خۆیان دا ئەحەوێننەوە؟

پارتی بۆچی بۆتە چەتری پاراستنی پیاوخراپان؟

سااڵنی درێژی شەڕی بەعس - کورد ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتی کوژران و سەقەت و زەرەرمەند بون. لە بەرامبەر ئەوەش دا ژمارەیەکی زۆر لە تاوانبارانی نۆکەری بەعس دەوڵەمەند و دەسەاڵتدار بون.

بێگومان لێبوردن لە رابوردو کارێکی باش و بەجێ و پێویستە. هەر یەک یش بو پێش ڕاپەڕین لە دەنگی زۆاڵی ڕادیۆکەیەوە "ئاشتبونەوەی نیشتمانیی" ڕاگەیاند، داوای لە هەموان کرد بە گیانی لێبوردن لە گەل یەکتری دا ڕەفتار بکەن و، لە هەر سەنگەڕێک دا هەن هاوکاری یەک بکەن.

جێگای داخە پارتی بە جۆرێکی خراپ کەڵکی لەم مەسەلەیە وەرگرت. بەو کارانەی کە بۆ دەسکەوتی تەسکی حیزبایەتی و ڕاکێشانی ئەندام و لایەنگر لە ٤ ساڵی ڕابوردودا کردی خەریکە هەمو پێوانە نیشتمانییەکان هەڵئەگێڕێتەوە. خەریکە وا ئەکات:

- تێکۆشەرێکی خۆبەختکەری ڕێگای شۆڕش و ئامیر مەفرەزەیەکی تەوارئ بچنە یەک ڕیزەوە.

- پێشمەرگەیەکی شەهید و زیندانییەکی هەڵواسراو و جاسوسێکی کوژراو لە یەک لیست دا بنوسرێن.

پارتی بۆچی بێ گوێدانە هیچ پێوانەیەکی نیشتمانی داڵدەی هەمو جۆرە کەسێک ئەدا؟ بە هەق و بە ناهەق، لە سەریان ئەکاتەوە و، هەڵئەداتێ؟ لە ناو لەشکر و ڕێکخستنەکانی دا پێشیان ئەخا؟ کاری گشتییان پێ ئەسپێرێ؟ لە دەزگا و دائیرەکانی حکومەت دا پلە و پایەیان پێ ئەدا؟

ئەم کارانە ڕەنگە لە گەل دەسکەوتی حیزبی بگونجێن، بەاڵم بە هیچ جۆرێ لە گەل قازانج و دەسکەوتی نەتەوەیی ناگونجێن. پارتی بۆچی گوێ ناداتە قازانجی نەتەوەیی؟

- پارتی بۆچی ناهێڵێ گوزەرانی خەڵک باش بکرێ؟

لەوەتی ڕژێمی بەعس دەزگا جەهەننەمییەکانی لەم وڵاتە باریان کردوە، هاووڵاتیانی کوردستان توشی تەنگوچەڵەمەیەکی دوسەر بون: سەرێکیان تەنگوچەڵەمەی گوزەران و، سەرەکەی تریان تەنگوچەڵەمەی سەاڵمەتی سەر و سامانە. جێگەی داخە نە سەردەمی حوکمڕانی بەرەی کوردستانی و، نە سەردەمی حوکمی کابینەی یەکەم و، نە سەردەمی حوکمی کابینەی دوەم نەیانتوانی ئەم تەنگوچەڵەمەیە چارەسەر بکەن یا هیچ نەبێ ڕێوشوێنی (نەظەری) ی چارەسەر کردنی لە سەر (کاغەز) دابنێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەتا کەی هاوولاتی کوردستان لە ترس و پەژارەی گوزەران و ئاسایش دا بێ، لە کاتێک دا خۆی وا دائەنێ بە خەبات و راپەڕینی ئەمان دەزگا جەهەننەمیەکانی بەعس لە کوردستان راو نراون. ئەوانەی ئێستا سەرکردایەتییان ئەکەن بە پێڵاوی لاستیکەوە گەیشتنە کوردستان، کەچی ئێستا ئەمان لە برسان دا دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانیان ئەفرۆشن، ئەوانیش هەندێکیان لە شاهنشاه باشتر ئەژین و، کوڕەکانیشیان لە کوڕەکانی قەیسەرێکی قەڕنی رابوردو خۆشتر رائەبوێرن. ئەم بێ عەدالەتییە لە بەر چی؟

بۆچی حیزبەکان بە دەستی خۆیان ئازاری میللەتەکەیان ئەدەن و، بۆچی بۆ دابینکردنی ژیانێکی هەژارانە، ژن و پیاوی میللەتەکەیان بە گەنج و پیرەوە، ناچار ئەکەن ڕێگای ناقانونی فێر ببن، لە کاتێک دا سەروەت و سامانی کوردستان بەشی هەمویان ئەکات کە بە سەربەرزی و بە ڕێگای قانونی بژین؟

ینک لە سەری ڕێکخستنەکەیەوە تا شانەکانی خواری خوارەوەی ئەم بێ عەدالەتییەی پێ خۆش نیە. ئەگەر پارەشی بە قەد پارتی لە حکومەت وەرگرتبێ، بەشی زۆری داوەتەوە بە خەڵک، بە ناوی جۆراوجۆر و بە ڕێگای جیاواز: یارمەتی ئاواکردنەوەی سەدان مزگەوت و گوندی داوە، یارمەتی نەخۆشخانە و زانکو و مەعهەد، یارمەتی مانگانەی سەدان خوێندکار و، هەزاران ماڵە شەهید و لیقەوماوی داوە. یەکێتی لە دەیان بواری خێر و چاکەدا بە پارە بەشداری کردوە. ئەمەش مەیدانێکی گرنگی مونافەسەیە. ئەوان پارەکەیان بۆ خۆیان ئەبەن و، ئەیگوێزنەوە بانکەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا، یا ئەگەر شتێکیان لێ داوە بە خەڵک با ئاشکرای بکەن.

یەکێتی ئەیەوێ حکومەتی قانون و نیزام دروست ببێ. دەرامەتی وڵات بچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە. بکرێ بە پرۆژەی باشکردنی گوزەرانی خەڵک و ئاواکردنەوەی کوردستان. تەنانەت ئەو پارانەی ئێستا ئەیان دا بە یارمەتی، لە بواری جۆراوجۆردا، ئەویش هەر لە ڕێگای حکومەتەوە بدرێ. بەڵام پارتی ئەیەوێ حکومەتی میلیشیا بمێنێ. دەسکەوتی دارایی بە ئارەزوی خۆی، بێ چاودێری و چۆنی بوێ، بە کاری بهێنێ.

لە باتی ئەوەی یەکێتی و پارتی ئەو پارانە وەربگرن و، هەر لایەنە بە ئارەزوی خۆی بەکاری بهێنێ: لایەک بۆ "استثمار" ی تایبەتی و، لایەک بۆ کاری "دعائی"، با هەردولا بۆ خزمەتی خەڵک بە کاری بهێنن. با هەردولا ئەو کارانە بکەن. بەڵام لە ڕێگای داوودەزگای حکومەتییەوە. پارە وەرگرتن و پارە خەرج کردن لە ڕێگای داوودەزگاکانی حکومەتەوە بێ، بەڵام ڕێگری گەورە لەم ڕێگایەدا پارتیە.

یەکێتی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی دا حازرە واز لە هەمو ئیمتیازاتی خۆی بهێنێ.

بۆچی پارتی گوێ ناداتە بەرژەوەندی گشتی و، ئامادە نیە واز لە هیچ ئیمتیازێکی خۆی بهێنێ؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- پارتی بۆچی ناهێڵێ باندەکانی مافیا لە ناو ببرێن؟

بە هۆی ئەو هەمو چەکدارەوە کە لە کوردستان دا هەبوە، دوایی بە هۆی بۆشایی دەسەلات و، ئینجا ململانێ ی دەسەلاتەوە، چەندین باندی چەکدار لە کوردستان دا: تەراتێن ئەکەن، تاوان ئەکەن، یاسا ئەشکێنن، خەڵک ئەکوژن، دزی ئەکەن، ئوتومۆبیل ئەفڕێنن، سەرانە لە خەڵکی بێ خاوەن ئەسێنن، مەکینە و داوودەزگا ئەکەن بەو دیو سنوردا، دەسدرێژی ئەکەنە سەر بنکە سنوورییەکانی گومرگ، سامانی نەتەوەی کورد تالان ئەکەن.

دانیشتوانی هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ساڵە بە دەست ئەم باندانەوە ئەنااڵێنن. بە بەرچاوی گەورە کاربەدەستانی حکومەتەوە، دەستدرێژی ئەکەنە سەر مافی هاوواڵتیان. کەچی کەس دەستیان لێ نادا و، کەس ڕێگایان لێ ناگرێ.

پارتی لە پەنای ئاساییکردنەوەدا ئەیویست سلێمانیش، وەکو هەولێر، بخاتە ژێر حوکمی باندەکانی مافیاوە.

با پارتی و یەکێتی پێکەوە دابنیشن. هەق و حساب لە گەڵ یەکتری بکەن. ئەو باندانەی مافیا چەندیان سەر بە پارتیین و چەندیان سەر بە یەکێتیین.

یەکێتی ڕێکخراوێکە خەبات بۆ دامەزراندنی ژیانێکی شارستانی ئەکا. بۆ چەسپاندنی حکومەتی قانون تێ ئەکوشێ. هەوڵێدا وڵاتێک دابمەزرێ مافی هەمو کەسێکی تێ دا پارێزراو و، دەسەلاتدار و بێدەسەلات وەکو یەک ڕێزدار و پارێزراو بن. یەکێتی دژی سەرەتای حوکمرانی حیزب و حکومەتی میلیشیایە. لە بەر ئەوە یەکێتی دژی باندەکانی مافیایە و، داوای لە ناو بردنیان ئەکا.

بۆچی پارتی ناهێڵێ دەسەلاتی حکومەت و داوودەزگا قانونییەکانی بچەسپێ بۆ ئەوەی کورد لە حوکمی میلیشیا ڕزگار ببێ و، هەمو کەس بتوانێ بێ حیمایە و حەرەس بژی، ئەوسا باندەکانی مافیاش ناتوانن خۆیان لە ژێر چەتری سیاسی هیچ حیزبێک دا حەشار بدەن؟

دەردەدڵ زۆرە. بەڵام جارێ با ئەمەندە بەس بێ. تکاشم لە برایانی پارتی ئەوەیە: وەڵامی سیاسی ئەو هەمو »بۆچیە سیاسییانە« بدەنەوە و، پرسیارەکان لە ناو تەپوتۆزی موهاتەراتی شەخسی دا گوم نەکەن. ئەگینا بە پێی شەریعەتی ئیسلام: "السن بالسن، والعین بالعین، والبادئ اظلم" ئیمەش ڕەفتار ئەکەین.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە ئیرلاندا

خولی یەکەم: (٩ - ١١ / ٨ / ١٩٩٥)

٢٩ ی ٦ ی ١٩٩٥:

مام جەلال لە قەڵاچوالان پێشوازی کردوە لە وەفدێکی ئینگلیزی کە پێک هاتوە لە فرانک بەیکەر سکرتێری یەکەمی سەفارەتی بریتانی لە ئەنقەرە و، گرام واین، لێپرسراوی کاروباری عیراق لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا.

*

١ ی ٧ ی ٩٥:

مام جەلال لە قەڵاچوالان پێشوازی کردوە لە وەفدێکی ئەمریکی کە پێکهاتبو لە ڕۆبێرت دۆیچ، بەڕێوەبەری سەروی خەلیج لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، سۆزان فۆند ڕاوێژکاری سیاسی بنکەی ئینچەرلیک، دمیول دین سکرتێری یەکەمی سەفارەتی ئەمەریکی لە ئەنقەرە.

داوای ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەولێر و داهاتی گومرگ و کاراکردنەوەی پارلەمان و حکومەت بە چاودێری ئەمریکی لە وڵاتێکی ئەوروپی، کۆتاییەکەی بە ئامادەبونی هەردو سەرکردە بێ. مام جەلال ڕازی بوە.

*

ئەمەریکا و بریتانیا ئەیانەوێ موبادەرە لە ئێران وەربگرنەوە نەهێڵن ڕێکەوتنی ئاشتی لە ئێران ببێ. لەو کاتەدا کە ئەوان لە کوردستان بون لە ٢٨ ی حوزەیرانەوە وەفدێکی یەکێتی و وەفدێکی پارتی بۆ گفتوگۆ لە تاران بون. ئەمە جاری چەندەمە سەردانی تاران ئەکەن.

*

٢٠ ی ٧ ی ٩٥:

سەفیر ڕۆبێرت دۆیچ، بەڕێوەبەری سەروی خەلیج لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، نامەی ناردوە بۆ مام جەلال بۆ ڕێکخستنی کۆبونەوەی نوێنەرانی هەردولا بە سەرپەرشتی ئەمەریکا و لە وڵاتێکی ئەوروپی دا بۆ گێڕانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان. بە هەمان ناوەڕۆک نامەی بۆ کاک مەسعود ناردوە.

مام جەلال و کاک مەسعود هەردوکیان موافەقەتیان کردوە هەم وەفد بنێرن هەم خۆیان بچن بۆ ئیمزاکردنی.

ئەمریکا بەمە گەرەکێتی ناوبژی ئێرانی پەک بخا. هەردولای ناکۆکیەکەش بە لایانەوە گرنگە ئەمەریکا تێکەڵاوی پرۆسەکە ببێ و، ببێتە یاریکەری سەرەکی لە ناوبژی یەکێتی و پارتی دا و، لە کوژاندنەوەی شەڕەکەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

٩ ی ٨ ی ٩٥:

لە لە ندەنەوە چوینە ئیرلەندا. ئەو شوێنەی دانراوە لێی کۆبینەوە ئوتێلێکە لە شارێکی بچوک ناوی درۆگیدا (Droghede) یە نزیکی دبلنی پایتەختە. دەزگاکانی راگەیاندن هەواڵی کۆبونەوەکە و ناوی شوێنەکەیان بڵاو کردۆتەوە. چەندین رۆژنامەوان بۆ سۆراخی هەواڵەکان هاتون، لەوانە تیمێکی "یۆرۆ نیوز".

تیمەکانی گفتوگۆ و ناوبژی و چاودێری پێک هاتون لە:

یەکێتی: د فوئاد مەعسوم، د بەرهەم ساڵح، سەعدی ئەحمەد پیرە، من.

پارتی: سامی عەبدورەحمان، جەوهەر نامیق، هوشیار زێباری، موحسین دزەیی.

وەفدی ئەمەریکی بۆ ناوبژی: رۆبێرت دۆیچ، ستیفن گرومۆن، بروس جۆنسۆن، سۆزان ماک کرۆمیک.

وەفدی تورکی بۆ چاودێری: ئیگۆر دۆغان، محەمەد ئەیمور، ئەجوەد تەزجان.

وەفدی موئتەمەر بۆ چاودیری: د ئەحمەد چەلەبی، هانی فوکێکی، تۆفیق یاسری، نەبیل موسەوی.

*

هەمان رۆژ کۆبونەوە دەستی پێ کرد. بابەتەکانی ئەبو باس بکرێن:

١. چەکداماڵینی هەولێر.

٢. گێڕانەوەی داهاتەکان بۆ حکومەت.

٣. بە گەڕ خستنەوەی پارلەمان و پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ.

*

لە رۆژانی ٩ ی ئاب تا ١١ ی ئاب گفتوگۆ بەردەوام بو بێ ئەوەی بگەینە هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو چونکە نوێنەرایەتی پارتی چۆڵکردنی بێ قەید و شەرتی شاری هەولێریان کرد بو بە مەرجی پێشەکی بۆ هەر باسێکی تر. ئامادە نەبون هیچ جۆرە سازشێ لە سەر دەروازەی ئیبراهیم خەلیل - خابور بکەن.

*

لە کۆبونەوەدا بوین هەواڵ هات حسێن کامیل و برایەکی و دو کچی سەدام رایان کردوە بۆ ئوردون داوای مافی پەنابەریان کردوە. پاشان بو بە لێدوان کە ئاخۆ هەڵوێستی موعارەزەی عیراقی ئەبێ چی بێ لەم کابرایە: بەخێرهێنان یان ئافەرۆزکردن؟

*

ئەم خولەی گفتوگۆکان بە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەیەک تەواو بو بە ناونیشانی "راگەیاندنی سەرەتاکان" کە چوارچێوەی گشتی ناکۆکیەکانی باس کردوە بە هیوای ئەوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە خولی دوەمی گفتوگۆکان دا لە وردەکاریەکانی بدوێن و لە سەری ڕێک بکەون و میکانیزمی جێبەجێکردنی دابنێن. ئێنجا هەردو سەرکردە پێکەوە دابنیشن بۆ ئیمزاکردنی. دەقی ڕاگەیاندنەکە بە ئینگلیزیە ئەمە کوردیەکەیەتی:

"لە ژێر سەرپەرشتی وڵاتە یەکگرتوەکان دا هەردو حیزبی سەرەکی کوردی عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە دۆگێدا – ئیرلاندا لە ڕۆژانی ٩ – ١١ ی ئابی ٩٥ دا گفتوگۆیان کرد بە نیازی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان هەردو حیزب. موع بەشدار بو. حکومەتی تورکیا چاودێری نارد بو.

هەردولا بەڵێنیان دا بۆ ڕاگرتنی ئاگربەست و کردنی بە هەمیشەیی. ڕێککەوتن هێرشی ڕاگەیاندن رابگرن، ڕێزی مافەکانی لایەنگرانی یەکتری بگرن و هەمو گیراوەکانی کە لە ڕوداوەکانی ئەم دواییانەدا لە لایەن حیزبەکانەوە گیراون بەربدرێن.

پ د ک و ی ن ک پێکهاتن درێژە بە گفتوگۆ بدەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئاشتی. بابەتەکانی ڕێککەوتنی ئاشتی ئەم خاڵانە ئەگرێتەوە:

- چەکداماڵینی هەولێر.
- پێکهێنانی هەیئەتێکی بێلایەن بە سەرپەرشتی موئتەمەری وەتەنی عیراقی.
- کەمکردنەوەی هێزەکانی دەوری هەولێر و کۆکردنەوەیان لە چەند بنکەیەک دا کە لە سەری پێکدێن.
- لە دوای ٤٨ سەعات لە ڕاستاندنی چەکداماڵینی هەولێر کۆکردنەوەی هەمو ئەو داهاتانەی لە لایەن حیزبەکانەوە کۆکراونەتەوە، بە سەرپەرشتی هەیئەتی بێلایەن و دانانی لە حسابی بانقی دا بە ناوی دەسەڵاتی هەرێمەوە.
- حساب کردنی هەمو ئەو داهاتانەی کە لە ١ ی مایسی ٩٤ ەوە لە ژێر دەستی حیزبەکان دا بوە.
- گێڕانەوەی شەرعیەت بۆ دەسەڵاتی هەرێم لە ڕێی بە گەڕخستنەوەی پارلەمانی هەرێمی هەڵبژێردراوەوە لە ماوەی ٤٨ سەعات لە ڕاستاندنی چەکداماڵینی هەولێرەوە.
- کارکردنی خێرای پارلەمانی هەرێم بۆ پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکی نوێی خاوەن بنکەیەکی فراوان بۆ پاریزگاکانی باکور کە حیزبەکانی تر و کۆمەڵگە ئیثنیەکانی تێدا بێ.
- هەمو ئەو خاڵانە ئەبێ لە چوارچێوەی یەکێتی ئەرزی عیراق دا جێبەجێ بکرێن.
- ئەم خاڵانە نیگەرانیە ڕەواکانی ئاسایشی تورکیا ڕەچاو ئەکا.

١١ ی ئابی ١٩٩٥

دۆگێدا – ئیرلاندا"

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرۆکی شارەوانی درۆگیدا بۆ بە خێر هێنان سەردانی کردین و، سەرو دانەێ لە ڕەمزی شارەکەیان، کە لە سەر تەختە هەڵکەنرا بو، بە دیاری پێشکەش بە سامی و چەلەبی و من کرد و، وتی بۆیە ئەو شارەیان هەڵبژاردوە بە شوێنی کۆبونەوەکانی ئێمە چونکە دانیشتوانی درۆگیداش لە سەردەمی کرۆمویڵ دا، وەکو دانیشتوانی هەڵەبجەی ئەم سەردەمە، توشی کوشتاری بە کۆمەڵ بون.

*

١٣ ی ٨ ی ٩٥:

ئەمڕۆ بە فاکس نامەیەکم نارد بۆ م س هەندێ لە بۆچونەکانی خۆمم بۆ نوسین.

٢٥ ی ٨ ی ٩٥:

ئەمڕۆ بە فاکس نامەیەکم نارد بۆ م س دەربارەی کۆبونەوە لە گەڵ هەندێ لە بەرپرسەکانی کاروباری عیراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلس، ئەمە دەقەکەیەتی:

ڕۆژی ٩٥/٨/٢٢ لە گەل کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانی FCO کۆبونەوە.

کاربەدەستانی بەرێتانی بریتی بون لە:

Department East Middle of Head Brown Nick. Mr
Department East Middle Wise Graham. Mr
Desk Iraqi Lowen Barry. Mr

نوێنەرانی یەکێتی بریتی بون لە:

د. فوئاد مەعصوم، د. لەتیف رەشید، نەوشیروان.

لە پێشەوە میستەر براون قسەی کرد. بەخێرهاتنی کردین. پێخۆشحاڵی خۆی و حکومەتەکەی دەربڕی کە کۆبونەوەکانی دبلن ئەنجامی ئیجابیان هەبوە. پشتیوانی تەواوی خۆیانی دەربڕی بۆ دەسپێشکەرییەکەی ئەمەریکا و ڕێککەوتنەکەی دبلن و جێبەجێکردنی. هیوایان وایە کە ئەمە ببێتە هۆی نەمانی شەڕ و گەڕانەوەی هەلومەرجی ئاسایی و تەرکیزکردنە سەر شتی گرنگتر بۆ گۆڕینی وەزع لە ناو عیراق دا. هەروەها وتی: بەریتانیا کورد بە دۆستی خۆی دائەنێ و حەز بە پێشکەوتن و سەلامەتی ئەکا. لە دوای جەنگی خەلیجەوە بەریتانیا پێشنیاری کردوە و هەوڵی داوە کە کورد بپارێزرێ بۆیە هیوادارن کە:

١. ڕاگرتنی شەڕ و ئاشتی بەردەوام بێت.

٢. مافی هەردو پارتی بپارێزرێت.

٣. کۆبونەوەی داهاتو بە ڕێککەوتنی تەواو کۆتایی بێت و هەردو سەرکردە ئیمزای بکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەروەها وتی: وەختێ ئێوە لە ناو خۆتانا شەڕ ئەکەن ئێمە هەست بە ئیحراجی ئەکەین لە بەردەم رای گشتی بەریتانیادا بۆ دریژە پێدانی پارێزگاری و پشتیوانی کردنتان.

ئێمەش هەواڵەکانی کۆبونەوەکانی دبلن مان بۆ باس کردن هەروەها قەوانی بیروبۆچونەکانی یەکێتیمان بۆ لێ دانەوە دەربارەی هۆی شەڕ و جۆری چارەسەرکردنی و چۆڵکردنی هەولێر و گێڕانەوەی گومرگ و دامەزراندنەوەی حکومەت.

کۆبونەوەکە سەعات ١٥ ی دوای نیوەڕۆ دەستی پێ کرد نزیکەی یەک سەعاتی خایاند.

لە پێش ئێمەدا وەفدی پارتییان دی بو. لە گەڵ ئەوانیش بە هەمان جۆر قسەیان کردوە. پارتی رەنگە لەم کۆبونەوەیەش دا جدی نەبێ و بیەوێ وەکو ئەوەی پاریس تێکی بدا. ئەبێ یەکێتی هەوڵ بدا هیچ بیانویەک بە دەستەوە نەداو پارتی ناچاربکا مل بدات بۆ ئاشتی و گێڕانەوەی هەلومەرجی ئاسایی بۆ کوردستان. پارتی ئێستا هەڵوێستی لاوازە و لە بەردەم زۆر لادا ئیحراج بوە. ناتوانێ هەتا سەر لاملی و لاساری بکا. ئەبێ هەوڵ بدەین زیاتر ئیحراجی بکەین.

دۆستەکانمان و ئێمەش پێمان باشە یەکێتی لە لای خۆیەوە هەندێ دەسپێشکەری بکات وەکو:

- دریژە پێدانی راگرتنی شەڕی راگەیاندن تەنانەت ئەگەر پارتی بەردەوامیش بێ لە سەر موهاتەرات.
- بەردانی هەندێ لە گیراوەکانی پارتی.
- ڕێگە نەدان بە دەستدرێژی بۆ سەر ئەندام و لایەنگرەکانی پارتی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی دا.
- ئەم ماوەیە رەفتاری "معامله بالمثل" لە گەڵ پارتی نەکرێ.

لە کۆتایی دا دوبارە رێز و سڵاوی بێئەندازەمان هەیە.

*

٢٩ ی ٨ ی ٩٥:

بە پێی هەواڵێکی ژمارەی ئەمڕۆی "الحیاه" ی لەندەنی ئوجەلان وتویەتی: "مەبەستمان راکێشانی سپای تورکە - بۆ ناو کوردستانی عیراق – بۆ پوچەڵکردنەوەی رێککەوتنەکەی بارزانی و تاڵەبانی". چەند رۆژێکە لە ناوچەی زاخۆ شەڕ گەرمە لە نێوان چەکدارەکانی پ ک ک و پ د ک دا.

*

٢ ی ٩ ی ٩٥:

بە پێی هەواڵێکی ژمارەی ئەمڕۆی "الحیاه" ی لەندەنی نێچیروان بارزانی چۆتە تورکیا لە سڵۆپی لە گەڵ کاربەدەستانی تورکیا کۆبۆتەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤ ی ٩ ی ٩٥:

مام جەلال بە ناو تورکیادا گەیشتۆتە شام.

*

خولی دووەم: (١٢- ١٥ / ٩ / ١٩٩٥)

١٢ ی ٩ ی ٩٥:

گەیشتینە دبلن، پایتەختی کۆماری ئیرلاندا، لە ئوتێلێکی ئەوێ دابەزین.

پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کۆبونەوەکان دەستیان پێ کرد.

وەفدەکان هەمان وەفدەکانی پێشون و بەرنامەی کاری کۆبونەوەکانیش هەمان خاڵەکانی کۆبونەوەکانی پێشون:

١. چەکداماڵینی هەولێر.

٢. گێڕانەوەی داهاتەکان بۆ حکومەت.

٣. بە گەڕ خستنەوەی پارلەمان و پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ.

*

١. چەکداماڵینی هەولێر

پارتی داوای ئەکرد:

- بۆ هەر لایەک تەنیا ٣ بارەگا لە هەولێر بمێنێ بە ماڵەکەی مامجەلالیشەوە. بارەگاکان لە دەرەوەی جادەی ٦٠ مەتری بێ و، بۆ هەر بارەگایەکیش تەنیا ٢٠ پاسەوان تەرخان بکرێ.

- هەر لایە تەنیا ١٠ مەسئولی لە هەولێر هەبێ. هەر مەسئولەش لە ٥ تا ١٠ پاسەوانی هەبێ.

- هەمو هێزەکانی یەکێتی و چەکی ناوئجی و قورس لە ناو هەولێر و دەوری هەولێر بکشێتەوە.

- هێزەکانی یەکێتی لە (قوشتەپەو بیستانەو دێگەڵە) کۆ بکرێنەوە. هی پارتی لە (کەڵەک و مەلا ئۆمەر و دەربەندی گۆمەسپان)

- پارتی سورە لە سەر ئەوەی ڕێگای شاوەیس - هەولێری بۆ چۆڵ بکرێ بۆ هاتوچۆی خۆی (لەوەش مەبەستی ماڵ و بارەگای مامجەلاله) و، ڕێگای قوشتەپە بۆ هاتوچۆی یەکێتی تەرخان بکرێ.

ئێمە پێشنیارەکانی خۆمان دەربارەی چۆڵکردنی هەولێر و دەوروبەری و ڕاگرتنی "هاوسەنگی هێز: توازن القوی" لە ناو ناوچەی (صەلاحەدین، کەڵەک، قوشتەپە، دێگەڵە) دا باس کرد. پارتی ئەوەیان قوبوڵ نەبو.

دواجار پێشنیارمان کرد:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- یەکێتی هەمو هێزەکانی خۆی لە هەولێر و دەوربەری بکێشێتەوەو لە قوشتەپە کۆیان بکاتەوە.

- پارتی هەمو هێزەکانی خۆی لە دەوربەری هەولێر بکێشێتەوەو لە صەلاحەدین کۆیان بکاتەوە.

پارتی قوبوڵی نەکرد.

بەمجۆرە مەسەلەی هەولێر بە چارەسەرنەکراوی مایەوە.

*

٢. مەسەلەی داهات

وەفدی پارتی ئەیەوێ بەر لە هەر شتێ هەولێر بە تەواوی چۆڵ بکرێ لە چەکداری یەکێتی، دوای ئەوەی هەیئەتێکی بێلایەن شایەتی ئەدا بە ئەنجامدانی چۆڵکردن و ئەوان باوەڕ ئەکەن ئینجا پارلەمان کۆببێتەوە و، حکومەتێکی نوێی خاوەن بنکەیەکی فراوان پێک بهێنێ کە نوێنەرانی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر و کۆمەڵگە ئیتنیەکان بەشداری بن و، ئەو حکومەتە نوێیە دەس بگرێ بە سەر هەمو ناوەندەکانی داهاتی کوردستان دا، ئەوسا ئیبراهیم خەلیل بخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم.

ئێمەش بۆمان روون کردنەوە کە پارتی ئەتوانێ لیستەیەک بکا بە سەرچاوەی دەرامەت لە سەرانسەری کوردستان دا. ئێمە قوبوڵمانە هەموی بخرێتە ژێر دەستی هەیئەتی بێلایەنەوە. بەڵام ئێمە یەک جێگامان بە لاوە گرنگە ئەویش برایم خەلیلە. تا کێشەی برایم خەلیل چارە نەکرێ کێشەی هەولێر چارە ناکرێ. پارتی قوبوڵی نەبو برایم خەلیل بخرێتە ژێر دەستی هەیئەتی بێلایەنەوە.

بەمجۆرە مەسەلەی ئیبراهیم خەلیل بە چارەسەرنەکراوی مایەوە.

دەروازەی ئیبراهیم خەلیل - خابور لە دو لاوە گرنگیەکی ژیانیی هەیە بۆ پارتی: یەکەمیان، سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوی داهاتی رۆژانەیە، سەرچاوەی سەرەکی ژیاندنی داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و داوودەزگاکانی هەردو حیزب بو. دوەمیان، کارتێکی سیاسیە ئەمەریکا و لایەنەکانی "پرۆفایدکۆمفۆرت" ی پێ "ئیبتیزاز" ئەکا. تەنیا رێگەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەیانە بۆ ناو کوردستان و بۆ ناو عیراق ئیبراهیم خەلیلە، ئەویش لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی پارتی دایە، هەر کات بیەوێ ئەتوانێ هێزەکانی عیراقی بۆ بهێنێتەوە و ئەو دەرگایەیان بە یەکجاری لێ دا بخا.

لێرەدا قسەی بەرپرسێکی بالای پارتیم بیر کەوتەوە کە لە سەر سنوری هەلەبجە" لە کۆبونەوەی کادرەکانی سلێمانی دا لە وەلامی یەکێکیان دا وت بوی: "سلێمانیمان بە دەستەوە بێ رۆژی چەند ملیۆن دیناری تیا خەرج بکەین، یان ئیبراهیم خەلیلمان بە دەستەوە بێ رۆژی چەند ملیۆن دینارمان لێی دەست بکەوێ؟"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

سەرباری ئەم ناکۆکیە قوڵانە، کێشەیەکی تریشی هاتە سەر ئەویش لوت تێ ژەنینی تورک بو لە ناکۆکیەکان بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆیان بە سەر کوردی عیراق دا لەو هەلومەرجە دژوارەدا. وەفدی ئەمەریکی، بە راوێژ لە گەڵ تورکیا و موئتەمەر، رەشنوسی ڕێککەتننامەیەکیان ئامادە کرد بو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی یەکێتی و پارتی پێک هات بو لە دێباجەیەک و ٦ بەش.

بەشی یەکەم بۆ چەکدامالینی هەولێر و،

بەشی دوەم بۆ داهات و،

بەشی سێیەم بۆ بەگەڕخستنەوەی دەسەلاتی هەرێم و،

بەشی چوارەم بۆ پێکهێنانی هەیئەتی بێلایەن و،

بەشی پێنجەم بۆ بەرپرسیارێتی حیزبەکان بەرامبەر هەیئەتی بێلایەن و،

بەشی شەشەم بە تایبەتی بۆ دابینکردنی ئاسایشی تورکیا تەرخان کرابو.

دەقی ئەم بەشەیان جارێک بەمجۆرە پێشنیار کرا:

"VI نیگەرانیە ئەمنیە مەشروعەکانی تورکیا

"بەشدارەکان دان بەوەدا ئەنێن کە ئەو هەڕەشانەی عونسورە ئیرهابیەکانی کە بنکەیان لە باکوری عیراقە و لەوێوە عەمەلیات دژی تورکیا ئەکەن هۆی سەرەکی نائارامین لە ناوچەکەدا، لە بەر ئەوە لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا نیگەرانیە ئەمنیە مەشروعەکانی تورکیا ئەبێ حسابی بۆ بکرێ."

جارێکی تریش بەمجۆرەی خوارێ:

"نیگەرانیە ئەمنیە مەشروعەکانی تورکیا

"حیزبەکان ڕێکن لە سەر ئەوەی لە دامەزراندنەوەی دەسەلاتی هەرێم و پارلەمانی هەرێم دا کار بکەن بۆ ڕێگرتن لە هەبونی تاقمە تیرۆریستەکانی، وەکو پ ک ک، لە سەروی عیراق دا تا هۆکاری نائارامی نەمێنێ.

لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا نیگەرانیە ئەمنیە مەشروعەکانی تورکیا بۆ ئەمینی و سەلامەتی سنوری ناوەوڵەتی حساب بکا."

د ئەحمەد چەلەبی، بۆ سوککردنی قورسایی ئەم پابەندیە، دەقەکەی بە شێوەیەکی جیاواز لە مەعنا ئینگلیزیەکەی کرد بو بە عەرەبی.

*

لە پەراوێزی کۆبونەوەی هاوبەش دا چەند کۆبونەوەیەکی دوقۆڵیمان لە گەڵ وەفدی ئەمەریکی، تورکی، بەریتانی کرد.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە گەڵ وەفدی ئەمەریکی چەند جارێ دانیشتین.

لیمان پرسین: ئایە ئەوان ئامادەن لە هەیئەتی بێلایەن دا بەشدار بن؟

وتیان: ئامادە نین.

لیمان پرسین: ئایە ئەوان ئامادەن هەندێ کەس بنێرن بۆ چاودێری ئاگربەست؟

وتیان: ئامادە نین.

لیمان پرسین: ئایە ئەوان ئامادەن پسپۆڕی داراییمان بۆ بنێرن بۆ چاودێری داهاتی ئیبراهیم خەلیل و راگرتنی حساباتی رابوردو؟

وتیان: ئامادە نین.

لیمان پرسین: ئەگەر خۆمان و بە پارەی خۆمان هەندێ ئەفسەری خانەنشینی ئەمەریکی و پسپۆڕی دارایی بە کرێ بگرین ئایە ئەوان رێگەیان ئەدەن و پشتیان ئەگرن؟

وتیان: رازی نابین.

لیمان پرسین: ئەگەر یەکێتی هەولێری لە هێزەکانی خۆی چۆڵ کرد ئایە ئەوان گەرەنتی ئەدەن پارتی هێرشی نەکاتە سەر و داگیری نەکا؟

وتیان: گەرەنتی نادەن.

لیمان پرسین: دوای ئەوەی یەکێتی هەولێری چۆڵ کرد ئایە ئەوان گەرەنتی ئەدەن پارتی برایم خەلیل و داهاتەکەی تەسلیمی هەیئەتی بێلایەن بکا؟

وتیان: گەرەنتی نادەن.

ئەمەریکا ئەیەوێ دور بە دور سەیری مەسەلەکە بکا. نایەوێ خۆی بە هیچ جۆرێ لەم گێرەوکێشە ئاڵۆزەوە بگلێنێ. لە سەرەتاوە ئەمەریکاییەکان بە راشکاوی وتیان ئەوان بەشداری هەیئەتی بێلایەن نابن. هیچ گەرەنتییەکیش نادەن بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە.

*

کۆبونەوەی دوەمی لە گەڵ وەفدی تورکی.

دوجار لە گەڵ وەفدی تورکی دانیشتین.

کۆبونەوەی یەکەم: باسی پێویستی گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایشیان کرد. ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداری کردن لە گێڕانەوەی ئاشتی و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، چارەسەرکردنی کێشەی داهاتی گومرگ بەوەی گومرگ لە دیوی تورکیا بە ئاگاداری هەردولا وەربگیرێ و بخرێتە بانقێکەوە لە سلۆپی. بانقێکیش لە سەر سنور بکرێتەوە. بۆ شکاندنی ئابلۆقەی پارتی رێگەی هاتوچۆی هاوولاتییان و رێگەی گەیاندنی ئازوقە و پێویستییەکان لە دەروازەی خابورەوە بۆ هەولێر و سلێمانی دابین بکەن. تەئکیدیان کرد کە لە هەیئەتی بێلایەن دا بە هیچ جۆرێ ئەندامێتی لایەنی بێگانە: ئەمەریکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یا بەریتانی قوبوڵ ناکەن. خەبیری بێگانەش ناهێڵن بەشدار بێ. بەڵام وەزارەتی دارایی ئەوان ئامادەیە خەبیر و شارەزاییمان بۆ دابین بکا.

تورک قەڵس بون لە هاتنی نوێنەری بەریتانی. تەنانەت لە خۆیان پرسی بو بۆچی و بە چ هەقێ هاتوە. پێشینان وتویانە: "شێر کە پیر بو ئەبێ بە مەسخەرەی گورگ!"

تورک هەوڵ ئەدا "دورایی ناودەوڵەتی" نەدرێ بە مەسەلەی کورد.

*

کۆبونەوەی دوەم: وەفدی ئەمەریکی لە رەشنوسی ڕێککەوتنامەکەدا بۆ رازیکردنی تورک لە دێباچەکەی دا باسی ئاسایشی تورکیای کرد بو، هەروەها بەشی شەشەمی بۆ ئاسایشی تورکیا تەرخان کرد بو. وەفدی تورکی ئەیانویست ئەوەمان بە سەردا بسەپێنن.

ئیمە وەزعی سیاسی خۆمان بۆ ڕون کردنەوە کە چۆن لە لایەن عیراق و ئێران و پارتییەوە گەمارۆ دراوین. ناتوانین لەم کاتەدا بەرگەی گوشاری ئێران و سوریا بگرین. بۆ ئەوەی ئێران و سوریا وا تێ نەگەن ئیمە موئامەرەیان لێ ئەکەین داوا ئەکەین لە باتی ئاسایشی تورکیا بە تەنیا بڵێین: ئاسایشی دەوڵەتانی دراوسێ لەوانە تورکیا. وە تەئکید بکەینەوە لە سەر ئەو دەقەی لە راگەیاندنی دروگێدا نوسراوە. بەشی شەشەم بکوژێتەوە. تورک کەوتنە هەڕەشەی ئەوەی کە ئەگەر ئەوە قوبوڵ نەکەین ئەوان ئەو ڕێککەوتنەیان بە لاوە گرنگ نابێ.

وتیان: ناهێڵن ئاشتی و ڕێککەوتن سەر بگرێ.

وتیان: ئەبێ لە بەینی تورکیا و پ ک ک یەکێکیان هەڵبژێرن. بێ پێچ و پەنا پێیان راگەیاندین کە ئەبێ شەڕی پ ک ک بکەین.

وتیان: ئیوە ئەڵێن ناتانەوێ توشی شەڕ بن لە گەڵ ئێران و سوریا، ئەی ئەتانەوێ توشی شەڕ بن لە گەڵ تورکیا؟

وتیان: پارتی داوای لێ کردون جەیش بنێرن بۆ کوردستان، بەڵام ئەوان وتویانە بە شەرتێک جەیش ئەنێرن کە پارتی بە ڕەسمیی و بە ئاشکرا داوا بکا، نەک وەکو جارەکانی تر بە دزی داوا بکا و بە ئاشکرا نارەزایی دەربببڕێ.

ئیمەش وتمان: ئیمە هاتوین بۆ گفتوگۆ لە سەر ناکۆکی یەکێتی و پارتی نەهاتوین بۆ باسی ئاسایشی تورکیا و گیروگرفتی پ ک ک. ئەگەر ئەتانەوێ باسی ئاسایشی تورکیا بکەین وەفدێکی یەکێتی بانگ بکەن بۆ تورکیا لەوێ لە کۆبونەوەی دوقۆڵی دا باسی ئاسایشی تورکیا بکەین.

داواکانی تورکمان قوبوڵ نەکرد و داوامان کرد ئەو بەشەی پێوەندی بە تورکیاوە هەیە کە بەشی شەشەمی ڕەشنوسەکە بو بکوژێتەوە. لە سەر ئەوە نەگەیشتینە یەک.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کۆبونەوەی یەکەم دا "مغریات" یان خستە بەردەممان لە کۆبونەوەی دوەم دا هەڕەشەیان لێ کردین. تورک کە ئەبو لە کۆبونەوەکان دا وەکو (موراقیب) بەشدار بێ وەکو ئاغای کۆبونەوەکان ڕەفتاری ئەکرد. پارتی گوێڕایەڵیان بو.

*

ڕەوتی گفتوگۆی ناو کۆبونەوەکان لە ۱۲ تا ۱۵ ی ئەیلول دریژەی کێشا. لە بەر ئەوەی لە نوقتەی یەکەم و دوەم دا نەگەیشتینە یەک، باسی نوقتەی سێهەم نەکرا. وەفدی پارتی بە دریژایی هەردو خولی گفتوگۆکان هەڵوێستەکانی توند و قسەکانی ڕەق و بۆچونەکانی نەگۆڕ بو. نەهات بون بۆ ڕێککەوتن، هات بون بۆ بیانوبڕینی ئەمەریکا.

*

۱۵ ی ۹ ی ۹۵:

کۆتایی گفتوگۆ

ئێوارەی ۱۵ ی ۹ پاش ئەوەی وەفدی ئەمەریکی نیوەڕۆکەی چو بون بۆ سەفارەتی خۆیان هەواڵی لای ئێمەیان پرسی بو وە پرسیان بە کاربەدەستانی خۆیان کرد بو لە واشینتۆن، لە هاتنەوەیان دا نائومێد بون لەوەی بتوانن هەردولا لە یەک نزیک بخەنەوە، لە کۆبونەوەیەکی هاوبەش دا ئاگاداریان کردین کە کۆبونەوەکان تەواو بو. هەرلایەک بگەڕێتەوە بۆ ڕاوێژ لە گەڵ سەرکردایەتی خۆی بە هیوای ئەوەی لە پاشەڕۆژی نزیک دا چارە بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.

ئەم ئەنجامە، شکستی پڕۆسەکە بو، ئێمەی زۆر ناڕەحەت کرد، بەڵام ئەوەی لە مە زۆر زیاتر منی قەڵس کرد قسەیەکی ڕۆبێرت دۆیچ بو کە دوبەدو بە خۆمی وت: "ئەم گفتوگۆیانەی ئێرە سودی نیە چونکە ... (ناوی دەسەڵاتدارێکی باڵای یەکێتی هێنا لە هەولێر) لەوێ بە هاوکارەکانی ئێمەی وتوە ئەوان لەوێ با بۆ خۆیان هەر باسی چۆڵکردنی هەولێر بکەن، ئەگەر ڕێکیش بکەون لە سەر چۆڵکردنی، هەولێر بە دەس منە و، من چۆڵی ناکەم..." من وەڵامم دایەوە، بەڵام ئەو درکاندنەکانی ئەوی هەولێری بە لاوە جدیتر بو لە قسەکانی من، بە تایبەتی لەو کاتەدا مام جەلال، وەکو دوایی بیستم، بە تورەیی هەولێری بە جێ هێشت بو چو بو بۆ شام.

*

داوایان کرد ئاگادارییەکی هاوبەش بە ناوی هەموانەوە بڵاو بکرێتەوە جارێکی تر هەمومان ئیلتیزامی خۆمان بە ڕاگەیاندنی درۆگیدا، بە تایبەتی دریژە پێدانی ڕاگرتنی شەڕ، ڕابگەیەنین. ئێمە داوامان کرد کات و شوێنی کۆبونەوەیەکی تر دیاری بکرێ بۆ ئەوەی دریژە بە گفتوگۆ بدەین. ئەمەیان لێ قوبوڵ نەکردین. ئێمەش وتمان دریژە پێدانی حاڵەتی نیوەشەڕ نیوە ئاشتی بە قازانجی پارتیە، چونکە بەردەوام ئەبێ لە زەوتکردنی دەرامەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەڵکی کوردستان دا بۆیە ئیمە پابەندی ئەوە نابین و، خۆمان چی بە چاک بزانین بۆ خۆمان ئەوە ئەکەین.

*

ئەمەریکیەکان بە "جدی" نەهاتونەتە ناو کایەکەوە. ئەیانەوێ لە رێگەی ئەحمەد چەلەبی و موع ەوە رەفتار لە گەڵ ئەم گرفتە ئاڵۆزاوە بکەن. ئەوەش لە سەرو توانای موع ەوەیە. لە بەر ئەوە راگەیاندنەکەی درۆگێدا بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕ لە سەر ئەرزی کوردستان هیچ کاریگەریەکی نیە و، بۆ بەلاداخستنی ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوان هەردو حیزب هیچ نرخێکی نیە، بەڵام بۆ ناوبانگی ئەمەریکا ناگونجێ، گفتوگۆیەک ئەوان سەرپەرشتی بکەن، بە شکست کۆتایی بێ.

پێش ئەم راگەیاندنە کە سامی و من ئیمزامان کردوە، بێ ئەوەی کەسمان فەرماندەی پێشمەرگە بین، چەندین رێککەوتنی تر بە ئیمزای مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هەردو م س بڵاو کراوەتەوە بە کردەوە هیچی جێبەجێ نەکراوە. قابیلە ئەمەیان چارەنوسی لەوان باشتر بێ.

*

وتویانە: هەزار سەعات گفتوگۆی بێ ئەنجام باشترە لە یەک سەعات شەڕی خوێناوی. لە ماوەی ساڵ و نیوی رابوردودا من لە زیاتر لە هەزار سەعات گفتوگۆی بێ ئەنجام دا بەشدار بوم و، چەندین وڵاتی دنیا گەڕاین. بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار چوینە تورکیا و ٣ جار چوم بۆ تاران و ١ جار بۆ پاریس و و ٢ جار بۆ درۆگێدا و دبلن و دەیان جار بۆ هەولێر و سەلاحەدین، بێ ئەوەی توانیبێتمان یەک سەعات شەڕی خوێناوی رابگرین. گفتوگۆکانی ئیمە لە باتی ئەوەی "دانوسەندن" بێ "حوار الطرشان" ە لە بەر ئەوە بڕیارم دا ئیتر لەم گفتوگۆ بێبەرانەدا بەشدار نەبم. لەو بارەیەوە نامەیەکم بۆ م س نوسی کشانەوەی خۆمم لە گتوگۆکانی داهاتودا پێ راگەیاندن و لە لەندەن مامەوە.

*

بۆ ئەوەی ویژدانی خۆم ئاسودە بکەم، دەربارەی ئەم گفتوگۆ بێ ئەنجامانە، چەند وتارێکم نوسی. لە هەردو چاپی کوردستان و لەندەنی "کوردستانی نوێ" دا بڵاوم کردنەوە.

*

لە ژمارەی ٥٩٠١ ی رۆژی ٤٢ ی ٩ ی ٥٩٩١ ی "کوردستانی نوێ" دا ئەم وتارەم بڵاوکردەوە.

لە گفتوگۆکانی دبلن دا:

پارتی دەرەتانی چارەسەری سیاسی داخست،

ئاخۆ چ دەرەتانێکی تر ئەکاتەوە؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

-۱-

گفتوگۆکانی رۆژانی ۱۲-۹۵/۹/۱۵ ی نێوان یەکێتی و پارتی لە دبلن بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی سەرکەوتو کوتایی هات.

کۆبونەوەکان بە سەرپەرشتی ئەمەریکا و، بەشداری موعم و، بە چاودێری تورکیا و بەریتانیا کرا.

ئەم کۆبونەوانە درێژەی کۆبونەوەکانی رۆژانی ۹-۹۵/۸/۱۱ ی درۆگێدا بو.

لە کۆبونەوەکانی درۆگێدا لەبەر ئەوەی هەردولای ناکۆک نەیانتوانی لە سەر تەفصیلات رێک بکەون، ئیکتیفایان کرد بە دانانی چەند سەرەتایەک کە ئەبو وەکو چوارچێوە دیاری بکرێن بۆ باسی تەفصیلاتی گیروگرفتەکان و دانانی رێوشوێنی چارەسەر کردنیان لە خولێکی داهاتوی گفتوگۆدا.

بەرنامەی کۆبونەوەکانی خولی دوەمی گفتوگۆ وا دانرا بو کە لە ۱۲-۹/۱۵ لە سەر تەفصیلات بدوێن و پێک بێن و، رۆژی ۹/۲۵ سەرکردەی هەردو حیزب ئامادە بن بۆ ئیمزا کردنی رێککەوتنەکە.

پاشنیوەڕۆی ۹/۱۲ کۆبونەوەکان لە لایەن ناوبژیوانی ئەمەریکاییەوە دەستی پێ کرد. باسەکان هەمان باسەکانی جاری پێشو بون:

۱. چەکداماڵینی هەولێر.

۲. گێڕانەوەی داهاتی گومرگ.

۳. بە گەڕخستنەوەی پارلەمان و پێکهێنانەوەی حکومەتی هەرێم.

بابەتی یەکەم و دوەم لە چەند کۆبونەوەی هاوبەش و دوقۆڵی کوردی - ئەمەریکی، کوردی - تورکی دا باس کرا. هەردولای کێشەکە باری سەرنجی خۆیان روون کردەوە. یەکێتی جاری پێشو بیروڕاکانی خۆی دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەکان لە پڕۆژەیەکی درێژا نوسی بو. ئەمجارەش پارتی باری سەرنجی خۆی دەربارەی چەکداماڵینی هەولێر ئامادە کرد بو.

ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی زۆرن. بەڵام هەمویان لە یەک سەرچاوەوە هەڵئەقوڵێن، ئەویش: جیاوازی عەقڵیەتی هەردو سەرکردایەتیە دەربارەی جۆری بەڕێوە بردنی کاروباری کوردستانی عیراق.

ناکۆکییەکان ئەمجارە لە دو مەسەلەی سەرەکی دا: هەولێر و ئیبراهیم خەلیل خڕ کرابونەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

-۲-

ئیبراهیم خەلیل!

یەکێتی باوەڕی وایە: کوردستانی عیراق یەک وڵاتە. دانیشتوانی ئەم وڵاتە یەک گەلە. رابوردو و ئێستاو پاشەڕۆژیان پێکەوە بەستراوە. هیچ بنەماڵەیەک یا عەشیرەتێک یا حیزبێک ناتوانێ خۆی بە خاوەنی ناوچەیەکی دیاریکراو دابنێ و، پاوانی بکا بۆ خۆی. پاوانی سیاسی، پاوانی کومەڵایەتی، یا پاوانی گومرگی، ئەگەر لە سەردەمی میرایەتی بادینان و سۆران و بابان دا بۆ هەندێ بنەماڵە و عەشیرەت لوابێ، ئەوا لەم سەردەمەدا لە هیچ لایەک قوبوڵ ناکرێ.

بنەماڵەی بارزانی لە مانگی مایسی ۹٤ هوە دەستی بە سەر دەروازەی ناودەڵەتی ئیبراهیم خەلیل - خابور دا گرتوە. داهاتی گومرگی خابور بە تەنیا بۆ خۆی ئەبات. زۆری داهاتەکە بە دزییەوە ئەگوێزێتەوە بانکەکانی دەرەوە. هەروەها دەستی بە سەر رێگای هاتوچۆی ناودەوڵەتی دا گرتوە. هەرکەس ئەوان رێگای نەدەن ناتوانێ هاتوچۆ بکا. سەرانەی ناقانونییان بە دراوی بێگانە بۆ خۆیان لێ ئەستێنن.

سەرچاوەکانی دەرامەتی حکومەتی هەرێم کەم و دیارن: گومرگی ناوچە سنورییەکان، دەرامەتی دائیرەکانی حکومەت، دەرامەتی کارگەکان. لە بەرامبەر ئەوەدا خەرجی حکومەت زۆرە. حکومەت بەرپرسیارە لە دابینکردنی مانگانەی موچەخۆرانی حکومەت: فەرمانبەران، خانە نشینەکان، خێزانی شەهیدان، هەروەها هەندێ پرۆژەی خزمەتگوزاری...

دەروازەی ئیبراهیم خەلیل تەنیا دەروازەی ناودەوڵەتی و رەسمییە بۆ بەستنی کوردستانی عیراق بە دنیای دەرەوە. بازرگانی نێوان کوردستانی عیراق و، بەشێکی گرنگی بازرگانی عیراق لە گەڵ دنیا لەم رێگایەوە ئەکرێ. نوقتەکانی سەرسنوری ئێران بایەخێکی ئەوتۆیان نیەو، دەرامەتێکی کەمیان هەیە، چونکە هێشتا رەسمیی و قانونی نین و، بە قاچاخ دائەنرێن. ئێرانیش بە رەسمیی سنوری نەکردۆتەوە.

داهاتی ئیبراهیم خەلیل هەمیشە لە چاو داهاتی نوقتەکانی گومرگ و، داهاتی کارگەکان و، داهاتی دائیرەکان دا زۆرتر بوە. کاتێ تورک و عیراق لە مانگی ئابی ۹٤ دا رێک کەوتن لە سەر گوێزانەوەی سوتەمەنی لە عیراقەوە بۆ تورکیا، داهاتی ئیبراهیم خەلیل زۆر زیادی کرد. رۆژانە زیاتر لە ۱۰۰۰ تانکەر هاتوچۆی ئەکرد. زیاد بونی داهاتی ئیبراهیم خەلیل هاندەرێکی کاریگەر بو، بۆ لاساری بنەماڵەی بارزانی بۆ درێژەدان بە شەڕ. بەرپرسەکانی پێشویان لا برد، نێچیر بارزانی خۆی لە جێگای فازیل مەتنی بو بە لێپرسراوی لقی ۱ ی بادینان و، شەوکەت یەزدین بارزانی لە جێگای سەربەست زاخۆلی بو بە بەرپرسی دەروازەی خابور بە تایبەتی داهاتی گومرگ. لەو ساوە ئەمانە بە ئاشکرا داهاتی گومرگ بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆیان ئەبەن. تەنانەت داوودەزگا ئیداری و حیزبییەکانی پارتی لە بادینان نازانن پارەی گومرگ چی لێ ئەکرێ و بۆ کوێ ئەڕوا.

زەوتکردنی داهاتی ئیبراهیم خەلیل گیروگرفتێکی گەورەی لە کوردستانی عیراق دا دروست کردوە:

١. کورتی کەوتۆتە موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک. ئەمەش ئاستی ژیانی موچەخۆرانی دابەزاندۆتە نزمترین پلەی گوزەران.

٢. دینار لە بازاڕدا کەم بۆتەوە، بە هۆی گلدانەوەی لای بنەماڵەی بارزانی و دابەش نەکردنیەوە، بایی سەوداو کڕین و فرۆشتن پارە لە بەر دەستا نەماوە.

بە داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیل بنەماڵەی بارزانی ژیانی زیاتر لە ١٦٠ هەزار موچەخۆری حکومەت و، هەزاران دوکانداری ناوبازاڕیان ناخۆش و تاڵ کردوە.

سوربونی بنەماڵەی بارزانی لە سەر داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیل هۆی هەرەگەورەی هەڵگیرسانەوەی شەڕی پارتی و یەکێتی و، دواییتر هۆی دەرکردنی پارتی بو لە هەولێر.

-٣-

ئێستاش کلیلی چارەی کێشەکە: ئیبراهیم خەلیلە.

"ڕاگەیاندنی سەرەتاکان" لە دروگێدا سەبارەت بە داهاتەکانی حکومەت و حسابکردنی ماوەی رابردو روون و ئاشکرایە:

- لە ماوەی ٤٨ سەعاتا دوای سەلماندنی چەکداماڵینی هەولێر، هەمو ئەو گومرگ و داهاتانەی لە لایەن حیزبەکانەوە کۆ ئەکرانەوە لە ژێر سەرپەرشتی هەیئەتێکی بێلایەن دا کۆئەکرێتەوە و بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە ئەخرێتە حسابی بانکەوە.

- حسابی هەمو ئەو داهاتانە بکرێ کە لە ١ ی مایسی ١٩٩٤ ەوە لە ژێر دەستی حیزبەکانا بوە.

ئاخۆ پارتی قوبول ئەکا:

١. ئۆردوگای ئیبراهیم خەلیل تەسلیمی "هەیئەتی بێلایەن" بکرێ.

٢. پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەی پارتی لە ئۆردوگای ئیبراهیم خەلیل نەمێنێ.

٣. داهاتی گومرگ بە سەرپەرشتی هەیئەتی بێلایەن کۆ بکرێتەوە و بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە لە بانک دا دابنرێ.

٤. هاتوچۆ کردن بۆ دەرەوە و بۆ ناوەوەی کوردستان لە دەروازەی خابوربخرێتە ژێر سەرپەرشتی هەیئەتی بێلایەنەوە.

٥. هەمو سەرچاوەکانی تری داهات: نوقتەکانی گومرگ، دەروازەکانی هاتوچۆ، دەرامەتی کارگەکان و دائیرەکان... ئەوی لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی یا هی پارتی دایە، وەکو ئۆردوگای ئیبراهیم خەلیل ئەبێ بخرێتە ژێر سەرپەرشتی هەمان "هەیئەتی بێلایەن" ەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦. موچەی مانگانەی هەمو فەرمانبەرانی کوردستان لە ژێر سەرپەرشتی "هەیئەتی بێلایەن" دا بدرێ.

نوێنەرایەتی پارتی لەم خولەی گفتوگۆکان دا سور بو لە سەر ئەوەی: دەروازەی خابور لە ژێر دەستی هێزەکانی خۆی و موچەخۆرەکانی خۆیا بمێنێتەوە. ئامادە نەبو بیخاتە ژێردەستی "هەیئەتی بێلایەن" ەوە. ئەیەوێ وەکو جاران کۆکردنەوە و هەڵگرتنی داهات لە ژێردەستی خۆیا بێ.

وەکو "محامیەکی محترف" چۆن بە پارە دیفاع لە تاوانێکی گەورە ئەکات، ئاوەهاش نوێنەرانی پارتی لە کۆبونەوەکان دا دیفاع لەم دزییە ئاشکرایە ئەکەن کە بنەماڵەی بارزانی لە خەڵکی کوردستانی ئەکا. ئاخۆ لە بەرامبەر ئەو دیفاعە ناڕەوایەدا لە سەداچەندی داهاتی ئیبراهیم خەلیلیان بدرێتێ؟

بنەماڵەی بارزانی چونکە لە دوای ئاشبەتاڵ دزینی پاشەکەوتی شۆڕشی ئەیلولی بە ئاسانی بۆ چوە سەر، وا ئەزانێ ئەمجارەش دزینی داهاتی ئیبراهیم خەلیلی بۆ ئەچێتە سەر. سەرانی پارتی لە بیریان چۆتەوە پاش چەندین ساڵ هەندێ لە بەرپرسەکانی جەزائیر لە ئەوروپا کۆژران لە سەر ئەوەی پارەی شۆڕشی جەزائیریان دزی بو؟

-٤-

هەولێر

لەوەتی خولی دوەمی شەڕ دەستی پێ کردوتەوە بنەماڵەی بارزانی هەمو دەسپێشکەرییەکی کوردی، عیراقی، ناوچەیی، جیهانیی... بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆی سیاسی، بە بیانوی داگیرکردنی هەولێرەوە ڕەت کردۆتەوە. چۆڵکردنی هەولێری کرد بو بە مەرجی پێشەکی بۆ هەمو گفتوگۆ و ناوبژییەک. لە ڕاستی دا ئەمە بیانو بو، لەوەش مەبەستی سەرەکییان دریژە پێدانی "حاڵەتی نیوە شەڕ و نیوە ئاشتی" بو بۆ دریژە پێدانی تاڵانکردنی داهاتی بادینان بە تایبەتی داهاتی ئیبراهیم خەلیل.

دەرکردنی پارتی لە هەولێر لە ئەنجامی داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیل و زەوتکردنی دەرامەتەکەی دا بو. تا ئەو زەمانەش بنەماڵەی بارزانی سوربێ لە سەر داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیل ئەبێ ببر لەوەش نەکاتەوە بە خوشیی و هێمنیی بگەڕێتەوە بۆ هەولێر.

یەکێتی لە مێژە داوای چەکداماڵینی هەمو شارەکان و، هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای حیزبیی کردوە. لای وایە هۆیەکی سەرەکی ئاڵوزانی هەلومەرجی کوردستان و، دروستکردنی مەترسی بۆ سەر حکومەت و پارلەمانی هەرێم "دیموکراسی چەکدار"ە. ئەمە یەکێکە لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان بیروبۆچۆنی یەکێتی و پارتی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- یەکێتی وەکو ریکخراوێکی شارستانی، ئەیەوێ دەوڵەتی قانون و نیزام هەبێ. دەوڵەت بەرپرسی دابینکردنی ئاسایشی گشتی ولات و داوودەزگاکانی و، ئاسایشی تایبەتی سەر و سامانی خەڵک بێ. لە مەناخێکی سیاسی وەهادا یەکێتی بە هێز ئەبێ.

- پارتی وەکو حیزبی بنەماڵەیەکی دواکەوتو، ئەیەوێ حوکمی حیزب و میلیشیاکانی بمێنێ، چونکە هەر لەو جۆرە مەناخە سیاسیەدا ئەتوانێ بژی و گەشە بکا. ئەگەر دەسەلاتی راستەقینەی حکومەتێکی شارستانی هەبێ ئەپوکێتەوە.

بۆیە لە هەر شوێنێکی کوردستان، ئەگەر هەولێر بێ یا هەر شارێکی تر، هەلی چەکداماڵین بێتە پێشەوە، یەکێتی بە خۆشییەوە پێشوازی لێ ئەکا.

-٥-

یەکێتی پێ ی خۆشە چەک لە هەولێر دابماڵرێ و، بکرێتە شارێکی بێ چەک، هەروەها پێ ی خۆشە چەک لە هەمو شارەکانی تریش دابماڵرێ. جیاوازی بیروبۆچونی یەکێتی و پارتی لێرەوە دیسان دەس پێ ئەکا:

- یەکێتی چەکداماڵینی هەولێری بە لاوە کارێکی شارستانی پێویستە بۆ ئەوەی پایتەختی کوردستان ببێتە نمونەی شارێکی ئارام و ئاسودەی پڕ ئاسایشی پێکەوە ژیانی هەمو حیزبەکان.

- پارتی چەکداماڵینی هەولێری کردوە بە بیانو بۆ ئەوەی:

١. بیخاتە قاڵبی سزادانی یەکێتییەوە. گوایە یەکێتی هەولێری داگیر کردوە ئەبێ لە سەر ئەوە سزا بدرێ. سزادانەکەش چەککردنە!

٢. بۆشاییەکی چەکدار لە هەولێر و دەوروپشتی دا دروست بکا لە یەکەمین دەرفەتا داگیری بکا.

داواکانی پارتی هەر لە سەرەتاوە لە پەڵپ و بەهانە ئەچون نەک لە چارەسەری قابیلی جێبەجی کردن. چونکە پێش چوڵکردنی هەولێر ٤ کێشە دێتە پێشەوە ئەبێ چارەسەربکرێن:

١. ئەگەر یەکێتی هەولێری لە چەکدار چوڵ کرد، گەرەنتی چیە پارتی پەلاماری نادا و داگیری ناکا؟ ماوەیەک سەرانی پارتی ئەیانوت: پەیمانی شەرەفی... گەرەنتیە. لە هەلومەرجی نەبونی متمانە بە یەکتری پەیمانی شەرەف بە روتی بەس نیە بۆ دڵنیابونی یەکێتی لە نیازی پارتی.

٢. ئەگەر یەکێتی هەولێری لە چەکدار چوڵ کرد، گەرەنتی چیە پارتی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل چوڵ ئەکا و تەسلیمی حکومەتی هەرێم یا هەیئەتی بێلایەنی ئەکا؟

تەنانەت ئەگەر رۆژانی یەکەم بۆ سپی کردنەوەی روی خۆی لە لای خەڵک تەسلیمی حکومەتی کرد، گەرەنتی چیە پاش چەند رۆژی جارێکی تر داگیری ناکاتەوە؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. ئەگەر یەکێتی هەولێری لە چەکدار چۆڵ کرد، کێ بەرپرسی ئاسایشی هەولێر و، سەلامەتی سەرو سامانی دانیشتوانی هەولێر و، دائیرەو داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئەبێ؟

پارتی زۆری داوا کرد لە خەڵکی هەولێر رابپەڕن، خۆپیشاندان بکەن، مان بگرن... دژی یەکێتی. دوکان و بازار و دائیرەو قوتابخانە و زانکۆ دابخەن... کەس گوێی لێ نەگرتن. گەرەنتی چیە پارتی هەلی چۆڵکردنی هەولێر لە چەکداری یەکێتی ناقۆزێتەوە بۆ ئەوەی باندە چەکدارەکانی بەر بداتە گیانی خەڵکی هەولێر تۆڵەی پشتگوێ خستنی داواکانیان لێ بکاتەوە؟

٤. ماڵی بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی و هەمو بارەگا سەرەکییەکانیان لە صەلاحەدینە. ماڵی مامجەلال و بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی و هەمو بارەگا سەرەکییەکانی لە هەولێرە. ماوەیەکی زۆر پێش هەڵگیرسانی شەڕیش هەر وەها بوە. ئەگەر یەکێتی ماڵی لێپرسراو و بارەگا سیاسییەکانی لە هەولێر گوێزایەوە - وەکو پارتی داوا ئەکا- ئاخۆ پارتی ماڵی مەسئول و بارەگاکانی خۆی لە سەری رەش و صەلاحەدین ئەگوێزێتەوە؟

-٦-

پارتی چۆڵکردنی هەولێر لە هێزی یەکێتی، جیا ئەکاتەوە لە چۆڵکردنی دەوروپشتی هەولێر و چۆڵکردنی ئیبراهیم خەلیل لە هێزی پارتی.

یەکێتی لای وایە هەتا هێزی پارتی لە دەوروپشتی هەولێر هەبێ، مەترسی هێرشی پارتی بۆ سەر هەولێر و داگیرکردنی هەیە. لەبەرئەوە ئاسایشی هەولێر و ناوچەکانی دەوروپشتی هەولێر پێکەوە بەستراون و کار لە یەکتری ئەکەن.

دەوروپشتی هەولێر هێزی پارتی لێ یە. جگە لەوە صەلاحەدین و سەری رەش کە تۆزێک لە ٢٠ کم دورە لە هەولێرەوە، هەمیشە زیاتر لە ٣ هەزار چەکداری بە بیانوی پاریزگاری مەسعود و م س هوە لێ یە. ئەم هێزە هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ گرتنی هەولێر. جگە لەو هێزانەی لە کەڵەک، بەحرکە، مەلائۆمەر، کەسنەزان، دەربەندی گۆمەسپان... مۆڵ دراون.

پارتی داوا ئەکا:

- یەکێتی هەروا بە بێ گەرەنتی هەولێر چۆڵ بکا و ئەویش لە شوێنەکانی خۆیا بمێنێتەوە.

- هێزەکانی یەکێتی بکشێتەوە بۆ قوشتەپە، بێستانە، دێگەلە و هێزەکانی خۆی لە کەڵەک، مەلائۆمەر، کەسنەزان جێگیر ببێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەمەش بە کردەوە هەوڵێر ئەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی پارتییەوە. کەی وێستی ئەتوانێ داگیری بکا.

- ڕێگای شاوەیس - هەوڵێری بۆ چۆڵ بکرێ. ئەوسا هەمو ڕێگاکانی هەوڵێر جگە لە ڕێگای قوشتەپە - کەرکوک هەموی ئەکەوێتە دەستی.

ڕەنگە یەکێ بپرسێ: ئەی کەواتە دەوری هێزەکانی "هەیئەتی بێلایەن" چی ئەبێ لە ڕێگرتن لە هێرشی پارتی؟ ئەرکی سەرەکی هێزەکانی ئەم هەیئەتە پارێزگاری ئاسایشە نەک ڕاگرتنی هێرشی پارتی یا یەکێتی.

-٧-

بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیە چەند (بدیل) یک پێشنیار کرا:

بەدیلی یەکەم: هێزەکانی هەردولا و بارەگا سەرەکییەکانی هەردولا و، مالّی مەسئولەکانی هەردولا لە هەوڵێر و صەلاحەدین بگوێزرێنەوە بۆ ناوچەکانی دهۆک و سلێمانی. پارێزگای هەوڵێر بە تەواوی و ناوچەکانی نێوان زابی گەورە و زابی پچوک لە چەکداری هەردولا چۆڵ بکرێ و بکرێتە مەڵبەندێکی بێ چەک.

بەدیلی دوەم: مالّی مەسعود و بارەگاکانی مس و سەرکردایەتی پارتی لە صەلاحەدین بگوێزنەوە بۆ ساردار و بارزان.

مالی مامجەلال و بارەگاکانی مس و سەرکردایەتی یەکێتی لە هەوڵێر بگوێزنەوە بۆ کۆیە و دوکان.

بەدیلی سێهەم: هەردولا لە شاری هەوڵێر و دەوروپشتی وەکو یەک بە کەمترین ژمارەی چەکدار هەبن. بۆ ئەوەی هیچ لایەکیان نەتوانن پەلاماری یەکتری یان پەلاماری هەوڵێر بدەن، لە ناوچەکانی بەینی: (صەلاحەدین، کەڵەک، قوشتەپە، دێگەڵە) دا "هاوسەنگی هێز: توازن القوی" لە نێوان هەردولا دا ڕابگیری بەمجورە:

دەوری هەوڵێر:

١. هێزەکانی هەردولا لە شارو دەوروپشتی هەوڵێر بکێشرێنەوە.

٢. هێزەکانی پارتی لە صەلاحەدین و هێزەکانی یەکێتی لە قوشتەپە کۆ بکرێنەوە.

٣. شوێنەکانیان بە قەدەر یەک هێزی لێ بێ و بە قەدەر یەک لە هەوڵێرەوە دور بن.

٤. هەردولا بە قەدەر یەک بارەگاو پاسەوانیان لە شاری هەوڵێر ببێ.

٥. "هەیئەتی بێلایەن" بۆ چاودێریی جموجوڵی چەکداری هەردولا لە هەردو شوێن چاودێر دابنێ.

ناوشاری هەوڵێر:

١. "هەیئەتی بێلایەن" کە بە سەرپەرشتی موع و بە ڕەزامەندی هەردولا پێک دی ئاسایشی هەوڵێر و، داوودەزگاکانی و نوقتەکانی پشکنینی دەروازەکانی شار وەربگرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. یەکێتی هێزە چەکدارەکانی و چەکی قورس و ناونجی لە ناو شاری هەولێر بکێشێتەوە.
٣. یەکێتی بارەگاکانی خۆی کەم بکاتەوە بۆ ٣ بارەگای سیاسی و، پارتی ٣ بارەگای سیاسی لە هەولێر بکاتەوە. ژمارەی پاسەوانی هیچ بارەگایەک لە ٢٠ کەس زیاتر نەبێ.
٤. هەر لایەک بۆی هەبێ ٢٠ کەس لە لێپرسراوەکانی لە شاری هەولێر بێ و، ژمارەی پاسەوانی هیچ کەسێکیان نابێ لە ١٠ کەس زیاتر بێ.
٥. یەکێتی رێگای قوشتەپە بۆ هاتوچۆ بە کار بهێنێ و، پارتی رێگای کەسنەزان بۆ هاتوچۆ بەکار بهێنێ.

نوێنەرایەتی پارتی زۆری ئەم پێشنیارانەی قوبوڵ نەکرد. سور بو لە سەر داواکانی خۆی. ئەیەوێ ئەوەی بە شەڕ بۆی جێبەجێ نەکراوە، بە گفتوگۆ بیهێنێتە دی. ئەیەوێ هێزەکانی خۆی لە صەلاحەدین، کەڵەک، مەلا ئۆمەر، کەسنەزان بهێڵێتەوە و، هێزەکانی یەکێتی لە هەولێر و دەوروبەری دور بخاتەوە بۆ قوشتەپە، بێستانە، دێگەڵە.

—٨—

تورک و ئاشتکردنەوەی کورد

نوێنەرایەتی تورک بۆ چاودێریی لە کۆبونەوەکانی درۆگێدا بەشدار بون. لە سەر داوای ئەوان چەند سەرەتایەک دەربارەی پاراستنی یەکێتیی ئەرزی عیراق و، بەشداربونی نوێنەرایەتی کومەڵە ئیتنییەکان لە کابینەی داهاتودا و، رەچاوکردنی بایەخە رەواکانی ئاسایشی تورکیا خرا بوە ناو "راگەیاندنی سەرەتاکان" ەوە.

پێ ئەچێ هەروەکو پارتی و یەکێتی خۆیان ئامادە کرد بو بۆ باسی تەفصیلاتی چەکداماڵینی هەولێر و گێرانەوەی داهاتی گومرگ، تورکیش خۆی ئامادە کردوە بۆ باسی تەفصیلاتی ئاسایشی خۆی لە خولی دوەمینی گفتوگۆکان دا.

لەو پێشنوسەدا کە بۆ ریککەوتنی یەکێتی و پارتی نوسرا بو، لە دو جێگا باسی ئاسایشی تورکیای تێ ترنجێنرا بو. جگە لە پێشەکی رێککەوتننامەکە، بەشی شەشەمی پێشنوسەکەش بۆ هەمان مەسەلە تەرخان کرا بو. تەنانەت ئەبو لە جێبەجێکردنی هەمو بەندەکانی رێککەوتنەکەدا ئاسایشی تورکیا رەچاو بکرێ.

پارتی بە لاساری خۆی و، رقی کوێرانە لە یەکێتی و، هەڵوێستی نامەسئولانەی بەرامبەر پاشەڕۆژی کوردستانی عیراق، زەمینەی خۆهەڵقورتاندنی خۆش کردوە بۆ هەمو هێزە ناوچەییەکان. هەرچەند شەڕی خۆبەخۆی کورد زیاتر درێژە بکێشێ فاکتەری نالەباری تازە دێتە ناو ناکۆکییەکەوە.

١. تورکیا لایەن نەبو لە گفتوگۆکەدا. ئەوان چاودێر بون. لایەنە سەرەکییەکانی گفتوگۆ پارتی و یەکێتی بون. ئەبو ناوبژیکەر: (ئەمەریکا) و چاودێریکەر: (تورکیا و بەریتانیا) هەوڵ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بدەن باری سەرنجی ناکۆکی هەردولا لە یەکتری نزیک بخەنەوە. نەک فرسەت بهێنن داواکانی خۆیانیان بە سەرا بسەپێنن.

۲. ئەم کۆبونەوانە ئەبو تەرخان بکرێن بۆ باسی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی نەک بۆ باسی ئاسایشی تورکیا.

۳. تا ئەو کاتەی شەڕ لە نێوان پارتی و یەکێتی دا هەیە، باسی ئاشتکردنەوەی ئەم دو حیزبەو گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ کوردستان و دامەزراندنەوەی حکومەتی هەرێم لە پێش هەمو شتێکی تر‌ەوە دێ. دوای بڕینی ئەو قوناغە ئینجا مەسەلەکانی تر، لەوانە: ئاسایشی دراوسێکان دێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

نوێنەرایەتی تورک بە خۆتیهەڵقورتاندنی نابەجێ لە رەوتی کۆبونەوەکان و، ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەدا، نەک نەیتوانی ببێ بە یارمەتیدەر بۆ نزیکخستنەوەی هەردولا لە یەکتری، بەڵکو بو بە کۆسپێکی تری رێگای لە یەک گەیشتنی پارتی و یەکێتی.

-۹-

رەنگە کوردێکی دڵسوزی کەم ئاگا لە رووداوەکانی کوردستانی عیراق و، گیروگرفتی رۆژانەی ژیانی خەڵک، بە لایەوە شتێکی سەیر بێ کە یەکێتی لە سەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل، یا لە سەر راگرتنی هاوسەنگی هێز لە هەولێر و دەوربەری پێ دانەگرێ:

- مەلائۆمەر و شاوەیس چەکداری یەکێتی لێ بێ یا هی پارتی؟

- دەروازەی ئیبراهیم خەلیل چەکداری بارزانی لێ بێ یا هی بێلایەن؟

ئەمانە چی لە مەسەلەی کورد ئەگۆڕن، چەندی دوا ئەخەن و چەندی بۆ پێشەوە ئەبەن، وا ئەم دو حیزبە شەڕی لە سەر ئەکەن؟

بێگومان ئەمانە لە چاو گەورەیی مەسەلەی نەتەوەیی کوردا و لە چاو پاراستن یا دوڕاندنی ئەو دەرفەتە میژوویییەی بۆی هەڵکەوتوە، شتی زۆر پچوک بگرە تووڕەهاتن. دوڕاندنی شتی گەورە بۆ شتی پچوک، ئەگەر گەوجێتی نەبێ نەزانییە.

-۱۰-

گەورەیی و پچوکی و، گرنگی و بێبایەخی هەمو شت، شتێکی "نیسبییە" بە گوێرەی زەمان و زەمین ئەگۆڕێ.

جەوەندەیەک ئاو بۆ کابرایەکی تینوی ناو بیابانێکی گەرم، سەد جار لە روباری دیجلە بە نرختر‌ە، داهاتی ئیبراهیم خەلیلیش، لەم قوناغەی ئێستادا، بۆ ژیانی زیاتر لە ۱۷۰ هەزار موچەخۆر سەد جار لە داهاتی داهاتوی نەوتی کەرکوک زۆرترە. "تەبەقی پڕ ئاشتی مالە". مالی هاوواڵاتی کوردستانی عیراق ئەم ئاشتییەی تیا نەماوە.

پێشینان وتویانە: قسە هەزارە دوانی بە کارە!

کورت و کرمانجی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵێر لە باتی ئیبراهیم خەلیل گیراوە.
پارتی ئیبراهیم خەلیل بداتەوە، یەکێتی هەوڵێر چۆڵ ئەکا.
نەوشیروان مستەفا

لە (کوردستانی نوێ، ژمارە ١٠٩٥، ٢٤ / ٩ / ١٩٩٥) بڵاوکرایەوە.

وەڵامی پارتی:

دەزگای راگەیاندنی پارتی وەڵامی ئەم وتارەیان لە زمانی گوڵانەوە دایەوە لە ٢٨ / ٩ / ٩٥ دا لە ژێر سەرناوی: "مریشک لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە؟"

لەم وەڵامەدا نوسی بویان:

یەکێتی وا دیارە دەرسی لە ئەزمونی شەڕی ساڵ و نیوی رابوردو وەرنەگرتوە ئێستاش هەمان قەوانی سواوی ئیبراهیم خەلیل لێ دەداتەوە و دەیەوێ هەمان وەرەقەی زەختی بەتاڵ بخاتەوە کار. بۆ کارپێکردنی هەست و سۆزی جەماوەر بە تایبەتی ئەو فەرمانبەر و موچەخۆرانەی کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بە کولەمەرگی دەژین و ئاشکراشە کە سەرانی یەکێتی وەک جارەکانی پێشو دەیانەوێ لەو رێیەوە رێگا بۆ جەولەیەکی دیکەی شەڕ خۆش بکەنەوە دەنا خۆیان واتە سەرانی یەکێتی خۆیان زۆر چاک دەزانن کە پارتی لاری لە تەسلیم کردنەوەی داهاتی ئیبراهیم خەلیل نیە، بەڵام دەبێ یەکێتی پێشتر هەوڵێری پایتەختی هەرێم لە چەکدارەکانی خۆیان چۆڵ بکەن و پەرلەمانی کوردستان بکەوێتە سەر کاری ئاسایی خۆی و کابینەی سێهەمی حکومەتی هەرێم دابمەزرێت بۆ ئەوەی داهاتی ئیبراهیم خەلیل و داهاتی گومرگەکانی دیکەی کوردستان تەسلیم بە کابینەی سێهەم بکرێتەوە و ئەوانیش بە پێی یاسا و ئوسوڵ و بودجەی مصدق کراو لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و ئاوەدانکردنەوەدا سەرفی بکەن. نەوشیروان دەیەوێ ئەم پرۆسە مەنتیقیە سەروبن و لنگەوقوچ جێبەجێ بکرێت..."

لە ژمارەی رۆژی ١٣ ی ١٠ ی ١٩٩٥ ی چاپی لەندەنی "کوردستانی نوێ" دا و دواتر لە ژمارەی ١١٧٠ ی رۆژی ٢٠ ی ١٢ ی ١٩٩٥ دا چاپی کوردستانی هەمان رۆژنامەدا بڵاوکرایەوە لە ژێر سەرناوی:

لە پاریسەوە بۆ دبلن:

بۆ دواوە چوێکی خەمناک

لە وەتی شەڕی خۆبەخۆی کورد لە کوردستانی عیراق دا هەڵگیرساوە، زۆر کەس و لایەن و حیزبی کوردی و عیراقی و جیهانیی و، زۆر دەوڵەت وداوودەزگای ناوچەیی و جیهانیی بە نامە و نوێنەر داوایان لە هەردولای ناکۆک کردوە: شەڕ رابگرن و، بە گفتوگۆی سیاسی ناکۆکییەکانیان بە لادا بخەن. زۆر لەوانە ئامادەییان دەربڕی بۆ ناوبژی.

ناوبژی کوردی هەر زو سەری نەگرت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوبژی عیراقی لە خولی یەکەمی شەڕەکان دا هەندێ سەرکەوتنی پچوکی لە مەسەلەی راگرتنی شەڕ و، گۆڕینەوەی دیلەکان و، جیاکردنەوەی هێزەکان لە مەیدانەکانی شەڕدا بە دەس هێنا، بەڵام نەیتوانی کوتایی یەکجاری بە شەڕ بهێنێ. ئەویش سەرکەوتو نەبو.

لە ناو ئەم هەوڵە باشانەدا ٣ هەوڵی ناوەوڵەتیی ناوبژی: هەوڵی فەرەنسی، ئێرانی، ئەمەریکی، گرنگییەکی تایبەتییان هەبو.

فەرەنسا وەکو زلهێزی ئەوروپایی و، ئێران وەکو زلهێزی ناوچەیی خەلیج و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، ئەمەریکا وەکو زلهێزی جیهانیی، هەر یەکەیان لە مەیدانی پەیوەندی ناوەوڵەتان دا پایەیەکی تایبەتییان هەیە. هەوڵی ئەم ٣ زلهێزە ئەوروپایی و، ناوچەیی و، جیهانییەش سەرکەوتو نەبو.

بۆکابرایەکی ئەمەریکایی یا ئەوروپایی، تەنانەت عەرەب و عیراقی گرنگ نیە خەتای کام لای ناکۆکییەکەیە، هەمویان هەر کوردن، کورد لە ناو خۆیان دا شەڕ ئەکەن!

بەڵام تۆ بڵێ ی بۆ کوردیش گرنگ نەبێ بزانێ خەتای کام لایە و، کام لا خەریکە ئەمجارەش رەنجی کورد بە با بدا.

بۆ بەدبەختی، لە هەر ٣ گفتوگۆی سەرنەکەوتودا، من سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی یەکیتی بوم. بە ئەرکی ویژدانیی خۆمی ئەزانم، پێش ئەوەی تەجروبەکەی کوردستان بە تەواوی بفەوتێ، هەندێ لە رووداوەکان بۆ خوێندەواری کورد بگێڕمەوە. کام لا تاوانبار دەرئەچێ و کام لا بێ تاوان، ئەکەوێتە بەر ویژدانی خوێندەوار خۆی. بە لامەوە گرنگ نیە حوکمی مەحکەمەی ویژدان بە قازانجی چ لایەک دەرئەچێ، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە: رزگار کردنی تەجروبەکەی کوردستانە لە تەهلوکە.

هەر کەس بەراوردی بەڵگەکانی پاریس و دبلن بکا بێگومان بۆی دەرئەکەوێ بەرنامە و ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی نێوان هەردولای ناکۆکییەکە چ گۆڕانێکی بە باری خراپ دا بە سەر هاتوە. بابەتەکانی گفتوگۆکانی درۆگێدا و دبلن بریتی بون لە:

- پارتی داوای چۆڵکردنی هەولێری لە یەکیتی ئەکرد.
- یەکیتی پش داوای گێڕانەوەی داهاتی ئیبراهیم خەلیلی لە پارتی ئەکرد.

هیچ باسێکی سیاسی لە گۆڕێ نەبو.

بەڵام بابەتی گفتوگۆکانی پاریس بریتی بون لە:

- چۆن دەسەڵات لە کوردستان رێک بخرێتەوە. پەرلەمان، حکومەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتەکانیان چی بێ و چۆن هەڵبژاردنی گشتی بکرێتەوە.
- چۆن دەسەڵاتی حیزبی لە هی حکومەتیی جیا بکرێتەوە و، سەرەتای نیوە بە نیوە و، "ازدواجیەت" لە وەزارەت و دائیرەکان دا نەهێڵرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

• چۆن داوودەزگای لەشکر، پۆلیس، ئاسایش لە سەر بنچینەی تەجنیدی ئیجباری ڕێک بخرێتەوە.

• چۆن بەڕێوەبەرایەتی وڵات لە سەر بنچینەی لێوەشاوەیی (مجلس الخدمه)، بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی لە سەر بنچینەی لێپرسینەوەی (دیوان الرقابه الماليه)، گەشەپێدانی ئابوری بە پێ ی (مجلس التخطيط) چاک بکرێ.

• چۆن پێوەندی داوودەزگای کوردستانی لە گەڵ داوودەزگای ناوەندی لە بەغدا بە گوێرەی دەستورێکی تایبەتی ڕێک بخرێ.

• چۆن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لای دەوڵەتانی دنیا بە هێز بکرێ.

• چۆن خەتی پارێزگاری کورد لە ٣٦ ەوە بکرێ بە ٣٤ و گەمارۆی ئابوری لە سەر کوردستان هەڵبگیرێ...

باسەکان هەمو سیاسی بون. پێوەندییان بە پاشەڕۆژی سیاسی کوردەوە هەبو.

ئەوساش نوێنەرەکانی پارتی گاڵتەیان بەم شتانە ئەهات، چونکە ئەیانزانی بنەماڵەی بارزانی داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیلی بە لاوە گرنگترە لە ناوبانگی خۆی و لە پاشەڕۆژی کورد.

بنەماڵەی بارزانی باوەڕی وایە کورد پاشەڕۆژی سیاسی نیە، ئەم وەزعەی هاتۆتە پێشەوە شتێکی وەختییە و، کێشەی کورد ئەبێ هەر لە بەغدا چارەسەر بکرێ، کەواتە بۆچی ئەوان پاشەڕۆژی دارایی خۆیان تەئمین نەکەن؟ لە بەر ئەوە سەرانی پارتی ڕێککەوتننامەی پاریسیان زیندە بە چاڵ کرد.

ناوبژی فەرەنسی: بۆچی سەری نەگرت و، کێ تێکی دا؟

دەستەیەکی نوێنەرایەتی "سوسیالیست ئینتەرناسیونال" هات بون بۆ ناوبژی بۆ کوردستان. هاوزەمان لە گەڵ هەوڵی باشی ئەمان دا، فەرەنسەش دەسپێشکەرییەکی گرنگی کرد. د. کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئینیستیتوتی کورد لە پاریس، د. فوئاد حسین، جێگری سەرۆک و، د. نەجمەدین کەریم، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئەمەریکا، هاتن بۆ کوردستان بۆ سەردانی هەردولای کێشەکە، پڕۆژەیەکیشیان پێ بو. خاڵە سەرەکییەکانی پڕۆژەکەیان بریتی بو لەوەی:

• سەرۆک میتیران نوێنەرانی هەردولا بانگ بکا بۆ جێگایەکی نزیک پاریس بۆ گفتوگۆ.

• ئەبێ هەواڵ و دەنگوباسەکانی ئەم بانگهێشتنە و کۆبونەوەکانی و گفتوگۆکانی نهێنی بمێنێتەوە و، نابێ بگاتە دەم ڕۆژنامەوانەکان.

• کۆبونەوەکان لە لایەن نوێنەری تایبەتی سەرۆک میتیرانەوە سەرپەرشتی ئەکرێ و، پسپۆڕ و شارەزایانی کێشەی کورد و، بەڕێوەبردنی ململانێ بانگ ئەکرێن بۆ یارمەتیدانی هەردولا بۆ نزیک کردنەوەی بیروڕاکانیان لە یەکتری.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

• ئەگەر گفتوگۆکان بە سەرکەوتویی گەیشتنە ڕێککەوتن، ئەوسا سەرۆک میتیران سەرکردەی هەردولا بانگ ئەکا بۆ پاریس و لە ئاهەنگێکی ئاشکرادا کە دیپلومات و ڕۆژنامەوان و سیاسی وڵاتانی جیاوازی بۆ بانگ ئەکرێ، بە ئامادە بونی سەرۆک میتیران ڕێککەوتنەکە ئیمزا ئەکرێ.

• ئەگەر گفتوگۆکان سەرکەوتو نەبون فەرەنسا خۆی ناکا بە خاوەنی.

وەفدەکە سەردانی سلێمانی یان کرد. کاک عەدنان موفتی یشیان لە گەڵ هات بو. لەو کاتەدا لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر، جەبار فەرمان، عومەری حاجی عەبدوڵڵا، عومەری سەید عەلی، کوردۆ قاسم، عیماد ئەحمەد، سالار عەزیز و، من، لە سلێمانی بوین. وەفدەکە ڕۆژەکەی لە سلێمانی گەڕان و شەوەکەی دوای شێو کوبونەوەیەکیان لە گەڵ کردین. باری سەرنجی خۆیان بۆ ڕون کردینەوە، ئێمەش باری سەرنجی خۆمان بۆ ڕون کردنەوە.

پارتی ئەوسا بە وشەی "تطبیع" هوە نوسا بو. باسی هەرچییان لە گەڵ ئەکرا ئەیانوت: "با لە پێشەوە تطبیع بکرێ!" لە مەش وەکو خۆیان ئەیانویست مەبەستیان ئەوە بو هەلومەرجی کوردستان وەکو پێش یەکی مایسی لێ بکرێتەوە. یەکێتی دەسبەجێ ناوبژیوانی فەرەنسای قبوڵ کرد. لە لایەکەوە ئەمە مەسەلەی کوردی بەرز ئەکردەوە بۆ ئاستی ناودەوڵەتان، لە لایەکی ترەوە شایەتێکی بێگانەمان ئەبو کە کام لایەن ڕێگری ئاشتی و دامەزراندنی حکومەتی قانون و نیزامە لە کوردستان دا.

لەو ماوەیەدا زنجیرەیەک کۆبونەوەی سەرکردایەتی هەردولا کرا.

لە کوبونەوەی ٦/٢٨ دا بڕیاری تێهەڵچونەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم درا و، ڕۆژی ٦/٣٠ پەرلەمان بە ئامادەبونی مامجەلال و مەسعود کرایەوە.

لە ڕۆژانی ١ و ٢ و ٧/٣ دا بە ئامادە بونی مامجەلال و مەسعود بەڕێز لە هەولێر و صەلاحەدین هەردو م س کۆبونەوە. لە کۆبونەوەی ٧/٣ دا هەردولا پێکهاتن نوێنەریان بۆ گفتوگۆ بۆ پاریس بنێرن. ناوی دەستەی نوێنەرایەتی هەردولا دیاری کران.

پارتی ویستی تەگەرەی لێ بدا. هەندێ بڕوبیانوی هێنایەوە. جارێک ئەیوت هێشتا زوە بۆ ئەوە، با جارێ "تطبیع" بکرێ ئینجا بچین و، جارێکی تر ئەیوت کێشەکان لە کوردستان چارەسەر ئەکرێن، نەک لە پاریس و واشینتون.

پارتی نەیئەتوانی ئەم دەسپێشکەرییە ڕەق و زەق ڕەت بکاتەوە. لە بەر چاوی خەڵکی کوردستان و دۆستەکانی کورد خۆی زۆر بە ئاشتیخواز و داواکەری ئاساییکردنەوە پیشان دابو. پارتی بە نابەدڵی قوبوڵی کرد. نوێنەرایەتی خۆی لە سامی سنجاری، موحسین دزەیی، هوشیار زێباری، ڕۆژی نوری شاوەیس و، پیروت پێک هێنا بو. نوێنەرایەتی یەکێتی پش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بریتی بو له د. فوئاد مەعصوم، دارۆی شێخ نوری، قادری حاجی عەلی بەگ، د. بەرهەم صالح و، من.

ئەبوایە ئەم سەفەرە تا دەرکەوتنی ئەنجامەکانی بە نهێنی لە نێوان سەرکردایەتی هەردو حیزب دا بپارێزرایە. بەلّام نوێنەرایەتی هیچ لایەک بەڕی نەکەوت بو حەفتەنامەی "گولان" بۆ تێکدانی دەسپێشکەرییەکە، هەوالّەکەی بلاّو کردەوە.

*

سەفەر بۆ پاریس

پێش چونمان بۆ پاریس لە هەولێر رۆژانی ٥ و ٧ و ٧/١١ لە ژورێکی تەلاری پەرلەمان، سامی و موحسین و د. فوئاد و من چەند جارێک کۆبوینەوە. نوێنەرەکانی پارتی لایان وابو پەلەمان کردوە لە بڕیاردانی چونە پاریس. هەندێ بیروڕامان ئالّوگۆر کرد. وەک ئەلّین: "ئاش لە خەیالّێک و ئاشەوان لە خەیالّێک!" دو بیرو بۆچونی جیاوازمان هەبو دەربارەی جۆری چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەوان ئەیانویست هەلومەرجی کوردستان بگێڕنەوە بۆ دۆخی جاران، واتە زەمانی حوکمی میلیشیا و پەنجا بە پەنجا. ئێمەش ئەمانویست چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان بکەین و، هۆکانی هەلّگیرسانەوەی شەڕ نەهێلّین و، بناغەی حکومەتی قانون و نیزام دابمەزرێنین. هەر بەو مەبەستە پڕۆژەیەکمان ئامادە کرد. م س یش دوای هەندێ دەسکاری پەسندی کرد بۆ ئەوەی بیکەین بە بەرنامەی گفتوگۆی خۆمان لە کۆبونەوەکانی پاریس دا.

چەکدارەکانی پارتی رێگای هاتوچۆی زەمینییان لە ئێمە گرت بو. بەیانی رۆژی ٧/١٢ هالیکۆپتەری تورکی هاتە هەولێر لە گەل د. فوئاد و دارۆ سوار بوین. مستەفا چاوڕەش و سەرچلّ قەزازیش ئیجازەیان وەرگرت بو بچن بۆ ئەوروپا ئەوانیشمان لە گەلّ هاتن. هەمان هالیکۆپتەر لە سەری رەش نیشتەوە بۆ هەلّگرتنی سامی و موحسین. بە کۆمەلّ لە دیاربەکر لە هالیکۆپتەر دابەزین و هەمان رۆژ فڕین بۆ ئەنقەرە.

لە ئەنقەرە ویستمان کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی تورکیا ببینین. هەندێ بڕوبیانویان هێنایەوە دیدارەکەیان دواخست بۆ دوای گەڕانەوەمان. ئێمەیان نەبینی، بەلام نوێنەرانی پارتی یان دی. لە ئەنقەرە مستەفا چو بۆ هۆلّەندا و سەرچلّ بۆ فەرەنسا.

فرانک بەیکەر، یەکێ لە کاربەدەستانی سەفارەتی بەریتانی لە ئەنقەرە، کە چەند جارێ هات بو بۆ کوردستان و، شارەزای گیروگرفتەکانمان بو، ئیوارەیەک میوانداری هەردولامانی کرد. لە میانەی قسەکان دا بیروڕای منی پرسی. وتم: "من زۆر ئومێدەوار نیم". موحسین دزەیی لە تەنیشتمەوە دانیشت بو وتی: "ئەگەر ئومێدەوار نیت ئەی بۆچی بڕۆین بۆ پاریس؟". وتم: "هەولّێکی خێرە ئەگەر سەرکەوتوش نەبی هەر باشترە لە هیچ".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەریتانیا و ئەمەریکا ناوبژی پاریس و سەفەرەکەی ئیمەیان پێ خۆش نەبو. وەکو ئەیلتوت: پێیان باش بو کورد خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات. بەڵام راستییەکەی ئەوەبو ئەیانویست تورکیا زیز نەبێ و، کێشەی کورد دورایی ناودەوڵەتی پەیدا نەکا تا وەکو کێشەیەکی ناوخۆ بمێنێتەوە.

لە گەڵ نوێنەرانی پارتی پێکەوە بلیتی فڕۆکەمان بۆ پاریس بڕی. لە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە هەمومانیان راپێچ کرد بۆ ژوری پشکنین و لێکۆڵینەوە. شازاد و فەتحی لە مەکتەبی یەکێتی و، سەفین لە مەکتەبی پارتی و، عەبدولموهەیمین، کە بۆ سەردان لە تورکیا بو، هات بون بۆ فڕۆکەخانە. زیاتر لە دو سەعات گلیان داینەوە. هەندێ بڵاوکراوەی ڕێکخراوی دەپ لە جلتاکەی موحسین دزەیی دا بو بردیان. یەکێ لە کاربەدەستانی ئەوێ بە تورەییەوە قیڕانی بە ڕومان دا: "نامانەوێ چارەی ئێوە لەم وڵاتەدا ببینین. جارێکی تر مەیەنەوە بەم ناوەدا!". هەمومان بە هەمان فڕۆکە ڕۆژی ٧/١٥ گەیشتینە پاریس. لە فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل، سەفیر بیرنارد دوران ڕاوێژکاری دیپلۆماسی سەرۆک میتیران و، د. کەندال نزان، پێشوازییان لێ کردین و، مسیو دوران بە ناوی سەرۆک میتیرانەوە بەخێرهاتنی کردین. لەوێوە بردینیان بۆ کۆشکی فرانسوای یەکەم لە کەناری پاریس. ئەندامانی تری هەر دو وەفد پێش ئێمە گەیشت بونە پاریس. هەمان ئێوارێ هەمومان یەکمان گرتەوە. میواندارەکانمان داوایان لی کرد بوین پێوەندی لە گەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەکەین و، هەواڵی کۆبونەوەکان جگە لە سەرکردایەتی حیزبەکانی خۆمان بە کەس ڕانەگەیەنین. لێرەش هوشیار زێباری فرسەتی هێنا بو هەندێ لە دەنگوباسەکانی کۆبونەوەکانی گەیاند بوە دەرەوە.

ڕێککەوتننامەی پاریس

سەفیر دوران کۆبونەوەکانی ڕێک ئەخست. بە وردی پێڕەوی نەریتی دیپلۆماسی ئەکرد. شوێنی کۆبونەوەکان هۆڵێک بو دو ڕیز کورسی بەرامبەر یەک تێ دا دانرا بو، مێزێکی درێژیش لە بەین دا. دەستەی نوێنەرایەتی هەر حیزبە لە بەرێکی مێزەکە دائەنیشتن. سەرۆکی نوێنەرایەتی یش لە ناوەڕاستی دەستەکەی خۆی دا. سەرۆکی کۆبونەوەش لای سەروی مێزەکە لە نێوان هەردو دەستەدا.

کۆبونەوەکان بەیانی ٧/١٦ دەستیان پێ کرد. پەیامێکی مادام میتیران گەیشت. لەو کاتەدا مادام میتیران بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە نەخوشخانە کەوت بو. ترسی مردنی لێ ئەکرا.

ئیمە پرۆژەکەی خۆمان پێشکەش بە نوێنەرانی پارتی کرد. د. بەرهەم صالح کرد بوی بە ئینگلیزی. وێنەمان دا بە ناوبژیوان و هەمو ئەو میوان و شارەزایانەی ئەهاتن بۆ کۆبونەوە. نوێنەرانی پارتی لە باتی ئەوەی پێ یان خۆش بێ، پرۆژەیەکی ئامادەکراویان لە بەر دەس

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دایە بۆ باس و لێکۆڵینەوە، زۆر تورە بون، بە تایبەتی رۆژ هاتەوە بە گژ مان دا. لە رقی ئێمە و، وەکو "بدیل" بۆ پرۆژەکەی ئێمە، ئەوانیش بە پەلەپەل پرۆژەیەکی کاڵوکرچیان نوسی.

هەرکەس گوێ ی لە مشتومڕی رۆژانەی ناو کۆبونەوەکان بوبێ، ئەگەر بە بێلایەنی هەڵی بسەنگێنێ، شایەتی ئەدا دەستەی نوێنەرایەتی پارتی هات بون بۆ ئەوەی دیفاع لە حوکمی میلیشیا و دەسڵاتی بنەماڵەی بارزانی بکەن. دەستەی نوێنەرایەتی یەکیتی پش ئەیانویست کۆتایی بە حوکمی میلیشیا و نیوە بە نیوە بهێنن و، دەسەلاتی قانون و نیزام لە کوردستان دا دابمەزرێ. زۆر جار نوێنەرانی پارتی ناڕاستەوخۆ ئەیانوت: "ئێوە لە بەر چاوی بێگانە ئێمە ئیحراج ئەکەن و ئەمانخەنە ژێر باری شتی وەهاوە لە وڵات قابیلی جێبەجێ کردن نیە".

کۆبونەوەکان درێژەیان کێشا. چەندین شارەزای ناسراو و پسپۆری ئاگاداری کێشەی کورد بەشدار بون، لەوانە: جیرار شالیان، نوسەری کتێبی "کورد: نەتەوەی بێ دەولەت". مارک کارڤیت، نوسەر لە رۆژنامەی "لیبراسیۆن". بیرنارد کوشنەر، وەزیری پێشوی کاروباری مرۆڤایەتی فەرەنسا. پرۆفیسور گالتونگ، شارەزای لێکۆڵینەوەی ئاشتی. هەروەها دانیک دیپلۆماتیکی ئەمەریکی و دانیکی تر دیپلۆماتیکی بەریتانی هاتن بۆ گوێ گرتن. چەند شارەزا و پسپۆڕی کاروباری ئابوری و قانونی لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنساش بەشداری گفتوگۆ بون. نوێنەرایەتی هەردولا چەند جارێ گفتوگۆکانیان توند ئەبو، خەریک ئەبو بگاتە کۆڵانی داخراو، ناوبژیوان بۆ ئەوەی کەشی کۆبونەوەکە هیمن بکاتەوە پشوی پێ ئەدان.

هەرچۆنێ بو هەردولا گەیشتنە ڕێککەوتن. ناوبژیوان هەر لە سەرەتاوە پێوەندی تەلەفونی بۆ نوێنەرایەتی هەردولا لە گەڵ سەرکردایەتی خۆیان دابین کرد بو. شەوی پێش ئیمزا کردن داوایان لە هەردولا کرد پرس بە سەرکردایەتی خۆیان بکەن. نوێنەرایەتی پارتی تێکستی ڕێککەوتنامەکەیان دا بە سەرکردایەتی حیزبەکەیان و، نیوەڕوی رۆژی دوایی ئاگاداریان کردین کە موافەقەتیان لە سەر کردوە. لە لای یەکێتییەوە من و لە لای پارتییەوە سامی هەردو تێکستی فەرەنسی و ئینگلیزی مان بە شایەتی مسیو دورین، د. کەندال، د. نەجمەدین کەریم، د. فوئاد حسین، د. عەباس وەلی، ئیمزا کرد. هەر لایەک نوسخەی خۆی وەرگرت. ئێوارەی هەمان رۆژ نوێنەری تایبەتی سەرۆک میتیران هاتە لامان. سڵاوی سەرۆکی پێ ڕاگەیاندین و پێخۆشحاڵی دەربڕی بە بۆنەی ئەوەی هەردولا گەیشتونەتە ڕێک کەوتن و پێک هاتن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەڕانەوە بۆ کوردستان

خۆمان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە. من پەلەم بو. دیسان گیروگرفتی ڕێگام هەبو. نەمئەتوانی بە ڕێگای زەمینی دا لە بادینانەوە بڕۆم. لە گەڵ شازاد هەوڵمان دا قسە لە گەڵ تورکیا بکا بە هالیکۆپتەر بمانبەنەوە بۆ هەولێر. رازی بون. دیسانەوە نوێنەرەکانی پارتی تەگەرەیان تێ خست. ئەوانیش داوای هالیکۆپتەریان کرد. لە تورکیا ئەیانویست هەردولامان بە یەک هالیکۆپتەر ببەنەوە. سامی و موحسین ئەیانویست سەردانی لەندەن بکەن ئینجا بڕۆنەوە. کاتی گەڕانەوەی خۆیان دواخست. تورکیاش لە بەر ئەوان بردنەوەی ئیمەیان دواخست. لەو ماوەیەدا سەرۆک میتیران برایە نەخۆشخانە بۆ چارەی سەرەتانی پرۆستات. ئەو کاتەی دیاری کرا بو بۆ هاتنی سەرکردەکانی هەردولا بۆ ئیمزا کردنی بە هۆی نەخۆشی ئەوەوە دوا خرا.

دارۆ و من لە پاریسەوە و، د. فوئاد لە لەندەنەوە و، قادری حاجی عەلی بەگ لە ئەمەریکاوە گەڕاینەوە بۆ ئەنقەرە. دیسان لە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە بێ هیچ بیانویەک زیاتر لە دو سەعات لە "پاس کۆنترۆل" منیان ڕاگیر کرد. یەک دو ڕۆژ لە ئەنقەرە ماینەوە. وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەندێ بڕوبیانویان هێنایەوە، ئیمەیان نەبینی. فڕین بۆ دیاربەکر و، ڕۆژی ٨/٦ لەوێوە بە کۆمەڵ سواری هالیکۆپتەریان کردین بۆ بنکەی سەربازیی خابور و لەوێوە بە سەر ناوچەی هەکاری دا بۆ سەری ڕەش ئینجا هەولێر.

پارتی هەڵیکی مێژویی لە کیس کورد ئەدا

قەول وابو سەرۆک میتیران سەرکردەی هەردو حیزب بانگ بکا بۆ پاریس. لە ئاهەنگێکی دیپلۆماسی ئاشکرا و فراوان دا ڕێککەوتنەکە ئیمزا بکەن. سەرۆک میتیران بەم بۆنەیەوە قسە بکا. داوا لە کۆمەڵی ناودەوڵەتی بکا یارمەتی کورد بدەن و پشتیوانی لێ بکەن. لە هەمان کات دا داوا لە سەرۆکی ئەمەریکی کلینتون و سەروەزیرانی بەریتانیا جۆن مەیجەر بکا: ئابڵوقەی ئابوری لە سەر کوردستان هەڵ بگیرێ و، خەتی ناوچەی ئەمین لە ٣٦ هەوە بگوێزرێتەوە بۆ ٣٤ بۆ ئەوەی هەمو کوردستانی عیراق بگرێتەوە. بەڵام ئەبو ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە ئاشکرا نەکرێ و بە نهێنی بمێنێتەوە تا کاتی ئیمزا کردنی لە بەردەمی سەرۆک میتیران دا.

دوای ئیمزا کردنی ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەش لە لایەن هەردولاوە لە پاریس بڵاو کرایەوە. لەوەدا تەنیا شتی گشتی باس کرا بو. تورکیا و ئیران و سوریا بە گومانەوە سەیریان ئەکرد. خەڵکی کوردستان بە خۆشییەوە چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی بون. دەقی ڕێککەوتننامەکە لە پەرلەمانی کوردستان دا بە ئامادە بونی مامجەلال و مەسعود خۆیندرایەوە. پەرلەمان پەسندی کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەو کاتەدا نێچیر لە ئێران بو. خەریکی گەرمکردنی ئاگری شەڕ بو لە مەیدانەکانی قەڵادزی، پێنجوین، هەڵەبجە. لەوێ وت بوی: "ناهێڵێ رێککەوتنی پاریس سەربگرێ". لە پاریسەوە کات دیاری کرا بۆ چونی سەرکردەکانی هەردولا بۆ فەرەنسا بۆ ئیمزا کردنی. تورکیا ناڕەزایی خۆی لە رێککەوتنەکە دەربڕی و رای گەیاند رێگای سەرکردەکانی کورد نادا لەوێوە بڕۆن بۆ پاریس بۆ ئیمزا کردنی. تومەز تورکیا تێکستی رێککەوتننامەکەی کەوتۆتە دەست.

هەر لە گەڵ گەڕانەوەی وەفدی هەردولا لە پاریس بۆ ئەنقەرە سەفینی کوری موحسین دزەیی، نوێنەری پارتی لە تورکیا، وێنەیەکی رێککەوتننامەکەی دابونێ. تورکیا لە چەند بەندی سەرەکیی ناوەڕۆکی رێککەوتنەکە ناڕازی بو:

- دوبارە کردنەوەی هەڵبژاردنی گشتی چ بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و چ بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی.
- تەجنیدی ئیجباری بۆ رێکخستنەوەی سوپا و پۆلیس و ئاسایش لە باتی میلیشیای حیزبەکان.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لای وڵاتانی دەرەوە.
- دانانی دەستوری فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان...

تورکیا بیانویان ئەوە بو کە جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتنە بەردی بناغەی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە عیراق دائەنێ. بۆ پەکخستنی چەند هەنگاوێکیان هاویشت:

- ناڕەزاییان دەربڕی لە بەستنی ئەو پەیمانە و، رێگایان نەدا بە سەرکردەی هەردو حیزب لە کاتی دیاریکراودا بە ناو تورکیا دا بچن بۆ ئیمزاکردنی بۆ پاریس.
- ناڕەزاییان لای فەرەنسا دەربڕی، گوایە فەرەنسا یارمەتی کورد ئەدا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ.
- وێنەی رێککەوتنەکەیان دا بە ئێران و سوریا و داوای کۆبونەوەی هاوبەشی وەزیرانی دەرەوەی هەر ٣ وڵاتیان کرد بۆ یەکخستنی هەڵوێست لە مەترسی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

دوای ئەم هەرایەی تورکیا لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆی و کۆرە دیپلۆماسیەکانی دا دروستی کرد، وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بانگهێشتنەکەی مامجەلال و مەسعودی لەغو کرد.

ئاشکرا کردنی تێکستی رێککەوتنەکە، کە ئەبو بە نهێنی بهاریزرێ تا کاتی ئیمزا کردنی لە ئاهەنگێک دا بە ئامادە بونی سەرۆک میتیران، لای سەرۆک و حکومەتی فەرەنسی رەنگدانەوەیەکی خراپی بۆ سەر ناوبانگی کورد و دیپلۆماسییەتی کوردی هەبو.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێبینی:

ئەم وتارە لە ژمارەی ١٣ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥ ی چاپی لەندەنی "کوردستانی نوێ" بلاو کرایەوە. دواتر لە کوردستان لە "کوردستانی نوێ" دا سەر لە نوێ بلاوی کردەوە و، حەفتەنامەی "الاتحاد" بە عەرەبی بڵاوی کردەوە. هەروەها تەرجومە کرا بۆ ئینگلیزی و ئەڵمانی.

سامی سنجاری و هوشیار زێباری سەرو وتاریان بە عەرەبی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم وتارە لە "خەبات" دا نوسی و، حەفتەنامەی "گولان" بە کوردی بلاوی کردنەوە.

زێباری لە وەڵامەکەی دا ئەڵێ:

"بۆیە دوپاتکردنەوەی ئەو قسەیەی کە دەڵێ ئاشکراکردنی رەشنوسی رێکەوتنەکە لە لایەن پارتیەوە، بوە هۆی پەکخستن و بە ئەنجام نەگەیشتنی ئەم رێککەوتنە، هۆکاری زاتی و لێک دانەوەی یەکلایەنە و گرێی خۆبەکەمزانین بە دەر دەخات کە خاوەنی ئەم ئیدیعا هیچ و پوچ و درۆیانە پێوەی گرفتارن...."

لە شوێنێکی تردا ئەڵێ:

"ئەم بۆچونە گوزارە لە نەشارەزایی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و، هەرێمی و، ئەو هۆکارە مەوزوعیانە دەکات کە حوکم لە واقیعی کوردی دەکەن...."

د. فوئاد مەعصوم، کە خۆی ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی یەکێتی بو لە گفتوگۆکانی پاریس دا بەڵێنی دا وەڵامیان بداتەوە. بەڵێنەکەی بە جێ نەهێنا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ بە نامە

(۲/۱۷ – ۱۹۹٦/۳/۲۷)

مانگی ۹ ی ۱۹۹۵:

سەردانی موئتەمەر

خولی یەکەمی گفتوگۆکانی یەکێتی – پارتی لە ئیرلەندا (۹ – ۱۱ /۸ /۹۵) بە چاودێری ئەمەریکا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی تێ دا بەدی نەهات. من گەڕا بومەوە لەندەن. نامە و راپۆرتم بۆ م س – ی ن ک نوسی بو. چاوەڕوانی خولی دوەم بوین.

ڕۆژێکیان چوم بۆ بارەگای موع (المؤتمر الوطنی العراقی) لە لەندەن. د ئەحمەد چەلەبی، د لەتیف ڕەشید، د فوئاد مەعصوم، لەوێ بون. د لەتیف، نوێنەری یەکێتیە لە بریتانیا و هەم نوێنەری یەکێتیە لە دەستەی ڕاپەڕاندنی موع دا. وتی:

"مام جەلال بە تەمای سەفەری دەرەوەیە و، لەم کاتەدا لە نیوان یەکێتی و پارتی دا بارگرژی هەیە بەجێهێشتنی کوردستان باش نیە. لێرەش وەزارەتی دەرەوە پێیان ناخۆشە و، ڕەئیان وایە مام جەلال سەفەرەکەی دوا بخات."

د بەرهەم سالحیش نوێنەری یەکێتیە لە ئەمەریکا هەمان ڕەئی هەبو، ئەمەریکاییەکانیش بەویان وت بو کە سەفەرەکەی لەو کاتەدا باش نیەو، چاکتر وایە لە کوردستان بمێنێتەوە.

ئەحمەد چەلەبی یش هەمان ڕەئی هەبو. داوایان لە من کرد نامەیەک بۆ مام جەلال بنوسم سەفەرەکەی دوا بخات، گوایە ڕێز لە ڕەئی من ئەگرێت، منیش وتم: "ئەگەر مام جەلال بڕیاری دابێ سەفەر بکات، کەس ناتوانێ پەشیمانی بکاتەوە سەفەرەکەی هەر ئەکات." جەماعەت سور بون لەسەر ئەوەی نامەکەی بۆ بنوسم. وتم: "مادەم وایە نامەکە ئەنوسم بەڵام هەموتان ئەبێ ئیمزای بکەن." وتیان باشە نامەکەم نوسی، من و لەتیف و فوئاد ئیمزامان کرد و ناردمان بۆ بەرهەم بۆ ئەوەی ئەویش ئیمزای بکات و، بە فاکس بێنێرێ بۆ مام جەلال.

*

۲ ی ۹ ی ۹۵:

مام جەلال نامەکەی پێ گەیشت، بەڵام وەکو من پێشبینیم کرد بو، گوێی نەدایە نامەکە و سەفەری خۆی کرد. ئەمڕۆ تورکیا بە هالیکۆپتەر لە هەولێرەوە گوێزابویانەوە بۆ ماردین و لەوێوە چو بوە سوریا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤ ی ٩ ی ٩٥:

"کوردستانی نوێ" لە ژمارە ١٠٧٨ ی ئەمڕۆی دا لە ناوچەوانی لاپەڕەی یەکەمی دا بە مانشێتی گەورە نوسیوێتی:

"لە سەر بانگهێشتی رەسمی گەورە لێپرسراوانی وڵاتانی ناوچەکە

"مام جەلال گەیشتە تورکیا و لەوێشەوە سەردانی سوریا و ئەردەن و چەند وڵاتێکی ئەوروپا دەکا

"سەفەری مام جەلال دەروازەیەکی گەورە بۆ ئاشتی دەکاتەوە"

*

ئەوەندەی من ئاگادار بم مام جەلال لە لایەن هیچ گەورە لێپرسراوێکەوە بانگهێشت نەکرا بو، بەڵکو هەمو پێیان وا بو لەو کاتەدا باشتر وایە بۆ ڕێ بڕین لە هەڵگیرسانی شەڕ لە "کوردستان بێ.

*

١٢ ی ٩ ی ٩٥:

چوین بۆ ئیرلاندە بۆ گفتوگۆ لە گەل پارتی.

*

١٥ ی ٩ ی ٩٥:

گفتوگۆکانی یەکێتی و پارتی لە ئیرلاندە شکستی خوارد. گەڕاینەوە لەندەن.

من بە تەما نەبوم بەوزوانە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان. خۆم ئەگنخاند. چونکە نائومێد بو بوم لەوەی: ئاشتی لە نێوان پارتی و یەکێتی دا ببێ، هەروەکو نائومێد بو بوم لەوەش کە سەرکردایەتی یەکێتی کاروباری ناوخۆی و هەلومەرجی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی چاک بکا.

*

١٩ ی ٩ ی ٩٥:

مام جەلال لە شامەوە چوە بۆ تاران.

*

٢٤ ی ٩ ی ٩٥:

ژمارە ١٠٩٥ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" وتارەکەی من: "لە گفتوگۆکانی دبلن دا: پارتی دەرەتانی چارەسەری سیاسی داخست، ئاخۆ چ دەرەتانێکی تر ئەکاتەوە؟" ی بڵاو کردۆتەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۲۸ ی ۹ ی ۹۵:

مام جەلال لە تارانەوە گەڕاوەتەوە شام.

*

۱۳ ی ۱۰ ی ۹۵:

مام جەلال گەیشتە لەندەن.

*

۲۷ ی ۱۰ ی ۹۵:

سەردانی جێرمی هانلی

مام جەلال لە شامەوە هاتە لەندەن. پاش چەند رۆژێ سەردانی، جێرمی هانلی، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی کرد. منیشی لە گەڵ خۆی برد. هەروەها د فوئاد مەعسوم و د لەتیف رەشید. هەر لە بەر دەرگاوە هێشتا دانەنیشت بوین هانلی لە مام جەلالی پرسی: "میستەر تاڵەبانی کەی ئەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟" لە دانیشتنەکەش دا خۆی – هانلی – دەستی کرد بە قسە. کاغەزێکی نوسراوی بە دەستەوە بو نەیهێشت ئیمە زۆر قسە بکەین خۆی لە سەر هەلومەرجی کوردستان و شەڕی ناوخۆ و هەڵوێستی حکومەتەکەی دوا. زۆری کاتی دیاریکراوی دیدارەکەی بەوە تێپەڕاند. پشتیوانی ناوبژی ئەمەریکی بۆ ئاشتبونەوەی یەکێتی و پارتی دەربڕی.

هەندێ لە دیپلۆمات و سیاسی و رۆژنامەوان کە پێوەندیدار بون لە گەڵ کێشەی کورد گومانیان هەبو لە سەفەری مام جەلال. پێیان وابو هەرچەند ئەم وڵات بە جێ ئەهێڵێ شەڕ لە کوردستان گەرمتر ئەبێ.

*

کۆبونەوەی ڤیکتۆریا

مام جەلال چەند رۆژێ لە لەندەن مایەوە. رۆژێکیان پێشنیاری کرد پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی کە لە دەرەوەن بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا کۆببنەوە. لەو کاتەدا لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی: د فوئاد مەعصوم، د کەمال فوئاد و قادری حاجی عەلی لەدەرەوە بون. کەمال فوئاد و قادر بیانویان هێنایەوە نەهاتن بۆ کۆبونەوە، لە بەر ئەوە داوای کرد لە گەڵ د فوئاد و من دابنیشین. من پێشنیارم کرد د لەتیفیش بانگ بکا. بە چوارقۆڵی لە قاوەخانەیەکی ئیستگەی شەمەندەفەری ڤیکتۆریا دانیشتین. مام جەلال وتی:

"من لەسەر گەڕانەوەم وێستم لەسەر هەندێ مەسەلە قسە بکەین و رەئیتان وەربگرم."

پاش قسە و باس لە د فوئادی پرسی: "کەی ئیشەکانی تەواو ئەبێ و کەی ئەگەڕێتەوە؟"

وتی: "ئیشەکانی تەواو بوە و لەو رۆژانەدا ئەگەڕێتەوە."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە وەڵام دا من وتم: "من ئیشەکانم لێرە تەواو نابێ و لەوێش هیچ ئیشێکم نیە. جاری پێشو لە بەر خاتری تۆ هاتمەوە، ئەگەر ئەمجارەش ئیشت بە من هەیە ئەگەڕێمەوە، ئەگەر نا من خۆم حەز ئەکەم لێرە بم."

وتی: "بەڵێ ئیستا لە هەمو کاتێکی کە زیاتر پێویستم بە تۆ هەیە." راستیەکەی من خۆم نەمئەزانی پێویستیەکەی چیە.

وتم: "باشە کە ئیشەکانم تەواو بو ئەگەڕێمەوە."

لەگەڵ د فوئاد پێکەوە قاوەخانەکەمان بەجێ هێشت و پێکەوە سواری میترۆ بوین. لەڕێگە پێم وت:

"لەبەرچاوی مام جەلال ڕوگیر بوم، حەز ئەکەم بمبەن بۆ زیندانی بریکستن و داوام لێ نەکەن بگەڕێمەوە بۆ کوردستان. لەبەرئەوە من خۆم دوا ئەخەم."

د فوئاد گەڕایەوە بۆ کوردستان. مام جەلالیش دوای ئەو بە چەند ڕۆژێ چو بۆ سوریا. لە دیمەشقەوە پێش ئەوەی بڕواتەوە جارێکی تر تەلەفۆنی بۆ کردم کە پەلە بکەم لە گەڕانەوە. مام جەلال گەڕایەوە بۆ کوردستان.

مام جەلال زۆری حەز لە سەفەرە لە بەر ئەوە بە لای منەوە سەفەرەکەی ئەمجارەشی شتێکی ئاسایی بو بەڵام پاش چەند مانگێ بوم دەرکەوت هۆی ئەم سەفەرەیان جیاواز بوە لەوانی تر و، تێگەیشتم چ ئیشێکی بە من هەبوە.

مام جەلال کە هات بو بۆ دەرەوە بۆیە هات بو، چونکە لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا چوبو بەگژ هەندێکیان دا، لەگەڵ کۆسرەت تێک چوبو. لەسەر ئەوە کۆبونەوەکەش تێک چوبو. ئەندامانی م س بە جیا خۆیان کۆبونەوەیەکیان کرد بو بڕیاریان دابو کە وەفدێک بنێرن بۆ لای مام جەلال و ئاگاداری بکەن کە چیتر توڕەبونی ناڕەوای لێ قبوڵ ناکەن. مام جەلال وەفدەکەی نەدی بو بەڵام لەو توڕەییەدا نامەیەکی توندی بۆ م س ی یەکێتی نوسی بو، لە بەشێکیدا ئەڵێ:

"بۆیە زۆر زۆر زۆر بە داخەوەم، بگرە خوێن لە جەرگم دێت، بەڵام وێجدان و (ضمیرم) مورتاحە، کە بڕیاری خۆدابڕینم لە سیاسەتی ئیستەی ئێوە و ڕێبازی ئیستەتان و ڕەفتاری ئیستەتان دەدەم و بە ناچاری چیتر خۆم بە لێپرسراو نازانم لێیان و لە ئەنجامەکانیان، وە چیتر خۆم بە سکرتێری گشتیش نازانم...

هۆیە سەرەکی و گرنگەکانی ئەم بڕیارەشم بریتیە لە:

١. جیاوازی زۆروزەوەندم لە گەڵتان لە سیاسەت دەربارەی داگیرکەرانی کوردستان، هەمویان بێ جیاوازی: هی بەغدایی و تارانی و تۆرانی.

٢. نارەزایی زۆرو بێ ئەندازەم لە ڕەفتارتان لە مەیدانی مافی مرۆڤ و کوشتن و ئازاردان و چاوپۆشین لە کادرە تاوانبارەکانتان و هتد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. گلەیی خۆم لە تاکرەوی، دیکتاتۆریەت، کاکمحەمەدی کارکردن، پێشێل کردنی سەرەتاکانی بە کۆمەڵ و مافەکانی خۆشم وەک سکرتێری گشتی و بەناو فەرماندەی گشتیش.

٤. لێتان ناشارمەوە یەک و دو زۆر گرنگن و هیچ مساوەمەیەکم پێ لەسەری ناکرێت، هیچ پەشیمان بونەوەیەکم لە بیروبۆچونەکانی خۆم لەسەریان پێ ناکرێت...

*

ئەگەر بەم نامەیە گەرەکی بوبێ ئۆباڵی سیاسی و ئەخلاقی ئەو کارانە، کە خۆی باسی کردون، لە ئەستۆی خۆی دابمالێ و لە گەردنی ئەوانی توند بکا، ئەمە بە هیچ جۆرێ ئەستۆی لەو گوناهانە پاک ناکاتەوە، چونکە خۆی کەسی یەکەمی بڕیاردەری ناو دەسەڵاتی حیزبی و حکومەتیی یەکێتیە و، کەسە سەرەکیەکانی خۆی تەعینی کردون و دەسەڵاتی داونەتێ، هەر خۆیشی ئەیتوانی بیانگۆڕێ.

*

٢٩ ی ١٠ ی ٩٥:

مام جەلال لە لەندەنەوە گەڕایەوە شام.

*

١٠ ی ١١ ی ٩٥:

مام جەلال لە دەروازەی باشماخی پێنجوینەوە گەڕایەوە کوردستان.

*

٢٧ ی ١١ ی ٩٥:

لە ماڵی سەید مەجیدی خوئی، کە کوڕی بەرزترین مەرجەعی شیعەی دنیا ئەبولقاسمی خوئیەیە، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گەڵ د لەتیف رەشید، سەردانی مەلیکی ئوردون شا حسێن مان کرد. شا حسێن هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەوانە کوڕەکانی لە گەڵ بون.

شا حسێن ماوەیەکە کەوتۆتە بینینی سەرانی موعارەزەی عیراقی و، بە هیوای گۆڕانی دیمۆکراتی و ڕێکخستنەوەی پیوەندیەکانی نیوان شیعە و سوننە و کوردە لە عیراقێکی دیمۆکراتی پلورالی و فیدرالی دا. وەکو ئەڵێن بە هیوایە ئەگەر گۆڕان لە عیراق دا دروست ببێ، عیراق و ئوردون یەکێتیەکی فیدرالی یا کۆنفیدرالی پێک بهێنن، لەو دەوڵەتەدا کوردستان هەرێمێک بێ تایبەتمەندی خۆی هەبێ. ئەگەرچی وردەکاری پرۆژەکەی باس نەکراوە و بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام ئێران و سوریا بە توندی دژایەتی ئەکەن و، سوریا ئەمە بە پیلانێکی ئیمپریالیستی دائەنێ بۆ گەمارۆدانی خۆی کە لایەکی تورکیا و لاکەی تری ئەم یەکیتیە ئەبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شا حسێن پێخۆشحاڵی دەربڕی بە بینینی ئێمە و، بە بایەخەوە گوێی لە قسەکانمان گرت سەبارەت بە گۆڕانی دیمۆکراتی لە عیراقێک دا کە مافی نەتەوەیی کوردی تێدا دابین کرا بێ.

ئێمە پیرۆزبایی ڕۆژی لە دایکبونمان لێ کرد و هیوای تەمەنێکی درێژ و بەختیارمان بۆ خواست. هەروەها سپاسی ی ن ک مان عەرز کرد سەبارەت بە هەڵوێستی ئازایانەی لە گەلی عیراق و پاشەڕۆژی سیاسی.

شا حسێن لە قسەکانی دا: سەرلەنوێ پشتیوانی خۆی دوبارەکردەوە بۆ گۆڕینی دیمۆکراتی لە عیراق دا و، داوای کرد هەمو لاکان لە سەر بنچینەی دانپیانان و ڕێزگرتن لە مافی یەکتری لە ناو خۆیان دا ڕێک بکەون لە سەر پەیمانێک بۆ ئەوەی ببێتە بناغەی دەستوری داهاتوی عیراق و، تەئکیدی لە سەر ئەوە کرد کە هیچ تەماعێکی لە عیراقی داهاتودا نیە، بەڵکو حەز ئەکا عیراق لەم مەینەتیە دەربچێ و ببێتە وڵاتێکی نمونەیی دیمۆکرات و تعددی و بەختیار و ئاسودە.

وتی: کەچی هێرشیان کردۆتە سەرم کە من عیراق دابەش ئەکەم و، دەس وەر ئەدەمە کاروباری ناوخۆی عیراقەوە.

وتی: پێشتر حسێن کامیل هیچ پێوەندیەکی لە گەڵ من نەبوە. هاتوە (دەخالەت) ی کردوە. لەوێ ئەژی. بەڵام ئەو (بەدیل) نیە. گەلی عیراق ئەبێ خۆی بەدیل هەڵبژێرێ.

ئینجا وتی: ئێوە کەسوکاری ئێمەن و ئوردون وڵاتی خۆتانە هەرکات دێن بەخێربێن.

لە کۆتایی قسەکانی دا تێی گەیاندین: بەو نزیکانە سەردانی ئەمەریکا ئەکا و سەرۆک کلینتن ئەبینێ ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکی بڕیاری گۆڕینی ڕژێمی عیراقیان هەبێ ئەمیش بە هەمو توانایەوە پشتیوانی لە موعارەزەی عیراقی ئەکا، بەڵام ئەگەر ئەمەریکا بڕیارێکی وەهای نەبێ، ڕژێمی عیراق بە وڵاتێکی پچوکی وەکو ئوردون ناڕوخێ.

سەبارەت بەم دیدەنیە ڕاپۆرتێکی کورتم بۆ م س نوسی.

*

٥ ی ١٢ ی ٩٥:

هێشتا لە لەندەن بوم بەیانیەکی زو زەنگی تەلەفۆنەکەمان لێدا. نامەیەکی کورتی فاکس کراو بو بە خەتی مام جەلال بۆ من و د کەمال فوئاد و قادری حاجی عەلی. داوای لێ کردبوین پێش ناوەڕاستی مانگی ١٢ لە کوردستان بین بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی دا گۆیا کۆبونەوەیەکی گرنگ ئەبێ. بەدوای فاکسەکەدا ئەو کوڕەی لەسەر تەلەفۆنەکە بو قسەی لە گەڵ کردم وتی: "ئەو برادەرە- مەبەستی مام جەلال بو- داوای وەڵامەکەی ئەکا." وتم: "پێی بڵێ بەسەر چاو جێبەجێی ئەکەم!"

هەمان ڕۆژ چوم بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڤیزای ئێران و بلیتی فڕۆکە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئێرانەوە لە دەروازەی پەرۆێزخانەوە گەیشتمەوە کوردستان. ئەمجارەش وەکو جارەکانی تر لە سلێمانی نیشتەجێ بوم، بریارم داوە خۆم لە کاروباری ڕۆژانەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی کەنار بگرم و خۆم لە هیچ ئیشوکارێکیان هەڵنەقورتێنم.

سەردانی مام جەلالم کرد. لەو ماوەیەدا مام جەلال لە قەڵاچوالان خەریکی نوسینی ڕاپۆرتێکی درێژ بو بۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی. ڕۆژێکیان مام جەلال ئاگاداری کردم کە پێش تەواوکردنی نوسینی ڕاپۆرتەکەی ئەیەوێ بیروڕام لەسەر هەندێ مەسەلە وەربگرێ. هاتە سلێمانی بە دوقۆڵی دانیشتین. دوای هەندێ قسەو باسی گشتی، پرسی: "تۆ هیچ بیرت لەم وەزعە کردۆتەوە چی لێ بکەین و بەرەو کوێی بەرین؟"

وتم: "بەڵێ زۆرم بیر لێ کردۆتەوە."

وتی: "چی بکەین؟"

وتم: "ئەوە ساڵێ زیاترە من سەرۆکی وەفدی یەکێتیم بۆ گفتوگۆ لە گەڵ وەفدی پارتی، پایتەختی چەند وڵات چوین، چەندین جار دانیشتین. بە گوێرەی بۆچونی من دەرگای ڕێککەوتنی سیاسی لە گەڵ پارتی داخراوە، مەگەر یەکێتی تەنازولێکی گەورە بۆ پارتی بکا، ئەشزانم یەکێتی ئەو تەنازولە ناکا. ئەمێنێتەوە دو ڕێگای تر:

"یەکێکیان، ڕێگەی یەکلاییکردنەوەی چەکدارە.

"ئەویتریان، ڕێگەی دەسپێکردنی ئیسلاحاتە.

"هێڵی ئاگربڕ لە نێوان هێزەکانی یەکێتی و پارتیدا جێگیر بکەین. (هودنە) بچەسپێنین و لە ناو ئەو ناوچانەدا کە لەژێر دەسەلاتی یەکێتی دایە ئەو ئیسلاحاتە بکەین کە چەند ساڵە بەڵێن بە میللەتەکەمان ئەدەین، لە بەرنامەی یەکێتی و بەیانی هەڵبژاردنەکەی دا نوسیومانە."

کە من لە قسەکانم بومەوە، مام جەلال وتی:

"منیش وەکو تۆ گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی دەرگای ڕێککەوتنی سیاسی لە گەڵ پارتی داخراوە. بەڵام من لەگەڵ یەکلاکردنەوەی چەکدار نیم چونکە زیانێکی گەورە لە گەلەکەمان و لە مەسەلەکەی ئەدا، لە بەر ئەوە منیش لەو باوەڕەدام کە باشترین ڕێگە: ڕێگەی ئیسلاحاتە. ئەوە بە عەرەبی پێی ئەڵێن (قوە المثل) ئیمە لەباتی ئەوەی بە تفەنگ شەڕ لە گەڵ پارتی بکەین، بە نمونەی باشتر شەڕیان لە گەڵ بکەین."

ئینجا من ئەم قسەیەم قۆستەوە، وتم:

"کەوابێ ئەبێ لە ناو مالی خۆمانەوە، واتە لە ناو یەکێتیەوە دەس پێ بکەین. فەساد: فەسادی سیاسی، فەسادی مالی، فەسادی ئیداری، فەسادی ئەخلاقی.. سەراپای لەشی یەکێتی گرتوتەوە. خەڵک هەندێ قسە لەلای ئیمە ئەکەن لەوانەیە نەوێرن لە لای تۆ بیڵێن، زۆر جار لە من ئەپرسن: جیاوازی نێوان ئێوە و پارتی چیە؟ منیش باسی جیاوازی سیاسی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و ڕێکخراوەیی.. یان بۆ ئەکەم بەڵام ئەوان کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی یەکێتی ئەبینن ئەم جیاوازییانەیان لەبیر ئەچێتەوە، ئەڵێن: "نەخێر هیچ جیاوازیەکتان نیە، هەرچی ئیمتیاز و شتی باشە بۆ خۆتان ئەوێ، وەزیفەی بەرز، خانوی خۆش، کاروکاسپی، سەییارەی تازە، ژنی جوان.. هەموی هەر بۆ خۆتانە."

مام جەلال بەڵێنی دا کە ئەم کۆبونەوەیەی سەرکردایەتی بکا بە کۆبونەوەی ئیسڵاحات، منیش بەڵێنم دایە کە هەرچی کارێ لە من داوا بکا چەند سەخت بێ جێبەجێی بکەم.

*

٢٠ ی ١٢ ی ١٩٩٥:

کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی لە ڕۆژانی ٢٠ – ٢٣ ی ١٢ ی ١٩٩٥ دا لە هەولێر دەستی پێکرد. مام جەلال ئەو ڕاپۆرتە درێژەی ئامادەی کردبو خوێندیەوە، هەرچەندە باسی پێویستی ئیسڵاحاتی کردبو، بەڵام ئیشارەتی بۆ کەموکوڕی و گیروگرفتە بنەڕەتیەکان نەکردبو. بەڕۆری ستایشی لایەنە پرشنگدارەکانی کارەکانی یەکێتی کردبو، لێپرسراوی دەزگاکانی: ڕێکخستن، پێشمەرگە، ڕێکخراوە دیموکراتیەکان.. بە ڕیز ڕاپۆرتی درێژیان بە چاپکراوی هێنابو. هەمویان باسی زیاد بونی ژمارەی ئەندام و لایەنگری یەکێتی و، گەشەکردن و پێشکەوتنی ڕێکخراوەکانیان کردبو، کەموکوڕی سەرەکییان بەش نەکردنی (نەسریە) کانیان و کەمیی سەییارە و موچەخۆرەکانیان بو. کەسیان توخنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و گلەیی و گازەندەی خەڵک نەکەوت بون.

مام جەلال، بە بیانوی ئەوەی کە خۆی بە "موتەفائیل" دائەنێ، حەز ئەکا هەمیشە باسی گەشەکردن و زۆربونی ئەندام و پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ بکەن، تەنانەت ئەگەر درۆش بێ، حەز ناکا گوێی لەو هەواڵ و دەنگوباس و ڕاپۆرتانە بێ کە باسی کەموکوڕی و گلەیی و لاواز بون ئەکا. لێپرسراوی دەزگاکان بۆ ئەوەی ئافەرینی مام جەلال بەدەس بهێنن و، نەکەونە بەر ڕق و توڕەبونی لەو شانامە ناڕاستانەیان ئەهۆنیەوە و لەو کۆبونەوەیەدا ئەیان خوێندەوە.

بە ڕاستی بە لامەوە زۆر سەیر بو، کەس لە خەیاڵی باسکردنی کەموکوڕییەکانی ناو یەکێتی و خراپی هەلومەرجی ژیانی خەڵک دا نەبو. من هەڵم دایە ڕوم کردە عومەر فەتاح وتم:

"لێپرسراوی دەزگای ڕێکخستن ئەبو وەکو باسی، کورتی بودجە و بەش نەکردنی نەسریە و سەییارەی کردوە، باسی گلەیی و گازەندەی خەڵکیشی بکردایە.

"جاران خەڵک بە ئاواتەوە بون پێشمەرگە ببینن، وایان ئەزانی فریشتەی ئازادی و خێرو خۆشین، کەچی ئێستا لە بەرچاویان بێزراون. وشە پیرۆزەکانی جاران شانازییان پێوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و ڕێکخراوەیی.. یان بۆ ئەکەم بەڵام ئەوان کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی یەکێتی ئەبینن ئەم جیاوازییانەیان لەبیر ئەچێتەوە، ئەڵێن: "نەخێر هیچ جیاوازیەکتان نیە، هەرچی ئیمتیاز و شتی باشە بۆ خۆتان ئەوێ، وەزیفەی بەرز، خانوی خۆش، کاروکاسپی، سەییارەی تازە، ژنی جوان.. هەموی هەر بۆ خۆتانە."

مام جەلال بەڵێنی دا کە ئەم کۆبونەوەیەی سەرکردایەتی بکا بە کۆبونەوەی ئیسڵاحات، منیش بەڵێنم دایە کە هەرچی کارێ لە من داوا بکا چەند سەخت بێ جێبەجێی بکەم.

*

٢٠ ی ١٢ ی ١٩٩٥:

کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی لە ڕۆژانی ٢٠ – ٢٣ ی ١٢ ی ١٩٩٥ دا لە هەولێر دەستی پێکرد. مام جەلال ئەو ڕاپۆرتە درێژەی ئامادەی کردبو خوێندیەوە، هەرچەندە باسی پێویستی ئیسڵاحاتی کردبو، بەڵام ئیشارەتی بۆ کەموکوڕی و گیروگرفتە بنەڕەتیەکان نەکردبو. بەزۆری ستایشی لایەنە پرشنگدارەکانی کارەکانی یەکێتی کردبو، لێپرسراوی دەزگاکانی: ڕێکخستن، پێشمەرگە، ڕێکخراوە دیموکراتیەکان.. بە ڕیز ڕاپۆرتی درێژیان بە چاپکراوی هێنابو. هەمویان باسی زیاد بونی ژمارەی ئەندام و لایەنگری یەکێتی و، گەشەکردن و پێشکەوتنی ڕێکخراوەکانیان کردبو، کەموکوڕی سەرەکییان بەش نەکردنی (نەسریە) کانیان و کەمیی سەییارە و موچەخۆرەکانیان بو. کەسیان توخنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و گلەیی و گازەندەی خەڵک نەکەوت بون.

مام جەلال، بە بیانوی ئەوەی کە خۆی بە "موتەفائیل" دائەنێ، حەز ئەکا هەمیشە باسی گەشەکردن و زۆربونی ئەندام و پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ بکەن، تەنانەت ئەگەر درۆش بێ، حەز ناکا گوێی لەو هەواڵ و دەنگوباس و ڕاپۆرتانە بێ کە باسی کەموکوڕی و گلەیی و لاواز بون ئەکا. لێپرسراوی دەزگاکان بۆ ئەوەی ئافەرینی مام جەلال بەدەس بهێنن و، نەکەونە بەر ڕق و توڕەبونی لەو شانامە ناڕاستانەیان ئەهۆنیەوە و لەو کۆبونەوەیەدا ئەیان خوێندەوە.

بە ڕاستی بە لامەوە زۆر سەیر بو، کەس لە خەیاڵی باسکردنی کەموکوڕییەکانی ناو یەکێتی و خراپی هەلومەرجی ژیانی خەڵک دا نەبو. من هەڵم دایە ڕوم کردە عومەر فەتاح وتم:

"لێپرسراوی دەزگای ڕێکخستن ئەبو وەکو باسی، کورتی بودجە و بەش نەکردنی نەسریە و سەییارەی کردوە، باسی گلەیی و گازەندەی خەڵکیشی بکردایە.

"جاران خەڵک بە ئاواتەوە بون پێشمەرگە ببینن، وایان ئەزانی فریشتەی ئازادی و خێرو خۆشین، کەچی ئێستا لە بەرچاویان بێزراون. وشە پیرۆزەکانی جاران شانازییان پێوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەکرا وەکو پێشمەرگە، کادر، شۆڕش، راپەڕین.. ئێستا لەلای خەڵک سوک بون و گاڵتەیان پێ ئەکەن.

"ژیانی لێپرسراو و کادرەکانی یەکێتی جۆرێکە و هی خەڵک جۆرێکی تر. ئیستەش وەکو سەردەمی بەعس، یەکێ بیەوێ لە دائیرەیەک دا دابمەزرێ، ئەبێ ئیستیمارەی ئینتیما پڕ بکاتەوە. ئێستەش خەڵک ئەگیرێ و بەبێ محاکەمە ئەکوژرێ. واسیتە و واسیتەکاری لەتەعیناتی حیزبی و حکومەتی دا پێش لیهاتویی و شارەزایی ئەکەوێ. کادرەکان، ئەندامی کەرت پیلان لە مەسئولی کەرت و، ئەندامی کۆمیتە پیلان لە مەسئولی کۆمیتە و، ئەندامی مەڵبەند پیلان لە مەسئولی مەڵبەند ئەگێڕێ، نەک لە بەر ئەوەی ئەم لەو باشترە یا ڕێبازی سیاسی جیایە، بەڵکو تەنیا لە بەر ئەوەی معاشەکەی و ئیمتیازاتی زۆرترە"

بەدوای من دا هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی قسەیان کرد کۆسرەت وتی:

"لەنێوان ئێمەو خەڵک دا دەلاقەیەکی گەورە دروست بوە. ئێمە لە خەڵک دابڕاوین چونکە ئێمە بە جۆرێک ئەژین و ئەوان بە جۆرێکی تر."

عومەری سەید عەلی وتی:

"ئێمە بوین بە (طبقه جدیده).."

"طبقه جدیده" ناوی کتێبێکی بە ناوبانگە یەکێ لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی یۆگۆسلاڤی نوسیویەتی. ئەندامانی حیزبی شیوعی بە "چینێکی تازە" دائەنێ و پێشبینی ڕوخانیان ئەکا.

مام جەلال کەوتە قسە بەدرێژی و بە وردی کەموکوڕیەکانی ناو یەکێتی و گلەیی و گازاندەی ناو خەڵکی باس کرد. ناڕەزاییەکی زۆری دەربڕی و بە ناو ناوی چەند کەسی لە کاربەدەستانی یەکێتی هێنا. کە لە قسەکانی بوەوە من ڕوم کردە مام جەلال، وتم:

"لە ناو یەکێتی دا لێپرسینەوە نەماوە. مەسئولەکان هەرچییەک ئەکەن کەس لێیان ناپرسێتەوە. جاران ئەو سەردەمەی لە شاخ بوین پێشمەرگەیەک یا کادرێک لە جەبەل حەمرین موخالەفەیەکی بکردایە بانگ ئەکرا بۆ موحاسەبە، کە ئەگەیشتە ناوزەنگ یان دۆڵی جافەتی بە ترس و لەرزەوە لە پێش دا ئەهات بۆ لای من بۆ ئەوەی شفاعەتی بۆ بکەم، ئینجا ئەهات بۆلای تۆ. تۆ مەسئولی یەکەمی یەکێتیت هەر موخالەفەیەک لە هەر مەسئولێکی یەکێتی ڕو بدات تۆ مەسئولی لەبەردەمی خەڵک دا لە بەرئەوە پێویستە موحاسەبەیان بکەیت."

مام جەلال وتی:

"ئێوە لە کۆنگرەدا دەسەلاتەکانتان لەمن سەندەوەو، دەست و پێتان بەستوم، لە بەرئەوە چۆن موحاسەبەی خەڵک بکەم."

منیش ڕوم کردە کۆبونەوەکەو لێم پرسین:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"برادەرینە رازین هەمو دەسەلاتەکانی جاران بدرێتەوە بە مام جەلال بۆئەوەی بتوانێ هەرکەس و لەهەر پلەیەک دا بێ، موحاسەبە بکا؟"

هەموو دەستیان هەڵبڕی، وتیان: بەڵێ و کرا بە بڕیار.

لەم کۆبونەوەیەدا بە درێژی باسی کەموکوڕییەکانی ناو یەکێتی و حکومەتەکەی و، خراپی هەلومەرجی ژیانی خەڵک کرا. بڕیار درا چاک بکرێن و، دەسەلاتی حیزبیی یەکێتیش لە دەسەلاتی قانونیی حکومەت جیا بکرێتەوە، ژمارەیەکی زۆر بڕیار درا و هەمویان بە بێ ئیعتیراز ئیمزایان کرد، لەوانە:

- دامەزراندنی (مجلس الخدمه العامه)

چاک کردنی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی بەم مەجلیسە بسپێردرێ. داناں و دەرکردنی فەرمانبەران لەسەر بنچینەی شەهادە و لێهاتویی، نەک لەسەر بنچینەی حیزبایەتی، بە دەس ئەمان بێ و، دەزگاکانی یەکێتی بۆیان نەبێ دەس وەربدەنە کاروباری داناں و لابردنەوە.

- دامەزراندنی (دیوان الرقابه الماليه)

هەمو داهاتەکانی حکومەت: گومرگ، دەسکەوتی دائیرەو کارگەکانی بچێتە بانک و، لە رێگای وەزارەتی دارایيەوە سەرف بکرێ و، دیوانی رەقابە چاودێری بکا. لێپرسراوەکانی یەکێتی و دەزگاکانی بۆیان نەبێ پارە لە گومرگ یان هیچ دەزگایەکی تری حکومەتی، بێ موافەقەتی وەزارەتی دارایی، دەربهێنن.

- تەعمیرکردنەوەی وەزارەت

لە بەر ئەوەی نیوەی وەزیرەکان و نیوەی وەکیلی وەزیرەکان پارتی بون و، دوای گرتنی هەولێر چوبون بۆ سەلاحەدین، شوێنەکانیان بە چۆڵی مابوەوە، بڕیار درا شوێنەکانیان بە کەسانی لێوەشاوە و شارەزا پڕ بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی پارلەمان نەمابو سوێندی لە بەردەم دا بخۆن، بە وەکیلی وەزیر دابنرێن بەڵام دەسەلاتەکانی وەزیریان هەبێ.

ئەم وەزارەتە تەعمیرکراوە تا کاتی تەواو بونی پارلەمان لە سەرکار بێ. تا ئەو کاتە ئەگەر رێککەوتن لە گەڵ پارتی کرا ئەوا وەزارەتێکی نوێ دابنرێ، خۆ ئەگەر تا ئەو کاتە یەکێتی نەگەیشتە هیچ رێکەوتنێک ئەوا پارلەمان هەڵ بوەشێنرێتەوە، حکومەتێکی ئینتیقالی دروست بکرێ لە یەکێتی و هەمو ئەو حیزبانەی ئامادەن بەشداری تێدا بکەن. کاری سەرەکی ئەم وەزارەتە ئەوە ئەبێ، کە لەماوەی ٦ مانگ دا هەڵبژاردنی گشتی لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی دا بکا. بۆ ئەوەی حیزبە بچوکەکان و هەمو کەسایەتیە سەربەخۆکانیش بتوانن بەشداری هەڵبژاردن ببن، هەلبژاردنی "نیسبی" بگۆڕێ بە هەڵبژاردنی "دائیری".

- دامەزراندنەوەی دەزگاکانی ئاسایش، پۆلیس، گومرگ.

ئەم ٣ دەزگایە لە دەزگای حیزبییەوە بکرێن بە دەزگای دەوڵەتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەرچوانی کلیەکانی: عسکری، شرطە، قانون، اجتماع، ادارە، سیاسەت لە کچ و کوڕ بانگ بکرێن بۆ خزمەت. هەیئەتێکی پسپۆڕ بێ ئەوەی گوێ بداتە ئینتیمای حیزبییان لەسەر بنچینەی لێهاتویی، تەمەن، قیافەت، هەڵیان بژێرێ بۆ ئەوەی پاش ماوەیەکی دیاریکراوی مەشق پێ کردن ببن بە ئەفسەر و دابەش بکرێن بە سەر دەزگاکانی ئاسایش، پۆلیس، گومرگ دا.

هەمو ئەندامەکانی تری ئەم ٣ دەزگایە بە هەمان ڕێگە هەڵبژێردرێن.

هەر ٣ دەزگای پێشو هەڵبوەشێنرێنەوە. ئەوانەیان کە بە کەڵکی یەکێ لەم دەزگایانە دێن بهێڵرێنەوە، ئەوانی تر دابەش بکرێن بەسەر دائیرەکانی تردا.

*

زۆری ئەم پێشنیارانە من کردم و مام جەلال بە گەرمی پشتیوانی کرد و، هیچ کام لە ئەندامانی سەرکردایەتی دژی هیچ کام لەم بڕیارانە نەوەستان و، لە کۆتاییدا هەمویشیان ئیمزایان کرد.

ئەم هەنگاوانە گۆڕینی بنەڕەتییان بە سەر جۆری بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا ئەهێناو، قازانج و دەسکەوتی هەندێکی ئەفەوتان، بۆ ئەوەی پشتیوانی زۆرتریان بۆ بەدەس بهێنرێ، هەمو تواناکانی یەکێتی بۆ جێبەجێکردنی ساز بدرێ، بڕیار درا پلینۆمێکی فراوان ببەسترێ نوێنەرانی هەمو دەزگاکان و مەڵبەندەکانی ڕێکخستن و لەشکرەکانی پێشمەرگەی تێدا ئامادە بن. نوێنەرەکان و کات و شوێنی پلینۆمەکەش دیاری کرا.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی ڕۆژانە هەواڵەکانی ئەم کۆبونەوانە و هەندێ لە باس و بڕیارەکانی بڵاو ئەکردەوە. خەڵک ئەوەندەیان لەم کۆبونەوانە دێ بو، هەواڵی ئەم کۆبونەوەوانەشیان وەکو ئەوانی تر وەرگرت. تەنانەت لەکاتی کۆبونەوەکانیش دا هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی کە یەکێ لەو بڕیارانە ئەدرا بزەی پێکەنین ئەیگرتن، تومەز گاڵتەیان پێ ئەهات و، دڵنیا بون لەوەی جێبەجێ ناکرێ.

من بە دڵێکی خۆش و هیوایەکی زۆرەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی. زۆر لەوانەی کە ئەهاتن بۆ لام باسی هەندێ لە بڕیارەکانم بۆ ئەکردن دڵ خۆش ئەبون، بەڵام دوڕدۆنگییان لە جێبەجێکردنی دەر ئەبڕی. تەنانەت کە لە سەر داوای د. جەلال شەفیق، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، لە کۆڕێک دا کە بۆ مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆم بەست و، ئەم بڕیارانەم بۆ گێڕانەوە. یەکێ لە گوێگرەکان بەو پەڕی ئازایەتیەوە وتی: "لەم قسانە زۆرمان بیستوە و زۆر جار لەم جۆرە بڕیارانە دراوە، گرنگ ئەوەیە جێبەجێ بکرێ."

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٠ ی ١٢ ی ٩٥:

ئەمڕۆ عەلی ئاغامحەمەدی بە نوێنەرایەتی سەرکۆماری ئێران هاوڕێ لە گەڵ وەفدێکی گەورەی ئێران لە ڕێگەی پیرانشەهرەوە گەیشتوتە حاجی ئۆمەران لە لایەن گەورە بەرپرسەکانی پارتیەوە پێشوازی کراوە. دوای گفتوگۆ لە گەڵ سەرانی پارتی دێتە سەردانی سەرانی یەکێتی.

*

٢١ ی ١٢ ی ٩٥:

بۆ ئەوەی جوڵە بخەمە دۆخی وەستاوەوە لە ژمارە ١١٧٩ ی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" دا وتاری "کوردستانی عیراق بەرەو کوێ" م بڵاوم کردەوە. ئەم وتارە کارێکی ئەوتۆی لە سەرانی یەکێتی نەکرد، بەڵام ئەوانەی پارتی بە جیددی وەریان گرت لە "خەبات" و "برایەتی" دا بەرپەرچیان دایەوە. هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان و، دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ و، دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنیان بە مەترسیەکی گەورە دائەنا بۆ سەر خۆیان .

*

٢ ی ١ ی ٩٦:

ئاغامحەمەدی و وەفدەکەیان هاتن بۆ هەولێر. پێشوازیەکی ڕەسمیی گەورەی حیزبی، حکومەتی، جەماوەریی، بۆ ڕێکخرا بو. هەزاران کەسیان لە پێشوازی دا ڕیز کرد بو. منیش وەکو هاوڕێکانی ترم لە ڕیزەکەدا وەستام. لە تەلاری پارێزگا بە نوێنەرایەتی ئێران وتارێکی بۆ خەڵک دا.

*

٤ ی ١ ی ٩٦:

ئاغا محەمەدی و وەفدەکەیان هاتن بۆ سلێمانی. پێشوازیەکی ڕەسمیی گەورەی حیزبی، حکومەتی، جەماوەریی بۆ ڕێکخرا. هەزاران کەسیان، لێرەش، لە پێشوازی دا ڕیز کرد بو. لە تەلاری پارێزگا بە نوێنەرایەتی ئێران وتارێکی بۆ خەڵک دا.

مەبەستی مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی لەم کارە "نمایشی سیاسی" بو. دەربڕینی دۆستایەتی بو بۆ ئێران و ڕاگرتنی هاوسەنگی بو لە پێوەندیەکان دا لە گەڵ ئەمەریکا.

*

١٩ ی ١ ی ١٩٩٦:

دواخستنی پلینۆم

چەند ڕۆژێ تێپەڕی مەکتەبی سیاسی، کە بارەگاکەی لە هەولێر بو، بە بروسکە ئاگاداری هەمو مەڵبەندەکانی کرد کە پلینۆم دوا خراوە بۆ کاتێکی دیاری نەکراو. بەهانەکەش ئەوە بو کە پارتی هێزەکانی خۆیان کۆکردۆتەوە مەترسی هێرش هەیە بۆ سەر هەولێر.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

راستیەکەشی، وەکو لە چەند سەرچاوەی تایبەتی جیاوازەوە لێم کۆلّیەوە، ئەوە بو ئەمان خۆیان لە خەتی بەرامبەری هێزەکانی یەکێتی و پارتیدا هەندێ کێشە و تەقەیان دروست کردبو بۆ ئەوەی پارتی بترسێ و ئەویش هێزەکانی کۆبکاتەوە و، ئەمە بکەن بە بیانو بۆ پەک خستنی پلینۆم، چونکە وایان زانی بو، لە پلنیۆم دا زۆر کەس خۆیان ئامادە کردبوە قسە بکەن لەسەر هەلّسوکەوتی نابەجێ و رەفتاری ناشیرینیان و، گوایە من سەرکردایەتیان ئەکەم.

پلینۆم دەسەلاتی گۆڕینی سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەیە.

*

مام جەلال لە نامەیەکی رەسمی دا کە بۆ "هەڤالانی تێکۆشەری م س ی بەڕێز" ی ناردوە نوسیوێتی:

"دوای دواکەوتنی کۆبونەوەی فراوان و لە پێناوی جێبەجێکردنی بڕیارەکان دا بە پێویستی دەزانم:

یەکەم – پەلە بکەن لە دانانی مەکتەبی دایمی (م س) لە هەڤالان: د کەمال فوئاد، د فوئاد مەعسوم، عومەر عەبدولّا، عومەر فەتاح، کاک فەرەیدون. با هەرچی زوە ئەو هەڤالانە بکەونە گەڕ و نەخشە و پلان دابنێن بۆ هەلّسانیان بە ئەرک و فەرمانەکانیان.

دوەم – بۆ مەکتەبی رێکخستن پێشنیاری هەڤال ئەرسەلان بایز دەکەم و دو هەڤالّی تری سەرکردایەتی‌یشی لە گەل بێت.

بۆ هەولێر لە جێی ئەرسەلان سەبارەت بە گرنگی هەولێر پێشنیار دەکەم هەڤالان عەدنان موفتی، بەهرۆز، سەعدی وەک کۆمیتەیەک پێی هەلّسن.

سێیەمین – بۆ دەزگای ئیعلام کاک عادل مراد پێشنیار دەکەم و دو هەڤالّی تریش یارمەتی بدەن لە ئەندامانی سەرکردایەتی.

چوارەم – بۆ مەکتەبی شەهیدان و بۆ کاروباری ئەنفالەکانیش هەڤال شێخ عەبدولکەریمی شەدەلّە پێشنیار دەکەم.

پێنجەم – بۆ مەکتەبی مافی مرۆڤ هەڤال مامۆستا گۆران پێشنیار دەکەم.

شەشەم – بۆ مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە هەڤال محەمەد تۆفیق پێشنیار دەکەم.

حەوتەم – بۆ مەکتەبی پەیوەندیە نیشتمانیەکان هەڤال مامۆستا چەتۆ پێشنیار دەکەم.

هەشتەم – بۆ مەکتەبی کۆمەلایەتی هەڤال شێخ محەمەدی شاکەلی پێشنیار دەکەم.

نۆیەم – بۆ مەکتەبی ئیدارە و مالیەی گشتی هەڤال دارۆی شێخ نوری پێشنیار دەکەم.

دەیەم – بۆ مەکتەبی رێکخراوە دیمۆکراتیەکان هەڤال مەلا بەختیار و دو هەڤالّی تری سەرکردایەتی لە گەلّی بن.

هەڤالّینە تکایە خۆتان کۆبونەوەیەک بکەن و لەم پێشنیارانەم بکۆلّنەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیارە خۆتان ئازادن چۆن بڕیار دەدەن بەڵام دەمەوێ راستیەکتان بخەمەوە یاد ئاگاتان لەوە بێت کاک عەدنان و عادل تۆشی (خیبە الامل) نەکەن. پێم باشە دڵی کادیرەکانیش، رەئیەکانیان رەچاو بکەن بۆ ئەوەی هیچ بۆشاییەک لە نێوان سەرکردایەتی و کادیرەکان دا نەمێنێت. و لە پلینۆمی داهاتودا هەمومان پێکەوە سەربەرزانە و سەرڕاستانە بۆی دەرچین.

حەز دەکەم بزانن من تەنها نیازم لەو پێشنیارانە بە جێ هێنانی بڕیارەکانی سەرکردایەتیە بە جۆرێک کە خێری ی ن ک و خۆتان و خۆمانی تیا بێت."

*

ئەم نامەیە خوێندنی "فاتیحا" یە لە سەر بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەبارەی چاکسازی و، داخستنی دەرگایە لە روی کۆبونەوەی فراوان و پلینۆم و کۆنگرەدا و، تەعینکردنی بەرپرسی جومگە سەرەکیەکانی یەکێتیە، بێ پرس و رەزامەندی سەرکردایەتی و بە بێ هەڵبژاردنیان لە لایەن کۆنگرەیەکی دەسەڵاتدارەوە.

عەدنان موفتی، بەهرۆز گەڵاڵی، عادل مراد، شێخ محەمەدی شاکەلی، (لە حیزبی سۆشیالیست) مامۆستا گۆران (لە حیزبی شیوعی)، مەلا بەختیار (لە حیزبی زەحمەتکێشان) بون... کەسیان لە کۆنگرەدا هەڵنەبژێردراون بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی، بەڵکو بۆ ئەوەی حیزبەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و بێنە ریزی یەکێتیەوە مام جەلال خۆی کردونی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

*

من لە لایەن تاقمە ناکۆکەکانی ناو یەکێتیەوە کەوتمە بەر تەنگ پێ هەڵچنین. ئەوسا لە هەڵوێستی نادۆستانەی ئەمانە تێ نەئەگەیشتم. دوایی زانیم ئەمانە وا تێ گەیشت بون مام جەلال منی بۆ شەڕی ئەوان بردۆتەوە و، وایان لێک دابوەوە کە هەمو ئەو پێشنیارانەی لەو کۆبونەوەیەدا من کردومە و بڕیاری لێ دراوە بۆ لێدانی ئەوان و کەمکردنەوەی دەسەلات و ئیمتیازەکانی ئەوانە. بۆیە ئەوانیش بە نهێنی کەوت بونە شەڕی من و، خۆنزیکخستنەوەیان لە مام جەلال. راستیەکەی من نەمزانی بو ئەوانە لە گەڵ مام جەلال شەڕیان بوە، نەشمزانی بو مام جەلال نامەی تۆندی نارەزایی بۆ نوسیون و ئەوانیش گەلەکۆمەکێیان لێ کردوە. مام جەلال هیچی لەو بارەیەوە بۆ من باس نەکرد بو. خۆیشم هیچم نەبیست بو. ئەوان بیست بویان ئیمە لە لەندەن کۆبونەوەیەکمان کردوە، وایان زانی بو لەو کۆبونەوەیەدا نەخشەی لێدانی ئەوانمان داناوە. بێگومان، ئەوەندەی پێوەندی بە منەوە هەبو، راست نەبو. ئەوەی من هەوڵم بۆ ئەدا و، بەتەمای بوم دانانی سنورێک بو بۆ فەساد و، دامەزراندنی حکومەتێکی قانونی بو، کە لە ئەنجام دا ئەمەش دەسەلاتی ئەوانی کەم ئەکردەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رۆژ بە رۆژ زیاتر نائومێد ئەبوم لەوەی ئەو بڕیارانەی لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا درا بون، جێبەجێ بکرێن. هەندێ لە دەسەلاتدارانی ناو یەکێتی، کە بوبون بە "ئەمیری جەنگ"، قازانجیان لە مانەوەی "هەلومەرجی هەبو" دا هەبو، هیچ کام لە بڕیارەکانیان جێبەجێ نەکرد. هەر یەکەشیان بیانویەکی ئەهێنایەوە و مام جەلال بیانوەکانی پاساو ئەدان و، ئەویش کەوتە پشت گوێ خستنی بڕیارەکان.

*

من وەکو چەند ساڵی رابوردو، بۆ کۆبونەوەکانی م س و ک س نەئەچوم، بەڵام پەیوەندیم لە گەڵ خەڵک زۆر بو.. زۆر کەس هاتوچۆیان ئەکردم و کەسانی جۆراوجۆرم ئەبینی. زۆریان سەر بە رێکخستنی یەکێتی نەبون، بەڵام خێر وخۆشی گەلەکەیان و ولاتەکەیان ئەویست. زۆرجار بە راشکاوی کەموکوڕی و لادانەکانی سەرانی یەکێتیان لە گەل باس ئەکردم. زۆری قسەکانیان راست بون. زۆر جار دەمم ئەبو بە تەڵەی تەقیو نەمئەزانی چۆنیان وەڵام بدەمەوە. زۆر جار باسی ئەوە ئەهاتە پێشەوە:

- ئەم حاڵەتی "نە شەڕ نە ئاشتی" یە هەتا کەی؟

- بۆچی یەکێتی دەسپێشکەرییەک ناکا گیان بکاتەوە بە بەر رەوتی ئاشتیدا؟

- بۆچی یەکێتی کە لایەنە بەهێزەکەیە لە هەندێ شت نابورێ و هەندێ تەنازول ناکا بۆ پارتی بەڵکو کوردستانی عیراق لەم شەڕە رزگاری ببێ و خەڵک لەم تەنگوچەڵەمەیە دەربچن؟

زۆربەی ئەوانە لایان وابو من کاری گەورە و کاریگەرم لەدەس دێ بەڵام خۆم دودڵم.

لە گەڵ چەند کەسایەتیەکی بێلایەن، لەوانە: حاکم شێخ لەتیف شێخ تەها، فاروقی مەلا مستەفا، د نەوزاد عەتار، سەفوەت رەشید... چەند جارێ ئەو پرسیارە ئەهاتە پێشەوە: "ئەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی لەم "چەقین" ە دەرچین؟" راستیەکەی من خۆم دەرگاکانم بە داخراو ئەبینی. ئەوان پێشنیاریان کرد کە نامەیەک بۆ مەسعود بارزانی بنوسم، ئەوان بیبەن و، سەرلەنوێ هەوڵی زیندوکردنەوەی گفتوگۆی یەکێتی- پارتی بدەین. لەو کاتەدا گفتوگۆ لەنێوان یەکێتی و پارتیدا پچڕا بو. هیچ دەوڵەت و لایەن و کەسێک وەکو ناوبژیوان لەکایەکەدا نەمابو. چارەنوسی کوردستانی عیراق بەهۆی ناکۆکی ئەم دو حیزبەوە نادیار و، نائومێدی رۆژ بەرۆژ لەناو خەڵک دا زیاتر ئەبو.

مانگی ۲ ی ۱۹۹٦:

بۆ ئەوەی ئەو گۆمە مەنگە بشلەقێنم، پاش راوێژی چەند رۆژە لە گەل ئەو دۆستانە، ئەم نامەیەم بۆ مەسعود نوسی:

سلێمانی

۱۷ ی شوباتی ۹٦

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەورەی بەڕێز جەنابی کاک مەسعود
سڵاوێکی گەرم
هیوادارم هەمیشە لەخۆشیدا بن
بە ڕاستی نازانم لە کوێوە دەس پێ بکەم و بەچی کۆتایی پی بهێنم، چونکە هەرچییەک بڵێم کورتییەکەی ئەوەیە کە: ئاشتی لە شەڕو نیوەشەڕ باشترە. هەمو کەس ئەمە ئەزانێ، تەنانەت دوژمنەکانیشمان هەمان ئامۆژگاریمان ئەکەن.
بە پێویستی ئەزانم عەرزی جەنابتی بکەم کە ئێمە لە لای خۆمانەوە ئامادەین بۆ ئاشتبونەوەیەکی ڕاستەقینە و ئەگەر بۆ ئەم مەسەلەیە تروسکاییەکی کزیش مابێ، ئەوە لە هەمو شت بە باشتری ئەزانین بۆ قازانجی گەلەکەمان و هی خۆمان: چ وەک یەکێتی و چ وەک ئەشخاص. هیوادارم قەناعەتێکی وەهاش لە لای ئێوە پەیدا بوبێ.
ئەم برایانە کە دۆستی هەردولامانن، بە پەرۆشەوەن بۆ ئەوەی سەعاتێک زوتر ئاشتی یەکجاری و تەبایی سیاسی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بە درێژی قسەو گفتوگۆمان کردوەو، لە باری سەرنجی ئێمە تێگەیشتوون.
لای ئێمە لەم ململانێیەدا لایەنی سەرکەوتو و ژێرکەوتو و، براوە و دۆڕاو، نیە، ئەگەر ئاشتی ڕاستەقینە ببێ هەردو لامان براوە و سەرکەوتو ئەبین و، ئەگەر نا هەردولامان دۆڕاو و ژێرکەوتو ئەبین.
ئەگەر ئێوەش قەناعەتێکی وەهاتان لەلا دروست بوە، کەواتە چی ڕێگای ئاشتی و پێکهاتنەوەی بەستوە؟
ئێمە ئامادەین: چ خۆ بەخۆ وەکو هەردو حیزب، چ لە ژێر چاودێریی ناوبژیکەری بێگانەدا، هەمو ناکۆکیەکانتان بەوپەڕی لێبڕانەوە لە گەڵ باس بکەین و، چارەی مەعقول، کە جێگای قبوڵکردنی هەردولا بێ، بدۆزینەوە.
لەم ڕوەوە چاوەڕوانی بیروڕای جەنابتم.
دوبارە سڵاوم قبوڵ بکەن
لەگەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان

*

نامەکەم دا بە: فاروقی مەلا مستەفا، د. نەوزاد عەتار، صەفوەت ڕەشید، بیبەن بۆ کاک مەسعود. حاکم شێخ لەتیف بە هۆی پۆستەکەیەوە لەم ناوبژیە دەرهێترا. ئەوەندەش پێکەوە دانیشت بوین و لە سەر ئەو باسە دوا بوین، شارەزای بیروڕاکانی من بون. بەڵام داوام لێکردن ئەم پرسیارە لە کاک مەسعود بکەن: "بە دیاری کراوی ئەیەوێ ئێمە چی بۆ بکەین بۆ ئەوەی ئاشتی بگەڕێتەوە کوردستان و بە چی لێمان ڕازی ئەبێ؟"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەفدەکە بەر لەوەی بچن بۆ لای کاک مەسعود نامەیەکیان بۆ نارد بو. لە مەسەلەکە ئاگاداریان کردبو. داوایان لێ کرد کە ئەگەر موافیقە مەوعیدێک بۆ بینینیان دابنێ. لەو کاتەدا کاک مەسعود لە بارزان ئەبێ، کابرای نامەبەر ناچار ئەبێ چەند رۆژێ لە سەلاحەدین بمێنێتەوە تا وەڵامەکەی وەرئەگرێتەوە. هەندێ لە لێپرسراوانی باڵای یەکێتی بەم هەواڵەیان زانی بو. یەکێکیان مەفرەزەیەکی نارد بوە بازگەی پشکنین چەند رۆژێ چاوەڕوانیان کردبو تا گەڕابوەوە. لە گەڕانەوەدا گرت بویان. لە پاش پرسیار و وەڵام و لێکۆڵینەوە. کابرا بۆ ئەوەی خۆی لە لێدان بپارێزێ. راستی مەسەلەکەی بۆ باس کردبون. بەڵام ئەوان تا توانی بویان جنێویان بە من و مەسعود دابو. کابرایان روت کردبوەوە سەعات و پێڵاوەکانیشیان لێ سەندبو، ئەوەندەشیان لێ دابو لە پەلوپۆیان خست بو. پاش شەو و رۆژێ زانیم و بە بروسکە ئاگادارم کردن کە ئەو پیاوە بە کاری تایبەتی من رۆیشتوە و داوام کرد بەر بدرێ، ئێنجا بەر درا.

کاک مەسعود لە نامەکەی دا بۆ فاروقی نوسی بو:

"زۆر سوپاس بۆ نامەکەتان، و هەستی برایانەتان جێگەی شانازیمانە. و گومانم لەوەدا نیە کە زۆر هەوڵی دڵسۆزانەتان داوە و ئومێدەوارم کە هەوڵەکەشتان بەرهەمی ببێ.

"حەفتەیەک من لە مەسیف نابم بۆیە ئەگەر تەشریف هێنانتان لە ٢٧ ی ٢ بە دواوە بێت هەر رۆژێ بفەرمون بەخێر بێن. و ئێمەش زۆر خۆشحاڵ ئەبین بە دیدارتان."

*

٢٤ ی ٢ ی ٩٦:

مام جەلال چوە بۆ ئێران بۆ سەردانی پاریس بۆ پرسەی میتران. لە ٨ ی ١ ی ٩٦ دا سەرۆکی فەرەنسی فرانسوا میتیران کۆچی دوایی کرد. میتیران یەکێ بو لە دۆستەکانی کورد و، ئەم رۆڵێکی گرنگی هەبو لە دارشتن و دەرچونی بڕیاری ٩٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دا.

*

٢٥ ی ٢ ی ٩٦:

چەند رۆژێ لەمەوبەر حسین کامیل و کچەکانی سەدام گەڕانەوە عیراق. سەدام گفتی "لیبوردن" ی پێ دا بون. خزم و کەسوکارەکانی سەدام بە سەرکردایەتی عەلی حەسەن مەجید چونەتە سەری لە ماڵەکەی خۆی دا. حسین بەرگری کردوە. بە شەڕ و تەقە خۆی و باوکی و چەند کەسێکی تر کوژراون. وەکو ئەڵێن عەلی حەسەن مەجید بە دەستی خۆی بە کێرد حسین کامیلی سەربڕیوە. کەللەسەرەکەی بە دیاری بردوە بۆ سەدام.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٩ ی ٢ ی ٩٦:

ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی "الحیاه" ی لەندەنی گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی، کە لە تاران ئەنجام دراوە، لە گەڵ مام جەلال بڵاو کردۆتەوە.

هەمان ڕۆژنامە لە هەمان ژمارەدا هەواڵی داوە مام جەلال و مەلیک حسێن شای ئوردون لە لەندەن کۆبونەتەوە. هەروەها بە جیا موحسین دزەیی نوێنەری بارزانیی دیوە. مەلیک حسێن ماوەیەکە لە لەندەن خەریکی بینینی سەرانی موعارەزەی عیراقیە.

*

٥ ی ٣ ی ٩٦:

کاک مەسعود مەوعیدێکی بۆ دانان و نامەکەیان برد و قسەکانیان پێ ڕاگەیاند بو. لە میانەی قسەکانی دا لای ئەوان وای پیشان دابو: کە هیچ باوەڕێکی بە مام جەلال نیەو هەرگیز جارێکی تر نە لەگەڵی دائەنیشێ و نە ڕێککەوتنی لە گەڵ ئیمزا ئەکا، بەڵام لە گەڵ من ئامادەیە ڕێک بکەوێ. داوایان لێ کردبو بە نوسین وەڵامی نامەکەی من بنوسێ. وت بوی نامەکە ئەخەمە بەردەمی م س ئەوسا وەڵامی ئەدەمەوە. مەوعیدێکی تری بۆ دانا بون بچن بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامەکەی. وت بویشی نامەی ئەو نەبوایە و هی هەر کامێکی کەیان بوایە وەڵامم نەئەدایەوە. هەروەها پێی گوت بون کە ئەبێ بە هەردولا هەوڵ بدەین ئەمەریکا ڕابکێشینەوە بۆ ناو ناوبژیەکە. وەفدەکە گەڕانەوە سلێمانی و لەکاتی دیاریکراودا چونەوە بۆ سەلاحەدین. وەڵامەکەی کاک مەسعودیان وەرگرتبوەوە کە ئەمە بو:

بەڕێز کاک نەوشیروان

سڵاوێکی گەرم

زۆر سوپاس بۆ نامەکەتان و من هەمیشە توقعی دەوری چاکەم لە ئێوە هەبووە. لە کۆبونەوەی (م.س) بە درێژی نامەکەمان دراسەت کرد.

ئەو ماوەیەی پێکەوە کارمان کرد وا بزانم بەشی ئەوەندە ئیمەتان ناسی کە دڵنیا بن ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزمان لە شەڕی ناوخۆیی نەکردوە و بە خەیاڵیشماندا نەدەهات کە پاش ئاشتبونەوەکەی ١٩٨٦ و ڕاپەڕینی ١٩٩١ جارێکی تر کارەساتی شەڕی خۆکوژی لە کوردستاندا ڕو بداتەوە.

بێ گومان کەس لەم شەڕەدا قازانج ناکات تەنها دوژمنانی کورد نەبن. و زۆر لام سەیرە کە هەمو لایەک ئەو حەقیقەتە دەزانن، ئەی بۆ شەڕەکە ڕویدا.

ئیمە هەمیشە لە گەڵ چارەسەری ئاشتیداین، بەڵام پێم وایە یەکێتی غەدرێکی زۆر گەورەی لە پارتی کرد و عقدەی هەرە گەورە لای ئیمە ئەوەیە کە بڕوا نەماوە و بۆ گەڕانەوەی بڕوا زۆر خۆشحاڵ دەبم کە جەنابت ئەو دەورە ببینی. ئەوسا هەمو شت قابیلی حەلە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆریش بە تفصیل لە گەڵ برایانی بەڕێزی خێرخواز هەڵگرانی نامەکەم قسەمان کردووە.
ئیتر سوپاس

مسعود بارزانی
۱۹۹٦/۳/٥

*

کاتی خۆی لە گەڵ دەستەی ناوبژی باسی ئەوەم کرد بۆ کە ناکۆکی و دوژمنایەتی لەنێوان ئەم دو لایەدا زۆر قوڵ بوە، هەروەها زۆری درێژە کێشاوە، لەبەر ئەوە لە ناو هەردو لایەن دا زۆر کەس و دەستە و تاقم، هەر لە سەرێ تا خوارێ، دروست بوە بە هیچ جۆرێ ئارەزو یا قازانجیان لە ئاشتبونەوەدا نیە. بۆ ئەوەی کارەکە سەرکەوتو بێ تا نهێنی بێ باشترە و هەلی سەرکەوتنی زۆرتر ئەبێ. کە ئاشکرا بو ئەکەوێتە بەر پیلانگێڕان. بەڵام باسەکە لای هەردو سەرکردایەتی ئاشکرا بو، وەکو من ئەمویست بە نهێنی رانەگیرا.

وەفدەکە چونەوە بۆ سەلاحەدین بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی نامەکە. پێم وتن ئەگەر وەڵامەکەی ئیجابی بو لە هەولێر بیبەن بۆ م س با ئەوان بڕیاری لە سەر بدەن. ئەگەر سەلبی بو بیهێننەوە بۆ خۆم چونکە ئۆبالّەکەی لە ئەستۆی من دایە و بێ ئاگاداری ئەوان ئەم دەس پێشکەرییەم کردوە. لەو بارەیەوە نامەیەکم بۆ م س نوسی و دام بە خۆیان تا لە سەردان و بینینی ئەندامانی م س دا لە گەڵ وەڵامەکەی مەسعودا بیاندەنێ. لەو کاتەدا مام جەلال لە دەرەوەی کوردستان بو.

وەفدەکە لە هەولێر چوبون بۆ م س. نامەکەی من و وەڵامەکەی کاک مەسعودیان بۆ بردبون. بە روالّەت خۆشحالّییان دەربڕی بو. بەڵام بە لالوت و ساردیەوە پێشوازیان لێ کرد بون. وەکو دوایی بۆم دەرکەوت دەسەلاتدارانی ناو م س هەمو جۆرە ئاشتیەکیان لە گەڵ پارتی پێ ناخۆش بو.

*

۷ ی ۳ ی ۹٦:

کۆسرەت لە نامەیەک دا رۆژی ۷ ی ۳ بەم بۆنەیەوە بۆی نوسیوم:

"کاک فاروق و کاک د نەوزاد و کاک سەفوەت هاتن زۆر حورمەتمان گرتن.

دیارە ئاشتی لە بەرژەوەندی کورد و هەمو لایەک دایە.

بەڵام پێم خۆشە بە تەلیفۆن لە هەمو رۆداوەکان دا بەڕێز مام جەلال ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی پارتی و ناحەزانی ی ن ک وا هەست نەکەن ئێمە موحد نین."

نامەکەی خۆم و وەڵامەکەی کاک مەسعودم لە گەڵ تەعلیقێکی کورت دا بە فاکس نارد بۆ مام جەلال بۆ لەندەن. داواشم لێ کرد رەئی خۆیم پێ بڵێ لەسەری. لەسەری بڕۆین یا نە؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەکو وەڵامی دامەوە پێی باش بو لەسەری برۆین، بەڵام مام جەلال ئەوەی لێ بو بو بەگرێ کە کاک مەسعود ئەیوت: "بە هیچ جۆرێ ئامادەنیم جارێکی تر لە گەڵ جەلال دابنیشم، ئامادەم لە گەڵ صەددام ئیتیفاق ئیمزا بکەم، بەڵام دەستیشم ببڕنەوە ئامادە نیم جارێکی تر ئیتیفاق لە گەڵ جەلال ئیمزا بکەم." کاک مەسعود لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی دا لەگەڵ عەدنان حسێن کە لە رۆژنامەی لەندەنی (الشرق الاوسط) دا بڵاو کرا بوەوە شتێکی وەهای دوبارە کردبوەوە، کە یەکێ بو لە هۆکانی شێوانی کەشی گفتوگۆکانی ئیرلەندا.

هاوزەمان لە گەڵ ئەم پەیوەندییانەدا کاک مەسعود باوەڕپێکراوێکی خۆی: مامۆستا رەفیق فەتحوڵا، کە راوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بو بۆ شوێنەوارناسی، نارد لام بۆ ئەوەی لەژێر چەتری ئەو هاتوچۆ ئاشکرایەدا کەسێکی ترمان لە بەین دا بێ، راسپاردە تایبەتیەکانی هەردولا بهێنێ و ببا و رێوشوێنی رێککەوتنی تەواو دابنێین.

*

١١ ی ٣ ی ٩٦:

بۆ نوسینەوەی وەڵامی نامەکەی کاک مەسعود چوم بۆ هەولێر بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی م س دابنیشم. دوای ئاشکرابونی ئیشەکە ئیتر ئازادی نوسین و جوڵانم نەما و نەئەکرا باسەکە لە م س بشارمەوە. ئەوانەی لە کۆبونەوەکەدا ئامادە بون: کۆسرەت رەسول، جەبار فەرمان، ئەرسەلان بایز، د فوئاد مەعسوم.. ئەندامەکانی تر لە هەولێر نەبون. تا ئەوسا وام ئەزانی سەرکردایەتی بەراستی ئاشتبونەوەی ئەوێ. ئەو شەوە راستییەکی تاڵم بۆ دەرکەوت: ئەویش ئەوەبو کە هەندێ لە تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی بوبون بە "ئەمیری جەنگ" و فڕیان بە سەر بەرژەوەندی گەلەوە نەما بو، سەرەڕای ئەوەش لەو کۆبونەوەیەدا سپڵەیی و بێ ئەدەبیم لە هەندێ لە ئەندامەکانی م س بینی. هەندێ لەوانە، کەسانی نەناسراو و بێ ناونیشان بون، لە ناساندن و پێشخستن و بەرزکردنەوەیان دا من دەستێکی زۆرم هەبو. ئەو شەوە ئیتر ئەمانەم زۆر زیاتر لەبەر چاو کەوت. بڕیارم دا بەیەکجاری بۆیان بەجێ بهێڵم. بەڵام ئەبو بە جۆرێکی وا لەو کارە بکشێمەوە کە لایەنەکەی تر بەدبین نەکەم لە ئاشتی و نەهێڵم بە ناکۆکیەکانی ناو ئێمە بزانن.

شەڕی ناوخۆ بۆ هەندێ کەس بو بو بە مایەی دەرکەوتن و دەسەڵاتداری و دەوڵەمەند بون. بە تایبەتی هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەردو حیزب و، وەزیرەکان و فەرماندەکانی پێشمەرگە. ئەو کاتەی حکومەتی هەرێم هاوبەش بو، وەزارەتەکان نیوە بە نیوە دابەش کرابون. سەروەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و جێگرەکانیان وەکو یەک دەسەڵاتیان هەبو. نەیان ئەتوانی بە تەنیا هیچ بڕیارێک بدەن و هیچ پارەیەک سەرف بکەن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و، هیچ کەسێک دابمەزرێنن و دەر بکەن. هەمیشە چاودێری یەکتریان ئەکرد. لەسایەی شەڕی ناوخۆوە ئەم هاوسەنگیە تێکچوبو. وەزارەت بو بە دوان و هەردوکیشیان ئازادی تەواویان بەدەس هێنا چییان بوێ لەناو وەزارەتەکانیان دا بیکەن. ئەگەر جارانْ سەرۆکی وەزیران نیوە سەروەزیر بو، ئەوا ئیتر بوبە سەروەزیرانی تەواو و هەندێ لە وەزارەتە چۆڵەکانیشی گرتە دەس. جەبار فەرمان کە جاران نیو وەزیر بو لە وەزارەتی پێشمەرگەدا لەگەڵ قادر قادردا هاوتا بو، ئەوا بو بە وەزیری تەواوی پێشمەرگەو، دو وەزراەتی گرنگی تریش: وەزارەتەکانی ناوخۆ و پەروەردەی گرتە دەس. ئەوانی تریش بەهەمان شێوە بون بە دەسەلاتداری بێ چاودێریی ناو وەزارەتەکانیان.

لەسەردەمی شەڕدا "منطق" بزر ئەکرێ. ئەوانەی لێوەشاوە و لێهاتون و بیر و هۆشیان باش کار ئەکا بۆ پێش خستنی کۆمەڵ و حکومەت، چونکە شەڕیان پێ ناکرێ، پشت گوێ ئەخرێن و لە بڕیاردانی سیاسی و حکومەتیدا دەسەلاتیان نامێنێ، ئەوانەی شەڕکەریان پێ کۆ ئەکرێتەوە ئەبنە خاوەن دەسەلات و لە بڕیاردانی سیاسی دا گوێیان لێ ئەگیرێ.

وەلامی نامەکەم نوسیەوە، بەڵام زۆری پێشنیارەکانی ناو نامەکە زادەی بیری م س بەتایبەتی کۆسرەت، جەبار، ئەرسەلان بو. من ئەگەر نامەکەم بە ئازادی و ئارەزوی خۆم بنوسیایە، بێگومان بە جۆرێکی تر ئەمنوسی، نەئەچومە سەر باسی وردە بابەت. بەهەر حاڵ نامەکەم ناردەوە کە ئەمە بو:

هەولێر

١٢ ی مارتی ١٩٩٦

بەڕێز جەنابی کاک مەسعود

سڵاوێکی گەرم و، هیوادارم هەمیشە لەخۆشیدا بن

بە سوپاسەوە نامەکەی ڕۆژی ٣/٥ ی جەنابتم وەرگرت، ڕۆژی ٣/١١ خستمە بەردەمی کۆبونەوەی م.س یەکێتی، هەروەها نامەکەی خۆم و وێنەی نامەکەی جەنابتم نارد بۆ بەڕێز مام جەلال لە لەندەن، بەگشتی بڕیاریان دا کە درێژە بەم موبادەرەیە بدەین و لەسەری بڕۆین بە ئومێدی ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی سەرکەوتو و، ئاشتبونەوەی ڕاستەقینە بگێڕێتەوە نێوان هەردو حیزب، بەڵام لەجەنابتی ناشارمەوە، ئەمانیش هەمان انطباعی جەنابتیان هەیە کە لەنامەکەدا نوسراوە دەربارەی نەمانی متمانە و غەدری پارتی لە یەکێتی. من پێم وایە هەر لایەک غەدری لەوی تر کردبێ یان غەدریان لە یەکتری کردبێ لە ئەنجامی دوایی‌دا میللەتەکەمان بەگشتی مەغدور بوە.

ئیمە لە ناو خۆمان دا بە درێژی باسی ئەوەمان کرد کە چۆن متمانە بۆ یەکتری بگێڕینەوە، پێمان باشە بەم هەنگاوانە دەس پێ بکەین:

١. شەڕی ڕاگەیاندن ڕابگرین و ماوەیەک باسی یەکتری نەکەین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەمە اعلان کراوە و شکێنراوە و شەڕی راگەیاندن دەستی پێ کردۆتەوە.. پێم باشە ئەمجارە بێ اعلان کردن جێبەجێی بکەین.

٢. گیراوەکانی یەکتری، ئەوانەی ماون و نەکوژراون، بەر بدرێن.

٣. هەردولا رێگا بە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی یەکتری بدەن لە کتێبخانەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بە ئازادی بفرۆشرێ و، ئەوانەی ئەیفرۆشن و ئەیکڕن و ئەیخوێننەوە ئازار نەدرێن.

٤. خەتی تەلەفۆن لە نێوان مەصیف و هەولێردا بکرێتەوە.

٥. کادرو پێشمەرگە و ئەندامە راکردوەکانی هەردولا بە عدم تعرضیک کە هەردولا لەسەری ڕێ بکەون بۆ سەردانی کەسوکاریان هاتوچۆی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتری بکەن، بێ ئەوەی ئازار بدرێن و بگیرێن، یان ئەوانەی هاتوچۆ ئەکەن کاری خراپ بکەن.

٦. رێگە لەو کەسانە نەگیرێ کە ئەیانەوێ بچنە ئیبراهیم خەلیل و تورکیا.

ئێمە لە لای خۆمانەوە داوامان کردوە، لە سەر زمانی بەڕێز مام جەلال بۆ بیبیسی و بەتەلەفۆن لە بەڕێز ڕۆبێرت دۆیچ، کە ناوبژی ئەمەریکی دەس پێ بکاتەوە.

بۆ دانیشتن و کۆبونەوە بۆ زیاتر نزیک بونەوە و لەیەک گەیشتن ئێمە ئامادەین لە ناوچەیەکی بێلایەن دا بە پارێزگاری و پاسەوانی چەکداری حیزبە کوردستانیەکان بۆ دریژەپێدانی گفتوگۆ و هاوبشتنی هەنگاوی تازە بەرەو ئاشتی یەکجاری.

لەکۆتاییدا دوبارە سڵاوم قبوڵ بکەن

لەگەڵ ریزی بێئەندازەی

نەوشیروان مستەفا

*

وەفدەکە نامەکەی منیان بردەوەو، ئەم وەڵامەیان هێنایەوە:

بەناوی خوا

١٦ ی مارتی ١٩٩٦

بەڕێز کاک نەوشیروان

سڵاوێکی گەرم

ئومێدەوارم خوا پشتیوانمان بێ لەسەرخستنی کێشەی گەلەکەمان داو رزگارکردنی لەم محنەتەدا.

نامەکەی رۆژی ١٢ ی مارتی جەنابتم پێ گەیشت و ئەمڕۆ لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا لەسەر نامەکەتان و بارودۆخەکە بە گشتی دواین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵای ئیمەوە، نەمانی بێ متمانەیی و بی بڕوایی، کە بە داخەوە دروست بووە، بە هەنگاوی پچوک و لابەلایی لەناو نابرێ، بەڵکو پێویستی بە هەنگاوی گەورەتر و بەرفراوانتر هەیە، ئەویش چارەسەری سەرتاسەری کێشەکەیە و بۆئەمەش بناغەیەکی دروست و ڕون هەیە کە پرۆژەکەی دروغێدایە.

پێمان باشە هەوڵ بدەین وەفدی ئەمریکا ڕابکێشینەوە ناو کێشەکە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەیان و گەیاندنی بە ئەنجامێکی گونجاو لە گەڵ ئاوات و بەرژەوەندی گەلی کوردستان و بیروبۆچونی هەردولا و حزبە نیشتمانپەروەرەکان.

بەڵام دەتوانین چوار خاڵی (خطوات الثقه) ی پرۆژەکە، بە هاوکاری و ناوبژی حزبە کوردستانییە تێکۆشەرەکان جێبەجێ بکەین، لەوانەش مەسەلەی گیراوەکان کە ئامادەین لیستی خۆمان بدەین و ئێوەش لیستی خۆتان بنێرن.

هەردولا گیراوەکان ئازاد بکەین و دەس بەجێ گرتن و دەرکردنی لایەنگیران ڕابگیرێ کە بە داخەوە لەم ڕۆژانە گرتن و ئازاردانی خەڵکانی سەر بەپارتی زۆر زیادی کردوە و بۆ ڕاگرتنی ڕاگەیاندنیش ئامادەین.

دوبارە سڵاوی گەرم

مسعود بارزانی

*

هاوزەمان لە گەڵ ئاڵوگۆڕی ئەم نامانە، حەفتەنامەی گوڵان ژمارەیەکی دەرچوبو پێ ئەچو ڕاسپێردرا بێ بۆ تێکدانی ئەم کارە. سەروتارەکەی لە یەکەمین لاپەڕەدا تەرخان کرا بو بۆ هێرش بۆ سەر مام جەلال و من و کۆسرەت. لەهەمان لاپەڕەدا دو وێنەی فۆتۆگرافی نێچیر و مام جەلال و، دو وێنەی کاریکاتێری من و کۆسرەت چاپ کرا بو. لەژێر وێنەکەی نێچیردا نوسی بویان: "ئەمە نێچیروانی کوڕی ئیدریسی کوڕی مەلا مستەفای بارزانیە". لە ژێر وێنەکانی مام جەلال و من و کۆسرەت دا نوسی بویان: "ئەمانە کوڕی کێن؟" زۆری وتارەکانی تری ئەو ژمارەیەش جنێو و هێرش بو بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی بەتایبەتی ئەم سییانە.

هەر لەو ڕۆژانەدا ئێرانیەکان بۆ د. فوئادیان باس کردبو، کە گوایە دەنگوباسی ئەو نامە گۆڕینەوەیەیان لە نێچیر پرسیوە، نێچیر پێی وتون: "هەمو ئەو شەڕ و شۆڕانەی کوردستان لەژێر سەری فلان- ناوی منی هێنابو - دایە، چۆن ئەهێلین ببێ بە قارەمانی ئاشتی؟"

لەلای یەکێتیشەوە لەو ماوەیەدا سەنگەرەکانی پێشەوەیان ڕاسپاردبو، هەمیشە تەقوتۆق دروست بکەن و، هەروەکو کاک مەسعودیش لە نامەکەدا نوسی بوی، تازەبەتازە بۆ پیرۆزبایی لەو هەنگاوە، هەندێ کەسی سەر بە پارتییان گرت بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

رەفیق فەتحوڵا چەند جارێ هات و چو ئەرکەکەی خۆی بە ئەمانەت و دڵسۆزیەوە، بە سەرکەوتویی، جێبەجێ کرد.

*

١٤ ی ٣ ی ٩٦:

گەڕانەوەی مام جەلال

بەپێچەوانەی سەفەرەکانی ترەوە کە هەمو جار درێژەی پێ ئەدا و خۆی دوا ئەخست ئەمجارەیان مام جەلال بە پەلە گەڕایەوە کوردستان. بەڕوالەت ئەویش کارەکەی منی پێ باش بو، بەڵام لە راستیدا زۆری پێ ناخۆش بو. تازە مەلیک حسێنی لە لەندەن دی بو. لای وابو بەو نزیکانە صەدام حسێن ئەڕوخێ، ئەوسا یەکێتی کەرکوک ئەگرێ و ئەبێ بە دەسەلاتداری هەمو کوردستان، ئیتر بۆچی یەکێتی هەڵەی کاتی ڕاپەڕین دوبارە بکاتەوە پارتی بکا بە شەریکی خۆی؟ ئەوسا یەکێتی کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، بە دەسەوە ئەبێ و، پارتی لەدهۆک دا عاسی ئەبێ. جگە لەمەش پێی وابو ئەم کارە لە پشتی ئەوەوە کراوە و، هەر ئاشتیەکیش لە سەردەستی خۆی و بەئیمزای خۆی نەکرایە، نەیئەهێشت سەر بگرێ.

من ئیتر بە یەکجاری نائومێد بوم، لەلایەکەوە ئومێدم بە چارەسەرکردنی فەسادی ناو یەکێتی و چاککردنی هەلومەرجی ژیانی خەڵک نەمابو، لەلایەکی ترەوە ئومێدم بەکۆتایی شەڕی ناوخۆ و ئاشتبونەوەی یەکێتی و پارتی نەمابو. لە مانەش خراپتر هیچ جۆرە باوەڕێکم بە هەندێ لە هاوڕێکانی جارانم نەمابو. بەپێی هەر لێکدانەوەیەک کە ئەمکرد، هیچ رێگەیەکی ئوسوڵی و حیزبی و قانونی هیچ جۆرە گۆڕین و ئیسلاحێک نەمابو.

*

سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ لە سلێمانی بەشێ لە ڕەشنوسەکانی کتێبی: "میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا" م پێشانی کاک کەمال ڕەئوف محەمەد دا، کەمال لە خۆم زیاتر کەوتە هەوڵی دەوڵەمەن کردنی چ بە دەربڕینی بیروبۆچون و سەرنجی ورد و نرخدار و، چ بە پەیداکردنی سەرچاوەی تازەی بە کەڵک و، چ بە دەسکاری و دارشتنەوەی باسەکان. هەر لەو ماوەیەدا چاوی بە کاک عەبدولڕەقیب یوسف کەوت بو.

بێگومان عەبدولڕەقیب یوسف لە مەیدانی دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی بەڵگەی میژویی دا نمونەی کەمە، لە زستانی ٩٦ یشدا چو بۆ تورکیا. لە ئارشیفی سەرۆکایەتی وەزیران دا چەند بەڵگەیەکی سەردەمی بابانی دەرهێنا بو. کەمال ڕەئوف داوای لێ کردبو ئەو بەڵگانەی پێوەندییان بە ئەمارەتی بابانەوە هەیە بیخاتە بەردەستی من تا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کەڵکیان لێ وەربگرم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رەقیب یەکسەر وتبوی: "نایدەم!" کەمال بە سەرسوڕمانەوە پرسیبوی: "بۆچی؟" رەقیب وتبوی: "فلان- مەبەستی ئەم بەندەیە بوبو - لەباتی ئەوەی خۆی بەو شتانەوە خەریک بکا، بۆچی ناچێ خەریکی ئیشەکەی خۆی بێ؟" کەمال وتبوی: "ئیشەکەی خۆی چیە؟" رەقیب وتبوی: "خەریکی ئیسلاحی سیاسی هەلومەرجی کوردستان بێ؟ ئەو چی داوە لەم مەسەلانە؟"

پاش چەند رۆژێ هەرسێکمان یەکمان گرتەوە. کاک رەقیب هەندێ پرسیاری لەخۆم کرد. منیش بە راشکاوی وتم: "بە راستی ئەو ئیسلاحە سیاسیانەی خەڵک لە منی ئەوێ، کردنی لە توانای من دا نیە. من کۆڵم داوە و، ئەمەوێ بەم رێگایە خزمەتی نەتەوەکەم بکەم."

بە صەراحەتە ناسراوەکەی خۆیەوە وتی: "کەواتە بۆچی دێیتەوە بۆ کوردستان؟ هەمو جارێ کە تۆ ئەگەڕێیتەوە و چەند مانگێ لێرە ئەبی، ئەڵێی بۆ "تصدیق" کردنی ئەم "تفسخ" و "فساد" ە دێیتەوە کە ئێستا لە کوردستان دا بڵاوبۆتەوە. یان ملی بەرە بەر خەریکی ئیسلاح بە هەزارانی وەکو من لە گەڵتە، یان لە کوردستان مەبە بۆ ئەوەی نەبیتە هاوبەشی ئەم کەموکوڕیانە!"

قسەکانی کاک رەقیب وەکو ئەڵێن: "زللەی موعەلیم" بو.

*

لە باتی ئەوەی ببم بە بەشداریکی کەڕ و لاڵ و کوێری روداوەکان، جارێکی تریش بڕیارم دا مەیدانەکەیان بۆ بە جێ بهێڵم. لای خەڵک باسم نەکرد. تەنیا چەند کەسێک ئەیانزانی. پێش ئەوەی بڕۆم هەندێ لە ئەندامەکانی م س و سەرکردایەتی یەکێتی بۆ دڵنەوایی هاتن بۆ لام. لە میانەی قسەدا پێم وتن: "ئێوە شەڕی ئیسلامیتان کرد من لە کوردستان دور بوم و دەستم لەشەڕەکەدا نەبو، کەچی نوێنەری ئیسلامیەکان لە رادیۆیەکی عەرەبی لەندەن دا بە قەد هەمو یەکێتی هێرشی کردە سەرم. شەڕی پارتیتان کرد من دەستم لە هەڵگیرسانیدا نەبو، ١٨ مانگ بو دوربوم لە کوردستان، کەچی پارتی لە ناو هەموتان دا بە قەد هەمو یەکێتی جنێوی بە من دا. گوێم نەدایە هیچ لەوانە. بە تەما نەبوم جێ بە کەستان لەق بکەم و جێی کەستان بگرمەوە. لەم تەمەنەش دا تاقەتی ململانێی ناوخۆم نیە و نامەوێ شەڕتان لە گەڵ بکەم. هاتمەوە بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەم. من ئیستیفادەم لە یەکێتی و لە ئێوە نەکردوە. ئێوە و یەکێتی ئیستیفادەتان لە ناوی من کردوە. نە شەڕ بە راستی ئەکەن، نە ئاشتی بە راستی ئەکەن، نە ئیسلاحات بە راستی ئەکەن. لە ئێستا بەدواوە من ئیتر خۆم بە هاوڕێی ئێوە نازانم و ئیتر ئێوەش بە هاوڕێی خۆم نازانم، خێری خۆتان بۆ خۆتان و، شەڕی خۆتان بۆ خۆتان، دوری و دۆستی. من خەریکی ئیشێک ئەبم کە ئێوە نایزانن - مەبەستم نوسین بو -"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

من کەوا بە ئاسانی لێی دەرچوم لە بەر ئەوە نەبو کە لە ناو یەکێتیدا خۆم بە لاواز و لەناو خەڵک دا خۆم بە بێ پشتیوان ئەزانی. بە پێچەوانەوە ئەگەر بە تەمای ململانێ بومایە ئەمتوانی زۆر شت بکەم و زۆر لەو دارودەستە بۆگەنانەی ناو یەکێتی هەڵبکێنم. بەڵام پێم وابو ئەوە زەرەر لە یەکێتی و کاروباری هەرێمی کوردستان ئەدا و دوژمنەکانی کەڵکی لێ وەرئەگرن و سەرەنجام رامان ئەکێشێ بۆ شەڕی یەکێتی – یەکێتی. هەرچەندە سەرانی یەکێتی لەو کاتەدا غەڕڕا بون، بەڵام غەڕڕاییەکەیان خۆڕایی و بۆش و یەکێتی لەو کاتەدا هێزێکی فارس وتەنی: بە تەواوی "ئاسیب پەزیر" بو.

*

٢١ ی ٣ ی ٩٦:

ئەمڕۆ هەزاران خێزان بە بۆنەی نەورۆزەوە بۆ سەیران چونەتە دەشت و دەر. منیش دەعوەتی چەند دۆست و ناسیاوێک بوم، کە بە خێزانەوە، بۆ سەیران لە قەشقۆڵی بارگەیان خست بو. من خۆم بە تەنیا لە گەڵیان چوبوم هیچ چەکدارێکم لە گەڵ خۆم نەبرد بو. لە نەورۆزی ٨٤ ی سوورداشیش دا، کە مفاوەزاتی یەکێتی – بەعس بەردەوام بو، سەدان هەزار کەس ئامادەی بون. بۆ بەشداری خۆشیی خەڵک هەر بە تەنیا و بێ هیچ چەکدارێک چومە ناویانەوە و، بە تەنیا بە ناویان دا گەڕام. لە بەشێکی ئەم گەڕانەدا حسێن سنجاری و کۆسرەتم لە گەڵ بو. ئەوسا کۆسرەت فەرمانبەرێکی پچوک بو لە سایلۆی هەولێر کەس نەیئەناسی. ئەویش لە گەڵ خێزانەکەی بە سەیارەیەکی پچوک لە هەولێرەوە هات بو.

ئەمجارەش کۆسرەت لە هەولێرەوە بۆ بەشداری لە سەیرانی نەورۆز دا هات بو بۆ قەشقۆڵی، بەڵام ئەمجارەیان بۆ پارێزگاری خۆی ٨٠ سەیارەی لە گەڵ خۆی هێنا بو. خەڵک قسەیان پێ ئەوت لە سەر بە فیرۆدانی پارەی حکومەت بەو جۆرە. هەر زو حسابیان کرد بو کە پارەی بەنزینی ئەو ٨٠ سەیارەیەی ئەو بۆ پارێزگاری خۆی لە هەولێرەوە هێنا بونی بەشی موچەی دو دائیرەی حکومەتی ئەکرد کە ئەو مانگە نەدرا بو. هەندێ ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکان وا ئەزانن هەیبەت و نفوز و دەسەڵاتیان لە ناو خەڵک دا بەوە زیاد ئەکا کە ژمارەی حەرەس و سەیارەکانیان زۆر بێ و، سەیارەکانیان چەند جوانتر و تازەتر و حەرەسەکانیان چەند درێتر و پۆشتەتر بێ ئەوندە پایە بەرزتر ئەبن.

*

٢٢ ی ٣ ی ٩٦:

نزار خەزرەجی، یەکێ لە دیارترین جەنەڕالەکانی جەیشی عیراقی، لە رێگای کوردستانەوە هەڵاتوە بۆ ئوردون. نزار بەشێکی زۆری تەمەنی بە ئەفسەری لە کوردستان و لە شەڕی کوردا بە سەر بردوە. ماوەیەک قائیدی فیرقە بو لە سلێمانی و ماوەیەکیش قائیدی فەیلەقی یەک بو. فەرماندەی زۆری شەڕەکانی جەیشی عیراقی – یەکێتی بوە. لە عەمەلیاتی ئەنفالی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١ دا سەرکردایەتی لایەکی شەڕەکەی کرد. لە کاتی داگیرکردنی کوەیت دا سەرۆکی ئەرکانی جەیشی عیراقی بو.

*

نیچیروان بارزانی لە تارانە.

*

٢٥ ی ٣ ی ٩٦:

نامەیەکی کورتم بۆ مام جەلال نوسی ئاگادارم کرد کە سەفەر ئەکەم.

مام جەلال لە وەڵامی نامەکەدا بۆی نوسیوم:

"من پێم باشە، پێکەوە بڕۆین بۆ تاران و دیمەشق و لەوێشەوە ئێوە سەفەرەکەتان درێژە پی بدەن. جا بۆیە پاسپۆرتەکەتان بدەن بە مەلا یاسین با بە پەلە بینێرێت بۆ ئەوەی تا دوایی هەفتە بێگەیەنێتە تاران و خروجیەش جێبەجێ بکەن. من لێرەشەوە، بۆ شێخ عەبدولکەریم و دانا بروسکە لێ دەدەم بۆ ئەوەی مشوری فیزا و حیجزی فڕۆکە بخۆن.

خۆشم کە هاتمەوە یان دێمە سەردانت یان دەعوەتت دەکەم بۆ ئەوەی هەندێ قسە بکەین..."

*

پێش ئەوەی سەفەر بکەم ئاگاداری رزگاری حاجی کایل م کرد کە دوای رۆیشتنی خۆم، ئۆفیسەکەم دابخات و کەلوپەلی ماڵ و ئۆفیس و هەمو سەیارەکان تەسلیمی ئیدارەی گشتی بکات. لە راستیدا لە مەش مەبەستم ئەوەبو، کە ئیتر نەتوانن کەڵک لە ناوی من وەربگرن و، من کە لە ناڕەزایی دا کوردستانم بەجێ هێشتوە ئەوان لە ژێر ناوی ئیجازەی نەخۆشیدا نەتوانن بیشارنەوە.

*

٢٧ ی ٣ ی ٩٦:

ئەمڕۆ دو نامەم پێ گەیشت:

یەکێکیان لە کۆسرەتەوە نوسیوێتی:

"دیارە لەم دوایەدا جەنابتان سەردانی هەولێرتان کرد زۆرمان پێ خۆش بو. هەمو لایەک وامان هەست کرد کاک نەوشیروان وەک جاران لە کار و برایەتی دا تعامل ئەکات. بەڵام بە داخەوە لە سەر مەسئەلەیەک دڵی خۆتان عاجز کرد بە هیچ جۆرێک علاقەی بە منەوە نەبو لە دورونزیک. دەبو خواحافیزتان بکردبوایە ئەگەر گازاندە و ئامۆژگاریشتان هەبوایە. ئێستاکەش زانیم سەفەر ئەکەن بۆیە بەم نامەیە خواحافیزتان لێ بکەم و هیچتان لە دڵ دا نەبێ بەرانبەر بە ئێمە..."

ئەوی تریان لە عادل مرادەوە نوسیوێتی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"اکتب لکم هذه الرساله والالم یحز فی قلبی.. فانت فی القلب رغم اقدامکم علی تجریحی لسبب عابر..."

لەو رۆژانەدا کۆبونەوەیەکی سەرانی موعارەزەی عیراقی لە شام ئەکرا. بۆ ئەوەی دەنگ لەم ناکۆکی و ناڕەزاییەی ناوخۆمان دەرنەچێ، لە سەر داوای مام جەلال خۆم ئامادە کرد لە گەڵ ئەو بە ناوی بەشداری لەو کۆبونەوەیەدا سەفەر بکەم. لە سەر داوای مام جەلالیش نامەی سێیەمم بۆ مەسعود نوسی:

*

سلێمانی

٢٧ ی مارتی ٩٦

گەورەی بەڕێز جەنابی کاک مەسعود

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەمیشە لە خۆشی دابن

بە سوپاسێکی زۆرەوە وەڵامی نامەکەتم وەرگرت.

زۆرم پێ خۆش بو لە نەورۆزدا پەیامی ئاشتیتان راگەیاند. بێگومان جەنابت وتارەکانی بەرێز مام جەلالتان بیستوەو، راگەیاندنەکەی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیشتان بەرچاو کەوتوە. بۆ خۆشبەختی لە هەمو لایەکەوە بانگی ئاشتی بەرز ئەبێتەوە.

ناوەڕاستی مانگی داهاتو بەڕێز دوێچ قەولە بێتەوە بۆ کوردستان بۆ دریژە پێدانی ناوبژی.

من سبەی لە گەڵ بەڕێز مام جەلال سەفەر ئەکەم بۆ سوریا. وەکو بیستومە کاک نێچیروانیش ئەچێتە سوریا. برایان لێرە پێیان وایە کاتی یەکتربینین هاتوە هەم لە کوردستان و هەم لە سوریا بۆ ئەوەی ئەو دیوارەی لە بەینی هەردولادا دروست بوە بڕوخێنین و، لە هەر ئاستێکا ئێوە بەپەسەندی بزانن لەلای ئێمە قبوڵە.

دوبارە سڵاوم هەیە

لەگەڵ ڕێزی بێئەندازەی

نەوشیروان مستەفا

*

٣٠ ی ٣ ی ٩٦:

لە گەڵ مام جەلال چوین بۆ ئێران. لەوێوە بۆ شام.

*

٣ – ٤ ی ٤ ی ٩٦:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە شام لە ڕۆژانی ٣ تا ٤ ی ٤ کۆبونەوەیەکی موعارەزەی عیراقی هەبو لە ژێر ناوی: "الاجتماع التداولی لقاده المعارضه العراقیه" مام جەلال بەشداری تێدا ئەکرد. وەفدێکی پارتی بە سەرۆکایەتی نێچیروان بارزانی بەشدار ئەبون. لەوێ لەگەل نێچیروان بە دوقۆڵی دانیشتین. هەندێ باسی گشتیمان کرد. لە میانەی قسەکانم دا وتم:

"ئەگەر ئەم شەڕە چەند ساڵی تریش درێژە بکێشێ سەرەنجام هەر ئەبێ بەدانیشتن و گفتوگۆ چارەسەر بکرێ. وا دو هەزار کەسی ترتان لە یەکێتی کوشت و گریمان یەکێتیتان شکاند و راوتان نا بۆ ئێران یان بۆ کەرکوک، یەکێتی بەوە لە ناو ناچێ، جارێکی تر دێتەوە سەرتان ناهێڵێ بە ئاسودەیی دابنیشن، یان بە پێچەوانەوە یەکێتی چەند هەزار کەسی تری لە پارتی کوشت و پارتی شکاند و راوی نا بۆ موسڵ یان بۆ تورکیا یان بۆ ئێران، پارتی بەوە لەناو ناچێ، جارێکی تر دێتەوە سەر یەکێتی و ناهێڵێ بە ئاسودەیی دابنیشێ.. لەبەر ئەوە تەنیا ڕێگە پێکهاتن و ئاشتبونەوەیە.

"کە یەکێتی و پارتی ئاشت بونەوە توانیمان ڕێزی خۆمان و گەلەکەمان بەسەر هەمو لایەک دا بسەپێنین.

"چونکە یەکگرتو بوین توانیمان پێکەوە: بەرەی کوردستانی، ڕاپەڕین، کۆڕەو، موفاوەزە، هەڵبژاردنی گشتی، پارلەمان، حکومەتی هەرێم... دابمەزرێنین، کەچی لەوەتی شەڕەکان دەسی پێ کردوە خەریکە هەمو شت ئەدۆڕێنین و، لە ناو گەلەکەمان و لە بەرچاوی دنیا خەریکە سوک ئەبین! تۆ کوڕێکی گەنجی، پاشەڕۆژێکی درێژت لەبەردەم دایە بۆچی لە باتی ئەوەی هەزاران منالی هەتیو تۆ بە بکوژی باوکیان بزانن و دوعای شەڕت لێ بکەن، وا ناکەی دڵی هەزاران خێزان خۆش بکەیت و دوعای خێرت بۆ بکەن و لە سەردەمی تۆدا هەزاران کەس زانکۆ تەواو بکەن؟"

گفتوگۆکەمان و کەشی دانیشتنەکەمان دۆستانە بو. بە پێچەوانەی ئەو وێنەیەوە کە لە لای من دروست بوبو خۆی بە ئاشتیخواز و بە لایەنگری ئاشتبونەوە پیشان ئەدا. پرسیاری لێ کردم کە ئاخۆ بەو نزیکانە ئەگەڕێمەوە بۆ کوردستان. وتم نەخێر. وای دەرخست پێی ناخۆشە.

*

پاش ئەوەی گەڕامەوە لەندەن و پشویەکم دا و، جارێکی تر لە هەلومەرجێکی هێمنتردا کەوتمە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان، ئەم نامەیەم نارد بۆ م س – یەکێتی:

لەندەن

ی ١٠نیسانی ١٩٩٦

برایانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی

سڵاوێکی گەرم و، هیوادارم لە کاروبارەکانتان دا سەرکەوتو بن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم ئەگەر نامەکەم ناڕەحەتتان بکا. من لام وایە ئێتر کاتی ئەوە هاتوە بە صەراحەت روبەڕوی یەکتری ببینەوە: راستیەکان، چەندە تاڵ و ژەهراوی بن، ئاشکرا بکەین و، چیتر بە موجامەلاتی درۆ، یان بە ناوی مەترسی پارتیەوە راستییەکان نەکەین بە ژێرەوە. چاککردنی هەلومەرجی کوردستان، ئەگەر بە راستی چاککردنتان بوێ، ئەبێ لە ناو ماڵی خۆمانەوە واتە لە ناو یەکێتیەوە دەس پێ بکا.

من بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆم یەکێتی، بۆ دەرچون لەم تەنگوچەڵەمەیەی گەلەکەمانی تێ کەوتوە، ٣ رێگای لە بەردەم دا بو:

- چارەی سیاسی، ئاشتبونەوەی یەکێتی ـ پارتی.
- چارەی بە لاداخستنی چەکدار، لایەک بە شەڕ لایەک بشکێنێ.
- کە ئەم دو چارەیە هیچیان لە جێبەجێکردن نەیەن، یەکێتی رێگای ئیسڵاحی سیاسی و ئیداری بگرێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا و، نمونەیەکی باشی حکومەتی قانون و نیزام دابمەزرێنێ...

لێتان ناشارمەوە، پاش چەند مانگ مانەوە و چاوەڕوانی و چاودێریی، بە ئاشکرا ئەڵێم: هیچ نیازێکی راستەقینەم لە زۆری ئێوەدا بەدی نەکرد بۆ ئەنجامدانی هیچکام لەم چارەسەرانە، بەڵکو ئەوەی من هەستم پێ کردوە هەوڵدانە بۆ درێژەپێدانی ئەم وەزعەی ئێستا هەیەو، ئەویش چەندین هۆی هەیە، لە سەرو هەموپانەوە ئەوەیە تاقمێکی دەسەڵاتدار دروست بوە قازانجی لەمانەوەی ئەم وەزعەدایە.

جێگەی داخ و سەرسوڕمانە، ماوەیەکی زۆرە، هیچ جۆرە لێپرسینەوەو موحاسەبەیەک لە ناو یەکێتی دا نەماوە. کاربەدەستە گەورەکانی یەکێتی هەرچی بکەن و بڵێن، هیچ کەس و هیچ دەزگایەک نیە لێیان بپرسێتەوە. لە بەر ئەوە هەمو بەها پیرۆز و بەرزەکانی سەردەمی شۆڕش لە بەر چاوی خەڵکی سادە سوک و بێ نرخ بون و، گاڵتەیان پێ ئەکرێ. لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێم دا، کە لە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆ و تەنیای یەکێتی دایە فەساد: فەسادی سیاسی، فەسادی ئیداری، فەسادی مالی، فەسادی ئەخلاقی... گەیشتۆتە رادەیەکی ئەوتۆ هەمو کەس بۆنی ئەکات و ئەیبینێ، لە دانیشتنەکانی خۆیانا رۆژانە باسی ئەکەن، بێگانەکانیش بە چاکی ئەیبینن.

ئەگەر لە سەردەمی نیوەبەنیوەدا کاربەدەست و دەسەڵاتدارەکانی یەکێتی نیوەی کارەکانیان بە دەستەوە بو لە ترسی موراقەبەو چاودێریی نیوەکەی تر کە بە دەست پارتیەوە بو نەیان ئەویرا هەندێ موخالەفەی ئاشکرا هەبو بیکەن، ئەوا لەوەتی هەردو نیوەکە کەوتوتە دەست کاربەدەستانی یەکێتی، بێ سڵەمینەوە لە هیچ لێپرسینەوەیەکی حیزبیی، یا حکومەتیی، یان تەنانەت ویژدانیی، هەرچییەکیان بوێ ئەیکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەمڕۆژانەدا ناوبژی ئەمەریکی دەس پێ ئەکاتەوە، مانگی مایسی ئەمساڵیش ماوەی پارلەمان تەواو ئەبێ. هەڵی ئەوەشێتنەوە یان درێژی ئەکەنەوە ئارەزوی خۆتانە، هەرچەندە وا دەرئەکەوێ قازانجی زۆرکەس لە درێژکردنەوەیدایەتی. لە هەردو حاڵەت دا زۆر زەرەرووریە ئەم دەزگا حکومەتیەی ئیستا: بە تایبەتی سەرۆکی وەزیران و هەندێ لە وەزیر و وەکیلەکانی بگۆڕن، بە کەسانێک زۆرتر هەست بە مەسئولیەتی نیشتمانیی و نەتەوەیی بکەن.

سەرۆکی وەزیران: کاک کۆسرەت، من خۆم یەکێ بوم لەوانەی پیرۆزباییم لێ کرد و، لە ناخی دڵەوە سەرکەوتنیم بە ئاوات ئەخواست و، ئەوەندی پێوەندی بە منیشەوە هەبوبێ لە هەمو شوێن، لە دەرەوە و لە ناوەوە، لە گفتوگۆکانمانا لە گەڵ پارتی و، لە لای ئێران و ئەمەریکا، دیفاعم لێ کردوە و، لە سەرم کردۆتەوە. بەڵام ئیتر کاتی ئەوە هاتوە واز لە "هاودەردیی و هاودەنگیی عەشایەری" بهێنین، بە هەق و بە ناهەق لە سەر یەکتری بکەینەوە، هیچ نەبێ لە ناو ریزەکانی خۆمانا.

جێگەی داخە کاک کۆسرەت ئەو ماوەیەی سەرۆکی وەزیران بو نمونەیەکی باشی حوکمڕانیی یەکێتی نەدا بە دانیشتوانی کوردستانی عیراق و، لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵا ئەم قسانەی بە پاڵ ئەدرێ:

١. ئەڵێن: لە گەڵ هەمو تاجیرە گەورەکانی کوردستانی عیراق دا شەریکە. ڕێگا نادا بە هیچ تاجرێک کار بکا ئەگەر بەشێکی قازانجەکەی بۆ ئەو تەرخان نەکات و، پارەکەی لە حسابێکی بانکی دا لە دەرەوە بۆ دانەنێ.

٢. لە هەولێر سەرانە سەندن، منداڵ فڕاندن، ئوتوموبیل فڕاندن، زەلام کوشتن، چونە سەر مااڵن و ترساندن و ... زۆر تاوانی تری لەم بابەتانە ڕو ئەدەن، کە بۆ هەیبەتی حکومەتی هەرێم و سەرۆکەکەی عەیبە. کەچی ئەڵێن: زۆری ئەم عەصابانەی بەم کارانە هەڵئەستن لە ژێر باڵی کاک کۆسرەت دا خۆیان حەشار داوە و، ئەو ئەیانپارێزێ، هەندێ لەم عەصابانە ناسراون بەڵام هیچ ئیجرائیکی قانونی بەرامبەر نەکردون.

٣. کاک کۆسرەت کاتی خۆی مۆزەفێکی پچوک بو لە سایلۆی هەولێر، قەمەرەیەکی پچوکی هەبو ئەویش کۆمەڵە بۆی کڕی بو ئیشەکانی ناوشاری پێ بکەن، کەچی ئیستا لە مااڵی میللەت دەیان سەیارەی نوێ و گرانی کڕیوە و، ڕۆژانە پارەیەکی زۆر لە مەسرەفی ئوتوموبیلەکانی و بەنزین و حەرەس و حیمایەکانی و دەعوەتی گەورە و بێ سودا خەرج ئەکا... خەڵک ئەپرسن ئەمەی لە کوێ بو، بۆچی پارەی حکومەت ئاوەها بە خۆڕایی سەرف ئەکا، لە کاتێکا بەشێکی زۆری میللەتەکەمان هەژار و برسین؟

٤. تدخلی ناقانونی و نامەعقول لە دەزگا و دائیرەکانی حکومەتی هەرێم و تەنانەت لە جامیعەکان دا ئەکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥. لە مانەش سەیرتر، رقابەی خستۆتە سەر تەلەفۆنی هاوڕێکانی و، فایلی بۆ موخالەفە مالیەکانیان دروست کردوە، نەک بۆ ئەوەی موحاسەبەیان بکا کە موخالەفەی لەو بابەتانە دوبارە نەکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی وەکو عامیلی "ئیبتیزاز" بۆ هەڕەشە لێ کردن و ترساندنیان بە کاری بهێنێ.

خەڵک پێمان ئەڵێن: مەسئولەکانی یەکێتی خۆیان بە خاوەنی کوردستان نازانن، خۆیان بە مۆقەت ئەزانن، مااڵ و منااڵەکانی خۆیان لە دەرەوە داناوە بۆیە بە تەنگ وڵاتەکەو خەڵکەکەیەوە نایەن چیبان لێ بە سەر دێ. تەنانەت کاک کۆسرەت لە سەردەمی سەرۆکایەتیەکەی خۆی دا منااڵەکانی نارد دەرەوە ببن بە پەنابەر، کە ئەمەش نیشانەی نەبونی باوەڕ و دڵخۆشییە بە وەزعی کوردستان.

من خۆم چاوەروانی ئەوە بوم کاک کۆسرەت هەمو توانای خۆی بۆ خزمەتی گەلەکەی و یەکێتی تەرخان بکا، بەاڵم بە راستی جێگای داخە هەمو توانای یەکێتی و حکومەتەکەش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکار ئەهێنێ، بە تایبەتی دوای ئەوەی "مەحکەمەی تەمییز" کێشەی "رابەر" یان چارەسەر کرد، لای وایە بە راستی بوە بە "رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد!" ئەیەوێ هەمان تەجروبەکەی صەددام و بەکر دوبارە بکاتەوە.

بێگومان من بۆیە کاک کۆسرەتم بە نمونە هێناوەتەوە چونکە: یەکەم، خۆمان داماں ناوە بە شەخسی یەکەمی حکومەتەکەمان و، روی یەکێتیە لە کوردستان دا. دوەمیشیان ئەوەیە، ئەویش خۆی بە شەخسی یەکەم و یەکەم دەسەاڵتداری کوردستانی عیراق دائەنێ.

حەز ئەکەم دڵنیا بن لەوەی من هیچ ئیشێکی تایبەتیم بە یەکێتی و بە کەسێکی ناو یەکێتی نیەو، بە تەمای هیچ پلەو پایەیەکی حکومەتیی یا حیزبیی نیم و، لەم نامەیەش مەبەستم دوژمنایەتی هیچ کەسێک نیەو هیچ مەبەستێکم نیە جگە لە چاککردنی وەزعی یەکێتی و وەزعی کوردستان و، نامەوێ داخلی موهاتەرات و شەڕەجنێو و وەاڵم و وەاڵمدانەوە ببم. لە سەر مستەوای شەخسی ڕێزی هەمو یەکێکتانم لە الیەو، بە ئاواتی ئەخوازم هەمیشە گەورە و سەربەرز و پایەبەرز بن. بەاڵم دڵنیام زۆر لە ئێوەش هەست بەم کەموکوڕییانە ئەکەن و، حەز ئەکەن چارەسەر بکرێن .

هیوادارم ئەمە ببێتە هاندەرێک بۆ بە خۆداچونەوە و، جوڵاندنی هەموتان بە گیانە پاک و ئازا و شۆڕشگێڕییەکەی سەردەمی پێشمەرگایەتی و بەها پیرۆز و بەرزەکانی. ڕەنگە هەموتان گلەیی ئەوەم لێ بکەن کە من دورەپەرێز وەستاوم و هەر قسەی زلم کردوە، ئەمە بێگومان بێ ویژدانی تیایە، لە ماوەی رابردوش دا کە دور بوم کەمم ئیش نەکردوە و، لێرە بە دواوەش ئەگەر ئێوە بە جدییەتەکەی جارانەوە مل بدەنە بەر کار بۆ ڕاستکردنەوەی خواریی و چەوتیی وەزعی ناو یەکێتی و کوردستان، منیش لە هەمو شتێ ئەبڕێم و شان بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شانی ئێوە هەرچیم پێ بکرێ دریخی ناکەم، ئەگینا وەکو پێشینان وتویانە: "چاکەتان بۆ خۆتان و خراپەتان بۆ خۆتان و، دوریی و دۆستیی!"

لە گەل ڕێزی بێئەندازەی

برای دڵسۆزتان

نەوشیروان

*

٢٢ – ٢٤ ی ٤ ی ٩٦:

وەفدێکی گەورەی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی ڕۆبێرت دۆیچ گەیشتونەتە کوردستان بۆ گێڕانەوەی ئاشتی. چەند جارێ هەردولای ناکۆکیەکەیان دیوە. پێ ئەچێ ئەمجارەش بێ ئەوەی هیچ پێشکەوتنێ لە کارەکەدا بوبێ، گەڕابنەوە.

*

٢٠ ی ٥ ی ٩٦:

فاروقی مەلا مستەفا لە ٢٠ ی ٥ دا بە فاکس نامەیەکی بۆ ناردم لە نامەکەیدا نوسی بوی:

"پاش سەفەرەکەتان و گەڕانەوەی مام جەلال، لە جەنابی وا تێگەیشتم کە کۆبونەوەی تۆ و نێچیروان ئیجابی بوە، بەڵام پارتی نایەوێ دریژە بەو کارە بدات و ئێمە ئامادە بوین لە گەڵ وەفدە ئەمەریکیەکە، وەفدێکی خۆمان بنێرین بۆ سەلاحەدین. ئەم قسەیە لای من تەئکید بو بە نامەیەکی کاک عەبدوڵڵا ئاگرین کە دەڵێ: کۆبونەوەی کاک نەوشیروان و کاک نێچیرڤان زۆر ئیجابی بو، بەڵام ئیتر کاک نەوشیروان نەگەڕایەوە لە خاریج. ئینجا ئایا مەرجی پارتی هەربونی تۆیە لە ڕێککەوتن دا یا ئەوە بیانوە؟

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سەردانی مام جەلالم کرد. پێشنیاری لەسەرڕۆیشتنی هەوڵی ئاشتیم کردەوە. وتی: "من بە باشی دەزانم سەرێکی کاک مەسعود بدەیتەوە و ئێمە ئامادەین هەردو م س کۆ ببینەوە". پێڕێ نامەیەکم بۆ نارد و یەکێکیش بۆ کاک عەبدوڵڵا ئاگرین. دوهەم یەکسەر وەڵامی ناردەوە، زۆر لایەنگیری بەردەوام بونە لە سەر کۆششی بەڕابونەوەی ئاشتی و ڕێککەوتن و دەڵێ: ئەمڕۆ کاک مەسعود لە ناوچەی خۆیان دەگەڕێتەوە و لەهەفتەی داهاتودا موعد دائەنێ بۆ بینین.. حەزم کرد ڕای نەوزاد و سەفوەتیش وابو، بیرورای تۆ چیە لە بەردەوامبونی هەوڵ و کۆششمان دا کە تۆ دەستت پێ کردوە؟"

*

٢١ ی ٥ ی ٩٦:

منیش ڕۆژی ٢١ ی ٥ ی ٩٦ بە فاکس وەڵامم دایەوە. لە نامەکەم دا بۆم نوسی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە سوپاسێکی زۆرەوە نامەی ڕۆژی ٢٠ ی ئایارم وەرگرت. بێگومان هەمو هەوڵێک بۆ ناشتکردنەوەی یەکێتی و پارتی کارێکی پیرۆزە و قازانجی گەلەکەمانی تێدایە، بۆیە ئەگەر ئیمکانی درێژە پێدانی هەبێ پێویستە درێژەی پێ بدرێ. بەڵام وا بە کورتی ڕەئی خۆمتان زۆر بە صەراحەت بۆ ئەنوسم:

لەم قۆناغەدا بەپێی بۆچونی خۆم و هەڵسەنگاندنی ڕوداوەکان ئیمکانی هیچ ناشتبونەوەیەک نابینم لەبەر ئەم هۆیانە:

١. پارتی ئێستا خۆی لە هەڵوێستێکی بەهێزتردا ئەبینێ لە چاو یەکێتی و، لەچاو ماوەیەک لەمەوپێشی خۆیدا چونکە:

١. ١. عیراق بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکانی قوبوڵ کرد دەربارەی گۆڕینەوەی نەوت بە خواردەمەنی. پارتی ئەمە بە سەرکەوتن دائەنێ بۆخۆی: بۆری نەوت بە ناوچەکەی ئەودا ئەڕوا و، خواردەمەنی و دەرمان بە ناوچەکەی ئەودا ئەگوێزرێتەوە. یەکێتی بێ بەشە لەمانەو، پارتی نایەوێ یەکێتی ببێتە شەریکی.

ئەم بڕیارە پارتی لەجاران زیاتر مەغرور و لاسار ئەکا و، لای وایە یەکێتی پێ ئەشکێنێ.

١. ٢. مەسعود پێوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ چاک کردۆتەوە، لە گەڵ سوریا پتەوی کردۆتەوە. سوریا گوشاری زۆری ئەمەریکی و تورکی لەسەرە بۆ دورخستنەوەی پی کاکا. ئەیەوێ ئەو شەڕە بمێنێ و، لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێ، بەڵام لە ناوچەکەی خۆی دوری بخاتەوە. باشترین جێگاش بۆ ئەوە، وڵاتی بێ خاوەن: کوردستانی عیراقە. پی ئەچێ مەسعود بەڵێنی ئەمەی پێ دابێ.

١. ٣. پارتی مەترسی شەڕی پی کاکا ی لەسەر نەماوە.

٢. لەناو یەکێتی دائیتیجاهێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات پەیدا بوە، قازانجی یەکێتی لەوەدا ئەبینێ ڕێگا بە پارتی نەدرێ بگەڕێنەوە سلێمانی و هەولێر و کەرکوک. ئەمەش تێکەڵاوە لە بەهانەی سیاسی و قازانجی تایبەتی.

٢. ١. هەندێک لایان وایە صەددام ئەروخێ. لەکاتی روخانی ڕێژیم دا ئەیەوێ پارتی لەم ناوچەیەدا نەبێ و تەجروبەی سەردەمی ڕاپەڕین دوبارە نەبێتەوە، کە بە خۆرایی پارتییان کرد بە شەریک و، دوایی بون بە بەڵا.

٢. ٢. هەندێکی تریش، کە ئێستا کەم نین و تا دێ زۆرتر ئەبن، قازانجی تایبەتییان لەوەدایە بە تەنیا، بەبێ شەریکایەتی پارتی، حوکمی ناوچەکە بکەن، بۆ ئەمەش بڕوبیانوی سیاسی دائەتاشن.

٣. ئەمجارەش ئەمەریکا لە ناوبژییەکەیدا جیدی نەبو. لە ناو موعارەزەی عیراقی دا ئەگەر کورد یەکگرتوو بێ لە هەمویان بەهێزتر ئەبێ، ئەمەریکا نایەوێ کورد بەهێزترین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێزی ناو موعارەزەی عیراقی بێ، بە تایبەتی لەکاتی روخانی صەددام دا. ئەیەوێ ئەمیش لاواز بێ. گرنگترین مەسەلە لای ئەمەریکا: درێژەپێدانی تەقەوەستاندنە.

٤. دەوڵەتانی ناوچە: ئیران و تورکیا و سوریا و عیراق یەکگرتنەوەی ئەم دو هێزەیان پێ باش نیە. قازانجیان لەوەدایە ناکۆک و ناتەبا بن، تەجروبەکە لەبەرچاوی کورد و گەلانی ناوچەکە فاشیل بێ و، لەبەر ناکۆکی ناوخۆیان نەیانپەرژێتە سەر مەسەلە نەتەوەییەکان.

ئاشتی کاتێ دروست ئەبێ، کە هەردولا قازانجیان لە ئاشتی دا هەبێ و، ئیرادەی راستەقینەیان هەبێ بۆ دروستکردنی، بەداخەوە لەبەر ئەو هۆیانەی باسم کردن، جارێ من ئەو قازانج و ئیرادەیە نابینم کە پێویستن بۆ دروستکردنی ئاشتی، ئەگینا منیش رەئیم وایە: حکومەتێکی یەکگرتوو و، ئاشتیەکی دائیمی، لە پێش هەمو لایەک دا بە قازانجی یەکێتیە. ئەگەر بیانو نەبێ، باوەڕ ناکەم پارتی بوونی من لە مەوزوعەکەدا بکا بە مەرج، بە تایبەتی لە هەمو گفتوگۆکانی دو ساڵی رابردودا من نوێنەری یەکێتی بوم و سودیشی نەبو و لە هەموشیان زیادتر جنێویان بە من داوە. ئەگەر پارتی لە پێکهاتن بێ، ئەبێ قوبوڵ بکا لە گەڵ ئەم داوەزگایەی ئێستای یەکێتی- هەرکەسێک و هەرچۆنێک بێ- پێک بێ، نەک لەگەڵ (من) یێکی کە مەعلوم نیە ساڵی داهاتو چی ئەکەم.

قوبوڵکردنی بڕیاری ٩٨٦ ی ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەن صەدامەوە زۆر حساباتی سیاسی ئەگۆڕێ. بێگومان تەئسیرێکی راستەوخۆش ئەکاتە سەر هەلومەرجی کوردستان. ئەگەر نەختێ چاوەڕێ بکەین تا هەندێ لە تەئسیرەکانی دەرئەکەون، رەنگە جوڵان ئەوسا ئاسانتر بێ.

لەکۆتاییدا دوبارە سڵاوم هەیەو، خۆشی و کامەرانیتان لە ناخی دڵەوە بە ئاوات ئەخوازم.

*

٢٧ ی ٥ ی ٩٦:

بەیانی ئەمڕۆ وەفدێکی یەکێتی کە پێکهات بو لە: د. فوئاد مەعصوم، د. کەمال فوئاد، ئەرسەلان بایز، عەدنان موفتی، گەیشتنە صەلاحەدین.

لەلایەن وەفدی پارتیەوە کە پێک هات بو لە: سامی ئەورەحمان، د. جەرجیس حەسەن، فەرەنسۆ حەریری، د. ناصیح غەفور، فرسەت ئەحمەد، پێشوازی کران.

رەشید عەبدولقادر: سەرۆکی دادگای تەمیز و، عەزیز محەمەد: سکرتێری پێشوی حیزبی شیوعی، یونادم یوسف: نوێنەری ئاسوری، حەیدەر فەیلی: نوێنەری حیزبی شیوعی عیراقی، سەید محەمەد: نوێنەری بزوتنەوە و، چەند کەسێ لە ئەندامانی لیجنەی هاوکاری نیشتمانی و، فاروق مەلا مستەفا، د. نەوزاد عەتار، د. بەهرام خدر مەولودیش لە گەڵ وەفدی یەکێتی چون بۆ صەلاحەدین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نوێنەرانی هەردو حیزب دو کۆبونەوەیان کرد بو. پێک هات بون لە سەر ئەوەی تەمەنی پارلەمان بۆ ماوەی ٣ مانگی تر درێژ بکەنەوە. لە کۆبونەوەکانی مانگی کانونی یەکەمی ٩٥ ی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیدا لە هەولێر، وا بڕیار درا کە ئەگەر لە گەڵ پارتی نەگەیشتنە ڕێککەوتنی سیاسی، ئەوا پارلەمان هەڵبوەشێنرێتەوە، حکومەتێکی وەختی دروست بکرێ، ئەگەر حیزبەکانی تریش بەشداریان کرد بەشیان بدرێ، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دا هەڵبژاردن لەسەر بنچینەی دائیری بکرێ. حکومەتێکی تازە دروست بکرێ.

*

ئەو نامەیەی من بۆ م س – یەکێتیم نارد بو پێ ئەچێ هیچ کاریگەریەکی نەبوبێ، چونکە هیچ دەنگدانەوەیەکی سەلبی یا ئیجابی نەبو، ڕەنگە کرا بێ بە ژێرەوە و پیشانی زۆریان نەدرابێ.

*

لەوەتی تاقمی "ئەمیرەکانی شەڕ" لە ناو سەرکردایەتی یەکێتیدا پەیدا بون و پێ گەیشتون، زۆر لە بەها پیرۆزەکانی یەکێتی سوک و، زۆر لە سەرەتاکانی لەقیون. بڕیارەکانی سەرپێیی ئەداو، سەرپێیی بە گوێرەی قازانجی کورت خایەنی ئەم تاقمە ئەیگۆڕی. سەرکردایەتی یەکێتی لەو بڕیارە پەشیمان بوبوەوە، بۆیە لە پێش تەواوبونی ماوەی پارلەمان دا بە ماوەیەکی کورت، لە کۆبونەوەیەکی م س دا لە قەڵاچوالان، کتوپڕ پێی بە جەرگی خۆی دا نا و، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ناردنی وەفدێکی بەرزی مەکتەبی سیاسی بۆ صەلاحەدین بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پارلەمان. ئەوە بو وەفدەکەی ناردو، تەمەنی پارلەمانە ئیفلیجەکەشی درێژکردەوە.

درێژکردنەوەی تەمەنی پارلەمان، وەکو ساڵی پار کرا، شتێکی چاوەڕوانکراو بو. لەمەدا دەسەڵاتداران و سەرکردە و کاربەدەستەکانی هەردولا، بە تایبەتی ئەمیرەکانی شەڕ و لەگگام و هەڵپەرستەکانی ناو دەزگا حیزبیی و حکومەتییەکان، قازانجی هاوبەشیان هەبو: لەژێر سەرپۆشی شەرعیەتێکی ڕوکەش دا درێژە ئەدەن بە دەسەڵاتی خۆیان و، هەڵ لوشینی داهاتی دارایی کوردستان.

*

١ ی ٧ ی ٩٦:

لەنامەیەکی درێژدا، کە نمایشێکی گشتی هەلومەرجی سیاسی و، کاروباری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و، ڕێکخراوە دیمۆکراتیەکانە، کە مام جەلال لە قەڵاچوالانەوە بە تایبەتی بۆ خۆمی نوسیوە و بە سەلاح ڕەشیدا بۆی ناردوم ئەڵێ:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"وەزعی خۆمان، هی ی ن ک، لە دوای رۆیشتنی ئیوەوە، لە چەندین رویەکەوە گەشەی کردوە.

"لە رێکخستن دا گەشەکردن و پەرەسەندنیش هەیە. تەنانەت لە بادینانیش چەندین خەتی باشمان بوژاوەتەوە، پتر لە دو هەزار ئەندام رێکخراوەتەوە و لە روی خەلّکیشەوە بە قسەی خۆیان وەزعیان باشە.

لە هەمو مەلّبەندەکان هەم زیادبون و هەم گەشەکردن باشە. بە تایبەتی هەولێر... چەندین هەزار ئەندام هاتونەتەوە و ۳ – ٤ هەزارێکی تریشیان زیاد کردوە...

"رێکخراوە دیموکراتیەکان... زۆریان گەشە کردوە بە تایبەتی خوێندکاران و ژنان. وا خەریکی جولّانەوەی کرێکارانیشین. ریزەش زۆر پەرەی سەندوە و زۆربەی زۆری (یانەکان) و (تیمەکان) دۆستی خۆمانن. جگە لە لیژنەی ئولۆمپی...

"تا ئێستا خۆسازدانمان زۆر زۆر لە جارەکەی پێشو باشترە. ئیستە ۲۵ لەشکرمان هەیە کە رێکمان خستونەتەوە و، هەمویان پتر لە ۲۵ هەزار پێشمەرگەی رێکخراو دەبن – جگە لە دو لەشکری رێک نەخراوە.

"با دو قسەش (هی خۆمانی) لە سەر سەفەرەکەتان بکەین.

بێ گومان سەفەرەکەتان بە لای منەوە ئاسایی بو. هەرچەندە هەمومان پێمان باش بو بە جۆرێکی تر با. کە گەڕایتەوە، خەبەرت بۆ رزگار نارد بو کە ئۆفیسەکەتان داخات و کەلوپەل بدەنەوە ی ن ک. من نەم هێشت چونکە پێم وابو، بڕیارێکی ناڕەوایە – وە لە تورەبونتان دا بڕیارەکەتان داوە! جگە لەوەی کێشەکان بەوجۆرە چارە ناکرێن.

من پێم باشە "صبری انقلابی" تان هەبێت و ماوە بدەین بە "زەمان" و "گەشەکردنی تەدریجی" بۆ چارەکردنی زۆر لەو کەموکورتییانەی کە ی ن ک لێیان دەنالّێت.

من پێم باشە گەشەکردن و چاککردنەکان لە چوارچێوەی ی ن ک دا بێت، بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی بێت.

پێم باش و راست و رەوایە وەزعی کوردستان، وەزعی عیراق، وەزعی خۆمان و پارتی و دەوروبەر رەچاو بکەین، بۆیە هەقە هەمومان بە دوربینی و بە پشودرێژی شۆڕشگێڕانەوە کار بکەین.

مشکلی نیست که آسان نشود

مرد باید که هراسان نشود

دیارە کاک سەلاحەدینیش بە دورودرێژتر باستان بۆ دەکات.

دوبارە تکای برایانەم ئیهتیمام دانە بە خۆتان. بە صیحەتی خۆتان. بە نەخۆشیەکەتان. چیتر بە "ئاسانی" مەگرە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە بیرم چو پارتی هەم نەخۆشیەکەت وەک نیشانەی "مردن" تان بۆ دەرکەوتەوە، هەم فرنسۆش لە کتێبەکەی دا کە دو مانگ پێش بڵاوی کردۆتەوە، زۆر هێرشی کردۆتە سەر من و تۆ و هەندێ هەڤاڵی تر."

*

٢٩ – ٣٠ ی ٧ ی ٩٦:

دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان کردەوە کە ئێران لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیەوە هێرشێکی گەورەیان کردۆتە سەر بنکە و بارەگاکانی نەیارەکانیان بە تۆپ و کاتیۆشا شوێنەکانیان کوتاون. ئەم هێزە لە پێنجوینەوە هاتونەتە کوردستانی عیراق و بە شەو بە ناو سلێمانی دا تێپەڕیون بەرەو کۆیە، کە بارەگای سەرکردایەتی و هێزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی لێیە. دیمۆکرات پێشتر بە هێرشەکەیان زانیوە. خۆیان قایم کردوە. زیانی گیانییان نەبوە. هێزەکەی ئێران هەمان رۆژ کشاونەتەوە. ئێران لەم هاتنەی دا چاوی لە تورکیا کردوە، بەڵام ئەوەی بۆ تورکیا ئەلوێ بۆ ئێران نالوێ.

پارتی بەیانێکی دەرکردوە، بێئاگایی خۆی لەم هێرشە دەرئەبڕێ و بە خیانەتی دائەنێ و، پێ دائەگری کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە هیچ هێزێکی ئێرانی نەهاتونەتە کوردستانی عیراقەوە.

دەنگدانەوەی ئەم هێرشە و، چاوپۆشی یەکێتی لەم هاتنە و، کاریگەری لە سەر هەڵوێستی ئەمەریکا و ئینگلیز و دەوڵەتانی ئیقلیمی خراپ ئەبێ.

*

٢٠ ی ٨ ی ٩٦:

خولێکی نوێی شەڕ

م س پارتی "بانگەوازێک" ی "بۆ گەلی کورد و ئازادیخوازانی جیهان" بڵاو کردۆتەوە، ئێران بە "غەدر" و یەکێتی بە "پیلانگێڕان" و "هێنانی هێزی بێگانە" تاوانبار ئەکا و، داوای لە ئازادیخوازانی دنیا کردوە بە هاواریەوە بچن.

*

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕەکانەوە یەکێتی ئێرانی تاوانبار ئەکرد بە پشتیوانی لە پارتی و، خۆشکردنی ئاگرەکەی، ئێستا "گەمە" کە هەڵگەڕاوەتەوە پارتی ئێران تاوانبار ئەکا بە پشتیوانی لە یەکێتی و، خۆشکردنی ئاگرەکەی. بانگەوازەکە تەنگاوی و شپرزەیی پێوە دیارە. پارتی دەستەوسان دانانیشێ. بۆ مانی خۆی هەمو شتێ ئەکا. ئەشێ ئەمە سەرەتای خولێکی تری شەڕ بێ.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو چەند مانگەی ڕاگرتنی شەڕی یەکێتی - پارتی درێژەی کێشا، چونکە هیچ لایەکی دەرەکی زامنی پاراستنی نەبو، چاودێریکەر لە مەیدانەکانی ڕووبەڕوبونەوەدا نەبو، لەبەر ئەوە هیچ لایەک باوەڕی بە درێژە کێشانی هەتا سەری نەبو. جاروبار لە خەتەکانی لێکدان دا تەقوتۆق و تۆپبارانی یەکتری ئەقەوما. هەردولا هێزەکانیان بۆ نەبەردی داهاتو ئامادە ئەکرد.

یەکێ لەو لیوا زۆرانەی پارتی دروستی کرد بو لە قەسرێ "سەنگەری سیاسی گواستەوە" و، لە پارتی هەڵگەڕایەوە و، ڕایگەیاند کە ئەچێتە ڕیزی یەکێتییەوە. پارتی ئەمەی بە ڕاگەیاندنی شەڕ لە سەر خۆی دانا و، هێزێکی زۆری "نارده سەر لیواکەی بۆ تەمێ کردنیان. یەکێتیش هێزێکی نارد بۆ یارمەتیدانی لیوای پەلامارداراو و فراوانکردنی ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی لە باڵەکایەتی. ئێرانیش دەستی خستە کێشەکەوە. بە خەستی تۆپبارانی سەنگەر و بارەگاکانی ناوچەکەی کرد. هێزەکانی پارتی لە ژێر زەبری تۆپبارانی ئێرانی و، هێرشی پیادەی یەکێتی دا ناوچەکەی چۆڵ کرد. بەشێکی گرنگی جادەی هامیلتون، کە پارتی شانازی زۆری بە گیرانییەوە ئەکرد، لە حاجی ئۆمەرانەوە تا چۆمان لە دەستی دەر هات و، هێرش بۆ دەرکردنیان لە گەلاڵە و برادۆست دەستی پێ کرد.

پارتی لەم گۆڕینانە ترسا.

لە خولی یەکەمی شەڕەکان دا، پارتی بە هۆی ئێرانەوە چەندین مەیدانی نوێی شەڕی دژی یەکێتی لە قەڵادزە، پێنجوین، هەڵەبجە، بەمۆ کردەوە و، لە خولی دوەمی شەڕەکان دا کە چۆمان کەوت بوە دەس یەکێتی، پارتی بە یارمەتی ئێران چۆمان و جادەی هامیلتونی تا ئێران لە دەس یەکێتی دەرهێنا و، بە هەڕەشەی ئێرانی ڕێگەی لە پێشڕەوی یەکێتی گرت بۆ سەر صەلاحەدین، دوای گرتنی هەولێر. پارتی ئەمەی بە حەڵاڵ ئەزانی بۆ خۆی، بەڵام لە خولی تازەی شەڕەکان دا کە ئێران بە قازانجی یەکێتی تۆپبارانی کردن، هاواری لێ هەڵسا و، کردی بە بیانوی هێنانی جەیشی عیراقی بۆ سەر کوردستان.

*

٢١ ی ٨ ی ٩٦:

وتەبێژی ڕەسمی یەکێتی لە "تصریح صحافی" دا بەرپەرچی ئیتیهامەکانی پارتی داوەتەوە و، تاوانباری ئەکا بە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ.

*

٢٨ ی ٨ ی ٩٦:

هەوڵی ئەمەریکی بۆ ڕاگرتنی شەڕ

جگە لەوەی لە واشینتون داوایان لە نوێنەرەکانی هەردولا کرد شەڕەکە ڕابگرن، یاریدەدەری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشتر چەند جارێ گفتوگۆی تەلەفۆنیی لە گەڵ مامجەلال و مەسعود کرد. سەرەنجام هەردولا ڕازی بون کە شەڕ لە سەعات ٨ ی بەیانی ٢٨ ی ٨ ی ٩٦ هوە ڕابگیرێ و، هەردولا نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ لەندەن بۆ گفتوگۆ لە سەر چەسپاندنی بنچینەکانی ڕاگرتنی شەڕ و، ئامادەکردنی زەمینەی کۆبونەوەی سەرکردەی هەردو حیزب.

*

٢٠ ی ٨ ی ٩٦:

کۆبونەوەی لەندەن

نوێنەرانی هەردولا، لە یەکێتی: عەدنان موفتی و د . لەتیف ڕەشید، لە پارتی: هوشیار زێباری و موحسین دزەیی، لە موع: ئەحمەد چەلەبی و، نوێنەری ئەمەریکا: ڕوبێرت دۆیچ، نوێنەرێکی بەریتانیا و نوێنەرێکی تورکیا، لە بارەگای موع لە لەندەن کۆبونەوە بۆ دانانی ڕێوشوێنەکانی جێگیرکردنی ئاشتی لە مەیدانەکانی شەڕدا و، پڕۆژەیەکیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی هەردولا بە شایەتی و ئاگاداری لایەنە بەشدارەکان ئیمزای بکەن، ئەگەر هیچ پێشنیارێکی نوێ، بۆ دەسکاری کردنی، نەیەتە پێشەوە.

*

٢١ ی ٨ ی ٩٦:

خولی سێیەمی شەڕ

ڕۆژی ٣١ ی ٨ کە ئەبو هەردولا ڕێککەوتنەکەی لەندەن ئیمزا بکەن، هێزەکانی پارتی و جەیشی عیراق پێکەوە هێرشیان کردۆتە سەر هەولێر داگیریان کردوە.

٣٠٠ تانک دەوری هەولێریان گرت و، ٦ فیرقە کەوتنە پەلامار. دوای ئەوەی جەیش کۆنترۆڵی ناو هەولێری کرد، هێزەکانی بارزانی ڕژانە ناوشارەوە. هیزەکانی یەکێتی کە بە تەمای لەسەرکردنەوەی ئەمەریکا بون، هەرەسیان هێنا و نەیانتوانی دەس بکەنەوە. زۆری هێز و کادر و سەرکردە و لێپرسراوەکانیان لە ناو هەولێر دا گیریان خوارد و، ژمارەیەکی کەمیان دەرباز بون، خۆیان گەیاندە دێگەڵە.

لە کاتێک دا جەیش خەریکی کونترۆڵی هەولێر بو، چەکدارەکانی پارتی خەریکی فڕاندنی ئۆتۆمۆبیل و تالانکردنی ماڵ و بارەگاکان و دزی و ڕاووڕوت و تۆڵە بون.

عیراق، لە سەر زمانی تاریق عەزیز، دانی نا بە جولاندنی هێزەکانی دا بۆ گرتنی هەولێر، بەلام ڕایگەیاند کە بە دەعوەتی مەسعود بارزانی و هاوڕێکانی چون بۆ پاراستنی گەلەکەی لە هێرشی ئیران و پیلانی جەلال تالەبانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەبەستی هاوکاری جەیشی عیراق لە گەڵ پارتی بۆ پەلاماردانی هەولێر، شکاندنی یەکێتی نەبو، بەڵکو پاکتاوکردنی موعارەزەی عیراقی بو کە هەولێریان کرد بو بە بنکەی خۆیان و، صەددام ئەترسا لەوێوە موئامەرەی ڕوخاندنی لێ بکەن.

ئەمەریکا بە پێچەوانەی چاوەڕوانی سەرانی یەکێتییەوە لە هەولێردا هەڵوێستی تەماشاکردنی هەڵبژارد. بۆ پاساودانی ئەم هەڵوێستەش یەکێ لە قسەکەرەکانیان وتی: عیراق هیچ جموجوڵێکی لە سەروی خەتی ٣٦ واتە لە "ناوچەی نەفڕین" دا نەکردوە تا پێویست بە ڕاوەستاندن و لێدان بکا.

بۆ ڕۆژی دوهەم کە یەکێتی بە تەواوی لە هەولێردا شکێنرا و، پارتی جێگیر بو، ئەمەریکا کەوتە هەڕەشە لە عیراق کە ئەبێ بکشێتەوە. م ق ث ڕایگەیاند لە ماوەیەکی کورت دا ئەکشێتەوە و هەولێر بە جێ ئەهێڵی. دوای هەڕەشەکانی ئەمەریکا تانکەکانیان کێشایەوە دەرەوەی هەولێر. هەولێر کەوتە دەس پارتی.

لیرەدا چەند پرسیارێ قوت ئەبنەوە:

١. بۆچی سەرانی یەکێتی ئەوەندە ساویلکە و خوشباوەڕ بون بە هیوای لێدانی ئەمەریکا هێزەکانی خۆیانیان بە گورگان خواردو دا؟

٢. بۆچی سەرانی یەکێتی لە ناو هەولێردا شەڕی شاریان لە گەڵ تانک و جەیشی عیراق دا نەکرد، ئەوان چییان لە فەلەستینییەکانی ناو بەیروت، بۆسنە و هەرزەگوڤین، شیشانییەکان... کەمتر بو. بۆچی هیچ بەرگرییەکیان نەکرد و خەڵک هەر بە ڕاکردن ڕائەهێنن؟

٣. بۆچی ڕێگەی کشانەوەیان دابین نەکرد بو، بە تایبەتی چەند ڕۆژ بو خۆیان باسی کۆبونەوەی هێزەکانی جەیشی عیراقیان ئەکرد لە نزیک هەولێر؟

٤. بۆچی چاوەڕێی هاوکاری جەنگیی بارزانی و صەددامیان نەئەکرد لە کاتێک دا خۆیان چەند مانگ بو، بەڵکو چەند ساڵ بو باسی گفتوگۆی ژێربەژێری سەرانی پارتی و هاتوچۆی نێچیروان بارزانی و ئازاد بەرواری یان بۆ موسڵ و بەغداد ئەکرد. ئەگەر دڵنیا بون لە ڕاستی هەواڵەکان بۆچی حسابیان لە سەر نەکرد بو؟

*

مام جەلال کە بە هیوای هاتنی فڕۆکەگەلی ئەمەریکی بۆ بۆردومانی هێزەکانی عیراق و پارتی لە هەولێر، داوای لە ئەندامانی م . س و هێزەکانی یەکێتی کرد بو لە هەولێر بمێننەوە، پێڵێترۆی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کۆڕێکی ڕۆژنامەوانی دا لە سەر گرتنی هەولێر، لە بەردەمی کۆمەڵێ ڕۆژنامەوان دا، بە ئامادەبونی د. بەرهەم ساڵحی نوێنەری مام جەلال و، هۆشیار زێباری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نوێنەری مەسعود بارزانی بەم جۆرە باسی کرد بوو: "جەلال تاڵەبانی عەمیلێکی فاشیلی ئێرانە و مەسعود بارزانی عەمیلێکی سەرکەوتوی صەددامە . ."

*

سەرانی یەکێتی بایی بوبوون. خۆیان بە بەهێز و پارتییان بە لاواز ئەزانی. پێیان وا بو ئیشیان بە خەڵک و رای گشتی جەماوەری یەکێتی نەماوە. نە بە تەمای بەستنی کۆنگرەیەکی تری یەکێتی و نە بەتەمای هەڵبژاردنێکی گشتی تازە بون. (مەحکەمەی ئیستیئناف) بۆ راپەڕاندنی کاروباری ڕۆتینی حکومەتی هەرێم دەسەڵاتەکانی "ڕەهبەر" ی دابو بە سەرۆکی حکومەت، کۆسرەت. کۆسرەت پێی وابو بە ڕاستی بوە بە "ڕەهبەر" و، هەمو ڕۆژ تەلەفزیۆنەکەی یەکێتی لە هەولێر بە پیشاندانی وێنەیەکی ئەم ئەکرایەوە. تەنانەت مام جەلال لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی دا لە هەولێر وت بوی:

"با پارتی پارەی برایم خەلیل بدەن بە دوربین و لە صەلاحەدینەوە سەیری هەولێری پێ بکەن...

"ئەگەر سەدام تا ئێستا ڕێوی بوبێ لێی نەترساوین ئێستا بۆتە چەقەڵ هەر لێی ناترسین..."

لەبەرئەوە نەک ئامادە نەبون هیچ جۆرە تەنازولێکیان بۆ بکەن، ئەوەندەش لەخەمی ئاشتبونەوەدا نەبون. لەباتی ئەوەی لەخەمی چاککردنی هەلومەرجی ژیانی خەڵک و، لە خەمی دابینکردنی ئاسایشی سەروسامانی خەڵک دا بن، خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیان و ڕازاندنەوەی کۆشک و سەرا و ئوتومبیلی جوان و ڕابواردن و سەیران و خەرجکردنی پارەی میللەت.. بون. هێزە چەکدارەکانیان و ڕێکخراوە حیزبیەکانیان لە ناوەوە کلۆر بوبون، باوەڕیان بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی سەرکردەکانیان و باوەڕیان بە سەرەتا سیاسیەکانی جوڵانەوەکەیان نەما بو.

یەکێتی وەکو سلێمان پێغەمبەری داستانەکەی قورئانی لێ هات بو، لە مێژ بو لە ناوەوە گەندەڵ بو بو، بەڵام گۆچانەکەی ڕاگیری کردبو. کە گۆچانەکەی مۆرانە ڕزانی. لاشەی سولەیمانیش کەوتە سەر ئەرز.

*

پارتی پارلەمانە ئیفلیجەکەی خستەوە گەڕ. هەندێ لە ئەندامەکانی فراکسیۆنی سەوز، لەوانە جێگری سەرۆکی پارلەمان، کە نوێنەری یەکێتی بو، لە کۆبونەوەکان دا بەشداریان کرد. تەمەنی پارلەمانی بۆ جاری سێیەم درێژ کردەوە. وەزارەتێکی تازەی، بە موافەقەتی پارلەمان، پێک هێنا. کۆسرەت و حکومەتەکەی بە ناقانونی و یاخی دانا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاشکۆ

ئەم وتارە لە ژمارەی ۱۱۷۹ رۆژی ۳۱ ی ۱۲ ی ۹۵ ی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" دا بڵاو کراوەتەوە:

کوردستانی عیراق بەرەو کوێ؟

پێداچوونەوەیەکی خێرا

جەنگی عیراق - ئێران ڕاگیرا، عیراق بە دامەزراوێکی جەنگی زەبەلاحەوە، لە شەڕ دەرچو . کوردستانی عیراقی داگیر کرد بو، گوندەکانی ڕوخاند بو، کوردی لە ئۆروگاکان دا کۆ کردبوەوە. لەو ڕۆژگارەدا کورد لە عیراق دا لە مەینەتیەکی ڕاستەقینەدا بو. جەیشی عیراقی لە زنجیرە لەشکرکێشیەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا، بە تەواوی دەستی بە سەر کوردستان دا گرت بو .

کاربەدەستانی بەعس وەکو داگیرکەر ڕەفتاریان لە گەڵ کوردا ئەکرد.

صەددام و سەرکردایەتی عیراق لە خۆیان بایی ببون. کەوتنە شەڕفرۆشتن بە کوێت و سعودیە . . لە پڕ پەلاماری کوێتیان دا و لە ماوەی چەند سەعاتێک دا داگیریان کرد. ئەم کارەی صەددام گەوجێتیەکی کوشندە بو. ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری گەمارۆدانی عیراقی دا. کوردستانی عیراقیش بەر گەمارۆ کەوت. ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەب و زۆر دەوڵەت لە گەڵ صەددام خەریک بون، کە هێزەکانی بە بێ شەڕ لە کوێت بکێشێتەوە، صەددام هەر سور بو لە سەر مانەوە. نزیکەی ۳۰ دەوڵەتی دنیا بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا یەک کەوتن بۆ ڕزگارکردنی کوێت لە داگیرکردنی جەیشی عیراق.

لە شەڕێکی ئاسمانی ٤٠ ڕۆژە و شەڕێکی زەمینی ۱۰۰ سەعاتەدا، جەیشی عیراق نەک هەر نەیتوانی دەس بکاتەوە، بەڵکو توشی شکانێکی زەلیلانەی وەها بو کە لەم چەرخەدا بە سەر هیچ سپایەکی تردا نەهات بو.

گەلی عیراق کە ۲۰ ساڵ زیادتر بو بە دەس ڕژێمی بەعسەوە گیری خوارد بو، هەلی شکانی جەیش و هاندانی سەرۆکی ئەمەریکی، بۆ ڕوخاندنی صەددامی، بە دەرفەت زانی، لە هەمو لاوە دەستیان کرد بە پەلاماردانی بارەگاکانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم. ڕاپەڕینی گەلی عیراق کە لە بەصراوە دەستی پێ کرد لە ماوەیەکی زۆر کورت دا تەنیەوە تا گەیشتە زاخۆ.

کوردستانی عیراق، نزیکەی هەموی، ئازاد بو. دەیان هەزار سەرباز و ئەفسەر و چەکدار و پیاوی ڕژێم خۆیان بە دەستەوە دا. ب ک (بەرەی کوردستانی) لە هەر شارێک دا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆمیتەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی دانا. ب ک لە ئاستی ڕوداوەکان دا نەبو. ڕاپەڕین بەو فراوانیە لە سەرو چاوەڕوانی و، بەڕێوەبردنیشی لە سەروی توانای ئەوەوە بو.

سەرکردایەتی عیراق، کە چرای سەوزی ئەمەریکی دی، فیرقەکانی حەرەس جمهوری جوڵاند. لە پێشەوە ڕاپەڕینی خواروی عیراقی لە گۆمی خوێن دا خنکاند، ئینجا ڕوی کردە کوردستان، لە کەرکوک و دهۆکەوە دەستی کرد بە داگیرکردنەوەی. دانیشتوانی کوردستان لە ترسی تۆڵەی بەعس بە کۆمەڵ کۆچیان کرد بەرەو ئێران و تورکیا. زیادتر لە دو ملیۆن کەس پەنایان بردە بەر ئەم دو وڵاتە. لە گەرمەی ئەم کارەساتەدا دو ڕوداوی چاوەڕێ نەکراو هاتە پێشەوە:

یەکێکیان، سەرکردایەتی ب ک ئەو عەرزەی قوبوڵ کرد کە پێشتر بەعس بۆ سەرکردایەتی کوردی کرد بو، دەربارەی گفتوگۆی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عیراق دا.

ئەوی تریان، جوڵانێکی دەولی دەستی پێ کرد بۆ پارێزگاری کورد لە دەستدرێژی بەعس. بە دەسپێشکەری فەرەنسا بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچو. بڕیاری لەم جۆرە لە مێژوی ڕێکخراوە ناودەوڵەتیەکان دا بێ نمونە و بێ پێشەکی بو. بە دەسپێشخەری بەریتانیاش پڕۆژەی دامەزراندنی "پەناگەی ئەمین" بۆ پاراستنی کورد سەلمێترا.

لە ئەنجامی هاتنی هێزی هاوپەیمانەکان دا بۆ هەندێ ناوچەی بادینان و، لە ئەنجامی دڕێژەکێشانی گفتوگۆی بەعس - بەرە دا زۆری کورد لە ئاوارەیی گەڕانەوە.

گفتوگۆ چەند مانگێکی خایاند بێ ئەوەی هیچی لێ سەوز ببێ. بەعس ئامادە نەبو خواستە بنەڕەتیەکانی کورد بسەلمێنێ، بە تەمای تەواوبونی ماوەی مانەوەی هێزی هاوپەیمانەکان و، گۆڕان لە یەکێتی سۆڤێت دا، کاتی دەکوشت. سەرکردایەتی کوردیش بوبو بە دو بەشەوە: مەسعود ئەیەویست ڕێککەوتن بە سەر کوردا بسەپێنێ. مام جەلال ئەیویست کورد نەخرێتە ژێر باری ئەو "ئیلتیزامات" ە قورسانەوە کە بەعس داوای کردبون، بە تایبەتی لە گەڵ ڕژێمێک دا کە پاشەڕۆژی نادیار بو.

نوێ بونەوەی شەڕ و ڕاپەڕینێکی تر

سەرلەنوێ شەڕ کەوتەوە بەینی جەیش و خەڵک لە گەرمیان و سلێمانی. جەیش کوردستانی بە جێ هێشت. گەمارۆی ئابوری دا. ڕێگای هێنانی سوتەمەنی گرت. سەرانی بەڕێوەبەرایەتی کێشایەوە. موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی بڕی. بەشە ئازوقەی کوردستانی زۆر کەم کردەوە. کوردستان چوە بارودۆخێکی تازەوە. "بۆشایی دەسەڵات"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دروست بو. سەرانی دائیرە ناوچەییەکانی دەولّەت جێگایەک نەبو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ڕوویان تێ بکەن.

ب ک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەلّات لە هەمو شارێک دا کۆمیتەیەکی چەند کەسی لە نوێنەرانی لایەنەکانی بەرە پێک هێنا. ب ک تەجروبەی حوکمڕانی نەبو. هەر حیزبەش ئەیویست ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی خۆی و دەولّەمەندکردنی کادر و لایەنگرەکانی. بە کردەوە هەر شارێ لە باتی یەک پارێزگار چەند پارێزگارێکی هەبو. بڕیارەکانی کۆمیتەی بەرە ئەبو بە گشتی دەنگ بدرێ. هەمو حیزبێ مافی ڤیتۆی هەبو. دەرامەتی گومرگیان بە گوێرەی نیسبەتێکی لە سەری ڕێک کەوت بون لە ناو خۆیان دا دابەش ئەکرد. لە ماوەی حوکمی بەرەی کوردستانی دا بەشێکی گرنگی سامانی نەتەوەیی کورد، بە تایبەتی ژێرخانی ئابوری کوردستان، بە فیڕۆ ڕۆیشت.

هەڵبژاردن و کابینەی یەکەم

هەڵبژاردن کرا جگە لە پارتی و یەکێتی هیچ حیزبێکی تر ٧٪ ی دەنگی نەهێنا. ئەنجومەنی نیشتمانی و، کابینەی یەکەم نیوە بە نیوە لەم دو ڕێکخراوە پێک هات. پارتی ٤٥ ڕۆژ پێکهێنانی کابینەی دواخست لە سەر ئەوەی: وەزیرەکان ناویان وەزیر بێ یان ئەمین عام وەکو زەمانی بەعس؟ مام جەلال و مەسعود هیچ کامیان دەنگی پێویستیان نەهێنا بۆ "ڕێبەر"، هەروەها بەشداری پارلەمان و کابینەش نەبون. ناوەندی بڕیاردان لە دەرەوەی ئەم دامەزراوانە بە دەس هەردو سەرکردە و هەردو م س مایەوە. کابینە و پارلەمان خۆیان ئازاد نەبون لە بڕیاردان دا.

پارلەمان بڕیاری دا حکومەتی هەرێم فیدرالّی بێ. حکومەتی هەرێم دەولّەتێکی سەربەخۆ نەبو. هەروەها خۆیشی داوای سەربەخۆیی نەئەکرد، بەڵکو بەشێ بو لە قەڵەمڕەوی دەولّەتی گەمارۆدراوی عیراق، لە بەر ئەوە هیچ دەولّەتێک سەودای ڕاستەوخۆی لە گەڵ نەکرد. پەیوەندییەکان لە گەڵ دنیای دەرەوە، هەر لە ڕێگەی هەردو سەرکردە و نوێنەرەکانیانەوە ئەکرا.

سەرەتای نیوە بە نیوە کە ئەنجامی هەڵبژاردن بە سەر هەردو لای دا سەپاند بو بۆ پێکهێنانی پارلەمان و کابینە، کرایە سەرەتای کار پێ کردن لە پێوەندی نێوان هەردو حیزب دا لە هەمو بوارەکانی کاردا.

بۆچونی یەکێتی و پارتی بۆ دامەزراندنی حکومەت و دەزگاکانی و دامەزراوەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و ڕێکخستنەوەی ژیانی ئابوری بە تەواوی لە یەک جیا بو. پارتی دژی هەمو هەنگاوێ بو کە لە دەسەلاتی مەسعود و پارتی بە قازانجی داوودەزگای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شارستانی کەم بکردایەتەوە. بە هەمو توانایانەوە خەریکی چەسپاندنی حکومەتی حیزب و میلیشیا بون.

هەڵوێستی دراوسێکان

دەوڵەتانی دراوسێ هیچ هاوکاریەکی حکومەتی هەرێمیان نەکرد گیروگرفتەکانی چارەسەر بکات. ئێران و سوریا سنورەکانیان لە سەر داخست. پێوەندی ئاسایی ئابوری، بازرگانی، فەرهەنگییان لە گەڵ دانەمەزراند. بەڵکو وەزیرانی دەرەوی تورکیا، ئێران، سوریا، چەند جارێک کۆبونەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستانی عیراق و، یەکخستنی هەلوێستیان لە مەترسی جیابونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

تورکیا بە بیانوی هەبونی بنکەی پ ک ک چەند جارێک بۆمبارانی ئاوایيەکانی سنوری کرد.

ئێرانیش بە بیانوی بنکەی دیموکرات و ڕێکخراوە نەیارەکانیەوە چەند جارێک تۆپبارانی گوندە تازە ئاوەدانکراوەکانی سنوری کرد.

هیچ کام لە ڕێکخراوە کوردستانیە ناعیراقیەکان پەرۆشیەکی ئەوتۆیان بۆ تەجروبەی ساوا و بە مەترسی دەورەدراوی کوردستانی عیراق، پیشان نەدا. دەسکەوتی تایبەتی حیزبەکانی خۆیانیان بە لاوە گرنگتر بو لە قازانجی گەلی کوردی لە عیراق دا.

ڕێکخراوە ناحکومەتیەکان کە هاتنە ناو کوردستانەوە ئەوانیش سەربەخۆ بە جیا لە دەسەڵات و ئاگاداری حکومەت کاریان ئەکرد، ئیمپراتۆریەتیکی سەربەخۆیان دامەزراند.

کابینەی یەکەم نەیتوانی کێشە سەرەکیەکانی ژیانی هاوواڵتیان چارەسەر بکا، بە تایبەتی کێشەکانی گوزەران: "گرانی، کەمی موچە، بێکاری، بێ خانویی" و، ئاسایش: "پارێزگاری سەرو سامانی خەڵک، سامانی نەتەوەیی، سنوری وڵات".

کابینەی دوەم

کابینەی دوەمیش هەمان گیروگرفتی بە میرات بۆ بە جێ ما و، لە سەردەمی ئەم دا قوڵتر بو.

کورد لە چەند ساڵی ڕابوردودا لە لایەن هێزی هاوپەیمانەکانەوە لە هەڕەشەی صەددام پارێزراو بوە. داهاتی ناوخۆی زۆر نەبوە، بەڵام بەشی موچەی مانگانەی فەرمانبەران و خانەنشین و شەهیدان و هەندێ پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ئەکرد. هەڵێکی زێڕینی بۆ هەڵکەوت بو هێزی پارێزگاری ئاسایشی ناوخۆ، لە سەر بنچینەی نوێ و شارستانی دابمەزرێنێ و، لێهاتویی دامودەزگای حکومەتیی بەڕێوەبەرایەتی بەرز بکاتەوە. عەقڵیەتی دواکەوتوی پارتی و خۆپەرستی سەرۆک و سەرانی پارتی کۆسپێکی گەورەیان لە ڕێگەی ئەم کارانەدا دروست کرد، کاتێکی درێژ و توانایەکی زۆریان لە کیس دا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرەڕای هەمو ئەم گیروگرفتانە، شەڕی ناوخۆ بو بە سەربار. پێشینان وتویانە: "مەیمون جوان بو ئاوڵەشی دەرکرد!" ئەمە لە کوردی عیراق قەوماوە. لە شەڕی ناوخۆدا پارلەمان و حکومەت لە کار کەوتن. هەزاران کەس لە لایەنە تێکبەربوەکان و لە خەڵکی کوژران. سەدان ملیۆن دینار زەرەری مادی لە ئابوری لاوازی کورد کەوت. نائومێدی کوردی داگرت.

کوردستان هاوسنورە لە گەڵ عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا. هیچ کام لەم دەوڵەتانە بێلایەن نین لە پرسی کوردا. ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا کە پارێزگاری کورد ئەکەن، هەمیشە بە ئاشکرا پێیان لە سەر یەکپارچەیی عیراق و، ماوە نەدان بە پارچە پارچە بونی داگرتوە.

کورد ماوەیەکی زۆری لە کیس چوە. بەشێکی گرنگی دەسکەوتەکانی لە دەس داوە. ناوبانگی لە ناو موعارەزە و لە دنیادا زەرەرێکی زۆری لێ کەوتوە. درێژەکێشانی شەڕ هەمو شتێکی لە کیس ئەدا. ئەگەر سەرانی کورد بیانەوێ ئەم هەلەیان بە یەکجاری لە دەس نەچێ، تەنیا رێگە ئەوەیە هەوڵێکی زۆر بدرێ بۆ: "ڕزگارکردنی ئەوەندەی ماوە" یان عەرەب گوتەنی: "انقاذ ما یمکن انقاذه".

ناسکیی وەزعی کوردستان

کوردستانی عیراق دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە، قەوارەی قانونی و سیاسی خۆی و، سنوری جوگرافی دانپیانراوی هەبێ. بەشێکە لە دەوڵەتی عیراق. پارلەمانەکەی خۆی بڕیاری داوە پێوەندی خۆی لە گەڵ حکومەتی بەغداد لە سەر بنچینەی فیدراڵی دیاری بکا. هێشتا حکومەتی عیراق و دەوڵەتانی دراوسی و دەوڵەتانی تر دانیان پیا نەناوە. حکومەتی بەعس لە ئۆتۆنۆمی زیادتر بۆ کورد ناسەلمێنێ. حکومەتی هەرێم بە پشتیوانی هێزی دەوڵەتانی هاوپەیمان توانیوێتی خۆی لە بەرامبەر هەڕەشەی بەعس دا ڕابگرێ. هەر کات ئەم پارێزگاریە ناودەوڵەتیە نەما، دیسان کوردستان ئەکەوێتەوە بەر مەترسی داگیرکردنەوەی لە لایەن بەعسەوە. بار و دۆخی کوردستانی عیراق زۆر ناسکە. هەمو ڕوداوێکی نالەباری ناوخۆ، یان هەڵوێستێکی سەلبی دەوڵەتانی دراوسێ، یان پشت تێ کردنی ڕۆژئاوا، بە توندی کاری تێ ئەکا. ئەتوانێ هەمو تەجروبەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

وەزعی جوگرافیی کوردستان و هەڵوێستی دراوسێ

هەڵکەوتی جوگرافی کوردستانی عیراق نالەبارە. لە هەر چوار لاوە دراوسێیە لە گەڵ دەوڵەتانێ کە بەشێکی نەتەوەی کوردیان تیایە. هەر چوار دەوڵەت "حساسیت" یان هەیە بەرامبەر مەسەلەی کورد. بە هەڕەشەی دائەنێن لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان. لایان وایە: لە هەر پارچەیەکیان دا قەوارەیەکی نەتەوەیی دابمەزرێنێ، یا جۆرێ لە مافی نەتەوەیی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەربگرێ، کار لە پارچەکانی تر ئەکا و، ڕەنگە ببێتە هۆی هاندان و وروژاندنی کوردەکانی ولاتەکانی تر.

جوڵانی حیزبە کوردیەکانی ئێران و تورکیا لە ناو ئەرزی کوردستانی عیراق دا وەکو "وڵاتێکی بێ خاوەن" و، دامەزراندنی بنکەی سیاسی و چەکدار بۆ پەلاماردانی قەڵەمڕەوی ئەم دو دەوڵەتە، گومانی هەڕەشەی کوردی بۆ ئاسایشی خۆیان زیاتر کردون. گیروگرفتی ڕاستەقینەیان بۆ ئەزمونی کوردستانی عیراق خوڵقاندوە و، بەهانەی ڕاستەقینەیان داوەتە دەس دراوسێکان بۆ لوت تێ ژەنین و دەس تێ وەردان.

ئێران و سوریا ساڵانێکی درێژ لە سەردەمی شەڕی کورد - بەعس دا، دااڵدەی تێکۆشەرانی کوردی عیراقیان دا و، یارمەتی مادی و مەعنەوییان دان. لە شەڕدا دژی صەددام پشتیوانییان کردن. کەچی کە سەرکەوتن هەڵوێستیان گۆڕا. لە باتی هاوکاری و یارمەتی کەوتنە هەڵوێستی سەلبی و، هەندێ جار دوژمنایەتی.

هەردو حیزبی سەرەکی مەکتەبی نوێنەرایەتییان لای هەر ٣ دەوڵەت هەیە، هەر ٣ دەوڵەت میواندارى سەرانی کورد ئەکەن، کەچی ئامادە نین ڕەفتار لە گەڵ حکومەتی هەرێم بکەن. کارەکانی حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی ئەم دو حیزبەوە ئەکەن.

وەزیرانی کاروباری دەرەوی ئێران، تورکیا و سوریا، سەرەڕای هەمو ناکۆکیە قوڵەکانیان، چەند جارێ لە تاران، دیمەشق، ئەنقەرە، کۆبونەوە بۆ باسی هەلومەرجی کوردستانی عیراق، هەمو جار پێیان دائەگرت لە سەر دوژمنایەتی جیابونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، دروستبونی بۆشایی دەسەڵات و پشێوی هەلومەرجی کوردستان. حکومەتی بەعس و، موعارەزەی عیراقی و، نوێنەرانی کوردی عیراق وێستیان لەم کۆبونەوانەدا بەشدار بن، بەڵام هیچکام لەوانە ڕێگەیان نەدرا.

هەرچەندە ئەم دەوڵەتانە لە ناو خۆیان دا چەندین جۆر ناکۆکییان هەیە و، ئەم کۆبونەوانەش ئەنجامیکی ئەوتۆیان نەبو، بەرپرسێکی گەورەی یەکێ لەم وڵاتانە، جارێکیان لە میانەی قسەدا دۆستانە وتی: "ئایا ئێوە بیر لەوە ناکەنەوە ئەم ٣ دەوڵەتە، با لە هەمو شتێک دا ناکۆک بن، جارێک لە مەسەلەیەکی هاوبەش دا یەک بکەون، کە ئەویش مەسەلەی کوردە؟"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارێزگاری ناودەوڵەتی

پارێزگاری ناودەوڵەتی شتێکی نیسبیە

عیراق هەر لە سەرەتاوە تۆپبارانی ناوچەکانی نێوان خۆی و دەسەلاتی کوردی کردوە. هەزاران جوتیار بە ناچاری زەوی و زاری خۆیان بە جێ هێشتوە، ئاوارەی سلێمانی و هەولێر و دهۆک بون. هاوپەیمانەکان لە سەریان بە دەنگ نەهاتون.

ئێران بە بیانوی هاتوچۆی "زدی انقلاب" هوە، بەردەوام تۆپبارانی ئاواییەکانی سنوری کردوە. فڕۆکەکانی چەندین جار ئاسمانی کوردستانیان بەزاندوە، لە ئەنجامی تۆپبارانی ئێرانی دا سەدان کەسی مەدەنی کوژراون و سەدان کەس سەقەت بون. هاوپەیمانەکان بە دەنگ نەهاتون.

تورکیا بە بیانوی هەبونی بنکەی "تیرۆریستەکانی" پ ک ک چەند جارێ لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی کوردستانی عیراق کردوە و فڕۆکەکانی ئاسمانی کوردستانیان بەزاندوە. چەند جار بۆردومانی ئاواییەکانی کردوە. دەیان کەسی مەدەنییان کوشتوە و بریندار کردوە. هاوپەیمانەکان بە دەنگ نەهاتون.

هاوپەیمانەکان بۆچی چاوپۆشی لە دەستدرێژی دەوڵەتانی ناوچەیی نەکەن؟ نەگەر بۆ پاراستنی کورد دانیشتون ئەی بۆ بە دەنگ نایەن؟ یان بە ناوی کوردەوە بۆ مەبەستەکانی خۆیان لەوێن؟

درێژکردنەوەی ماوەی پارێزگاری هەر ٦ مانگ جارێ. لە سەرەتاوە کوردی خستۆتە دڵەڕاوکێی نانەمینی پاشەڕۆژەوە. جگە لەمەش هەڕەشەی کێشانەوەی هێزەکەی نینچەرلیک لە کاتی شەڕی ناوخۆدا. بێ ئەوەی خۆیان هەنگاوێکی جیددی بنێن بۆ ڕاگرتنی. مەسەلەکەی خستە قاڵبی جۆرێ لە "ئیبتیزاز" هوە.

لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا: کوردستانی عیراق بەرەو کوێ ئەڕوا. یان ڕاستتر بەرەو کوێ خڵۆر ئەبێتەوە و؟ بۆ ئەوەی لەم تەنگوچەڵەمەیە دەربچێ ئاخۆ چ دەرەتانێکی لە بەردەم دا کراوەیە؟

– دەرەتانی یەکلاییکردنەوەی چەکدار، کارێکی لە کردن نەهاتوە و، پڕ مەترسی گەورەیە. درێژەپێدانی شەڕی خۆبەخۆی کورد، یان حاڵەتی "نەشەڕ و نەئاشتی"، زەرەرێکی زۆری گیانی و ماددی لە کورد ئەدا. ڕەنگە لایەنی تریش، بیانەوێ یا نەیانەوێ، لە شەڕەوە بگلێن و شەڕەکە فراوانتر ببێ، دەستێوەردانی هێزە ناوچەییەکان زیاتر ئەبێ، کورد پشتیوانی ناودەوڵەتی لە دەس ئەدا. ڕەنگە کوردستان وەکو ئەفغانستانی لی بێ و پشتگوێ بخرێ . ئەوسا دەسەلاتی بەعس هەلی گەڕانەوەی زۆرتر ئەبێ.

یەکێتی ئەو ڕێگایە بە ترسناک ئەزانێ. لای وایە ئێستا و پاشەڕۆژی کورد ئەخاتە مەترسی و تەهلوکەوە. لە بەر ئەوە ئەگەر بە ویستی یەکێتی بێ، یەکێتی ڕو لە دەرەتانی یەکلاییکردنەوەی چەکدار و بەلاداخستنی جەنگی ناکا، بەلام پارتی ئەم دەرەتانەی بە ستراتیجی خۆی هەڵبژاردوە. بە خەیاڵی خۆی بەمە دانیشتوانی کوردستان زەلیل ئەکا و،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکێتی ئەشکێنێ و، خۆی ئەبێتە هێزی دەسەڵاتداری ناو کوردستان و بڕیاردەری پاشەڕۆژی سیاسی کورد .

- دەرەتانی یەکلاییکردنەوەی سیاسی، یەکێتی ئەم ڕێگەیە بە پەسند ئەزانێ و، هەر ئەم ڕێگەیەش ڕێگەی چارەسەرکردنی ڕاستەقینە و ژیرانەی ناکۆکیەکانە، بەڵام پارتی بە کردەوە ئەم دەرەتانە دائەخات. بە موناوەرە و فێڵ و دەسبڕین کات بە سەر ئەبات. زیاتر لە هەزار سەعات گفتوگۆی نوێنەرانی یەکێتی لە گەڵ پارتی بە دوقۆڵی و، بە ئامادەبونی ناوبژیوانی فەرەنسی، ئێرانی، ئەمەریکی . . بێ گەیشتن بە هیچ ئەنجامێکی سەرکەوتوانە و باش، هیچ ئومێدێ نابەخشێ بە دەرچونێکی سیاسی نزیک لەم تەنگوچەڵەمەیە.

بنەماڵەی بارزانی هەروەکو لە ١٩٧٥ دا بەوپەڕی بێباکیەوە ئاشبەتاڵی بە شۆڕشی کورد کرد و، سامانی دارایی و سەروەری سیاسی شۆڕشەکەیان دزی و، خۆیان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچون، ئەمجارەش بەوپەڕی بێباکیەوە ئەیانەوێ ئاشبەتاڵ بە حکومەتی کوردستان بکەن.

جا لەم دوڕییانە سەختەدا: پارتی ڕێگەی سیاسی ڕەت ئەکاتەوە و یەکێتی پش ڕێگەی شەڕ ڕەت ئەکاتەوە وەکو ئەڵێن: "این المفر؟" ئەی چارە؟

تەنیا ڕێگە ئەوەیە: یەکێتی چیتر لە سەر پارتی ڕانەوەستێ، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا، لە هەولێر و کەرکوک و سلێمانی حکومەتێکی نمونەیی قانون و نیزام، ئەوەی چەند ساڵە یەکێتی باسی ئەکات و پارتی تەگەرەی لێ ئەدا، دابمەزرێنێ.

میللەت گاڵتەی بەو "شەرعیەتە ساختە" یە دێ کە پارتی ١٨ مانگە یەکێتی و حیزبەکانی تری پێ کەلەپچە کردوە و لە پەنای ئەوەدا پاشەڕۆژی کوردی خستۆتە مەترسیەوە و، ولاتی خستۆتە پشێوییەوە و، داهاتی نیشتمان تاڵان ئەکا. میللەت گوڕین و چاککردنی دەزگای بەڕێوەبردنی ولات و، دابینکردنی لایەنی کەمی پێویستیەکانی ژیان و، ئاسایشی سەر و ماڵی ئەوێ.

ئەگەر ئەوەندە بکرێ، کە لە توانادایە بێ پارتی بکرێ، لە مێژوی کوردا بە سەروەریەکی گەورە بۆ یەکێتی و هاوکارەکانی تۆمار ئەکرێ .

حاجی قادری کۆیی پێش زیاتر لە قەرنێ وتویەتی:

حاجی کەسێکە بێ کەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
بە گوێ ی دەکەن زەریفە، نایکەن بەڵا لە خۆتان!

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نامەکەی مام جەلال

قەڵاچوالان ١ / ٧ / ١٩٩٦

برا گیان کاکە نەوەی خۆشەویست

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە. هیوادارم لە ڕوی تەندروستیشەوە باشتر بن. تکای برایانەمە کە نەخۆشیەکەت بە هەند بگریت و ئیهمالی نەکەیت چونکە وەک لێرە و صەلاحەدینیش بۆیان باس کردووم، دەبێ گوێی بدەیتێ. چاوی منالانیش ماچ دەکەم و سڵاوم هەیە بۆ شوعلە خان.

گەرانەوەی صەلاحەدین م بە هەل زانی تاکو ئەم نامەیەتان بۆ بنوسم. ئەوەی ڕاست بێ دەمەوێست لە گەڵ کاک سالاریش دا نامەیەکتان بۆ بنووسم، بەڵام کاک سالارم لە دەس دەرچوو.

١. وەزعی خۆمان، هی ی ن ک، لە دوای ڕۆیشتنی ئێوەوە، لە چەندین ڕوویەکەوە گەشەی کردوە. لە ڕوی پێشمەرگایەتیەوە، ڕاستەوخۆ خۆم جڵەوەکەم گرتە دەست و لە بنەڕەتەوە ڕێکم خستەوە، لە دەستە (مەفرەزە) ی تەواوە (دە) پ م ئنجا کەرت (کەرتی تەواو ٣٠ پ م) ئینجا تیپ (١٢٠) پ م. تا ئێستا هەمو لەشکرەکانم ڕێکخستۆتەوە هی شارەزور و گەرمیان نەبێت، ئەوانیش لەم ڕۆژانەدا تەواو دەکەین. بە ڕاستی لێپرسراوەکانی پێش من زۆر ناجۆر کاریان کرد بوو، زۆرتر بۆ خەڵک ڕازی کردن و دۆست پەیدا کردن، من بۆ ڕێکخستن و هێز سازدان و تەدریب کارەکەم کردوە. ئیستە دەتوانین بڵێین ژمارەی زۆر نزیک لە ڕاستی پێشمەرگە دەزانین کە لە (ساحەی تەدریب) و زۆر جاریش دور لە شوێنی خۆیان ناونووسمان کردوە، هەموشیمان ڕێک خستۆتەوە. سەرلەشکرەکان زۆربەی هەرە زۆریان باشن و زۆریشیان خوێندەوار و نوێن. لە ڕوی چەکیشەوە گەشەکردن هەیە. تۆپە قورسەکانمان کردۆتە (٣) کەتیبەی باش. بۆ هەر لەشکرێکیش تیپێکی تۆپ (هاوەنی ١٢٠) + SPG9 + دۆشیکا + هاوەن ٨٢ مان دورست کردوە. وا خەریکی تەدریب پێ کردنیانین. دەورەی فەرماندەیی کە شەش مانگ بوو، وا تەواو دەبێت لە ٢٠ / ٧ دەردەچن پتر لە سەد پێشمەرگەی دێرینیان لە ناودا هەیە. پێم وایە ئەوە یارمەتی گەشە پێدان دەدا. پێنج فێرگەی سەربازیشمان کردۆتەوە لە هەولێر، سلێمانی، تاسلوجە، کەلار - وا لە کۆیەش فیرگەیەک دەکەینەوە - دیارە جگە لە قەڵاچوالان کە کولیەی عەسکەری ئیستە جگە لە خوێندکاری خۆی + دەورەی فەرماندەیی پێشمەرگە + دەورەی ئەفسەرانی ئاسایش+ دەورەی هەندەسەشیان هەیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تا ئیستە نیوەی لەشکرەکان دەورەیان دیوە - بۆ هینەکانی تریش هەر یەکەیان تیپێک یان دو تیپ دەورەی پێ دیتراوە و دەورەیەکی (چوار تیپی) کوپرا لە سەری مانگەوە لە هەولێر دەستی پێکەینەوە.

پەیمانگای کادیرانی پێشمەرگایەتیشمان لە قەڵاچوالان کردۆتەوە، خولی یەکەم تەواو بووە، خولی دووەم ئیستە دەوام دەکەن. پەیمانگەیەکی کادریشم لە سلێمانی کردۆتەوە بۆ ڕێکخراوە دیموکراتیەکان. واتە ئیستە (٣) پەیمانگای دایمان هەیە .

٢. لە ناو ڕێکخستنەکانیش دا هەڵبژاردن دەستی پێ کردوە لە سلێمانی زۆر باش بوو. لە ڕاپەڕینیش (ڕانیە و قەڵادزە) باش بوو. وا لە کەرکووکیش دەست پێ دەکەین ئنجا هەولێر و سۆران و شارەزوریش. هیوای زۆرم بەو هەڵبژاردنە هەیە کە تەواو بۆ پلینۆمی هەڵبژاردراو دەبەستین و ئەوسا دەسکاری ک س / یش تا سێیەکی دەکرێت. لە ڕێکخستن نا گەشەکردن و پەرەسەندنیش هەیە. تەنانەت لە بادینانیش چەندین خەتی باشمان بۆژاوەتەوە، پتر لە دو هەزار ئەندام ڕێکخراوەتەوە و لە ڕوی خەڵکیشەوە بە قسەی خۆیان وەزعیان باشە.

لە هەمو مەڵبەندەکان هەم زیاد بون و هەم گەشەکردن باشە. بە تایبەتی هەولێر - لە دوای چوونی عەدنان و بەهرۆز و سەعدی بۆ مەڵبەند، چەندین هەزار ئەندام هاتونەتەوە و ٣ - ٤ هەزارێکی تریشیان زیاد کردوە. کۆبونەوەی ١ / ٦ / یان زۆر گەورە بو - تەقدیر دەکرا بە دو هەندەی لە کۆبونەوەکەی حاجی ئاغادا بەشداریان کرد.

٣. ڕێکخراوە دیموکراتەکان لەوەتی عیماد دەستی بە کار کردوە، زۆریان گەشەکردوە بە تایبەتی خوێندکاران و ژنان. وا خەریکی جوڵانەوەی کرێکارانیشین. (ریاضە) ش زۆر پەرەی سەندوە و زوربەی زۆری (یانەکان) و (تیمەکان) دۆستی خۆمانن. جگە لە لیژنەی ئولۆمپی مەلا بەختیاریش.

٤. ئنجا با بێمە سەر مەسەلەی کەری شین!

وەختی تەواو بونی پەرلەمان پارتی زۆر تەنگاو بوون هەمو هەوڵەکەیان بۆ دریژکردنەوەی پەرلەمان بو. ئێمەش چەند شەرتێکمان دانا بوو کە بە دڵی حیزبە کوردستانیەکانیەکان بو. پارتی شەرتەکانی ئێمەی دەربارەی زیادکردن و خستنە گەڕی پەرلەمان ڕەت کردەوە. کارەکە گەیشتە بنبەست. کاک عەزیز محەمەد و ڕەشید عەبدولقادر و د بارام کەوتنە بەینەوە. مەسعود بارزانی بوو نوێنەرانی هەردو م س لە نیوەی ڕێ کۆ ببنەوە بۆ باسی مەسەلەی دریژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان. ئێمەش م س کۆ بوینەوە. من پێشنیارم کرد لە جیاتی نیوەی ڕێ وەفدی ی ن ک بچێتە صەلاحەدین. کە ئەوەمان بە وەفدەکە گوت و لە ناو خەڵک دا بڵاومان کردەوە خەڵک زۆری پێ خۆش بو، هەمو حیزبەکان موبادەرەکەیان زۆر پەسند کرد و زۆر باش لە ناو خەڵک دەنگی دایەوە. پارتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناچار بوو کە قبوول کات و وەفدمان چو بۆ صەلاحەدین. بەلام بە داخەوە فیّلیان لیّ کرا: پارتی لە جیاتی زیادکردنی ژمارەی پەرلەمان مەسەلەکەی کردە (مشارکە الاحزاب والاطراف الوطنیە . . الخ) و تەمدیدیان (بیّ وەقت) سەپاند و ئنجا ئیّمەش (۳) مانگمان دانا بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا (توسیع) و (تفعیل) البرلمان بکریّت ئەگینا نایکەین - وا دیارە پارتی هیّشتا هەر سوورن لە سەر (فقط تمدید البرلمان) ئیّمەش بە تەماین نەیکەین بەلّکو توسیع و تفعیل بکەین و بەس گەر پارتی نەیکرد ئەوا چش ئیّمە نەخشەکەی خۆمان جێبەجێ دەکەین .

دوای ۳ مانگ دریّژ کردنەوەی پەرلەمان، پارتی چیتر ئامادە نەبو، نە بۆ کۆکردنەوەی پەرلەمان و نە بۆ باس کردنی (مشارکە الاحزاب والشخصیات الوطنیە الخ).

بۆ زەدی زیارەتیش گوتیان نایەنە هەولیّر و نەشهاتن بۆ شوێنی تر. ئیتر لای هەمو خەلک، وەفدی ناوبژی شخصیات، حیزبەکان، کۆمەلانی خەلّک دەرکەوتوە کە پارتی نایەوێ پەرلەمان بکەوێتەوە گەڕ و پەرەی پێ بدرێت و لایەنەکان بەشدار بن. بەوەش زۆر وەتەق کەوتن و هەستیان بە عوزلە کرد. ئیّمەش لە ناو خەلک دا زۆرمان قازانج کرد.

٥. شەڕی سورچی و پارتی

دوای ئەوەی پەرلەمان دریّژ کرایەوە، ئیتر پارتی بە ئاشکرا خۆی دزیەوە لە بەلّێنەکانی کۆبونەوەی هەردو م س و پەرلەمان و (مشارکە) ی حزبەکانی تر. بە پێچەوانەوە دەستی کرد بە هێز کۆکردنەوە و لێدانی تەپلی شەڕ. هەتا سەردار جەعفەری هات. سەردار جەعفەری کە گەیشتە لای ئیّمە پێی گوتین کە ۱. پارتی بە تەمای پەلاماردان بوو، بە بیانوی ئەوەی دەسپێشکەری بکات بۆ پەکخستنی هێرشی ی ن ک ۲. پارتی ڕازی بووە کە هێرش نەکا و ۳. لە گەل مجلس (حکیم) هاوکاری بکات دژی عراق و ڕێگەیان بدات هێز بهێنن بۆ ناوچەی پارتی و پێکەوە دژی صدام کار بکەن!!. دیارە ئیّمە بە هیچیمان باوەڕ نەکرد و پێمان گوت: کە پارتی ئۆینەکی لە بن سەرە: دەیەوێ سورچیەکان تصفیە بکات. پارتی ترسا بوو کە سورچیەکان و ی ن ک پێکەوە دژیان بوەستن. بە تایبەتی ئەوسا سەدان چەکداری سورچی لە (کەلەکین) کۆ بوبونەوە. شەو سەردار لە مالّی کاک جەبار بوو لە سلێمانی کە خەبەری تحشداتی پارتی لە سەر کەلەکین هات. کە بە سەردار گوترا ئەویش دوو بروسکەی بۆ مەسعود کرد و وەرامی مەسعود ئەوە بو کە هەرگیز پەلاماری (کەلەکین) نادات. هەمان بەلّێنیشی بە فرانک بەیکەر دا بوو. سورچیەکانیش سەبارەت بە دوودلّی و دەستگیراوی حاجی حسێن ئاغای سورچی بلاوەیان پێ دەکرێت. ئیستە زەید دەلێ مەرحوم حسێن ئاغا پێی گوتوە: "من شەڕ ناکەم" و هەرچی داوای مەسعود هەبوو قبوڵی کرد و بێسیمیشی دانێ. نەجاتی عومەر ئاغا پێش شەڕەکە بە چەند ڕۆژێک هاتە لای من. منیش بڕیاری (م . س) م پێ ڕاگەیاند کە ۱. هەولّدەن بە هۆی حیزبەکان و خەلکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ترەوە بە ئاشتی کێشەکە چارە بکەن و شەڕ نەبێت. ٢. گەر پارتی شەڕی پێ فرۆشتن و ئێوە ٢٤ سەعات خۆتان گرت ئەوا ئێمەش فریاتان دەکەوین. هەر بۆیەش کە پارتی پەلاماری دان ئێمە هێزمان ساز دابوو، بەڵام سورچی لە سەر قسەی حسێن ئاغا بلاوەیان لێ کرد بو، بۆیە شەڕیان بۆ نەکرا و ئێمەش توشی شەڕەکە نەهاتین.

شەڕەکە زۆر خراپ شکاوەتەوە بە سەر پارتی دا. بۆ یەکەم جار هەمو حیزبەکان ئیدانەیان کرد. تەنانەت بزوتنەوەش: کە ئیستە دو باڵن باڵەک دەڵێ پەشیمانین (ملا عبدالغنی) و باڵەکەی تر دەڵێ ئێمە زوربەین و پەشیمان نین! ئیستە نێوانی پارتی و حیزبەکان خراپە.

خەڵکیش بە گشتی بە تایبەتی لە هەولێر زۆریان پێ ناخۆش و پێ دزێو بو.

ئیستەش سورچی خەریکن هێز دورست دەکەن. تا ئیستا چەند سەدێکیان کۆکردۆتەوە و بە تەمان ببنە هەزار پێشمەرگەیەک. ئێمەش یارمەتیان دەدەین.

حیزبەکانی کە هەڵوێستیان باشە بە زەحمەتکێش، حسدک، حشکم، یەکگرتوی ئیسلامی، محافزین، بەڵام بزوتنەوە دو باڵ و دو بابەتن. ئاسوریش ئەترسن. کاری سەربەخۆش تا ئیستە باشن.

٥. مەجلیس و ئێران و ئێمە و پارتی

دوای قسەکانی سەردار جەعفەری لە گەڵ مەسعود، وەفدێکی مەجلیس هاتن و بە سەر و دڵی خۆشەوە، چونە لای مەسعود، لەوێ بۆیان دەرکەوت کە پارتی پەشیمانە: پێیان گوتبوون هێزتان نابێ بێت چونکە ئەمریکا ڕازی نیە! بەغداش بە کورد ناگیرێ! شیعەش وەزعی دەولی ناهێڵێ بگەنە بەغدا! بە کورتی دەستێکی تەڕ و تازەیان پێوە نان و جوابیان دان! ئەوانیش بە تورەیی و بە نارەزایی گەڕانەوە بۆ ئێران! ئێرانیەکانیش جوادیان ناردوە بۆ ڕاز و گلەیی و ئیعتیراز لە سەر هێرشی کەڵەکین و بەڵێن شکێنی و هتد. ئیستە دەڵێن وا دیارە نێوانی پارتی و صەدام زۆر بەهێزترە لەوەی پێمان دەزانی!!

ئێمەش بە پێچەوانەوە، ئامادە بوین بۆ هەمو جۆرە هاوکاریەک، بەڵام وا دیارە مەجلیس زۆر متحمس نین و ئێرانیش هەروەها!

٦. بەرەو کوێ؟

ئێمە هەمومان پێمان وایە پارتی دەیەوێ شەڕێکمان لە گەڵ بکات یان هیچ نەبێت وەزعەکە وەکو خۆی ڕاگرێ و پارەوپولی بادینان هەر بدزێ و بیخۆن. ئێمەش نامانەوێ دەسپێشکەر بین لە شەڕێکی نوێ دا، بەڵکو خۆمان ساز دەدەین بۆ دیفاعێکی ئیجابی: جارێ (تحصینات) دەکەین، (خطوطی دیفاعی) بە هێز دەکەین. لە هەمان کات دا خۆمان ساز دەدەین بۆ شەڕ گەر کرایە سەرمان! تەدریبات وەک خۆیەتی، خۆمان نەشلەژاندوە، بەڵام فێرگەکان لە بیتوێن، کۆیە، هەولێر، قەڵەباڵغ دەکەین، هەروەها ئەوانەی لە سلێمانین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(فیرگەی سەلام، فیرگەی بەکرەجۆ، فیرگەی تاسلوجە) ش هێزەکانیان ئامادە و لە بەر دەستن. لە گەڵ حیزبەکانی کوردستانیش نێوانمان خۆشتر دەکەین. تا ئێستا خۆسازدانمان زۆر زۆر لە جارەکەی پێشو باشترە. ئیستە (۲۵) لەشکرمان هەیە کە ڕێکمان خستونەوە و هەروەها پتر لە (۲۵) هەزار پێشمەرگەی ڕێکخراو دەبن. جگە لە دو لەشکری ڕێک نەخراوە! هەروەها سورچیش وا خۆیان ساز دەدەن .

ئیمە تا نیهایەتی تەموز تەدریبات و ڕێکخستنەوە و دەورەی فەرماندەیی تەواو دەبێت ئەوسا وەزعمان زۆر باشتر دەبێت.

برا گیان کاکە نەوە

با دو قسەش (هی خۆمانی) لە سەر سەفەرەکەتان بکەین .

بێگومان سەفەرەکەتان بە لای منەوە ئاسایی بوو. هەرچەندە هەر هەمومان پێمان باش بو بە جۆرێکی تر با. کە گەڕایتەوە خەبەرت بۆ ڕزگار نارد بوو کە ئۆفیسەکەتان داخات و کەلوپەل بدەنەوە ی ن ک. من نەمهێشت. چونکە پێم وابوو، بڕیارێکی ناڕەوایە وە لە تورەبونتان دا بڕیارەکەتان داوە! جگە لەوە کێشەکان بەو جۆرە چارە ناکرێن.

من پێم باشە کە (صبری انقلابی) تان هەبێت. وە ماوە بدەین بە "زەمان" و "گەشەکردنی تەدریجی" بۆ چارەکردنی زۆر لەو کەموکورتیانەی کە ی ن ک لێیان دەنالێت. من پێم باشە گەشەکردن و چاککردنەکان لە چوارچێوەی ی ن ک دا بێت، بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی بێت. پێم باش و ڕاست و ڕەوایە وەزعی کوردستان، وەزعی عیراق، وەزعی خۆمان و پارتی و دەوروبەر ڕەچاو بکەین، بۆیە هەقە هەمومان بە دوربینی و بە پشودرێژی شۆڕشگێڕانەوە کار بکەین.

مشکلی نیست که اسان نشود

مرد باید هراسان نشود.

دیارە کاک صەلاحەدینیش بە دورودرێژتر باستان بۆ دەکات.

دوبارە تکای برایانەم ئیهتیمام دانە بە خۆتان، بە صیحەتی خۆتان، بە نەخۆشیەکەتان، چیتر بە "ئاسانی" مەگرە.

لە بیرم چوو پارتی هەم نەخۆشیەکەتان وەک نیشانەی "مردن" تان بڵاو کردۆتەوە، هەم فرنسۆش لە کتێبەکەیدا کە دو مانگ پێش بڵاوی کردۆتەوە، زۆر هێرشی کردۆتە سەر من و تۆ و هەندێ هەڤاڵی تر .

ئیتر هەر بژین بۆ برای دڵسۆزتان مام جەلال

*

نداء الی الشعب الکردی واحرار العالم

اصدر المکتب السیاسی للحزب الدیمقراطی الکردستانی النداء العاجل التالی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

الى الشعب الكردى الصامد
الى القوى والاحزاب الكردستانيه الوطنيه
الى الشعب العراقى المجيد
الى اصدقاء الكورد والى الاحرار فى كل مكان

لقد غدرت القوات الايرانيه بالشعب الكردى وطليعته المقدامه الحزب الديمقراطى الكردستانى فى العراق.

ان حزبنا الديمقراطى الكردستانى قد حرص طوال هذه الاعوام على احترام حقوق الجيره والامن والسلام فى المنطقه، ودعا دوما دول المنطقه الى احترام خيارات شعب كردستان العراق وعدم التدخل فى شؤونه الداخليه، الا ان الاقتتال الداخلى الذى اثارته قياده الاتحاد الوطنى الكردستانى (اوک) قد اعطى ذريعه وفرصه للبعض للتدخل فى شؤوننا الداخليه، ووصل الامر بالقوات الايرانيه الى التدخل المباشر الى جانب الاتحاد الوطنى فى المعارک التى اثارها (اوک) خلال الايام الماضيه، حيث قامت المدفعيه والراجمات الايرانيه بقصف مواقع قواتنا وبالشكل التالى:

اولا: فى الوقت الذى كان حزبنا ليله ١٦ - ١٧ / ٨ / ١٩٩٦ يحتفل باليوبيل الذهبى فان قياده الاتحاد الوطنى الكردستانى بدؤوا بتنفيذ عمليه عسكريه مخطط لها ومدعومه، فاشعلوا نار القتال فى الاقليم من جديد، لكنهم خلال الاربع الساعات الاولى من المعارک منيت قواتهم بخسائر وهزائم كبيره و فشلت هجماتهم فى تحقيق اهدافها، بل وفقدوا مواقع هامه فى بعض المحاور.

ثانيا: كما قلنا فان عمليه (اوک) العسكريه الجديده كانت مدعومه سلفا وكما ظهر فيما بعد جليا، اذ حين تعرضت هجمات قوات (اوک) الى الاخفاق والفشل فقد سارعت وحدات عسكريه ايرانيه الى التدخل مباشره، حيث تواجدت مدافع هاون مع طواقمها الايرانيه فى محور القتال على ارض المعركه فى مناطق (قسرى) و (بالک)، و بدات المدفعيه والراجمات الايرانيه بقصف مركز وشديد لمواقع قوات حزبنا منذ ١٨ / ٨ / ١٩٩٦، وشمل القصف مواقعنا فى (قەسرێ و چۆمان و گەلاله و حاجى عمران و ورتێ)، واستمر القصف الايرانى لمواقعنا حتى لحظه اعداد هذا النداء، وكانت فى نفس الوقت هناک مدافع ايرانيه ثقيله تقصف مواقعنا من نقاط الحدود العراقيه - الايرانيه فى (تمرچين و دولى و ميدان فى كيلەشين). كما اننا نعرف جيدا نوعيه اسلحه قوات (اوک) ومدى قدرتهم على استعمالها، فلم يكن بامكان (اوک) فى يوم ما تنفيذ قصف شديد و متواصل كهذا. ومن السهل على اى خبير عسكرى ان يتاكد من حقيقه ان القصف المدفعى الشديد هذا قد جاء من قوات عسكريه لدوله وليس من ميليشيات معروفه بقدراتها المحدوده.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ثالثا: تحت ضغط القصف المدفعي الشديد والمتواصل حيث استشهد وجرح حوالى ١٠٠ مئه من پيشمەرگه حزبنا فقد تسنى لقوات (اوک) ان تزعم انتصارات معينه. لكن ما يزعمه قاده (اوک) حول ذلک لا اساس له من الصحه اطلاقا، اذ لم ولن يكون بقدور قواتهم ان تحرز تقدما كما زعم بلاغهم مساء يوم ٢٠ / ٨ وان قاده ومسلحى (اوک) يعرفون الحقيقه اكثر من غيرهم . لكنهم – كما كانوا دائما – يضللون الراى العام، فقد شوهد العديد من قادتهم يتحركون على النقاط الحدوديه من داخل ايران فى المناطق المقابله لمواقعنا. ان ضلوعهم فى التنسيق العسكرى مع الاجنبى ضد الپارتى هو استمرار لموقفهم الخيانى ضد تجربه شعبنا وحركته التحرريه.

رابعا: تفسيرنا الوحيد للموقف المنحاز للجمهوريه الاسلاميه الايرانيه هو انه رد على الموقف الوطنى السليم الذى اتخذته قياده الپارتى فى ٢٨ / ٧ / ١٩٩٦ بالدفاع عن حريه الاقليم ولم يسمح للقوات الايرانيه بدخول الاقليم من مناطق نفوذ الپارتى، لكن قاده (اوک) رافقوا ودعموا هذه القوات الى عمق حوالى ٢٠٠ كم داخل الاقليم لضرب اللاجئين من كردستان ايران.

اننا نؤكد للشعب الكردى باننا سنصون شرفه وكرامته مهما كلفنا ذلک من ثمن وتضحيات. فاننا لن نغير موقفنا الوطنى والقومى تحت ضغط المدافع والصواريخ والطائرات، وسنتمسک بموقفنا القومى الصحيح. ان حزبنا الديمقراطى الكردستانى ليس من الاحزاب التى تركع امام جبروت العدوان.

خامسا: اننا نعتبر ما تعمله ايران هو بمثابه اعلان للحرب ضد شعب كوردستان العراق عامه والپارتى خاصه. لذا نضع الشعب الكوردستانى وقواه الوطنيه المخلصه واصدقاء الكورد امام هذا الموقف، وندعوا الى اتخاذ الموقف الوطنى المنشود من العدوان، وادانه قاده (اوک) الذين اوغلوا فى الحقد والخيانه واللجوء الى جميع الوسائل مهما كانت غير شرعيه وغير وطنيه فى هذا الصراع الدامى الذى اثاره غدرا وعدوانا.

- عاش الكورد
- عاشت كوردستان

المكتب السياسى للحزب الديمقراطى الكوردستانى ٢٠ / ٨ / ١٩٩٦

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵی کوژاندنەوە: ڕێککەوتنی واشنتۆن

(١٩٩٨/٩/١٧)

لە بارەی بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەوروپاوە

خەڵکی کوردستان هەروەکو لە گەمارۆی ئابووری دان، هەر بەوجۆرەیش لە گەمارۆی ڕۆشنبیری دان. لە نێوان کوردستان و دەرەوەدا پۆست نیە. کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە تازەکانی دنیایان پێ ناگات. پێوەندی تەلەفۆنییش ئەوەندە گرانە لە توانای دەرامەتی کەمی زۆرایەتی خەڵک دا نیە. گەشت و گەڕان بۆ وڵاتانی دنیا زۆر کەم بۆتەوە، بگرە ئەتوانم بڵێم نەماوە. لەم هەلومەرجە سەختەی دابڕانی کوردستان لە دنیای پێشکەوتو چەندین بڵاوکراوە لە پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپی دا دەر ئەچن. ئەم پایتەختانەش: لەندەن، پاریس، بەرلین، ستۆکهۆڵم، ئەمستەردام... پایتەختی گرنگترین ناوەندە ڕۆشنبیریەکانی دنیان. گەورەترین کتێبخانە و، بە سەدان زانستگا و مەڵبەندی لێکۆڵینەوەیان تێ دایە. ئەم بڵاوکراوانە لەم وڵاتانە دەرئەچن، کەچی زۆر کەم نیشانەی ڕۆشنبیری و سیاسی ئەم شارانەیان پێوەیە.

باوەڕ ناکەم کەسێ هەبێ لە کوردستانی عیراق ژیابێ یا بژی، گلەیی و گازاندە، ڕەخنە و سکاڵا، نارەزایی و دەردەدڵی نەبێ، تەنانەت سەرکردە و سەرکردایەتی حیزبە دەسەلاتدارەکانیش. چونکە هەمومان بە تەمای شتێک بوین و توشی شتێکی چاوەڕوان نەکراو و دواتر نەویستراو بوین. هەمومان، هەر یەکەو بە جۆرێ، توشی "سقوتی خەیاڵ" و "خیبە امل" بوین. هەر ئەمەیش پاڵێ بە هەزاران کەسەوە نا وڵات بە جێ بهێڵن و، ڕێگەی نەزانراوی دنیای دەرەوە بگرن. ئێستا کۆمەڵێکی بە ژمارە زۆر لە کوردی عیراق لە بەریتانیا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، دەوڵەتانی سکەندەناڤی ئەژین. لە هەندێ لەم وڵاتانەدا ژمارەیان لە ٣٠ هەزار کەس تێ ئەپەڕێ. بێگومان ئەمەیش وەکو هەمو دیاردەیەکی تر دو لایەنی هەیە: یەکێکیان، کوردستان لەو هەمو توانا گەنجە چۆڵ ئەبێ. دووەمیان، ئەگونجێ زۆربونی ژمارەی کورد لە ئەوروپا ببێتە هێزێکی پشتیوانی گرنگ بۆ جوڵانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کوردستان دا، یان ببێتە هێزێکی گوشار بۆ سەر سەرکردایەتی لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ.

بە هۆی ئەو تەنگوچەڵەمە قوڵەوە کە وڵاتی تێ کەوتوە، لەم قۆناغەدا، نە ئەم هێزە بۆتە پشتیوانی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستانی عیراق و، نە بۆتە هێزی گوشار بۆ سەر سەرکردایەتی حیزبەکان، نەئەیشتوانێ ببێ، بە تایبەتی چونکە سەرکردەکان گوێ ی لێ ناگرن. بێگومان هەمو کەسێکی دڵسۆز کە ئەبینێ لە کوردستانی عیراق دا لە سایەی ئازادی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و دەسەڵاتی حیزبە کوردیەکان دا، "فەسادی" سیاسی، ئیداری، مالی و، لە پاڵ ئەوانەیش دا "فەسادی ئەخلاقی"، بڵاو ئەبێتەوە و تەشەنە ئەکات و، مافەکانی مرۆڤ بە بێباکی پێشێل ئەکرێ، ئەگەر بە دەنگ نەیەت ئەبێتە "شەیتانێکی لال". جا لێرەدا ئەوانەی بە دەنگ دێن بە دو زمانی جیاواز ئەدوێن:

یەکێکیان، دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمانەکەی پاڵی پێوە ئەنێ، ڕەخنەکانیشی بۆ ئەوەیە هەمو جۆرەکانی فەساد ڕیسوا بکات و، چەوتیەکان ڕاست بکاتەوە، لە هەمان کات دا بیروبۆچونی داهێنەر و بە کەڵک پێشکەش ئەکا و، بۆ ڕێگەی چارەسەر ئەگەڕێ.

ئەوی تریان، داخ لە دڵە و، بوغز لە سکە، هەمو شتێکی کورد ڕەت ئەکاتەوە. حەز ئەکا حیزبە کوردیەکان هەڵە و کاری خراپ بکەن بۆ ئەوەی ئەم بیانوی بە دەستەوە بێ جنێویان پێ بدا. ئەمانە "سوئی ئیستیفادە" یان لەو ئازادیە کردوە کە لە وڵاتانی دیموکراتی دا هەیە. لاپەڕەکانی هەندێ لەم بڵاوکراوانەیان کردۆتە مەیدانی جنێودان و شیکردنەوەی بێ ئاگاداری و بیروڕای چەوت. لێرەدا ئەمەوێ چەند پرسیارێ بخەمە بەردەمی خوێنەر:

ئەمانە، مەبەستم لەم کوردە جنێوفرۆشانەی ئەوروپایە، چەند کتێبێ گرنگیان لە مەیدانەکانی زانست، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ڕۆشنبیری.. دا، کردۆتە کوردی یان لە کوردیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانێکی ئەوروپی؟

ئەمانە چەند کتێبیان بە زمانی ئەوروپی لە سەر کورد نوسیوە؟

ئەمانە چەند کتێبی باشیان لە بواری جیاوازەکانی زانست دا بە کوردی داناوە؟

ئەمانە چەند بەڵگەی مێژوییان لە ئارشیفی دەوڵەتە گەورەکانی ئەمەریکا، ڕوسیا، بەریتانیا، فەرەنسا دەرهێناوە و، نهێنیەکانی مێژوی کوردیان ئاشکرا کردوە؟

ئەمانە چەند کتێبخانەی ئەوروپا گەڕاون و، چەند دەسخەتی کۆنی کوردییان ساخ کردۆتەوە و، چەند چاپکراوی کۆنی کوردییان دۆزیوەتەوە؟

چەند کەس لەمانە لە ساڵانی درێژی ژیانی ئەوروپایان دا، لە مەیدانەکانی وەرزش، گۆرانی و مۆسیقا، پزیشکی، هەندەسە، تەنانەت دوکانداری و کرێکاری دا توانیویانە جێگەیەک بۆ خۆیان بکەنەوە؟

چەند کەس لەمانە بە لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی پڕۆژە بەشدار بون لە پێشکەش کردنی بیروبۆچونی بە کەڵک بۆ: ئاواکردنەوەی دێهاتی کوردستان، چاکردنی باری ئابوری و دارایی، چاکردنی نیزامی قانونی و سیاسی، چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ، پێشکەوتنی ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی...

وەڵامەکەی: بێگومان هیچ! چونکە ئەمانە جنێودانیان هەڵبژاردوە بە "پیشە" ی خۆیان.

زۆر لە مانە هەرگیز بە تەمای گەڕانەوە نین بۆ کوردستان و، زۆریشیان "جنسیە" ی ئەم وڵاتانەیان وەرگرتوە. لە باتی ئەوەی ڕەئی ناڕاست لە سەر ئێستا و پاشەڕۆژی کوردستان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ەربیرن، چاکتر وایە، ئەگەر ئەزانن و ئەگەر ئەتوانن، ڕەئی خۆیان لە سەر ئێستا و پاشەڕۆژی ئەو وڵاتانە دەربیرن کە بە نیشتمانی یەکجاری خۆیان و منداڵەکانیان هەڵبژاردوە و، باسی پاشەڕۆژی کوردستان بۆ ئەوانە بە جێ بهێڵن کە ئێستا لە کوردستان ئەژین. یان وەکو پێشینان وتویانە: ئەگەر نازانن چاک بڵێن، خراپیش نەڵێن!

لە ئەوروپاوە بە ڕێگای بڵاوکراوە، ئەتوانێ چکاوەی تازەترین داهێنانی مێشک و بەرهەمی بیر، تازە ترین زانیاری و ئاگاداری و، ئەزمونی جۆراوجۆری گەلان، بنێردرێتەوە بۆ کوردستان و بیری مرۆڤی کوردی گەمارۆدراوی پێ ڕۆشن بکرێتەوە.

چەند خۆش ئەبو ئەم بڵاوکراوانە:

- باسی تەجروبەی ئەم گەلانەیان بکردایە بۆ نمونە: باسی تەجروبەی پرۆسەی ئاشتی ئیرلەندەیان بکردایە. چۆن تێکۆشەرانی ئیرلەندی خەباتی سیاسی و خەباتی چەکداریان پێکەوە گرێ دا و، خەباتی چەکداریان کرد بە هۆی بە دەسهێنانی ئامانجی سیاسی، بێ ئەوەی هیچ گێچەڵی بۆ کۆماری ئیرلەندە بنێنەوە؟ ڕەوتی گفتوگۆکانیان چۆن بۆ پێشەوە چو؟ چۆن چارەسەری ناونجییان بۆ کێشەکان دۆزییەوە و، سەرەنجام ڕێککەوتنی ئاشتییان ئیمزا کرد؟

کوردستان تەنیا وڵاتی دنیا نیە کە لە خوێناوی شەڕی ناوخۆدا ئەگەوزێ. ئەو گەلانەی توشی ئەم جۆرە شەڕە بون، ناکۆکیەکانی ناوخۆیان چۆن چارەسەر کردوە؟ گێرانەوەی ئەزمونی گەلان لەم بوارەدا بیری سیاسیی کورد دەوڵەمەن ئەکا.

- بایەخیان بە تەجروبەی دیموکراسی گەلان بدایە. گوێزانەوەی دەسەڵات لە ڕێبەرێکەوە بۆ ڕێبەرێک و لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێک. بۆ نمونە گوێزانەوەی دەسەڵات لە تاتچەرەوە بۆ جۆن مێجەڕ و لە مێجەڕەوە بۆ ولیام هێگ لە بەرامبەر ئەوەش دا لە نیل کینیکەوە بۆ جۆن سمیث و ئینجا بۆ تۆنی بلێر و، لە "کۆنسێرڤاتیڤ" هوە بۆ "لەیبەر". ئاخۆ ئەمانە لە هەڵبژاردن دا چۆن ململانێ ئەکەن و، ئەمانیش لە پێناوی دەسەڵات دا بۆ لە ئەرزدانی یەکتری پەنا ئەبەنە بەر دوژمنەکانی بەریتانیا؟

خۆ ئەگەر هەلومەرجی کوردستان و بەریتانیا بۆ بەراورد ناشێن، ئەشێ تەجروبەی دیموکراسی پاکستان، هندستان، بەنگلادێش، میصر، ئوردون، مەغریب باس بکرێن. بێگومان ئەکرێ لە ناو هەمو ئەم باسانەدا حیزبەکانی کوردستانی عیراق و ئەزمونی بەڕێوەبەرایەتی بەراورد بکرێن و، بێ بەزەییانە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە.

- هەواڵە گرنگەکانی عیراق، ئێران، تورکیا و سوریا لە بواری ئابوری، نەوت و ئاو، هێزی چەکدار، ئاڵوگۆڕی سیاسی.. بە کورتی پێشکەش بە خوێندەوار بکردایە.

- لە بەشی ڕاپانی کتێب دا، هەر جارەی یەکێ لەو کتێبە تازانەیان بە ناسین بدایە کە لە سەر کورد نوسراون، یان پێوەندییان بە کوردەوە هەیە و ناگەنەوە وڵات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- هەمو جارێ لە کاتی خۆی دا یادی ڕوداوە گرنگەکانی مێژوی کوردیان بە وتاری کورت و زانستی بکردایەتەوە، دەرس و ئەزمونەکانیان لێ هەڵێنجایە.

- ئەمسال کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، وەکو بەشێک لە "سەودای نەوت بەرامبەر خۆراک" زیاتر لە یەک ملیار دۆلاری بۆ کوردستانی عیراق تەرخان کردوە، ئەم بڵاوکراونەیش بە بیروبۆچونی بە کەڵک لە بواری گەشەپێدانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری و، لە مەیدانەکانی خوێندن و پەروەردە، تەندروستی و ژینگە، کشتوکاڵ و پیشەسازی، خانووبەرە... بەشداربیان بکردایەوە و، بە چاوێکی تیژ و بە دوربینێکی بەهێزەوە چاودێری جۆری جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە و، قسەی خۆتان لە سەر بکردایە!

مەخابنە بڵاوکراوەکانی کوردەکانی ئەوروپا بۆ خوێندەوارانی کوردستانی عیراق "جنێونامە" بێ.

نەوشیروان مستەفا

لەندەن، ۱۰ / ٦ / ۹۸ ژ ۸ ی "پەیام" بڵاوی کردەوە.

*

نامە بۆ م س:

برایانی بەڕێزی،

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سڵاوێکی گەرم و هیوادارم هەمیشە سەربەرز و سەلامەت بن

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە من لە ڕوداوەکانی کوردستانەوە دوورم و، هیچ بەشداریەکی ئەوتۆم نەکردوە لە هەڵگرتنی باری گرانی ئەرکەکانی یەکێتی دا تا بە ئازایەتیەکی زۆرترەوە ڕەئی خۆم دەربېڕم، بەڵام وا بزانم هەقی ئەوەم ئەدەنێ: کە لەم مەسەلەیەدا، کە پێوەندی بە ئێستا و پاشەڕۆژی گەلەکەمان و هەر یەکێکمانەوە هەیە، بیروبۆچونی خۆم دەربېڕم، بە تایبەتی کە لەم ماوەیەدا بە چاوی چاودێر بە وردی سەیری ڕوداوەکانی ناوەوە و دەرەوەم کردوە.

۱. شەڕی ناوخۆ و لە ئەنجامی ئەوەیش دا دابەشبونی کوردستانی عیراق بە سەر دو ناوچەی حوکمڕانی دا یەکێتی میللەتەکەمانی خست بوە مەترسیەوە، جگە لەو گیروگرفتانەی بۆ دانیشتوانی دروست کرد بو، لە دەرەوەیش ناوبانگی جوڵانەوەکە و سەرکردەکانی خراپ و، پشتیوانی دەوڵەتانی دۆستی لە مەسەلەی کورد کەم و لاواز کرد بو. بایەخدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر کەم بوبوەوە و، لە هەندێ حاڵەت دا زۆر خراپ بوبو. لەوەوپێش کە باسی سەرکردەکانی کورد ئەکرا وەکو پێشەوای ئازادیخواز و داواکاری مافی مرۆڤ باس ئەکران، کەچی لە کاتی شەڕەکان دا بە ئەمیری جەنگ ناویان ئەبردن. بێگومان ئەمەیش بۆ دواوەچونێکی زۆر ناخۆش بو. بە تایبەتی ئێوە خۆتان تەقدیری گرنگیی پشتیوانی ناو دەوڵەتی ئەکەن لە ڕاگرتنی هەلومەرجی ئێستای کوردستان دا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. بەکارهێنانی زمانی گفتوگۆ بۆ بەلاداخستنی کێشەکان، لە باتی زمانی شەڕ و تووندوتیژی و، سەرەنجام سەرکەوتنی منطقی عقل و، بەستنی ئەو ڕێککەوتنە لە لایەن سەرکردەی هەردو حیزبی ناکۆک بە شایەتی گەورەکاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی گەورەترین زلهێزی دنیا و، لە پایتەختی ئەوان دا، حورمەتی جوڵانەوەکە و سەرکردەکانی ئەگێڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی. بەم ڕێکەوتنە جارێکی تر ئەو هەلە مێژوییە زێڕینەی بۆ کورد هەڵکەوت بو، سەرلەنوێ ئەڕەخسێتەوە، ئەوەتا گەورەترین زلهێزی دنیا بەڵێن بە سەرکردەی هەردو حیزب ئەدا کە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن ئەمەریکا پارێزگاری کورد ئەکا و یارمەتی ئەدا.

ئەم بەڵێنەی ئەمەریکا، مەسئولیەتێکی گەورە ئەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتی کورد، بە تایبەتی هی یەکێتی، بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە بە کار بهێنرێ بە قازانجی ئیدارەیەکی یەکگرتو کە داوودەزگای حوکمڕانی لە کوردستان دا یەک بخا و، بیکا بە حکومەتێکی ئەوتۆ جێگەی ڕێز لێ نانی دۆست و دوژمن بێ و، ئامادە بێ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەر ڕوداوێکی چاوەڕوانکراو یان چاوەڕوان نەکراو، کە ڕەنگە لە عیراق دا بێتە پێشەوە. باوەڕم وایە ئیدارەیەکی یەکگرتو، بە داوودەزگای مالی و عەسکەری و پۆلیسی و، نوێنەرایەتی یەکگرتوەوە، هەلێکی گەورە بۆ کورد ئەهێنێتە پێشەوە، ئەم دەسکەوتانە بۆ پاشەڕۆژیش مسۆگەر بکات و، کورد داوا لە کۆمەڵگای ناو دەوڵەتان بکا، هەلومەرجێکی قانونی لە بابەتی ئەوەی لە هۆنگ کۆنگ بە سەر چین دا سەپێنرا، شتێکی لەو بابەتەیش بۆ کورد بە سەر عیراق دا بسەپێنرێ.

٣. ئاشتی یەکێتی و پارتی وەکو خۆتان ئەزانن دوژمنی زۆرە، لە بەر ئەوە وریاییەکی زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی پایەدار و بەردەوام بێ. جا بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە تێک نەچێ، هەقە سەرکردایەتی هەردولا ئەم ماوەیە هەموی بە هێمنی خەریکی ڕێکخستنەوەی کاروباری ناوخۆی کوردستانی عیراق بن و، کارێک نەکەن حکومەتی عیراق، یان هیچ یەکێ لە دەوڵەتە دراوسێکانی بوروژێنێ و، بەهانەی شەڕ پێ فرۆشتن و گێچەڵ کردن بدا بە دەستەوە. ئەگەر ئیدارەیەکی یەکگرتوی بە هێز لە کوردستانی عیراق دا هەبێ، هیچ لایەک بە ئاسانی ناتوانێ گێچەڵی پێ بکا و ئیبتیزازی بکا.

٤. جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە لە پێش هەمو لایەکدا بەستراوە بە ئیرادەی کورد خۆیەوە، بە تایبەتی بە ئیرادەی هەردو سەرکردە و بە ئیرادەی هەردو سەرکردایەتیەوە، ئەگەر کورد خۆی سور بێ لە سەر ئاشتی و ڕێککەوتن، نە هیچ کەس و تاقمێ لە ناوەوە و، نە هیچ هێزێکی ناوچەیی و دەرەکی ناتوانێ تێکی بدا و، شەڕ و ناتەبایی لە کوردستان دا هەڵبگیرسێنێتەوە و، ئەگەر کورد خۆیشی ئاشتی نەوێ هیچ لایەک نایەت بە زۆر ئاشتی بە سەردا بسەپێنێ. ئەمە ئەرکی نەتەوەیی، بەڵکو ئینسانیی، سەرانی کورد خۆیەتی.

دیارە مام جەلال و، سەرکردایەتی یەکێتی، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا هەوڵێکی یەکجار زۆریان داوە بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و گەیشتن بە ڕێککەوتن، بە داخەوە هەمو ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵەی لە ڕابوردودا درا سەری نەگرت و، نەیتوانی کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێ، بەڵام بۆ خۆشبەختی کورد ئەم جارە وا ئەم ڕێککەوتنە نوێیە ئیمزا کرا، کە لە چاو ئەوانی کەدا لە هەمویان گرنگترە، چونکە:

ا. دوای چەند ساڵ ناکۆکی و شەڕی خوێناوی کە دەرکەوت هیچ لایەک کێشەکەی بە شەڕ پێ بە لادا ناخرێ و، قەناعەتی هەردولا هاتۆتە سەر بێهودەیی بەلاداخستنی جەنگیی و، مەترسی کوشندەی درێژەکێشانی شەڕ.

ب. هەردو سەرکردە خۆیان ڕوبەڕو هاوبەشی گفتوگۆکان و، خۆیان لە دارشتنی بەندەکانی ڕێکەوتنەکەدا بەشدار بون و ئیمزایان کردوە.

ج. ئەمەریکا ناوبژی و چاودێری و پشتیوانی کردوە و، بەڵێنی جێبەجێکردنی لە هەردولا وەرگرتوە،

د. لە ناو دۆستەکانی دەرەوەی دا، بە تایبەتی دەوڵەتانی ئەوروپی، هەواڵەکە بە خۆشی وەرگیرا و بە پشتیوانیەکی بەهێزەوە پێشوازی لێ کرا.

بۆیە ئەمەوێ بە ڕاشکاوی بڵێم، پێویستە هەمو کوردێکی دڵسۆز لە هەر پلە و پایەیەک دا بێ، ئەبێ بەوپەڕی توانایەوە هەوڵ بدا، کە ڕێ نەدەن ئەم هەلەیش لە بار بچێ و، ئەبێ هەوڵ بدا ئەم جارە ئەم ئاشتیە پایەدار و، ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێ.

٥. لەم قۆناغەدا ئەرکێکی مێژویی زۆر گەورە کەوتۆتە ئەستۆی سەرکردەکانی یەکێتی، چونکە لەم ڕێکەوتنەدا لەوانەیە بۆ ئەوەی پارتی بهێنرێتە سەر ڕێگای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە پێویست بکا یەکێتی (تنازل) لە هەندێ دەسکەوتی خۆی بکا و، پارتی وەکو حیزب هەندێ دەسکەوتی لە یەکێتی زۆرتر بێ، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنەی کە تا ڕادەیەکی زۆر چارەنوسی گەلەکەمانی پێوە بەستراوە، ئەو (تنازل) ە ئەهێنێ، چونکە دەسکەوتی میللەتەکە بە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ و، یەکگرتنەوەی ئیدارەی کوردستانی عیراق و، زیندوبونەوەی پاریزگاری و پشتیوانی ناودەوڵەتان لە کوردی عیراق، لە دەسکەوتی هەردو حیزبەکە زیاتر ئەبێ و، کارێکی وەهای یەکێتی ئێستا لە بەرچاوی دڵسۆزانی کورد و، پاشەڕۆژ لە میژوی میللەتەکەمان دا، بە هەڵوێستێکی جوامێرانە بۆ سەرکردەکانی تۆمار ئەکرێ.

لە کۆتایی دا سەرکەوتنتان بە ئاوات ئەخوازم،

لە گەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی

لەندەن، ٤ ی تشرینی دوەمی ١٩٩٨

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێککەوتنەکەی واشینتۆن:

لە ئیمزاکردنەوە بۆ جێبەجێکردن!

لە شەڕی ناوخۆدا کێ براوەیە و کێ دۆڕاوە؟

میژوی گەلان، لە پێش هەمویانەوە هی کورد، سەلماندویانە کە لە شەڕی ناوخۆدا، تەنانەت ئەگەر بە سەرکەوتنی لایەکیان و تێشکانی لایەکەی تریش تەواو ببێ، هێشتا هەردولا بە دۆڕاو دائەنرێن، چونکە لە شەڕی ناوخۆدا براوە نیە. شەڕی ناوخۆی ئەم ساڵانەی دوایی کوردستانی عیراق و، هەردو حیزبەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەم حوکمە بە دەر نین.

بزوتنەوەی کورد ئەگەرچی لە ۹۸۸ دا توشی شکستێکی کاریگەر بو، سەدان هەزاری لێ کوژرا و، هەمو دێهاتەکانی وێران کرا و، کوردستانی لێ کرایە زیندانێکی گەورە، بەڵام چونکە لە چوارچێوەی "بەرەی کوردستانی" دا یەکگرتو بو، لە یەکەمین هەل دا هەستایەوە:

پێکەوە ڕاپەڕینیان ئەنجام دا و، کوردستانیان لە دەس بەعس دەرهێنا.

پێکەوە کۆچی بە کۆمەڵیان کرد و، سەرنجی دنیایان بۆ لای کێشەی کورد ڕاکێشا.

پێکەوە گفتوگۆیان لە گەڵ بەغداد کرد و، پێکەوە گفتوگۆیان ڕاگرت.

پێکەوە هەڵبژاردنیان کرد و، پێکەوە حکومەت و پارلەمانیان دروست کرد و، بەوەیش لایەنگریی دانیشتوانی کوردستان و، ڕێز و، پشتیوانی و، یارمەتی دەوڵەتانی دنیایان بە دەس هێنا. بۆ یەکەمین جار ڕێگە بە کورد درا بە ئاشکرا ئۆفیسی لە واشینتۆن، لەندەن، پاریس، بۆن و، لە ئەنقەرە و دیمەشق و تاران هەبێ و، سەرکردەی هەردو حیزب لە ئاستی بەرزی ئەو وڵاتانەدا ئەبینران و بۆ گفتوگۆی سیاسی بانگ ئەکران.

کوردستانی عیراق بو بە کوانویەکی داگیرساو، ئومێدی ئازادی و گەرمی وەرەی تێکۆشانی، ئەبەخشی بە گەلی عیراق و بە هەمو نەتەوەی کورد.

بەڵام کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا و، هێزەکانی پارتی و یەکێتی کەوتنە کوشتنی یەکتری و، سەرکردەکانی کەوتنە دانانی نەخشە و پلانی لە ناوبردن، یا دەرکردنی یەکتری لە کوردستان، هەمو ئەو هیوایەی کورد بەم تەجروبە تازەیەی هەبو گۆڕا بە نائومێدی، چونکە:

هەزاران کەس لە هەردو لا بون بە قوربانی،

هەزاران ملیۆن پارەی سامانی نەتەوەیی بە فیڕۆ ڕۆیشت و،

پارلەمان ئیفلیج و حکومەت بو بە دوان و کوردستان بە سەر دو ناوچەی حوکمڕانی دا دابەش بو،

هاوولاتی کورد لە هەردو ناوچەی حوکمڕانی دا، لە سەر بیر و چالاکی سیاسی کەوتە بەر گوشار و چەوساندنەوە، بە سەدان هەزار کەس ئاوارە بون،

ماوەی دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان زیادی کرد و،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پشتیوانی جیهانیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و، پشتیوانی سیاسی و سپایی دەوڵەتانی پارێزەری کورد کەم بوەوە و، لە مانەیش هەموی بەدتر شەڕی ناوخۆ لێوەشاوەیی خۆ بەڕێوەبردنی گەلی کوردی لای دۆستەکانی خستە گومانەوە و، لای دوژمنەکانیشی بۆ بە بیانوی نەسەلماندنی مافەکانی.

ڕێکەوتنەکەی واشینتۆن کە هەردو سەرکردەی هەردو حیزب، لە ئەنجامی ناوبژی و، بە چاودێری و پشتیوانی گەورە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی گەورەترین زلهێزی دنیا، ئیمزایان کردوە، نیشانەی سەرکەوتنی ئەقڵ و لە بەر چاوگرتنی قازانجی نەتەوەیی کوردە.

جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنە لە سەر ئەرزی کوردستان، کە بێگومان لە ئیمزاکردنی گرنگترە، لە پێش هەمو لایەک دا بەستراوە بە ئیرادەی کورد خۆیەوە، بە تایبەتی بە ئیرادەی هەردو سەرکردە و بە ئیرادەی هەردو سەرکردایەتیەوە، ئەگەر کورد خۆی سور بێ لە سەر ئاشتی و ڕێککەوتن، نە هیچ کەس و تاقمێ لە ناوەوە و، نە هیچ هێزێکی ناوچەیی و دەرەکی ناتوانێ تێکی بدا و، شەڕ و ناتەبایی لە کوردستان دا هەڵبگیرسێنێتەوە و، ئەگەر کورد خۆیشی ئاشتی نەوێ هیچ لایەک نایەت بە زۆر ئاشتی بە سەردا بسەپێنێ. چەسپاندنی ئاشتی ئەرکی نەتەوەیی، بەڵکو ئینسانیی، سەرانی کورد خۆیەتی. لە هەمان کات دا، بۆ ئەوەی ئەم کارە سەربگرێ، پێویستە هەمو کوردێکی دڵسۆز لە هەر پلە و پایەیەک دا و لە هەر حیزب و ڕێکخراوێک دا بێ، ئەبێ بەوپەڕی توانایەوە هەوڵ بدا، کە ڕێ نەدەن ئەم هەلەیش لە بار بچێ و، ئەبێ هەوڵ بدا ئەم جارە ئەم ئاشتیە پایەدار و، ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێ.

ئەو هەلە زێڕینە مێژوییەی لە چەند ساڵی ڕابوردودا بۆ کوردی عیراق هەڵکەوت و، لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا خەریک بو بفەوتێ، بەم ڕێککەوتنەی واشینتۆن خەریکە سەر لە نوێ ئەبوژێتەوە، بەڵام ئەمجارەیش وەکو جاری پێشو قۆستنەوە و چاک بە کار هێنانی بەستراوە بە کورد خۆیەوە، بە تایبەتی بە چەسپاندنی ئاشتی و حوکمی قانون و، دامەزراندنەوەی ئیدارەیەکی یەکگرتوەوە. گرنگیی ڕێکەوتنەکەی واشینتۆن لە نێوان سەرکردەی هەردو حیز ب دا ئەبێ لەم ڕوانگەیەوە سەیری بکرێ، واتە لە ڕوانگەی ڕەخساندنی هەلێکی مێژوییەوە بۆ کورد، نەک لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم حیزبە، لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکەدا، چی دەس ئەکەوێ و، ئەویان چی لە دەس ئەدا، چونکە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکەدا، هەمو گەلی کورد براوە ئەبێ، بەو جۆرە هەردو حیزبیش براوە ئەبن.

نەوشیروان مستەفا

٥ ی تشرینی دوەمی ٩٨

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له نێوان مام جەلال و منـدا

(ئازاری ۱۹۹۹ – شوباتی ۲۰۰۱)

پێشکەشە
بەوانەی گلەییم لێ نەکەن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. گەڕانەوە بۆ کوردستان

لە دوای ڕاپەڕین، سێ جار، هەر جارەی بۆ ماوەیەک، لە سێ قۆناغی ناسک دا کوردستانم بە جێ هێشت بو:

جاری یەکەم، لە ڕۆژانی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی - بەعس دا.

خولی یەکەمی گفتوگۆ (٢٠ - ١٩٩١/٤/٢٨) مام جەلال ڕابەریی کرد منی لە گەڵ نەبوم.

خولی دوەمی گفتوگۆ (٥/٧ - ١٩٩١/٦/١٧) کاک مەسعود ڕابەریی کرد منی لە گەڵ بوم.

زیاتر لە مانگێ لە بەغداد ماینەوە دوای گەڕانەوەمان بۆ کوردستان من بڕیارم دا کوردستان بە جێ بهێڵم. لە سەر سێ مەسەلەی سەرەتایی لە گەڵ مام جەلال و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (لیرە بە دواوە م س) ناکۆک بوم:

یەکەم، جۆری بەڕێوەبردنی یەکێتی و گۆڕینی لە چەند ڕێکخراوێکی بێ سەروبەرەوە بۆ حیزبی دەزگا و دامەزراو. ئەمەیان ئەگەڕایەوە بۆ ڕۆژانی شەڕی یەکەمی خەلیج.

دوەم، جۆری بەڕێوەبردنی پێوەندی لە گەڵ پارتی.

سێیەم، جۆری بەڕێوەبردنی گفتوگۆ لە گەڵ بەعس.

نەم ئەویست کێشەی ناوخۆ، کە شەڕی خۆبەخۆی چەکداری لێ دروست ئەبو، بۆ یەکێتی دروست بکەم بە تایبەتی لەو کاتەدا لە لایەکەوە گەڕانەوەی بەعس و لە لایەکی ترەوە زاڵبونی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی هەڕەشەیان لێ ئەکرد. بڕیارم دا سەرکردایەتی یەکێتی و کوردستانیان بۆ بە جێ بهێڵم خۆیان بێ مشتومڕ و بەربەرەکانی بەڕێوەی بەرن. بە بێدەنگی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە چوم بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ لەندەن. ئەوسا سەرچاڵ قەزاز نوێنەری یەکێتی بو لە تورکیا.

لەو ماوەیەدا کە لە لەندەن بوم کتێبی "کورد و عەجەم: میژوی سیاسی کوردەکانی ئێران" م ئامادە کرد بۆ چاپ و هاوزەمان لە سوید و لە کوردستان بڵاوم کردەوە. دواتر چەند بەشێکی لە لایەن محەمەد ساڵح گەڵاڵییەوە کرایە عەرەبی و لە وەرزنامەی "پەیڤین" دا بە زنجیرە بڵاو کرایەوە.

جاری دوەم، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی (١٩٩٢/٥/١٩)

بەر لە بەستنی یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی (١/٢٧ - ١٩٩٢/٢/١٤) بە چەند ڕۆژێ گەڕامەوە کوردستان بە هیوای ئەوەی کێشە سیاسیەکانی ناو یەکێتی لە ناو کۆنگرەدا بە لادا بخەین. هەندێ لە هاوڕێکانم، بۆ دابین کردنی دەسەڵات و پلە و پایەی تایبەتی خۆیان، لە کۆنگرەدا فێڵیان لێ کردم و دەستیان بڕیم. کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، بەڵکو قوڵتر بون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژاردنی گشتی بۆ یەکەمین پارلەمانی کوردستان لە بەردەمدا بو. پارتی و یەکێتی لە ململانێیەکی سەختدا بون. ئەمجارەش نەمویست کێشەی ناوخۆ دروست بکەم، هەمان مەترسیە ناوەکی و دەرەکیەکان مابون و گەورەتر بوبون. ئەوەی لە توانامدا بو، لە پرۆپاگاندە و کۆبونەوەی جەماوەری و نوسینی وتار و پشتیوانی لە کاندیدەکان تەنانەت ئامادەکردنی بەرنامەی هەڵبژاردن، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێکهێنانی یەکەم حکومەتی کوردستان کردم. ئەنجومەنی نیشتمانی کۆبوەوە (١٩٩٢/٦/٤) و پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە یەکێتی سپێردرا (١٩٩٢/٧/٤) د فوئاد مەعسوم بو بە سەرەوزیر. قەڵەمڕەوی دەسەلاتی یەکێتی لە زاخۆوە تا کفری درێژ ئەبوەوە. ئەمجارەش بە بێدەنگی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە چوم بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ لەندەن.

لەو ماوەیەدا کە لە لەندەن بوم کتێبی "حکومەتی کوردستان: کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا" م ئامادە کرد بۆ چاپ و هاوزەمان لە هۆڵەندا و لە کوردستان بڵاوم کردەوە.

جاری سێیەم، پاش گەرمبونی شەڕی یەکێتی و پارتی.

کە شەڕی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵگیرسا و، دوای ئەوەش شەڕی یەکێتی و پارتی دەستی پێ کرد، زیادتر لە ١٦ مانگ بو من لە لەندەن دانیشت بوم و دور بوم لە دەزگای بڕیاردانی ناو یەکێتیەوە. خۆم دور راگرت بو لە کاروباری یەکێتی.

مام جەلال بۆ گەشتی سیاسی هات بو بۆ ئەوروپا. بە تەلەفۆن داوای لێ کردم منیش لە گەڵی بم. بە بیانوی جیاجیاوە ئەمویست خۆم لەو ئەرکە ببوێرم. دوای سەردانی فەرەنسە و ئەڵمانیا هاتە لەندەن. روی لێ نام کە ئەگەر بۆ هاوڕێیەتیش بێ لە گەڵی بچم بە تایبەتی کۆبونەوەیەکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لە تۆکیۆ هەبو.

لە گەڵی چوم بۆ ئیسپانیا گەلێ کەس و حیزب و کاربەدەستمان بینی لەوانە: خافیر سۆلانە کە ئەوسا وەزیری کاروباری دەرەوە بو. چوین بۆ ئیتالیا سەرکۆمارمان بینی. هەندێ بەڵێنی گرنگمان لە هەردوکیان وەرگرت یارمەتی حکومەتی هەرێم بدەن. لەوانە چاپکردنەوەی کتێبی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، مەشق و راهێنانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی کوردستان، یارمەتیدانی حکومەتی هەرێم بە پسپۆڕ و کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی کوردستان. خۆمان ئامادە کرد بو بچین بۆ ژاپۆن شەڕی یەکێتی و پارتی لە قەڵازەوە دەستی پێ کرد(١٩٩٤/٥/١) و بە خێرایی تەنیەوە بۆ رانیە و بادینان و سلێمانی. مام جەلال ئەبو بگەڕێتەوە بۆ کوردستان منیش، وەک مەسەلەیەکی ئەخلاقی، نەمئەتوانی خۆم لەم گەڕانەوەیە بدزمەوە ناچار لە رۆماوە لە گەڵی چومە سوریا و لەوێوە بۆ تورکیا و بە کۆپتەری تورکی راستەوخۆ بۆ هەولێر (١٩٩٤/٦/٢). یەکێتی لە بادینان و پارتی لە سلێمانی دەرکرا بون. بەڵام هێشتا هەولێر پایتەختی حکومەتی هەرێم بە تێکەڵاوی بە دەست هێزەکانی یەکێتی و پارتیەوە بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆری ئەو ماوەیە من خەریکی گفتوگۆ بوم لە گەڵ نوێنەرانی پارتی. بۆ ئەو مەبەستە سەفەری ئێران و تورکیا و فەرەنسا و ئیرلەندەم کرد. بۆ ئاگادارکردنەوەی رای گشتی کورد لە رەوتی گفتوگۆکان چەندین وتارم نوسی و بڵاو کردەوە. لە ئاسۆی نزیکدا هەڵی ئاشتبونەوەی یەکێتی و پارتیم نەئەبینی. هەڵومەرجی ناو یەکێتیش " هەمان تاس و هەمان حەمام" ی جارەکانی تر بو.

نەمئەویست کێشەی ناوخۆ بۆ یەکێتی دروست بکەم دیسان بە بیدەنگی بۆم بە جێ هێشتن. بۆ ئەوەی دەنگی لێ دەرنەچێ هاوڕێ لە گەڵ مام جەلال بە ناوی بەشداری کۆبونەوەی تەداولی موعارەزەی عیراقیەوە (اجتماعات تداولیه للمعارضه العراقیه) چوین بۆ تاران و دیمەشق. لەوێوە من گەڕامەوە بۆ لەندەن. لەوێ دانیشتم خۆم دور راگرت بو لە کاروباری یەکێتی. لەو ماوەیەدا لە نوسینەوەی "دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق" لە ساڵی ۱۹۷۵ هوە تا ۱۹۸۸ بومەوە و لە ژێر ئەم سەرناوانەدا بڵاوم کردنەوە:

- "لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ" هاوزەمان لە بەرلین و لە کوردستان لە لایەن دەزگای خاکەوە بڵاو کرایەوە. مستەفا ساڵح کەریم کردی بە عەرەبی و بە زنجیرە چەند بەشێکی لە هەفتەنامەی "الاتحاد" ا بڵاو کردەوە.
- "پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن" هاوزەمان لە بەرلین لە لایەن ئاوەدانی و لە کوردستان لە لایەن دەزگای خاکەوە بڵاو کرایەوە.
- "خولانەوە لە ناو بازنەدا" هاوزەمان لە بەرلین لە لایەن ئاوەدانی و لە کوردستان لە لایەن دەزگای خاکەوە بڵاو کرایەوە. شێرزاد شێخانی کردی بە عەرەبی بەڵام لە بەر هۆی سیاسی ئەو کاتەی گفتوگۆی یەکێتی – پارتی بڵاوم نەکردەوە.
- جگە لەمانە کە تێکەڵاو بون لە بیرەوەری و دۆکۆمێنت چەند کتێبی ترم ئامادە کرد لەوانە:
- "سەردەمی قەڵەم و موراجەعات" لە سلێمانی بە کوردی و محەمەد ساڵح گەڵاڵی کردی بە عەرەبی و بڵاوکرایەوە.
- "میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا" لە هۆڵەندا و سلێمانی بڵاو کرایەوە.
- "لە پەراوێزی مێژوەکانی ئەردەڵاندا" لە سلێمانی بڵاوکرایەوە.

ئەو چەند جارەی لە لەندەن بوم مانەوەی خۆمم بە کاتی دانابو. ئەگەرچی چەند سەفەرێکم کرد بۆ سوید، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئەمەریکا... بەڵام هەوڵم دا زۆرترین کەڵک لەو هەلە وەربگرم، بە تایبەتی بۆ نوسین. پێم وایە ئەو خزمەتەی لەو ماوەیەدا لە بواری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نوسینەدا بە ڕۆشنبیری و میژوی کوردوە هیچی کەمتر نیە لەو خزمەتەی، ئەگەر بە خزمەت بژمێردرێ، لە بواری سیاسی و پێشمەرگەیی‌دا، کردومە.

*

لە دوای ڕاپەڕینەوە بڕیارم دا بو، هەر کات لە گەڵ سەرکردایەتی یەکێتی توشی ناکۆکی قوڵ و کێشەی ئاڵۆزی سیاسی ببم ، لە باتی ئەوەی ململانێیان لە گەڵ بکەم، کە لەوانە بو ببێتە هۆی پێکادانی چەکدار، لە بەردەمیان دا بە هێمنی و بێدەنگی بکشێمەوە. لە بەر ئەوە هەمیشە چاوەڕێ بوم لە هەلومەرجێکی گونجاودا بگەڕێمەوە کوردستان. سەرەنجام بڕیاری گەڕانەوەم دا. ئەم جارەیان کە بڕیاری گەڕانەوەم دا، یەکێتی لە هەولێر، پایتەختی هەرێم، دەرکرابو. حکومەتەکەی و مەکتەبی سیاسیەکەی و سەرکردایەتیەکەی و فەرماندەکانی بە ئاوارەیی لە سلێمانی بون.

*

لە لەندەنەوە بۆ قەڵاچوالان

دلێری سەید مەجید خێزانەکەی لە لەندەن ئەژیا هات بو بۆ سەردانی ئەوان و لە سەر گەڕانەوە بو. ڕێککەوتین پێکەوە بگەڕێینەوە. لە کۆتایی شوباتی ١٩٩٩ دا لە فڕۆکەخانەی هیترۆ یەکمان گرتەوە و بەرەو تاران فڕین لە فرودگای میهراباد نیشتینەوە. لە ئوتێلێکی تاران دابەزین. ئەودەم بەهرۆز گەڵاڵی نوێنەری یەکێتی بو لە تاران.

لە تاران بە پێویستم زانی ئیستێک بکەم. چونکە دەربارەی ڕۆیشتنەوەم بۆ کوردستان پێشتر ئاگاداری مام جەلال یا کەسێکی تری م س م نەکرد بو. خۆم سەربەخۆ بێ پرس و ڕای ئەوان بڕیاری گەڕانەوەم دا بو. گەڕانەوەی کتوپڕ و لە ناکاو لەوانە بو خراپ لێک بدرێتەوە. لەو سەردەمەدا پێشوازی کاربەدەستانی حیزب و حکومەت و کۆکردنەوەی فەرمانبەری فەرمانگەکان و خوێندکارانی زانکۆ و قوتابخانەکان و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزب.. بوبو بە عادەت. لە گەڵ دلێر ڕێک کەوتم من لە تاران بمێنمەوە. ئەو بۆ گەیاندنی پەیامێکی من سەردانی مام جەلال بکا لە قەڵاچوالان. وەڵامی پەیامەکەم بۆ بهێنێتەوە بۆ تاران. ئەوسا بڕیار بدەم بڕۆمەوە بۆ کوردستان یان بگەڕێمەوە بۆ لەندەن.

پەیامەکەم ئەمە بو: من ئەگەڕێمەوە بۆ کوردستان. بە تەما نیم هیچ پلە و پایەیەک لە یەکێتی و لە حکومەتدا وەر بگرم. ئەمەوێ لە کوردستان بژیم و پشتیوانی ئەو ئەبم. نامەوێ پێشوازی حیزبی یا حکومەتی بکرێم. ئەمەوێ بە بێدەنگی بێمەوە. ئەگەر بەوجۆرە ڕازیە ئەگەڕێمەوە ئەگەرنا بلیتەکەم بۆ دوسەرە ئەگەڕێمەوە بۆ لەندەن. ناوەڕۆکی پەیامەکەم ڕەنگدانەوەی ناخی دڵم بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دڵێر لە لای مام جەلالەوە هاتەوە تاران. وتی مام جەلال ئەڵێ وڵات وڵاتی خۆیەتی خۆی چۆن حەز ئەکا وا ئەکەین. بەڵام نە ئەوەی ئەو داوای کردوە و نە ئەوەی من بە تەمای بوم. کە هاتەوە با ماوەیەک میوانی من بێت.

دڵێر حەزی بە گەڕانەوەی من و نزیکبونەوەی من بو لە مام جەڵال. ئینجا پەیامەکەی منی چۆن بە مام جەلال گەیاند بو و پەیامەکەی مام جەلال چی بو بۆ من، وەکو خۆی برد بوی و هێنابوی، یان خۆیشی ترش و خوێی پێوە کرد بو، ئەوە مەگەر خۆی بزانێ. چونکە مام جەلال نامەیەکی بەخێرهاتنەوەی بۆ نوسی بوم ، لە گەڵ پەیامەکەی منـدا هەندێ جیاواز بو. ئەمە دەقەکەیەتی:

برای دێرین و هەڤاڵی خۆشەویستم کاکە نەوەی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنەوەتان دەکەم بۆ کوردستانی رزگار کە لە سەرەتای ژیانتەوە لەبۆی خەباتت کردوەو هیچیشت لە ژیان و خۆشی و فیداکاری لێ چاو نەبوە و لێت نەگرتۆتەوە. پڕ بەدڵیش شاد بوم و لە ناخی دڵەوە گەشامەوە، بەوەی کە بڕیارتان داوە لە پەنا و لە گەڵ برای دێرینی خۆت درێژە بەو خەباتە بدەیتەوە کە هەمو لاوێتیت لە سەر داناوە، بە راستی یەکێک بووە لە خەبەرە هەرە خۆش و دڵشادکەرەکان.

زۆر بەخێر بێیتەوە سەر چاوان. بێگومان وەک هەمیشە کاکی خۆشت هاوخەبات و هاوکار و هاریکارت دەبێت و هیچیشی لێت چاونابێت. بەوپەڕی برایەتیەوە رێزی شایستەی خۆشت لێ دەگیرێت.

دوبارە بەخێربێیتەوەو هەر بژی بۆ

گەلەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

برای دڵسۆز و دێرینتان

مام جەلال

۱۹۹۹ / ۳ / ۱۲

*

پاش ئەوەی دو حەفتە لە تاران مامەوە بە فڕۆکە بە رێ کەوتم بۆ کرماشان. دیاری گەلاڵی نوێنەری یەکێتی بو لە کرماشان. رۆژی ۱۵ ی ۳ ی ۱۹۹۹ لە کرماشانەوە بە ئۆتۆمۆبیل بۆ دەروازەی پەروێز خان و لە پەروێز خانەوە بۆ قەلاچوالان، وەکو مام جەلال دای نابو.

رۆژی دوایی "کوردستانی نوێ" لە ژ ۱۸۲۳ ی رۆژی ١٦ ی ۳ ی ۱۹۹۹ دا هەواڵەکەی بەم جۆرە گێڕایەوە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"هەڤاڵ نەوشیروان گەیشتەوە سلێمانی

"پێش نیوەڕۆی ١٩٩٩/٣/١٥، سەعات ١٠ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتەوە پەرۆیزخان و لەوێ بە ناوی هەڤاڵ مام جەلالەوە لە لایەن عومەر فەتاح و لە لایەن شێخ محەمەد شاکەلی بە ناوی مەکتەبی سیاسیەوە و لە لایەن هەڤاڵ جەلال جەوهەرەوە بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە و هەڤاڵ نازم کەرکوکی بە ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی لێ کرا.

"پاشان بە ڕێز و تەقدیرەوە بە ڕێ کران بەرەو قەڵاچوالان، لە عەربەتیش لە لایەن هەڤاڵ عومەری سەید عەلی و هەڤاڵ محەمەد تۆفیق و حاکم قادر حەمە جان و هەڤاڵ مەحمود سەنگاویەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.

"لە کاتی نیوەڕۆشدا کە گەیشتە قەڵاچوالان لە لایەن هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ د کەمال فوئاد و هەڤاڵانی تری مەکتەبی سیاسی و هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی حکومەت و چەندین وەزیری کابینەکەیەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.

"پاشان هەمویان پێکەوە نانی نیوەڕۆیان لە سەر خوانی هەڤاڵ مام جەلال خوارد.

"هەمو هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی بە گەرمی پێشوازییان لە کاک نەوشیروان کرد و بە گەرمی بەخێرهاتنیان کرد هەڤاڵ مام جەلالیش بە ناوی ی ن ک و ە پ ک – ەوە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی هەڤاڵ نەوشیروانی خەباتگێڕی دێرین و ئەندامی کۆمیتەی دامەزرێنەری ی ن ک و فەرماندەی پێشمەرگەکانی کوردستان و ئەندامی دێرینی مەکتەبی سیاسی ی ن ک کرد و هیوای خواست وەک هەمیشە هەمو هێز و توانا و هۆش و زانیاری خۆی لە پێناوی ئامانجە دێرینەکانی گەلەکەماندا بخاتە گەڕ."

*

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نەیئەتوانی هەوالی لەم بابەتە لە خۆیەوە، بێ ڕەزامەندی مام جەلال، بنوسێ. من نە نمایشەکەم پێ خۆش بو نە ئەو هەوالە. حەزم ئەکرد وەکو خەلکی ئاسایی چۆن بە بیدەنگی ڕۆیشت بوم بە بیدەنگی بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی ئازادی قسە و کار و جموجوڵم هەبێ. چونکە ئەو نمایشە و ئەو هەوالە، بە بێ ویست و ئارەزوی خۆم، جۆرێ لە "ئیلتیزام" ی سیاسی بە سەرمدا ئەسەپاند. دوای ئەوەی دو ڕۆژ لە قەڵاچوالان مامەوە ئیزنم خواست و گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

*

ململانێی ناو یەکێتی

مەکتەبی سیاسی پێک هاتوە لەم ئەندامانە:

کۆسرەت ڕەسول، جەبار فەرمان، عومەری سەید عەلی، قادری حاجی عەلی، ئەرسەلان بایز، عومەر فەتاح، محەمەد تۆفیق ڕەحیم، جگە لەمان کە پاشماوەی ئەندامە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژێردراوەکانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی‌ین، فەرەیدون عەبدولقادر و عومەری حاجی عەبدولا، کە لە کۆنگرەی یەکەمدا وازیان هێنا بو، مام جەلال هێناونێتیەوە بۆ ناو م س.
هەروەها:
شێخ محەمەدی شاکەلی، ڕەسول مامەند، لە دوای کۆنگرەی یەکەم مام جەلال لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسی‌دا لە گەڵ بەشێکی حیزبی سۆشیالیست دا هەردوکیانی هێناوەتە ناو م س. کاک ڕەسول کۆچی دوایی کرد. شێخ محەمەد ماوەتەوە.
مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، لە دوای کۆنگرەی یەکەم مام جەلال لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسی‌دا لە گەڵ بەشێکی حیزبی زەحمەتکێشان هەردوکیانی هێناوەتە ناو م س.
بەندەش، کە لە کۆنگرەی یەکەم دا لە سەر داوای مام جەلال، لە گەڵ د فوئاد مەعسوم و د کەمال فوئادا بێ ئەوەی بە فیلتەری هەڵبژاردن‌دا تێ بپەڕین، بە بیانوی ئەوەی لە دەستەی دامەزرێنەر بوین، بۆ ئەندامەتی سەرکردایەتی بە چەپڵەڕێزان هەڵبژێردراین.
مام جەلال زیرەکانە مەکتەبی سیاسی داناوە. ئەوانە چەند دەستەبەند و کەسایەتی جیاوازن بە دەگمەن هەمویان لە سەر کێشەیەک ئەتوانن پێک بێن. هەمیشە پێویستیان بە مام جەلال ئەبێ بۆ ئەوەی هاوسەنگی‌یان لە نێوان‌دا ڕابگرێ. ئەگەر ئەو نەبێ ڕەنگە نەتوانن ئێوارەیەک، لە هیچ بۆنەیەک دا شایی بێ یا شیوەن، پێکەوە کۆ ببنەوە.
کۆسرەت و جەبار ناکۆکن. هەر کەسەیان دارودەستەی خۆی هەیە. هەرکەسەیان ئەیەوێ پێگەی خۆی بەهێز و ئەوی تر لاواز بکا. کۆسرەت کار ئەکا بۆ ئەوەی هەروەک کەسی یەکەمی حکومەتە، ئاوەهاش ببێتە کەسی یەکەمی یەکێتی.
کەمال فوئاد و فوئاد مەعسوم و عومەر فەتاح و ئەرسەلان بایز، شێخ محەمەدی شاکەلی و مەلا بەختیار و عیماد ئەحمەد، لە ناو ڕێکخراو و کادرەکانی یەکێتی‌دا پێگە و پشتیوان و لایەنگریان کەمە. مام جەلال دەستی گرتون و ئەوانیش دەستیان بە مام جەلالەوە گرتوە، لە هەمو شتێک دا پشتی ئەگرن.
کۆسرەت و جەبار پێیان وایە من لە سەر داوای مام جەلال و بۆ پشتیوانی لەو لە بەرامبەر ئەوان‌دا هاتومەتەوە و، ئەو چەند ڕۆژەی میوانی ئەو بوم لە قەڵاچوالان خەریکی دانانی نەخشە و پیلان بوین دژی ئەوان. زۆر بە توندی کەوتنە دژایەتی من. ڕاستیەکەی ئەوان خۆیان بەدگومان بون ئەگینا ئەو چەند ڕۆژە هیچ باسێکی سیاسی‌مان نەکرد بو، هیچ نەخشە و پیلانێکیشمان دانەنا بو دژی ئەوان. مام جەلال ئامادە نەبو دژی ئەوان کار بکا یا لە هیچ هەلومەرجێک‌دا دەستیان لێ هەڵ بگرێ یا تەنانەت ئەو شتانەیان بە رودا بداتەوە. لە یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی‌دا ئەوان دژی من پشتیوانی‌یان لە مام جەلال کرد. ئەویش بۆ ئەوەی من لە ناو یەکێتی‌دا لاواز بکا خۆی هەردوکیانی گەورە کرد بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەسەلات و پارەی خست بوە بەردەستیان. ئازاد و ئازای کرد بون چێ ئەکەن بیکەن. بۆ راگرتنی هاوسەنگیی ناو یەکێتی پێویستی بە هەردوکیان و هەردو دەستەبەندیەکەیانە.

ئەوەی گومانی لە لا دروست کردبون ئەوەبو گەڕانەوەی من هاوزەمان بو لە گەڵ زنجیرەیەک کۆبونەوە کە مام جەلال لە ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٨ ی مانگی شوبات، دەربارەی "گەشەپێدان و بژارکردن" ی یەکێتی، بە مەکتەبی سیاسی کرد بو. ئەوی راستی بێ من هیچ ئاگایەکم لەم کۆبونەوانە نەبو. گەڕانەوەی منیش هیچ پێوەندیەکی بە گەشەپێدان و بژارەوە نەبو. بۆ زیاتر ئاگاداری لێرەدا هەواڵی کۆبونەوەکانی م س لەو ڕۆژانەدا دەقاودەق وەکو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا نوسراوە ڕائەگوێزم. ئەوەندەی بزانم هەواڵەکان لە لایەن خودی مام جەلالەوە ئامادە کراون و دوا هەواڵیشیان هەر لە لایەن خۆیەوە دارێژراوە:

*

هەواڵی یەکەم: کوردستانی نوێ: ژ ١٨٠٨ ڕۆژی ٢٣ ی ٢ ی ١٩٩٩.

"لە کۆبونەوەیەکدا بە سەرپەرشتی سکرتێری گشتی مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا پێداچونەوەیەکی گشتی بە هەمو دەزگاکانی ی ن ک بکرێ

"پاش نیوەڕۆی دوێنێ ٢٢ ی ٢ هەڤاڵ مام جەلال، لە قەلاچوالان سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئاسایی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – ی کرد.

"لە کۆبونەوەکەدا باس لە ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و دوا پێشهاتەکانی پڕۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا کرا.

"لە تەوەرەیەکی تری کۆبونەوەکەدا کە تایبەت بو بە ڕێکخستنەوەی هەمو دەزگاکانی ناو ی ن ک، بڕیار لە سەر پێداچونەوەیەکی گشتی درا، کە لە سەر بناغەی هەڵبژاردنی هەمو دەزگاکان دامەزرا بێت لە خوارەوە بۆ سەرەوە."

*

هەواڵی دوەم: کوردستانی نوێ: ژ ١٨٠٩ ڕۆژی ٢٤ ی ٢ ی ١٩٩٩.

"بە سەرپەرشتی مام جەلال مەکتەبی سیاسی درێژە بە کۆبونەوە ئاساییەکانی دەدا

"ئێوارەی دوێنێ ٢٣ ی ٢ هەڤاڵ مام جەلال لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەلاچوالان سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئاسایی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – ی کرد.

"لە کۆبونەوەکەدا باس لە ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و دوا پێشهاتەکانی پڕۆسەی ئاشتی لە کوردستان کرا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"لە تەوەرەیەکی تری کۆبونەوەکەدا دریژە بە باس کردنی ریکخستنەوەی دەزگاکانی ی ن ک و چۆنیەتی گەشەپێدانیان درا، واش بڕیارە کۆبونەوەکان لە رۆژانی داهاتوشدا دریژەیان هەبێت."

هەواڵی سێیەم: کوردستانی نوێ: ژ ۱۸۱۱ رۆژی ۲۸ ی ۲ ی ۱۹۹۹.

"لە دریژەی کۆبونەوەکانیدا بۆ گەشەپێدان و بژارکردن مەکتەبی سیاسی چەندین بڕیاری گرنگی بۆ گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرکرد."

*

هەواڵی چوارەم: کوردستانی نوێ: ژ ۱۸۱۲ رۆژی ۱ ی ۳ ی ۱۹۹۹.

"لە دریژەی کۆبونەوەکانیدا مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا لە هەفتەی داهاتوەوە دەست بە بژارکردن و گەشەپێدانی دەزگاکانی حکومەت بکرێ

"مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دریژەی کۆبونەوەکانی خۆیدا بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال بۆ گەشەپێدان و بژارکردن لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان وهێزی پێشمەرگەی کوردستان و حکومەتی هەرێم و رێکخراوە دیمۆکراتیەکانیدا، کۆبونەوەی دوێنێ ۲۸ ی ۲ ی تەرخان کرد بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

"لەم بوارەدا مەکتەبی سیاسی باسی لە گەشەپێدان و بژارکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیدا کرد و بڕیار درا لە سەرەتای هەفتەی داهاتوەوە دەست بکرێ بە بژارکردن و گەشەپێدانی دەزگاکانی میری خۆمان و دانانی میلاکات بۆ وەزارەتەکان و هەڵبژاردنی خەڵکی شایستە بۆ شوێنی خۆیان.

"هەروەک بڕیار درا حکومەت کارە خزمەتگوزارییە ئەنجامدراوەکانی خۆی بۆ کۆمەڵانی خەڵک روون بکاتەوە و دەزگا پێویستیەکان بۆ گەشەکردن و هەڵسوراندنی کاروبارەکانی پێویستیش دابمەزرێنێت.

"هەروەها بودجەی میریی خۆشمان رێکوپێکتر دابندرێتەوە و پلانی راستوڕەوا بۆ گومرگ و باجە جیاجیاکان دابندرێت و هەوڵ بدرێت لە بنەڕەتەوە، دزی و راووڕوت و بەرتیل خواردن و زیدەمەسرەفی لە ناو دەزگاکانیدا نەهێڵدرێ."

*

خۆزگە کەسێک ئەم هەواڵانە و وتارە دریژەکانی مام جەلالی شی ئەکردەوە و هەڵی ئەسەنگاندن و، بەراوردی ئەکردن لە گەڵ روداوەکانی سەرئەرز تا دەرئەکەوت لەو بڕیار و بەڵێنانە چەندیان جێبەجێ کراون و، چەندیان هەر قسەی روت بون و هەرزو پشت گوێ خراون و لە بیر چونەتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. هەوڵی ریفۆرم

ناڕەزایی خەڵک

لەوەتی هاتومەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچە جیا جیاکانی کوردستانی عیراق، هەر لە ئاوارەکانی زاخۆ و هەولێرەوە تا سەرۆکی عەشیرەتەکانی کفری هاتونەتە لام، ئەگەرچی هەمویان بە ناوی بە خێر هاتنەوە هاتون بەڵام هەمویان کەم و زۆر ناڕەزایی دەرئەبڕن، باس لە چاککردنی هەلومەرجی کوردستان ئەکەن. بە گشتی هیوایەکی زۆریان هەیە من دەورێکی کاریگەر بگێڕم لە چاککردنی باری وڵاتدا.

لە ناو ئەوانەدا کە بینیومن: بزوتنەوەی ئیسلامی، عەلی باپیر، شێخ محەممەدی بەرزنجی، محەممەد بابان و مەڵبەندی سلێمانی، هەردو وەزیری ئەوقاف و عەدل. نەهزەی ئیسلامی. محەممەدی حاجی مەحمود و عەبدولخالق هەورامی و سۆسیالیستی دیموکراتی. قادر عەزیز و زەحمەتکێشان. سورچیەکان و پارێزگاران. بەهادین نوری و دیموکراتیخوازان. بەختیار زەنگەنە و کۆمەڵەی نەتەوەیی. حیزبی شیوعی کوردستان. کۆمۆنیستی کرێکاری.

ناڕەزایی خەڵک لەوانە ئەندام و کادر و پێشمەرگەکانی یەکێتی لە سەر چیە؟ چیە ئەوەی کەمایەسی تێ کەوتوە و پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە؟ ئەیانەوێ چی چاک بکرێ؟ ئەگەر چەوتی و خوار و خێچییەک هەبێ لە کوێ دایە؟ ئەبێ لە کوێ وە دەس بە ڕاستکردنەوە بکرێ؟

کەوتمە دوی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە و میکانیزمی جێبەجێ کردنیان. لە گەڵ شارەزایانی وەزارەت و دائیرەکان و پسپۆڕی بواری جیاوازی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی گفتوگۆم کرد. هەوڵم دا زۆرترین زانیاری کۆ بکەمەوە، خەڵەڵەکان دیاری بکەم، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بدەم.

*

گفتوگۆیەکی دوقۆڵی

٩ ی ٤ ی ١٩٩٩ هەینی:

نیوەڕۆ بۆ فراوین بە کۆمەڵ، مام جەلال و زوربەی ئەندامانی م س میوانی کۆسرەت بوین. دوای هاتنەوەم بۆ سلێمانی ئەوە یەکەمین جار بو لە گەڵ مام جەلال یەکتری ببینینەوە.مام جەلال وتی: بۆ بەخێرهاتنەوەت و بۆ ئەوەی هەندێ قسە بکەین ئێوارە دێم بۆ سەردانت.

ئێوارەکەی هات و بە دو قۆڵی لە ماڵەکەی خۆمان دانیشتین. لە دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان ئەمە یەکەمین جار بو پێکەوە بۆ باسی سیاسی کۆ ببینەوە.

وتی: "ئەوە چەند ڕۆژێکە گەڕاویتەوە سلێمانی، حەساویتەوە، خەڵکی زۆرت بینوە، ئیستا ئەڵێی چی؟"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وتم: "ئەو ماوەیەی هاتومەوە زۆر کەس هاتون بۆ لام، بواری کەسم نەداوە ماڵەکەم بکا بە دیواخانی هێرش بۆ سەر یەکێتی و سەرکردەکانی، بەڵام هەندێ شتم لە قسەکانیان دەرهێناوە. شوێنی تۆ لە ناو خەڵک دا بەهێزە و چاوەڕوانی ئەوەن ئەو بژارەی دەستت پێ کردوە بە ئەنجامی بگەیەنی. ئەوەی من بۆم ساخ بۆتەوە خەڵک لە دو شت زۆر ناڕازین:

یەکەمیان، ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان ژیانی کاربەدەستانی یەکێتی و خەڵک دا هەیە.

دوەمیان، ئەو فەسادە زۆرەی لەم حکومەتەدا دروست بوە، هیچ ئیشێن بێ واسیتە و مەحسوبیەت، ناڕوا. فەساد لە سەرکردایەتی یەکێتی دایە، ئەگەر هەمو کادرەکانی ناوەڕاست و خوارەوەش لاببرێ ئەگەر دەسکاری سەرەوە نەکرێ هیچ سودێکی نیە. خەڵک ئەپرسن:

مام جەلال خۆی دز نیە ئەی بۆچی دزی لەمانە قبول ئەکا؟

مام جەلال خۆی داوێنپیس نیە ئەی بۆچی داوێنپیسی لەمانە قبول ئەکا؟

مام جەلال خۆی پیاوێکی قانونیە بۆچی بێ قانونی لەمانە قبول ئەکا؟

تۆ کەسی یەکەمی، ئوبالّی مێژویی لە ئەستوێ تۆدایە، ئەگەر حوکمڕانی یەکێتی باش و سەرکەوتو بێ پاشەڕۆژ ستایشی تۆ ئەکەن و ئەگەر خراپ و شکستخواردو بێ قسە بە تۆ ئەڵێن..."

پێشتر چەند جارێ بەر لەوەی کوردستان بە جێ بهێڵم و دوای ئەوەش چەند جارێ لە ئەوروپا بە راشکاوی ئەم بابەتانەم لە گەڵ باس کرد بو، هەمو جار بەڵێنی چاککردنی ئەدا بەڵام هیچ جارێ بە جێی نەئەهێنا.

قسەکانی منی بە دڵ نەبو، حەزی نەئەکرد باسی لایەنە ڕەشەکانی دەسەڵاتی یەکێتی ببیستێ، حەزی ئەکرد باسی دەسکەوت و سەرکەوتن و لایەنە باشەکانی بۆ بکەم، لە گەڵ ئەوەشدا قسەکانی سەلماند.

وتی: "هەقیانە، تۆش یارمەتیم بدە وەرە بۆ کۆبونەوەکانی م س، چاکیان ئەکەم."

وتم: "ئەگەر تۆ چاکی بکەی من سەرباز ئەبم لە لەشکرەکەدا."

وتی: "تۆ سەرباز نابی جەنەرال ئەبی."

کوێر تا ئەمرێ بە تەمای چاوە. منیش ئومێدێکم لە لا زیندو بوەوە، ئەگەرچی زۆر کز و لاواز بو، بەڵام ئومێد بو. پیرەمێرد ئەڵێ: "شەوێ پیاوێ لە بەفرا ما، نەمرد، ئاگرێکی دوری دی..."

پاشاگەردانی هەرێمگیر

سیستەمی کاری حکومەتی و حیزبی و پێشمەرگەیی لە قەڵەمڕەوی یەکێتیدا بە جۆرێ ڕێک خراوە هەر لایە بۆ خۆی شتێکی سەربەخۆیە لەوی تر.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆسرەت سەرۆکی حکومەت و دەسەلاتداری یەکەمی ناو حکومەتە.

جەبار فەرمان جێگری فەرماندەی گشتی پێشمەرگەیە، بەڵام دەسەلاتداری یەکەمی ناو پێشمەرگە خۆیەتی.

مەکتەبی سیاسی قەوارەیەکی روکەشە، پێک هاتوە لە چەند ئەندامێکی بێکار و، چەند بەرپرسی مەکتەب و چەند وەزیرێ.

وەزیرەکان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دا لە کاروباری وەزارەتەکانی یەکتری ناپرسنەوە و هەقیان بە سەر یەکتریەوە نیە.

ئەندامانی م س لە کۆبونەوەکانی م س دا لە کاروباری مەکتەبەکانی یەکتری ناپێچنەوە هەقیان بە سەر یەکتریەوە نیە.

لە سەرو ئەمانەوە کەسێ یا دامەزراوێ نیە هەمویان بە یەکەوە گرێ بدا و لە کاروبارەکانیان بپرسێتەوە.

مام جەلال، سکرتێری گشتی، کە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ بەرپرسی هەمویانە، بە زۆری خەریکی سەفەری دەرەوە و بازرگانی و قۆنتەرات و لیوا تایبەتیەکانی خۆی و کۆبونەوەی فراوانی بێ سودی بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنە.

داهاتی حکومەت لە تاریکی تەواو دایە جگە لە کۆسرەت و وەزیری دارایی و چەند کارمەندێکی پێوەندیدار کەسی کە نازانێ چەندە و چی لێ ئەکرێ و چۆن سەرف ئەکرێ.

بە فیرۆدانی دارایی گشتی و پێڕەوی نەکردنی پێوانەی قانونی لە دابەشکردنی وەزیفە و پارە و زەوی و خانو و، پێڕەوی نەکردنی یەکسانی لە رەفتارکردن لە گەل هاوڵاتیێاندا بۆتە دیاردەیەکی زەق و دزێوی گەندەڵی بەرێوەبەرایەتی:

- هەزاران کەس دامەزرێنراون بێ ئەوەی دائیرەکانی حکومەت پێویستی پێیان بێ. هەزارانیان "بەدەر لە رێنماییەکان" واتە بێ ئەوەی مەرجی قانونیێان تێدا بێ و بە سەدانیان بە "شەهادەی ساختە" بە پلەی تایبەتی و بەرز دامەزرێنراون.

- سەدان خانوی حکومەتی، کە هەندێکیان خانوی وەزیفەن، دراوە بە کەسانی ناموستەحەق و زۆری تاپۆ کراوە لە سەریان یا فرۆشتویانەتەوە.

- قۆنتەرات دراوە بە کەسانێ کە نە بەڵێندەرن و نە بازرگانن. هەندێ لەمانە قۆنتەراتەکان ئەفرۆشنەوە. لە بەر ئەوەی قۆنتەراتەکە دەستاودەست ئەکا و هەرکەسە بەشە قازانجی خۆی لێ وەرئەگرێ. چۆنایەتی پرۆژەکان خراپ و هەندێکی تەواو ناکرێ.

- هەزاران پارچە زەوی دابەش کراوە بە سەر کەسانی جۆراوجۆردا، بە ناوی پێشمەرگە و کادر و تێکۆشەری دێرین و کەسوکاری شەهید... هەندێکیان بە درۆ ئەو ناوەیان لە خۆیان ناوە و، هەندێکیان خانوێک و پارچەیەک زەوی یا زیاتر و هەندێک بە ناوی خوێ و هاوسەر و منداڵەکانیەوە چەندین پارچە زەوییان وەرگرتوە و فرۆشتویانەتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- سەدان ملیۆن دینار ئەدرێ بەموبەو و سەدان ئۆتۆمۆبیل بۆ ئەموئەو ئەکرێ بێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوە یا چاودێرییەکی دارایی بە دواوە بێ.

- دەستی گەندەڵی گەیشتۆتە دەزگا زانستی و قەزاییەکان.

بە سەدان خوێندکار "بەدەر لە رێنماییەکان" لە کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی و لە خوێندنی بالای بواری جۆراوجۆر بە "قبول خاص" وەرگیراون و، راگری کۆلێج و سەرۆکی بەشەکان بێ گوێدانە پێوەری زانستی و قانونی دائەنرێن و لائەبرێن.

بە دەیان دادوەر و جێگری داواکاری گشتی، بێ ئەوەی مەرجە قانونیەکانیان تێدا بێ، لە دادگا و دائیرەکاندا دامەزرێنراون.

لەم پاشاگەردانیەدا کە مام جەلال ناوی ناوە "تەخشان و پەخشان" گوێ نەدراوەتە یەکسانی هاوواڵتیان، تەنانەت یەکسانی ئەندامانی یەکێتی، هەموی لە سەر بنچینەی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بۆ کڕینی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی سودمەندەکانە.

*

ئەو سیستەمی کارەی سەرۆکی حکومەت، کە تەنیا سەرۆکی دەسەڵاتی کارگێڕی و جێبەجێ کردنە، لە ماوەی ۷ ساڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا، دایهێناوە، بناغەکانی بە جۆرێ دارشتوە، گەندەڵی (مەحسوبیەت، مەنسوبیەت، بەدبەکارهێنانی دەسەڵاتی کارگێڕی ودارایی حکومەت بۆ قازانج و ئارەزوی تایبەتی) کردوە بە نەریتێکی ئاسایی و قانونیی بەڕێوەبردنی داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی سلێمانی.

*

حەفتەی چەند جارێ لە گەڵ کۆسرەت یەکتر ئەبینین. پێکەوە ئەچین بۆ گەڕان و پیاسە و سەردان. چەند جارێ قسەم لە گەڵ کرد، باسی نارەزایی خەڵک و خراپی شێوەی کاری حکومەتەکەیم بۆکرد. شتی وا نەک ناسەلمێنێ، بەڵکو زۆری پێ ناخۆشە باسی ئیسلاح و چاککردن و ریفۆرمی دەزگای کارگێڕی و رێکخستنەوەی ناو ماڵی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی لە گەڵ بکەی. پێی وایە هەمو قسەیەکی لەو بابەتە دژایەتیە لە گەڵ ئەو و هەر چاکسازیەک لە هەر دەزگایەکدا بکرێ پیلانگێڕانە لە دەسەڵاتی ئەو.

نامە بۆ مام جەلال

۲۸ ی ۵ ی ۹۹:

زۆر جار کە دەربارەی هەندێ مەسەلەی گرنگ لە گەڵ مام جەلال قسەم ئەکرد داوای لێ ئەکردم رەئی خۆمی بە نوسین بۆ بنێرم بە تایبەتی چونکە من زو زو نەمئەبینی. دوای ئەوەی نائومێد بوم لەوەی بە هاوکاری لە گەڵ کۆسرەت هیچ چاکسازیەک بکرێ پەنام بۆ مام جەلال برد و ئەم نامەیەم بۆ نوسی:

برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سلاوێکی گەرم

هیوادارم هەر لە خۆشی دا بی

لام وایە خۆت لە هەمو کەس چاکتر ئاگاداری کاروبارەکانی ناو دەرونی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی و، ململانێی ناڕەوا و نادروستی دەستە و تاقم و کەسانێکی جۆراوجۆر ئەبیستیەوە، بێگومان ئەمەش کارێکی خراپ ئەکاتە سەر نفوز و دەسەلاتی یەکێتی و، لە ململانێی ستراتیجی دا لە گەل پارتی لە لایەک و لە گەل بەعس لە لایەکی ترەوە لە ئێستا و لە پاشەڕۆژدا لاواز و بێ هێزی ئەکا. جێگەی داخە زۆری سەرکردە و کادرەکانی یەکێتی بەربونەتە گیانی یەکتری و، بەشێکی گرنگی تواناکانیان لەم پێناوەدا بە فیڕۆ ئەدەن. بۆیە بە پێویستم زانی بۆ دەرچونێکی سەلامەت لەم گیروگرفتە نالەبارە هەندێ بیروبۆچونی خۆمتان عەرز بکەم. هیوادارم کەڵکێکی هەبێ.

١. هۆی سەرەکی ئەو کەموکوڕییانەی دروست بون بە بۆچونی من ئەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم، لێ نەپرسینەوە و محاسەبە نەکردنی هیچ کاربەدەست و بەرپرسێ، لە سەر هیچ لادانێ تەنانەت لە سەر هیچ تاوانێ، لە هیچ ئاستێکی بەرز یان نزم دا، ئەمەیش جۆرێ لە لادان و پاشاگەردانی خولقاندوە، هەلپەرست و مشەخۆرەکان بە ئارەزوی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتوە. دوەم، نەبونی ناوەندێکی یەکگرتوی بڕیاردان. دەزگا گرنگەکان هەر یەکەیان بە پێی بۆچونی خۆی بڕیار ئەدا، لە بەر ئەوە زۆر جار نەک هەر هاوئاهەنگ نابن و تەواوکەری یەکتری نابن، بەڵکو تەگەرە لە کارەکانی یەکتر ئەدەن.

پێم وایە چارەسەر کردنی ئەم گیرۆگرفتانەش شتێ نیە لە کردن نەیەت بەڵکو کارێکی ممکن و پێویستە بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی ناو یەکێتی و، گێڕانەوەی گیانی هاوکاری و تەبایی و ڕێزگرتنی یەکتری و، یەکێتی بیر و کار بۆ ڕیزەکانی.

لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستی ئەزانم پێشنیارەکانی خۆمت بۆ بنوسم.

٢. دەزگا گرنگە حکومەتی و حیزبیەکانی ئێستای یەکێتی بریتین لە: وەزارەت، مەکتەبی سیاسی، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، مەکتەبی ڕێکخستن، مەکتەبی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە دیموکراتیەکان.

٣. بۆ ئەوەی هەمو ئەم دەزگایانە لە ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان دا هاو ئاهەنگ بن و، بە ڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام بدەن چاک وایە هەمو حەفتەیەک یان دو حەفتە جارێک خۆت کۆبونەوەیەکیان لە گەل بکەیت بە هەمو کارەکانیان دا بچیتەوە و تەعلیماتی پێویستیان بدەیتێ و بەرنامەی کاری ڕۆژانی داهاتویان بۆ دیاری بکەیت و، لە کۆبونەوەی داهاتودا لێیان بپرسیتەوە کە ئاخۆ ئیشەکان چەندی جێبەجێ کراون و چەندی جێبەجێ نەکراون.

٤. ئامۆژگاری و هەڕەشە و توڕەبون بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی کاروبارەکان ڕاست بکرێنەوە، بەڵکو ئەبێ هەندێ ئیجراتاتی قانونی و حیزبیشیان لە گەل بێ، وەکو لابردن و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دابەزاندن و گوێزانەوە و جێ پێگۆڕین و، لە هەندێ حالەتی تایبەتی دا دران بە مەحکەمەی حکومەتی.

٥. ئامۆژگاری و ئیجرائاتەکان چەندی بە هێمنی و بە بێ توڕە بون ئەنجام بدرێن باشتر و کاریگەرتر ئەبێ.

٦. ئەم کۆبونەوانە چەند ئەنجامێکی باشیان ئەبێ، لە پێش هەمویانەوە کۆکردنەوەی دەسەلاتەکانی بەڕێوەبردن و بڕیاردان و سزادان لە یەک دەس دا و یەکخستنەوەی سەرچاوەکانی فەرمان و ئامۆژگاری و تەعلیمات لە یەک سەرچاوەدا، لە ئەنجامی ئەمەش دا ئەم دەزگایانە ئیتر ناتوانن پێچەوانەی یەکتری کار بکەن و کار لە یەکتری تێک بدەن، بەڵکو ئەوسا وەکو چەند تیپێکی یەک لەشکر بۆ جێبەجێ کردنی یەک ئامانج کار ئەکەن.

لە کۆتایی دا سەرکەوتنت بە ئاوات ئەخوازم

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی دڵسۆزتان: نەوشیروان

سلێمانی ٢٨ مایسی ١٩٩٩

*

لەو ماوەیەدا بە سەدان کادری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و حکومەتی هاتون بۆ لام گلەیی لە یەکێتی ئەکەن، ناڕەزایی دەرئەبڕن، ئەپرسن چی بکەین؟ زۆر بە کورتی جوابم داونەوە: لەم ململانێ چەند قۆناغەدا پشتیوانی لە مام جەلال بکەن!

گیروگرفتی فایز!

١٥ ی ٤ ی ٩٩:

دوای بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتننامەی واشینتۆن حکومەتەکەی سلێمانی چەند هەزار کەسێکی لە دائیرەکانی دا دامەزراندوە، ئێستا لە بەر ئەوەی پارە نیە بیاندەنێ و جێگە نیە لێیان دابنێین، بە ناوی فایز (فائض) هوە ئەیانەوێ ژمارەی موچەخۆرەکان کەم بکەنەوە. شتێکی تازەیان بە ناوی هێزی کارەوە دروست کردوە، فایزەکانی بۆ ئەنێرن.

ئەو کاتەی ئەمانیان دامەزراندوە گوایە بە هیوا بون پارتی هەمو مانگێ ١٠ ملیۆن دینار پارەیان بداتێ و ئەمانیش بیکەن بە "موچە" ی ئەم تازە دامەزراوانە. ڕەنگە هۆی ڕاستیەقینەی ئەمەش ئەوەبێ لە گفتوگۆکانی واشنتۆندا پارتی داوایان کردوە جێگۆڕکێ بکرێ بە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پارلەمان. لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان، ڕێک کەوتبون سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی بێ و سەرۆکی پارلەمان لە پارتی. پارتی پێیان دائەگرت کە ئەبێ سەرۆکایەتی حکومەت بدرێ بەوان.

سەرۆکی حکومەتەکەی یەکێتی لە سلێمانی باوەڕی کرد بو لە هەر ڕێککەوتنێکی داهاتودا خۆی لە سەرۆکایەتی حکومەتدا نامێنێ بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بیکا بە پیاوەتی خۆی کە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی بێ دەرامەتی دامەزراندوە و موچەی بۆ دابین کردون، لە لایەکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەوە کێشەیەکی دژوار بۆ سەرۆکی داهاتوی حکومەت ئەخوڵقێنێ. ئیستا کە حکومەت یەکی نەگرتۆتەوە و خۆی لە سەرۆکایەتی حکومەتدا ماوەتەوە و، ئەو ١٠ ملیۆن دینارەش کە بە پێی ڕێککەوتنی واشنتۆن، پارتی ئەبو مانگانە بیدا بە یەکێتی نای دا، کێشەکە دوچاری خۆیان بوتەوە.

ئیستا بە ناوی فایزەوە ئەوی واسیتە و پشتیوانی هەبێ ئەگەر تازە و بێ شەهادەش بێ لە دائیرەدا ئەهیڵرێتەوە و ئەوی بێ واسیتە و پشتیوانیش بێ ئەنێردرێ بۆ هێزی کار، بە واتەیەکی تر دەرئەکرێ. دوێنێ دو کەس هات بون واسیتەیان بۆ بکەم بیانگێڕنەوە سەر کارەکانی خۆیان، یەکێکیان ٢٣ ساڵە (مدقق مالی) ە کراوە بە فائیز و یەکێکی تازەیان لە جێگە داناوە شەهادەی سەرەتایی هەیە.

داهاتی هەرێم و دابەشکردنی

ئەمویست بزانم داهاتی کوردستان چەندە؟ سەرچاوەکانی چین؟ چۆن سەرف ئەکرێن؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ساڵانە یا مانگانەی نیە. پشت بە داهاتی ڕۆژانە ئەبەستێ و بەو پێیە موچەی فەرمانبەران ئەدا و پارەی یارمەتی بۆ ئەم و ئەو سەرف ئەکەن.

هیچ کەس و هیچ دەزگایەک نیە لە سەرو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە حسابات دا بچێتەوە بزانێ چۆن سەرف ئەکرێ.

سەرۆکی ئەنجومەن سەقفێکی دیاری کراوی نیە بۆ سەرفی پارەی ڕۆژانە و مانگانە، خۆی ئازادە.

لە هەمو بازگە سەرەکیەکانی گومرگدا لە سەر سنورەکان دوای کۆکردنەوەی داهاتی گومرگ بەر لەوەی پارەکە بگوێزرێتەوە بۆ بانک شتێکی داهێناوە بە ناوی (صرف خاص) بە پسوڵەی تایبەتی پارەکەی بۆ سەرف ئەکرێ بێ ئەوەی بچێتە حسابی بانک یان حکومەتەوە.

هەروەها لەو پارەیەش کە ئەچێتە بانکەوە و ئەخرێتە بەردەس وەزیری داراییەوە بەشێکی لە لایەن سەرۆکی وەزیرانەوە بە پسوڵەی تایبەتی بێ هیچ ڕونکردنەوەیەکی هۆی سەرفی، سەرف ئەکرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦ ی ٦ ی ٩٩:

سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە گەڵ کۆسرەت یەکترمان بینی. پرسیاری جۆری دابەشکردنی داهاتم لێ کرد. وتی:

%٣٠	بۆ ئیدارەی گشتی واتە بۆ یەکێتی
%٣٥	بۆ پێشمەرگە
%٣٥	بۆ حکومەت

یارمەتی حیزبەکان (حکومەت ئەیدا):

٤.٠٨٨.٠٠٠ چوار ملیۆن و هەشتاو هەشت هەزار بەمجۆرە:

٢.٠٠٠.٠٠٠	بزوتنەوەی ئیسلامی
٧٠٠.٠٠٠	سۆسیالیست
٦٠٠.٠٠٠	زەحمەتکێشان
٢٥٠.٠٠٠	پارێزگاران
١٠٠.٠٠٠	دیمۆکراتیخوازان
١٢٨.٠٠٠	هاوپەیمانی
٢٠٠.٠٠٠	حشع
٦٠.٠٠٠	الحزب الوطنی العراقی
٥٠.٠٠٠	کۆمۆنیستی کرێکاری

٣٦.٠٠٠.٠٠٠ (سی‌وشەش ملیۆن) موچەی فەرمانبەران

یارمەتی شەهیدان

٢.٢٥٠.٠٠٠	شەهیدانی شەڕی ناوخۆ (فەرماندەیی ئەیدا)
٢.٠٠٠.٠٠٠	دەزگای شەهیدان ئەیدا
٥٤٣.٠٠٠	حکومەت ئەیدا

*

٧ ی ٧ ی ٩٩:

بە پێی نامەی عەلی محەمەد عەبدوڵا بەڕێوەبەری بانکی سەلام داهاتی هەمو گومرگەکانی ئەمڕۆ بەم جۆرە بوە:

١.٧٤٨.٢٦٠	دینار
١٥.٣٢٠	دۆلار

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی

٢٥ ی ٨ ی ٩٩، چوار شەمە:

مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی بوە بە دەزگایەکی گرنگی راگەیاندن لە هەر سێ بواری بیستن و بینین و خوێندنەوە دا. ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەوان کاری تیدا ئەکەن. مام جەلال خۆی رۆژانە ڕێنمایی و چاودێری هەواڵەکانی و وتارەکانیان ئەکا. ئافەرینی هەندێ ئەکا و لە هەندێکیان تورە ئەبێ. رۆژانە خۆی هەواڵەکانی خۆی ئەنێرێ بۆیان و خۆی وێنەی خۆی بۆ بڵاوکردنەوە هەڵئەبژێرێ.

حەزم ئەکرد بەشداریەک بکەم لە بواری گەشەپێدانی رۆژنامەوانیدا و هەندێ لەو بیروبۆچونانەی خۆم باوەڕم پێیان بو لە بواری راگەیاندنی ئازادا بۆ رۆژنامەوانەکانی دەزگای راگەیاندنی رون بکەمەوە، بەڵام راگەیاندن بەشێک بو لە سیستەمی تۆتالیتاری حیزب و حکومەت. ئەو چوارچێوەیەش تەسک و داخراو بو.

لە گەڵ دەزگای راگەیاندن رێک کەوتم هەمو چوارشەمەیەک، پاش نیوەڕۆیان، لە گەڵ ژمارەیەک لە کادرەکانیانکۆڕێک بگرین بۆ باسی بابەتێکی سیاسی یا رۆژنامەوانی. لەو ماوەیەدا هەوڵم دا دۆخی رۆژنامەوانی لە کوردستانی عیراقدا، بە تایبەتی لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتیدا، هەڵ بسەنگێنم. ئەگەر بتوانم بەرەو هەندێ کرانەوە و ڕۆشنایی بەرم.

زۆری چوارشەموانی مایس و نیسان و حوزەیران و ئاب بەردەوام بوم.

*

راگەیاندن لە کوردستان بە هەر سێ جۆری باوی: خوێندنەوە: رۆژنامە و گۆڤار.. بیستن: رادیۆ، بینین: تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆ.. گرنگیەکی زۆری پەیدا کردوە. هەردو ئیدارە: هەولێر و سلێمانی بایەخێکی زۆریان بە راگەیاندن داوە حیزبەکانی کوردستان بە گشتی و هەردو حیزبی دەسەڵاتدار بودجەی گەورەیان بۆ تەرخان کردوە و ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەوانیان تێدا دامەزراندوە.

رۆژنامە، هەفتەنامە، مانگنامە، وەرزنامەی جۆراوجۆر دەرئەچێ.

پەخشی رادیۆی شەپۆلی کورت، ناونجی، ئێف ئێم، ئەی ئێم بڵاو ئەکرێتەوە.

تەلەڤزیۆنی ناوچەیی و کەناڵی ئاسمانی بەرنامەکانیان بە جیهان ئەگەیەنن.

بایەخدانی حیزبەکان بە راگەیاندن زیاتر لەوەی بۆ ڕوشن کردنەوەی رای گشتی و بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری خەڵک و گەیاندنی راستی و روداو بێ بە وەرگر، لە رێگەی بیستن، بینین، خوێندنەوە، پڕوپاگاندەیە بۆ حیزب و سەرکردەکەی.

راگەیاندن یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی سیستەمی حوکمڕانی تۆتالیتاری، بۆ دەس گرتن بە سەر هۆش و بیری کۆمەڵانی خەڵکدا. هەردو حیزبی ناکۆک، بۆ ئەنجامدانی ئەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەبەستە، هەر یەکەیان بە جۆرێ لە بەرامبەر ئەوی تردا، دەزگای راگەیاندنی خۆی گەورە کردوە.

*

لە سنوری دەسەلاتی یەکێتیدا – ئیدارەی سلێمانی، چەند جۆرێ راگەیاندن هەیە:

راگەیاندنی حیزبی

ئەم حیزبانە دەزگای راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە تەلەڤزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە:

یەکێتی نیشتمانی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" و هەفتەنامەی "الاتحاد".

حیزبی زەحمەتکێشان "ئالای ئازادی"

حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی "ڕێبازی ئازادی"

حیزبی شیوعی هەفتەنامەی "ڕێگای ئازادی".

پارتی پارێزگاران

بزوتنەوەی ئیسلامی هەفتەنامەی "بزوتنەوە".

یەکگرتوی ئیسلامی هەفتەنامەی "یەکگرتو".

ئەم رۆژنامانە لە روی داراییەوە سەربەخۆ نین. لە لایەن حیزبەکانیانەوە ئەژێنرێن و حیزبەکانیشیان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەژێنرێن. بە کەمی لە ناو خەڵک دا ئەخوێنرێنەوە، بە زۆری لە بارەگا و بنکەکانی خۆیان‌دا بڵاو ئەکرێنەوە. جاروبار ڕەخنە ئەنوسن بەڵام هیچ کامیان بە دەنگی موعارەزە ناژمێردرێن.

رۆژنامەکانی پارتی: خەبات، برایەتی و گوڵان، کە لە هەولێر دەرئەچن و، رۆژنامەکانی بەعس: سەورە، جمهوریە، عیراق، بابل، کە لە بەغداد دەرئەچن لە سلێمانی بە ئازادی ئەفرۆشرێن، بەڵام هیچ کامیان لە سلێمانی نوسینگە و پەیامنێریان نیە.

*

راگەیاندنی حکومەتی - وەزارەتی

هەمو وەزارەتەکان بەشی راگەیاندنیان هەیە چالاکی وەزیرەکانیان بە نوسین و ڕەنگ و دەنگەوە ئەنێرن بۆ دەزگاکانی راگەیاندن. ڕێگە نادەن رۆژنامەوانی دەرەوەی وەزارەتەکەیان لە کاروباری وەزارەتەکەیان بکۆڵێتەوە و زانیاری و ئاگاداریان پێ نادەن.

وەزارەتی ڕۆشنبیری هەفتەنامەی "هەرێم" دەرئەکات و رادیۆیەکیشی هەیە بەڵام رۆژنامەوانی حکومەتی، بەو مەعنایەی کە سیاسەتی ڕەسمیی حکومەت و هەڵوێستەکانی لە روداوەکان دەربڕێ، نیە. ئەو کارە حیزب ئەنجامی ئەدا نەک حکومەت.

هەندێ لە وەزارەتەکان گۆڤاری تایبەت بە خۆیان دەرئەکەن کە تەرخان کراوە بۆ بواری کاری وەزارەتەکە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەرزنامەی "هەزارمێرد" دەر ئەکا کە تەرخان کراوە بۆ شوێنەوارناسی.

وەزارەتی کشتوکاڵ، وەرزنامەی "بژوێن" دەر ئەکا کە تەرخان کراوە بۆ کشتوکاڵ.

وەزارەتی ناوخۆ، گۆڤاری "ناوخۆ" دەر ئەکا کە تەرخان کراوە بۆ کاروباری قانونی.

*

راگەیاندنی ئەهلی

هەندێ هەفتەنامە و مانگنامە چ وەک ڕۆژنامە و چ بە شێوەی گۆڤار دەرئەچێ. هەندێکیان یارمەتی پچڕ پچڕ لەم کاربەدەست و لەو دەزگا وەرئەگرن، زۆر لەمانە بەردەوام نین چەند ژمارەی لێ دەرئەچێ و ڕائەوەستێ، زۆری ئەوانەی دەری ئەکەن پیشەیی نین بەڵکو "هاوی" ن خۆیان دوای ژمارەیەک یا چەند ژمارەیەک ڕای ئەگرن.

*

راگەیاندنی یەکێتی

لە بواری ڕۆژنامەوانی نوسراودا، یەکێتی بە زمانی کوردی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانی نوێ و بە زمانی عەرەبی هەفتەنامەی الاتحاد دەر ئەکا. ئیمتیازی یەکەمیان بە ناوی د کەمال فوئاد و دوەمیان بە ناوی د فوئاد مەعسومە. هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتین. تەنیا ئیمتیازەکانیان بە ناوەوەیە ئەگینا کەسیان پێوەندییان بەم دو ڕۆژنامەیە و بە دنیای ڕۆژنامەوانیەوە نیە.

جگە لەمان ئیستا بۆتە باو زۆری بەرپرسە پایەبلندەکان گۆڤارێ یان ڕۆژنامەیەکیان بە ناوەوە هەبێ، بۆ نمونە:

عادل موراد، سەرنوسەری "الاتحاد"

ئەرسەلان بایز، ئیمتیازی گۆڤاری "ڕێبازی نوێ"

عومەر فەتاح، ئیمتیازی گۆڤاری "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی"

عیماد ئەحمەد، سەرنوسەری گۆڤاری "بیر و هۆشیاری"

فەرەیدون عەبدولقادر، ئیمتیازی وەرزنامەی "پەیڤین"

شێخ محەمەدی شاکەلی، ئیمتیازی گۆڤاری "کەرکوک"

جەلال جەوهەر، سەرنوسەری گۆڤاری "کەرکوک"

ئازاد جندیانی، سەرنوسەری گۆڤاری "مەدەنیەت"

لە بواری ڕۆژنامەوانی بیستراودا، یەکێتی ڕادیۆیەکی ناوەندی بە زمانی کوردی (بە هەردو زاراوی کرمانجی و سۆرانی) و بە زمانی عەرەبی هەیە، بەرنامەکانی بە ناوی "دەنگی گەلی کوردستان" هوە بڵاو ئەکاتەوە، هەروەها چەند ڕادیۆیەکی ناوچەیی.

بارزان شێخ عوسمان بەڕێوەبەری ڕادیۆی ناوەندیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

لە بواری رۆژنامەوانی بینراودا، یەکێتی تەلەڤزیۆنێکی ناوەندی و چەند تەلەڤزیۆنێکی ناوچەیی هەیە. پەخشی تەلەڤزیۆنەکەی سەرانسەری کوردستان ناگرێتەوە.

شوان کەریم کابان، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی ناوەندیە.

لە دنیای دیمۆکراتیدا راگەیاندن لە دروستکردنی رای گشتیدا دەورێکی کاریگەری هەیە، لە بڵاوکردنەوەی رۆشنایی و ریسوا کردنی گەندەڵی و ئاشکراکردنی کەموکوڕیدا دەسەڵاتی چوارەمە. لە هەڵبژاردندا ئەتوانێ دەسەڵاتی حیزبێ بگۆڕێ بە حیزبێکی کە، ئەتوانێ حکومەت بڕوخێنێ، حکومەتی تازە بهێنێتە سەر کار، ناچاری بکا ریفۆرم بکا.

راگەیاندنی کوردستان، وەکو هەمو دیاردە دیمۆکراتیەکانی کوردستان، تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەم راگەیاندنە ناتوانێ رای گشتی سەربەخۆ دروست بکا چونکە خۆی کۆڵەکەیەکی سیستەمی تۆتالیتاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. دامەزرێنراوە پرۆپاگاندە بۆ حیزب و سەرۆکەکەی و کاربەدەستەکانی بکا.

*

هەوڵ کە شادەماری رۆژنامەوانیە لە دەزگای راگەیاندنی کوردیدا بە گشتی و لە هی یەکێتیدا بە تایبەتی، لە قاڵب دراوە.

هەواڵەکان: لە لایەن راگەیاندنی تایبەتی بەرپرسەکانەوە هەڵ ئەبژێردرێن و دائەڕێژرێن و ئەنێردرێن بۆ بڵاو کردنەوە، ئەوەندەی من ئاگادارم، بۆ نمونە:

هیچ جارێ نیە بابەتی گفتوگۆی ناو م س و بابەتەکانی گفتوگۆی ناو کۆبونەوەی هاوبەشی یەکیتی و پارتی بە راستی بنێردرێ بۆ دەزگای راگەیاندن و بڵاو بکرێتەوە.

هیچ جارێ نیە بڕیارە گرنگەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەربارەی قۆنتەرات، بەخشینی زەوی و زار، خانو، بگاتە دەزگاکانی راگەیاندن.

هەواڵەکانی دەزگای راگەیاندنی کوردی وەرگر نابزوێنێ و رای ناکێشێ بۆ خوێندنەوە و بە دوادا چون.

*

رۆژنامەوانیی کوردی لاسایی کردنەوەی رۆژنامەوانیی بەعسە، رۆژنامەوانیی بەعسیش لاساییکردنەوەی رۆژنامەوانیی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتە. فەرهەنگی بەعس لە راگەیاندنی کوردیدا، لەم لایەنانەدا، بە زەقی رەنگی داوەتە:

- دێواندنی سەرکردە (مەبەست کردنی سەرکردەیە بە دێوی ئەفسانەکانی سەردەمی کۆن)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی وێنەی سەرکردە لە لاپەڕەی یەکەمی هەمو ژمارەکانیدا و بڵاوکردنەوەی دەقی وتارەکانی بە بێ لێ قرتاندن و بە بێ کورت کردنەوە و، چەپڵەڕێزانی زۆر لە هاتن و ڕۆیشتن و لە میانەی قسەکانیدا.

بڵاوکردنەوەی وتاری جۆراوجۆری نوسەرانی لە پەراوێزی وتارەکانی سەرکردەدا بۆ ستایش و پیاهەڵدان و لێکدانەوە و شیکردنەوەی.

زل کردنی دەوری ئەفسانەیی سەرکردە لە هەمو ڕوداوە چارەنوسسازەکانی کوردستاندا.

- تاریکاندنی کاروباری حیزب و حکومەت (مەبەست شاردنەوەی کێشە ژیانیەکانی خەڵکە لە خەڵک)

هێشتنەوەی بودجەی حکومەت و حیزب و دەزگاکانی لەوانە دەزگای ڕاگەیاندن بە نەزانراوی لە تاریکیدا.

هێشتنەوەی تەندەر و قۆنتەرات و پرۆژەکانی حکومەت لە تاریکیدا.

ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی ڕەخنە لە حکومەت و حیزب و ڕەفتاری کاربەدەستەکانی و پرۆژەکانی.

هێشتنەوەی گفتوگۆکانی ناو م س و نێوان یەکێتی و پارتی لە تاریکیدا.

- گەوجاندنی خەڵک (مەبەست خەواندنی هۆش و شێواندنی بیری خەڵکە)

تێکەڵاو کردنی ڕەش و سپی، پاک و پیس، چاک و خراپ، ڕاست و چەوت، سەرکەوتن و ڕێرکەوتن و، بەهانە هێنانەوە بۆ گەندەڵی و بێدادی.

*

بۆیە خوێندەواری کورد بایەخ بە ڕۆژنامە نادا، چونکە ڕۆژنامە هیچ گرنگیەکی نیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، تەنانەت لە بواری ڕابواردن و کات بە سەر بردنی کەسی ئاسایی‌دا.

٤. گەشتە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی مام جەلال

لە گەڵ پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێک دروست کرا بە ناوی "وەزارەتی هاوکاری و یارمەتی مرۆڤایەتی". محەمەد تۆفیق ڕەحیم (لە یەکێتی) بە وەزیر و کەمال کەرکوکی (لە پارتی) بە جێگری دانران. هەرچەندە ئەم وەزارەتە ناوەکەی سەیر بو، پێکهاتەکەیشی لە سەر بنچینەی نیوەبەنیوەی حیزبیی شتێکی سەیرتر بو، بەڵام ئامانج لە دروستکردنی ئەوە بو، وەکو هەمو دەوڵەتانی سەربەخۆ، کاروباری وەزارەتی دەرەوە ئەنجام بدا و، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەو وڵاتانەدا کە پێویستن دابمەزرێنێ و، پێوەندی لە نێوان حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە بیانیەکان ڕێک بخا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو کاتە هەمو وەزارەتەکان و پۆستە گرنگەکان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دابەش ئەکران. لە بەر ئەوە نوێنەرایەتیەکانیش دابەش کران. وا رێک کەوتن نوێنەرایەتی ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا دابەش بکەن.

لە ئەمەریکا یەکێتی د بەرهەم سالح و، لە بەریتانیا پارتی دڵشاد میران و، لە فەرەنسا یەکێتی د محەمەد سابیر و، لە ئەڵمانیا پارتی دڵشاد بارزانی بە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دانا.

پێشتر هەردو حیزب نوێنەرایەتی خۆیان لە هەندێ وڵات دامەزراند بو. دوای ئەم دابەشکردنەش لە پاڵ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمدا هەر یەکەیان نوێنەرایەتی تایبەت بە حیزبی خۆیان دانا. ئەمەش لە باتی ئەوەی نوێنەرایەتیەکان یەک بخات دونیمەی کردن.

نوێنەرایەتیەکان بە ناو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بون، چونکە لە باتی حکومەتی هەرێم حیزبەکانی خۆیانیان بە "مەرجەع" ئەزانی و لە گەڵ ئەوان پێوەندیەیان ئەکرد و رێنماییان لەوان وەرئەگرت.

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ نوێنەرایەتیەکانی حکومەت، کە پێشتریش پێکەوە نەنوسا بون، ئیتر بە تەواوی لە یەک ترازان، هەر یەکەیان بوەوە بە نوێنەری حیزبەکەی خۆی و حکومەتەکەی خۆی.

وەزارەتی هاوکاری ئیشەکانی هات بوە سەر رێکخستنی پێوەندی لە گەڵ رێکخراوە بیانیە ناحکومەتیەکان و، دوای بڕیاری نەوت بە خۆراکی ئەنجومەنی ئاسایش پێوەندی لە گەڵ رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان.

نوێنەرانی یەکێتی لە دەرەوە راستەوخۆ پێوەندیەیان لە گەڵ مام جەلال هەبو و، رێنماییان لەو وەرئەگرت نەک لە مەکتەبی پێوەندیەکان. مەکتەبی پێوەندیەکان، وەکو مەکتەبەکانی تر، راستەوخۆ بەسترا بون بە مام جەلالەوە. خۆیان بەرنامەیەکی تایبەتیان نەبو بۆ رێکخستن و گەشەپێدانی کارەکانیان، بۆ رێکخستنی پێوەندی یەکێتی و حیزب و دەوڵەتانی دنیا، بۆ پێگەیاندنی کادری دیپلۆماسی. ئامۆژگاری و رێنمایی و فەرمانیان لە مام جەلال وەرئەگرت. سیستەمی کار لەم مەکتەبەدا بە جۆرێ بو نەیئەتوانی ببێتە دامەزراوێکی کارا و کارامە.

ئیشی سەرەکی مەکتەبی پەیوەندیەکان بریتی بو لە:

- پێوەندی لە گەڵ رێکخراوە بیانیە ناحکومەتیەکان و، واسیتە کردن بۆ دامەزراندنی کارمەند و فەرمانبەر (بە پاسەوان، شۆفێر، وەرگێڕ، ئەندازیار، بەڕێوەبەر...) لە بەر ئەوەی موچەکانیان باشتر بو لە موچەی کارمەندانی حکومەتی هەرێم.
- دروستکردنی (برگ تردد) بۆ هاتوچۆی ئێران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەکتەبی پێوەندیەکان ئەیتوانی ببێتە دەزگایەک بۆ راهێنان و پەروەردە کردن و پێگەیاندنی کادری باش لە بواری دیپلۆماسیدا. ئەیتوانی ژمارەیەکی باش لە کەسانی لێوەشاوە و زمانزان هەڵبژێرێ لە کوردستان و لە ئەوروپا کۆرسی جۆراوجۆری کورت و چڕیان بۆ بکاتەوە بۆ شارەزا کردنیان لە بوارەکانی دیپلۆماسی، پێوەندی ناودەڵەتی، دانوسەندن، گێڕانی ململانێ، پێکەوەنانی لۆبی...

ئەو کاتەی لە لەندەن بوم جارێکیان بە ڕەزامەندی مام جەلال لەم بارەیەوە، لە گەڵ هەندێ لە گەورە بەرپرسانی دامەزراوی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (IISS) قسەم کرد کە ئاخۆ ئەتوانن خولێکی لەو بابەتەمان بۆ ڕێک بخەن. بە خۆشیەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئامادە کردنی جێگەی دەرسەکان و شوێنی مانەوەی بەشدارەکان و دۆزینەوەی مامۆستاکانیان. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە گەڵ د لەتیف ڕەشید کە ئەودەم نوێنەری یەکێتی بو لە بەریتانیا چوینە "وایت هۆڵ" قسەمان لە گەڵ کردن کە ئەوانیش بۆ ڕاهێنانیان یارمەتیمان بدەن. هەرچەندە گفتی هاوکاریان پێ دابن، یەکێ لەوانەی قسەمان لە گەڵ کرد ژنێ بو، بە تەوسەوە لێی پرسین: "چیە ئەتانەوێ دەوڵەت دروست بکەن؟" وتمان: "ئەگەر دەوڵەتیش دروست نەکەین، لە پاشەڕۆژدا کە بوین بە شەریک لە حکومەتی عیراقدا پێویستیمان بە کادری دیپلۆماسی ئەبێ، چونکە لە ئیستادا کاری دیپلۆماسی پاوانە بۆ بەعس."

بەڵام ئەم خولە هەرگیز ڕێک نەخرا.

١٧ ی ٤ ی ٩٩:

ئەمڕۆ مام جەلال سەفەری کرد بۆ ئێران.

دارۆی شێخ نوری، مەلا بەختیار، فاروقی مەلا مستەفای لە گەڵ خۆی بردون. گۆیا بۆ کاروباری بازرگانی چون.

مام جەلال سەفەر زۆر ئەکا. ئەمە یەکەم سەفەری نیە و دوا سەفەری نابێ. درۆی تێدا نیە ئەگەر بڵێم سەفەر بەشێکی گرنگی ژیانی مام جەلال پێک ئەهێنێ. ئەمەش خوی ئیستای نیە بەڵکو لە هەمو ژیانیدا وەها بوە.

لە سەردەمی شاخ دا، ئەو ماوەیەی لێ دەربچێ، بە هۆی گەمارۆدانی شۆڕشەوە لە لایەن ئێران و تورکیاوە، ڕێگەی لێ بەسترا بو نەیئەتوانی سەفەر بکا هەرچەند هەلێکی بۆ هەڵکەوتبێ سەفەری کردوە.

مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٨٧، بەر لە عەمەلیاتی ئەنفال، لە چەند سەرچاوەی جیاوازەوە هەواڵمان بۆ ئەهات کە جەیشی عیراق لە خۆئامادەکردن و نەخشەدانان دایە بۆ گەورەترین لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، ئەو بە بیانوی ئەوەی ئێران دەعوەتی کردوە سەفەری کرد بۆ تاران، لەوێوە بۆ دیمەشق، ئینجا بۆ ئەوروپا تاسەرەتای ساڵی ١٩٨٩ مایەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردانێکی کورتی ئێرانی کرد. بە سەریدا ئیمام خومەینی مرد. لە ناو ئێراندا هەندێ کۆبونەوەی بە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرەکان کرد و دوای ئەوەی لە مەراسیمی ناشتنی خومەینیدا بەشدار بو گەڕایەوە ئەوروپا تا دوای سەرکەوتنی راپەڕین لە ئازاری ۱۹۹۱ دا، هەر لە دەرەوە مایەوە.

دوای راپەڕین رێگەی ئێران و تورکیای بۆ کرایەوە ئیتر لە سەفەری بەردەوامدا بو.

هەرچەندە مام جەلال هەمیشە رەنگی سیاسی ئەدا بە سەفەرەکانی بەڵام لە راستیدا ئامانجی سەرەکی زۆر لە سەفەرەکانی خۆ دورخستنەوەیە لە روداوەکانی کوردستان و خۆناساندنە بە گەورەپیاوانی دنیا و، گرتنی وێنەی یادگاریە لە گەڵیان.

*

لە دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان سەفەرەکانی مام جەلالم بۆ دەرەوەی وڵات لە دەفتەرەکەمدا تۆمار کردوە. بۆ هەڵسەنگاندن و بەراورد تەنیا ماوەی ۱۰ مانگی ساڵەکە لە کۆتایی مانگی ۲ تا کۆتایی مانگی ۱۲ ی ۱۹۹۹ وەر ئەگرم چونکە ئەو دو مانگەی من لە کوردستان نەبوم. بەڵام لێرەدا لە باتی نوسینی رۆژانەی خۆم کە تۆمارم کردون، هەوالی گەشتە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی مام جەلال، وەکو ناویان لێ ناوە، دەقاودەق لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ، واتە رۆژنامەی رەسمیی یەکێتی یا راستتر لە رۆژنامەی رەسمیی خودی مام جەلالەوە رائەگوێزم.

۱. گەشتی ۱۷ / ٤ – ۲ / ٥ / ۱۹۹۹.

"مام جەلال بە سەردانێکی رەسمی روی کردە ئێران

"پێش نیوەڕۆی دوێنێ ۱۷ ی ٤ هەڤاڵ مام جەلال بە سەردانێکی رەسمی بەرەو کۆماری ئیسلامی ئێران بە رێ کەوت.

"هەڤاڵ مام جەلال و وەفدە هاوڕێکەی کە پێک هات بون لە هەڤاڵان دارۆ شێخ نوری ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی و مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی، لە سەر سنور بە گەرمی لە لایەن بەرێزان جەلال جەوهەر پاریزگاری کەرکوک و ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی دەزگا حکومی و حیزبیەکانەوە بە رێ کرا." کوردستانی نوێ: ژ ۱۸٤۰ رۆژی ۱۸ ی ٤ ی ۱۹۹۹.

"دوای سەردانێکی رەسمی بۆ ئێران مام جەلال گەڕایەوە بۆ خاکی هەرێم

"دوای سەردانێکی رەسمی بۆ تاران کە لە سەر بانگێشتی رەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران بو، سەعات ۳،٤٥ ی پاش نیوەڕۆی دوێنێ ۳ ی ٥ هەڤاڵ مام جەلال لە سنورەوە گەیشتەوە خاکی هەرێمی کوردستانی عیراق.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"لە گەڕانەوەدا هەڤاڵان د بەرهەم ساڵح ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن و بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاران هاوڕێی مام جەلال بون. لە سەر سنوریش لە لایەن هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا و بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەڤاڵ جەبار فەرمان جێگری فەرماندەیی گشتی و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و وەزیرە بەڕێزەکان و پارێزگارانی سلێمانی و کەرکوک و لێپرسراوانی دەزگا حیزبی و حکومیەکان و فەرماندەییەکانی هێزی پێشمەرگە و جەماوەرێکی زۆرەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا.

"پاشان لە ڕێگای عەربەت لە لایەن نوێنەرانی حیزبەکانی هاوپەیمانیی دیمۆکراتی کوردستان بەڕێزان قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیمۆکراتی کوردستان و بەهادین نوری سکرتێری بزوتنەوەی دیمۆکراسی خوازان و نوێنەرانی پارتی پارێزگارانی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عیراقەوە بەخێرهاتنەوە و پێشوازی گەرمی لێ کرا.

"لە دەروازەی شاری سلێمانیشدا نوێنەرانی دەزگا حیزبی و حکومیەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان و نوێنەرانی ژنان و جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی لە پێشوازی هەڤاڵ مام جەلال دا بون.

"دواتر بەڕێزی بەرەو بارەگای خۆی لە شاری سلێمانی بە ڕێ کەوت." کوردستانی نوێ: ژ ١٨٥٢ ڕۆژی ٤ ی ٥ ی ١٩٩٩.

٢. گەشتی ٢٥ / ٨ - ٥ / ٩ / ١٩٩٩.

"دوای سەردانێکی بۆ تاران مام جەلال گەیشتەوە خاکی هەرێم

"دوای زیارەتێکی کورت بۆ پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوارەی دوێنێ ٥ ی ٩ لە سنوری پەروێزخانەوە هەڤاڵ مام جەلال هاوڕێ لە گەڵ هەڤاڵان د فوئاد مەعسوم و عومەری سەید عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و د لەتیف ڕەشید نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەریتانیا و بەکر فەتاح نوێنەری یەکێتی لە ئیتالیا گەیشتەوە خاکی هەرێم.

"شایانی باسە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و هەڤاڵان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەرانی حیزبەکانی هاوپەیمانی دیمۆکراتی لە ڕێوڕەسمی پێشوازی کردندا ئامادە بون، پاشان بەرەو شاری سلێمانی بە ڕێ کەوتن و سەعات ٨ ی ئێوارەی دوێنێ گەیشتەوە بارەگای تایبەتی خۆی." کوردستانی نوێ: ژ ١٩٤١ ڕۆژی ٦ ی ٩ ی ١٩٩٩.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. گەشتی ١٧ / ٩ – ١٣ / ١٠ / ١٩٩٩.

"مام جەلال بەرەو واشنتۆن بە رێ کەوت

"سەعات ١٠،٣٠ ی سەرلەبەیانی دوێنێ ١٧ ی ٩ هەڤاڵ مام جەلال خاکی کوردستانی عیراقی بە جێ هێشت و بەرەو تاران بە رێ کەوت، بڕیاریش وایە لەوێوە بەرەو واشنتۆن بە رێ بکەوێ تا لەو کۆبونەوە باڵایەدا بەشدار بێ کە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، بە بانگێشت و چاودێری ئەمریکا لە پایتەختی ئەمریکادا ئەنجامی دەدا.

"شایانی وتنە لەم گەشتەی هەڤاڵ مام جەلال، بەڕێز مەلا عەلی عەبدولعەزیز رابەری گشتی بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی هاوڕێیەتی دەکا و هاوکات هەڤاڵ دکتۆر فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە گەڵ وەفدەکە سەفەری تاران دەکات.

"پێویستی وەبیر هێنانەوەیە کە بڕیار وایە لە کۆبونەوەی ئاماژە پێدراوی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، نوێنەرانی INC و تەییاری ناوەند بەشداری تێدا بکەن." کوردستانی نوێ: ژ ١٩٥١ رۆژی ١٨ ی ٩ ی ١٩٩٩.

"دوای سەرۆکایەتی وەفدی ئۆپۆزسیۆن لە کۆبونەوەکانی ئەمریکادا مام جەلال گەڕایەوە هەرێمی کوردستان

"سەعات ١٠ ی سەرلەبەیانی دوێنێ ١٣ ی ١٠ هەڤاڵ مام جەلال گەیشتەوە هەرێمی کوردستان و لە سنوری پەروێزخانەوە لە لایەن هەڤاڵانی م س و سەرۆکی حکومەت و هەڤاڵانی سەرکردایەتی و فەرماندەیی گشتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسەکانی یەکێتی و حکومەت و پێشمەرگایەتی و ژمارەیەک لە نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.

"لەم گەشتی گەڕانەوەیەدا هەڤاڵان بەهرۆز گەڵاڵی لێپرسراوی مەکتەبی تاران، شازاد سائیب لێپرسراوی مەکتەبی ئەنقەرە، سەلاح رەشید نوێنەری یەکێتی لە ئەڵمانیا و بەڕێز شەمسەدین موفتی هاوڕێیەتیان دەکرد.

"شایانی باسە، لە کۆتاییەکانی مانگی رابردودا هەڤاڵ مام جەلال بە سەرۆکایەتی وەفدێکی پایەبڵندی ئۆپۆزسیۆنی عیراق و هاوکات لە گەڵ کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان سەردانی نیویۆرکی کرد و لەوێ وێڕای کۆبونەوەی لە گەڵ لێپرسراوانی حکومەتی ئەمریکا لە گەڵ نوێنەرانی UN و باڵیۆزان و نوێنەرانی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش کۆبوەوە و دواتریش لە گەشتێکیدا بۆ واشنتۆن لە گەڵ بەرپرسەکانی ئەمریکا و بە تایبەت ئەوانەی بە مەسەلەکانی کورد و عیراقەوە پەیوەندداربن کۆبۆوە.

"سەرچاوەیەکی نزیک لە هەڤاڵ مام جەلال لە وەلامی پرسیارێکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانیدا ئەم گەشتەی هەڤاڵ مام جەلالی بە یەکێک لە گەشتە دیپلۆماسیە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرکەوتوەکان ناساند و رونی کردەوە کە لە ئایندەی زۆر نزیکدا کاریگەری سەرکەوتنەکانی ئەو گەشتە بە سەر مەسەلە جیاجیاکانی کوردستان و عیراقەوە دیار دەبێ، هەم سەبارەت بە مەسەلەی ئاشتبونەوە و هەم سەبارەت بە کاراتر بونی ئۆپۆزسیۆن و هەم سەبارەت بە بڕیاری ٩٨٦ ی ئەنجومەنی ئاسایش.

"هەروا سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش دا کە هەڤاڵ مام جەلال لەو گەشتەیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان و قوڵ قورسایی خۆی خستبوە سەر کارا کردنی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش و لەو چوارچێوەیەشدا مەسەلەی تەعریب کردنی کوردستانی وەک یەکێک لە سیاسەتە دژێو و شۆڤێنیەکانی حکومەتی بەغدا گرنگی زۆری پێ درا." کوردستانی نوێ: ژ ١٩٧٤ ڕۆژی ١٤ ی ١٠ ی ١٩٩٩.

٤. گەشتی ٢٦ / ١٠ – ٩ / ١٢ / ١٩٩٩.

"بە مەبەستی بەشدار بون لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق مام جەلال بەرەو ئەمریکا بە ڕێ کەوت

"پاش نیوەڕۆی دوێنێ ٢٦ ی ١٠ هەڤاڵ مام جەلال لە سنوری پەرۆیزخانەوە خاکی هەرێمی کوردستانی بە جێ هێشت و بەرەو تاران بە ڕێ کەوت، بڕیاریشە لەوێوە بەرەو ئەمریکا بە ڕێ بکەوێ تا لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقدا بەشداری بکا کەوا چاوەڕوان دەکرێ ٢٩ ی ئەم مانگە لە نیویۆرک ببەسترێ.

"سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕۆژنامەکەمانی ڕاگەیاند کە دوای ئەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زنجیرەیەک کۆبونەوەی بە مەبەستی تاووتوێ کردنی چۆنیەتی و ئاستی وەفدی یەکێتی لەو کۆنگرەیە ئەنجام دا و هەڵوێستەکانی یەکێتی بەرامبەر سەرجەم ئەو مەسەلانە ساغ کردەوە کە ڕەنگە لە کۆنگرەکەدا باس بکرێن و بڕیاریان لە سەر بدرێ، بە تایبەت ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە داخوازیەکانی گەلی کوردەوە هەیە لە عیراقی داهاتودا و هەروا لە بەر گرنگی کۆنگرەکە لەم قۆناغەدا و بە لە بەرچاو گرتنی ڕۆڵی بالای هەڤاڵ مام جەلال لە نزیک کردنەوەی بیروبۆچونە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆنگرەکە، بڕیار درا کە وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال لە کۆنگرەکەدا بەشدار بێ.

"شایانی وتنە کە ئەندامانی تری وەفدی یەکێتی پێڕێ بەرەو ئەنقەرە بە ڕێ کەوتن تا لەوێوە بچنە نیویۆرک." کوردستانی نوێ: ژ ١٩٨٥ ڕۆژی ٢٧ ی ١٠ ی ١٩٩٩.

"دوای گەشتێکی سیاسی و دیپلۆماسی فراوان مام جەلال گەڕایەوە کوردستان

"لە هەفتەنامەی الاتحاد – ەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"دوای گەشتێکی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ ئەمریکا و فەرەنسا و ئێران، ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٩ ی ١٢ بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەڕایەوە خاکی نیشتمان.

"لەم گەشتەیدا، کە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردو دەستی پێ کرد و زیاتر لە مانگێکی خایاند، مام جەلال سەرۆکایەتی وەفدێکی فراوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق کە لە ٢٩ / ١٠ تا ١ / ١١ / ١٩٩٩ لە نیویۆرک بەردەوام بو. هەروەها بە سیفەتی سیاسەتمەدارێکی دیار و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرۆکایەتی وەفدێکی بالای یەکێتیی کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی کە لە ٨ / ١١ تا ١٠ / ١١ / ١٩٩٩ لە پاریس بەسترا.

"شایانی باسە مام جەلال لە گەشتەکەیدا بۆ ئەمریکا و ئەورووپا، چاوی بە ژمارەیەک لە لێپرسراوانی نەتەوە یەکگرتوەکان، لێپرسراوانی ئەمریکا و فەرەنسا کەوت.

"هەروەها چاوی بە گەورە لێپرسراوانی چەندین وڵات کەوت و لە گەڵ نوێنەر و سەرکردەی ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆنی عیراق کۆبوەوە.

"لە کاتی گەڕانەوەشی لە ئەورووپا، هەڤاڵ مام جەلال سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و لەوێش چاوی بە چەندین لێپرسراو و دیپلۆماتی ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان کەوت." کوردستانی نوێ: ژ ٢٠٢٢ ڕۆژی ١١ ی ١٢ ی ١٩٩٩.

*

مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە. سیستەمی ڕاپەڕاندنی کاری یەکێتی کردوتە سیستەمی سەرۆکایەتی. خۆی کردوتە بەرپرسی یەکەمی مەکتەبەکانی ڕێکخستن، ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، دارایی، ڕاگەیاندن، کۆمەڵایەتی... هەریەکێ لەمانە بەرپرسێکیان هەیە بەڵام خۆی، نەک کەسی کە، بەرپرسی سەروی هەمویانە و خۆی ڕێنماییان ئەکا و فەرمانیان بۆ دەر ئەکا و لە هەمو کێشە گرنگەکان‌دا دوا بڕیاری لە دەستی خۆی‌دا هێشتوتەوە.

بەراورد کردنی ژمارەی ئەو چەند حەفتەیەی ساڵی ١٩٩٩ کە بە گەشتی سیاسی و دیپلۆماسی‌یەوە، وەکو خۆی ناوی لێ ناوە، کوشتونی، لە گەڵ ژمارەی ئەو چەند حەفتەیەی تەرخانی کردوە بۆ کاروباری ناوەوەی کوردستان، وەکو سکرتێری گشتی و فەرماندەی گشتی و بەرپرسی هەمو مەکتەبەکانی یەکێتی و بەرپرسی حکومەت، دەری ئەخەن بۆچی پاشاگەردانی هەمو جومگەکانی دەزگا حیزبی و پێشمەرگەیی و حکومەتیەکانی هەرێمی گرتوتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەقی هەواڵەکان ئەگەر لە لایەن خۆیەوە دانەڕێژرا بێ، ئەوا خاڵە سەرەکیەکانی لە لایەن خۆیەوە دیاری کراون. گێڕانەوەی هەواڵەکان بە جۆرێکە هەمو جار بۆ پاساودانی هۆی سەفەرەکەی گرنگیەکی سیاسی زۆری بە گەشتەکەی داوە، لە کاتێکدا ئەو گەشتانە هەندێکی هیچ گرنگیەکی سیاسی یا دیپلۆماسیی‌یان نەبوە. لە باتی ئەو نوێنەرەکانی یەکێتی لە دەرەوە یان دەستەیەکی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی ناوەوە ئەیان توانی بچن و هەمان کار ئەنجام بدەن.

زۆر جار خۆی گەشتەکانی بۆ خۆی ساز ئەدا و، بۆنە و موناسەبەتی ئەدۆزیەوە و نوێنەرەکانی دەرەوەی رائەسپارد بۆ ئەوەی بیانوی سەفەر کردنی بۆ دابتاشن.

هەمو جار، پێش رۆیشتنی، چەندین سەعاتی کۆبونەوەکانی م س بە باسی زەرورەت و گرنگی ئەم سەفەرەوە ئەکوشت و هەمو جار، دوای هاتنەوەشی، چەندین سەعاتی تری کۆبونەوەی م س بە گێڕانەوەی سەرگروشتەی دورودرێژی سەفەرەکەی ئەکوشتەوە.

گوێگرەکان: ئەندامانی بەستەزمانی م س، چاری تریان نەبو جگە لە گوێ شل کردن، چاو هەڵ گلۆفین، باوێشک دان، خەوەنوچکە.. دواییەکەی ستایشی گەشتە سەرکەوتوەکەی.

بۆ ئەنجامدانی سەفەرەکانی هیچ کات بیر و رەئی ئەندامانی م س رەچاو نەکردوە. ئەگەر جاروبار پرسە گورگانەی پێ کرد بن تەنیا بۆ ئەوە بوە ستایشی میژویی بونی سەفەرەکە و گرنگی بونی لایەنی سیاسی و دیپلۆماسی گەشتەکەی بکەن بۆ مەسەلەی کورد. خۆی بڕیاری چون و نەچون و ماوەی مانەوە و کاتی گەڕانەوەی داوە.

لە سەفەرەکانیدا چی بە دەمیدا هاتبێ وتویەتی و، چی ویستبێ بە راگەیاندنی گەیاندوە و، بۆ هەرکوێیەکی ویستبێ چوە و کێی ویستبێ دیوێتی.

لە ترسی ئەوەی نەوەکو مام جەلال بچیتەوە بە گژیان دا و بیانشکێنێ و قسەی سوکیان پێ بڵێ کەس نەیوێراوە بڵێ:

- نابێ ئەم سەفەرە بکەی...
- ئەم سەفەرە لەم کاتەدا گرنگ نیە یا پێویست نیە، یا کاتەکەی لەبار نیە..
- پێویستە تۆ لێرە بی و ئەمجارە لە باتی تۆ یەکێکی تر یا وەفدێکی تر بچێ...
- ئەم قسەیە باش نیە و ئەم تەسریحانە داوتە بە دەزگاکانی راگەیاندن زەرەری هەیە بۆ یەکێتی...

٥. داهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم

کۆسرەت: بەزاندنی خەتی سور

کۆسرەت بۆ راکێشانی لایەنگر، وەکو بۆ عیماد ئەحمەدی باس کردوە تێۆریەکی هەیە ئەڵێ: "لە شاخ مبادئ، لە شار مصالح". جا بە هۆی ئەو دەسەلاتە زۆرەی دراوێتێ و ئەو پارە بێ حسابەی لە بەر دەستی دایە دەستی خستۆتە ناو هەمو داوودەزگا حکومەتی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حیزبییەکانەوە. ناو وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی، م س و مەکتەبەکانی، مەڵبەندەکان، هێزەکانی پێشمەرگە، بە گفت و گەف هەوڵی داوە دڵسۆزی و گوێڕایەڵی زۆرترین ژمارەیان دابین بکا.

ژیان سەختە، دەرامەتی موچەخۆر کەمە، پێویستیەکان زۆرن و دابین کردنیان ئاسان نین. ئەم لاوازیەی دۆزیوەتە.

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسەکانی یەکێتی و پێشمەرگە و حکومەت بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی مادی: پارە، سەیارە، زەوی، خانو... ڕۆژانە سەردانی ئەکەن و دڵسۆزی خۆیان دەرئەبڕن.

کۆسرەت بەو پێوەندیەی لە گەل کادرەکان و خەڵک دروستی کردوە بایی بوە و لە خۆی گۆڕاوە. خۆی لە مام جەلال بە گەورەتر و بە بەهێزتر ئەزانێ. پێی وایە بە ئاسانی جێگەی ئەوی پێ ئەگیرێتەوە. تەنانەت لەم لا و ئەو لا بە ئاشکرا ئەپرسێ ئەگەر هەڵبژاردن بکرێ لە ناو خەڵک دا ئەم دەرئەچێ یان مام جەلال؟ کامیان ڕەئی زۆرتر ئەهێنن؟

ئەو وتارانەی لە بۆنەی جیاجیادا خوێندویەتیەوە، کۆی کردونەتەوە و لە کتێبێک دا، لە شێوەی ئەو کتێبانەدا کە بۆ ماوتسیتۆنگ و کێم ئیل سۆنگ و سەدام حسێنیان کۆ کردۆتەوە، چاپی کردوە.

مام جەلال لە چەند ساڵی ڕابوردودا هەمو شتێکی لە کۆسرەت قبوڵ کردوە و چاوپۆشی لە هەمو شتێکی کردوە و ئیستاش ئەیکا، ئەمە نەبێ. ئەمە بەزاندنی خەتی سورە. چونکە هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە یەکێکی تر جێگەی بگرێتەوە چ جای ئەوەی جێگەکەی داگیر بکا. لە لای مستەفای سەید قادر وتویەتی: "کۆسرەت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە و کارگێڕی مەکتەبی سیاسیە، چی تری ئەوێ؟ شوێنەکەی منی ئەوێ؟ نایدەمێ." بۆ ئەوەی سنوری بۆ ئەمە دابنێ، لە باتی ئەوەی ڕوبەڕو لە گەڵی بدوێ و بە ڕاشکاوی قسەی لە گەڵ بکا، ئەویش لە لای خۆیەوە کەوتۆتە کار دژی کۆسرەت:

- لە کۆڕ و کۆبونەوە گشتیەکانی دەزگا ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەییەکان‌دا دژی دەستەگەری و گەندەڵی ئەدوێ و باسی بژار و پاکسازی ئەکا، هەندێ جار بە ئاشکرا و هەندێ جار بە ژێرزارەکی پەنجە بۆ کۆسرەت ڕائەکێشێ. ئەم وتارانە لە کوردستانی نوێ و لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن‌دا بڵاو ئەکرێنەوە.

- لە چەندین بۆنەدا و، لە بەر چاوی چەندین کەس، باسی ئەوە ئەکا گوێا "کۆسرەت کرمانجە و خەڵکی شار نیە" کە بە لەهجەی کۆیە ئەم وشەیە بۆ سوکایەتی پێکردنی پایەی کۆمەڵایەتی کۆسرەت بە کاری دێنێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- دەستی خستۆتە ناو وەزارەت و دەزگا کارگێڕیەکانەوە. جێگۆڕکێی بە هەندێ لە قایمقامەکان کردوە. لە کاتی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بە بەرچاوی کۆسرەتەوە بە تەلەفۆن قسە لە گەڵ وەزیرەکان ئەکا و تەعلیماتیان ئەداتێ.

*

٧ ی ٦ ی ٩٩:

گۆڕینی دەستەی کارگێڕ

کارگێڕی م س تا ئیستا بریتی بون لە: کەمال فوئاد، کۆسرەت، عومەر فەتاح، ملازم عومەر، جەبار فەرمان. پێکەوە کۆ نەبونەتەوە هەریەکەیان بە جیا بۆ خۆی کاری کردوە. بە ناو و نازناو کارگێڕ بون بەڵام بە کردەوە ٥ سەری سەربەخۆ بون.

مام جەلال کارگێڕی م س ی گۆڕیوە: کەمال فوئاد، قادری حاجی عەلی، حەمە تۆفیقی داناوە. ئەمانە گۆیا "متفرغ" ن و لە کۆسرەت ناترسن.

*

٢٠ ی ٦ ی ٩٩:

گۆڕینی وەزارەت

مام جەلال بەرنامەیەکی بۆ کاری حکومەت داناوە. داوای گۆڕینی ئەو وەزیرانەی کردوە کە لە ٣ ساڵ زیاتر لە پۆستەکانیاندا ماونەتەوە، بەڵام پێشنیاری کردوە کۆسرەت لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە. بەرنامەکەی بۆ من ناردوە بیروڕای خۆمی لە سەر بنوسم. بەرنامەکەم لە کاتی خۆیدا ناردۆتەوە بۆ خۆی لە بەر ئەوە دەقە ئەسڵیەکەیم لە لا نەماوە تەنیا وەڵامەکەی خۆمم لە لا ماوە. بەرنامەکەی پرۆژەیەکە بۆ کاری لەمەودوای حکومەت، چەند لایەنێکی سیاسی، ئابوری، پێشمەرگەیی، رێکخراوەیی گرتبوەوە. ئەمە وەڵامەکەی منە:

بۆ گەورە و بەڕێزم مام جەلال

بە سپاسێکی زۆرەوە نامەکە و پرۆژەکەم وەرگرت. دەستەکانت خۆش.

وا لە خوارەوە سەرنج و تێبینەکانی خۆمت لە سەر بەندەکانی پرۆژەکە بۆ ئەنوسم:

یەکەم: هەڵوێستمان لە دەر و جیران

بە لامەوە پەسندە و هیچ تێبینیەکم نیە.

دوەم: چاکردنی وەزعی ئابوری خۆمان

لە سەر ئەمە هەندێ تێبینیم هەیە:

هەروەکو ئەزانی تەجروبەی وڵاتانی سۆڤیتی سەلماندیان کە ئابوری کەرتی گشتی شکستی خوارد و ئابوری بازاڕ و مونافەسە گرەوی بردەوە. ئەم کۆمپانیا وەهمییانەی وەزارەتەکان و هەندێ لە برادەران دروستیان کردوە: ١. بازاڕی نارازی کردوە لە یەکێتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و دەرگای کاری لە ڕوی زۆر کەس دا داخستوە و، ٢. قازانجەکەیشی زۆری بە فیڕۆ ئەچێتە گیرفانی ئەم و ئەوەوە، ٣. ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری لێنەهاتو بە هۆی مەحسوبیەتەوە دامەزرێنراون.

ئەگەر ئەو پرۆژانە بە دەس کەرتی تایبەتیەوە بوایە ئەمانتوانی: باجی زۆرتر وەربگرین و معاش و ئیمتیازاتی ئەو تەعیینکراوانەشمان لە کۆل ئەبوەوە. بۆ نمونە ئەتوانین ئوتێلی ئەبو سەنا کە بە دەس کەرتی تایبەتیەوەیە و ئوتێلی ئاشتی و ئوتێلی سەرچنار و مۆتێلی چنار کە بە دەس کەرتی گشتیەوەیە بەراورد بکەین.

لە بەر ئەوەی ئەم کۆمپانییانە بێ کەفائەتن و بۆ مشەخۆری دروستکراون، زۆری ئەم پرۆژانە ٣ جار ئەفرۆشرێتەوە و قازانجی لێ ئەخورێ سەرەنجام ئەدرێتەوە بە مقاویلێکی بازاڕ بەمەش ڕادەی باجەکە زۆر کەم ئەبێتەوە.

ئەگەر بازاڕ بە هێز و جوڵانی بازرگانی زۆر بێ، زۆر لەو کادرانەی ئێستا بە ناچاری بە موچەی یەکێتی ئەژین ئەوسا ئەتوانن ئیش بدۆزنەوە و خۆیان بژێنن، چونکە ئێستا ژمارەیەکی زۆر خەڵک یان لە ناو حکومەت دا، یان لە ناو یەکێتدا موچەخۆرن. ئەبێ نەخشە دابنێین بۆ ئەوەی ئاستی گوزەرانی کادرەکانی یەکێتی و بەرامبەرەکەی لە حکومەت و کەرتی تایبەتی دا وەکو یەک بن.

ئەوروپای سەرمایەداری سەلماندی ئەگەر وڵات ئابوریەکی تەندروستی هەبێ دەوڵەت بە تەنیا بە باج ئەتوانێ بژی.

مەسەلەیەکی گرنگ، موراعاتی سەرەتای موناقەصە و موزایەدەی نەزیە بکرێ لەم بوارانەی خوارەوەدا:

١. پرۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦ پێم وایە ئەتوانین زۆر شت بە سەر UN دا بسەپێنین چونکە ئەوە یارمەتی نیە بەڵکو پارەی نەوتی عیراقە.

٢. بەکرێدانی ملکەکانی دەوڵەت بە تایبەتی هی شارەوانی و دارایی و ئەوقاف بە موزایەدەی عەلەنی.

پێم باشە (نەسرییە) نەمێنێ و میزانیە دابنرێ.

زۆر گرنگە کە لیژنەی چاودێری دارایی ڕاستەوخۆ گرێدراوی خۆت بن بۆ ئەوەی پشتیوانییان بکەیت ئیجرائاتی قانونی لە سەر لێکۆڵینەوەکانیان بکرێ.

سێیەم: وەزعی ڕێکخستن

هەمو بۆچونەکان بە پەسند ئەزانم بەڵام لام وایە باشترە کە ئیشارەت بە زەرەری تکتل و پێویستی هەڵوەشاندنەوەی بکری و، هەڵبژاردن بکرێ بە سەرەتایەکی کار پێکراو لە هەمو ئاستەکان دا، کادرەکان بچنەوە ناو خەڵک و وەکو خەڵک بژین و ڕەفتار بکەن.

چوارەم: وەزعی ه پ ک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەمویم بە لاوە پەسندە تەنیا ئەم تێبینییەم هەیە: ئەگەر بتوانین هیچ نەبێ تا ساڵێکی تر نەهێڵین توشی شەڕ ببن و مەشقیان پێ بکرێ و بدرێنە زابتە موحتەریفەکان و ئەوانەی دەورە تایبەتیەکان تەواو ئەکەن.

پێنجەم: وەزعی میری

هەمویم بە لاوە پەسندە.

لە کۆتایی دا حەز ئەکەم عەرزی جەنابت بکەم بۆ سەرخستنی ئەم بەرنامە ئیسلاحیە هەر کارێ بە من بسپێری بەوپەڕی دڵسوزییەوە ئامادەم بۆ جێبەجێ کردنی.

بە ئاواتی سەرکەوتنتانم

لە گەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی بۆ دڵسۆرتان: نەوشیروان

سلێمانی ٣٠ ی حوزەیرانی ١٩٩٩

٤ ی ٧ ی ٩٩:

نامەیەک دەربارەی گۆڕینی وەزیرەکان:

برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

سڵاوێکی گەرم و هیوادارم هەر لە خۆشی دا بن

بە بۆنەی ئەو ئاڵوگۆڕانەوە کە بە دەستەوەیە لە وەزارەت دا بکرێن بە چاکم زانی هەندێ بیروبۆچونی خۆم تۆمار بکەم.

١. بە لای منەوە خەڵەل لە سیستەمی حوکمڕانیەکەمان دا هەیە و ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی لە گەڵ پارتی دا هەم ڕەقیب و هەم هاوبەش بوین لە حوکمڕانی دا، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە سەرۆکی دەوڵەتمان نیە. لەم قۆناغەدا من زۆر بە پێویستی ئەزانم کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە یەکتری جیا بکرێنەوە بەم جۆرە:

١. ١. سکرتێری گشتی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت بە کار بهێنێ. هێزی پێشمەرگە و دەزگای ئاسایش و دیوانی ڕەقابەی مالی ببەسترێن بە سکرتێری گشتیەوە.

١. ٢. دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرفی پارە و بەخشینی ئەرز و خانو و سەیارە و دامەزراندنی موچەخۆردا دیاری بکرێ.

٢. دو وەزارەتی تازە دروست بکرێ:

٢. ١. لە باتی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا وەزارەتێک بۆ خوێندنی باڵا دروست بکرێ، وەزیری خوێندنی باڵا پێویستە خاوەنی شەهادەی دکتۆرا بێ.

٢. ٢. دەزگای شەهیدان و دائیرەی تەقاعودی و زەمانی اجتماعی و عمل لە وەزارەتێکا بە ناوی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە کۆ بکرێنەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. چەند دەزگایەکی تازە دروست بکرێ:

٣. ١. ئەنجومەنی پلاندانان لە کەسانی شارەزا دروست بکرێ بۆ ئەوەی بە یارمەتی پسپۆڕی بێگانە پلانی گەشە پێ دانی هەمە لایەنەی کورت خایەن و درێژخایەن بۆ کوردستان دابنێن.

٣. ٢. ئەنجومەنی (مجلس الخدمە) دروست بکرێ لە کەسانی لێوەشاوە و بێلایەن. ئەم ئەنجومەنە بە هەمو دائیرەکان دا بچێتەوە جارێکی تر پێوانەی ئیداری و قانونی بگێڕێتەوە بۆ ناو دائیرەکان. دامەزراندنی تازە، تەقاعود کردن، فەسڵ کردن، دیاریکردنی پێویست و فائیز ئەمان بیکەن.

٣. ٣. بۆ ئەوەی حکومەت نەتوانێ کار لە کارمەندانی دیوانی رەقابەی مالی بکا پێویستە ئەم دیوانە یەکسەر ببەسترێ بە سکرتێری گشتیەوە و ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانی بدرێ بەو نەک بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. ئەندامەکانیشی لە کەسانی موحتەریف دروست بکرێ، پشتیوانی مادی و مەعنەوێ بکرێن. بکرێتە دو بەش یەکێکیان بۆ رەقابەی حکومەت و ئەوی تریان بۆ رەقابەی داوودەزگاکانی یەکێتی.

٤. موستەشار و خەبیرەکان کە ئێستا لە وەزارەتەکان دا دانراون، مادەم لە بەر معاش دانراون، بۆ ئەوەی لە دائیرەکان دا جێگە داگیر نەکەن و دەستی نەشارەزایانە وەرنەدەنە کاروباری وەزارەتەکانەوە لەم وەزارەتانە لابببرێن و، مانگانە لە شوێنێکی وەکو سکرتاریەت یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە معاشەکەیان بدرێتی.

٥. بۆ ئەوەی زەرەرمەندەکانی پڕۆسەی چاککردنەوە، یەک نەگرن و نەکەونە پیلانگێڕان و، بۆ ئەوەی پڕۆسەکە سەربگرێ و بەردەوام بێ، پێویستە زۆر بە شێنەیی و تەدریج و قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام بدرێ. لەم قۆناغەدا تەرکیز بکرێتە سەر حکومەت کە ڕوی ئاشکرا و دەرکەوتوی حوکمڕانی یەکێتیەیە لە ناو خەڵک دا.

لە گەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی بڕای دڵسۆزتان نەوشیروان
سلێمانی ٤ ی تەممووزی ١٩٩٩

کێشەیەکی دەستوری و قانونی هەیە. هەمو جار کە کۆسرەت تەنگاو ئەکرێ بۆچی وازناهێنێ لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و یەکێکی کە لە جێگەی ئەو بێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە ئەکا بە بیانو کە لە سەرو ئەوەوە دەسەڵاتێکی قانونیی بەرزتر نیە تا ئەم "استقاله" کەی خۆی بداتێ یان ئەو بتوانێ ئەم "اقاله" بکات. راستیەکەی بە هۆی دو ئیدارەیی و نەمانی دەسەڵاتی پارلەمان لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتی دا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆشاییەکی دەستوری دروست بوە. کێ ئەو لایەنەیە کەسێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن تەکلیف ئەکا یا لا ئەبا؟

*

ای ٨ ی ١٩٩٩:

نامەی د فوئاد مەعسوم: دەراوی قانونی

د فوئاد مەعسوم نامەیەکی بۆ مام جەلال ناردوە داوای لێ کردوە دەسەڵاتەکانی بکاتە "حەقیقەتی مادی". مام جەلال نامەکەی بە تەعلیقێکی خۆیەوە ناردوە بۆ قادری حاجی عەلی تا دابەشی بکا بە سەر ئەندامانی م س دا. ئەمەش دەقی نامەکە و تەعلیقەکەیەتی:

جەنابی مام جەلالی بەڕێز

سەلاوێکی گەرم خۆشیتان هیوامە

لێم ببورە لەو نامەیەدا هێندێ بۆچونی خۆمتان عەرز دەکەم کە مەبەستم سەرکەوتن و بەهێزکردنی یەکێتییە و پەیدابوونی مەرکەزیەت و، رۆڵی جەنابتانە.

گەر بێتەوە بیرتان لە هەشتاکاندا جارێک بە جەنابتم گوت لە دانیشتنێکی دوقۆڵیدا کە جەنابت لە ناو یەکێتیدا دەسەڵاتەکەت مەعنەویە، دەبێ ببێ بە حەقیقەتێکی مادی، بۆ ئەوەی زەبتی ململانێ بکەیت.

ئیستا من زۆرم پێ خۆشە، کە دەست و بازوت لێ هەڵکردوە، لەمێژە دەمویست وەها بێ. ئیجرائاتەکانت زۆر باشن، ململانێ سنوری هەبێ، لە جغزێکی دیاریکراودا بێ، کە ناوی لێ بنێین مونافەسە. دەتوانم بڵێم ئیستا گەیشتوەتە حدی خۆی.

ئەوجا نۆرەی اصلاحات هاتوە، دەستی پێ بکەیت، تکام وایە چەند کەسانێکی شارەزاش دەست نیشان بکە ئیش و کاریان تخطیط بێ بۆ ئەو اصلاحاتانە نەک هەنگاوێک بهاوێین و دوایی تراجعی لێ بکەین لە بەر هێندێ اعتبارات، ئەم پسپۆرانە هەموو لایەنی ئەو هەنگاوانە لێک بدەنەوە پێش ئەوەی اعلان بکرێ.

لام باشە هەنگاوەکانی کە دەهاوێشترێن پێش ئەوەی اعلان بکرێ هێندێ لە برادەران بە تایبەتی ئەوانەی لە ناو یەکێتی دیارن و خەڵک باسی ململانێیان دەکا پرس و رایان پێ بکرێ پێش ئەوەی اعلانی بکەیت راستەوخۆ یا بیهاوێ بەردەم کۆبونەوەی م. س یا سەرکردایەتی تا التزامیان مسۆگەرتر بێ و قسەی ئەولاوئەولا نەکەن.

دوا قسەم لێرەدا: ان جاءکم .... هەمیشە ئەو فلتەرە بێ کە تصفیەی هێندێ قسەگێڕانەوە دەکا.

هومێدی موەفەقی و سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لە هەمو هەنگاوەکانت.

خودا بتانپارێزێ

٩٩\٧\٢٦ دلسۆزتان فوئاد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ژێر نامەکەدا مام جەلال ئەم تەعلیقەی نوسیوە:

کاک قادر

سڵاو بیدەرە هەڤاڵانی م. س تکایە بە فۆتۆکۆپی کراوی هەریەکە دانەی خۆی.

هەڤاڵانی م. س/ ی بەڕێز سڵاوێکی گەرم

بۆ ئەوەی بتوانم ئەوەی کاک د. فوئاد پێشنیاری دەکات ئەنجامی بدەم پێویستیم بەم شتانەی خوارەوە هەیە جگە لە هاوکاری و پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک و ە پ ک و ئەندامان و کادرانی ی. ن. ک کە زۆر بە گەرمی پێشوازی لە گەشەپێدان دەکەن:

یەکەم/ هاوکاری بە دڵو بە گیانو بە حەماسی ئیوە. نەک هاوکاری سەرزارەکی و هەر سەر کاغەز و ناوکۆبونەوەکان.

دوەم/ دوای ئەوەی ناوی (رێبەر) تان بە سەردا برِیووم و سەبارەت بەوەی کە سکرتێری گشتی و فەرماندەی گشتیم و هەمو دەسەڵاتێکتان پێ داوم، بۆ بە قانونی کردن و پەلەکردن لە جی بە جێ کردنی ئیسڵاحەکان بە پێویستی دەزانم بیکەن بە برِیاریش کە صلاحیاتی قانوونی رێبەر بە کار بهێنم وەک لە قانونی ژمارە (۲) دا هاتووە. بە تایبەتی کە من پتر لە سەداهەفتای دەنگی خەڵکی ناوچەی رزگاری بن دەستی خۆشمانم هێناوە.

سێیەم/ حەملەیەکی فیکری بەربڵاو بکەین بۆ نیشان دانی ئەهمیەتی چاک کردن و گەشە پێدان و دژی تەکەتولات.

چوارەم/ دەست بە جێ برِیاری دانانی (مجلس الخدمه) و (مجلس التخطیط) بدەن بۆ گەشە پێدانی حکومەتەکەمان و حوکمی قانوون.

هەر بژین بۆ برای دلسۆزتان (ئیمزای مام جەلال)

٦ ی٨ ی ٩٩:

گەمەکەی هەیاسی خاس

نیوەڕۆی ئەمڕۆ مام جەلال هات بە کراوەیی قسەمان کرد.

من وتم: "ئیسڵاحاتی نیوەوناچڵ زەرەری زۆرترە لە قازانج وەکو ئەوەیە لە نەشتەرگەریدا سکی نەخۆشەکە هەڵدڕی بەڵام نەیدرویتەوە و بە کراوەیی بە جێی بهێڵی. ..."

پاش هەندێ قسەو باس داوای لێ کردم لە کۆبونەوەکانی م س دا بەشدار بم. وتم: "لە ناو م س دا ٩ کەسیان من بە دوژمنی خۆیان ئەزانن چونکە لایان وایە ئەمەی تۆ ئەیکەیت بە هاندانی منە. بۆنی من لە ناو هەیئەتێکی وەهادا چ سودێکی هەیە؟"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وتی: "وایە ئەمەی من ئەیکەم بە تۆی ئەزانن تەنانەت کۆسرەت تەلەفۆنی بۆ د فوئاد و د بەرهەم کردوە وتویەتی مام جەلال بە فیتی نەوشیروان کەوتۆتە دوژمنایەتی من. بەڵام بۆ ئەوەی تەنیا نەبم ئەگەر بۆ هەمو کۆبونەوەکانی م س نایەیت ناو بە ناو ئامادە بونت بۆ ترساندنیان شتێکی باشە."

مام جەلال بەردەوامە لە سەر گەمەکەی هەیاسی خاس.

*

بەر لە چەند رۆژێ کۆسرەت چۆتە لای مام جەلال پاکانەی بۆ کردوە. وتویەتی: "من وەکو باڤل دابنێ. وتوتە ئەبێ سەری لە بەرد بدا چ بەردێک ئەڵێی سەری لێ ئەدەم. نەوشیروان تۆڵەی کۆنگرەم لێ ئەکاتەوە. لە کۆنگرەدا وێستی تۆ لا بدا داوای پشتیوانی لە من کرد بەڵام من پشتی تۆم گرت. ئیستاش ئەیەوێ من بە تۆ لا ببا و دوایی خۆیشی تۆ لا ببا."

*

١١ ی ٨ ی ٩٩:

دەستەی کارگێڕ ئەم نامەیەی دابەش کردوە بە سەر ئەندامانی م س دا:

"بەرنامەی پێشنیازکراو بۆ کۆبونەوەی داهاتوی مەکتەبی سیاسی رۆژی پێنج شەمە ١٢ ی ٨ ی ١٩٩٩ کات ٧ ئێوارە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالان:

١. لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە سەر پێشنیازەکانی بەڕێز مام جەلال لە سەر نامەکەی بەڕێز کاک د فوئاد لە ٢٦ ی ٧ کە تێیدا پێشنیاز کراوە دەسەڵاتی رابەر بدرێتە بەڕێز مام جەلال بە پێی مادە ٢ ی یاسا، بە تایبەتی بۆ پەلەکردن لە ریفۆرم و ئاڵوگۆڕ کردنی پێویست لە هەمو بوارەکان‌دا.

٢. کات دیاری کردن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەی پێشوی مەکتەبی سیاسی لە ٣١ ی ٧ ی ١٩٩٩ بە تایبەتی لە بارەی دامەزراندنی (ئەنجومەنی پلاندانان: مجلس التخطیط) و (ئەنجومەنی خزمەت: مجلس الخدمه) هوە.

٣. لێکۆڵینەوە لە بارەی وتوویژەکانی نێوان یەکێتی و پارتی لە هەندەران و لە وڵات.

٤. دۆزینەوەی چارەسەرێکی شیاو بۆ دادگای سلێمانی و بڕیاردان لە سەر دامەزراندنی (ئەنجومەنی دادوەری: المجلس القضائی) و (دادگای تەمیز: محکمه التمیز)

*

١٢ ی ٨ ی ٩٩:

سلێمانی، سەعات ٧ ی ئێوارە لە مالی مام جەلال کۆبونەوەی م س کرا بە ئامادە بونی: مام جەلال، کۆسرەت، جەبار فەرمان، کەمال فوئاد، قادری حاجی عەلی، حەمە تۆفیق، فەرەیدون، شێخ محەممەدی شاکەلی، ئەرسەلان، عیماد، ملازم عومەر، عومەر فەتاح، من.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرنامەی پێشنیازکراوی کارگێڕ باس کرا.

بڕیار درا مام جەلال بە پێی قانونی ژمارە ۲ دەسەڵاتەکانی ڕێبەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بدرێتی و ئەم بڕیارە لە لایەن چەند قانونیەکەوە دابڕێژرێ.

بڕیار درا مجلسی خدمە دابنرێ.

بڕیار درا ئەنجومەنی پلاندانان دابمەزرێ.

بڕیار درا وەزعی دادگاکانی سلێمانی باش بکرێ و ئەگەر بتوانین دادگای تەمیز و ئەنجومەنی دادوەری و مەعهەدی دادوەری بۆ پێگەیاندنی حاکمی گەنج دابمەزرێ.

بڕیار درا ئەو وەزیرانەی ۳ ساڵیان تەواو کردوە بگۆڕێن بە هی نوێ.

ئیتر مام جەلال کەوتە بە کارهێنانی دەسەڵاتەکانی قانونی ژمارە (۲) بەڵام لە بەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئێمە هەندێکمان ناوی "رابەر" مان بە لاوە پەسەند نەبو ناوی "سەرۆکی هەرێم" ی لێ نرا بۆ ئەوەی "مەرجەع" یکی قانونی هەبێ لە کاتی پێویست دا رۆڵی خۆی ببینێ.

تەعدیلی وەزاری

کوردستانی نوێ، لە ژ ۱۹۳۰ رۆژی ۱۹۹۹/۸/۲۲. هەواڵەکەی بەم جۆرە گێڕاوەتەوە:

"لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا: سەرۆکی حکومەت گۆڕانکارییەکانی کابینەکەی ڕاگەیاند

"نیوەڕۆی دوێنێ ۲۱ ی ۸ ی ۱۹۹۹ بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران‌دا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی تایبەت‌دا، چەند گۆڕانکاریەکی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند.

"لەو کۆنگرە رۆژنامەنوسیەدا کە هەر یەک لە بەڕێزان عومەر عەبدوللا جێگری سەرۆکی حکومەت و عیماد ئەحمەد وەزیری پیشەسازی و مستەفا سەید قادر وەزیری ناوخۆ ئامادەی بون، سەرۆکی حکومەت دوای ئەوەی ئاماژەی بە ئامانجەکانی ئەم گۆڕانکارییانە کرد کە گۆڕانکاریە لە پێناو گەشەپێدانی ی ن ک و حکومەتی هەرێم دەکرێن کە هەر یەک لە وەزارەتەکانی تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و رۆشنبیری و مرۆڤایەتی و گواستنەوە و گەیاندن دەگرێتەوە، هەروەها ڕایگەیاند کە حکومەتی هەرێم بڕیاری دا بە یەکخستنی هەردو وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە لە یەک پۆست‌دا و بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی پۆستی وەزیری هەرێم و دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێ بە ناوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەت و ئەنجومەنی پلان دانان و ئەنجومەنی قەزا. هەر بەم بۆنەیەوە بەڕێزی بە ناوی خۆی و وەزیرە بەڕێزەکان سوپاس و ستایشی ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کرد کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا سەرکەوتوانە کارەکانیان ڕاپەڕاندوە و خزمەتی بێ وچانیان پێشکەش بە میللەتەکەیان کردوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"پاشان لە کۆتایی لێدوانە رۆژنامەنوسیەکەیدا ناوی ئەو بەڕێزانەی ئاشکرا کرد کە پۆستی وەزارەتەکانیان پێ سپێردراوە، لەم بارەیەوە رایگەیاند کە بڕیار دراوە بە دانانی بەڕێزان عەدنان موفتی بە وەزیری شارەوانی و د جەمال فوئاد بە وەزیری مرۆڤایەتی و د یادگار بە وەزیری تەندروستی و برزو عەلی هەژار بە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن و عادل ناسر بە وەزیری کشتوکاڵ و شێخ محەمەد شاکەلی بە وەزیری رۆشنبیری و د جەلال شەفیق بە وەزیری خوێندنی باڵا و د کەمال خۆشناو بە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی."

٢٩ ی ٨ ی ٩٩ یەکشەم:

چوم بۆ بینینی مام جەلال بۆ باسی پرۆژەیەک کە دەربارە نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی کەرکوک نوسی بوم و پێشتر بۆم نارد بو. ئەو پرۆژەیەم بە هاوکاری چەندین کەسی کەرکوکی و شارەزای بواری جیاجیا ئامادە کرد بو.

لە میانەی قسەدا باسی ساردی نێوان من و کۆسرەتی کرد و گلەیی لێ کردم کە بۆچی باسم کردوە. من بە کراوەیی پێم وت کە من دژی کۆسرەت نیم بەڵام ئەو لای وایە هەمو هەنگاوێ لە رێی ئیسلاحات دا موئامەرەیە لەو و، هەرچیەکی پێ کرا بێ دژی من درێخی نەکردوە.وتم:

- وەختێ حکومەتی هەرێمان تەسلیمی دەستی ئەم برادەرە کرد یەکێتی هەر لە زاخۆوە تا کفری بە دەستەوە بو، ئێستا ئەوەتا خۆی و حکومەتەکەی بە ئاوارەیی لە سلێمانیین.

- لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا یەکێتی توشی شەڕێ بوە لە گەڵ پارتی بە هەمو زلهێزەکانی دنیا ناکوژێتەوە.

- لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا ٢ سەد هەزار کوردی عێراق کوردستانیان بە جێ هێشتوە لەوانە زیاتر لە ٢ هەزاریان کادری یەکێتی بون و زیاتر لە ٢ سەد کەسیان مامۆستای زانکۆ بون.

- لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا هەمو مال و دارایی حکومەتەکە بە فیڕۆ رۆیشت. وەزارەتەکان تالان کران و زەوییەکان و خانوەکانیان بە بەلاش دران بەموئەو و بە زۆری بە کەسانی ناموستەحەق و، مەکینە و سیارەکانیان فرۆشران بە ئێران.

ئیتر ئەم کابرایە ئەبێ شانازی چیمان بە سەردا بکات؟

٦. بابەتی جۆراوجۆر

ژوری بازرگانی

سلێمانی ٢٥ ی ئابی ٩٩

گەورەی بەڕێز مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەروەکوئەزانن ژوری بازرگانی لە جوڵاندن و ڕێکخستنی بازاڕ و بازرگانیدا دەورێکی کاریگەری هەیە، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە ئەم ژورەی سلێمانی لە کار کەوتوە. پێویستی بە زیندوکردنەوە و بە گەڕخستن هەیە:

١. کاتی خۆی سەرۆک و ئەندامانی ژوری بازرگانی سلێمانی بەم جۆرە بوە:

سەرۆک	ڕەفیق قەزاز	مردوە
جێگری سەرۆک	زاهیر حاجی ئەحمەد	کوژراوە
ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی	عەبدوڵڵای حاجی فەرەجی سوسێ	مردوە
ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی	ئیسماعیل حەداد	چوە بۆ خارێج
ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی	عومەر نوری حەمەسور	ئیستیقالەی کردوە
ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی	حەمەی زێوەر	ئیستیقالەی کردوە
ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی	مستەفای ڕازاوە	ئیستیقالەی کردوە
ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی	صەباح ئەحمەد کەریم	ئیستیقالەی کردوە
ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی	ئەمین شەوکەت	ماوە

٢. کاتی خۆی جگە لە سەرۆک و، جێگری سەرۆک، مدیری ادارەیشیان هەبوە. مدیری ادارە بە پێی نیزامی ژورەکە ئەبێ دەرچوی جامیعە بێ و ٤ ساڵ خزمەتی لە ناو ژورەکەدا هەبێ.

٣. ئێستا ئەمانە: سەرۆک، جێگری سەرۆک، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن، مدیری ادارە هیچیان نەماون. تەنیا کەس کە ماوە و هەمو ئیشەکان ئەکا کاک ئەمین شەوکەتە. بە پێی نیزامی ژورەکە سەرۆک و جێگرەکەی و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر نابێ موچەخۆر بن، بەڵام کاک ئەمین موچەخۆرە.

٤. لەو ماوەیەدا بە جۆرێکی نائاسایی چەند کەس کراون بە ئەندام و لە صنفی بەرزی بازرگانیدا دانراون بۆ ئەوەی بتوانن قۆنتەرات وەربگرن کاتی خۆی هیچ پێوەندییەکیان بە بازاڕ و بازرگانیەوە نەبوە.

٥. ماوەیەک پێش ئێستا هەندێ لە ئەندامانی ژوری بازرگانی کۆبونەوەیان لە گەڵ جەنابت کردوە و هەندێ لە کێشەکانیان باس کردوە. بە تەما بون ڕۆژی ٢٠ ی ٤ ی ٩٩ هەڵبژاردنی ژوری بازرگانی بکرێ بەڵام بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو دواخراوە بۆ کاتێکی نادیاریکراو.

٦. کاتی ئەوە هاتوە جەنابت فەرمان بدەی ئەم ژورە بە گەڕ بخرێتەوە و هەڵبژاردنێکی پاک و ئازادی تێدا بکرێ بۆ ئەوەی لە ژیانی ئابوریدا دەوری خۆیان ببینن.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان

وێنەیەکی بۆ بەڕێز کارگێڕی م س بۆ ئاگاداری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دادگا

سلێمانی ٣ ی ئابی ٩٩٩

برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەمیشە لە خۆشی دا بن

چەند جارێ چەند کەسێکی قانونی و نائیبی مدعی عام هاتونەتە لام بۆ دەربڕینی هەندێ سەرنج و تێبینی تا بە جەنابتی بگەیەنم. وا لە خوارەوە پوختەکەیتان ئەخەمە بەرچاو هیوادارم کەڵکێکی هەبێ و خۆت کە پیاوێکی قانونیت گرنگیی دادگا بێگومان لە خەڵکی کە باشتر ئەزانی.

١. وەزعی ناو دادگای سلێمانی باش نیە چونکە حاکم شێخ لەتیف و حاکم عەبدولکەریم ناکۆکن. بەو هۆیەوە دەزگای مەحکەمە بۆتە دو تکتلی دژ بە بەیەک و دژی یەکتری ئەدوێن و کار لە یەکتری ئەشێوێنن.

ئەم کێشەیە بەوە چارەسەر ئەکرێ کە ئەم دو حاکمە ئاشت بکرێنەوە و رێکبخرێنەوە چونکە هەردوکیان بە کەڵکن بۆ دادگاکانی سلێمانی.

٢. هەیبەتی دادگا کەم بۆتەوە. تا ئێستا چەند جارێ لەبەردەمی دادگادا تەقە بوە و جارێکیش یەکێ کوژراوە. بیناکەیشیان پچوکە و پاک و خاوێن نیە. بۆ ئەوەی هەیبەتی دادگا بە هێز بکرێ پێویستە:

أ. ژمارەیەکی باش پۆلیس بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی دادگا تەرخان بکرێ.

ب. حیمایە بۆ حاکمەکان دابنرێ.

ج. خاوێنی بیناکە و دیوارەکانی رابگیرێ.

د. بیناکەی پشتی دادگا کە هی بلدیاتە بدرێ بە مان.

٣. وەزعی محکمەی تحقیق باش نیە چونکە:

أ. تەنیا یەک حاکم تحقیق هەیە و مەسەلەکانی لە سەر کەڵەکە ئەبێ.

ب. محکمە اجهزەی تحقیقی نیە وەکو: مختبر الادلە الجنائیە، جهاز طبع الاصابع، جهاز کشف السلاح...

٤. بۆ پێگەیاندنی حاکمی گەنج ئەتوانرێ معهد القضاء لە سەر شێوەی مەعهەدەکەی بەغداد دابمەزرێنرێ. لە سلێمانی ئیمکانی ئەمە هەیە.

٥. بۆ ئەوەی سەربەخۆیی قانونی خۆمان هەبێ و مادەم بەرەو خۆ جیاکردنەوە ئەچین لە پارتی پێویستە محکمەی تمییزی خۆمان لە سلێمانی هەبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦. عفوی خاص بۆ هەندێ تاوانبار دەرچوە ئەمە شتێکی باش نیە بۆ سومعەی محکمە. ئەمە یا نەهێڵرێ یان زۆر کەمتر بکرێتەوە.

۷. ئێستا ۳۷ نائیبی مدعی عام هەیە لە گەڵ سەرۆک و جێگرەکەی ئەبن بە ۳۹ کەس. ئەم ژمارەیە زۆرە و هەندێکیان ڕەنگە هێشتا بە کەڵکی ئەم ئیشە نەیەن چونکە بە واسیتە دانراون. مەرجەکانی مدعی عام بە گوێرەی قانونی عیراقی ئەبێ: عیراقی بێ، متزوج بێ، لایەنی کەم ۳ سالّ خزمەتی هەبێ و ۲ سالّیش لە معهد القضاء خوێندبێتی.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان

تەعدیلی قانونی عقوبات و

قانونی ئەحوالّی شەخسی

برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

سلاوێکی گەرم و هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن

کاک ڕوشدی تعدیلی قانون العقوبات ی تەواو کردوە. پێکەوە دانیشتین و سەر لە نوێ هەمو ئەو ماددانەی تعدیل یان تجمید کراون خوێندەوە و موناقەشە کرد و لە سەری ڕێک کەوتین. زۆر بە وردی و ڕێکوپێکی قانونەکەیان بڕار کردوە. وا مسوەدەکەی ئەنێرمە خزمەتتان تکام وایە سەیری بکەن و هەر ئالّوگۆڕێ بە پێویست ئەزانن بیکەن.

ئەم قانونە دوای ئەم تعدیل و تجمیدانە هێشتا دو نوقسانی تیایە:

۱. ئەو غەرامەیەی دانراوە زۆر کەمە چونکە بە پێی دەسکەوتی ڕۆژانەی سالّی ۱۹٦۹ دیاری کراوە. نوسراوە سالّێک حەپسی یان سەد دینار غەرامە. دەسکەوتی ڕۆژانەی کرێکاری (غیر ماهر) ئەوسا لە نیو دینار کەمتر بوە ئێستا لە پەنجا دینار زیاترە. ئەبێ بەو پێیە دەسکاری بکرێ.

بۆ ئەم مەبەستە کاک ڕوشدی بە تەمایە شتێک ئامادە بکا کە لە گەڵ هەلومەرجی ئێستا بگونجێ و دادگاکان کاری پێ بکەن.

۲. هیچ ماددەیەکی تیا نیە بۆ سزادانی ئەو قاچاغچییانەی لێرەوە خەڵک ئەبەن بۆ ئەوروپا و دەستیان ئەبڕن یان دەستدرێژییان لێ ئەکەن. بۆ ئەمەش ئەبێ چەند ماددەیەک هەبێ کاک ڕوشدی ئامادەی ئەکات.

بە گشتی ئێستا قانونەکە بڕار کراوە لەو ماددانەی کە لە گەڵ مافەکانی مرۆڤ دا ناگونجێن و ئامادەیە بۆ پەسند کردن و کار پێ کردن ئەگەر جەنابت بە پەسندی بزانی.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان مستەفا

سلێمانی ۲۰ ی تشرینی یەکەمی ۱۹۹۹

گەورەی بەڕێز

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاش سلاو

۱. لە سەر داوای کاک روشدی عەزیز لە مانگی کانونی یەکەمی سالی پاردا بۆ لێکۆڵینەوەی قانونی ئەحوالی شەخسی چەند جارێ دانیشتین. بەندە بە چاکم زانی کە ژنێکی شارەزایش بانگ بکەین بۆ ئەوەی لە بیرورای ژنانیش ئاگادار بین و، یەکێ لە خۆیان بەشداری گفتوگۆکان بکا. بۆ ئەو مەبەستە خاتو هاوژین مەنمی‌مان بانگ کرد کە لە سکرتاریەتی یەکێتی ژنان و، لە سەنتەری راگەیاندنی ژنان و، سەرنوسەری رۆژنامەی ژیانەوەیە. خاتو هاوژین پێشتر مادە بە مادەی قانونەکەی بە وردی دراسە کرد بو و، شارەزاییەکی باشی هەبو لەو بوارەدا و، کەڵکی زۆرمان لێ وەرگرت.

۲. لە زنجیرەیەک گفتوگۆدا قانونەکەمان مادە بە مادە تاووتوێ کرد. بیرورای نوێنەری ژنان لە هەندێ مەسەلەی زۆر گرنگ و حساس دا جیاواز بو لە هی ئێمە. هەمو ئەو ماددانەی بە پێی نصی صریحی قورئان دانراون، ئێمە دەسکاریمان نەکردن و، وەکو خۆی هێشتمانەوە. ئەوەی دەسکاریش کرابێ هەوڵ دراوە لە گەڵ گیانی قورئان دا ساز و گونجاو بێ.

وا مسودەی تعدیلەکان ئەنێرمە خزمەتتان.

۳. ئەوەی نوێنەری ژنان لەم قۆناغەدا داوای گۆڕینی ئەکەن هەموی بە ئێمە جێبەجێ ناکرێ، بە تایبەتی کە ئێستا ئیسلامی سیاسی لە گەشە کردن دایە و، سنوری دەسەلاتی ئێمەش تەسک بۆتەوە، بەڵام ناکرێ هەمو داواکانیان لەم چەرخەیش دا پشت گوێ بخرێن. مستەفا کەمال سەرەتای بیستەکانی قەرنی رابوردو لە تورکیای ئەوسادا، کە لە کوردستانی ئێستا دواکەوتوتر بو، خەلافەتی لەغو کرد و جمهوریەتی لە جێ دامەزراند و، شەریعەتی لەغو کرد قانونی مەدەنی خستە جێگەی و، دنیایش وێران نەبو.

ئێمەیش پێویستە هەندێ هەنگاو بنێین لە سەر رێی کەمکردنەوەی تەئسیری لایەنە کۆن و نەگونجاوەکانی شەریعەت لە سەر قانونەکانی ئەم زەمانە، بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانیی خەڵکەوە هەیە.

٤. یەکێ لەو مەسەلە گرنگانەی کە نوێنەری ژنان پێی لە سەر داگرت، مەسەلەی فرە هاوسەری پیاوە، کە لێرەدا ئێمە بە (معلق) ی هێشتومانەتەوە بۆ ئەوەی جەنابت دوابڕیاری لێ بدەی. ئەگەر ئەم بڕیارە بدرێ چەند ماددە و فەقەرەیەکی قانونەکە ئەبێ لەغو بکرێن یان دەسکاری بکرێن.

من خۆم لایەنگری ئەوەم فرەهاوسەریی پیاو بە تەواوی بە پێی قانون لەم قەڵەمرەوەی ئێمەدا قەدەغە بکرێ و، پیاو بۆی نەبێ لە یەک هاوسەر زیانری هەبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥. مەسەلەی تەلاق کە نوێنەری ژنان پێی لە سەر دائەگرت بە دەس هەردولا بێ و، بەرامبەر بەوە ئامادە بون دەس لە مارەیی و نفقە هەڵبگرن، ئێمە موافەقەتمان لە سەر نەکرد.

٦. ئەگەرچی نوێنەری ژنان پێی لە سەر ئەوە دائەگرت کە کچ و کوڕ لە میرات گرتن دا یەکسان بن، بەڵام ئەمیش ئێمە موافەقەتمان لە سەر نەکرد و، وەکو خۆی هێڵرایەوە.

٧. لە هەندێ جێگە باسی ئەهلیەتی شەرعی و قانونی کراوە. بەندە لام وایە بە تەنیا ئەهلیەتی قانونی کافیە و پیویست بە شەرعیەکە ناکات، چونکە:

أ. ئەمە چەکێکی کوشندە ئەبێ بە دەس ئیسلامیەکانەوە بۆ سەندنەوەی ئەهلیەت لە هەمو ئەوانەی یەکێ لە فەریزەکانی ئیسلام، وەکو نوێژ، ڕۆژو، حەج، زەکات... بە جێ ناهێنن.

ب. هەمو قانونەکانی عیراق بە پێی شەرع دارێژراون، لە بەر ئەوە کە قانونی بو شەرعیەیشە.

نەوشیروان مستەفا

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی

سلێمانی، ٣ ی ١ ی ٢٠٠٠

دەزگای ئاسایش

گەورەی بەڕێز

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

پاش سڵاو

لەم کاتەدا کە بەڕێزتان بڕیارتان داوە هەمو قانونەکانی عیراق دەسکاری بکرێن و بگونجێنرێن لە گەڵ جارێ گەردونی مافی مرۆڤ دا بەندە بە چاکی ئەزانم هەندێ بیروبۆچونی خۆم سەبارەت بە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و دادگا، لە وڵاتەکەمان دا بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان:

١. بە داخەوە ئەوەی من لە سەر دەزگای ئاسایش بیستومە، دەزگای ئاسایش لە ناو خەڵک دا خۆشەویست نیە، بەڵکو بۆتە دەزگایەکی ئیرهابی، هاوولاتی ئاسایی، بە تایبەتی ئەوانەی کە پشتیوان و واسیتەیان نیە، لێی ئەترسن.

٢. دەزگای ئاسایش لە کاروباری تایبەتی هاوولاتییان و تەنانەت لە ژیانی تایبەتییان دا تەدەخول ئەکەن.

٣. فۆرمی جۆراوجۆریان ڕێکخستوە لە ناو دائیرەدا بە هاوولاتییانی پڕ ئەکەنەوە. هەندێ لەو فۆرمانە پێوەندییان بە کارەکانی ئەم دەزگایەوە نیە و لە گەڵ جارێ گەردونی مافی مرۆڤ دا ناگونجێن و سوکایەتیە بە کەرامەتی مرۆڤ. وا نمونەیەکی ئەخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ا. بیگومان بەندە ئەمانە نانوسم بۆ ئەوەی لە نرخی دەزگای ئاسایش و ئەو هەمو مەتەی کە بە ئاسایشی گەلەکەمان و یەکیتی کردوە کەم بکەمەوە، بەڵکو بە ڕیز و ستایشکی تایبەتیەوە ئەروانمە ئەو لایەنەی. زۆری ئەوانەیش کە لەوی کاربەدەستن لەو ئەمەرگانەن کە نزیکی من بون و ئیستاش نزیکی منن. بەڵام ئەم دەزگایە کاتیک دروست (انفلاتی امنی) هەبو، پیویستی بەوان بو، ئیستا کۆنترولی ئەمنی وڵات کراوە بۆیە ئەبی ڕوشت و ئەرکەکانی ئەم دەزگایەش بە پێی هەلومەرجی نوی ڕیک بخریتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناتەواوییانە پێشنیار ئەکەم:

١. هەمو ئەو فۆرم و مولحەقی فۆرمانەی ئاسایش ڕێکیان خستوە لە کاتی موراجەعەت ا بە هاوڵاتی ئاسایی پڕ ئەکەنەوە سەرلەنوێ چاویان پێدا بخشێنرێتەوە و ئەوەی لە گەڵ بارێ گەردونی مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ دا ناگونجێن لەغو بکرێن و، ڕێگە نەدرێ بە کاربەدەستانی ئاسایش کاری لەو بابەتە دوبارە بکەنەوە و، ئەگەر کردیان هاوڵاتیان بۆیان هەبێ لە دادگا شکاتیان لێ بکەن.

٢. چاو بە کاربەدەستانی دەزگای ئاسایش دا بخشێنرێتەوە و، کەسانێک کە پیشەکانیان و خوێندنیان پێوەندییان بە کارەکانی ئەم دەزگایەوە نیە بگۆڕدرێن بە کەسانی قانونی و دەرچوانی کلیەکانی پۆلیس، قانون، علمی اجتماع، علمی نفس، علومی سیاسی، ادارە، میژو، زمانی ئینگلیزی... پاش ڕاهینان و مەشق پێ کردن.

٣. لە وڵاتانی دیمۆکراتیدا کۆمیتەیەکی پارلەمانی دائەنرێ بۆ چاودێری دەزگا ئەمنییەکان بۆ ئەوەی لە سنوری قانون دەرنەچن. ئێمە لە بەر ئەوەی حاڵی حازر پارلەمانمان نیە چاک وایە کۆمیتەیەکی سەر بە سوڵتەی قەزایی یان دەزگایەکی سەر بە مافی مرۆڤ چاودێری کارەکانی ئاسایش بکا.

٤. ئەو کەسانەی لە ئاسایش لا ئەبرین ئەکری بگوێزرینەوە بۆ ناو هێزی پیشمەرگە بە تایبەتی پیشمەرگە کۆنەکان کە ئازا و دلسۆز بون بۆ یەکیتی.

٥. بایەخی تایبەتی بدری بە پۆلیس.

ا. هەندی بەشی تازە بکرێتەوە وەکو بەشی مخدرات، تزویر، هەروەها هەیئەتیک بۆ تفتیش.

ب. بەشی (الادلە الجنائیە) بە هەمو کەلوپەلە پیویستەکانیەوە بکرێتەوە.

ج. (مخافری حدودی) دابمەزرێنری.

د. چاویک بە هەمو دەزگاکانیدا بخشێنرێتەوە و ئەمیش بە هەمان شێوەی ئاسایش موتوربە بکری بە خوێنی تازە و بە دەرچوانی جامیعەکان.

ە . بە پێی توانا پیویستیەکانیان لە سیارە، دەمانچە، خولی فیرکردنی لیکۆلینەوە، بۆ دابین بکری.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦. کۆلیجی پۆلیس بۆ پێگەیاندنی ئەفسەر دابمەزرێنرێ.
٧. وەکو چۆن نەخۆشخانەی تایبەت بۆ پیشمەرگە تەرخان کراوە، ئەگەر لە توانادا بێ نەخۆشخانەیەکیش کە تایبەت بێ بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بکرێتەوە.
٨. بایەخی تایبەتی بدرێ بە دادگا.
ا. محکمەی تمییز بەهێز بکرێ و ئەندامەکانی بە پێی قانون زیاد بکرین و، کەسانی لیوەشاوە بۆ الاشراف العدلی، الادعا العام، دیوان التدوین القانونی، رعایە القاصرین دابنرێ.
ب. سەرەتا ١٤ حاکمی تازە بۆ ئەم شوێنانە تعیین بکرێ: بۆ دەوروبەری سلیمانی، کفری، کەلار، هەلەبجەی شەهید، هەلەبجەی تازە، پێنجوین، چوارتا، دوکان، رانیە، قەلادزە، چەمچەماڵ، کۆیە، دەربەندیخان، سەید سادق.
ج. زەمینە خۆش بکرێ بۆ تعیین کردنی هەندێ حاکمی تازە لە سلیمانی بۆ ئەوەی هەندێ لەو حاکمانەی سومعەیان لە روی نەزاهەتەوە زڕاوە، تەقاعود بکرین یان بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی تر.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان مستەفا
سلێمانی، ١١ ی کانونی یەکەمی ١٩٩٩

٧. دوەمین کۆنگرەی گشتی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١/٣٠– ٢٠٠١/٢/٥
٩ ی ٨ ی ٢٠٠٠:

زۆری ئەو هەوڵانەی من ئەیاندەم بە ئەنجام ناگەن. لە ناو م س و لە ناو حکومەتدا لە سەر کاغەز بڕیاری لێ ئەدرێ بەڵام لە سەر ئەرز جێبەجێ ناکرێ یان جێبەجێ ئەکرێ بەڵام وا ئەشێوێنرێ ئەگەر دەستی لێ نەدرایە باشتر بو. سەرانی دەستەبەندیەکانی ناو یەکێتی هەرچی بە قازانجی خۆیان نەبێ تەگەرەی لێ ئەدەن و پەکی ئەخەن، بەڵام زەمینەی ناو یەکێتی تا ئەندازەیەک لە بارە بۆ هەندێ ئاڵوگۆڕ هیچ نەبێ بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی و م س و کەمێ چاکسازی لە ناو حکومەتدا. ئەم نامەیەم لە گەڵ ئەم پرۆژەیەدا دەربارەی گرتنی دوەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی بۆ مام جەلال نارد:

نامە
برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال
سڵاوێکی گەرم و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هیوادارم هەمیشە شاد و سەرکەوتو بن

بە بۆنەی کۆبونەوەی ئەمجارەی سەرکردایەتیەوە بە چاکم زانی بیروڕای خۆمت دەربارەی گرتنی کۆنگرەی دوەمی یەکێتی بۆ بنوسم:

١. ماوەیەکی درێژ بە سەر بەستنی کۆنگرەی یەکەم دا تێپەڕیوە، کە ئەگەر هەلومەرجی کوردستان ئاسایی بوایە ئەبو لە دوای کۆنگرەی یەکەمەوە تا ئێستا چەندین کۆنگرەی تریٰ تێدا ببەسترایە.

٢. پێم وایە هەلومەرجی ناوخۆی یەکێتی و هەلومەرجی سیاسی ئێستای دەوروبەرمان لە بارە بۆ بەستنی کۆنگرە، بە تایبەتی کە ئێستا کێشە و گیروگرگرفت لە ناو یەکێتیدا کەمە و، ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا تا ئەندازەیەکی باش بەرقەرارە.

٣. وا پرۆژەیەک دەربارەی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی دوەم ئەنێرمە خزمەتتان، لەم پرۆژەیەدا ئەوەم لە بەر چاو گرتوە کە پێش کۆنگرەکە زۆری بابەت و کارەکانی گەلاّلە و ئامادە بکرێ و، کێشە و گیروگرفتەکان بەلادا بخرێن، بۆ ئەوەی کەمترین کێشە و گیروگرفت ببرێتە ناو کۆنگرە.

هیوادارم کەڵکێکی هەبێ.

نەوشیروان

لە گەڵ رێزی بێئەندازەی

سلێمانی، ٩ ی ئابی ٢٠٠٠

ئامادەکاری بۆ:

دوەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١. دیاریکردنی کات و شوێنی کۆنگرە:

١. ١. شوێن: قەڵاچوالان، هۆڵی شەهید شەهاب.

١. ٢. کات: دوا حەفتەی ساڵ.

٢. دیاریکردنی بەرنامەی کارەکانی کۆنگرە:

٢. ١. ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی.

٢. ٢. لێدوانی پێڕەوی ناوخۆ.

٢. ٣. لێدوانی پرۆگرام.

٢. ٤. لێدوانی بەڵگەکانی تری کۆنگرە.

٢. ٥. هەڵبژارنەوەی سەرکردایەتی.

٣. پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە بۆ ئەنجامدانی:

٣. ١. ئامادەکردنی شوێنی گرتنی کۆنگرە و شوێنی مانەوەی ئەندام و میوانەکانی.

٣. ٢. ئامادەکردنی تەعدیلی پێڕەوی ناوخۆ و پرۆگرام و هەمو بەڵگەکانی تری کۆنگرە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. ٣. سەرپەرشتی هەڵبژاردنی گشتی نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بۆ کۆنگرە بە پێی ڕێنماییەکانی مەکتەبی سیاسی.

٤. هەڵبژاردن

٤. ١. کردنی هەڵبژاردنێکی تازە بۆ ئەندامێتی کۆنگرە.

هەڵبژاردنی پێشو بۆ ڕێکخستنی مەڵبەندەکان بوە نەک بۆ ئەندامێتی کۆنگرە، لە بەر ئەوە پێویستە هەڵبژاردنێکی تازە بکرێ بۆ ئەندامێتی کۆنگرە.

٤. ٢. دیاریکردنی ئەوانەی مافی بەشداری و دەنگدانیان هەیە لە ناو: مەڵبەندەکانی ڕێکخستن، مەکتەبەکان، دائیرەکانی حکومەت، هێزی پێشمەرگە، ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات دا.

لەمەدا پێویستە ئەم تێبینییانە ڕەچاو بکرێ:

٤. ٢. ١. هەڵبژاردن بۆ هەموان بکرێتە پێوانەی بەشدار بون و دەنگدان.

٤. ٢. ٢. جگە لە ئەندامانی سەرکردایەتی و ئیحتیاتەکانی، ڕێگە نەدرێ بە هیچ کەسێک بە بێ تێپەڕبون بە هەڵبژاردن دا بەشداری بکات، یان ئەگەر لە بەر هەر هۆیەکی مەعقول، بانگ کرا بۆ بەشداربون، نابێ مافی دەنگدانی هەبێ.

٤. ٢. ٣. هەندێ لە دەزگاکانی یەکێتی، بە تایبەتی مەکتەبەکان و دائیرەکان، پڕکراون لە کەسانی تەعینکراو، نەک لە بەر تێکۆشەری و زانایی، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی ژیانیان بۆ دابین بکرێ، بەشدارکردنی ئەمانە بە بێ تێپەڕین بە هەڵبژاردن دا، جۆرێک ئەبێ لە بێعەدالەتی.

٤. ٣. دیاریکردنی نیسبەتی نوێنەرایەتی ئەندامانی یەکێتی لە کۆنگرەدا. پێویستە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە لە ١.٥٠٠ کەس تێ نەپەڕێ و، نیسبەتی نوێنەرایەتی بەوجۆرە دیاری بکرێ کە تەنیا ئەم ژمارەیە بگاتە کۆنگرە.

٤. ٥. بۆ ئەوەی ماوەی دەستێوەردان نەدرێ و هیچ ئەندامێ نەتوانێ دوجار دەنگ بدا، پێویستە:

٤. ٥. ١. هەڵبژاردنی هەمو مەڵبەندەکان و دەزگاکانی تری یەکێتی لە یەک ڕۆژدا لە سەعات ٨ ی بەیانیەوە تا ٥ ی ئێوارە لە بارەگای مەڵبەند یان هەر شوێنێکی تر کە دیاری ئەکرێ، ئەنجام بدرێ.

٤. ٥. ٢. ئەوانەی ئەیانەوێ خۆیان بپاڵێون بۆ ئەندامەتی کۆنگرە بۆیان هەبێ حەفتەیەک پێش ڕۆژی هەڵبژاردن کورتەیەک لە ژیانی خۆیان و پلەی خوێندەواری و تێکۆشانیان بنوسن و، لە سەر لوحەی اعلاناتی مەڵبەند هەڵی بواسن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا دەنگدەران بیانناسن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. ٥. ٣. لە لایەن هەیئەتێکی بێلایەنەوە کە یەکێکیان حاکم بێ سەرپەرشتی ڕەوتی هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان بکرێ.

*

مام جەلال لە پەراوێزی چەپی سەروی نامەکەدا بە خەتی خۆی نوسیوێتی:

هەڤالانی کارگێڕی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

هەمو ناوەڕۆکەکەیم پێ باشە. گەر ئێوەش زیاد و کەمتان هەیە بفەرمون.

دو جاریش ئیمزای کردوە، جارێک لە سەری نوسینەکەیدا و جارێک لە خوارەوەیدا.

*

١٤ ی ١١ ی ٢٠٠٠:

مام جەلال کۆمیتەیەکی پێک هێناوە، بۆ ئامادە کردنی کۆنگرە، هەمویان لەوانەن کە ئەیانەوێ خۆیان دەربچنەوە و دەسەلاتداری ناو یەکێتی بن. لە کاروباری ناو یەکێتیدا نەک بێلایەن نین بەڵکو خۆیان لایەنن. بە چاکم زانی نامەیەک بنێرم بۆ مام جەلال سەرنجی بۆ ئەو کێشەیە رابکێشم. ئەمەش دەقەکەیەتی:

برای گەورەو بەڕێزم مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن

ئەو ڕۆژە کە باسی پێکهێنانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە کرا بڕیار درا: لە هەر مەڵبەندێ یەکێ و لە هەر مەکتەبێ یەکێکی تیدا بێ. لە بەر ئەوەی هەندێ برادەر قسەکانی من بە جۆرێکی کە لێک ئەدەنەوە ئەو کاتە بە چاکم نەزانی هیچ تەعلیقێک بدەم. ئەمڕۆ بە هۆی کاک عومەری سەید عەلییەوە زانیم کە جۆری پێکهاتنی کۆمیتەکە چۆنە. ڕاستیەکەی من هەندێ تێبینیم لە سەری هەیە، هەندێ لە برایانی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیش وەکو قسەم لە گەڵ کردن لەم ڕوەوە لە گەڵ من هاوبیرن، تێبینیەکانم ئەمانەیە بە چاکی ئەزانم عەرزی جەنابتانی بکەم:

١. ئەوانەی بونەتە ئەندامی کۆمیتەکە هەمویان لێپرسراوەکانی مەڵبەند و مەکتەبەکانن، واتە ئەندامی م س یان کۆمیتەی سەرکردایەتین و، حاڵی حازر مەسئولی پلەی یەکەمن لە دەزگاکانی یەکێتیدا. بۆ ئامادەکردنی کۆنگرەیەک کە یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیە، ئەم هەمو ئەندامانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی تیدا بێ، من بە باش و بە ڕاستی نازانم، چونکە ئەگونجێ بوترێ ئەمانە لە ئێستاوە، لە ڕێگەی ئەم کۆمیتەیەوە، زەمینە بۆ هەڵبژاردنەوەی خۆیان خۆش ئەکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۲. کارگێڕی مەڵبەندەکان هەمویان بە هەڵبژاردن هاتون و لە ناو ئەواندا و لە ناو ئەندامانی مەکتەبەکانی ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و دەزگاکانی تردا کادری بە توانا و لێوەشاوە هەیە کە بۆ ئەم کارە ئەشێن، هەقە کۆمیتەکە لە نوێنەرانی مەڵبەندەکان و مەکتەبەکان پێک بهێنرێ نەک لە مەسئولەکانیان، بەڵام ئەندامێکی کارگێڕی م س مەسئولیان بێ. بەمەیش هەم کۆمیتەیەکی بێلایەن دروست ئەبێ کە بنکە ڕێکخراوەییەکانی یەکێتی ئەوسا ناتوانن گلەیی لێ بکەن، هەم کۆمەڵێ کادری کەم ناسراویش لە ناو بنکەکانی یەکێتیدا زۆرتر ئەناسرێن و دێنە پێشەوە.

لە گەڵ ئەوپەڕی ڕێزی نەوشیروان

سلێمانی، ۲۵ ی ئابی ۲۰۰۰

*

ئەم نامەیە سودی نەبو چونکە کۆمیتەکە خۆی داینا بون و، کۆنگرەکەیان بەوجۆرە ساز ئەکرد کە ئەم ئەیویست، نەک بەوجۆرەی من پێشنیارم کرد بو، ئەترسا ئەمجارەش دەسەلاتەکانی کەم بکەنەوە.

*

مام جەلال خۆی، هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە، هەندێ خوی خراپی هەبوە وەکو:

..... (ئوتوسانسوری سبەی کوژاندویەتیەوە)

بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ خوی چاکی هەبوە وەکو:

..... (ئوتوسانسوری سبەی کوژاندویەتیەوە)

لە هەموی خراپتر ئەوەیە "نیفاقی سیاسی" بووە بە نەریتێکی پێڕەوی کراوی کارکردنی ڕۆژانە لە ناو ئۆرگانەکانی یەکێتیدا هەر لە سەرەوەی هەتا خوارەوەی.

*

کۆبونەوە لە گەڵ مەکتەبەکان

لەو چەندانەدا، لە سەر داوای خودی مام جەلال، زنجیرەیەک کۆبونەوەم لە گەڵ ئەندامانی مەکتەبەکان دا ڕێک خست بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و یەکخستنی بیروبۆچونەکان لە سەر کێشەکانی ناو یەکێتی، لە سەر کۆنگرە، جۆری بەستنی، پێڕەوی ناوخۆ، پڕۆگرامی سیاسی، نوێکردنەوەی یەکێتی و، جۆری پێکهێنانەوەی مەکتەبی سیاسی و دەزگا سەرکردەییەکانی.

بۆ هەمو کۆبونەوەکان د بەرهەمان بانگ ئەکرد. بەرهەم تازە گەڕابوەوە بۆ ئەوەی شارەزای دیوی ناوەوەی کارەکانی یەکێتی بێ. لەو کۆبونەوانەدا لە گەڵ دو لە بەرپرسە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

باوەڕپێکراوە نزیکەکانی مام جەلال توشی دەمەقاڵێ بوم. من ئەمویست هەمو پرسیارەکانی خەڵک و ئەندامانی بنکە ڕێکخراوەییەکان بە تۆپکل کراوی لە کۆبونەوەکان دا باس بکەم بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی چارەسەر کردنی دابنێین:

لە گەڵ مەلا بەختیار، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیمۆکراتِیەکان، چەندین مەسەلەمان باس کرد کە پێوەندی بە ڕێکخراوی پیشەییەوە هەبو. لە میانەی قسەکانداا پرسیم: ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بوین چەند جار کەوتوینەتە تەنگانەوە ژمارەمان کەم بۆتەوە مەترسی لە ناوچونمان لە سەر بوە، بەڵام هەرگیز نە کەسمان بە زۆر کردوە بە پێشمەرگە و نە کەسمان بە زۆر هێناوەتە ریزی ڕێکخستنەوە. ئیستا کە نە لە تەنگانەداین و نە مەترسی لەناوچونمام لە سەرە، گەنجێ ٦ ساڵ سەرەتایی ئەخوێنێ، ٦ ساڵ ناوەندیو دواناوەندی ئەخوێنێ، ٤ ساڵ لە زانکۆ ئەخوێنێ، کە خوێندن تەواو ئەکا هەزار دالّغە و خەیاڵ و خولیا و ئارەزو لە سەریدایەتی. ئەیەوێ دابمەزرێ موچەیەک وەربگرێ بەشی ژیانی بکا. ئەیەوێ ژیانی خێزانی دامەزرێنێ، ئەیەوێ خانوی هەبێ تیا بژی، ئەیەوێ هاوسەر بگرێ... ئێمە بەو وەزعەوە کە هەمانە ناتوانین هیچ کام لەو پێویستیانەیان بۆ دابین بکەین. کە ئەوە ناتوانین بکەین بۆچی بە زۆر "ئیستیمارەی ئینتیما" ی پێ پڕ بکەینەوە، بە بێ ئارەزوی خۆی بیکەن بە ئەندامی یەکێتی تەنیا بۆ ئەوەی دابمەزرێ.

مەلا بەختیار هەڵچو، وتی: زانیاریەکەت راست نیە. ئێمە بە زۆر کەس ناکەین بە یەکێتی.

وتم: زانیاریەکەی من راستە و چەندین بەڵگەم بە دەستەوەیە. ئەو هەر نکولی لێ کرد بۆ ئەوەی نەبێ بە شەڕ، بێ ئەوەی بگەینە هیچ کۆبەندیەک، کۆتاییمان بە کۆبونەوەکە هێنا.

*

لە گەڵ ئەرسەلان بایز، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن و، بەرپرسی ئامادە کردنی کۆنگرە، چەندین مەسەلەی ڕێکخراوەییمان باس کرد، باسی مەڵبەندەکان و مەکتەبەکان، هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنەی سیاسەتی یەکێتی، لە میانەی قسەکانداا پرسیم: ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی بە تەمان هەتا کەی لەو شوێنانەی خۆیانداا بمێننەوە ڕێگە نەدەن بە ئەندامی نوێ، بە تایبەتی گەنج، بێنە ناو دەزگا سەکردەییەکانەوە.

جەوی کۆبونەوەکە گرژی تێکەوت. بۆ ئەوەی نەبێ بە شەڕ، بێ ئەوەی بگەینە هیچ کۆبەندیەک، کۆتاییمان بە کۆبونەوەکە هێنا.

ئەوانەی م س زۆربەیان بەستنی کۆنگرەیان پێ خۆش نەبو. نەیان ئەویست جارێکی تر بچنەوە بەردەم هەڵبژاردن. ئەیانویست تا هەتایە لە پایەکانی خۆیانداا بمێننەوە.

ئەرسەلان و مەلا بەختیار ئەوەیان کرد بە بیانو هانایان بۆ مام جەلال برد کە:

من هەڤاڵان ئیهانە ئەکەم

بەم جۆرە گفتوگۆیە ریزەکانی یەکێتی تێک ئەچێ، پشێوی تێ ئەکەوێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

من ئەمەوێ یەکێتی تێک بدەم.

مام جەلال، لە سەر شکاتەکەی ئەوان، بێ هیچ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەیەک، کۆبونەوەکانی راگرت. من ئەمەم بە لایەنگریی ئەوان و بە ئیهانەم دانا بۆ خۆم. جارێکی تریش بەڵێن و کار و کردەوەکانیم هاتەوە بەرچاو. جارێکی تریش بە کردەوە دەسەلاتەکانی خۆی خراپ بە کار هێنایەوە و، سەلماندیەوە ئەوەی ئەیڵێ جیاوازە لەوەی ئەیکا.

بیرم کردەوە چی بکەم:

ئەمجارەش برۆمەوە بۆ دەرەوە؟

بێدەنگی هەڵبژێرم؟

فەرمانە ناڕاستەکەی جێبەجێ بکەم دەس لە درێژە پێدانی کۆبونەوەکان هەلبگرم؟

بە گژیانا بچمەوە؟

وازیان لێ بهێنم، بە تایبەتی هێشتا هیچ زەمینەی ڕێکخستن یا ئاڕاستە کردنی هیچ جۆرە ناڕەزاییەکی کاریگەر دروست نە بوبو؟

بڕیارم دا واز بهێنم و، بیر لە ڕێگەیەکی تری کار بکەمەوە.

من لە دڵی خۆم دا خەریکی تاووتوێ کردنی ئەو باسانە بوم نامەیەکی مام جەلالم بۆ هات.

٤ ی ١١ ی ٢٠٠٠

ئەمڕۆ مام جەلال نامەیەکی درێژی بۆ ناردم. لە نامەکەدا بە لایەکی دا ستایشی زۆری کردوم و دەوری منی لە یەکێتی دا بەرز کردۆتەوە، بە لایەکی تری دا هێرشێکی دوژمنانەی توندی کردۆتە سەرم. هەمو ئەو قسە و قسەڵۆکە ناڕاستانەی چەند وەختە ناحەزەکانم لە ناو باڵە ناکۆکەکانی یەکێتی دا و لە ناو خەڵک دا بڵاوی ئەکەنەوە گوێیا من دژی هەولێری و کەرکوکی و بادینی و یەزیدی و پێشمەرگەی کۆن و ژن و عەرەب و چی و چی... م ئەم لەم نامەیەدا هەموی بە کوردیەکی ڕون و ڕەوان لە دژی من "تەوسیق" و "تەقنین" کردوە. لە مێژ بو ئەم بیستەوە و، گومانم ئەکرد ئاشی بەرهەمهێنانی سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی زۆری ئەو قسە و باسانە هاوڕێکانی خۆم بن، ئەم نامەیە گومانەکەی کردم بە یەقین.

*

ئەم نامەیە ئەشێ بەشێ بێ لەو جەنگە نهێنی و ژێر بەژێرە پروپاگەندەییەی لە دوای ڕاپەڕینەوە بە جۆرێکی سیستەماتیک لە ناو یەکێتیو دەرەوەی دا کاری لە سەر ئەکرد بۆ جێگیرکردنی خۆیو هەڵکەندنی من. لە پێش کۆنگرەی یەکەمەوە دەستی پێ کرد بو، لە ڕۆژانی کۆبونەوەکانی کۆنگرەی یەکەمدا بە فراوانی کاری بۆ کردو، دوای کۆنگرەش تا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێستا دریژەی پێ ئەدا. ئەم نامەیەش نمونەیەکیتی. ئەگینا کەسێک پانزە ساڵی خۆشترین قۆناغی تەمەنی بە پێشمەرگایەتی لە شاخەکانی کوردستانـدا بەسەر بردبێو، لە جزیرەی سوریاوە بە پێ سنورەکانی سوریا، تورکیا، عیراقو سنورەکانی ئێرانو تورکیاو عیراقی پێوا بێو پەیوەندی هاورێیەتی لەگەڵ سەدان تێکۆشەری سەرانسەری کوردستان دروست کردبێ، ئەچێتە عەقڵی کێوە ئەو کەسە رقی لە هەولێرێو کەرکوکیو بادینی بێ.

لە خۆمم پرسی:

- تۆ بڵێی ئەم هەمو ساڵە من شێت بوبم بۆیە داومەتە شاخ؟

- تۆ بڵێی کەسی دێوانەی خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمانەکەی نەبێ کە کەرکوکو هەولێرو بادینان، بەشێکین بتوانێ بەرگەی پانزە ساڵی ژیانی پێشمەرگایەتی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس بگرێ؟

- تۆ بڵێی ئەو هەموو جەولەو شەروشۆرو ناخۆشییانەی لە ناوچەکانی هەولێر کردومەو زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەو کادیرو فەرماندەکانی هەولێرو خۆشناوەتیو بااڵکایەتی کە تا ئێستاش لە نزیکترین هاورێکانمن ڕاست نەبێ؟

لە خۆمم پرسی:

- ئایا ئەتوانم لەگەڵ کەسێک دا کاری جدی بکەم کە هەمو بۆچونەکانی منی لەسەر گۆڕینی شێوازی سیستمی کاری حیزبایەتی کورت کردۆتەوە بۆ ئەم شتە شەخسیانە کە هیچیان راست نین؟

- ئایا ئەتوانم لەگەڵ سەرکردەو کادرانێکی وادا کار بکەم کە لە جیاتی بیرکردنەوە لە چاککردنی ڕێکخستنی حیزبو داوودەزگاکانی، کەوتونەتە ململانێیەکی قێزەون بۆ پارێزگاری لە دەسەڵات و بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆیان؟

- ئایا ئەتوانم دریژە بە کارکردن بدەم لەگەڵ سەرکردەیەکدا کە بە هاوکاری ئەوانەی لە خۆیەوە نزیکن بەردەوام پروپاگەندەی دوژمنانە بۆ هەر قسەیەکی من ئەکەن کە بێ مەبەست یان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو وتومە؟

ئەوانە هەموو هەولێکی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک چەواشە بکەنو بیروبۆچونەکانی منو هەوڵەکانی من بۆ ڕیفۆرمی ناوخۆی یەکێتی بە خراپ پیشان بدەنو بە ئاقارێکی تری دا ببەن.

- من باسی چاککردنی ئەدائی حکومەت ئەکەم ئەوان ئەڵێن رقی لە هەولێرە، لە بادینانە، لە کەرکوکە.

- من باسی چاککردنی ئەدای ئاسایش، ڕێکخستنو ڕێکخراوەکان ئەکەم، ئەوان ئەیخەنە قالبی تۆڵەو رقو قینەوە....

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- من ئەمەوێ ئەم ئەزموونە ستالینییەی حیزب کۆتایی بێ‌و حیزبێکی داوودەزگای مۆدێرن دروست بکەین، ئەوان پروپاگەندەی موچەبڕین‌و دەرکردن‌و تۆڵەکردنەوەم دوا ئەخەن.

- من بیر لە تازەکردنەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئەکەمەوە، ئەوان ئەچن ئەمە وەک تۆڵەکردنەوە پیشانی ئەم‌و ئەدەن.

- من ئەمەوێ ئەخلاقی بەزۆرکردنی خەڵک بە حیزبی‌و تەزکیە نەهێڵین، ئەوان پروپاگەندەی خەڵک شکان‌و قسەی رەقم دوا ئەخەن.

لەم نامەیەوە ئیتر بە باشی‌و بێ هیچ گومان‌و دوودڵیەک تێگەیشتم کارکردن لەگەڵ ئەمانەدا ئاسنی سارد کوتانە. باسی هەر شتێک بکەیت‌و دەست بۆ هەر شتێک بەریت چەندان لێپرسراو بە فیتی ئەم دژی ئەوەستن‌و ناهێڵن هیچ کارێکی تیا بکەیت.

دوای ئەو هەموو پرسیارە ئەشێ جارێکی تر بتوانم لە گەڵ ئەم کابرایە کار بکەم؟

لەم وڵاتانەدا سەرکردە کە دروست ئەبێ، بە هەر بارێکدا بگۆڕێ، گۆڕینی ستەمە، مەگەر فریشتەی گیانکێشان، حەزرەتی ئیزرائیل، دەستاودەستی هێمنانەی دەسەڵات دەستەبەر بکات. جەمال عەبدوناسر لە میسر، ماوتسی تۆنگ لە چین، مەلا مستەفای بارزانی لە کوردستان، تا خۆیان نەمردن، لە دەسەڵات نەکەوتن، تەنانەت لە هەندێ وڵاتی ئەورووپی‌دا گەلان بە رێگەی دیمۆکراتی نەیانتوانی ئەو گۆڕینە بکەن: فرانکۆ لە ئیسپانیا، سالازار لە پورتوگال، تیتۆ لە یۆگۆسلاڤیا، تا خۆیان نەمردن هیچ حیزب و هێزێ نەیتوانی بیان گۆڕێ.

بۆ ئەوەی ئازاد بم لە قسە و هەڵسوکەوتی خۆم دا بڕیارم دا وازهێنانی خۆم لە یەکێتی بە مام جەلال و م س بە نوسین رابگەیەنم:

*

نامە بۆ م س

بەڕێز: مەکتەبی سیاسی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سڵاوێکی گەرم و،

بە هیوای سەرکەوتنتانم لە خەبات و تێکۆشان دا

بەم نامەیە ئەمەوێ وازهێنانی خۆم لە ئەندامەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پچڕاندنی هەمو جۆرە ئیلتیزامێکی سیاسی و رێکخراوەیی لە گەڵی بە ئیوەی بەڕێز ڕابگەیەنم.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان مستەفا ئەمین

سلێمانی، ٦ ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

وەڵامی یەکەمی مام جەلال

هەڤاڵ و برای خۆشەویستم کاکە نەوەی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشیتانم داوایە.

هەر ئێستە نامەکەتانم وەرگرت. زۆرسوپاس. تکاو داوای برایانەم ئەمەیە: پەلە مەکەن لە بڕیاری توندوتیژ و "قاتیع". مادام مەسەلەکە لە نێوان خۆموخۆت دەستی پێ کراوە، با پێکەوە تێری بکەین بە نامە و قسەکردن ئەوسا بڕیاری وا بدەن. من نەختێ نەخۆشم ئەگینا ئەهاتم بۆ لاتان.

هەرچۆنێ بێت (صبری انقلابی) باشە.

هەر بژی بۆ

برای دێرین و دلسۆزتان مام جەلال

٢٠٠٠ \ ١١ \ ١١

*

من وەڵامی ئەم نامەیەم نەدایەوە و، فەرامۆشم کرد.

نامەیەکی درێژی تری بۆ ناردم کە زۆر زیاتر لە نامە درێژەکەی تر ستایش و پیاهەڵدانی تێدا بو. وەڵامی ئەویشم نەدایەوە. من لە لای خۆمەوە بیدەنگیم لێ کرد.

ئیتر هیچ هیوایەکم بە ئیسڵاحاتی مام جەلال نەما. بۆم دەرکەوت هەمو ئەو هەوڵانەی من لە گەڵ ئەوی ئەدەم بێ هودەیە و، هەمو ئەو شتانەی ئەویش دەربارەی بژار و چاکسازی و پاکسازی ئەیڵێ هەموی قسەی روتە:

- بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی، تەواوی بێ مشتومڕی، خۆیەتی بە سەر یەکێتی و پێشمەرگە و حکومەتدا.

- بۆ ترساندنی گەندەڵەکانە بۆ ئەوەی بێنەوە ژێر باری گوێڕایەڵی ئەو.

- بۆ دامرکاندنەوەی ناڕەزایی خەڵک و ئەندامانی یەکێتی و پێشمەرگەیە.

لە بەر ئەوە بڕیارم دا فەرامۆشی بکەم و چیتر خۆمی پێوە ماندو نەکەم. وەڵامی نامەکەیم نەدایەوە. ئەگەر جاران جاروبار لە هەندێ کۆبونەوەی م س دا ئامادە ئەبوم ئیتر بە یەکجاری وازم لێ هێنا ئامادەی هیچ کۆبونەوەیەکی م س نەبوم. لەوەوپێش زۆر کەم سەردانی مام جەلالم ئەکرد وازم لەو کەمەیش هێنا. بە تەواوی خۆمم لێ دورخستەوە.

*

لەو ماوەیەدا هەم سەلاح رەشید، کە وەزیری مافی مرۆڤ و، هەم شازاد سائیب کە وەزیری کشتوکاڵ بو، لە گەڵ من لە هەمان ماڵ ئەژیان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شازاد بە نابەدڵی لە ژێر گوشاری مام جەلاڵدا وەزارەتەکەی قبوڵ کرد بو. پێش ئەوە نوێنەری یەکێتی بو لە تورکیا. زۆر کەم هاتوچۆی مام جەلالی ئەکرد.

سەلاح لە هەمومان زیاتر هاتوچۆی مام جەلالی ئەکرد. رۆژێکیان سەلاح پێی راگەیاندم مام جەلال پێی وتوە کە ئەگەر شەو لە ماڵ بم، مام جەلال ئەیەوێ بۆ قسە کردن بێتە سەردانم. پێم وت باشە لە ماڵ چاوەڕێی ئەکەم، بەڵام پێم خۆشە وەکو شایەت بۆ مێژو: تۆش و کاک شازادیش لە دانیشتنەکەدا بۆ گوێگرتن دابنیشن.

ئیوارە مام جەلال هات. سەلاح خۆی دزیەوە زوتر لە ماڵ دەرچو بو بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبونەوەکە نەبێ. شازاد مابوەوە، دوای ئەوەی ئیزنمان لە مام جەلال وەرگرت، ئەویش لە کۆبونەوەکەدا لە گەڵمان دانیشت.

وتی: من دەس پێ بکەم یا تۆ؟

وتم: داواکە هی خۆتە فەرمو جەنابت دەس پێ بکە!

وتی: من بە نامە، بە خەتی خۆم و بە قەڵەمەکەی خۆم، رەئی خۆمم لە سەر تۆ نوسیوە، ئەمەوێ بزانم رەئی تۆ لە سەر من چیە و چی بکەین.

وتم: لێرە بم یا لە هەر جێگایەکی دنیا بم دژی تۆ نابم. ئیستا جەنابت کەسی یەکەمی وڵاتی، سەرۆکی هەرێمیت، سکرتێری گشتی یەکێتیت، فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیت، ئەتوانی فەرمانی کوشتنم دەر بکەی، فەرمانی گرتنم دەر بکەی، فەرمان بکەی وڵات بە جێ بێڵم. گەردنت ئازاد بێ هەر فەرمانێکیان دەر ئەکەی من بێ بەرگری جێبەجێی ئەکەم، بەڵام بەوپەڕی سەراحەتەوە ئەڵێم: باوەڕم نە بە خۆت و نە بە قسەکانت و نە بە حیزبەکەت و نە بە سەرکردایەتیەکەی نەماوە. نە دژتان ئەبم و نە ئیشتان لە گەڵ ئەکەم.

بەمە کۆتاییمان بە قسەکانمان و بە دانیشتنەکەمان هێنا.

لە رۆژانی ٣٠ ی ١ تا ٥ ی ٢ ی ٢٠٠١ دوەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی بەسترا:

من لە دانیشتنی یەکەمی رۆژی یەکەمی کۆنگرەکەدا، بۆ پیشاندانی یەکریزی یەکێتی، لە ریزی "دەستەی دامەزرێنەر" ی یەکێتی دا، لە سەر خواستی زۆر لە دۆست و هاوڕێکانم، بەشدار بوم. ئەگەرچی لە نزیکەوە چاودێری کۆنگرەم ئەکرد، بەڵام لە هیچ لێژنە و چالاکیەکی کۆنگرەکەدا بەشدار نەبوم. دوای کۆنگرەش هیچ پۆستێکی حیزبی یا حکومەتیم وەرنەگرت.

دەستەبەندیەکانی ناو یەکێتی، بە رێگای پیلانی ژێربەژێر، هەر یەکەیان خەریکی دەرچواندنی نوێنەرەکانی خۆیان بون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێوەرێک نەبو بۆ ئەندامەتی کۆنگرە. مام جەلال، کۆسرەت، ئەرسەلان، "باج" یان بۆ حیمایەکانی خۆیان دابین کرد بەشداری دەنگدان بن. سەدان کەسیان هێنا بە ناوی نوێنەرانی رێکخستنە نهێنیەکانی هەولێر، کەرکوک، بادینانەوە بۆ دەنگدان.

مام جەلال، پێڕەوە کۆنەکەی بە ئارەزوی خۆی دارشتەوە، هەمو دەسەلاتەکانی لە دەستی خۆیدا کۆ کردەوە.

سەرکردایەتیەک هەڵبژێردرا مام جەلال بە تەواوی فەرامۆشی کردن و، بێ پرس و ئاگاداری ئەوان ئەندامانی م س دانا.

*

کاتێ رۆژانە رووداوەکان و باری سەرنجی خۆمم بە زەقی و رەقی تۆمار ئەکرد، هەمیشە ئەم بەیتە شیعرەی "نالی" م لە دڵی خۆمدا ئەوتەوە:

دڵم بەردە، ئەگەر شاخە، بە چاوی سوکیی مەنواڕێ
بە خۆڕایی نەسوتاوە، ئەمیشە کێوی تورێکە!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یادداشتی رۆژانەی
مەجلیسی حوکم
(تەموزی ٢٠٠٣ – مارتی ٢٠٠٤)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەرگایەک بۆ ناو باسەکە

رۆژی ٩ ی ٤ ی ٢٠٠٣ هێزەکانی ئەمەریکا گەیشتنە ناوشاری بەغداد. وەکو نیشانەی کۆتایی دەسەلاتی بەعس گەورەترین پەیکەری صەدام کە لە ساحەی فیردەوسدا بە پێوەبو داگیرا.

صەدام و رژیمی بەعس گەلی عیراقیان ئەوەندە لاواز و کەساس کردبو، بەبێ یارمەتی هێزەکانی ئەمەریکا، نەیانتوانی ئەو پەیکەرە بشکێنن، یا دابیگرن.

رۆژی ٢١ ی ٤ ی٠٣ سەرۆک بوش جەنەرالی خانەنشین (جای گارنەر) ی بە بەرپێوەبەری دەزگایەک دانا، بۆ بەرپێوەبردنی کاروباری عیراق بە ناوی:

"مکتب اعاده الاعمار والمساعدات الانسانیه": ئۆرها

(Office of Reconstruction and Humanitarian Assistance)

بۆ سەرپەرشتی کاروباری عیراق، گارنەر هاتە عیراق و دەستی بەکار کرد. جەنەرال برۆس، نوێنەری بریتانیا، بە یاریدەدەری دانرا.

دوای دانانی گارنەر نەتەوەپەرستەکانی عەرەب بە توندی لە دژی ئەو کەوتنە خوێندن. بەوە تاوانباریان ئەکرد کە سەهیۆنیە و دۆستی ئیسرائیلە. راستییەکەشی ئەوە بو: گارنەر ئەمەریکی بو، وەکو هەمو ئەمەریکیەکی تر دژایەتی جو و ئیسرائیلی نەئەکرد، ئەگینا خۆی جو نەبو، مەسیحی بو.

جای گارنەر سالی ١٩٩١ لە گەل هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، لە چوارچێوەی "چەکوشی ئامادە" دا: (poised hammer) هاتبوە عیراق بۆ دامەزراندنی "پەناگای ئەمین": (save heaven) و "ناوچەی نەفڕین": (no-fly zone). ماوەیەک لە کوردستان ژیا بو. دۆستایەتی لە گەل زۆر لە سەرانی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری کورد دامەزراند بو، شارەزایی لە کاروباری کورد و عیراقدا پەیدا کردبو.

جای گارنەر سەردانی کوردستانی کرد. پێشوازی گەرمی لێکرا. داوای لە دۆستە کوردەکانی کرد بچنە بەغداد. بە کاریگەری لە دامەزراندنی عیراقی نوێ دا بەشدار بن. ئامۆژگاریی گروپی ٥ ی کرد بنکەی جەماوەریی خۆیان فراوان بکەن. لە باتی ئەوەی بەو ژمارە کەمە بمێننەوە ٢٠ تا ٢٥ گروپی تری عیراقی بەشدار بکەن. کۆنگرەیەکی فراوان لە نوێنەرانی حیزب و رێکخراو و کەسایەتی سیاسی و ئاکادیمی و دینی و عەشائیری عیراق ببەستن. لەو کۆنگرەیەدا وەزارەتێک هەلبژێرن بۆ بەرێوەبردنی کاروباری عیراق.

بەرێوەبەرایەتی ئەمەریکی ماوەی چەند سالێ بو لە گەل موعارەزەی عیراقی بە ئاشکرا گفتوگۆ و هاوکاری ئەکرد. لە قانونی رزگارکردنی عیراقدا، کە کۆنگریسی ئەمەریکی دەری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردبو، ناوی پێنج لە ڕێکخراوەکانی موعارەزەی عیراقی هاتبو، کە ئەمەریکا ڕەفتاریان لە گەڵ بکا، ئەو پێنج ڕێکخراوەش: (المؤتمر الوطني العراقي، حركه الوفاق الوطني، المجلس الاعلى للثوره الاسلاميه فى العراق، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) بون. ئەم پێنج ڕێکخراوە دواتر بە گروپی پێنج ناسران.

لە نێوان گروپی پێنج و کاربەدەستانی ئەمەریکی دا چەندین کۆبونەوە و گفتوگۆ کرا، هەر لایەک بە تەنیا و هەندێ جار نوێنەرانی گروپی پێنج لە لایەک و نوێنەرانی ئەمەریکا و بریتانیا لە لایەکی ترەوە.

هەر لە سەرەتاوە ئەمەریکیەکان ئامۆژگاریی گروپی پێنج یان کرد، پارت و ڕێکخراو و لایەن و کەسایەتی تری عیراقی بەشدار بکەن و بنکەی سیاسیی خۆیان فراوانتر بکەن. نوێنەرانی گروپی پێنج زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ لە بەغداد کۆبونەوەی بەردەوامیان کرد بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکەی گارنەر سەبارەت بە فراوانکردنی گروپی پێنج و کۆکردنەوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانی فراوان و پێکهێنانی وەزارەت، لە هەندێ کۆبونەوەدا هەردو سەرکردە: تالەبانی و بارزانی-یش بەشدار ئەبون. ئەو دەم، هەمو ئەندامەکانی گروپی پێنج مافی ڤیتۆیان هەبو، ئەبو هەمو بڕیارەکان بە گشتیی دەنگ بدرێن. نوێنەرانی "المجلس الاعلى للثوره الاسلاميه فى العراق" کە تازە لە ئێرانەوە هاتبونەوەو لە ناو خەڵک دا بنکەیەکی جەماوەریی ئەوتۆیان نەبو، دژی پرۆژەکەی گارنەر وەستان. لە پاش مشتومڕێکی چەند حەفتەیی ئینجا رازی بون دو گروپی تر بەشدار بن: حیزبی دەعوەی ئیسلامی، بالّی د- ئیبراهیم جەعفەری و حیزبی وەتەنی دیمۆکراتی نەسیر چادرچی.

لەو ماوەیەدا عیراق بێ حکومەت بو. عیراق وەکو دەوڵەت و وەکو گەل لە بۆشایی دا ئەژیا. نە ئەمەریکا ئەو بۆشاییەی پڕ کردبوەوە، نە گروپی پێنج، کە دۆستی ئەمەریکا بون، گەیشتنە هیچ ئەنجامێ بۆ جۆری پڕکردنەوەی. ئەمەریکا پێویستی بە دەسەلاتێکی قانونی هەبو لە عیراق دا تا بتوانێ نەوت بفرۆشێ و لە داهاتی عیراق موچەی فەرمانبەران بدا و خەرجی کاروباری خزمەتگوزاری دابین بکا. هەندێ ناوەندی بڕیاردانی ئەمەریکی گەیشتنە ئەو باوەڕەی عیراقیەکان خۆیان، بە تایبەتی سەرانی موعارەزەی عیراقی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕابونەوە، جارێ توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیان نیە. بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکی، بە ئامۆژگاری دیپلۆماتەکانی ئینگلیز، پرۆژەیەکیان ئامادە کرد و خستیانە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، کە خۆیان وەکو "دەسەلاتی داگیرکەر" کاروباری عیراق بەڕێوەببەن.

زۆری پێنەچو ئۆرها هەڵوەشێنرایەوەو گارنەر لابرا، چونکە لەو ئەرکەدا کە پێی سپێردرا بو سەرکەوتو نەبو. ئەمەریکاش سیاسەتی خۆی گۆڕی لە "ڕزگارکەر" ەوە بو بە "داگیرکەر".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێکهێنانی "سلطه الائتلاف المؤقته"

ڕۆژی ٦ ی ٥ ی ٠٣ له باتی ئۆرها "سلطه الائتلاف المؤقته: ڵێره به دواوه بۆ کورتکردنەوه ئەنوسم: سام (سلطة الأئتلاف المؤقته)" (Coalition Provisional Authority) بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عیراق دامەزرێنرا و سەرۆک بوش سەفیر (پۆل بریمەر) ی دانا به بەڕێوەبەری. بریمەر له گەڵ هێزی کیسینگەر کاری کرد بو، گۆیا پسپۆڕی بەرەنگاری تێرۆرە.

ڕۆژی ٣ ی ٥ ی ٠٣ بریمەر گەیشته بەغداد و دەستی به کار کرد. له جیگەی جەنەرالی بریتانی بروس، سەفیر جۆن ساوەرز بو به یاریدەدەری بریمەر.

ئەم ئالوگۆڕانه تا ئەندازەیەکی زۆر پێوەندی به ململانێی نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و سیاوه هەبو. هێشتا دەزگا جیاوازەکانی ناوەندی بڕیاردان له ئەمەریکا سیناریۆیەکی هاوبەشیان نەبو بۆ جۆری بەڕێوەبردنی عیراق.

بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ ی ٢٠٠٣ ی ئەنجومەنی ئاسایش هێزی هاوپەیمانانی له عیراق دا وەکو "دەسەلاتی داگیرکەر" ناساند، ئیتر خۆیان راستەوخۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عیراقیان گرته ئەستۆ.

ئەم پرۆژەیه بۆ هەمو هێزە عیراقیەکان جۆرێ بو له "خیبه أمل" بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکاو بەڵێنەکانی بوش و کاربەدەستانی تری ئەمەریکا دەربارەی ڕزگارکردنی عیراق له دیکتاتۆریەتی سەدام و کردنی عیراق به نمونەیەکی دیمۆکراتی له ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا.

لەو کاتەدا تالەبانی له بەغداد بو. بۆ یەکترناسین و گفتوگۆ کاربەدەستانی نوێی سوڵتەی ئیئتیلافی به جیا دەعوەت کرد بۆ ماڵەکەی خۆی.

ڕۆژی ١٩ ی ٥ ی ٠٣ له قەسری موئتەمەرات کۆبونەوەی هاوبەشی کاربەدەستانی سوڵتەی ئیئتیلاف و بەرپرسەکانی گروپی ٧ کرا.

له لایەن هێزی هاوپەیمانیی ناودەوڵەتیەوه: سەفیر پۆل بریمەر (ئەمەریکی)، سەفیر راین کرۆکەر (ئەمەریکی)، سەفیر ساوەرز (ئینگلیزی) و چەند جەنەرالێکی ئەمەریکی و ئینگلیزی و هەندێ له کاربەدەستەکانی تریان و

له لایەن هێزە عیراقیەکانەوه: لایەنەکانی موعارەزەی عیراقی جاران. له یەکێتی جەلال تالەبانی و محەمەد تۆفیق ڕەحیم و من، له پارتی مەسعود بارزانی و هوشیار زێباری، له موئتەمەر د. ئەحمەد چەلەبی و د. گۆران تالەبانی، له ویفاق د. ئەیاد عەلاوی و نوری بەدران، له مەجلیس د. عادل عەبدولمەهدی و د. حامید بەیاتی، له وەتەنی دیمۆکراتی نەصیر چادرچی، له دەعوه د. ئیبراهیم جەعفەری.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کۆبونەوەکەدا باس لە پرۆژەکەی ئەمەریکاو بریتانیا کرا کە درابو بە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و لەو پرۆژەیەدا خۆیان بە دەسەلاتی داگیرکەر ناساندبو. ئەم پرۆژەیە بۆ هەمو هێزە عیراقیەکان جۆرێ بو لە (خیبە أمل) بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا و بەڵێنەکانی بوش و کاربەدەستانی تری ئەمەریکا.

هەمو لایەنەکان ناڕەزایبان دەربڕی لە هەمویان زیاتر تالەبانی.

تالەبانی لە قسەکانی دا وتی: "بە پێی ئەم بڕیارە عیراق سیادە و سەربەخۆیی نامێنێ، دەسەلاتی بەسەر داهاتی دا نامێنێ، نوێنەرایەتی دیپلۆماسی نامێنێ... ئەمەش لە گەل بەڵێنەکانی هاوپەیمانان یەک ناگرێتەوە کە بە ناوی ڕزگارکردنەوە جەنگیان دەس پێ کردو هاتنە عیراقەوە. عیراق وڵاتێکی زۆر ئالۆزە و حوکم کردنی زۆر زەحمەتە بە عیراقی نەبێ حوکم ناکرێ و ئێوە توشی گیروگرفتی زۆر گەورە ئەبن.

"ئێمە دۆست و هاوپەیمانی ئێوەین. ئێوە سەرکەوتنێکی جەنگیی زۆر گەورەتان بە دەس هێناوە، بەڵام ئەمە یەک لایەنی سەرکەوتنە و بێ سەرکەوتنی سیاسی ناتەواو ئەبێ. پێمان خۆشە کاتێ عیراق بەجێ ئەهێڵن سەرکەوتنی تەواوتان بەدەس هێنابێ، ئەوەش هەر بەوە ئەبێ کاروباری عیراق بدەنە دەس عیراقیەکان خۆیان و ئێوە یارمەتییان بدەن".

لە ناوەڕاستی قسەکانی دا من چرپانم بە گوێیدا وتم: "چ قازانجێکی ئێمەی کورد لە بەربەرەکانێ بڕیاری ئەمەریکی دایە، ئەمە ئیشی عیراقییەکانە داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن، با ئێمە لە سەر شتی کوردی بە دەنگ بێین." بەڵام گوێی لێ نەگرتم لە سەر ڕەخنەکانی بەردەوام بو.

بریمەر و ساوەرز هەردوکیان داکۆکییان لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد. زۆر مەغرور و بێمنەت بون. بایەخێکی ئەوتۆیان بە ڕەخنە و ناڕەزایی ئامادەبوان نەدا.

*

لە پشتی پەردەوە گفتوگۆ دەستی پێ کرد. بۆ پشتیوانی و هاوکاری "سلطه الائتلاف المؤقته: سام" بریمەر پێشنیازی کرد دەزگایەک لە عیراقیەکان پێک بهێنن بە ناوی "المجلس الاستشاری" هوە. چەند ڕۆژێ باسی ئەم مەجلیسە و ئیشەکانی و دەسەلاتەکانی کرا. گروپی پێنج قبوڵیان نەکرد و ئامادە نەبون بەشداری تێدا بکەن.

بریمەر ناوەکەی گۆڕی بە "المجلس السیاسی" چەند ڕۆژێکیش باسی ئەم مەجلیسە و ئیشەکانی و دەسەلاتەکانی کرا. گروپی پێنج ئەوەشیان قبوڵ نەکرد.

پێکهێنان و پێکهاتەی "مجلس الحکم"

پاش گفتوگۆ و هێنان و بردنێکی زۆر لە سەر پێکهێنانی دەزگایەک پێکهاتن بە ناوی "مجلس الحکم، لێرە بە دواوە بۆ کورتکردنەوە ئەنوسم: مح (مەجلیسی حوکم)". مح دەسەلاتەکانی زۆر نەبو. لە سەرەتاوە باس لە "ڤیتۆ" ی بریمەر ئەکرا. بریمەر خۆی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەندامانی مح ئەیانوت "ڤیتۆ" لە گۆڕێ نیە، بەڵام راستیەکەی ئەوەبو بریمەر دەسەڵاتی پەکخستنی هەمو بڕیارەکانی مح ی هەبو، چونکە هەر بڕیارێکی مح ئەگەر بریمەر موافەقەتی لە سەر نەکردایە و ئیمزای نەکردایە جێبەجێ نەئەکرا.

ڕێک کەوتبون لە سەر ئەوەی ژمارەی ئەندامانی مح ٢٥ کەس بێ... پێک بێ: ١٣ ئەندام لە شیعەی عەرەب و ٥ ئەندام لە سوننەی عەرەب و ٥ ئەندام لە کورد و ١ ئەندام تورکمانی سوننە و ١ ئەندام مەسیحی. لە سەر چ بنچینەیەک ئەم ژمارەیە و ڕێژەی بەشداربونی نەتەوە و دین و مەزهەبەکان و لە سەر چ بنچینەیەک ناوی ئەندامەکان دیاری کرابون، لە راستی دا من ئاگادارییەکی دروستم بە دەستەوە نیە، ئەوە مەگەر هەر بریمەر و چەند کەسێکی کە بتوانن وەڵامی بدەنەوە.

بریمەر، لە کوردستان بە جیا سەردانی تاڵەبانی و بارزانی کرد بو بۆ ئەوەی قانعیان بکا بەوەی:

یەکەم: بەشی کورد لە مح دا ٥ ئەندام، واتە پێنجیەک بێ، بەر لە جەنگ موعارەزەی عیراقی لە هەمو داوودەزگاکان دا چواریەکیان بۆ کورد سەلماند بو. ئەمە بەشی کوردی کەم کردبوەوە.

دوەم: هەردوکیان، تاڵەبانی و بارزانی وەکو دو کەسایەتی سیاسی، نەک وەکو نوێنەری دو حیزب بەشداری بکەن. ئەمەش دەوری سیاسی یەکێتی و پارتی لە دەزگاکە دا کەم کردبوەوە.

سێیەم: ٣ ئەندامە کوردەکەی تر لە دو حیزبەکە نەبن، بەڵکو لە کەسایەتی سەربەخۆ و لە حیزبە کوردیەکانی تر بن.

هەردوکیان داواکانی بریمەریان قبول کردبو.

لەو ڕۆژانەدا من لە بەغداد بوم و تاڵەبانی لە کوردستان بو لە نامەیەک دا کە ٣٠ ی ٦ ی ٢٠٠٣ لە قەڵاچوالانەوە بۆی نوسیوم، باسی هەندێ لایەنی گفتوگۆکانی خۆی و بریمەر و بەرنامەی سەفەرەکەی ئەکا، بەڵام نەچۆتە ناو وردەکاریەکانەوە.

*

تاڵەبانی، د. مەحمود عوسمان و سەلاحەدین بەهادینی لە (یەکگرتوی ئیسلامی) پێشنیار کرد بو. پارتی ئیعتیرازیان نەگرت بو. سام موقابەلەی کردبون و قبوڵی کردبون. ساوەرز د. مەحمودی بە دڵ نەبو، بەڵام کە ئیمە پێمان داگرت، لە سەری نەڕۆیشت.

بارزانی، عەزیز محەمەدی پێشنیار کرد بو. دوای ئەوەی سام بینی بویان پێیان وابو هەم پیر بوە و هەم جۆری بیرکردنەوەی سیاسی و ئابوری بە کەڵکی ئەم سەردەمەی عیراق نایەت. موافەقەتیان لەسەر نەکرد بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەزیرێکی ژنی بریتانی، ئاڵا تاڵەبانی ئەناسی، داوای لە ساوەرز کردبو، بۆ ئەندامەتی مح پێشنیاری بکا. پارتی موافەقەتیان نەکرد. من و د. بەرهەم سالح لە گەڵ وشیار زێباری خەریک بوین ئیعتیراز نەگرن رازی نەبو، بە بریمەر و ساوەرزی وت کە ئەوان رازی نابن ئالای تێدا بێ، لەبەر ئەوەی یەکەم تاڵەبانیە و دوەم یەکێتیە. بریمەر و ساوەرز داوایان کرد یەکێکی کە پێشنیار بکەین. لەگەڵ وشیار راوێژمان کرد ئافرەتێکی بێلایەن بدۆزینەوە. کەسمان بۆ نەدۆزرایەوە. پێشنیارمان کرد یان د. کەمال مەزهەر یان حاکم دارا نورەدین. پارتی، حاکم دارای پێ باش بو. حاکم دارامان پێشنیار کرد قبوڵیان کرد.

*

هەرچەندە تاڵەبانی لای من هیچ جۆرە ناڕەزاییەکی لە مح و جۆری پێکهێنان و پێکهاتنی نەدرکاندوە، بەڵام پێئەچێ خۆی لابدا لە ئامادەبونی کۆبونەوەکانی. تاڵەبانی لە ١ ی ٧ ی ٢٠٠٣ هوە، لەگەڵ عومەری سەید عەلی و جەلال جەوهەر، گەشتێکی دیپلۆماسی لە سوریاوە دەس پێ کردوە. رۆژانی ١ بۆ ٧ لە سوریا و لە ٧ بۆ ١٠ لە مۆسکۆ بوە، بە تەمایە رۆژانی ١٥ بۆ ١٦ لە پاریس و ١٧ بۆ ١٩ لە ڕۆما بێ، بە تایبەتی چونکە لە رۆژانی ١٧ بۆ ١٨ کۆنفرەنسێکی تایبەتی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لە رۆما ئەبەسترێ، رۆژێکی بۆ پاشەرۆژی سیاسی عیراق تەرخان کراوە.

سام روژی ١٣ ی ٧ ی ٠٣ ی دیاری کردبو کە رۆژی یەکەمین کۆبونەوەی مح و رۆژی راگەیاندنی پێکهێنانی بێ. بەلایانەوە زۆر گرنگ بو کە هەمو ئەندامەکان، بە تایبەتی تاڵەبانی و بارزانی، لە یەکەم کۆبونەوەدا بەشداربن و لە بەردەم کامێرای دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی دا دەربکەون. هەوڵێکی زۆریان لە گەڵ تاڵەبانی دا کە لەو رۆژەدا ئامادە بێ، سەرەنجام رازی بو بێتەوە بەغداد بۆ ئامادەبون لە کردنەوەی کۆبونەوەکانی مح دا، بەو مەرجەی رۆژی دواتر بە فڕۆکە بیبەنەوە دەرەوەی عیراق بۆ ئەوەی فریای مەوعیدە دانراوەکانی بکەوێ.

بۆ شوێنی نیشتەجێبون:

من خانویەکم ئاوەدان کردۆتەوە پێشتر میوانخانەی جیهازی موخابەرات بوە بەرامبەر بارەگای سەرەکی جیهازی موخابەرات لە سەر شارێیەک لە نێوان ساحە النسور – ساحە ١٤ رمضان. بارەگەکەی موخابەرات بۆردومانی ئەمەریکی وێرانی کردوە و ئەوەی ئیمەش خەڵک تاڵانیان کرد بو، سەرلەنوێ خۆمان نۆژەنمان کردۆتەوە. دیشی سەتەلایت و تەلەفۆنی سورەیا و جەنەرەیتەری کارەبامان تێدا داناوە. جگە لە مەفرەزەیەک کە بۆ پارێزگاری لە سلێمانیەوە لە گەڵ خۆم هێناومن، توانای فایەق هۆشیاریش بۆ راپەڕاندنی ئیشەکانم یارمەتیمان ئەدات.

نما و چیا و دانای شازاد سائیب لێرەن لە گەڵ خۆم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

د مەحمود عوسمان، ئەندامی مح لە هەمان خانودا لە گەڵ ئیمە ئەژی.

محەمەد تۆفیق رەحیم لە مجمع القادسیە کە خانوی وەزیرەکانی سەدام بوە ١٨ خانوی بە گرێبەست بە کرێ لە (CPA) وەرگرتوە، تالان کراون و تێک دراون، خەریکی چاککردنەوەیانن.

خانوەکەی ئەحمەد حسێن، سەرۆکی دیوانی ریئاسەتی سەدام، تا ئەندازەیەک بەباشی ماوە، بۆ تالەبانی و سکرتاریەتەکەی تەرخان کراوە. کە دێتە بەغداد لەوێ دائەبەزێ.

تەموزی ٢٠٠٣

١٣ ی ٧ ی ٠٣ یەکشەم:

کۆبونەوە دەستی پێ کرد. یەکەمین رۆژی کاری مح (مەجلیسی حوکم) بو. لە بینایەک دا کە هی وەزارەتی (التصنیع العسکری) و بارەگای حسێن کامیل بوە. هێزی ئەمەریکی پارێزگاری دەروناوی بیناکە ئەکا. بۆ هەر ئەندامێ ١ کارت بۆ خۆی و چەند کارتێ بۆ یاریدەدەر و ٣ کارتی چونە ژورەوە بۆ ئۆتۆمۆبیلەکانی ئامادەکراوە. کارتەکان سادەن هەمویان بە ناوی ئەندامەکەوەن. وێنەیان بە سەرەوە نییە.

هەر ٢٥ ئەندام بەشدار بون. ئەندامەکان:

شیعەی عەرەب ١٣ ئەندام: د ئەحمەد چەلەبی: ئەبو هاشم لە (المؤتمر الوطنی العراقی)، د ئەیاد عەلاوی: ئەبو سارا لە (حرکە الوفاق الوطنی)، د- ئیبراهیم جەعفەری. ناوی راسەقینەی ئیبراهیم ئەلئشێقرە: ئەبو ئەحمەد لە (حزب الدعوە الاسلامیە)، سەید عەبدولعەزیز حەکیم: ئەبو عەممار لە (المجلس الاعلی للثورە الاسلامیە)، حەمید مەجید موسا: ئەبو داود لە (الحزب الشیوعی العراقی)، د محەمەد بەحرەلعلوم: ئەبو ئیبراهیم (سەربەخۆ)، عیزەدین سەلیم. ناوی راستەقینەی عەبدولزەهرە عوسمانە: ئەبو یاسین، لە (حرکە الدعوە الاسلامیە)، قازی وائیل عەبدوللەتیف، پارێزگاری بەسرایە (سەربەخۆ)، عەبدولکەریم ماهود ئەلمحەمەداوی: ئەبو حاتەم لە (حزب الله)، د. رەجاء ئەل خوزاعی (سەربەخۆ)، د. عەقیلە ئەلهاشمی (سەربەخۆ)، د. موەفەق ئەلروبەیعی: ئەبو عەلی (سەربەخۆ)، ئەحمەد شەیاع ئەلبەراک (سەربەخۆ).

سونەی عەرەب ٥ ئەندام: د. عەدنان پاچەچی لە (تجمع الدیمقراطیین المستقلین)، د. موحسین عەبدولحەمید لە (الحزب الاسلامی العراقی)، نەصیر چادرچی لە (الحزب الوطنی الدیمقراطی)، غازی عەجیل ئەلیاوەر لە (شێخەکانی عەشایەری شەمەر)، سەمیر شاکیر ئەلصومەیدەعی (سەربەخۆ).

کورد ٥ ئەندام: جەلال تالەبانی: ئەبو بافل لە (یەکێتی)، مەسعود بارزانی: ئەبو مەسرور لە (پارتی)، سەلاحەدین بەهادین لە(یەکگرتوی ئیسلامی)، د مەحمود عوسمان (سەربەخۆ)، قازی دارا نورەدین (سەربەخۆ).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تورکومان ۱ ئەندام: سونگول چابوک (سەربەخۆ).
مەسیحی ۱ ئەندام: یۆنادم کەنا لە (حیزبی ئاشوری).
لە ناو ئەمانەدا هەندێکیان لە دەرەوە هاتونەتەوە، هەندێکیان لە ناو عیراق دا بون. بیروڕاکانیان و تەجروبەی سیاسی و پشتیوانی جەماوەرییان جیاوازە. هەندێکیان نوێنەری حیزب و جوڵانەوەی سیاسی فراوانن و هەندێکیان، جگە لە خۆیان، نوێنەرایەتی کەس ناکەن، تەنانەت لە ناوچەکانی خۆیشیان دا نەناسراو و نەبیستراون. ئەم هەمو هێز و بیر و کەسە ناکۆکانە مەگەر هەر بە ئەمەریکا لە ژێر یەک بنمیچ دا کۆ بکرێنەوە. ئەمە نواندنەوەی ڕەنگاوڕەنگیی پێکهاتەی دانیشتوانی عیراقە.
ئەحمەد چەلەبی پێشنیاری کرد بەحرەلعلوم، بە هۆی گەورەیی تەمەنیەوە، سەرۆکایەتی کۆبونەوەکان بکا تا سەرۆکی مح هەڵبژێردرێ. کەس ئیعتیرازی پیشان نەدا. بەحرەلعلوم سەرۆکایەتی کرد.
باس لە جۆری کاری مح و کاتی کۆبونەوەکانی و جۆری سەرۆکایەتی کرا.
بەیانێک ئامادەکرا بۆ ئەوەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بخوێنرێتەوە. بەیانەکە لە دوا بڕگەیدا ئەڵێ: "...من اجل اعاده بناء عراق جدید یتمتع شعبه بکامل حقوقه فی ظل نظام دیمقراطی فیدرالی موحد...".

*

لە بەرئەوەی جەژنەکانی تەموز لەوانە: جەژنەکانی ئینقیلابی بەعس وەکو ۱۷ و ۳۰ تەموز نزیک بوبونەوە، باس کرا ئەو دو جەژنە لەغو بکرێ و، د. مەحمود عوسمان پێشنیاری کرد هەمو ساڵێ ڕۆژی ۹ ی ٤ بکرێ بە جەژنی نیشتمانی. ئەمە کرا بە بڕیار.
بڕیاری ژمارە ۱: ی مح هەمو ئەو جەژن و پشوە ڕەسمییانەی پێوەندییان بە نیزامی دیکتاتۆری و حیزبی بەعسەوە هەبو هەڵوەشاندەوە و ڕۆژی ۹ ی نیسان، ڕۆژی ڕوخانی ڕیژیمی، کرد بە جەژنی نیشتمانی عیراق و بە وچانی ڕەسمی.
پاشان ئەمە قسە و باسی زۆری لە ناو خەڵک دا دروستکرد، کە مح ڕۆژی ئیحتیلالی عیراقی کردوە بە جەژن.

*

هەمان ڕۆژ کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی بە ئامادەبونی هەمو ئەندامانی مەجلیس بەسترا. ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و جیهانی هاتبون. ئەو بەیانەی ئامادە کرا بو دەربارەی پێکهێنانی مح لە لایەن بەحرەلعلومەوە خوێنرایەوە و هەر یەکێ لە ئەندامانی مح، بە پێی بۆچونی خۆی، وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانەکانی دایەوە. سەیر ئەوە بو کە تاڵەبانی وتی: "مح دەسەڵاتی زۆرە، ئەتوانێ وەزیر دابنێ و وەزیر لابببا ..." د. مەحمود، بە پێچەوانەی ئەمەوە، وتی: "مح دەسەڵاتی نییە...."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٤ ی ٧ ی ٠٢. دوشەم:

بەحرەلعلوم سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

بڕیار درا ٣ لوجنە پێک بهێنرێ بۆ: ١.-ئامادە کردنی نیزامی داخلی ٢. ئامادەکردنی بەرنامەی مح ٣.-نوسینی بەیانی سیاسی.

بڕیار درا وەفدێک لە کوتایی هەفتەدا بنێردرێ بۆ نیویۆرک بۆ دیدەنی سکرتێری گشتی (رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. لێرە بە دواوە بۆ کورت کردنەوە ئەنوسم: ر ن ی) و ئەندامانی دائیمی ئەنجومەنی ئاسایش. وەفدەکە پێک بێ لە: د. عەدنان پاچەچی، د. ئەحمەد چەلەبی، د. عەقیلە هاشمی.

١٥ ی ٧ ی ٠٢ سێشەم:

بڕیار درا دادگای تایبەتی دابمەزرێ بۆ دادگاییکردنی هەمو ئەوانەی کە تاوانیان بەرامبەر گەلی عیراق و مرۆڤایەتی کردوە.

١٦ ی ٧ ی ٠٢ چوارشەم:

فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە عیراق ریکاردۆ سانچێز و سەرپەرشتیکاری وەزارەتی ناوخۆ بیرنارد کێرک هاتن بۆ کۆبونەوە بۆ رونکردنەوەی دانانی رێوشوێنی دابینکردنی ئاسایش لە عیراق دا.

*

ئاسایش: ئەبێ... نابێ؟

کاتێ کە هێزی ئەمەریکا گەیشتە ناو شاری بەغداد، هیچ کام لە داوودەزگاکانی دەوڵەتی عیراق نەما بو، هیچ کام لە کاربەدەستانی دەسەڵاتی عیراق بە دەرەوە نەبو:

سەدام حسێن، سەرکۆمار و سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی م ق س و، ئەمینی عامی ق ق – ح ب ع إ و سەروەزیرانی عیراق، هەڵات بو.

ئەندامانی مەجلیسی قیادەی سەورە، قیادەی عامی قواتی موسەلەحە، قیادەی قوتری حیزبی بەعس، ئەنجومەنی وەزیران، هەڵات بون.

بەڕێوەبەری دەزگاکانی: مودیریەتی ئەمنی عام، جیهازی موخابەرات، مودیریەتی ئیستیخباراتی عەسکەری... کە بەرپرسی راگرتنی ئاسایش و راستەخۆ بەسترا بون بە سەدامەوە، هەمو هەڵات بون و لە ترسی رق و تۆڵەی خەڵک خۆیان شاردبوەوە.

دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ و داوودەزگا جۆراوجۆرەکانی پۆلیس بڵاوەیان لێ کرد بو.

دەزگاکانی وەزارەتی دیفاع، جەنەرالەکانی جەیش، ئەفسەر و سەربازەکانی جەیشی نیزامی، حەرەسی جمهوری، حەرەسی جمهوری خاص... بڵاوەیان لێ کرد بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەمو وەزارەت و دائیرەکان چۆڵ و پاسەوانەکانیشیان لە شوێنی خۆیان دا نەما بون. دەوڵەتی عیراق و حکومەتەکەی و هەمو دەزگا و دائیرەکانی داتەپی بون.

بەراوردی هەلومەرجی عیراق دوای داگیرکردنی لە گەڵ بارودۆخی ئەڵمانیا و ژاپۆنی دوای داگیرکردنیان لە دوەمین جەنگی جیهانی دا، دەری ئەخەن کە سەدام و جەنەرالەکانی و کاربەدەستانی عیراق چەندە نامەسئول و بێ پەروا بون بەرامبەر چارەنوسی گەلی عیراق و بەرژەوەندیەکانی و چەندە بێبەش بون لە رەوشتی جوامێری و ئازایەتی.

لە ئەڵمانیا، هیتلەر خۆی کوشت، بەڵام جەنەرالەکانی سپا مانەوە، گفتوگۆیان لە گەڵ سەرکردایەتی هێزی هاوپەیمانەکان کرد، بەڵگەی خۆبەدەستەوەدانیان لەگەڵ ئیمزا کردن و چونە زیندان چاوەڕوانی دادگا بون. ئەشیان زانی چارەنوسیان رەش ئەبێ.

لە ژاپۆن، ئیمپراتور مایەوە، جەنەرالەکانی سپا مانەوە، گفتوگۆیان لە گەڵ سەرکردایەتی هێزی هاوپەیمانەکان کرد، بەڵگەی خۆبەدەستەوەدانیان لە گەڵ ئیمزا کردن و چونە زیندان چاوەڕوانی دادگا بون. ئەشیان زانی چارەنوسیان رەش ئەبێ.

جەنەرالەکانی جەیشی عیراق، کە لە درندایەتی دا بەرامبەر گەلەکەی خۆیان نمونەیان نەبو، جوامێری و ئازایەتی و شەرەفی سپایی جەنەرالەکانی ئەلمانیا و ژاپۆنیان تێدا نەبو، قوتارکردنی گیانی خۆیان و ئەو سامانەی پێکیانەوە نابو، بە لایانەوە لە پاشەرۆژی عیراق و چارەنوسی گەلی عیراق گرنگتر بو. هێزەکانی ئەمەریکا کە هاتنە بەغدادەوە کەسێ نەبو نوێنەرایەتی عیراق بکا رەفتاری لە گەڵ بکەن. هەمو کاربەدەستانی جەنگی، حیزبی، حکومەتی، ئیداری... هەڵات بون و خۆیان شاردبوەوە. لە بەرئەوە عیراق بۆشاییەکی گەورەی تێدا دروست بوبو: بۆشایی دەسەڵات، بۆشایی ئاسایش، بۆشایی بەڕێوەبەرایەتی، بۆشایی خزمەتگوزاری، بۆشایی سیاسی...

ئەوانەی گەیی لە ئەمەریکیەکان، بە تایبەتی گەیی لە بریمەر، ئەکەن سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی جەیشی عیراقی، گەییەکەیان بێ جێیە، چونکە کە بریمەر گەیشتە عیراق، جەیشی عیراقی خۆی بڵاوەی لێ کرد بو، دامەزراوێک نەما بو ناوی جەیش بێ. مەگەر بریمەر بە رادیۆ و تەلەفزیۆن داوای لێ بکردنایە جارێکی تر لە سەربازگەکانیان دا کۆ ببنەوە، بەڵام رادیۆ و تەلەفزیۆنیش نەما بو، سەربازگەکانیشیان هەموی خەڵک وێران و تاڵانی کرد بون.

بەغداد، شارێکی بەرەڵا و بێ خاوەن، بێ کارەبا، جادەکانی تاریکونوتەک، بێ تەلەفۆن، بێ ئاو، بێ پۆلیس، بێ شارەوانی، تاڵان کردنی دائیرە و دەزگاکانی حکومەت و سوتاندنی بیناکانی بەردەوام بو ... هیچ کەس لە سەر و سامانی خۆی دڵنیا نەبو، لەبەر ئەوە پێویستی یەکەمی دانیشتوانی بەغداد ئاسایش و خواستی یەکەمیان ئاسایش بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە مح دروست بو، بۆشاییەکانی دەسەلات، ئاسایش، خزمەتگوزاری، بەڕێوەبەرایەتی... گەیشتبونە ئەوپەڕی. خۆشی و شادمانی روخانی بەعس گۆڕا بو بۆ ترس و پەژارە و نارەزایی. بۆیە ئەمیش ئاسایش و کارەبا و موچە و کاری لە ریزی پێشەوەی بایەخی خۆی دا دانا بو.

چەند جار و لە چەند کۆبونەوەدا باسی ئاسایش ئەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

بۆ زانینی ئەو هەنگاوانەی سام (سلطه الأتلاف المؤقته) بۆ دابینکردنی ئاسایش هاویشتویەتی بریمەر بەڕێوەبەری سام، بێرنارد کێرک، سەرپەرشتیکاری وەزارەتی ناوخۆی بانگ کرد بۆ کۆبونەوەی مح بۆ ئەوەی پلانی خۆی بۆ دابینکردنی ئاسایش روون بکاتەوە.

بێرنارد کێرک، لە کاتی رووداوەکانی ١١ ی سەپتەمبەردا فەرماندەی پۆلیسی نیویۆرک بوە، دانراوە بە گەورە راوێژکاری ئۆرها و دواتر هی سام بۆ کاروباری ئاسایش، سەرپەرشتی وەزارەتی ناوخۆی عیراق ئەکات. ئەرکی دامەزراندنەوەی دەزگای پۆلیسی عیراقی بەو سپێردراوە.

کێرک لە میانەی قسەکانی دا وتی: "لە هەلومەرجی ئاسایی دا بۆ راگرتنی ئاسایش لە ولاتدا بۆ هەر ٦٠٠ کەس ١ پۆلیس پێویستە، لە هەلومەرجی ئیستای عیراق دا کە ئاسایشی شێواوە، بە تەماین بۆ هەر ٣٥٠ کەس ١ پۆلیسی بۆ دابنێین." بەو پێیە عیراق بە لایەنی کەمەوە، بە پێی بۆچونی ئەو، پێویستی بە ٧٥ هەزار پۆلیس ئەبێ. هەروەها وتی: "پۆلیسی دەزگاکانی پێشوی عیراق زۆریان بەرتیلخۆر و گەندەڵن، فیری ترساندنی خەڵک بون، بۆ دامەزراندنەوەی دەزگای نوێی پۆلیس بە کەڵک نایەن". بۆ دامەزراندنەوەی دەزگای پۆلیس و مەشق پێ کردنیان پلانێکی داناوە ماوەیەکی درێژ ئەخایەنێ. لە کاتێک دا ئەکرێ سەربازەکانی جەیشی عیراق، بە تایبەتی گەنجە خوێندەوارەکانی کە (مجند) بون، بانگ بکرێن بۆ کارکردن لە دەزگای پۆلیس دا. هەمویان مەشقی سەربازییان کردوە، دیسیپلینی سەربازی ئەزانن، زۆریان هیچ جۆرە پێوەندیەکیان لە گەڵ حیزبی بەعس نەبوە، ئیستا بێکارن و موحتاجن، پاش ماوەیەکی کەمی مەشق و راهێنان و تێگەیاندن ئەتوانن ببن بە پۆلیسی باش.

خەڵکی بەغداد پەلەیانە ئاسایش بە زویی دابین بکرێ، پێ ئەچێ کێرک پەلەی نەبێ، لە بەر ئەوە بەو نزیکانە، وەکو خەڵک بە ئاواتی ئەخوازن، ئاسایش ناگەڕێتەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فەرمانەکانی بریمەر

لە پێش پێکهێنانی مح دا بریمەر زنجیرەیەک فەرمان (أمر:Order) ی دەرکردوە کە گرنگیەکی یەکجار گەورەیان لە ژیانی خەڵکی عیراق و دەسەڵاتی حیزبی بەعس دا هەیە، ئەمانە هەندێکیانن:

فەرمانی ژمارە ۱ لە ١٦ ی ٥ ی ۰۳ دا: بۆ ریشەکێشی بەعس لە کۆمەڵی عیراقی دا

(الامر رقم ۱ صادر عن المدیر الاداری للسلطه الائتلافیه المؤقته: تطهیر المجتمع العراقی من حزب البعث ١٦/ ایار ۲۰۰۳).

وشەی (دی بەعسی فیکەیشن:De-Baathification) بە عەرەبی و بە کوردی بە یەک وشە تەرجومە ناکرێ. سام خۆی بە (تطهیر المجتمع العراقی من البعث) و دوایی مح بە (إجتثاث البعث) و هەندێکی تر بە (إستئصال البعث) تەرجومەیان کردوە. بە کوردی ئەبێتە دەرهێنانی رەگوریشەی بەعس.

(CPA/ORD/16 May 2003/01: De-Baathification of Iraqi Society)

*

فەرمانی ژمارە ۲ لە ۲۳ ی ٥ ی ۰۳ دا: هەڵوەشاندنەوەی داوودەزگای عیراقی. (الامر رقم ۲ حل الکیانات العراقیه).

(CPA/ORD/ ۲۳May ۲۰۰۳/۲ Dissolution of Entities:)

*

فەرمانی ژمارە ۳: دەربارەی کۆکردنەوەی چەک. لە بەر ئەوەی نەتوانرا جێبەجێ بکرێ فەرامۆش کرا.

*

فەرمانی ژمارە ٤ لە مایسی ۰۳ دا: بەڕێوەبردنی مومتەلەکات و ئەموالی حیزبی بەعس.

(الامر رقم ٤ إداره ممتلکات و أموال حزب البعث).

CPA/ORD/May 2003/04: Management of Property and Assets of)
(the Iraqi Baath Party

*

فەرمانی ژمارە ٥ لە ۲٥ ی ٥ ی ۰۳ دا: پێکهێنانی ئەنجومەنی عیراقی بۆ ریشەکێشی بەعس لە کۆمەڵی عیراقی دا.

(الامر رقم ٥ فی ۲٥ ایار ۰۳ الصادر عن المدیر الاداری للسلطه الائتلافیه المؤقته: تأسیس المجلس العراقی لتطهیر المجتمع العراقی من حزب البعث).

CPA/ORD/25 May 2003/05: Establishment of the Iraqi De-)
(Baathificatio Council

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

ئەم فەرمانانەی بریمەر لە مانگی مایس دا، دوای هاتنی بە ماوەیەکی کورت، دەری کردون یەکجار گرنگ و ژیانیین، پێوەندییان بە هەڵتەکاندنی یەکجارەکی دەسەڵاتی بەعسەوە هەیە. هەمان کارە کە ئەمەریکا دوای داگیرکردنی ئەڵمانیا بەرامبەر نازیەکان کردویەتی.

*

بە پێی فەرمانی ژ ١:

حیزبی بەعس هەڵوەشێنراوەتەوە و هەمو ئەندامانی حیزبی بەعس ئەوانەی لە پلەی: ئەندامی شوعبە، فیرقە، فەرع، قیادەی قوتری دا بون، لە کاری گشتی و وەزیفەکانی حکومەت، دەرئەهاوێژرێن.

پێش ئەم فەرمانە هەمو کاربەدەستانی گەورە و پچوکی حیزبی بەعس لە ترسی رقی خەڵک، بنکە و بارەگا، زۆریان ماڵەکانیشیان چۆڵ کردبو، هەڵات بون و خۆیان شاردبوەوە. هەمو بارەگاکانی حیزبی بەعس و داوودەزگاکانی تری کە بە ناوی رێکخراوی دیمۆکراتی و شەعبی و میهەنی کاریان ئەکرد، لە لایەن خەڵکەوە داگیر و تاڵان کرابون. لە سەرانسەری عیراق دا یەک تاکە بارەگا بە ناوی حیزبی بەعسەوە نەما بو.

فەرمانەکەی بریمەر بەرگێکی قانونی کرد بە بەردا.

*

بە پێی فەرمانی ژ ٢:

هەمو ئەو وەزارەت و داوودەزگا جەنگی و ئەمنی و ئیعلامییانەی بۆ سەرکوتکردنی گەلی عیراق تەرخان کرابون، هەڵوەشێنرانەوە، لەوانە:

وەزارەتی دیفاع، وەزارەتی ئیعلام، وەزارەتی دەوڵەت بۆ شئونی عەسکەری، جیهازی موخابەرات، مەکتەبی ئەمنی قەومی، مودیریەتی ئەمنی عام، جیهازی ئەمنی خاص.

داوودەزگای پارستنی شەخسی صەدام.

رێکخراوە جەنگیەکانی: جەیش (هێزی ئاسمانی، دەریایی)، حەرەسی جمهوری، حەرەسی جمهوری خاص، مودیریەتی ئیستیخباراتی عەسکەری، جەیشی قودس، قواتی تەواری.

هێزی نیمچە سپایی: فیدائی صەدام، میلیشیاکانی بەعس، ئەصدیقای صەدام، ئەشبالی صەدام.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێکخراوی تر: دیوانی ڕیئاسە، سکرتاریەتی ڕیئاسە، مەجلیسی قیادەی سەورە، مەجلیسی وەتەنی، ڕێکخراوی فتوە، لوجنەی نیشتمانیی یاری ئۆلۆمپی، مەحکەمەکانی سەورە و مەحکەمە خاصەکان و مەحکەمەکانی ئەمنی وەتەنی.

پێش فەرمانەکەی بریمەر هەمو کاربەدەستانی ئەو دامەزرا و و دەزگا جەنگی و سپایی و ئەمنییانە لە ترسی رقی خەڵک بنکە و بارەگا، زۆریان ماڵەکانیشیان چۆڵ کرد بو. هەمویان هەڵات بون و خۆیان شارد بوەوە. لە سەرانسەری عیراق دا، یەک دانە بنکەی سەربازی جەیش نەمابو. هەمو بنکە و بارەگا و سەربازگەکان تالان و وێران کرابون.

فەرمانەکەی بریمەر بەرگێکی قانونی کرد بە بەردا.

*

بە پێی فەرمانی ژ ٤:

هەمو سامان و کەلوپەلی گوێزراوە و نەگوێزراوەی حیزبی بەعس و داوودەزگا جۆراوجۆرەکانی و کاربەدەستە گەورەکانی ئەگەرێتەوە بۆ دەوڵەت.

*

بە پێی فەرمانی ژ ٥:

دەزگایەکی تایبەتی دائەمەزرێ بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی ریشەکێشی بەعس.

*

بێگومان ئەمانە کێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، قانونی... زۆر بە دوای خۆیان دا ئەهێنن، بەڵام پاککردنەوەی داوودەزگاکانی عیراق لە ئەندامەکانی بەعس و پاککردنەوەی قانون و پڕۆگرامی خوێندن و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و بازرگانی و بوارەکانی تری ژیان ... لە بیروباوەڕی بەعس، هەمو جۆرە قوربانیەک ئەژی.

٢٢ ی ٧ ی ٠٣ سێشەم:

بەحرەلعلوم سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

ئەمڕۆ دوای مشتومڕ مح (البیان السیاسی) ی دەرکرد کە وەکو بەرنامەی کاری داهاتویەتی. لە نوقتەی سێهەم دا ئەڵێ: (وضع الاسس لنظام دیمقراطی فدرالی تعددی یکفل الحریات العامة وحریة الرأی والتعبیر وإحترام حقوق الانسان...)

*

دانیشتنی تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ باسی هەلومەرجی عیراق دەستی پێ کردوە. لە سەرەتای دانیشتنەکەدا کوفی ئەنان ڕاپۆرتی خۆی خوێندەوە. ڕاپۆرتی سیرجیۆ دۆمیلۆ نێردراوی تایبەتی ن ی بۆ عیراق. نوێنەری مح د. عەدنان پاچەچی وتاری عیراقی خوێندەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمڕۆ هەواڵی کوشتنی کوڕەکانی صەدام: قوسەی و عودەی، لە موصل ڕاگەیەنرا. تەقەی خۆشی لە سەرانسەری بەغدادا دەنگی ئەدایەوە.

٢٧ ی ٧ ی ٠٣ یەکشەم:

پاش نیوەڕۆ لە سلێمانیەوە بەرەو بەغداد بە قافڵەیەکی درێژ بە ڕێ کەوتین. تاڵەبانی، د. مەحمود عوسمان، د. فوئاد مەعسوم، د. ئەرسەلان بایز، لە قافلەکەدا بون. سەعات ٧ گەیشتینە بەغداد. من و د. مەحمود هاتینەوە ماڵەکەی خۆمان.

هەواڵ بڵاوبۆتەوە سەرۆکی پێشوی جامیعەی بەغداد، کە بەعسی بوە، عەبدوڵا ڕاوی کوژراوە. دوای ڕوخانی سەدام خەڵک بە تەما بون دادگا دروست ببێ بۆ لێپرسینەوەی کاربەدەستە تاوانکارەکانی سەردەمی بەعس. لە بەر ئەوەی تا ئێستا هەنگاوێکی دیار بۆ ئەو مەبەستە نەنراوە، هەندێ کەس و لایەن کەوتونەتە هەوڵی سەندنەوەی تۆڵە بە دەستی خۆیان. ناو بە ناو ئەبیستین هەندێ کەس لەوانەی لەسەر رژیمی بەعس حسابن ئەکوژرێن.

٢٨ ی ٧ ی ٠٣ دوشەم:

بەحرەلعلوم سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

باس لە ڕەفتاری خراپی هێزەکانی ئەمەریکا کرا، د. موحسین و نەصیر چادرچی و چەند کەسی کە باسی دەسدرێژی هێزەکانی ئەمەریکایان کرد بۆ سەر ماڵی هاوواڵتیان و بارەگای حیزب و جوڵانەوە سیاسی و دینیەکان. بڕیار درا لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ بریمەر بکرێ.

ڕەفتاری هێزەکانی ئەمەریکا لە ناو شاری بەغدادا لە گەڵ خەڵکی ئاسایی ڕەفتاری هێزێکی داگیرکەری مەغروری بێ بەهای مرۆڤایەتیە. گوێ ناداتە نەریتی کۆمەڵایەتی خەڵکی عیراق و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی عیراقی. پێ ئەچێ ئەوەش ئەنجامی ئەوە بێ کە زۆر بە ئاسانی عیراقیان داگیرکرد و هاتنە ناو شاری بەغدادەوە، هێزە چەکدارەکانی عیراق لە هیچ جێگایەک بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکرد. پێیان وایە عیراقی کەسێکی سوک و ترسنۆک و بێ کەرامەتە.

پەلاماری بنکە و بارەگای حیزبەکان ئەدەن، لە کاتێک دا ئەم حیزبانە دۆستی ئەوان و هەندێکیان ئەندامن لە مح دا. بە شێوەیەکی ناشیرین ئەیانپشکنن و بە ئەنقەست دەرگاکان ئەشکێنن و کەلوپەلی ناو ژورەکان ئەدەن بە سەر یەک دا، پاسەوان و فەرمانبەرەکانیان ئەگرن، پارە و دارایی و چەکەکانیان ئەبەن...

پەلاماری ماڵان ئەدەن. دەرگاکانیان ئەشکێنن. ماڵەکە ئەپشکنن: پارە، زێڕ، بۆن، مەشروبات.. هەرچی شتێکی بە نرخیان بەردەس بکەوێ ئەیبەن. کەلوپەلی ناو ماڵەکە ئەدەن بەسەر یەک دا. زۆر جار کانتۆر و دۆلاب و کورسی و مێزەکان ئەشکێنن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە تانک و زرێپۆش جادە گشتیەکان ئەگرن. ئەکەونە پشکنینی سەیارە و ڕێبوار، زۆر جار گیرفانیان ئەبڕن، هەرچی پارەیەکیان پێ بێ لێیان ئەستێنن. قسە بکەن ئەیانگرن. بە شێوەیەکی ناشیرین کە ئەوپەڕی سوکایەتیە بە کەرامەتی مرۆڤ باڵیان لە پشتەوە ئەبەستن، لە سەر دەم و لە سەر ئەرز پاڵیان ئەخەن، پێ ئەنێنە سەر بۆقەتەی ملیان، دەمیان لە ئەرزەکە ئەچەقێنن.

تۆ بڵێی عیراقی شایستەی ئەم جۆرە ڕەفتارانە بێ؟

لەوەپێش خەڵک وایان ئەزانی سەربازی ئەمەریکی (سوپەرمان) ن، نەک هەر لە تەکنۆلۆجیادا، بەڵکو لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەش دا، ئیستا ئەزانن ئەوانیش سوپەرمان نین مرۆڤی ئاسایین!

*

پاچەچی باسی سەفەری خۆی بۆ نیویۆرک و لەندەن و ڕۆما و کۆبونەوەی لە گەڵ نوێنەرانی ئەندامانی دائیمی ئەنجومەنی ئاسایش و کوفی ئەنان... کرد.

تاڵەبانی باسی سەفەری خۆی بۆ ڕۆما و بینینی وەزیرانی دەرەوەی ئیتالیا و ڕوسیا کرد.

*

باسی پرۆژەی نیزامی داخلی کرا. هەندێ لە بەندەکانی ڕێکخرا.

کێشەی سەرۆکایەتی مح ماوە، بۆ سبەینێ دواخرا.

*

لە باسی ئامادەکردنی کۆمیتەی دیاریکردنی چۆنیەتی نوسینی دەستوردا حەکیم بە بیانوی پرس کردن بە مەرجەعی دینی، پێشنیاری کرد بڕیارەکانی کۆنگرەی سەلاحەدین و ناسریە هەڵبگیرێن. بارزانی وەڵامی دایەوە پێی باش نەبو. داوای کرد وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە فیدرالی بۆ کورد سەلماندوە.

تاڵەبانی بۆی سەندەوە وتی: "ئەوە چەندین ساڵە موعارەزەی عیراقی مەلامیحی جۆری حوکمڕانی لە عیراق دا دیاری کردوە بە نیزامێکی دیمۆکراتی تەعەدودی پارلەمانی فیدرالی. سەرەڕای ڕێزی زۆری ئێمە بۆ مەراجیع، ئەوەی سیستانی داوای کردوە دوبارەکردنەوەی تەجروبەی ئێرانە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، کە بە کەڵکی عیراق نایەت. ئەو ڕۆژەی حکومەتێکی دینی لە عیراق دا زاڵ ببێ ئێمە ڕەفزی ئەکەین و خواحافیزیتان لێ ئەکەین".

وائیل عەبدوللەتیف وتی: "ئەو مەسەلانە بەجێ بهێڵین بۆ لوجنەکە چۆنیان بڕیار دا وائەکەین."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تاڵەبانی وتی: "بەجێی ناهێڵین بۆ لوجنە چونکە ئێمە دەیان ساڵ خەباتمان کردوەو دەیان هەزار قوربانیمان داوە بۆ ئەوەی مەلامیحی نیزامی داهاتوی عیراق دیاری بکەین لە بەر ئەوە بەجێی ناهێڵین بۆ کەسانێ کە نازانین چی بڕیار ئەدەن."

محەمەداوی وتی: "خەڵکی عیراق نازانن بڕیارەکانی سەلاحەدین و ناسریە چی بون."

تاڵەبانی وتی: "خەڵکی عیراق ئەزانن بڕیارەکانی لەندەن و سەلاحەدین چی بون. نوێنەری چەندین حیزب و لایەنی تێدا بوە. کوردستان عەمارە نییە. عەمارە بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب بەڵام کوردستان نیشتمانی کوردە. کورد مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی هەیە بەڵام ئەیەوێ لە چوارچێوەی عیراق دا بمێنێتەوە بەو مەرجەی فیدرالی هەبێ. ئەگەر ئەوە نەبێ ئێمە دەرئەچین و خواحافیزیتان لێ ئەکەین".

د. موحسین دەقێکی لاستیکی نوسی باسی فیدرالی و ناسنامەی ئیسلامی زۆرایەتی خەڵکی عیراقی تێدا بو.

پێ ئەچێ هەندێ لە شیعەکان لە بەڵێنە کۆنەکانی خۆیان پەشیمان بوبنەوە. ئەمەیش لە کاری سیاسی دا شتێک نیە چاوەڕوان نەکراو بێ. هاوپەیمانێتی تاکتیکی و هاوپەیمانێتی ستراتیجی، هەریەکەیان دەرهاویشتەی قۆناغێکی مێژوییە. ئەگونجێ بە پێی جیاوازی قۆناغەکان ئەم دو جۆرە هاوپەیمانێتیە جێگۆڕکێ بکەن و ئەگونجێ دۆستی دوێنێ ببێتە دوژمنی ئەمرۆ.

قۆناغی دوای سەدام جیاوازە لە قۆناغی سەردەمی صەدام.

بەرنامەی سیاسی، شێوەی کارکردن، ریزبەستنی هاوپەیمانی ئەم قۆناغە مەرج نییە هەمان بەرنامە و شێوە و ریزبەستنی قۆناغی پێشو بێ، بگرە لەوانەیە بە تەواوی جیاواز بێ.

هەلومەرجی ناوخۆی عیراق و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست و جیهان، دوای روخانی سەدام گۆڕاوە. ریزبەستنێکی عیراقی، عەرەبی، ئیسلامی، جیهانیی... نوێی هێناوەتە پێشەوە. بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، بە پێی قۆناغی نوێ، ئەبێ بە ستراتیجی خۆی دا بچێتەوە. یەکێ لە کارە سەرەکیەکانی لە ناو عیراق دا، ئەبێ گەڕان بێ بە دوای دۆست و هاوپەیمانی نوێ دا، چونکە هەندێ لەوانەی قۆناغی سەردەمی سەدام، ئامانجی ناوکۆیی گرنگیان لەگەڵ کورد نەماوە.

٢٩ ی ٧ ی ٠٣ سێشەم:

بەحرەلعلوم سەرۆکایەتی کۆبونەوەی نەمرۆی کرد.

چەند رۆژە باس لە سەرۆکایەتی مح ئەکرێ، بیروراکان جیاوازن:

رەئیەک ئەڵێ: ١ سەرۆک هەبێ بە هەڵبژاردن یان بە قورعە (جەعفەری پێشنیاری قورعەی کرد و بیانویەکی فیقهیی بۆ هێنایەوە).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رەئیەکی تر ئەڵێ: ۱ سەرۆک و ۲ یاریدەدەری هەبێ، بێئەوەی بە ئاشکرا بیڵێن مەبەست لەوەیە سەرۆک شیعە و یاریدەدەرێکی سونی عەرەب و یاریدەدەرێکی کورد. شیعە ئەوە قبوڵ ناکەن چونکە کورد سوننییە، ئەوسا ئەبێ بە ۱ شیعە و ۲ سونە.

دەستەی سەرۆکایەتی نۆرەیی (هیئە رئاسیە دوریە: rotating presidency)، لەوەیش دا بیروراکان جیاوازن:

رەئیەک ئەڵێ دەستەیەکی ٥ کەسی بێ: ۲ عەرەبی شیعە، ۲ عەرەبی سونە، ۱ کورد. شیعە قبوڵ ناکەن چونکە ئەبێتە ۲ شیعە و ۳ سونە.

رەئیەکی تر ئەڵێ دەستەیەکی ۷ کەسی بێ: ۳ عەرەبی شیعە، ۲ عەرەبی سونە، ۲ کورد. شیعە قبوڵ ناکەن چونکە ئەبێتە ۳ شیعە بەرامبەر ٤ سونە.

رەئیەکی تر ئەڵێ دەستەیەکی ۹ کەسی بێ: ٥ عەرەبی شیعە، ۲ عەرەبی سونە، ۲ کورد.

بۆ بەلاداخستنی ئەم کێشەیە جگە لە کۆبونەوەی لاوەکی ئەندامانی مح گروپی ۷ جارێک لە بارەگای عەلاوی و جارێک لە بارەگای بارزانی کۆبونەوە بێئەوەی بگەنە هیچ بڕیارێک. بارزانی پێشنیاری کرد بە هەڵبژاردنی نهێنی سەرۆک هەڵبژێرن.

ئەمڕۆ هەمو کاتی کۆبونەوەکە تەرخان کرا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن. لە مح باس لە چەند پێشنیارێ کرا بەڵام دوای ئەوەی زۆر لە ئەندامەکان رونیان کردەوە کە لەم قۆناغەدا مەحاڵە لە سەر یەک کەسایەتی رێک بکەون. وە ئەگەر هەڵبژاردنیشی بۆ بکرێ، دوایی گوێی لێ ناگرن بۆیە باشترین رێگە پێرەوی سەرەتای سازان (مبدأ التوافق) ە، لە نێوان هێزە سەرەکیەکان دا. هێزە سەرەکیەکان لە چەند کۆبونەوەیەکی لاوەکی دا پێکهاتن لە سەر دامەزراندنی دەستەیەکی سەرۆکایەتی (هیئە رئاسیە. لێرە بە دواوە بۆ کورت کردنەوە ئەنوسم: هر (هیئە رئاسیە)) لە ۹ کەس: ۷ لە سەرکردەکانی گروپی ۷ و ۲ کەسی تر. وا رێککەوتین هەر یەکەیان ۱ مانگ سەرۆکایەتی بکاو بە پێی ئەلف بێ دەس پێ بکات. د- موحسین عەبدولحەمیدی تێدا نەبو. کردی بە هەرا و هەڕەشەی کشانەوەی کرد لە مح. لابەلا نەصیر چادرچی رازی کرا جێگەی خۆی بۆ ئەو چۆڵ بکا. بە گشتی ئەندامانی مح لە سەر هەر ۹ ناوەکە وەکو یەک لیستە دەنگیان دا.

بەوجۆرە هر پێکهات لە: ۱. د-ئیبراهیم جەعفەری (الاشیقر) لە حیزبی دەعوە. ۲: د ئەحمەد چەلەبی لە موئتەمەر ۳: د-ئەیاد عەلاوی لە ویفاق ٤: جەلال تاڵەبانی لە یەکێتی ٥: عەزیز حەکیم لە مەجلیسی ئەعلا ٦: د-عەدنان پاچەچی لە دیمۆکراتی سەربەخۆ ۷: د-محەمەد بەحرولعلوم ۸: د-موحسین عەبدولحەمید لە حیزبی ئیسلامی ۹: مەسعود بارزانی لە پارتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە دو دامەزراوی گرنگی جیهانی دا سەرۆکایەتی نۆرەییە، ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەورووپا. ئەگەر ئێمەش بتوانین ئەم نەریتە: "سەرۆکایەتی نۆرەیی" لە حوکمڕانیی عیراق دا بچەسپێنین، دەوری کورد لە پاشەڕۆژی سیاسی عیراق دا تا ئەندازەیەک دابین ئەکەین.

بڕیار درا بەحرەلعلوم تا کۆتایی مانگ بەردەوام بێ.

٢٠ ی ٧ ی ٢٠٠٣ چوارشەم:

بەحرەلعلوم سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

٩ کەسەکەی دەستەی سەرۆکایەتی ناوەکانیان راگەیەنرا. بە پێی حەرفی ئەبجەد هەر یەکەیان ماوەی ١ مانگ سەرۆکایەتی ئەکەن. بەم پێیە د ئیبراهیم جەعفەری قسەکەری حیزبی دەعوە لە ١ ی ٨ ی ٠٣ دەوە سەرۆکایەتی مح ئەکا.

*

ئەمڕۆ بە دوای یەک دا ٣ کەس هاتن بۆ دووان:

بریمەر دوای سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا تازە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد. سەر لە بەیانی بریمەر هات، لە گەڵ خۆی نوێنەری نوێی بریتانی سەفیر دەیڤید ریچموندی هێنا بو، کە لە جێگەی سەفیری پێشوی بریتانی ساوەرز هاتوە.

بریمەر وتی: "حەفتەی رابوردو ٣ سەرکەوتن بە دەس هاتوە: ١. چونی وەفدی عیراق بۆ نیویۆرک بۆ رونکردنەوەی باری سەرنجی مح بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان. ٢. کوژرانی کوڕەکانی سەدام. ٣. پشتیوانی تەواوی سەرۆک بوش و بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکی لە مح بۆ ئەوەی ئەنجومەنەکەتان سەرکەوتو بێ. دەستوری عیراق ئەبێ عیراقی و بۆ عیراقی بنوسرێ".

*

جەیمس ویلفینسەن سەرۆکی بانکی جیهانی هات.

باسی کرد کە عیراق ٦٠ ساڵ لەمەوبەر یەکێ بوە لە دامەزرێنەرەکانی بانک و یەکێکە لە خاوەنەکانی. وتی بۆ پڕکردنەوەی کورتیی لە بودجەی ساڵی داهاتوی عیراق دا نابێ پشت بە یارمەتی کۆمەڵی ناودەوڵەتی ببەستن، بەڵکو ئەبێ خۆتان هەلومەرجێ بخولقێنن سەرمایەگوزاریی بێگانە هان بدا. عیراق ئیستا ١٢ بۆ ١٣ ملیار دۆلار پارەی کەڵەکەبوی لە داهاتی نەوت هەیە. زۆری وت، زۆرتر وتاری سیاسی و حەماسی بو تا باسی ئابووری.

*

سێرجیۆ دۆمیلۆ نوێنەری کوفی ئەنان هات. ئەیەوێ مح وا لێ بکات داوای دەوری زۆرتر بکات بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەحرەلعلوم لە سکرتاریەتی پرسی: "ئاخۆ گفتوگۆکانی ناو مح بە ریکۆردەر تۆمار ئەکرێن؟" ئەوانەی سکرتاریەت وتیان: "نەخێر لە بەر ئەوەی ریکۆردەرمان نییە و پارەشمان نیە بیکڕین". بەحرەلعلوم داوای لێ کردن هەرچۆنێ بێ ئەبێ ریکۆردەر پەیدا بکەن.

قسەکانی ناو کۆبونەوەکان لە لایەن سکرتاریەتەوە بە نوسین تۆمار ئەکرێن و هەمو جار لە کۆبونەوەی داهاتودا بە چاپکراوی بە ناوی (محضر اجتماع مجلس الحکم لیوم ....) بە سەر ئەندامان دا دابەشی ئەکەن. مەحزەرەکان ناتەواو و نارێکوپێک و زۆر جار قسە گرنگەکانیان تێدا نیە، بە گشتی بۆ ئەوە ناشێن بکرێن بە (مرجع) بۆ لێکۆڵینەوەی هەمو گفتوگۆ راستەقینەکانی ناو مح.

*

ئیوارەکەی تالەبانی، سەفیر راین کرۆکەر و هەندێ لە ستافی سام-ی دەعوەت کرد. کرۆکەر چەند مانگێ بو کاروباری عیراقی پێ سپێردرا بو، کرابو بە یاریدەدەری جای گارنەر و دوای ئەویش بە یاریدەدەری بریمەر. بەر لە جەنگ چەند جارێ هاتبو بۆ کوردستان. ماوەیەک لە ئەفغانستان و ئێران و سعودیە کاری کردبو. فارسی و عەرەبی ئەزانی و شارەزای کاروباری ناوچەکە بو. لە کاتی تەقاندنەوەی سەفارەتی ئەمریکی لە لوبنان لە ۱۹۸۲ ئەم لە بێروت بوە. ناسرواە بەوەی "ئەرەبیست" ە. دەعوەتەکەی تالەبانی بۆ رێزلێنان و خواحافیزی بو چونکە کاری لە عیراق تەواو بوبو، ئەگەرایەوە بۆ ئەمەریکا.

*

ئابی ۲۰۰۳

د. ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی نۆرەیی ئەم مانگە ئەبێ.

جەعفەری سالی ۱۹٤۷ لە کەربەلا لە دایک بوە. ۱۹۷٤ کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی موسڵی تەواو کردوە. لە سەرەتای حەفتاکانەوە چوتە حیزبی دەعوە. ۱۹۸۰ لە دەس بەعس هەلاتوە بۆ ئێران. بوتە ئەندامی "المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة". ناسناوی بنەماڵەکەی (الاشیقر) ە بۆ خۆگۆڕین لە بەعس ناسناوی جەعفەری هەڵبژاردوە. خۆی بە سەید و نەوەی پێغەمەر دائەنێ. ۱۹۸۹ لە گەل خێزانەکەی چوتە لەندەن. هاوسەرەکەشی پزیشکە. بە ناوی حیزبی دەعوە چالاک بوە. لە جیاتی کاری پزیشکی لە لەندەن دەزگایەکی حەجی بەڕێوە بردوە. دوای روخانی بەعس لە رێگای کوردستانەوە گەڕاوەتەوە عیراق. حیزبی دەعوە ئیستا بوتە چەند رێکخستنێکی جیاواز. جەعفەری سەرکردایەتی یەکێکیان ئەکات.

۲ ی ۸ ی ۰۳ شەمە:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

سەعات ۱۰ کۆبونەوەی هر (هیئە رئاسیە) بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەعات ١١ کۆبونەوەی مح (مەجلیسی حوکم) دەستی پێکرد.
باسی دانانی سکرتێری ئەنجومەن و دەسەلاتەکانی کرا.
باسی لوجنەی ئامادەکردنی دەستور کرا. باس کرا ١٥ کەس بێت. هەر کەسە چەند ناوێکی پێشنیار کرد. نەگەیشتنە ڕێککەوتن باسەکە دوا خرا.

*

لە سەرەتاوە ئەمەریکا و زۆر لە هێز و کەسایەتی سیاسی عیراق ئەیانویست بە زویی دەستوری بۆ عیراق بنوسرێ. لە زۆر ولآت و لە عیراقیش دا ئەمە پێشینەی مێژویی هەبو. لە عیراق یەکەمین دەستور "القانون الاساسی" لە لایەن پسپۆڕێکی ئینگلیزییەوە نوسرا بو، پاشان ئەنجومەنی دامەزرێنەر "المجلس التأسیسی" پەسندی کرد. دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ حسێن جەمیل، کە شارەزایەکی قانونی بو، بە هاوکاری چەند کەسێکی کە، دەستوری کاتی "الدستور المؤقت" ی نوسی بو. تەنانەت دەستوری بە ناوبانگی ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پێش چەند سەدە جیفەرسۆن و چەند کەسێکی کە، نوسیویانە.

ئەکرا ئەمجارەش کۆمیتەیەک پێکبهێنرایە لە چەند شارەزایەکی قانونی دەستوری و کەسایەتی سیاسی، بە راوێژ لە گەڵ چەند پسپۆڕیکی بێگانە، دەستوریان بنوسیایە و لە دەزگاکانی راگەیاندن دا بڵاو بکرایەتەوە بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە، ئینجا دوا بڕیاری لێ بدرایە و ئەوسا بخرایەتە بەردەم گەل بۆ دەنگدان لە سەری بە پەسندکردن یا بە ڕەتکردنەوەی. بەڵام زۆر زو بەندوباوێ بڵاوبوەوە کە گوێا سام (سلطه الأتلاف المؤقته) گەنجێکی جویان هێناوە بۆ ئەوەی دەستور بۆ عیراق بنوسێ. هەندێ لایەنی ئیسلامیی بنچینەوان: اصولی (fundamentalist) مەرجەعی گەورەی شیعە، سەید عەلی سیستانییان هان دا "فتوا" یەک دەربارەی نوسینی دەستور دەربکا. سیستانی فتوای دەرکرد کە: بێگانە بۆیان نییە دەستور بۆ عیراق بنوسن و ئەبێ هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دا بکرێ بۆ ئەنجومەنێکی نیشتمانی، ئەو ئەنجومەنە دەستور بنوسێ و بیخاتە بەردەم گەلی عیراق بۆ دەنگدان لە سەری.

سیستانی کە بە درێژایی زەمانی سەدام، بێئەوەی دەس وەربداتە هیچ کارێکی سیاسی و ناسیاسی عیراقیەوە، لە ماڵەکەی خۆی دا سەری کز کردبو، گوشەگیر و بێدەنگ دانیشت بو، کتوپڕ بەم فتوایە هاتە سەر شانۆی سیاسی. ڕێکخراوە سیاسیەکانی شیعە بە تایبەتی "المجلس الاعلی للثوره الاسلامیه فی العراق" بە سەرکردایەتی سەید محەمەد باقر حەکیم و "حزب الدعوه الاسلامیه" بە سەرکردایەتی د ئیبراهیم جەعفەری، پشتیوانییان لەم داوایە کرد و سەیر ئەوە بو سەفیر پۆل بریمەر، حاکمی مەدەنی ئەمەریکی لە عیراق و سەفیر ساوەرز یاریدەدەری بریتانی حاکمی مەدەنی و دواتر سەفیر گرینستۆک فتواکەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سیستانییان بە لاوە ئەوەندە گرنگ بو، ئامۆژگاری ئەندامانی "مجلس الحکم" یان کرد کە فتواکەی سیستانی لە بەرچاو بگرن.

ئەم فتوایەی سیستانی بو بە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم مح و سام دا، بە تایبەتی لایەنە دینیەکانی شیعە پێیان لە سەر هەڵبژاردنی گشتی دائەگرت، ئەیانویست تەجروبەی ئیمام خومەینی و دانانی "قانونی ئەساسی ئێران" دوبارە بکەنەوە. چونکە پێیان وابو زۆرایەتی خەڵک لە گەڵ ئەوانە و دەنگ بۆ ئەوان ئەدا.

*

بارزانی باسی کرد کە دوێنێ لە گەڵ تالەبانی چون بۆ موسل بۆ بینینی جۆن ئەبی زەید لە سەر داوای ئەو. باسی دابینکردنی ئاسایشی لە گەڵ کردون. لوجنەیەک پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوەی جۆری دابینکردنی ئاسایش، منیش ئەشێ یەکێکیان بم، بەڵام هیچ ئومێدێکم پێی نییە.

بارزانی، بۆ پارێزگاری بارەگای مح ئامادەیی دەربڕی هێز لە کوردستانەوە بهێنێ. ئامادەیی دەربڕی هەر ئەندامێ پێویستی بە حیمایە هەبێ، یان حیمایەکانی پێویستیان بە تەدریب و چەک هەبێ، بۆیان دابین بکا. بە ناوی هەردو لایەنی کوردیەوە قسەی ئەکرد. کەس هاوەڵەنگی پیشان نەدا. پێئەچێ سەربازی ئەمەریکییان پێ باشتر بێ لە پۆلیسی کورد.

*

تالەبانی ئامادەی کۆبونەوەی مح نەبو. چوە بۆ نەجەف بۆ سەردانی سەید محەمەد باقر حەکیم، سەرۆکی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی. لە بەغداوە عادل عەبدولمەهدی و چەند کادرێکی تری سەرکردایەتی مەجلیس لە گەڵی چون و لە دەروازەی نەجەفیش دا چەند کادری مەجلیس و کاربەدەستی حکومەتیی هاتون بۆ پێشوازی. تالەبانی لە گەڵ خۆی: د. فوئاد مەعسوم، عادل موراد، محەمەد تۆفیق، د. خەسرەو گوڵمحەمەد، کوردۆ قاسم، سەعدون فەیلی، برد بو. سەرەتای دیدارەکەی نەجەفی بە سەردانی سەید عەلی سیستانی دەس پی کردوە. سیستانی وتبوی: "من ٤٠ ساڵە ئاگاداری مەینەتییەکان و کارەساتەکانتانم." لە قسەکانی دا پێی داگرتبو لە سەر "چەسپاندنی ناسنامەی ئیسلامیی عیراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی ئازاد بۆ هەڵبژاردنی هەیئەتی نوسینی دەستور".

٢ ی ٨ ی ٠٢ یەکشەم:

بریمەر بە نامەیەکی ڕەسمی داوای لە مح کرد کە حەفتەی جارێک لە گەڵ مح کۆ ببێتەوە، پێشنیاری سەعات ١٠ ی ڕۆژانی چوارشەمەی کرد. مح موافیق بو. هەمو سێشەمەیەک پێشەکی (جدول اعمال: ئەجندا) ی ئەوەی ئەیەوێ باسی بکا بە عەرەبی و ئینگلیزی ئەنێرێ.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی وەزارەت ئەرکی سەرەکیە. داوا لە سام کراوە زانیاری تەواو لە سەر وەزارەتەکان بنێرێ بۆ مح بۆ ئەوەی بزانێ وەزارەتەکان چین و چەندن و چۆنن و چۆن بەڕێوە ئەبرێن بۆ ئەوەی بەو پێیە کار بکا. جارێ چاوەڕوانی وەڵامن.

٤ ی ٨ ی ٠٣ دوشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

باس لە دانانی وەزارەتەکان کرا.

سەعات ١١ بریمەر هات لە گەڵ خۆی دەیڤید ئۆلیڤەر، بەرپرسی سام بۆ کاروباری دارایی و بودجەی، هێنا بو بۆ باسی بودجەی عیراق و وەزارەتەکان. بریمەر، وەکو بە نامەش نوسی بوی، داوای کرد هەمو چوارشەموانێ کۆبونەوەی هاوبەشی ئەو و مح بکرێ. مح موافیق بو.

ئۆلیڤەر وتی: "وێنەیەکی تەرجومەکراوی عەرەبیی بودجەی عیراقی ناردوە بۆ مح." باسی داهات و خەرج و کێشەکانی کرد.

بڕیار درا لوجنەیەک بۆ کاروباری دارایی و ئابوری پێک بێ لە: ١. د-چەلەبی (منسق اللجنه)، ٢. حەمید موسا، ٣. د روبەیعی، ٤. صومەیدەعی، ٥. د موحسین، ٦. حەکیم، ٧. د بەحرەلعلوم، ٨. د عەلاوی، ٩. د جەعفەری، ١٠. د رۆژ (نوێنەری بارزانی) ١١. د-خوزاعی.

*

ئێران بە ڕەسمی مح ئەناسێ

سەعات ١٥ حسێن سادقی، سەرۆکی دائیرەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەلیڕەزا حەقیقیان، سەفیری ئێران لە عیراق، لە گەڵ وەفدێکی ئێرانی هاتن. پیرۆزباییان لە مح کرد و دانپیانانی ڕەسمی ئێرانیان ڕاگەیاند و وەفدی مح یان دەعوەت کرد بۆ ئێران. لە ئەندامانی وەفدەکە من پێشتر (سەردار مەسجیدی و هاشمی) م ئەناسی. ئێران یەکەمین دەوڵەتە بە ئاشکرا دان بە مح دا بنێ و وەفد بۆ پیرۆزبایی بنێرێ و دەعوەتی بکا بۆ سەردانی ئێران.

*

ئێران کە توشی شەڕێکی ٨ ساڵەی خوێناوی بو لە گەڵ عیراق، بەعسی بە دوژمنێکی گەورە دائەنا، هەمو هەوڵێکی دا بۆ ڕوخاندنی. هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی یارمەتی ئێرانیان نەدا، جەنگ بباتەوە. زۆر بەسەر ڕاگرتنی جەنگی خەلیجی یەکەم دا تێ نەپەڕی بو، سەدام پەلاماری کوەیتی دا. ئەنجامەکانی ئەم شەڕە، کە ناو نراوە جەنگی خەلیجی دوەم، بڕبڕەی پشتی سەدامی شکاند، سەدام، لە ڕوی جەنگیەوە لاواز و لە ڕوی سیاسیەوە دابڕاو و لە ڕوی ئابوریەوە نابوت بو، ئیتر مەترسیەکی بۆ سەر ئێران دروست نەئەکرد،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵکو ئێران ئەیتوانی لاوازییەکانی عیراق بە کار بهێنێ و مەرجەکانی خۆی بە سەردا بسەپێنێ.

مەترسی راستەقینە ئێتر (بۆ ئێران) لە عیراقەوە نەئەهات، بەڵکو لە ئەمەریکاوە ئەهات، کە خومەینی ناوی نا بو شەیتانی بزورگ. چواردەوری ئێران بە دەوڵەتانی سەر بە ئەمەریکا گیراوە. لە لای سەرویەوە جمهوریەتەکانی یەکێتی سۆڤیتی جاران، لە رۆژهەلاتیەوە پاکستان و ئەفغانستان (دوای روخانی تالیبان)، لە خواریەوە ئەمارەتەکانی خەلیج و لە رۆژئاوایەوە تورکیا. تەنیا پەنجەرە لە هەمو سنورەکانی ئێران دا کە نفوزی ئەمەریکای تیا نەبو هەر عیراق بو. ئێران نەیئەویست ئەم پەنجەرەیەشی لێ بگیرێ. عیراقی لاوازی سەدام دراوسێی ئێران بێ باشترە لە عیراقی بەهێزی سەر بە ئەمەریکا.

ئەوەندەی ئەمەریکا وتویەتی، هەرگیز گۆڕینی رژیمی ئێرانی لە بەرنامەی دا نەبوە، بەڵکو گۆڕینی رەفتاری ئێران سەبارەت بە پشتیوانی تێرۆر، بە تایبەتی دەسوەردانی لە کاروباری فەلەستین و لوبنان، هەوڵدان بۆ بە دەسهێنانی چەکی کۆکوژ... بەلام لەوانە گرنگتر کە ئێرانی ترساندوە: دو تاقم حوکمی ئێران ئەکەن. تاقمێکیان، هەڵبژێردراون، تاقمێکیان هەڵنەبژێردراون. دەسەلاتی راستەقینە لە ئێران دا بە دەس ئەوانەوەیە کە هەڵنەبژێردراون. ئەمەریکا ئەیەوێ ئەوانە حوکمی ئێران بکەن کە هەڵبژێردراون و ئەوانە لە حوکم دور بکەونەوە کە هەڵنەبژێردراون.

ئێران لە عیراقی ئیستادا سیاسەتێکی دوسەری هەیە:

سەرێکیان، رەفتارە لە گەڵ مح، وەکو حکومەتی عیراق، کە هەندێ لە ئەندامەکانی ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی رژیمی بەعس دا بنکەکانیان لە ئێران بوەو دۆستی ئێران بون.

سەرێکیشیان، رەفتارە لە گەڵ هەبونی ئەمەریکادا، ئەیەوێ لە زەلکاوی عیراق دا بە جۆرێ گیر بخوا، گەورەترین زەرەری لێ بکەوێ، بۆ ئەوەی هەرچی زوترە بە جێی بهێڵێ و هەڵێ.

٥ ی ٨ ی ٠٣ سێشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

باس لە دانانی وەزیرەکان کرا بیروڕای جیاواز هەیە.

رەئیەک ئەڵێ: بە پێی سەرەتاکانی لێوەشاوەیی و پاکی، بێ گوێ دانە دین و تایەفە و نەتەوە هەندێ پێوانە دابنرێ. بۆ هەر وەزارەتێ چەند کەسێ پێشنیار بکرێ. بە دەنگدانی نهێنی یەکێ هەڵبژێرن. بە زۆری هەندێ لەوانەی سونەن پێ لە سەر ئەمە دائەگرن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رەئیەکی تر ئەڵێ: لە بەر ئەوەی پێکهاتەی خەڵکی عیراق جۆراوجۆرە وەزیرەکانیش ئەبێ بە پێی سەرەتای سازین لەو پێکهاتە تێکەڵاوە دابنرێن، بەو مەرجەی پێڕەوی پێوانەی سیاسی و تەکنۆکراتی بکرێ.

بە زۆرایەتی ١٥ دەنگ بڕیار درا دانانی میکانیزم و پێوانەکانی بە هەر بسپێردرێ.

ئاخۆ سەرۆکی وەزیران هەبێ یانە؟ بە زۆرایەتی ١٩ دەنگ بڕیار درا دانەنرێ، سەرۆکی مح لەو مانگەدا سەرۆکایەتی وەزیرەکان بکا.

وەزارەتەکان بریتین لە: ١. الزراعه. ٢.-الثقافه (سام وەزارەتی الاعلامی هەڵوەشاندۆتەوە. باس کرا وەزارەتی رۆشنبیری بمێنێ یا نە؟ بە زۆرایەتی ٢٠ دەنگ مانەوەی بڕیار درا). ٣. التربیه. ٤. الماليه. ٥. الخارجيه. ٦. الصحه. ٧. التعليم العالی. ٨. الاسكان والتعمير. ٩. الصناعه والمعادن. ١٠. الداخليه. ١١. الرى تغير الاسم الى الموارد المائيه. ١٢. العدل. ١٣. العمل والشؤون الاجتماعيه. ١٤. النفط. ١٥. التخطيط (مانەوەی بە زۆرایەتی ١٨ دەنگ بڕیار درا). ١٦. الحكم المحلی. ١٧. الاشغال العامه. ١٨. الاوقاف والشؤون الدينيه (لە کۆبونەوەی هر دا بڕیار درا هەڵبوەشێنرێتەوە و بکرێ بە دواوین الوقف). ١٩. التجاره. ٢٠. النقل والمواصلات. ٢١. الشباب والرياضه.

بۆ ئەوەی ژمارەی وەزارەتەکان زیاد بکرێ بۆ ٢٥ پاش چەندین مشتومڕ و گفتوگۆ بڕیار درا:

یەکەم: وەزارەتی النقل و المواصلات بکرێ بە دوان: ١.-النقل. ٢. الاتصالات.

دووەم: ٤ وەزارەتی نوێ دروستبکرێن بۆ : ١. البيئه. ٢. حقوق الانسان. ٣. الهجره والمهجرين. ٤. الكهرباء.

سێیەم: سام خۆیشی بڕیاری دابو وەزارەتی (التصنيع العسكری) بگۆڕێ بۆ وەزارەتی العلوم والتكنولوجيا.

زیادکردنی ژمارەی وەزارەتەکان هیچ پێوەندیەکی بە پێویستیەکانی ئیستای عیراقەوە نیە بەڵکو بۆ رازیکردنی ئەندامانی مەجلیسە بۆ ئەوەی هەر ئەندامێ وەزیرێ دابنێ.

سیاسیەکانی عیراق بە پێی گرنگیی وەزارەتەکان پۆلێن ئەکەن بۆ:

پۆلی یەکەم: وەزارەتی سەروەری، بریتییە لە وەزارەتەکانی دیفاع، ناوخۆ، دەرەوە، دارایی، نەوت

پۆلی دووەم: وەزارەتی بەرهەمهێن، وەکو پیشەسازی و گواستنەوە...

پۆلی سێیەم: وەزارەتی خزمەتگوزاری، وەکو پەروەردە و تەندروستی...

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تاڵەبانی گەیشتۆتە پەکین لە چین.

٦ ی ٨ ی ٠٣ چوارشەم:

چەلەبی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

بریمەر بۆ کۆبونەوەی حەفتانە هات. باس لە گیروگرفتی بێکاری و کردنەوەی هەندێ لە کۆنسولگەکانی عیراق لە دەرەوە کرا. وەزارەتی دەرەوەی عیراق لە لایەن راوێژکاری ئەمەریکاییەوە سەرپەرشتی ئەکرێ. بڕیاریان داوە ٥ کۆنسولگەی عیراقی لە: ئەبوزەبی، مەنامە، قاهیرە، عەمان، بێروت، بخەنەوە کار. لەم بارەیەوە گفتوگۆ کرا. هەندێ لەم وڵاتانە بۆ (جالیە)ی عیراقی بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بە تایبەتی ئەوانەی کە ژمارەیەکی کەمی عیراقییان لێ دانیشتوە، لە کاتێکدا چەندین پایتەختی گرنگی دەوڵەتانی تر هەن کە ژمارەیەکی زۆر عیراقییان لێیە، کەچی کۆنسولگەکانی لێ نەخراوەتەوە کار.

٧ ی ٨ ی ٠٣ پێنجشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەمرۆی کرد.

سەعات ١٠ لە گەڵ بریمەر، جەنەرال جۆن ئەبی زەید سەرکردەی هێزەکانی ناوەند، جەنەرال ریکاردۆ سانچێز سەرکردەی هێزەکانی عیراق، کۆبونەوە.

فەیلەقی دیفاعی مەدەنی

ئەبی زەید باسی پێکهێنانی هێزی (دفاع مدنی) کردو سانچێز زۆرتر لەم هێزە دوا و، وتی: "جارێ تەرکیز ئەکرێتە سەر ناوەڕاستی وڵات. لە ماوەی ٤٥ رۆژدا ٨ فەوج دائەمەزرێ". هەندێ لایەنی تری ڕونکردەوە. بە پێی وەرەقەیەک کە بۆ مح نێردراوە، خۆیان ناویان لەم دامەزراوە نوێیە ناوە:

(فیالق الدفاع المدنی العراقی: Iraqi Civil Defense Corps)

(فەیلەق) لە زمانی جەنگیی عیراق دا هێزێکی گەورەیە بە لایەنی کەمەوە ٣ فیرقە ئەبێ، ئەمان بە مەعنای (فەوج: بەتالیۆن) بە کاریان هێناوە.

ئەم دامەزراوە نوێیە، کە لە کۆتایی تەموزەوە دەستیان کردوە بە پێکهێنانی، وەکو نوسراوە لە پاڵ جەیشی نوێی عیراق و پۆلیس و پاسەوانی سنور دا، بۆ ئەوەیە عیراقیی دەورێکی کاریگەرتری هەبێ لە جێگیرکردنی ئاسایش دا.

لە هەر پارێزگایەک دا ١ فەوج دائەمەزرێ و هەر فەوجێک ٨٥٠ کەس ئەبێ. بە پێی ژمارەی پارێزگاکانی عیراق ئەبێتە ١٨ فەوج و ژمارەی هەمویان ١٥٠٠٠ کەس ئەبێ.

لە ٢٥ ی تەموزەوە دەستیان کردوە بە ناونوسین و لە ٣١ ی تەموزەوە دەستیان کردوە بە مەشق. بە پێی ئەو پلانەی دایان ناوە بە تەمان: لە ماوەی ٤٥ رۆژی داهاتودا ٨ فەوج دابمەزرێ و لە ١ ی ئەیلول دا ٥ فەوجی ترو لە کانونی دوەم دا ٥ فەوجەکەی تر تەواو ببێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێکهێنانی، هەر فەوجە لە خەڵکی ناوچەی خۆی دروست ئەکرێ و نابرێن بۆ شوێنانی تر.

راهێنانی، ئەفسەرانی هاوپەیمانان خۆیان مەشقێکی سەرەتاییان پێئەکەن، دوایی لە ماوەی کارکردن دا درێژە ئەدەن بە راهێنانیان بۆ کاروباری ئاسایش و بە کارهێنانی چەک و ئەرکەکانی تر.

سەرکردایەتی، هێزی هاوپەیمانان خۆیان راستەخۆ سەرکردایەتییان ئەکەن و فەرمان لەوان وەرئەگرن.

ئەرکەکانی: لە گەڵ هێزی هاوپەیمانەکان دا کار ئەکەن، یارمەتی ئەوان ئەدەن بۆ پێوەندی لە نێوان ئەوان و خەڵکی عیراقدا، دەوری‌یەی هاوبەش دەر ئەکەن و لەگەڵ رەتلەکانیان دا دەرئەچن، هەندێ لە شوێنە پێویستەکان ئەپارێزن و خاڵی پشکنین دائەنێن و ئاگاداری و زانیاری کۆ ئەکەنەوە.

چەک و تفاق، جگە لە چەکی سوک بۆیان نیە چەکی تر هەڵبگرن.

جلوبەرگ، ئەندامەکانی پۆلیس نین هەروەها سەربازیش نین، بۆ ئەوەی لە پۆلیس و سەرباز جیا بکرێنەوە جلوبەرگی ئەمان جیاواز ئەبێ لە هی ئەوان.

موچە، موچەی مانگانەیان وەکو موچەی سەرباز ئەبێ. ئەمە گیروگرفتێکی راستەقینەیە. موچەی سەرباز ٦٠ دۆلارە. پارەیەکی زۆر کەمە. لە بەر ئەوەی ئیستا بێکاری زۆر بڵاوە و خەڵک دەستیان زۆر کورتە، رەنگە هەندێ کەس بە ناچاری بێنە ریزەکانی ئەم فەوجانەوە، بەڵام کە بازاڕی کار ببوژێتەوە و کرێی رۆژانەی کرێکار بەرز ببێتەوە، ئەوەی توانای کاری هەبێ ریزەکانی ئەم فەوجانە بە جێ ئەهێڵێ و ئەچێ کارێکی تر بە موچەیەکی بەرزتر ئەکا. یان فێری پارە وەرگرتن و دزی و بەرتیلخۆری ئەبن و، گەندەڵی ریزەکانیان دائەرژێنێ و ناویان لە ناو خەڵک دا ئەزڕێ و ئەبێتە دامەزراوێکی بەدناو.

*

دانانی لوجنەی دەستوری دواخرا بۆ کۆبونەوەی ١١ ی مانگ. فتواکەی سیستانی کۆسپێکی گەورەی رێگەی نوسینی دەستورە.

*

دەوامی مح: بڕیار درا لێرە بە دواوە حەفتەی ٣ ڕۆژ دەوام هەبێ: دوشەمە و سێشەمە و چوارشەمە، لە سەعات ١٠ ی بەیانی تا ٤ ی ئێوارە. سەعات ١٣ – ١٤ تەرخان بکرێ بۆ فراوین.

٨ ی ٨ ی ٠٣ هەینی:

جەعفەری لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی (الزمان) دەربارەی فیدرالی دواوە.

صحیفه (المستقبل) اللبنانیة فی ٨/ ٨/ ٢٠٠٣.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

اکد رئیس مجلس الحکم الانتقالی فی العراق ابراهیم الجعفری أمس إن المجلس أقر کمبدأ عام أن یکون نظام الحکم الجدید فی العراق نظاما فیدرالیا

ونقلت صحیفه (الزمان) الیومیه المستقله عن الجعفری قوله ان "مجلس الحکم اقر بان یکون النظام فی العراق الجدید نظاما فیدرالیا کمبدأ عام" وقال انه "لم یتم خلال المناقشات التی عقدها مجلس الحکم الاقرار النهائی بطبیعة وشکل الفیدرالیة التی سیکون علیها العراق الجدید." واوضح الجعفری انه "لایمکن الاقرار بنوع الفیدرالیة مالم یتم وضع الدستور وحینذاک سیتم اختیار نوع الفیدرالیة التی ستمثل العراق" وتابع ان "عالم الیوم یشهد العدید من الدول الکبری التی تتمتع بنظام فیدرالی کامریکا والمانیا فضلا عن وجود انواع متعددة من الفیدرالیة فی بلدان اخری ولکل فیدرالیة خصوصیتها التی تتمیز بها ومنها فیدرالیات ذات طابع جغرافی واخری سیاسی ومنها عرقی وبعضها مذهبی او دینی واحیانا تنطلق الفیدرالیة من الانسان ذاته"

وحول نوع الفیدرالیة التی یتطلع الیها العراق، قال "نحن نؤمن ان تحقق فی جانب معین حالة من اللامرکزیة ومن الجانب الاخر ان تحقق حالة مرکزیة مع ضمان المحافظة علی وحدة العراق وسیادته مع إحترام إراده شعبه وضمان حقوقه."

۱۱ ی ۸ ی ۰۳ دوشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەمرۆی کرد.

سەعات ۱۰ بریمەر و سەفیری بریتانی هاتن لە گەڵ هر کۆبونەوە. کورتەی قسەکانی بریمەر بریتی بو لە:

- "دانانی وەفد بۆ ئەوەی بە ناوی عیراقەوە بەشدار بێ لە کۆبونەوەی رێکخراوە ناودەوڵەتییەکان دا. وەکو کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب و کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەڵام لە روی قانونیەوە ئەبێ عیراق وەزیری دەرەوەی هەبێ.

"ئامۆژگاری: وەفدەکان کە ئەنێرن بۆ دەرەوە با بە ژمارە کەم بن.

- "وەرگرتنی ئەندامی نوێ لە مح دا شتێکی باش نیە، ئەگەر ئەتانەوێ لایەنەکانی تر بەشدار بکەن ئەتوانن لە لوجنە فەرعیەکاندا دایان بنێن.

- "بۆ بەلادا خستنی گێڕانەوەی موڵکیەت و کێشەی زەویوزار لە نێوان کوردو عەرەب دا لە گەڵ رێکخراوی جیهانیی کۆچ (IOM) رێک کەوتون لە ٥ شوبن ئۆفیس ئەکەنەوە، لەوانە: موسل، هەولێر... بۆ بەدواچون و بەلادا خستنی ئەو ناکۆکییانە.

- "بۆ ئەوەی لە نێوان ئێمە و ئێوەدا روبەڕوبونەوە رونەدا، ئێمە هیچ بڕیارێکی سەرەکی نادەین پێش ئەوەی پرس بە ئێوە بکەین، مەفروزە ئێوەش هیچ بڕیارێکی سەرەکی نەدەن بێ پرسی پێشەکی ئێمە، بۆ نمونە بڕیاری دروستکردنی وەزارەتی تازە. کە بیر لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دروستکردنی وەزارەتی نوێ ئەگەنەوە، ئەبێ بیر لە بودجە، بینا، فەرمانبەر بکەنەوە، بۆیە بەر لەوەی بڕیاری وا بدەن ئەبێ پرس بە ئێمە بکەن!"

قسەکانی بریمەر (تەبلیغ) بوون نەک ئاڵوگۆڕی بیروڕا.

لە کاتێک دا ئەم کۆبونەوەیە ئەکرا ئەندامانی تری مح لە دەرەوە چاوەڕوان بون تەواو ببێ بۆ ئەوەی کۆبونەوەی ئاسایی دەس پێ بکا. ئەوەیان بە پشتگوێ خستنی خۆیان داناوە.

*

چادرچی لەوەتی خۆی لە هر دەرهاوێژراوە ئەوەی لێ بۆتە گرێ و ئەندامانی تری مح لە دژی هان ئەدا، ئەمڕۆش دیسان خۆی و ١٣ کەسی تری ساز دابو، بە ناوی ئەوانەوە ناڕەزایی دەربڕی و وتی نابێ دەزگایەکی تایبەتی لە ناو مح دا دروست بکرێ و ئەندامەکانی تر بخرێنە پەراوێزەوە و داوای کرد ئەو جۆرە کارانە دوبارە نەبنەوە.

*

بڕیاری ژ ٣٢ ی مح دەربارەی پێکهێنانی لوجنەی دۆزینەوەی میکانیزمی نوسینی دەستور بە هەڵبژاردن یا هەڵئاواردنی ئەندامانی کۆڕی دەستوری. ئەم لوجنەیە دەستور نانوسێ بەڵکو ڕێگەی نوسینی دەستور دیاری ئەکا. هەر ئەندامێکی مح یەک کەس ناودێر ئەکا بەوە لوجنەکە بە قەد ئەندامانی مح ئەبێ بە ٢٥ کەس و ئەشێ تا ١٥ ی ٩ کارەکانی تەواو بکا و تەقریری خۆی بدا بە مح.

گروپی کورد ئەم کەسانەیان ناودێر کرد، یەکێتی: د فوئاد مەعسوم، پارتی: سامی ئەورەحمان، یەکگرتو: دیندار نەجمان، لە لایەن دارا نورەدینەوە: فرسەت ئەحمەد ناودێر کرا و، لە لایەن د. مەحمودیشەوە: د. محەمەد عومەر مەولود ناودێرکرا. لەلایەن د. موحسینەوە، د. مستەفا زەڵمی ناودێر کرا. بەوە ژمارەی کورد لە لوجنەکەدا بو بە ٦ ئەندام.

*

سیستانی و دەستوری عیراق

کۆسپی گەورەی ڕێگەی نوسینی دەستور سیستانی و فتواکەیەتی. ئەگینا لە باتی دانانی لوجنەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی نوسینی دەستور ئەکرا لوجنەیەک دابنێن مسوەدەی دەستور بنوسێ و لە ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندندا بڵاو بکرایەتەوە بۆ لێدوان و گفتوگۆ، مح دوابڕیاری لێ بدایە و بخرایەتە بەردەم گەل بۆ ڕاپرسی گشتی.

ئیستا لە نەجەف و کەربەلا چەند مەرجەعێکی لێیە، لەوانە: عەلی سیستانی (ئێرانی)، بەشیر نەجەفی (پاکستانی)، ئیسحاق فەیاز (ئەفغانی)، محەمەد سەعید بەهبەهانی حەکیم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(نیوە ئێرانی و نیوە عیراقی). لە ناو ئەوانەدا لە هەمویان بە نفوزتر ئایەتوڵا سەید عەلی سیستانیە.

ئەبولقاسمی خوئی، گەورەترین مەرجەعی تەقلیدی شیعە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم دا، لە ململانێی نێوان شای ئێران و خومەینی دا، بێدەنگ بو، بەڵکو لە گەرمەی ناکۆکیەکەدا کە شا تەنگاو بو هاوسەرەکەی نارد بۆ دیدەنی خوئی بۆ ئەوەی یارمەتی بدا لە ئارامکردنەوەی گەلی راپەڕیوی ئێران دا، خوئی پێشوازی لێ کرد و دوعای خێری بۆ شا کرد.

بە درێژایی ئەو ماوەیەی خومەینی جەنگی لە دژی شا راگەیاند بو، خەڵکی ئێرانی هان ئەدا بۆ شۆڕش، خوئی یارمەتیەکی خومەینی نەدا. خومەینی ئەوەی لە بیر بو، کە سەرکەوت نەیئەتوانی خوئی بە دەردی شەریعەتمەداری ببا، ریشی بتاشێ و خەلعی لیباسی بکا، بەڵام فەرامۆشی کرد و هەوڵی دا لە باتی نەجەف، حەوزەی عیلمی قوم ببێتە ناوەندی شیعە و مەرجەعی تر بێنە پێشەوە.

خومەینی کە لە ئێران کاروباری گرتە دەس کەوتە جێبەجێکردنی تیۆری (ولایەتی فەقیە) خوئی لەوەشدا پشتیوانی لێ نەکرد و تیۆرییەکەی نەپەسەند.

خوئی لوتی نەئەژەندە کاروباری سیاسیەوە بە تایبەتی لە سەردەمی زەبروزەنگی بەعس و سەدام حسێن دا، بەڵکو ئەیویست خۆی و حەوزە دور لە تێکەڵاوی سیاسی رابگرێ، بەڵام ئەوە دادی نەدا، سەدام لە رۆژانی شکانی راپەڕین دا خوئی، ئەگەرچی زۆر پیر بو، بردە بەغدا و ناچاری کرد قسە لە دژی راپەڕین بکا.

سیستانی لە نزیکەکانی خوئی بو، کە مرد، ئەم جێگەی گرتەوە. ئەویش لەوانە بو تیۆری ولایەتی فەقیهی خومەینی نەپەسەندوە. سیستانی بە هەمان ڕێبازی خوئی دا ئەڕۆیشت. ئەویش لەوانە بو ئەیویست حەوزە دور رابگرێ لە تێکەڵاوی سیاسی و ئەیویست لە گەڵ رژیمی بەعس بە ئاشتی بژی، بە درێژایی سەردەمی سەدام بێدەنگ و گۆشەگیر کونجی ژورەکەی خۆی گرت بو، لە ماڵ دەرنەئەچو.

خومەینی ئاخوندێکی شۆڕشگێڕ، دەیان ساڵ بەرەنگاریی شای ئێرانی کردبو، گەورەترین هاندەری شۆڕشی ئێران و گەورەترین و بە دەسەڵاتترینی رابەرەکانی بو، بەر لە روخانی شا و دوای روخانیشی تا ماوەیەک، هەمو هێزە سیاسیەکانی ئێران بە چەپ و راستەوە، رابەرایەتی ئەویان قبوڵ بو، سەرکردایەتی شۆڕشێکی کرد رژیمی شاهنشاهی روخان و لە جێگەی ئەو رژیمی جمهوری ئیسلامی دامەزراند. بزوتنەوەیەکی ئیسلامی لە سەرانسەری دنیادا بوژاندەوە تا ئیستاش کاریگەری هەر ماوە.

سیستانی کێیە و دەوری چی بوە لە روخاندنی رژیمی بەعس دا؟ ئەگەر بیەوێ لاسایی خومەینی بکاتەوە و وا بزانێ وەکو ئەوی پێ ئەکرێ، ئەوا بێگومان بە هەڵەدا چوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خومەینی و سیستانی دو کەسایەتی جیاوازن، لە دو سەردەمی جیاوازدا ژیاون.

فتواکەی سیستانی

بسم الله الرحمن الرحيم

سماحة سيدنا ومرجعنا المفدى آية الله العظمى السيد علي الحسيني السيستاني (دام ظله) .

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته وبعد :

أعلنت سلطات الاحتلال في العراق أنها قررت تشكيل مجلس لكتابة الدستور العراقي القادم، وأنها ستعين أعضاء هذا المجلس بالمشاورة مع الجهات السياسية والاجتماعية في البلد، ثم تطرح الدستور الذي يقره المجلس للتصويت عليه في استفتاء شعبي عام .

نرجو التفضل ببيان الموقف الشرعي من هذا المشروع وما يجب على المؤمنين ان يقوموا به في قضيه اعداد الدستور العراقي .

جمع من المؤمنين ٢٠/ ربيع الآخر /١٤٢٤هـ

بسمه تعالى

ان تلك السلطات لا تتمتع بأية صلاحية في تعيين أعضاء مجلس كتابة الدستور، كما لا ضمان ان يضع هذا المجلس دستورا يطابق المصالح العليا للشعب العراقي ويعبر عن هويته الوطنية التي من ركائزها الأساس الدين الإسلامي الحنيف والقيم الاجتماعية النبيلة، فالمشروع المذكور غير مقبول من أساسه، ولابد أولا من إجراء انتخابات عامة لكي يختار كل عراقي مؤهل للانتخاب من يمثله في مجلس تأسيسي لكتابة الدستور، ثم يجرى التصويت العام على الدستور الذي يقره هذا المجلس، وعلى المؤمنين كافة المطالبة بتحقيق هذا الأمر المهم والمساهمة في إنجازه على أحسن وجه، أخذ الله تبارك وتعالى بأيدي الجميع إلى ما فيه الخير والصلاح والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

٢٥/ ع٢ /١٤٢٤

علي الحسيني السيستاني

فیقهی شیعە لە هی سوننە جیاوازە. ئەو جۆرە هێرارشیەی لە دامەزراوی دینیی شیعەدا هەیە لە سوننەدا نیە. لەوەتی ئەو فتوایەی سیستانی دەرچوە، کەسایەتیە شیعەکانی ناو مح، لەوانە: بەحرەلعلوم، حەکیم و یاریدەدەرەکانی، جەعفەری و یاریدەدەرەکانی، روبەیعی... بێ پێچ و پەنا پشتیوانی لێ ئەکەن.

یەکێ لە سەرکردە دیارەکانی حیزبی دەعوە، رۆژێ هاتبو بۆ بەشداری لە کۆبونەوەکانی مح دا. ئەوە یەکەم جار بو من ببینم. پاش یەکتر ناسین کەوتینە باسی مەسەلە گەرمەکان لەوانە هەڵبژاردنی گشتی. وتی: "ئیمە لەو مەسەلەیەدا ناتوانین بە پێچەوانەی فتوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سیستانی کار بکەین.' لە میانەی قسەکانی دا شتێکی بۆ روون کردمەوە تا ئەو کاتە نەمئەزانی.

مەرجەع، رەئی و فتوا و حوکمی هەیە.

رەئی: ئەشێ پێڕەوی بکرێ و ئەشێ پێڕەوی نەکرێ،

فتوا: ئەوانەی موقەلیدی ئەون ئەبێ پێڕەوی بکەن، ئەوانەی موقەلیدی ئەو نین ئەشێ پێڕەوی بکەن و ئەشێ پێڕەوی نەکەن، بەڵام

حوکم: ئەبێ هەمو شیعە پێڕەوی بکەن، ئەگەر موقەلیدی ئەو، یا هی هەر مەرجەعێکی تر بن.

فتواکەی سیستانی (حوکم) ە، بۆیە ئەبێ هەمویان پێڕەوی بکەن.

فتواکەی سیستانی، فتوا بێ یان حوکم، راست بێ یان درۆ، کێشەی (ئیحراج) ی بۆ رێکخراو و کەسایەتیە دینیەکانی ناو مح دروست کردوە، ئەوانیش بە چاکترین شێوە بە کاری ئەهێنن بۆ (ئیبتیزاز) ی ئەندامەکانی مح بە شیعە و سونەوە.

هەرچەندە دەعوەو مەجلیس و بەحرەلعلوم و روبەیعی... بە روالەت پشتیوانی لە داواکەی سیستانی ئەکەن بۆ هەڵبژاردنی گشتی، بەڵام پێم وایە هیچ لایەکیان و هیچ کەسێکیان بە راستیان نیە و ئەگەر بڕیار بدرێ هەڵبژاردنی گشتی بکرێ هەزارویەک بیانو دائەتاشن بۆ دواخستنی و هەزارویەک کۆسپ ئەهێننە رێگەی بۆ جێبەجێ نەکردنی، چونکە هیچیان دڵنیا نین لە ئەنجامی هەلبژاردن و ناتوانن پێشبینی بکەن کێ دەرئەچێ و کێ دەرناچێ، کێ زۆرایەتی ئەهێنێ و کێ کەمایەتی ئەبێ.

۱۲ ی ۸ ی ۰۳ سێشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

محێدین خەتیب بە ۱۸ دەنگ هەڵبژێردرا بە سکرتێری مح.

دارا نورەدین وەرەقەیەکی دەربارەی گێرانەوەی مولک و مالی زەوتکراوی کوردەکانی کەرکوک و شوێنەکانی تر ئامادە کردبو. پاش لێدوان لوجنەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی دروست کرا. وەرەقەکە ناتەواو بو.

پاش نیوەڕۆ، کۆبونەوەی هر بو بۆ باسی وەزارەتەکان.

۱۳ ی ۸ ی ۰۳ چوارشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

سەعات ۱۰ بریمەر و سەفیری بریتانی هاتن بۆ کۆبونەوەی حەفتانە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بریمەر دەربارەی پێویستی کردنەوەی دەرگای عیراق بۆ سەرمایەگوزاری بێگانە دوا. پاشەڕۆژی ئابووری عیراق بەندە بە سازدان و بە گەڕخستنی سەرمایەگوزاری بێگانە لە کەرتی تایبەتی دا کە هەڵی کار ئەڕەخسێنێ و دەستێوەردانی دەوڵەت کز ئەکا.

هەندێ لە ئەندامانی مح بە دوربینی و شارەزاییەوە گفتوگۆیان لە گەڵ کرد. وتیان: "ئێمە وەکو سەرەتا لە گەڵ بازاڕی ئازادین بەڵام ئەبێ هەلومەرجی ناوخۆی ئیستای عیراق لە بەرچاو بگیرێ و بە شێنەیی بەرەو بازاڕی ئازاد بچین بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئیستا چینی ناونجی لە کۆمەڵی عیراق دا نەماوە و داهاتی کەسی عیراقی نزمە. پەلەکردن بەرەو کەرتی تایبەتی ئەبێتە هۆی دروستبونی دەلاقەیەکی گەورە لە نێوان تاقمیکی پچوکی دەوڵەمەن و زۆرایەتیەکی هەژار و نەداردا. سەرمایەگوزاری ئەگەر لە قۆناغی ئیستادا لە بواری توریستی و گوێزانەوەی تەکنۆلۆجیا و شتی لەو بابەتە دا بێ باشە، بەڵام نابێ بچێتە بواری کڕینی خانو و زەویوزاری کشتوکاڵیەوە. لە بەر ئەوەی مح دەزگایەکی هەڵبژێردراو نیە، ئەبێ ئەو بڕیارە گرنگە هەڵبگیرێ بۆ سەردەمی پارلەمان و حکومەتێکی هەڵبژێردراو."

*

پارادۆکس: لە نەجەف ژنێک تەعین کرابو بە قازی. بەحرەلعلوم ناڕەزایی دەربڕی و داوای لابردنی کرد. بریمەر بەڵێنی دایە بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە. ٣ ئافرەت، کە لە مح دا ئەندامن، لە کۆبونەوەکەدا ئامادە بون کەسیان بە دەنگ نەهاتن. کەچی هەمان رۆژ د رەجا خوزاعی پێشنیاری کرد ٢٠ ی جیمادی سانی، رۆژی لە دایکبونی فاتیمەی زەهرا، هەمو ساڵێ لە عیراق دا بکرێ بە رۆژی ژن. ١٩ کەس دەنگی بۆ دا.

*

١٤ ی ٨ ی ٠٣ پێنجشەم:

ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ١٥٠٠ ی ٢٠٠٣ ی دەربارەی عیراق دەرکرد. بڕیارەکە پێشوازی لە دامەزراندنی مح ئەکا و برگەی ١ ی ئەڵێ: "یرحب باقامة مجلس للحکم فی العراق فی ١٣ تموز یتمتع بصفة تمثیلیة کبیرة تشکل مرحلة مهمة علی طریق تشکیل الشعب العراقی حکومة تمثیلیة معترفا بها دولیا تمارس مهام سیادة العراق". لە ١٥ ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا سوریا دەنگی بۆ نەداوە.

عیراق و دراوسێکانی

عیراق لە گەڵ ٦ دەوڵەت هاوسنورە: ئێران، تورکیا، سوریا، ئوردون، عەرەبستانی سعودی، کوێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شوێنی جیۆپۆلیتیکی و دەوڵەمەنی سامانی نەوت و ئاو و کشتوکاڵ و پێکهاتەی جۆراوجۆری نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی دانیشتوانی عیراق، هەلومەرجێکی وەهای خوڵقاندوە، هەر گۆڕانێکی سیاسی لە عیراق دا رو بدا بە جۆرێکی باش یا خراپ کار لە دەوڵەتانی دراوسێی ئەکا.

جەنگی رزگاریی عیراق، کە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دەستیان دایە، جگە لە کوێت، هەمو دراوسێکانی عیراق دژی راوەستان. ئەگەرچی هەریەکەیان بە بیانویەکی جیاواز، بەڵام لە بەر یەک هۆی ناوکۆیی کە هەمویانی لەم دوژمنایەتیەدا کۆ ئەکردەوە، ئەویش کاریگەری ئەنجامەکانی روخانی رژیمی تۆتالیتاری بەعس و دامەزرانی نمونەیەکی نوێی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بو. هەمو ئەو دەوڵەتانە گۆڕانی رژیمی دیکتاتۆریی سەدامیان بە رژیمێکی دیمۆکراسی بە مەترسیەکی گەورە دائەنا. ئەمانە:

بەر لە جەنگ دژی راوەستان و هەوڵیان دا بەر لە قەومانی بگرن.

لە رۆژانی جەنگەکەدا ئەیانویست درێژە بکێشێ و ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی توشی زیانی گیانی زۆر ببن.

لە دوای روخانی سەدام ئەیانویست عیراق ببێتە گۆڕستانی ئەمەریکیەکان و ئەو بەرنامەیەی بە دەستیانەوەیە (بۆ یارمەتیدانی عیراق، بۆ دامەزراندنی رژیمێکی دیمۆکراسی و ئاواکردنەوەی و باشکردنی باری گوزەرانی خەڵک) بشکێ و عیراق لە دەریای خوێنی شەڕی ناوخۆدا نقوم ببێ و ئەمەریکا بە سەرشۆڕی هێزەکانی لێ بکێشێتەوە.

هەر یەکێ لە دەوڵەتانی دراوسێ چەندین پەژارە دایگرتون.

جارێکیان وەفدێکی کوردی خەریکی سەفەر بو بۆ عەرەبستانی سعودی. لەو کاتەدا من لە لەندەن بوم. هانی الفکیکی، کەسایەتی ناسراوی عیراقی و دۆستی نزیکی کورد، ئەندامی سەرکردایەتی موئتەمەر بو. لێی پرسیم: "ئەوانە ئەچن بۆ سعودیە چی ئەکەن؟" وتم: "ئەچن پشتیوانی بۆ موعارەزەی عیراقی پەیدا بکەن". وتی: "سەفەرەکەیان بێسودە چونکە سعودیەکان بە تەما نین هیچ یارمەتییەکی موعارەزەی عیراقی بدەن". ئێنجا چیرۆکێکی خۆی لە گەڵ ئەوان بۆ گێڕامەوە.

هانی دۆستێکی خۆی راسپارد بو لە گەڵ ترکی الفیصل قسە بکا، بۆ ئەوەی یارمەتی موعارەزەی عیراقی بدەن. تورکی ئەوسا یەکێ لە ئەمیرە دەسەڵاتدارەکانی بنەماڵەی سعودی و سەرۆکی دەزگای موخابەراتی سعودی بو. دۆستەکەی هانی، کە لە هەمان کات دا دۆستی تورکیێش بو، لە تورکی پرسی بو: "بۆچی یارمەتی موعارەزەی عیراقی نادەن؟" تورکیێش لە کابرای پرسی بو: "بۆچی یارمەتی موعارەزەی عیراقی بدەین؟" کابرا وتبوی: "سەدام دوژمنی ئێوەیە و موعارەزەش کار ئەکەن بۆ روخاندنی سەدام". تورکی لە وەڵامدا وتبوی: "ئێمە و موعارەزەی عیراقی هیچ ئامانجێکی هاوبەشمان نیە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"ئەوان دیمۆکراسیان ئەوێ، ئێمە دژی دیمۆکراسین".

"ئەوان ئازادی حیزب و رۆژنامەوانییان ئەوێ، ئێمە دژی بەرەڵاکردنی ئازادی حیزبایەتی و رۆژنامەوانیین".

"ئەوان هەڵبژاردن و پارلەمانیان ئەوێ، ئێمە دژی هەڵبژاردن و پارلەمانین".

"ئەوان فیدرالییان ئەوێ، ئێمە دژی فیدرالین...".

"بۆچی یارمەتییان بدەین؟ چ ئامانجێکی هاوبەش کۆمان ئەکاتەوە؟"

تورکی لە دوای روخانی سەدام لە سەرۆکایەتی دەزگای موخابەرات دور خرایەوە، کرا بە سەفیر لە لەندەن.

لە عەرەبستانی سعودی چەند هەزار خێزانی یەک بنەماڵە دەستیان بە سەر چارەنوسی سیاسی وڵاتەکەداو بە سەر هەمو سامانی نەوتی ئەوێدا گرتوە، چەندین ساڵە بۆ ئەوەی ئاگرە سورەی تیرۆریزم لە خۆی دور بخاتەوە، بۆتە فێرگای بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و سەرچاوەی سەرەکی دارایی هەمو جوڵانەوە توندرەوە ئیسلامیەکانی سەرانسەری دنیا.

*

سوریا کە ئەویش دەوڵەتێکی تۆتالیتاری هاوبیروباوەڕی بەعسی عیراقە، هەمیشە باوەڕی وابوە کە لە عیراق دا خەڵەل لە سەدام و سەرکردایەتی بەعس دا هەیە، نەک لە حیزب و بیروباوەڕ و ئەندامەکانی دا، جەماوەری حیزب جەماوەری خۆیەتی.. ئیستا کە گۆڕینی دیمۆکراسی بەرەو پلورالیزم ئەڕوا لە بواری سیاسی و نەتەوەیی و دینی و مەزهبی و دەرهێنانی رەگوریشەی بەعس بۆتە بەرنامەی کاری هێزە سیاسیەکانی عیراق، لە پاشەرۆژی خۆی ئەترسێ.

تورکیا ئەترسێ، کورد پێوەندی کوردستان لە گەڵ حکومەتی ناوەندی لە سەر بنچینەی فیدرالی ڕێک بخا و بەشی خۆی لە دەوڵەتی تازەدا وەربگرێ. ئەوەش ببێتە نمونەیەک بۆ کوردەکانی شوێنەکانی تر، لەوانە تورکیا.

دەوڵەتانی دراوسێی عیراق، هەر یەکەیان بە جۆرێ لە گۆڕانی سیاسی ناو عیراق ئەترسان و ئیستاش هەر ئەترسن. ترسەکەشیان ڕەوایە و پەژارەکەیان لە جێی خۆیایەتی.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەشێ هەلوێستی جامیعەی عەرەبی بەرامبەر حکومەتی سەدام و دەسەڵاتی نوێ لێک بدرێتەوە.

١٥ ی ٨ ی ٠٣ هەینی:

تاڵەبانی گەیشتوتە تۆکیۆ لە ژاپۆن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٦ ی ٨ ی ٠٣ شەمە:

کۆبوونەوەی هەر (هیئە رئاسیە):

ئیبراهیم جەعفەری، ئەحمەد چەلەبی، موحسین عەبدولحەمید، بەحرەلعلوم، عەدنان پاچەچی، نوری بەدران (نوێنەری إ عەلاوی)، ڕۆژ شاوەیس (نوێنەری م بارزانی)، عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری ع حەکیم)، بەندەی بەسزمان (نوێنەری ج تاڵەبانی).

ئەمەریکا داوای لە تورکیا کردوە فیرقەیەک سەرباز بنێرێ بۆ عیراق بۆ بەشداری لە هێزی پاراستنی ئاسایش دا. من داوام کرد مح (مجلس الحکم) داوا لە ئەمەریکا بکا کە نە هێزی تورکیا و نە هێزی هیچ وڵاتێکی دراوسێی عیراق بانگ نەکات بۆ بەشداری لە پاراستنی ئاسایش دا چونکە ئەوانە بێلایەن نین. جەعفەری و هەندێکی تریان گەرم نەبون. بەڵام باس کرا و بڕیار درا چوارشەمە لە گەڵ سەفیر بریمەر باس بکرێ.

(قائم بالاعمال) ی تورکیا لە بەغداد بە نامە جەعفەری و وەفدێکی مح ی دەعوەتی ڕەسمی کردوە بۆ تورکیا بەڵام بە شەفەهی ناوی ئەندامانی وەفدەکە خۆی دیاری کردوە ناوی هیچ کوردێکی تیا نیە.

*

ڕۆژی یەکشەمە ١٧ ی ئابی ٢٠٠٣، وەفدی مەجلیس بە ڕێ ئەکەوێ بۆ کوێت، بەحرێن، ئەمارات. وەفدەکە پێکهاتوە لە: جەعفەری، پاچەچی، غازی یاوەر، ئەحمەد بەراک، ڕۆژ شاوەیس (نوێنەری م بارزانی). لەم وەفدەدا ژمارەی سونە زۆرتربو لە شیعە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەمە، چەلەبی بە خشکەیی، پێشنیاری کرد بەحرەلعلوم ئیزافە بکرێ ئەویش ئیبراهیمی کوڕی دانا. هەندێ لە عەرەبەکان بە هەڵپەن بۆ سەفەری وڵاتانی عەرەبی بێئەوەی گوێ بدەنە ئەو سوکایەتیەی جامیعەی عەرەبی پێی کردن و ئەو داوایەی سەدان ڕۆشنبیری عیراقی لە مح یان کردوە کە تا ماوەیەکی تر ئەندامەتی عیراق لە جامیعەدا ڕابگرێ.

*

باسی دابەشکردنی وەزارەتەکان کرا بە پێی نیسبەت: نیسبەتەکان: ٥ بۆ کورد، ٥ بۆ سوننی عەرەب، ١ بۆ تورکومان، ١ بۆ کلدۆئاشوری، ١٣ بۆ شیعە.

وەزارەتە گرنگەکان، کە عەرەب پێیان ئەڵێن: (سیادی)، چوارن: دەرەوە، ناوخۆ، دارایی، نەوت. دیفاع هەڵوەشێنراوەتەوە، نیە.

ئێمە داوای کاروباری دەرەوە و نەوتمان کرد. چەلەبی پێشنیاری کرد وەزارەتی دەرەوە بدرێ بە کورد، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی نەوت بدرێ بە شیعە و دارایی بۆ عەرەبی سونی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاچەچی پێشنیاری کرد لە بەر ئاڵۆزی هەلومەرجی دنیای عەرەب وەزارەتی دەرەوە بدرێ بە عەرەبێکی سونی. ئیمە رەتمان کردەوە. چەلەبی و عەبدولمەهدی پشتیوانییان کردین.

باسی وەزارەتەکانی تریش کرا بەڵام تەواو نەبو.

١٧ ی ٨ ی ٠٣ یەکشەم:

کۆبونەوەی هر بۆ باسی وەزارەتەکان.

ئەمڕۆ جەعفەری و وەفدی مح رۆیشتن بۆ خەلیج. لە بەر ئەوە هەندێ لە ئەندامانی کۆبونەوەکە گۆڕا: عەلا هاشمی (نوێنەری جەعفەری)، عەتا عەبدولوەهاب (نوێنەری پاچەچی)، سەفین دزەیی (نوێنەری بارزانی) ئامادە بون. پاش مشتومڕێکی زۆر بڕیار درا لە بەردەم کۆبونەوەی مح دا ئەم پێشنیارانە بە ناوی هر ەوە باس بکرێ:

١. نیسبەتەکان: ١٣ بۆ شیعە، ٥ بۆ کورد، ٥ بۆ عەرەبی سونە، ١ بۆ تورکومان، ١ بۆ کلدۆئاشوری.

٢. هەڵوشاندنەوەی وەزارەتی ئەوقاف و پێکهێنانی دیوانی ئەوقافی سونی، دیوانی ئەوقافی جەعفەری و دیوانی دینەکانی تر.

٣. دامەزراندنی وەزارەتی دەوڵەت بۆ: بیئە، مافی مرۆڤ، ئاوارە.

ئیمە داوای ئەم وەزارەتانەمان کردوە: کاروباری دەرەوە، ئەشغالی عامە، رەی، پیشەسازی، گواستنەوە.

*

صحیفه الشرق الاوسط اللندنیه ١٧/ ٨/ ٠٣.

نصیر النهر فی مقابلة مع سمیر الصمیدعی:

السؤال: مسألة الفدرالیة .. کیف اقرها مجلس الحکم قبل وضع واقرار الدستور؟

الجواب: فی الحقیقة.. هذه المسألة ایضا موضع نقاش واجتهاد. انا شخصیا کنت مع الفدرالیة، حتی قبل ان یطرحها الاخوة الاکراد، ولکننی، وهذا رأی خاص، لا امیل الی الفدرالیة الاثنیة او العرقیة او الطائفیة، لانها تفتح الابواب للتفرقة، انا امیل الی الفدرالیة الجغرافیة، کأن تکون هناک فیدرالیات شمالیة ووسطی وجنوبیة وغربیة وفرات اوسطیة وسواها.. وبهذا نتحاشی التقسیم. وهذه التجربة مطبقة بنجاح فی دول عدیدهة، مثل سویسرا وباکستان، علی کل حال الامر متروک للهیئة التشریعیة.

١٨ ی ٨ ی ٠٣ دوشەم:

چەلەبی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

وا رێککەوتون لە کاتی غیابی سەرۆکی ئیستادا، ئەوی دوای ئەو سەرۆکایەتی بکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشنیارەکانی دوێنێی دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامانی مح ی وروژاند. بە تایبەتی چونکە ئەو وەرەقەیەیان خوێندبوەوە کە باسی دەسەلاتەکانی هر ئەکا. چادرچی مەزبەتەیەکی بە ١٤ ئەندام ئیمزا کردبو دژی. وا هەست ئەکەن یا وای دەرئەخەن پشت گوێ خراون. لە بەر ئەوە دواخرا بۆ کاتێکی تر.

*

لە سەر داوای بریمەر باسی پێکهێنانی (الهیئه الوطنیه لاجتثاث البعث) کرا کۆمیتەیەک بۆ جۆری دروستکردنی دامەزرا.

بڕیاری ژمارە ٢٠: ی مح پێکهێنانی ١-لوجنەی فەرعی (الهیئه الوطنیه لاجتثاث البعث) لە: یونادم، سونگول، روبەیعی، محەمەداوی، حەکیم، سەلاحەدین، چەلەبی، حەسەن شوبەر (نوێنەری جەعفەری)، بەندەی بەسزمان، ٢- لوجنەیەک بۆ گێڕانەوەی فەرمانبەران لە: د- مەحمود، حەمید موسا، د رەجا خوزاعی، د عەقیلە هاشمی.

*

قانونی رەگەزنامە

زۆر لە ئەندامانی مح و لە وەزیرەکان و لە سەرکردەی حیزب و رێکخراوەکانی، کە ئیستا کاری حکومەتی، یا کاری سیاسی، ئیعلامی، بازرگانی... ئەکەن و لە دەرەوەی عیراقەوە گەڕاونەتەوە، بە پێی قانونەکانی عیراق مافی کارکردنیان نیە، چونکە یا لە ئەنجامی ئەوەدا کە رەگەزنامەی ولاتێکی تریان بە دەسهێناوە و رەگەزنامەی عیراقییان لە دەس داوە، یان بە پێی قانون و قەرارەکانی تر رەگەزنامەی عیراقییان لێ وەرگیراوەتەوە.

سەدان هەزار بەڵکو چەند ملیۆنێ عیراقی کە حکومەتی عیراق رەگەزنامەی لێ سەندونەتەوە و دەری کردون، یا خۆیان لە بەر هۆی جۆراوجۆر ولاتیان بە جێ هێشتوە. ئیستا بەشبڕاون لە هەبونی رەگەزنامەی عیراقی و لە ئەنجامی ئەوەش دا لە مافەکانی هاوولاتی بون بێ بەشن. ئەمانە هەمو ئەیانەوێ مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە: رەگەزنامەی عیراقی وەربگرنەوە، دارایی زەوتکراویان پێبدرێتەوە، لە هەڵبژاردندا، لە خۆ پالاوتن و لە دەنگدان دا، بەشدار بن... قانونەکانی ئیستا رێی هیچ لە مانەیان پێ نادا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە ئەبێ قانونی رەگەزنامەی عیراقی بگۆڕێ. مح بڕیاری گۆڕینی قانونەکەی دا بۆ ئەو مەبەستە لوجنەیەکی پێک هێنا.

بڕیاری ژمارە ٢١: ی مح بۆ پێکهێنانی لوجنەیەک لە: چادرچی، یونادم، د عەلا جەوادی (نوێنەری بەحرەلعلوم)، بەندەی بەسزمان (نوێنەری تالەبانی)، بۆ دەسکاری قانونی جنسیە و چارەسەرکردنی کێشەی تەبەعەی ئێرانی و هەڵگرانی دوجنسیە: عیراقی و هی ولاتێکی تر.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڕیاری ژمارە ٢٢: ی مح بۆ کردنەوەی حسابێ لە مصرف الرافدین بۆ دانانی میزانیەی مح: د رەجا خوزاعی، سەمیر صومەیدەعی، د موەفەق روبەیعی، نوری بەدران (نوێنەری عەلاوی)، تەکلیف کران چەک ئیمزا بکەن بە مەرجێ هەمو جار دوانیان ئیمزای بکەن.

١٩ ی ٨ ی ٠٣ سێشەم:

چەلەبی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

بریمەر لە نامەیەک دا داوای کردوە لە کۆبونەوەی سبەینێ دا وەلامی نوقتەکانی یادداشتەکەی بدرێتەوە لە بەرئەوە مح لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی دا بڕیاری دا:

لیژنەیەک پێک بهێنێ بۆ باس و لێکۆڵینەوەی گێڕانەوەی ئەو فەرمانبەر و موچەخۆرانەی رژیمی بەعس لە بەر هۆی سیاسی لە کار دەریکردون و بۆ باسی چارەسەرکردنی کێشەی فەرمانبەرانی وەزارەت و دائیرە هەڵوەشاوەکان.

هەروەها بڕیاری دا ئەنجومەنێکی تایبەت پێک بهێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ژینگەی عیراق و کێشەکانی.

*

بینۆن سیڤان، بەڕێوەبەری نوسینگەی پرۆگرامی عیراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان هات بۆ سەردانی مح. بینۆن سیڤان باسی کارەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد، بە درێژایی چەند ساڵی رابوردو، لە چوارچیوەی پرۆگرامی نەوت بە خۆراک (بڕیاری ٩٨٦ ی ١٩٩٥) بە پێی (یادداشتی لە یەک گەیشتن). محازەرەیەکی درێژی دا لە سەر کارە باشەکانیان بۆ خزمەتی عیراق. بەم بۆنەیەوە رایگەیاند کە ئەم پرۆگرامە بە پێی (بڕیاری ١٤٨٣ ی ٢٠٠٣) ئەنجومەنی ئاسایش لە ٢١ ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٣ دا کۆتایی پێ دێ.

چەند کەسێ گفتوگۆیان لەگەل کرد:

مەهدی حافز (نوێنەری پاچەچی) داوایکرد لیستەی ئەو کۆنتراکتانە ئاشکرا بکەن کە لە چەند ساڵی رابوردودا لە گەل هەندێ وڵات دا کردویانە. عیراق وەکو بەرتیل پێی بەخشیون.

سەمیر صومەیدەعی باسی گرانی بیرۆکراسی و مەسرەف و موچەی فەرمانبەرەکانی کرد، هەروەها جۆرێ دابەشکردنی قۆنتەراتەکانیان.

نوری بەدران (نوێنەری عەلاوی) باسی خراپی چۆنایەتی ئەو خۆراک و شتانەی کرد کە هێناویانە بێ گوێدانە کوالیتی کۆنترۆل.

د -مەحمود چەند جارێ قسەی پێ بڕی و چو بە گڕی دا.

بینۆ سیڤان تەنگاو بو کەوتە داتاشینی بڕوبیانو. وتی ئێمە دەس و پێمان بەسرا بو نەماننەتوانی بە ئازادی بەرنامەکە جێبەجێ بکەین. ئەبوایە چۆن یەکێ لە ریستۆرانتێک دا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەبێ قاپ بەرێتە بەردەم هەریەک لە میوانەکان و خزمەتیان بکا ئەبوایە ئیمەش وامان بکردایە.

گارێث سمیث، پەیامنێری رۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمس لە تاران، چەند رۆژێکە لە بەغدادە. پێش روخانی سەدام لە سلێمانی بو. دوای روخانی چەند جارێ سەری بەغداد و کوردستانی داوە. بۆ گەڕان لە گەڵ خۆم بردم بۆ ناو بەغداد بە تایبەتی گەڕەکی ئەعزەمیە. مزگەوتی ئەبو حەنیفە نوعمان و ئەو مەیدانەم پیشان دا کە بۆ دواجار سەدامی تێدا بینرا.

٢٠ ی ٨ ی ٠٣ چوارشەم:

چەلەبی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی نەمرۆی کرد.

بە هۆی تەقاندنەوەی بارەگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و کوژرانی سیرجیۆ دۆمیلۆ بەرنامەی کۆبونەوەکە گۆڕا. بریمەر هات بۆ کۆبونەوەکە. ئەندامانی ئەنجومەن بە بۆنەی کوژرانی دۆمیلۆوە خەم و پەژارەیان دەربڕی.

بڕیار درا ٣ رۆژ ماتەمی رابگەیەنرێ. هەر بەو بۆنەیەوە کۆبونەوەکە دواخرا. بابەتی تر باس نەکرا.

*

بریمەر داوای لە مح کردبو چەند بەیانێک بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دەر بکا: بەیانێ بۆ پشتیوانی لە (فیالق الدفاع المدنی...)، بەیانێ سەبارەت بە باش بونی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بەیانێ لە بابەت خولقاندنی ٣٠٠ هەزار هەلی کارکردن، بەیانێ دەربارەی سزای ئەو تاوانانەی ئەکرێن... مسوەدەی بەیانەکانیشی بۆ ناردبون. مح سەبارەت بە دیفاعی مەدەنی و دەسکاری سزاکان جارێ بە باشی نەزانی بەیان دەربکا. دوای خست بۆ کاتێکی تر.

*

تاڵەبانی گەیشتە سیدنی لە ئوستراليا.

٢١ ی ٨ ی ٠٣ پێنجشەم:

تاڵەبانی لە کانبێرای ئوستراليا دیدەنی سەروەزیرانی ئوستراليا جۆن هاوەردی کرد. جەلال جەوهەر، د- لەتیف رەشید و قوباد تاڵەبانی لە گەڵ بون. لەم سەردانەدا وەزیری بەرگری و وەزیری داواکاری گشتی ئوسترالی دیوە.

٢٢ ی ٨ ی ٠٣ شەمە:

چەلەبی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ناسایی نەمرۆی کرد.

لە بەر ئەوەی رۆژی چوارشەمە بە هۆی هێرش بۆ سەر بارەگای (ن ی) و کوژرانی دۆمیلۆ، بریمەر و مح نەیانتوانی بو بەرنامەی کۆبونەوەی ئاسایی تەواو بکەن، ئەمرۆ باسەکان تەواو ئەکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بریمەرو ماکفرسن بەرپرسی کاروباری ئابوری و دارایی لە سام (سلطه الائتلاف المؤقته) ئاماده بون.

بریمەر باسی ئیستیسماراتی بیگانەی لەگەڵ کردون.

ماکفرسن باسی دانی موچە و دیاریکردنی ١١ پلەی فەرمانبەریی کرد و رۆژی ١٥ ی ١٠ ی ٠٣ دراوی نوێی عیراق ئەڕژێته بازاڕەوەو لەوە بە دواوە موچەی فەرمانبەرانی عیراق بەو دراوە تازەیە ئەدرێ.

٢٤ ی ٨ ی ٠٣ یەکشەم:

صحیفه القبس الکویتیه ٢٤/ ٨/ ٢٠٠٣.

بغداد، مکتب القبس نزار حاتم فی مقابله مع د موفق الربیعی

السؤال: ما طبیعة هذه الفدرالیة التی تریدونها؟

الجواب: هی لیست قائمة علی اساس اثنی او طائفی او قومی انما علی اساس جغرافی، ولنقل انها خمس فدرالیات تمثل لامرکزیة کبیرة.

السؤال: کیف خمس فدرالیات؟

الجواب: واحدة فی کردستان، والثانیة فی شمال غرب العراق، والثالثة فی بغداد الکبری، والرابعة فی اقصی الجنوب (البصره، الناصریه والعماره)، والخامسة تشمل النجف وکربلاء والدیوانیة والحلة والکوت. وهذا الموضوع مطروح ومبدأه مقر فعلا، لکن مناقشة تفاصیله متروکة للدستور الذی سیصوت علیه الشعب العراقی.

*

٢٥ ی ٨ ی ٠٣ دوشەم:

چەلەبی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

فەریق ئەحمەد ئیبراهیم کازم، باسی باری ئاسایش و گیروگرفتەکانی پۆلیس و چالاکییەکانی کرد.

سونگوڵ باسی روداوەکانی ٢٢ ی ٨ ی کەرکوک – توزی کرد. حەسەن شبر (لە حیزبی دەعوە، نوێنەری جەعفەری) وەرەقەیەکی بە دەستەوە بو خوێندیەوە، پێ ئەچو جەماعەتەکەی لە کەرکوکەوە بۆیان ناردبێ، هەموی تاوانبارکردنی یەکێتی و هێرشی ناڕەوا و درۆ بو.

بڕیار درا لوجنەیەک پێک بهێنن بچن بۆ کەرکوک و توز بۆ لێکۆڵینەوە. ئیمە عیماد ئەحمەدمان پێشنیار کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رووداوەکە: توز ناوچەیەکی فراوانە. پێش حەفتاکان قەزایەکی کەرکوک بوە. دوای کردنی تکریت بە محافەزە، سەدام لە کەرکوک دایبڕیوە و خستویەتیە سەر تکریت. شاری توز و ناوچەکانی دەوروبەری تێکەڵاون لە کورد، تورکومان و عەرەب. زۆری عەرەبەکان دوای حەفتاکان هێناون. کوردەکانی سونە و تورکمانەکانی شیعەن.

لە دەرەوەی شاری توز جێگایەکی لێیە پێی ئەڵێن (مقام الامام علی). بەعس تێکی داوە و شوێنەواری نەهێشتوە. تورکمانەکان ئەم مەقامەیان بە لاوە پیرۆزە، دوای روخانی بەعس، چاکیان کردۆتەوە. دەستێکی تێکدەر شەو تەقاندویەتیەوە. بۆ دەربڕینی ناڕەزایی تورکمانەکان خۆپیشاندانێکیان کردوە. کوردیان تاوانبار کردوە بە تەقاندنەوەی. چەند چەکدارێکی ناو خۆپیشاندانەکە تەقەیان لە بارەگای یەکێتی و هەندێ مالی کورد کردوە. کوردەکان بەرپەرچیان داونەتەوە. چەند تورکمانێک و چەند کوردێ کوژراون. تورکمانەکان تەرمی کوژراوەکانی خۆیان بە پەڕۆی سەوز پێچاوە. لە سەریان نوسیوە: "لا اله الا الله جلال عدو الله". بە مەوکیب بە ناو شاری کەرکوک دا گێڕاویانە ئینجا هێناویانە بۆ بەغداد لە مەدینەی سەورەش بە مەوکیب گێڕاویانە پاشان بردویانەتە نەجەف. موقتەدا صەدر بەیانێکی دەرکردوە هێرشی کردۆتە سەر کورد و پێشمەرگە. جەماعەتەکانی خۆی هانداوە لە بەغدا بە خۆپیشاندان پەلاماری هەندێ لە بارەگاکانی یەکێتی بدەن و هانی هەندێ لە چەکدارەکانی داوە لە نەجەف و مەدینەی سەورە بە دەنگ هاواری براکانیانەوە بۆ تۆڵە سەندن بچن بۆ توز.

پاش نیوەڕۆ لە گەڵ چادرچی، یونادم، د- عەلا جەوادی (نوێنەری بەحرەلعلوم)، دانیشتین بۆ گۆڕینی قانونی جنسیە. دەوڵەتی عیراق، لە دروستکردنیەوە تا ئیستا ٣ جار قانونی رەگەزنامەی دەرکردوە:

١ . قانونی ژ ٤٢ ی ساڵی ١٩٢٤.

٢ . قانونی ژ ٤٣ ی ساڵی ١٩٦٣. ئەم قانونە قانونی پێشوی هەڵوەشاندۆتەوە تا ئیستاش کاری پێئەکرێ.

٣ . قانونی ژ ٤٦ ی ساڵی ١٩٩٠. ئەم قانونە دانراوە بەڵام جێبەجێکردنی راگیراوە. کار هەر بە قانونی ژ ٤٣ کراوە.

قانونەکانی ژمارە ٤٢ و ٤٣ لە قانونە هەرە رەگەزپەرستەکانی دنیان. هەردو قانون چەندین جار دەسکاری (تعدیل) کراون، بەڵام هەمو جار بۆ سەختکردنی مادەکانی بوە نەک بۆ ئاسانکردنی.

بێ ئەوەی گوێ بداتە هیچ ئیعتیبارێکی قانونی، ئینسانی ... دانیشتوانی عیراقی کردوە بە دو بەشەوە: تەبەعەی عوسمانی و بێگانە. تەنیا تەبەعەی عوسمانی، واتە ئەوانەی باووباپیریان رەگەزنامەی عوسمانییان هەبوە، مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی عیراقییان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەبوەو ئەوانەی باووباپیریان رەگەزنامەی عوسمانییان نەبوە، با دەیان بگرە سەدان ساڵیش بێ دانیشتوی عیراق بن، مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی عیراقییان نیە و بە ئەجنەبی دائەنرێن. لە ئەنجامی ئەوەدا چەند ملیۆنێ عیراقی، لەوانە سەدان هەزار کوردی فەیلی، لە رەگەزنامەی عیراقی بێبەش کراون. زۆری ئەوانەی بە ئەجنەبی (بێگانە) دانراون لە سەردەمی عوسمانی دا دانیشتوی عیراق بون و منال و نەوەکانیان لە عیراق لە دایک بون و ژیاون. ئەم هەڵواردنە بۆ مەبەستی سیاسی بوە، بۆ ئەوە بوە کە هاوسەنگی لە نێوان شیعە و سونە دا بە قازانجی سونە و لە نێوان کورد و عەرەب دا بە قازانجی عەرەب، بە لادا بخا.

*

حکومەتی عیراق چەند جارێ قانون و قەراری دەرکردوە بۆ وەرگرتنەوەی رەگەزنامەی عیراقی لە چەند بەشێکی گەورەی خەڵکی عیراق و بە کۆمەڵ دەری کردون بۆ دەرەوەی سنوری عیراق و دەستی بە سەر دارایی گوێزراوە و نەگوێزراوەیان دا گرتوە. لەوانە:

- قانونی ژ ١ ی ساڵی ١٩٥٠ و قانونی ژ ١٢ ی ساڵی ١٩٥١ بۆ وەرگرتنەوەی رەگەزنامە لە جولەکە و دەرکردنیان لە عیراق.

- قەراری ژ ٦٦٦ ی ساڵی ١٩٨٠ ی مەجلیسی قیادەی سەورە، ئەڵێ: "هەر عیراقیەک کە بە ڕێچەڵەک بێگانە بێ، ئەگەر دەرکەوت کە دڵسۆز نیە بۆ نیشتمان و گەل و ئامانجە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیە بەرزەکانی شۆڕش، رەگەزنامەی عیراقی لێ وەرئەگیرێتەوە". بە پێی ئەم بڕیارە سەدان هەزار کەس لە کورد و شیعە خرانە خانەی (تەبەعەی ئێرانی) و بە نادڵسۆز دانران، بە شێوەیەکی دڕندانە لە عیراق دەرکران و لە سەر سنوری ئێران فڕێدران. لەوەش بەدتر چەند هەزار گەنجی فەیلی گیران و گوم کران.

قانونی ژ ٥ ی ساڵی ١٩٧٥، بە پێچەوانەی قەراری ٦٦٦ دەسەڵاتی داوە بە وەزیری ناوخۆ بێ ئەوەی گوێ بداتە مەرجەکانی (تجنس) کە لە مادەی ٨ ی قانونی ژ ٤٣ ی ١٩٦٣ دا دیاریکراون، رەگەزنامەی عیراقی ببەخشێ بە هەر عەرەبێ، کە تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی روشد. (واتە بوبێتە ١٨ ساڵ).

*

لە سەردەمی بەعس دا چەند ملیۆنێ عیراقی لەبەر هۆی سیاسی یا ئابوری... یا لەبەر هەر هۆیەکی تر بێ، وڵاتیان بە جێ هێشتوە و بە سەرتاسەری دنیادا بڵاو بونەتەوە. سەدان هەزار لەوانە رەگەزنامەی وڵاتانی تریان وەرگرتوە. هەمو ئەوانە، بە پێی قانونی ژ ٤٣ رەگەزنامەی عیراقییان لە دەس داوە. چونکە مادەی ١١ بە راشکاوی ئەڵێ: "هەر عیراقیەک بە ئارەزوی خۆی رەگەزنامەی بێگانەی لە دەوڵەتێکی بێگانە وەرگرت، رەگەزنامەی عیراقی لە دەس ئەدا".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرەڕای ئەمانە هەمو ئەم قانونە دەسەڵاتی داوە بە وەزیری ناوخۆ بە بیانوی جۆراوجۆرەوە ڕەگەزنامەی عیراقی لە هەر عیراقیەک وەربگرێتەوە کە بیەوێ.

*

چەند جارێ دەربارەی چاککردنی قانونی جنسیە ڕاوێژ کرا. لە بەر ئەوەی (قانونی ژ ٤٣ ی ساڵی ١٩٦٣) ئەوەندە سەخت و خراپ و دوا کەوتو بو، لە زۆر شوێنی دا پێچەوانەی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ بو، ئەندامانی لوجنەکە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەم قانونە قابیلی چاککردن نیە بۆیە بڕیار درا هەڵبوەشێنرێتەوە و قانونێکی تازە بنوسرێ. نەصیر چادرچی سەرۆکی لوجنەکە ئەرکی ئامادەکردنی مسوەدەکەی گرتە ئەستۆ و مسوەدەیەکی باشی بۆ قانونێکی تازە ئامادە کرد. پاش تاووتوێ و دەسکاری، دوایین دارشتەی نوسرایەوە بۆ ئەوەی بۆ دوابڕیار بخرێتە بەردەم مح.

قانونەکە لە روی پێڕەوی مافەکانی مرۆڤەوە لە چاو قانونی ڕەگەزنامەی وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی دا ڕەنگە قانونێکی بێوێنە بێ.

قانونە کۆنەکە عیراقی و عەرەبی و ئەجنەبی دیاری کردوە. عەرەبی لە عیراق دا بە ئەجنەبی دانەناوە و بە پێی قانونی ژ ٥ ی ١٩٧٥ ڕەگەزنامەی پێ ئەبەخشین.

قانونە تازەکە بەمجۆرە عیراقی و ئەجنەبی دیاریکردوە:

عیراقی، ئەوەیە ڕەگەزنامەی عیراقی هەبێ.

ئەجنەبی، هەر کەسێ ڕەگەزنامەی عیراقی نەبێ.

ئەوی لە باوک یا دایکێکی عیراقی یا لە سەر ئەرزی عیراق لە دایک بوبێ، یان ١٠ ساڵی سەرومڕ لە عیراق ژیابێ، مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عیراقی ئەبێ.

ژنی بێگانە بە هۆی مێردی عیراقی و پیاوی بێگانە بە هۆی ژنی عیراقیەوە ڕەگەزنامەی عیراقی بە دەس ئەهێنن.

*

ئەو بڕیار و قانونانەی کاتی خۆی دەرچون بۆ بێبەشکردن یان وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامە لە هەندێ بەشی خەڵکی عیراق، بە تایبەتی تەبەعەی ئێرانی، هەڵوەشێنرانەوە. بەڵام ئەوی پێوەندی بە جولەکەوە هەبو وەکو خۆی هێڵرایەوە بۆ ئەوەی جولەکە کەڵک لەم قانونە وەرنەگرێ. ئەمەش لە بەر دوژمنایەتی جو نەبو، بەڵکو لە ترسی ڕای گشتی عیراقی و عەرەبی بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٦ ی ٨ ی ٠٣ سێشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

جەعفەری بە درێژی و زۆر بە گرنگی باسی گەشتەکەیانی کرد بۆ: ئەماراتی عەرەبی یەکگرتو، مەملەکەتی بەحرەین، سەڵتەنەتی عومان، دەوڵەتی کوەیت، مەملەکەتی عەرەبی سعودی، میصر، جامیعەی عەرەبی، ئوردون. لەم گەشتەدا لە کورد د رۆژیان لە گەڵ بو.

گەشتەکە زۆرتر لایەنی (علاقات عامه) ی هەبو بۆ جەعفەری. پێشەچێ لەوەوبەر هیچ کات هەلی دیدەنی گەورە کاربەدەستان و مەلیک و ئەمیر و سەرکۆمار و وەزیری دەرەوەی نەبوبێ، ئەمەی بە هەل زانی.

مح چوارچێوەیەکی بۆ سیاسەتی دەرەوەی عیراقی نوێ و ئامانجەکانی و جۆری جوڵان و سنوری جوڵانی دیاری نەکردوە. لە بەر ئەوە ئازادییان دابو بە خۆیان، بێ گەڕانەوە بۆ پرسکردن بە مح، لە ماوەی گەشتەکەیان دا هەر دەوڵەتێ دەعوەتی بکردنایە یەکسەر قبوڵیان ئەکرد. ئەم گەشتەی جەعفەری بو بە نەریتێکی کارپێکراو لە مانگەکانی داهاتودا. سەرۆکەکانی مح گەشتی دیپلۆماسی و سەردانی وڵاتانیان پێ گرنگتر بو لە راپەڕاندن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی مح.

کۆبونەوەی هر

پاش نیوەڕۆ بۆ باسی دابەشکردنی وەزارەتەکان هر دانیشتن. دیسان پاچەچی داوای کرد وەزارەتی دەرەوە بدرێ بە عەرەبێکی سونی. بەڵام لە سەر دابەشکردنی رێک کەوتین. هۆی دوا کەوتنی ئەم ماوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ رێک نەکەوتنی شیعەکان لە ناو خۆیان دا.

*

تاڵەبانی گەیشتە بەحرەین.

٢٧ ی ٨ ی ٠٣ چوارشەم:

تاڵەبانی گەیشتەوە فرۆکەخانەی بەغداد.

لە گەڵ د-رۆژ لە سەر جۆری دابەشکردنی وەزارەتەکان قسەم کرد. رەئی پارتی وابو کە لایەک وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتێکی تر وەربگرێ و لاکەی تر ٣ وەزارەت. هەرچەندە لای من هیچیان نەدرکاندبو بەڵام ئەوان، بە تایبەتی بارزانی، بە تەمای وەزارەتی دەرەوە بو. مح کلدۆ ئاشوریان بەرەو روی ئیمە کردبوەوە وەزارەتێکیان بدەینێ رازی بن. هەر لە سەرەتاوە ئیمە بە تەمای وەزارەتی ئاودان، کە ئەمەریکیەکان ناویان نابو وەزارەتی سەرچاوەی ئاو، لە گەڵ وەزارەتی پیشەسازی بوین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردانی تاڵەبانیم کرد. وەزارەتەکانی بە کورد درابون بۆم ژمارد: کاروباری دەرەوە، ئاودان، پیشەسازی، ژینگە، گوێزانەوە، ئەشغال عامە (ئەمیش ناوێکی تازەیە ئەمەریکیەکان لە باتی شارەوانی بە کاری ئەهێنن). تاڵەبانی رەئی وابو: یەکێتی سەرچاوەی ئاو و پیشەسازی وەربگرێ، کاروباری دەرەوە و وەزارەتێکی تر بۆ پارتی، وەزارەتێک بۆ یەکگرتوی ئیسلامی، وەزارەتێک بۆ کلدۆئاشوری. تاڵەبانی بەر لەوەی سەفەری چین بکا بە نامە ناوی (مرشح) ەکانی یەکێتی بۆ نوسی بوم.

٢٨ ی ٨ ی ٠٢ پێنجشەم:

لە پارتی د رۆژ، لە یەکگرتو سەلاحەدین، لە کلدۆئاشوری یۆنادم هاتن بۆ کۆبونەوە بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان لە ماڵەکەی ئێمە. وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوە و ئەشغال بۆ پارتی، ئاودان و پیشەسازی بۆ یەکێتی، ژینگە بۆ یەکگرتو، گوێزانەوە بۆ کلدۆئاشوری دانرا.

٢٩ ی ٨ ی ٠٢ هەینی:

لە کۆبونەوەدا بوین تەلەفزیۆن هەوالی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی سەید محەمەد باقر حەکیمی بڵاو کردەوە. کۆبونەوەکە راگیراو هەندێ لە ئەندامانی مح بە دەنگ روداوەکەوە چون بۆ نەجەف.

٣٠ ی ٨ ی ٠٢ شەمە:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی نائاسایی دانی بەیانی ئەمرۆی کرد.

سەرەتا ئەندامانی مح بۆ خوێندنی فاتیحە هەستان. کۆبونەوە بۆ ریزلێنان لە حەکیم بو. ٣ رۆژ ماتەم راگەیەنرا.

پاش نیوەڕۆ

چەلەبی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی نائاسایی پاش نیوەڕۆی کرد.

جەعفەری خەریکی کۆنگرەی رۆژنامەوانی بو بە بۆنەی کوژرانی حەکیمەوە.

چەلەبی وتی: "هر بە پێی سەرەتای پێکهاتن حەقیبە وەزاریەکانی دابەشکردوە. ئەمە مەعنای ئەوە نیە کە لایەنی وەزارەتێ وەرئەگرێ ئەبێتە پاوانی ئەو لایە، بەڵکو هی هەمو لایەنەکان و هەمو خەڵکی عیراقە. لە دانانی کاربەدەستەکانی دا پێرەوی ئەم سەرەتایە ئەکرێ.

"هر پێکهاتون بەمجۆرە وەزارەتەکان دابەش بکەن:

"بۆ شیعە: ١.-التجارە، ٢. التربیە، ٣. الزراعە، ٤. الاعمار، ٥. الثقافە، ٦. التخطیط، ٧. الهجرە والمهجرین، ٨. الصحە، ٩. الاتصالات، ١٠. الشباب، ١١. الداخلیە، ١٢. الشؤون الاجتماعیە، ١٣. النفط.

"بۆ سوننە: ١. التعلیم العالی، ٢. العدل، ٣. حقوق الانسان، ٤. الکهرباء ، ٥. المالیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"بۆ کورد: ١. الخارجیه، ٢. البیئه، ٣. الموارد المائیه (الری سابقا)، ٤. الصناعه والمعادن، ٥. الاشغال العامه.

"بۆ تورکمان: ١. العلوم والتکنولوجیا.

"بۆ کلدواشور: ١. النقل".

ناوی وەزیرەکان باس نەکرا.

لە پرۆسەی دانانی وەزیرەکان دا سام هیچ جۆرە موداخەلەیەکی نەکرد. وەکو بیستمان، چەند ئەندامێکی عەرەبی مح داوایان لێ کردبون وەزارەتی دەرەوە نەدرێ بە کورد. وتبویان ئەوە کێشەی ناوخۆتانە.

جەعفەری سورە کە لە سەردەمی خۆی دا وەزارەت پێک بێ و لە بەردەمی خۆی دا وەزیرەکان سوێند بخۆن. ئەیەوێ بیکا بە دەسکەوتێ بۆ خۆی و نەکەوێتە کاتی سەرۆکایەتی چەلەبی.

٢١ ی ٨ ی ٠٣ یەکشەم:

جەعفەری سەرۆکایەتی کۆبونەوەی نائاسایی ئەمرۆی کرد.

هەرچەندە بابەتی یەکەم بۆ گیروگرفتی ئاسایش تەرخان کرابو، بەڵام مەبەستی راستەقینەی جەعفەری لەم کۆبونەوەیە راگەیاندنی ئاشکرا و رەسمیی پێکهێنانی وەزارەت بو. جەعفەری وتی: "چۆن مح لە سەر بنچینەی سازان (تەوافوق) بۆ نواندنەوەی پێکهاتەی جۆراوجۆری گەلی عیراق پێکهاتوە، هەروەها ئەندامانی ئەم وەزارەتەش، بۆ نواندنەوەی پێکهاتەی جۆراوجۆری دانیشتوانی عیراق لە سەر بنچینەی سازان دیاری کراون." داوای لێ کردن کە بۆ قازانجی گەل قبوڵی بکەن. ئەگەرچی هەندێ ناڕەزایی دەربڕیا بە تایبەتی لە لایەن غازی یاوەر و سەمیر صومەیدەعیەوە... بەڵام بڕیاردرا ئیوارەی ئەمڕۆ ناوەکان بە دەزگاکانی راگەیاندن رابگەیەنرێ و رۆژی دوشەمە ١ ی ٩ ی ٠٣ وەزیرەکان لە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی مح دا لە بەر چاوی کامێراکانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دا، بە ئامادەبونی بریمەر و کاربەدەستانی سام و هەندێ لە دیپلۆماتەکانی بەغداد، سوێند بخۆن.

بڕیاری ژمارە ٢٨: ی مح بۆ راگەیاندنی ناوی وەزیرەکان.

لە ٢٥ وەزارەتدا کورد ٥ وەزارەتی بەرکەوت، واتە پێنجیەکی وەزارەتەکان، کە بریتی بون لە:

وەزارەتی کاروباری دەرەوە، هوشیار زێباری. ئەوە یەکەمینجار بو کوردێ لە دەوڵەتی عیراق دا ئەو پۆستە وەربگرێ.

وەزارەتی کاری گشتی، نەسرین بەورارێ.

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، د- عەبدولەتیف رەشید.

وەزارەتی پیشەسازی، محەمەد تۆفیق رەحیم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەزارەتی ژینگە، عەبدولڕەحمان سدیق.

ئەم وەزارەتە لە چەند لای، عیراقی و ناعیراقیەوە، تەنانەت لە لایەن میدیای ئینگلیزی و ئەمەریکیەوە کەوتە بەر هێرش و ڕەخنە. لە هەموی زیاتر ڕەخنەی ئەوەی لێ ئەگیرا کە لە دانانی وەزیرەکاندا:

- مەحسوبیەت (Cronyism) و خزمایەتی (Nepotism) لە گەڵ ئەندامانی مح پێوانەی سەرەکی دانانی وەزیرەکان بوە. کە ئەمە بە جۆرێکی سەرەکی گەندەڵی (Corruption) دائەنرێ. ڕاستیەکەشی چەند نمونەیەکی لەو بابەتە لە ناو وەزیرەکان دا، چ عەرەب و چ کورد، ئەدۆزرایەوە.

- پێڕەوی سەرەتای لێوەشاوەیی نەکراوە بەڵکو لەمەشدا وەکو مح بە پێی سیستەمی بەشکردن: نظام المحاصصه (Quota) دانراون. بەشەکان بە سەر کورد و عەرەب و تورکومان و کلدۆئاشوری و شیعە و سوننە دا دابەشکراون.

وەزیرەکان ئەبو بکەونە کار بۆ بەگەڕخستنەوەی وەزارەتەکانیان و دروستکردنی وەزارەتە تازەکان. کارەکەیان ئاسان نەبو، کێشەی زۆریان هەبو، چونکە زۆری وەزارەتەکانیان تالان و وێران کرا بون.

ئەیلولی ٢٠٠٢

د- ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی دەوریی ئەم مانگە ئەبێ.

ئەحمەد کوڕی عەبدولهادی چەلەبی ١٩٤٤ لە بەغداد لە خێزانێکی ئاریستۆکراتی دەوڵەمەند لە دایک بوە. ساڵی ١٩٥٨ دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و دامەزرانی جمهوری لە گەڵ باوک و براکانی عیراقیان بە جێ هێشتوە. ١٩٦٩ دکتۆرای لە ماتماتیک دا لە زانکۆی شیکاگۆ وەرگرتوە و لە لوبنان کاری کردوە و کچی سیاسی ناوداری لوبنانی عادل عوسەیرانی هێناوە. ١٩٧٧ بانکی بەترای لە ئوردون دامەزران. لەم بانکە دا توشی کێشە بو هەڵات. دادگایەکی ئوردونی لە پاشمله بە تۆمەتی دزینی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بە ٢٢ ساڵ زیندانی حوکمی دا. ساڵی ١٩٩٢ "المؤتمر الوطنی العراقی" ی دامەزراند. لەندەنی کردە ناوەندی چالاکیەکانی. بەشی زۆری موعارەزەی عیراقی تێدا کۆ کردەوە و خۆی بو بە دەسەڵاتداری یەکەمی. بە هەوڵی چەلەبی کۆنگرێسی ئەمەریکی "قانونی ڕزگاری عیراق" ی دەرکرد و ٩٧ ملیۆن دۆلاری بۆ یارمەتیدانی موعارەزەی عیراقی تەرخان کرد. چەلەبی ڕۆڵی سەرەکی هەبو لە ئیقناعکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکی دا بۆ لەشکرکێشی بۆ "ئازادیی عیراق". لە بەغداد ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی (المؤتمر) دەر ئەکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١ ی ٩ ی ٠٣ دوشەم:

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەمڕۆی کرد.

باسی ناشتنی تەرمی سەید محەمەد باقر حەکیم کرا کە لە کازمیەوە دەس پێ ئەکا و سێشەمە ئەبڕێتە نەجەف. چەلەبی پێی باش بو راگەیاندنی وەزارەت دوابخرێ بۆ چوارشەمەی دوای تەواوبونی مەراسیمی ناشتن. هەندێکی تر لایان وابو کە راگەیاندنی وەزارەت بەرپەرچدانەوەی ئەم تاوانەیە، لە سەرو هەمویانەوە جەعفەری خاوەنی ئەم رایە بو. بڕیار درا مەراسیمی راگەیاندنی وەزارەت دوا نەخرێ.

بریمەر رۆژی پێشو لە ئەمەریکا گەڕاوەتەوە، هات بۆ کۆبونەوەی مح. پرسەی سەرۆک و گەلی ئەمەریکی بە خێزانی شەهید و حەوزە راگەیاند و بەجیا لەگەل هەندێ لە ئەندامانی مح کۆبوەوە.

چەند حەفتەیە بڕیار دراوە دادگای تایبەتی دابمەزرێنرێ بۆ دادگاییکردنی تاوانکارانی عیراق بەڵام هێشتا نیشانەیەکی دیار نین. حاکم دارا نورەدین هەندێ لایەنی روون کردەوە. داوا لە لوجنەی قانونی کرا مح لە ئەنجامی کارەکانی ئاگادار بکا.

٤ ی ٩ ی ٠٣ پێنجشەم:

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

رامسفێلد، وەزیری بەرگری ئەمەریکا، گەیشتە بەغداد. لە گەل مح کۆبوەوە. سپاسی سەرۆک بوش و دەوری وەزیری بەرگری و بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکی کرا. یەکێ لەو شتانەی زۆر لە ئەندامانی مح داوایان لێکرد، نەهێنانی هێزی تورک و هێزی دەوڵەتانی دراوسێ بو.

٧ ی ٩ ی ٠٣ یەکشەم:

صحيفة النهار اللبنانية ٧/ ٩/ ٢٠٠٣.

بغداد، مقابلة مصطفى كامل مع الدكتور عدنان الباجەجى

السؤال: هناک اتجاه قوى نحو الفيدرالية من اطراف اساسيين فى مجلس الحكم وفى الساحة السياسية العراقية. ماهى الاسس التى سيتم اعتمادها فى هذا المجال، اعنى هل سيكون التقسيم جغرافيا ام طائفيا ام قوميا؟

الجواب: الفيدرالية نظام مطبق فى عدد من الدول ولا يخالف الديموقراطية. بالطبع فإن اكثر الدول التى تعمل وفق هذا النظام الفيدرالى تعتمد الاساس الجغرافى او الاساس الثقافى، اما فى الشأن العراقى فإن تفاصيل هذا الموضوع فستعالج فى المؤتمر الدستورى الذى سيمثل الجميع وسيناقش كل التفاصيل المتعلقة بنظام الحكم فى العراق.

السؤال: الا تعتقدون ان الفيدرالية اذا اعتمدت فى العراق يمكن ان تفتح الباب لتقسيمه وتجزئته؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

الجواب: لا اعتقد ان ذلک سیحدث فی العراق، اعتقد ان الفیدرالیة ستعزز من الوحدة الوطنیة بین العراقیین انفسهم، لانها ستفسح فی المجال امام العراقیین لان یدیروا شؤونهم بانفسهم فی مناطقهم، واعتقد ان هذا سیزید من تمسکهم بعراقیتهم، فی تقدیری فإن نظام الحکم المرکزی فی العراق لم یکن ناجحا جدا.

٩ ی ٩ ی ٠٣ سێشەم:

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

کاری لوجنەی دەستوری ئەبو ١٥ ی مانگ تەواو ببێ لە بەر ئەوەی تا ئیستا نەیانتوانیوە تەواوی بکەن بۆیە ماوەکەیان دێژ کرایەوە بەو مەرجەی لەم مانگە تێنەپەڕێ.

پێشنیار کرا محافەزەکان ببەسترێنەوە بە وەزارەتی ناوخۆ یان ئەشغالەوە. بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە لوجنەیەک دانرا.

دارا نورەدین کورتەیەکی دەربارەی پرۆژەی قانونی دادگای تایبەتی باس کرد.

١٠ ی ٩ ی ٠٣ چوارشەم:

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

ئیقبال رەزا یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هات و نامەیەکی زارەکی لە کوفی ئەنانەوە هێنابو. ئەنان وتویەتی (ن ی) هەوڵێدا لە هەمو بڕیارەکاندا بە قازانجی گەلی عیراق کار بکات.

بریمەر و ریچمۆند و ماکفرسن راویژکاری دارایی سام (سلطه الاتلاف مؤقته)، ئامادەی کۆبونەوەی حەفتانە بون.

بریمەر وتی: "سەرۆک داوا لە کۆنگرێس ئەکا ٢٠ ملیار دۆلار تەرخان بکرێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق، ئەوەش گەورەترین چەردە پارەیە دوای مارشال پلان بۆ کارێکی لەو بابەتە تەرخان کرابێ، بۆ ئەوەی ئەم داوایەی سەرۆک لە کۆنگرێس دا سەر بگرێ ئەبێ مح و وەزیرەکان پشتیوانی لە سیستەمی ئابوری ئازاد بکەن کە بنچینەکەی کەرتی تایبەتییە. بێئەوە دژوارە کۆنگرێس موافەقەت بکا. لە ١٧ – ٢١ ی ٩ ی ٠٣ کۆبونەوەی بانکی دەولی و سندوقی نەقدی دەولی لە دوبەی ئەکرێ، وەزیری خەزانەی ئەمەریکاش ئامادە ئەبێ، ئەشێ باسی سیاسەتی نوێی ئابوری عیراقی بۆ بکەن".

باس لەوە کرا کە ئەمەریکا بە تەمایە هێزی بێگانە بهێنێ بۆ پاراستنی ئاسایش لە عیراق دا، هەندێ لە ئەندامان وتیان پێمان باش نیە هیچ هێزێ لە وڵاتانی دراوسێوە بهێنرێ. بریمەر لە وەڵامدا وتی: "بە پێی یاسای ناوەدەوڵەتان هێزی هاوپەیمان بەرپرسی دابینکردنی ئاسایشی عیراقە، بۆیە لەو بارەیەوە چی بە باش بزانێ ئەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری خۆی".

د- سنان شبیبی کرا بە محافیزی بانکی مەرکەزی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری حەکیم) سەرۆکایەتی وەفدی عیراق ئەکا بۆ کۆبونەوەی دووبەی.

١١ ی ٩ ی ٠٣ پێنجشەم:

پۆل بریمەر و دەیڤید ریچمۆند بە فڕۆکە لە بەکرەجۆ دابەزین. لە لایەن تاڵەبانی و هەڤاڵانی ترەوە پێشوازی کران و بڕانە سلێمانی پالاس. کۆبونەوەی لە گەڵ تاڵەبانی و هەندێ لە ئەندامانی م س کرد بو. بریمەر لە کۆبونەوەکەدا وتبوی کە لوجنەی دۆزینەوەی ڕێگەی نوسینی دەستور (کە سەرۆکەکەی د-فوئاد مەعسوم بو) بڕیاریان داوە، هەڵبژاردنی گشتیی بکرێ، واتە فتواکەی سیستانییان قبوڵ کردوە. من لەوە بێ ئاگا بوم و د فوئاد بە منی نەوتبو. ئەو بڕیارە لە گەڵ هەڵوێستی یەکێتی دا نەئەگونجا، لە بەر ئەوە باوەڕم نەئەکرد وا بە ئاسانی تێبپەڕێ، کەچی د فوئادیش دەنگی بۆ دابو. تاڵەبانی لە سلێمانییەوە بە تەلەفۆن لە منی پرسی، من ئینکارم کرد، وتی بریمەر وا ئەڵێ، من هەر ئینکارم کرد. بەڵام ئەبو بزانم کە هەواڵی راست لەلای بریمەرە!

بریمەر و ریچمۆند شەویان لە سلێمانی بە سەر بردبو.

ئەمە یەکەمجار نەبو بریمەر بچێ بۆ کوردستان، پێشتر چەند جاری تر چو بو، بە تایبەتی بۆ سلێمانی. جاری یەکەم لە ٢٨ ی ٥ ی ٠٣ دا لە گەڵ راین کرۆکەر لە فڕۆکەخانەی بەکرەجۆوە، جارێکی تر لە ٢٨ ی ٦ ی ٠٣ دا دیسان لە فڕۆکەخانەی بەکرەجۆوە. هەمو جار کۆمەڵێ منالی مەکتەبیان ئەبرد گوڵبارانیان بکەن.

*

١٤ ی ٩ ی ٠٣ یەکشەم:

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ناساییی کرد.

کۆلن پاول، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا، لە بەغدایە. هات بۆ کۆبونەوە لە گەڵ مح (مجلس الحکم). ئەندامانی مح لە هۆڵی میوانی بارەگای مح چاوەڕێی کۆلن پاولیان کرد. پاول هاتە ژورەوە. ئەحمەد چەلەبی لە سەرەوە بە ریز ئەندامەکانی پێشکەش کرد. پاشان چوینە هۆڵی کۆبونەوە. چەلەبی بە ناوی مح هوە بە خێرهاتنی کرد و سپاسی گەلی عیراقی بۆ سەرۆک بوش و بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکی پیراگەیاند. زۆر لە ئەندامان بە خێرهاتنیان کرد و دژی هێنانی هێزی تورک و دەوڵەتانی دراوسێ دوان.

١٥ ی ٩ ی ٠٣ دوشەم:

بۆ هاوەردی لە گەڵ بنەماڵەی حەکیم و حەوزە کۆبونەوەی مح برایە نەجەف.

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی کردبو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

من نەچوم بۆ کۆبونەوە. باسی ئاسایشی نەجەف و کەربەلاو پیرۆزگاکان و مەراجیع کرا بو.

بڕیار درا بو وەفدی عیراق بۆ کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە سەرۆکایەتی چەلەبی، سەرۆکی دەوریی ئیستای مح، پێک بێ لە: پاچەچی، عەقیلە هاشمی، هوشیار زیباری.

*

کۆلن پاول، ریچارد باوچەر، وتەبێژی رەسمی وەزارەتی دەرەوە، پۆل بریمەر، چون بۆ هەڵەبجە. جەلال تاڵەبانی و مەسعود بەرزانی پێشوازییان لێ کردن. ئەمە سەردانێکی مێژوییە مەعنای سیاسی و مرۆڤایەتی گەورەی هەیە.

١٦ ی ٩ ی ٠٣ سێشەم:

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

باقر صولاغ جەبر وەزیری ئیعمار و عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی وەزیری تیجارە لە بەردەم مح دا سوێندیان خوارد.

*

تاڵەبانی پێشنیارێکی نوسیوە بۆ پاراستنی پیرۆزگاکان و مەراجیع. مح موافەقەتی لەسەر کرد. جێبەجێکردنی موافەقەتی سام و بە دواداچونی ئەوێ. پێم وانیە جێبەجێ بکرێ.

*

باس لە کاروباری ئابوری: سەرمایەگوزاری بێگانە، بانک، باجی دەرامەت و رەسمی گومرگ کرا. دەسکاری پرۆژەکانی سام کرا و هەندێ پێشنیاری نوێ دانران. کەرتەکانی نەوت، ئاو، کارەبا، رێگای ئاسنین، خانوبەرە، زەوی و زاری کشتوکاڵ.. لە سەرمایەگوزاری دەرهێنرا.

*

مح مادە و بڕگەکانی قانونی تازەی رەگەزنامەی یەک بە یەک تاووتوێ کرد، پاش هەندێ دەسکاری کەم بە گشتی دەنگ پەسندی کرد. ئێتر کەوتۆتە سەر بریمەر کەی ئیمزای ئەکات و لە (الوقائع العراقیه) دا بڵاو ئەکرێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە مەیدانی کارپێکردنەوە.

١٧ ی ٩ ی ٠٣ چوارشەم:

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

سەعات ١٠ بریمەر و سێر جێرمی گرینستۆک، نێردراوی تایبەتی تۆنی بلێر بۆ عیراق، ئامادەی کۆبونەوەی حەفتانە بون.

بریمەر بە ستایشەوە بڕیارە ئابورییەکانی: سەرمایەگوزاری بێگانە، سیستەمی بانکی، باجی دەرامەت و گومرگی هەڵسەنگاند و وتی: بڕیارێکی سەختتان داوە، ئەوە دەرگای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتنی سەرمایەی بێگانەتان بۆ ئەکاتەوە و لە کۆنگرەی بانکی دەولی و سنوقی نەقدی دەولی لە دوبەی بە چاکی دەنگ ئەداتەوە.

باسی دەرکردنی بەعسییەکانی کرد لە وەزارەتی پەروەردە.

بۆ ئەوەی سەرنجی ئەندامانی مح رابکێشێ، وتی: "هیوام وابو بڕیارەکانی مح پێش ئەوەی لە رۆژنامەدا بڵاو ببێتەوە بینێرن بۆ من بۆ ئەوەی لە گەڵ راوێژکارەکانم دا تاووتوێیان بکەین و بڕیاری لێ بدەم، پێویستە بیزانن هەرچی من ئیمزای نەکەم نابێ بە قانون و جێبەجێ ناکرێ".

ئەحمەد بەڕاک باسی ئەوەی کرد کە موحافەزەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی مح.

چەند جارێ هەندێ لە ئەندامەکانی مح باسی ئەوە ئەکەن کە محافەزەکان ببەسترێنەوە بە وەزارەتی ناوخۆ، یان ئەشغال عامە. بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە کۆمیتەیەک پێکهاتوە لە کورد، د رۆژی تێدایە. زۆر لە مانە ئەیانەوێ سەرلەنوێ عیراقێکی مەرکەزی دروست ببێتەوە.

١٩ ی ٩ ی ٠٣ هەینی:

سولتان هاشم ئەحمەد، وەزیری دیفاعی حکومەتەکەی صەدام، تەسلیمی ئەمەریکا بو. بۆ جەنەرال سوڵتان سەربەرزانەتر ئەبو ئەگەر رۆژی گیرانی بەغداد لە وەزارەتی دیفاعی عیراقی، یان لە هەر بنکەیەکی سپایی عیراق دا، گفتوگۆی بەدەستەوەدانی خۆی و جەیشی عیراقی بکردایە. لەوانە بو چارەنوسی خۆی و هەلومەرجی عیراق جۆرێکی تر بوایە.

*

٢٠ ی ٩ ی ٠٣ شەمە:

بەیانی ئەمرۆ د عەقیلە هاشمی کە لە مااڵ هاتۆتە دەرێ بە سواری ئۆتۆمۆبیل بچێ بۆ شوێنی کارەکەی لە بەر دەرگای مااڵەکەیان دا دراوەتە بەر دەسرێژی گوللە. چەند گوللەیەک پێکاوێتی بە سەختی بریندار بوە. براوەتە نەخۆشخانە.

٢٢ ی ٩ ی ٠٣ دوشەم:

عەلاوی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

چەلەبی و وەفدی عیراق بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سەفەریان کردوە، د-عەقیلە هاشمی کە ئەبو ئەندامی وەفدەکە بێ، لە بەر ئەوەی بە بێهۆشی لە نەخۆشخانە کەوتوە، وەفدەکە بێ ئەو ڕۆیشتون.

فەریق ئەحمەد کازم، لە وەزارەتی ناوخۆ، بانگ کرابو بۆ ڕونکردنەوەی هەوڵی کوشتنی د عەقیلە هاشمی. ڕوداوەکەی بە پێی لێکۆڵینەوەکانی خۆی گێڕایەوە. پێناچێ ئاگایان لە هیچ بێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەندامانی مح دیسان هاتنەوە سەر باسی بێهودەی ئاسایش.

لەبەر ئەوەی قەناتەکانی الجزیرە و العربیە لە هەواڵ و راپۆرت و بەرنامەکانیان دا، پشتیوانی لە کاری تیرۆریستی ئەکەن و هانی فیتنەی تائیفی و رەگەزی ئەدەن و شریتی ڤیدیۆی کەسانی دەمامککراوی نەناسراو بڵاو ئەکەنەوە کە بە ئاشکرا داوای کوشتنی هێزەکانی هاوپەیمان و هاوکارانیان ئەکەن، لەلایەن ئەندامانی مح ەوە، بە زۆرایەتی دەنگ بڕیار درا مەکتەبەکانی الجزیرە و العربیە دابخرێن.

قەناتە عەرەبیەکان، بە تایبەتی الجزیرە، العربیە، ئەبو زەبی، سنوری کاری پیشەیی و (ئیتیک)ی رۆژنامەوانییان شکاندوە، لە گێڕانەوەی هەواڵەکانی عیراق دا بێلایەن نین، شایانی دەرکردنن. بەڵام شەڕی راگەیاندن هەر بە راگەیاندن ئەکرێ. ئەوە چەند مانگە ئەمەریکا عیراقی داگیر کردوە تا ئیستا نەیویستوە یا نەیتوانیوە دەزگایەکی راگەیاندنی کاریگەر: رادیۆ، تەلەفزیۆنی نیشتمانی و ئاسمانی، دابمەزرێنێ. (شبکة الاعلام العراقی) دامەزراندوە. دەزگایەکی بێکارە و کز و لاوازە بە هیچ جۆرێ بەربەرەکانی قەناتە عەرەبیەکانی پێ ناکرێ. رێگەش نادەن بە مح دەزگای راگەیاندنی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ. بەڕێوەبەری (شبکة الاعلام العراقی) کە ئەمەریکا لە گەڵ هێرشەکەی دا بۆ سەر عیراق لە گەڵ خۆی هێنا بوی، کابرایەکی عیراقی بو، وازی لە کارەکەی هێنا و گەڕایەوە بۆ دەرەوە، چونکە پێی وابو ئەمەریکا جەنگی راگەیاندنی دۆڕاندوە.

*

باس لە دوبارەبونەوەی خۆپیشاندان کرا لە بەردەم دەرگای بارەگای مح دا بە جۆرێ کە رێ لە هاتوچۆی ئەندامانی مح ئەگرێ. گفتوگۆ کرا بۆ دانانی هەندێ رێوشوێن بۆ ئەوەی هەم مافی خۆپیشاندان پارێزراو بێ و هەم رێ لە کاری ئاسایی و هاتوچۆ نەگرێ.

٢٣ ی ٩ ی ٠٣ سێشەم:

عەلاوی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

سکۆت کارپێنتەر (بریتانی) و کاری تاچەر (ئەمەریکی) لە سام هاتن بۆ باسی داخستنی قەناتەکان و بڕیارەکەیان پێ هەڵوەشاندنەوە. گۆیا ئەو بڕیارە سام (ئیحراج) ئەکا، کردیان بەوەی ماوەی دو هەفتە رێ بە الجزیرە نەدەن ئامادەی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکانی مح ببێ. چەند کەس بەرپەرچی بیانوەکانی سام یان دایەوە بێ سود بو. ئەمە نمونەیەکی بچوکی دەسەلاتی مح ە. هەندێ جار بە ئەنقەست هەندێ کار ئەکەن بۆ ئەوەی پیشانی خەڵکی بدەن کە ئەوان خاوەنی دوا بڕیارن و مح بێ موافەقەتی پێشەکی ئەوان ناتوانی هیچ بڕیارێ بدا.

ئان کلۆید سەردانی مح ی کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٤ ی ٩ ی ٠٣ چوار شەم:

عەلاوی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

تەندروستی د عەقیلە بەرەو خراپی چوە پزیشکەکان چاوەڕوانی ژیانی لێ ناکەن. لە بەر ئەوە دانیشتنی ئەمڕۆ کورت ئەبێ و تەرخان ئەکرێ بۆ باسی ئاسایش.

سەفیر سێر گرینستۆک و سەفیر ماکمانوی ئامادەی کۆبونەوەی حەفتانە بون. بریمەر لە ئەمەریکایە.

هەمو گفتوگۆکانی گرینستۆک و ئەندامانی مح باسی ئاسایشی گشتی و سەلامەتی گیانی ئەندامانی مح بو.

٢٦ ی ٩ ی ٠٣ هەینی:

رۆژی پێنجشەم د عەقیلە لە نەخۆشخانە مردوە. ئەمڕۆ مەراسیمی بە خاک سپاردنی تەرمەکەی رێک ئەخرێ. تەرمەکەیان هێنا بۆ بارەگای مح. گرینستۆک و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی سام و هەندێ دیپلۆمات و هەندێ لە ئەندامانی مح و جێگرەکانیان ئامادە بون. من و د فوئاد مەعسوم چوین. پاش ئەوەی سەفیر غەسان موحسین چەند ئایەتێکی لە سەر خوێند، ئەیاد عەلاوی وتاری مح و سەفیر گرینستۆک وتاری سامی خوێندەوە. تەرمەکەی بە رێ کرا بەرەو ماڵەکەی خۆی لە حی الجیهاد و لە وێوە بۆ کازمیە، ئینجا بۆ نەجەف، لەوێ بە خاکی ئەسپێرن.

د عەقیلە عەلی حسێن هاشمی لە بنەماڵەیەکی نەجەفیە. ئەندامی حیزبی بەعس بوە. بەکالۆریۆسی لە قانون لە جامیعەی بەغداد وەرگرتوە. لە جامیعەی بەغداد زمانی خوێندوە و لە سەر حسابی حکومەتی عیراق چۆتە پاریس، دکتۆرای لە ئەدەبی فەرەنسی دا وەرگرتوە. لە جامیعە بۆتە مامۆستا. لە بەر لێوەشاوەیی تاریق عەزیز بردویەتیە ستافەکەی خۆی. لە ١٩٩١ هوە لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق بەرپرسی فایلی رێکخراوە ناوەدەوڵەتییەکان بوە. تاریق عەزیز چەند جارێ لە گەڵ خۆی بردویەتی بۆ دەرەوە. دوای روخانی سەدام، بە ناوی عیراقەوە ئەم چو بۆ کۆبونەوەی دەوڵەتانی دۆنەر و نەتەوە یەکگرتوەکان. سام خۆیان هەڵیان بژارد بو بۆ ئەندامەتی مح. تەمەنی ٥٢ ساڵ و شوی نەکرد بو. برایەکی ئاخوندە و زاوای سیستانییە. کەسایەتیەکی سەنگین و رۆشنبیر و لێوەشاوە بو.

٢٩ ی ٩ ی ٠٣ دوشەم:

د- موحسین عەبدولحەمید بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

سەرەتا دەقیقەیەک وەستان بۆ خوێندنی فاتیحە بۆ گیانی د عەقیلە هاشمی. بەو بۆنەیەوە باسی ئاسایش کرایەوە. بە دەگمەن کۆبونەوەیەکی مح ئەکرێ و باسی ئاسایشی تێدا نەکرێ. تا ئیستا هیچ سودێکی نەبوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مح ئەمڕۆ دو بڕیاری دا:

بڕیاری ژمارە ٤٩: ی مح بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەمو ئەو قانون و قەرارانەی مەنعی عیراقی ئەکا لە کڕینی عەقار.

جگە لە عەرەب، عیراقی تر بۆیان نەبو لە هەندێ لە محافەزەکانی عیراق دا وەکو کەرکوک و موسل و دیالە... خانو و زەوی بکڕن.

هەروەها هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ١٥٧ ی ١٢ ی ٦ ی ١٩٩٤ ی (م ق س) دەربارەی مەنعی نەقلی مولکیەت لە سنوری (التصمیم الاساسی) شاری بەغداد و قەزا و ناحیەکانی.

جگە لەوانەی لە سەرژمێری ١٩٥٧ دا لە بەغداد نوسراون، عیراقی تر بۆیان نەبو خانو و زەوی لە بەغداد و قەزاو ناحیەکانی بکڕن. تکریتیەکان بە تایبەتی بنەماڵەی سەدام و نزیکەکانی لەم بڕیارە بوێردرا بون.

بڕیاری ژمارە ٥٠: ی مح بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەمو ئەو قانون و قەرار و نیزام و تەوجیهات و تەعلیمات و ئەوامیرەی لە (م ق س) و دەزگا رەسمیەکانی تری عیراقەوە بۆ گۆڕینی واقیعی سکانی و سیاسی دەرچون.

دو بڕیاری گرنگن، هەردوکیان بە دەنگی گشتی ئەندامانی مح دەرچون، بەڵام پێویستیان بە موافەقەتی بریمەر هەیە، ئاخۆ ئامادەیە ئیمزای بکا..؟ گومانم هەیە.

*

٢٠ ی ٩ ی ٠٣ سێشەم:

د- موحسین عەبدولحەمید بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد، چونکە عەلاوی‌ش چوە بۆ گەشتی دیپلۆماسی بۆ سوریا و.... ئەندامانی مح بیانو ئەدۆزنەوە بۆ سەفەر، ئاسایشی بەغداد ئەوەندە نائەمینە ئەیانەوێ دور بکەونەوە.

*

د- موحسین باسی کرد کە هەندێ لە حیزبەکان بارەگایان لە وەزارەتەکانیان دا داناوە. بڕیار درا ئەو دیاردە ناشیرینە قەدەغە بکرێ.

*

هەرچەند باسی ئەنجامدانی (أحصاء) ئەکرێ، وەکو کارێکی لە کردن نەهاتو باسی ئەکەن. ئەڵێن بە لایەنی کەمەوە دو ساڵی ئەوێ. شیعەکان هەمو جار بیانو ئەهێننەوە بۆ ئەوەی لە بیر بچێتەوە. پێئەچێ سەرژمێر بە قازانجی شیعە و تورکومان نەبێ. من ئەمڕۆ پێشنیارم کرد لە عیراق دا سەرژمێر بکرێ. لەبەر ئەوەی (احصاء) وەکو ئەڵێن ماوەیەکی درێژی ئەوێ ئەکرێ لەم قۆناغەدا تەنیا (تعداد) بکرێ و وەرەقەیەکی سادەم خستە بەردەمیان و وتم: هەر نەتەوە و دین و تایەفەیەک موبالەغە ئەکەن لە ژمارەی خۆیان دا، مەسەلەن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیمەی کورد لە عیراق دا ئەڵێین ١٠ ملیۆنین، کێ ئەوەی پێ راست نیە با پێچەوانەکەی ئیسپات بکا. لە بەر ئەوە (تعداد) کارێکی پێویستە.

بڕیاری ژمارە ٥٧: ی مح بۆ پێکهێنانی لوجنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی میکانیزمی جێبەجێکردنی (التعداد السکانی العام فی العراق) لە: د رەجا خوزاعی، وائیل عەبدوللەتیف، عەبدولکەریم محەمەداوی، د عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری حەکیم)، د ڕۆژ شاوەیس (نوێنەری بارزانی)، محەمەد فازیل سامەرائی (نوێنەری موحسین عەبدولحەمید)، بەندەی بەسزمان (نوێنەری تاڵەبانی)، ئەبێ تا ١٥ ی ١٠ ڕاپۆرتەکەیان پێشکەش بکەن.

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣

د- ئەیاد عەلاوی ئەم مانگە سەرۆکی دەوریی مح (مجلس الحکم) ئەبێ.

ئەیاد کوڕی هاشم عەلاوی ساڵی ١٩٤٥ لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایک بوە. باوکی سەردەمی مەلەکی ماوەیەک ئەندامی پارلەمان بوە. دایکی لوبنانیە. ئەیاد لە کولیەی بەغداد خوێندویەتی و کۆلێجی پزیشکی زانکۆی بەغدادی تەواو کردوە. لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردودا لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا چۆتە ریزی حیزبی بەعسەوە. ١٩٧١ بۆ خوێندن چۆتە لەندەن و لەوێ بەرپرسی ڕێکخراوی بەعس بوە و دوایی لێیان جیابۆتەوە و بۆتە دژی بەعس. ١٩٧٨ بەعس هەوڵی کوشتنیان دا، بە سەختی بریندار بو نەمرد. لە گەڵ چەلەبی خزمە. خوشکی چەلەبی ژنی مامی ئەمە و دایکی ئەیاد و هاوسەرەکەی چەلەبی هەردوکیان لە خێزانی عوسەیرانی لوبنانین. لە دێسەمبەری ١٩٩٠ دا لەگەڵ چەند ئەندامێکی ناسراوی بەعس "حرکه الوفاق الوطنی" دروست کرد. لە دامەزراندنی "المؤتمر الوطنی العرقی" دا بەشدار بو. پاش ماوەیەک عەلاوی لەگەڵ چەلەبی تێکچو، لە کۆنگرە جیا بوەوە. لە ناو جەیشی عیراقی دا هەوڵی ئینقیلابی دا بەڵام ڕێکخراوەکەی ئاشکرا بو و گیران و کوژران. وا باوە هاوکارێکی نزیکی دەزگای زانیاری ئینگلیزی و ئەمەریکیە. لە دوای ڕوخانی بەعس گەڕاوەتەوە عیراق. هاوڕێ کۆنەکانی لە ویفاق جیابونەتەوە. لە لەندەن ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (بغداد) دەرئەکرد ئیستا بە هەمان ناوەوە لە بەغداد دەری ئەکەن.

١ ی ١٠ ی ٠٣ چوارشەم:

عەلاوی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

سەعات ١٠ بریمەر هات بۆ کۆبونەوەی حەفتانە. باسی سەفەرەکەی خۆی کرد بۆ واشنتۆن، وتی: "٩ جار لە گەڵ ئەندامانی کۆنگرێس دانیشتوە بۆ ئەوەی قانعیان بکا موافەقەت بکەن، کە وەکو سەرۆک بوش داوای کردوە، ٢٠ ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق تەرخان بکەن." باسی جۆری دابەشکردنی کرد بە سەر کەرتە جیاوازەکانی ئاسایش و دادگا و ئاو و کارەبا و شتی تردا.... پرسیبان: ئەمە قەرزە (Loan)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یان مەنحەیە (Grant)؟ وتی: "بۆ ئەوەی باری میللەتی عیراق بە قەرزی زۆرتر گران نەبێ هەوڵ ئەدەن مەنحە بێ".

بوش داوای لە کۆنگرێس کردوە موافەقەت بکا بۆ تەرخانکردنی ٨٧ ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوە و خەرجی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و عیراق. لەو پارەیە ٢٠ ملیاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق داناوە.

دەزگاکانی راگەیاندن خشتەیەکیان لە سەر جۆری دابەشکردنی بە سەر کەرتە جیاوازەکاندا بڵاوکردۆتەوە گوێا بریمەر بە رێکەوتن لە گەڵ مح دایان ناوە. راستیەکەی ئەوەیە بریمەر و سام (سلطه الاتلاف المؤقته) بیئەوەی پرس بە مح بکەن خۆیان دایان ناوە. هەرچەندە لە کۆبونەوەکە دا خۆی جۆری دابەشکردنی پارەکە و دیاریکردنی چەردەی هەر یەکێ لە بابەتەکانی باسکرد بەڵام بۆ ئاگاداری زۆرتر خشتەکە لە (ژمارەی رۆژی ١٢ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣ ی رۆژنامەی الشرق الاوسط) هوە رائەگوێزم:

٢١٠٠ ملیۆن $ بۆ دامەزراندنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ، بە تایبەتی داوودەزگاکانی پۆلیس و دادگا.

٢١٠٠ ملیۆن $ بۆ پێکهێنانەوەی سپای عیراق.

٥٧٠٠ ملیۆن $ بۆ کارەبا.

٢١٠٠ ملیۆن $ بۆ کەرتی نەوت.

٤٦٠٠ ملیۆن $ بۆ پرۆژەی ئاوی خواردنەوە و زێراب.

٧٥٠ ملیۆن $ پرۆژەکانی ئاودێری کشتوکاڵ.

٤٧٠ ملیۆن $ بۆ دروستکردنی خانووبەرە.

٢٤٠ ملیۆن $ بۆ چاکردنی ڕێگاوبان.

١٦٥ ملیۆن $ بۆ چاکردنی فرۆکەخانەکانی بەغداد و بەصرا.

٤٥ ملیۆن $ بۆ چاکردنی مینای ئوم قەصر.

٣٠٣ ملیۆن $ بۆ چاکردنی هێڵی ئاسنین.

٨٥٠ ملیۆن $ بۆ کەرتی تەندروستیی.

٣٠٠ ملیۆن $ بۆ گەشەپێدانی چالاکی ئابوری و کار.

١٠٥ ملیۆن $ یارمەتی ئاوارە.

٩٠ ملیۆن $ بۆ یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی.

١٥٠ ملیۆن $ بۆ پشتیوانی لە دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ.

کاتێ بریمەر باسی ئەمەی کرد، من سپاسی هەوڵ و کۆششی ئەوم کرد بۆ دابینکردنی ئەو چەردە گەورەیەی کە تەرخان کراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق و لێم پرسی: "بە پێی یادداشتی لە یەکگەیشتن (MOU) ١٣% داهاتی -پرۆگرامی نەوت بە خۆراک- بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستان تەرخان کرابو، لەمە چەندی بەر کوردستان ئەکەوێ؟". وەڵامێکی دامەوە ئەیکردە هیچ!

د رۆژ پش لە سەر هەمان باس دوا، بریمەر وتی: "ئێوە بە تەمان عیراقێکی دیمۆکراتی دابمەزرێنن جیاوازی لە نێوان کورد و عەرەب دا نەبێ. پێویستیەکانی ناوچەکەتان لەگەڵ وەزارەتەکان دا باس بکەن."

بریمەر داوای لە مح کرد وەفدی خۆی دیاری بکا بۆ بەشداری لە دۆنەر کۆنفرەنس دا لە مەدرید. یەکێ لە کۆسپەکانی رێگەی گەشەکردنی ئابوری ئەو قەرزە زورەیە لە سەر عیراق کەڵەکە بوە و ئەو هەمو پارە زۆرەیە کە ئەبێ لە باتی زەرەر و زیانی جەنگ بیبژێرێ.

*

هێزی پاراستنی بارەگای مح گۆڕاوە. پێشان ئەمەریکی بون ئیستا بون بە گورگە. پاراستنی دەروازەی بیناکە و دەرگا و رێگاکانی ناوەوەی بیناکە بەوان سپێردراوە. هەر لە سەرەتاوە چەند پۆلیسێکی عیراقی وەکو شتێکی رەمزی دانراون.

*

٢ ی ١٠ ی ٠٣ پێنجشەم:

گەڕامەوە بۆ سلێمانی. داوام لە دائیرەی (احصاء) ی سلێمانی کرد پلانێکم بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەنجامدانی (تعداد) لە دەسپێکردنەوە تا تەواوکردنی و هەڵسەنگاندنی هەمو پێویستیەکانی جێبەجێ کردنی.

٣ ی ١٠ ی ٠٣ هەینی:

تاڵەبانی بۆ بەشداری لە چلەی محەمەد باقر حەکیم چۆتە نەجەف. بەو بۆنەیەوە وتارێکی لە ستایشی حەکیم دا خوێندەوە.

٦ ی ١٠ ی ٠٣ دوشەم:

عەلاوی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

بەحرەلعلوم لە چارەنوسی قانونی جنسیەی پرسی. دارا نورەدین وتی: "قانونەکە نێردراوە بۆ (مجلس شوری الدولە)، داڕشتنەوەی قانونی تەواو کراو هێنرایەوە بۆ بەردەم مح، موافەقەتی لە سەر کرد نێردراوە بۆ سام ئیمزای بکەن بۆ ئەوەی وەکو قانون بڵاوبکرێتەوە."

لوجنەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی گێڕانەوەی (الاموال المنقولە و غیر المنقولە) بۆ خاوەنەکانی کە رژیم (مصادرە) ی کردوە. دروست کرا.

هاتنەوە سەر باسی بێهودەی ئاسایش.

دو بۆنە هەیە کە وەفدی عیراق بەشداری بێ:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەمیان: (مؤتمر القمه الاسلامی ١١ – ١٨ ی ١٠ ی ٠٣) لە کوالالامپور لە مالیزیا.
دوەمیان: (مؤتمر الدول المانحه ٢٣ – ٢٤ ی ١٠ ی ٠٣) لە مەدرید لە ئیسپانیا.

٧ ی ١٠ ی ٠٣ سێشەم:

عەلاوی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

ماوەیەک لەمەوبەر ئەمەریکا داوای لە تورکیا کردوە بۆ پاراستنی ئاسایش لە عیراق دا هێز بنێرێ. تورکیاش بۆ (گرتنەوە) ی پێوەندی (لە جێ چو) ی لە گەڵ ئەمەریکا ئەیەوێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە. ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا بڕیاری داوە هێز بنێرێ و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی موافەقەتی کردوە. پرۆژەکە خراوەتە بەردەمی پارلەمان. پارلەمان ئەمڕۆ ٧ ی ١٠ موافەقەتی کرد هێزی تورک بچێ بۆ عیراق و ماوەی ساڵێک بمێنێتەوە.

لە کاتێک دا پارلەمانی تورک خەریکی گفتوگۆ بو لە سەر ناردنی هێز بۆ عیراق، مح یش کەوتبوە گفتوگۆ لە سەر هەمان مەسەلە. بە گشتی دەنگ بڕیار درا کە مح نە هێزی تورک و نە هێزی هیچ وڵاتێکی دراوسێی ناوێ، بەڵکو لە باتی هێنانی هێزی زۆرتری بێگانە رێگەی راست ئەوەیە کە فایلی ئاسایش بدرێتە دەس عیراقیەکان خۆیان، بەم مەعنایە بۆ رونکردنەوەی هەڵوێستی خۆی بەیانێکی نوسی. یەکێ لە مەبەستەکانی بەیانەکە ئەوە بو بەر لەوەی پارلەمانی تورک هیچ بڕیارێ بدا رەئی مح بزانێ، بەڵکو کاریان تێ بکا. پێش بڵاوکردنەوەی بەیانەکە د مەحمود هەڵوێستی مح ی بە دەزگاکانی راگەیاندن وت. هەندێکیان بڵاویان کردەوە. دەسبەجێ سام هاتە کایەکەوە داوایان لە عەلاوی کرد بەیانەکە رابگرێ و بڵاوی نەکاتەوە تا قسەی لەسەر ئەکەن. بەیانەکە راگیرا.

*

دوا راپۆرتی لوجنەی دەستور تەواو بوە. قازی دارا دەقەکەی خوێندەوە. لە بەر درێژی باسەکە لێدوانی دوا خرا بۆ کاتێکی تر.

*

بڕیار درا وەفدی عیراق بۆ کۆنگرەی پۆپەی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی د ئەیاد عەلاوی سەرۆکی دەوریی مح پێک بێ لە: د- موحسین عەبدولحەمید، د- مەحمود عوسمان، عیزەدین سەلیم.

٨ ی ١٠ ی ٠٣ چوارشەم:

عەلاوی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

بریمەرو گرینستۆک هاتن بۆ کۆبونەوەی حەفتانە.

بریمەر ئەیویست گوێی لە وەلامی مح بێ دەربارەی ئەو نامەیەی بۆی نارد بون کە چۆن مح و سام باشتر پێکەوە کار بکەن. هەندێ قسەو باس و پێشنیار کرا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەربارەی بودجە، وتی: "ئەبێ پێش ١٠ ی ١٠ مصادقەی لە سەر بکەن". ئەگەر مح نەیکات ئەو خۆی ئەیکات!

دەربارەی هێنانی هێزی تورک، وتی: "بەرپرسیارێتی ئاسایش لە گەردنی سام دایە. ئەمە راستیەکی دیارە کۆمەڵی ناودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش دانی پێدا ناوە. لە بەر ئەوە بڕیاردان لەم بارەیەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سام. ئەگەرچی مح هێشتا هیچ بڕیارێکی نەداوە، بەڵام ئەم باسە بە ئاشکرا کەوتۆتە ناو ناوان، سام لەم بارەیەوە خۆی بواردوە لە هەر جۆرە درکاندنێکی ئاشکرا. هیوادارە مح پش خۆی لادا لە هەر جۆرە بڕیارێکی راگەیەنراو، تا هەردولا پێکەوە بۆ لێدوانی ئەم کێشەیە دائەنیشن". بڕیار درا پاش نیوەڕۆی پێنجشەمە مەسەلەکە لە گەڵ لوجنەی ئەمنی باس بکرێ.

ئەم کابرایە پیاوێکی سەیرە لێرەدا وەها بێپەروا ئەدوێ، کەچی لە گەڕانەوەي دا بۆ ئەمەریکا لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی دا وتویەتی خەڵکی عیراق بیرەوەری تاڵیان لە گەڵ چوار سەد ساڵ ئیستیعماری عوسمانی دا هەیە، حەز ناکەن هێزی تورک بێ. ئەم قسەیە بە جۆرێ تورکی تورە کرد جگە لەوەی ناڕەزایی ڕەسمییان دەربڕی عەبدولا گول، وەزیری دەرەوەی تورکیا، بریمەری بە نەشارەزایی لە میژوی ناوچەکە دا تاوانبار کرد بو.

*

پاش نیوەڕۆ وەزیری دارایی کامیل گەیلانی هات بۆ باسی بودجەی ٢٠٠٤ کە ئەبێ ١٣ ملیار دۆلار بێ و لە داهاتی نەوت دابین بکرێ. لە گەڵ خۆی چەند شارەزایەکی وەزارەتی هێنا بو. بودجەکە پەسند کرا بەو مەرجەی دوای تەواو بونی دۆنەر کۆنفرەنس لە مەدرید مح مافی پێداچونەوە و دەسکاری هەبێ.

٩ ی ١٠ ی ٠٣ پێنجشەم:

کۆبونەوەی لوجنەی بالای ئەمنیی. جەنەرال ریکاردۆ سانچێز، فەرماندەی هێزی هاوپەیمان لە عیراق، چەند یاریدەدەرێکی لە گەڵ خۆی هێناوە. کۆبونەوەکە تایبەتە بە هاتنی هێزی تورک.

تورکیا بە تەمایە ١ فیرقەی ١٠ هەزار کەسی بنێرێ. وەکو جەنەرال سانچێز رونی کردەوە، ڕەنگە لە یەکێ لەم ٣ شوێنانە جێگیر ببن: لە دوزەوە بەرەو تکریت و فەلوجە. حەوزی روباری فورات لە سنوری سوریاوە بەرەو فەلوجە، لە سنوری ئوردونەوە لە ئەنبارەوە بەرەو فەلوجە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەمە نەخشەیەکیان هێنابو شوێنەکانی تیا دیاری کرابو. بە واتەیەکی تر ئەگەر بێن، لە کوردستان نابن، لە سێگۆشەی سوننی دا جێگیر ئەبن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێزی تورک لە هەر کوێ بێ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئەیانەوێ ئەوانیش ببن بە بەشێ لە سام و سەفیرەکەیان شان بە شانی بریمەر و ریچمۆند و گرینستۆک لە کۆبونەوەکانی مح دا بەشدار بێ و لە هەمو مەسەلەکان دا رەئی بدا.

من هەوڵم دا هەڵوێستی کورد روون بکەمەوە:

"ئێمەی کورد، لە چەند ساڵی رابوردودا پێوەندی باشمان لەگەڵ هەمو دەوڵەتانی دراوسێ هەبوە. لە ئەنقەرە، تاران، دیمەشق، ئۆفیس و نوێنەرایەتیمان هەیە. لەگەڵ بنەماڵەی مەلیکی ئوردون، ئەمیرەکانی سعودیە، ئەمیرەکانی کوەیت، باشترین پێوەندی دۆستانەمان هەیە. بەڵام پێمان باش نیە هێزی هیچ کام لە دەوڵەتانی دراوسێ بێنە ناو عیراقەوە، چونکە هەریەکەیان بەرنامە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە عیراق دا هەیە. هیچیان لە رووداوەکانی ناو عیراق دا بێلایەن نین و جگە لە کوەیت هەمویان دژی جەنگ راوەستان. بەرامبەر هەر یەکێکیان بەشێکی دانیشتوانی عیراق جۆرێ لە (حەساسیەت) یان هەیە:

"ئەگەر هێزی ئێران بێت، ئەوانە شیعەن، سوننە حەساسیەتیان هەیە بەرامبەریان.

ئەگەر هێزی سعودی بێت، ئەوانە وەهابین، شیعە حەساسیەتیان هەیە بەرامبەریان.

ئەگەر هیزی سوری بێت، ئەوانە بەعسین، ئیستا ئێمە خەریکی دەرهێنانی ریشەی بەعسین.

ئەگەر هێزی ئوردون بێت، زۆری ئەفسەرەکانیان سەر بە سەدام بون، خەڵکی عیراق بە گشتی حەساسیەتیان هەیە بەرامبەریان.

"تەنانەت ئەگەر هێزی کوەیت بەو پچوکیە بێت، خەڵکی بەغداد حەساسیەتیان هەیە بەرامبەریان، چونکە راست یان درۆ، کوەیتیەکان موتەهەمن بە تالانکردنی مەتحەف و مەکتەبە و سوتاندنی بەشێ لە وەزارەتەکان.

"تورکیایش لە مەسەلەی عیراق دا بێلایەن نیە. بەرژەوەندی و بەرنامەی تایبەتی خۆی لە عیراق دا هەیە. خۆیشیان ئەوە ناشارنەوە ئەڵێن ئەمانەوێ بچین بو عیراق بۆ ئەوەی دەنگمان هەبێ لە داڕشتنی دواڕۆژی عیراق دا. ئێمە بە قۆناغێکی زۆر ناسک دا تێ ئەپەڕین. لەم قۆناغەدا دەوڵەتی عیراق سەرلەنوێ بنیات ئەنرێتەوە. دەستور ئەنوسرێ. هەڵبژاردنی گشتیی ئەکرێ. ئەگەر تورک بێن دەس وەرئەدەنە کاروباری ناوخۆی عیراقەوە: دەس وەرئەدەنە پێوەندی نێوان تورکومان و کورد و عەرەب، دەس وەرئەدەنە نوسینی دەستور و هەڵبژاردنی گشتیی...

لەبەر ئەوە نامانەوێ نە هێزی تورکیا و نە هێزی هیچ کام لە دەوڵەتانی دراوسێ، بێنە عیراقەوە".

د رۆژ (نوێنەری بارزانی) پشتیوانی لە قسەکانی من کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

د عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری حەکیم) وتی: "هێنانی هێزی تورک بۆ عیراق مەسەلەیەکی کوردی نیە، بەڵکو مەسەلەیەکی عیراقیە. هێنانی هێزی تورک ئەبێتە سەرەتای (لبننە) ی عیراق، چونکە عیراق ئەکاتە مەیدانی ململانێی دەوڵەتانی ناوچەیی و ئەبێتە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی ناوخۆ... رەنگە ئەمە ببێتە هۆی کشانەوەی هەندێ لە ئەندامانی مح و دواتر کشانەوەی زیاتر...".

ئەندامانی عەرەبی مح لە هەمو کۆبونەوەکان دا هەڵوێستیان زۆر باش بو. وەکو مەسەلەیەکی عیراقی داکۆکییان ئەکرد.

ئەمە ئەو بیانوانە بون کە هەمو جار دوبارەمان ئەکردەوە.

لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی دا لەگەڵ فۆکس نیوز هەمان قسەم بۆ کردن.

١٢ ی ١٠ ی ٠٣ یەکشەم:

مەسعود بارزانی و عەمرۆ موسا، ئەمین عامی جامیعەی عەرەبی، لە قاهیرە کۆنفرەنسێکی رۆژنامەوانیی هاوبەشیان گرتوە. موسا پشتیوانی لە هەڵوێستی مح کردوە سەبارەت بە هاتنی هێزی تورکی و وتویەتی: "ناردنی هێز پێویستە بە موافەقەتی مح و بە پێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێ". هەروەها وتویەتی: "هەمو ئەوانەی پێوەندییان پێوە کردوە، چ ئەوانەی لە ناو مح دان یا لە دەرەوەی دان، دژی هاتنی هێزی تورکی و دەوڵەتانی دراوسێی جوگرافین". ئەمە پشتیوانییەکی گرنگە بۆ هەڵوێستی مح.

١٣ ی ١٠ ی ٠٣ دوشەم:

بەحرەلعلوم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

عەلاوی بە سەرۆکایەتی وەفدی عیراق چوە بۆ مالیزیا. د- مەحمودیش، کە ئەندامی وەفدەکەیە، لە گەڵیان رۆیشتوە.

وەزیری ناوخۆ نوری بەدران ئامادەی کۆبونەوە بو. حیکایەتەکانی ئەمڕۆش هەمویان پێوەندییان بە ئاسایشەوە هەبو. باسی ئەو گیروگرفتانەی کرد کە لە کەربەلا لە نێوان لایەنگرانی موقتەدا صەدر و سیستانی دا رویان دابو. جەماعەتی موقتەدا چەند مزگەوتێکیان داگیر کردوە. دو رۆژ لەمەوبەر لە گەڵ سام دانیشتوە. سام فەرمانی گرتنی موقتەدا و ٧ کەس لە جەماعەتەکەی دەرکردوە. بۆیان سابیت بوە ئەوان عەبدولمەجید خوئیبان کوشتوە و لاشەکەیان شێواندوە. ئاژاوە ئەنێنەوە و ئاسایش تێک ئەدەن. چاوەڕوانن موجتەهیدەکان بێنە قسە بۆ ئەوەی بیانگرن و بیاندەن بە دادگا.

هیچ کەس لە ئەندامانی مح ناوێرێ ناوی موقتەدا بێنێ. کە باسی نائارامی هەندێ شوێن ئەکرا، چەند جارێ د-مەحمود ویستی (ئیحراج) یان بکا بۆ ئەوەی بە ئاشکرا باسی بکەن، بەڵام خۆیان لێ لائەدا. پێئەچێ موقتەدا، لە ناو گەنجەکانی شیعەدا، لایەنگرێکی زۆری هەبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە جیاتی ئەوەی مح فەرمانی گرتنی بسەلمێنێ لە سەر داوای محەمەداوی وەفدێکیان دروست کرد سەردانی سیستانی و موقتەدا بکەن. د رۆژ لە وەفدەکەدایە.

*

نەجەف و کەربەلا ئارامگای چەند ئیمامی شیعەیان لێیە وەکو: عەلی، حەسەن، حسێن، عەباس... هەمو ساڵ چەند ملیۆنێ زائیری شیعە، لە ئێران و لە سەرانسەری دنیاوە، دێن بۆ زیارەتی ئەم پیرۆزگایانە.

زائیرەکان هەر یەکە بە پێی توانای خۆی زێڕ و پارە ئەهاوێژێتە ناو ئارامگای ئیمامەکانەوە. پارەیەکی زۆری تێدا کۆ ئەبێتەوە، وەکو ئەڵێن، ملیۆنەهایە. جەماعەتی موقتەدا وێستبویان دەس بە سەر ئەو پارەیەدا بگرن.

ئەم دو شارە و چەند شوێنی تری عیراق ئەتوانن ببنە مەڵبەندێکی پڕ داهاتی توریستی دینی. تا ئیستا بایەخی رەسمیی بەم لایەنە نەدراوە. ئەگەر سەرمایەگوزاری عیراقی و بێگانە لەم بوارەدا بکرێ و بە شێوەیەکی هاوچەرخ: فرۆکەخانە، هێڵی ئاسنین، شارێ، ئوتێل و دوکان و بازاڕ... رێک بخرێ، رەنگە ئەم ناوچەیەی عیراق بۆ گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتوانی، هیچ پێویستیەکی بە داهاتی نەوت نەبێ و ببێتە ناوچەیەکی گەشاوە و پێشکەوتو.

ئەشێ نەجەف، کەربەلا، حللە، دیوانیە، لە ئیقلیمێکی فیدرالی دا بە ناوی (اقلیم فرات الاوسط) یەک بخرێن، خاوەنی پارلەمانی ئیقلیمی و حکومەتی ئیقلیمی خۆی بێت.

*

بەیانیی ئەمڕۆ تاڵەبانی لە گەڵ کۆسرەت رەسول، عومەر فەتاح، عادل مووراد، گەیشتۆتە ئێران لەوێوە ئەڕۆن بۆ میصرو بەرازیل.

١٤ ی ١٠ ی ٠٣ سێشەم:

بەحرەلعلوم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

بریمەر داوای کردوە رۆژی ٢٠ ی ١٠ ئەندامە ئەسڵیەکانی مح (لە یەکێتی تەنیا تاڵەبانی ئەندامی ئەسڵیە) ئامادە بن ئەیەوێ باسی دەستوریان لەگەڵ بکا.

*

لوجنەی دەستوری کە ناوی: (اللجنه التحضیریه لاعداد الیات عقد المؤتمر الدستوری) بو لە ٣٠ ی ئەیلول دا تەقریرەکەی خۆی تەواوکردوە و داوێتی بە مح. تەقریرەکە بە شێوەی مەزبەتە ٢٢ کەس لە ئەندامانی لوجنەکە ئیمزایان کردوەو بە پێی پەراوێزێکی نوسراوی سەرۆکی لوجنە ٣ کەسەکەی تریش بە نامە تەقریرەکەیان پەسند کردوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەفەریان کردوە، فریای ئیمزاکردنی نەکەوتون.

مح ئەمڕۆ کەوتە تاووتوێ کردنی تەقریرەکە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەبەر ئەوەی د فوئاد مەعسوم ئامادەی کۆبونەوەکە نەبو. دارا نورەدین (منسق) ی نێوان لوجنەکەو مح، باسی رەوتی کارەکانی لوجنەکەی کرد. عەتا عەبدولوەهاب (نوێنەری پاچەچی) کە پیاوێکی قانونی و خۆی ئەندامی لوجنەکە بوە هەندێ رونکردنەوەی لە سەر کۆبونەوەکانی لوجنەکە و تەقریرەکە دا و وەرەقەیەکیشی ئامادە کرد بو بە ناوی (خیار) ی چوارەم کە نەخرابوە تەقریرەکەوە. پێشنیاری (الدستور الانتقالی) کردوە.

لوجنە ٣ (خیار) ی دیاری کردوە:

١. خیار الانتخابات العامة والمباشرة تحت اشراف الامم المتحدة.

٢. الانتخاب الجزئی مع الاستفتاء الشعبی العام.

٣. خیار الدستور ثنائی الاسلوب.

خیاری یەکەم، هەڵبژاردن (انتخاب) ی گشتی و راستەوخۆیە لە ژێر چاودێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا. ئەمەیان هەمان خیارە کە سیستانی داوای ئەکا.

خیاری دوەم، هەڵئاواردن (اختیار) ی ئەندامانی کۆڕی دەستوری بە پێی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکان و دوای نوسینی دەستور خستنە بەر چاوی گەل بۆ راپرسی گشتی و دەنگدان.

خیاری سێیەم، پێکهێنانی کۆڕی دەستوری لەلایەن مح هوە لە شارەزایانی سیاسی و قانونی و بیریار... دوای نوسینی خستنە بەر چاوی گەل بۆ راپرسی گشتی و دەنگدان.

لوجنەکە لە راپۆرتەکەی دا چەند ئیعتیرازێکی لە خیاری دوەم و سێیەم گرتوە، بە تەواوی هەردو (خیار) ی هەڵتەکاندوە و لەکەڵکی خستون. لە کۆتایی راپۆرتەکەش دا رای خۆی دەربڕیوە خیاری یەکەمی پەسند کردوە و راسپاردەشی بۆ مح هەڵبژاردنی ئەمەیانە.

خوێندنەوەی راپۆرتەکە دەری ئەخا، کە لوجنەکە لە سەرەتاوە کەوتونەتە ژێر کاریگەری سیستانیەوە. تەنانەت وشەگەلی رونکردنەوەی خیاری یەکەم، کە لە تەقریرەکەدا بە کار هێنراون، لە دەقی فتواکەی سیستانی و قسەکانی دیدارەکەی دەرهێنراون.

خیاری یەکەم، لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، لە گەل بەرژەوەندی کورد ناگونجێ، چونکە:

یەکەم، لە هەڵبژاردنی داهاتودا نازانرێ کێ دەرئەچێ. جولانەوە دینیە توندڕەوەکان لە زۆر شوێنی ناوەڕاست و خواروی عیراق، بە هۆی تێزۆری کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی تاقمی چەکدارەوە، بە سەر خەڵک دا زاڵ و لە جادەدا دەس رۆیشتون. هێزە دیمۆکراتیەکان لاواز و پەرت و بڵاون.

دوەم، پێکهێنانی کۆڕی دەستوری لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لە عیراق دا کوردی تێدا ئەبێتە کەمایەتیی. رەنگە کەمایەتیەکی گوێ لێنەگیراویش بێ. دەنگی زۆرایەتی بەسەر کۆڕەکە دا زاڵ ئەبێ و زۆرایەتی بە پێی ویست و قازانجی دەستور ئەنوسێ. لەبەر ئەوە کورد ناتوانێ لە کۆڕێکی وەهادا مافەکانی خۆی بسەلمێنێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆیە بۆ کورد وا باشە:

یەکەم، پێش هەڵبژاردن یان هەڵئاواردن یان دانانی ئەندامانی کۆڕی نوسینی دەستور لە سەر سەرەتا گشتییەکانی دەستورو لە سەر مافەکانی کورد بسازێن (توافق بکەن).

دوەم، ئەندامانی کۆڕی نوسینی دەستور بە دانان بێ.

سێیەم، ئینجا دەستورەکە بخرێتە بەردەم گەل بۆ ڕاپرسی و دەنگدان لە سەری.

ناوی لوجنەکە شتێکی سەیر و کاری لوجنەکەش: کات بە فیڕۆدان بوا!

*

چەند کەسێک کەوتنە لێدوان و هەڵسەنگاندنی، لەوانە عادل عەبدولمەهدی.

من وتم: "ئەگەرچی سەرۆکی لوجنەی دەستور نوێنەرەکەی یەکێتی بو، بەڵام وا دیارە نەیتوانیوە بە وردی باری سەرنجی ئێمە دەربببڕێ، بۆیە ناچارم من بیروبۆچونی خۆمانتان بۆ رونبکەمەوە:

"ئێمە پێمان وایە کە دەستور گرێبەستێکی ئارەزومەندانەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، قانونیە لە نێوان هاوواڵتیان، یان چەند تاقمێکی جیاوازدا بێئەوەی گوێ بدرێتە کەمی و زۆری لایەنەکانی گرێبەستەکە. زۆرایەتی نابێ ئیرادەی خۆی بە سەر کەمایەتی دا بسەپێنێ، بەڵکو ئەبێ ئیرادەی هەردولا بنوێنێ. گەلی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی دەیان ساڵە خەبات ئەکا بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگا. ئێمە رازی نابین جارێکی تر وەکو هاوواڵتی پلەی دوەم ڕەفتارمان لەگەڵ بکرێ و نامانەوێ جارێکی تر دەس بدەینەوە چەک و بچینەوە شاخ. لەبەر ئەوە ئەبێ بەر لەوەی بچینە هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکەوە لە سەر سەرەتا گشتیەکان ڕێک بکەوین، سەرەتا گشتیەکان بریتین لە: عیراقێکی دیمۆکراتی پارلەمانی تەعەدودی فیدرالی. ئەگەر لە پێشەوە لە سەر ئەوە ڕێک نەکەوین ئێمە لە هیچ هەڵبژاردنێکی گشتی یا جوزئی دا بەشدار نابین.

سەرەڕای ئەوەش لە ڕوی هونەریەوە حاڵی حازر هەڵبژاردنێکی گشتی پاک و ئازاد قابیلی جێبەجێکردن نیە. (إحصاء) نەکراوە، مەعلوم نییە کێ مافی دەنگدانی هەیە، ئاسایش نیە تا ئازادی پاڵێوراو و دەنگدەر و سەلامەتی سنوقی دەنگدان دابین بکرێ".

لە ڕاستی دا قسەکانی من بۆ کەمکردنەوە نەبو لە نرخی د فوئاد مەعسوم، بەڵکو بۆ ڕونکردنەوەی هەڵوێستی یەکێتی بو، کە تاڵەبانی بە نوسین بۆ د فوئادی نارد بو. بەر لە تەواوکردنی نوسینی تەقریرەکە د فوئاد نامەیەکی بۆ تاڵەبانی نوسی بو بیروڕای ئەوی پرسی بو. تاڵەبانی زۆر بە ڕونی و دیاریکراوی وەلامی دابوەوە. تەئکیدی لەسەر سەرەتای (تەوافوق) کرد بو، وێنەیەکیشی بۆ ئاگاداری دابو بە من. د فوئاد لە تەقریرەکەی دا پشتگوێی خستبو، ئەگەرچی چەند ڕۆژێ پێشتر لە گفتوگۆیەکی دوقۆڵی دا کە باسی جەوی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناو کۆبونەوەکانی بۆ کردم، پێموت: "ئەگەر ئەو رەئیە هیچ کەسێ پشتی نەگرت، تۆ وەکو رەئی یەکێتی لە تەقریرەکەدا تۆماری بکە".

دوای قسەکانی من بەحرەلعلوم کۆتایی بەم دانیشتنە هێنا و وچانێکی چەند دەقیقەیی دانێ. پێموایە مەبەستی ئەوە بو دریژە بە مشتومڕ نەدرێ و رێگە نەدا بیروڕای ناکۆک بچن بە گژ یەک دا.

*

بۆ رونکردنەوەی باشتری هەڵوێستی یەکێتی، مام جەلال لە پەیامی رۆژی ١٠ ی ٩ ی ٠٣ دا نوسیوێتی:

جوابا علی رساله الدکتور فؤاد اقترح ان یکون موقفنا کالاتی:

١. لقد تم کل شئ حتی الان وفق مبدأ التوافق ولیس التصویت بالاکثریة والاقلیة وخاصة فی القضایا الاساسیة. لذلک نقترح التوافق فی مجال کیفیة صیاغة الدستور ایضا.

٢. نقترح قبول اقتراح الدکتور عادل عبدالمهدی الذی قدمه فی صلاح الدین والقاضی بتشکیل لجنة تسأل الکرد وتتفق معهم عما یریدون؟ وتسأل الشیعة، ثم تسأل السنة، والقومیین، والدیموقراطیین ماذا یریدون؟

٣. حینئذ عندما یحصل التوافق علی أسس ومبادئ الدستور یسهل الاتفاق علی تشکیل مجلس یجمع طریقتی الاختیار والانتخاب لصیاغهة الدستور.

*

تاڵەبانی لە ئێران، دیدەنی سەرکۆمار خاتەمی، هاشمی رەفسنجانی، وەزیری دەرەوە کەمال خەڕازی، کردوە.

١٥ ی ١٠ ی ٠٣ چوارشەم:

ئەمڕۆ دەس ئەکرێ بە گۆڕینەوەی پارە. دراوی کۆنی عیراقی (چاپی بەغداد و سویسری) وەرئەگرنەوە و دراوی تازە چاپکراویان لە باتی ئەدەن. لە عیراق دا ٢٤٤ بانک دیاری کراون پارەیان بۆ ئەنێردرێ بۆ گۆڕینەوە. تا ١٥ ی ١ ی ٠٤ بەردەوام ئەبێ.

٢٠ ی ١٠ ی ٠٣ دوشەم:

من لە سلێمانی بوم. محەمەد تۆفیق دوای نیوەشەوی ١٩ ی ١٠ بروسکەیەکی بۆ کردم، ئەڵێ سبەینێ پاش نیوەڕۆ کۆبونەوەیەکی گرنگ هەیە لە گەڵ بریمەر لەبەر ئەوەی تاڵەبانی لێرە نیە داوایان کردوە تۆ بەشدار بیت. بە ڕێ کەوتم بەرەو بەغداد. کۆبونەوەکە لە نێوان هر (هیئە رئاسیە) و سام (سلطه الاتلاف مؤقته) دایە.

بریمەر بە تەمای سەفەرە بۆ ئەمەریکا و بۆ مەدرید بۆ بەشداری لە دۆنەر کۆنفرەنس دا، لەبەر ئەوە بەر لەوەی بڕوا ئەیویست هەندێ بیروبۆچونی خۆی باس بکا و گوێی لە بیروبۆچونەکانی ئێمە بێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆبونەوەکە بە تایبەتی دەربارەی بڕیاری ١٥١١ ی ٢٠٠٣ ی ئەنجومەنی ئاسایش بو، کە:

- داوای لە مح (مجلس الحم) کردوە زەمانبەندی (جدول زمنی) دابنێ و جۆری نوسینی دەستوری دائیمی دیاری بکاو....

- داوای لە سام کردوە ڕێوشوێنی گوێزانەوەی شێنەیی دەسەڵات بۆ مح دابنێ.

بریمەر لە قسەکانی دا ٣ مەسەلەی باس کرد: نوسینی دەستور، گوێزانەوەی هەندێ لە دەسەڵاتەکانی سام بۆ مح، جۆری کاری هر. گوێی لە بیروبۆچونەکانی ئێمە گرت. ئەوەندەی پێوەندی بە ئێمەوە هەبو هەوڵیستی یەکێتیم لە هەڵبژاردنی گشتی و نوسینی دەستور و تەوافوق روون کردەوە. دەعوە و مەجلیس داوای هەڵبژاردنی گشتییان کرد.

بریمەر لە هر دوا، وتی: "بەوجۆرە کار ناڕوات. یان ئەبێ هەمیشە لە نیوە زیاتری ئەندامەکانی هر دەوام بکەن، یان ئەبێ ئەو شێوەیە بگۆڕن، لە باتی هر یەک سەرۆک و دو یاریدەدەر هەڵبژێرن، کە هەمیشە دەوام بکەن".

قسەکانی ڕاستن بە زۆری ئەندامەکانی هر لە سەفەرن.

٢١ ی ١٠ ی ٠٣ سێشەم:

بەحرەلعلوم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کردوە.

وەزیری ناوخۆ نوری بەدران، هات بو باسی گیروگرفتەکانی وەزارەتی ناوخۆ. باسی مەشقی پۆلیسی عیراقی کرد لە ئوردون، وتی:

"مەشقگاکە لە شوێنێکی چەپەک دایە دابڕاوە لە خەڵکی ئوردون.

"پرۆگرامی مەشق سام (ئەمەریکا، بریتانیا، ئیسپانیا و بەلچیکا) دایان ناوە، ئوردون هیچ دەورێکی لەوەدا نیە.

"هەزار ڕاهێنەر لە پسپۆڕی بێگانە، گوایا ئوردونییان تیا نیە، مەشق بە پۆلیسەکان ئەکەن.

"زۆری ئەو بودجەیەی تەرخان کراوە بۆ ئەم پروگرامە ئەبێ بە موچەی ڕاهێنەرەکان.

"سام بڕیاری داوە مەشق بە ٣٠ هەزار پۆلیسی عیراقی بکا لە ئوردون، بۆ ئەوە ١٣٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە."

جارێک لە بریمەریان پرسی: "لە باتی ئوردون بۆچی لە عیراق مەشقیان پێناکەن؟".

وتی: "بە پێی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕەکانی ئێمە ئەگەر لە عیراق دا مەشقیان پێ بکەن ٧ ساڵی پێ ئەچێ!".

ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی مح، لەوانە سەرۆکی نۆرەیی مح عەلاوی و وەزیرەکان چون بۆ مەدرید بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی دۆنەر کۆنفرەنس دا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تاڵەبانی لە قاهیرە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە گەڵ عەمرۆ موسا، ئەمینی عامی جامیعەی عەرەبی، کۆبۆتەوە. داوای لێ کردوە وەفدێک بنێرێ بۆ عیراق بۆ لێکۆڵینەوەی راستیەکان. موسا بەڵێنی ناردنی داوە. ئێوارەکەشی لە گەڵ ئەحمەد ماهیر، وەزیری دەرەوەی میسر، کۆبۆتەوە.

*

٢٢ ی ١٠ ی ٠٣ چوار شەم:

حەکیم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

د- موحسین باسی گەشتەکەیانی کرد بۆ مالیزیا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی پۆپەی ئیسلامی ١١ – ١٨ ی مانگ، وتی: "دیدەنی چەندین مەلیک و سەرۆکیان کردوە، لەوانە: مەلیکی ئوردون عەبدوڵا، ئەمیر عەبدوڵا وەلیعەهدی سعودی، سەرۆکی سوری بەشار ئەسەد، سەرۆکی ئێرانی خاتەمی، سەرۆکی پاکستانی پەرویز موشەرەف، ئەمیری قەتەر شێخ حەمەد ئال سانی، سەرۆکی فیلیپین خانم...، سەرۆکی بەنگلادێش خانم..."

حەکیم باسی گەشتەکەی خۆی کرد، وتی: "لە ئێران رەهبەری ئینقیلاب خامنەئی، سەرۆک خاتەمی، هاشمی رەفسنجانی و لە سوریا سەرۆک بەشار ئەسەد و جێگری سەرۆک خەدام و لە کوەیت، ئەمیری کوەیت، سەرۆکی وەزیران و جێگری سەرۆکی مەجلیسی ئومەی دیوە".

*

کێشەیەک لە نێوان وەزیری تەعلیمی عالی و سەرۆکی جامیعەی بەغداد روی دابو، شیعەکان وایان لە قەڵەم دا کە وەزیر سونەیە بۆیە سەرۆکی جامیعەی گۆڕیوە. لێکۆڵینەوە دەریخست ئەو قسەیە راست نەبوە. ئەیانوت سەرۆکی جامیعەی بەغداد لە لایەن مامۆستاکانی جامیعەوە هەڵبژێردراوە. ئەوە راستە، بەڵام وەکو د- موحسین وتی کە خۆی مامۆستای جامیعەیە، هەیئەی تەدریسی جامیعەی بەغداد نزیکەی ١٢٠٠ مامۆستایە، لەو ژمارەیە رۆژی هەڵبژاردن ٢١٥ کەس ئامادە بون و لەوەش تەنها ١١٥ کەس دەنگیان داوەتێ.

لە هیچ جێیەکی دنیا سەرۆکی جامیعە بە هەڵبژاردن دانانرێ، بەڵکو کۆمەڵێ پێوانە هەن پێڕەو ئەکرێن، لەوانە: لیوەشاوەیی لە کاروباری بەرێوەبردن دا، شارەزایی لە زانستگاکەدا، پلەی زانستیی، ناوونابانگی...

پلەی سەرۆکی جامیعە (درجە خاصە) یە ئەبێ مح دایبنێ.

*

ئەمڕۆ لە (شرم الشیخ) تاڵەبانی لە گەڵ حوسنی موبارەک، سەرکۆماری میسر، کۆبۆتەوە.

٢٣ ی ١٠ ی ٠٣ پێنجشەم:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمڕۆ کۆبونەوەی دۆنەر کۆنفرەنس (مؤتمر الدول المانحه) لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق دەس پێ ئەکا. وەفدێکی گەورەی عیراق، کە لە ١٠٠ کەس زیاترە، بۆ بەشداری لەم کۆنفرەنسە دا چون بۆ مەدرید. لە ئەندامانی مح، عەلاوی سەرۆکی ئیستای مح، روبەیعی، صومەیدەعی... رۆیشتون.

وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا: کۆلن پاول، هی ئیسپانیا: خاتو ئانا پالاسیۆ، هی ژاپۆن: ... بەشدار بون.

فەرەنسە، ئەلمانیا، روسیا... بەشداریەکی چالاک و دیاریان نیە و بە تەما نین بە چەردەی دارایی گەورە بەشدار بن.

وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا، خاتو ئانا پالاسیۆ، چەند جارێ سەردانی عیراقی کردوە. لە گەڵ ئەندامانی مح دانیشتوە. لە گەڵ ئەندامانی لوجنەی دۆزینەوەی رێگای نوسینی دەستور کۆبونەوەیەکی کرد بو، گەڵێ بیروڕای بە سود و پێشنیاری بە کەڵکی لە بارەی نوسینی دەستورەوە بۆ باس کردبون. خۆی یەکێکە لەوانەی دانراون بۆ نوسینی دەستوری یەکێتی ئەوروپا.

٢٤ ی ١٠ ی ٠٣ هەینی:

بەشدارانی دۆنەر کۆنفرەنس بەڵێنیان داوە ٣٣ ملیار دۆلار، بەخشین و قەرز، بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق پەیدا بکەن. لەوە ١٨ ملیاری هی ئەمەریکایە. ئەم چەردەیە زۆرترە لەوەی چاوەڕێ ئەکرا. جگە لە ئەمەریکا ئەوانەی بەڵێنی هاوبەشییان داوە:

٣٠٠٠ تا ٥٠٠٠ ملیۆن $ بانکی جیهانی

٢٥٠٠ تا ٤٢٥٠ ملیۆن $ سندوقی نەقدی دەولی

٥٠٠٠ ملیۆن $ ژاپۆن، لە ماوەی ٤ ساڵ دا لە ٠٤ هوە دەس پێ ئەکا. بەڵام ٤١٠٠ ملیۆن $ قەرزی لە سەر عیراق هەیە.

١٠٠٠ ملیۆن $ سعودیە

١٠٠٠ ملیۆن $ کوەیت

٨٣٥ ملیۆن $ بریتانیا، لە ماوەی ٣ ساڵدا.

٣٠٠ ملیۆن $ ئیسپانیا

٢٣١ ملیۆن $ یەکێتیی ئەوروپا

٢٠٠ ملیۆن $ کۆریای خوارو

١٧٤ ملیۆن $ ئیتالیا

١٥٠ ملیۆن $ کەنەدا

٢١٥ ملیۆن $ ئەمارات

٣٢ ملیۆن $ سوید

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥ ملیۆن $ بەلچیکا

٣٠٠ ملیۆن $ ئێران (قەرز)، هەروەها کارئاسانی لە میناکانی دا بۆ فرۆشتنی نەوتی عیراق و هاوردە و ناردە.

ئەمانە تا چەند پابەندی گفتەکانی خۆیان ئەبن؟ ئەوە لە دوارۆژدا رون ئەبێتەوە. کۆنفرەنسێکی لەو بابەتە بۆ ئەفغانستان بەسترا، بەڵام شتێکی ئەوتۆی لێ سەوز نەبو، چونکە هەندێ لەو دەوڵەتانەی بەڵێنیان دابو لە ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان دا بەشداری بکەن، بەڵێنەکانیان بەجێ نەهێنا.

کۆنفرەنس ئەمڕۆ تەواو بو.

٢٦ ی ١٠ ی ٠٣ یەکشەم:

بەیانی ئەمڕۆ ئوتێلی رەشید لە (منتزه الزوراء) هوە دراوەتە بەر ڕۆکێت. هەندێ ئەڵێن ٨ ڕۆکێت و هەندێکی تر باسی زیاتر ئەکەن کە نراوە بە ئوتێلەکەوە. ئامانجی هێرشەکە وەلفەفیتز، جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا بوە، کە لە نهۆمی ١٢ ی ئوتێلەکە دابەزیوە، ئەوی نەپێکاوە. ئەمەریکیەک کوژراوە و ١٥ عیراقی بریندار بون. وەلفەویتز کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانیی بەست، بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە هیچی لێ نەهاتوە و ئەمەریکاش سورە لە سەر درێژەپێدانی سیاسەتی خۆی لە عیراق دا. هەمان ڕۆژ گەڕایەوە ئەمەریکا.

ئیلنور چەفیک، سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئینگلیزی زمانی تورکیا (TDN) و جەنگیز جاندار ڕۆژنامەوانی ناسراوی تورکیا، دو ڕۆژە هاتون بۆ بەغداد ئەیانەوێ گفتوگۆ لە گەڵ ئێمەو لە گەڵ هەندێ لە ئەندامانی مەجلیسی حوکم بکەن بزانن بۆچی دژی هاتنی سپای تورکین بۆ عیراق. میوانی ئێمەن. ئەوان و د مەحمود و من بە درێژی گفتوگۆمان کردو باری سەرنجی خۆمان بۆ رون کردنەوە. بە قسەی خۆیان ئەردۆغان بۆ ئەم ئەرکە رایسپاردون و ئەنجامی سەفەرەکەیان بۆ ئەو ئەگێڕنەوە.

٢٧ ی ١٠ ی ٠٣ دوشەم:

د- موحسین بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

یۆنادم کەنا کێشەیەکی دینی – کۆمەڵایەتی هێنایە بەر باس. هەندێ مەسیحی (ژن و پیاو) موسوڵمان بون، دایک یا باوک بوبێ بە ئیسلام منالەکان لە (قید الهویه وسجل الاحوال المدنیه) بە موسوڵمان ئەنوسرێن، کە گەورەش بون ناتوانن دینی خۆیان بگۆڕن. یۆنادم بۆ ڕونکردنەوەی ئەو کێشەیە پارێزەرێکی مەسیحی جەمیل دنوی هێنا بو.

جەمیل دنو کێشەکەی باس کرد، کە زۆر لەوانە لە بەر باوەڕهێنان نەبوە کە بون بە موسوڵمان بەڵکو لە بەر هۆی جۆراوجۆر بوە لەوانە کێشەی تەلاق. خێزانی کاسۆلیک بۆیان نییە تەلاق وەربگرن، بۆ ئەوەی لە یەکتری جیا ببنەوە یەکێکیان ئەبێ بە ئیسلام. جیا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەبنەوە بەڵام منالّە پچوکەکانیان بە موسوڵمان ئەنوسرێن و کە گەورە بون بۆیان نیە دینی خۆیان لە سجلی ئەحوالی مەدەنی دا بگۆڕن.

لە ئیسلامدا، موسوڵمان بۆی نییە دینی خۆی بگۆڕێ، هەر کەس دینی خۆی بگۆڕێ بە پێی شەریعەتی ئیسلام بە (مورتەد) حسابە، حسابی موردەیش کوشتنە. بەڵام کەسانی سەر بە دینی تر ئەتوانن موسوڵمان ببن.

ئەم کێشەیە مەسەلەیەکی فیقهیی ئاڵۆزو دژوارە بە مح چارەسەر ناکرێ لە بەر ئەوە لێکۆڵینەوە و بڕیارلێدانی هەڵگیرا بۆ کاتێکی تر.

*

نامەی وەزارەتی دەرەوە دەربارەی پڕۆگرامی نەوت بە خۆراک کە بەو نزیکانە تەواو ئەبێ. لە ١٩٩٦ ەوە تا تشرینی دوەمی ئەمساڵ پڕۆگرامەکانی (ن ی) ٤٧ ملیاری خەرج کردوە لەوە یەک ملیارو دوسەد ملیۆن بۆ کارکەرانی خۆی بوە. چەند کەس لەوە دوان کە پێویستە حسابەکانیان بزانرێ و تەوسیق بکرێ و بە خۆڕایی بەرائەتی زیمەتیان نەدرێتێ. من باسی تەجروبەی کوردستان و وەکالەتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانم بۆ کردن لە سالانی رابوردوداو باسی بیرۆکراتی نابەجێ و خاووخلیچکی بە ئەنقەست و فەسادی ئیداری و مالی و ئەخلاقیی داوودەزگاو کارکەرەکانیم بۆ کردن و لە هەڵبژاردنی نێوان رژیمی سەدام و ئەوان دا بە (أهون الشرین) ناوم بردن.

چەلەبی کورتەیەکی دەربارەی سەفەرەکەیان بۆ کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان باس کرد. وتارەکەی چەلەبی لە بەردەم کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی دا وتارێکی سیاسیی نایابە، زۆر باسی گرنگی تێدایە، کە ئەشێ بکرێنە سەرەتا بۆ دەستوری داهاتوی عیراق.

*

مانگی رەمەزانی ١٤٢٤ کۆچی دەستی پێکردوە. بارەگای مح بەرۆژوە. نەک خواردن بەڵکو ئاوی خواردنەوەشی لێ نییە. رۆژوەوانییان بە سەر ناموسوڵمانەکانیش دا سەپاندوە. ئەو دیپلۆمات و میوانە ناموسوڵمانانەی دێن بۆ سەردانی مح ئاو بەوانیش نادرێ. ئەگەر ئەم عەقڵیەتە کاروباری عیراق بە تەواوی بگرێتە دەس ئەبێ چی بە سەر بهێنێ؟

٢٨ ی ١٠ ی ٠٢ سێشەم:

حەکیم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

سێبەری روداوەکانی دوێنێ: ٤ تەقینەوە، کوژرانی ٣١ کەس و بریندار بونی زیاتر لە ١٠٠ کەس، زاڵ بو بە سەر کۆبونەوەکانی ئەمڕۆدا. زۆری بە باسی بێهودەی ئاسایشەوە کوژرا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێش ئەوەی هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عیراق دەس پێ بکا، سەدام هەمو رۆژێ کۆبونەوەی بە دەیان و بگرە بە سەدان ئەفسەری یەکە جیاوازەکانی جەیشی عیراقی ئەکرد و بە تەلەفزیۆن پیشانیان ئەدا. زۆری ئەم ئەفسەرانە مونافیق و دوڕو و دو زمان بون. بە درۆوە لە رو ستایشیان ئەکرد و شیعریان بە سەردا هەڵئەدا و لە دڵیشیان دا جنێویان پێ ئەدا و دوعای شەڕیان لێ ئەکرد. ڕێزی ئەستێرە و تاجی سەرشان و نیشانەکانی سەر سنگی خۆیان نەئەگرت، وەکو (موهەڕیج) لە بەردەمی دا سەمایان ئەکرد و بە کۆمەڵ بە دەنگی بەرز: " بالروح بالدم، نفديک يا صدام" يان بۆ ئەوت. دەربارەی وردەی هێزە چەکدارەکانی عیراق و توانای شەڕ و بەرگرییان درۆی زل و دەربارەی ئامادەیی خۆیان بۆ شکاندنی ئەمەریکا فشەی شاخداریان بۆ ئەکرد. سەدام خۆیشی کەیفی بەم دیمەنانە ئەهات. ئەم ڕواڵەتە ناڕاستە وای کردبو ئەوەی ئاگاداری دیوی ناوەوەی ژیانی جەیشی عیراقی و هێزە چەکدارەکانی نەبوایە، لەوانە بو هەڵبخەڵتێ و هەزار حسابیان بۆ بکا. هەر بۆیە زۆری ئەو (محلل) ە سیاسی و عەسکەری و ستراتیجییانەی کاریان بۆ قەناتە عەرەبیەکان ئەکرد، بۆچونی ناڕاستیان لە لا دروست بوبو، لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکانیان دا بە هەڵەدا چون و خەڵکیشیان بە هەڵەدا برد.

لێرەدا جێی خۆیەتی دو نوقتە باس بکەم کە دو بۆچونی یەکێتی بو دەربارەی ڕەوتی ڕوداوەکان و چەند جارێ بۆ ئەمەریکاییەکان باس کران، بەڵام کاربەدەستانی ئەمەریکی هیچیانی بە هەند وەرنەگرت و کەڵکی لە هیچیان نەبینی:

یەکەم، یەکێتی پێی وابو حکومەتی عیراق و داوودەزگا جەنگی و سیاسی و حکومەتی و حیزبیەکانی... لە ماوەیەکی کورت دا هەرەس ئەهێنن و هێزە چەکدارەکانی عیراق بڵاوەی لێ ئەکەن. بۆشایی دەسەڵات دروست ئەبێ و ئەگەر لە پیشەوە ڕێوشوێنی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دانەنرێ، وڵات لە ئاژاوە و پشێوی و فەرهودا نقوم ئەبێ. بناغەی ئەم هەڵسەنگاندنە لە سەر ئەو زانیارییانە بنیات نرا بو کە لە ناو ریزەکانی جەیشی عیراقیەوە هاتبون. چەندین جار ئەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەتی بۆ ئەمەریکاییەکان، تەنانەت بۆ ڕۆژنامەوانەکانیش باس کرابو. بەڵام زۆریان پێیان وابو ئەوە موبالەغەو ژێرهەلسەنگاندنی هێزەکانی عیراقە. بۆیە ڕوخانی خێرای ڕیژیم و هێزە چەکدارەکانی و کەوتنی کتوپڕ و بێ بەرگری شاری بەغداد شتێکی چاوەڕێ نەکراو بو بۆ ئەوان و هیچ پلانێکیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە دانەنابو.

دوەم، یەکێتی پێی وابو جەیشی نیزامی عیراق نزیکەی ٤٠٠ هەزار کەسە، حەرەسی جمهوری و حەرەسی جمهوری خاص لە ٢٠٠ هەزار کەس زیاترن. فەرمانبەران و ئەفسەرانی ئەمن و موخابەرات و ئیستیخبارات پتر لە ٢٠٠ هەزار کەسن، ئەوانە جگە لە هێزەکانی حیمایە و فیدائی صەدام و جەیشی قودس و.... لە گەڵ ڕوخانی ڕژێم دا هەمو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڵاوەی لێ ئەکەن. بێکار و بێ موچە و نائومێد ئەبن. بەڵام ئەمانە، بەشداری ٣ شەڕی سەختیان کردوە، شەڕی ناوخۆ دژی کورد و شیعە و دوژمنانی ریژیم، شەڕی دەوڵەتانی بێگانە دژی ئێران و کوەیت و ئەمەریکا. هەمویان مەشقی جەنگییان دیوە. شارەزای تاکتیکەکانی جەنگ بون. لە کوشتن و برین و راوورووت و تاڵان ناپونگێنەوە. چەکیان هەیە ئەزانن و ئەتوانن بە کاری بهێنن. ئەتوانن باندی چەکدار پێک بهێنن و گیروگرفتی گەورە دروست بکەن. لەبەر ئەوە ئەبێ: یەکەم، بژار بکرێن، چاک و خراپیان لە یەک جیا بکرێتەوە. تاوانبارەکانیان بگیرێن و بدرێنە دادگا. دوەم، دەسبەجێ دەس بکرێ بە ئاوەدانکردنەوەی عیراق. هەڵی کار بخولقێنرێ و ئیشی زۆر و بە کرێی باش پەیدا بکرێ، بۆ ئەوەی زۆری ئەمانە کار و گوزەرانیان بۆ دابین بکرێ و تێکەڵاوی ژیانی ئاسایی کۆمەڵی شارستانی ببنەوە.

هەردو مەسەلە بۆ کاربەدەستانی دیپلۆماسی و جەنگی ئەمەریکی، بە تایبەتی بۆ سەفیر راین کرۆکەر و بۆ نێردراوی تایبەتی سەرۆک بوش زالمای خەلیلزاد و جای گارنەر و هاوسەفەرەکانیان، چەند جارێ باس کرابو، بەر لە شەڕ لە قەڵاچوالان و سلێمانی و لە سەلاحەدین، دوای شەڕیش لە بەغداد.

*

دو جۆری جیاواز لە تاکتیکی تێرۆریستەکان دا بە دی ئەکرێ:

یەکێکیان، هێرش بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبیلی بۆمبادار، بۆ سەر بارەگای سەفارەتەکانی ئوردون و تورکیا و بارەگای رێکخراوە ناودەوڵەتیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و خاچی سور و سەربازگەی هێزی ئیتالی و بنکەکانی پۆلیسی عیراقی.

ئەوی تریان، پەلاماردانی هێزی ئەمەریکی و هاوپەیمانەکان بە دانانی بۆسە، چاندنی مین، هاویشتنی گوللە هاوەن...

پێم وایە هی یەکەمیان کاری تۆڕی قاعیدە و لایەنگرەکانێتی و دوەمیان هی جەیش و ئیستیخباراتی عەسکەری و موخابەراتی عیراقە. لە هەمو حاڵەتێک دا، چالاکیەکان دەری ئەخەن کە ئەوانەی پلانی کارەکان دائەنێن و ئەوانەی جێبەجێیان ئەکەن، ئاگادارییەکی زۆریان لە زانیاری ورد و راست و شارەزاییەکی پیشەییان لە تەکنیکی ساپۆتاج و تاکتیکەکانی جەنگ دا هەیە. ئەمەریکیەکان خۆیان دوی ئەم رووداوانە ئەکەون و لێکۆڵینەوە لە گەڵ گومانلێکراوەکان ئەکەن، لەبەر ئەوە زانیارییەکان هەرچیەک بن لای ئەوان کۆبونەتەوە، داوودەزگاکانی عیراق ئاگادارییەکی ئەوتۆیان نیە و توانای بەرهەڵستی ئەو کارانەشیان نیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٩ ی ١٠ ی ٠٣ چوار شەم:

موقع ایلاف، ئینتەرنێت لە بابەتەکانی ئەمڕۆیدا نوسیوێتی:

تۆڕی تەلەفزیۆنی فۆکس نیوز و ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بە نوسین چەند پرسیارێکیان لە سیستانی کردوە مەکتەبەکەی لە نەجەف وەڵامەکانیان بۆ نوسیونەتەوە. لە یەکێکیان دا ئەڵێ:

"وعن رأیه بالفیدرالیة التی یطالب بها اکراد العراق اوضح ان ذلک سیقرره الشعب العراقی فی المؤتمر الدستوری المنتخب".

٣١ ی ١٠ ی ٠٣ هەینی:

سەرکۆماری تورکیا، ئەحمەد نەجدەت سیزەر، رایگەیاند کە فایلی ناردنی هێزی تورک بۆ عیراق داخرا. سیزەر هەر لە سەرەتاوە ناردنی هێزی پێ باش نەبو.

.....

تشرینی دوەمی ٢٠٠٣

تالەبانی سەرۆکی نۆرەیی نەم مانگە ئەبێ.

١ ی ١١ ی ٠٣ شەمە:

ئەمڕۆ تالەبانی دوای گەشتەکەی بۆ ئێران، میسر، کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لە بەرازیل، کوەیت، گەیشتەوە فڕۆکەخانەی ناوەوڵەتیی بەغداد.

تالەبانی، پۆڵ بریمەری بۆ شیو دەعوەت کردبو. من و محەمەد تۆفیق ئامادە بوین و دواتریش د فوئاد مەعسوم هات. تالەبانی بەرنامەی خۆی بۆ ئەو مانگەی کە سەرۆکایەتی مح ئەکا بۆ بریمەر باس کرد. بریمەر بەڵێنی دایە کە هاوکاری تەواوی بکا بۆ ئەوەی لە کارەکانی دا سەرکەوتو بێ.

ئیزنم لە تالەبانی خواست ماوەیەک بۆ پشودان بگەڕێمەوە سلێمانی.

٢ ی ١١ ی ٠٣ دوشەم:

گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

ئەو چەند ڕۆژە من لە کۆبونەوەکان دا بەشدار نەبوم. بۆیە ئاگاداری و تێبینیەکانم هی دەستی دوەمن.

٨ ی ١١ ی ٠٣ شەمە:

ئارمیتاج، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ولیام بێرنز، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هاتن بۆ عیراق و لە مح کۆبونەوە.

بریمەر، بەبۆنەی ڕەمەزانەوە بۆ بەربانگ لە یانەی کۆمەلایەتی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و پیاوماقوڵانی سلێمانی، هاتوتە سلێمانی. دەعوەتەکە کۆلۆنێل ناب بەرپرسی سام لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەروی عیراق ڕێکی خستوە. ناب، شەوی پێشو میوانی من بو، منیشی دەعوەت کردبو، بەڵام من نەچوم.

١٢ ی ١١ ی ٠٣ چوارشەم:

ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبدار هەڵی کوتایە سەر بنکەی هێزەکانی ئیتالیا لە ناسریە. ١٩ ئیتالی و چەند عیراقیەک کوژراون. ئەمە جەزرەبەیەکی کوشندەیە لە هێزی تێکەڵاوی ناودەوڵەتی. ئیستا هێزی چەندین دەوڵەتی دنیا بە سەرکردایەتی ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئاسایش لە عیراق دا جێگیربون.

هێزی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە عیراق دا

بە پێی ئاگاداری ئەسۆشێتد پرێس، لە عیراق دا زیاتر لە ٣٠ دەوڵەت هاوکاری هێزەکانی ئەمەریکا ئەکەن. بەڵام تا ئیستاش گەورەترین هێز لە عیراق دا هەر هێزی ئەمەریکا خۆیەتی، نزیکەی ١٣٠ هەزار سەربازە. دوای ئەو هێزی بریتانیە کە ٧٤٠٠ سەربازە. دوای ئەوان: ٣٠٠٠ سەربازی ئیتالی، ٢٤٠٠ ی پۆڵەندی، ١٦٤٠ ی ئۆکرانی، ١٣٠٠ ی ئیسپانی، ١١٠٦ ی هۆڵەندیە.

جگە لەمان هێزی چەندین دەوڵەتی تری لێیە. بەشداریی هەندێ لەم هێزانە ڕەمزیە بۆ پشتیوانی سیاسی و قانونیی حکومەتی ئەمەریکی و پشتیوانی مەعنەویی هێزەکانێتی، لەوانە: ٢٧ سەربازی کازاخستان، ٢٨ سەربازی مەکەدۆنیا، ٥٥ سەربازی ئیستۆنیا، ٦١ سەربازی نیوزیلەندا، ٦٩ سەربازی جۆرجیا، ٧١ سەربازی ئەلبانیا، ٨٢ سەربازی سلۆڤاکیا، ٩٠ سەربازی لیتوانیا، ١٠٦ سەربازی لاتیفیا، ١٢٠ سەربازی نیکاراگوا، ١٢٠ سەربازی پورتوغال، ١٥٠ سەربازی ئازەربایجان، ١٥٦ سەربازی نەرویج، ١٧٧ سەربازی فلیپین، ٢٩٦ سەربازی چیک، ٣٠٠ سەربازی دۆمینیکان، ٣٠٠ سەربازی هەنگاریا، ٣٦٠ سەربازی سیلڤادۆر، ٣٦٠ سەربازی هندۆراس، ٤٠٠ سەربازی تایلەند، ٤٠٦ سەربازی دانیمارک، ٤٨٥ سەربازی بولغاریا، ٦٧٥ سەربازی کۆریای خوارو، ٨٠٠ سەربازی ڕۆمانیا. ئەمانە هەمویان سەرباز و ئەفسەری جەنگیی نین، هەندێکیان ئەندازیار و هەندێکیان شارەزای هەڵگرتنەوەی مین و کاری مرۆڤپەروەرین...

١٣ ی ١١ ی ٠٣ پێنجشەم:

تاڵەبانی لە گەڵ وەفدێکی وەزاری سەردانی کەریەلا و حلەی کرد.

١٥ ی ١١ ی ٠٣ شەمە:

ڕۆژی ١٥ ی ١١ ی ٠٣ لە کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانی دا تاڵەبانی بەیانێکی بە ناوی مەجلیسی حوکمەوە خوێندەوە کە جەدوەلێکی زەمانی دیاریکراوی بۆ چەند مەسەلەیەکی چارەنوسسازی عیراق و کوردستانی عیراق ڕاگەیاند:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تا کۆتایی مانگی ٢ (شوبات) ی ٢٠٠٤ قانون اداره الدوله العراقیه فی الفتره الانتقالیه بنوسرێ.

تا کۆتایی مانگی ٥ (ئایار) ی ٢٠٠٤ هەڵبژاردنی مەجلیسێکی ئینتیقالی ئەنجام بدرێ.

تا کۆتایی مانگی ٦ (حوزەیران) ی ٢٠٠٤ حکومەتێکی ئینتیقالی لە لایەن مەجلیسی ئینتیقالییەوە دابنرێ، ئەوسا سام (سلطه الائتلاف المؤقته) و مح (مجلس الحکم) هەردو کاریان تەواو ئەبێ و هەڵئەوەشێنرێنەوە، سەروەری ئەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی عیراق.

تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی گشتی بۆ دانانی پارلەمان و حکومەت و نوسینی دەستور بکرێ.

لە هەمان راگەیاندنی رۆژنامەوانی دا چەند سەرەتایەکی بنەڕەتی دیاری کراون کە ئەبێ قانونەکەیان لە سەر دابڕێژرێ. ئەم قانونە ئەبێ مەجلیسی حوکم بینوسێ و تا نوسینی دەستوری دائیمی کاری پێ ئەکرێ.

ئەم راگەیاندنە پوختەی ئەو ریکەوتنەیە کە:

لە لایەن (مح) ەوە جەلال تاڵەبانی و لە لایەن (سام) ەوە سەفیر پۆل بریمەر و دەیڤید ریچمۆند ئیمزایان کردوە.

لە راگەیاندنەکەدا لەبەردەمی کامێرای تەلەفزیۆندا: د عەدنان پاچەچی، د ئەحمەد چەلەبی، عەبدولکەریم محەمەداوی، سەلاحەدین بەهادین، قازی وائیل عەبدوللەتیف و د رۆژ شاوەیس (نوێنەری بارزانی)، ئامادە بون.

ئەگەرچی لەو بەیانە رۆژنامەوانیەدا کە تاڵەبانی خوێندیەوە باسی فیدرالی و باسی مانەوەی بارودۆخی هەبوی کوردستان کراوە، بەڵام لە ریککەوتنە ئیمزاکراوەکەدا نەنوسراوە. ئەمە بە دەلاقەیەکی قانونی گەورە و بە پشتگوێ خستنی خواستەکانی کورد، دائەنرێ.

*

لە بارەی ئەم ریککەوتنەوە

هەمو جار کە بریمەر پلانەکەی خۆی بۆ گێرانەوەی سەروەری بۆ عیراق باس ئەکرد ئەیکردە چەند قۆناغێ:

نوسینی دەستوری دائیم.

ئیستیفتای گشتی لە سەر دەستور.

هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و

پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی دانپیانراوی ناودەوڵەتی.

ئینجا گێرانەوەی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ عیراق.

بۆ هیچ کام لەو قۆناغانە زەمانبەندی (جدول زمنی) دانەنا بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

ئەم ڕێککەوتنە گۆڕینێکی بنەڕەتیە لە پلانەکەی دا:
هەڵبژاردنی جوزئی بۆ مەجلسیکی ئینتیقالی، بۆ دانانی حکومەتێکی ئینتیقالی
هەڵوەشانەوەی سام و مح.
گەڕانەوەی سەروەری عیراق.
ئینجا ئامادەکردنی زەمینەی هەڵبژاردنی گشتی و
نوسینی دەستوری دائیم
لەمەیان دا بۆ هەمو قۆناغێ زەمانبەندی (جدول زمنی) دیار دیاری کراوە.

*

پلانی یەکەم بەند بو لە سەر هەڵبژاردنی گشتی ئینجا سەروەری، ئەمیان بەندە لەسەر سەروەری ئینجا هەڵبژاردنی گشتی. بۆچی ئەو گۆڕینە رویدا؟

سەرەڕای گوشاری دەرەکی: فەرەنسی، ئەلمانی، روسی، چینی... و، ئامادە نەبونی زۆر لە دەوڵەتانی دنیا بۆ سەودای سیاسی، ئابوری، بازرگانی، دارایی... لە گەڵ مح، بە هۆی نەبونی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و نادیاریی دۆخی قانونی ئەم دەزگایە...و،

گوشاری ناوەکی: ئەوەی ئێمە پێی ئەڵێین تێرۆر و تاوانکاری و هەندێکی تر پێی ئەڵێن "مقاومەت".

هێزەکانی ئەمەریکا هەمو رۆژێ پەلامار ئەدرێن و هەمو رۆژێ لێیان ئەکوژرێ. لە هیچ شوێنێک دا ناتوانن بە ئاسودەیی ئارام بگرن، تەنانەت لە بەغداد ناوچەی کۆشکەکانی جمهوری، کە بارەگاکانی خۆیانی تێدایە بە دیواری کۆنکرێتی بەرز دەوریان گرتوە، ناویان ناوە: ناوچەی سەوز (Green Zone) و باقی شاری بەغدادیان ناو ناوە ناوچەی دوژمن (Enemy Zone). ناوچەی سەوزیش ئەمین نیە جاروبار ئەکەوێتە بەر پەلاماری هاوەن. هەتا ئیستا هیچ کاربەدەستێکی ئەمەریکایی نەیوێراوە پیاسەیەک بە شەقامەکانی بەغدادا بکا و بە ئازادیی و بە بێ هێزی پارێزگاری سەردانی مااڵێک، دائیرەیەک یان وەزارەتێک بکا. دەنگدانەوەی ئەمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا خراپ و ڕەنگدانەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دا خراپترە.

عەرەب ئەڵێ: (رب ضاره نافعه) یان، خوا لە قورئان دا ئەفەرموێ: (عسی ان تکرهوا شیئا فهو خیر لکم).

پێموایە ئەگەر ئەوە نەبوایە ئەمەریکا گوێی نەئەدایە هیچ عیراقیەک و گاڵتەی ئەکرد بە گوێزانەوەی دەسەاڵت لە ئەمەریکیەوە بۆ عیراقی و گێڕانەوەی سەروەری لە (دەسەاڵتی داگیرکەر) ەوە بۆ (دەسەاڵتی عیراقی).

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مام جەلال شەوی ١٤-_ ٢٠٠٣/١١/١٥ ئەم بروسکەیەی بۆ کردم:

سەبارەت بەوەی من سبەی سەفەر دەکەم، پێویست دەکات رۆژی یەکشەمە دوای نیوەڕۆ بگەنەوە بەغداد بۆ ئەوەی لە کاتی سەفەرەکەم دا نوێنەرمان بیت بە پێی قەراری نوێ سێیەم نابێت.

١٧ ی ١١ ی ٠٣ دوشەم:

پاچەچی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

بەیانی ئەمرۆ تاڵەبانی سەرۆکی دەوریی مح، لە گەڵ وەفدی ڕەسمیی عیراق، گەیشتە تاران. من کە لە ماوەی سەرۆکایەتی تاڵەبانییدا بە ئیجازە گەڕابومەوە بۆ سلێمانی، لە سەر داوای ئەو دیسان بۆ بەشداری لە کۆبونەوەکانی مح دا هاتمەوە بۆ بەغداد.

لەبەر کوژانەوەی کارەبا و تاریکی هۆڵی کۆبونەوەکە دانیشتنەکە لە هۆڵی نانخواردن کرا. زۆری ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار نەبون چونکە ١٠ کەسیان لە گەڵ وەفدەکەی تاڵەبانی ڕۆیشتون لەوانە: قازی وائیل، قازی دارا، د- موحسین، سەلاحەدین، محەمەداوی، د- ڕوبەیعی، عیزەدین سەلیم، یونادم ... نە د- ڕۆژ و نە هیچ نوێنەرێکی پارتی ئامادەی کۆبونەوەکە نەبون.

پێموایە ئەم چەند حەفتەیەی کارەکانی مح(مجلس الحکم) (تا کۆتایی مانگی شوبات) گرنگترین قۆناغی تەمەنێتی. لەو ماوەیەدا ئەبێ:

- (قانون إداره الدوله العراقیه للفتره الانتقالیه)، وەکو لە ڕێککەوتنەکەدا نوسراوە، بە ڕاوێژی نزیک لە گەڵ سام و بە موافەقەتی ئەو، بنوسرێ.

ئەم قانونە بایەخێکی تایبەتی هەیە چونکە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ کاری پێئەکرێ.

ئەشێ ئەم قانونە ببێتە نمونەیەکی باشی (عقد) یکی ئارەزومەندانەی قانونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی... نێوان نەتەوە و دین و مەزهەب و بیروباوەڕە سیاسییە جۆراو جۆرەکانی عیراق و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی.

ئەشێ ئەم قانونە بە جۆرێ بنوسرێ کە ویستی هەمو پێکهاتە نەتەوەیی، دینی، مەزهەبییەکانی خەڵکیی عیراق دەربڕێ و سەرەتا گشتییەکانی هەمو لایەنە سیاسییە جیاوازەکان، بنوێنێتەوە.

ئەشێ سەرەتا بنەڕەتییەکانی ژیانی دیمۆکراسی تێدا بچەسپێنرێ و وردەکاری هەمو ئەو سەرەتایانە بگرێتە خۆی کە چەندین ساڵە موعارەزەی عیراقی بە گشتی خەباتی بۆ ئەکا وەکو دیمۆکراسی، ڕژیمی پارلەمانی، پلورالیزمی سیاسی - نەتەوەیی - دینی - مەزهبی، مافی مرۆڤ، فیدرالیزم...

ئەو سەرەتا و بابەت و باسانەی لەم قانونەدا جێگیر ئەکرێن ڕەنگە ببنە بناغە بۆ نوسینی دەستور.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- بە هاوکاری لە گەڵ سام ریگەی هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسی ئینتیقالی دیاری بکاو لە ریگەی (اللجنه التنظیمیه)وە بەشداری بکا لە سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە پارێزگاکاندا. ئەندامانی مەجلیسی ئینتیقالی چۆن هەڵئەبژێردرێن و چۆن ئەبن و کێ ئەبن؟ ئەوان حکومەتی ئینتیقالی دیاریئەکەن و زەمینە بۆ هەڵبژاردنی گشتی و نوسینی دەستور، خۆش ئەکەن. واتە ئەوان دەورێکی گرنگیان ئەبێ لە دیاریکردنی سیمای دەوڵەتی تازەی عیراقدا.

*

باس لە ریکەوتنەکەو قانونەکە کرا.

وتیان ئەنجومەن خۆی قانونەکە ئامادە ئەکا نەک کۆمیتەیەکی دیاریکراو. من لە سەر قانونەکە وتم: "لە بەر گرنگی ئەم قانونە پێویستە بایەخێکی تایبەتی پێبدرێ و ئەتوانین کەڵک لە شارەزایانی قانونی دەستوری وەر بگرین، قانونەکە دابەش بکەین بە سەر چەند بابێکدا: سەرۆکایەتی دەوڵەت، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی گواستنەوە، ٣ دەسەلاتەکە، ریکخستنی مەرکەزی و لامەرکەزی نێوان مەرکەز و موحافەزەکان، فیدرالی نێوان مەرکەز و ئیقلیمی کوردستان، پێوەندی دین بە دەوڵەتەوە... پێویستە وردەکاری ئەمانە هەمو باس بکرێن، بۆ ئەوەی میصداقیەتی مەجلیس بمێنێ ئەبێ بە پێی ئەو زەمانبەندی (جدول زمنی) یەی دانراوە کارەکان تەواو بکرێن".

عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری حەکیم) وتی: "نوسینی سەرەتا بنەڕەتیەکان و دانانی ئالیات و تەوقیتات گرنگە".

چادرچی وتی: "دەستورە تازەکانی دنیا تەنیا سەرەتا گشتییەکان ئەنوسن و رونکردنەوەی وردەکارییەکان بە جێئەهێڵن بۆ قانون...".

لە وەڵامدا وتم: "دەستورە تازەکان هەمو وردەکاریەکان بە دریژی باس ئەکەن" نمونەم بە دەستوری نوێی سویسرا هێنایەوە...

بەڕاک وتی: "دەستوری سویسری ئەوەندە وردە تەنانەت باسی جۆری سەربڕینی گاوگوتاڵ ئەکا لە بەر ئەوەی گۆڕینی ئاسانە، ئێمە بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی عیراقەوە پێویستیمان بە دەستورێکی پتەو هەیە کە بە ئاسانی گۆڕینی تێدا نەکرێ لە بەر ئەوە نەچینە تەفسیلاتەوە باشە..".

لە سەر پێشنیاری صومەیدەعی و صەفاء عەبدولرەسول (نوێنەری روبەیعی) لوجنەیەکی ٥ کەسی دانرا بۆ دانانی پرۆگرام و تەوقیتاتی نوسینی قانونەکە لە: صومەیدەعی، جەعفەری، حاچم حەسەنی، عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری حەکیم)،بەندەی بەسزمان. کۆتایی بە گفتوگۆ هێنرا.

عەبدولمەهدی و شیعە دینیەکان هەندێ سڵەمینەوەیان لە ریکەوتنەکە دەربڕی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٨ ی ١١ ی ٠٣ سێشەم:

حەکیم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

ئەمرۆش کەسی پارتی ئامادە نەبو. عادل موراد لە گەڵ من هات.

باسی رێکەوتنەکە و قانونەکە کرایەوە. حەکیم کەوتەوە منجە منج، وتی: "رێکەوتنەکە تەغییبی شەعبی عیراقی و مح ی کردوە. مح ئیعتیرافی عەرەبی و ئیسلامی و دەولی بە دەس هێناوە نابێ حەزف بکرێ... پێکهێنانی ئەنجومەنی گواستنەوە بەو جۆرە هەڵبژاردنە ئێمە موافیق نین.. لە ئیمزاکردنی رێکەوتنەکەدا پەلەپەل کراوە..."

لە راستیدا تا ئەو کاتەی رێککەوتنەکە بڵاوکراوەتەوە لە دور و نزیکەوە منیش ئاگاداری نەبوم. لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بیستبوم. بەڵام وەکو نوێنەری تاڵەبانی لە مەجلیسەکەدا ئەبو دیفاعی لێبکەم، بە تایبەتی کە خۆیشی لەوێ نەبو.

پاچەچی، مەحمود عوسمان، حاچم، وتیان رێکەوتن ئیمزا کراوە نێردراوە بۆ کوفی ئەنان و سەرۆک بوش، پەشیمان بونەوە و تەراجوع میصداقیەتی مەجلیس ناهێڵێ. عادل موراد وتی رێکەوتنەکە بە موافەقەتی هەموان لەوانە نوێنەری ئێوە موافەقەت و ئیمزا کراوە.

وەکو تێی گەیشتوم مەجلیس و دەعوە و بەحرولعلوم و هەندێ لە شیعە دینیەکان ترسیان هەیە بە تەواوبونی کاری مح، کە لە رێکەوتنەکەدا باس کراوە، دو شتیان لە دەس بچێ:

یەکەمیان، ئەو نیسبەتەی بۆ شیعە، لە بەرامبەر سونەی عەرەب و کوردا، لە داووەزگاکاندا سەلمێنراوە.

دوەمیان، ئەو پلە و پایەیەی چ وەکو نەفەر بۆ خۆیان و چ وەکو رێکخراوی سیاسی بۆ حیزبەکانیان دابین کردوە.

مەجلیسی بەلەدیەی شارەکان نفوزی ئەمانی تێدا نییە، ئەگەر هەیشبێ زۆر کەمە، چونکە کاتێ دانراون ئەمان لاواز بون و جەیشی ئەمەریکی دەوری سەرەکی هەبوە لە دانانیاندا. ترسەکەیان رەوا و گومانەکەیان راستە. من گەیشتە تینم لە حەکیمم پرسی: "الی متی یعتبر مجلس الحکم نفسه قیما علی الشعب العراقی؟". خێسەیەکی توندی لێکردم، وتی: "تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی گشتیی ئەکرێ".

بریار درا رۆژی چوارشەمە هر (هیئه الرئاسه) سەعات ١٠ – ١١ ئیعتیرازەکانی حەکیم و ئەوان لە گەڵ بریمەر باس بکا دوای ئەوە درێژە بە کۆبونەوەی ئاسایی بدات.

من پرۆژەیەکم ئامادە کردبو دەربارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی گواستنەوە عادل موراد چاپی کرد و دابەشی کرد بە سەر ئەندامەکاندا.

لوجنەیەک دانرا بۆ سەیری نامەکەی تاڵەبانی بۆ کوفی ئەنان دەربارەی رێکەوتن لە گەڵ سام سەبارەت بە گێرانەوەی سەروەری بۆ عیراق.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٩ ی ١١ ی ٠٣ چوارشەم:

حەکیم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەی کرد. تاڵەبانی لە سەفەرە.

سەعات ١٠ و ١٠ دەقیقە بریمەر هات بۆ کۆبونەوەی حەفتانە.

ئامادەبوان بریتی بون لە ئەندامانی هر (هیئە الرئاسە) و نوێنەرەکانیان: حەکیم، پاچەچی، جەعفەری، بەحرولعلوم، هانی ئیدریس (نوێنەری عەلاوی)، نەبیل موسەوی (نوێنەری چەلەبی)، حاچم حەسەنی (نوێنەری موحسین عەبدولحەمید)، بەندەی بەسزمان (نوێنەری تاڵەبانی)، نوێنەری بارزانی نەهاتبو.

ئەبو باسی ئیعتیرازەکانی مەجلیس و گروپە شیعەکان لە سەر رێکەوتنەکەی بریمەر – تاڵەبانی بکرێ. حەکیم بە ماچوموچ پێشوازی بریمەر و هاورێکانی کرد. لە گەڵ بریمەر سەفیر ریچمۆند و یەکێکی تر هاتبو. کۆبونەوەکەی دەس پێکرد. بریمەر هاوڕێ تازەکەی خۆی پێشکەش کرد: "سەفیر جۆنز، کە سەفیری ئەمەریکی بوە لە کوێت، یەکێکە لە گەورەترین دیپلوماتەکانی شارەزای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەبێتە یاریدەدەری ئەو بۆ کاروباری سیاسیی".

حەکیم کەوتە منجە منج وتی: "هناک الکثیر من الاشکالات فی الاتفاق...." روی کردە جەعفەری و چاوەڕێ بو ئەوانی تر ئیشکالاتەکە باس بکەن بەڵام نە جەعفەری و نە بەحرولعلوم هیچیان نەوت.

پاچەچی بۆ ئەوەی سەری باسەکە بکاتەوە وتی: "لە سەر جۆری پێکهێنانی –اللجنه التنظیمیه– قسەیان هەیە".

جەعفەری وتی: "٣ مەسەلە هەن پێویستیان بە باسکردنەوە هەیە: ١– اعاده ترتیب مجالس البلدیات بشکل متکافئ فی المراکز وفی الضواحی، ٢– تطبیق الشروط علی المرشحین لضمان سلامه الانتخابات، ٣– التصویت فی اللجنه التنظیمیه تکون باکثریه ١١ صوت من ١٥. هەروەها هەمو هاوولاتیەک کە مەرجەکانی تیدا بێت هەقی خۆ پالاوتنی هەبێ و هەمو هاوولاتیەک هەقی ئیتیهامی پاڵێوراوەکانی هەبێ...".

توخنی ناڕەزایی بنەڕەتی نەکەوتن کە دوێنێ باسیان کرد. من ویستم خۆمی تێهەڵقورتێنم وتم: "ئەمانە سەبارەت بە چارەنوسی مح نیگەرانن چونکە دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێ هەڵئەوەشێتەوە".

بڕیار درا بۆ گفتوگۆی زۆرتر لە سەر ئەم باسانە رۆژی دوایی سەعات ١٤ – ١٦ لە ماڵەکەی بریمەر دیسان هر کۆ ببێتەوە. بریمەر ئەمڕۆ ئەچێ بۆ بەربانگ لە صەلاحەدین لە لای بارزانی سبەینێ ئەگەڕێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆبونەوەی ئاسایی دەستی پێکرد. بریمەر بە پێی ئەو نامەیەی بۆ مح ی ناردبو پرسی بوی کە بۆ نوسینی قانونەکە چ ئامادەکارییەک کراوە. بۆی دەرکەت شتێکی ئەوتۆ نەکراوە.

نامەی تاڵەبانی بە ناوی مح هوە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان کە دەورو تەسلیمی پاشماوەی (پرۆگرامی نەوت بە خۆراک) بو لەگەڵ حکومەتی هەریم (عەبدولڕەزاق عەزیز و شەفیق قەزاز بکەن) دابەش کرا بەسەر ئەندامانی ئەنجومەندا. کەس لێی نەدوا بە بێدەنگی تێپەڕی. ئەو چەردە پارەیەی مابوەوە چوار ملیار دۆلار بو.

کۆبونەوەی لاوەکی:

چەند حەفتەیەک تێپەڕی قانونی جنسییە دەنگی نەبو. ئەندامانی مح چەند جارێ لە چارەنوسی قانونەکەیان پرسی. دیار بو سام ئیعتیرازی لە سەری هەبو لە بەر ئەوە بە فەرامۆشکراوی مابوەوە. مح داوای لە سام کرد چارەنوسی قانونەکەی بۆ رون بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەمرۆ سام تاقمی بۆ وەڵامدانەوە ئەنێرێ. سەعات ١٣ کۆبونەوەیەکی هاوبەشی کۆمیتەی نوسینی قانونی جنسیە و شارەزایانی سام هەبو.

لە سام: کارپێنتەر، رامۆن، گەورە قانونی سام سکۆت کاسل، لە گەڵ گەنجێکی تر نەمناسی.

لە مح: چادرچی، رەئوف دەیبس، د- عەلا جەوادی (نوێنەری بەحرولعلوم)، د- حەقی تەمیمی (نوێنەری وائیل)، سەلاح عەبدولکەریم (نوێنەری قازی دارا) و من.

چادرچی وتی: "ئەم قانونە لە لایەن ئەندامانی مح بە تێکڕای دەنگی هەموان پەسند کراوە و نێردراوە بۆ شوری الدولە، کە بەرزترین دەسەڵاتی یاسایی عیراقە، ئەویش پەسندی کردوەو جێگەی رەزامەندی میللەتی عیراقە چونکە زۆڵم لەسەر بەشێکی گەورەی هاوواڵاتییانی عیراق لائەبا، ئێوە کە دواتان خستوە لە سەر کام مادە و فەقەرەی ئەم قانونە ئیعتیرازتان هەیە؟".

کاسل وتی: "بە پێی قانونی دەولی دەسەڵاتی داگیرکەر بۆی نییە جنسییە ببەخشێ، هەروەها مح یش، کە هێشتا سیادەی نییە، بۆی نییە جنسییە ببەخشێ، بۆیە بە پێی قانونی دەولی ئەم قانونە قابیلی جێبەجێکردن نییە".

هەردولا کەوتنە گفتوگۆ هەر یەکەیان بەهانەکانی خۆی باس کرد. ئەوانەی ئیمە هەمو پشتیوانی بە هێزیان لە قانونەکە کرد. ئیمە وتمان: "ئەگونجێ پشت بە بڕیاری ١٥١١ ی ئەنجومەنی ئاسایش ببەسترێ کە ئەڵێ مەجلیسی حوکم و مەجلیسی وەزیران تەجسیدی سیادە ئەکەن لە عیراقدا...".

پێموایە ئەوانە بیانو بون. هۆی راستەقینەی پەسند نەکردنی بە ئاشکرا باس نەکرد. هۆی راستەقینەی ئەو جیاوازییە بو کە لە قانونەکەدا لە گەڵ جولەکە کرابو. پێئەچێ تا ئەوەش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بمێنێ بریمەر قانونەکە ئیمزا نەکا و نەیرووێنێ. بریمەر دەسەلاتی بە کارهێنانیڤیتۆی هەیە بۆ ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی مح. هەروەکو خۆی ئەڵێ: "هەرچی ئەو ئیمزای نەکا نابێتە قانون".

بڕیار درا سەعات ١٢ ی ڕۆژی ١ ی ١٢ ی ٠٣ جارێکی تر بۆ لێدوانی ئەم باسە کۆ ببینەوە.

*

تاڵەبانی، سەرۆکی دەوریی مح، لەگەڵ وەفدی عیراق گەیشتوتە ئەنقەرە. بەجیا لەگەڵ تەیب ڕەجەب ئەردۆغان، سەرۆکی وەزیران، تورشاد تۆزمان، وەزیری دەرەوە بە وەکالەت، دەنیز بایکال، سەرۆکی جمهوریەت خەلق پارتی سی، کۆبۆتەوە.

٢٠ ی ١١ ی ٠٣ پێنجشەم:

سەعات ١ و ٣٠ دەقیقە لە بارەگای مح کۆبوونەوە و سەعات ٢ بەڕێ کەوتین بۆ ماڵەکەی بریمەر.

عادل موراد و قوباد تاڵەبانی و بەندەی بەسزمان لە یەکێتی.

حەکیم و عادل عەبدولمهدی، بەحرولعلوم و عەلا جەوادی، جەعفەری و عەدنان ئەسەدی، پاچەچی و عەتا عەبدولوەهاب، عەلاوی و هانی ئیدریس، چەلەبی و نەبیل موسەوی، حاچم حەسەنی، ڕۆژ شاوەیس، ئامادە بون.

بریمەر بە خێرهاتنی کردین و وتی: "ئەم کۆبونەوەیە لە سەر داوای حەکیم بوە با بفەرموێ قسە بکا".

حەکیم داوای لە ئەندامانی هر کرد قسە بکەن.

بەحرولعلوم وتی: "من قسەکانم بۆ (الغاء) ی ڕێکەوتنەکە نییە بەڵکو بۆ تەحسین و تەعدیلە... ١. دوای دامەزراندنی مەجلیسی ئینتیقالی مح ئیلغا ئەبێ (ضمان) چییە بۆ ئەوەی مەجلیسی داهاتو خواستەکانی عیراق ئەنوێنێ لەبەر ئەوە (مجلس الحکم یجب ان یبقی)، ٢. (اللجنه التنظیمیه) مەجلیسی شارەکان (لملوم) ن و نایانناسین، پاشماوەی ڕژێمیان تیایە، ئەبێ ژمارەی ئەوانەی لەو لوجنەیەدا کە لە لایەن مح ەوە دائەنرێن ٨ کەس بن (حتی یتعادل العدد)، ٣. الاتفاقیه الامنیه، ٤. لەم ڕێکەوتنەدا هیچ دەورێک نەدراوە بە نەتەوە یەککگرتوەکان، ٥. لم یذکر دور عقیده الشعب العراقی و هویته الاسلامیه والعربیه".

جەعفەری وتی: "١- عراقیه المشروع، ٢- مواطنو الخارج، مشارکتهم فی العملیه، ٣- مجالس البلدیات لا یوجد تکافؤ کمی ونوعی، ٤- اللجان التنظیمیه، ٥- دور الامم المتحده، ٦- المساله الامنیه، مع ولاده البرلمان یترک الامن للبرلمان".

پاچەچی و چەلەبی و عەلاوی و حاچم تەئکیدیان لە سەر گەڕانەوەی سیادە کرد کە ڕێکەوتنەکە دابینی ئەکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

من وتم: "ڕێککەوتنەکە دەسکەوتێکی نیشتمانیی گەورەیە. مح موتەهەمە بەوەی ئەمەریکا تەعینی کردوە، ئەوە نامێنێ، موتەهەمە بەوەی تائیفی و عیرقییە ئەوە نامێنێ، موتەهەمە بە نیزامی موحاصەصە ئەوەش نامێنێ، هەمو ئەو ڕەخنانەی لە مح ئەگیرێن نامێنن. ئەو تێبینییانەی بەحرولعلوم و جەعفەری باسیان کرد، ئەوی مەعقول و مەنتیقی بێ، ئەگونجێ لە قانونی ئیدارەی ئینتیقاڵییدا بنوسرێ".

د- ڕۆژ پشتیوانی لە هەمو قسەکانی من کرد و ئەویش وتی: "بەم ڕێکەوتنە سیادە ئەگەڕێتەوە بۆ عیراق کە داوای هەمو گەلی عیراقە".

حەکیم وتی: "تا ئیستا ڕێکەوتنە ئیمزا کراوەکەم نەدیوە... ١. تغییب کامل للشعب العراقی وارادە الشعب العراقی... ٢. مالم یکن هناک ضمان لوجود کیان موثوق به من غیر الصحیح التخلی عن مجلس الحکم الذی حصل علی الاعتراف العربی والاسلامی والدولی.... ٣. المسأله الامنیه... التوقیع غیر ملزم لنا.. نحن لا نلتزم بالاتفاق. الاتفاق تجاوز علی مبدأ التوافق... صار اختراق لمبدأ التوافق... نحن لم نخول مام جلال لتوقیع الاتفاق...".

" بریمەر وتی: "ئیمە چەند ڕۆژێ بە سەختی کارمان لە سەر ئەم ڕێکەوتنە کردوە. هەموتانم یەکەیەکە بینیوە و گفتوگۆم لە گەڵ کردون. سەرۆک بوش و سەرۆەزیران تۆنی بلێر بینیویانە و هەردو حکومەت بە قوڵی ئیلتیزامیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی".

کۆبونەوەکە تەواو بو. هر بڕیاریدا بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم کێشەیە سەعات ١ ی ڕۆژی شەمە جارێکی تر کۆ ببێتەوە. بریمەر ئاگاداری کردن کە ئەم قسانە لە ڕاگەیاندندا باس نەکەن و ڕۆژی شەمە لە سەر هەر شتێ ڕێککەوتن، بەڵەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوی بکەنەوە، ئەوی لێ ئاگادار بکەن.

پێموایە حەکیم دیسان بۆ مەبەستێکی تر ئەم بێنەو بەرەیە ئەکات.

ئەمە شتێکی تری بە بیر هێنامەوە. دوای ڕوخانی صەدام کە جای گارنەر بۆ عیراق دانرا، هاتە کوردستان لە گەڵ تاڵەبانی و بارزانی چەند جارێ دانیشت. گفتوگۆی زۆر کرا کە لەمەودوا چی بکرێ؟ گارنەر داوای لە تاڵەبانی و بارزانی کرد:

- هەردوکیان بێنە بەغداد.

- گروپی ٥ بۆ ئەوەی بنکەکەی فراوان بێ، هەندێ لە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی نوێی تێکەلاو بکەن و ژمارەکەی بکەن بە ٢٠ - ٢٥.

گروپی ٥ بریتی بو لە یەکێتی، پارتی، موئتەمەر، ویفاق، مەجلیسی ئەعلا. ئەم ٥ ڕێکخراوە ئەمەریکا لە قانونی ڕزگاری عیراقدا بە ڕەسمی وەکو هێزی موعارەزەی عیراقی ناسیبونی.

- کۆنگرەیەکی نیشتمانی ڕێکبخەن ٣٠٠ - ٥٠٠ کەسایەتی جۆراوجۆری کۆمەڵی عیراقی بەشداری تیدا بکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- لەو کۆنگرەیەدا حکومەتێکی عیراقی لە ژێر سەرپەرشتی خۆتاندا پێکبهێنن، کاروباری عیراق بگرنە دەس.

تاڵەبانی و بارزانی، هەردوکیان، هاتنە بەغداد. بە سەدان کەسایەتی جیاوازی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاکادیمی، خێڵەکی، دینیی.. یان بینی و سکرتاریەتێکیان بۆ گروپی ٥ پێکهێنا. نوێنەری یەکێتی لەو سکرتاریەتەدا محەمەد تۆفیق رەحیم بو.

بە درێژایی ٣ حەفتە نوێنەرەکانی گروپی ٥ لە بەغداد خەریکی مشتومڕ و گفتوگۆ بون بۆ ئەوەی ژمارەی گروپەکە زیاد بکەن بۆ ٢٠ یان ٢٥ لایەن و کەس. نوێنەری مەجلیس بە هیچ جۆرێ قبوڵی نەکرد و ئەیویست وەکو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) هەر بەو ژمارە کەمە بمێنێتەوە و ئیدارەی عیراق بکا. بە ئەنقەست درێژەیان دا بە گفتوگۆی بێزەنتی و بە کۆبونەوەکان. کاروباری عیراق رۆژ بە رۆژ زیاتر بەرەو پەشێوان و ئاڵۆزی ئەچو. سەرەنجام ئەمەریکاییەکان لەمانە نائومێد بون. پرۆژەی بڕیاری ١٤٨٣ ی ٢٠٠٣ یان بردە ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان راستەوخۆ کاروباری عیراق بەڕێوە ببەن خۆیان وەکو (دەسەڵاتی داگیرکەر) بە ناسین دا. مەجلیس ئەو هەڵەی لە دەس دا، ئیستاش ئەیانەوێ هەمان رەفتار دوبارە بکەنەوە. بڵێی ئەمجارەش بۆیان بچێتە سەر؟

٢١ ی ١١ ی ٠٣ هەینی:

سەعات ١٥ لە گەل م ش دانیشتم رێکەوتنەکە و بەیانی رۆژنامەوانی و دەستورەکانی بەلچیکا و مالیزیا و ئیماراتم دایە لە گەل تێبینیەکانی خۆم. بەڵێنی دا هەندێ بابەتمان بۆ قانونی ئیدارەی عیراق بۆ ئامادە بکات.

*

٢٢ ی ١١ ی ٠٣ شەممە:

حەکیم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەی کرد.

کۆبونەوەی دانی بەیانی هەموی تەرخان کرا بۆ رونکردنەوەی ئیعتیرازەکانی شیعە. سامی عەسکەری (نوێنەری بەحرولعلوم) و عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری حەکیم) بە درێژی باری سەرنجی خۆیان رون کردەوە.

هر (هیئە رئاسیە) پاش نیوەڕۆ کۆبوەوە. حەکیم رۆیشت پاچەچی سەرۆکایەتی کرد. بڕیار درا (ملحق: Annex) یک بۆ رێکەوتنەکە بنوسرێ و لە گەل سام مفاوەزەی لە سەر بکرێ. عادل عەبدولمەهدی نوسی: ئیحتیرامی هەویەی ئیسلامی دینی زۆرایەتی خەلکی عیراق. دەسکاری ئەنجومەنی شارەوانییەکان پێش هەڵبژاردن. دانانی مەرج بۆ ئەوانەی ئەبنە ئەندامی مەجلیسی ئینتیقالی. بەشداری نەتەوە یەکگرتوەکان. شیوەیەک بدوزرێتەوە بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مانەوەی مح. ریکەوتنی ئەمنی لە گەڵ سام بکرێ. عەلاوی و چەلەبی و عادل و رۆژ دانران بۆ گفتوگۆ.

بەحرەلعلوم لە قسەکانییدا بۆ پاساوی مانەوەی مح وتی: "تردون الصراحه یا اخوان؟ نحن ندافع عن حقوقنا" پێشینان وتویانە: شین بۆ حسەین نییە بۆ هەریسەکەیە.

ئیوارەی ئەمڕۆ تاڵەبانی گەیشتەوە بەغداد.

٢٣ ی ١١ ی ٠٣ یەکشەم:

تاڵەبانی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

باسی سەفەرەکەی ئێران و تورکیای گێڕایەوە.

لە سەر داوای سام بڕیار درا قەناتی العربیە سزا بدرێ چونکە وتارێکی صەدامی بڵاو کردۆتەوە تێیدا داوای لە خەڵک کردوە ئەمەریکایی و ئەو عیراقییانەی هاوکارییان ئەکەن، بکوژن. ئەمەش هاندانە بۆ کوشتن و تووندوتیژی.

لوجنەی لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەسکەندەر وتوت محافیزی بابل داوای گۆڕینیان کرد.

لە سبەینێوە وچانی مح دەس پێئەکا تا دوای جەژن.

شەو هیئە علماء المسلمین کردیان بە جەژن. بەو بۆنەیەوە لە ناو بەغداد تەقەیەکی زۆر کرا.

٢٤ ی ١١ ی ٠٣ دوشەم:

لە گەڵ ئەحمەد بامەرنی گەرامەوە بۆ سلێمانی. لە رێگا ٣ سەعات دوا کەوتین چونکە هێزێکی گەورەی ئەمەریکی گەمارۆی عوزێمی دابو، رێگای هاتوچۆیان بڕی بو.

سلێمانی لە گەڵ هیئە علماء المسلمین کردویانە بە جەژن، بەڵام هەولێر و کەلار نەیانکردوە بە جەژن.

٢٥ ی ١١ ی ٠٣ سێشەم:

هەولێر لە گەڵ شیعەی موقتەدا صەدر کردویانە بە جەژن، هەروەها میصر و سودان و خەلیج.

٢٦ ی ١١ ی ٠٣ چوارشەم:

سیستانی ئەمڕۆ کردی بە جەژن.

مەلاکانی عیراق، هەروەها مەلاکانی دنیای ئیسلام، لە سەر دیاریکردنی رۆژی جەژن پێک نەهاتن! ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی دواکەوتنی بیری فەلسەفی زاناکانی ئیسلام کە تا ئیستا نەیانتوانیوە لە گەڵ پێشکەوتنی زانستییدا هەنگاو بنێن. لەم سەردەمەدا کە زانست ئەوەندە پێشکەوتوە مانگی دەسکرد ئەنێرێ بۆ ئاسمان، دامەزراوە زانستییەکان بە ئاسانی ئەتوانن زۆر بە وردی کاتی هەلهاتن و ئاوابونی مانگ و خۆر دیاری بکەن، کەچی تا ئیستا بۆ هەڵهاتنی مانگ پشت بە بینینی چاوی مرۆڤ و سوێند خواردن ئەبەستن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٧ ی ١١ ی ٠٣ پێنجشەم:

ئەمەریکییەکان جەژنێکیان هەیە تایبەتە بە خۆیان پێی ئەڵێن: (جەژنی سپاسکردن). دوای دوەمین جەنگی جیهانی وەکو نیشانەی سەرکەوتن دایانهێناوە. هەمو ساڵ ئەمڕۆژە ئەکەن بە جەژن. سپاسی یەزدان ئەکەن کە سەریخستون. بۆ بەشداری سەربازەکانی ئەمەریکا لەو جەژنەدا، سەرۆک بوش کتوپڕ و بێ ئاگاداری پێشەکی دەزگاکانی راگەیاندن ئێوارە گەیشتە فڕۆکەخانەی ناودەوڵەتی بەغداد. مەراسیمی پێشوازی لە فڕۆکەخانە بۆ ساز کرابو. لە ئەندامانی مح: تاڵەبانی سەرۆکی نوێەیی مح، چەلەبی، روبەیعی، د- رەجا خوزاعی، لەو پێشوازییەدا ئامادە بون و گفتوگۆیان لە گەڵ کردبو. بوش تەنیا دو سەعات و نیو مابوەوە. راستەخۆ گەڕابوەوە بۆ ئەمەریکا.

٢٩ ی ١١ ی ٠٢ شەمە:

لە گەڵ حەمە تۆفیق و ئەحمەد بامەڕنی گەڕاینەوە بەغداد.

بە پێی وتارێکی رۆژنامەی (الصباح) ی بەغدادیی ئەمڕۆ کە لە (ایلاف)ی دوبەیەوە وەریگرتوە، حکومەتی قەتەری، گۆڕینی بنەڕەتی لە (مجلس الاداره)ی قەناتی الجزیرەدا کردوە. مەجلیسی نوێ پێکهاتوە لە: الشیخ حمد بن ناصر ئال سانی رەئیس، خلف احمد المناعی نائیبی رەئیس و ئەندامەتی جمیل عبدالله جعفر، عبدالله مبارک الخلیفی، حسن محمد الانصاری، قاسم محمد جعفر، قاسم عبدالله العمادی.

هەرچەندە بەپێی زانیارییەکانی ئەم وتارە بڕیارەکەی قەتەر بۆ دانانی سنوریکە بۆ نفوزو دەسەلاتی اخوان المسلمین لە قەناتەکەدا کە یوسف ئەلقەرەزاوی ڕێکی خستوە، بەڵام پێئەچێ گوشاری ئەمەریکی کاریگەر بوبێ، چونکە بەر لەچەند رۆژێ رامسفیلد لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا بە هەڕەشەوە باسی دەوری خراپی الجزیرە و العربیەی کرد.

(اکثر من رأی) و (الاتجاه المعاکس) کە دو بەرنامەی حەفتانەن و لە بابەتەکانیاندا لایەنگری صەدام و رەگەزپەرستی عەرەبی و دوژمنایەتیی ئەمەریکا و رۆژئاواو ئیسرائیل بڵاوئەکەنەوە، یەکەمیان سامی حەداد، کە مەسیحییە، ئامادەی ئەکات و دوەمیشیان فەیصەل ئەلقاسم، کە دورزییە، ئەم دوانە کە لە هەرە توندڕەوەکانن هیچیان ناتوانن اخوان المسلمین بن. ئەمەیش ئەوە ئەگەیەنێ کە رێبازی قەناتەکە بە گشتی وەها بوە.

٣٠ ی ١١ ی ٠٢ یەکشەم:

مام جەلال سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

بارزانی و د- رۆژ، دوێنێ و ئەمڕۆ لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بون.

باس لە هەڵبژاردنی گشتیی کرایەوە.

د- موحسین حەمید قسەی زور گرنگ و کراوەی کرد: "خەڵکی عیراق سیادە و سەربەخۆییان بەلاوە گرنگترە لە هەڵبژاردن. چاوەڕوانی ئەوەن کە لە کاتی دیاریکراودا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیحتیلال تەواو ببێ. موجتەهیدێک چەند گەورەبێ نابێ بیروڕای فەرز بکرێ بە سەر هەمو میللەتدا و هەمو جار کە مەسەلەیەک هاتە پێشەوە بە بیانوی ئەوەی فلان موجتەهید وا ئەڵێ دوا بخرێ. سەرەڕای ڕێزی زۆرمان بۆ ئایەتوڵا سیستانی ئەمە شتێکی خەتەرە ئەترسم سەرەنجام ڕامان بکێشێ بۆ ولایەتی فەقیە". پاش کەمێ د- موحسین ئیزنی خواست و ڕۆیشت. حاچم چوە شوێنی.

د- بەحرەلعلوم وتی: "سەرەڕای تەحەفوزاتم لەسەر قسەکانی د- موحسین و نەزانینیی فەرقی بەینی موجتەهیدو مەرجەع، سیستانی مەرجەع بەڵکو بەرزترین مەرجەعی دینییمانە".

*

سیستانی بۆتە کۆسپێکی ناقۆلا لە ڕێگەی پڕۆسەی دیمۆکرتیزەکردنی عیراقدا. لوتی ژەندۆتە کاروباری ناوخۆی عیراقەوە. لایەنگرەکانی ئەیانەوێ بیروڕاکانی بەسەر هەمو گەلی عیراقدا بسەپێنن. لە ناو مح دا جۆرێ لە ئیرهابی فیکرییان سەپاندوە ئەندامەکانی ناوێرن بیروبۆچونەکانی خۆیان بە ئاشکرا دەربڕن.

یەکەم، سیستانی کابرایەکی ئێرانییە، بۆچی ئەبێ ڕێ بدرێ دەس وەر بداتە مەسەلە چارەنوسییەکانی عیراق؟

دوەم، سیستانی بۆ تائیفەی شیعە مەرجەعە، بۆچی ئەبێ قسەکانی بەسەر سونە و مەسیحی و ناموسوڵمانەکانی تری عیراقدا بسەپێنرێ، کە زۆرایەتی هاوولاتیانی عیراق پێکئەهێنن؟

سێیەم، سیستانی لە ناو شیعەکانی دنیادا یەکێکە لە مەرجەعەکان و تەنیا مەرجەعی تەقلیدکراوی هەمو شیعەی عیراق و دنیا نییە، تەنانەت کەسانی وەکو موقتەدا صەدر بە ئاشکرا بەربەرەکانی ئەکەن و بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لەوان بە خۆیان ئەڵێن (الحوزه العلمیه الشریفه) و (الحوزه الناطقه).

چوارەم، سیستانی، وەکو خۆی وتویەتی، ١٢ ساڵە لە ماڵەکەی خۆی دەرنەچوە. سەیری سەتەلایت و هەواڵەکانی ناکاو تێکەڵاوی خەڵک نابێ و گەشتی شارو ناوچە جیاجیاکانی عیراقی نەکردوە و ناکا، بە واتەیەکی تر ئاگادارییەکی زۆری لە سەر هەلومەرجی عیراق نییە. کابرایەکی وەها چۆن ئەتوانێ لە هەلومەرجی ئاڵوزکاوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری... گەلێکی فرە- نەتەوە و فرە- دین و فرە- مەزهبی وەکو عیراقدا بیروڕای دروست دەربڕێ؟

ئەوە یەکەم جارە یەکێ ئازایانە و بە ئاشکرا لەو بارەیەوە هەڵبداتێ.

جارێکیان، چەند حەفتەیەک پێش ئیستا، باسی فتواکەی سیستانی کرا، من وتم: سیستانی ئێرانییە بە چ هەقێ لە چارەنوسی عیراقدا موداخەلە ئەکا. بەحرەلعلوم و دینییەکانی تر هاتنەوە بە گژمدا خەریک بو بمخۆن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

٢ لوجنە هەڵبژێردرا بۆ:

١- گفتوگۆ لەگەڵ سام لە سەر هەڵبژاردن و ڕێکخستنەوەی ئەنجومەنی محافەزەکانی عیراق، پێکدێ لە: جەعفەری، چادرچی، حەمید موسا، صومەیدەعی، یونادم، عادل عەبدولمەهدی، ڕۆژ.

٢. نوسینی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق، پێک دێ لە: حەکیم، د- موحسین، دارا، چادرچی، د- مەحمود، چەلەبی، یونادم، ڕۆژ، بەندەی بەسزمان.

٣. دانانی ژێرخانی پێویستی ڕێکخستن و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە هاوکاری لە گەڵ سام (سلطه الائتلاف المؤقته) پێکدێ لە: جەعفەری، بەحرەلعلوم، چەلەبی، روبەیعی، شێخ غازی، دارا، ڕەجا خوزاعی، سونگول، ڕۆژ.

*

سەعات ١٣ تاڵەبانی، بەبۆنەی تەواوبونی ماوەی سەرۆکایەتی، مالکاوایی لە ئەندامانی مح کرد. بۆ هاوکاری سپاس و بۆ هەر هەڵەیەک بەرامبەر یەکێکیان کردبێتی، داوای لێبوردنی لێکردن.

پاشنیوەڕۆ د- مەحمود و من چوینە مالی مام جەلال. بارزانی و مەسرور و ڕۆژ و دارا نورەدین و سەلاحەدین بەهائەدین لەوێ بون. گۆبونەوەیەکمان کرد دەربارەی یەکخستنی هەڵوێست لە مەسەلەکانی دەستور بە تایبەتی فیدرالیزم.

حەکیم و عەبدولمەهدی هاتن بۆ مالی مام جەلال بۆ گۆبونەوە. ئێمە هەستاین و خواحافیزییمان لێکردن.

*

ئەم مانگە سەخت بو بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان. زیاتر لە ٧٠ ئەمەریکایی و ١٩ ئیتالی و ٧ ئەفسەری ئیسپانی و ٢ کۆری و ٢ دیپلۆماتی ژاپۆنی و ١ بەڵێندەری کۆلۆمبی، کوژراون.

.....

کانونی یەکەمی ٢٠٠٣

ئەم مانگە سەرۆکایەتی نۆرەیی حەکیم دەس پێنەکا.

سەید عەبدولعەزیز کوڕی ئایەتوڵای عوزما سەید موحسین حەکیمە. سەید موحسین گەورەترین مەرجەعی شیعەی جیهان بو. عەبدولعەزیز ساڵی ١٩٥٠ لە نەجەف لە دایکێکی لوبنانی کچی بنەماڵەیەکی شیعەی ناسراو لە دایک بوە. لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ ەوە بە تایبەتی دوای هاتنی بەعس بۆ سەر حوکم بنەماڵەی حەکیم کەوتونەتە بەر گرتن و ڕاونان و کوشتن. لە کوڕانی حەکیم و کەسە نزیکەکانیان زیاتر لە ٢٠ کەسیان کوژراوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵی ١٩٨٠ دوای سەرکەوتنی ئینقیلابی ئیسلامی ئێران محەمەد باقیری سەید موحسین لە گەڵ عەبدولعەزیزی برای و خێزانەکەیان چونە ئێران. تارانیان کردە بنکەی چالاکییان. دوای هەڵگیرسانی جەنگی عیراق – ئێران بە هاندان و یارمەتی ئێران لە کۆبونەوەی حیزبی دەعوە و چەندین گروپ و کەسایەتی شیعەی سیاسی رێکخراوێکیان پێکهێنا بە ناوی "المجلس الاعلی للثوره الاسلامیه فی العراق" تا ببێتە چەتری کۆبونەوەی هەمو رێکخراوە دینییەکان. محەمەد باقیر یەکێ لە دامەزرێنەرە چالاکەکانی ئەم رێکخراوە و عەبدولعەزیز یاریدەدەری سەرەکیی بو.

مەجلیس رێکخراوێکی چەکداری لە پەنابەرانی عیراقی و دیلەکانی جەنگ بە ناوی فەیلەقی (بەدر)ەوە دامەزراند. ئەگەرچی محەمەد باقیر فەرماندەی بو، بەڵام بە کردەوە عەبدولعەزیز سەرکردەیان بو. مەجلیس و بەدر دەورێکی کاریگەریان هەبو لە راپەڕینی ناوچە شیعەنشینەکانی ١٩٩١ دا. ئەگەرچی راپەڕینەکە لەلایەن رژیمی بەعسەوە لە خوێندا نوقم کرا، فەیلەقی بەدر پاڕێزگاریی پەیکەرەی رێکخراوەیی خۆی کرد.

ساڵی ١٩٩٢ مەجلیس بەشدار بو لە دامەزراندنی "المؤتمر الوطنی العراقی" دا و یەکێ لەو رێکخراوە سیاسییانەی موعارەزە بو کە ئەمەریکا دانی پێدا نابون و رەفتاری لەگەڵ ئەکردن. لە ناو رێکخراوە سیاسییەکانی شیعەدا مەجلیس لە هەمویان نزیکتر بوە لە کورد و سەلماندنی مافەکانی لەوانە مافی بڕیاردانی چارەنوس، لەگەڵ یەکێتی و پارتی رێکەوتنی سیاسییان ئیمزا کردوە. دوای روخانی بەعس محەمەد باقیر حەکیم لە رێگەی بەسراوە گەڕایەوە عیراق دەیان هەزار کەس کۆبونەوە بۆ پێشوازیی. کە مەجلیسی حوکم دامەزرا سەید عەبدولعەزیز وەکو نیشانەی رەزامەندیی رابەری مەجلیسی ئەعلا، بو بە ئەندامی مەجلیسی حوکم. کە محەمەد باقیر لە تەقینەوەکەی نەجەفدا کوژرا، عەبدولعەزیزی برای لە لایەن سەرکردایەتی مەجلیسی ئەعلا و فەیلەقی بەدرەوە بە سەرۆکی مەجلیس هەڵبژێردرا.

١ ی ١٢ ی ٠٣ دوشەم:

حەکیم ئەمڕۆ سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی کرد.

لەگەڵ ئەحمەد بامەڕنی چوین بۆ کۆبونەوە. تاڵەبانی و عادل موراد نەهاتبون. بارزانی و مەسرور و رۆژ بەشدار بون.

گرنگترینی بابەتەکانی ئەمڕۆ باسی جۆری کاری ئەو ٣ کۆمیتەیە بو کە دوێنێ دانران.

ئەحمەد بەراک ئیعتیرازی گرت لە سەر هەڵاواردنی محافەزەکانی کوردستان لە هەندێ لەو پرۆژانەدا کە باسی هەلومەرجی جنوب ئەکەن. د- مەحمود و من جیاوازی هەلومەرجی کوردستان و محافەزەکانی تری عیراقمان بۆ باس کرد و وتمان لە هەمو هەڵبژاردنێکی گشتیی عیراقدا بەشدار ئەبین بەڵام بە میکانیزمێکی جیاواز لەوانی جنوب.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەسەر پێشنیاری بارزانی لوجنەیەک لە وەزیرەکانی ناوخۆ، تەندروستی، داد، دەزگاکانی راگەیاندن پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە فایلی گۆڕەکانی بەکۆمەڵ.

*

ئەبو سەعات ۱۲ نوێنەرەکانی سام (سلطه الائتلاف المؤقته) بهاتنایە بۆ باسی قانونی رەگەزنامە، بەڵام دوایانخستوە بۆ سەعات ۱۲ ی سبەینێ.

*

لە ماڵەکەی خۆمان لەگەڵ ئەحمەد بامەڕنی کەوتینە نوسینی پرۆژەی (قانون اداره الدوله العراقیه للفتره الانتقالیه) و بەشێکی گرنگیمان تەواوکرد. پرۆژەکانی م ش و پاچەچیمان کرد بە بنچینە و دوای تاووتوێ و گۆڕین بیروراکانی خۆمان تێدا داڕشتەوە و ئەوی پێویست بو دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد تێهەڵکێشمان کرد و لە قاڵبی مادەی قانونییدا بە وردکراوەیی نوسیمان.

*

شەو کتوپڕ لەرزم لێهات و کەوتم. د- مەحمود فەحسی کردم، حەبی ئەنتی بایۆتیکی دامێ.

۲ ی ۱۲ ی ۰۳ سێشەم:

دوێنێ شەو لە سەعات ۲۰ ی شەو تا سەعات ۳ ی بەیانی لەرز گرتبومی شەوێکی یەکجار سەخت بو. سێیەم شەوە خەوم لێناکەوێ هەست بە لاوازی و ماندوییەتی ئەکەم. من ئەمڕۆ نەمتوانی بچم بۆ کۆبونەوە.

*

مام جەلال هێشتا لە بەغدادە ئەو ئەمڕۆ بەشداری کۆبونەوەکانی کردوە. ئەحمەد و عادلیش چون.

*

لوجنەی نوسینی قانونی ئیدارەی کاتی کۆبۆتەوە. وێستویانە پرۆژەکەی پاچەچی بکەن بە بنچینە. ئەحمەد و عادل داوایانکردوە فرسەتێکیان بدرێتێ تا پرۆژەکەی ئێمەیان تەسلیم بکەن. رۆژ پێی ناخۆش بوە وتویەتی ئیمە پرۆژەکەی پارلەمانی کوردستانمان هەیە. پرۆژەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی پارلەمان جیاوازە.

۲ ی ۱۲ ی ۰۳ چوارشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

مام جەلال گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. عادل و ئەحمەد چون بۆ کۆبونەوە. بریمەر ئامادە بوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەربازی ئەمەریکایی دەستدرێژییان کردۆتە سەر حاچم، بۆینباخەکەیان راگێشاوە خەریک بون بیخنکێنن و ٣ بۆکسیان لێداوە. بە درێژی باسی ئەمەیان کردوە وەکو پرۆتێست حاچم کۆبونەوەکەی بە جێهێشتوە. بەڵام کەس شوێنی نەکەوتوە. ئەمە چەندەم جارە دەستدرێژی ئەکەن. شۆفێرەکەی وەزیری لاوان و ورزشیان کوشت و تەقەیان لە بەحرلعلوم کرد شۆفێرەکەیان بریندار کرد، شەڕیان بە شێخ غازی و بەراک فرۆشتوە. پێئەچێ بە ئەنقەست وابکەن.

بریمەر وتویەتی لێی ئەکۆڵنەوە. هەروەها داوای کردوە ئەندامانی مح (مجلس الحکم) حسابەکانیان کەشف بکەن (شفافیە). ئەوە چەندەم جارە. بە نامەش بۆی نوسیون. تا ئیستا کەس وەڵامی نەداوەتەوە.

زۆری کاتی ئەمڕۆ بۆ مەسەلەی حەج تەرخان کراوە.

*

رۆژنامەوانێکی نیویۆرک تایمز هاتەماڵەوە پرسیاری هەبو لە سەر دروستکردنی ئەو میلیشیا حیزبییەی مح دروستی ئەکا. گەنجێکی فەلەستینی لەگەڵ بو.

٤ ی ١٢ ی ٠٣ پێنجشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم. د- کامیل نامیق هات و بردمی بۆ عیادەیەکی نزیک ماڵی خۆمان ئەشیعە و سۆنەری بۆ گرتم.

٦ ی ١٢ ی ٠٣ شەمە:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

سەعات ٨ و ٣٠ دەقیقەی بەیانی چوم بۆ لای د- کامیل نامیق لە نەخۆشخانەی ئیبن ئەلبیتار سەر لە نوێ ئەشیعەیان گرتم و خوێنیان لێوەرگرتم.

*

ئەحمەد و عادل چون بۆ مح بۆ کۆبونەوە باس لە قانونی ئیدارە کراوە. رۆژ پرۆژەکەی خۆیانی هێناوە. جوان چاپ و رێک خراوە. هەندێ بابەتی گرنگی تێدایە و هەندێکی تێدا نییە. ئێوارە دێ بۆ باسی تێکەڵاوکردنی هەردو پرۆژە. لە گەڵ ئەحمەد بە مسۆدەی پرۆژەکەدا چوینەوە.

سەعات ١٨ د- رۆژ هات. د- مەحمود و بەختیار ئەمین ئامادە بون. باس لە هەمو پرۆژەکان کرا. پرۆژەکەی ئیمەی وەرگرت و نوقتە گرنگەکانمان دیاریکرد. ئەبێ بیداتە لیژنەی قانونی پارلەمان بۆ یەکخستن و چاککردنیان. باسەکە لە مح تا رۆژی دوشەمە دوا بخرێ تا ئەو کاتە فرسەت ئەحمەد، سکرتێری پارلەمانی کوردستان، بە پرۆژەی ئامادەکراوەوە دێت بۆ دیفاع لێکردنی لە کۆمیتەکەدا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژ ٥٥ رۆژی شەمە ٦ ی کانونی یەکەمی ۲۰۰۳ ی رۆژنامەی (الشراع) بەغدادی لە ل ٤ ی دا کە ناوی ناوە (المشهد الساخن) ریپۆرتاجێکی لە ژێر سەرناوی: (دور الامام السیستانی فی الحیاه السیاسیه کما تراه القوی الوطنیه) بەم پێشەکییەوە بڵاو کردۆتەوە: (أجمعت الاحزاب والحرکات السیاسیه العراقیه علی مرکزیه الدور السیاسی الذی یقوم به سماحه الامام علی السیستانی فی الحیاه السیاسیه العراقیه الراهنه.. مؤکدین واقعیه ودقه طروحات الامام فی ما یتعلق بقضیه کتابه الدستور العراقی المقبل... وفیما یلی بعض الاحادیث التی اجرینا مع عدد من اعضاء الاحزاب العراقیه) ئینجا گفتوگۆی لە گەڵ چەند کەسێ کردوە لەوانە: السید عادل مراد الناطق الرسمی باسم الاتحاد الوطنی الکردستانی، الشیخ حمید علی راضی الدهلکی عضو المکتب السیاسی لحزب الدعوه الاسلامیه، الدکتور جاسم العیساوی الناطق الرسمی لهیئه علماء المسلمین، احمد الجبوری عضو العلاقات الوطنیه فی الحزب الشیوعی العراقی.

الشراع یەکێ لە پەندەکانی عادلی کردۆتە مانشێتێکی سەرەکی ریپۆرتاجەکەی: (الاتحاد الوطنی الکردستانی: من یحاول تجاوز دور سماحه السید غافل لایعرف طبیعه الشعب العراقی) و کۆڵێ ستایشی سیستانی کردوە، کە بێگومان هیچی راست نییە.

۷ ی ۱۲ ی ۰۳ یەکشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

۸ ی ۱۲ ی ۰۳ دو شەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

بۆ پڕکردنەوەی شوێنی عەقیلە هەڵبژاردن کراوە پێشتر شیعەکان ژنێکیان دیاری کردوە د- سەلامە خەفاجی. حەکیم رێگەی نەداوە عادل دەنگ بدا.*

رۆژ پڕۆژەی قانونەکەی هێناوەتەوە هەندێکی تیایە و هەندێکی تیا نییە.

۹ ی ۱۲ ی ۰۳ سێشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

چەند رۆژە باسی تەنگوچەڵەمەی سوتەمەنی ئەکەن. چەلەبی لە کۆبونەوەدا باسی کرد و هەندێ بڕیاری پێدەرکردن. بەر بەنزیخانەکان بە هەزاران سەیارە سەرەیان گرتوە. نەوت لە تورکیا و شوێنانی تر ئەکڕن و ئەیهێننەوە بۆ عیراق بۆ دابەشکردن.

کۆمپانیای هالبیرتۆن، کە پیشتر دیک چینی جێگری سەرکۆماری ئیستای ئەمەریکا، سەرۆکی بوە، هەمو جۆرەکانی نەوت، بەنزین، کیرۆسین... ئەکڕێ و ئەیهێنێ بۆ عیراق. واتەوات زۆرە، رۆژنامەکانی ئەمەریکا و بریتانیا لە سەریان نوسیوە، هالبیرتۆن یاری بە نرخی نەوت ئەکا و لە ئەنجامی ئەوەدا زیاتر لە ۱۰۰ ملیۆن دۆلار قازانجی کردوە.

پێشینان وتویانە: مالّی پرە لە رازیانە و بە ژانە سک ئەمرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی رۆژنامەوانیی کوردی) کە تەرخان کراوە بۆ (رۆژنامەوانیی نهێنی) م تەواو کرد. هێدی لە سلێمانییەوە هات کۆپی کرد بیباتەوە بۆ مامۆستا رەفیق تا چاپی بکات.

١٠ ی ١٢ ی ٠٣ چوارشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم. د- کامیل هات جارێکی تر فەحسی کردم.

بریمەر چۆتە کۆبونەوە. قانونی دادگاکەیان پەسندوە.

١١ ی ١٢ ی ٠٣ پێنجشەم:

نەخۆشییەکەم کەمێ سوک بوە توانای کارم تێگەڕاوەتەوە.

وەکو رۆژنامەکان نوسیویانە: چەلەبی و روبەیعی چون بۆ لای سیستانی ٣ سەعات گفتوگۆیان کردوە.

١٢ ی ١٢ ی ٠٣ هەینی:

پیتەر ماس، رۆژنامەوان لە (نیویۆرک تایمز مەگەزین) هات پرسیارەکانی لەسەر ئەو هێزە بو کە لە گروپی ٥ دروست ئەکرێ. کابرایەکی عەرەبی لە گەڵ بو ناوی ئەبو عومەر بو. بە گشتی هەمو حیزب و رێکخراو و کەسایەتییە عیراقییەکان دژی دروستکردنی میلیشیای حیزبین. خەڵک بیرەوەری ناخۆشیان لە میلیشیا هەیە:

مقاوەمەی شەعبی شیوعییەکان لە سەردەمی قاسمدا ساڵی ١٩٥٩.

حەرەسی قەومی بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٣.

جەیشی شەعبی و دواتر فیدائی صەدام لە سەردەمی بەعسییەکان.

هیچ کام لەمانە نمونەیەکی باش نەبون.

*

نەوزەر جاف لە گەڵ کورێک بە ناوی فەیصەل لە خێزانی عەجیل یاوەر هاتن پاشان پێکەوە چوین بۆ مەزرەعەکەی نەوزەر بۆ فراوین. ئەوە یەکەم رۆژ بو دوای چاکبونەوەم بچم بۆ دەرەوە. چونەدەرەوم پێنەکەوت.

١٤ ی ١٢ ی ٠٣ یەکشەم:

پاچەچی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمرۆی کرد.

بەیانی سەعات ١٠ لە مح کۆبونەوە بۆ باسی قانونی ئیدارە. دوێنێ کۆبونەوەیەکی تریان کردوە ئێمە ئاگادار نەبوین. هەمو ئەو مادانەی جێگای ناکۆکی و مشتومڕن، بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە مافی نەتەوەیی کوردەوە هەیە، لەسەر داوای عادل عەبدولمەهدی (نوێنەری حەکیم) باسکردنی دواخراوە، بۆ ئەوەی بە خێرایی بڕوا تەنیا ئەوانە باس ئەکرێن کە لە سەری پێکدێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە دو جێگای تری دنیا، لە هەمان کاتدا، گفتوگۆ لە سەر دەستور ئەکرێ:
لە ئەورووپا، باسی دەستوری یەکێتی ئەورووپا و
لە ئەفغانستان، لۆیا جەرگە کۆبۆتەوە بۆ گفتوگۆ لە سەر دەستوری ئەفغانی. پێموایە لە عیراقیش، ئەو مەجلیسە ئینتیقالییەی دروست ئەکرێ، دامەزراوێک ئەبێ لە بابەتی لۆیا جەرگە.

*

گیرانی صەدام

نیوەڕۆ هەواڵی گیرانی صەدام بۆ بە راست. شوێنی ژیان و چڕوچاویان پیشان دا. سەر و ریشی درێژ و چەپەڵ، زەلیل و روخاو هاتە بەرچاو. لە ناو بەغدا هەندێ تەقەی خۆشی کرا. چەند کەسێکی مح لەوانە: عەدنان پاچەچی، موەفەق روبەیعی، عادل عەبدولمەهدی، ئەحمەد چەلەبی... چون بۆ بینینی. دەربارەی رابوردو هیچ جۆرە پەشیمانییەکی پیشان نەداوە، بەڵکو بە جۆرێ وەڵامی پرسیارەکانی داونەتەوە کە ئەگەر بۆ میدیای باس بکەن بە ئازایەتی دائەنێن بۆ سەدام.

١٥ ی ١٢ ی ٠٣ دوشەم:

پاچەچی بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕۆی کرد.

زۆری گفتوگۆ تەرخان کرا بۆ جۆری دادگایی صەدام بۆ ئەوەی نەتوانێ دادگا بکاتە دوانگەیەک بۆ خۆی و خۆی بکا بە قارەمانی نەتەوەیی عەرەب.

بریمەر، جۆنز، ریچمۆند، جەنەرال سانچیز هاتن. بریمەر پێشنیاری کرد مح بە بۆنەی گیرانی صەدامەوە بەیانێ دەربکا ئاشتبونەوەی نیشتمانی (المصالحه الوطنیه) رابگەیەنێ و داوا لە میللەتی عیراق بکا یەک بگرن. مح پشتیوانییان کرد. وابزانم زۆریان نەیانئەزانی ئەم جۆرە ئاشتبونەوەیە چۆنە؟

*

سەعات ٤ ئەبو کۆبونەوەی تەواوکەری قانونی ئیدارە بکرایە. لەبەر ئەوەی زۆری ئەندامەکان نەهاتبون دواخرا بۆ کاتێکی کە.

*

جاک شیراک لە پاریس حەکیم و وەفدی مح: تاڵەبانی، صومەیدەعی، یۆنادم-ی بینی.

١٦ ی ١٢ ی ٠٣ سێشەم:

کۆبونەوەی ئەمڕۆ بە وەکالەت پاچەچی سەرۆکایەتی کرد.

بەیانەکەی دوێنێ موناقەشە کرا وشەی مصالحە لابرا و هەندێ بابەتی پچوک باسکران.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەعات ١٤ و ٣٠ دەقیقە کۆبونەوەی قانونی ئیدارە کرا. تا سەعات ١٦ گفتوگۆ بو. نەگەیشتینە ئەنجام. بە بیانوی موراعاتی وەزعی کوردستان تا نوسینی دەستوری دائیم ئەیانەوێ هەمو ئەو مادانەی پێوەندییان بە مافی نەتەوەیی کوردەوە هەیە باس نەکرێ و هەڵبگیرێ بۆ ئەنجومەنی هەڵبژێردراو و دەستوری دائیم. پاچەچی لەو بارەیەوە تا بڵێی قیرسیچمەیە. عەبدولمەهدی-یش هەڵوێستی لەو باشتر نەبو و دژی باسکردنی ئەو مادانە وەستا و ئەیەویست دوا بخرێ بۆ دوای هەڵبژاردن و نوسینی دەستور.

*

ئەندامانی مەجلیسی حوکم، لە باوەڕهێنانەوە بێ بە رەوایەتی مافی کورد یان بۆ رازی کردنی دڵی هاوولاتیە کوردەکانیان بێ، هەمویان فیدرالیزم وەکو سەرەتایەک ئەسەلمێنن. لە بەیانی دامەزراندنی مەجلیسی حوکمدا کە رۆژی ١٣ ی ٧ ی ٢٠٠٣ و لە بەیانە سیاسییەکەیدا کە رۆژی ٢٢ ی ٧ ی ٢٠٠٣ بڵاو کرایەوە، لە هەردوکیاندا سەرەتای فیدرالیزم سەلمێنراوە. زۆر لە ئەندامەکانیشی لە گفتوگۆی رۆژنامەوانییدا سەلماندویانەتەوە. فیدرالیزم شتێکی تازە نییە لە داهێنانی کورد بێ. چەندین دەوڵەتی فیدرالی پچوک و گەورە لە سەرانسەری دنیادا هەیە و چەندین نمونەی سەرکەوتویان پێشکەشی بیری قانونی و سیاسی مرۆڤایەتی کردوە، کەچی فیدرالیزم لە عیراقدا وەکو مەتەڵی لێهاتوە. هەر یەکە بە جۆرێ لێکی ئەداتەوە. کە دێنە سەر باسی ڕێکخستنی پێوەندی نێوان کوردستان و ناوەند و باسی جۆری فیدرالی و دەسەلاتەکانی و سنوری جوگرافی ئەکەن، ئەیانەوێ هەڵبگیرێ بۆ کاتی هەڵبژاردنی گشتی و نوسینی دەستور.

١٧ ی ١٢ ی ٠٣ چوارشەم:

کۆبونەوەی ئەمڕۆ بە وەکالەت پاچەچی سەرۆکایەتی کرد.

سەعات ١٠ بریمەر، جۆنز، ڕیچموند ئامادەی کۆبونەوە بون. بەزۆری باس لە دادگاییکردنی صەدام و کردنەوەی فرۆکەخانەی بەغداد بۆ گوێزانەوەی حاجی کرا.

سەعات ٢ و ٣٠ دەقیقە لە سەر داوای بریمەر لوجنەی نوسینی قانونی ئیدارە لە گەڵی کۆبونەوە ویستی بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا بزانێ چی کراوە. پاچەچی باسی مسۆدەی قانونەکەی کرد کە کوردەکان ئامادەیان کردوە. ئەو مادانەی لە سەری پێکهاتبون هەموی بۆ تەرجومە کرد. وتی: "هێشتا هەندێ باس ماوە درێژە بە گفتوگۆ ئەدەین بۆ تەواوکردنی. برا کوردەکانمان هەندێ داوایان هەیە باسی بکەین". ڕوی کردە من باسی بکەم. منیش ئیجازەم لێوەرگرت، وتم: "ئێمەی کورد بڕیارمان داوە لە ناو چوارچێوەی عیراقدا ئیتیحادی ئیختیاری هەڵبژێرین. ئەوە خیاری ستراتیجییمانە، بڕیاری پارلەمانە و هی سەرکردایەتی سیاسی کوردە، بەڵام لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابوردودا نەوەیەک دروستبون عەرەب ناناسن، عەرەبی نازانن، بەغدایان نەدیوە و جامیعەکانی عیراقیان نەدیوە. ئەبی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەرەب یارمەتییمان بدەن بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانە لە گەل عیراقی نوێدا بگونجێنین. ئێمە لە سەردەمی فەوجی ئیمام موسای کازمەوە جەیشی عیراق تا ئەو رۆژەی روخاوە لێی کوشتوین. رەنگە نیو ملیۆنی لێ کوشتبین لە بەر ئەوە ئێمە لە ئیستاوە گەرەنتی دەستوری و قانونییمان ئەوێ بۆ رێکخستنی پێوەندی کوردستان و مەرکەز و ئەمانەوێ ئەوە لەم قانونەدا تەسبیت بکرێ".

عەبدولمەهدی سەرەتا پشتیوانی لە قسەکانی من کرد بەڵام لە کۆتاییدا چەند "ئەمما"یەکی تێخست، وتی: "دو بۆچون هەیە، یەکێکیان ئەیەوێ لەم قانونەدا تەفسیلات بنوسرێ و ئەوی تریان ئەیەوێ ئیستا لەم قانونەدا مەبادیئ بنوسرێ و تەفسیلات هەڵبگیرێ بۆ کاتی هەڵبژاردنی گشتیی و نوسینی دەستور. کوردەکان لە لایەن میللەتەکەی خۆیانەوە هەڵبژێردراون دەسەڵاتی گفتوگۆ و بڕیاریان هەیە بەڵام ئێمە کەسمان هەڵنەبژێردراوین ئەو دەسەڵاتەمان نییە بۆیە ناتوانین بچینە تەفسیلاتەوە". وەکو خۆیان ئەڵێن: کلمە حق یراد بها الباطل.

ئەحمەد چەلەبی قسەی باشی کرد وتی: "ئەبێ یارمەتی سەرکردەکانی کورد بدرێ بۆ ئەوەی کورد رازی بکەن لە عیراقدا بمێننەوە".

بریمەر تەعلیقی لە سەر قسەکانی ئێمە نەدا. بەڵام پرسیاری مەسەلەی وەرگرتنی قەرز و میلیشیای کرد کە ئاخۆ لە قانونەکەدا چۆن چارە کراوە، هەروەها حکومەت چۆن باوەڕ وەرئەگرێ و کێ سامانی سروشتی بە کار ئەهێنێ؟ چەلەبی و پاچەچی وەڵامیان دایەوە.

حەکیم و وەفدی مح لە لەندەن تۆنی بلێریان بینی.

۱۸ ی ۱۲ ی ۰۳ پێنجشەم:

سەعات ۸ ی بەیانی بەڕێکەوتین بەرەو سلێمانی. لە رێگا دیسان نەخۆشییەکەم بۆ گەڕایەوە. تایەکی بەتینم لێهات. زۆر پەرێشان بوم. د- ئاری سامی و د- جەمال سالح هاتنە ماڵەوە فەحسیان کردم. خوێن و بەڵغەمم لێوەرگیرا. دەرمان و شرینقەی کۆرسێکیان بۆ ئامادە کردم.

*

حەکیم و وەفدی مح لە بەرلین گێرهارد شرۆیدەریان بینی.

۱۹ ی ۱۲ ی ۰۳ هەینی:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

سەید عومەری سەید عەلی، د- بەرهەم، کۆسرەت رەسول، بە جیا هاتن. بە کورتی کێشەی نوسینی قانونەکەم بۆ باس کردن و زۆری بەڵگەکانم دا بە سەید عومەر کۆپی بکا بۆ ئەندامانی (م س) و داوام لێکردن لە بەر گرنگیی بابەتەکە لە باتی من یەکێکی کە بنێرن بۆ بەشداری کۆبونەوەکانی لوجنەکە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٠ ی ١٢ ی ٠٣ شەمە:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

الجزیرە و العربیە ئەمڕۆ بڵاویان کردەوە کە نوێنەرەکانی کورد لە مح دا پرۆژەی قانونی فیدراڵییان داوە بە مح و داوایانکردوە کەرکوک بخرێتە سەری.

هەواڵی گفتوگۆی حکومەتی سودان و جنوب دەربارەی دابەشکردنی سامان و دەسەلات گەرمە. پێئەچێ لەسەر دابەشکردنی سامان گەیشتبنە رێککەوتن. بۆ ئێمە ئەوە نمونەیەکی گرنگە.

٢١ ی ١٢ ی ٠٣ یەکشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

حەکیم بەردەوامە لە گەشتەکەیدا. دوێنێ لە ئەمارات و ئەمڕۆ لە سوریا سەری دەرهێنا. لەمەیاندا مام جەلاڵی لەگەڵ نییە.

٢٢ ی ١٢ ی ٠٣ دوشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

قەناتی الجزیرە: یاسر ئەبو هیلالە، راپۆرتێکی باشی لە سەر خۆپیشاندانی کوردەکانی کەرکوک بڵاوکردەوە و باسی (تعریب قسری) کرد. مەیا بەیزون، لە بارەگای مح ەوە راپۆرتێکی لەسەر خواستی فیدراڵی کورد بڵاوکردەوە. لە بەختیار ئەمین (نوێنەری د- مەحمود)، شێخ غازی و حاجم حەسەنی (نوێنەری موحسین عەبدولحەمید)یان پرسی. بە گشتی باش قسەیان کرد.

قەناتی العربیە: راپۆرتێکی باشی لە سەر خۆپیشاندانی کوردەکانی کەرکوک خوێندەوە و لەگەڵ قازی دارا نورەدین گفتوگۆیەکی کورتی بڵاو کردەوە. دارا وتی: "کەرکوک بە درێژایی مێژو شارێکی کوردی بوە. سەد ساڵ لەمەوبەر ئینسکلۆپیدیای تورکی، کەرکوکی بە کوردی باس کردوە".

تورک لە زمانی وەزیری دەرەوەیان، عەبدولا گول-ەوە، سەبارەت بە پرۆژەی فیدراڵی وتویەتی: هەر گۆڕینێ لە یەکێتی ئەرزی عیراقدا کە یەکێتی ئەرزی و سیاسی عیراق تێکبدا داتەپینێکی مەترسیداری تر بە دوای خۆیدا ئەهێنێ.

وەفدی جامیعەی عەرەبی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد بن حلی یاریدەدەری ئەمینی عام گەیشتۆتە عیراق، کەوتۆتە گەڕان. سەردانی (مەراجیع) یان کردوە لە نەجەف و کەربەلا.

*

حەکیم و وەفدی مح لە مۆسکۆ سەرۆکی روسی ڤلادمیر پۆتین-یان بینی. صومەیدەعی بەپەلە رایگەیاند کە روسیا ٦٥% ی وامەکانی ئەکوژێنێتەوە، بەڵام روسیا دەسبەجێ بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

درۆی خستەوە. کۆژاندنەوەی هەندێ لە وامەکانی بەست بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەتنانەوە کە لە سەردەمی صەدامدا لە گەڵ عیراق بەستویانە.

*

عیراقی وامبار: لەسەر چەردەی وامەکانی عیراق قسە و باسی جۆراوجۆر هەیە. شارەزاکانی بانکی جیهانی بە ١٢٠ ملیار و هەندێکی تر بە ٢٠٠ ملیار و هەندێکی تر بە زیاتری دائەنێن. تا ئیستا ژمارەیەکی باوەڕپێکراو بە دەستەوە نییە کە چەند دەوڵەت وامیان لە سەر عیراق هەیە و هی هەر یەکەیان چەندە. دانانی وەزیری دەرەوەی پێشوتری ئەمەریکا جەیمس بەیکەر، لەلایەن سەرۆک بوشەوە، بۆ بەدواداچونی وامەکانی عیراق، کارێکی گرنگە. ڕەنگە هەر ئەو بتوانێ چەردەی وامەکان ساخ بکاتەوە و هەندێکیان ڕازی بکا لە بەشێ لە وامەکانیان خۆش ببن. بەیکەر کەوتۆتە گەڕان بە وڵاتانی: فەرەنسە، ئەلمانیا، ئیتالیا، بریتانیا، ڕوسیای وامداردا.

بە پێی بەیانێکی یانەی پاریس کە لە تەموزی ٢٠٠٣ دا بڵاوی کردبوەوە. ئەمە هەندێ لەو وامانەیە کە لەسەر عیراقن و هەموی لە پێش ٢ ی ئابی ١٩٩٠ دا، واتە پێش داگیرکردنی کوەیت، کردویەتی:

٤١٠٨ ملیۆن $ یابان
٣٤٥٠ ملیۆن $ ڕوسیا، هی سەردەمی یەکێتی سۆفیەتە.
٢٩٩٣ ملیۆن $ فەرەنسا
٢٤٠٣ ملیۆن $ ئەڵمانیا
٢١٩٢ ملیۆن $ ئەمەریکا
١٧٢٦ ملیۆن $ ئیتالیا
٩٣٠ ملیۆن $ بریتانیا
٨١٣ ملیۆن $ نەمسا
٥٦٤ ملیۆن $ کەنەدا
٤٩٩ ملیۆن $ ئوستڕالیا
٣٢١ ملیۆن $ ئیسپانیا
١٩٢ ملیۆن $ بەرازیل
١٨٥ ملیۆن $ سوید
١٨٤ ملیۆن $ بەلچیکا
١٥٢ ملیۆن $ فینلەندا
١١٧ ملیۆن $ سویسرا
٩٦ ملیۆن $ هۆلەندا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥٤ ملیۆن $ کۆریای جنوبی
٣٠ ملیۆن $ دانیمارک

هەندێ لە وامدارەکان، ئەندامی یانەی پاریسن. یانەی پاریس پێکهاتوە لەم ١٩ دەوڵەتە: ەڵمانیا، فەرەنسا، بریتانیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، هولەندا، نەمسا، بەلچیکا، سویسرا، ئیرلەندە، .انیمارک، فینلەندا، نەرویج، سوید، روسیا، ئەمەریکا، کەنەدا، ئوستڕالیا، یابان. ئەندامانی یانەی پاریس٤١ ملیار دۆلار قەرزیان لە سەر عیراقە.

هەندێکی تری وامدارەکان، ئەندامی یانەی پاریس نین، وامی ئەمان لە سەر عیراق بە ٦٢ ملیار دۆلار ئەخەملێنرێ. بەشێکی زۆری ئەم وامانە هی وڵاتانی خەلیجە.

٧ دەوڵەتە پیشەسازییەکە رێککەوتون تا کۆتایی ٢٠٠٤ لە سەر رێکخستنەوەی وامەکانی عیراق، لە ناو خۆیاندا بگەنە ئەنجامێ.

زۆری ئەو وامەی لە سەر عیراق کەڵەکە بوە صەدام، بێ ئاگاداری و بێ رەزامەندی و موافەقەتی گەلی عیراق، کردویەتی. تفاقی جەنگی و کەلوپەلی شەڕی پێ کڕیوە بۆ سەرکوتکردنی گەلی عیراق و پەلاماردانی ئێران و کوەیت، نەک بۆ سودی خەڵکی عیراق. ئەم جۆرە وامە بە عەرەبی پێی ئەوترێ: (الدیون الکریهه) یان (الدیون المعیبه) و بە ئینگلیزی (odious debt)، وە بە (وامی ناشەرعی) و (وامی ناقانونی) دانەنرێ.

ئیستا دەنگی قانونی لە دنیادا زۆرە کە ئەڵێ: حکومەتی شەرعی و هەڵبژێردراوی داهاتوی گەل ئەتوانێ نکولی لە دانەوەی ئەم جۆرە وامانە بکا. ئەو دەنگانە پێیان وایە داننان بە (سەرەتای وامی ناشەرعی)دا بە سودی گەلی وڵاتی وامبارە چونکە رێ ئەگرێ لە دەوڵەتانی تر یارمەتی دارایی نیزامێکی ناشەرعی بدەن، لە ترسی ئەوەی ئەم دەوڵەتانە لە پاشەرۆژدا نەتوانن وامەکانیان وەربگرنەوە، لە کاتێکدا کە حکومەتێ دابمەزرێ نوێنەری گەل بێ.

*

عیراقی ئیستا، جگە لەو وامانەی کە لە سەر حکومەتی صەدام کەڵەکە بوە و زۆری بۆ کڕینی تفاقی جەنگی بە کار هێناوە، پارەیەکی زۆری بژاردنی زەرەر و زیانی جەنگیی، بە تایبەتی هی پەلاماردانی کوەیتی، هاتوتە سەر. بە پێی هەندێ سەرچاوەی ئاگادار:

٣٢٠ ملیار $ داواکاری بژاردنی زیانی: کەس، کۆمپانی، حکومەت، رێکخراوی ناودەوڵەتی، چۆتە بەردەم کۆمیتەی بژاردنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.

١٤٨ ملیار $ لەو ٣٢٠ ملیارە، داواکاری کەس و خێزانە.

٤٣ ملیار $ لەو ١٤٨ ملیارە داواکارییە، کۆمیتەی بژاردن موافەقەتی لە سەر بژاردنی کردوە.

١٦ ملیار $ لەو ٤٣ ملیارە، تا ئیستا لە داهاتی (پرۆگرامی نەوت بە خۆراک) دراوەتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٧ ملیار &، لەو ٤٣ ملیارە، هێشتا ماوە کە ئەبێ عیراق لە ساڵانی داهاتودا ببیژێرێ.

ماوەیەک لەمەوبەر بریمەر داوای لە کوەیت و سعودیە کرد لە هەندێ لە وامەکانی خۆیان خۆش ببن، هەردوکیان بە تووندی چونەوە بە گژ ئەو داوایەدا. کوەیت سەرەڕای ئەوەی لە چەند ساڵی رابوردودا چەندین ملیاری لە پارەی پرۆگرامی نەوت بە خۆڕاک لە باتی زەرەری جەنگ وەرگرتۆتەوە، هێشتا داواکاری ١٧٧ ملیار دۆلارە لە عیراق.

*

تێبینی: ئەم وشانەم بۆ ئەم مەبەستانە بە کار هێناوە،

چەردە: مقدار

خەملاندن: تقدیر

وام: قەرز، دین (پێشینان وتویانە: مامە مامە دنیا دەستەوامە)

وامدار: خاوەن قەرز، دائن (وەکو سەرمایەدار، پارەدار)

وامبار: قەرزار، مدین (وەکو گوناهبار، گرانبار، خەمبار)

٢٣ ی ١٢ ی ٠٣ سێشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم. چوم بۆ نەخۆشخانە. د- شازاد و د- حەمە جەزا و هەندێ لە دکتورەکانی ترم بینی. بە ئامادەبونی د- ئاری سامی و د- جەمال سالح سکانیان بۆ کردم. شرینقەکانیان بۆ گۆریم.

٢٤ ی ١٢ ی ٠٣ چوارشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

ئەمشەو لە گۆیژە و ئەزمڕ کراسێ بەفر باریوە.

وەفدی جامیعەی عەرەبی لە گەل مح کۆبۆتەوە.

سەید عومەر و عیماد هاتن وتیان: مام جەلال گەیشتۆتەوە کوردستان.

٢٥ ی ١٢ ی ٠٣ پێنجشەم:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

وەکو الجزیرە پیشانی دا، وەفدی جامیعەی عەرەبی، بە سەرۆکایەتی ئەحمەد بن حلی، هاتون بۆ سلێمانی. لەگەل د- بەرهەم کۆبونەتەوە.

هەواڵەکانی الجزیرە و قەناتەکانی تر ئەڵێن: کۆبونەوەی (مجلس شوری أهل السنه والجماعه فی العراق) لە مزگەوتی (أم القری) لە بەغداد دەستی پێکردوە. وەکو قسەکەری رەسمیی خۆیان وتی: "ئیخوان و سەلەفی و صوفی کۆکردۆتەوە". پێئەچێ ئەمە وەکو بەرەیەکی فراوان بێ بۆ کۆکردنەوەی هەمو حیزب و هێز و کەسایەتییە سوننییەکانی عیراق بۆ دیفاع لە سوننە لە بەرامبەر شیعەدا و دروستکردنی گوشار بۆ سەر سام، کە لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حوکمی عیراقدا بەشی زۆرتری سوننە بدەن. حیزبی ئیسلامی عیراقی و یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەم مەجلیسەدان.

٢٦ ی ١٢ ی ٠٣ هەینی:

ئەمڕۆش نەخۆش بوم.

وەکو الجزیرە پیشانی دا، ئەحمەد بن حلی سەردانی هەڵەبجەی کردوە.

٢٧ ی ١٢ ی ٠٣ شەممە:

ئەمڕۆ، لە چاو رۆژانی پێشودا، باشتر بوم.

زنجیرەیەک تەقینەوە، بە ٢ ئۆتۆمۆبیلی بۆمبدار، لە کەربەلا رویانداوە. لە هێزی تێکەڵاوی ناوەدەوڵەتی ٤ بولغاری و ٢ تایلاندی و لە خەڵکی عیراق ٧ کەس کوژراون. نزیکەی ١٠٠ کەس بریندار بون.

*

وەکو کوردستانی نوێ نوسیوێتی، سێر گرینستۆک، نێردراوی تایبەتی تۆنی بلێر بۆ عیراق، بەیانی ئەمڕۆ بە فڕۆکە هاتۆتە سلێمانی لەگەڵ مام جەلال و د- بەرهەم کۆبۆتەوە. هەمان رۆژ بە فڕۆکە گەڕاوەتەوە. یەکێ لە باسەکانیان فیدرالیزمی کوردستان بوە.

*

پەیامنێری رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە بەغداد بیرورای سیستانی پرسیوە دەربارەی رێککەوتنی ١٥ ی ١١ ی گواستنەوەی دەسەلات. سیستانی لە وەڵامەکەیدا رۆژی ٣ شەوال بەرامبەر ٢٧ ی ١٢ ئەمجارەش وەکو جارەکانی پێشو پێ لە سەر هەڵبژاردن دائەگرێ. لێرەدا پرسیارەکە و وەڵامەکە هەردوکی ئەنوسمەوە:

السؤال: ماهی وجهه نظر السید السیستانی بالنسبه الی الخطه الجدیده لانتقال السلطه فی العراق؟ هل یرتضیها؟

الجواب: بسم الله الرحمن الرحیم

ان لسماحه السید – دام ضله – بعض التحفضات علی الخطه المذکوره:

(اولا): انها تبتنی علی إعداد قانون الدوله العراقیه للفتره الانتقالیه من قبل مجلس الحکم بالاتفاق مع سلطه الاحتلال، وهذا لایضفی علیه صفه الشرعیه، بل لابد لهذا الغرض من عرضه علی ممثلی الشعب العراقی لاقراره.

(ثانیا): ان الالیه الوارده فیها لانتخاب اعضاء المجلس التشریعی الانتقالی لا تضمن تشکیل مجلس یمثل الشعب العراقی تمثیلا حقیقیا، فلابد من استبدالها بالیه اخری تضمن ذلک وهی الانتخابات، لیکون المجلس منبثقا من اراده العراقیین ویمثلهم بصوره عادله، ویکون بمنأی عن ای طعن فی شرعیته، ولعل بالامکان اجراء الانتخابات اعتمادا علی البطاقه التموینیه مع بعض الضمائم الاخری. ٣ شوال ١٤٢٤ مکتب السید السیستانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٩ ی ١٢ ی ٠٣ دوشەم:

پێشەچن ئەمڕۆ هەندێ لە ئەندامانی مح بەشداری کۆبونەوە نەبوبن، حەکیم فرسەتی هێناوە، وەکو ڕۆژنامەکان نوسیویانە، بڕیارێکی گرنگی داوە:

قرار ١٣٧: قرر مجلس الحكم بجلسته المنعقده بتاريخ ٢٩، ١٢، ٢٠٠٣ ما يلي:

١. تطبيق أحكام الشريعه الاسلاميه فيما يخص الزواج والخطبه وعقد الزواج والاهليه واثبات الزواج والمحرمات وزواج الكتابيات والحقوق الزوجيه من مهر ونفقه وطلاق وتفريق شرعي او خلع والعده والنسب والرضاعه والحضانه ونفقه الفروع والاصول والاقارب والوصيه والايصاء والوقف والميراث وكافه المحاكم الشرعيه (الاحوال الشخصيه) وطبقا لفرائض مذهبه.

٢. الغاء كل القوانين والقرارات والتعليمات والبيانات واحكام المواد التى تخالف الفقره (١) من هذا القرار.

٣. يعمل به من تاريخ صدوره.

السيد عبدالعزيز الحكيم

رئيس مجلس الحكم

٢٩/ ١٢/ ٢٠٠٣

لە کاتێکدا هەمو جۆلانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانیان لە عیراقدا داوا ئەکەن هەندێ مادەی قانونی ئەحوالی شەخصی بە قازانجی ئافرەت بگۆڕێ و یەکسانی ژن و پیاو لە هەمو بوارەکانی ژیاندا جێبەجێ بکرێ و ڕێ بە ئافرەت بدرێ بەشداریەکی زۆرتر و کاریگەرتر لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا بکا، کەچی لەو کاتەدا حەکیم ئەم بڕیارەی بۆ دەرکردون.

جۆری بیرکردنەوەی حەکیم، پێشەوای مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی، لە مەسەلەی ژناندا ڕەنگدانەوەی جۆری بیرکردنەوەی خۆی و ڕێکخراوەکەیەتی لە هەمو لایەنەکانی ژیاندا.

ئەم بڕیارە، ئەگەر جێبەجێ بکرێ، کۆمەڵی عیراق چەند قۆناغ ئەگێڕێتەوە بۆ دواوە.

نازانم ئەوانەی ئەو ڕۆژە لە کۆبونەوەی مح دا ئامادە بون کێ بون و چەند بون و چۆن ئەم بڕیارە وا بە ئاسانی تێپەڕیوە. ئەمە زەنگی خەتەرە ئەگەر ڕێکخراوە دینییەکان دەستیان بڕوا چۆن عیراق بە دەردی ئێران و ئەفغانستان ئەبەن.

بریمەر بۆ ڕاگرتنی ئەم بڕیارە قیتۆی بە کارهێناوە. لە کۆبونەوەی مح دا بە ئاشکرا وتویەتی کە لەسەر ئەم بڕیارە موافیق نییە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەکو الجزیرە و قەناتەکانی تر بڵاویانکردەوە، بارزانی داوای کردوە دەسکاری ڕێککەوتنی گواستنەوەی دەسەڵاتی نێوان سام – مح ی ڕۆژی ١٥ ی ١١ بکرێ، مافی گەلی کورد، فیدرالی سیاسی – نەتەوەیی، تێدا بنوسرێ.

٢١ ی ١٢ ی ٠٣ چوارشەم:

دیسان نەخۆشییەکەم بۆ گەڕاوەتەوە. وا بزانم لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا سەفەرم بەرەو (دار السرور) دەس پێکردوە.

*

لەوەتی جەنگی ڕزگاری عیراق دەستی پێکردوە لە کاتی شەڕەکەدا و لە دوای ئەوەوە لە عیراق، لە هێزی دەوڵەتانی هاوپەیمان:

٤٧٨ ئەمەریکی و

٥٢ بریتانی و

٣٥ کەس لە نەتەوەی جیاوازی هێزی هاوپەیمانەکان، کوژراون.

عیراقی چەند کوژراون؟ ئەوە مەگەر خوا هەر خۆی بیزانێ!

لە کەرکوک، عەرەب و تورکومان خۆپیشاندانیان کردوە. نایانەوێ بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان. وەڵامدانەوەی خۆپیشاندانی چەند ڕۆژ لەمەوپێشی کوردەکانە. هەندێکیان بەرەو بارەگای یەکێتی چون. تەقە ڕویداوە. هەندێک ئەڵێن ٢ کەس و جەزیرە ئەڵێ ٥ کەس کوژراون.

*

ئەمڕۆ ساڵی ٢٠٠٣ تەواو ئەبێ. پێ ئەنێینە ساڵێکی تازەوە. ئەمساڵ لە میژوی کوردا جێگەیەکی تایبەتی ئەبێ.

٩ ی مانگی ٤ ی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی صەدام و ڕژیمی بەعس لە بەغداد، بە دوای ئەویشدا لە هەمو عیراقدا، ڕوخا.

ڕژیمی بەعس ئامادە نەبو گوێزانەوەی هێمنانەی دەسەڵات، بە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیمۆکراتی، لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر قبوڵ بکا.

مانگرتن و خۆپیشاندان و هەمو شێوەکانی بەرگری سەلبی لە کردن نەئەهات.

هەمو هەوڵەکانی موعارەزەی عیراقی بە درێژایی دەیان ساڵ بۆ گۆڕینی ڕژیم، بە ڕێگەی ئینقیلابی عەسکەریی، جەنگی پارتیزانی، کوشتنی سەرانی ڕژیم، پیلانگێڕان بە هاوکاری دەوڵەتانی دراوسێ... بێ ئەنجام بون.

٨ ساڵ جەنگی عیراق – ئێران و جەنگی عیراق – هاوپەیمانێتی ٣٠ لایەنەی دنیایی، ڕژیمی بەعسی نەڕوخاند.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەلومەرجی عیراق وەکو هەلومەرجی ئەڵمانیای نازی سەردەمی هیتلەر و ئیتالیای فاشی سەردەمی مۆسۆلینی و فەرەنسای سەردەمی مارشال پیتان و ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ و پورتەغالی سەردەمی سالازاری لێ هاتبو. رژیمی تۆتالیتاری بەعس بە چەشنێ خۆی قایم کردبو هێزەکانی ناوخۆ لە تواناياندا نەبو هیچ جۆرە گۆڕینێکی بنەڕەتیی لە سیستەمی سیاسی وڵاتەکەدا بکەن. گۆڕین تەنیا بە هێزێکی گەورە بەڵکو بە زلهێزێکی گەورەی وەکو ئەمەریکا ئەکرا.

*

رژیمی تۆتالیتاری بەعس و دەسەڵاتی دیکتاتۆری صەدام، لە لایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیەوە، روخێنرا. سەرۆک بوش و کاربەدەستانی ئەمەریکی پێش لێدانی عیراق و لە کاتی لێدانیدا و پاش لێدانی لە هەمو بۆنەیەکدا بەڵێنیان بە گەلی عیراق ئەدا، کە یارمەتی گەلی عیراق بدەن سەرلەنوێ دەوڵەتی عیراق بینا بکاتەوە و وڵاتەکەی ئاوەدان بکاتەوە و رژیمێکی سیاسی و ئابوری ئەوتۆ دابمەزرێنێ، لە ناوچەکەدا ببێتە نمونە. چەند جارێ بە ئاشکرا باسی کورد و شیعە و سونە و سیستەمی فیدرالی کرد. دەسەڵاتی ئەمەریکی لە عیراقدا بڕیاری دا:

- حیزبی بەعس هەڵبوەشێنێتەوە و کۆمەڵی عیراقی و هەمو داوودەزگا حکومەتییەکان پاک بکاتەوە لە بیرەباوەڕی بەعسی و ٥ پلەی کاربەدەستەکانی (ئەندامانی فیرقە، شوعبە، فەرع، مەکتەب، قیادەی قوتری) لە کاروباری گشتیی دوربخاتەوە.

- جەیشی عیراق و حەرەسی جمهوری و حەرەسی خاص و دائیرەکانی ئەمن و موخابەرات و وەزارەتی دیفاع هەڵبوەشێنێتەوە، کە دوژمنی هەرە گەورەی میللەتی عیراق و بە تایبەتی هی میللەتی کورد بون، پاریزەری صەدام و رژیمەکەی و بەرپرس بون لە جینۆسایدو و هەمو تاوانەکانی بەرامبەر گەلانی عیراق و ئێران و کوێت.

- وەزارەتی ئیعلام و داوودەزگاکانی بینین و بیستن و نوسین، کە زۆرناژەنی بەعس و دەسکەلای صەدام و کۆرەکانی بون هەڵبوەشێنێتەوە.

- رێگەی بە دەوڵەتانی دراوسێ و هێزەکانیان نەدا دەس وەر بدەنە کاروباری عیراق بە تایبەتی هی کوردستانەوە.

هەر لە ئەنجامی روخانی رژیمی بەعسدا

- تەعریب و تەهجیر و تەرحیل لە کوردستاندا تا رادەیەکی باش کز بو و دەرکراوەکانی کورد و تورکومان هەلیان بۆ رەخسا بگەڕێنەوە سەر ئەرزی باووباپیرانیان.

- گروپی تیرۆریستی ئەنسار ئەلئیسلام لە هەورامان هەڵکەنرا. هەندێکیان کوژران و ئەوانی تریان پەرەوازە بون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- بە دەیان رۆژنامە، خاوەن بیروڕا و رێبازی جیاواز، لە بەغداد و شارەکانی تری عیراق بە ئازادی دەرچون و بڵاوبونەوە.
- بە دەیان حیزب و رێکخراوی سیاسیی و پیشەیی کەوتنە خۆ ئاشکراکردن و چالاکی.
- بازاڕی عیراق و سنورەکانی بۆ بازرگانیی ئازاد کرانەوە.

شوێنەوارەکانی رژێمێکی دیکتاتۆری کە ٣٥ ساڵ حوکمی وڵاتی کردوە بە ٣٥ رۆژ ناسڕێتەوە و چەوتیەکانی هەروا بە ئاسانی راست ناکرێنەوە. رووداوێکی وا گەورە بێگومان بە دوای خۆیدا زۆر دیاردەی سەلبی ئەهێنێ.

لە بەغداد هێشتا ئاسایش دابین نەکراوە. بێکاریی زۆرە. کارەبا و ئاو بە کەمی و پچڕ پچڕی هەن. تەلەفۆن، لە هەندێ گەڕەکدا هەیە، بەڵام تەلەفۆنی گشتیی ناو بەغداد و لەگەڵ باقی پارێزگاکان و لەگەڵ دەرەوەی عیراق، هێشتا نییە. رادیۆ و تەلەفزیۆنی عیراقیی سەرتاسەریی نین. فڕۆکەخانە بۆ هاتوچۆی ئاسایی نێوان عیراق و دەرەوە نەکراوەتەوە.... زۆر شتی تریش.

بە ئومێدی ئەوەی ساڵی داهاتو خۆشتر بێ!

کانونی دوەمی ٢٠٠٤

ئەم مانگە د- عەدنان پاچەچی سەرۆکایەتی مج ئەکا.

پاچەچی ٨٢ ساڵە، لە خێزانێکی ئاریستۆکراتی بەغدادییە، موزاحیم پاچەچی باوکی لە سەردەمی مەلەکییدا چەند جارێ بۆتە وەزیر و سەرۆەزیر. لە سەرەتای ژیانییەوە، لە سەردەمی مەلەکییەوە، لە وەزارەتی دەرەوەدا کاری کردوە و دوای گۆڕانی بە جمهوریەت هەر لە ریزی دیپلۆماسییدا مایەوە. لە نوێنەرایەتی عیراقدا لای نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزرا و ساڵانی ١٩٦٤ – ١٩٦٥ بو بە سەرۆکی. لە وەزارەتەکەی عەبدورەحمان بەزاز دا ١٩٦٥ – ١٩٦٦ بو بە وەزیری دەرەوە. لە وەزارەتەکەی ناجی تالیب دا هەمان پۆستی هەبو تا ١٩٦٧. ئینجا بو بە نوێنەری عیراق لە ر ن ی. دوای هاتنی بەعس هەر لەو شوێنەدا مایەوە. پاش ٦ مانگ ١٩٦٩ وازی هێنا. چو بۆ خەلیج بو بە راوێژکاری شێخ زاید ئال نهیان. دوای پێکهێنانی دەوڵەتی ئەماراتی یەکگرتو ئەم یارمەتییەکی زۆری دان لە دامەزراندنی وەزارەتی دەرەوەداو لە نوێنەرایەتی (ن ی) دا.

پاچەچی خۆی دور رائەگرت لە چالاکییە ئاشکراکانی موعارەزەی عیراقی و نەچوە ناو موئتەمەرەوە. پێش روخانی صەدام بە ٦ مانگ کۆنگرەیەکی لە لەندەن بەست و رێکخستنێکی دروست کرد بە ناوی (تجمع الدیمقراطیین المستقلین) زۆری ئەوانەی لێ کۆبونەتەوە پێشتر شیوعی و قەومی بون. پاش روخانی صەدام گەڕایەوە عیراق. بارەگای رێکخراوەکەی لە بەغدادە و رۆژنامەی (النهضه) دەرئەکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١ ی ١ ی ٢٠٠٤ پێنجشەم:

پێشەچێ پرۆژەکەی گرووپی کوردی مەجلیس کە دراوە بە مح بۆ سەلماندنی فیدرالیزم لە قانونی ئیدارەی عیراقدا، لە ناو ئەندامانی مح و لە ناو رای گشتی عەرەب و لە لای کاربەدەستانی سام بە جۆری جیاواز دەنگی دابێتەوە. تورکیا و سوریا بە ئاشکرا دژین. هەندێ لە ئەندامانی عەرەبی مح داوا ئەکەن کە ئەم داوایەی کورد دوا بخرێ بۆ ئەو کاتەی هەڵبژاردنی گشتی ئەکرێ و دەستووری دائیمی ئەنوسرێ.

*

٢ ی ١ ی ٠٤ هەینی:

ئەمڕۆش نەخۆشم.

من ١٠ رۆژ زیاترە لە بەغداد نیم. دوربەدور چاودێریی رووداوەکان ئەکەم. ئاگاداریەکانم دەستی دووەمە عادل موراد و توانای فایەق هوشیار بۆم ئەنێرن.

تالەبانی و د- بەرهەم لە سلێمانییەوە چون بۆ هەولێر.

جەنەرال مارک کیمیت، وتەبێژی هاوپەیمانان، لە کۆنفرەنسی رۆژنامەوانییدا لە بەغداد وتی: "بڕیمەر چوە بۆ هەولێر بۆ کۆبونەوە لە گەڵ تالەبانی و بارزانی دەربارەی ڕێکەوتنەکەی ١٥ ی ١١ ی ٠٣".

یەکێ لە باسەکانیان فیدرالیزم بوە.

(بڕوانە کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٢٦١، رۆژی ٢٠٠٤/١/٤)

*

دوێنێ هێزی ئەمەریکی بە هاوکاری لەگەڵ پۆلیس و دیفاعی مەدەنی چونەتە سەر مزگەوتی ام الطبول کە ئیستا ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ ئیبن تیمیە. گومانیان هەیە ئەم مزگەوتە یەکێ بێ لەو شوێنانەی تێرۆریستەکان وەکو بنکە بە کاری بهێنن بۆ هێرشەکانیان. ٣٤ کەسیان گرتوە لەوانە: مهدی الصمیدعی، مەلای مزگەوتەکە. ئەمانە ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە بە ناوی (هیئە الارشاد والفتوی) کە ڕێکخراوێکی سەلەفییە. وەکو خۆیان، لە زمانی عبدالسلام الجنابی مەلایەکی تری مزگەوتەکە، ئەڵێن خەریکی کۆبونەوە بون بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ (مجلس شوری أهل السنه والجماعه)، کە تازە دامەزراوە، ڕێکبخەن.

سوننەی عیراق کەوتونەتە جموجول. شیعە حەوزەیان هەیە کە بۆتە مەرجەعێکی گوێ لێگیراو. سونە مەرجەعێکیان نییە لە ناو خەڵکدا گوێ لێگیراو بێ. دوای روخانی صەدام ڕێکخراوێکیان دروستکرد بە ناوی (هیئە علماء المسلمین فی العراق). ئەم هەیئەیە نەیتوانی ببێتە مەرجەع بۆ سونە. ئیستا هەمو تەیار و حیزبە ئیسلامییەکانی سونە ئەیانەوێ ئەو بۆشاییە پربکەنەوە و پێکەوە شتێک دروستبکەن، قورسایی مەزهەبی - سوننی هەبێ، لە لایەکەوە بەرامبەر بە هەڵچونی شیعە رابوەستێ و لە لایەکی ترەوە گوشار بۆ سەر ئەمەریکا دروست بکا بەشی سونە لە حوکمی عیراقدا زۆرتر بکا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

ئەمەریکا بە تەمایە سەفارەتێ لە عیراق دابمەزرێنێ گەورەترین سەفارەت ئەبێ لە هەمو دنیادا. وەکو ئەڵێن ٣ هەزار کەس کاری تێدا ئەکەن. ئیستا سام، وەکو بریمەر جارێکیان وتی، ٣٧٠٠ فەرمانبەری هەیە. رەنگە داوودەزگاکانی سام ببێ بەم سەفارەتە. کاروباری عیراق بە وەزارەتی دەرەوە ئەسپێردرێ.

*

وەکو ژمارەی ئەمڕۆی رۆژنامەی الشرق الاوسط نوسیوێتی:

لە نەجەف، صەدرەدین قەبانچی نوێنەری مەجلیسی ئەعلا، لە وتاری جومعەدا دژی فیدرالی دواوە.

لە مەسجیدی کوفە، موقتەدا صەدر دژی فیدرالی دواوە.

سونگول لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ الشرق الاوسط دژی فیدرالی کوردستان دواوە، ئەیەوێ سیستەمی فیدرالی بۆ هەمو عیراق بێ. ئەگەر کوردستان دروست ببێ، هەڕەشەی دروستکردنی تورکمانستانی کردوە کە لە تەلەعفەرەوە دەس پێئەکا تا مەندەلی.

د- ئەحمەد کوبەیسی پێشەوای (الحرکه الوطنیه الموحده) کە ڕێکخراوێکی سونییە رۆژنامەی (الساعه) دەرئەکا چەند جارێ بە ئاشکرا دژی فیدرالی دواوە.

٢ ی ١ ی ٠٤ شەمە:

کۆبونەوەی م س لە دوکان. من لە بەر نەخۆشی نەمتوانی بچم.

بە بۆنەی ئەم کۆبونەوەیەوە پێرێ نامەیەکم بۆ مام جەلال نوسی کە: ١- لەبەر نەخۆشی لە باتی من بۆ کۆبونەوەکانی بەغداد یەکێکی تر بنێرن. ٢- لە مح دا پێویست بە خۆکۆکردنەوە هەیە بۆ موقاتەعە. نامەکەم دا بە عومەر فەتاح بیداتێ. شەو درەنگانێ مام جەلال وەڵامی نامەکەی بۆ نوسیومەتەوە. لە دوا بڕگەدا ئەڵێ:

" بۆچونەکانیشت لە سەر قانونەکە کتومت وەک بۆچونەکانی بەندەی موخلیستان وایە منیش پێموایە کە وەختی "وقفه مع الصدیق" هاتووە هەم لە گەڵ (CPA) و هەم لە گەڵ (GC)".

*

پاچەچی لە پرۆگرامی (حوار مع الصحافه) کە تەلەفزیۆنی عیراقی ئێوارەی شەمە لەسەر یەکشەم بڵاویکردۆتەوە لە سەر پرسی فیدرالی وتویەتی:

"شکل العلاقه بین المنطقه الکردیه والحکومه المرکزیه فی العراق... موضوع سینظمه الدستور الذی سیضعه مؤتمر ینتخب اعضاءه فی انتخابات عامه حره..

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"قبلنا من حيث المبدأ بالفيدراليه.. لكن تفاصيل النظام الفيدرالى يجب ان تقر فى الدستور ولا استطيع ان اقول الان اى نوع (من النظام) سيكون عندنا فى العراق لان مجلس الحكم ليس مجلسا منتخبا مع انه يمثل قطاعات كبيره فى العراق..

"منذ بدايه الدوله العراقيه اعترفنا بأن الاكراد قوميه تختلف عن قوميه الاغلبيه العربيه فى العراق..

"ان هذا الاعتراف ترتب عليه ان يكون للمنطقه الكرديه وضع خاص.. وهذا شئ اعترفت به كل الانظمه والحكومات التى تعاقبت على حكم العراق منذ تأسيس الدوله العراقيه قبل اكثر من ثمانين سنه..".

٤ ی ١ ی ٠٤ یەکشەم:

پاچەچی بە ناوی مح ەوە بەیانی ڕۆژنامەوانی ژ ١٠٧ ی دەربارەی یادی ٨٣ ساڵەی دامەزراندنی الجيش العراقى "الباسل" دەرکردوەو ڕۆژی ٦ ی ١ ی وەکو جاران بە پشوی ڕەسمی داناوە و نوسیوێتی: "سيبقى عطله رسميه لما له من اهميه كبيره فى تاريخ الدوله العراقيه الحديثه".

*

د- موحسین عەبدولحەمید، ئەمینی عامی حیزبی ئیسلامی عیراقی، لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانییدا دەربارەی فیدرالی هەندێ بیروڕای دەربڕیوە، لێرەدا ئەینوسمەوە:

صحيفه الحياه اللندنيه ٤/ ١/ ٢٠٠٤:

مقابله ابراهيم خياط مع محسن عبدالحميد

وفى ما يتعلق بالجدال المحتدم فى العراق حول الفيدراليه الجغرافيه والفيدراليه الوطنيه والنزاع الساخن الذى بدأت مدينه كركوك تشهد فصوله قال: "الاكراد يقولون ان محافظه كركوك هى فى الاساس محافظه كرديه يسكنها التركمان والعرب منذ القديم. وهم اعترفوا مع هذا بأن هذه المحافظه تبقى عنوانا للتاخى والمحبه ولم يطالبوا فى مجلس الحكم بإدخالها فى اقليم كردستان حفاظا على هذا المبدأ..

ولفت الى أن: "بعض الاطراف فى المجلس تلكأ عن فكره الفيدراليه التى وقع على وثيقتها فى الخارج بالاجماع ما أدى بالاكراد الى الاعتقاد بانها تتنصل من وعودها..

واضاف: "هذه المواقف أدت فى رأيى الى صدور التصريحات الاخيره بان منطقه كركوك تدخل فى عداد كردستان. وهذه القضيه مطروحه للنقاش بين جميع الاطراف فى مجلس الحكم وفى اعتقادى اننا سنصل الى إقرار بعض المبادئ المهمه فى هذا المجال فى قانون الاداره المؤقت..

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

واعتبر إن: "الاقرار بالفيدراليه للاكراد يقوى وحده العراق ولا يضعفها" لافتا الى ان "الاكراد والاحزاب الكرديه الموجوده فى المجلس قد لا تطالب باستقلال المنطقه الكرديه، بل هم يؤكدون ان عاصمتهم بغداد وان هذه الفيدراليه تجرى فى اطار الوحده العراقيه الكامله.."

٦ ی ١ ی ٠٤ سێشەم:

ئەمرۆ سەرۆکی سوری بەشار ئەسەد ئەچێ بۆ تورکیا. لە دوای سەربەخۆیی سوریاوە ئەوە یەکەمین جارە سەرۆکێکی سوری سەردانی تورکیا بکا. لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سوریاوە چەندین ناکۆکی ئەرزیی – لیوای ئەسکەندەرونە، ئاویی – دابەشکردنی ئاوی فورات، سیاسیی ... لە پێوەندییدا لە گەڵ تورکیا رەنگی داوەتەوە. ئەم دو دراوسێیە پێوەندییان هەمیشە بە ڕوالەت ئاسایی و لە ناوەڕۆکدا ئاڵۆز بوە.

پێش سەردانەکەی لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنییدا لە گەڵ قەناتی (CNN) ی تورکی ئەسەد وتویەتی: وڵاتەکەی ئەو دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە لە عیراقدا. دابەشکردنی عیراق و جیابونەوەی کورد شکاندنی خەتی سورە بۆ هەمو دەوڵەتانی ناوچەکە. (تحذير) ی عیراقی کردوە لە پشتیوانی کورد بۆ جیابونەوە.

*

کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س یەکێتی و پارتی لە دوکان بە ئامادەبونی تالەبانی و بارزانی بۆ لێدوان لە سەر هەلومەرجی کوردستان و یەکخستنی هەڵوێستی هەردو حیزب لە کێشەی فیدرالی.

بریمەر پرۆژەیەکی بۆ ناردون بۆ یەکخستنی بۆچونی سەرکردایەتی کوردو سام لە سەر فیدرالیزم. پرۆژەکە، دیارە لە ئینگلیزییەوە تەرجومە کراوە، تەرجومەکەی چەوت و ناقوڵایە، ناوەرۆکی پرۆژەکەش لە ئاستی تەرجومەکەدایە، ئەوەندە خراپە ناهێنێ لێی بدوێن، بەڵکو ئەبێ ڕەتیبکەنەوە. هیچی لەگەڵ قسەکانی بوش و بەڵێنەکانی سەردەمی جەنگ یەک ناگرنەوە. ئەمە قسەی ڕۆژنامەوانێکی ئەمەریکی بیر خستمەوە. ئەلیزابیت ڕۆبین، کچێکی ڕۆژنامەوان بو بۆ (نیویۆرک تایمز مەگەزین) کاری ئەکرد، پێش پەلاماردانی عیراق و کاتی جەنگەکە لە کوردستان بو. دوای ڕوخانی صەدام هاتە بەغداد. لە سلێمانی چەند جارێ بۆ گفتوگۆ هات بو بۆ دیدەنیم و لە بەغداش چەند جارێ هات. جارێکیان دوای تەواوبونی پرسیارەکانی کەوتینە سەر باسی ناڕامی و پشێوی ناو بەغداد و ئەگەرەکانی پاشەڕۆژی نزیکی عیراق. من بەڵێنەکانی بوش و ڕامسفیلد و پاول و کاربەدەستەکانی تری ئەمەریکام بەرامبەر گەلی عیراق و کورد بیر هێنایەوە. زۆر بە ڕاشکاوی وتی: "گوێ لە بەڵێنی کاربەدەستەکانی ئەمەریکا مەگرە، سەیر بکە بزانە لە سەر ئەرز چی ئەکەن!".

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وتارێکم لە سەر (کورد و قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گواستنەوەدا) نوسی و ناردم بۆ کوردستانی نوێ. پێشتر خاڵە سەرەکیەکانی ئەم وتارەم لە نامەیەکی تایبەتییدا بۆ مام جەلال نوسی بو. لە وەڵامدا نوسی بوی: پێویستمان بە "وقفه مع الصديق" هەیە.

*

٧ ی ١ ی ٠٤ چوارشەم:

کوردستانی نوێ وتارەکەی منی بە بایەخێکی تایبەتییەوە بڵاوکردۆتەوە.

(بڕوانە کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٢٦٤، رۆژی ٢٠٠٤/١/٧)

*

بەشێ لە گفتوگۆکانی ئەسەد لە گەڵ سیزەر و کاربەدەستانی تری تورک بۆ کێشەی کورد تەرخانکراوە. پاراستنی "یەکێتی ئەرزی عیراق" چونکە تێکچونی "هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتانی دراوسێی عیراق."

*

سام بڕیاریداوە هەندێ لە گیراوەکان بە کەفالەت بەرەڵا بکا. سبەینێ گوایە یەکەم ١٠٠ کەس ئازاد ئەکەن. رەشبگیری بە کۆمەڵ و بەرەڵاکردنی بە کۆمەڵ. پاچەچی هەوڵێدا ئەمە بکا بە دەسکەوت بۆ مح، یان راستتر بۆ خۆی.

*

تاڵەبانی و د بەرهەم چون بۆ سەلاحەدین بۆ کۆبونەوە لە گەڵ بریمەر. لەم مانگەدا ئەمە دوەم جارە بریمەر بێتە سەلاحەدین. باسی قانونەکەیان لە گەڵ ئەکا. سەفین بە قەناتی کوردستان تی ڤی وت: "کۆبونەوەکە باش بوە بەڵام پێویستی بە چەند دانیشتن و کۆبونەوەی تر هەیە".

(بڕوانە کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٢٦٥،-رۆژی ٢٠٠٤/١/٨)

*

مستەفا سادق کەریم وتارەکەمی کردۆتە عەرەبی ناردویەتی بۆ الاتحاد بۆ بڵاوکردنەوەی پرسیان بە مام جەلال کردوە. مام جەلال رێگەی نەداون بڵاوبکەنەوە. بە راگەیاندنی وتوە: "ئەوە رەئی یەکێتی نییە بیروبۆچونی تایبەتی خۆیەتی". بەڵام سۆران داودی خاڵە سەرەکیەکانی کردۆتە عەرەبی و لە سایتی ایلاف دا بڵاویکردۆتەوە. هەندێ قەناتی تەلەفزیۆن، لەوانە العربیە و رۆژنامە عەرەبییەکان، لەوانە رۆژنامەی الزمان، لەویان وەرگرتوە و وەکو هەوال بڵاویانکردۆتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٨ ی ١ ی ٠٤ پێنجشەم:

تاڵەبانی و بەرهەم لە سەلاحەدین ماونەتەوە

وەکو کوردستانی نوێی رۆژی ٩ ی ١ نوسیوێتی: کۆبونەوەیەکی هاوبەشی یەکێتی و پارتی و هەندێ لە حیزب و رێکخراوەکانی تری عیراق بوە.

لە یەکێتی: تاڵەبانی، د بەرهەم سالح، عەدنان موفتی، عادل موراد، ئازاد جندیانی.

لە پارتی: بارزانی، سامی عەبدورەحمان، سەلام بەرواری، ئازاد بەرواری، فەلەکەدین کاکەیی، بروسک شاوەیس، سەفین دزەیی.

لە لایەنی عەرەبی: ئەحمەد چەلەبی (لە موئتەمەر)، عادل عەبدولمەهدی (لە مەجلیسی ئەعلا)، نەصیر چادرچی (لە وەتەنی دیمۆکراتی)، موحسین عەبدولحەمید و حاجم حەسەنی (لە حیزبی ئیسلامی عیراق)، موەفەق روبەیعی (ئەندامی مح)، جاسم حەلفی و سەعدون محەمەد (لە حشع)، عەتا عەبدولوەهاب (نوێنەری پاچەچی)، سامی عەسکەری (نوێنەری بەحرەلعلوم)، صادق ریکابی (لە حیزبی دەعوە)، راسم عەوادی (لە ویفاق)، عەبدولئیلاە نەصراوی و محەمەد خەشاب (لە حەرەکەی عەرەبی ئیشتیراکی).

باسە گرنگەکانی کۆبونەوەکە، وەکو تاڵەبانی و بارزانی بە پەیامنێری تەلەفزیۆنە کوردییەکانیان وت، بریتی بوە لە:

"عیراقێکی دیمۆکراتی پارلەمانی فیدرالی.

فیدرالی کوردستان لە سەر بنچینەی ئیقلیمی نەتەوەیی بێ.

کوردە دەرکراوەکانی کەرکوک بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و هاوردەکانی عەرەبیش بگەڕێنرێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان".

بەپێی شیکردنەوەی قسە و دەمودوانی هەندێ لە بەشداربوانی کۆبونەوەکان ئەم پرسیارانەم لا دروست بون:

١. پێوەندی نێوان هەرێم و ناوەند چۆن ئەبێ؟ وەکو پێوەندی نێوان هەر محافەزەیەکی تری عیراق و ناوەند ئەبێ یان هی ئەم جۆرێکی تر ئەبێ؟ ئەگەر جۆرێکی تر ئەبێ چۆن ئەبێ؟

٢. محافەزە کوردییەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک بە یەکەیەکی ئیداری دائەنرێن، ئایا ئەم یەکە ئیدارییە وەکو یەکێ لە ١٣ محافەزەکەی تری عیراق معامەلەی لە گەڵ ئەکرێ، یان معامەلەی ئەم جیاواز ئەبێ؟ ئەگەر جیاواز ئەبێ چۆن ئەبێ؟

٣. دەسەلات لە نێوان ناوەند و هەرێمدا چۆن دابەش ئەکرێ؟ دەسەلاتەکانی ناوەند چین و دەسەلاتەکانی هەرێم چین؟ ئایا دەسەلاتەکانی ئەمیش وەکو دەسەلاتەکانی تری هەر محافەزەیەکی تری عیراق ئەبێ، یان هی ئەم جیاواز ئەبێ، ئەگەر جیاواز ئەبێ چۆن ئەبێ؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. سنوری جوگرافی هەرێم جارێ هەر ئەوە ئەبێ کە هەیە. چارەنوسی کەرکوک و شوێنەکانی تر هەڵئەگیرێ بۆ قۆناغەکانی داهاتو. تا قۆناغی داهاتو دەوری کوردی دانیشتوی ئەو ناوچانە لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیاندا چۆن ئەبێ و چارەنوسی ئەم ناوچانە لە پاشەڕۆژدا چۆن بە لادا ئەخرێ؟

پێموایە ئەم پرسیارانە بێ وەڵام بۆ دواڕۆژ بە جێهێڵراون. کۆبونەوەکە زۆرتر لەوەی چارەسەری خواستەکانی کورد بکا جۆرێکە لە پێنەوپەڕۆ.

*

کۆپتەریکی بلاک هۆک لە گوندی زەوبەع نزیک فەلوجە بەربۆتەوە ٩ ئەمەریکی تێدا مردوە. هەر ئەمڕۆ بە هاوەن لە سەربازگەیەکی خۆرئاوای بەغداد دراوە ١ سەرباز کوژراوە و ٣٤ سەرباز بریندار بون. ئەمە جاری چەندەمە کۆپتەری تێدا بەرئەبێتەوە یا ئەخرێتە خوارەوە. پێشتر لە:

٢ ی ١ ی ٠٤ کۆپتەرێک لە فەلوجە کەوتە خوارەوە فڕۆکەوانەکەی تێدا مرد.

٥ ی ١١ ی ٠٣ لە سەر شاری موسل ٢ کۆپتەری بلاک هۆک بە دوای یەکدا بەربونەوە.

*

٩ ی ١ ی ٠٤ هەینی:

بەفر لە ئەزمر و گۆیژە باریوە.

لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنییدا لە گەڵ عبدالحق صداح، پەیامنێری الجزیرە لە بەغداد، بریمەر وتویەتی: "فیدرالیزم باشترین چارەسەرە بۆ عیراق، بەڵام نابێ لە سەر بنچینەی (عرقی) بێ... ئەبێ هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ناوچەییدا رابگیرێ. عیراق لە ٣٥ ساڵی رابوردودا بە هۆی ناوەندێتییەوە زۆری چێشتوە. لەم بارەیەوە لە گەڵ مح و دەرەوەی مح، لە گەڵ کورد و شیعە و سونە و تورکومان دواوم. نامەوێ باسی تەفسیلاتی گفتوگۆکانم بکەم لە گەڵ کوردەکان چونکە هێشتا بەردەوامە. ئەبێ خصوصیاتی ١٠ ساڵی رابوردوی کورد رەچاو بکرێ... مادام گفتوگۆ بەردەوامە لە ماوەی ٦ تا ٨ حەفتەی داهاتودا چارەسەرێ ئەدۆزینەوە بۆ ئەوەی بخرێتە قانونەکەوە ..."

قسەکانی لە گەڵ قسەکانی کۆبونەوەی سەلاحەدینی پێنجشەم یەک ناگرێتەوە.

١٠ ی ١ ی ٠٤ شەممە:

پێنتاگۆن بڵاویکردەوە صەدام حسێن بە (دیلی جەنگ) دائەنێن. ئەم بڕیارەیان داوە بە بێ راوێژ لە گەڵ مح. هەواڵەکە رای گشتی عیراقی وروژاندوە. کە تازە گیرابو لە دانیشتنێکی مح دا لە بریمەریان پرسی چی لە صەدام ئەکەن و چۆن دادگایی ئەکرێ وتی: "شارەزا قانونییەکانی ئیمە لە ئەمەریکا خەریکی لێکۆڵینەوەی وەزعی قانونی صەدامن.."

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەبدولا گوڵ و کەمال خەڕازی لە تاران کۆبونەتەوە. پەژارەیان لە فیدرالی دەربڕیوە و داوایانکردوە جارێ دوابخرێ. تورکیا و سوریا بە دەنگی بەرز دژی فیدرالی ئەدوێن و گەف و گیف لە کورد ئەکەن، ئێران بە ئاشکرا دژی نادوێ و هەڕەشە ناکا بەڵام لە ژێرەوە خەریکی چییە.

*

شێرزاد شێخانی، پەیامنێری الشرق الاوسط، هاتبو بۆ گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانیی لە سەر فیدرالی. هەوڵمدا بە زمانێکی نەرم خواستەکانی کورد دەربببڕم لای رای گشتی عەرەب قوبوڵکراو بێ و تۆمەتی توندڕەوی بڕەوێنمەوە. وتی لە جێگەی عبدالرحمن الراشد یەکێکی کە بۆتە سەرنوسەری رۆژنامەکە و عوسمان میرغەنی کە سودانییە بۆتە جێگری سەرنوسەر.

(بڕوانە الشرق الاوسط، ژمارە ٩١٨٢، رۆژی ٢٠٠٤/١/١٨)

*

رۆژنامەوانێکی بریتانی، رۆبێرت کیلرۆی، بەرنامەیەکی گاڵتەجاڕیی هەیە. هەندێ گاڵتەی بە عەرەب کردوە. لە سەر ئەوە لە بیبیسی دەرکراوە. ئەگەرچی خۆیشی پوزشتی بۆ عەرەب هێناوەتەوە بەڵام سودی نەبوە. عەرەب داوا ئەکەن بۆ ئەوەی ببێتە پەنگ بۆ خەڵکی تر بە تاوانی ڕەگەزپەرستی بدرێتە دادگا.

وتاربێژی نوێژی هەینی مەدینەی منەورە هەمو جار لە خوا ئەپارێتەوە ئیسلام بەسەر جو و گاوردا زاڵ بکاو گاور و جو لە ناو بەرێ. تا ئیستا کەس داوای نەکردوە بدرێتە دادگاو هیچ عەرەبێکیش نەک هەر ناڕەزایی دەرنەبڕیوە، بەڵکو هەمو ئەڵێن: ئامین.

*

١١ ی ١ ی ٠٤ یەکشەم:

پاچەچی چۆتە نەجەف بۆ دیدەنی سیستانی. پێئەچێ سەردانی سیستانی بوبێتە بەشێ لە نەریتی سەرۆکایەتی مح. بە پێی بەیانی کە لە مەکتەبەکەیەوە دەرچوە سورە لە سەر هەڵوێستی پێشوی، وتویەتی چەند مانگی داهاتو بەسە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عیراقدا. داوایکردوە هەم قانونی ئیدارەی عیراق و هەم ریککەوتنە ئەمنییەکان بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی هەڵبژێردراو.

*

لە سوریا ٧ کورد دراون بە دادگا بە تۆهمەی ئەوەی ویستویانە پارچەیەک لە سەرزەمینی سوریا دابڕن و بیخەنە سەر دەوڵەتێکی بیگانە. ئەبێ ئەو پارچە ئەرزەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سوریا کوێ بێ و ئەو دەوڵەتە بێگانەیە کێ بێ؟ چیرۆکە کۆنەکەیە: گورگەکە گەڕ بە بەرخەکە ئەکا.

١٢ ی ١ ی ٠٤ دوشەم:

وشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عیراق و ئانا پالاسیۆ وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا، لە بەغداد کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشیان بەست. وشیار وتی: "پەژارەی دەوڵەتانی دراوسێ لە گۆڕانی سیاسی ناو عیراق بێ جێگایە و هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی هیچ لایەک ناکا..." داوای لە دەوڵەتانی دراوسێ کرد "ڕێزی خیاراتی گەلی عیراق بگرن...".

*

ئەمڕۆ بریمەر لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانییدا داوای لە مح کرد، سەرەڕای (تحفظ) هەکانی سیستانی ڕێککەوتنی گواستنەوەی دەسەڵات جێبەجێ بکا. ئەم درکاندنە وەڵامی بەیانەکەی دوێنێی مەکتەبی سیستانییە دەربارەی پێویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی. ئەگەر هەردولا، سیستانی لە لایەک و سام لە لایەکی ترەوە، سور بن لە سەر هەڵوێستی خۆیان، ئەوا ناکۆکییەکەیان ئەبێتە ڕووبەڕووبونەوەیەکی ئاشکرا.

١٣ ی ١ ی ٠٤ **سێشەم:**

وتەبێژی ئەمەریکا ڕایگەیاند ئەمڕۆ لە نزیک حەبانیە کۆپتەرێکی ئاپاچی بەربۆتەوە. نەیان وتوە چەند کەسی تێدا مردوە. حەبانیە نزیکە لە فەلوجەوە.

توانا و عادل مەحزەری جەلسەی کۆبونەوەکانیان بۆ ناردوم.

*

١٤ ی ١ ی ٠٤ **چوارشەم:**

تالەبانی و بارزانی لە بەغدادن بۆ کۆبونەوە لە گەڵ مح. بریمەر بەشدار بوە.

حەکیم چوە بۆ تورکیا ئەردۆغانی دیوە. ئەردۆغان وتویەتی ئەگەر عیراق پارچە پارچە ببێ دەوڵەتانی دراوسێ خۆیانی تێهەڵئەقورتێنن. حەکیم وتویەتی باری سەرنجی ئەویش وەکو هی تورکیایە!

*

١٥ ی ١ ی ٠٤ **پێنجشەم:**

تالەبانی و بارزانی لە بەغدادن بۆ کۆبونەوە لەگەڵ مح سەبارەت بە کێشەی فیدرالی. هەردو ڕۆژ بریمەر بەشداری کۆبونەوە بوە. دەنگوباسی کۆبونەوەکان دەرنەچوە. پێشەچێ بە ڕێککەوتن نەگەیشتبن.

*

وەکو کوردستانی نوێ نوسیوێتی، تالەبانی و بارزانی و بریمەر، ئەمڕۆ لە قەسری موئتەمەرات، لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتی سونەی ڕومادی، تکریت، موسل، دیالە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فەلوجە... کۆبونەتەوە. شیعە شوڵیان لێهەڵکێشاوە، دینییەکانیان دژی خواستەکانی کورد ئەوەستن، بایەخدان بە سونە و بەشدارکردنیان لە کاروباری عیراقدا شتێکی پێویستە بۆ راگرتنی هاوسەنگی.

*

لە بەصرا خۆپیشاندانێکی گەورە بوە بۆ پشتیوانی لە سیستانی.

*

د-بەرهەم ئەچێ بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ ئەمەریکا.

*

تاڵەبانی و بارزانی هێشتا لە بەغدادن.

*

بریمەر گەڕاوەتەوە بۆ ئەمەریکا بۆ باسی گیروگرفتەکانی هەڵبژاردن و فیدرالی... لەگەڵ بوش و کاربەدەستانی تری بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا. ١٩ ی مانگ کۆبونەوەی ٣ قۆڵی ر ن ی (نەتەوە یەکگرتوەکان) و مح و سام هەیە بریمەریش بەشداریی تێدا ئەکا.

*

١٧ ی ١ ی ٠٤ شەممە:

دوای بینینی بوش، بریمەر لە کۆنفرەنسێکی رۆژنامەوانییدا وتویەتی: ئامادەن دەسکاری پلانی گواستنەوەی دەسەڵات بکەن، بەڵام ئەبێ زەمانبەندیەکان وەکو خۆیان بمێنن.

*

١٨ ی ١ ی ٠٤ یەکشەم:

ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبدار لەبەر دەروازەی گرین زۆن دا تەقیوەتەوە. ٢٥ کەسی کوشتوە دوانیان ئەمەریکین ئەوانی تر بە زوری کرێکاری عیراقیین لە ریزدا وەستاون بۆ ئەوەی دوای پشکنین بچنە ژورەوە بۆ کارکردن. زیاتر لە ١٠٠ کەس بریندارن.

*

رۆژنامەی الشرق الاوسط لە ژمارەی ئەمرۆیدا گفتوگۆکەی منی بڵاوکردۆتەوە.

*

لە برۆکسل کۆبونەوەی موعارەزەی سوری کراوە. هەندێ کورد بەشدار بون. کوردەکان داوای ئۆتۆنۆمی ئەکەن. یەکەم جارە کوردی سوریا بوێرن بەو جۆرە باسی مافی نەتەوەیی بکەن.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٩ ی ١ ی ٠٤ دوشەم:

لە بەغداد خۆپیشاندانێکی گەورە بوە بۆ پشتیوانیی لە داواکەی سیستانی سەبارەت بە هەڵبژاردن. لایەنگرانی موقتەداو سیستانی و مەجلیس بەشداری ڕێپێوان بون. لافیتەکانیان پشتیوانیی بوە لە مەرجەعیەت و هەندێ لە هوتافەکانیان: "نعم نعم للإسلام. نعم نعم للمرجعیه. نعم نعم للانتخاب" بوە. بەم خۆپیشاندانە هێزە دینییەکانی شیعە ئەیانەوێ هێزی خۆیان بنوێنن و پەیامێ بنێرن بۆ ئەو کۆبونەوە ٣ قۆڵییەی ئەمڕۆ لە نیویۆرک لە نێوان رنی و سام و مح دا ئەکرێ.

وەفدی مح بە سەرۆکایەتی پاچەچی سەرۆکی دەوریی ئەم مانگە و ئەندامەتی حەکیم سەرۆکی مانگی رابوردو موحسین سەرۆکی مانگی داهاتو، هەروەها چەلەبی و وشیار زێباری و حامید بەیاتی و عادل عەبدولمەهدی و مەهدی حافز... لە نیویۆرک لە گەڵ ئەنان کۆبونەتەوە. وەفدی عیراقی داوایان لە ئەنان کردوە نوێنەرایەتی رنی بنێرێتەوە بەغداد و تاقمێ بنێرێ بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی عیراق ئاخۆ لە بارە یا نالەبارە بۆ هەڵبژاردنی گشتیی، وەکو سیستانی داوایکردوە. پێناچێ ئەنان بەڵێنی هیچیانی پێدابێ. ڕەنگە تاقمێ بنێرێ بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئاسایش لە عیراقدا.

*

پێشەنگی هێزی ژاپۆن گەیشتە عیراق. ژاپۆن هەزار سەربازی ئەنێرێ بۆ بەشداری لە ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی ئاشتییدا. لە سەماوە جێگیر ئەبن. لە دوای دوەمین جەنگی جیهانییەوە ئەوە یەکەم جارە ژاپۆن هێز بنێرێ بۆ دەرەوەی سنوری وڵاتەکەی.

٢٠ ی ١ ی ٠٤ سێشەم:

ئەمڕۆش خۆپیشاندانێکی شیعی گەورە لە بەغداد بوە. ئەمانە لایەنگری موقتەدان و لە سەر داوای ئەو ڕژاونەتە سەر جادە. عبدالهادی الدراجی ئاخوندێکی شیعەیە بە ناوی قسەکەری (مکتب الشهید الصدر) هوە بۆ جەزیرە دوا، وتی: ئامانجی خۆپیشاندانەکەیان دو شتە. یەکەم، دژایەتی پرۆژەی فیدرالی و دوەم، دانانی صەدام بە دیلی جەنگ. داوا ئەکەن صەدام بدرێتە دەس عیراقی بۆ دادگایی. گوێا لە بەصرا و هەندێ شاری تریش لایەنگرانی موقتەدا بۆ هەمان مەبەست خۆپیشاندانیان ڕێک خستوە.

٢١ ی ١ ی ٠٤ چوارشەم:

سەعات ١٣ و ٣٠ دەقیقە لەیانا ساوندەرز کە جاران لە سەفارەتی بریتانیا بو لە ئەنقەرە و ماوەیەک ڕاوێژکاری سیاسی سام بو، ئیستا بریمەر لە شوێنی کۆلۆنیل ناب دایناوە بە کۆئوردینەیتەری پارێزگاکانی سەرو، هات بۆ ماوەی ٢ سەعات مایەوە دەربارەی قانونی ئیدارەی عیراق قسەی زۆری بۆ کردم:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- گەرەنتی قانونی ئەخرێتە ئەو قانونەوە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو خۆی بمێنێتەوە پاشان تەفسیلات لە دەستورا باس بکرێ.

- باری قانونی هەریم لە دی فاکتۆ ئەبێ بە دی ژور.

- لە ماوەی گوێزانەوەدا هەلومەرجی کەرکوک ئاسایی ئەکرێتەوە کوردەکان ئەگەڕێنەوە کەرکوک و یارمەتی مادی عەرەبەکان ئەدرێ بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. لە پاشەرۆژا ئیستیفتا ئەکرێ بۆ ئەوەی بخرێنە سەر هەریم یا نە.

- ئێوە قبوڵتان کردوە دیفاع مەرکەزی بێ لە بەر ئەوە ئەبێ میلیشیا نەمێنێ. من ئەزانم پێشمەرگە میلیشیای حیزبی نیە پارێزگاری ناوچەکە و قانون و نیزامی کردوە بەڵام زۆر لەوانەی سام ئەوە نازانن وا ئەزانن ئەمەش میلیشیای حیزبییە بۆ دیفاع لە یەکێتی و پارتی.

- عەرەب دەربارەی جۆری بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان هیچ نازانن یان زۆر کەم ئەزانن، هەندێکیان وا ئەزانن کورد هەموی عەشایەری دواکەوتوە و تا ئیستاش لە ئەشکەوتا ئەژین، پێویست ئەکا بۆیان رون بکرێتەوە و دەعوەت بکرێن بۆ ناوچەکە.

- ئێوە تەجروبەتان هەیە ئەتوانن یارمەتی عەرەب بدەن بۆ پێکهێنانی داوودەزگای کۆمەڵی شارستانی.

٢٣ ی ١ ی ٠٤ هەینی:

کوردسات بڵاوی کردەوە کە ئەمڕۆ لە بەغداد تاڵەبانی و بارزانی لە گەڵ بریمەر و گرینستۆک و جۆن ساوەرز کۆبونەتەوە.

مەکتەبی سیستانی داوایان لە خەڵک کردوە جارێ خۆپێشاندان رابگرن تا نێردراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەگا و بارودۆخی عیراق هەڵئەسەنگێنێ.

*

ئەمڕۆ د محەمەد سابیر هاتە سەردانم. لە بەغداد لە گەڵ مام جەلال بوە و بەشداری کۆبونەوەی هاوبەشی سام و سەرکردایەتی کوردی کردوە و لە گەڵ ئەویش گەڕاوەتەوە.

لە یەکێتی: تاڵەبانی و قوباد و، د محەمەد سابیر و د لەتیفی شێخ جەمال.

لە پارتی: بارزانی و د رۆژ....

لە سام: بریمەر و گرینستۆک و چەند کەسێکی کە.

گفتوگۆکانی کۆبونەوەکەی بەمجۆرە بۆ گێڕامەوە:

بریمەر وتویەتی: "پەیامی سەرۆک بوش بۆ ئێوە ئەوەیە کە ئێوە دۆستی ستراتیجی و هاوپەیمانی ئێمەن. ئێمە و ئێوە پێکەوە خوێنمان رشتوە، بە جێتان ناهێڵین. هەمو شت پێکەوە باس ئەکەین و پێشتر لە گەڵ ئێوە باسی ئەکەین و لە سەری ڕێک ئەکەوین ئینجا لە گەڵ لایەنەکانی تردا باسی ئەکەین."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەرەقەیەکی داونەتێ داوای لێ کردون لێی بکۆڵنەوە و چی‌یان ئەوێ دەسکاری بکەن بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەی داهاتودا لێی بدوێن. سەیر ئەوەیە وتویەتی. "ئەوە وەرەقەی ئەمەریکا نیە، وەرەقەی عەرەبەکانی مح ە. عەرەبەکان لای ئێوە جۆرێ قسە ئەکەن و لای ئێمەش جۆرێکی تر." بەشێ لە قسەکانی راستە و بەشێکی خۆی یا یاریدەدەرەکانی دروستیان کردوە.

وەرەقەکە ئەم شتانەی تێدایە:

- عیراق فیدرالی دیمۆکراتی پارلەمانی فرە حیزبی بێ. فیدرالی جوگرافی بێ نەک ئیسنی، یا دینی یا تائیفی.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی رەسمی بێ لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و هەمو ئەو ناچانەی ئیستا بەڕێوەی ئەبا.

- دەسەلاتی حکومەتی ئینتیقالی خارجیە، دیفاع، مالیە، سامانی سروشتی، دادگا، بێ.

داهاتی سامانی سروشتی بە پێی ژمارەی دانیشتوان و پێویستی ناوچە دواکەوتوەکان دابەش بکرێ.

- زمانی عەرەبی زمانی رەسمی هەمو عیراق بێ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە پاڵ زمانی عەرەبی‌دا رەسمی بێ.

- تا مارتی ۲۰۰۵ پێویستە هەڵبژاردن لە عیراق بکرێ و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیش هەڵببژێردرێتەوە.

- ئەو شوێنانەی نیزاعی لە سەرە وەکو کەرکوک وەکو خۆیان ئەمێننەوە تا دەستوری دائیمی ئەنوسرێ و میکانیزمێ دیاری ئەکا بۆ بەلادا خستنی کێشەکە.

- سنوری محافەزەکان تا نوسینی دەستور وەکو خۆیان ئەمێنێتەوە.

- مەجلیسی محافەزە و مەجلیسی ئینتیقالی بە زۆرایەتی دوسێیەک بۆیان هەیە سنوری محافەزە بگۆڕن بخرێنە سەر محافەزەیەکی تر یان چەند محافەزەیەک یەک بگرن.

- حکومەتی ئینتیقالی ئەبێ هەنگاوی خێرا بنێ بۆ راستکردنەوەی ئەو ناعەدالەتی‌یانەی کراون.

هەروەها بریمەر وتویەتی:

- پێویستیتان بە حەملەیەکی فراوان هەیە لە ناو عەرەب دا بۆ رونکردنەوەی فیدرالی.

- ئەمەریکا پ ک ک بە رێکخراوێکی تێرۆرێستی دانەنێ ئەبێ عیراق بە جێ بهێڵن. یان بگەڕێنەوە بۆ تورکیا کەڵک لەو تۆبەیە وەربگرن کە پارلەمانی تورک بۆی داناون یان ئەمەریکا دەریان ئەکا.

*

کۆبونەوەی م س سەعات ۱۸ لە قەڵاچوالان کرا باسەکان بریتی بون لە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. کۆبونەوەکەی بەغداد لە گەڵ بریمەر.
٢. یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە.
٣. کاروباری ڕێکخستن.

*

گێڕانەوەکەی مام جەلال وەکو ئەوە بو کە د محەمەد سابیر بۆی باس کرد بوم. من ئەم چەند پرسیارم کرد کە لە گەڵ بریمەر باسی بکەین:

١. هەڵبژاردن یا هەڵاواردن بۆ مەجلیسی ئینتیقالی عیراق لە کوردستان چۆن ئەبێ وەکو محافەزەکانی تری عیراق ئەبێ یان جۆرێکی تر ئەبێ؟

٢. لە و ٣ پایە بەرزەی عیراق سەرکۆمار، سەروەزیران، سەرۆکی مەجلیس، کامیان ئەدرێ بە کورد؟

٣. لە مەجلیسی ئینتیقالیدا بە پێی هەڵبژاردنی محافەزەکان کورد ئەبێتە کەمایەتی، بەو کەمایەتییە چۆن ئەتوانی دەورێکی کاریگەر بە قازانجی خۆی و بە قازانجی هاوپەیمانێتی ئەمەریکا ببینێ؟

٤. لە کۆتایی حوزەیران و سەرەتای تەموزەوە سام نامێنێ. سام پارسەنگێکی گرنگە بۆ پاراستنی کورد لە مەترسی شۆڤێنێتی و دینییەکانی عەرەب، دوای هەڵوەشاندنەوەی سام کێ کورد لە مەترسی گەڕانەوەی هێزە شۆڤێنی و دینییەکانی عەرەب لە عیراق دا ئەپارێزێ؟

*

لە میژە من ڕەئیم وایە کە یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە بە قازانجی کوردە. جاران پێم وابو زۆرایەتی شەرتەکانی پارتیەش، کە ئەگەر ناڕەواش بن، بۆ سەرگرتنی کارەکە قبوڵ بکرێ قەیناکا بەڵام پارتی یەکخستنەوەی دوا ئەخست. ئیستاش یەکخستنەوەم هەر پێ باشە بەڵام نەک بە شەرتەکانی جارانی پارتی. هەلومەرجی کوردستان و عیراق و ناوچەکە دوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس گۆڕاوە.

ڕەئی من بۆ یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە وایە:

١. باشترین ڕێگەی یەکخستنەوە دوبارە کردنەوەی هەڵبژاردنی گشتییە. لە هەڵبژاردنی یەکەمەوە تا ئیستا ١٢ نەوە کە ئەوسا دەنگیان داوە بۆ ئەم پارلەمانە مردون و ١٢ نەوەی گەنج مافی دەنگدانیان بە دەس هێناوە. ئەگەر پارتی پێی وایە هەڵبژاردن و ئەنجامەکەی کێشە دروست ئەکا ڕەنگە ئەگەر لایەک بیباتەوە و لایەک بیدۆڕێنێ لاکەی تر قبوڵ نەکا. بۆ چارەسەری ئەوە ٢ ڕێگا هەیە:

یەکەمیان، پێش هەڵبژاردن هەردولا ڕێککەوتنێ ئیمزا بکەن لە سەر ئەوەی هەر یەکە بە جیا بچێتە هەڵبژاردنەوە. ئەنجامەکانی هەرچۆنێ هەردولا ڕێزی بگرن. بەڵام دوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژاردن پێکەوە بە پێی ئەنجامەکەی (حکومەتێکی ئیئتیلافی) ئەوەی پێی ئەوترێ (حکومەتی وەحدەی وەتەنی) پێک بهێنن. یان،

دوەمیان، بە لیستەیەکی هاوبەش بچنە هەڵبژاردنەوە.

۲. ئەگەر پارتی هەڵبژاردن قبوڵ ناکا کەواتە با سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە نۆرە بێ. چەند مانگێ پارتی و چەند مانگێ یەکێتی بێ.

*

لە کۆبونەوەیەکی م س دا کە لە بەغداد کرا ئەم رەئیەم دەربڕی و مام جەلال پشتیوانی کرد و بۆ بە بڕیار. ئەم رەئیەم بۆ د رۆژ باس کردوە کە بۆ پارتی و نێچیروانی باس بکا. هەروەها بۆ د مەحمودیشم باس کردوە کە لە گەڵ بارزانی باسی بکا. هەردوکیان باسیان کردوە.

*

رۆژی ۱۲ ی ۱ ی ۰٤ کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س کراوە لە سەلاحەدین بۆ یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە، بە ئامادە بونی،

وەفدی یەکێتی: سەید عومەری سەید عەلی، د بەرهەم سالح، عیماد ئەحمەد، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، ئازاد جندیانی، ئاسۆ عەلی.

وەفدی پارتی: سامی عەبدورەحمان، نێچیروان بارزانی، ئازاد بەرواری، زەعیم عەلی، بروسک شاوەیس، فەلەکەدین کاکەیی.

رێک کەوتبون یەکخستنەوە لە سەرەوە (فەوقی) بکەن و خوارەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە. نێچیروان بارزانی سەروەزیرانی هەردولا بێ و یەکێ لە جێگرەکانی یەکێتی بێ. سەرۆکی پارلەمان یەکێتی بێ و جێگرەکەی پارتی بێ. هەردو ئیدارە بمێنن. نێچیروان حکومەتەکەی پارتی و جێگرەکەیشی حکومەتەکەی یەکێتی بەڕێوەبەرن. وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و پێشمەرگە تێکەڵاو نەکرێنەوە وەکو خۆیان بمێننەوە.

لە باتی ئەوە هەوڵ بدرێ مەرجەکەی بریمەر جێبەجێ بکرێ کە داوای کردوە بۆ ناسینی رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا مارتی ۲۰۰۵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بکرێ.

*

ئەرسەلان، کە بەرپرسی دەزگای رێکخستنە، راپۆرتێکی نوسی بۆ دەربارەی گیروگرفتەکانی رێکخستن. مام جەلال بەرپەرچی هەندێ نوقتەی دایەوە. من خۆمم تێ هەڵنەقورتان. هەمو ئەندامانی م س و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی لە پاشملە ناڕەزایی دەرئەبڕن لە وەزعی ناوخۆی یەکێتی و لە رەفتاری مام جەلال، بەڵام هیچ کەس ئامادە نیە لە بەردەم خۆی دا باسی بکا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە سامەرا ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبدار لە بەردەم دادگادا بە شۆفێرەکەیەوە تەقیوەتەوە ٤ کەسی کوشتوە و زیاتر لە ٣٠ کەسی بریندار کردوە.

لە خالیدیەش ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبدار بە شۆفێرەکەیەوە تەقیوەتەوە.

کۆپتەرێکی ئەمەریکی لە نێوان کەرکوک و موسل لە گەیارە کەوتۆتە خوارەوە ٢ کەسی تیا مردوە.

٢٥ ی ١ ی ٠٤ یەکشەم:

لە موسل کۆپتەرێکی ئەمەریکی کە لە سەر ئاسمانی روباری دیجلە بە دوای بەلەمێکی ونبودا گەڕاوە خۆی داوە بە تەلێک دا کە بۆ پێوانی بەرزایی ئاوی روبارەکە راکێشراوە. کەوتۆتە خوارەوە.

*

رۆژنامەی المدی ی فەخری کەریم ناوی سەدان کەس و رێکخراو و حیزب و پیاوی دەولەتی بڵاو کردەوە کە نەوتیان لە صەدام وەرگرتوە بەرامبەر بەوەی پشتیوانی لێ بکەن. بڵاو کردنەوەی ئەم نهێنییە گرنگە بۆ فەخری ئەبێتە (سبق صحفی).

٢٦ ی ١ ی ٠٤ دوشەم:

د محەمەد سابیر نوێنەری یەکێتی و حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانیە) و د نەجمەدین کەریم سەرۆکی مەعهەدی کوردی واشنتۆنە، هەردوکیان تازە لە ئەمەریکا گەڕاونەتەوە. هەردوکیان ئەگەڕێنەوە بۆ ئەمەریکا، هاتن و من باسی هەلومەرجی ئیستا و هەڵوێستی ئەمەریکام بۆ کردن و ئەوان لە ئەمەریکا چیان پێ ئەکرێ.

یەکێ لە مەسەلە گرنگەکان ئەوەیە: بەکارهێنانی سامانی سروشتی ئاخۆ لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم یان لە دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی بێ؟ ئەو دەستورەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، پێش جەنگی رزگاری عیراق، ئامادەی کرد بو بۆ دەولەتی عیراق و بۆ هەرێمی کوردستان، مافی بە کار هێنانی سامانی سروشتی هەمو عیراق، لەوە هی کوردستانی، دا بو بە حکومەتی ناوەندی لە بەغداد.

سامانی سروشتی کوردستان هەر نەوت نیە. ئاو سامانێکی تر رەنگە لە پاشەرۆژدا گرنگی لە نەوت کەمتر نەبێ. جگە لە نەوت و ئاو، گازی سروشتی، ئاسن، مس، جۆرەکانی بەرد و تەنانەت یۆرانیۆم... لە کوردستان هەیە. بۆچی هەمو ئەوە بۆ ناوەند بە جێ بهێڵرێ؟ کەرکوک لە ١٩٢٧ ەوە نەوتی لێ هەلئەهێنجرێ، لە هەندێ قۆناغ دا، رۆژانە زیاتر لە ملیۆنێک بەرمیلی لێ دەرهێنراوە و نێردراوە بۆ بازارەکانی جیهان، کەسێ شارەکە ببینێ باوەڕ ناکا دەولەمەنترین مەیدانی نەوت لەم شارەدا بێ، چونکە کەرکوک زیاتر لەوەی لە شار بچێ لە دێیەکی گەورە ئەچێ.

ئیمە کە پرۆژەی قانونی ئیدارەی عیراقمان ئامادە ئەکرد ئەوەمان گۆڕی، مافی بە کار هێنانیمان بۆ حکومەتی هەرێم دانا. لامان وابو ئەوە توشی توڕەبونی هەمو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەتەوەپەرستەکانی عەرەب ئەبێ. کەچی لە پێش هەمو عەرەبەکانەوە توشی ناڕەزایی بریمەر بو. بریمەر پێ دا ئەگرێ بە کار هێنانی سامانی سروشتی لە دەسەڵاتی بەغداد بێ. پێ ئەچێ تاڵەبانی و بارزانی، بۆ موجامەلەی ئەمەریکا یان راستتر بۆ موجامەلەی بریمەر، ئەوەیان قبوڵ کرد بێ. من ئەوەم بۆ د نەجمەدین باس کرد کە ئەگەر بکەوێتە دەس حکومەتی هەرێم ئەوە بە قازانجی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا ئەبێ، کوردستان ئەکرێتەوە بۆ سەرمایەگوزاری ئەمەریکی و ئەوروپی نەک هەر لە نەوت دا بەڵکو لە هەمو مەعدەنەکانی تردا، بۆ ئەوەی کە گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا ئەوە یەکێ بێ لەو مەسەلانەی بۆ ئەمەریکاییەکانی باس بکا.

٢٧ ی ١ ی ٠٤ سێشەم:

د موفق الربیعی لە گفتوگۆیەکیدا لە گەڵ سایتی ایلاف پێشنیاری ٥ ئیقلیمەکەی دوبارە کردۆتەوە.

٢٨ ی ١ ی ٠٤ چوارشەم:

ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبدار لە بەردەم فندق شاهین لە کەڕادە لە بەغداد بە شۆفێرەکەیەوە تەقیوەتەوە ٣ کەسی کوشتوە و زیاتر لە ١٠ کەسی بریندار کردوە.

*

دوێنێ تاڵەبانی بە پەلە ڕۆیشتوە بۆ بەغداد بۆ کۆبونەوە لە گەڵ بریمەر و بارزانی بۆ دریژە پێ دانی کۆبونەوەی پێشو. بەیانی ئەمڕۆ گەڕاوەتەوە سلێمانی. وەکو د محەمەد سابیر وتی ئەبێ ڕێک کەوتبن. چەند ڕۆژی لەمەوبەر کۆبونەوەیەک بوبو لە نێوان بریمەر و بارزانی دا، بە نوێنەرایەتی مام جەلال د فوئاد مەعسوم بەشداری بوە. مام جەلال لە زۆر کۆبونەوەدا، چەند جارێکیش بە نوسین، د فوئاد مەعسومی بە "لا نەرمەکە" ی ناو یەکێتی دیاری کردوە.

دەنگوباسی کۆبونەوەکان باس ناکەن و لە سەر چی ڕێک کەوتون کەس نازانێ، ئاخۆ ئەم بێدەنگیە بۆ ئەوەیە ئەندامانی مح، بە تایبەتی ئەوانەی دژی خواستە سەرەکیەکانی کوردن و، ڕای گشتی عیراق بە خۆ نەکەون یان بۆ ئەوەیە ڕای گشتی کورد نەوروژێ؟ جارێ مەعلوم نیە.

٢٩ ی ١ ی ٠٤ پێنجشەم:

ئەمڕۆ سەودای حیزبوڵای لوبنانی و ئیسرائیل بۆ گۆڕینەوەی گیراوەکان، کە عەرەب بە دیلی جەنگ ناویان ئەبەن، دەستی پێ کرد. کەمتر لە ١٠ گیراوی زیندو و ئیسکوپڕوسکی کوژراوی جو، بە ناوبژی ئەڵەمانیا، گۆڕایەوە بە زیاتر لە ٤٠٠ گیراوی فەلەستینی و عەرەبی. ئەمە عەرەب بە سەرکەوتنی دا ئەنێن. ئەمە دەری ئەخا یەک جولەکە چەند

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

موسوڵمان یان راستتر چەند عەرەب ئەژی و، نرخی جویەک و نرخی عەرەبێک لای دەوڵەتەکانیان چەندە.

*

قەناتی الجزیرە: حافظ المیرازی گفتوگۆیەکی سیاسی دەربارەی عیراق و فیدرالیزم لە گەڵ د بەرهەم ساز کرد.

٢٠ ی ١ ی ٠٤ هەینی:

خالد القشطینی لە ستونەکەی خۆیدا لە (من أقوال الاسبوع) ئەم بڕگەیەی لە گفتوگۆکەی من و الشرق الاوسط وەرگرتوە. "لی الحق فی أن أقلق. نعم أنا أخاف من الجیش العراقی ومؤسساته الامنیه. علینا ألا ننسی ان الفوج الاول من الجیش العراقی الذی تأسس عام ١٩٢١ کان یحمل اسم (الامام موسی الکاظم) وقد جاء الفوج الی کردستان جنبا الی جنب قوات الاحتلال لیدمر وطننا".

*

قەناتی العربیه: هشام ملحم لە گەڵ د بەرهەم گفتوگۆیەکی سیاسی لە سەر تورکیا و عیراق و فیدرالی کرد.

*

د مەحمود گەڕاوەتەوە سلێمانی بۆ ڕاوێژ لە گەڵ تاڵەبانی و دواتر ئەچێ بۆ هەولێر بۆ بینینی بارزانی. ئێوارێ هات بۆ سەردانم. د مەحمود قسە ناشارێتەوە و، ڕاز ڕاناگرێ. باسێکی بۆ گێڕامەوە تا ئەو کاتە سەرنجی ڕانەکێشا بوم و بیرم لێ نەکرد بوەوە. کاتێ لە بەغداد گروپی کوردی مەجلیس لای بارزانی کۆبونەتەوە، مام جەلال وتویەتی: "بریمەر ئێمەی بانگ کردوە بۆ بەغداد چونکە مح گەیشتوتە بنبەست." گوایە مام جەلال و بارزانی هاتون بۆ ئەوەی خاوی بکەنەوە تا مح لە بنبەست دەربچێ. ئینجا تێگەیشتم کە بۆچی، لەو کاتە گرنگ و ناسکەدا، داوام لێ نەکراوە بگەڕێمەوە بەغداد بەشداری کۆبونەوەکانی مەجلیس و گفتوگۆکانی قانونی ئیدارە بم، هۆی بنبەستەکە گفتوگۆکانی ئێمە بوە، چونکە ئەو پرۆژەیەی ئێمە بۆ قانونی ئیدارەمان ئامادە کرد بو و، دابومان بە ئەندامانی مەجلیسی حوکم و لوجنە قانونیەکەی، زۆری ئەندامە عەرەبەکانی مەجلیس بە لایانەوە پەسند نەبو. تەنانەت کەسێکی وەکو عادل عەبدولمەهدی کە بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی بە دۆستی کورد و پشتیوانی مەسەلەکەی دائەنا، هەر مادەیەکی قانونەکە پێوەندی بە مافێکی بنەڕەتی کوردەوە هەبوایە داوای ئەکرد دوا بخرێ بۆ دوای هەڵبژاردنی گشتی و کاتی نوسینی دەستور.

تێگەیشتم ئیتر ئیشی من لە بەغداد تەواو بوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢١ ی ١ ی ٠٤ شەمە:

لە سایتی موسوعە النهرین دا (مسودە قانون ادارە الدولە العراقیە للفترە الانتقالیە) بڵاو کراوەتەوە گوایا لوجنە قانونیەکە تەواوی کردوە و ئەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی مح. ئەم پرۆژەیە جیاوازە لەوەی پێشتر گفتوگۆی لە سەر کرا بو.

لە سەرەتای مانگی ١٢ ەوە کە ئیتر بە جدی باس لە نوسینی قانونی ئیدارە ئەکرا. چەندین پرۆژە لە لایەن هەندێ لە ئەندامانی مح و یاساناسی ترەوە ئامادە کرا بو. لە ناو ئەو پرۆژانەدا دوانیان لەوانی تر لە پیشتر بون. یەکێکیان پرۆژەی کوردی بو کە "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان" ئامادەی کردبو ئەوی تریان پرۆژەیەک بو پاچەچی و هاوکارەکانی ئامادەیان کرد بو.

پرۆژەکەی "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان" دوای هەندێ دەسکاری لە لایەن گروپی کوردی مح ەوە بە تایبەتی لە مەسەلەی یەکسانی زمانی کوردی و عەرەبی و مولکیەتی سامانی سروشتی دا. پرۆژەکە دابەش کرا بە سەر ئەندامانی مح دا. لە بەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە لەوەی پاچەچی فراوانتر و "شامل" تر بو ئەو کۆمیتەیەی کە خەریکی ئامادەکردنی مسوەدەی قانونەکە بو ئەمەی کرد بە بنچینەی گفتوگۆکان.

لە سەر بابەتە گشتیەکان ناکۆکیەکی ئەوتۆ لە بیروبۆچونەکان دا نەبو بەڵام هەر مادەیەک پێوەندی بە مافی نەتەوەیی کوردەوە هەبو هەندێ لە ئەندامانی عەرەب بە تایبەتی پاچەچی و نوێنەری مەجلیسی ئەعلا داوایان ئەکرد جارێ دوا بخرێ تا بابەتە ناکۆکیەکان تەواو ئەبن. هەندێ جار بە بیانوی ئەوەی ئەوان کەسانێکی هەڵبژێردراو نین لە لایەن خەڵکەوە بۆیە دەسەلاتی بڕیاردانی ئەو شتەیان نیە. راستیەکەی جۆرێ بو لە خۆدزینەوە بۆ سەلماندنی مافەکانی کورد و پەشیمان بونەوە لە هەندێ کەس و لایەن.

پرۆژەی کوردی کاردانەوەی ناوەکی و دەرەکی بە دوای خۆیدا هێنا:

لە ناو عیراق دا هەمو جولانەوە بنچینەوان "اصولی" ەکانی شیعە و سونتە و کەسایەتیەتەوەییەکانی عەرەب چونەوە بە گژیدا.

لە نەجەف صەدرەدین قەبانچی لە وتاری نوێژی هەینی دا و لە کوفە موقتەدا صەدر لە وتاری نوێژی هەینیدا دژی فیدرالیزم دوان.

لە بەغداش پیشتر ئەندامە دیارەکانی "هیئە علماء المسلمین" د ئەحمەد کوبەیسی و د حاریس زاری دژی دوا بون.

صوبحی عەبدولحەمید و هارون محەمەد کە خۆیان بە نوێنەری جولانەوەی نەتەوەیی عەرەب دائەنا دژی وەستان

لە دەرەوەش بەشار ئەسەد و ئەردۆغان و مەلیک عەبدولا بە ئاشکرا دژی دوان.

پێ ئەچێ پرۆژەی گروپی کوردیەکەیان فت کرد بێ!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شوباتی ٢٠٠٤

ئەم مانگە د موحسین عەبدولحەمید سەرۆکی دەوری مح ئەبێ.

د موحسین عەبدولحەمید سکرتێری الحزب الاسلامی العراقیە. باوکی مەلا بوە. برایەکیشی کە ناوی نیزامەدینە مەلایە. کوردی ناوچەی شوانی کەرکوکە. هاوسەرەکەی عەرەبە. یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی إخوان المسلمین لە عیراق. لە جامیعەی ئەزهەر دکتۆرای وەرگرتوە. چەندین لێکۆڵینەوەی لە سەر تەفسیری قورئان نوسیوە. مامۆستایە لە جامیعەی بەغداد. دوای روخانی بەعس یەکی بو لە دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی "هیئە علماء المسلمین". دوای تێکەڵاو بونی بە پرۆسەی سیاسی لە گەڵیان نەماوە. پشتیوانی لە مافەکانی کورد، بە تایبەتی فیدرالیزم، ئەکا.

*

١ ی ٢ ی ٠٤ یەکشەم:

ئەمڕۆ یەکەم رۆژی جەژنی قوربانە.

لە هەولێر لە بارەگای مەڵبەندی ٢ ی یەکێتی و لە بارەگای لقی ٣ ی پارتی دو کەس خۆیان تەقاندۆتەوە.

وەکو ئەڵێن لە هەردولا زیاتر لە ٥٠ کەس کوژراو و زیاتر لە ١٠٠ کەس بریندار بون.

٢ ی ٢ ی ٠٤ سێشەم:

چوم بۆ هەولێر بۆ بەشداری لە پرسەی گشتی شەهیدەکان دا. پێش نیوەڕۆ تەرمی شاخەوانیان ناشتوە. لە مەڵبەند ٤٨ کەس کوژراوە. ژمارەی کوژراو لە ١٠٠ تێپەڕیوە.

٤ ی ٢ ی ٠٤ چوارشەم:

پیتەر گالبرێس بۆ فراوین میوانی من بو. ئەویش پێی وایە ئیستا کاتێکی لەبارە بۆ کورد ئەتوانێ زۆر شت وەربگرێ. رێگای وەرگرتنی رون ئەکاتەوە. بەرنامەیەکی بە نوسین لە سەر جۆری دانوسەندنی کوردی – ئەمەریکی ئامادە کردوە، جگە لەوەی بنەما گشتیەکانی هونەری گفتوگۆی دیاری کردوە، چکاوەی تەجروبەی دیپلۆماسی خۆی تێدا دارشتوە. پێش نیوەڕۆ سەردانی مام جەلالی کرد بو بیروبۆچونەکانی خۆی بۆ باس کرد بو لە سەر دانوسەندنی کورد و ئەمەریکا. وتی: "یەک وشەی لێ وەرنەگرتم" وتم: "بۆچی؟" وتی: "بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە" بە دریژی قسەمان کرد هەندێ بەڵگە و وتاری دامێ.

٧ ی ٢ ی ٠٤ شەمە:

ئەمشەو دەسکاری میژوی رۆژنامەوانیم تەواو کرد و ئامادەم کرد بینێرم بۆ مامۆستا رەفیق سالح،

وتاری: خواستەکانی کورد لە عیراقی نوێ ئەبێ چی بێ؟ تەواو بو ئیستا ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە..

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٨ ی ٢ ی ٠٤ یەکشەم:

تیمی ر ن ی بە سەرۆکایەتی ئەخزەر ئیبراهیمی ئەمرۆ لە گەڵ مح کۆبۆتەوە. ئەم تیمە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عیراق هاتون کە ئاخۆ بۆ هەڵبژاردن ئەشێ. مام جەلال بەشدار بوە.

٩ ی ٢ ی ٠٤ دوشەم:

وەکو دەزگای راگەیاندنی یەکێتی گێڕایەوە، لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی مح دا مام جەلال لە سەر مافەکانی کورد و کەرکوک و زمانی کوردی قسەی کردوە.

*

رۆیتەرز بڵاوی کردەوە کە نێردراوەکانی جامیعەی عەرەبی لە راپۆرتەکەیان دا بە هێزبونی کورد و شیعەیان بە گەورەترین مەترسی داناوە بۆ سەر ئاسایشی عیراق. بەڵام راستییەکەی سەبارەت بە کورد بیرورای خەڵکیان گێڕاوەتەوە و شتی باشیان نوسیوە.

١٤ ی ٢ ی ٠٤ شەمە:

پاچەچی مسوەدەی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراقی لە شەرقی ئەوسەت دا بڵاو کردۆتەوە. پرۆژەی گروپی کوردی کە لە سەرەتاوە کرا بو بە بنچینەی گفتوگۆکان و هەندێکی باشی پەسند کرا بو پشت گوێ خراوە، پرۆژەیەکی نوێیان هێناوەتە سەر مێزی لیدوان کە ئەمەریکیەکان بە هاوکاری عەدنان پاچەچی و فەیسەل ئوسترابادی و سالم چەلەبی نوسی بویان. لەم پرۆژەیەدا تا ئەندازەیەکی زۆر مافەکانی کورد کەم کراونەتەوە. چونی بارزانی و تالەبانی بۆ بەغداد و، بەشداری راستەوخۆیان لە گفتوگۆکان دا لە روی "هونەری دانوسەندن" ەوە کارێکی نادروستە. ئەبو ریگەیان بە نوێنەرەکانیان بدایە وردەکاری بابەتەکان لە گەڵ بریمەر و ئەندامانی مح باس بکەن و ببڕێنەوە، خۆیان لە دوا بڕیار و ئیمزا کردن دا بەشدار بونایە.

*

سەرچاوە: کوردسات،

تالەبانی سەردانی سیستانی کردوە.

لە گەڵ عەزیز حەکیم کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشی بەست.

*

لە فلوجە هێرش کراوەتە سەر بنکەی پۆلیس و بارەگای قایمقام. زیاتر لە ٢٠ کەس کوژراوە. وەکو بڵاویان کردەوە دوان لە هێرشکەرانی کوژراو پاسپۆرتی لوبنانییان پێ بوە.

١٥ ی ٢ ی ٠٤ یەکشەم:

ئەمشەو لە گۆیژە و ئەزمر بەفر باریوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٦ ی ٢ ی ٠٤ دوشەم:

٢ کەس کە دانراون بۆ ئۆفیسی سام لە سلێمانی بە ناوی بیل گرانت و جۆن لیستەر لە گەڵ دڵدار کەتانی هاتن سەعات ١٥ بۆ ماوە سەعاتێ قسەمان کرد ماوەی ٥ مانگ ئەمێننەوە لە ماوەی گوێزانەوەی دەسەڵات لە سامەوە بۆ حکومەتێکی عیراقی لێرە ئەبن بیرورای خەڵک ئەپرسن دەربارەی پێوەندی ناوچەکە بە ناوەندەوە.

باسی فیدرالی ٥ هەرێمی و دەسەڵاتەکانیم بۆ کردن و، بیرورای خۆم سەبارەت بە حکومەتی هەرێم.

*

ئەمشەو عەتا موفتی بە تەلەفۆن پێی وتم: "عوسمان میرغەنی وتوێتی وتارەکەم بە تەئکید بڵاو ئەکەنەوە."

*

حاجیەکانی سلێمانی گەیشتونەتەوە سلێمانی. لە مەکە و مەدینە ئالای کوردستانیان هەڵکردوە بۆ ئەوەی کەسیان بزر نەبێ و لە ژێریدا کۆ ببنەوە. ئەوە یەکەم جارە ئالای کوردستان لە مەکە و مەدینە هەڵ بکرێ.

١٩ ی ٢ ی ٠٤ پێنجشەم:

بریمەر لە سەردانی کەربەلادا وتوێتی: "رێگە نادا ئیسلام بکرێتە سەرچاوەی نوسینی دەستوری عیراق". موقتەدا صەدر هەڕەشەی لە ئەمەریکا کردوە کە ئەگەر ئیسلام نەکرێتە سەرچاوەی دانانی دەستور بەرهەڵستی چەکدار ئەکا. هەرچەندە موقتەدا گەنجێکی گەوج و سەرەڕۆیە بەڵام پێم وایە ئەم قسەیەی گەفێکی درۆیە.

*

ستیفانی نۆلن پەیامنێری رۆژنامەی (گلۆب ئاند مەیل) کە بەر لە پەلاماردانی عیراق لە سلێمانی بو هاتۆتەوە بۆ عیراق و پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ هات بۆ لام بۆ گفتوگۆ لە سەر هەلومەرجی عیراق و کوردستان.

*

کوفی ئەنان رایگەیاند کە دۆخی ئیستای عیراق لە بار نیە بۆ هەڵبژاردنی گشتی. سیستانی قبوڵی کردوە بەو مەرجەی ئەنجومەنی ئاسایش گەرەنتی بدا.

٢٠ ی ٢ ی ٠٤ هەینی:

شەرقی ئەوسەت، کە بە عەرەبی لە لەندەن دەرئەچێ و، لە سەر ئاستی ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی یەکێکە لە بڵاوترین رۆژنامە عەرەبیەکان، وتارەکەمی بە کەمێ دەسکاریەوە لە مەسەلەی دین و دەوڵەت دا بڵاو کردۆتەوە. ئەم وتارەم بۆ رای گشتی عەرەب، بە تایبەتی بۆ رۆشنبیر و خوێندەوارەکانی، نوسیوە بۆ ئەوەی لە زمانی یەکێکەوە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە لە ناو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵیان دا بە یەکێ لە "من غلاه القومیین الاکراد" ناسراوە، هەڵوێست و خواستەکانی کوردیان بۆ روون ببێتەوە.

(بڕوانە شرق ئەوسەت، ژمارە ٩٢١٥ - ٢٠٠٤/٢/٢٠) (بڕوانە کوردستانی نوێ بۆ زمانی کوردی)

٢٢ ی ٢ ی ٠٤ یەکشەم:

لە بەغداد ئامر سلیمان الضاری برای حارث الضاری کوژراوە. رەنگە لە سۆنگەی جیاوازی تائیفیەوە بێ چونکە سوننیەکی توندڕەو بوە.

٢٣ ی ٢ ی ٠٤ دوشەم:

ئیوارەی دوێنێ گەردەلولێکی بە هێز هەڵی کرد و، شەوەکەشی کڕێوەی بەفر دەستی پێ کرد. لە ماوەی چەند سەعاتێکا سلێمانی سپی بو. ئەمڕۆ سلێمانی وەکو پیرەمێرد وتویەتی. "ئەڵێی بەڵقیسە تارای زیوینی پۆشیوە" رەنگە ئەستورایی بەفرەکە لە ناوشاردا لە ١٥ ملیم زیاتر بێ.

*

هەندێ لە دەزگاکانی راگەیاندن باسی ناکۆکی سەرانی کورد و سام ئەکەن. وەکو د مەحمود وتویەتی رەنگە جارێ نەگەنە رێککەوتن لە بەر ئەوە قانونەکە لە کاتی دیاریکراودا دوا ئەکەوێ.

*

لە بەردەم بنکەی پۆلیسی رەحیماوا لە کەرکوک ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبادار بە دو خوکوژەوە تەقیوەتەوە. ١٧ ی کوشتوە و ٣٥ ی بریندار کردوە. بە زۆری کوردن. هەندێ لە کوژراوەکان پۆلیسن.

٢٤ ی ٢ ی ٠٤ سێشەم:

د موحسین عەبدولحەمید لە قسەکردن دا زۆرجار زەلە ئەکا. بەڵام لە دەربڕینی بیروڕاکانیدا ئازا و ئاشکرایە. لە گفتوگۆیەک دا لە گەڵ رۆژنامەی القبس ی کوەیتی وتویەتی: "سونە لە عیراق دا زۆرایەتین و ٦٠% ی دانیشتوانی عیراق پێک ئەهێنن. سیستانی یەکێکە لە مەرجەعەکانی شیعە و مەرجەع نیە بۆ هەمو شیعە و بۆ ئەوان (مەبەستی سونەی عەرەب) و بۆ کورد. رەئیەکانی مولزەم نین و وەکو یەکێ لە رەئیەکان وەرئەگیرێ" ئەم قسانە لە ناو ریزەکانی شیعەدا بە خراپ دەنگی داوەتەوە. لە سایتی (موسوعه النهرین) دا چەندین وتاریان لە دژی بڵاو کردۆتەوە.

دەزگاکانی راگەیاندن بە ناوی د موحسین عەبدولحەمیدەوە، سەرۆکی ئەم مانگەی مح، بڵاویان کردەوە کە عیراق لە سەردەمی صەدام دا ئەرزی زۆری لێ دابڕاوە و دراوە بە دراوسێکانی حکومەتی نوێی عیراق ئەو ئەرزانە لە کوەیت و ئوردون ئەسێنێتەوە. رۆژی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دواتر ئەم قسانەی بە درۆ خستەوە. بۆ راستکردنەوەی ئەم درکاندنە گرنگە کە بە خراپ دەنگی دایەوە گفتوگۆی لە گەڵ هەندێ رۆژنامە کرد و سەردانی کۆمیتی کرد.

٢٥ ی ٢ ی ٠٤ چوارشەم:

ئەمڕۆ کوردستانی نوێ تەرجومەی وتارەکەی شەرقی ئەوسەتی منیان بڵاو کردۆتەوە دلاوەر عوسمان تەرجومەی کردوە.

*

وەکو سەفین دزەیی لە کوردستان تێقی بڵاوی کردەوە ئەمڕۆ تاووتوێی قانونی ئیدارە لە مح دا دەستی پێ کردوە. بەڵام ئاگاداری بە دەستەوە نەدا. تاڵەبانی و بارزانی هەردوکیان لە بەغدادن.

*

بزوتنەوەی راپرسی وەفدێکی ناردوە بۆ بەغداد. ئەمڕۆ لیستی ئیمزای ١ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەسی تەمەن بەرەوژوری ١٦ ساڵ داوە بە مح و سام داوا ئەکەن بۆ دیاری کردنی چارەنوسی کورد لە کوردستان راپرسی بکرێ.

*

شەو درەنگانێ بومەلەرزەیەکی لاواز بو.

٢٦ ی ٢ ی ٠٤ پێنجشەم:

سایتی کوردستان نێت وتارەکەی لە کوردستانی نوێ وەرگرتوە سەرلەنوێ بڵاوی کردۆتەوە.

٢٧ ی ٢ ی ٠٤ هەینی:

دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان کردەوە: د. رەجا خوزاعی پێشنیارێکی داوە بە مح بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ١٣٧ بە زۆرایەتی ١٥ دەنگ هەڵوەشێنراوەتەوە. ٥ کەس بە هاندانی ئەبو ئەمەل کە ئیسلامی بون بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە کۆبونەوە دەرچون. سەیر ئەوەیە: خوزاعی لە دەنگدانی یەکەم دا دەنگی بۆ بڕیاری ١٣٧ دابو کەچی ئیستا خۆی پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی کردوە.

سالم چەلەبی کە لە باتی ئەحمەد چەلەبی لەوێ بوە ئەویش لە کۆبونەوەکە دەرچوە. لەوەتی شوێنی ئەحمەد چەلەبی لە ئەمەریکا لەقیوە و تاوانباری ئەکەن بەوەی زانیاری درۆی داونەتێ، خۆی بە هێزە ئوسولیەکانی شیعە و بە سیستانیدا هەڵواسیوە و بۆتە هاودەنگیان.

٢٨ ی ٢ ی ٠٤ شەمە:

ئەمڕۆ ئەبو قانون اداره الدوله العراقیه تەواو بکرێ بەڵام دەرنەچو. وەکو رادیۆی سەوا بڵاوی کردەوە ناکۆکی لە سەر شەریعەتی ئیسلام و فیدرالیزم و بەشی ئافرەت لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

داوودەزگای تەشریعی و تەنفیزیدا هەیە و، هیشتا لە سەر ئەم پرسانە ڕێک نەکەوتون. لە ناو ئەوانەدا کە قسەیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردوە د مەحمودە.

٢٩ ی ٢ ی ٠٤ یەکشەم:

خەلیل دۆسکی چەند ڕۆژێ پێش ئیستا بۆ تەداوی چو بۆ ڤییەنا بەڵام لێی نائومێد بون لە بەر ئەوە هێنایانەوە بۆ دهۆک لە نەخۆشخانەی ئازادی کۆچی دوایی کرد.

مارتی ٢٠٠٤

١ ی ٣ ی ٠٤ دوشەم:

سەرۆکی نۆرەیی ئەم مانگەی مح (مجلس الحکم) د محەمەد بەحرەلعلوم ئەبێ.

من دوربەدور چاودێری ئەکەم. ئاگاداریەکانم هی دەستی دوەمە.

*

حەمید کەفائی، وتەبێژی مەجلیسی حوکم، ڕایگەیاند کە قانونی ئیدارەی دەوڵەت بە گشتی دەنگ پەسند کراوە. ئیمزاکردنی خراوەتە چوارشەم واتە دوای تەواو بونی مەراسیمی عاشورا.

*

ئەمڕۆ تەرمی خەلیل دۆسکی لە دهۆک بە خاک ئەسپێرن. ئەندامانی م س و وەزیرەکان و ژمارەیەکی زۆر پیاوماقوڵانی ناوچەکە چون بۆ دهۆک بۆ بەشداری لە مەراسیمەکەدا.

*

سەعات ٦ ی ئێوارە مریەم فام میصریەیە کار بۆ ئەسۆشیتدپریس کار ئەکات هات بۆ گفتوگۆ.

*

سەعات ٧ بیل گرانت و جۆن لیستەر لە سام (سلطه الاتلاف موقته) هاتن بۆ ئەوەی بیروڕای من و کاردانەوەی لە ناو خەڵک دا بزانن لە سەر قانونەکە. من وتم: "گفتوگۆکان لە ژورێکی داخراودا کراون و شەفافیەت لە کارەکەدا نەبوە لە بەر ئەوە نازانم لە داواکانی کورد چی سەلمێنراوە" سەرلەنوێ خواستەکانی کورد و مەترسیەکانی خۆمان بۆ روون کردەوە.

پرسیان کە قانونەکە دەرچو بۆ ئەوەی بزانن بیروڕای خەڵکی کوردستان چیە لە سەری لە کێ پرسیار بکەن؟ ڕەئی خۆمم پێ وتن.

جۆن عەرەبی ئەزانێ. کۆپی چند وتارێکم دایە لەوانە: وتوێژەکەی خۆم و وتارەکەم لە شەرقی ئەوسەت دا و وتارێکی عەرەبی دەربارەی فیدرالی لە سەر نمونەی کەنەدا و وتارێکی پرۆفیسۆر ئۆلیرلی کە لە لۆس ئەنجلس تایمس دا بڵاوی کردۆتەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢ ی ٣ ی ٠٤ سێشەم:

ئەمڕۆ چەند تەقینەوەیەک لە کەربەلا و لە حەوشی مزگەوتی ئیمام موسای کازم دا بوە. هەندێکیان خۆتەقاندنەوە بون. لە ١٥٠ کەس زیاتر کوژراوە و زیاتر لە ٥٠٠ کەس بریندار بوە.

ئەم تەقینانەوانە لەم کاتەدا: ڕۆژی عاشورا و، لەو شوێنانەدا: پیرۆزگا و ئارامگای ئیمامەکانی شیعە، بە دەستدرێژییەکی ئێجگار گەورە و بە هەوڵێکی ڕاستەقینە دائەنرێ بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی مەزهەبی لە بەینی شیعە و سوننەدا، کە پێ ئەچێ بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی زەرقاوی بێ. بەڵام ئاخۆ ئەم پیلانە شەیتانییە سەرئەگرێ یا نە؟ وەڵامەکەی لە پاشەڕۆژدا وەرئەگرینەوە.

*

٢ ی ٣ ی ٠٤ چوارشەم:

بە هۆی ڕوداوەکانی کەربەلا و کازمیە ئیمزاکردنی قانونی ئیدارەی دەوڵەت دوا کەوت.

ژمارەی کوژراوەکان گەیشتۆتە ٢٧١ کەس وەکو بەحرەلعلوم لە کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانیدا وتی.

*

مەکتەبی سیستانی و سەرانی دینیی شیعە ئەمەریکا تاوانبار ئەکەن لە بەر ئەوەی ئەوان بەرپرسی دابینکردنی ئاسایشن. ئەمانە سەیرن لە لایەکەوە قبوڵ ناکەن ئەمەریکایی و هێزەکانی هاوپەیمانیان بچنە پیرۆزگاکانیانەوە، کەچی هەرچییەکیان لێ ئەقەومێ یەکسەر پەنجەی تاوانبارکردن ئەکەنە ئەمەریکا. لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێکە لە سپڵەیی لە کاتێکا دا لە سەردەمی صەدام دا نەیان ئەوێرا قسە بکەن و، مەراسیمی ئایینییان لێ قەدەغە کرابو، ئیستا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سام دا بەوپەڕی ئازادییەوە قسە ئەکەن و ئەجوڵێن و مەراسیمی دواکەوتوانەی خۆیان بە جێ ئەهێنن، کەچی بەوجۆرە پاداشتی چاکەی ئەمەریکا ئەدەنەوە.

*

٤ ی ٣ ی ٠٤ پێنجشەم:

ڕوداوەکانی پیرۆزگاکان شیعەکانی هەژاندوە کەوتونەتە وتنەوەی هەستی مەزڵومی کە بیری شیعەی لە سەر دامەزراوە و، دەربڕینی هەستی ناڕەزایی بەرامبەر سوننە. لە زۆر سایتی ئینتەرنێت دا ئەمە ئەبینرێ. درکاندنەکانی موحسین عەبدولحەمید، کە لە ناو شیعەدا بە خراپ دەنگی دایەوە، ئەم ڕوداوانەیشی هاتۆتە سەر.

لە موسوعە النهرین دا:

بەر لە چەند ڕۆژێ زهیر شنتاف نوسی بوی: "نعم للتقسیم".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رۆژی ٣ ی ٣ عبدالله العماری نوسی بوی: "إنهض ایها المارد الشیعی" داوای له شیعەی عیراق کردوه دەوڵەتی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن.

هەمان رۆژ ناهدە سوار (کە رەنگە ناوێکی خواستراو بێ) نوسیوێتی "یا شیعه الیوم لاتکرروا غلطه شیعه الامس" داوای دروستکردنی (کیان) ی تایبەتی شیعەی کردوه.

رۆژی ٤ ی ٣ طالب الشطری نوسیوێتی: "الحرب الاهلیه ضد الشیعه وجماعه مو انی" ئەویش داوای دروستکردنی (کیان) ی تایبەتی شیعەی کردوه.

ئەمانە داوا ئەکەن لە سوننە جیا ببنەوە، سامانی سروشتی خۆیان بۆ خۆیان بێ و سنوری شارەکانیان بە هێزی خۆیان بپارێزن. ئەگەر ئەم خواستانە ببێتە داواکاری هێزە شیعیی‌یەکان بۆ کورد باش ئەبێ، بەڵام سەرانی شیعە رەنگە گوێ بەم قسانە نەدەن چونکە ئەوان ئەیانەوێ ئەگەر حوکم بگرنە دەس حوکمی هەمو عیراق بکەن بە سوننە و شیعە و کوردەوە نەک بە تەنیا شیعە.

*

هێشتا دەقی قانونەکە لە لایەن مح هوە بڵاو نەکراوەتەوە. سەرچاوەی ئاگادارییەکانی من و برادەرانی تریش هەر دەزگاکانی راگەیاندنە. لە قسەکانی دوێنی شەوی د بەرهەم و لەو گفتوگۆیەدا د مەحمود رۆژی ٣ ی مانگ لە گەڵ رادیۆی سەوا کردویەتی پێ ئەچێ قانونەکە چەند دەلاقەی تێ دا بێ.

دەسکەوتەکان:

- عیراق بە رەسمی دان ئەنێ بە حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتمانی و دادگاکانی کوردستان دا لەو ناوچانەی رۆژی ١٩ ی مارتی ٢٠٠٣ لە ژێر دەسەلاتیدا بون.

- ناسینی رەسمی زمانی عەرەبی و کوردی لە هەمو عیراق دا و رەنگدانەوەی لە هەمو داوودەزگا و بەڵگەکان دا.

- ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە تەعریب کراوەکان.

- هەر چەند پارێزگایەک بۆیان هەیە رێک بکەون لە ئیقلیمێک دا یەک بگرن.

- ئەم قانونە دەسکاری ناکرێ مەگەر بە دەنگی سێچواریەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی و موافەقەتی هەر سێ ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی.

- ئەگەر دوسێیەکی دەنگدەرانی ٣ پارێزگا دەستوری رەفز کرد ئەوا دەستورەکە لە هەمو عیراق دا نابێ جێبەجێ بکرێ.

ئەمە تیغێکی چەند دەمە. کورد و عەرەب و سوننە و شیعە ئەتوانن دژی خواستەکانی یەکتری بە کاری بهێنن.

دەلاقەکان:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- سنوری ئیستای هەرێمی کوردستان تا نوسینی دەستور وەکو خۆی ئەمێنێتەوە. هیچ ناوچەیەکی کوردنشینی تری ناخرێتە سەر.
- سنوری پارێزگاکان بێ دەسکاری تا نوسینی دەستور ئەمێننەوە.

ئەو ناوچانەی لە کەرکوک دابڕاون ناخرێنەوە سەری.

ئەو ناوچە کوردنشینانەی لە کوردستان دابڕاون و خراونەتە سەر موسل و تکریت و دیالە تا نوسینی دەستور هەر لە سەر ئەوان ئەمێننەوە.

- سامانی سروشتی هەر لە دەس بەغدادا ئەمێنێتەوە.
- پێشمەرگە هەڵئەوەشێنرێتەوە.
- دینی رەسمی ئیسلامە و نابێ هیچ قانونی دابنرێ لە گەڵ ئیسلام نەگونجێ.

*

٥ ی ٣ ی ٠٤ هەینی:

شیعە، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپان، بەردەوامن لە سەر نوسینی ئاگراوی. داوای دەوڵەتێکی شیعە ئەکەن. هەندێکیان بە ئاشکرا شان بە شانی هێرش بۆ سەر قەناتەکانی جەزیرە و عەرەبیە، ئیستا هێرش ئەکەنە سەر ئێران و سعودیە و حیزبوڵای لوبنان، تەنانەت یەکێکیان هێرشی کردۆتە سەر سیستانی. هەندێ لەمانە تورە بون لەوەی کە ئەمەریکا تاوانبار ئەکەن بە تەقینەوەکانی کەربەلا و کازمیە و سوتاندنی ئالای ئەمەریکی، ئەوە بە چەواشەکردنی شیعە دائەنێن، چونکە بەرپرسی راستەقینە بە تێرۆریستەکانی سوننە ئەزانن.

*

وائیل عەبدوللەتیف ئەندامی مح و پارێزگاری بەصرا، وەکو موسوعە النهرین نوسیوێتی، ئێوارەی ٣ ی ٣ لە ئۆتێلی کاپیتۆل لە دوبەی لە گەڵ عیراقیەکان دانیشتوە باسی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی بۆ کردون. پشتیوانی لە فیدرالی کردوە و باسی دابەشکردنی عیراقی کردوە بە سەر ٥ هەرێم دا، لەوانە هەرێمی جنوب: بەصرا، ناصریە، عەمارە و سەماوە. باسی زیانی سیستەمی ناوەندی کردوە و، ٢ نمونەی خۆیانی هێناوەتەوە کە لە گەڵ کۆمپانیای نەوتی جنوب رێک کەوتون ١٧ بنکەی سوتەمەنی دابنێن ٤ مانگە چاوەڕوانی موافەقەتی بەغدا ئەکەن و، لە گەڵ ئێران رێک کەوتون ١٥٠ میگاوات کارەبایان لێ بکڕن بۆ ناوچە سنوریەکان کە ٢٠٠ مەتر دورە لە هێڵی کارەبای ئێرانەوە ئەویش بە هۆی موافەقەت نەکردنی بەغداوە دوا کەوتوە.

ئەم جۆرە رونکردنەوانە بە قازانجی کوردن.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

توانا لە بارەگای مح هوە تەلەفۆنی بۆ کردم. ئەمڕۆ ئەبو قانونەکە ئیمزا بکرێ چونکە بە گشتی دەنگ بڕیاری لە سەر درا بو. سەرەڕای کۆبونەوەی دڕێژ تا نیوەشەو نەگەیشتنە بڕیار چونکە شیعە لە ئاخر لەحزەدا لە هەندێ مادەی پەشیمان بونەتەوە. حەکیم، بەحرەلعلوم، چەلەبی، جەعفەری، روبەیعی رازی نەبون قانونەکە ئیمزا بکەن. سیستانی رازی نیە.

ناکۆکی لە سەر دو نوقتەی سەرەکییە: ئیستیفتا (دژی ڤیتۆی کوردی و عەرەبی سوننی) و سەرۆکایەتی (بۆ پچوککردنەوەی کورد و عەرەبی سوننی).

حامید بەیاتی وتەبێژی مەجلیسی ئەعلا ناکۆکییەکانی بە ئاشکرا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن باس کرد. د مەحمودیش بزمارێکی بە شیعەدا داکوتا.

*

ئیستا نیوەشەوە رایان گەیاند کۆبونەوەکە دواخرا بۆ دوشەم. واتە ئیمزاکردنی قانون لە کاتی دیاریکراودا نابێ.

*

رۆژی ٣ ی ٣ مام جەلال نامەیەکی بۆ ناردوم. پارتی کۆمۆنیستی چین وەفدێکی یەکێتییان بانگهێشتوە بۆ ماوەی حەفتەیەک مام جەلال داوای لە من کردوە سەرۆکایەتی وەفدەکە بکەم. لەو کاتەوە رۆیشتوەتەوە بەغداد تەنیا لەم نامەیەدا هەندێ ئاگاداری لە سەر قانونەکە بۆ نوسیوم. لە بەشێکی نامەکەدا نوسیوێتی:

"لێرەش ئیشەکان بە پێی توانا باش رۆیشتوە دەربارەی فیدرالیەتی جوغرافیائی. زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی رەسمی بێت . هەقی ٣ محافەزە لە رەت کردنەوەی دەستوری دایم گەر بە ٧٥% دەنگ دژی بوەستن. سامانی نەتەوەیی کە هی ئیقلیم و هەمو وڵاتە و دەبێ بە پێی نفوس و پێویستیەکان دابەش بکرێت. رێککەوتنی بە خشکەیی خۆمان لە گەڵ (هاوپەیمانان) لە سەر ٥ پ ک. حکومەتی هەرێم حکومەتی رەسمیە تاکو دەستور پەسند دەکرێت (حکومەت، پەرلەمان، دادگا). لابردنی شوێنەواری تەعریب و گۆڕانکاریەکانی (تطهیری عرقی) و هتد.

"ئەوەی بە دڵم نەبو – مەسەلەی دەست بە جێ نەگۆڕینی سنورەکانی محافەزەکانە! لە گەڵ دانی دەسەڵاتی زۆر بە حکومەتی مەرکەزی دەربارەی سامانی میللی. بەڵام لە گەڵ کاک مەسعود و هەڤاڵانی تریش لێرە وامان پێ باش بو ما لا یدرک کله لا یترک جله."

٦ ی ٣ ی ٠٤ شەمە:

٧ لە شیعەکانی مح چون بۆ نەجەف بۆ بینینی سیستانی. بۆ ئەوەی رەئی وەربگرن لەسەر قانونی ئیدارە و هەندێ لە مادەکانی و ئیمزاکردنی. خۆی هێشتا نەیبینیون محەمەد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕەزای کوڕی لە گەڵیان کۆبۆتەوە. بەحرەلعلوم وتویەتی ئێوارەی دوشەم قانونەکە ئیمزا ئەکرێ.

*

ئێلنور چەفیک و جەنگیز جاندار بۆ فراوین میوانی من بون.

*

سەعات ٣ جۆن لیستەر لە ئۆفیسی سلێمانی سام هات بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە دواکەوتنی ئیمزای قانونەکە. وای پیشان دا کە نازانێ ناکۆکیەکان چین. لە راستی دا منیش نەمئەزانی بە دیاریکراوی لە سەر چیە. پێی سەیر بو منیش نایزانم.

٨ ی ٣ ی ٠٤ دوشەم:

ئەمڕۆ مەراسیمی ئیمزاکردنی (قانون اداره الدوله العراقیه فی الفتره الانتقالیه) تەواو بو. ٢٥ ئەندامەکەی مح هەندێکیان خۆیان ئیمزایان کرد و هەندێکیان نوێنەرەکانیان. لە باتی عەبدولعەزیز حەکیم عادل عەبدولمەهدی، لە باتی موحسین عەبدولحەمید حاجم حەسەنی، لە باتی ئەیاد عەلاوی هانی ئیدریس و لە باتی دارا نورەدین سەلاح مەلا کەریم ئیمزایان کرد چونکە خۆیان ئامادە نەبون. پێم وایە ئەحمەد چەلەبی لە گەڵ ئیمزاکردن دا (تحفظ) ی تۆمار کرد. بەحرەلعلوم و بارزانی و پاچەچی قسەیان کرد. بارزانی بەشێ لە دوانەکەی بە کوردی بو.

*

مەکتەبی سیستانی لە ڕونکردنەوەیەکدا لە وەڵامی (جمع من المؤمنین) نوسیویتی: "لقد سبق لسماحه السید مد ضله ان اوضح فی تحفظه علی اتفاق ١٥ تشرین الثانی ان ای قانون یعد للفتره الانتقالیه لن یکتسب الشرعیه الا بعد المصادقه علیه فی الجمعیه الوطنیه المنتخبه، ویضاف الی ذلک ان (هذا القانون) یضع العوائق امام الوصول الی دستور دائم للبلد یحفظ وحدته وحقوق ابنائه من جمیع الاعراق والطوائف. ١٦ محرم الحرام ١٤٢٥"

*

١١ ئەندامی گروپی شیعەی ناو مح: بەحرەلعلوم، چەلەبی، محەمەداوی، وائیل، روبەیعی، جەعفەری، خوزاعی، بەراک، عەلاوی، عادل، خەفاجی. (حەمید موسا و عیزەدین سەلیم ئیمزایانی لە سەر نیە) لە بەیانێکی دڕێژدا کە لە شێوەی لائیحەیەکی قانونیدا نوسراوە (تحفظ) یان پیشان داوە لە سەر:

مادەی ٣ ف ١ ئەڵێ: "ئەم قانونە نابێ تەعدیل بکرێ مەگەر بە زۆرایەتی سێچواریەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی و دەنگی گشتی سەرۆکایەتی"

مادەی ٦١ ف ج ئەڵێ: "ئیستیفتا لە سەر مسوەدەی دەستوری دائیم کاتێ سەرکەوتو ئەبێ کە گەل موافەقەتی لە سەر بکا و دوسێیەکی ٣ محافەزە یا زیاتر ڕەفزی نەکەن."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەڵێن ئەوان رازی نین بەلام بۆ ئەوەی تاوانبار نەکرێن بە دواخستنی پرۆسەی سیاسی بۆیە ئیمزایان کردوە.

*

بوش بە بۆنەی قانونەکەوە پیرۆزبایی لە گەلی عیراق کرد و، لە وڵاتانی گەورە بریتانیا و فەرەنسا و روسیا و، لە وڵاتانی ناوچەکە ئێران، سعودیە، ئوردون، بەحرەین، میصر، پێخۆشحاڵیان دەربڕی. تورکیا نیگەرانە لە قانونەکە گۆیا ئەبێتە هۆی پشێوانی زۆرتری ناوچەکە و کەوتونەتە پێوەندی لە گەڵ ئەمەریکا بە تایبەتی لە گەڵ کۆلن پاول.

*

شیعە لە درکاندنەکانی وشیار زێباری لە وەڵامی رەخنەی شیعەکان دا تورە بون کە وتویەتی: "ئەمە گەرەنتییە بۆ رێبڕین لە دیکتاتۆریەتی زۆرایەتی و بۆ ئەو مەسەلانە نابێ بچن بۆ لای بێگانە."

*

لە کەرکوک هەزاران کورد رژاونەتە سەر جادەکان وێنەی مام جەلالیان هەلگرتوە. لە گەڵ تورکومان و عەرەب پێکا هەڵپژاون ۲ تورکومان و ژنێکی عەرەب کوژراون.
لە زانکۆی موصل خوێندکارانی کورد و عەرەب بوە بە شەڕیان.

*

۹ ی ۳ ی ۰٤ سێشەم:

حەکیم لە کۆنفرەنسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە لە بەر ئەوەی (تحفظ) ی هەبوە لە سەر هەندێ بابەتی قانونەکە بۆیە لە ئیمزاکردنیدا بەشدار نەبوە.
سەید کازمی حائیری دانیشتوی قوم لە ئێران، کە مەرجەعی تەقلیدی موقتەدا صەدرە بە پێی وەسێتی باوکی، بەیانێکی دەرکردوە ئەڵێ ئەم قانونە شەرعی نیە. دور نیە موقتەدا ئیتر کێشەی زیاتر دروست بکا. بە پێی راپۆرتی (د. ز) ماوەیەک لەمەوبەر ۳۰۰ کەسی جەیشی مەهدی کە چوبون بۆ لوبنان حیزبوڵا مەشقی پێ کردون گەیشتونەتەوە عیراق.
محەمەد تەقی مودەریسی، مەلایەکی تری شیعە کە لە دوای روخانی بەعس لە ئێران گەڕاوەتەوە، دژی فیدرالی بەیانی داوە و ئەڵێ قانونەکە چەندین لوغمی تێدا چێنراوە، لەوانە فیدرالیزم.

*

کوردەکانی ئێران لە مەریوان، مەهاباد، بۆکان، سەقز، سەردەشت، پیرانشەهر بۆ دەربڕینی شادمانی خۆپیشاندانی گەورەیان کردوە. لە هەندێ شوێن بۆتە پێکادان لە نێوان پیاوانی ئاسایش و خەڵک دا وەکو ئەڵێن بە دەیان کەس گیراون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێران و تورکیا و سوریا لەوەدا بە هەڵە نەچوبون کە گۆڕانەکانی ناو عیراق ئاسایشی نەتەوەیی‌یان ئەخاتە مەترسی‌یەوە.

*

١٢ ی ٣ ی ٠٤ هەینی:

مام جەلال جەنەرال ئەدریانۆ فەرماندەی لەشکری ٤ ئەمەریکی و جەنەرال باتیست فەرماندەی نوێ، کە بنکەکەیان لە تکریتە، بۆ فراوین بانگ کردبو. ئەدریانۆ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا و باتیست لە جێگەی ئەو هاتوە.

*

١٣ ی ٣ ی ٠٤ شەممە:

چەسپاندنی فیدرالیزم و مافەکانی کورد لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت لە عیراق دا کوردی سەرانسەری کوردستانی خرۆشاندوە.

رۆژی هەینی تیپی فتوەی دیرەزوری چۆتە قامیشلی بۆ یاری لە گەڵ تیپی جیهادی قامیشلی. تیپەکەی دیرەزور لە گەڵ خۆی چەند هەزارێ گەنجی بردوە کە وێنەی صەدامیان هەڵگرتوە هوتافیان بە ژیانی صەدام و جنێویان بە کورد و سەرکردەکانی داوە. لە ئەنجام دا بۆتە شەڕە دەس و دیرەزوری‌یەکان کە خۆیان بۆ شەڕەکە ئامادە کردبو چەقۆ و تیلا... یان بە کار هێناوە. لە وێدا چەند کەسێ کوژراون. مەسەلەکە تەنیوەتەوە بۆ ناوشار خەڵک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی کۆبونەتەوە بەڵام دەزگا ئەمنیەکان کەوتونەتە داپڵۆسینی کوردەکان و چەند کەسێ کوژراون. هەندێک ئەڵێن ١٤ و هەندێک زورتر ئەڵێن.

هەمو شارە کوردنشینەکان خرۆشاون. ناڕارامی و ناڕەزایی شارەکانی: قامیشلی، دێرکێ، تربەسپی، سەریکانی، عامودە، درباسیە، عەفرین، حەلەب... تەنانەت دومەر و روکنەدینی ناو پایتەختیشی گرتوتەوە.

*

لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا کە ١٠٠ هەزار کەس زیاتر بەشداری‌یان تێدا کردوە شاری قامیشلی تەرمی شەهیدەکانی بە خاک سپاردوە. سەیر ئەوەیە ئالای کوردستانیان لە تەرمی هەندێکیانەوە پێچا بو. ئەوە یەکەمجارە لە سوریا شتی وەها رو بدا.

*

عەرەبە شۆڤێنی‌یەکان لە هەندێ لە شارە کوردنشینەکانی سوریا هەندێ دوکانی کوردیان تالان کردوە. کوردەکانیش هەندێ داوودەزگای حکومەتی‌یان ئاگر داوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەندێ لە گەورە کاربەدەستانی سوریا چونەتە ناوچەکە، لەوانە ماهیری برای بەشار ئەسەد، لیوا محەمەد مەنصورە، پارێزگاری حەسەکە... لە گەڵ سەرانی هەندێ لە حیزبە کوردیەکان دانیشتون.

*

١٤ ی ٣ ی ٠٤ یەکشەم:

پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی پەیمانگای تەکنیکی وتارێکم بۆ خوێندکارانی بەشی زانستی سیاسی سەبارەت بە قانونی ئیدارەی دەوڵەت پێشکەش کرد.

*

سەرکۆماری میصر کتوپڕ سەردانی ئەسەدی کرد. پێ ئەچێ بۆ پشتیوانی و هاوردەردی بێ. دواتر سەرچاوەکانی هەواڵ رایان گەیاند لە بەر ئەوەی موبارەک پێوەندی باشی لە گەڵ تاڵەبانی و بارزانی هەیە، گەرەکێتی ناوبژی لە نێوان ئەسەد و ئەوان دا بکات بۆ ئەوەی هەلومەرجی سوریا هێور ببێتەوە.

*

١٥ ی ٣ ی ٠٤ دوشەم:

دوێنی شەو ئەبو موهەنەد، کە خۆی خەڵکی فەلوجەیە و ماوەیەکی درێژ ئەفسەری ئیستیخبارات بو، بۆی باس کردم زۆری ئەوانەی کارە تێرۆریستیەکانی ناوچەکانی سێگۆشەی سوننی دژی پۆلیس و داوودەزگا عیراقیەکان ئەنجام ئەدەن سەر بە حیزبوڵای لوبنان و فەیلەقی بەدر و شیعەن. چونکە خەڵکی فەلوجە پۆلیسی خەڵکی فەلوجە ناکوژێ، هەمویان یەکتری ئەناسن و، ئەوە دوژمنایەتی عەشایەری قوڵی لێ ئەکەوێتەوە. بە قسەی ئەو تا ئیستا چەند تێرۆریست، کە سەر بە بەدر بون، گیراون و دراونەتە ئەمەریکیەکان.

پێم وایە قسەکانی بۆ چەواشەکردنە، ئەگینا فەلوجە بۆتە مەکۆی پاشماوەکانی بەعس و پەناگای ئیسلامیەیە تونددرەوەکان. خەڵکی فەلوجە دااڵدەیان داون و هاوکاریان ئەکەن.

*

مەلیک عەبدوڵای دوەم، شای ئوردون، لە گفتوگۆیەک دا لە گەڵ رۆژنامەی (حوریەت) ی تورکی وتویەتی: "هەرچەندە ئوردون کەمایەتی کوردی تێدا نیە بەاڵم لە نیگەرانی تورکیا و سوریا و ئێران تێ ئەگەم بەرامبەر بە هەوڵی کوردەکانی عیراق بۆ دروستکردنی دەوڵەت." سەردانی تورکیای بە دەستەوەیە.

*

پارتی گەل لە ئیسپانیا هەڵبژاردنی دۆڕاند و پارتی سۆسیالیست بردیەوە. هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ لایەنگرتنی بوش لە شەڕی عیراق دا. بە چەند رۆژێکی کەم پێش هەڵبژاردن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەقینەوەیەکی گەورە بو لە تۆڕی ڕێگای ئاسنین دا حکومەت بێ چاوەڕێ کردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوە تاوانی ئەو کارەی دایە پاڵ ئیتا. بەڵام ئیتا ئینکاری کرد و قاعیدە خۆی لێ کرد بە خاوەنی. بوش پشتیوانێکی بەهێز و عیراق دۆستێکی باشی لە دەس دا.

*

١٦ ی ٣ ی ٠٤ سێشەم:

شەرقی ئەوسەت لە ژمارەی ئەمڕۆیدا ٢ لێدوانی لە سەر ڕوداوەکانی قامیشلی بڵاو کردۆتەوە بە قەڵەمی غەسان ئیمام و سەمیر عەتائولا. یەکەمیان وەکو عەرەبێکی سەردەمی باوی عروبە باسی عروبەی سوریا و (تسلل) ی بەردەوامی کورد ئەکا. دوەمیان، داوا ئەکا چارەسەری کێشەی کورد بکرێ، نەک خۆیانی لێ هەڵە بکەن. هەروەها وەڵامی ڕۆژنامەوانێکی دیمەشقی ئەداتەوە کە ڕوداوەکانی قامیشلی وەکو دیاردەی (هۆلیگانس) ی یاریگاکانی بریتانیا لێک ئەداتەوە. شتێکی کە لەم لێدوانەدا سەرنجی ڕاکێشام کاتی خۆی جەمال عەبدولناصر جێبەجێکردنی قانونی ئیسلاحی زەراعی لە جەزیرە ڕاگرتوە چونکە ئەرزی ناوچەکە بە دەس شێخەکانی عەشیرەتی شەمەری عەرەبەوە بوە، بە دابەشکردنی هەندێکی ئەکەوتە دەس جوتیاری کورد.

*

لە هەندێ لە شارە کوردنشینەکانی سوریا ناڕامی بەردەوامە. حکومەتی سوریا بەعسییەکان و عەشیرەتە عەرەبییەکانی ناوچە کوردنشینەکانی چەکدار کردوە و چاوپۆشییان لێ ئەکەن دەستدرێژی بکەنە سەر کورد.

کوردەکانی سوریا هەڵیان کوتاوەتە سەر سەفارەتی سوریا لە برۆکسل و جنێڤ و، لە ئەڵمانیاش چەند خۆپیشاندانیان کردوە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەر ڕوداوەکانی سوریا دواوە و داوای لە حکومەتی سوریا کردوە لێبوردو بێ لە گەڵ کەمینەکان و خواستەکانیان وەربگرێ.

*

سوریا و ئەمەریکا

ئەمەریکا بە تەمایە قانونی محاسەبەی سوریا جێبەجێ بکا. سوریاش بە تەمایە (معامله بالمثل) ی لە گەڵ بکا. داوا کۆنەکانی ئەمەریکا لە سوریا بریتی بو لە: وازهێنان لە چەکی کۆمەڵکوژ. کشانەوە لە لوبنان. دەسبەڵگرتن لە یارمەتیدانی حیزبوڵا. داخستنی بارەگا و بنکەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە فەلەستینییەکان.

*

ئەمڕۆ کتێبە تازەکەی محمد حسنین هیکل: (الامبراطوریه الامریکیه والإغاره علی العراق) م خوێندەوە. باسی ئامادەکاری ئەمەریکی ئەکا بۆ شەڕ. بە ئوسلوبەکەی خۆی گەلێ باس

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و بابەت ئەگێڕێتەوە. بەڵام لە هەمووی‌دا ئەیەوێ خراپی ئەمەریکا بسەلمێنێ. وەکو نەتەوەپەرستێکی عەرەب "رقە کۆنەکەی" لە ئەمەریکا هەر لە سک دا ماوە.

*

١٧ ی ٣ ی ٠٤ چوارشەم:

هەواڵەکان وا ئەگەیەنن لە ٢٤ سەعاتی ڕابوردودا ١٧ کورد لە حەلەب و سەری کانی و عەفرین کوژراون.

*

عبدالمنعم الاعسم، ستوننوسێکی الزمان وتاریکی لە ژێر سەرناوی: "جمله مفیده: عن مشروع السیستانی.. السیاسی" نوسیوە، ئازایانە باسی بۆچونەکانی سیستانی ئەکا کە چۆن دەستی خستۆتە ناو هەمو وردەکاریەکانی ڕەوتی سیاسی عیراقەوە و ئەیەوێ "إقامه الدوله الدینیه بزعامه المرجعیه الشیعیه، وهو مشروع أغنت التجربه الایرانیه محاذیر تکراره بل وعقم هذا الخیار". پێش ئەویش عزیز الحاج لە ایلاف دا لەم بارەیەوە وتاریکی گرنگی نوسی بو.

*

ئەمشەو ئۆتێلی جبل لبنان لە بەغداد بە ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبدار تەقێنراوەتەوە. دەیان کەسی تێدا کوژراوە و بریندار بوە.

١٨ ی ٣ ی ٠٤ پێنجشەم:

سەعات ٩.٣٠ ی ئەمڕۆ سەفیر ڕۆنالد نیومان، بەڕێوەبەری کاروباری دەرەوەی سام و یاریدەدەری بریمەر بۆ کاروباری کورد، لە گەڵ جۆن لیستەر کارمەند لە ئۆفیسی سلێمانی سام، بۆ نانی بەیانی و بۆ ئالوگۆڕی بیروڕا هاتن. ئیمەش کۆسڕەت، د کەمال فوئاد، عومەری سەید عەلی و من لە گەڵیان دانیشتین. باری سەرنجی خۆمان لە قانونەکە و کەموکوڕیەکانی ڕون کردەوە.

٣ بابەتم بۆ باس کرد کە بە ناتەواوی ئەزانین لە قانونەکەدا:

١. مانەوەی سنوری کوردستان وەکو خۆی بێ ئەوەی هیچ ناوچەیەکی کوردنشینی تازەی بخرێتە سەر.

٢. چۆنیەتی پاراستنی کوردستان لە پەلاماری ناوەند ئەگەر پێشمەرگە نەمێنن.

٣. مانەوەی کۆنترۆلی سامانی سروشتی بە دەس ناوەندەوە ئازادی بە کارهێنانی سامانی ناوچەکەمانی لێ زەوت کردوین.

برادەران هەر یەکە بیروڕای خۆی دەربارەی باسە جۆراوجۆرەکان دەربڕی.

نیومان پێی وابو کورد دو ڕێگای هەیە بۆ خۆپاراستن لە عیراقی داهاتودا، یەکێکیان بە ڕێگەی هێزی چەکدار کە ئەوەیان سەرناگرێ، ئەوی تریان لە ڕێگای گەرەنتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەستوریەوە، بە تایبەتی بونی کوردێ لە دەستەی ٣ قۆڵی سەرۆکایەتیدا کە ئەبێ بە گشتی دەنگ بدەن.

سەبارەت بە هەڵبژاردن وتی:"سام ئیستا هەمو توانای خۆی ئەخاتە کار بۆ ئەوەی ئازادی دەنگدەر و پاڵێوراو و سنوقەکان و ئازادی شالاوی پرۆپاگاندەی هەڵبژاردن دابین بکا" پێ ئەچێ لەو بوارەدا خاوەن تەجروبەی زۆر بێ لە کاتی هەڵبژاردنەکانی جەزائیر و بەحرەین و چەند وڵاتێکی تردا ئامادە بوە.

سەبارەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕێژەی ٢٥% ی ئافرەتان لە داوودەزگاکانی حکومەت دا پرسیارم لێ کرد لە وەڵام دا وتی هێشتا نازانرێ.

*

مح بە نامە داوای لە ر ن ی کردوە یارمەتی بدا بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە سام ەوە بۆ دەستی عیراقی و بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دا.

کوردەکان لە بڕۆکسل بۆ پشتیوانی لە کوردەکانی سوریا خۆپیشاندانیان کردوە لە بەردەم بارەگای یەکێتی ئەوروپا دا، ئالای کوردستان و ئەمەریکایان هەڵکردوە. داوا ئەکەن گوشار بۆ سەر سوریا بهێنن دەس لە چەوساندنەوەی کورد هەڵبگرێ و کێشەی کورد بە خۆشی چارەسەر بکا.

*

ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبادار لە نزیک ئۆتێلێکەوە لە بەصرا تەقیوەتەوە چەند کەسێ کوژراو و بریندار بون.

*

تەقە لە ئۆتێلی برج الحیاه کراوە. تیمی العربیه چون بۆ وێنەگرتنی. سەربازی ئەمەریکی لە ڕۆیشتنیان دا تەقەیان لێ کردون فۆتۆگرافەرەکەیان کوژراوە و پەیامنێرەکەیان بە سەختی بریندار بون.

١٩ ی ٣ ی ٠٤ هەینی:

عەلی عەبدولعەزیز فۆتۆگرافەری العربیه دوێنێ بە گوللەی سەربازی ئەمەریکی کوژراوە و، عەلی ئەلخەتیب پەیامنێری العربیه کە بریندار بو ئەمڕۆ ئەویش مردوە. هەردوکیان عیراقین و تەرمەکانیان بە ڕێ کردن بۆ ناشتن.

بە کوشتنی ئەم ٢ ڕۆژنامەوانە ژمارەی ڕۆژنامەوانی کوژراو بە دەستی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە دەسپێکردنی شەڕەوە لە عیراق ئەگاتە ١٧. دو ڕۆژ لەمەوبەریش ٣ کەس لەوانەی لە تەلەفزیۆنی دیالەدا کار ئەکەن بە گوللەی چەند کەسێکی نەناسراو کوژراون بەڵام ئەمان لە گەڵ ئەوان ناژمێردرێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆلن پاول کە بە سەردان لە بەغداد بو لە گەڵ پۆل بریمەر کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانیی‌یان بەست. ڕۆژنامەوانەکانی عەرەب ئەمەیان بە هەل زانی، لە کۆنفرەنسەکەدا بەیانێکی ناڕەزایی‌یان خوێندەوە، داوای لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکە و داوای پاراستنی گیانی ڕۆژنامەوانەکانیان کرد. بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە کۆنفرانسەکە کشانەوە.

شەوەکەی ئیلی کووزی بەرنامەیەکی بە ناوی "صحفیون تحت النار" لەم بارەیەوە لە العربیە پێشکەش کرد. چەند کەس بەشدار بون لەوانە جەنەرال کینیس مارک یاریدەدەری جەنەرال ریکاردۆ سانچێز، کە زۆر ڕۆژ بە ناوی هێزەکانیانەوە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانەکان ئەداتەوە، ئیلین ئازایانە لێی پرسی: "جەنەرال! سەربازەکانت دو هاوکاری ئێمەیان کوشتوە تۆ ئەڵێی چی؟"

*

پار لەم ڕۆژەدا هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عیراق دەستی پێ کرد. بەم بۆنەیەوە کۆلن پاول هاتۆتە بەغداد.

*

لە فەلوجە کۆپتەرێ بەربۆتەوە.

٢٠ ی ٣ ی ٠٤ شەمە:

بەحرەلعلوم بەردی بناغەی دو پاڵاوگەی نەوتی لە هەولێر و لە کۆیە دانا.

*

٢٨ ی ٣ ی ٠٤ یەکشەم:

لە هۆڵی ڕوناکی لە زانکۆی سلێمانی لە گەڵ د مەحمود، د بەرهەم، ئالا تاڵەبانی بەشداری ئەو پانێڵە بوم کە سام بۆ باسی قانونی ئیدارەی دەوڵەت ڕێکیان خست بو.

*

٢١ ی ٣ ی ٠٤ چوارشەم:

لە فەلوجە بۆسەیەکیان ناوەتەوە ٤ بەڵێندەری ئەمەریکی تێ کەوتوە. لاشەکانیان لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا سوتاوە. لاشەی سوتاوەکانیان بە سەر پردی فەلوجەدا هەڵواسیوە. مەبەست لەمە سوکایەتی‌یە بە ئەمەریکا و، ترساندنێتی بۆ ئەوەی وەکو چۆن لە سۆماڵ لە ئەنجامی کارێکی وەهادا کشانەوە، لێرەش بکشێتەوە.

ئەشێ ئەمە بە نوقتەی وەرچەرخان دابنرێ لە ستراتیجی عیراقیی ئەمەریکا دا، ئیتر ئەولەویەتی خۆیان گۆڕیوە لە دیمۆکراتیزەکردنی عیراقەوە بۆ پاراستنی گیانی سەرباز و کارمەندەکانیان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یادداشتی رۆژانەی
پرۆسەی پێکهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم؟

(کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ – حوزەیرانی ٢٠٠٥)

بیرەوەری
لێدوان
دۆکۆمێنت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خولیای سەرۆکایەتی

بەر لە روخانی سەدام کۆنگرەی موعارەزەی عیراقی لە لەندن بەسترا. ژمارەیەکی زۆر حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی عیراقی جیاواز بانگ کرا بون. سەرۆکی ئەمەریکی بوش نێردراوێکی تایبەتی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان کرد بو کە زالمای خەلیل زاد بو. خەلیل زاد ڕۆڵی سەرەکی هەبو لە بانگ کردن و ڕێکخستن و کۆکردنەوەی ئەو هەمو گروپە جیاوازانەدا.

ئەمانە هەندێکیان ئامادە نەبون لە گەڵ یەکتری و هەندێکیان بە بیانوی دەستێوەردانی ئەمەریکیەوە، کۆ ببنەوە. جەلال تاڵەبانی ڕۆڵێکی زۆری هەبو لەوەدا کە پێکەوە دابنیشن و باری سەرنجیان لە یەکتری نزیک بکاتەوە. خەلیل زاد، بە ڕاستی بوبێ یان بە گاڵتە، ئەو کاتە بە جەلال تاڵەبانی وت بو: تۆ باشترین کەسی بۆ سەرۆکایەتی داهاتوی کۆماری عیراق. لەو کاتەوە تاڵەبانی ئەم قسەیەی لە لا بو بو بە خولیا. هەمو جار خۆی ئەیگێڕایەوە و بە کردەوەش هەوڵی بۆ ئەدا.

کە مەجلیسی حوکم دامەزرا، کێشەی سەرۆکایەتی هاتە ئاراوە. بیروبۆچونی جیاواز هەبو. ئاخۆ سەرۆکێک و دو جێگرێ هەبێ یان سەرۆکی نۆرەیی هەبێ. سەرەنجام لە سەر دانانی سەرۆکی نۆرەیی ڕێک کەوتن. هەم جەلال تاڵەبانی و هەم مەسعود بارزانی هەلیان بۆ ڕەخسا هەر یەکەیان بۆ ماوەی مانگی ببن بە سەرۆکی مەجلیس. لەو ماوەیەدا کە تاڵەبانی سەرۆک بو ڕێککەوتنی لەگەل بریمەر ئیمزا کرد. کە بە پێی زەمانبەندیەکی دیاریکراو سەروەری بگەڕێتەوە بۆ عیراق.

قانونی ئیدارەی دەوڵەت نوسرا. گفتوگوی گێڕانەوەی سەروەری دەستی پێ کرد. بە پێی ئەو قانونە ئەبو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێک بهێنرێ. کابینەیەکی نوێ پێک بهێنرێ. ئەنجومەنێکی نیشتمانی دابمەزرێنرێ. ئەمانە هەموی بە دانان دائەنران نە بە هەڵبژاردنی گشتی.

لە گفتوگۆکانەدا لایەنی یەکێتی بریتی بون لە: جەلال تاڵەبانی، د فوئاد مەعسوم، د بەرهەم سالح، عادل موراد.

لە مێژ بو تاڵەبانی بیرۆکەی دابەشکردنی پۆستەکانی عیراق و کوردستانی لە لا گەلاڵە بوبو. چەند جارێ دا بوی بە گوێی ئیمەدا کە باسی بکەین لە گەڵ پارتی و، خۆیشی چەند جارێ دابوی بە گوێی د ڕۆژ شاوەیس و وشیار زێباری دا. ڕۆژ و وشیار رازی نەئەبون بەو دابەشکردنە ئەیانویست لە هەردو شوێن خۆیان بالادەس بن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە گفتوگۆی جدی دەستی پێ کرد بۆ گیرانەوەی سەروەری عیراق و پێکهێنانی داوودەزگا دەوڵەتیەکانی عیراق. لە دانانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عیراق دا بریمەر رازی نەبو تاڵەبانی ببێ بە سەرۆکی کۆمار. بریمەر، بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی خەڵکی عیراق دا، پێی وابو:

پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار ئەبێ بدرێ بە عەرەبێکی سونی.

پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بدرێ بە عەرەبێکی شیعی.

پۆستی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق بدرێ بە کورد.

تاڵەبانی بۆ کردن و نەکردنی ئەم پۆستە پرسی بە م س (م س: کورتکراوەی مەکتەبی سیاسیە) کرد. م س بە لایانەوە باش نەبو ئەم پۆستە وەربگرێ چونکە لە پایەی ئەو کەمترە. تاڵەبانی، خۆی حەزی ئەکرد وەری بگرێ، تەنانەت د مەحمود عوسمانی راسپاردبو قسە لە گەڵ م س یەکێتی بکا بۆ ئەوەی ئیقناعیان بکا، بەڵام لە بەر پێداگری م س تاڵەبانی روگیر بو پۆستەکەی وەرنەگرت.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێک هات لە: غازی شەمەری سەرۆکی کۆمار، د رۆژ شاوەیس و د ئیبراهیم جەعفەری، ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی.

د ئەیاد عەلاوی بو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و، د بەرهەم سالح بو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. وشیار زێباری بو بە وەزیری دەرە.

د فوئاد مەعسوم بو بە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی و عارف تەیفور بە سەرۆکی فراکسیۆنی کوردی.

یەکێ لە کارەکانی ئەم داوودەزگایانە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بو بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی.

هەلبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق، بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام درا. هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق، بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هاوبەش بو. یەکێتی و پارتی و... لیستی هاوپەیمانیان هەبو. بەڵام بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکێتی لیستی خۆی و پارتی و هەندێ حیزبی تر لیستی خۆیان هەبو.

١ ی ١٢ ی ٢٠٠٤:

پیرمام، کۆبونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی بە ئامادەبونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی.

بارزانی و تاڵەبانی بە دوقۆڵی کۆبونەتەوە. دوای کۆبونەوەکە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دوان. لە بەردەم کامێرای تەلەفزیۆندا، دو فایلیان گۆڕیەوە گوێا پێک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتون لە سەر ئەوەی سەرۆکایەتی بەغداد و کوردستان لە ناو خۆیان دا دابەش بکەن.
تاڵەبانی دەقی ڕێکەوتنەکەی پیشانی هیچ کام لە هاوڕێکانی: کۆسرەت ڕەسول، عومەر سەید عەلی، مستەفا سەید قادر، کە لەو سەفەرەدا لە گەڵی بون نەداوە، وەکو خۆیان وتیان، ڕەنگە لە ناو ئەوانەدا تەنیا عەدنان موفتی و ئازاد بەرواری خۆیندبێتیانەوە. ڕەنگە هەر ئەوانیش ئامادەیان کرد بێ.
من نەچوبوم بۆ ئەو کۆبونەوەیە و ڕێککەوتنەکەشم نەدیوە و بڵاویش نەکرایەوە.
تێبینی بەشی زۆری ئەندامانی م س ئەوەیە: لە ڕوداوەکانی عیراقدا، لە دوای ڕوخانی سەدامەوە، گرنگترین شت بە لای تاڵەبانیەوە دابینکردنی شوێنی خۆیەتی لە دەوڵەتی عیراقی تازەدا: ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق یان سەرۆکی کۆمار. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئامادەی هەمو جۆرە تەنازولێکە. سەرانی پارتی، بە تایبەتی مەسعود بارزانی، ئەمەیان تێدا خوێندۆتەوە. زیرەکانە کەڵکی لێ وەرئەگرن.
ئەگەرچی ڕێککەوتنەکەیان تا ماوەیەکی درێژ دەرنەئەخست بەڵام سەرەنجام کۆپیەکمان دەس کەوت، کە لێرەدا ئەینوسمەوە.

*

دەقی ڕێککەوتننامەی تاڵەبانی - بارزانی:

بەناوی خوا
لە بەر بەرژەوەندی بالای نیشتمانیی گەلی کوردستان وە سەرخستنی مەسەلە ڕزگاریخوازە ڕەواکەیداو، بۆ چەسپاندنی یەکبوونی ڕیزی گەلی کوردستان تاکو ڕۆڵی ئیجابی گرینگی خۆی لە عێراقی دیموکراتی فیدراڵدا ببینێت تا مافی نەتەوەییمان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و چارەسەری کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی تەعریب کراو بچەسپێت، هەروەها بۆ پتەو بوونی ئاسایش و ئارامی لە کوردستان، سەرکردایەتی هەردووڵا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاریان دا وزەو هێزی خۆیان بەم شێوەیە یەک بخەن:
١) لە هەڵبژاردنی سەرانسەری پەرلەمانی عێراقدا. هەردووڵا بە هاوکاری و هەماهەنگی پێکهاتەکانی نەتەوەیی کوردستان. بە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوورییەوە. لە یەک لیستی هاوبەشدا گشت حزب و هێزە سیاسییەکان بگرێتەوە. بە ڕێژەیەکی گونجاو لەسەر بنەمای تەبایی و ڕێککەوتن. خۆیان ڕێک بخەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

) هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (ئەنجومەنی نیشتمانی وردستان) یشدا، ئەو لایەنانە لە یەک لیستی هاوبەشدا بەشداریی هەڵبژاردن کەن.

١) ڕێککەوتن لەسەر شێوەی دابەش بوونی پلەی پەرلەمانی و حکومی لە عێراق و ەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیە بێت:

. سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مسعود بارزانی.

ب. یەکێک لە دوو مەوقیعی سیادی عێراق (سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی عێراق)، بۆ بەڕێز مام جەلال.

ج. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هەڤاڵێک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت.

د. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڤاڵێک لە پارتی دیموکراتی کوردستان بێت.

بەم بۆنەیەوە هیوادارین کە گەلی کوردستان بە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و کەرت و تویژی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرییەوە، پشتیوان و هاوکارمان بن لە پێناوی سەرخستنی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان و زامن کردنی مافەکانی لە فیدراڵیزم و ئازادی و دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

پشت بە خوای مەزن، ئایندەی گەشی میللەتەکەمان لە یەکبوونی ووزە و توانای هەموو لایەکماندا، مسۆگەر بێت.

تێبینی:

١) خاڵی (أ) و (ب) بەیەکەوە بەستراون.

٢) ئەم ڕێککەوتنە تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو و دانانی دەستووری دایم بەردەوام دەبێ.

جەلال تاڵەبانی	مەسعود بارزانی
سکرتێری گشتی	سەرۆکی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان	پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٠٤/١٢/١

بۆ گێڕانەوەی هەواڵی کۆبونەوەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژمارەی ٣٥٣٦ ڕۆژی ٢ ی ١٢ ی ٢٠٠٤.

٨ ی ١٢ ی ٢٠٠٤:

پیرمام، کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی.

لە پارتی: ئازاد بەرواری، محەمەد مەلا قادر، مەسعود ساڵەیی، ڕەمزی شەعبان.

لە یەکێتی: ئەرسەلان بایز، عەدنان موفتی، جەلال جەوهەر و بەندە.

بابەتی سەرەکی باسی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراق بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەردولا رەئیان وا بو لە بەر هەلومەرجی ناسکی عیراق بە هاوبەشی بچنە هەڵبژاردنەوە.
هەندێ لە نوێنەرانی یەکێتی، بە تایبەتی عەدنان موفتی، رەئیان وا بو بۆ هەر سێ هەڵبژاردن پێکەوە بن.
ئەوانەی پارتی، بە تایبەتی مەسعود، رەئیان وابو کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، پارتی و یەکێتی پێکەوە بن و حیزبەکانی تریش بەشدار بکرێن، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەرلایەک بە تەنیا بێ. بۆ ئەوەی فرسەتێ بدرێ بە خەڵک لە یەکێکیاندا بە ئازادی رای خۆی دەربڕێ و بۆ ئەوەی هەر لایەک لە خۆی تێ بگا هێزی چەندە.
بڕیار درا کۆمیتەی هاوبەش بۆ هەردو هەڵبژاردن پێک بهێنرێ و هەردو لا توانای خۆیان بۆ بە دەسهێنانی زۆرترین دەنگ تەرخان بکەن.

٦ ی ١ ی ٢٠٠٥:

دوکان، کۆبونەوەی م س بە سەرپەرشتی تالەبانی.
بابەت: تەرخان کرا بۆ باسی هەڵبژاردن.
بۆ گێرانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٦٦ ی ٢٠٠٥/١/٧

١٠ ی ١ ی ٢٠٠٥:

تالەبانی چو بۆ بەغداد بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق.
بۆ گێرانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٦٩ ی ٢٠٠٥/١/١١

٢٢ ی ١ ی ٢٠٠٥:

قەڵاچوالان، سەفیر نیگرۆپۆنتی سەردانی تالەبانی کرد. نیگرۆپۆنتی دیپلۆماتیکی ئەمەریکی ناسراوە بەوەی رۆڵی کاریگەری هەبوە لە هەندێ لە کودەتاکانی ئەمەریکای لاتینی دا.
بۆ گێرانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٧٧ ی ٢٠٠٥/١/٢٣

٢٣ ی ١ ی ٢٠٠٥:

سلێمانی، کۆبونەوەی م س بە سەرپەرشتی تالەبانی.
تەرخان کرا بۆ باسی هەڵبژاردن.
بۆ گێرانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٧٨ ی ٢٠٠٥/١/٢٤

٣٠ ی ١ ی ٢٠٠٥:

هەڵبژاردن لە سەرانسەری عیراق و کوردستانیدا ئەنجام درا.
لە عیراق بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان.
لە کوردستان جگە لەو دو ئەنجومەنە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٨٤ ی ٢٠٠٥/١/٣١.

١ ی ٢ ی ٢٠٠٥:

مەسعود بارزانی بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانەوە نامەیەکی بۆ تاڵەبانی نوسیوە لە نامەکەیدا باسی تەزویری زۆر ئەکا. لەو تەزویرە مەبەستی ئەو دەنگە زیادەیە کە یەکێتی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌دا هێناوێتی.

بەر لە هەڵبژاردن هەندێ لە ئەندامانی م س یەکێتی رەئیان وا بو:

یەکێتی و پارتی بۆ هەر ٣ هەڵبژاردن لیستی هاوبەش دروست بکەن. بەڵام بارزانی پێی باش بو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و موسل و دیالە لیستی هاوبەش دروست بکرێ، بەڵام لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک، بۆ ئەوەی خەڵک جۆرێ لە ئازادی هەبێ و هەر لایەک لە هێزی خۆی تێ بگا بزانێ چەندە، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەر لایەک بە جیا بەشدار بێ.

یەکێتی بە جیا بەشدار بو. بەڵام پارتی لە گەڵ حیزبی شیوعی و حیزبەکانی تورکمان و ئاسوری لیستی هاوبەشی دروست کرد. لە گەڵ ئەوەشدا یەکێتی بە تەنیا بەرەوژوری ٢٠ هەزار دەنگی زۆرتری هێنا لە پارتی و هاوپەیمانەکانی. مەسعود ئەمەی بە تەزویر ژمارد.

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە بەغداد بە هۆی تەزویرەوە هەندێ لە سنوقەکانی قەزای سۆرانی فت کردوە. بارزانی نامەی ناڕەزایی بۆ حسێن هنداوی سەرۆکی کۆمیسیۆن نوسیوە و سەرۆکی کۆمیسیۆن وەڵامی داوەتەوە.

٢ ی ٢ ی ٢٠٠٥:

قەڵاچوالان، دانیشتنی هاوبەش:

لە پارتی، وشیار زێباری و د رۆژ شاوەیس نامەی مەسعود بارزانییان هێناوە بۆ تاڵەبانی.

لە یەکێتی، د فوئادمەعسوم، د بەرهەم سالح، عومەر فەتاح، د لەتیف رەشید لە گەڵیان دانیشتون.

کۆبونەوەی م س بە سەرپەرشتی تاڵەبانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

دەقی نامەکەی مەسعود بارزانی بۆ جەلال تاڵەبانی:

پارتی دیموکراتی کوردستان

سەرۆک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برای بەڕیزمان جەنابی مام جلال
سڵاوێکی گەرم
بەهیوای خۆشیتانم و داوای تەندروستی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.
دوای ئەنجامدانی هەرسێ هەلبژاردن لە ڕۆژی ۱/۳۰ بەشیوەیەکی گشتی پێمان وایە پرۆسەکە زۆر باش بوو و کۆتایی هێنان بوو بە سیستەمی دیکتاتۆری لە عیراق و دانانی بناغەی دامەزراندنی عیراقەکی تازەیە، عیراقی فیدرالی دیموکراتی فرە حیزبی. جاریکی تریش گەلی کوردستان ئیسپاتی کرد کە دیموکراتخوازە .
بۆ باسکردنی ئەنجامەکانی هەلبژاردن و هەنگاوەکانی داهاتوومان وەک بە بروسکەش ئاگاداری جەنابتم کرد پێم باشبوو هەڤالان د. ڕۆژ و هشیار بینە خزمەتتان بۆ ئەو مەبەستە. هیوادارم ڕەئی و بۆچونەکانی جەنابتان بزانین.
لەم دەرفەتە دەمەوێ چەند تێبینیەکی خۆم عەرزتان بکەم.
١. بە شیوەیەکی گشتی هەلبژاردنەکە سەرکەوتن بوو بۆ گەلەکەمان و شکستێکی گەورە بوو بۆ تیرۆریستان و دکتاتۆرەکان.
٢. بەشداریکردنی گەرمی گەلی کوردستان نیشانەیەکی تری زۆر ایجابی بوو.
٣. زۆر چاکمان کرد بۆ لیستی پەرلەمانی عیراق و پەرلەمانی کوردستان بە لیستی هاوبەش دابەزین.
٤. دەبێ ئەو یەک هەلوێستیە و هاوکاریە پەرەی پێ بدەین بۆ هەنگاوەکانی داهاتومان.
ئەمانەی سەرەوە خاڵی ئیجابی بوون و ئیستا دێمە سەرخاڵە سلبیکان بە نسبەت هەلبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگا.
١) تا ڕۆژی هەلبژاردن من نەمدەزانی صندوقەکانی دەنگدان چاودێری بیانی لە سەر نیە.
٢) دیسان لە هەندێک شوێن گرژی لە نێوان برادەرانی پارتی و یەنک دروست بووە.
٣) لەسەر صندوقەکان ڕێگە نەدراوە ئەوانەی نەخوێندەوار بە کەسی خۆیان ڕەئی خۆیان بنووسن بەڵکو کادرەکانی سەر صندوق بە کەیفی خۆیان نووسیویانە و خۆیان و بەختی خۆیان!
٤) دیسان هەندێک (جەنەرالاتی جەنگ) هەوڵیان دا کێشەکان گەورە بکەن و بۆ حزبایەتیەکی تەسک و دەرفەتێکی وا مێژوویی لە دەست کورد بدەن.
٥) شکایەتی یەکجار زۆر لەسەر ڕەفتاری برادەرانی یەنک پێمان گەیشتووە و بێ گومان ڕەنگە هەمان شکایەت لەسەر پارتیش بەدەست جەنابت گەیشتبن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦) هەندێک خروقات یەکجار زۆر زەقن و پینە ناکرێن وەک ژمارەی زیادی دەنگ کە بە دەها هەزار زیاترە لەوەی کە تۆمار کراوە و معلوم بووە پێشتر ئەو شوێنە ژمارەی دەنگدەری چەندە.

بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە لە دەست کورد نەچێت و بەهانە نەدەینە دەست خەڵکی تر سبەی طعن لە دەنگی کورد بۆ پەرلەمانی عێراق بدەن. پێم باش نیە ئەوەی پارێزگاکان بکەینە مشکلە بەڵام ناشکرێت ئەو تەزویرە زۆرانەی کراون لە هەرلایەک قبوڵ بکرێن و ئەمانە ببنە ئەساس بۆ ئایندە.

بۆیە پێم باشە لیژنەیەک لێکۆڵینەوە لەو تەزویرانە بکات کە ژمارەی دەنگدەر زیاد کراوەو بۆ ئایندە نەبێتە ئەساس.

تفاصیلی تریش هەیە هەڤاڵان عەرزتان دەکەن.

لەکۆتاییدا ئومێدەوارم جەنابیشت بە شارەزایی خۆت باش بیری لێ بکەیەوە و هەوڵ بدەین ئەنجامەکە هەرچیەک بێت لەبەرژەوەندی کورد و کوردستان تەواو ببێ.

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی گەرمم

براتان مسعود بارزانی

٢٠٠٥/٢/١

(بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٨٧ ی ٢٠٠٥/٢/٣.)

پارتی زیرەکانە خاڵە لاوازەکانی یەکێتی و پارلەمانی عیراقی دیاری کردوە و بۆ قازانجی خۆی لە گفتوگۆدا لە گەڵ یەکێتی بە کاری ئەهێنێ.

لە بەغداد پارلەمان چەند لیستی جیاوازی تێدایە، هەر لیستێ لە چەند گروپ و کەسایەتی جیاواز پێک هاتوە. بە بێ سازان ناتوانن لە سەر هیچ شتێ ڕێک بکەون. هیچ لیستێکیان بە تەنیا ناتوانێ حکومەت پێک بهێنن، ناتوانێ سەرکۆمار، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پارلەمان هەڵبژێرێ. دەنگی یەکگرتوی لیستی هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پارلەمان پێویستە.

تاڵەبانی ئەیەوێ ببێتەوە بە سەرکۆمار. یەکێتی بۆ ئەوەی تاڵەبانی ببێتەوە بە سەرۆک ئەبێ دەس لە زۆر مافی خۆی هەڵبگرێ و واز لە زۆر شت بهێنێ بۆ پارتی.

من زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە نزیکەوە مام جەلال ئەناسم. لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا نەم نیوە و نەم بیستوە نەوەندەی ئیستا عاشقی مەنسەبی حکومەتی بێ و. ئامادە بێ قوربانی و ڕەنجی دەیان ساڵی هاوڕێکانی. لە نرخی وەرگرتنیدا بدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ناو عەرەبدا. تەنانەت لە ناو عەرەبی دەرەوەی عیراقیشدا. لە دەزگاکانی راگەیاندنەدا ئەوترێ کە عیراق وڵاتێکی عەرەبیە و ئەبێ سەرکۆمارەکەی عەرەب بێ.

جەماعەتی موقتەدا کە لە ناو لیستی ئیئتیلافی شیعەدا قورساییان هەیە بێ پێچوپەنا داوا ئەکەن سەرکۆمار عەرەب بێ.

حیزبی دەعوەش کە گروپێکی گرنگی ناو لیستی ئیئتیلافن و لە گەڵ تاڵەبانی ناکۆکن، هەمان قسە ئەکەن.

حیزبی ئیسلامی و جەبهەی حیوار کە دو گرپی بەهێزی ناو جەبهەی تەوافوقی سونەن، ئەوانیش هەمان قسە ئەکەن.

تاڵەبانی بۆ ئەوەی بەو پلەیە بگا پێویستی بەوەیە:

- لیستی هاوپەیمانی یەکگرتو بێ و مەسعود بارزانی بە خورتی بێتە ناو کایەکەوە و، پێ دابگرێ لە سەر ناودێرانی تاڵەبانی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.

- بۆ ئەوەی لیستی هاوپەیمانی لە هەڵوێستەکانیدا یەکگرتو بێ ئەبێ یەکێتی دەستی بڵاو بێ بۆ بەخشینی بەشەکانی خۆی لە پلە و پایەکانی کوردستان و بەغداد بە پارتی.

- ئەبێ عەرەبی عیراق رازی بکرێن.

سەرکردەکانی پارتی بێ ئەوەی لە کۆبونەوەی رەسمیدا بە ئاشکرا پێمان بڵێن لابەلا تێیان گەیاندین بۆ ئەوەی مەسعود بارزانی وەکو کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار جەلال تاڵەبانی پێشکەش بکا ئەبێ یەکێتی مەرجەکانیان قبوڵ بکا. پارتی مەرجەکانی خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستەکانی کوردستان و بەغداد کردوە بە یەک گورزە (پاکێج) و پێکەوەیان گرێ داوە:

لە کوردستان - مەسعود بارزانی بۆ ماوەی ٤ ساڵ ببێتە سەرۆکی هەرێم.

نێچیروان بارزانی ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

پاراستنی ئاسایشی هەولێر بە تەنیا بە دەس پارتیەوە بێ.

وەزارەتەکانی دارایی و پێشمەرگەی حکومەتی یەکگرتو بە وان بدرێ.

لە بەغداد - جێگری سەرۆکی وەزیران و وەزیری دەرەوە بۆ ئەوان بێ.

ئەم مەرجانەی پارتی بۆ یەکێتی قورس بو.

تاڵەبانی چەند جارێکە لە چەند کۆبونەوەی م س یەکێتیدا ئەڵێ: "لەبەر خاتری من دەس لە هیچ مافێکی یەکێتی هەڵ مەگرن... من رازی نابم لە سەر لاشەی یەکێتی ببم بە سەرکۆمار..." لە هەندێ کۆبونەوەی تایبەتیدا قسەی لەمە توندتر ئەکا. پێم وایە ئەو قسانە بۆ تاقی کردنەوەی دەمی ئەندامە نارازیەکانی م س ئەکا چونکە هەڵسوکەوتی لەوە ئەچێ ژێر بە ژێر لە گەڵ بارزانی رێک کەوتبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢ ی ٢ ی ٢٠٠٥ چوارشەم:

جۆناسان راندال (رۆژنامەوانی ئەمەریکی، نوسەری کتێبی: "دوای ئەم هەمو کلۆڵیە ئینجا چی؟")، کامەران قەرەداخی (نوسەری ستون لە رۆژنامەی "الحیاة" ی لەندەنی)، لەتیفی شێخ جەمالم بینی.

تاڵەبانی لای راندال سەبارەت بە کێشەی ناوخۆی یەکێتی قسەی نەباشی کردوە.

٣ ی ٢ ی ٢٠٠٥: پێنجشەم

پیرمام، کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س بە ئامادە بونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی.

لە پارتی: نێچیروان بارزانی، مەسرور بارزانی، وشیار زێباری، رۆژ شاوەیس، فازیل میرانی، مەسعود ساڵەیی، سەرباز هەورامی، فەلەکەدین کاکەیی، محەمەدی مەلا قادر، د جەرجیس حەسەن، ئازاد بەرواری، عەبدوسەلام بەرواری.

لە یەکێتی: د بەرهەم سالح، د فوئاد مەعسوم، عەدنان موفتی، عوسمانی حاجی مەحمود، عیماد ئەحمەد، ئەرسەلان بایز، عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، بەندە.

لە سەر بەغداد و کوردستان قسە کرا.

تاڵەبانی سەرکۆماری عیراق بێ.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بێ، نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەت بێ، عەدنان موفتی سەرۆکی پارلەمان بێ.

کابینەکەی کوردستان وەکو ئەوەی بەغدادی لێ بکرێت.

وەزارەتەکان یەک بخرێن جگە لە وەزارەتەکانی دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ، داد، کە هەریەکەیان دو وەزیریان بۆ دائەنرێ.

زەمانبەندی یەکخستنەوەی ئەو وەزارەتانەش بکرێ.

ئەم تەرتیباتە ئەبو بۆ ماوەی یەک ساڵ بێ، واتە تا هەڵبژاردنی داهاتو.

مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کۆنفرەنسی رۆژنامەوانیان بەست. تاڵەبانی هەندێ جار، بە تایبەتی کە ماندو ئەبێ، لە قسەکانیدا لائەدا، ئەمجارە داوای سەرقفلانەی لە نێچیروان بارزانی کرد بەرامبەر بەوەی ئەکرێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٨٨ ی ٢٠٠٥/٢/٤.

چەند جارێ لە کۆبونەوە هاوبەشەکانی هەردو م س دا پێشنیارمان کرد:

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بێ ئەوەی چاوەڕوانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجامی گفتوگۆکانی لیستی هاوپەیمانی و لیستەکانی تر بکا،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆ ببێتەوە دەس بکا بە کار، بەڵام هەمو جار پارتی بیانویەکیان ئەهێنایەوە بۆ دواخستنی.
پارتی لابەلا دایان بە گوێماندا تا لە سەر دابەشکردنی هەمو پۆستەکانی کوردستان و بەغداد رێک نەکەوین رازی نابن کۆبونەوەی پارلەمانی کوردستان بکرێ. پێیان وابو کۆبونەوەی پارلەمانی کوردستان ئەبێتە دەسکەوتێکی سیاسی بۆ یەکێتی بە تایبەتی هێشتا پرۆژەکەی ئەوانمان نەسەلماند بو بۆ سەرۆکایەتی هەرێم.

٤ ی ٢ ی ٢٠٠٥:

پیرمام، کۆبونەوەی هاوبەش هەردو م س بە ئامادە بونی تاڵەبانی و بارزانی.
لە یەکێتی: عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، عوسمانی حاجی مەحمود، عیماد ئەحمەد، عادل موراد، ئازاد جندیانی.
لە پارتی: نێچیروان بارزانی، مەسرور بارزانی، فازیل میرانی، زەعیم عەلی، ئازاد بەروواری، عەبدوسەلام بەرواری، مەسعود ساڵەیی، سەرباز هەورامی.

٨ ی ٢ ی ٢٠٠٥:

کۆبونەوەی م س یەکێتی لە ماڵی بەندە.
دوبارەکردنەوەی بابەتەکانی پێشو.

١٢ ی ٢ ی ٢٠٠٥:

د ئەیاد عەلاوی هات بۆ سلێمانی.

١٣ ی ٢ ی ٢٠٠٥:

لە لایەن کۆمیسیۆنی بااڵوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان راگەیەنرا.
بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٩٦ ی ٢٠٠٥/٢/١٤

١٤ ی ٢ ی ٢٠٠٥:

بەپێی ئەنجامە رەسمییەکانی کۆمسیۆنی بااڵی هەڵبژاردنەکان، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارەی دەنگەکانی قەوارە سیاسییەکان بەم شێوەیەیە:
لەپارێزگای سلێمانی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەژمارە (١٠٩) بوو زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا کە (٤٨٥٧١٨) دەنگ بوو،
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان (٩١٥٧٨) دەنگ و
یەکگرتووی ئیسلامی (٧٥٠٠٨) و
حزبی سۆشیالیست (٧٠١٨) و
حزبی زەحمەتکێشان (٥٤٣٠) و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆمەڵی ئیسلامی (٥٣٠٨٨) و
تەجەممووعی کۆماری عیراقی (١٧٧٤) و
حزبی شیوعی کوردستان (٨١٩٢) و
پارتی پارێزگارانی کوردستان (٩٣٥) و
ئەندازیار عەبدوڵڵا عەلی حسێن (٥٧٦) دەنگیان بەدەستهێناو
کۆی دەنگدەرانیش لەپارێزگاکەدا (٧٣١٣٢٣) کەس بوو، ڕێژەی بەشداریکردنیش (٨٠%) بوو.
لە پارێزگای هەولێریش لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (٢٤٤٣٤٣) دەنگی بەدەستهێناو لیستی دەنگی دیموکراتیی کوردستانیش کە لە (١٤) حزب و لایەن پێکهاتووەو (پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان، بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی لەکوردستان، ئۆجاغی برایەتیی تورکمان، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان، پارتی نەتەوەی ڕزگاریی تورکمان، کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان، پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان، پارتی برایەتی تورکمان، حزبی یەکێتی تورکمانی عیراقی، حزبی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان، حزبی گەلی تورکمان-عیراق، حزبی شروقی تورکمان-عیراق) (٣٤٧٧٧٢) و یەکگرتووی ئیسلامی (٢٢٥٢٣) و کۆمەڵی ئیسلامی (١٨٧٨١) و بەرەی تورکمانی (٢٣٨٤) و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان (١٧٤٢) و حزبی سۆشیالیست (١٤٣٧) و حزبی زەحمەتکێشان (٤٤٤٢) و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان (٦٨٧)و لیستی ڕافیدەین (٢٠٠١) و حزبی یەکێتی دیموکراتی کلدان (٦٤٦) و پارتی پارێزگارانی کوردستان (١٢٣٦) دەنگیان بەدەستهێناوە.
لە پارێزگای دهۆکیش لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (٣٥٤٨٣) و لیستی دەنگی دیموکراتی کوردستان (٣٠٢١٣٣) و یەکگرتووی ئیسلامی (٣٥٦٧٥) و حزبی یەکێتی دیموکراتی کلدان (١٢٢٦) و حزبی شیوعی کوردستان (١٣٨٤) و لیستی ڕافیدەین (٤٩١٩) و حزبی سۆشیالیست (٢٤٤٥) دەنگیان بەدەستهێناوە.
کۆی دەنگدەرانیش (٣٨٣٢٦٥) کەس بووەو ڕێژەی بەشداریکردنیش (٨٩%) بووە.
قەڵاچوالان، کۆبونەوەی م س بە سەرپەرشتی تاڵەبانی لە بارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پەیوەندی لە گەڵ پارتی.
بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٥٩٧ ی ٢٠٠٥/٢/١٥
٢٠ ی ٢ ی ٢٠٠٥:
دوکان، دانی بەیانی کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س پارتی و یەکێتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە یەکێتی: کۆسرەت، د کەمال فوئاد، عومەر سەید عەلی، عوسمان حاجی مەحمود، مستەفا سەید قادر، ئاسۆ عەلی.
لە پارتی: فازیل میرانی، ئازاد بەرواری، مەسعود ساڵەیی، د جەرجیس حەسەن.
بابەت: یەکگرتنەوەی هەردو حکومەت.
دوکان، دانی ئێوارە کۆبونەوەی م س بە سەرپەرشتی تاڵەبانی.
بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٦٠٢ ی ٢٠٠٥/٢/٢١
٢١ ی ٢ ی ٢٠٠٥:
دوکان، کۆبونەوەی م س بە سەرپەرشتی تاڵەبانی.
بۆ گێڕانەوە هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژ ٣٦٠٣ ی ٢٠٠٥/٢/٢٢
١٤ ی ٣ ی ٢٠٠٥:
پیرمام، کۆبونەوەی هەردو م س
لە یەکێتی: کۆسرەت رەسول، د فوئاد مەعسوم، د بەرهەم سالح، عومەر سەید عەلی، عومەر فەتاح، ئەرسەلان بایز، عیماد ئەحمەد، عەدنان موفتی، جەلال جەوهەر
لە پارتی: نێچیروان بارزانی، مەسرور بارزانی، فازیل میرانی، د ڕۆژ شاوەیس، وشیار زێباری، ، ئازاد بەرواری، سەرباز هەورامی.
بابەت:
باسی بەغداد و جۆری هاوکاری لیستەکانی هاوپەیمانی و ئیئتیلاف.
تاڵەبانی، نارازیە لە قسەکان و جەوی کۆبونەوەکانی م س یەکێتی بە دڵ نیە، چو بۆ بەغداد.
١٩ ی ٣ ی ٢٠٠٥:
تاڵەبانی لە گەڵ فەخری کەریم، کە پێشتر سەرکردەیەکی حیزبی شیوعی بوە و ئیستا سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دار المدی و راوێژکاری تاڵەبانیە، لە بەغدادەوە چون بۆ پیرمام بۆ سەردان و دڵدانەوەی بارزانی.
٢٦ ی ٣ ی ٢٠٠٥:
ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئەپرسن ئەم پارلەمانە بۆ کۆ نابێتەوە. هەندێ سایتی کوردی کەوتونەتە ڕەخنە و هێرش بەڵکو جنێودان بە سەرکردایەتی هەردو حیزب. وتارێکم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە. سایتی ئەلیکترۆنی "ریفۆرم بۆ" ئەودەم لە لایەن بەندەوە دانرا بو.
ئەمە دەقەکەیەتی:
دواخستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و یەکخستنەوەی حکومەتی هەرێم، هەتا کەی؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رۆژی ٣٠ ی ١ ی ٢٠٠٥ خەڵکی کوردستان چون بۆ دەنگدان:
دەنگدان بۆ کۆمەڵەی نیشتمانیی کاتیی عیراق،
دەنگدان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان،
دەنگدان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان.
تا ئیستا هیچ کام لەم دەزگا هەڵبژێردراوانە نەکەوتونەتە کار.
هۆی کۆنەبونەوەی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق دیارە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو گفتوگۆ سەختەی لە نێوان لیستی هاوپەیمانی یەکگرتو (شیعە) و لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا هەیە و، هەردولا چاوەڕوانی ئەنجامی دانوسەندنن.
بەڵام ئەبێ بیانوی دواکەوتنی بەگەڕخستنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک چی بێ؟
دەنگدەرانی کوردستان بە پەڕۆشەوە چون بۆ دەنگدان، بە هیوا بون بە زویەکی زو پارلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان کۆ ببێتەوە، حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی یەکبخاتەوە، دەوری خۆی بە چالاکی لە دانانی بودجەی هەرێم و جۆری دابەش کردن و سەرف کردنیدا، لە لێپرسینەوەی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمدا، لە ژیانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، دانیشتوانی هەڕێمدا بگێڕێ...
بەڵام وا دو مانگ تێ پەڕی کەچی هێشتا:
نە پارلەمانی کوردستان کۆبۆتەوە و نە حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی یەک خراونەتەوە و، نە هیچ نیشانەیەکیش بە دی ئەکرێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە...
هۆی کۆنەبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و یەکنەخستنەوەی حکومەتی هەرێم چیە و، ئۆبالی دواخستنی لە ئەستوی کێ دایە؟
هەمو کەس ئەزانێ "لیستی دیمۆکراتی نیشتمانی کوردستان" کە لیستی هاوبەشی یەکێتی و پارتی و یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمۆنیست و سۆشیالیست و تورکمان و کلدۆئاشوریەیە، لە سەر بنچینەی "سازان" کۆ کراوەتەوە، بەڵام زۆرایەتی ئەندامانی لیستەکە کاندیدەکانی یەکێتی و پارتیین و، بڕیاردان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنەکەش بە دەس سەرکردایەتی ئەم دو حیزبەیە.
ئاخۆ سەرکردایەتی هەردو حیزب ئەیانەوێ کۆکردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و یەکخستنەوەی حکومەتی هەرێم دوا بخرێ؟ ئەگەر هەردوکیان ئەیانەوێ دوابخرێ بیانوەکانیان چیە؟ خۆ ئەگەر لایەکیان پێی باشە جارێ دوابخرێ و لایەکیان پێی باشە بەگەڕبخرێ، بیانوەکانیان بۆ دواخستن و بەگەڕخستن چیە؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەنگدەرانی کوردستان، مافی ئاسایی خۆیانە بپرسن و بزانن هۆی ئەم دواکەوتنە چیە و هەتا کەی؟ (تەواو)

۳۱ ی ۳ ی ۲۰۰۵:

قەڵاچوالان، فازیل میرانی و ئازاد بەرواری هاتن بۆ سەردانی تاڵەبانی. هەرچەند ئەوان قسەی تایبەتییان هەبو، راسپاردەی بارزانییان پێ بو بۆ تاڵەبانی، بەڵام تاڵەبانی داوای لە ئێمەش: کۆسرەت، کەمال فوئاد، عومەری سەید عەلی، بەندە، کرد بچین بۆ ئەوێ بۆ سەردانیان. عەدنان موفتی و فەخری کەریم لەوێ بون.

٦ ی ٤ ی ۲۰۰۵:

مام جەلال هەڵبژێردرا بە سەرکۆماری "کاتیی" عیراق.

۱۸ ی ٤ ی ۲۰۰۵: دوشەم

دوکان، کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س.

لە یەکێتی: عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، عوسمان حاجی مەحمود، ئەرسەلان بایز، عیماد ئەحمەد، حەمە تۆفیق، بەندە.

لە پارتی: فازیل میرانی، ئازاد بەرواری، عیزەدین بەرواری، محەمەد مەلا قادر، مەسعود ساڵەیی، کەمال کەرکوکی، مەحمود محەمەد،

بابەتەکان:

۱. کۆبونەوەی پارلەمان

بڕیار درا رۆژی ٢٤ ی ٠٤ ی ٢٠٠٥ لە رۆژی بۆردومانی قەلادزێدا کۆ ببێتەوە.

سەرۆکایەتی پارلەمان پێک بێ لە: عەدنان موفتی سەرۆک، کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆک، فرسەت ئەحمەد سکرتێری ئەنجومەن.

۲. یەکخستنەوەی ئیدارە

کۆمیتەیەکی هاوبەش ٣ کەس لە یەکێتی و ٣ کەس لە پارتی پێک بێ بۆ:

پێداچونەوەی وەزارەتەکان و گونجاندنی کابینەکەی کوردستان لە گەڵ وەزارەتەکەی بەغداد.

دواخستنی یەکخستنی وەزارەتەکانی: پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی، داد، تا رێوشوێنێ جۆری تێکەڵاو کردنەوەیان دائەنرێ.

دیاریکردنی وەزارەتەکانی کە ئەدرێن بە لایەنەکانی تر.

دابەشکردنی وەزارەتەکان بە سەر هەردو لادا.

۳. قانونی سەرۆکی هەرێم

پارتی پرۆژەیەکیان لە گەڵ خۆیان هێنا بو بە ناوی "قانون رئیس اقلیم کوردستان – العراق". یەکێتی داوایان کرد ماوەیەکیان بدرێتێ بۆ لێکۆڵینەوەی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک

لەم ماوەیەدا تاڵەبانی، د فوئاد مەعسوم، د بەرهەم سالح، لە بەغدادا بون و، لە ئەندامانی م س ئەمانە لە دەرەوەی عیراق بون: کۆسرەت رەسول، د کەمال فوئاد، مەلا بەختیار، مستەفا سەید قادر.

بۆ گێڕانەوەی هەواڵی کۆبونەوەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژمارەی ٣٦٤٩ ڕۆژی ١٩ ی ٤ ی ٢٠٠٥.

٢٠ ی ٤ ی ٢٠٠٥:

کۆبونەوەی م س بۆ لێدوان لە بابەتەکانی پێشو.

٢١ ی ٤ ی ٢٠٠٥: پێنجشەم

پێرمام، کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی.

لە یەکێتی: عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، عومەر فەتاح، عوسمانی حاجی مەحمود، حەمە تۆفیق، عەدنان موفتی، بەندە.

لە پارتی: فازیل میرانی، ئازاد بەرواری، عیزەدین بەرواری، محەمەدی مەلا قادر، مەحمود محەمەد، کەمال کەرکوکی، مەسعود ساڵەیی.

ئێمە قانونی سەرۆک مان بە تەعدیل کراوی لە گەل خۆمان برد بو بە تەما بوین باسی بکەین لە بەر ئەوەی لە دوای دەسپێکردنی کۆبونەوەکە مەسعود بارزانی و مەسرور هاتن بۆیە بە باشمان نەزانی بە بەرچاوی بارزانیەوە باسی قانونی سەرۆک بکەین، چونکە پێوەندی بە خودی خۆیەوە هەبو، قانونەکەیان بە بالای ئەو بڕی بو.

باسی یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە کرا و، پێشنیار کرا ٣ لە یەکێتی و ٣ لە پارتی دیاری بکرێن بۆ باسی یەکخستنەوەی وەزارەتەکان و، بۆ یەکخستنەوەی وەزارەتی داد بڕیار درا: کۆمیتەیەک پێک بێ لە دارا نورەدین، مونزیر فەزل، نوری تاڵەبانی، هەردو سەرۆکی مەحکەمەی تەمیزی سلێمانی و هەولێر و، سەرۆکەکانی مەحکەمەی ئیستینافی سلێمانی، هەولێر و دهۆک. ئەمانە سەرلەنوێ چاو بە دەزگای قەزاییدا بخشێننەوە و دایبمەزرێننەوە.

کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە بیانوی ئەوەی ئامادەیی تەواوی بۆ نەکراوە، دواخرا بۆ ٣٠ ی مانگ.

بۆ گێڕانەوەی هەواڵی کۆبونەوەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژمارەی ٣٦٥٣ ڕۆژی ٢٤ ی ٤ ی ٢٠٠٥.

٢٨ ی ٤ ی ٢٠٠٥، پێنجشەم:

دوکان، کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە یەکێتی: عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، عومەر فەتاح، عوسمانی حاجی مەحمود، حەمە تۆفیق، بەندە.
لە پارتی: فازیل میرانی، ئازاد بەرواری، عیزەدین بەرواری، محەمەد مەلا قادر، مەحمود محەمەد، کەمال کەرکوکی، مەسعود ساڵەیی
پارتی پێشنیاریان کردبو هەر لایەک دو قانونی ببەن ئیمە حاکم شێخ لەتیف و حسێن عارف مان برد بو، ئەوان کەسیان نەهێنابو.
پارتی لە سەر دەسکارییەکانی یەکێتی رازی نەبون. سور بون لە سەر ئەوەی:
سەرۆکایەتی بۆ ٤ ساڵ بێ. بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ بێ. بە رێژەی زۆرینە بێ. جێگری نەبێ. فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بێ. سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش بێ....
نەگەیشتینە یەک لە بەر ئەوە:
کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، کۆبونەوەی ئەو کۆمیتەیەی دانرا بو بۆ باسی یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە، دواخرا بۆ کاتێکی دیاری نەکراو.
بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بڕوانە: کوردستانی نوێ، ژمارەی ٣٦٥٨ ڕۆژی ٢٩ ی ٤ ی ٢٠٠٤.
٣٠ ی ٤ ی ٢٠٠٥:
ئەبو ئەمڕۆ یەکەم کۆبونەوەی خولی دوەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەس پێ بکا. هەندێ میوانی کورد و بێگانە هاتبون بەشداری ئاهەنگی کردنەوەی بن. پارتی کۆبونەوەکەی دوا خست.
فازیل میرانی لە گەڵ میوانەکان دانیشتوە بۆ پاساودانی هۆی دواخستنی کۆبونەوەکە هەندێ قسەی بۆ کردون. تەلەڤزیۆنی پارتی، کوردستان تی ڤی، هەواڵەکەی بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:
پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە بارەگای م س – پ د ک لە سەلاحەدین فازیل میرانی سکرتێری م س – پ د ک لە گەڵ ژمارەیەک لەو میوانانەی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کۆ بوەوە کە بڕیار بو لە دانیشتنە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمانی کوردستان دا بەشدار بن. لە کۆبونەوەکەدا سکرتێری م س – پ د ک پانۆرامەیەکی ورد و چڕی لە بارەی ڕێککەوتنی نێوان پ د ک و ی ن ک و لایەنە سیاسیەکانی نێو هاوپەیمانی کوردستانی بۆ دەست نیشان کردن.... تادوایی.
٣ ی ٥ ی ٢٠٠٥:
تاڵەبانی لە بەغدادەوە ئەم بروسکەیەی ناردوە:
لە هەڤاڵان مام جەلال، د فوئاد، د بەرهەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ هەڤاڵانی م س بەڕێز

ژ: ٦٥

ڕۆژ: ٤/٣ ی ٥ ی ٢٠٠٥

سڵاوێکی گەرم

١. ئەو پێشنیارەی ڕێکەوتنی ی ن ک و پ د ک دوای گۆڕانکاریەکان بە لای ئێمەوە پەسەندە بە تایبەتی تەوازونێکی باشی تێدایە. هیوادارین ئیوەش بە دڵتان بێت.

٢. پێمان باشە کاک کۆسرەت و د بەرهەم بنێرن بۆ یەکالا کردنەوەی لە گەڵ برایانی پارتی.

لە گەڵ ڕێزمانداا

٤ ی ٥ ی ٢٠٠٥:

وتارێکم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ڕیفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

لە کاتێکدا عیراق بۆ پێشەوە ئەچێ، کوردستان ئەگەڕێتەوە بۆ دواوە!

لە ژێر گوشاری ڕوداوەکانی عیراقدا سەرکردایەتی هەردو حیزب: یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێک هاتن لە سەر ئەوەی لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ئامادە بکەن و پێکەوە بەشداری هەڵبژاردن ببن.

هەروەها پێک هاتن لە سەر ئەوەی کە ئەگەر لیستی کوردستانی لە بەغداد توانی پۆستێکی سەروەری (سەرۆکی کۆمار یا سەرۆکی وەزیرانی عیراق) بە دەس بهێنێ، ئەوا تاڵەبانی بۆ ناودێر بکرێ و لە بەرامبەر ئەوەدا لە کوردستان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بارزانی ناودێر بکرێ. ئەگەر لە بەغداد کورد نەیتوانی ئەو پۆستە وەر بگرێ، لە کوردستانیش ئەو پۆستە دانانرێ.

هەروەها پێک هاتن کە ئەمجارە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ پارتی و جێگرەکەی لە یەکێتی بێ و، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ یەکێتی و جێگرەکەی لە پارتی بێ.

بە پێی مادەی ٤٠ ی ئەو پرۆژەیەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان لە ٣١ ی ١٢ ی ٢٠٠٢ دا پاش تاووتوێ کردنێکی زۆر ئامادەی کردوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەبێ بە هەمان ڕێگە هەڵببژێردرێ کە لە عیراق هەڵئەبژێردرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ ئەوەی هەمو کەس ئاگادار بن لە جیاوازیی‌یەکانی بیروبۆچونی سەرکردایەتی هەردو حیزب دەبارەی:

١. دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم

٢. ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم

٣. جۆری هەڵبژادنی سەرۆکی هەرێم

وا لێرەدا ٣ بەڵگە بڵاو ئەکەینەوە:

یەکەمیان، ئەو پرۆژەیەیە کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ٢٠٠٢ داینناوە.

دوەمیان، پرۆژەی "قانون رئاسه اقلیم کوردستان - العراق" کە سەرکردایەتی پارتی ئامادەی کردوە و لەمڕۆژانەدا داوێتی بە سەرکردایەتی یەکێتی بۆ پەسندکردنی تا ببرێتە بەردەم پارلەمان و، لە یەکەمین یا لە دوەمین کۆبونەوەی‌دا دەنگی موافەقەتی لە سەر بدا.

سەرکردایەتی پارتی، لە سێ مانگی رابوردودا بە بیانوی پەلە نەکردنەوە رازی نەئەبو کۆبونەوەی پارلەمانی کوردستان بکرێ. ئیستاش کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە و، کاروبارەکانی عیراقی بەستوە بە پەسند کردنی ئەم قانونەوە. هەر بۆیە دو جار کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی جاری یەکەم لە ٢٤ ی ٤ و جاری دوەم لە ٣٠ ی ٤ ی ٢٠٠٥ دا دوا خست و، تا ئەم کێشەیە بە لایەکدا نەکەوێ، ناهێڵن پارلەمان کۆ ببێتەوە.

سێیەمیان، ئەو پرۆژەیەیە کە لە لایەن سەرکردایەتی یەکێتی‌یەوە چاکسازی کراوە. ئێمە ئەمڕۆ بەڵگەکان بڵاو ئەکەینەوە بۆ خوێندەواری کورد خۆی بۆچونێکی لە لا گەڵاڵە ببێ و، دواتر دێینەوە سەر شیکردنەوەیان.(تەواو)

٥ ی ٥ ی ٢٠٠٥:

وتارێکی ترم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

لە نرخی سەرۆکایەتی کۆماری عیراقدا یەکێتی چی داوە بە پارتی؟

کاربەدەستانی پارتی باس لەوە ئەکەن کە یەکێتی، پاش ئەوەی بەڕێز تالەبانی پۆستی سەرۆکایەتی عیراقی وەرگرت، بە مەبەستی خۆی گەیشت و، لە بەشی دوەمی رێکەوتنەکەیان پەشیمان بونەتەوە کە هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە بۆ بەڕێز بارزانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بێگومان ئەمە راست نیە. یەکێتی پەشیمان نەبۆتەوە. پابەندی ڕێککەوتنەکەیە و، سورە لە سەر جێبەجێ کردنی، بەڵام لە سەر ٣ کێشە ناکۆکن کە هێشتا بەلادا نەکەوتون، کێشەکان بریتین لە:

یەکەم، ماوەی "ولایەتی" سەرۆکایەتی هەرێم.

یەکێتی پێی وایە: لە گەڵ تەواو بونی ولایەتی سەرۆکایەتی کۆماری عیراقدا ولایەتی سەرۆکایەتی هەرێمیش تەواو ئەبێ، چونکە لە مانگی ١٢ ی ٢٠٠٥ دا ئەبێ سەر لە نوێ هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دوبارە ببێتەوە.

پارتی پێی وایە: ئەبێ ماوەی ولایەتی سەرۆکایەتی هەرێم نەبەسترێ بە هەڵبژاردنەکانی عیراق و کوردستانەوە، ئیستا بۆ ٤ ساڵ هەڵبژێردرێ و دو جاری تریش قابیلی هەڵبژاردنەوە بێ.

دوەم، جۆری هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم.

یەکێتی پێی وایە: ئەبێ وەکو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بێ لە عیراق، لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانییەوە بە دەنگی دوسێیەک هەڵبژێردرێ.

پارتی پێی وایە: ئەبێ بە دەنگدانی گشتی ڕاستەوخۆ و نهێنی دەنگدەرانی کوردستان و بە زۆرایەتیی یەکی سادە بێ.

سێیەم، دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم.

یەکێتی پێی وایە: ئەبێ لە چوارچێوەی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی تەنفیزی و تەشریعی و قەزائیدا دیاری بکرێ نەک لە سەرو ئەوانەوە بێ.

پارتی پێی وایە: ئەبێ هەمەلایەنە و گشتگیر بێ.

دوای چارەسەر کردنی ئەم ناکۆکییانە کە ئەبێ لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگ بداتەوە، پۆست سەرۆکایەتی هەرێم پڕ ئەکرێتەوە.

یەکێتی لە نرخی ئەوەدا کە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری لە بەغداد وەرگرتوە، ئەم پۆستانەی داوە بە پارتی:

لە بەغداد:

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق،

وەزیری کاروباری دەرەوە، کە تەنیاپایەی سەروەرییە لە وەزارەتەکانی عیراقدا بەر کورد کەوتوە،

وەزیری شارەوانی،

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کوردستان:
سەرۆکی هەرێمی کوردستان،
سەرۆکی ئەنجومەنی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان.
با خەڵکی کوردستان خۆیان حاکم بن، وەکو حیزب، کێ قازانجی زۆرتری بردوە؟ (تەواو)
٦ ی ٥ ی ٢٠٠٥:
وتارێکی ترم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.
ئەمە دەقەکەیەتی:
لێدوانێ لە پرۆژەکەی پارتی بۆ قانونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
پرۆژەکەی پارتی کە لە ژێر ناوی "قانون رقم ( ) لسنە ٢٠٠٥ – قانون رئاسە اقلیم کوردستان – العراق" بە زمانی عەرەبی نوسراوە، بە گشتی ١٨ مادەیە، دابەش کراوە بە سەر ٥ بەشدا:
بەشی یەکەمی بۆ ئەحکامی گشتی،
بەشی دوەمی بۆ مەرجەکانی پاڵێوراو و دەنگدەران،
بەشی سێیەمی بۆ پاڵاوتن و دەنگدان،
بەشی چوارەمی بۆ ئەرکەکان و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم،
بەشی پێنجەمی بۆ ئەحکامی گوێزانەوە، تەرخان کراوە.
لێرەدا بۆ ئەوەی هاوواڵاتی کوردی لە ناو وردەکاریدا چەواشە نەبێ، بە ریز لە یەکەمین مادەی قانونەوە ناچینە خوارێ، چونکە مادەکان و بابەتەکان تێکەڵاو کراون، بەڵکو هەوڵ ئەدەین بۆ ئەوەی وێنەیەکی روون لە لای خوێندەوار هەبێ، ناوەرۆکی هەمو قانونەکە لە چەند لایەکی سەرەکییەوە تاووتوێ بکەین.
یەکەم، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم
مادەکانی ١ و ٢ و ١٠ و ١٣ ی قانونەکە تەرخان کراون بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم:
بە پێی مادەی ١ سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی کارگێڕییە لە هەرێمدا.
بە پێی مادەی ٢ سەرۆکی هەرێم نوێنەری هاوواڵاتیانی کوردستانە و وتەبێژی ئەوانە لە ناوە و دەرەوەی هەرێم و، هاوئاهەنگیکاری نێوان دەسەڵاتەکانی بەغداد و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانە.
مادەی ١٠ بریتییە لە ١٦ بڕگەی جۆراوجور:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڕگەی ١ مەرسوم دەر ئەکا بۆ دەرکردنی ئەو قانونانەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دایان ئەنێ.
بڕگەی ٢ مەرسوم دەر ئەکا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە کاتی هەڵوەشاندنەوە و تەواو بونی ماوەکەیدا.
بڕگەی ٣ مەرسوم دەر ئەکا بۆ بانگکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کۆبونەوە.
لەم ٣ بڕگەیەدا کات گرنگە لەبەر ئەوە:
یەکەم، بڕگەی ١ بەوە چارەسەر کراوە ئەگەر سەرۆک تا ١٠ ڕۆژ قانونەکەی نەپەسەند، بێ پەسەندنی ئەویش ئەبێتە قانون.
دوەم، بڕگەی ٢ و ٣ کاتەکەی بە دیاری نەکراوی ماوەتەوە بۆیە پێویستە بۆ ئەوانیش کاتی هەڵبژاردنەوە و کۆبونەوەی ئەنجومەن دیاری بکرێت، تا ئەگەر سەرۆک، لە بەر هەر هۆیەک بێ، نەی ویست هەڵبژاردنەوە ئەنجام بدرێ یا ئەنجومەن کۆببێتەوە، کارەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە قانونی بڕوا.
بڕگەی ٤ مەرسوم دەر ئەکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا.
بڕگەی ٥ لە هەندێ حاڵەتی دیایکراودا بڕیار دەر ئەکات کە هێزی قانونیان هەیە.
بڕگەی ٦ لێبوردنی تایبەتی بۆ حوکمدراوان.
بڕگەی ٧ پەسەندنی حوکمی ئیعدام و یا سوککردنی بە زیندانیی درێژ.
بڕگەی ٨ ڕاگەیاندنی باری نائاسایی.
بڕگەی ٩ دیوانی چاودێری دارایی بە سەرۆکی هەرێمەوە ئەبەستریتەوە.
کاری دیوانی چاودێری دارایی ئەوەیە کە چاودێری داهات و دەرچوی دەسەڵاتی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی حکومەت و داوودەزگاکانی تر بکا، لە بەر ئەوە لە هەمو وڵاتانی دیمۆکراتیدا بۆ ئەوەی بەر لە دەستێوەردان بگیرێ و، بتوانرێ گەندەڵی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی ئاشکرا بکرێ و، بە ڕۆشنی بخرێتە بەردەم ڕای گشتی، دیوانی چاودێری دارایی دەزگایەکی سەربەخۆیە لە هەمو دەزگاکان و، پارلەمان سەرۆک و ئەندامەکانی هەڵئەبژێرێ.
بۆیە ئەم بڕگەیە لەم قانونەدا جێی نابێتەوە.
بڕگەی ١٠ هێنانی هێزی چەکداری فیدرالی بۆ ناو هەرێم، لە کاتی پێویستدا، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێم.
ئەم بڕگەیە پێویستی بە وردکردنەوەی زۆرتر و دانانی مەرجی زیاتر هەیە، چونکە ئەشێ خراپ بە کار بهێنرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برگەی ١١ و ١٢ مەرسوم دەر ئەکا سەبارەت بە وازهێنان و دانانەوەی وەزیرەکان.
برگەی ١٣ دامەزراندنی کارمەندانی پلەی تایبەت و حاکم و سەرۆک و ئەندامانی ئیدیعای گشتی.
ئەم برگەیە دو لای جیاوازی تێکەلاو کردوە، کارمەندانی پلەی تایبەتی و دەزگای قەزایی:
یەکەمیان، کارمەندانی پلەی تایبەت ئەبێ لە لایەن وەزارەتەکانەوە ناودێر بکرێن، ئەوسا ئەنجومەنی نیشتمانی یان ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتیان لە سەر بکا، ئینجا سەرۆکی هەرێم فەرمانی دامەزراندنیان دەربکا.
دوەمیان، دەزگای قەزایی پێویستە سەربەخۆ بێ لە دەسەلاتی کارگێڕی، ئەگینا ئەگەر سەرۆکی هەرێم ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا و ئیدیعای عام و حاکمەکان دابمەزرێنێ، سەربەخۆیی دەسەلاتی قەزایی چ مانایەکی ئەبێ؟
ئەنجومەنی قەزا و ئەندامانی ئیدیعای گشتی ئەبێ سەربەخۆ بن و، لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە هەڵبژێردرێن و، حاکمەکان ئەنجومەنی قەزا هەڵیانبژێرێ، ئینجا سەرۆکی هەرێم فەرمانی دامەزراندنیان دەر بکا.
برگەی ١٤ و ١٥ لێرەدا جێیان نابێتەوە ئەبێ لە گەڵ مادەی ١٣ باس بکرێن.
برگەی ١٦ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بالای ئاسایشی هەرێم ئەکا.
هەبونی دەزگایەکی لەو بابەتە بۆ هەرێمی کوردستان شتێکی پێویستە بۆ ئەوەی چوارچێوەی ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان دابڕێژێ. بەڵام:
یەکەم،
ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە کێ ئەبن، کام لە وەزیرەکان ئەندامی ئەبن؟
دوەم،
ئاخۆ هەتا هەردو ئیدارە یەکنەگرنەوە، لەوەش گرنگتر هەردو وەزارەتەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ و دارایی، هەردو هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی و، هەردو دەزگای ئاسایش و، هەردو دەزگای زانیاری و رێکخستنی تایبەت، یەکنەگرنەوە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی لەو بابەتە لە توانادایە؟
سێیەم،
دەسەلاتی ئەم ئەنجومەنە چی ئەبێ و، دەسەلاتەکانی سەرۆک لەم ئەنجومەنەدا چیە؟
مادەی ١٣ سەرۆک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارە (دیفاعی) یەکانی هەرێمی کوردستانە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بێگومان هەمو کوردێ بەوە دڵشاد ئەبێ کوردستان فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەبێ و، پێشمەرگەش ببێتە هێزێکی نیزامیی هاوچەرخی پاراستنی کوردستان لە هەڕەشەکانی ئیستا و پاشەڕۆژ، بەڵام لێرەدا چەند کێشەیەکی راستەقینە دێنە پێشەوە:

یەکەم،

مەبەست لە هێزە چەکدارە (دیفاعی) یەکانی هەرێم کام هێزانەیە؟

ئەگەر مەبەست هێزەکانی پێشمەرگەیە، ئەوا ئەو هێزانە هەر یەکەیان سەر بە حیزبەکانی خۆیانن، دڵسۆزیی‌یان لە پێش هەمو شتێکەوە بۆ حیزبەکانی خۆیان و سەرکردەی حیزبەکانی خۆیانە، بە فەرمانی ئەوان و لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبەکانیان‌دا کار ئەکەن.

تا ئیستاش گەورەترین مەترسی خەڵک لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ بونی ئەم هێزانەیە بەو جۆرەی کە هەبون.

دوەم،

تا ئیستا هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی عیراق و وەزارەتی دیفاعی عیراق و، لە لایەن ئەمەریکا و هێزەکانی فرەڕەگەزەوە بە ڕەسمی نەناسراون. ئەم هێزانە بە میلیشیای حیزبی ناو ئەبەن. ڕەنگە هۆیەکی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ یەکنەگرتنەوەیان لە سپایەکی یەکگرتوی حکومەتی‌دا.

سێیەم،

ئەگەر مەبەست لە هێزە چەکدارە (دیفاعی) یەکانی هەرێم، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن ئەوا ئەویش سەر بە دو وەزارەتی ناوخۆی جیاوازن کە حیزبایەتی پێوانەی یەکەمی کۆکردنەو دامەزراندنیان بوە.

چوارەم،

ئەگەرچی کەرتەکانی جەیشی عیراق و پاسەوانی نیشتمانی لە کوردستان‌دا هەن ئەگەرچی ئەوانیش هەردو حیزبەکە دەوری گرنگیان هەبوە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنیان‌دا، بەڵام ئەوانە بە ڕەسمی لە ژێر سەرکردایەتی وەزارەتی دیفاعی عیراقی دان و، لەوان فەرمان وەرئەگرن.

پێنجەم،

گریمان هەمو ئەو کێشە و گیروگرفتانەی باس کران چارەسەر کران، هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ یەکخران و، کرانە هێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا لە هیچ هەرێمێکی فیدرالی دەوڵەتانی دنیادا فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری هەرێم هەیە؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برگەی ١٤ ی مادەی ١٠ سەبارەت بە بەخشینی پایەوپلەی سەربازی و دەرکردن و خانەنشین کردنی ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان و، برگەی ١٥ ی مادەی ١٠ دەبارەی بەخشینی نۆت و ویسام، ئەبێ لە گەڵ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا باس بکرێن.

کورتییەکەی: هەڵسەنگاندنی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەم پرۆژەیەدا دەری ئەخەن قانونەکە بە جۆرێ داڕێژراوە کە تەنیا بۆ "سیستەمی سیاسی سەرۆکایەتی" بشێ.

دوەم، جۆری هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم

لە وڵاتانی دیمۆکراتیدا بۆ حوکمڕانی دو سیستەمی سیاسی باوە: یەکێکیان سیستەمی پارلەمانییە و، ئەوی تریان سیستەمی سەرۆکایەتییە.

لە سیستەمی پارلەمانیدا سەرۆکی وڵات لە ناو پارلەماندا هەڵئەبژێردرێ. هەر پارلەمانیش دەسەلاتی لێپرسینەوەی سەرۆک و لابردنی هەیە.

پارلەمان باوەڕ ئەبەخشێ بە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و لە وەزیرەکان ئەپرسێتەوە و، ئەتوانێ باوەڕیان لێ بسێنێتەوە.

لە بەر ئەوەی دەسەلاتەکانی سەرۆکی وڵات دیاریکراوە، ئەنجومەنی وەزیران بەرزترین دەسەلاتی کارگێڕی وڵاتن و، ئەوان سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکەیان جێبەجێ ئەکەن.

لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا سەرۆک بە دەنگدانی گشتی هاووڵاتیان هەڵئەبژێردرێ، لەم سیستەمەدا سەرۆک جگە لەوەی دەسەلاتی زۆرە، خۆی وەزیرەکانی دائەنێ و، ئەنجومەنی وەزیران نیە و، سەرۆک خۆی کار بە وەزیرەکانی ئەسپێرێ و، لە بەردەم خۆیدا لێپرسراون.

ئەم جۆرە سیستەمە لە وڵاتانی دواکەتوی جیهانی سێیەمدا سەرەنجام ئەبێتە هۆی بەهێزبونی دەسەلاتی سەرۆک و، لاواز بونی دەسەلاتی پارلەمان و دەسەلاتی قەزایی، بە واتایەکی تر دانانی بناغەی رژێمی دیکتاتۆری.

مادەی ٢ ی پرۆژەکەی پارتی ئەنوسێ: "هاووڵاتیانی کوردستان بە دەنگدانی نهێنی گشتی راستەوخۆ سەرۆکێ هەڵئەبژێرن بۆ هەرێم نوێنەرایەتییان ئەکا و بە ناوی ئەوانەوە لە ئاستەکانی ناوە و دەرەوە ئەدوێ و، هاوئاهەنگی لە نێوان دەسەلاتەکانی فیدرالی و دەسەلاتەکانی هەرێمدا ئەکا."

مادەی ٣ ی پرۆژەکەی پارتی ئەنوسێ: "ماوەی ولایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵە و ئەشێ دو جار هەڵبژێردرێتەوە."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مادەکانی ٥ و ٦ و ٧ ی تەرخان کراوە بۆ مەرجەکانی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی و مەرجەکانی دەنگدەر و جۆری پاڵاوتن و هەڵبژاردنی.
مادەی ٨ ی پرۆژەکە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی ئاسان کردوە بەوەی هیچ مەرجێکی بۆ زۆرایەتی دەنگەکان دانەناوە کە بە دەستی ئەهێنێ وەکو "دوسێیەک" یا "لە نیوە زیاتر" ی دەنگی تێکڕای دەنگدەران بەڵکو ئیکتیفای کردوە بە "زۆرایەتی سادە" کە ئەشێ ژمارەیەکی زۆر کەمی تێکڕای دەنگدەران بێ.
مادەی ١٦ ی پرۆژەکەی پارتی ئەم خولەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی دەرهاویشتوە لەو ڕێوشوێنانەی لە مادەی ٢ دا باس کراوە. لە باتی دەنگدانی گشتی ئەم خولەی سەرۆکایەتی کە ئەبێ ٤ ساڵ بێ، بە دەنگی "زۆرایەتی ئەندامانی" ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵئەبژێردرێ.
مادەی ٤ پرۆژەکەی پارتی ڕێی لەوە بڕیوەتەوە کە ئەگەر لە مانگی ١٢ ی ساڵی ٢٠٠٥ دا سەرلەنوێ هەڵبژاردن لە عیراق بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی و لە کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کرایەوە (بە پێی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق و بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش) هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم دوبارە بکرێتەوە، چونکە ئەیانەوێ سەرۆکایەتییەکەی ئەو، بێ گوێدانە ئەو هەڵبژاردنانە، بۆ ٤ ساڵ بەردەوام بێ.
خوێندنەوەی پرۆژەکەی پارتی دەری ئەخا کە ئەوان "سیستەمی سیاسی سەرۆکایەتی" یان گەرەکە و، ئەیانەوێ ئەو جۆرە سیستەمە لە کوردستاندا دابمەزرێنن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سیاسی سەرکردە و سەرکردایەتی حیزبەکەیانە.
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پاش چەندین کۆبونەوە لە ٢١ ی ١٢ ی ٢٠٠٢ دا پرۆژەیەکیان ئامادە کرد کە ببیتە دەستوری کوردستانی عیراق. فراکسیۆنی پارتی لە تاووتوێ کردن و نوسینیدا بەشدار بون. مادەی ٤٠ ی ئەو پرۆژەیە ئەڵێ: "سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هەمان ڕێگا هەڵئەبژێردرێ کە سەرۆکی کۆماری فیدرالی پێ هەڵئەبژێردرێ و ئەوەش بە قانون ڕێک ئەخرێ."
بە پێی مادەی ٣٦ ی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق کە گروپی کوردی لە مەجلیسی حوکمدا، لەوانە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی، ئیمزایان کردوە، سەرۆکی کۆماری فیدرالی عیراق بە "دوسێیەک" ی دەنگی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق هەڵئەبژێردرێ و بە "سێچواریەک" ی دەنگەکانی لێ ئەخرێ. بەڕێز تاڵەبانی بەو جۆرە و بەو ڕێژەی دەنگە هەڵبژێردرا بە سەرکۆماری عیراق. بەم پێیە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئەبێ بە هەمان ڕێگا و بە هەمان ڕێژەی دەنگ هەڵبژێردرێ و بە هەمان ڕێگا و بە هەمان ڕێژەی دەنگ لێ بخرێ.

سێیەم، ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم

ماوەی سەرۆکایەتی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەگۆڕێ. بە گشتی لە نێوان ٤ تا ٦ ساڵ دایە بەڵام بە زۆری ٤ ساڵە کە ئەشێ بۆ یەک جار هەڵبژێردرێتەوە. لە هەلومەرجی ئاسایی‌دا ئەبێ لە کوردستانیش وابێ. بەڵام کوردستان ئیستا لە گەڵ عیراق لە قۆناغی گواستنەوەدایە. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عیراق و ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە پێی زەمانبەندیەک کە سوڵتەی ئیئتیلافی موەقەت و ئەنجومەنی حوکم و نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دایانناوە و، لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت و لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دا نوسراوە، هەڵبژێردراون و لە قۆناغێک دان کە پێی ئەڵێن قۆناغی گواستنەوە. لەم قۆناغەدا ئەبێ دەستوری عیراق تا ١٥ ی ٨ ی ٢٠٠٥ بنوسرێ و ئامادە بکرێ بۆ ڕیفراندۆم و، دوای پەسەندنی دەستور لە لایەن دەنگدەرانی عیراقەوە، ئەبێ لە مانگی ١٢ ی ٢٠٠٥ دا سەرلەنوێ هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بکرێتەوە.

تەمەنی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی بەغداد و کوردستان ئەبێ لە مانگی ١٢ ی ٢٠٠٥ دا تەواو ببێ.

لە دەستوری داهاتودا پەیکەری سیاسی و قانونی عیراق و، لە ناو ئەویش‌دا پەیکەری سیاسی و قانونی هەرێمی کوردستان دیاری ئەکرێ. چارەنوسی کوردستانی فیدرالی و جۆری فیدرالی‌یەکەی و دەسەلاتەکانی و سنوری جوگرافی‌یەکەی لە وێدا دیاری ئەکرێ و دانی پێدا ئەنرێ. بۆیە ئەبێ کورد هەوڵ بدا لە دەستوری داهاتودا مافەکانی و جۆری فیدرالی‌یەکەی و تایبەتمەندی‌یە نەتەوەییەکانی خۆی جێگیر بکا.

پرۆژەکەی پارتی ئەمانەی لە بەر چاو نەگرتوە. قانونی ئیدارەی دەوڵەت کە بە شێوەیەکی قانونی دانی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌دا ناوە، تەنیا دانی بە "حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و دەزگای قەزایی هەرێم‌دا" ناوە. ئەو کاتە باسی سەرۆکی هەرێم لە گۆڕێ نەبوە لە بەر ئەوە لە دورونزیکەوە باسی سەرۆکایەتی هەرێم ناکا.

پرۆژەکەی پارتی داوا ئەکا سەرۆکی هەرێم بۆ ٤ ساڵ هەڵبژێردرێ و، ئەشێ دو جاریش، هەر جارەی بۆ ٤ ساڵ هەڵبژێردرێتەوە. هەمو کەس ئەزانێ پاڵێوراوی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرۆکایەتی هەرێم بەڕێز مەسعود بارزانییە، واتە لە ئێستاوە داوای ١٢ ساڵ سەرۆکایەتی ئەکەن بەو هەمو دەسەلاتەوە کە بۆیان داناوە.

چەند سەرنجێکی پێویست:

یەکەم،

پرۆژەکەی پارتی باسی جۆری هەڵبژاردنی سەرۆک ئەکا بەڵام باسی لێخران و لابردنی نەکردوە. توخنی ئەوەش نەکەوتوە ئەگەر کۆچی دوایی کرد، پەکی کەوت، یاوازی هێنا، شوێنەکەی چۆن پڕ ئەکرێتەوە. رەنگە لە دنیادا وڵاتێک نەدۆزینەوە، جگە لە کوردستان، کە دەستور یا قانونەکەی کە رێگەی داناتی سەرۆکەکەی باس ئەکا، باسی جۆری لابردنیشی نەکا.

دوەم،

پرۆژەکەی پارتی لە هیچ مادەیەکیدا ناوی جێگری سەرۆک ناهێنێ. هەر وڵاتە هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە لە بەر ئەوە لە هەندێ وڵات سەرۆک پێویستی بە جێگر هەیە و لە هەندێ وڵات پێویستی بە جێگر نیە. لە کوردستانێکدا کە هێشتا شوێنەوارەکانی شەڕی ناوخۆی بە زەقی پێوە دیارن و، هێشتا دو ئیدارەی جیاواز و، دو هێزی چەکداری جیاواز و دو دەزگای دارایی جیاواز و دو سیستەمی ئاسایشی جیاواز و، تەنانەت دو دەزگای قەزایی جیاواز، حوکمڕانی تێدا ئەکەن، ئەگونجێ سەرۆکی یەک لایان ببێتە سەرۆکی هەردولایان و، بە یەک چاو سەیری هەردو لایان بکات و، بە یەک جۆر رەفتار لە گەڵ هەردو لایان بکات؟

سێیەم،

پارتی بە بیانوی سەلماندنی ئەم قانونەوە چەند مانگێ کۆبونەوەی پارلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانی دواخست و، لە باتی ئەوەی رێ بدا بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە رێگەی ئوسولی، قانونی سەرۆکایەتی هەرێم دابنێن، سەرکردایەتی یەکێتی راکێشا بۆ ئەوەی هەردو سەرکردایەتی لە باتی ئەنجومەن قانونەکە دابنێن و بیسەپێنن بە سەر پارلەماندا، بە مەش دوەمین ئەنجومەنی وەکو یەکەمین ئەنجومەن، پێش ئەوەی دەس بە کار بێ، کردەوە بە نیوەگیان.(تەواو)

٧ ی ٥ ی ٢٠٠٥:

پیرمام، کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س.

لە یەکێتی: کۆسرەت رەسول، د بەرهەم سالح، ئەرسەلان بایز.

لە پارتی: نێچیروان بارزانی، فازیل میرانی...

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆسرەت و نێچیروان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان گرتوە. سایتی پەیامنێر بڵاوی کردۆتەوە:

دەقی قسەکانی هەردوکیان:

قسەکانی نێچیروان بارزانی بۆ پەیامنێر

قسەکانی کۆسرەت رەسول بۆ پەیامنێر

قسەکانی راگەیاندنی پارتی بۆ پەیامنێر

نێچیرڤان بارزانی: پێوست ناکات هەموو شتێکی خۆمان بەبەغداوە ببەستینەوە

کۆبونەوەی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هاوینە هەواریِ سەلاحەدین دوای چەندین سەعاتِ گفتوگۆ بێ ئەوەی خاڵی کۆتایی لەسەر کێشەکان دابنێت کۆتایی پێهات، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گەڕانەوە تا ئەنجامی گفتوگۆکانیان لەگەڵ تێکڕای مەکتەبی سیاسیدا باس بکەن و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتیش بە تەنها دریژەی بە کۆبونەوە دا.

لە ماوەیەکی کورتی نێوان کۆبونەوە کەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لێدوانێکی چڕوپڕی سەبارەت بە دوا ئەنجاماکان و خاڵەکانی نا کۆیی نێوان هەردوولا و پێشکەوتنەکانی هەردوولا لەو بارەیەوە دا.

"یاسای سەرۆکی هەرێم بۆ کاک مەسعود نییە بۆ کوردە"

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ڕەوتی گفتوگۆکان گوتی: "بە نسبەت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بیر و بۆچونی ئێمە ئەوەی کە جارێ یەکەم شت ئەوە پەیوەندی بەکەسەکانەوە نییە، پەیوەندی بە جەنابی کاک مەسعودەوە نییە، یاسایەکە دا دەنرێت بۆ داهاتووی میللەتی کورد وەک دەستورێک. ئەوە ڕەغبەتی جەنابی کاک مەسعود نییە کە زۆر پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە فلان مادە یان برگە دەبێ لە یاساکەدا هەبێت، بە پێچەوانەوە فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر خودی جەنابی کاک مەسعود هەیە بۆ ئەوەی وەک خزمەتێک بۆ میللەتی کورد ئەو پۆستە قەبوڵ بکات. جەنابی کاک مەسعود لە زۆر بۆنە ئەو قسەیەی کردووە و تەئکیدی کردۆتەوە کە بۆ ئەو شەرەفێکی گەورەیە کە پێشمەرگە بێت. دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی میللەت تێ بگات.

خاڵی دووەم و ئەوەی کە بە نیسبەت ئێمەوە گرنگە لە بۆچوونداء لە نێوان ئێمە و یەکێتی هەندێک جیاوازی هەیە لەسەر ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم چ جۆرە دەسەلاتێکی هەبێت، ئێمە پێمان وایە کە نابێت سەرۆک شتێکی ڕەمزی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(سەمبۆلیک) بێت، دەبێ دەسەلاتی هەبێت. ئەوەش بەو مانایە نییە کە هەموو شتەکان بەدەست ئەوەوە بێت، بگرە دەسەلاتەکان لە نێوان سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دا بەش کراون. جەنابی سەرۆک بارزانی ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکات ئەوا لە چوارچێوەی یاسایەکدا قەبوڵی دەکات. بە داخەوە ئەم گفتوگۆیەی کە ئێستا برادەرانی یەکێتی زۆر بە جدی دەیکەن دەبووایە پێشتر بیان کردبایە؛ ئێمە پێشتر پێمان وابوو کە ئەمانە هەمووی تەواوە و هەموو کێشەکان چارەسەر بوونە، بەڵام ئێستا بیر و بۆ چوونی جیا هەیە، من دەمەوێت قسەکان وا بکەم کە ئێمە دوو حزبی سیاسین لە کوردستاندا، ممکینە هەندێ بیرو بۆ چوونی جیاوازمان هەبێت سەبارەت بە دەسەلات و کاری سەرۆکی هەرێم کە ئەوە پێوویست بەوە دەکات زیاتر باسی لێوە بکەین.

لەم کۆبوونەوەیەدا هەندێک باسمان لێوە کرد، ممکینە برادەرانی یەکێتی بیانەوێ هەندێ دڵنیایی وەرگرن لە بارەی ئەوەی کە لە داهاتوودا ئەگەر مام جەلال لە عێراقدا نەبووە سەرۆک کۆمار، ئەوا ئەوکاتە دەبێ شتەکانی ئێرەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت. ئێمە بۆچوونێکی دیکەمان هەیە، ئێمە پێمان وایە دەستورێک بۆ کورد دا دەڕێژین ئەوەی کە هەمانە بۆ کوردستانە، بەڵام بۆ گرێنتی دی کە، ئێمە دەتوانین وەکو یەکێتی و پارتی قسەی لەسەر بکەین؛ چی پێویست بێت بۆ دڵنیاییان وەکو حزبێکی سیاسی بکرێ، کە ئەوە مافی خۆیانە ئێمە ئێستا لەسەر ئەو مەسەلەیە لە گفتوگۆداین.

"سەرۆکی هەرێم، جێگری سەرۆکی هێزی پێشمەرگەی دەبێ"

وەک باس کراوە چەند ناکۆکییەکی گشتی لەسەر مەسەلەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم، شێوەی هەڵبژاردن و دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نێوان پارتی و یەکێتی دا هەیە، نێچیرڤان بارزانی لەو بارەیەوە گووتی: " سەبارەت بە خاڵەکانی ناکۆکی وەک ئەوەی کە ئاماژەتان پێ کرد، تا ڕادەیەک مەسەلەی پێشمەرگە چارەسەر کراوە، چوونکە هێزی پێشمەرگە چ هی پارتی بێ یان یەکێتی، ئەوان پێشمەرگەی کوردن و دەبێ لە ژێر یەک سەرکردایەتیدا کۆ بکرێنەوە، ئەم سەرکردایەتیەش بە تەنیا بۆ پارتی یان یەکێتی نییە وە بە نیاز نین جارێکی دی کە بۆ شەڕی ناو خۆ بەکاریان بێنین و دەمانەوێت هێزێکی چەکدارمان بۆ کورد هەبێت و دەبێ بخرێتە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و ئەوە نەمێنێ کە ئەوە پێشمەرگەی پارتییە و ئەمەش پێشمەرگەی یەکێتییە. ئێمە لەسەر ئەوە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتووین کە وەک ئەوەی لە دەستورەکەدا دێ، سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هێزی پێشمەرگە دەبێ و جێگری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرۆکی هێزی پێشمەرگە دەکرێ لە برادەرانی یەکێتی بێت، بەڵام ئەو پێشمەرگەیە پێشمەرگەی کورد دەبێت."

"دەمانەوێ ماوەی سەرۆکایەتی بۆ چوار ساڵ بێت"

سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە خاڵی دووەمی ناکۆکی کە تایبەتە بە ماوەی سەرۆکایەتی گووتی: "ماوەی سەرۆکایەتی ئەوەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین، وەک پێشتریش گووتم ئێمە بە پێی دەستور دەمانەوێ بۆ چوار ساڵ بێ، ئەم چوار ساڵەش بۆ حاڵی حازر دەکرێ لە لایەن پەرلەمانەوە بێ، بەڵام دووای ئەوە بە دەنگی میللەت هەڵبژێردرێ، هەر کەس خۆی کاندید بکات، ببێتە سەرۆکی هەرێم".

"پێویست ناکات هەموو شتێکی خۆمان بە بەغداوە ببەستینەوە"

سەبارەت بە ئاستی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند و تایبەتمەندی یاساکانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی گوتی: "بە پێی یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت، پەرلەمانی کوردستان مافی ئەوەی هەیە یاسا دابنێت، پێم وا نییە پێویست بێ هەموو شتێکی خۆمان بە بەغداوە ببەستینەوە، فە پێچەوانەوە ئەوەی کە زۆر پێویستە کاری لەسەر بکرێت لەپەرلەمانی کوردستاندا ئەوەیە کە دەبێت هەرێمی کوردستان یاسای تایبەتی خۆی هەبێت، یاسا دابنێت و مافی خۆشییەتی دەستوری هەرێم دا بڕێژێت، پێم وایە پێویست ناکات هەرچی لە بەغدا هەیێت دەبێت لێرەش هەبێت".

"نە دەبوو مام جەلال سەفەری دەرەوە بکات"

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتاییدا وێڕای ئەوەی هیوای خواست کێشەکە بە زووترین کات چارەسەر بێت، ئاماژەی بە کاریگەری نێگەتیڤی ئەم دۆخە کرد و گووتی: "بێ گوومان هەموو میللەتی کورد ئەمڕۆ چاویان لەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان کۆ ببێتەوە و کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بمەزرێ و بێگومان کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕاستی هەیە دەبێ خەڵک بیزانن، ڕاستیەکە ئەوانەیە کە ئێستا باسن کرد، ئەمەش پێوویستی بە گفتوگۆ هەیە و پێم وایە لەو سەفەرەی کە بەڕێز مام جەلال کردی دەبووایە ئەوشتانە ئەوکات یەکلا بکرێنەوە، بە داخەوە ئەویش سەفەری دەرەوەی کرد و شتەکانی هەروا بەجێ هێشت، بەش بە حاڵی خۆم گەشبینم کە ئێمە دەگەینە ڕێککەوتن، مومکینە گفتوگۆی زیاتری پێویست بێت، بەڵام سەر ئەنجام دەگەینە ڕێککەوتن."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆسرەت ڕەسوول: هەردوولا نییەتی باشمان هەیە و دەمانەوێ بیرە جیاوازەکان یەک بخەین

ئەمڕۆ بەیانی بەڕێز کۆسرەت ڕەسوول، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی، سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی دوێنێ شەوی پارتی و یەکێتی گووتی: "کۆبوونەوەی دوێنێ شەو کۆبوونەوەیەکی باش بوو، سەڕاحەتی تێدا بوو و هەردوولا ڕای خۆمان دەربڕی و ئەم کۆبونەوانە بەردەوام دەبن، ئێمە دەچینەوە لەگەڵ برادەرانی خۆمان قسە دەکەین، برادەرانی پارتیش لەگەڵ برادەرانی خۆیان قسان دەکەن و دەگەینە ئەنجامێکی باش."

کۆسرەت ڕەسوول لە درێژەی قسەکانیدا ووتی: " گرنگ ئەوەیە هەردوولا نییەتی باشمان هەیە، دەمانەوێ کێشەکان چارەسەر بکەین و ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە هەیە یەکییان بخەین و پێشم وایە کاک مەسعود دەبێتە سەرۆکی هەرێم."

شایەنی باسە دوێنێ شاندێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوول کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و دکتۆر بەرهەم ساڵح و ئەرسەلان بایز، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی سەبارەت بە مەسەلەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی هاوینەهەواری سەلاحەدین یان کرد و کۆبوونەوەکەیان تا سەعات ١٢ ی شەو درێژەی کێشا و هەروەها ئەمڕۆ بەیانیش بۆ ماوەیەکی کورت کۆبونەوەکە بەردەوام بوو. (تەواو)

وتارێکم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆچی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دواکەت؟

چەند جار و لە چەند بۆنەی جیاوازدا بەڕێز بارزانی و سەرانی پارتی وەکو منەتێکی گەورەیان بە سەر یەکێتییەوە هەبێ ئەوە بە چاوی سەرکردەی یەکێتی و سەران و جەماوەری یەکێتیدا ئەدەنەوە، کە ئەوان بەڕێز تاڵەبانییان کاندید کردوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق و، ئەگەر ئەوان ئەوەیان نەکردایە ئەوە نەئەبو.

بۆ ئەوەی هاوڵاتی سادەی کوردی چەواشە نەبێ هەندێ شت هەیە ڕونکردنەوەی زیاتریان پێویستە:

لە پێشەوە هەمو کەس ئەوە ئەزانێ کە بەڕێز تاڵەبانی بە کودەتا نەبۆتە سەرکومار. ئەوە ڕاستە کە ئەگەر ڕەزامەندی پارتی و لیستی هاوپەیمانی کوردستان و، پێ داگرتنی بەڕێز مەسعود بارزانی نەبوایە، ئەو پرۆسەیە بەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جۆرە سەری نەئەگرت یان لەوانە بو هەر سەر نەگرێ. تاڵەبانی خۆی و سەرانی تری یەکێتیی‌یش ئەوەیان چەند جارێ دوبارە و سێبارە کردۆتەوە. بەڵام بێگومان ئەوە دەسکەوتی یەکڕیزی کورد بوە و، کورد بۆ ئەوەی لە عیراقی نوێدا دەسکەوتی سیاسی گەورەتر بە دەس بهێنێ، ئەبێ لە نوسینی دەستور و لە پێشهاتەکانی عیراق‌دا بە یەکڕیزی بمێنێتەوە.

لە کۆبونەوە دوقۆڵی‌یەکانی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی‌دا پۆستەکانی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە تەرازویەک‌دا بەرامبەر یەک دانراون، بۆ ئەوەی هەریەکێ لەو دو سەرکردەیە، بە ویستی ئارەزومەندانەی خۆیان، یەکێ لەو دو پۆستە هەڵبژێرن.

لەم دابەشکردنەدا بەڕێز بارزانی سەرپشک کراوە کامیان هەڵبژێرێ. بەڕێز بارزانی پۆستەکانی بەو جۆرە دابەش کردوە و خۆی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی هەڵبژاردوە. هەتا دوا رۆژەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماریش ئەم سەرپشکی‌یە دانەخراوە، تەنانەت چەند جار بەڕێز تاڵەبانی و سەرانی تری یەکێتی داوایان لە بەڕێز بارزانی کردوە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق هەڵبژێرێ، لە هەمان کات‌دا ئامادە بون بە هەمو توانایانەوە پشتیوانی لێ بکەن بۆ ئەوەی ئەو ببێتە سەرکۆماری عیراق.

بەدەسهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق سەرکەوتن نیە بۆ یەک کەس و یەک حیزب، بەڵکو سەرکەوتنە بۆ گەلی کورد، لە بەر ئەوەی:

یەکەمیان، بۆ یەکەم جارە لە مێژوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌دا کورد بتوانێ ئەو نەریتە سیاسی‌یە دژیوە بشکێنێ: کە تۆ لە بەر ئەوەی کوردی نابێ ببی بە سەرۆکی کۆمار، نابێ ببی بەسەرۆکی وەزیران، نابێ ببی بە وەزیری دەرەوە و ناوە و بەرگری و نەوت! ئەوەش داهێنانی نەریتێکی سیاسی تازەیە لە عیراقی نوێ‌دا و لە ناوچەکەدا، سەرکەوتنێکە بۆ خەباتی کورد لە ئیستادا و رێ خۆش کردنێکیشە بۆ نەوەکانی داهاتو.

ئەبێ ئەم روداوە لەم روانگەیەوە سەیری بکرێ، نەک لە روانگەی دەسکەوتی کەسایەتی و حیزبایەتی‌یەوە.

دوەمیان، کورد لە عیراق‌دا کە تائیستا لە پەراوێزی دەزگای بڕیاردانی سیاسی‌دا بوە، لەمەودوا بەم بەشداری‌یە ئەبێتە هاوبەشێکی کاریگەر لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی عیراقی‌دا و، بێ ئەو و بێ ئاگاداری ئەو هیچ بڕیارێکی سیاسی نادرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێرەدا پرسیارێ دێتە پێشەوە: ئەی بۆچی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە بەغداد تێ پەڕی کەچی هەڵبژاردنێ سەرۆکایەتی لە کوردستان تا ئیستا دواکەوتوە؟
ئەمە پرسیارێکی بە جێیە بۆ ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری مەسەلەکان نین. بەڵام زۆر ڕونە لای ئەوانەی خۆیان لە ناو ڕوداوەکانداں. هۆیەکەیشی ئەوەیە: لە بەغداد ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتی و دەسەلاتەکانی و ماوەی ولایەتەکەی و جۆری لێخرانی، پێش هەڵبژاردنەکان، زۆر بە وردی و ڕونی لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق "قاد" دا نوسرا بو. بەڵام لە کوردستاندا هێشتا قانونی سەرۆکایەتی هەرێم دانەنراوە تا ڕێوشوێنی هەڵبژاردن و دەسەلاتەکانی و ماوەی ولایەتەکەی دیاری بکا. سەرکردایەتی پارتی بە لاساییکردنەوەی مۆدێلی بەغداد ڕازی نین، بەڵکو پرۆژەی قانونێکی نوێیان ئامادە کردوە، کە پێویستی بە تاووتوێ کردن و بڕیار لێ دان و پەسەندنی سەرکردایەتی هەردو حیزب و، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەیە.
کەواتە دواکەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی هۆیەکی تەکنیکی بوە، نەک لە سۆنگەی هۆیەکی سیاسییەوە. بە واتەیەکی تر پیلانگێڕان و فڕوفێڵ نەبوە، وەکو هەندێ بێ ئاگا لێکی ئەدەنەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی قانونی بوە. یەکێتی پەشیمان نیە لەوەی بەرێز بارزانی هەڵبژێردرێ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەوە بەشێکی بێگومانی ڕێککەوتنەکەیە کە هێشتا جێبەجێ نەکراوە و، ئەبێ جێبەجێ بکرێ.(تەواو)
٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥:

پارتی بەم بروسکەیە گفتوگۆکانی ڕاگرت:
لە م س – پ د ک
بۆ م س – ی ن ک
ژمارە: ٤٦
ڕۆژ: ٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥

هەروەکو دەزانن لەم ماوەیەدا زنجیرەیەک کۆبونەوەمان ئەنجام دا لە سەر هەندێ مەسائیلی هەنوکەیی بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ کۆبونەوەی پارلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پارلەمان و تەواوکردنی یاسای سەرۆکی هەرێم و تەکلیفی سەرۆکی حکومەت و هەردو ئیدارەکە. بە داخەوە بێ ئەنجام بون. بۆیە پێمان باشە بۆ کۆبونەوەی داهاتو چاوەڕوانی گەڕانەوەی مام جەلال بین بۆ ئەوەی بە ڕێککەوتننامەی ٠١ ی ١٢ ی ٢٠٠٤ دا بچینەوە کە بە ئیمزای هەردو بەڕێزان بوە.
٩ ی ٥ ی ٢٠٠٥:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وتارێکم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.
ئەمە دەقەکەیەتی:
تۆ بڵێی کێشەی "سەرۆکایەتی: کۆمار و هەرێم" ببێتە هۆی لە یەکترازانی یەکڕیزیی کورد؟
کورد زۆر دڵخۆش بون بەوەی لە پێش روخانی سەدامەوە هێزە سیاسییەکانی کورد جۆرێ لە یەکڕیزییان بەرامبەر پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی عیراق دروست کرد و، بەرامبەر پرسە چارەنوسسازەکان بیروبۆچون و هەڵوێستیان یەک خست و، بە یەکڕیزییەوە چونە ناو رووداوەکانی عیراقەوە:
بە یەکڕیزی بەشداری مەجلیسی حوکم بون،
بە یەکڕیزی هەڵوێستی سیاسییان لە رووداوەکانی عیراق دەربڕی،
بە یەکڕیزی بەشداری یەکەم کابینە بون،
بە یەکڕیزی بەرەنگاری گوشاری ناوەکی و دەرەکی بونەوە و بەشداری نوسینی قانونی ئیدارەی دەولەتی عیراق بون،
بە یەکڕیزی بەشداری وەزارەتە کاتییەکەی عەلاوی بون،
بە یەکڕیزی چونە هەڵبژاردنی گشتی عیراق و کوردستانەوە،
یەکڕیزیی کورد و هێزە سیاسییەکانی، ئەگەرچی هەمو جار رووداوەکان دەریان ئەخست کە لەرزۆک و کاتییە، لە گەڵ ئەوەشدا بوە مایەی دڵخۆشی و سازدانی کوردی عیراق و گەشانەوەی هیوای هەمو نەتەوەی کورد و جێگەی ڕێزی دنیا و، چەندین دەسکەوتی سیاسی باشی بۆ کورد بەدی هێنا، لە سەرو هەمویانەوە: سەلماندنی قانونیی دۆخی فیدرالی هەرێمی کوردستان و، بوژانەوەی ئابوری کوردستان و، خۆشبونی گوزەرانی خەڵک و، پتەوبونی پێوەندی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری... نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە.
بەشداریی چالاکانەی هاوولاتییانی کوردستان لە عیراق و لە دەرەوە بە پەڕۆشێکی زۆرەوە لە هەڵبژاردنەکانی عیراق و کوردستاندا، زەمینەیەکی باشی ساز کرد سەرکردایەتی کورد بەکاری بهێنێ بۆ بەدەسهێنانی دەسکەوتی کاریگەر لە بوارەکانی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی، ئابوری، تەنانەت هێزی پاراستنی هەرێم... دا و، بۆ چەسپاندنی دەسکەوتەکانی لە دەستوری داهاتوی عیراق و لە دەولەتی تازەی عیراقدا.
ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا بە دوی خۆیدا چەند هەلی گۆڕینی بە باری باشەدا ڕەخساند:
لە سەر ئاستی عیراق

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە دەسهێنانی دەنگی زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس و، ٧٧ ئەندام لە کۆی ٢٧٥ نوێنەر لە کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقدا و، چەسپاندنی بونی کورد لە ناوەندی بڕیاردانی سیاسی عیراقدا لە رێگەی پایەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و، جێگری سەرۆکی وەزیران و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و، ٨ وەزارەتی دەرەوە، شارەوانی، کارو کارو باری کۆمەڵایەتی، پلان، سەرچاوەکانی ئاو، بازرگانی، ژینگە و گەیاندن، لە کابینەی نوێی عیراقدا

لە سەر ئاستی کوردستان

نوێ کردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، داهێنانی پایەی سەرۆکایەتی هەرێم و، رەخساندنی هەلی یەکگرتنەوەی دیمۆکراتیانەی هەردو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و، یەکخستنی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ...

ئەم دەسکەوتە سیاسییانە هەر چاودێرێکی بێلایەن بە پێوانەی سیاسی هەڵیان بسەنگێنێ، وا ئەزانێ ئەمانە هەموی هەلی زێڕینیان بۆ کورد رەخساندوە و دەروازەی گۆڕانی سیاسی گەورەتریان لە رودا کردۆتەوە، بۆ ئەوەی یەکڕیزی کورد پتەوتر بکات و بیخاتە سەر ڕێی دانانی ستراتیجی قۆناغی داهاتوی نوسینی دەستوری کە مافەکانی کوردی تێدا دابین بکرێ و، شەریکایەتی کاریگەری کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراقی داهاتودا جێگیر بکات و، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بگێڕێتەوە سەر کوردستان و، سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی بهێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و، هێزی پاراستنی کوردستان رێک بخاتەوە.... کەچی، لە باتی ئەوە، سەرلەنوێ تەپوتۆزی گێژەڵوکەی گرژی و ئاڵۆزان لە وڵات هەڵی کرد.

وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق لە لایەن کوردەوە، لە کاتێکدا ئەبو لە لایەن هەمو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عیراقەوە بە خۆشی و شاییەوە پێشوازی لێ بکرێ و، بە سەرکەوتنی دابنرێ بۆ هەموان، لە هەندێ شار و ناوچەی کوردستانی عیراقدا، بە لێدان و تێهەڵدان و سوکایەتی پێ کردنەوە رو بە روی بونەوە.

روداوەکانی ئەو چەند رۆژە دەریان خست کە ئەو یەکڕیزییەی کورد لەرزۆک و کاتییە و، بیری سیاسی سەرانی کورد تا چ ئەندازەیەک دیلی قازانجی تەسکی حیزبە و نۆرینی سیاسییان چەندە کورت و کەمخایەنە.

ئەم کێشەیە بە جێی خۆی. کێشەیەکی تریش بوە سەربارى.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە بەرامبەر سەرۆکایەتی کۆماری عیراقدا ئەبو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێ. ئەمە بەشێ بو لە سەودایەکی سیاسی پیشوی نێوان یەکێتی و پارتی. کەس لاری لە جێبەجێ کردنی ئەم گرێبەندە سیاسییە نەبو، بەڵکو هەڵبژاردنی سەرۆک، خۆی لە خۆیدا، بە هەنگاوێکی قانونی و سیاسی گرنگ دائەنرێ بەرەو بە دامەزراوکردنی داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام لە کوردستان هێشتا قانونێ نەبو سەرۆکایەتی هەرێم رێک بخا. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی پارتی پرۆژەی قانونێکی دا بە سەرکردایەتی یەکێتی. سەرکردایەتی یەکێتی هەندێ تەعدیلی تێدا کرد. هێشتا گفتوگۆکان بە ئەجام نەگەیشتبون تەعدیلەکە بە پەشیمان بونەوە دانرا و، هەڕەشە و گوڕەشە دەستی پێ کردەوە و، بارودۆخەکە ئاڵۆزا.

ئەمەش دیسانەوە دەری خست یەکڕیزییەکەی کورد لەرزۆک و کاتییە.

پێ ئەچێ سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی هەرێم کە ئەبو یەکڕیزیی کورد پتەوتر بکاو، جێی کورد لە عیراقی نوێدا بەهێزتر بکا و، بنچینەکانی حوکمی فیدرالی کوردستان قایمتر بکا، یەکڕیزیی کوردی بەرەو لە یەکترازان ببات. (تەواو) ۱۰ ی ۵ ی ۲۰۰۵:

وتارێکی ترم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

"ئەولەویات" ی کوردلە گێژەڵوکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا خەریکە بە با ئەچێ!

هەمو حکومەتێ، هەمو حیزبێ، هەمو جوڵانەوەیەک، لە هەر قۆناغێکدا "ئەولەویات"ی قۆناغەکەی دیاری ئەکات و هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەدات.

"ئەولەویات" ی کورد لەم قۆناغەدا چین؟

چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستوری هەمیشەیی عیراقدا.

یەکخستنەوەی هەردو بەڕێوەبەرایەتی هەولێر و سلێمانی، لە بەڕێوەبەرایەتییەکی یەکگرتودا،

چەسپاندنی فیدرالی کوردستان،

گێرانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان بۆ سەر هەرێم،

گێرانەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دانپیانانی قانونیی و ناسینی هێزی پێشمەرگە وەکو هێزی پاراستنی هەرێمی کوردستان...

ڕۆژی ٣٠ ی ١ ی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنەکانی عیراق و کوردستان ئەنجام دران.

ڕۆژی ١٣ ی ٢ ی ٢٠٠٥ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵاوە بڵاو کرایەوە. بەڵام نە ئەنجومەن کۆبوەوە و نە باسی هیچ کام لە "ئەولەویات" ی کورد کراوە. لەو ڕۆژەوە تائیستا، جگە لە باسی قانونی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەویش کە پارتی لە دوای ١٨ ی ٤ ی ٢٠٠٥ ەوە هێناوێتیە بەر باس، چ هەنگاوێ بۆ یەکێ لەو پرسە چارەنوسسازانەی کورد نراوە؟

ئەوەی تا ئیستا دیارە هیچ!

گریمان کورد سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی هەرێمی نەبو، ئەشێ دەس لەو خواستە نەتەوەییانە هەڵبگرێ، یان هەموی بکا بە قوربانی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم؟

بێگومان پێویستە و ئەبێ کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکرێ، بەڵام نابێ "ئەولەویاتی کورد" کە زۆر لە کێشەی سەرۆک گرنگتر و ژیانییترن لە گێژەڵوکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا بەبا بدرێن!

کوردستانی عیراق، لەم قۆناغەدا، لە بەردەم وەرچەرخانێکی مێژویی دایە، عیراقی نوێ بنیات ئەنرێتەوە. هەر هەڵەیەکی سیاسی، بگرە هەر زەللەیەک، هۆیەکەی هەرچیەک بێت و بیانوەکەی هەر چۆنێ بێ، کارێکی کوشندە لە پاشەڕۆژی سیاسی کورد ئەکا، لە ئاستەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و لە ئاستی جیهانیدا. کێشەی کورد چەند بۆ پێشەوە چوە ئەوەندە زیاتر ئەچێتەوە بۆ دواوە. (تەواو)

١٢ ی ٥ ی ٢٠٠٥:

وتارێکم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ڕیفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

بەغداد کەڵک لە "ئەزمونی کوردستان" وەرئەگرێ، یان کوردستان ئەبێ دەرس لە بەغداد فێر ببێ؟

لە دوای ڕوخانی ڕژیمی بەعسەوە، لە ٩ ی ٤ ی ٢٠٠٣ دا، تا ئیستا لە بەغداد ٣ جار وەزارەت پێک هێنراوە. لە هەر سێ وەزارەتدا کورد، لە ڕێگەی نوێنەرانی پارتی و یەکێتیەوە، بەشدار بون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەزارەتی یەکەم "مەجلیسی حوکم" پێکی هێنا. مەجلیس ٢٥ کەس بون لە بەر ئەوە ژمارەی ئەندامانی وەزارەتەکەش ٢٥ وەزیر بون. وەزارەت سەرۆکی نەبو هەر مانگەی ئەو کەسەی ئەبوە "سەرۆکی نۆرەیی" مەجلیس، بە هاوکاری لە گەڵ حاکمی عیراق سەفیر پۆل بریمەر، کۆبونەوەی بە وەزیرەکان ئەکرد.
یەکەمین وەزارەت لە ٣ ی ٩ ی ٢٠٠٣ دا پێکهات تا ١ ی ٦ ی ٢٠٠٤ لە سەر کار بو. لەم وەزارەتەدا ٥ وەزیری کوردی تێدا بو کە پێنجیەکی وەزارەتەکەیان پێک ئەهێنا.
لە پارتی:
وشیار زێباری، وەزیری کاروباری دەرەوە
نەسرین بەرواری، وەزیری کاری گشتی (ئەمەریکیەکان ناوی وەزارەتی شارەوانیان گۆڕیوە بۆ کاری گشتی)
لە یەکێتی:
د لەتیف رەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو (ئەمەریکیەکان ناوی وەزارەتی ئاودێریان گۆڕیوە بۆ سەرچاوەکانی ئاو)
محەمەد تۆفیق رەحیم، وەزیری پیشەسازی
لە یەکگرتوی ئیسلامی:
عەبدوڕەحمان سدیق، وەزیری ژینگە (وەزارەتێکی تازە- داهێنراو بو)

دوای گێڕانەوەی بە ناو سەروەری بۆ عیراق و، پێکهێنانەوەی سەرلەنوێی وەزارەت بە سەرپەرشتی ئەخزەر ئیبراهیمی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و، بە هاوکاری لە گەڵ سەفیر بریمەر و، بە راوێژ لە گەڵ مەجلیسی حوکم، بە پێی "قاد" ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێک هات.
ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەبو لە ٣ ئەندام: سوننیەک و شیعەیەک و کوردێک پێک بێ، سەرۆکی کۆمار و ٢ جێگری سەرکۆمار. یەکێ لە جێگرەکانی کە ئەبو کورد بێ د روژ شاوەیس، ئەندامی پارتی بو. دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەندامەکانی "تەشریفاتی" بو، لە هەندێ حاڵەتدا مافی ڤیتۆیان هەبو، بەڵام سەیر ئەوە بو لەم عیراقە نوێیەدا سەرۆک و جێگرەکانی، جگە لە موچەی رەسمیی، مانگانە یەکی ١ ملیۆن دۆلاریان لە بەر دەسدا بو، بە ئارەزوی خۆیان سەرفی بکەن، بێ ئەوەی هیچ دەزگا و دائیرەیەک بۆی هەبێ لێیان بپرسیتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوەمین وەزارەت لە ١ ی ٦ ی ٢٠٠٤ دا پێکهات تا ٢٨ ی ٤ ی ٢٠٠٥ لە سەر کار مایەوە. لەم وەزارەتەدا جگە لە جێگری سەرۆکوەزیر ٦ کورد بون بە وەزیر چونکە ژمارەی وەزارەتەکان زیادی کرد.

د ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

لە یەکێتی:

د بەرهەم سالح، جێگری سەرۆکی وەزیران

د لە تیف رەشید، سەرچاوەکانی ئاو

نەرمین عوسمان، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان (وەزارەتێکی تازە- داهێنراو بو)

لە پارتی:

وشیار زێباری، وەزیری کاروباری دەرەوە

نەسرین بەرواری، وەزیری کاری گشتی

مەمۆ فراهان، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆمەڵی شارستانی (وەزارەتێکی تازە- داهێنراو بو)

لە یەڵایەن:

بەختیار ئەمین، وەزیری مافی مرۆڤ

وەزیرە کوردەکانی یەکەمین وەزارەت، کە پاڵێوراوی پارتی و یەکێتی و یەکگرتو بون و،

وەزیرە کوردەکانی دوەمین وەزارەت، کە پاڵێوراوی پارتی و یەکێتی بون... چیان بۆ کورد بە دەس هێناوە و چیان بۆ کوردستان ئەنجام داوە. ئایا هاوولاتیانی کوردستان هەست بەوە ئەکەن لە بەغداد وەزیریان هەیە و، لە بەغداد شەریکێکی راستەقینەن لە کاروبارەکانی حکومەتی عیراقدا. کامانەن ئەو پرۆژانەی ئەوان، لە ریگەی وەزارەتە ناوەندیەکانی بەغدادەوە، بۆ کوردستانیان ئەنجام داوە یا داناوە؟ کامانەن پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری و، کامانەن پالاوگەکانی نەوت و، ئیستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و، هێڵی ئاسنین و پرد و ریگاوبانە ستراتیجیەکان؟

ئایا سەرکردایەتی کورد وەزیر ئەنێرێ بۆ بەغداد بۆ ئەوەی موچەی بەرز وەربگرن و، خانو و زەوی تاپۆ بکەن و، گرێبەستی قەڵەو ئیمزا بکەن و، پەیتا پەیتا سەفەری دەرەوە بکەن و، کەڵک لە "ئیمتیازات" وەزارەت وەر بگرن، یا ئەبێ بەرنامەیەکیان هەبێ بەشێ بێ لە بەرنامەی گەشە پێدانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، زانستی... کوردستان و، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵ بدەن کار بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جێبەجێ کردنی بکەن؟ ئەوانە کە بە نوێنەرایەتی کورد لە وەزارەتدا بەشدار بون و بەشدار ئەبن:

- ئەگەر باش بکەن یان خراپ، کێ لێیان ئەپرسێتەوە و لە بەردەم کێدا لێپرسراون؟

- بونی وەزیرە کوردەکان لە وەزارەتەکانی بەغدادا بەو جۆرەی کە تا ئیستا هەبون، ئەگەر هەبن چی لە مەسەلەی کورد بۆ پێشەوە ئەبا؟ ئەگەر نەبن چی لە مەسەلەی کورد دوائەخا؟

بە هەمو وەزیرە کوردەکانی بەغداد، نەیانتوانی زمانی کوردی بخەنە سەر پاسپۆرتی عیراقی، نەیانتوانی زمانی کوردی بخەنە سەر دیناری عیراقی، نەیانتوانی زمانی کوردی بخەنە سەر پولی دارایی و پۆستە و، نەیانتوانی یەک ژمارە "وەقائیعی عیراقی" بە زمانی کوردی دەر بکەن. نەیانتوانی بەشێ لەو مافانەی دەربارەی "یەکسانی زمانی عەرەبی و کوردی" لە مادەی ۹ ی "قاد" ا سەلمێنراوە جێبەجێ بکەن.

سێیەمین وەزارەت، کە لە ۲۸ ی ٤ ی ۲۰۰۵ دا دامەزراوە و تازە کەوتۆتە کار، جگە لە جێگری سەروەزیر ۹ وەزیری کوردی تێدایە چونکە وەزارەتەکە لە جاران فراوانتر بوە. وەزیرەکان دیسان پاڵێوراوی پارتی و یەکێتێن:

د ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

لە پارتی:

د رۆژ شاوەیس، جێگری سەرۆکی وەزیران

وشیار زێباری، وەزیری دەرەوە

نەسرین بەرواری، وەزیری کاری گشتی

ئیدریس هادی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

لە یەکێتی:

د بەرهەم سالح، وەزیری دارشتنی پلان

د لەتیف رەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو

باسیت محەمەد، وەزیری بازرگانی

نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگە

جوان فوئاد مەعسوم، وەزیری گەیاندن

ئەشێ لەم پرۆسە سیاسیەدا کە عیراقی پێدا تێپەڕی کورد چەند دەرسێکی لێ فێر بێ:

دەرسی یەکەم، دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ماوەی ٢ ساڵی رابوردودا ٣ جار وەزارەت و وەزیرەکان لە بەغداد گۆڕان. دەسەڵاتی سیاسی، بە هێمنی و ئاشتی، بێ ئەوەی پێکادانی چەکدار رو بدا و بێ ئەوەی شەڕی ناوخۆ بقەومێ، لە نێوان هێزی سیاسی جیاوازدا، دەستاودەستی کرد.

ئەشێ لە کوردستان شتی وەها رو بدا!

دەرسی دوەم، خۆدەربڕینی موعارەزەی سیاسی.

ئازادی دەربڕینی بیروڕای جیاواز و ناکۆک، لە ناو هۆڵی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقدا، لە ناو دەزگاجۆراوجۆرەکانی راگەیاندندا، بە بێنراو و بیستراو و خوێنراوەوە.

ڕەخنە لە سەرۆکی کۆمار، لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە وەزیرەکان، لە نوێنەرەکانی ناو پارلەمان...

ئازادی دەربڕینی ناڕەزایی لە سەر شارێ و لە ناو مەیدانە گشتییەکانی بەغداد و شارەکانی تردا.

هەمو ئەو جۆرە خۆدەربڕینانەی موعارەزەی سیاسی بێ ئەوەی بدرێنە بەر گوللە و بەر شاڵاوی سەرکوتکردن بکەون.

ئەشێ لە کوردستان شتی وەها رو بدا!

دەرسی سێیەم، لێپرسینەوە و ڕۆشنی لە کاروباری دارایی‌دا.

حکومەتەکەی د عەلاوی و وەزیرەکانی بەندوباوێکی زۆریان بە دواوەوە بو سەبارەت بە تەشەنە کردنی گەندەڵی دارایی و بەرێوەبەرایەتی. وەکو ئەوترا دائیرەکان و داوودەزگای وەزارەتەکانیان پڕ کرد بو لە خزم و دەسوپێوەند و ئەندامانی حیزبەکانی خۆیان و، گوێا بایی سەدان ملیۆن دۆلار گرێبەستیان ئیمزا کردوە لە گەڵ کۆمپانیای بێگانە و خۆماڵی و، بە سەدان ملیۆن دۆلاریان لە دارایی گشتی بە فیڕۆ داوە. ئەمە هەر قسە نەبو لە سەر زاری ئەم و ئەو، بەڵکو هەندێ لە بەڵگەکانی کەوت بوە دەس دەزگاکانی راگەیاندن. جگە لە ڕۆژنامەکانی عیراق، ڕۆژنامە بە ناوبانگەکانی دنیا لە سەریان ئەنوسین. لە بەر ئەوە دوای پێکهێنانی سێیەمین وەزارەت، سەرۆکی "دەستەی نیشتمانیی دەسپاکی گشتی" کە دەزگایەکی عیراقی سەربەخۆیە، سەفەری دەرەوەی عیراقی لە وەزیرەکانی وەزارەتەکەی د عەلاوی قەدەغە کردوە تا لێپرسینەوە لە دەفتەری دارایی‌یان تەواو ئەبێ. ئەم بڕیارەی "دەستەی دەسپاکی" لە بەغداد دەرچوە و جێبەجێ کراوە، ئەگەر بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕوانەتیش بێت، لە کوردستانی ١٤ ساڵی ڕابوردودا شتی وەها ڕوی نەداوە، وەکو لە داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌دا گەندەڵی نەبوبێ.

لێرەدا پرسیارەکەی سەرەوە دوبارە ئەبێتەوە:

بەغداد کەڵک لە "ئەزمونی کوردستان" وەرئەگرێ، یان کوردستان ئەبێ دەرس لە بەغداد فێر ببێ؟(تەواو)

١٥ ی ٥ ی ٢٠٠٥: یەکشەم

سلێمانی، کۆبونەوەی م س لە ماڵی ئەرسەلان بایز.

ئامادەکان: کۆسرەت ڕەسول، عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، جەلال جەوهەر، عوسمان حاجی مەحمود، عیماد ئەحمەد، محەمەد تۆفیق و بەندە.

نەهاتو: د کەمال فوئاد (چۆتە سەفەر)، مستەفا سەید قادر (چۆتە سەفەر)، عەبدنان موفتی (نیگەرانە ئامادە نابێ)

کۆبونەوەکە تەرخان کرا بۆ باسی ناکۆکی یەکێتی و پارتی:

تێگەیشتن و هەڵوێستی هەردو لا لەم مەسەلانەدا ناکۆکن:

ماوەی هەڵبژاردنی سەرۆک. دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم. جۆری هەڵبژاردن. جێگری سەرۆک.

پاش گفتوگۆیەکی دورودرێژ بڕیار درا:

یەکەم:

١. ڕێککەوتنی هەردولا کە لە ١ ی ١٢ ی ٢٠٠٤ کراوە تا هەڵبژاردنی داهاتو لە عیراق بەردەوام ئەبێ. ئیمە ئیلتیزام ئەکەین بە هەمو تەعەهوداتی خۆمان لەوانە سەرۆکی هەرێم و هەمو تەعەهودەکانی تر.

٢. پاش نوسینی دەستور و، پێش و کاتی هەڵبژاردنی گشتی جارێکی تر هەردولا دابنیشن، بۆ ڕێککەوتنێکی تازە، لە سەر جۆری بەشداری هەڵبژاردن و دابەشکردنی پۆستەکانی عیراق و کوردستان.

دوەم:

١. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە مەرجێ ٤ ساڵ ئەبێ بۆ پارتی (مەسعود بارزانی) ئەگەر سەرۆکی کۆماری عیراق یان سەرۆکی وەزیرانی عیراق بۆ یەکێتی (مامجەلال) ٤ ساڵ بێ.

ئەگەر لە بەغداد پایەی سیادی (سەرکۆمار و سەروەزیر) بە مام جەلال نەدرا، لە کوردستان هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم ئەکرێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. ئەگەر ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ٤ ساڵ بەردەوام بێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی پارلەمان بە تەناوب ئەبێ. ساڵێک ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئیمە ئەبێ و، ساڵێک بۆ پارتی تا هەر ٤ ساڵەکە تەواو ئەبێ.

سێیەم:

١. ئیمە سیستەمی پارلەمانیمان بە لاوە پەسندە،

٢. بە پێی ئەو شێوەیەی کە دەستووری عیراقی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری دیاری ئەکا،

٣. یان بخرێتە بەردەم پارلەمانی کوردستان بۆ دیاری کردنی.

٤. بۆ دەنگدان:

ا. ئەگەر لە پارلەمانداو بو بە دوسێیەکی دەنگی ئەندامانی پارلەمان بکرێ.

ب. ئەگەر لە ناو خەڵک دا هەڵبژاردن کرا پێویستە ٥٠+١ ی دەنگی دەنگدەران بهێنێ.

ج. ئەگەر (ب) نەبو لە دەوری دوەم دا هەڵبژاردن ئەکرێتەوە لە بەینی یەکەم و دوەم دا.

چوارەم:

١. ئەگەر ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ ماوەی گواستنەوە بێ تا هەڵبژاردنی داهاتو، ئەشێ جێگری نەبێ.

٢. ئەگەر بۆ ماوەی ٤ ساڵ بێ، ئەبێ جێگری هەبێ.

هەمو ئامادەبوانی کۆبونەوەکە کۆنوسەکەیان ئیمزا کرد.

وتارێکم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڵێ ململانێیە لە سەر دەسەڵات، بەڵام چ جۆرە دەسەڵاتێ؟

وەکو عەیبێکی گەورە بێ، هەندێ جار هەندێ کەس، بە تایبەتی لەوانەی، بێ باک و بێ پەروا، مل لە نوسینی وتار و کۆلکە وتار ئەنێن، حیزبەکانی کوردستان تاوانبار ئەکەن بە ململانێی دەسەڵات و، دابەشکردنی پۆست و پایە و وەزارەت و داوودەزگا گرنگەکان.

ئەم کارە ئەگەر جێگەی ناڕەزایی و سەرسوڕمانی کەسانێ بێ کە بە دریژایی تەمەنیان لە کوردستان دور نەکەوتونەتەوە و، ئاگایان لە تەجروبەی وڵاتانی دنیا نیە، هەر نەیسە، ئەشێ بە ئاسایی وەربگیرێ، بەڵام سەیر ئەوەیە هەندێ لەو خۆ بە ڕۆشنبیرزانانەی لە ئەوروپا خوێندویانە، یا ماونەتەوە، یا کەم و زۆر لە جۆری دابەشکردنی نەخشەی سیاسی حیزبەکانی ئەو وڵاتانە ئاگادارن، ئەوانیش بە ناڕەزاییەوە، بگرە هەندێ جار بە وشەی قێزەون و دزێو، هەوڵ ئەدەن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیروبۆچونەکانیان سەبارەت بە تاوانبارکردنی حیزبەکانی کوردستان و سەرکردەکانیان دەربڕن.
ڕەنگە ئەوانە چەند جۆرێ بن:
هەندێکیان، ئەوانەن بە گەورەیی لە کوردستانەوە ڕۆیشتون وەکو خۆیان ماونەتەوە، کەڵکیان لە سودە دارایی و مادیەکانی وڵاتانی ئەوروپی وەرگرتوە، بەڵام کەڵکیان لە تەجروبە سیاسیەکانیان وەرنەگرتوە لە سۆنگەی زۆر شتەوە، لە سەرو هەمویانەوە نەزانینی زمان، شتێکی ئەوتۆ فێر نەبون.
هەندێکیان، داخ لە دڵن. لە دڵی خۆیانداپێیان ناخۆشە بە کورد لە دایکیان بون. لە بەرامبەر ئەوروپیەکاندا هەست بە گرێی سایکۆلۆجی "خۆبەکەمزانین" ئەکەن. هەمو شتێکی کوردیان پێ خراپە و هەمو شت ڕەت ئەکەنەوە. ڕەتکردنەوەیان لێ بوە بە خو.
هەندێکیان، لایەندارن، خۆیان، خێزانەکەیان، بنەماڵەکەیان، یا تەنانەت عەشیرەتەکەیان پێشینەیەکی سیاسی یا پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی لە گەل یەکێ لە حیزبەکان هەبوە. ڕەنگە کوژراویشی هەبێ. ئەمانە زۆر جار بێلایەنی لە دەس ئەدەن بەو "هەواڵیە ئەدوێن، کە لەو ڕابوردوەوە دێ.
هەندێکی تریان، باس و بابەت، وتار و لێکۆڵینەوە و پێشنیاری باش و بە کەڵک ئەنوسن. هەندێ لەوانەی کە لە کوردستان لە ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسیەوە نزیکن کەڵک لە بیروبۆچونەکانیان وەرئەگرن.

*

حیزبی سیاسی بۆچی دائەمەزرێ و بەرنامە دائەنێ و هەڵمەتی پرۆپاگاندە ئەبا و خەڵک لە خۆی کۆ ئەکاتەوە؟ بۆ ئەوە نیە دەسەڵات بگرێتە دەس و بەرنامەکەی لە بواری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری... دا جێبەجێ بکا؟ لە کوردستانیش وایە، بەڵام بە شێوەی خۆی.
بەڵێ ئەمڕۆ لە کوردستاندا کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم هەیە. ئەمەش شێوەیەکی دەربڕینی ململانێی دەسەڵاتە لە کوردستاندا. تا ئەو کاتەی، ئەم ململانێیە، لە چوارچێوەی دیالۆگی سیاسی – قانونیدا ئەکرێ، کارێکی شارستانی و ئاسایییە نەک تاوان و بە فیڕۆدانی ڕەنجی تێکۆشەران و خوێنی شەهیدان.
هەرێمی کوردستانی عیراق، کە هەرێمێکی فیدرالییە، لە سنوری دەوڵەتی عیراق دایە، عیراق هێشتا دەستوری نیە، تازە خەریکی دانانی کۆمیتەی نوسینی دەستور و لێدوان و باس کردنین.
عیراقی نوێ بە پێی دەستورێکی نوێ، بنیات ئەنرێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەم عیراقەدا ئەشێ یەکێ لە دو سیستەمی سیاسی ببێ بە فەلسەفەی دارشتنی دەستوری داهاتوی عیراق، کە ئیستا و تا پاشەڕۆژێکی نادیار، لە کوردستان و لە عیراق کاری پێ ئەکرێ، ئەویش: سیستەمی سەرۆکایەتی و سیستەمی پارلەمانییە.

بەڵێ ململانێیە لە سەر دەسەلات، لە سەر ئەوەی کام لەم دو سیستەمە لە عیراقدا دەسەلات بگرێتە دەس و، کام لەم دو سیستەمە لە کوردستانیشدا بچەسپێ.

ئەمە هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نیە بەڕێزان مەسعود و مام جەلال یان یەکێتی و پارتی کامیان زۆرتر دەسەلاتیان هەبێ. ئەمە پێوەندی بە ئازادییەکانی ئیستای خەلک و وەچەکانی دوارۆژەوە هەیە، ئیستا چ جۆرە رژێمێکیان بۆ هەڵئەبژێرن.

ئەو رژێمەی ئیستا هەڵئەبژێردرێ و ئەسەپێنرێ، جگە لەوەی ئیستا حوکمی دانیشتوانی ئیستای کوردستان ئەکات، حوکمی وەچەکانی دوای ئیستا و نەوەکانی داهاتوش ئەکات.

جا پرسێکی ئاوەها گرنگ و چارەنوسساز:

ئەهێنێ ئیستی لە سەر بکرێ و لە سەری رابوەستن تا لە هەمو بارێکیەوە تاووتوێی ئەکرێ. لایەنە باش و خراپەکانی هەڵسەنگێنرێ، ئینجا بڕیاری لێ بدرێ؟

یان بۆ رازی کردنی فلانە کەس و بۆ رازی کردنی فلانە حیزب، بڵێن: "بیدە بەرێ با تێپەڕێ!"

لە کوردستان نە تەجروبەی سیستەمی سەرۆکایەتی و نە هی سیستەمی پارلەمانی نەبوە، بەڵام لە عیراق تەجروبەی سیستەمی سەرۆکایەتی هەبوە، کە سیستەمەکەی سەدام حسێن و حیزبی بەعس بو. لە چەند وڵاتێکی رۆژەڵاتی ناوەڕاستیشدا ئەم دو سیستەمە پێڕەوی ئەکرێ، بۆ نمونە:

میسر و ئێران سیستەمی سەرۆکایەتییان هەیە و،

ئیسرائیل و تورکیا سیستەمی پارلەمانییان هەیە.

لە سیستەمی پارلەمانیدا: پارلەمان سەرۆک هەڵئەبژێرێ، باوەڕ بە وەزارەت ئەبەخشێ و باوەڕی لێ ئەسێنێتەوە، وەزیرەکان ئەهێنێتە پای لێپرسینەوە. بودجەی سالانە تاووتوێ ئەکا و لە کۆیدا پێویستی کرد دەسکاری ئەکا. سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە دائەڕێژێ. قانون بۆ وڵات دائەنێ...

لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا: خەڵک سەرۆک هەڵئەبژێرن. سەرۆک، چونکە لە لایەن خەڵکەوە دەنگی دراوەتێ، خۆی لە پارلەمان بە بالاتر ئەبینێ. سەرۆک وەزیرەکانی هەڵئەبژێرێ و لە بەر دەم خۆیدا بەرپرسیار ئەبن. سەرۆک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سیاسەتی دەرەوە و ناوەوە دائەڕێژی و، خۆی جێبەجێی ئەکا. کاروباری کارگێڕی و بەڕێوەبەری لە بەر دەسەڵاتی خۆیدا ئەبن.
پارتی کە پێ دائەگرێ لە سەر سەپاندنی سیستەمی سەرۆکایەتی ئەزانێ چی ئەوێ. ئەیەوێ ئەو سیستەمەی چەندین ساڵە لە ناو حیزبەکەی خۆیدا زاڵە، ئەوەش بە سەر کۆمەڵی کوردستاندا بسەپێنێ. (تەواو)

۲۰ ی ۵ ی ۲۰۰۵: هەینی

قەڵاچوالان، کۆبونەوەی م س.
تاڵەبانی دوێنێ لە بەغداد بۆ بە لادا خستنی کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی گەڕاوەتەوە بۆ قەڵاچوالان.
ئامادە: کۆسرەت رەسول، عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، جەلال جەوهەر، عوسمان حاجی مەحمود، عیماد ئەحمەد، محەم تۆفیق، عەدنان موفتی، فوئاد مەعسوم، بەندە.
نەهاتو: کەمال فوئاد (چۆتە سەفەر)، مستەفا سەید قادر (چۆتە سەفەر)
کۆبونەوەکە تەرخان کرا بۆ باسی ۲ بابەت:

۱. هەلومەرجی عیراق
۲. هەلومەرجی کوردستان

هەر فریای باسی یەکەم کەوتن، باسی دوەم دواخرا بۆ رۆژی دادێ.

۲۱ ی ۵ ی ۲۰۰۵: شەمە

دوکان، کۆبونەوەی م س.

ئامادەکان: کۆسرەت رەسول، عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، جەلال جەوهەر، عوسمان حاجی مەحمود، عیماد ئەحمەد، محەمەد تۆفیق، عەدنان موفتی، فوئاد مەعسوم و بەندە.
نەهاتو: کەمال فوئاد (چۆتە سەفەر)، مستەفا سەید قادر (چۆتە سەفەر)
کۆبونەوەکە پێش تەواوکردنی بابەتەکانی دواخرا بۆ سەعات ۲۰ بۆ ئەوەی فریای بەشداری ناشتنی تەرمی مەحمودی مەلا عیزەت بکەوین، کۆبونەوەکە خرایە شەو چونکە د فوئاد بە بیانوی ئەوەی زەروریەیە لە بەغداد بێ ناتوانێ بۆ بەیانی بمێنێتەوە.
سەعات ۲۰ دەستی پێ کرد. بابەتەکان هەمان بابەتی کۆبونەوەی یەکەم بو.
گێڕانەوەی هەلومەرجی بەغداد و هەڵوێست لە حکومەت باس کرا.
بۆ نوسینی دەستور پێشنیارم کرد بە تەنیا بە جێی نەهێلین بۆ ئەوانەی بەغداد.
باری سەرنجی خۆم رون کردەوە بەوجۆرەی لە وتاری "پرسی دەستور: کورد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چۆن بەشداری نوسینی دەستور بێ؟" کە لە سایتەکەدا بڵاوم کرد بوەوە. پەسند کرا، بەڵام کێ جێبەجێی ئەکا؟

بابەتی دوەمی کۆبونەوەکە دەستی پێ کرد.

کۆسرەت وتی: ئێمە چەند کۆبونەوەمان کردوە و هەندێ شتمان ئامادە کردوە. کەوتە خوێندنەوەی بڕیارەکانی کۆبونەوەی ١٥ ی ٠٥ ی ٢٠٠٥ ی مالی ئەرسەلان بایز. پێشتریش کۆنوسی ئەو کۆبونەوەیە و بەراوردکاری هەر ٣ پرۆژەکەی قانونی سەرۆکایەتی درا بویە بیخوێنێتەوە.

تاڵەبانی جەوەکەی بە دڵ نەبو بە هەڕەشەی وازهێنان دەستی پێ کرد. گوێا ئیستیقالەی لە سەرۆکایەتی کۆمار نوسیوە و، نوسخەیەکی لە بەغداد لای حاچم حەسەنی و نوسخەیەکی لای کۆسرەت داناوە، ئەگەر لە گەڵ پارتی رێک نەکەوتین پێشکەشی ئەکا. وتی: "٦٥% ی ئیستیقالەکەم لە بەر ئێوەیە لە ٣٥% ی لە بەر پارتیەیە... کەستان وەکو من پارتی ناناسن و نازانن ئەم ماوەیە چەندە داخیان کردۆتە دڵمەوە بەڵام من لایەنگری سازشم و دژی شەڕم" چەند جارێ شەڕی بە سەید عومەر فرۆشت. کۆبونەوەکە گرژی تێ کەوت. راگیرا بۆ نان خواردن. وا بە باش زانرا دوا بڕیار بۆ رۆژی دوایی.

تاڵەبانی وتی: "من و د فوئاد بە نوسین رەئی خۆمان ئەنوسین، بە بێ من کۆبونەوە بکەن، چیتان بڕیاردا من جێبەجێی ئەکەم."

٢٢ ی ٥ ی ٢٠٠٥:

یەکشەم

دوکان، کۆبونەوەی م س.

ئامادەبوان: کۆسرەت رەسول، عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، جەلال جەوهەر، عوسمان حاجی مەحمود، عیماد ئەحمەد، محەمەد تۆفیق، عەدنان موفتی، بەندە.

تاڵەبانی هەمان پرۆژەی کە فەخری کەریم هێنا بوی "ملحق اتفاقیە ٠١ ی ١٢ ی ٢٠٠٤" بە کەمێ دەسکاری "ئینشائیەوە" بە ئیمزای خۆی و د فوئادەوە نارد بو.

ئەندامانی م س کەوتونەتە هەڵوێستێکی دژوارەوە. نازانن چۆن هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی خۆیان و رەزامەندی تاڵەبانی و بەرژەوەندی یەکێتیدا رابگرن. ئەگەرچی هەندێکیان، لە نەبونی تاڵەبانی دا ئازایانە داکۆکی لە بۆچونەکانی خۆیان ئەکەن بەڵام لە بەردەم تاڵەبانی دا جۆرێکی تر قسە ئەکەن و رەئی ئەدەن. من نەمویست سەرپەرشتی کۆبونەوەکە بکەم بە کۆسرەت مان سپارد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆسرەت هەوڵی دا بڕیارەکانی کۆبونەوەی ١٥ ی ٠٥ ی ٢٠٠٥ بکا بە بەرنامەی گفتوگۆ، بەڵام ئەرسەلان و عەدنان و مەلا بەختیار، هەوڵیان دا "ملحق" هکە بکەن بە بابەتی لێدوان و کردیان.

تا ماوەیەکی زۆر من هیچ قسەیەکم نەکرد کۆبونەوەکە ٣ سەعاتی خایاند. لە کۆتاییەکەدا چەند قسەیەکم کرد بۆ ورد کردنەوەی هەندێ لە بەندەکانی. پێم وتن: "من باوەڕم بەم ڕێککەوتنە نیە و ئەوەی پێشوشم نەدیوە لە بەر ئەوە لەمەش دا من بەشداری ناکەم بەڵام دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ نامەوێ لە گەل مام جەلال تێک بچم."

ئینجا هەمو چون بۆ مالی تاڵەبانی بۆ کۆبونەوە. دەسکاریەکانی قبوڵ بو. بە تەمایە بە فەخریدا بینێرێتەوە بۆ مەسعود.

٢٤ ی ٥ ی ٢٠٠٥: سێشەم

سلێمانی، کۆبونەوەی م س.

بە قسەی کۆسرەت، بە پێی تەلەفۆنێ کە عەدنان موفتی لە هەولێرەوە بۆی کردوە، پارتی پێشنیارەکانی یەکێتیی رەت کردۆتەوە. فەخری کەریم بڕیاری داوە بگەڕێتەوە بەغداد واز لە ناوبژی بهێنێ. بە چاکمان زانی کۆسرەت، محەمەد تۆفیق، عومەر فەتاح، سەردانی تاڵەبانی بکەن لە دوکان.

٢٦ ی ٥ ی ٢٠٠٥: پێنجشەم

مەسعود بارزانی نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی نوسیوە. ئازاد بەرواری و مەحمود محەمەد، بۆیان هێناوە بۆ دوکان. مام جەلال نامەکەی بۆ لێدوان بۆ ئێمە نارد بو. سەعات ١٨ لە بارەگای م س لە سلێمانی کۆبونەوە بۆ باس کردنی. بە نوسین وەڵامەکەمان بۆ ناردەوە.

دەقی نامەکەی مەسعود بارزانی بۆ تاڵەبانی:

برای بەڕێز جەنابی مام جەلال پێشکەشە

سڵاوێکی گەرم

بە هیوای خۆشیتانم و ئومێدەوارم تەندروستیتان باشبێت. زۆر سوپاس بۆ نامەکەتان و چاوم بە کاک فخری کەوت، و منیش هاوبیرم لەگەڵ جەنابت کە یەکێتی هەڵوێست و ڕیزی کوردایەتی بەگشتی و هی پارتی و یەکێتی بە تایبەتی زۆر پێویستە لەم قۆناغە ناسک و گرنگەدا.

و هەر لە ڕوانگەی هەست کردن بە مسۆولیەتی مێژوویی دەمەوێ بیرو بۆچونەکانی خۆم برایانە بە ڕاشکاوی بۆ جەنابتان بنوسم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمە چوار مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەواوبووە و تائێستا پەرلەمان دانەنیشتووە، کە بەداخەوە رەنگدانەوەیەکی جوانی نەبووە، و نیگەرانیەکی زۆریش دروست کردووە، و پرسیارێکی زۆر هەیە هەم لە خەڵکی کوردستان و هەم لە دۆستەکانمان بۆ تا ئێستا پەرلەمان کۆ نەبۆتەوە.

پێم وایە رێکەوتنی نێوان هەردووکمان لە ٢٠٠٤/١٢/١ هەنگاوێکی مسۆگەر بو و لەخزمەتی دۆزی گەلەکەماندا بوو، و هەر ئەوە بو کە سەرکەوتنی گەورەمان بەدەست هێنا چ لەپەرلەمانی فیدراڵیدا چ لە پەرلەمانی کوردستاندا. و سەنگی کورد بەدەرکەوت.

پێویست ناکات بچمەوە ناو تفاصیلی رێکەوتنی ٢٠٠٤/١٢/١ بەڵام بەش بە حاڵی خۆم، دەمویست جەوێکی تازە دروست ببێ لەکوردستان، و برینەکانی شەڕی خۆکوژی ساڕێژ بکرێن، و بڕوایەکی بەهێز دروست ببێت لەنێوان هەردوولادا.

و هەر بەو مەبەستە داکۆکیمان کرد کە دەبێ جەنابتان ئەو پۆستە سیادیەی بەر کورد دەکەوێت لە بغدا وەری بگرن، ئەمما بەداخەوە تصورم نەدەکرد لەسەر سەرۆکی هەرێم برادەرانی یەکێتی ئەم هەمو هێتان و بردنە بکەن، کە بەڕاستی تامی تێدا نەماوە.

ئەمە مەسەلەیەکی شخصی نیە، بەڵکو دەرفەتە بۆ ئێمەی کورد مۆسسات دروست بکەین و خۆمان لە حزبایەتی تەسک ڕزگار بکەین. جەنابیشت دەزانی من داوای هیچ پۆستێکم نەکردووە و مەرجیشم بۆ قبوڵ کردنی سەرۆکی هەرێم ئەوە بووە کە ئەگەر خزمەتی یەکێتی هەڵوێست و ڕیزی پارتی و یەکێتی نیشتمانی و کوردایەتی بەگشتی بکات بەشکەم قبوڵی بکەم ئەگەر نە نامەوێت. و دوایی ئەوەی کە زۆر اصرار کرا و هەندێک لە برادەرانی هەردوولامان ئەهاتن و اصراریان کرد و وایان پشاندا کە دروست مەبەست خزمەتی ئەو مەرجەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردووە و لەهەموو لایەک زەمینە لەبارە. دوای ئەم هەمو تأکیداتە من نیمچە موافقەتم پیشاندا.

دوای ئەوەی هەردوو م.س دانیشتن بۆ هەنگاوی عەمەلی برایانی ی ن ک هەندێک بابەتی زۆر سەیریان هێنایە پێش کە هەموی کۆسپی سەیر بون. ولەوە سەیرتر قسەی وا دەکرا ئەگەر سەرۆکی هەرێم پارتی بێت و سەرۆکی وەزیرانیش هەر پارتی بێت ئەی یەکێتی چی بە سەر دێت.

برای بەڕێز:

بەڕاستی لە جەنابت ناشارمەوە من بەو تصوراتەی برایانی یەکێتی زۆر نارەحەت و نائومێد بووم. دروست من دەمویست لەو گرێیانە دەربباز ببین ، بەڵام دیارە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێشتا هەندێک ماون هەر لەناو ئەو گرێیانەدا دەژین، و هێشتا نیەتەکان پاک نەبونەتەوە، و دیارە هێشتا هەلومەرج لەبار نیە و بۆ ئەوەی کەس مەسەلەی سەرۆکی هەرێم نەکاتە بەهانە و کۆسپێکی وا بخاتە سەر رێگا کە زیان لە دوزی گەلەکەمان بدات، من برایانە بەجەنابت ڕادەگەیەنم من ئەصلا حەزم نەکردووە ببمە نە سەرۆک کۆمار لە بغدا نە سەرۆکی هەرێم، و من ئامادە نیم سەرۆکایەتی هەرێم قبوڵ بکەم لە ئەنجامی صەفقەیەک لە نێوان پارتی و یەکێتی. من وامزانی تفاهم کراوە و دوایی ئەم هێنان و بردنە چ تامی تێدا نەماوە، و بامەسەلەی سەرۆکی هەرێم دوابخرێت و نەبێتە کۆسپ. و ئەگەر بەهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ باشە ئەگەر بە صفقە بۆ پێویست ناکات. با هەمو گەلی کوردستان ڕەئی خۆی بدات نەک تەنها دوو حزب.

و بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە لە دەست کورد نەچێت و هێشتا زۆر بابەتی سەرەکی ماون وەک (دستوری دائم، فیدرالی، کەرکوک، خانەقین و مندلی، مخمور و شێخان، شنگار و زمار) یەکلا نەکراونەتەوە، و ناشکرێن ئەگەر تەبا و برا نەبین. و هیمەتێکی بێ وێنەی دەوێت، و ئەگەر یەکڕیزی خۆمان نەپارێزین نە ئەو بابەتانە جێبەجێ دەبن نە دەستکەوتی ئێستاشمان دەمێنن. بۆیە من داوا لە جەنابیشت دەکەم پشتگیری پێشنیاری من بکەی:

١. با پەرلەمان کۆ ببنەوە. سەرۆکێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

٢. مەسەلەی سەرۆکی هەرێم تأجیل بکرێت.

٣. هەوڵی جدی بدرێت هەردوو ئیدارە یەکبگرن و حکومەتەکی موحد بۆ هەرێم دابمەزرێت.

٤. ئەگەر زەمینە جارێ لەبار نەبێت بۆ یەکگرتنی هەردوو ئیدارە با تنسیقێکی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت.

٥. لە بغدا یەک هەڵوێستمان هەبێت و وەک یەک تیم ئیش بکەن و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نەدرێت کەس یاری بەو هەڵوێستە بکات. و هەمان هاوکاری و تنسیق لە کوردستان بەهێزترێش بێت.

٦. بە هەردووکمان هەوڵی زیاتر بدەین ئەو گرێ نەفسیانەی لای هەندێک کەس هەن نەهێڵین، و جەوێکی پڕ لە برایەتی و خۆشەویستی دروست بکەین لەناو قیادە و قواعدی پارتی و یەکێتی. چونکە بەداخەوە دیارە هێشتا ئەو جەوە دروست نەبووە. و تا ئەو جەوە دروست نەبێت فایدەی نیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوا کاک فخری دەگەڕێتەوە بۆ لاتان و هەڤاڵان ئازاد بەرواری و محمود ئەندامانی م.س دێنە خزمەتتان و ئەم نامەیە دێنن. بۆ ئەوەی ئەگەر چ خاڵ پێویستی بە ڕونکردنەوەی زیاتر هەبێت عەرزتان بکەن.
لەکۆتاییدا جارێکی تریش داکۆکی دەکەمە سەر برایەتی و هاوکاری نێوانمان و نابێ ڕێگە بە هیچ کەسێک بدەین وەزعەکەمان لێ تێک بدات. و ئومێدەوارم بەهەردووکمان سەرکەوین لە دروست کردنی جەوی برایەتی و بڕوا لەنێوان پارتی و یەکێتیدا.
ئیتر خۆشیتان ئاواتمانە
لەگەڵ ڕێزماندا
٢٠٠٥/٥/٢٥ براتان مسعود بارزانی

٢٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥:
تاڵەبانی وەلامەکەی ئێمەی بە دڵ نەبوە. بە تەنیا و تەنیا بە حیمایەی ٢ سەیارە چۆتە سەلاحەدین بۆ بینینی مەسعود بارزانی. بە دو قۆڵی دانیشتون. پێ ئەچێ مەرجەکانی بارزانی هەمو قبوڵ کرد بێ.
دواتر د مەحمود عوسمان، کە بارزانی دیوە و لە زمانی ئەوەوە، بۆی گێڕامەوە، تاڵەبانی بە تەنیا لە گەڵ بارزانی دانیشتوە پێی وتوە: "من غەلەتی ١٩٦٤ دوبارە ناکەمەوە. ئەگەر تۆ سەرۆکایەتی هەرێم نەکەی منیش سەرۆکایەتی عیراق ناکەم. ئیستیقالەم نوسیوە پێشکەشیان ئەکەم و لێرە خانویەکم بدەرێ لای تۆ دائەنیشم..."
بارزانی بە د مەحمودی وتوە: "هەمو ڕێگاکانی لێ بەستمەوە ناچار وتم ئەبێ پرسی م س بکەم و سبەی جوابت لێ ئەگێڕمەوە."
٢٩ ی ٥ ی ٢٠٠٥:
قەلاچوالان، نیوەڕۆ فازیل میرانی، ئازاد بەرواری، مەحمود محەمەد، عیزەدین بەرواری، سەردانی مام جەلالیان کردوە. "ملحق" ی ڕێککەوتنەکە و پرۆژەی قانونی سەرۆکی هەرێمیان بۆ هێناوە.
کۆبونەوەی م س یەکێتی.
تاڵەبانی، کۆسرەت ڕەسول، عومەر فەتاح، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، عیماد ئەحمەد، محەمەد تۆفیق، عوسمان حاجی مەحمود، مستەفا سەید قادر، جەلال جەوهەر، مەلا بەختیار، سەید عومەر و بەندە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تاڵەبانی سەردانەکەی خۆی بۆ لای بارزانی گیرایەوە. پرۆژەکانی ملحق و قانون دابەش کرا. باسی هەندێ لە بەندەکانی ملحق کرا بەڵام نەیهێشت باسی پرۆژەی قانونەکە بکرێ گوایا لێژنەی قانونی باسی ئەکا.

ئیمە داوامان کردبو ئەگەر بارزانی بۆ ٤ ساڵ ببێتە سەرۆکی هەرێم، جێگری هەبێ و، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بدرێ بە یەکێتی. بارزانی وتویەتی ئەوە کێشە ئەخاتە ناو خیزانەکەمانەوە من ئامادە نیم لە سەر لاشەی نێچیروان ببمە سەرۆکی هەرێم.

ئەوانەی پارتی داوایان کرد بو تاڵەبانی سەلماندویەتی:

نێچیروان بارزانی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دا بمێنێتەوە.

مەسعود بارزانی ئەبێتە سەرۆکی هەرێم:

١. سەرۆکایەتی بۆ ماوەی ٤ ساڵ ئەبێ نەک بۆ ماوەی گواستنەوە.

٢. سەرۆک ئەمجارە لە پارلەمان دا و جاری داهاتو راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵئەبژێردرێ، واتە قبوڵ کردنی سیستەمی سەرۆکایەتی.

٣. سەرۆکایەتی بە زۆرینەی دەنگ ئەبرێتەوە نەک بە زۆرایەتی دوسێیەک.

٤. سەرۆکی بالای دەستەی کارگێڕی ئەبێ.

٥. فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێم ئەبێ.

٦. هاوئاهەنگکاری نێوان هەرێم و ناوەند ئەبێ.

٧. لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان نوێنەرایەتی هەرێم ئەکا و بە ناوی ئەوانەوە ئەدوێ.

٨. جێگری نابێ.

تاڵەبانی ویستی مەسەلەکە بە بێ گفتوگۆ تێ بپەڕێنێ بە زویی کۆتایی بە کۆبونەوەکە هێنا.

بارزانی ئامادە نەبو لە سەر لاشەی برازاکەی ببێتە سەرۆک و دەستی لە بچوکترین داخوازی حیزبەکەی هەڵنەگرت کەچی تاڵەبانی لە سەر لاشەی هاوڕێکانی و حیزبەکەی قبوڵی کرد ببێتە سەرۆک.

لێژنەیەک پێک هێنرا لە: کۆسرەت رەسول، عومەر فەتاح، عەدنان موفتی، تا لەگەڵ نوێنەرانی پارتی دابنیشن بۆ یەکخستنەوەی حکومەت.

٤ ی ٦ ی ٢٠٠٥: شەمە

هەولیر، خولی دوەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کرایەوە. د رۆژ شاوەیس کردیەوە چونکە د کەمال فوئاد وەکو زۆر جار لە سەفەر بو. شێخ بابە تایەری حەفید لە بەر ئەوەی لە هەمویان بە تەمەنتر بو کرایە سەرۆکی یەکەمین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆبونەوەی ئەنجومەن و، ئەویش ئەندامەکانی یەک بە یەک بانگ کرد بۆ سوێند خواردن.
پاشان عەدنان موفتی (یەکێتی)، کەمال کەرکوکی (پارتی) و فرسەت ئەحمەد (پارتی) بون بە دەستەی سەرۆکایەتی.
تاڵەبانی و، حاچم حەسەنی – سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق و، نوێنەری ئەمەریکا و، نوێنەری ئێران و دواتر مەسعود بارزانی قسەیان کرد.
١٢ ی ٦ ی ٢٠٠٥: یەکشەم
هەولێر، ئەمرۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆ ئەبێتەوە بۆ ئەوەی مەسعود بارزانی سوێندی سەرۆکایەتی لە بەردەمدا بخوا. من نەچوم بۆ بەشداری مەراسیمەکە.

هەندێ لە ئەندامانی م س لە ماوەی رابوردودا چاپلوسیان بۆ تاڵەبانی ئەکرد و، بۆ ئەوەی لە دابەشکردنەوەی پلە و پایەکانی قۆناغی تازەی داوودەزگاکانی عیراق و کوردستان دا جێگەکیان بەر بکەوێ بیانویان دائەتاشی بۆ ئەوەی هەرچی زوتر قانونی سەرۆکایەتی هەرێم، بەو جۆرەی سەرکردایەتی پارتی داوایان کرد بو، پەسند بکرێ و، خۆیشیان ئەیان زانی داکۆکی لە بابەتێکی نارەوا ئەکەن بە قازانجی یەکێتی نیە. سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان، هەندێ جار، مەراییان بۆ مەسعود و نێچیروان ئەکرد.
ئەمانە هەر یەکەیان مەبەستێکی تایبەتی خۆیان هەیە:
کۆسرەت رەسول، ئەیەوێ ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکگرتوی هەرێم یان ببێتە جێگری سەرۆک.
د بەرهەم سالح، ئەیەوێ ببێتە وەزیری دەرەوەی عیراق یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق.
د فوئاد مەعسوم، ئەیەوێ ببێتەوە بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و کچەکەی ببێتەوە بە وەزیر.
عەدنان موفتی، ئەیەوێ ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.
عیماد ئەحمەد، ئەیەوێ ببێتە وەزیر لە حکومەتی یەکگرتودا.
ئەرسەلان بایز و مەلا بەختیار، ئەیانەوێ تاڵەبانی لێیان رازی بێ و، لە شوێنەکانی خۆیان دا بمێننەوە. بە "ئاگاییەوە" بونەتە پارێزەری "دەعوایەکی ناحەق".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۱۵ ی ٦ ی ۲۰۰۵:

وتارێکم نوسی ئەمڕۆ لە سایتی "ریفۆرم" دا بڵاوم کردەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

تەنگوچەڵەمەی سەرۆکایەتی هەرێم کۆتایی هات بەڵام...

ڕۆژی ۱۹ ی ٥ ی ۱۹۹۲ خەڵکی کوردستان بەشداریەکی فراوانیان لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دا کرد. ئەم خولە، لە بەر ناڕەزایی هەندێ لایەن و لەکەدار کردنی بە تەزویر، بە تایبەتی لە لایەن پارتیەوە، شەوی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی، بۆ بە لاداخسنی کێشەکان "سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی" بە ئامادە بونی هەمو لایەنەکانی بەشداری هەڵبژاردنەکە، بڕیاری دا ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ٦ مانگ کاری پێ بکرێ، بەڵام دوای ٦ مانگ هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی و بۆ رابەری بزوتنەوەی کورد دوبارە بکرێتەوە.

شەش مانگ تێپەری، بێ ئەوەی هیچ لایەک باس لە هەڵبژاردنەوەی نوێ بکاتەوە. بەڵکو مەسەلەکە بە تەواوی چوە خانەی فەرامۆشیەوە. شەڕی ناوخۆی بە سەردا هات. کوردستان دو بەش و حکومەتی هەرێمی کوردستان دو لەت بو. ئەگەرچی شەڕ ڕاگیرا و ئەنجومەنی نیشتمانی سەرلەنوێ بە یەکگرتویی کۆبوەوە، بەڵام نە کوردستان یەک خرایەوە و نە حکومەتی هەرێم. هەڵبژاردنەوە تەنیا وەکو کەرەستەیەکی پڕۆپاگاندە باس ئەکرا تا سەدام ڕوخا و هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هاتنە ناو عیراقەوە.

هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دا بو بە خواستێکی جەماوەری. دەسەڵاتی ئەمەریکی و، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاریان لێ دا. کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژادرنەکانی عیراق، کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دانرا بو، ڕۆژی ۳۰ ی ۱ ی ۲۰۰٥ دانا بە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی عیراق: هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق، ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

سەرکردایەتی کورد کە ۱۲ سال بو ئامادەیی نەکرد بو بۆ هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەیتوانی بایکۆتی هەڵبژاردن بکا، بەڵام نەیئەتوانی چیتر دوای بخات.

«»

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رۆژی ٣٠ ی ١ ی ٢٠٠٥ هەڵبژاردن لە کوردستان دا، وەکو زۆر شوێنی تری عیراق، بە گەرمی ئەنجام درا. خەڵکی کوردستان بەشدار بون لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان دا بۆ هەر ٣ دەزگا، لەوانە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.
خەڵکی کوردستان بە هیوا بون زۆر زو ئەنجومەن کۆ ببێتەوە. بە هیوا بون پێش کۆبونەوەی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆ ببێتەوە. بەڵام هیواکەیان نەهاتە دی. کۆمەڵەی عیراق کۆبوەوە و، کەوتە سەر ڕێی کاری ئاسایی خۆی، هێشتا کوردستان چاوەڕوان بو.
سەرکردایەتی هەردو حیزب بڕیاریان دا رۆژی ٢٤ ی ٤ ی ٢٠٠٥ لە ساڵیادی بۆردومانی قەڵادزەدا یەکەم دانیشتنی دەس پێ بکا. کۆبونەوەکە دوا خرا.
جارێکی تر بڕیاریان دا رۆژی ٣٠ ی ٤ ی ٢٠٠٥ کۆبونەوەکانی دەس پێ بکا، ئەویش دوا خرا بۆ کاتێکی دیاری نەکراو.

رۆژی ٤ ی ٦ ی ٢٠٠٥ دوەمین خولی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پاش ڕابوردنی ٤ مانگ لە تەمەنی دەستی کرد بە یەکەمین کۆبونەوەی.
رۆژی ٨ ی ٦ ی ٢٠٠٥ قانونی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عیراقی پەسەند کرد.
رۆژی ١٢ ی ٦ ی ٢٠٠٥ بەڕێز مەسعود بارزانی هەڵبژارد بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق.
رۆژی ١٤ ی ٦ ی ٢٠٠٥ بەڕێز مەسعود بارزانی لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، کۆمەڵێ میوانی کورد و عیراقی و بێگانەدا، سوێندی یاسایی خوارد.
هەڵبژاردنی بەڕێز بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سوێند خواردنی یاسایی لە بەردەم ئەنجومەن دا، گۆڕانێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان دا، گۆڕانە بەرەو بە دامەزراو کردنی داوودەزگاکانی حوکمڕانی لە کوردستان دا، بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی داوودەزگا.

*

ئەو چەند مانگەی ئەنجومەنی نیشتمانی کۆنەبوەو و، پرۆسەی سیاسی لە کوردستان دا کۆسپی تێ کەوت بو، کێشەی سەرەکی نێوان یەکێتی و پارتی لە سەر ئەوە نەبو کێ سەرۆکی هەرێم بێ، بەڵکو لە سەر ناوەرۆکی "قانونی سەرۆکی هەرێم" بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارتی پێی دائەگرت کە هەتا هەردو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە سەر قانونەکە رێک نەکەون، ئەوا:
کۆبونەوەی ئەنجومەنیی نیشتمانیی کوردستان ناکرێ،
ئاماده نین باسی یەکخستنەوەی ئیدارەکان بکەن،
گیروگرفتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە هەڵواسراوی ئەمێنێتەوە...
پارتی پرۆژەیەکی بۆ قانونی سەرۆکایەتی هەرێم ئامادە کرد بو، ئەیویست بە بێ دەسکاری و لێدوان، بە سەر یەکێتیدا بسەپێنێ و، یەکێتی بەرامبەر ئەنجامدانی کۆبونەوەی پارلەمان و یەکخستنەوەی ئیدارە قبوڵی بکا. یەکێتی هەندێ لە مادەکانی تەعدیل کرد. تەعدیلەکان پێوەندییەکیان بە هیچ کەس و کەسایەتییەک و بە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی حیزبییەوە نەبو، پێوەندییان بە سەرەتاکانی بیری دێمۆکراسی و جۆری تێگەیشتنەوە هەبو لە ژیانی دیمۆکراتی.
پارتی زۆری تەعدیلەکانی قبوڵ نەکرد، بە تایبەتی بنەڕەتییەکانی، ئەیویست وەکو هەبو قبوڵ بکرێ.
پارتی بۆ ئەوەی مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ:
لە لایەکەوە پێی داگرت لە سەر خواستەکانی خۆی و، کۆبونەوە هاوبەشەکانی یەکێتی و پارتی راگرت و، بە ئاشکرا لە راگەیاندنی رۆژنامەوانی دا درکاندیان کە ئیتر لە گەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆ نابنەوە. ئەبێ بەرێز تالەبانی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە رێککەوتنی ١ ی ١٢ ی ٢٠٠٤ دا بچنەوە.
لە لایەکی ترەوە کەوتە هەڕەشەی بە کارهێنانی هەمو "کارتەکان". هەڕەشەیەک کە بۆنی خوێنی لێ ئەهات. دزەیان بە هەندێ هەوال کرد بۆ سایتی عەرەبی "ایلاف" گوایا ناکۆکییەکان ئەگوێزنەوە بۆ بەغداد.
یەکێتی هەوڵی دا گفتوگۆکان راستەوخۆ لە نێوان نوێنەرانی هەردولادا، بێ دەستێوەردانی ناوبژیوان و لایەنی سێیەم، نەپچڕێ و بەردەوام بێ تا ئەگەن بە ئەنجام. سەرەتا پارتی ئەمەی پەسەند کرد.
رۆژی ٧ ی ٥ ی ٢٠٠٥ بۆ درێژە پێ دانی گفتوگۆی راستەوخۆ و روبەڕو بەرێزان کۆسرەت رەسول و ئەرسەلان بایز چون بۆ سەلاحەدین بۆ بینینی بەرێزان فازیل میرانی و نێچیروان بارزانی. گەیشتنە جۆرێ لە پێکهاتن. بەڵام بۆ رۆژی دوایی پارتی لێی پەشیمان بوەوە کاری پێ نەکرد.
بەرێزان د مەحمود عوسمان و فەخری کەریم کەوتنە ناوبژی و هاتوچۆ و پرۆژەیەکیان ئامادە کرد بو کە ببێتە "ملحق" ی رێککەوتنی ١ ی ١٢ ی ٢٠٠٤. ئەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پرۆژەیە چەند جارێ تاووتوێ کرا. لە سەر هەندێکی کۆک و لە سەر هەندێکی ناکۆک بون.

پارتی گفتوگۆکانی یەکێتی - پارتی، تەنانەت تەقەلای ناوبژیوانەکانیشی، راگرت تا گەڕانەوەی سەرۆک تاڵەبانی، وەکو لە دەزگاکانی راگەیاندن دا بڵاویان کردەوە.

سەرانی پارتی هیوایان بەو بو "تەنازول" یان بۆ بکات و داواکانیان بسەلمێنێ.

رۆژی ١٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥ سەرۆک تاڵەبانی لە بەغدادەوە گەڕایەوە قەڵاچوالان.

گفتوگۆی ناوخۆی یەکێتی و، ئاڵوگۆڕی بیروڕا، لە رێگەی لایەنی سێیەمەوە، لە نێوان یەکێتی و پارتی، یان وردتر لە نێوان بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی دا، دەستی پێ کرد.

رۆژی ٢٤ ی ٥ ی ٢٠٠٥ تاڵەبانی نامەیەکی تایبەتی بۆ بارزانی نوسی بەڕێز فەخری کەریم بۆی برد.

رۆژی ٢٥ ی ٥ ی ٢٠٠٥ بارزانی وەڵامی نامەکەی تاڵەبانی بە فەخری کەریم دا ناردەوە. بەڕێزان ئازاد بەرواری، مەحمود محەمەدی لە گەڵ نارد بون.

رۆژی ٢٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥ تاڵەبانی بۆ سەردانی بارزانی بە تەنیا، بێ ئەوەی هیچ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە گەڵ خۆی ببا، چو بۆ سەلاحەدین. بۆ ئەوەی کۆتایی بە تەنگوچەڵەمەکە بهێنێ و، دەرگای پرۆسەی سیاسی لە کوردستان دا بکاتەوە، داوا بنەڕەتییەکانی پارتی، کە لە "قانونی سەرۆکی هەرێم" دا نوسرا بون، سەلماند:

١. سەرۆک، نەک تا تەواوبونی ماوەی گواستنەوە لە ١٥ ی ١٢ ی ٢٠٠٥ دا بەڵکو بۆ ماوەی ٤ ساڵ سەرۆکایەتی ئەکا.

٢. سەرۆک، ئەمجارەیان لە ئەنجومەنی نیشتمانی دا هەڵئەبژێردرێ، بەڵام جاری دوەم و سێیەم راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵئەبژێردرێ. واتە لە کوردستان دا سیستەمی سەرۆکایەتی دائەمەزرێ.

٣. سەرۆک، خولی یەکەم لە ئەنجومەن دا بە زۆرینە و خولەکانی داهاتو لە ناو خەڵک دا بە زۆرینە هەڵئەبژێردرێ. واتە هیچ مەرجێک بۆ رێژەی دەنگدان وەکو "لە نیوە زیاتر" یان "دوسێیەکی دەنگەکان" پێڕەوی ناکرێ.

٤. سەرۆک، جگە لە خولی یەکەم، کە ئەم چەند مانگە و ٤ ساڵی دوای هەڵبژاردنی گشتی ئەبێ، دو جاری تر قابیلی تازە کردنەوەیە، واتە ئەشێ بە گشتی ١٢ ساڵ و چەند مانگێ سەرۆک بێ. (ئەنجومەنی نیشتمانی تەعدیلی ئەم مادەیەی کردوە و ماوەی سەرۆکایەتی یەک جار تازە ئەکرێتەوە)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥. سەرۆک، جێگری نابێ. ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت لە کار دور کەوتەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە کارەکانیدا ڕائەگات و، ئەگەر بە یەکجاری، لە بەر هەر هۆیەک بێ، لە کاردا نەما سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی جێگەی ئەگرێتەوە بەو مەرجەی لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ بکرێتەوە.
٦. سەرۆک، سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان ئەبێ، وتەبێژ و، نوێنەریان ئەبێ لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و، هاوئەهانگیکاری نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی ئەبێ... جگە لە دەسەڵاتەکانی تری کە لە قانونەکەدا نوسراون.

*

لە ماوەی تەنگوچەڵەمەی سەرۆکایەتی دا، ڕەفتاری پارتی لە گەڵ یەکێتی وەکو ڕەفتاری "براوە" بوە لە گەڵ "دۆڕاو". لە کاتێک دا هەر کەس بگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەو دەنگانەی دراوە بە ئەنجومەنی پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، سەرەڕای هەمو ئەو کارە ناقانونیانەی لە هەندێ شوێن بە ئاشکرا کرابون، ئەزانێ دەنگەکانی یەکێتی زۆرتر بون لە هی پارتی.
لە بەر ئەوە ئەگەر هەر باسی ئەوە بکرێ، لەم پرۆسەیەدا لە پێناوی بەرژەوەندە باڵاکانی کوردا، کام حیزب قوربانی داوە و، کام حیزب دەسی لە دەسکەوتی حیزبیی هەڵگرتوە و، کام حیزب دەسکەوتی حیزبیی بە دەس هێناوە، بە وەرگرتن و وەرنەگرتنی پلە و پایە بەرزە ڕەسمییەکانی کوردستان دا دەرئەکەوێ.
ئەو شێوە ڕەفتارەی پارتی لە گفتوگۆکانی دا لە گەڵ یەکێتی بە کاری هێنا، بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆی و داڕشتنی ڕێککەوتنێکی لاسەنگ، بە عەرەبی پێی ئەڵێن "ئیبتیزازی سیاسی". بە کوردی هێشتا ناوی نیە.
تەنگوچەڵەمەی سەرۆکایەتی هەرێم کۆتایی هات، بەڵام "چاوەڕوانییەکانی خەڵک" و "نیگەرانییەکانی خەڵک" لە دامەزراوەکانی هەرێم لە جاران زۆرتر بون... (تەواو)

***

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاشکۆ (١):

یادداشتی هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

گەورەی بەڕێز! مام جەلال،

سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پاش سڵاو و ڕێز

ماوەیەکی زۆرە ئەمانەوێ هەندێ مەسەلە کە پێوەندی بە چارەنوسی کورد و یەکێتییەوە هەیە باس بکەین، بەڵام بەراستی جەوی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی کە بەڕێز سکرتێری گشتی جۆرێ لە 'ئیرهابی فیکری' بە سەردا سەپاندوە بە هیچ جۆرێ بە کەڵکی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە نایەت، چونکە کۆتاییەکەی بە شەڕ و تێکچون و دەنگەدەنگ تەواو ئەبێ. بۆیە بە چاکمان زانی بیروبۆچونەکانی خۆمان بە نوسین بخەینە بەرچاوتان.

یەکێتی، ئەو ڕێکخراوەی کە زۆری ئێمە ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە دامەزراندن و بەهێزکردن و ڕێکخستنیدا بە سەر برد، ئیستا بۆتە دەسکەلایەکی بێ گیان بە دەس سکرتێری گشتییەوە بە ئارەزوی خۆی هەڵی ئەسوڕێنێ، بێ ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕەکەی و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی هیچ دەورێکیان هەبێ لە دارشتنی بڕیارە سیاسی، ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەییەکانیدا.

١. سکرتێری گشتی، بە تەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دارایی یەکێتییە. جگە لە خۆی هیچ ئەندامێکی تری سەرکردایەتی نازانێ یەکێتی چی هەیە و چەندی هەیە و لە کوێیە و لە لای کێیە و سەرچاوەکەی کوێیە و چون سەرف ئەکرێ؟ بۆ قازانجی کێ بازاڕ و بازرگانی و قۆنتەراتی پاوان کردوە؟

٢. سکرتێری گشتی، بە تەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دەرەوەیە، بە ئارەزوی خۆی سەفەری وڵاتان ئەکا، گفتوگۆ لە گەڵ وڵاتان ئەکا، پێوەندی لە گەڵ ئەم دەوڵەت دائەمەزرێنێ و لە گەڵ ئەو دەوڵەت تێکی ئەدا. نوێنەرانی یەکێتی لە وڵاتان دائەنێ و لائەبا. قسەی ناکۆک و ناساز بۆ دەزگا جیهانییەکانی ڕاگەیاندن ئەکا.

٣. سکرتێری گشتی، بە تەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری ڕێکخستنە، بەرپرسی کاروباری ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکانە، بەرپرسی کاروباری هێزی پێشمەرگەیە. فەرماندەیی، ئەندامانی مەکتەبەکان، مەڵبەندەکان، کۆمیتەکان، خۆی دایان ئەنێ و خۆی لایان ئەبا. دڵسۆزی بۆ یەکێتی، لێوەشاوەیی، ڕابوردوی باش، دەس و دەم و داوێنپاکی هیچ نرخێکی مادی یا مەعنەوییان نەماوە، دڵسۆزی بۆ سکرتێری گشتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و گوێڕایەڵی کوێرانەی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی بۆتە مەرجی هەرە گرنگی بەرزبونەوە و هەڵکشان بەرەوژور.

٤. سکرتێری گشتی، بە تەنیا خۆی گفتوگۆ لە گەڵ حیزب و رێکخراوەکان ئەکا و، بڕیاری ئاستی پێوەندی و جۆری هاوکاری و رێککەوتن و ئەندازەی یارمەتیان ئەدا.

٥. سکرتێری گشتی، بە تەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری راگەیاندنە، بەرپرسی رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆنە. نوسەر و بێژەرەکانی تەنانەت تەکنیککارەکانی بە ئارەزوی خۆی ئەهێنێ و ئەگۆڕێ. رەنگە دەزگای راگەیاندنی یەکێتی تەنیا دەزگا بێ لە هەمو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، کە سکرتێری گشتی رۆژانە خۆی وێنەکانی خۆی و میوانەکانی و هەواڵەکانی بۆ بڵاوکردنەوە لە دەزگاکانی راگەیاندن دا هەڵئەبژێرێ.

٦. سکرتێری گشتی، بە تەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری حکومەتە، وەزیر و وەکیلی وەزیر و سەفیر و مودیری عام دائەنێ و ئەگۆڕێ. جگە لە خۆی کەس بۆی نیە لە وەزیرەکان و لە کارە باش و خراپەکانیان بپرسێتەوە.

٧. سکرتێری گشتی، بە تەنیا خۆی بێ ئەوەی پرس بە سەرکردایەتی یەکێتی بکا، بەشدار بو لە نوسین و پەسندکردنی "قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق" دا، بە تەنیا خۆی بە خاوەن بڕیار ئەزانێ لە دیاریکردنی خواستەکانی گەلی کورد و چارەنوسی کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و، جۆری بەشداری لە حکومەتی ناوەندیدا.

*

لە ناو یەکێتیدا، ژیانی دیمۆکراتی حیزبایەتی، سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، رێزگرتنی ئیرادەی زۆرایەتی، رێزگرتنی ئازادی بیروبۆچون، نەماوە. یەکێتی بەرەو ئەوە ئەبا بیکاتە حیزبی بنەماڵەکەی خۆی. بێ باوەڕی لە نێوان ئەو و ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکە رێکخراوەییەکانیدا دروست بوە. هیچ ئەندامێکی یەکێتی لە هیچ کۆبونەوەیەکی یەکێتی دا کە سکرتێری گشتی سەرپەرشتی بکا یا بەشداری بێ ناتوانێ بیروبۆچونی خۆی بە سەربەستی بڵێ، چونکە سڵ ئەکاتەوە لەوەی سکرتێری گشتی لە ناو کۆبونەوەکەدا بچێتەوە بە گژیدا و بیشکێنێ و سوکایەتی پێ بکا.

ئەمانە هەموی بۆتە هۆی پەیدابونی تاقمێ ئەندامی مونافیق و دوڕو و درۆزن لە دەوری سکرتێری گشتی هەلومەرجی راستەقینەی گیروگرفتەکانی یەکێتی و ناڕەزایی خەڵکی لێ ئەشارنەوە، راپۆرتی درۆ و هەواڵی ناڕاستی بۆ ئەهۆننەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ئەنجام دا، گەندەڵی دارایی، گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی، تەنانەت گەندەڵی خووڕەوشت، سەرانسەری داوودەزگاکانی حیزب و حکومەتی گرتۆتەوە بە جۆرێ کە بۆتە هۆی ناڕەزایی گشتی خەڵک و زۆری ئەندامەکانی یەکێتی و بۆتە مەترسییەکی راستەقینە بۆ سەر یەکێتی و پاشەڕۆژی.

بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی بەوپەڕی سەربەستییەوە بەم یادداشتە بیروبۆچونەکانی خۆمانتان بۆ بنوسین و، پێشنیارەکانی خۆمان بۆ چاککردنی ژیانی ناوخۆی یەکێتی، کە کلیلی چاککردنی زۆر بواری تری ژیانی سیاسی حیزبی و حکومەتییە، بخەینە بەر چاوتان. پێشتریش کە بەم ئاشکراییە باسمان نەکردوە هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەترسییە گەورانەی هەڕەشەیان لە جوڵانەوەی کورد و یەکێتی ئەکرد.

سکرتێری گشتی تەمەنی لە ٧٠ ساڵ تێ پەڕیوە، کاتی ئەوە هاتوە ئێتر وەکو "رەمزێکی بەڕێز" خۆی لە دەستێوەردانی ئیشوکاری رۆژانەی یەکێتی بکێشێتەوە و، ڕاپەڕاندنی کاروباری رۆژانە بە جێ بهێڵێ بۆ هاوڕێکانی و، رێگە بدا بە یەکێتی بگەڕێتەوە سەر کارکردن بە پێی سەردەتا رێکخراوەییەکانی و، لە داهات و خەرجی دارایی یەکێتیدا پێڕەوی رونی "شەفافیەت" بکا و، سەروەت و سامانی یەکێتی و سەرچاوەکانی داهاتی ئاشکرا بکات.

لە کۆتاییدا ئەڵێین: ئێوە ئەگەر هەر سور بن لە سەر درێژەپێدانی رێبازی پێشو لە شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی یەکێتی و حکومەت دا و، ئەگەر بتانەوێ ئیشوکارەکانی یەکێتی و دەسەڵاتەکانی بە شێوەی ئیستا لە دەستی خۆتان دا بهێڵنەوە، بێ ئەوەی هەوڵی جدی بدەن بۆ چارەسەر کردنی بنەڕەتیی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی یەکێتی تیا ئەژی، ئەوا ئێمە کە ماوەیەکی درێژ هاوبیروباوەڕتان بوین لە کاری سیاسی و هاوسەنگەرتان بوین لە کاری پێشمەرگایەتیدا، لێرە بە دواوە چیتر باری لێپرسراوێتی مێژوییتان لە گەڵ هەڵناگرین، خۆمان "مینبەرێکی ئاشکرا" دروست ئەکەین بۆ چاککردنی وەزعی یەکێتی و ئێمە ئیتر خۆمان بە ئازاد ئەزانین لە هەڵبژاردنی هەر شێوەیەکی کاری سیاسی کە خۆمان بە چاکی بزانین بۆ قازانجی گەل و نیشتمانەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە گەڵ ڕێزی

.....

ئەم یادداشتە لە ڕۆژی ١١ ی ١٠ ی ٢٠٠٤ دا کە درا بە سکرتێری گشتی لە لایەن حەوت ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چەندین ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەوە ئیمزا کرا بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاشکۆ (۲):

رۆژژمێری هەڵبژاردنەکانی کوردستان

رۆژی ۱۹ ی ٥ ی ۱۹۹۲ هەڵبژاردن لە سەرانسەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیدا ئەنجام درا.

رۆژی ۱ ی ٥ ی ۱۹۹٤ شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتی لە قەڵادزەوە دەستی پێکرد.

بە بیانوی شەڕی ناوخۆ، پارلەمان چەندین جار و بۆ چەندین ساڵ درێژەیان بە تەمەنی خۆیان دا، حیزبەکان نەیان ئەویست هەڵبژاردن بکرێتەوە چونکە پارلەمان نیوە بە نیوە گوێڕایەڵی دو حیزب بون، هەردو حیزب ئەترسان لە هەر هەڵبژاردنێکی تازەدا ئەو هاوسەنگیە تێک بچێ، ئەندامانی پارلەمانیش ئەیانویست درێژە بە تەمەنی خۆیان بدەن لە بەر ئەوەی موچەی بەرز و زەوی باش و حیمایەی زۆریان هەبو، بە تایبەتی لەو سالانەدا کە ئاستی گوزەرانی زۆرایەتی دانیشتوانی کوردستان لە هەلومەرجێکی خراپ دا بو.

قانونی ژمارە ۱ ی سالّی ۱۹۹٥ تەمەنی "ئەنجومەنی نیشتمانی" کە لە تەواو بون دا بو، بۆ ۱ ساڵ درێژ کردەوە.

قانونی ژمارە ۱ ی سالّی ۱۹۹٦ تەمەنی بۆ ۳ مانگی تر درێژ کردەوە.

قانونی ژمارە ۲ ی سالّی ۱۹۹٦ تەمەنی تا سالّی ۱۹۹۸ درێژ کردەوە.

قانونی ژمارە ۲ ی سالّی ۱۹۹۸ تەمەنی بۆ هەمیشە درێژ کردەوە.

ئەم قانونانە هیچ بناغەیەکی دەستوری و قانونیان نەبو، تەنیا هۆی سیاسیان لە پشتەوە بو، کە ئەویش بەردەوامی شەڕی ناوخۆ و هەبونی میلیشیای حیزبی بو.

ئەم پارلەمانە مایەوە تا ئەمەریکا عیراقی داگیر کرد و بڕیاری هەڵبژاردنی پارلەمانی عیراقی دا.

رۆژی ۹ ی ٤ ی ۲۰۰۳ هێزەکانی ئەمەریکا گەیشتنە ناوشاری بەغداد، رژیمی بەعس روخا.

رۆژی ۱۳ ی ۷ ی ۲۰۰۳ "مەجلیسی حوکم" دامەزرا.

رۆژی ۸ ی ۳ ی ۲۰۰٤ "مەجلسی حوکم" کە بە بەشداری سەرکردەکانی کورد "قانون إدارة الدولة العراقية للفترة الانتقالية: قاد" نوسی بو، لە مەراسیمێکی تایبەتیدا ئیمزا کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رۆژی ٣٠ ی ١ ی ٢٠٠٥ هەڵبژاردن لە کوردستان دا، وەکو زۆر شوێنی تری عیراق، بە گەرمی ئەنجام درا. خەڵکی کوردستان بەشدار بون لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان دا بۆ هەر ٣ دەزگا، لەوانە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

رۆژی ی ی ٢٠٠٥ ئەبو پارلەمانی کوردستان بە پێی نیزامی داخلی یەکەم کۆبونەوەی دەس پێ بکا. بەڵام دانیشتنەکە لە سەر داوای پارتی دواخرا.

یەکێتی و پارتی لە گفتوگۆی سەودایەکی سیاسی دا بون بارزانی ببێ بە سەرۆکی کوردستان و تاڵەبانی ببێ بە سەرۆکی عیراق. پارتی پرۆژەیەکی بۆ قانونی سەرۆکایەتی هەرێم ئامادە کرد بو، کە بە تایبەتی بۆ مەسعود بارزانی نوسرا بو، ئەویست بە بێ دەسکاری و لێدوان، بە سەر یەکێتیدا بسەپێنێ و، یەکێتی بەرامبەر ئەنجامدانی کۆبونەوەی پارلەمان و یەکخستنەوەی ئیدارە قبوڵی بکا. یەکێتی هەندێ لە مادەکانی تەعدیل کرد. تەعدیلەکان پێوەندییەکیان بە هیچ کەس و کەسایەتییەک و بە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی حیزبییەوە نەبو، پێوەندییان بە سەرەتاکانی بیری دێمۆکراسی و جۆری تێگەیشتنەوە هەبو لە ژیانی دیمۆکراتی. پارتی زۆری تەعدیلەکانی قبوڵ نەکرد، بە تایبەتی بنەڕەتییەکانی، ئەیویست وەکو هەبو قبوڵ بکرێ.

رۆژی ٢٤ ی ٤ ی ٢٠٠٥ لە ساڵیادی بۆردومانی قەڵادزەدا ئەبو یەکەم دانیشتنی پارلەمان دەس پێ بکا بەڵام لە بەر ئەوەی لە سەر قانونەکە پێک نەهات بون پارتی یەکلایەنە کۆبونەوەکەی دوا خست. جارێکی تر بڕیاریان دا

رۆژی ٣٠ ی ٤ ی ٢٠٠٥ ئەبو کۆبونەوەکانی دەس پێ بکا، ئەویش لە سەر داوای پارتی دوا خرا بۆ کاتێکی دیاری نەکراو.

یەکێتی ئەیویست کۆبونەوەی پارلەمان نەبەسترێ بەو سەودا سیاسیەوە کە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم یەکێ بو لە مەرجەکانی. پارتی ئەیویست تا قانونی سەرۆکایەتی تێنەپەڕێنێ و هەمو مەرجەکانی قبوڵ نەکرێ نەهێڵێ کۆبونەوەی پارلەمان بکرێ.

ئەو چەند مانگەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆنەبوەو و، پرۆسەی سیاسی لە کوردستان دا کۆسپی تێ کەوت بو، کێشەی سەرەکی نێوان یەکێتی و پارتی لە سەر ئەوە نەبو کێ سەرۆکی هەرێم بێ، بەڵکو لە سەر ناوەرۆکی "قانونی سەرۆکی هەرێم" بو. پارتی پێی دائەگرت کە هەتا هەردو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە سەر قانونەکە ڕێک نەکەون، ئەوا:

کۆبونەوەی ئەنجومەنیی نیشتمانیی کوردستان ناکرێ،

ئامادە نین باسی یەکخستنەوەی ئیدارەکان بکەن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گیروگرفتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە هەڵواسراوی ئەمێنێتەوە...
پارتی بۆ ئەوەی مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ، گفتوگۆکانی یەکێتی - پارتی، تەنانەت تەقەلای ناوبژیوانەکانیشی، راگرت تا گەڕانەوەی تالەبانی، وەکو لە دەزگاکانی راگەیاندن دا بڵاویان کردەوە. سەرانی پارتی هیوایان بەو بو "تەنازول" یان بۆ بکات و داواکانیان بسەلمێنێ.
رۆژی ١٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥ تالەبانی لە بەغدادەوە گەڕایەوە قەڵاچوالان. گفتوگۆی ناوخۆی یەکێتی و، ئاڵوگۆڕی بیروڕا، لە رێگەی نامە و نێردراو و لایەنی سێیەمەوە، لە نێوان یەکێتی و پارتی دا، یان وردتر لە نێوان تالەبانی و بارزانی دا، دەستی پێ کرد.
رۆژی ٢٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥ تالەبانی بۆ سەردانی بارزانی بە تەنیا، بێ ئەوەی هیچ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە گەل خۆی ببا، چو بۆ سەلاحەدین. بۆ ئەوەی کۆتایی بە تەنگوچەڵەمەکە بهێنێ و، دەرگای پرۆسەی سیاسی لە کوردستان دا بکاتەوە، مەرجەکانی پارتی، لەوانە رەشنوسی "قانونی سەرۆکی هەرێم" وەکو سەرکردایەتی پارتی ئامادەی کرد بو، سەلماند.
رۆژی ٤ ی ٦ ی ٢٠٠٥ دوەمین خولی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پاش رابوردنی ٤ مانگ لە تەمەنی دەستی کرد بە یەکەمین کۆبونەوەی.
رۆژی ٨ ی ٦ ی ٢٠٠٥ قانونی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عیراقی پەسەند کرد.
رۆژی ١٢ ی ٦ ی ٢٠٠٥ مەسعود بارزانی هەڵبژارد بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق.
رۆژی ١٤ ی ٦ ی ٢٠٠٥ مەسعود بارزانی لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، کۆمەڵێ میوانی کورد و عیراقی و بیگانەدا، سوێندی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی خوارد.
رۆژی ٤ ی ٦ ی ٢٠٠٩ تەمەنی پارلەمان کۆتایی ئەهات.
لە ماوەی ٤ ساڵی تەمەنی دا ئەیتوانی دەستور و هەمو ئەو قانونەی کە پێویست بون بۆ رێکخستنی ژیان لە کوردستانی عیراق دا بخاتە بەر باس و تاووتوێ و گفتوگۆی تێروتەسەل ئینجا بڕیار لێدان، کەچی هەمو ئەوانەی هەڵگرت بۆ رۆژانێ کە ماوەی قانونی لە تەواوبون دا بو یا بە سەر چو و، لە چەند رۆژێکی کەم دا هەمویانی تێ پەڕاند.
رۆژی ١١ ی ٥ ی ٢٠٠٩ قانونی پارێزگاکانی پەسەند کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رۆژی ١٣ ی ٥ ی ٢٠٠٩ ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم و ماوەی خولی پارلەمانی دریژ کردەوە و یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی هەموار کرد.
رۆژی ١٦ ی ٦ ی ٢٠٠٩ بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەرێمی پەسەند کرد.
رۆژی ٢٤ ی ٦ ی ٢٠٠٩ دەستوری هەرێمی کوردستانی بە زۆرایەتی ٩٦ دەنگ پەسەند کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

اشکۆ (٣):کۆپی ڕێککەوتنەکان و هەندێ لە نامەکان

٢- دیسان لە هەندێک شوێن گرژی لە نێوان برادەرانی پارتی و ینک دروست بووە.
٣- لەسەر صندوقەکان ڕێگە نەدراوە ئەوانەی نەخوێندەوار بە کەسی خۆیان ڕەش خۆیان بنووسن بەلکو کادرەکانی سەر صندوق بە کەیفی خۆیان نووسیویانە و خۆیان و بەختی خۆیان !
٤- دیسان هەندێک (جەنەرالاتی جەنگ) هەولیاندا کێشەکان گەورە بکەن و بۆ حزبایەتیەکی تەسک و دەرفەتێکی وا میژوویی لە دەست کورد بدەن.
٥- شکایەتی یەکجار زۆر لەسەر ڕەفتاری برادەرانی ینک پێمان گەیشتووە و بێ گومان ڕەنگە هەمان شکایەت لەسەر پارتیش بەدەست جەنابت گەیشتبێ.
٦- هەندێک خروقات یەکجار زۆر زەقن و پینە ناکرێن وەک ژمارەی زیادی دەنگ کە بە دەها هەزار زیاترە لەوەی کە تۆمار کراوەو معلوم بووە پێشتر ئەو شوێنە ژمارەی دەنگدەری چەندە.
بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە لە دەست کورد نەچێت و بەهانە نەدەینە.دەست خەلکیتر سبەی طعن لە دەنگی کورد بۆ پەرلەمانی عێراق بدەن. پێم باش نیە ئەوەی پارێزگاکان بکەینە مشکلە بەڵام ناشکرێت ئەو تەزویرە زۆرانەی کراون لە هەرلایەک قبول بکرێن و ئەمانە ببنە ئەساس بۆ ناینده.
بۆیە پێم باشە لیژنەیەک لێکۆڵینەوە لەو تەزویرانە بکات کە ژمارەی دەنگدەر زیاد کراوەو بۆ ناینده نەبێتە ئەساس.
تفاصیلیتریش هەیە هەڵالان عەرزتان دەکەن.
لە کۆتاییدا ئومێدەوارم جەنابیشت بە شارەزایی خۆت باش بیری لێ بکەیەوە و هەول بدەین ئەنجامەکە هەر چیەک بێت لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان تەواو بین.
لەگەل ڕێز و سڵاوی گەرم.

براتان
مسعود بارزانی
٢٠٠٥/٢/١

(٢-٢)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ملحق

الاتفاق المبرم بين الحزبين

الحزب الديمقراطي الكوردستاني والاتحاد الوطني الكوردستاني ٢٠٠٤/١٢/١

أولاً: يصر الطرفان على تخصيص أحد المنصبين التنفيذيين (رئيس الجمهورية، أو رئيس الوزراء) للكورد ويصر الطرفان في هذا السياق على تحقيق ذلك، وفي حالة تعذره، يتخذان الموقف المعبّر عن مصالح الشعب الكوردي وتطلعاته حول مجمل العملية السياسية في العراق، بما في ذلك إعادة النظر في بنود اتفاقية ٢٠٠٤/١٢/١ على ضوء المستجدات.

ثانياً: يؤكد الطرفان على ما نص عليه الاتفاق المبرم بين الحزبين في ٢٠٠٤/١٢/١. ويسري هذا الاتفاق خلال المرحلة الحالية والسنوات الأربع التالية لإقرار الدستور الفيدرالي والانتخابات التشريعية. وفي حالة تعذر ذلك، يلتزم الطرفان بإجراء مراجعة سياسية لوضع الاقليم في سائر الميادين.

ثالثاً: يواصل الطرفان تعميق وتوسيع تحالفهما الستراتيجي كوردستانياً وعراقياً، ويلتزمان بروح العمل المشترك، والتشاور المستمر، ومبدأ التوافق في تحديد مواقفهما العراقية والكوردستانية، وبلورة القرارات التشريعية والتنفيذية في المجلس الوطني الكوردستاني والجمعية الوطنية العراقية وفي الحكومة العراقية بجميع اطرافها.

رابعاً: يكون رئيس الاقليم القائد العام لقوات پيشمرگة الاقليم، ويصبح ذلك نافذاً بعد توحيد وزارة البيشمەرگة، على أن يلتزم الجانبان بالشروع في عملية التوحيد. ويكون نائب القائد العام من الاتحاد الوطني الكوردستاني.

خامساً: ينتخب رئيس الاقليم من قبل المجلس الوطني الكوردستاني بالأكثرية في دورته الحالية، على أن يتم انتخابه بعد ذلك بالاقتراع المباشر.

سادساً: تتفق قيادة الحزبين على تشكيل هيئة سياسية للإقليم برئاسة رئيس الاقليم وإعطائها صبغة قانونية.

سابعاً: يجري العمل على عقد المجلس الوطني الكوردستاني في أقرب وقت ممكن. ويتولى المجلس إنتخاب رئاسته، وسيتم تكليف رئيس الوزراء بعد استكمال الاجراءات الفنية بهذا الخصوص في جلسته الاولى، على أن تخصص الجلسة الثانية لمناقشة وإقرار قانون رئاسة الاقليم المتفق عليه من الطرفين. وتتم مراسيم الترشيح لرئيس الاقليم في جلسة خاصة.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەناوی خوا

لەبەر بەرژەوەندی بالای نیشتمانیی گەلی کوردستان و، سەرخستنی مەسەلە رزگاریخوازە رەواکەیدا و، بۆ چەسپاندنی یەکبوونی ریزی گەلی کوردستان تاکو رۆژی نیجابی گرینگی خۆی لە عێراقی دێموکراتی فیدرالدا ببینێت تا مافی نەتەوەییمان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و چارەسەری کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی تەعریب کراو بچەسپێت، هەروەها بۆ پتەو بوونی ئاسایش و ئارامی لە کوردستان، سەرکردایەتی هەردوولا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان، بڕیاریان دا وزەو هێزی خۆیان بەم شێوەیە یەک بخەن:

۱ـ لە هەڵبژاردنی سەرانسەری پەرلەمانی عێراقدا، هەردوولا بە هاوکاری و هەماهەنگی پێکهاتەکانی نەتەوەیی کوردستان، بە کوردو تورکمان و کلدان و ئاشوورییەوە، لە یەک لیستی هاوبەشدا گشت حزب و هێزە سیاسییەکان بگرێتەوە، بە رێژەیەکی گونجاو لەگەڵ بنەمای تەبایی و رێککەوتن، خۆیان ڕێک بخەن.

۲ـ هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان)یشدا، بە لایەنانە لە یەک لیستی هاوبەشدا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

۳ـ رێککەوتن لەسەر شێوەی داهێش بوونی پلەی پەرلەمانی و حکومی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیە بێت:

ا. سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعود بارزانی.

ب. یەکێک لە دوو مەوقیعی سیادی عێراق (سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی عێراق)، بۆ بەڕێز مام جەلال.

ج. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هەڤاڵێک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت.

د. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڤاڵێک لە پارتی دێموکراتی کوردستان بێت.

بەم بۆنەیەوە هیوادارین کە گەلی کوردستان بە کوردو تورکمان و کلدان و ئاشووری و کەرت و بڕیژی کۆمەڵایەتی رۆشنبیرییەوە، پشتیوان وهاوکارمان بن لە پێناوی سەرخستنی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان و زامن کردنی مافەکانی لە فیدرالیزم و نازادی و دێموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

پشت بە خوای مەزن، نایندەی گەشی میللەتەکەمان لە یەکبوونی وزەو توانای هەموو لایەکماندا، مسۆگەر بێت.

تێبینی ۵ خاڵی (۱) و (۵) بە یەکەوە یەک ستوون.

۵ ئەم رێککەوتنەنامەیە لەڕاستی دا ئەصڵەوە دەستکاری کراوە

جەلال تاڵەبانی
سکرتێری گشتی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەسعود بارزانی
سەرۆکی پارتی دێموکراتی
کوردستان

۲۰۰٤/۱۲/۱

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

براي به‌ريز جه‌نابي نام جه‌لال پيكه‌شه

سلاوێكي گه‌رم .

به‌هيواي خوشبه‌ختيم وئوميده‌وارم ته‌ندروستيتان باشبێت .
زور سوپاس بو نامه‌كه‌تان وچاوم به‌ناڵه‌ي مخرين كه‌وت .
ومنيش هاوبه‌رم له‌گه‌ڵ جه‌نابت كه به‌كێتي هه‌ڵوێسته‌ورێزي
كورد‌ايه‌تي به‌گشتي وهه‌ر پارتي وبه‌كێتي به‌تايبه‌تي زور پێوێسته
له‌م قۆناغه ناسك وگرنگه‌دا .
وهه‌ر له‌روانگه‌ي هه‌ستكردن به‌هه‌ستوليه‌تي مێژوويي وهه‌وڵي
بيرو بۆچونه‌كاني خۆم برايانه وبه‌ڕاشكاوي بۆجه‌نابتان ده‌نوسم .
ئه‌مه چوار ساڵه هه‌ڵگرداوي به‌ره‌ماني كورد‌ستان ته‌واوبووه
وتا ئێستا به‌ره‌مان وا نه‌نێستووه ، كه به‌راڤه‌وه ره‌نگداته‌وه‌يه‌ك
جوانتي نه‌بووه ، وبێگه‌رانه‌كي زوريش دروست كردووه ، وپرسيارێكي
زور هه‌يه هه‌م له خه‌ڵكي كورد‌ستان وهه‌م له دوسته‌كانمان بو
تا ئێستا به‌ره‌مان كونه بوته‌وه .
پێم وايه ركه‌وتني ئێوان هه‌ردوكمان له ١/١٢/٢٠٠٤
هه‌نگاوێكي هه‌ستوڵانه بو وله خزمه‌تي دوزيني گه‌له‌كه‌ماندابو ، وهه‌ر
ئه‌وه بوكه‌ سه‌ركه‌وتني گه‌ورمان به‌دوست هێناچم له‌به‌ره‌ماني
ضيواليدا چم له‌به‌ره‌ماني كورد‌ستاندا . وسه‌نگي كورد به‌دوركه‌وتن
پێوێسته ئاكامات بچمه‌وه‌ئاو تفاصيلي ركه‌وتني ١/١٢/٢٠٠٤
بڵام به‌شي به‌حاڵي خۆم ، ده‌مه‌وێت چه‌ركێكي تازه دروست
بكه‌م له‌كورد‌ستان ، و برينه‌كاني شه‌ڕي خۆكوژي سارێژ بكرێن ،
وبروايه‌كي به‌هێز دروست ببێت له‌نێوان هه‌ردووڵادا .

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەڵامەکەم بەو مەبەستە دا کە گومان کرد کە دەبێ هەڵەیان
بۆ پوختە سیاریەیەک بۆ کورد دەکەوێتەوە بێ ئەوەی ئاگرێن،
ئەمانەم بەڕاشکاوی تێگەیاند کە ئەگەر ئێمەی کورد
برادەرانی پەکێتی بۆمان هەموو هێزمان وەبەردەنگەڵێن، کە بەراستی
تامێ نیدا نەماوە.

ئەمە بە ئەوپەڕی شەخسی نیە، بەڵکو دەرفەتێ بۆ ئێمەی کورد
مۆسمانە دروستە بکەین وەزعمان لە هەرباپەتی تەسک زیاتر
بکەین. هەتا بیستنی دەزانی من داوای هیچ پوستێکم نەکردووە
وەبەرچاوم بۆ قبوڵکردنی ئەرکی هەرێم ئامادە بووە کە ئەگەر
خزمەتی پەکێتی هەڵوێستەوەرێزی پارتی و پەکێتی پێشمەرگان و کۆمەڵانی
پەکگرتنی نیشتمانی بشکوم قبوڵ بکەم ئەگەر نە ناموسیت. وەڵامی
ئەوەبوو کە زۆر ئیصرار کرا و هێندێک لە برادەرانی هەرزووڵامان
کە هاتنە وەبەرباران کردو وایان پێشاندا کە دروستە مەبەستت
خزمەتی ئەو مەرجەیە کە لە ڕەوتی شاماژەم پێ کردووە و نەهەمو
لایەک زەمینە لەبارە. دەڵێ ئێمە هەمو تاگیاشە سەر بنچینە ئەوافقەتم
بۆ بێشاندا.

دوای ئەوەی هەرزووم بۆ دانیشتن بۆ هەڵەیەکەمەڵی
برایانی یەکانگ هێندێک بابەتی زۆر سەیریان هێنایە پێش
کە هەموی کۆمیک پێربوون. وەلەوە سەیرتر قسەی وا دەکرا
ئەگەر ئەرکی هەرێم پارتی بێت و ئەرکی وەزیرانی هەرێمیش
هەر پارتی بێت ئەی پەکێتی چی بە سەر دێت.

وەڵامێ پرسیار:

بەڕاستی لەوەتا ناشیرمەوە من بە و تصوراتەی برایانی پەکێتی
زۆر ناڕەحەت وناخۆشبووم. دروستە من دەمویست لەو
گرێیانە دەربازبێین، بەڵام دیارە هێشتا هێندێک ماون هەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو ئاوە ئەو گرێبانەوا دەتریخ ، وەهێشتا بێتەکان پاک نەبونەتەوە ، وەیارە هێشتا هەلومەرج لەبار نیە وبو ئەوەی کە جێی مەسەلەیە ڕوکی هەریم نەگاتە بەهانە وکو سیمکی وا بجاتە سەر ڕێگا کە زیان لە دوزێ کەلە کومان بدات ، من ئەرایانە بەجێ نابێ ڕاوەگینم من ئەصلاً هەزم نەکردووە بیمە نەسەر ڕوک کومار لەبەنا نە سەر ڕوکی هەریم ، ومن ئامادە نیم سەر ڕوکایەتی هەریم قبول بکەم لە بەغدای صەدفەیەک لە نیوان پاراتی وبەکێتی من وامیزانی تفاهم کراوە ودوایێ ئەم هەیبان وبردنە چەند ئامێ تیدا نەماوە ، وبا مەسەلەیە سەر ڕوکی هەریم دوا بخرێت وئەسەلە کوسپ . وئەگەر بە هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ بو باشتر نەگەڕێ بە صفقە بو پیوستی نالات . با هەموگەلێ کوردستان ڕەئی خۆیە بدات نەک تەنها دوو حزب .

وبو ئەوەیە ئەم دەرفەتە لە دەست کورد نەچێت وهێشتا زور بابەتی سەر ڕەکی ماون وەک (دستوری دائم ، فیدرالی ، کەرکوک ، خانەقین وسنڕی ، محمور وشنگار و زمار) بەکلا نەکراونەتەوە ، وئا شکرێن ئەگەر تەباو بڕا بێت . وهیچ تیکەڵی وسێبەری دەوبێت ، وئەگەر بەکرێزی خومان نەپارێزین نەتوانا بەتانە جێ بەجێ دوبێ نە دەستکەوتی ئێستامان دەمێنێ . بوبە مەبەستی داوا لە جەنابیشتە وەکو پێشکێزی بیشنیاری من بکەی :

١ - باپەرلەمان کوبێتەوە . سەرۆکیلیا بو خۆی هەڵبژێرێت .
٢ - مەسەلەیە سەر ڕوکی هەریم تاجیل بکرێت .
٣ - هەرێمی جەزیرە بەرێت هەردوو پێدارە بەکگرتن وحکومەتی موحەد بو هەریم دابمەزرێت .
٤ - ئەگەر زەمینە جاران لەبار نەبێت بو بەکگرتنی هەردوو پێدارە با تەنسیقەکی نەوان لە نیوانیانا هەبێت .

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
سکرتاریەت

ئەدەبی ئیعتیقادی کوردستانی
لاپەرە

٤

٥- لە بنەڕا یەک هەڵوێستمان هەبێت و وەک یەک تیم بێین بکەن وبە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدرێت کەسی یاریبەر و هەڵوەستە بکات .

وهەمان هاوکاریی وتێگەیشتن لە کوردستان بە هێزترین بێت .

٦- بە هەردووکمان هەوڵبدەین زیاتر بدەینێ تەوگیری نەفسیانەی لایەنێک کەسی هەڵنەخەڵەتێ وهەوڵبدەین پڕ لە بڕایەتی و خۆشەویستی دڕوستی بکەین لە ناو خەڵک و قوادەکانی یاری وبیکەین . چونکە بە زاهیدی دیارە هێشتا ئەو هەوە دڕوستی نەبووە . وتا ئەو هەوە دڕوستی نەبێت فایدەیێ نیە .

ئەوا کاک خۆیە دەگەڕێتەوە بۆلای تۆ و هەتا لایە ئازادە بڕواری وهەموو ئەندامانی م. سی دینە خزمەتت وتەمەنێکی دیکەش . بۆ جارەی ئەگەر چیە خاڵی پێویستی بە ڕوونکردنەوەیێ زیاتر هەیێت هەرزتان بکەن .

لە کۆتاییدا جارێکی تریش داکۆکی دەکەمە سەر بڕایەتی وهاوکاریی نێوانمان وبابێ ڕێگە بە هیچ کەسێک بدەین وەزعەکەمان لێ تێک بدات . وئومێدەوارم بە هەردوکمان سەرکەوتن لە دڕوستکردنی جەوی بڕایەتی و بڕوا لێبوان پاری وبیکەینەوە .

بێ هۆشتان ئاوات ئاخ
لە گیان ڕیزمانەوە .

٢٠٠٥/٥/٢٥

بڕاتان
مەسعود بارزانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەردەیەک بابەتی جۆراوجۆر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رونکردنەوەیەک

لێرەدا دەقی ٣ بابەت بە بێ دەستکاری سەرلەنوێ ئەنوسرێتەوە:
یەکەم، ئەو وتارەی کە لە ژمارەی رۆژی ٧ ی ١ ی ٢٠٠٤ ی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"دا بڵاو کراوەتەوە. ئەو کاتەی ئەم وتارە بڵاو کراتەوە: هێشتا "قانون ادارة الدولة العراقية للفترة الانتقالية" و مادەی ٥٨ نەنوسرا بو، هێشتا دەستوری عیراق و مادەی ١٤٠ نەنوسرا بو. نە عەلاوی و نە جەعفەری و نە مالیکی نەبوبون بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
دوەم، ئەو زنجیرە وتارانەی بە دوای یەک دا لە سایتی "ریفۆرم بۆ" دا دەربارەی "قانون اداره الدوله للفتره الانتقاليه" لە دوای پەسندکردنی نوسراوە و بڵاو کراوەتەوە.
سێیەم، ئەو زنجیر وتارانەی بە دوای یەک دا لە سایتی "ریفۆرم بۆ" دا دەربارەی "دەستوری هەمیشەیی عیراق" پێش نوسین و پەسەندکردنی نوسراوە و بڵاو کراوەتەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەندێ بابەتی دەستوری

کورد و قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لەماوەی گواستنەوەدا

ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە (٣٢٦٤)
چوارشەمە: ٧ ی ١ ی ٢٠٠٤

لەوەتی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە کورد لەخەباتێکی بێ وچاندا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی. لە ١٩٢١ەوە، کەئینگلیز دەوڵەتی عیراقی دروست کرد، تا ١٩٩١ کە بەڕاپەڕینو ئازادکردنی بەشێکی کوردستان لە دەسەڵاتی بەعس کۆتایی هات، گەلی کورد بە پچڕپچڕی زیاتر لە ٤٠ ساڵ لە گەڵ جەیشی عیراقیو هێزە چەکدارەکانی تریدا لەشەڕی چەکداردا بوە، ڕەنگە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرژمێری ژمارەی قوربانییەکانی کورد بکرێ ئەوانەی کە لەلایەن جەیشی عیراقەوە کوژراون لەچەند سەد هەزار تێبپەڕێ.

دەیان جار دانوسەندنو گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ رژێمی مەلەکیو دواتر لەگەڵ رژێمی جمهوری؛ حکومەتی قاسم، دوو خولی حکومەتی بەعس، دوو حکومەتی دوو عارف، نەیتوانی کۆتایی بەناکۆکی سیاسی نێوان کوردو حکومەتی عیراق بهێنێ. حکومەتەکانی عیراق کوردیان بەدوژمنی سەرسەختی خۆیان دائەناو، کوردیش حکومەتەکانی عیراقی بەداگیرکەری نیشتمانەکەی ئەزانی.

رژێمی بەعسو دەسەڵاتی صەدام بەتەنیا بۆ کوردو بۆ گەلی عیراق مەترسی نەبوو، بوو بەمەترسی بۆ سەر گەلانو دەوڵەتانی ناوچەکە، هەڕەشەیەکی راستەقینە بوو بۆ سەر ئاسایشو قازانجی نیشتمانیان. سەرەنجام بوو بەمەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی گەورەترین زلهێزی دنیا، واتە ئەمەریکا. ئەم مەترسییەو ئەم هەڕەشەیە هەر بەهێزێکی گەورەی وەکو ئەمەریکا چارەسەر ئەکرا. ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەپەلاماریکی کورتو تووندوتیژدا رژێمی تۆتالیتاری بەعسو دەسەڵاتی دیکتاتۆریی صەدامی ڕووخاند. جەیشەکەیو هێزە چەکدارەکانی لەماوەی (٣) حەفتەدا تەفروتونا کرد. عیراق وەکو دەوڵەت، وەکو حکومەت، وەکو دەسەڵاتی سیاسیو جەنگیو پۆلیسیو داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتی، هەرەسی هێنا. کورد لەهەڕەشەیەکی گەورەو راستەقینە، کەدەوڵەتی کۆنی عیراق بوو، ڕزگاری بوو.

دەوڵەتی عیراق سەرلەنوێ دروست ئەکرێتەوە. جا بۆ ئەوەی دەوڵەتی نوێی عیراق نەبێتەوە بەهەڕەشەو مەترسی بۆ کورد، کورد لەداڕشتنەوەی دەوڵەتی نوێی عیراقدا ئەبێ چیبکاو ئەتوانێ چی بکا؟

سەرکردایەتی ئێستای کورد بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوی لەجیاوازی ڕەگەزی بپارێزێو، پاشەڕۆژێکی ئارامو ئاسودەیان بۆ دابین بکا ئەبێ:

یەکەم؛ پارێزگاری قەوارەی فیدرالی هەرێمی کوردستان بکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵ بدا دەسەلاتو سامان لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەندا بەجۆرێکی عادلانە دابەش بکاو، سنوری جوگرافی ناوچەکەی دیاری بکا.
دووەم؛ بوونی بەردەوامی کاریگەرو چالاکی هەبێ لەناوەندا. دابڕانی کورد لەناوەندی بڕیاردانی عیراقی کورد ئەخاتەوە بەر مەترسی ئەوەی ببێتەوە بەهاووڵاتی پلەی دووەمو، هەموو دەستکەوتە قانونی، سیاسیو ئابووریەکانی لێبسەنرێتەوە. ئەمەیش لەدوو لایەندا خۆی ئەنوێنێ:
لایەنی تیۆری، رەنگدانەوەی مافی نەتەوەیی کورد، ئێستا لە (قانون ادارة الدولة العراقية)و لە دواڕۆژدا لە (دەستور)دا، کەگرنگترینیان:
سەلماندنی پێکهاتنی گەلی عیراقە لەدوو نەتەوەی سەرەکی کوردو عەرەبو، پێکهاتنی سەرزەمینی عیراقە لەکوردستانو باقی پارێزگاکانی عیراقو هاوبەشی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبە لەدەوڵەتو هەموو داوودەزگا جۆراوجۆرەکانیدا.
لایەنی عەمەلی، نواندنی کورد:
لەپارلەمانی ناوەندیدا چۆن ئەبێو،
لەکابینەو داوودەزگاکانی حکومەتی ناوەندیدا چەند ئەبێو،
بەشی لەبودجەی ناوەندیدا چەند ئەبێ؟
ئەبێ گروپی کورد لەمەجلیسی حوکمدا هەوڵ بدا خواستەکانی کورد: چ ئەوی پێوەندی بەکوردستان (بەهەرێمەوە) هەیەو، چ ئەوێ پێوەندی بەدەوڵەتی عیراق (بەناوەندەوە) هەیە. لەقاڵبی قانونیدا دابڕێژێو بیکا بە بەشێ لەمادەکانی (قانون اداره الدوله العراقيه للفتره الانتقاليه).
سەرەڕای هاژوهوژی هەندێ لەدەوڵەتانی دراوسێ، ئێستا تەرازوی هێزی سیاسی لەعیراقدا بەقازانجی کوردە، ئەتوانێ زۆر لەخواستە سەرەکییەکانی بسەپێنێ، ئەگەر ئەم هەلە لەم قۆناغەی ژیانی سیاسی عیراق دا لەدەست بداو، هەڵی بگرێ بۆ کۆتایی ساڵی (٢٠٠٥)، کێ ئەڵێ ئەوسا هەلومەرجی عیراق بەجۆرێ ناگۆڕێ دەوری کوردی تێدا بچوک ببێتەوە.
ئەندامانی مەجلیسی حوکم، لەباوەڕهێنانەوە بێ بەرەوایەتی مافی کورد یان بۆ رازی کردنی دڵی هاووڵاتییە کوردەکانیان بێ، هەموویان فیدرالیزم وەکو سەرەتایەک ئەسەلمێنن. لەبەیانی دامەزراندنی مەجلیسی حوکم دا کەڕۆژی ١٣ی ٧ی ٢٠٠٣و لەبەیانە سیاسییەکەیدا کەڕۆژی ٢٢ی ٧ی ٢٠٠٣ بڵاوکرایەوە، لەهەردووکیان دا سەرەتای فیدرالیزم سەلمێنراوە. زۆر لەئەندامەکانیشی لەگفتوگۆی رۆژنامەوانیدا سەلماندویانەتەوە. فیدرالیزم شتێکی تازە نیە لەداهێنانی کورد بێ. چەندین دەوڵەتی فیدرالی پچوکو گەورە لەسەرانسەری دنیادا هەیەو چەندین نمونەی سەرکەوتویان پێشکەشی بیری قانونیو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سیاسی مرۆڤایەتی کردوە، کەچی فیدرالیزم لەعیراق دا وەکو مەتەڵی لێ هاتوە، هەر یەکە بەجۆرێ لێکی ئەداتەوە. کە دێتە سەر باسی ڕێکخستنی پێوەندی نێوان کوردستانو ناوەندو باسی جۆری فیدرالیو دەسەلاتەکانیو سنوری جوگرافی ئەیانەوێ هەڵبگیرێ بۆ کاتی هەڵبژاردنی گشتیو نوسینی دەستور.

ئێستا کە (قانون اداره الدوله العراقیه للفتره الانتقالیه) ئەنوسرێ، قۆناغێکی گرنگە لەژیانی کوردو لەژیانی عیراقدا. لەم قانونەدا ئەشێ سیمای دەوڵەتی عیراقی نوێو سنوری مافە نەتەوەییەکانی کورد دیاری بکرێ. کاتی گوڵبارانی کاربەدەستانی ئەمریکیو (موجامەلە)ی هێزە سیاسییەکانی عیراق بەسەرچوو. کاتی پێ داگرتنە لەسەر چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد. دواخستنی باسی مافەکانی کورد بۆ کاتی هەڵبژاردنی گشتیو نوسینی دەستور، بیانوویەکی زیرەکانەیە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لەناو مەجلیسی حوکم دا، بەکاری ئەهێنن بۆ نەسەلماندنی مافە سەرەکییەکانی کورد. بۆیە نابێ سەرکردایەتی کورد هیچ بیانوێەک بۆ دواخستنی قبوڵ بکاو، ئەبێ سوربێ لەسەر چەسپاندنی مافەکانی خۆیو دانپیانانی هەرچی زوتری‌دا. ئەگەر لەمەدا بەڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ مەجلیسی حوکمو سوڵتەی ئیئتیلاف، نەگەیشتە ئەنجام ئەبێ پێش تەواوکردنی نوسینی قانونەکەو، پێش کۆتایی مانگی شوبات ڕێگەیەکی تر بگرێ، ئەویش ڕێگەی (مقاوەمەتی سەلبیو عصیانی مەدەنی)یە، سوڵتەی ئیئتیلافو مەجلیسی حوکم تێ بگەیەنێ:

بەشداریی لەمەجلیسی حوکم دا ڕائەگرێو ئەگەر پێویستی کرد لێی ئەکشێتەوە، بەشداریی لەوەزارەتە ناوەندیەکانی بەغدادا ڕائەگرێو، ئەگەر پێویستی کرد لێی دەرئەچێو لەگەڵ سوڵتەی ئیئتیلاف هاوکاری ڕائەگرێو، بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوی مەجلیسی ئینتیقالیو وەزارەتی ئینتیقالی نابێو، لەپرۆسەی گوێزانەوەی دەسەلات دا لەسوڵتەی ئیئتیلافەوە بۆ حکومەتی عیراقی بەشداری ناکا.

کورد بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەڵوێستی خۆی بۆ هەموو دنیا ڕون ئەکاتەوەو، خۆیان ئازادن لەهەڵبژاردنی جۆری بەڕێوەبردنی ناوچەکەیاندا.

ڕەنگە ئەمە شارێی سەلماندنی مافەکانی بێ.

لەنرخی ئەوەدا ئەبێ گەلی کوردو هەمو هێزە سیاسییەکانی خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرگە گرتنی هەموو جۆرە گیروگرفتێکی ئابووری، بازرگانی، دارایی‌و هەموو جۆرە کێشەیەکی سیاسی. کەتوشی ناوچەکەیان ئەبێ.

ئاسۆی کوردستان ڕوناکەو، ڕەوتی گۆڕان لەعیراقو ناوچەکەدا بەقازانجی کوردە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە پەراوێزی "قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق" دا

- چارەنوسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- موڵکیەتی سامانی سروشتی
- گرنگی بونی کورد لە پایە سەروەریەکانی دەوڵەتی عیراق دا هەڵبژاردن لە عیراق دا
- هەڵبژاردن لە کوردستاندا چارەنوسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سایتی "ریفۆرم بۆ" .

١٥ ی ١١ ی ٢٠٠٤

یەکێ لە دەسکەوتە سیاسی و قانونیەکانی کورد لە "قاد" ا بە دەستی هێناوە ناسینی رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. رەنگە هەندێ کەس ئەمە بە کەم بزانێ و بڵێ: "کوردستان خۆی بە کردەوە سەربەخۆ بو و بەمە خراوەتەوە سەر عیراق..." راستیەکەی ئەوەیە کوردستان بە رەسمی سەربەخۆ نەبوە و، هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ و دور و نزیک دانی بە سەربەخۆیی کوردستان دا نەناوە. کە رەفتاریشیان لە گەڵ ئەکرد وەکو حکومەتی ئەمری واقیع "دی فاکتۆ:de facto" نەک وەکو حکومەتی قانونی "دی ژور:de jure" کاریان لە گەڵ ئەکرد، هۆیەکەیشی ئەوە بو کە حکومەتی ناوەندی عیراق بە رەسمی و قانونێ دانی بە ناسینیدا نەنابو.

"قاد" لە م ٥٣ دا نوسیوێتی: "(أ) دان ئەنرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا کە حکومەتی رەسمی ئەو ناوچانەیە کە لە لایەن ئەو حکومەتەوە بەڕێوە ئەبرا لە ١٩ ی ئازاری ٢٠٠٣ دا بەڕێوە ئەبرا لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دیالە و نەینەوا. زاراوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) واتە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەلاتی قەزایی هەرێم لە هەرێمی کوردستان دا"

"(ب) سنوری هەر ١٨ پارێزگاکە لە ماوەی گواستنەوەدا بێ گۆرین ئەمێنێتەوە."

ئەم مادەیە چەند کێشەیەکی بەچارەسەرنەکراوی بە جێ هێشتوە:

یەکەمیان، ماوەی قۆناغی گواستنەوە لە ئیستاوە دەس پێ ئەکا تا هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دا ئەکرێ بۆ "ئەنجومەنی نیشتمانی گواستنەوە" و نوسینی دەستوری دائیمی عیراق و، پەسندکردنی بە دەنگدانی گەلی عیراق و، ئینجا هەڵبژاردنێکی گشتی نوێ بۆ "ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق".

ئەگەر هەمو هەنگاوەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بنرێ، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ درێژە ئەکێشێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوەمیان، سنوری هەر ١٨ پارێزگاکانی عیراق، لە ماوەی قۆناغی گواستنەوەدا بێ گۆڕین، وەکو خۆیان ئەمێننەوە.
رژیمی بەعس دوای ئەوەی هاتۆتە سەر کار دەسکاریەکی زۆری لە دابەشکردنی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی عیراق دا کردوە. بۆ نمونە:
ساڵی ١٩٦٨ کە بەعس هاتە سەر کار، تکریت "ناحیە" بو سەر بە قەزای "سامرا" و قەزای سامەڕاش سەر بە پارێزگای بەغداد بو. لە ناوەڕاستی حوفتاکان دا بەعس تکریتی لە ناحیەوە کردە ناوەندی پارێزگا و، پارێزگاکەیشی ناو نا "صلاح الدین"، گوێا سەلاحەدینی ئەیوبی لە تکریت لە دایک بوە.
کەرکوک پارێزگایەکی گەورە بو قەزاکانی توز، داقوق، چەمچەماڵ، کەلار، کفری ئەگرتەوە. بەعس کەرکوکی پارچەپارچە کرد. توز و داقوقی دا بە تکریت و کفری دا بە دیالە و، چەمچەماڵ و کەلاری خستە سەر سلێمانی، ناوی پارێزگای کەرکوکی گۆڕی بۆ "التأمیم".
مەبەستی لەوەش کەمکردنەوەی ژمارەی کورد بو لە پارێزگای کەرکوک و زیادکردنی ژمارەی عەرەب. تەنانەت لەشکرکێشیە بەدناوەکانی "ئەنفال" ی ساڵی ١٩٨٨ ی ناوچەکانی گەرمیان هەر بۆ ئەوە بو ژمارەی کورد کەم بکەنەوە.

*

دوای راپەڕین هەلومەرجێکی نوێ هاتە پێشەوە. دەسەلاتی کوردی، سەرەڕای پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، دەستی گرت بە سەر هەندێ ناوچەی کوردنشینی سەر بە پارێزگاکانی موسل، تکریت، دیالە. بەڵام زۆر ناوچەی تری کوردستان هەر لە دەس بەعس دا مانەوە. دوای پێکهێنانی "مجلس الحکم" و نوسینی "قاد" ئەو ناوچانە لە روی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتیەوە هەر لە سەر دەسەلاتی ناوەندی و پارێزگا عەرەبیەکان مانەوە.
لە هەمو ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق دا کراون، یەکێ لە کێشە سەرەکیەکانی کە هەمیشە رێگری بەردەم رێککەوتنیان بوە، کێشەی سنوری کوردستان بوە.
گفتوگۆی ساڵی ١٩٧٠ ی سەرکردایەتی بارزانی و سەرکردایەتی بەعس کە بە بەیانی ئازار کۆتایی هات، لەو گفتوگۆیەش دا دیسان دیاریکردنی سنوری کوردستان جێگەی ناکۆکی بوە، نەیانتوانی لە سەری رێک بکەون لە بەر ئەوە بە هەڵواسراوی مایەوە و هەڵیان گرت بۆ ساڵانی داهاتو بە سەرژمێر و دەنگدان بە لایدا بخەن.

لە بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دا نوسراوە: "١٤. دانانی رێوشوێنی پێویست لە دوای بڵاو کردنەوەی بەیانەکە بە راوێژ لە گەڵ کۆمیتەی باڵای سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی، بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکخستنی پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکانی کە زۆرایەتییەکی کوردیان تێدا دانیشتوە بە پێی سەرژمێرێکی ڕەسمی کە ئەکرێ....

بێگومان ئەو کاتە ئەم دواخستنە هەڵەیەکی مێژوویی بو، شەڕی ١٩٧٤ ی لە سەر هەڵگیرسایەوە، ئەمجارەش گروپی کورد لە "مجلس الحکم" دا کە لە کاتی نوسین و ئیمزاکردنی "قاد" ا چارەنوسی هەمو ناوچە کوردستانییەکانیان بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە بۆ پاشەڕۆژ، هەمان هەڵەی مێژوییان دوبارە کردۆتەوە.

قاد لە "م ٥٨" ئەڵێ:

"أ. حکومەتی گواستنەوەی عیراق و، بە تایبەتی کۆمیسیۆنی عیراقی ناکۆکی مولکداری و، دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر، بە پەلە کار بکا بۆ دانانی ڕێوشوێنی بۆ لابردنی بێدادی کە بە هۆی کرداری حکومەتی پێشوەوە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی هەندێ ناوچەی دیاریکراو، لەوانە کەرکوک، بە ڕاگوێزان و دورخستنەوەی کەسان لە شوێنی نیشتەجێ بونیان، کۆچاندنی بە زۆر بۆ ناو و دەرەوەی ناوچەکە، نیشتەجێ کردنی کەسانی نامۆ لە ناوچەکەدا، بێ بەش کردنی دانیشتوانی لە کار و، ڕاستکردنەوەی نەتەوەییان. بۆ چارەکردنی ئەم بێدادیە، حکومەتی گواستنەوەی عیراق ئەبێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێ:

١. سەبارەت بەو دانیشتوانەی ڕاگوێزراون، دور خراونەتەوە، یان کۆچیان پێ کراوە، ئەبێ، بە پێی نیزامی کۆمیسیۆنی عیراقی ناکۆکی مولکداری و، ڕێوشوێنی تر لە چوارچێوەی قانون دا، لە ماوەیەکی مەعقول دا، دانیشتوەکان بگێڕێتەوە بۆ ناو ماڵ و مولکی خۆیان، یان، ئەگەر ئەوە نەتوانرا، ئەبێ بژاردنێکی ڕەوایان بداتێ.

٢. سەبارەت بەو کەسانەی تازە براونەتە ناوچە و شوێنی دیاریکراو، ئەبێ بە پێی مادەی ١٠ ی نیزامی کۆمیسیۆنی عیراقی ناکۆکی مولکداری، بۆ دابینکردنی نیشتەجێ کردنەوەیان، وەرگرتنی بژاردن لە دەوڵەت، یا پێدانی زەوی تازەی دەوڵەتی لە نزیک شوێنی نیشتەجێ کردنیان لەو پارێزگایەی لێوەی هاتون، یان بژاردنی تێچونی جوڵاندنیان بۆ ئەو جۆرە شوێنانە.

٣. سەبارەت بەو کەسانەی بێ بەش کراون لە فەرمانبەری یا هۆی تری پشتیوانی بە مەبەستی کۆچاندنی زۆرملێ بۆ دەرەوەی ناوچە و شوێنەکانیان، ئەبێ هەلی نوێی فەرمانبەریان لەو ناوچە و شوێنانەدا بۆ بڕخسێنێ.

٤. سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی، ئەبێ هەمو بڕیارە پەیوەندیدارەکان هەڵبوەشێنرێتەوە و ئەبێ ڕێ بدرێ بەو کەسانەی دوچاری بون مافی بڕیاردانی ناسنامەی نەتەوەیی و ڕەگەزی خۆیان هەبێ بە ئازادی بێ زۆر لێ کردن و ناچار کردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ب. رژیمی پێشو یاری بە سنوری کارگێڕی کردوە بۆ مەبەستی سیاسی گۆڕیوێتی. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی حکومەتی گواستنەوەی عیراق چەند راسپاردەیەک ئەدا بە کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ چارەکردنی ئەم گۆڕینە نارەوایانە لە دەستوری دائیمیدا. لە حالەتێکا کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە کۆی دەنگ نەیانتوانی رێک بکەون لە سەر دانانی ئەو راسپاردانە، ئەشێ بە کۆی دەنگ حەکەمێکی بێلایەن دابنین بۆ لێکۆڵینەوە و دانانی راسپاردەکانی. لە حاڵەتێکا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیانتوانی رێک بکەون لە سەر حەکەمێک، ئەشێ داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەن کەسێکی ناودەوڵەتی ناودار دابنێ تا ببێ بە حەکەم.

ج. بڕیاری هەمیشەیی ناوچە ناکۆکەکان، لەوانە کەرکوک، دوا ئەخرێ تا تەواو بونی ئەم رێوشوێنانە، ئەنجامدانی سەرژمێرێکی پاک و ڕون و پەسند کردنی دەستوری دائیمی. ئەو بڕیارەش ئەبێ لە گەڵ سەرەتای ڕەوایەتیدا بگونجێ، ویستی دانیشتوانی ئەو شوێنانە لە بەر چاو بگیرێ.

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنوری دەسەلاتی حکومەتی هەرێم هەمویان وەکو یەک نین:

هەندێکیان، ناکۆکیەکی ئەوتۆیان لە سەر نیە و، پارێزگارە عەرەبەکانیش ئەوە ئەسەلمێنن کە ئەو ناوچانە کوردین و بەشێکن لە کوردستان، وەکو خانەقین لە پارێزگای دیالە و، شێخان و مەخمور لە پارێزگای موسل...

هەندێکیان، ناکۆکیان لە سەرە، لەوانە ناوشاری کەرکوک، بە تایبەتی چونکە حکومەتەکانی عیراق وایان لە عەرەب گەیاندوە بە بێ نەوتی کەرکوک لە برسا ئەمرن.

ئەبو گروپی کورد پێ دابگرن لە سەر یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی جۆری یەکەم بۆ ئەوەی بخرانایەتە سەر هەرێمی کوردستان و، ئەکرا یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی ناوچە ناکۆکەکان دوا بخرایە بۆ دوای سڕینەوەی شوێنەواری تەعریب و ئاساییکردنەوەی ناوچەکان. بەڵام هەمویان حەوالەی پاشەڕۆژ کراون.

*

مۆڵگیەتی سامانی سروشتی

سایتی "ریفۆرم بۆ"

١٢ ی ١١ ی ٢٠٠٤

سامانی سروشتی چیە؟

هەمو ئەو شتانەی لە ئەرز و ئاو و هەوادا هەیە و، مرۆڤ دەستی لە دروستکردن و خوڵقاندنیدا نەبوە، بەڵام بە کەڵکی دێن بۆ درێژە پێ دانی ژیانی و خۆش کردنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گوزەرانی. وەکو ئاو، گڕوگیا، ئاژەڵ، گڵ، بەرد، نەوت، گاز، کانزای جۆراوجۆری ئاسن، مس، زێڕ، زیو ....

هەندێ جۆری ئەم سامانە کە بە تەواوی بە کارهێنرا نوێ نابێتەوە و ئەبڕێتەوە وەکو نەوت و ئاوی ژێرئەرز، هەندێکیان نوێ ئەبێتەوە وەکو گڕوگیا.

هەبونی سامان لە سروشت دا بە تەنیا بەس نیە بۆ دەوڵەمەن بونی وڵات و گەلێ، ئەبێ کەلکی لێ وەربگیرێ. دەرهێنانیشی بۆ بەکارهێنان و بۆ ناردنی بۆ بازار، سەرمایە، زانین و شارەزایی و تەکنۆلۆجیا، هێزی مرۆیی پسپۆڕ و کرێکاری شارەزای گەرەکە.

خاوەنێتی سامانی سروشتی

لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەگۆڕێ. لە هەندێ وڵات دا موڵکی دەوڵەتە، بە تەنیا حکومەت بۆی هەیە پرۆژەی دەرهێنانی دابنێ و داهاتەکەی ئەچێتە گەنجینەی دەوڵەتەوە. لە هەندێ وڵاتی تردا سامانی سروشتی موڵکی خاوەن ئەرزەکەیە خۆی ئەتوانی دەری بهێنێ ئەوسا دەوڵەت بۆی هەیە باج لە داهاتەکەی وەربگرێ.

سامانی سروشتی لە عیراق دا

لەوەتی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە دەوڵەت خۆی بە خاوەنی سامانی سروشتی داناوە. بە تەنیا حکومەت مافی دیاریکردن و دەرهێنان و، وەرگرتنی داهاتەکەی هەبوە، خاوەنی شوێنی سامانەکە و، خەڵک بە گشتی، هیچ دەستێکیان لە دەرهێنان و دابەشکردنی داهاتەکەی دا نەبوە. شوێنێ کە سەرچاوەکانی نەوت و گازی تێدا بوبێ دەوڵەت دەستی بە سەردا گرتوە و خۆی کردۆتە خاوەنی.

سەرەڕای ئەوەش لە بەر ئەوەی هەمو شت پاوانی دەوڵەت بو، رێگەی نەئەدا بە کۆمپانیای خاوەن سەرمایەی عیراق یان بێگانە سەرمایە لە بواری دەرهێنانی سامانی سروشتیدا بە گەڕ بخەن. تەنانەت کۆمپانیای نەوتی عیراق کە بەشێکی هی چەند کۆمپانیایەکی بێگانە بو، لە ۱۹۷۳ دا "تأمیم" گەلاندی و، هەموی کردە عیراقی.

چەند جارێ پشکنینی جیۆلۆجی، لە لایەن کۆمپانیای بێگانە و شارەزایانی عیراقیەوە کراوە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە پشکنینی تەواو بکرێ و، سودی ئابوری هەر یەکێکیان بزانرێ. عیراق ئاگاداریەکانی لە سەر سەرچاوە و سامانە سروشتیەکان بە یەکێ لە شتە زۆر نهێنیەکانی دەوڵەت داناوە. رێگەی نەداوە بڵاو بکرێنەوە.

سیاسەتی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد، لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵی یەکەمەوە ئەوە بوە نەهێڵن ژێرخانی ئابوری کوردستان پتەو و بە هێز بێ، نەیان هێشتوە لە هیچ شتێک دا سەربەخۆ بێ. بەڵکو هەمیشە پلانەکانی "مجلس الاعمار" ی سەردەمی پاشایەتی و "وزارە التخطیط" ی سەردەمی جمهوری بە جۆرێ دانراون کە کوردستان ببەستێتەوە بە عیراقەوە و، کوردستان بۆ هەمو پێویستیەکانی ناچاری عیراق بێ، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستی کرد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەکو چەک بە کاری بهێنن لە دژی و توانای خۆجیاکردنەوەی نەبێ. ئەگینا لە کوردستان ئەتوانرا دەیان دامەزراوی گەورەی دەرهێنانی نەوت، گاز، ئاسن، مس، کارەبا... دروست بکرێ.

*

دوای راپەڕین، بە کار هێنانی موچە، کارەبا، سوتەمەنی، خۆراک، تەلەفۆن... "وەکو چەک" بۆ چۆک پێ دادانی کورد، ئەبێ دەرسێ بێ بۆ سەرکردەکانی کورد، ڕێ نەدەن لە ئیستا و پاشەڕۆژدا حکومەتی ناوەندی عیراق بتوانێ دوبارەی بکاتەوە.

*

ئەگەرچی عیراق چەندین جۆر سامانی سروشتی تێدایە، بەڵام لە ناو هەمویان دا بایەخی بە نەوت و ئاو داوە، ئەوانی تری، زۆر کەمی نەبێ وەکو فۆسفات و گۆگرد و خوێ، پشت گوێ خراون. هەوڵێکی ئەوتۆی نەداوە کەڵکیان لێ وەربگرێ.

عیراق، لە ناو ئەو هەمو سامانە سروشتییەدا کە هەیەتی، بایەخی یەکەمی بە نەوت و ئینجا بە ئاو داوە:

نەوت، بۆ بە سەرچاوەی داهاتی دارایی بۆ بە هێزکردنی جەیش و دەزگا ئەمنییە سەرکوتکەرەکان...

لە گفتوگۆکانی سەرانی کورد و سەرانی بەعس دا، سەرانی بەعس لەوانە صەدام حسێن، تاریق عەزیز، عەلی حەسەن مەجید، سەعدی مەهدی سالح... یەکێ لە هۆ سەرەکییەکانی کە بە هیچ جۆرێ رازی نەئەبون کەرکوک بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و، دواتر هەرێمی کوردستان ئەیان وت: "کەرکوک نەوتی تێدایە ئەگەر بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەبێتە بناغەی ئابوری سەربەخۆیی کوردستان و جیا بونەوەی لە عیراق..." جگە لەم بیانوە، بیانوییەکی قانونی تریشیان ئەهێنایەوە ئەیان وت: "بە پێی دەستور و قانونەکانی عیراق، حکومەتی ناوەندی خاوەنی سەرچاوە سروشتییەکانە، دەرهێنان و فرۆشتن و بە کار هێنانی داهاتەکەی مافی حکومەتی ناوەندییە لە بەر ئەوە کەرکوک و هەر جێیەکی تر نەوتی تێدا بێ ئەبێ بە دەس حکومەتی ناوەندییەوە بێ..."

ئاویش، بۆ بە هۆی ژێر ئاو خستنی سەدان هەزار دۆنم ئەرزی بە پیتی کشتوکاڵ لە کوردستان. تەنانەت ئاویش کە ئەوان بە کاڵایەکی ستراتیجی یان دائەنا جۆری بە کارهێنان و بەڕێوەبردنیان بە دەس خۆیانەوە گرت بۆ، لە هیچ گفتوگۆیەک دا رازی نەبون، بەڕێوەبردنی ئەستێلەکانی دوکان و دەربەندیخان بە حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان بسپێرن و ئامادە نەبون لە ئاوی ئەو دو ئەستێلە گەورەیە بەشی کوردستان بدەن.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ساڵی ۱۹۲۷ەوە نەوت لە کەرکوک دەرئەهێنرێ و لە بازارەکانی دنیادا ئەفرۆشرێ. دوای کەرکوک لە دیالە (خانەقین) و، لە بەصرا و عەمارە و چەند شوێنی تر کەوتنە هەڵکەندنی بیر و دروست کردنی دامەزراوی نەوتی.

عیراق دوەمین زەخیرەی نەوتی دنیای هەیە. بە پێی ئاگاداریەکانی دەزگا شارەزاکانی کاروباری نەوت عەرەبستانی سعودیە خاوەنی یەکەمین زەخیرەی نەوتی دنیایە. لەم ساڵانەی دوایی‌دا، قسە هەبو، کە زەخیرەی نەوتی ناوئەرزی عیراق لە هی سعودیە زۆرترە. داهاتی نەوت بۆ خەڵکی عیراق "نیعمەت" و مایەی خێر و خۆشی نەبوە. بە داهاتی نەوت دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز دامەزرا و، ئەویش ماکینەیەکی جەنگی گەورە و بە هێز و، داوودەزگای داپڵۆسینی گەورە و بە هێزی، دامەزراند. ئەو شوێنانەی نەوتیان لێ دەرهێناوە هیچ گەشەکردن و پێشکەوتنێکیان پێوە دیار نیە. چونکە داهاتی نەوت لە باتی بە هێزکردنی ژێرخانی ئابوری و، گەشە پێدانی وڵات و، خۆش کردنی گوزەرانی خەڵک، بە زۆری بۆ کاروباری جەنگی و ئاسایش تەرخان کراوە.

حکومەتەکانی عیراق، سەرەڕای جیاوازیان، بە داهاتی نەوت لە ۱۹٦۱ەوە درێژەی بە جەنگێکی خوێناوی دا دژی گەلی کورد و، هەر بە داهاتی نەوت ۸ ساڵ شەڕی لە گەڵ ئێران کرد و، هەر بە پارەی نەوت کوەیتی داگیر کرد. ئەگەر داهاتی زۆری نەوت نەبوایە نەیئەتوانی ۱ ملیۆن عیراقی بکا بە سەرباز و ببا بۆ جەنگ و، لە میصرەوە ۲ ملیۆن کرێکار بێنێ لە عیراق کار بکەن.

کەواتە کێشەی خاوەنێتی سەرچاوە سروشتیەکان و جۆری دابەشکردنی داهاتەکەی ئەبێ بە جۆرێ رێک بخرێ، کە مەینەتیەکانی رابوردو دوبارە نەبێتەوە.

کورد ئەتوانێ لەو بارەیەوە کەڵک لە تەجروبەی رێککەوتنی حکومەتی ناوەندیی سودان و جنوبی سودان وەربگرێ دەربارەی "دابەشکردنی دەسەلات و سامان" لە نێوان حکومەتی ناوەندیی بەغداد و کوردستان دا.

کورد لە هەمو گفتوگۆکانیدا لە گەڵ بەعس، ئەوەی سەلماندوە کە سەرچاوە سروشتیەکان موڵکی حکومەتی ناوەندی بێ، بەڵام هەمیشە سور بوە لە سەر ئەوەی بە جۆرێکی دادپەروەرانە بە سەر دانیشتوانی عیراق دا دابەش بکرێ. ئەمە وەکو راستیەکی بەڵگە نەویستی لێ هات بو، تەنانەت ئەو پرۆژەیەش کە "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان" بۆ دەستوری عیراق و بۆ دەستوری کوردستانی نوسی بو، دیسان موڵکیەتی سەرچاوە سروشتیەکانی بۆ حکومەتی ناوەندی هێشت بوەوە، بەڵام بەو مەرجەی کە داهاتەکەی بە پێی سەر بە سەر دانیشتوانی عیراق دا دابەش بکرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ یەکەمین جار کە هەندێ گۆڕین لە بیری سیاسی سەرکردایەتی کوردا روی دا کاتی گفتوگۆکانی نوسینی "قاد" بو، کاتێ هەندێ بابەتی تازە هاتنە ناو خواستەکانی کوردەوە لەوانە: مولکیەتی سامانی سروشتی و، یەکسانی زمانی کوردی و عەرەبی..

گروپی کوردی مح، لە پرۆژەکەدا ئەو مادەیەیان گۆڕی بەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان مولکی حکومەتی کوردستان بێ، مافی دەرهێنان و بەکار هێنانی بە دەس خۆی بێ. لە باتی ئەوەی حکومەتی هەرێم چاوەڕێ بکا ناوەند لە داهاتەکانی سامانە سروشتییەکان بەشی بدا، ئەم بۆ دابینکردنی داهاتی بودجەی گشتی عیراق، لە داهاتی خۆی بەشی ناوەند بدا.

ئەم بیرۆکەیە زۆری نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، بە تایبەتی سوننەی سێگۆشەی عەرەبی و بەغداد، دژی ئەوەستن. هەمو ئەوانەی لە گەڵ دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی بە هێزدان لە بەغداد، ئەگەر لە گەڵ سەلماندنی فیدرالی بن یا دژی بن، دژی ئەوەستن. هۆی ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ هەژاری ئەو ناوچانە لە سەرچاوەی سروشتیدا.

سەبارەت بە مولکیەتی سامانی سروشتی دو بیروبۆچونی جیاواز لە ناو ئەندامەکانی مح و سام دا هەبو:

یەکێکیان، ئەیویست مولکیەتی سامانی سروشتی بگەڕێتەوە بۆ هەرێم و پارێزگاکان، زۆری ئەندامانی هەردو گروپی کوردی و شیعی، لە سەر ئەم باوەڕە بون. بە تایبەتی کە نەوتی عیراق زۆری کەوتۆتە ناوچەکانی ئەوانەوە، لە کاتێک دا ناوچەکانی ئەوان لە ناوچە هەرە هەژارە دواکەوتوەکانی عیراقن.

ئەوی کەیان، ئەیویست مولکیەتی سامانی سروشتی هەر بە دەس دەوڵەتەوە بێ حکومەتی ناوەندی بە عەدالەت دابەشی بکا بە سەر هەمو دانیشتوانی عیراق دا. ئەندامەکانی گروپی سوننەی عەرەب و، بریمەر و کاربەدەستانی سام لەو باوەڕەدا بون. هەر ئەوەیشیان سەپاند.

مادەی ٢٥ ی قاد تەرخان کراوە بۆ دەسەلاتەکانی حکومەتی گوێزانەوەی قۆناغی داهاتوی عیراق تا دەستوری دائیمی ئەنوسرێ و حکومەتێکی تر لە ئەنجامی هەڵبژاردن دا دێتە سەر کار. یەکێ لە دەسەلاتەکانی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهاتی سەرچاوە سروشتییەکانە.

"م ٥٢ (٥)" ئەڵێ: "بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی عیراق، کە هی هەمو خەڵکی گشت هەرێمەکان و پارێزگاکانی عیراقە، بە راوێژ لە گەڵ حکومەتەکانی هەرێمەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان و، دابەشکردنی داهاتەکانی کە لە فرۆشتنیانەوە دێ لە رێگەی بودجەی نیشتمانییەوە بە شێوەیەکی عادیلانەی گونجاو لە گەڵ دابەشبونی دانیشتوان لە سەرانسەری وڵات دا، لە گەڵ رەچاو کردنی ئەو ناوچانەی بە جۆرێکی ناڕەوا بێ بەش کراون لەم داهاتانە لە لایەن رژیمی پێشوەوە و، رەفتار کردن لە گەڵ بارودۆخی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوان بە چەشنێکی ئیجابی و، پێویستی‌یەکانیان و، رادەی گەشەکردنی ناوچە جیاوازەکانی وڵات.

ئەم بابەتە ناکۆکی لە سەر بوە، بۆیە تەماوی و لێڵە و، بە وردی رون نەکراوەتەوە. زیاتر لەوەی لە مادەی قانونی بچێ لە "إنشاء"یەکی کاڵوکرچ ئەچێ. ئەسڵی‌یەکەی بە ئینگلیزی نوسراوە و کراوە بە عەرەبی و، لە عەرەبی‌یەوە کراوە بە کوردی. دەقە کوردی‌یەکەی کە "سام" بڵاوی کردۆتەوە ئەوەندە ناقۆڵایە بۆ ئەوە ناشێ بکرێ بە سەرچاوە. لە بەر ئەوە ئێمە دەقە ئینگلیزی‌یەکەمان کرد بە بنچینەی وەرگرتنی مادەکە و، لێرەدا هەوڵی شی کردنەوەی ئەدەین:

لە قانونەکانی پێشودا سامانی سروشتی مولکی دەوڵەت بو، لێرەدا ناوی دەوڵەت و حکومەت نەهێنراوە. ئەڵێ: "هی هەمو خەڵکی گشت هەرێمەکان و پارێزگاکانی عیراقە" لە مەش دا بڕیاردانی دەرهێنان و بە کار هێنانی هەر لە دەس حکومەتی ناوەندی‌دا ماوەتەوە، بە واتەیەکی تر رستەکان گۆڕاون بەڵام جەوهەرەکەی وەکو خۆی ماوە.

لە قانونەکانی پێشودا حکومەتی ناوەندی خۆی داهاتی دابەش ئەکرد و خۆی پێویستی‌یەکانی پارێزگاکانی دیاری ئەکرد و خۆی بودجەی نیشتمانی دائەنا، لێرەدا "بە راوێژ لە گەڵ حکومەتەکانی هەرێمەکان و بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی پارێزگاکان" دائەنرێ، لە رێگەی بودجەی گشتی‌یەوە بە شێوەیەکی عادلانە دابەش ئەکرێتەوە. بۆ ئەوەی عادلانە بێ ئەبێ: یەکەم، دابەشکردن بە پێی سەری دانیشتوانی ناوچەکان بێ. دوەم، ئەو ناوچانەی، لە بەر هۆی سیاسی، نەتەوەیی، تائیفی... لە لایەن رژیمی بەعسەوە بێ بەش کراون بەشی زیاتریان بدرێتێ. سێیەم، هەڵسەنگاندنی پێویستی‌یەکانی ناوچەکان و رادەی گەشە کردنی.

ئەمانە هەمو شتی گشتین وردکردنەوەیان زۆر ناکۆکی و جیاوازی لێ ئەکەوێتەوە. بۆ نمونە: رەنگە هیچ ناوچەیەکی عیراق بە ئەندازەی کوردستان زەرەر و زیانی لێ نەکەوتبێ، زۆری دێهاتەکانی وێران کران و، دانیشتوانی لە ئۆردوگادا کۆ کرانەوە، ئەوەی کورد و باووباپیرانیان بە هەزاران ساڵ دروستیان کرد بو، رژێمی بەعس بە تەواوی روخاندی. بەڵام لە ١٩٩١ هوە کە کوردستان لە دەس حکومەتی ناوەندیی بەغداد رزگاری بو، بە هیمەتی خەڵکی کوردستان و بە یارمەتی رێکخراوە خێرخوازەکانی دنیا، سەر لە نوێ دێهاتی کوردستان ئاوەدان کرایەوە، کشتوکاڵ و ئاژاڵداری دەستی پێ کردەوە. ئەگەر ئیستا بەراوردێ لە نێوان دێهاتەکانی هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان لە گەڵ دێهاتەکانی پارێزگا شیعەنشینەکان دا بکرێ، کوردستان لەوان گەشە کردوترە. کەواتە پێوانە چیە بۆ زەرەر لێ کەوتن و بێ بەش کردن و رادەی گەشە کردن؟

لە دەقی برگەکەدا جارێک رستەی "بە شێوەیەکی عادلانە" و جارێکی تر "بە چەشنێکی ئیجابی" هاتوە، ئەم وشە و رستانە لە روی دارایی و قانونی‌یەوە چی ئەگەیەنن؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چ گەرەنتییەک هەیە حکومەتەکانی عیراق لە داهاتودا، بە تایبەتی کە بەهێز بوەوە، بۆ ئەوەی کورد بە لاوازی بمێنێتەوە و هەرگیز توانای جیابونەوەی نەبێ، پێڕەوی هەمان سیاسەتی پێشوی ڕێگە نەدان بە گەشە کردن و پتەو بونی ژێرخانی ئابوری کوردستان ناکا و، ئەمیش کۆسپ ناهێنێتە ڕێی دامەزراندنی دامەزراوی نەوت و گاز و سامانی سروشتی تر و، هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی دنیا بۆ سەرمایەگوزاری لە کوردستان دا؟
پێویستە کورد خەبات بکات لە دەستوری دائیمی عیراق دا سامانی سروشتی کوردستان ببێتە مولکی خەڵکی کوردستان و، حکومەتی هەرێم مافی دەرهێنان و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی هەبێ، مافی بانکگردنی کۆمپانیا گەورەکانی جیهانی هەبێ بێن لە کوردستان لە کەرتی سامانی سروشتیدا سەرمایە بە گەڕ بخەن.
داهاتەکەیشی کە ئەگەڕێتەوە بۆ هەرێم ئەوسا ئەشێ بە پێی ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرالی دابەش بکرێ:
١. بەشێکی بۆ بودجەی فیدرالی دەوڵەتی عیراق، کە بەرپرسە لە کاروباری بەرگری و دەرەوە و دارایی و کارە گشتییەکانی هەمو عیراق.
٢. بەشێکی بۆ بودجەی هەرێم.
٣. بەشێکی بۆ یارمەتی دانی هەرێم و پارێزگا هەژارەکان.

*

گرنگی بونی کورد لە پایە سەروەریەکانی دەوڵەتی عیراق دا

سایتی "ریفۆرم بۆ"
١١ ی ١١ ی ٢٠٠٤

لە زۆر دەستوری دنیادا نوسراوە: "گەل سەرچاوەی سەروەرییە". لە وڵاتانی دیمۆکراتیدا لە ڕێگەی دەنگدانەوە بە کاری ئەهێنێ. بە جۆرێ لە جۆرەکان، بەشداری ئەکا لە دانانی ئەنجومەنی دانانی قانون و ئەنجومەنی وەزیران و سەرکۆماردا.
وەکو نواندنەوەی سەروەری هەندێ پایەی دەوڵەتی هەیە کە لە پایەکانی تری گرنگترە، چونکە پێوەندییان بە بڕیاردانی سیاسی وڵاتەکەوە هەیە: پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتان. پێوەندی دیپلۆماسی. پاراستنی ئاسایشی دەرەکی و ناوەکی. ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی. ڕێککەوتنی سیاسی، ئابوری، بازرگانی، فەرهەنگی، سەربازی..... ئەگەر هەر یەکێ لەمانە پێویستییان بە ڕەزامەندی پارلەمانیش هەبێ، بڕیاردان لە مانە لە ناو هەندێ کۆڕی پچوکتردا ئامادە ئەکرێ و، ئەچێتە بەردەم دەزگاکانی دەوڵەت بۆ دوا بڕیار، لەوانە: سەرکۆمار، سەرۆکی وەزیران، وەزیرەکانی بەرگری، ناوخۆ، دەرەوە، دارایی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە عیراق دا کە بە دو قۆناغی سیاسیدا تێپەڕیوە یەکێکیان پاشایەتی و ئەوی تریان کۆماری لە هەردوکیان دا کورد لە وەزارەتەکانیدا بەشداری کردوە.
لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١ - ١٩٥٨) کەسانێ بون بە وەزیری بەرگری، ناوخۆ و، هەندێ جار بە سەرۆەزیر کورد بون، بەڵام ئەوانە بەو پلە و پایەیە نەگەیشتون بۆ ئەوەی نوێنەری کورد بن لە دەزگاکانی دەوڵەت دا. بەڵکو ئەوانە لە بەر ئەوەی یەکەم، دڵسۆزی رژیمی پاشایەتی و، سیاسەتی بریتانیا و بلۆکی رۆژئاوا بون و، دوەم، لە بەر ئەوەی خۆیان وەکو کەس بە توانا و لێوەشاوە بون. کورد، هەم لە روی ژمارەوە لە چاو دانیشتوانی عیراق دا و هەم لە روی راگرتنی هاوسەنگی مەزەبیی سوننی – شیعەوە، هیچ کات کاربەدەستانی عیراق نەیانتوانیوە فەرامۆشیان بکەن. هەمو جار و لە هەمو سەردەمەکان دا هەوڵی ئەوەیان داوە کورد لە وەزارەتەکان دا هەبێ.
لە سەردەمی کۆماریدا (١٩٥٨ - ٢٠٠٣) زۆرجار کورد بون بە وەزیر. چەند جارێکی کەم نەبێ کە لە ئەنجامی رێککەوتنی سەرکردایەتی جولانەوەی کورد و حکومەت دا بە نوێنەرایەتی کورد بون بە وەزیر، ئەوانەش وەزارەتی گرنگ و سەروەری نەبون، هەمو جارێ کاربەدەستان کەسانێکیان لە کورد کردۆتە وەزیر کە گوێڕایەڵ و ملکەچی خۆیان بون.
ئەگەر لە سەردەمی پاشایەتیدا چەند جارێ کورد بۆتە وەزیری بەرگری و ناوخۆ، لە سەردەمی کۆماریدا هیچ کات کورد پایە گرنگەکانی دەوڵەتی: سەرکۆماری، سەرۆەزیری، وەزارەتەکانی بەرگری، ناوخۆ، دەرەوە، دارایی، نەوت، کە لە عیراق دا بە پایە سەروەریەکانی دەوڵەت دانەنرێن، پێ نەسپێردراوە. کورد وەکو هاوواڵاتی پلەی دوەم و گومان لێ کراو و نادڵسۆز سەیری کراوە، لە بەرامبەر ئەوەدا کوردیش هەستی هاوواڵاتیێتی عیراقی نەبوە، ئەگەر هەیشی بوبێ زۆر کز بوە و، دەوڵەتەکەی بە هی خۆی نەزانیوە.
حکومەتی عیراق جەنگی دژی کورد راگەیاند، جەنگی دژی شیعە راگەیاند، جەنگی دژی ئێران هەڵگیرساند، پەلاماری کوەیتی دا و داگیری کرد، روبەڕوی هێرشی ٣٠ دەوڵەت بوەوە، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هێنایە سەر خۆی، سەدان هەزار بەڵکو چەند ملیۆنی بە کوشت دا، هەمو سامانی عیراقی بە فیڕۆ دا... کورد لە هیچ کام لەم بڕیارانەدا بەشدار نەبون. کێ بەشدار بوە لەم بڕیارە چارەنوسسازانەدا؟
بێگومان عیراقی داهاتو ئەبێ وەکو عیراقی رابوردو نەبێ. عیراقی داهاتو چۆن ئەبێ؟ هێشتا دیار نیە چونکە لە قۆناغی دروست کردنەوەدایە. بۆ ئەوەی کورد توشی کارەسات و مەینەتییەکانی رابوردو نەبێتەوە، ئەبێ دەورێکی کاریگەری هەبێ لە جۆری دروست کردنەوەیدا و، هەر لە ئیستاوە هەوڵ بدا ئەو بیروبۆچونە شۆڤێنییانەی جارانی عەرەب کە کوردیان لە خۆیان بە کەمتر و پچوکتر دانەنا و، بە هاوواڵاتی پلەی دوەمیان ئەژمارد، لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕەگوریشەوە هەڵتەکێنن. هەندێ نەریتی سیاسی نوێ لە حوکمڕانی عیراقیدا بچەسپێنن. ئەبێ ئەوە لە لایەکەوە وەکو بیروباوەڕ لە دەستوری دائیمیدا ڕەنگ بداتەوە، لە لایەکی تریشەوە بە کردەوە لە داوودەزگاکانی دەوڵەت دا خۆی بنوێنێ.

کورد لەم قۆناغەدا لە چارەی نوسراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق دا بمێنێتەوە. مادەم ئەمە قەدەری بێ ئەبێ هەوڵ بدا لە پەراوێزدا نەبێ و لە ناوجەرگەی دەوڵەتەکەدا بێ. بیسەلمێنێ و بیسەپێنێ کە ئەم بەشدارێکی پچوک نیە، کورد لە گەڵ عەرەب لەم دەوڵەتەدا هاوبەشە و، هاوبەشێکی سەرەکییە.

ئەگەر کورد هاوبەشە لە گەڵ عەرەب ئەی بۆچی کورد بۆی نەبێ ببێ بە سەرکۆمار و سەرۆکی وەزیران و وەزیری بەرگری و ناوخۆ و دەرەوە و نەوت و راوێژکار ئاسایشی نیشتمانی؟ بۆ ئەبێ ئەو پایانە بە تەنیا بۆ عەرەب پاوان بێ؟ ئەبێ کۆتایی بەو نەریتە ڕەگەزپەرستانەیە بهێنرێ. ئەویش بەوە ئەکرێ کورد پێ دابگرێ لە سەریان بۆ ئەوەی بەشی هەبێ لە هەمو پایە گرنگەکان دا و، بەشەکەیشی مسۆگەر بێ و، ببێتە نەریتێکی پێڕەوی کراو بۆ ئیستا و بۆ پاشەڕۆژ.

بونی کورد لە دەزگای بڕیاردانی عیراقیدا چەند گرنگی گەورەی هەیە:

١. بەشدار ئەبێ لە هەمو بڕیارێک دا کە پێوەندی هەبێ بە کاروباری ناوخۆی عیراق و دەرەوەی.

٢. ئاگادار ئەبێ لە هەمو ڕوداوەکانی ناو عیراق و لە هەر ڕوداوێکی چاوەڕێ نەکراو کە ڕەنگە بقەومێ.

٣. بەشدار ئەبێ لە ڕێکخستنی پێوەندی عیراق لە گەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا، بە تایبەتی ئێران و تورکیا و سوریا کە چەند ملیۆن کوردیان تێدا ئەژی، زۆر جار هەڵوێستی دوژمنانە لە مافەکانی کورد دەرئەبڕن.

ئەوانەی تیروتوانجیان لە سەرکردەکانی کورد ئەگرت، لە سەر ئەوەی پێیان دائەگرت کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراق دا دەنگی هەبێ، کە یا سەرکۆمار یا سەروەزیر لە کورد بێ، بە هەڵەدا چو بون، چونکە هەوڵەکە بۆ ئەوە بو، ئەوە ببێتە نەریتێکی سیاسی لە عیراق دا، نەک بۆ ئەوەی کورسی و پلە و پایە بۆ خۆیان بە دەس بهێنن. لە ڕاستیدا کاتی هیچ کام لەو دو پایەیە بە کورد نەدرا، کورد هەڵێکی گرنگی لە دەس دا. ئەگەر ئەوە ڕێ بدرێ جاری داهاتو دوبارە ببێتەوە، ئەبێتەوە بە نەریتێکی سیاسی، کورد ئەخرێتەوە پەراوێزی دەزگای بڕیاردانی سیاسی لە عیراق دا.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژاردن لە عیراق دا

سایتی "ریفۆرم بۆ"

١١ ی ١١ ی ٢٠٠٤

پرۆسەی سیاسی لە عیراق دا بە پێی "قاد" و، موافەقەتی "سام" و، بڕیاری "ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان" کراوەتە چەند قۆناغێ:

"قۆناغی گواستنەوە" لە ٣٠ ی ٦ (حوزەیران) ی ٢٠٠٤ ەوە دەس پێ ئەکا تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی کە نابێ لە ٣١ ی ١٢ (کانونی یەکەمی) ە ٢٠٠٥ تێ بپەڕێ.

قۆناغی گواستنەوەش ئەبێ بە ٢ مەنزل:

مەنزڵی یەکەم، لە ٣٠ ی ٦ (حوزەیران) ی ٢٠٠٤ دەس پێ ئەکا بە پێکهێنانی حکومەتێکی عیراقی کاتی (: حکومە عیراقیە مؤقتە) خاوەن سەرۆەری.

مەنزڵی دوەم، لە ڕۆژی پێکهێنانی حکومەتێکی عیراقی گوێزانەوە "حکومة عراقیة إنتقالیة"ەوە دەس پێ ئەکا دوای هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی"الجمعیة الوطنیة" کە تا ٣١ ی ١٢ (کانونی یەکەم) ی ٢٠٠٤ ئەبێ ئەنجام بدرێ و، ئەگەر نەتوانرا نابێ لە ٣١ ی ١ (کانونی دوەم) ی ٢٠٠٥ تێ بپەڕێ."م ٢"

کاری سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی بریتیە لە:

هەڵبژاردنی سەرکۆمار و ٢ جێگر کە پێکەوە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێک ئەهێنن "م ٣٦ (أ)". ئەوانیش سەرۆەزیران دیاری ئەکەن و، سەرۆکی وەزیرانیش وەزیرەکانی ناو ئەنێ. "م ٣٨"

بەخشین و سەندنەوەی باوەڕ بە وەزارەت و بە وەزیرەکان. "م ٤٠"

دەسکاری و پەسندکردنی بودجەی عیراق. "م٣٣ (ج)"

نوسینی دەستوری دائیمی عیراق. "م ٦١"

کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوە ئەبێ تا ١٥ ی ٨ (ئاب) ی ٢٠٠٤ لە نوسینەوەی مسوەدەی دەستور ببێتەوە، مەگەر کۆسپێکی وای بێتە ڕێ پێویست بە درێژکردنەوەی تەمەنی بکا ئەوسا سەرۆکی ئەنجومەن بە ڕەزامەندی زۆرایەتی ئەندامەکانی ئەتوانێ لە ١ ی ئاب دا داوا لە "ئەنجومەنی سەرۆکایەتی" بکا ماوەی نوسینی بۆ درێژ بکاتەوە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆی هەیە ٦ مانگی تر ماوەیان بدات بۆ تەواوکردنی. "م ٣١ (و)"

مسوەدەی دەستور ئەخرێتە بەردەم گەلی عیراق بۆ دەنگدان لە سەری. ئەگەر بە پەسندکران دەنگی لە سەر درا ئەوە ئەبێتە دەستوری عیراق و، بە پێی ئەو دەستورە سەر لەنوێ ئەبێ تا کۆتایی ٣١ ی ١ (کانونی یەکەم) ی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دا بکرێ "م ٦١" بەڵام ئەمجارەیان بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی ئاسایی، کە ڕەنگە هەر ٢ یا ٤ ساڵ جارێ نوێ ببێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

ئەگەر دەستور لە لایەن زۆرایەتی دەنگدەرانی عیراقەوە پەسند نەکرا یان دوسێیەکی ٣ پارێزگا رەتیان کردەوە، دەستورەکە پەسند ناکرێ. ئەوسا "کۆمەڵەی نیشتمانی" هەڵئەوەشێنرێتەوە و، ئەبێ ئەوپەڕی تا ١٥ ی ١٢ (کانونی یەکەم) ی ٢٠٠٥ هەڵبژاردن بۆ "کۆمەڵەی نیشتمانی" بکرێتەوە بۆ ئەوەی مسوەدەیەکی نوێی دەستور بنوسێتەوە."م ٦١"

*

بە پێی ئامارەکانی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بە تایبەتی رێکخراوی "فاو" کە بەرپرسی دابینکردنی پرۆگرامی "نەوت بە خۆراک" بوە، دانیشتوانی عیراق، ئەوانەی لە ناو عیراق دا ئەژین، بە نزیکە ٢٧ ملیۆن و نیو کەس قەبڵێنراوە، ئەگەرچی دور نیە ئەم ژمارەیە هەندێ فرتوفێڵی تێدا کرابێ و، لە ژمارەی راستەقینەی دانیشتوان زیاتر نوسرا بێ، بەڵام ئەم ژمارەیە کراوە بە بناغە بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوە. هەر ١٠٠.٠٠٠ کەس مافی هەڵبژاردنی ١ نوێنەریان ئەبێ، بەو پێیە "کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوە" پێکدێ لە ٢٧٥ کەس، بێ گوێدانە دین و مەزهب و نەتەوە."م ٣١"

*

لە ئیستاوە تا ٣١ ی ١٢ (کانونی یەکەم) ی ٢٠٠٤ یا ئەوپەڕی تا ٣١ ی ١ (کانونی دوەم) ی ٢٠٠٥ لە سەرانسەری عیراق دا، بە هەرێمی کوردستانەوە، هەڵبژاردن بۆ دو جۆرە دەزگا ئەبێ ئەنجام بدرێ:"م ٣٠"

هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق بۆ ماوەی گوێزانەوە.

هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان."م ٥٧ (ب)"

لە کوردستان دا سەرەڕای ئەم دو هەڵبژاردنە ئەبێ هەڵبژاردنێکی تریش ئەنجام بدرێ، کە هەڵبژاردنی "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان" ە."م ٥٧ (ب)"

*

بریمەر بەر لەوەی عیراق بە جێ بهێڵێ کۆمەڵێ فەرمان (أمر:Order) ی درکردوە، لەوانە:

فەرمانی ژ ٩٢ ی ٣١ ی ٥ ی ٠٤ "کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عیراق دا"

فەرمانی ژ ٩٦ ی ٧ ی ٦ ی ٠٤ "قانونی هەڵبژاردن"

فەرمانی ژ ٩٧ ی ٧ ی ٦ ی ٠٤ "قانونی حیزب و قەوارەی سیاسی"

*

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چەند پسپۆرێکی بواری هەڵبژاردنیان بە سەرۆکایەتی خاتو کارینا بیرلی نارد بۆ عیراق بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی ژمارە ٩٢ ی ٣١ ی ٥ ی ٢٠٠٤ بۆ پێکهێنانی "کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سام فۆرمێکی بە ناو خەڵک دا بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی کی بیەوێ خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەندامەتی "کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن" فۆرمەکە پڕ بکاتەوە. زیاتر لە ١٨٠٠ کەس خۆیان پاڵاوت. پاش چاوپێکەوتن و پرسیار و وەلام ٧ کەس هەڵبژێردران بە ئەندامی ئەم دەستەیە و، بڕان بۆ مەکسیک بۆ ئەوەی ماوەی ٢ حەفتە مەشق دابدرێن و، سیستەمی هەڵبژاردنی جۆراوجۆریان بۆ باس بکەن.
ئەم "کۆمیسیۆنە بالایە" سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەکەن هەر لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە تا دەرکەوتنی ئەنجامەکانی.

*

بە پێی فەرمانی ژ ٩٦ ی ٧ ی ٦ ی ٠٤ "قانونی هەڵبژاردن" هەمو عیراق "یەک بازنەی هەڵبژاردنە". هەڵبژاردن ڕێژەیی "نیسبی" ئەبێ. حیزب و ڕێکخراو و تاقمی جۆراوجۆر ئەتوانن لیست دابەزێنن و، لە سەرانسەری عیراق دا دەنگیان بۆ بدرێ.
لایەنی کەمی لیست ئەبێ ١٢ کەس و لایەنی ئەوپەڕی ٢٧٥ کەس بێ.
ئەبێ ناوی پاڵێوراوەکان لە لیستەکەدا بە جۆرێ ڕیز بکرێ لە دوای هەر ٢ پیاو ١ ژن بنوسرێ.
دوای دەنگدان پاڵێوراوەکان بە پێی ڕیزی ناوەکانیان لە لیستەکەدا ئەبن بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی نەک بە پێی بڕیار و هاوێر کردنی سەرکردایەتی حیزبەکان.
١ کەس بە تەنیا بۆی هەیە خۆی بپاڵێوێ.
هەم لیستی حیزبەکان و هەم لیستی ١ کەسی ئەبێ خۆی وەکو بابەتێکی سیاسی لای "کۆمیسیۆنی بالای هەڵبژاردن" بە ناسین بدات و ٥٠٠ کەس پشتیوانی داواکەی بکەن.

*

- مەرجەکانی ئەندامەتی "کۆمەڵەی نیشتمانی":
- عیراقی بێ و تەمەنی لە ٣٠ سال کەمتر نەبێ.
- ئەندامی حیزبی بەعس نەبوبێ بە پلەی "عضو فرقة" و بەرەوژور.
- ئەگەر وەختێ خۆی "عضو عامل" بوبێ ئەبێ پاکانە بنوسێ و سوێند بخوا کە ئیتر کار و ڕەفتاریان لە گەڵ ناکا.
- سەر بە دەزگا سەرکوتکەرەکان نەبوبێ.
- بە شێوەیەکی ناڕەوا لە سەر حسابی نیشتمان و دارایی گشتی دەوڵەمەن نەبوبێ.
- بە تاوانێ کە شەرەف لەکەدار بکا حوکم نەدرابێ.
- لایەنی کەم هەڵگری شەهادەی سانەوی یا شەهادەیەکی بەرامبەری بێ.
- لە کاتی خۆپاڵاوتن دا ئەندامی هیزە چەکدارەکان نەبێ. "م٣١"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کورد لە هەڵبژاردنی عیراق دا

لەم هەڵبژاردنەدا هەمو هاوواڵاتیانی عیراق وەکو یەک، بێ جیاوازی نەتەوەیی، دینی و مەزهبی، بەشدار ئەبن. عیراق وڵاتێکی تاک نەتەوەی تاک دینی تاک مەزهب نیە، بەڵکو:
وڵاتێکی فرەنەتەوەی عەرەبی، کوردی، تورکومانی، کلدۆئاشوری و،
وڵاتێکی فرەدینی ئیسلامی، مەسیحی، یەزیدی، مەندائی و،
فرەمەزهبی ئیسلامی - شیعی، سونی و، مەسیحی - نەستوری، کاسۆلیکی، پرۆتستانتی...یە.

*

تا ئیستا سەرژمێرێکی راست و دروست لە بەردەس دا نیە. سەرژمێریەکانی سەردەمی بەعس جێگەی باوەڕ نین تا بکرێن بە بنچینە بۆ هیچ هەڵسەنگاندنێ:
کورد ئەڵێن: ئەگەر ئێمە سێیەکی دانیشتوانی عیراق نەبین ئەوا بە لایەنی کەمەوە چواریەکین.
تورکومان ئەڵێن: ئەگەر ئیمە ٤ ملیۆن نەبین ئەوا بە لایەنی کەمەوە ٣ ملیۆن ئەبین.
شیعە ئەڵێن: ئێمە ٦٥% ی دانیشتوانی عیراقین.
سونە ئەڵێن: ئێمە، بە عەرەب و کورد و تورکومانەوە، لە ٥٢% و شیعە لە ٤٥% ی دانیشتوانی عیراقن.
راستی و ناراستی ئەم "ئیدیعا" یانە ساغ نابێتەوە مەگەر سەرژمێرێکی پاک و راست، لە ژێر چاوێری بێلایەنی ناودەوڵەتیدا ئەنجام بدرێ، ئەوسا هەر لایەک ژمارەی راستەقینەی خۆی ئەزانێ.

*

بە پێی راگەیاندنەکانی وەزارەتی پلاندانان، ئەبو لە ناوەراستی مانگی تەموزەوە فەرمانگەکانی ئامار "دوائر الاحصاء" کاری "حصر و ترقیم" لە سەرانسەری عیراق دا دەس پێ بکەن و، درێژە بە کارەکەیان بدن تا لە رۆژی ١٢ ی ١٠ ی ٢٠٠٤ دا لە سەرانسەری عیراق دا سەرژمێری گشتی بکەن. بەڵام لە لایەکەوە وەزارەت لەم بڕیارەی پاشگەز بوەوە، لە لایەکی ترەوە کۆمیسیۆنی باڵا بڕیاری دا کار بەم ئامارە نەکا و میکانیزمێکی تری دیاری کرد بۆ دیاریکردنی دەنگدەران.
بێگومان ئەنجامدانی ئامار کاریکی زۆر گرنگ بو لە لایەکەوە بۆ زانینی ژمارەی راستەقینەی پێکهاتەکانی گەلی عیراق و، لە لایەکی ترەوە بۆ دیاریکردنی هەمو ئەو هاوواڵاتیەیە عیراقیانەی لەم هەڵبژاردنەدا مافی دەنگدانیان هەیە. بەڵام ئەوەی جێگەی تێ ڕامانە گەورەکاربەدەستانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی ناوەندیی ئامار لە عیراق دا کە خۆیان شیعەن، بە بیانوی ئەوەی "نەزعەی تائیفی" نەوروژێ، لەو ئیستیمارەیەدا کە ئامادە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کرا بو بۆ پرکردنەوەی لە رۆژی سەرژمێری گشتیدا هیچ خانەیەکیان تەرخان نەکرد بو بۆ نوسینی مەزهبی شیعە و سونە، بەڵکو خانەیان تەنیا بۆ دین تەرخان کرد بو، لە بەر ئەوە دوای ئەو سەرژمێریە ئەتوانرا بزانرێ چەند ملیۆن موسوڵمان لە عیراق دا هەیە، بەڵام دەرنەئەکەوت چەندی شیعە و چەندی سونەیە و، هەر لایەکیان وەکو جاران ئەیانتوانی "ئیدیعا" ی زۆرایەتی بکەن.

*

لەو "کۆمەڵی نیشتمانی"یەدا کە ئەبێ هەڵبژێردرێ و، "دەستوری دائیمی عیراق" بنوسێ، نواندنەوەی ئەم جۆراوجۆری و رەنگاورەنگی گەلی عیراقە چۆن ئەبێ؟ چۆن ئەتوانرێ کارێکی وا بکرێ هیچ لایەک هەست بە پشت گوێ خران و ون کران نەکا؟ چونکە هەرچۆنێ هەڵبژاردن بکرێ، زۆرایەتی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی لە روی نەتەوەییەوە هەر عەرەب ئەبێ، کەواتە کورد چۆن بەشدار بێ بۆ ئەوەی بەشی نەخورێ؟
کورد، هەموی لە یەک ناوچەدا کۆنەبۆتەوە، بەڵکو لە چەند شوێنی جیاوازدا نیشتەجێیە: هەندێکیان بە تەواوی کوردنشینە، یان زۆرایەتی زۆری کوردە بە تایبەتی هەرێمی ئیستای کوردستان و، ناوچەکانی خانەقین و مەخمور و شێخان...
هەندێکیان تێکەڵاوە لە کورد و نەتەوەی تر وەکو کەرکوک، توز، جەلەولا، شەنگار...
هەندێکی عەرەبیە بەڵام سەدان هەزار کوردی لێ ئەژی وەکو موسل، بەعقوبە، بەغداد...

گیروگرفتەکانی هەڵبژاردن:

١. گیروگرفتی نەبونی دەسەڵاتی قانون
لەم بارە نائارامەی عیراق دا کە کوشتن، تەقاندنەوەی ئوتومبیلی بۆمبدار، پەلاماردانی بنکەکانی پۆلیس، هاوەن هاویشتن، رفاندن ... بۆتە روداوی رۆژانە لە زۆری ناوچەکانی عیراق دا و، هەندێ شار و شاروچکە و دێهات راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی چەکداری میلیشیای جۆراوجۆر، چەند پرسیار دێتە پێشەوە:
کێ ئازادی و یەکسانی پرۆپاگاندەی هەڵبژاردن بۆ پاڵێوراوەکان، لە ناو خەڵک دا و لە دەزگاکانی راگەیاندن دا: نوسین و بینین و بیستن، دابین ئەکا؟
کێ سەلامەتی گیانی پاڵێورەکان دابین ئەکا؟
کێ ئازادی و سەلامەتی دەنگدەران دابین ئەکا؟
کێ سەلامەتی ناوەندی هەڵبژاردن و سندوقی هەلبژاردن دابین ئەکا؟
٢. گیروگرفتی نەبونی سەرژمێری راست
کێن ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە و چەندن؟
سەرژمێریەکانی سەردەمی بەعس جێگەی باوەڕ نین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"بیتاقەی تەموینی" ناشێ بکرێ بە بنچینە بۆ دیاریکردنی دەنگدەران، ئەویش لە بەر چەندین هۆ:

یەکەم، ناو و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی تێدایە، بەڵام تەمەنیان دیاری نەکراوە. لە بەر ئەوە نازانرێ چەندیان خوار ١٨ و چەندیان بەرەوژوری ١٨ ساڵن.

دوەم، دەیان هەزار کەس لەوانە مردون و، بۆ ئەوەی سود لە بەشە خۆراکەکەیان وەربگرن، هەر بە زیندو هێڵراونەتەوە و ناویان نەکوژێنراوەتەوە.

سێیەم، لە سەردەمی صەدام دا سەدان هەزار "بیتاقەی ساختە" و، دوای روخانی صەدام سەدان هەزار "بیتاقەی ساختە" دروست کراون.

چوارەم، دەیان هەزار کە لە عیراق دا ژیاون و ئەژین "بیتاقەی تەموینی" یان وەرنەگرتوە.

٣. گیروگرفتی عیراقییەکانی دەرەوەی عیراق

ئایا ئەوانە مافی دەنگدانیان هەیە یان؟ ئەگەر مافیان هەیە چۆن دیاری ئەکرێن وکێ دیاریان ئەکا و، کێ عیراقی لە ناعیراقی هاوێر ئەکا؟

سالانێکی زۆرە عیراقی دەربەدەر ئەبن و، بە سەرانسەری دنیادا بڵاو بونەتەوە، سەدان هەزاریان لە ناو دەوڵەتانی دراوسێدا بونەتە پەنابەر و نیشتەجێ بون. دەوڵەتانی دراوسێ، لە بەر ئەوەی لە ناو عیراق دا درێژبونەوەی نەتەوەیی و دینی و مەزهبیان هەیە، ئەتوانن سەدان هەزار کەس لە هاوولاتیانی خۆیان بە عیراقی بنوسن و، لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن.

٤. گیروگرفتی نواندنەوەی نەتەوە و دین و مەزهبە جیاوازەکان

زۆرایەتی گەلی عیراق، رەنگە لە نیوە زیاتری، عەرەب بێ، دوای ئەو کورد، ئینجا تورکومان و کلدۆئاشوریە..

زۆرایەتی گەلی عیراق موسوڵمانن، چەند کەمایەتیەکیشی مەسیحی، یەزیدی، مەندائیە...

عیراق وەکو دەوڵەت لەوەتی دروست بوە (١٩٢١) نە لە سەردەمی پاشایەتی و نە لە سەردەمی جمهوری‌دا نەیتوانیوە "نەتەوە – دەوڵەت" دروست بکا. نەیتوانیوە ناسنامەیەکی هاوبەشی هاوولاتیتی بۆ کورد و عەرەب و تورکومان و کلدۆئاشوری و، سوننە و شیعە و، مەسیحی و، یەزیدی و، مەندائی، دروست بکا. هەر یەکەیان ناسنامەی نەتەوەیی، دینی، مەزهبی – تایبەتی، خۆی پاراستوە. دلسۆزی "ولاء :loyalty" لای زۆرایەتیان بۆ نەتەوە و دین و مەزهبی تایبەتی خۆیان پێش دلسۆزی بۆ دەوڵەتی عیراق ئەکەوێ. ٨٠ ساڵ هاوولاتیتی قانونیی عیراقی، هۆشی عیراقی بونی تێدا نەخوڵقاندون. لە بەر ئەوە لە هەمو دەزگایەکی عیراقی‌دا، هەر لایەک، بەشی خۆی ئەوێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە هەڵبژاردنی داهاتودا ئەم گیروگرفتە چۆن چارەسەر ئەکرێ و، بۆ ئەوەی هیچ لایەک هەست بە بەشخوراوی نەکا، چۆن ئەتوانرێ نواندنەوەی هەموان دابین بکرێ؟

٥. گیروگرفتی سنوری کارگێڕیی پارێزگاکان

"قاد" لە "م ٥٣" دا نوسیوێتی:

"(أ) دان ئەنرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بەو سیفەتەی کە حکومەتی رەسمی ئەو ئەرزانەیە کە لە لایەن حکومەتی ناوبراوەوە لە ١٩ ی ئازاری ٢٠٠٣ دا بەرێوە ئەبرا کە کەوتونەتە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دیالە و سەلاحەدین و نەینەوا..."

"(ب) سنوری هەر ١٨ پارێزگاکە لە ماوەی قۆناغی گواستنەوەدا بێ گۆڕین ئەمێنێتەوە."

قانونەکە دانی نەناوە بەو گۆڕینە کارگێڕییانەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کردوویەتی و، ئەو پارێزگایەی بە ناوی کەرکوکەوە لە قەزاکانی کفری و کەلار و دەربەندیخان و چەمچەماڵ دروستی کردوە، بە پێی ئەم قانونە دانی پێدا نەنراوە.

ئەمە کێشەیەکی هونەری لە هەڵبژاردن دا دروست ئەکا، بە پێی سنوری کۆن: چەمچەماڵ، دەربەندیخان، کەلار ٣ قەزای پارێزگای سلێمانین و، ئاکرێ و شێخان و بەشیکی کەڵەک کە ئیستا بەشێکن لە هەرێمی کوردستان سەر بە پارێزگای نەینەوا (موسل) ن، قەزای کفری و ناحیەکانی مەیدان و قۆرەتو کە بەشێکی خانەقینن سەر بە دیالە (باقوبە) ن و، نەوجول و بەشێکی قادرکەرەم کە بەشێکی توزن سەر بە سەلاحەدین (تکریت) ن.

دانیشتوانی ئەو ناوچانە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کوێ دەنگ ئەدەن؟ لە هەرێمی کوردستان یان لە پارێزگاکانی پێشویان؟

*

کورد چۆن بەشداری هەڵبژاردن بێ؟

ئەشێ ٤ سیناریۆی جیاوازی هەبێ:

یەکەمیان، هەر حیزب و هەر کەسە بۆ خۆی بە جیا بەشدار بێ.

دوەمیان، کورد لە عیراق دا لیستێکی یەکگرتوی کوردی دابەزێنێ.

سێیەمیان، کورد لیستێکی کوردستانی کوردی، تورکومانی، کلدۆئاشوری دروست بکا.

چوارەمیان، کورد بە یەکگرتویی لە گەڵ حیزب و عەشائیر و کەسایەتی عەرەبی هاوپرۆگرامی لە سەر لیستێکی عیراقی ڕێک بکەوێ؟

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژاردن لە کوردستان‌دا

سایتی "ریفۆرم بۆ"

١ ی ١١ ی ٢٠٠٤

ساڵی ١٩٩٢ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی چەند کەسێکی قانونی راسپارد قانونی هەڵبژاردنی کوردستان بنوسن. بیرە گشتیەکانی جۆری هەڵبژاردن سەرکردەکانی بەرە یاریان ئەکرد، نەک قانونیەکان.

٥ سەرەتاوە دوبۆچونی جیاواز لە ناو سەرکردایەتی بەرەدا هەبو:

ڤۆچونی یەکەم پێی وابو، باشترین جۆری هەڵبژاردن کە بۆ ئەو قۆناغە بگونجێ، هەڵبژاردنی بازنەییە، کوردستان دابەش بکرێ بە سەر چەندین بازنەی هەڵبژاردن دا و، هەڵبژاردن بە لیست نەبێ، لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن دا هەمو کەسێ، کە مەرجەکانی ئەندامەتی ئەنجومەنی تێدا بێ، بۆی هەبێ خۆی ناودێر بکا.

بۆچونی دوەم پێی وابو، باشترین شێوەی هەڵبژاردن کە لە گەڵ هەلومەرجی کوردستان دا بگونجێ هەڵبژاردنی ڕێژەییە بە لیست.

حیزبە پچوکەکان پێیان لە سەر بۆچونی دوەم دائەگرت. تەنانەت گەیشتە رادەی ئەوەی هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر هەڵبژاردن ڕێژەیی و بە لیست نەبێ، ئەوان بایکۆت "مقاطعة" ی هەڵبژاردن ئەکەن. ئەوەش لەو کاتەدا بۆ ناوبانگی یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستانی باش نەبو، بە تایبەتی ئەو زەمانە هیچ لایەنێکی عیراقی و دەرەکی قەوارەی راستەقینەی ئەو حیزبانەیان نەئەزانی. لە بەر ئەوە لە ژێر کاریگەری ئەم هەڕەشەیەدا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی قبوڵی کرد کە هەڵبژاردن ڕێژەیی بێ، بەڵام لە سەر داوای سەرکردایەتی پارتی ڕێژەی ٧% ی کردە مەرجی بەشداربونی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

بەو جۆرە قانونێ بۆ هەڵبژاردن لە کوردستان دا نوسرا کە ناوی نرا "قانونی ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢" و، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کە ئەو دەم حکومەتی ئەمری واقیع "دی فاکتۆ:de facto" بو، بۆ جێبەجێ کردن لە ٨ ی ٤ ی ١٩٩٢ دا پەسندی کرد.

ڕۆژی ١٩ ی ٥ ی ١٩٩٢ هەڵبژاردن لە سەرانسەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی‌دا ئەنجام درا. زۆرایەتی خەڵک بە گەرمی چون بۆ دەنگدان. لە بەر ئەوەی سەرژمێری راست و دروست لە بەر دەس دا نەبو بۆ دیاریکردنی دەنگدەران تا بەو پێیە کارتی هەڵبژاردن و لیستی دەنگدەران ئامادە بکرێ، هەمو کەس بۆی هەبو لە هەر ناوەندێکی دەنگدان بیەوێ دەنگ بدا بەڵام بۆ ئەوەی ڕێ لەوە بگیرێ کە لە جارێ زیاتر دەنگ بدا پەنا برایە بەر ڕێگەیەک، کە لەزور جێگای تری دنیادا تاقی کرابوەوە، ئەویش بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کار هێنانی جۆرێ لە مەرەکەب بو کە ئەبو بدرێ لە پەنجەی هەر کەسێ کە دەنگی دا رەنگی مەرەکەبەکە تا چەند رۆژێ بمێنێتەوە، تا نەتوانێ بۆ جاری دوەم دەنگ بدا، لە بەیانی رۆژی دەنگدان دا دەرکەوت مەرەکەبەکە ئەو مەرەکەبە نەبو کە ویسترا بو، بەڵکو بە ئاسانی ئەسڕایەوە.

مەرەکەبەکە لە کوێ وە هات بو، بە کوێ دا هات بو، لە کوێ هەڵگیرا بو، کێ پارست بوی، بۆچی بزرکا بو، کێ بزرکان بوی؟ ئەوە خۆی چیرۆکێکی ترە. هێشتا وەڵام نەدراوەتەوە چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تێدا نەکراوە.

هەڵبژاردن کرا. شەڕوشۆڕ و پێکادان و پشێوی نەقەوما. بەڵام هیچ لایەنێکی بەشداری هەڵبژاردن بە ئەنجامەکانی رازی نەبون و، تیروتوانجیان تێ ئەگرت کە ساختە و فێڵی تێدا کراوە. هەندێ لە حیزبەکان لەو بارەیەوە بەیانیان دەرکرد و، داوای هەڵوەشاندنەوەیان ئەکرد. هەندێ کەس هەمو دەزگا جیهانیەکانی راگەیاندنیان تێ گەیاند کە هەڵبژاردنەکە ساختەیە، بە تایبەتی سەدان پەیامنێر و رۆژنامەوان و چاودێر لە سەرانسەری دنیاوە هات بون بۆ تەماشای رەوتی هەڵبژاردنەکە. رۆژنامەوانێکی شارەزا، کە زۆر هەڵبژاردنی تری لە زۆر جێگای دنیا دی بو، لە راپۆرتەکەیدا نوسی بوی، کوردەکان ئەوە یەکەم تەجروبەی ئازادی هەڵبژاردنە تاقی بکەنەوە، لە بەر ئەوە هەر کەسێ ئەنجامەکەی بە دڵ نەبو، بە "تەزویر" ی دا ئەنێ.

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا سەرانی پارتی و یەکێتی ئامادەییان دەربڕی کە رێژەی ٧% ی قانونەکە هەڵبوەشێننەوە، تا ئەو حیزبانەش کە لەو رێژەیە کەمتریان هێناوە بەشدار بن. ئەگەر ئەوەیان قبوڵ بکردایە ١١ نوێنەر لە حیزبەکانی تر ئەهاتنە پارلەمانەوە، سەرەتای نیوە بە نیوە جیبەجێ نەئەکرا. بەڵام سەرکردایەتی هیچ کام لە حیزبە دەرنەچوەکان، بە بەشەکەی خۆیان رازی نەبون، قبوڵیان نەکرد بەشدار بن. لە بەر ئەوە دەنگەکانی ئەوانیش بە سەر لیستەکانی پارتی و یەکێتیدا دابەش کرایەوە. یەکێتی و پارتی پەنجا بە پەنجا "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان" یان دامەزراند و، رێک کەوتن سەرۆکایەتی پارلەمان بۆ پارتی و سەرۆکایەتی وەزیران بۆ یەکێتی بێ.

*

رەنگە هۆی سەرەکی دروست نەبونی پارلەمانێکی بە هێز ئەو شێوەیەی هەڵبژاردن بێ، کە کوردستانی کرد بە یەک بازنەی هەڵبژاردن و سەرەڕای ئەوەش رێژەیەکی بەرزی بۆ بەشدار بون دانا و، دەرگای هەلی خۆ پاڵاوتنی لە روی کەسایەتی تەنیا و سەربەخۆدا داخست و، سەرکردایەتی هەردو حیزب ئەو مافەیان بە خۆیان دا بە ئارەزوی خۆیان نوێنەرەکان هەڵببژێرن و لایان ببەن و بیانگۆڕن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەمجۆرە پارلەمانێکی لاواز دروست بو. ئەو پارلەمانە لاوازە نەیتوانی خواستەکانی خەڵک لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە دەسەڵاتی حکومەت و، یەکخستنی داوودەزگای پێشمەرگە و، پێکهێنانی حکومەتی دامەزراوگەل "حکومة المؤسسات"... بهێنێتە دی و، نەیتوانی ڕێ لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بگرێ. بەڵکو بو بە فەرمانبەری سەرکردایەتی هەردو حیزب، بگرە بو بە فەرمانبەری دو سەرکردەکەی دو حیزبەکە: پارتی و یەکێتی.
ئەگەر یەکەمین هەڵبژاردن بازنەیی بوایە و، کوردستان دابەش بکرایە بە سەر ١٠٠ بازنەی جیاوازی هەڵبژاردن یا کەمتردا، ئەوسا هەر حیزبە ناچار ئەبو باشترین و بە هێزترین کەسایەتی خۆی لەو بازنەیەدا ناودێر بکا و کەسایەتی ناسراوی ناحیزبیبیش ئەیانتوانی بەشداری بۆربۆڕێنی هەڵبژاردن "المنافسة الانتخابية" بکەن. ئەوسا هەر کەس بە پشتیوانی لایەنگرەکانی خۆی دەرئەچو، نەک بە هێز و سەروەریەکانی حیزبەکەی. لە تەنگوچەڵەمەکانیش دا بە پشتیوانیی خەڵک پشت ئەستور ئەبو، لە بەر ئەوە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەرگیز بەو جۆرە دەرنەئەچو، ئەندامەکانی دیلی هیچ کام لە حیزبەکان نەئەبون، بەڵکو پارلەمانێکی ڕەنگاورەنگ بەلام بەهێز و پشت ئەستور بە خەڵک و بە حیزبەکان ئەبو.

*

ئەو کاتەی هەمو لایەنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان قبوڵ کرد ڕێک کەوتن کە دوای ٦ مانگ سەرلەنوێ هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان دا دوبارە بکرێتەوە. ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرا ئەنجومەنی نیشتمانی دەرژەی دا بە کارەکانی، بەلام هەمو بڕیارە گرنگەکان، لە دەرەوەی پارلەمان، لە لایەن سەرکردایەتی دو حیزبەکەوە ئەدرا. پلە و پایە بەرزە حکومەتییەکان نیوە بە نیوە دابەش کرا. ئەم دابەشکردنە لە باتی ئەوەی تین و تاو بدا بە حکومەتەکە، ئیفلیجی کرد. وەزیر کە لە حیزبێک و جێگرەکەی کە ئەبو لە حیزبەکەی تر بێ، کارەکانی وەها شێواند بو، خەڵک بە "جێگر" یان ئەوت "ڕێگر".
بە پێی مادەی ٥١ ی قانونی هەڵبژاردنی ژمارە ١ ی ١٩٩٢ ئەبو دوای ٣ ساڵ کاری ئەم پارلەمانە تەواو ببێ و هەڵبژاردن سەرلەنوێ بکرێتەوە. بەڵام بۆ بەدبەختی کورد شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا. هەرێمی کوردستان بو بە دو هەرێم و، بەرێوەبەرایەتییەکەیشی بو بە دو کابینە. پارلەمانەکەیشی لە کۆبونەوە وەستا. تەقەلای ناوخۆی لایەنی خێرخواز و، تەقەلای ناوچەیی دەوڵەتانی دراوسێ و، تەقەلای ئەمەریکی و فەرەنسیبش نەیانتوانی کۆتایی بە ناکۆکی و شەڕ بهێنێ. دواتر کە پارتی هەوڵێری گرتەوە یەکلایەنە پارلەمانی خستەوە کار. هەردو حیزب بیانویان بو پەیدا بو سال بە سال تەمەنی پارلەمان درێژ بکەنەوە و، بە ئارەزوی خۆیان ئالوگۆڕ لە نوێنەرەکان دا بکەن.
لە زۆر کەس و لاوە داوا ئەکرا هەڵبژاردن دوبارە بکرێتەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆتایی بە شەڕ هات و هەردولا کەوتنەوە گفتوگۆی ئاشتبونەوە و ڕێککەوتن. هەندێ جار یەکێتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و پارتی بۆ "موزایەدە" لە سەر یەکتری لە دەزگاکانی راگەیاندن دا باسی هەڵبژاردنیان ئەکرد، بەڵام نە هەلومەرجی کوردستان بە جۆرێ ئاسایی کرابوەوە هەڵبژاردنێکی ئازادی تێدا بکرێ و، نە هیچ لایەکیشیان هەنگاوی "جدی" یان بۆ ئەنا.

قانونی ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٥ تەمەنی "ئەنجومەنی نیشتمانی" کە لە ئەواو بون دا بو، بۆ ١ ساڵ درێژ کردەوە.

قانونی ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٦ تەمەنی بۆ ٣ مانگی تر درێژ کردەوە.

قانونی ژمارە ٢ ی ساڵی ١٩٩٦ تەمەنی تا ساڵی ١٩٩٨ درێژ کردەوە.

قانونی ژمارە ٢ ی ساڵی ١٩٩٨ تەمەنی بۆ هەمیشە درێژ کردەوە.

ئەم قانونانە هیچ بناغەیەکی دەستوری و قانونیان نەبو، تەنیا هۆی سیاسیان لە پشتەوە بو.

ئیستا زیاتر لە ١٢ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم پارلەمانەدا تێ ئەپەڕێ (١٩٩٢ – ٢٠٠٤). لەو کاتەوە تا ئیستا ١٢ نەوە پێگەیشتون و مافی دەنگدانیان بە دەس هێناوە کە ئەوسا، لە بەر کەمی تەمەنیان، مافی دەنگدانیان نەبوە. ١٢ نەوەش مردون کە ئەوسا مافی دەنگدانیان هەبوە و، ئیستا نەماون.

ئەم پارلەمانە ئەگەر کاتی خۆی نوێنەری خەڵکی کوردستان بوبێ ئیستا نوێنەری کێیە؟

*

ڕۆژی ٩ ی ٤ ی ٢٠٠٣ ڕژیمی بەعس ڕوخا.

ڕۆژی ١٣ ی ٧ ی ٢٠٠٣ "مجلس الحکم" دامەزرا.

ڕۆژی ٨ ی ٣ ی ٢٠٠٤ "مجلس الحکم" کە بە بەشداری سەرکردەکانی کورد "قانون إدارة الدولة العراقية للفترة الانتقالية: قاد" نوسی بو، لە مەراسیمێکی تایبەتیدا ئیمزا کرد.

بە پێی "مادەی ٣٠ (د) هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی ئەگەر توانرا پێش ٣١ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ ئەنجام ئەدرێ یا ئەوپەڕەکەی تا ٣١ ی کانونی دوەمی ٢٠٠٥ ئەبێ بکرێ"

بە پێی "مادەی ٥٧ (ب) هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سەرانسەری عیراق دا و، بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە هەمان کاتی هەڵبژاردن دا ئەنجام ئەدرێ کە نابێ لە ٣١ ی کانونی دوەمی ٢٠٠٥ تێ بپەڕێ"

کەواتە یەکێ لە دەسکەوتەکانی کورد لەم قانونە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتییە بۆ "ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان" کە نابێ لە ٣١ ی ١ ی ٢٠٠٥ تێ بپەڕێ.

هەڵبژاردن لە کوردستان دا چۆن ئەکرێ؟

بریمەر بەر لەوەی دەسەڵات بگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی عیراق ٢ فەرمان "أمر" ی دەرکردوە بۆ جۆری ڕێکخستنی حیزب و قەوارەی سیاسی و بۆ شێوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، کە لە قۆناغی داهاتودا تا نوسینی دەستوری دائیمی ئەبێ کاریان پێ بکرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام لە کوردستان هێشتا هەمان قانونی هەڵبژاردن، بێ دەسکاری و بیراز و گۆڕین، وەکو خۆی ماوە.

لە نێوان هەردو قانونی کوردستانی و عیراقیدا هەندێ لە یەکچون و هەندێ جیاوازی هەیە.

هەردو قانون کوردستانی و عیراقی پێڕەوی سەرەتای نواندنی ڕێژەیی "التمثيل النسبي: proportional representation" ئەکەن نەک هەڵبژاردنی بازنەیی "دائری". یەکەمیان کوردستانی بە یەک بازنەی هەڵبژاردن "دائرة واحدة:single constituency" و، دوەمیشیان هەمو عیراقی بە یەک بازنەی هەڵبژاردن داناوە.

واتە کەسێک یا حیزبێک ئەگەر لە بەصرا خۆی بپاڵێوێ، لە هەولێر و سلێمانی و هەمو شوێنەکانی تری عیراق دەنگدەر ئەتوانێ دەنگی بداتێ، پێچەوانەکەیشی ئەبێ. ئەگەر کەسێ لە دهۆک خۆی بپاڵێوێ دەنگدەر لە بەصرا و بەغدا و شوێنەکانی تریش ئەتوانێ دەنگی بداتێ. دەنگەکەش حساب ئەکرێ.

بەڵام چەند جیاوازیێەکیان هەیە:

١. لە قانونی کوردستانیدا کەمترین ڕێژە بۆ ئەوەی هەر لیستێ بتوانێ بەشداری پارلەمان بێ ٧% ە، لە قانونی عیراقیدا ئەگەر ١% یش بهێنێ ئەتوانێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی.

لە قانونی کوردستانیدا کەسێ بە تەنیا ناتوانێ خۆی بپاڵێوێ، ئەبێ لە ناو لیستێکی فراوان دا بێ، بە پێی قانونی عیراقی تەنیا کەسێکیش ئەتوانێ خۆی بپاڵێوێ و، ئەگەر دەنگی تەواوی هێنا ئەبێتە ئەندامی ئەنجومەن.

٢. لە قانونی کوردستانیدا سەرکردایەتی حیزب دوای تەواو بونی هەڵبژاردن ئازادە لە هاوێرکردنی نوێنەرەکانی خۆی و لە لابردن و گۆڕینیان دا، بە پێی قانونی عیراقی دوای تەواو بونی هەڵبژاردن پاڵێوراوەکان چۆن لە لیستەکەدا ڕیزکراون بەو جۆرە ئەبنە ئەندام، سەرکردایەتی حیزب و ڕێکخەرەکانی لیستەکە ناتوانن هاوێریان بکەن، لایان ببەن یا بیانگۆڕن.

٣. لە قانونی کوردستانیدا ڕێژەیەکی تایبەتی دانەنراوە بۆ بەشداری ژنان لە ئەنجومەن دا، بە پێی قانونی عیراقی ئەندامانی ئەنجومەن ئەبێ لایەنی کەمی ٢٥% ئافرەت بێ.

٤. "قاد" بە ڕەسمی دانی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا ناوە حوکمی ئەو ناوچانە بکا کە پێش ڕۆژی ١٩ ی ٣ ی ٢٠٠٣ لە ژێر دەستیدا بوە بەڵام لە هەمان مادەدا نوسیوێتی سنوری کارگێڕی هەر ١٨ پارێزگاکە وەکو خۆی ئەمێنێ، دەنگدەرانی ئاکرێ و شێخان کە بە پێی قانونەکانی عیراق سەر بە نەینەوان و کفری کە بە پێی قانونەکانی عیراق سەر بە دیالەیە، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، وەکو جاری یەکەم بەشدار ئەبن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق و بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کوێ دەنگ ئەدەن.

ئاخۆ ئەشێ لە عیراق بە پێی "قانونی هەڵبژاردن" ی ژ ٩٦ ی ١٥ ی ٦ ی ٢٠٠٤ ی بریمەر، حاکمی مەدەنی جارانی عیراق، هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ و لە کوردستان بە پێی قانونی ژ ١ی ساڵی ١٩٩٢ بکرێ؟ ئەگەر ئەمەیان بشێ، ئەوا کێشەیەک نایەتە پێشێ. بەڵام ئەگەر پێویستی کرد ئەم دو قانونە لە گەڵ یەک بگونجێنرێن و جیاوازیەکانیان چارەسەر بکرێ، چ لایەنێک خاوەن دەسەڵاتە بڕیاری لێ بدا؟

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان؟ کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق؟ کۆمیتەی بالای سەرپەرشتی هەڵبژاردن کە سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانە؟ یان دادگای دەستوری؟

قانونی ژ ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردن لە کوردستان دا کەموکوڕی زۆر و خەوشی گەورەی تێدایە، پێویستە بەر لە هەڵبژاردنی داهاتو بیرازی بنەڕەتی بکرێ. پێویستە قانونی و سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد لە ئیستاوە بکەونە تاووتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی.

کاتی هەڵبژاردنی کوردستان

بە پێی " قاد" ئەنجامدانی هەر ٣ هەڵبژاردن بۆ "کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق" و، "ئەنجومەنی پارێزگاکان" و، "ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان" نابێ لە ٣١ ی ١ ی ٢٠٠٥ تێ بپەڕێ. بە واتایەکی تر هەڵبژاردنی "ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان" ئەکرێ بە جیا لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ "کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی" ئەنجام بدرێ و چەند حەفتەیەک پێش بخرێ.

پێشخستنی هەڵبژاردنی کوردستان و ئەنجامدانی لە ژێر سەرپەرشتی نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و، چاودێری نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا و جامیعەی عەرەبی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و، چاودێرانی عیراقی و ناوەوڵەتی و، نوێنەران و پەیامنێرانی دەزگا جیهانیەکانی ڕاگەیاندن، ئەبێتە بۆنەیەکی میژویی بۆ کورد و، ئەبێتە جۆرێ لە دانانی جیهانی و ناسینی ناوەوڵەتی و عیراقی قەوارەی سیاسی و قانونی هەرێمی کوردستان.

گیروگرفتەکانی هەڵبژاردن لە کوردستان دا

کوردستان تا ئەندازەیەکی باش ئارامە، ئاسایش پارێزراوە، تۆرە تێرۆریستیەکان تا ئیستا نەیانتوانیوە تێکی بدەن، ئەمەش مەرجیکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

خەڵکی کوردستان تا ئەندازەیەکی باش تەجروبەی پەیدا کردوە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دا. تەجروبەی یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢. تەجروبەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان. تەجروبەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوە دیمۆکراتی و پیشەییەکان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

داوودەزگاکانی سەرژمێری و ئامار لە کوردستان دا لێوەشاوە و شارەزا و ئاگادارن. سالانێکی درێژە بە ئازادی کار ئەکەن و، ئامارەکانی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، رێکخراوەکانی فاو، یۆنیسکۆ. یۆنیپ... هەمویان لە بەر دەس دایە. ئەتوانن لیستی رێکوپێکی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە و، لیستی هەڵبژاردن و، پێویستیەیە ژێرخانیەکانی دابین بکەن.

٢٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراق تەرخان کراوە. کوردستان ئەتوانێ بەشی خۆی بە کار بهێنێ و، خۆیشی ئیستا توانای دارایی بایی ئەوە ئەبێ بەشێ لە خەرجی هەڵبژاردن دابین بکا.

خەڵکی کوردستان لە ماوەی ١٣ ساڵی رابوردودا تا ئەندازەیەکی باش هۆشی سیاسی – دیمۆکراتی پەیدا کردوە، سەرکردە حیزبی و حکومەتیەکانی ئەناسێ.

ئەمانە هەمو شتی باشن، جێگەی دڵخۆشی و ئومێدن. بەڵام چەند گیروگرفتێک لە رێگەدان، ئاڵۆز و نالەبارن، مایەی پەژارە و ترسن.

*

مەترسیەکانی هەڵبژاردن

ئێمەی کورد لە کوردستانی عیراق دا چیمان ئەوێ؟

ئایە ئەمانەوێ بناغەی دامەزراوگەلی دەوڵەتی "مؤسسات الدولة: state institutions" دابمەزرێنین و دەوڵەتەوان "رجل الدولة:statesman" پێ بگەیەنین؟

ئەمانەوێ کوردستانی عیراق، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیستای حکومەتەکانی هەرێم لە دهۆک و سلێمانی و هەولێر و، ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی سنوری هەرێم، لە یەک هەرێم دا، لە ژێر سایەی یەک ئەنجومەنی نیشتمانی و، لە ژێر دەسەڵاتی یەک حکومەتی هەرێم دا، بە پێی یەک دەستور و قانون و رێنمایی... بژین؟

ئەمانەوێ کوردستانی عیراق، ببیتە مەڵبەندی پێکەوە ژیانی بە ئاشتی بیروباوەڕ و حیزبی جۆراوجۆر و، ببیتە نمونەیەکی باشی گوێزانەوەی هێمنانەی دەسەڵات لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر و، لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر...؟

یان، ئەمانەوێ هەر ناوچەیەک بۆ خۆی حکومەتێکی سەربەخۆی فیدرالی هەبێ؟

سلێمانی، گەرمیان، هەولێر، بادینان، کەرکوک... وەکو پارێزگاکانی تری عیراق: بەصرا، نەجەف، موسڵ... هەر یەکەیان قەوارەیەکی فیدرالی بێ؟

ئەمانەوێ "ئەمیری جەنگ:warlord" پێ بگەیەنین و "ئەمارەتی جەنگ" وەکو لە ئەفغانستان هەیە و، ئیستاش خەریکە لە فەلوجە و سامەڕا و باقوبە و نەجەف و بەصرا و عەمارە... دروست ئەبێ، دابمەزرێنین؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیستا بە رواڵەت یەک پارلەمان، یەک "ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان" مان هەیە، بەڵام دو کابینە و، بۆ هەر وەزارەتێ دو وەزیر و، بۆ هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی دو بەڕێوەبەر و، دو بودجە و، دو جۆر دادگا و، دو هێزی پێشمەرگە و، دو دەزگای ئاسایش و، دو دەزگای ڕێکخستنی تایبەت و زانیاری...مان هەیە. ئەمانە هەمو هەڕەشە لە هەڵبژاردن ئەکەن. هەڕەشەی ڕاستەقینە و ترسناک و کوشندەن.

*

ئەگەر هەڵبژاردن لە کوردستان کرا:

ئاخۆ ئازادی خۆپەڵاوتن و دەنگدان و، سەلامەتی سنوقی هەڵبژاردن، لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتیدا بۆ پاڵێوارو و دەنگدەرانی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی و، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بۆ پاڵێوارو و دەنگدەرانی پارتی و هاوپەیمانەکانی چۆن دابین ئەکرێ؟

ئاخۆ دو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، پارتی و یەکێتی، ئەگەر لایەکیان زۆرایەتی و لایەکیان کەمایەتی هێنا، ڕێزی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەگرن؟

ئەگەر ڕێزیان گرت مەرجەکانیان چیە؟

ئەگەر ڕێزیان نەگرت چی ئەقەومێ؟

ئەم دو "ئیدارە" یە چۆن یەک ئەخرێنەوە؟

هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش چۆن تێکەڵاو ئەکرێنەوە؟

ئەم هەمو وەزیر و وەکیلی وەزیر و وەزیر بە وەکالەت و، موستەشار و خەبیر و، پارێزگار و جێگری پارێزگار و، بەڕێوەبەری گشتی و جێگرەکانیان و، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و، سەدان و هەزاران "منتفع" و "مستفید" لە بونی "دو ئیدارە" بۆ ئەوەی کۆسپ و تەگەرە و ئاستەنگ و گیروگرفت دروست نەکەن، چۆن لە پرۆسەی یەکخستنەوەی ئیدارەدا جێ ئەکرێنەوە؟

تێبینی:

هەندێ گۆڕین لە قانونی هەڵبژاردنی کوردستان دا کراوە، ئەمانە هەندێکیانن:

چەند حەفتە بۆ کۆمیسیونی بالای هەڵبژاردنەکانی عیراق داوای لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتەکانی هەردو ئیدارە کرد بۆ کە قانونەکانی هەڵبژاردن لە عیراق و لە کوردستان دا پێکەوە بگونجێنن. پێ ئەچو ئەنجومەن گۆڕینەکانی پێ باش نەبێ، لە بەر ئەوە باسی داواکەیان دوا ئەخست و ئەیان خستە پشت گوێ.

سەرەنجام ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ناچار بو هەندێ ئالوگۆڕی لە قانونەکەدا کرد، گرنگترینیان ئەمانەن:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. ماوەی کاری ئەنجومەن وەکو ماوەی کاری "کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق" و "ئەنجومەنی پارێزگاکان" تەنیا ١ ساڵ ئەبێ.
٢. ڕێژەی لە ٧% لابرا.
٣. لیستی پاڵێوراوان وەکو قانونەکەی عیراق داخراو ئەبێ بە پێی ڕیزی ناوەکان ئەبن بە ئەندامی ئەنجومەن.
٤. چواریەکی ئەندامانی ئەنجومەن ئەبێ ئافرەت بن.
٥. ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لە ١٠٠ ئەندامەوە کرا بە ١١١ ئەندام.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پرسی دەستور

- تایبەتمەندیی‌یەکانی عیراق
- چەندین دەستور و یەک ئەنجام
- کورد چۆن بەشداری نوسینی دەستور بێ؟
- ململانێی بیروبۆچونەکان
- خواستەکانی کورد لە دەستوری نوێ
- کێ کوردستان ئەپارێزی؟
- سنوری کوردستانی عیراق کوێیە؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پرسی دەستور:

تایبەتمەندیی‌یەکانی عیراق (١ –٧)

سایتی "ریفۆرم بۆ"

١٨ ی ٥ ی ٢٠٠٥

عیراق ساڵی ١٩٢١ لە دوای کۆنگرەی قاهیرە، کە بە سەرپەرشتی وینستن چەرچڵ وەزیری ئەوسای "وەزارەتی موستەعمەرات"ی بریتانی بەسترا، بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیی‌یە ستراتیجی و نەوتی‌یەکانی ئیمپریالیزمی بریتانی، لە ٣ ولایەتی عوسمانی: بەسرا و بەغداد و موسل، کە دەیان نەتەوە و ڕەگەز و دین و مەزهەب و عەشیرەتی جیاواز و جۆراوجۆری تێدا بو، بە زۆری هێزی زەمینی و ئاسمانی ئینگلیزی، دروست کرا. سەردەمێ لە لایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە بە داگیرکراوی بەڕێوە ئەبرا و، سەردەمێکیش لە ژێر ماندااتی ئەوان‌دا مایەوە، تا لە ١٩٣٢ دا عیراق وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بو بە ئەندامی "کۆمەڵەی نەتەوەکان".

خواستی ئەو سەردەمەی جوڵانەوەی سیاسی "کوردستانی جنوبی" لە حکومەتی بریتانی و لە حکومەتی عیراق "سەربەخۆیی کوردستان" بو.

لەم عیراقەدا، کە هەندێ بە موزاییک و، هەندێ بە چەپکەگوڵ و، زانای عیراقی بواری زانستی جوگرافی د شاکیر خەسباک، بە "مەتحەفی ئەجناس" ناوی ئەبا، ئەوەندە کێشەی ڕەگەزیی، نەتەوەیی، دینیی، مەزهەبیی، جۆراوجۆری تێدایە، کۆکردنەوەیان، بۆ ئەوەی بە ئاشتی و تەبایی و دڵنیایی و ڕازی بونەوە، لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا پێکەوە بژین، کارێکە هەتا بڵێی سەخت و دژوار و ئاڵۆزە.

زۆر لەوانەی باسی حامورابی و سۆمەر و ئەکەد و بابل و، عیراقی ئەرزی ٧ هەزار ساڵ شارستانی ئەکەن و، باسێ یەکێتی و ژنوژنخوازی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری و سوننە و شیعە و مەندائی و یەزیدی... ئەکەن، لە ناخی دڵی خۆیان‌دا، گاڵتەیان بە قسەکانی خۆیان دێ، ئەگەر خۆیشیان ئەو خۆهەڵکێشانەیان لە ئەنجامی پەروەردەکردنی ناڕاستی عەرەبی‌دا، لێ بوبێ بە ڕاست، ئەوا ئەوانەی گوێیان لەو قسانە ئەبێ، فشەیان پێ‌ی دێ.

زیاتر لە ٨٠ ساڵ پێکەوە ژیان، لە چوارچێوەی یەک دەوڵەت‌دا، نەک ناسنامەی عیراقی بۆ دروست نەکردون، بگرە ڕوخانی سەدام، دەرگای داخراوی زیندانێکی گەورەی کردۆتەوە کە ناوی عیراق بو، هەمو ئەم گروپە جیاوازانەی کە بە زۆر ئاخنرا بونە ئەم زیندانەوە، ئیستا دەرچون هەر یەکەیان داوای مافی تایبەتی خۆی ئەکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە پەیکەری لەشی گەلی عیراقی بە روتوقوتی خستە بەرچاوی دنیا.
ریزبەستنی خەڵکی عیراق بۆ دەنگدان:
نە لە سەر بنچینەی جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی - دیمۆکراتی، لیبرالی، ئیشتیراکی، قەومی عەرەبی، شیوعی.... بو.
نە لە سەر بنچینەی جیاوازی پرۆگرامی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، رۆشنبیری... حیزب و گروپەکان بو.
نە لە سەر بنچینەی کۆمەلایەتی - خێڵەکی و ناوچەیی بو.
نە لە سەر بنچینەی دینیی – ئیسلامی بو.
بەڵکو ریزبەستنی خەلکی بۆ دەنگدان:
لە سەر بنچینەی مەزهبیی - دینیی شیعی، سوننی.
لە سەر بنچینەی ئیتنی - کوردی، تورکمانی، کلدۆ ئاشوری... بو.
عیراقی قۆناغی ئیستا، کە دەستوری هەمیشەیی تێدا ئەنوسرێتەوە، لە بەردەم دوڕییانێکی مێژویی دایە:
ڕێیەکیان، بەستنی گرێبەندێکی ئارەزومەندانەی سیاسی – کۆمەلایەتییە لە نێوان پێکهێنەرە سەرەکییەکانی گەلی عیراق دا، بە تایبەتی لە نێوان کورد و عەرەب، یان لە نێوان کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننەدا، کە ڕەنگ بداتەوە لە دەستورێکی هەمیشەییدا، "دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەلات و سامان و ئەرز" و "هاوبەشی راستەقینە" لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی و لە جۆری حوکمڕانی دەوڵەتی عیراقی نوێدا دابین بکا.
ڕێیەکەی تریان، هەڵوەشانی ئەم قەوارە دەستکردەیە، تەنانەت ئەگەر هەلومەرجی هەرێمایەتی و ناودەوڵەتییش، ڕێگە نەدا ببێ بە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لە ناو سنوری خۆیدا ببێتە چەند "کانتۆن"ی جیاواز و لە یەک دابڕاو.
بەلاداخستنی کێشە چارەنوسسازەکان بە دەنگدانی زۆرایەتی و کەمایەتی لە ناو کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقیدا، لە کاتێکدا نوێنەرانی لیستی شیعەی عەرەب زۆرایەتی کۆمەڵەکەن و، نوێنەرانی لیستەکانی سوننەی عەرەب، کورد، تورکمان، مەسیحی، عەلمانییەکان.. کەمایەتی پێک ئەهێنن، جۆرێ لە ناهاوسەنگی لە نوسینەوەی دەستوردا دروست ئەکا، کە ئەگەر دەستورەکە بە زۆرایەتی دەنگی شیعە لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقیش‌دا تێ بپەڕێ، لە ریفراندۆمدا بێگومان رەت ئەکرێتەوە. ئەوسا عیراق ئەباتەوە بەردەم دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەیەکی نیشتمانی کە سەرلەنوێ ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی بنوسێتەوە. بۆ ئەوەی ئەوە ڕو نەدا، نوسەرانی دەستور، ئەبێ پەنا بەرنەوە بەر پێڕەوی سەرەتای سازان (تەوافوق). ئەو سەرەتایەی کە نەئەهێڵێ هیچ لایەک هەمو داواکانی بەدەس بهێنێ و نەئەهێڵی هیچ لایەک هیچ لە داواکانی دەس نەکەوێ!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

پرسی دەستور:

چەندین دەستور و یەک ئەنجام (٢ – ٧)

سایتی "ریفۆرم بۆ"

١٩ ی ٥ ی ٢٠٠٥

عیراق لە چاو ئەوەدا دەولەتێکی تازەیە چەند جارێ دەستوری تێدا دانراوە و گۆڕاوە.

جاری یەکەم، قانونی ئەساسی عیراقی.

پرۆژەی ئەم قانونە پسپۆڕی ئینگلیزی نوسیوێتی، لە کاتێکدا کە عیراق هیشتا لە ژێر دەسەلاتی ئینگلیزدا بو. "مەجلیسی تەئسیسی عیراق" لە ٢٠ ی ٧ ی ١٩٢٤ دا ئەم "قانونی ئەساسی"یە واتە دەستوری عیراقی پەسەند و، تا روخانی رژێمی پاشایەتی و دامەزرانی رژێمی جمهوری لە ١٤ ی ٧ ی ١٩٥٨ دا کاری پێ کراوە.

کورد لە نوسینی ئەم دەستورەدا هیچ دەستێکی نەبوە، بەڵام لە ناو مەجلیسدا لە کاتی دەنگداندا دەنگیان بۆ پەسەندنی داوە.

ئەم دەستورە، ئەگەرچی لە چاو سەردەمی خۆیدا، هەندێ لە مافە بنەڕەتییەکانی هاوواڵتییانی سەلماندوە، بەڵام ئازادی سیاسی و دادی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندا دابین نەکرد بو.

شاعیری بە ناوبانگی عیراق مەعروف رەسافی، کە خۆی چەند جارێ ئەندامی پارلەمانی عیراق بوە، لە باسی ئەم دەستورەدا وتویەتی:

علم ودستور ومجلس امه

کل عن المعنی الصحیح محرف

واتە: ئاڵایەک و دەستورێک و ئەنجومەنێکی گەل، کە هەمویان لە مەعنای راستەقینەیان لادراون.

بە درێژایی ئەم سەردەمە کورد لە خەباتی سیاسی و چەکداردا بوە بۆ بە دەس هێنانی مافەکانی.

شۆڕشەکانی شێخ مەحمود (١٩٢٣ – ١٩٣١)، شۆڕشەکانی بارزان (١٩٣٠ – ١٩٣١) و (١٩٤٣ – ١٩٤٥)، راپەڕینی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠، خۆپیشاندانەکانی ١٩٤٨، ١٩٥٢، ١٩٥٦... لەم سەردەمەدا بون.

حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد قەدەغە بون و، ئەندامەکانیان ئەگیران و راو ئەنران.

رۆژنامە سیاسییەکان، لە بەر ئەوەی بواری دەرچونی قانونییان نەبوە، بە نهێنی دەرچون.

جاری دوەم، دەستوری موەقەتی عیراقی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای کودەتای ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ کە رژێمی جمهوری راگەیەنرا وەکو یەکێ لە نیشانەکانی گۆڕینی سیاسی رژێمی پاشایەتی بە جمهوری لە ٢٧ ی ٧ ی ١٩٥٨ دا "دەستوری موەقەت" بڵاو کرایەوە. سەرانی حیزبی وەتەنی دیمۆکراتی، بە تایبەتی پارێزەر حسێن جەمیل، ئەم دەستورەیان نوسیوە. کامیل چادرچی رێبەری حیزبی وەتەنی دیمۆکراتی بو.

بۆ یەکەمین جار لە مێژوی عیراق و دەوڵەتانی تری ناوچەکەدا دەستوری موەقەتی عیراقی دانی نا بە بونی کوردا. لە مادەی سێیەمیدا نوسی بو: "عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستورە دان ئەنێ بە مافی نەتەوەییانەدا لە ناو یەکێتی عیراقدا".

لە نوسینی پرۆژەی ئەم دەستورەدا کورد دەستی نەبوە، لە مادەی دوەمیدا نوسی بوی: "عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب" ئەم مادەیە پێچەوانەی مادەی سێیەمی بو، جێگەی ناڕەزایی کورد و هێزە سیاسییەکانی بوە، بەڵام بە گشتی هێزە سیاسی و پیشەییەکانی کورد و رۆژنامە و گۆڤارەکانی و رای گشتی، پشتیوانیان لەم دەستورە کردوە.

لەم سەردەمەدا سەرەتا کورد هەندێ دەسکەوتی سیاسی و رۆشنبیری بە دەس هێنا، بەڵام دواتر دراماتیکترین و خوێناویترین شۆڕشی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە ئەیلولی ١٩٦١ دا دەستی پێ کرد.

جاری سێیەم، دەستوری موەقەت.

عەبدوسەلام عارف، بە کودەتایەکی سەربازی، دەسەلاتی بەعسی روخاند و وەزارتێکی تازەی لە هاوبیرە نەتەوەپەرستەکانی خۆی پێک هێنا، ئەویش لە ١٩٦٤ دا دەستورێکی موەقەتی دانا. دەستورەکەی ئەم لە چاو دەستورەکانی پێش خۆیدا زۆر دواکەوتو ترىو. لە مادەی ١٩ دا نوسی بوی: "عیراقیەکان هەمو یەکسانن لە ئاستی قانون و هەموشیان یەکسانن لە ماف و فرمانی گشتیدا و لەمەدا هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نیە بە هۆی رەگەز و رێچەڵەک و زمان و دینەوە و گشت هاونیشتمانان هاوکاری ئەکەن بۆ پاراستنی قەوارەی ئەم نیشتمانە بە عەرەب و کوردەوە. ئەم دەستورە دان ئەنێ بە مافی نەتەوەییاندا لە ناو یەکێتی عیراقیدا".

لە نوسینی پرۆژەی ئەم دەستورەدا کورد دەستی نەبوە.

لەم سەردەدا، ئەگەرچی هەندێ ماوەی ئاگربڕ و "نەشەڕ و نەئاشتی" تێکەوت، چەوساندنەوەی کورد و وێرانکردنی دێهاتی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە کوردستان هەر بەردەوام بو. ئەم سەردەمە قۆناغێکی شومە لە جوڵانەوەی سیاسی – چەکداری کوردا، جوڵانەوەی کورد لە روی سیاسی و پێشمەرگەییەوە ناکۆکی تێ کەوت و کەرت بو، لە پاڵ شەڕی کورد – عیراق دا شەڕی کورد – کورد دەستی پێ کرد.

جاری چوارەم، دەستوری موەقەت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەعس بە کودەتایەکی سەربازی لە ١٧ ی ٧ ی ١٩٦٨ دا دەسەڵاتی گرتە دەس. دەستورێکی موەقەتی دانا بەڵام ئەم دەستورە دوای رێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ دەسکاری کرا بەو جۆرەی دانی نابو بەوەدا کە: "گەلی عیراق پێک دێ لە دو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد..."

ئەگەرچی بەعس لە دەستوری عیراق دا ئەوەی سەلماند بو کە کورد و عەرەب دو نەتەوەی سەرەکین گەلی عیراق پێک ئەهێنن، بەڵام لەم سەردەمەدا:

گەورەتری کارەساتی نەتەوەیی، تەعریب، تەهجیر، تەرحیل، ئەنفال، کیمیاباران، تێکدانی سروشتی کوردستان، هەڵتەکاندنی بنچینەکانی ئابوری دێهات و هەڵوەشاندنی تەونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردستان، بە سەر کوردا هات.

ئەم دەستورە تا روخانی بەعس لە ٩ ی ٤ ی ٢٠٠٣ دا بە موەقەتی مایەوە.

هیچ کام لەم دەستورانە:

• نەیتوانی کۆمەڵی بهێنێتە بەرهەم ناسنامەی "دەوڵەت – نەتەوە" یا "نەتەوە – دەوڵەت" ی عیراقی هەبێ و، "هەستی هاووڵاتیبونی عیراقی" لە ناخی دانیشتوانی عیراقدا بخوڵقێنێ.

• نەیتوانی کێشەکانی چەساندنەوەی نەتەوەیی، هەڵاواردنی رەگەزی، جیاوازی تائیفی، ناکۆکی چینایەتی، چارەسەر بکات و، ئاشتی کۆمەڵایەتی و تەبایی سیاسی، لە ناو کۆمەڵی عیراقی دا دابمەزرێنێ.

• نەیتوانی گەشەکردنی ئابوری و، نزمترین ئاستی خۆشیی گوزەران و ئاسودەیی ژیان، بۆ دانیشتوانی عیراق دابین بکات، سەرەڕای ئەوەی عیراق یەکێک بو لە وڵاتە هەرە زەنگینەکانی جیهان لە نەوت و غاز و ئاو و ئەرزی کشتوکاڵ دا.

• نەیتوانی ئاسایشی ناوخۆی عیراق و ئاسایشی دەرەوەی دابین بکا، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری داهاتی عیراق بۆ ئاسایشی ناوەکی و دەرەکی بە فیڕۆ ئەڕۆیشت و، عیراق یەکێ لە گەورەترین دامەزراوە جەنگیەکانی ناوچەکە و گەورەترین داوودەزگای پۆلیسی و سەرکوتکردنی هەبو.

دوای روخانی بەعس بۆشاییەکی دەستوری دروست بو. دەسەڵاتی داگیرکەری ئەمەریکی ویستی ئەم بۆشاییە بە نوسینی دەستورێکی نوێ پڕ بکاتەوە. کە "مەجلیسی حوکم" دروست بو، مەجلیسی حوکم لەو بارەیەوە خەریک بو، بەڵام مەرجەعی بالای شیعە سەید عەلی سیستانی فتوای دا کە دەستور ئەبێ لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی دانیشتوانی عیراقەوە بنوسرێ. فتواکەی سیستانی ڕێی بڕی لە هەر تەقەلایەک بۆ نوسینی هەر دەستورێ، هەمیشەیی یا کاتیی بێ، بۆیە مەجلیسی حوکم قانونێکی دانا ناو نرا "قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ ماوەی گواستنەوە". بە پێی ئەو قانونە ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و نوسینی دەستور دیاری کرا.
لە ٣٠ ی ١ ی ٢٠٠٥ دا هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ٢٧٥ ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و بۆ هەڵبژاردنی ١١١ ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی هەمو پارێزگاکانی عیراق ئەنجام درا.
لە ٦ ی ٤ ی ٢٠٠٥ دا کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق بە زۆرایەتی ٢٢٧ دەنگ لە کۆی ٢٥٧ دەنگ "ئەنجومەنی سەرۆکایەتی" هەڵبژارد. جەلال تاڵەبانی بە سەرۆکی کۆمار و عادل عەبدولمەهدی بە جێگری یەکەم و غازی یاوەر بە جێگری دوەم.
لە ٧ ی ٤ ی ٢٠٠٥ دا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە بەردم کۆمەڵەی نیشتمانیی‌دا سوێندی یاسایی‌یان خوارد و، هەمان رۆژ د ئیبراهیم جەعفەری‌یان راسپارد ئەنجومەنی وەزیران پێک بهێنێ.
لە ٢٨ ی ٤ ی ٢٠٠٥ دا سەرۆکی وەزیران و جێگرەکانی و وەزیرەکانی، لە کۆی ١٨٥ ئەندام کە ئامادەی کۆبونەوەکە بون ١٨٠ دەنگیان بە دەس هێنا.
لە ٣ ی ٥ ی ٢٠٠٥ دا ئەندامانی وەزارەت "سوێندێکی قانونی‌ناتەواویان" لە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق‌دا خوارد. لە سوێندەکە رستەی "نیزامی دیمۆکراتی فیدرالی" لێ دەرهێنرا بو.
لە ١٠ ی ٥ ی ٢٠٠٥ دا کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق لە ناو ئەندامەکانی خۆی‌دا ٥٥ کەسی هەڵبژارد بە ئەندامی کۆمیتەی نوسینی دەستور.
بەمجۆرە پرۆسەی نوسینی دەستوری هەمیشەیی عیراق، یان بە واتەیەکی تر "پرسی دەستور"، دەستی پێ کرد.

*

پرسی دەستور:

کورد چۆن بەشداری نوسینی دەستور بێ؟ (٣ – ٧)

سایتی "ریفۆرم بۆ"
٢٠ ی ٥ ی ٢٠٠٥
میکانیزمی نوسینی دەستور
مادەی ٦١ و بڕگەکانی لە – ئەلف تا زێ – ی قانونی ئیدارەی دەوڵەت "قاد" هەنگاوەکانی نوسین و پەسەندن و کار پێ کردنی دەستوری هەمیشەیی لە عیراق دا رون کردۆتەوە.
کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق ئەبێ نوسینی رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عیراق ئەوپەڕی تا ١٥ ی ٨ ی ٢٠٠٥ تەواو بکا و، بە شێوەیەکی فراوان بۆ گفتوگۆ و لێدوان و تاووتوێ کردن لە ناو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە، ئینجا بیخاتە بەردەم گەل بۆ ریفراندۆم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەگەر زۆرایەتی دەنگدەرانی عیراق رەشنوسی دەستورەکەیان لە ریفراندۆمدا پەسەند، ئەوا تا ١٥ ی ١٢ ی ٢٠٠٥ سەرلەنوێ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام ئەدرێ و، تا ٣١ ی ١٢ ی ٢٠٠٥ ئەبێ کۆمەڵەی نیشتمانیی نوێ و حکومەتی نوێی عیراق بۆ چەند ساڵی داهاتو بە شێوەیەکی ئاسایی بکەونە کار.

ئەگەر کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق نەیتوانی تا ١٥ ی ٨ لە نوسینی دەستور ببێتەوە، سەرۆکی کۆمەڵە بە رەزامەندی زۆرایەتی ئەندامەکانی ئەتوانی داوا بکا لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ماوەکەیان بۆ درێژ بکاتەوە بەو مەرجەی لە ٦ مانگ تێ نەپەڕێ.

ئەگەر زۆرایەتی دەنگدەرانی عیراق، یان دوسێیەکی ٣ پارێزگای عیراق، رەشنوسی دەستورەکەیان نەپەسەند، کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق هەڵئەوەشێتەوە و، تا ١٥ ی ١٢ ی ٢٠٠٥ هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق ئەبێ دوبارە بکرێتەوە و کۆمەڵەی نیشتمانی و حکومەتی عیراق، کە هەردوکیان درێژە پێ دەری ماوەی گواستنەوە ئەبن، ئەبێ تا ٣١ ی ١٢ ی ٢٠٠٥ کار بگرنە دەس. ماوەی ساڵێکیان لە بەردەمدا ئەبێ بۆ نوسینی دەستور و پەسەندنی لە دوەمین ریفرندۆمدا.

کۆمیتەی نوسینی دەستور

رۆژی ١٠ ی ٥ ی ٢٠٠٥ کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق لە کۆبونەوەیەکی تەرخان کراودا بۆ دارشتنی دەستوری هەمیشەیی عیراق کۆمیتەیەکی هەڵبژارد کە ٥٥ ئەندامی کۆمەڵەکەن. لە ١٦١ نوێنەر کە ئامادەی کۆبونەوەکە بون کۆمیتەکە ١٤٢ دەنگی هێناوە. لە کۆبونەوەیەکی تردا کۆمیتەکە ئەبێ سەرۆک و جێگری سەرۆک و بڕیاردەری بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

لەو ٥٥ کەسەی هەڵبژێردراون بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی نوسینی دەستور: ٢٨ یان لە نوێنەرانی لیستی شیعی و، ١٥ یان لە لیستی کوردستانی و، ٨ یان لە لیستی عەلاوی و، ٤ ی تریان لە لیستی جۆراوجۆرن.

لەوانەیە زۆریی ژمارەی ئەندامەکانی و، زۆریی درێژەدان بە قسە و مشتومڕ و لێدوان کاتی دیاریکراوی کۆمیتەکە بە قسەی دوبارە و بێهودەوە بکوژێ، ئەگەر کۆمیتەکە نەبێتە چەند "لاکۆمیتەیەک" و هەر یەکەیان بابەتێکی دەستورەکە بگرێتە ئەستۆ. بەڵام هەوڵدانی هەمو لایەنەکان بۆ بەشدار بون بە ژمارەی زۆر نیشانەی گرنگی ئەرکەکانی کۆمیتەکە و ناوەرۆکی دەستورەکەیە.

چەند سەرنجێ لە پێکهاتەی کۆمیتەکە:

یەکەم، لیستی یەکگرتوی شیعە بە ٢٨ ئەندام بەشدار بون، ئەمە لە نیوە زیادتری تێکڕای ئەندامانی کۆمیتەکەیە. لە نیوە کەمتریان داوە بە هەمو پێکهاتەکانی تری عیراق، لە کورد و سوننەی عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری و یەزیدی... بۆ ئەوەی لە هەمو دەنگدانێکدا خۆیان مسۆگەر بن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کاتێکدا گروپە جیاوازەکانی ناو لیستی شیعە لە ململانێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی وەزارەت، سیستانی داوای لە ئەندامانی لیستەکە کرد هەڵوێستێکی یەکگرتوو وەربگرن و بڕیاری دا کە ئەگەر هیچ کۆمەڵێک لە ئەندامانی لیستەکە بەشداری لە کابینەی حکومەتدا نەکات، ئەوا ئەو کۆمەڵە لە لیستەکە دەردەکرێت. ئەم بڕیارە کاریگەری خراپی لەسەر هاوسەنگی هێزەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دروست کرد.

لە هەڵسوکەوتی نوێنەرانی شیعەدا هەست بە جۆرێ لە "خۆگونجاندنی ئەنقەست" ئەکرێ بۆ ئەوەی رەشنوسی دەستور لە کاتی دیاریکراودا ئامادە نەبێ، تا (بە پێی بڕگەی واوی مادەی ٦١) سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی لە ١ ی ٨ ی ٢٠٠٥ دا ناچار بێ داوا لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بکا ٦ مانگی تر ماوەی نوسینی دەستور درێژ بکاتەوە.

نوێنەرانی شیعە لە کۆمیتەکەدا ئەگەرچی هەندێکیان ئاخوندی مێژەر بە سەرن و هەندێکیان قات و بۆینباخیان لە مل دایە، بەڵام هەمویان سەر بە یەک قوتابخانەی ئایدیۆلۆجی دینیی دیارن، کە فیقهی جەعفەریە. د عەلی دەباغ یەکێکە لە نزیکەکانی سیستانی و، جاروبار بیروبۆچونەکانی سیستانی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن رون ئەکاتەوە. شێخ هومام حەمودی و شێخ جەلالی سەغیر دو ئاخوندی ئەندامی سەرکردایەتی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی عیراقن، د جەواد مالیکی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دەعوە و، د سامی عەسکەریش پێشتر ئەندامی حیزبی دەعوە بوە.

شیعەی عیراق، تەجروبەی شیعەی ئێرانیان لە بەر دەس دایە بۆ نوسینی دەستور. دوای روخانی شا بە هەمان شێوەی ئیستای عیراق لە لایەن مەجلیسێکی هەڵبژێردراوەوە "قانونی ئەساسی ئێران" دارێژرا و، خرایە بەر "ریفراندۆم". لە ریفراندۆمدا پەسەند کرا و، کەوتنە جێبەجێ کردنی و، لەو ساوە کار بەو قانونە ئەکرێ. شیعەی عیراق ژمارەیەکی زۆر پسپۆڕی شارەزا و لێزانی قانونیان هەیە ئەتوانن لە کاتی نوسینی دەستوردا پرسیان پێ بکەن و کەڵکیان لێ وەر بگرن.

دوەم، نوێنەرایەتی سوننەی عەرەب لەم کۆمیتەیەدا تەنیا ٢ ئەندامە: عەدنان جەنابی و عەبدوڕەحمان نعێمی. سوننەی عەرەب بەوەی لە هەڵبژاردندا بەشداریەکی کەمیان کرد، ژمارەی نوێنەرەکانیشیان بەو پێیە لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقدا کەم و لاوازە. بەڵام ئەگەر لە ئیستاوە ئەمە چارەسەر نەکرێ و، لە نوسینی دەستوری هەمیشەییدا بەشدار نەکرێن و بیروبۆچون و قازانجەکانیان لە بەر چاو نەگیرێ، لە ریفراندۆمی داهاتودا ئەتوانن دەستور رەت بکەنەوە و، ببنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم کۆمەڵەیەی ئیستا و، دوبارە کردنەوەی هەڵبژاردنێکی تر بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەوسا ئەتوانن بە قورسایی و هێزێکی زۆرترەوە بێنە ناو هەڵبژاردن و ناو هۆڵی کۆمەڵەی نیشتمانی و ناو کۆمیتەی نوسینی دەستورەوە.

سێیەم، نوێنەرایەتی لیستی کوردستانی لەم کۆمیتەیەدا ١٥ ئەندامە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نوێنەرانی لیستی کوردستانی لە کۆمیتەکەدا بریتیبە لە: د فوئاد مەعسوم، قازی دارا نورەدین، د سەعدی بەرزنجی، فەرەیدون عەبدولقادر، د مونزیر فەزل، حەمید مەجید موسا، د حسێن بالیسانی، سەید ئەحمەد، دیندار نەجمان، عادل ناسر، نوری پەترۆس، سامی شەبەک، عەبدولخالق زەنگەنە ، نێرگز مەجید، مونیرە عەبدول.

وەکو لە ناوی نوێنەرەکانداە دەر ئەکەوێ، لە روی نەتەوەییەوە: جگە لە کورد، عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری و، لە روی دینیەوە: موسوڵمانی سوننی و موسوڵمانی شیعی و مەسیحی و یەزیدی و، لە روی بیروباوەڕی سیاسیەوە: دیمۆکرات و لیبرال و ئیسلامی و کۆمۆنیستی تێ دایە...

کورد چۆن بەشداری نوسینی دەستور بێ؟

سەرکردایەتی کورد نابێ بە تەنیا بە هیوای ئەو ١٥ کەسەی کە چونەتە ناو کۆمیتەی نوسینی دەستورەوە پشتی لێ بکاتەوە و کارەکان بە تەمای ئەوان بە جێ بهێڵێ، بەڵکو ئەبێ لە نزیکەوە ئاگاداری گفتوگۆ و رووداوەکانی ناو کۆمیتەکە بێ و، بە وردی چاودێری بکات. نەک لە بەر ئەوەی نوێنەرەکانی لە ئاستی ئەو کارەدا نین، بەڵکو لە بەر ئەوەی مادەکانی ئەم دەستورە کار لە چارەنوسی کورد و پاشەڕۆژی سیاسی عیراق ئەکەن، لە بەر ئەوە و بۆ ئەوەی هەڵەکانی کاتی نوسینی "قاد" دوبارە نەبنەوە، پێویستە:

١. گروپێ لە شارەزاکانی بوارە جیاوازەکانی کاروباری قانونی، سیاسی، جوگرافی، مێژویی، ئابوری، رۆشنبیری... لە پسپۆرەکانی کورد و عەرەبی عیراقی، دۆستی کورد، کۆ بکاتەوە، بەردەوام ئاگایان لە گفتوگۆکانی ناو کۆمیتەکە و داڕشتنی گەلاڵەی مادەکانی بن و، ئامۆژگاری نوێنەرانی کورد بکەن و بەڵگە و بیانوی قانونییان بۆ ئامادە بکەن.

٢. چەند پسپۆرێکی "قانونی دەستوری" لە وڵاتانی فیدرالی وەکو: کەنەدا، ئوستڕالیا، سویسرا، بەلچیکا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئەمەریکا، روسیا، هیندستان، پاکستان... بانگ بکەن بۆ ئەوەی پرسوڕایان پێ بکەن و، کەڵک لە تەجروبەی ئەوان وەربگرن لە بواری: دابەشکردنی دەسەلات لە نێوان هەرێم و ناوەند، مولکیەتی سامانی سروشتی، نواندنی دیپلۆماسی هەرێم لە دەزگای دیپلۆماسی عیراقی و لە سەفارەتەکانیدا، خۆپاراستنی لە هەڕەشەی ناوەکی و دەرەکی، پاراستنی کەمایەتی ڕەگەزی و دینیی...

٣. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە وردی چاودێری گفتوگۆکانی ناو کۆمەڵە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تاووتوێ کردنی هەمو بابەتەکانی دەستور بکا و لە هەمو کێشە گرنگەکانداە بیروڕای خۆی روون بکاتەوە و، پشتیوانی لە باشەکانی دەربببڕێ و، لە سەر چەوتیەکانی بە دەنگ بێ.

ئەم پرۆسە چارەنوسسازە، کە ئایندەی کوردی لە سەر بنیات ئەنرێ، نابێ لە پشتی دەرگای داخراوی ژوری کۆبونەوەکانەوە حەشار بدرێ، بەڵکو ئەبێ بەو پەڕی ڕۆشنیەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لـە دەزگاکـانی راگەیانـدنـدا بـۆ رای گشـتی کـورد بـاس بکـرێ، بـە تایبـەتی دەسـتور بـۆ پەسەندنی لە لایەن خەڵکی عیراقەوە، لەوانە گەلی کورد، سەرەنجام ئەخرێتە ریفراندۆمەوە.

*

پرسی دەستور:

ململانێی بیروبۆچونەکان (٤ – ٧)

سایتی "ریفۆرم بۆ"

٢٢ ی ٥ ی ٢٠٠٥

هەڵبژاردنی ٣٠ ی ١ ی ٢٠٠٥ لە هەمو ناوچەکانی عیراقدا نەتوانرا وەکو یەک بەڕێوەبچێ و بە یەک شێوە ئەنجام بدرێ.

ئەگەر ناوچەکانی عیراق "سنورێکی وەهمیی" نەتەوەیی و تائیفی بۆ بکێشرێ، ئەشێ ببێتە ٣ ناوچەی جیاوازی: کوردنشین، سوننەنشینی عەرەبی، شیعەنشینی عەرەبی، کە ٣ پێکهێنەری سەرەکی گەلی عیراقن.

لـە ناوچـەی پێکهاتـەی یەکـەمدا، کـە خۆیـان بـە ٦٥% ی دانیشـتوانی عیـراق دائـەنێن، لـە ناوەڕاسـت و خـواروی عیـراق، مەڵبەندی شیعەنشینی عـەرەب، سیسـتانی دەسـتی خسـتە هەڵبژاردنـەوە. خۆی لـێ کردن بـە خـاوەن. سـەرەتا هـەمویانی لـە لیستێکی یـەکگرتودا کـۆ کردەوە، ئینجا داوای لـێ کردن بـۆ ئـەوەی بچنـە بەهەشت بچن بـۆ دەنگدان و بـۆ ئـەوەی "تەلاق"یشیان نەکەوێ دەنگ بە لیستی یەکگرتوی شیعە بدەن. دەنگدەرانی شیعە بـە لێشـاو بەشدار بون و، زۆرایەتی کورسیی‌یەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی‌یان بە دەس هێنا.

لە ناوچەی پێکهاتەی دووەمدا، کە بە سێگۆشەی سوننی ناو ئەبرێ، لە ناوچەکانی رۆژئاوای عیـراق، ناوچـە سوننەنشـینەکانی ئـەنبار، سـەلاحەدین، نەینـەوا و بەشـێکی دیالـە و تـەئمیم... چەندین لا دەستیان وەر دایە رەوتی هەڵبژاردنەوە:

تـەنزیمی قاعیـدە هەڕەشـەی کوشـتن و تەقاندنـەوەی کـرد لـە هـەمو ئەوانـەی بەشـداری هەڵبژاردن ئەبن، هەر لەو دوکاندارانەوە کە کارتی خۆراکیان لا بو، تا ئەوانەی سەرپەرشتی سنوقی دەنگدان ئەکەن و، تا ئەوانەی خۆیان ئەپاڵێون و دەنگ ئەدەن. هەڕەشـەکانی قاعیدە جێی خۆی گرت. هاوکات لە گەڵ ئـەو هەڕەشـانە، هەیئـەتی عولـەمای موسـلیمین داوای لـە خەڵک کرد بایکۆتی بکەن. حیزبی ئیسلامی عیراق لە پرۆسەکە کشایەوە. زۆرایەتی سوننەی عەرەب پێیان وابو هەڵبژاردن لە عیراقدا سەرناگرێ. بەمجۆرە زۆرایـەتی عـەرەبی سـوننە، بە زۆر بێ یان بـە خوایشـت، بەشـداری هـەڵبژاردن نـەبون و، ژمارەیـەکی کـەمیان گەیشتنە کۆمەڵەی نیشتمانی.

لە کوردستان هەڵبژاردن بێ گیروگرفت بەڕێوە چو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لیستی یەکگرتوی شیعە ١٤٦ جێگە و، لیستی هاوپەیمانی کوردستان ٧٥ جێگە و، لیستی عیراقیە ٤٠ جێگە و، لیستەکانی تر ژمارەی کەمیان بە دەس هێنا. لە ئەنجامی ئەمەدا نەخشەی سیاسی ناو کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق "ناهاوسەنگ" بەڵکو "لاسەنگ" دەرچو.
ئیستا هەر لایەک، لە پێکهاتەکانی گەلی عیراق، سەرەکی و پچوک، داواکانی خۆی ئەهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ و، ئەیەوێ لە دەستوری هەمیشەیی‌دا بیچەسپێنێ.

- شیعەکان هەوڵ ئەدەن ناسنامەی دینی بە سەر دەوڵەتی عیراق‌دا بسەپێنن.
- عەرەبە نەتەوەپەرستەکان، چ عەلمانی و چ دینی، هەوڵ ئەدەن ناسنامەی عەرەبی بە سەر دەوڵەتی عیراق‌دا بسەپێنن.
- کورد هەوڵ ئەدا وەکو نەتەوەی سەرەکی لە گەڵ نەتەوەی سەرەکی عەرەب‌دا یەکێتی‌یەکی ئارەزومەندانە لە سەر بنچینەی فیدرالیزم دابمەزرێنێ.
- تورکمان هەوڵ ئەدا وەکو نەتەوەی سێیەم بناسرێ و لە پایە سەروەری‌یەکانی دەوڵەت و داوودەزگا حکومەتی‌یەکان‌دا بەشی بدرێ.
- یەزیدی ئەیانەوێ لە دەستوردا وەکو گروپێکی دینی دانپیانراو ناویان بهێنرێ.
- کلدۆ ئاشوری ئەیانەوێ مافی دینیی، سیاسی، رۆشنبیری، کارگێڕی.. یان، بسەلمێنرێ و، لە داوودەزگاکانی دەوڵەت‌دا بەشدار بکرێن.

مەسیحی‌یەکان لە ناو خۆیان‌دا ناکۆکن هەندێکیان ئەیانەوێ هەمویان لە ژێر ناوی کلدۆئاشوری‌دا کۆ بکرێنەوە، بەڵام هەندێکی تریان خۆیان بە یەک نەتەوە نازانن، پێیان وایە ٣ نەتەوەی جیاوازن: کلدانی، ئاسوری، سریانی، بەڵام هەمویان بە دین مەسیحی و بە مەزهەب جیاوازن.
هەر یەکێ لەمانە نۆرینی خۆی بۆ عیراقی نوێ و سەرەتا گشتی‌یەکانی دامەزراندنەوەی هەیە، لە هەمان کات‌دا داوای تایبەتی خۆی هەیە.
قانونی ئیدارەی دەوڵەت "قاد"، کە تا نوسینی دەستوری هەمیشەیی و پەسەندنی و، هەڵبژاردنی حکومەتێکی نوێ بە پێی دەستوری نوێ، کاری پێ ئەکرێ، ئەشێ هەموی یا هەندێکی بکرێتە بنچینە بۆ نوسینی دەستوری داهاتو. بەڵام کەموکوڕی‌یەکانی و، گۆڕانی تەرازوی هێزەکانی ناو کۆمەڵەی نیشتمانی بە قازانجی "شیعەی سیاسی" بابەتە کۆنەکان، کە بە چارە نەکراوی بە جێ هێڵراون، ئەژێنێتەوە و بابەتی تازە ئەهێنێتە گۆڕێ. لە چەندین بابەتی بنەڕەتی‌دا بیروبۆچونی جیاواز هەیە، لە ناو ئەوانەدا: دەوری دینی ئیسلام لە دەوڵەتی عیراقی نوێ‌دا، عروبە و عەرەبایەتی عیراق، ناوەندێتیی و نەناوەندێتیی، فیدرالیزم، سیستەمی حوکمڕانی، مافی ئافرەت...

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەم، عیراق و ئیسلام

دەستورەکانی عیراق، سەرەڕای جیاوازی قۆناغە سیاسییەکانی نوسینیان، هەمویان ئیکتیفایان بەوە کردوە: "ئیسلام دینی ڕەسمی دەوڵەتە". دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس زۆر کەس بە هیوا بون "دین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە" و عیراقی نوێ "دەوڵەتێکی عەلمانی" بێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم چاوەڕوانییەوە دەوری دین لە ژیانی سیاسیدا، لە چاو جاراندا بەهێزتر بو.

عیراق لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردودا هیچ کاتێ، بە ئەندازەی ئیستا، ڕێکخراوە دینییە بنچینەوانەکانی ئیسلامی سیاسی، چ لە ناو شیعەدا و چ لە ناو سوننەدا، زاڵ نەبون بە سەر کۆمەڵدا.

لە ناو شیعەدا چەندین ڕێکخراوی دینی - سیاسی بڵاو بونەتەوە، لەوانە:

مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی لە عیراقدا. ئەمیش چەندین ڕێکخراوی تری سیاسی، چەکدار، فیکری، خێریی.. دامەزراندوە، کە گرنگترینیان ڕێکخراوی "بەدر"ە.

حیزبی دەعوەی ئیسلامی ئەویش ٣ بالی جیاوازن: حیزبی دەعوە، تەنزیمی عیراق، **حەرەکەی دەعوەی ئیسلامی.**

حیزبی فەزیلە.

تەیاری سەدر.

هەروەها دەیان ڕێکخراوی پچوک و خۆجێیی کە بە ناوی دینەوە کار ئەکەن.

مەجلیسی ئەعلا لە ئەنجومەنی ٧ پارێزگادا، لەوانە ئەنجومەنی پارێزگای بەغداد، حیزبی فەزیلە لە ئەنجومەنی ٣ پارێزگادا، لەوانە ئەنجومەنی پارێزگای بەسرا، دەسەڵاتدارن.

لە ناو سوننەشدا چەندین ڕێکخراوی دینی – سیاسی بڵاو بونەتەوە، لەوانە:

تەنزیمی قاعیدەی جیهاد و تەوحید و، دەیان ڕێکخراوی چەکدار کە بە ناوی ئیسلامەوە کاری تێرۆریستی ئەکەن.

هەیئەتی عولەمای موسلمین، کە وەکو بالی سیاسی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان ڕەفتار ئەکا.

دەیان ڕێکخراوی تری پچوک و خۆجێیی کە بە ناوی دینەوە بە ئاشکرا و نهێنی کار ئەکەن.

حیزبی ئیسلامی عیراقی.

دینییەکان هەوڵ ئەدەن ناسنامەی ئیسلامی بە سەر دەستوردا بسەپێنن، بیانویان بۆ ئەمەیش ئەوەیە کە زیاتر لە ٩٥% ی دانیشتوانی عیراق موسوڵمانن. لە "قادا" زۆر زیاتریان لە جاران سەپاند. (بڕگەی ئەلفی مادەی٧) ئەڵێ: "ئیسلام دینی ڕەسمیی دەوڵەتە و بە یەکێ لە سەرچاوەکانی تەشریع دائەنرێ و، لە ماوەی گواستنەوەدا نابێ قانونێ دابنرێ لە گەڵ سەوابیتی ئیسلام، کە ئیجماعی لەسەرە، و لە گەڵ سەرەتاکانی دیمۆکراتی و مافەکانی کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە بابی ٨ ی ئەم قانونەدا هاتوە، نەگونجێ. ئەم قانونە ڕێزی ناسنامەی ئیسلامی زۆرایەتی گەلی عیراق ئەگرێ و، گشت مافە دینیەکانی هەمو کەس لە ئازادی باوەڕ و ئەنجامدانی ڕێوشوێنەکانی دابین ئەکا." ئەم مادەیە لێکدانەوەی جیاواز و جۆراوجۆر هەڵئەگرێ.

ئیستایش ڕەنگە لە کاتی نوسینی دەستوردا هەمان پرس، گەرمتر لە جاری پێشو، سەر هەڵبداتەوە. هەندێکیان داوا ئەکەن: "ئیسلام تەنیا سەرچاوەی تەشریع بێ" و، هەندێکی تریان داوا ئەکەن: "ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی تەشریع بێ"، لە نێوان ئەوانەدا و لە نێوان ئەوانەی ئەڵێن: "ئیسلام ئەبێ سەرچاوەیەکی سەرەکی تەشریع بێ" و، نەرمتر: "ئیسلام یەکێ لە سەرچاوەکانی تەشریع بێ" مشتومڕ دروست ئەبێ.

لەوانەیە ئەمە ببێتە یەکێ لە مشتومڕە سەرەکیەکانی دانەرانی دەستور نەک هەر لە نێوان لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی و لایەنگرانی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، بەڵکو لە نێوان لایەنگرانی شەریعەتدا خۆیاندا.

ئەگەر ئیسلام کرا بە "تەنیا سەرچاوە" یا "سەرچاوەی سەرەکی" کام شەریعەت ئەکەن بە سەرچاوە؟ فیقهی شیعی یان فیقهی سوننی؟

ئەگەر فیقهی شیعی بە زۆرایەتی دەنگ سەپێنرا، کام فیقهی شیعی کاری پێ ئەکرێ؟

دوەم، عیراق و عەرەب

نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، دینی و نەدینیەیان، ئەیانەوێ مادەی کۆنەکانی دەستورە کۆنەکانی عیراق کە "عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب" لە دەستوری داهاتودا جێگیر بکەن و، ناسنامەی عەرەبی عیراق ساخ بکەنەوە و، عیراق وەکو هەر دەوڵەتێکی تری عەرەبی لە قەڵەم بدەن. بیانویان بۆ ئەمەش ئەوەیە کە لە ٨٠% زیاتری دانیشتوانی عیراق عەرەبن.

ئەمە کێشەیەکی کۆنە لە نێوان کورد و نەتەوەپەرستەکانی عەرەبدا. ئەوان پێیان داگرتوە لە سەر ئەوەی: "عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب". کوردیش پێی داگرتوە لە سەر ئەوەی: "گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و گەلی کوردی عیراق بەشێکە لە نەتەوەی کورد".

کورد تا چەند ئەتوانێ ئەمە بەوان بسەلمێنێ، یان ئەوان تا چەند ئەتوانن بە سەر کوردیدا بسەپێنن؟ وەکو چارەیەکی مامناوەنجی (برگەی بێی مادەی ٧) ی "قاد" نوسیوێتی: "عیراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و گەلی عەرەبی تێدا بەشێکی لە جیابونەوەنەهاتوی نەتەوەی عەرەبە". ئەم گۆڕینە ئەگەرچی خواستی کوردی نەهێناوەتە دی بەوەی بە ئاشکرا بڵێ: "کوردی عیراق بەشێکە لە نەتەوەی کورد"، بەڵام ناڕەزاییەکی فراوانی لە ناو نەتەوەپەرستەکانی عیراق و سەرانسەری وڵاتانی عەرەبیدا وروژاند. عەرەبی توڕە کردوە، کوردیشی پێ ڕازی نەکراوە.

لێرەدا چەند پرسیاری دێنە پێشەوە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کورد تا چەند ئەتوانێ عیراق لە وڵاتانی عەرەبی دابڕێ؟
کورد چەند قازانج ئەکا لە دابڕینی عیراق لەوڵاتانی عەرەبی؟
کورد چ زەرەرێ ئەکا لە مانەوەی عیراق لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا؟
کورد ئەیەوێ وەکو عەرەب بە نەتەوەی سەرەکی دابنرێ، ئەگەر گەلی عەرەب لە عیراقدا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و عیراقی عەرەبی بەشێکە لە نیشتمانی گەورەی عەرەب، کوردیش بەشێکە لە نەتەوەی کورد و کوردستانی عیراق بەشێکە لە نیشتمانی گەورەی کورد.

سێیەم، عیراق و فیدرالیزم

دەوڵەتی عیراق سادە بێ یا لێکدراو؟ ناوەندی بێ یا نەناوەندی؟ فیدرالی بێ یا نە؟ ئەمانەش لەو پرسانەن کە ئەبێ دەستوری نوێ یەکالایان بکاتەوە.

مادەی ٤ ی "قاد" نوسیویەتی: "نیزامی حوکم لە عیراقدا جمهوری، فیدرالی، دیمۆکراتی، پلورالییە، دەسەلات لە نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان و شارەوانییەکان و بەڕێوەبەرایەتیەیە خۆجێییەکاندا دابەش ئەکرێ، نیزامی فیدرالی لە سەر بنچینەی راستیەیە جوگرافی و مێژوییەکان و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانە، نەک لە سەر بنجینەی رێچەڵەک، رەگەز، ئیتنی یا نەتەوەیی یا مەزهبی."

عیراق ماوەیەکی درێژ ناوەندێکی بەهێز و دەسەلاتدار حوکمی کردوە. هەمو سەرچاوەکانی سامان و دەسەلات و هۆیەکانی ژیانی گرتوتە دەس خۆی. ناوەندێتی بۆتە بەشێ لە بیری سیاسی کاربەدەستان و، کردویانە بە بیانویەک بۆ پاراستنی یەکێتی ئەرز و گەلی عیراق. چەندین وەچە و چەندین نەوەی عیراقی لە خوێندنگە و زانکۆ زانستی و جەنگی و پۆلیسییەکانی عیراقدا بەم بیرە پەروەردە کراون. هەر جۆرە باسێ لە دابەشکردنی دەسەلات لە نێوان ناوەند و چواردەوریدا چەند کەم و لاواز بوبێ، بە هەوڵدانی جیابونەوەخوازی دائەنرا. ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە تا ئیستایش لە میشکی گەلێ لە سیاسییەکانی عەرەبدا، چ سوننی و چ شیعی، چ عەلمانی و چ دینی، تەنانەت لە میشکی هەندێ دیمۆکرات و کۆمۆنیستی عیراقیدا ماوە.

بۆ یەکەم جار لە عیراقدا کورد باسی خۆبەڕێوەبردن و "ئیدارەی موختارە" و "لامەرکەزی" و "حوکمی زاتی"... هێناوەتە ناو گفتوگۆی سیاسییەوە. هەر ئەویش بۆ یەکەم جار حکومەتی عیراقی ناچار کرد لە ١٩٦٣ دا "نەناوەندێتی کارگێڕی" و لە ١٩٧٠ دا "ئۆتۆنۆمی" بۆ کوردستان بسەلمێنێ.

بەر لە روخانی سەدام زۆری سەرانی موعارەزەی عیراقی، بە تایبەتی ئەوانەی هاوپەیمانی کورد بون، سەرەتای فیدرالییان سەلماند بو بۆ ڕێکخستنی نێوان کوردستان و حکومەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەغداد، ئەوەش هیچ منەتێکی تێدا نەبو چونکە کوردستان، بە کردەوە خۆی لە هەرێمێکی فیدرالی زیاتر، لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەچو.
یەکێ لە هەڵە مێژوییەکانی سەرکردایەتی کورد لە ساڵانی بەرهەڵستی سەدام و رژێمی بەعس‌دا ئەوە بو: کێشەی سنوری کوردستان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی فیدرالی کوردستانیان ئەودەم لە گەڵ هاوپەیمان و هاوکارە عیراقییەکانیان ساخ نەکردەوە و هەڵیان گرت بۆ رۆژێکی وەکو ئەمرۆ. ئەودەم ئەکرا وەکو مەرجی هاوکاری ئەم خواستانەیان پێ بسەلمێنرایە. هەرچەندە لەوانە بو ئەمرۆ دوای ئەوەی هەندێ دەسەڵاتیان کەوتۆتە دەس لێی پاشگەز ببنەوە و، بیانوی تازە ساز بکەن، بەڵام کورد ئیستا بەڵگەیەکی بەهێزی بە دەستەوە ئەبو.
سەرەتای فیدرالی، لە ناو زۆر کۆر و کۆمەڵ و شار و ناوچەی عەرەبی‌دا پەسندە و، خەریکە لە هەندێ ناوچەی عیراق، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان: کێشەی ئاسایش، بێکاری و هەژاری، کەمی کاروباری خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە و کارەبا و زێراب و رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە، ئەبێتە خواستی خەڵکی. هەرێمی کوردستان نمونەیەکی باشی، لەو لایەنەوە، لە لا دروست کردون.
هەرچەندە تا ئیستایش لە ناو عەرەب‌دا هەن فیدرالی‌یان پێ قبوڵ ناکرێ، وەکو لە سوێندخواردنەکەی وەزیرەکان‌دا پیشانیان دا، بەڵام کێشەی سەرەکی ئیستا سەلماندن و نەسەلماندنی سەرەتای فیدرالی نیە، بەڵکو جۆری فیدرالی و ناوەرۆک و دەسەڵاتەکانێتی.
جۆری فیدرالی‌یەکە چیە؟ کارگێڕی‌یە، جوگرافی‌یە، مێژوی‌یە، نەتەوەی‌یە، دینی‌یە، مەزهبی‌یە؟ لە سۆنگەی چیەوە چەند پارێزگایەک لە هەرێمێکی فیدرالی‌دا یەک ئەگرن و، چی پێکەوە کۆیان ئەکاتەوە؟ بۆ ئەوەی جۆرێ لە نەناوەندێتی کارگێڕی‌یان هەبێ؟ نزیکی جوگرافی‌یان لە یەکتری و مێژوی هاوبەش و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی؟ قازانجی ئابوری هاوبەش؟ ئامانجی نەتەوەیی؟ یا خۆپاراستنی مەزهبی لە هەڵاواردنی تائیفی؟ لە یەکچونی ئایدیۆلۆجیا و سیستەمی سیاسی؟

چوارەم، عیراق و سیستەمی حوکم

سیستەمی سیاسی ئیستای عیراق، بە پێی "قاد"، پارلەمانی‌یە. کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق سەرۆک و جێگرەکانی هەڵئەبژێرێ. ئەمە لە لایەکەوە باشە بۆ گەلی عیراق، چونکە جۆرێکە لە گەرەنتی بۆ ژیانی دیمۆکراتی و رێ نەدان بە کەس ببێتەوە بە دیکتاتۆر، یا تەنانەت بە دەسەڵاتداری یەکەمی سەروی پارلەمان. لە لایەکی ترەوە باشە بۆ کورد، چونکە لە ناو پارلەمانێکی چەند سەد کەسی‌دا هەمیشە ماوەی سەودا و سازان و پێکهاتن هەیە لە نێوان فراکسیۆنی کورد و فراکسیۆنەکانی تردا، ئەوسا هەڵێ لە بەردەم کوردا ئەبێ بۆ ئەوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بتوانێ ببێتە سەرکۆمار یا سەروەزیران، لە کاتێکدا هەڵبژاردنی کوردێ لە ناو گەلێکی ۲۵ – ۲۷ ملیۆنی دا، کە زۆرایەتیان عەرەبن، ئەگەر مەحاڵ نەبێ ستەمە.

لە ناو لیستی یەکگرتوی شیعیدا بۆچوونێکی بەهێز هەیە کە سیستەمی سیاسی عیراق، وەکو سیستەمی سیاسی ئێران، سیستەمی سەرۆکایەتی بێ، بە هەڵبژاردنی گشتی لە ناو خەلک دا هەلبژێردرێ و، ئەو خۆی بەرزترین دەسەڵاتی کارگێڕی وڵات بێ و، خۆی وەزیرەکانی خۆی هەلبژێرێ و سەرۆکی وەزیرانی نەبێ. شیعەی سیاسی پێیان وایە لە بەر ئەوەی ئەوان زۆرایەتی دانیشتوانی عیراقن مافێکی ئاسایی خۆیانە ئەوان سەرۆکی عیراق بن و، پێیان وایە لە هەر هەڵبژاردنێکی گشتیدا بۆ سەرۆکی کۆمار، جگە لە پاڵێوراوی شیعە، هیچ پاڵێوراوێکی تر، کورد یا عەرەبی سوننی، هەلی دەرچون و بردنەوەی نابێ.

پێنجەم، عیراق و ئافرەت

ئەگەرچی (بڕگەی جیم لە مادەی ۳۰) "قاد" ئەوەی بڕیەوە کە ئەبێ رێژەی ئافرەت لە چواریەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق کەمتر نەبێ و، یاسای هەڵبژاردن لەوەیشی تێ پەڕاند هەمو لیستەکانی ناچار کرد کە دوای ناوی ۲ پیاو ناوی ۱ ئافرەت بنوسرێ، بەم پێیە سێیەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی ئافرەتن و بەشێکیان لە رێگەی لیستی یەکگرتوی شیعەوە بونەتە ئەندامی کۆمەڵە و زۆریان هەڵگری بڕوانامەی ئاکادیمین. ئەمە گۆڕینێکە نەک هەر لە عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لە هیچ جێیەکی دنیای پێشکەوتوشدا رێژەیەکی بەو ئەندازەیە بۆ ئافرەت تەرخان نەکراوە. لە راستیدا ئەم رێژەیەی ژنان لە کۆمەڵەی عیراقیدا ئەشێ بە شتێکی روکەش، بگرە بە جۆرێ لە دیکۆری تەفرەدانی چاو دابنرێ، چونکە هەندێ لەو ژنانەی بونەتە نوێنەر لە کۆمەڵەی نیشتمانیی ئیستای عیراقدا، لە سەدەی بیستویەکەمدا لە بواری یەکسانی ژن و پیاودا، وەکو ژنەکانی ناو حەریمەکانی سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانی و شاهەکانی سەفەوی و قاجاری بیر ئەکەنەوە.

سەید عەبدولعەزیز حەکیم لە مانگی ۱۲ ی ساڵی ۲۰۰۳ دا بۆ ماوەی یەک مانگ بو بە سەرۆکی نۆرەیی "مەجلیسی حوکم" لە کۆتایی ئەو مانگەدا لە کاتێکدا زۆری ئەندامانی مەجلیس بە هۆی ئاهەنگەکانی سەری ساڵەوە بەم لاو ئەولادا رۆیشتبون، هەلی بە دەرفەت زانی بە کەمایەتیەکی پچوک بڕیارێکی گرنگی دا "قانونی ئەحوالی شەخسی" عیراقی هەڵوەشاندەوە، بڕیاری دا هەر مەزهەب بە پێی فیقهی تایبەتی خۆی باری کەسایەتی رێک بخا.

دەقی بڕیارەکە بە عەرەبی بەم جۆرە بو:

قرار (۱۳۷)

قرر مجلس الحكم بجلسته المنعقدة بتاريخ ۲۰۰۳/۱۲/۲۹ ما يلي:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. تطبيق أحكام الشريعة الاسلامية فيما يخص الزواج والخطبة وعقد الزواج والاهلية واثبات الزواج والمحرمات وزواج الكتابيات والحقوق الزوجية من مهر ونفقة وطلاق وتفريق شرعي او خلع والعدة والنسب والرضاعة والحضانة ونفقة الفروع والاصول والاقارب والوصية والايصاء والوقف والميراث وكافة المحاكم الشرعية (الاحوال الشخصية) وطبقا لفرائض مذهبه.

٢. الغاء كل القوانين والقرارات والتعليمات والبيانات احكام المواد التي تخالف الفقرة (١) من هذا القرار.

٣. يعمل به من تاريخ صدوره.

السيد عبدالعزيز الحكيم

رئيس مجلس الحكم

٢٠٠٣/١٢/٢٩

ئەودەم کە هێشتا جێبەجێ کردن و راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی "مەجلیسی حوکم" بە دەس حاکمی ئەمەریکی سەفیر پۆل بریمەر بو، بریمەر بڕیارەکەی راگرت. ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵی شارستانی دژی ئەم بڕیارە راوەستان و، لە کۆبونەوەیەکی تری مەجلیس‌دا، کە زۆرایەتی ئەندامەکانی بەشدار بون، بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە.

ئیستاش لە نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی‌دا هەمان ململانێ دوبارە ئەبێتەوە. ڕەنگە هەندێ لە داکۆکیکەرانی ئەم پرۆژەیە، ئەو ژنانە بن کە ئیستا ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقن.

ئەمانە هەندێکن لەو بیروبۆچونە جیاوازانەی چاوەڕێ ئەکرێ لە کاتی نوسینی دەستوردا بێنە پێشەوە، بێگومان گەڵێ کێشەی تریش هەن و بە ڕێگاوەن، بەڵام "ململانێی بیروبۆچونەکان" لە ناو کۆمیتەی نوسینی دەستور و، دواتر لە کۆمەڵەی نیشتمانیی دا، بە دەنگدانی زۆرایەتی و کەمایەتی ئەندامان بە لادا ئەخرێن یان بە پێکهاتن و "سازان"؟

*

پرسی دەستور:

خواستەکانی کورد لە دەستوری نوێ (٥ – ٧)

سایتی "ریفۆرم بۆ"

٢٧ ی ٥ ی ٢٠٠٥

لە ناو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی عەرەبی عیراق‌دا سەبارەت بە کورد و دەوری کورد لە نوسینی دەستور و، دەوری کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی و، بەشداری کردنی کورد لە کاروباری عیراق‌دا بیروبۆچونی جیاواز هەیە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ناو کورد و کومەڵە لیبرال و دیمۆکرات و عەلمانیەکانیدا ئومێدێکی گەورە بە کورد هەیە کە دەورێکی گرنگ و کاریگەر بگێڕێ لە نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی و، لە دامەزراندنەوەی عیراقی نوێدا، عیراقێکی دیمۆکراتی پلورالی، عیراقێ کە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی عیراقی، بێ جیاوازی نەتەوە و ڕەگەز و دین، تێدا دابین بکرێ...
عیراقی نوێ عیراقی هەموان بێ، عیراقی عەرەب و کورد و تورکمان و کلدۆئاشوری ... بێ.
عیراقێ بێ هاوواڵاتیەکانی نەک هەر بە پێی ماددە نوسراوەکانی دەستور و قانونەکانی بەڵکو بە کردەوەش لە بواری ژیان و کار کردندا ئەو هەستەیان لە لا دروست ببێ کە خۆیان بە یەکسان و خاوەنی وڵات و دەوڵەت بزانن.
بەڵام لە ناو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی عەرەبیدا، حوکمڕان و نەحوکمڕان، کە هەتا دوێنێ هەندێکیان دۆست و هاوپەیمانی جوڵانەوەی کورد بون، بە ئاشکرا باس و خواسێکی پێچەوانەی ئەم بۆچونە هەیە، ئەڵێن:
کورد هەڕێمی کوردستانی خۆیان هەیە. لە ناو هەڕێمەکەیاندا سەربەخۆن. هیچ داوودەزگایەکی عیراقی – عەرەبی بۆی نیە دەس وەر بداتە کاروبارییانەوە، یا تەنانەت ئاگای لە ئیشوکارەکانیان بێ. لە هیچ شتێکدا پرس بە عەرەب ناکەن و ڕایان وەرناگرن.
کەچی هاتون بۆ بەغداد و ئەیانەوێ لە هەمو کاروبارەکانی عیراقدا هاوبەش بن؟
کورد بەشی خۆی وەرگرتوە چی لە بەشی عیراقی عەرەبی ئەوێ؟
یان با کورد واز لە عیراقی عەرەبی بهێنێ عەرەب خۆی بەڕێوەی ببا، یان با کوردیش ڕێگە بدەن بە عەرەب لە کاروبارەکانی ئەواندا بەشدار بێ یا هیچ نەبێ ئاگادار بێ!
ئەو هێزانە ئەگەر بتوانن هەوڵ ئەدەن دەوری کورد لە نوسینی دەستوردا لاواز بکەن، بۆ ئەوەی دەستورێ دابڕێژن لە گەڵ ویست و بیروبۆچونەکانی خۆیاندا گونجاو بێ و، ئەگەر بتوانن هەوڵ ئەدەن کورد بخەنە پەراوێزی ناوەندی بڕیاردانی سیاسی عیراقەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بە تەنیا چارەنوسی سیاسی عیراق دیاری بکەن.
بەڵام عیراق وڵاتی یەک ڕەگەز و یەک نەتەوە و یەک عەشیرەت و یەک دین و یەک مەزهەب و یەک حیزب و یەک بیروباوەڕی سیاسی نیە. عیراق وڵاتی هەموانە. ئەگەر بویستڕێ عیراقی نوێ دابمەزرێنرێتەوە و بۆ ئەوەی پێکەوە بژین، ئەبێ یەکتری قبوڵ بکەن، دان بە هەبونی یەکتریدا بنێن، مافی یەکتری بسەلمێنن و ڕێز لە مافەکانی یەکتری بگرن.
ئەمانە ئەبێ لە دەستوری داهاتودا وەکو گرێبەندێکی ئارەزومەندانەی سیاسی – کۆمەڵایەتی نێوان نەتەوە و دین و مەزهەب و باوەڕی سیاسی جیاواز ڕەنگ بداتەوە و، میکانیزمێکی بۆ ڕێک بخرێ بە کردەوە لە ژیانی ڕۆژانە و، لە پارلەمان و حکومەت و داوودەزگاکانی دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ دامەزراندنەوەی عیراقی نوێ کورد ئەبێ لە دەستوری داهاتودا پێ دا بگرێ لە سەر چەسپاندنی دو جۆرە خواستی سیاسی عیراقی و کوردستانی، کە لە لایەکەوە بە توندی پێکەوە گرێ دراون و کار لە یەکتری ئەکەن و، لە لایەکی تریشەوە جیاوازن و هەر یەکەیان رەنگدانەوەی تایبەتمەندێتیەکانی عیراق و کوردستانە. ئەگەر کورد بەشێ بێ لە عیراقی داهاتو ئەبێ خواستە عیراقیەکانی لە بەر چاو بگیرێ و، ئەگەر بوێسترێ لە عیراقی داهاتودا بمێنێتەوە ئەبێ خواستە کوردستانیەکانی خێبەجێ بکرێن:

کورد بۆ جێبەجێ کردنی خواستە عیراقیەکانی دەستورێکی ئەوێ:

» دیمۆکراتی بێ

واتە هەڵبژاردنی ئازاد و دەستاودەست کردنی هێمنانەی دەسەلاتی سیاسی سەرەتای بنەڕەتیی حوکمڕانی وڵات بێ.

دەسەلاتەکانی کارگێڕی، یاسادانان، دادگایی، لە یەکتری جیا بکاتەوە.

» فیدرالی بێ

واتە دەسەلات و سامان و ئەرز لە نێوان ناوەند و هەرێم دا دابەش بکا.

» پلورالی بێ

واتە فرە نەتەوەیی و، فرە ئایینی و، فرە مەزهبی و، فرە فەرهەنگی و، فرە بیروباوەڕی و، فرە حیزبی و، فرە رۆژنامەوانی.... بسەلمێنێ و، قبوڵی یەکتری و رێزگرتنی مافی یەکتری دابین بکا.

» پارلەمانی بێ

واتە پارلەمانی هەڵبژێردراوی خەڵک سەرۆکی وڵات هەڵبژێرێ، وەزارەت پێک بهێنێ، باوەڕی پێ ببەخشێ و باوەڕی لێ بسێنێتەوە، قانون دابنێ، سیاسەتی ناوە و دەرەوەی وڵات دابڕێژێ، بودجەی سالانە تاووتوێ بکا، رێگە نەدا جارێکی تر رژێمی تۆتالیتاری و دڕندەی سیاسی دروست ببن.

» مافی مرۆڤ دابین بکا

واتە جارێ گەردونی و قانونی ناودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکا.

» دین و دەوڵەت تێکەڵاو نەکا

واتە رێزی دینی ئیسلام و هەمو ئایینەکانی تر بگرێ و، نەهێڵێ دین بۆ مەبەستی سیاسی بە کار بهێنرێ و لە گەڵ قانون تێکەڵاو بکرێ.

کورد بۆ جێبەجێ کردنی خواستە کوردستانیەکانی دەستورێکی ئەوێ:

» دەسەلات لە نێوان هەرێم و ناوەنددا دابەش بکا.

» ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنوری هەرێم بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

» مولکیەتی سەرچاوە سروشتییەکان بگێڕێتەوە بۆ دانیشتوانی هەرێم.
» پاراستنی ئاسایشی کوردستان لە هێرشی دەرەکی و ناوەکی دابین بکا.
» لە سەفارەتەکانی عیراقدا نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێ.
» یەکسانی زمانی کوردی و عەرەبی لە عیراقدا جێبەجێ بکا.
گونجاندنی هەر یەکێ لەم خواستە چارەنوسسازانە لە دەستوری هەمیشەیی عیراقدا، جگە لە یەکڕیزیی کورد و، پشتیوانی و هاوکاری نوێنەرانی عەرەب و هێزە دیموکراتییەکانیان، عەقڵ و مەنیتق و، شارەزاییەکی زۆری گەرەکە لە زانینی هونەری موناوەرەی سیاسی و، سەودا و سازیندا، لە دانوسەندنەکانی چەند مانگی داهاتودا.
تۆ بڵێی نوێنەرەکانی کورد لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقدا و، نوێنەرانی کورد لە کۆمیتەی نوسینی دەستوردا و، لە پشتی ئەوانەوە سەرکردایەتی کورد لەو ئاستەدا بن؟

*

پرسی دەستور:
کێ کوردستان ئەپارێزی؟ (٦ – ٧)
سایتی "ریفۆرم بۆ"
١ ی ٦ ی ٢٠٠٥
هێرش بۆ سەر گەلی کورد و بۆ سەر خاکی کوردستانی عیراق لە کوێوە هاتوە، لە لایەن لەشکری ئێران و تورکیا و سوریاوە، یان لە لایەن سپای ئوردون و عەرەبستانی سعودی و کوێتەوە هێرشی کراوەتە سەر، یان لە پایتەختی عیراقەوە؟
وەڵامی ئەم پرسیارە لای هەمو کوردێ ئاشکرایە.
دوای ئەوەی حکومەتی عیراق یەکەمین فەوجی نیزامیی جەیشی عیراقی دروست کرد بە ناوی "فەوجی ئیمام موسای کازم"ەوە، هاوشان لە گەڵ هیزی زەمینی و ئاسمانی بریتانی هێرشی هێنایە سەر کوردستان. "حکومەتی کوردستانی جنوبی"یان روخاند و کوردستانیان داگیر کرد و "دەشتی کانی ئاسکان"یان لە سلێمانی کرد بە بارەگای هەمیشەیی بۆ ئەوەی لەوێوە سەرکردایەتی لەشکرکێشیەکانی هێزە چەکدارەکانی عیراق بکەن دژی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد.
بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق لە ١٩٢١ ەوە تا روخانی لە ٢٠٠٣ دا فەرمانی هێرش بۆ سەر گەلی کورد هەر لە بەغدادەوە دەرچوە و، گەورەترین مەترسی بۆ سەر گەلی کورد و خاکی کوردستان هەر جەیشی عیراق بوە.
حکومەتەکانی عیراق و دامەزراوە جەنگیی و ئەمنییەکانی، بەرپرسن لە قڕ کردنی سەدان هەزار کورد و لە کاول کردنی کوردستان، لە بەر ئەوە کورد هەقێتی لە دامەزراوی جەنگیی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و ئەمنیی عیراق بترسێ و، نە ئیستا و نە لە پاشەڕۆژدا، بێ گەرەنتی دەستوری و مادی، باوەڕی پێ نەکات.

گەرەنتی دەستوری ئەوەیە: بە پێی دەستوری نوێی عیراق، وەزیری دیفاعی عیراق هەمیشە "مەدەنی" بێ، جەیش دور بێ لە کاری سیاسی و حیزبی، ئەرکی سەرەکی پاراستنی سنور بێ، بودجەکەی لە چاو بودجەی گشتی عیراق دا دیاریکراو بێ، ژمارەی سەربازەکانی و چەشنی چەک و تفاقی جەنگیی سنوردار بێ، بێ رەزامەندی پارلەمانی کوردستان بۆی نەبێ بێتە کوردستانەوە یا لەشکرکێشی تێدا بکا.

بەڵام بە تەنیا گەرەنتی دەستوری بەس نیە بۆ دڵنیا کردنی کورد بەڵکو لە گەل گەرەنتی دەستوریدا ئەبێ گەرەنتی مادیشی لە گەڵ بێ.

گەرەنتی مادی ئەوەیە: کوردستان بۆ پاراستنی خۆی ئەبێ هێزی تایبەتی خۆی هەبێ.

کە باس لە هێزی تایبەتی کوردستان بکرێ رەنگە یەکسەر بیر لە پێشمەرگە بکرێتەوە و بیر لەم هێزی پێشمەرگەیەی ئیستا بکرێتەوە.

پێشمەرگە جێگەیەکی تایبەتی هەیە لە میژوی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و، لە پاراستنی کوردا، بەڵام پێشمەرگە ئەگەر لە سەردەمی شۆڕشی چەکداردا لە ١٩٦١ ەوە تا ١٩٩١ ئەرکی روبەروبونەوەی هێزەکانی حکومەتەکانی عیراقی لە ئەستۆدا بوبێ و، لە ١٩٩١ ەوە تا ٢٠٠٣ ئەرکی پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆدا بوبێ و، لە قۆناغی ئیستادا ئەرکی پاراستنی ئاسایش و بەرەنگاری مەترسی "ئیرهاب" و "حەربی ئەهلی" لە ئەستۆدا بێ، ئەوا ئەم هێزەی ئیستا ئەو هێزە تایبەتییە نیە کە کوردستان لە مەترسی پاشەڕۆژ بپارێزێ.

هێزی پێشمەرگەی ئیستا، هێزی خەڵکی کوردستان نیە، هێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیە، بەڵکو هێزی حیزبەکانی کوردستانە، یان راستتر هێزی یەکێتی و پارتیە، لە ئەنجامی ئەوەشدا دڵسۆزی و گوێڕایەڵی هەر هێزە بۆ سەرکردە و سەرکردایەتی حیزبەکەی خۆیەتی نەک بۆ گەلی کورد و بۆ خاکی کوردستان. سەرکردایەتی پێشمەرگە فەرمان لە سەرکردایەتی حیزبەکانیان وەرئەگرن نەک لە حکومەتی هەرێم و پارلەمانی کوردستان.

راستییەکی چەند خۆشە کە ئەڵێن: "ئاسایشی کوردستان لە سایەی پێشمەرگەوە پارێزراوە" لە هەمان کات دا راستییەکی چەند ناخۆشە کە ئەڵێن "ترسناکترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کوردستان پێشمەرگەیە."

هەمو جار کە پێوەندی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی گرژی تێ ئەکەوێ هاوڵاتیانی کوردستان ترسیان لێ ئەنیشێ "شەڕی ناوخۆ" تازە ببێتەوە. هەتا ئەم دو هێزەش بەمجۆرە بمێننەوە مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ هەر ئەمێنێ و، هیچ کاتێک و لە هیچ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبژاردنێکی گشتیدا، لە ترسی پێکدادانی پێشمەرگە، ئەم دو حیزبە ناتوانن بە ئازادی بۆربۆڕێنی سیاسی - دیمۆکراتی بکەن، چونکە پێیان بوترێ و پێیان نەوترێ رەنگە پێشمەرگەی تێوە بگلێ.

• هەتای کەی ئەو دو هێزە بە جیا لە یەکتری کار بکەن و لە سەرکردایەتی دو حیزبی جیاوازەوە فەرمان وەر بگرن؟

• هەتا کەی ئەو دو هێزە ئامرازی هاوسەنگیی چەکدار و سیاسی نێوان حیزبەکان بن.

• هەتا کەی ئەو دو هێزە باوەڕیان بە یەکتری نەبێ و، هێزی یەکێتی نەتوانێ بچێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دابمەزرێ و مەشق و موناوەرە بکا و، هێزی پارتیش نەتوانێ بچێتە ناوچەکانی یەکێتی بۆ هەمان مەبەست؟

• هەتا کەی پێشمەرگە، لە روی چەک و تەکنۆلۆجیاوە، لاواز و دواکەوتو بێ؟

• بەم حاڵەی ئێستا سەرکردایەتی کورد چۆن ئەتوانێ داوا لە کاربەدەستانی وەزارەتی دیفاعی عێراق و جەنەرالەکانی ئەمەریکا بکا بە چەکی پێشکەوتو پۆشتەی بکەنەوە.

• گریمان حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بەڵام هەردو هێزی پێشمەرگە وەکو خۆیان و، هەر یەکەیان سەر بە حیزبەکەی خۆی مایەوە، چۆن ئەتوانرێ داوا لە عیراق بکرێ، بە رەسمیی دان بە پێشمەرگەدا بنێ و ئەم دو هێزە جیاوازە بە شێوەیەکی قانونی وەکو هێزی پاراستنی کوردستان بناسێ؟

بۆیە ئەبێ ئەم هێزانە یەک بخرێن و لە سەر بنچینەیەکی نوێ رێک بخرێنەوە.

ئەبێ پێشمەرگە لە هێزی حیزبییەوە بگۆڕێ بە هێزێکی نیزامی ناحیزبی فەرمانبەری حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان. ئەبێ لە هێزێکەوە کە هەمیشە مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و حیزبیی لێ ئەکرێ، ببێتە هێزێکی ئەوتۆ خەڵک بە هێزی پارێزەری ئاسایش، ئاسایشی ناوەکی و دەرەکی کوردستانی، بزانێ.

رەنگە تەجروبەی کورد، لە مەسەلەی یەکخستنی میلیشیای جیاوازدا لە "جەیشی نیزامی" پێشکەوتودا، کەم بێ یان هەر نەبێ، بەڵام ئەمەی کورد یەکەم و دوا تەجروبەی گەلانی دنیا نیە. ئەگەر کورد خۆی، لەم بوارەدا، شارەزایی نەبێ ئەوا تەجروبەکانی کوبا، ساندەنیستەکانی نیکاراگوا، جەزائیر، یەمەن، ئیسرائیل، ئەڵمانیای شەرقی و ئەڵمانیای غەربی... هەیە، کە چۆن هێزی چەکداری جۆراوجۆریان لە ناو "جەیشێکی نیزامی" دا توانەوە. ئەشێ سەرکردایەتی کورد کەڵک لە تەجروبەکانی ئەوان وەربگرێ.

یەکێ لە ئەرکە نەتەوەییەکانی ئێستای سەرکردایەتی کورد لە عیراق دا ئەوەیە: "پلانێکی زەمانبەندی کراو" دابنێ بۆ دامەزراندنی هێزێکی تایبەت - ناوەکەی پێشمەرگە، پاسەوانی نیشتمان، یا هەر ناوێکی تر بێ - بۆ پاراستنی کوردستان، ئەشێ ناوکەکەی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شادەمارەکانی لە ئەفسەرانی ئەم هێزانەی ئیستا بێ، بەڵام ئەبێ لە ڕوی سەرکردایەتی و جۆری ڕێکخستنی و جۆری پەروەردە کردنی و جۆری دابەشکردنی و، لە ڕوی ئەرکی نیشتمانی و دڵسۆزی سیاسییەوە، جیاواز بێ لەم هێزانەی ئیستا.
هێزێکی لەو بابەتە ئەتوانێ کوردستان بپارێزێ!

*

پرسی دەستور:

سنووری کوردستانی عیراق کوێیە؟ (٧ – ٧)

سایتی "ڕیفۆرم بۆ"
٥ ی ٦ ی ٢٠٠٥

کوردستان ناوی جوگرافیی بۆ ئەو سەرزەمینەی کوردی تێدا ژیاوە و ئەژی.
کوردستان، ناوێکی دروستکراو نیە، بەڵکو ناوێکە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە نوسەرانی مێژو و جوگرافیا بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی بۆ نیشانە دان بە مەڵبەندی ژیانی کورد بە کاریان هێناوە.
ئەم سنورە هێڵێکی سیاسی یا کارگێڕی دیاریکراو جیای نەکردۆتەوە لە سنوری ژیانی نەتەوەکانی دراوسێی، لە بەر ئەوەی کورد هەمیشە نەتەوەی ژێردەستەی نەتەوەیەکی سەردەستەی لە خۆی بەهێزتر بوە، نیشتمانەکەی بە شێوەیەکی قانونی نەناسراوە، زۆر جار و تا ئیستایش لە هەندێ دەوڵەت دا ئینکاری کراوە و ئەکرێ و، ئەرزی لێ داگیر کراوە، دەرکراوە و جێگۆڕکێ بە دانیشتوانی کراوە، ناوی گوند و چەم و چیاکانی گۆڕاوە... "کێشەی ئەرزیی" لە زۆر جێی دنیا هەیە. جاری وا هەیە کێشە لە سەر خاوەنێتی گوندێک، شاخێک، جەزیرەیەک، چەمێک، لێواری ئاوێک، لە نێوان دو دەوڵەت دا، یا تەنانەت لە ناو یەک دەوڵەت دا لە نێوان دو یەکەی کارگێڕی دا ڕو ئەدا و دەیان ساڵ ئەخایەنێ. گەلان ئامادە نین دەس لە ئەرز و ئاوی خۆیان هەڵبگرن.
حیزبوڵای لوبنانی ڕزگار کردنی "مەزاریع شەبعا" ی کردۆتە بیانوی مانی داوودەزگاکانی خۆی و چەکدارەکانی. مەزاریع شەبعا لە ژێر دەستی ئیسرائیل دایە. گوندێکی پچوکە ساخ نەبۆتەوە مولکی لوبنان یا هی سوریایە، چونکە هەردوکیان ئیدیعای مولکیەتی ئەکەن.
"کێشەی ئەرزیی" سنوری کوردستانی جنوبی (بە زاراوی بیستەکانی سەدەی بیستەم) و کوردستانی عیراق (بە زاراوی ئەم زەمانە) لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە لە بەردەم بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا دروست بوە و بۆتە ناکۆکییەکی سەرەکی لە نێوان کورد و، سەرەتا لە گەڵ دەسەلاتی ئینگلیزی و، دوای ئەویش، لە گەڵ هەمو حکومەتەکانی عیراق، هەر لە سەردەمی مەلیک فەیسەلی یەکەمەوە تا ڕوخانی سەدام حسێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای روخانی رژێمی بەعس و، هەڵتەکاندنی بنچینەکانی تەعریب لە هەندێ ناوچەی کوردستانی دا، گەلی کورد ئومێدێکی زۆری پەیدا کرد زوڵمی مێژویی لە سەر هەڵبگیرێ و، ناوچە کوردستانییە تازە رزگارەکان بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو ئومێدە نەهاتە دی. لە لایەکەوە دەسەڵاتی ئەمەریکی رێگەی نەدا ئەو ناوچانە بخرێنە سەر هەرێم و، لە لایەکی ترەوە کە "قاد" نوسرا چەندین کۆسپی قانونی دانا لە بەردەم گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەر هەرێم.

مادەی ٥٣ ی "قاد" کە بۆ بە رەسمیی ناسینی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە و، گروپی کوردی لەوانە بەڕێزان تالەبانی و بارزانی ئیمزایان کردوە، سەبارەت بە سنوری کوردستان چەند بڕگەیەکی قانونی رون و دیاری بە سەر کوردا سەپاندوە، کە هەمویان بە زەرەری تەواو ئەبن، ئەبێ هەوڵ بدرێ لە کاتی نوسینی دەستوردا راست بکرێنەوە، لەوانە:

بڕگەی ئەلف ئەڵێ: دان ئەنرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، کە حکومەتی رەسمیی ئەو ئەرزانەیە، لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دیالە و نەینەوا، لە لایەن حکومەتی ناوبراوەوە لە ١٩ ی ٣ ی ٢٠٠٣ بەڕێوە براوە...

بەم پێیە هەمو ناوچە کوردستانییەکانی کە لە ژێر دەستی سەدام دا بون و لە ئەنجامی روخانی رژێمی بەعس دا رزگار بون هەر لە دەرەوەی هەرێم مانەوە.

بڕگەی ب ئەڵێ: سنوری کارگێڕی هەر ١٨ پارێزگاکەی عیراق لە ماوەی گواستنەوەدا بێ گۆڕین وەکو خۆیان ئەمێننەوە.

بەم پێیە کەرکوک وەکو خۆی مایەوە قەزا و ناحیەکانی کە دوای ساڵی ١٩٦٨ لێی جیا کرا بونەوە نەخرانەوە سەری.

هەروەها ناوچە کوردستانییەکانی کە بەسترا بون بە نەینەوا و سەلاحەدین و دیالەوە نەخرانەوە سەر هەرێمی کوردستان.

بڕگەی ج ئەڵێ: چەند پارێزگایەک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بە مەرجێ لە سێ تێ نەپەڕێ، جگە لە بەغداد و کەرکوک مافیان هەیە، لە ناو خۆیان دا هەرێمێ پێک بهێنن...

بەم پێیە:

١. هەرێمی کوردستان کە پێک دێ لە ٣ پارێزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی وەکو خۆی مایەوە، هیچ پارێزگایەکی تر، لەوانە کەرکوک، بۆیان نەبو بێنە سەر هەرێمی کوردستان.

٢. کەرکوک و بەغداد نابێ لە گەڵ هیچ پارێزگایەکی تردا هەرێمێکی فیدرالی پێک بهێنن.

ئەمەش لەو کاتەوە رازی بونێکی ژێرزارەکییە بەوەی کە ئەشێ کەرکوک، بە جیا لە هەرێمی کوردستان و بە جیا لە هەرێمەکانی تری عیراق، خۆی بە تەنیا یەکەیەکی فیدرالی بێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەم چەند حەفتەیەدا، کە دەستوری هەمیشەیی عیراقی تێدا ئەنوسرێ، ئەم کێشەیە دیسان سەر هەڵئەداتەوە و، لە دو ئاستی جیاوازدا ئەبێتە مایەی لێدوانی گەرم و مشتومڕی زۆر و ناکۆکی:

ئاستی یەکەمیان، لە ناو ئەندامانی کۆمیتەی نوسینی دەستور و لە ناو ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی دا.

ئەندامانی کۆمیتەکە، چ کورد بن و چ عەرەب و تورکمان، بیانەوێ یا نەیانەوێ، توشی ئەم پرسە ئەبن، بە تایبەتی کاتێ کە دێنە سەر دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان و، داوای کورد بۆ گێڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر هەرێم. ئالێرەدا پرسیارەکە بە زەقی دێتەوە بەردەم هەمویان: سنوری کوردستان کوێیە؟ ئا لێرەدا بۆچونە جیاوازەکانی کورد و ئەوان روبەڕوی یەکتری ئەبنەوە و، ناکۆکی و گومان لە یەکتری دروست ئەبێتەوە.

ئاستی دوەمیان، لە ناو خەڵکی عیراق دا.

شۆڤێنیەکانی عەرەب، بە درێژایی دەیان ساڵ، بە هۆی پڕۆگرامی خوێندن و دەزگاکانی راگەیاندن و نوسینەوەی سەرلەنوێی مێژوی عیراق و عەرەب، عەرەبی عیراقیان بە گیانی رەگەزپەرستی پەروەردە کردوە. وایان تێ گەیاندون عیراق بەشێکی لە جیابونەوە نەهاتوی نیشتمان و نەتەوەی عەرەبە. زۆریان لایان وایە کورد ئەرزی خۆی نیە و لە سەر ئەرزی ئەوان دانیشتون و، ئەوەی ئەوان بە کوردیان بەخشیوە تورکیا و ئێران نیوەی ئەوەیشیان نەداونەتێ.

شۆڤێنیەکانی عەرەب، چ عەلمانی و چ دینیی، هەوڵێکی زۆر ئەدەن بۆ ئەوەی رای گشتی عەرەبی عیراق دژی خواستەکانی کورد بوروژێنن و، دەوڵەتانی دراوسێ بکەن بە گژی دا. شەڕی دەستور، شەڕێکی سیاسی سەختە، ئەبێ کورد خۆی بۆ هەمو ئەگەرەکانی ئامادە بکا.

خۆ ئامادە کردن بۆ ئەم ململانێیە: "کێشە ئەرزیەکانی نێوان کورد و عیراق" و شێوەی بەڕێوەبردنی و بە لادا خستنی بە قازانجی کورد، کارێکی ئاسان نیە. بە ئیدیعا و موزایەدە و هەراو هوریا و پڕوپاگاندەی دیماگۆگی دەزگاکانی راگەیاندن ناکرێ، هەندێ جار رەنگە پڕوپاگاندە بە قازانجی کاتیی حیزب بێ بەڵام بە زەرەری هەمیشەیی کورد تەواو ببێ.

ساخ کردنەوەی ناوچە کوردستانیەکان پلانێکی هەمە لایەنەی ورد و ژیرانەی ئەوێ، کە جگە لە سەرکردایەتی کورد و نوێنەرانی کورد لە کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی نیشتمانی دا، ئەبێ چەندین شارەزای ئەو ناوچانە و پسپۆڕی جوگرافیا و مێژو و قانون و کارگێڕی... بۆ کۆ بکرێتەوە لەم شەڕەدا هاوکار بن.

بەر لە هەر شتێ پێویستە کورد ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم دیاری بکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو ناوچانەی داوای ئەکا بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان کامانەن؟
کامانەن ناوچەکانی هەموی کوردن؟
کامانەن ناوچەکانی تێکەڵاون لە کورد و نەتەوەکانی تر؟
کامانەن ناوچەکانی لە کورد زەوت کراون و، ئیستا کوردیان تێدا بۆتە کەمایەتی یا پاکتاوی نەژادی کراون؟
کورد چی ئەکا بۆ ئەوەی کەمایەتییە نەکوردەکانی دانیشتوی ناوچە کوردستانییەکان بە لای خۆی دا رابکێشێ؟
کورد چۆن لە گەل تورکمان، عەرەب، مەسیحییەکان، رەفتار ئەکا؟
کورد لە سەر کوێ پێ دائەگرێ و لە سەر کوێ سەودا و سازان ئەکا؟
کورد لە داواکارییەکانی دا بۆ هەر ناوچەیەک ئەبێ پشت ئەستور بێ بە بیانوی جوگرافی مێژویی و دیمۆگرافی و، بە بەڵگەی سیاسی و قانونی.
ئەبێ دانیشتوانی ئەو ناوچانە ساز بدرێن خۆیان ببن بە ئالاهەڵگری گەڕانەوەیان بۆ سەر کوردستان.
جگە لە بزوێنەری سیاسی جۆرێ لە دەسکەوتی مادییان بخرێتە بەر چاو ئەگەر بەسترانەوە بە کوردستانەوە، چ قازانجێ ئەکەن.
ئەبێ میکانیزمێ دابنرێ بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی گەڕانەوەیان بۆ سەر کوردستان.
چەندین ساڵە کورد بە رێگەی جۆراوجۆر خەباتی کردوە بۆ بە دەس هێنانی مافەکانی، لە سەرو هەمویانەوە دیاری کردنی سنوری نیشتمانەکەی، ئیستا کە لە کاتی نوسینی دەستوردا چارەنوسی ئەو ناوچانە بە لادا ئەخرێ، سەرکردایەتی کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژویی سەخت دایە:
تا چەند سەرکەوتو ئەبێ "کێشە ئەرزییەکان" بە قازانجی هەرێمی کوردستان بە لادا بخا!

***

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەندێ بابەتی سیاسی

گۆڕان لێرەوە دەس پێ ئەکا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گۆڕان لێرەوە دەس پێ ئەکا: جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت

سایتی "سبەی"

٥ ی ٨ ی ٢٠٠٧

حیزب لە کوردستاندا ئامرازی خەباتی چینایەتی، نیشتمانی، نەتەوەیی بوە. حیزب، سازدەر و ڕێکخەری هێز و تواناکانی گەلی کورد بوە بۆ بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان و، پاراستنی لە دارمان و توانەوە و فەوتان و ، داکۆکی لە خواستەکانی و بەدەسهێنانی مافەکانی.

حیزب، لە میژوی سەد ساڵەی رابوردوی کوردا دەوری بڕیاردەر و کاریگەری هەبوە لە هەمو وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە روداوە گرنگەکانی کوردستان و دەوڵەتانی داگیرکەردا.

کوردستانی عیراق دو جار هەلی بۆ هەڵکەوتوە بە ئازادی حیزبایەتی تێدا بکرێ:

جاری یەکەم، دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ کە رژێمی پاشایەتی ڕوخا و رژێمی جمهوری دامەزرا. هەمو حیزبە سیاسیەکانی ئەوسای عیراق کەوتنە چالاکی ڕێکخراوەیی، سیاسی، ڕۆشنبیری، ڕۆژنامەوانیی ئاشکرا، لە ناو ئەوانەشدا هەردو زلحیزبەکەی ئەوسای کوردستان: حیزبی شیوعی عیراق و پارتی دیمۆکراتی کوردستان. بەڵام بەهاری ئازادی عیراق زۆری نەخایاند. دیسان داوودەزگای ئازادی هەڵپێچرا. سەردەمی کودەتای یەک لە سەر یەک و دیکتاتۆری و کوشتن و بڕین دەستی پێ کردەوە. شۆڕشی چەکداری کورد هەڵگیرسا. حیزب دەوری سەرەکی گێڕا لە ڕێکخستن و رابەری و سازدانیدا.

جاری دوەم، دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ کە دەسەڵاتی سەدام حسێن و رژێمی بەعس لە کوردستان دەرکرا، راپەڕین سەرەتای وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بو لە میژوی نوێی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە تا ئیستاش بەردەوام کار لە روداوەکان ئەکا و روداوەکان کاری تێ ئەکەن. حیزبەکانی کوردستان و، هەندێ لە حیزبەکانی عیراق، دەروازەی کاری ئاشکرا و قانونییان بۆ کرایەوە.

راپەڕین، شکان و کۆڕەو، گفتوگۆی کوردی – بەعسی، بە دەنگهاتنی کۆمەڵگای ناوەدەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد بە بەشداری فراوانی خەڵکی کوردستان. پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی و حکومەتی هەرێم ... حیزبەکانی کوردستان بە گشتی و، هەندێکیان بە تایبەتی، دەوری کاریگەریان هەبو لە دروستکردنیدا.

*

حیزبەکانی کوردستان چونکە لە هەلومەرجێکی سەختی خەباتی ژێرزەمینی و خەباتی چەکداری خوێناوی‌دا لە دایک بون و دامەزراون و گەشەیان کردوە، ڕێکخستنەکانی خۆیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە پێی سەرەتا رێکخراوەیی و سیاسی و لە سەر شێوەی حیزبە شیوعیەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران دامەزراندوە. وە ئەگەر وا نەبونایە بەرگەی پەلامارى دەسەلاتی داگیرکەریان نەئەگرت. بۆیە پەیکەرەی رێکخراوەیی حیزب کە لە شانەوە دەس پێ ئەکا تا ئەگاتە مەکتەبی سیاسی زۆرتر لە پەیکەرەی رێکخراوەیی لەشکر و سپا و جەیش ئەچێ تا حیزبی پارلەمانی.

*

لە دوای راپەڕینەوە قۆناغێکی نوێ لە جوڵانەوەی کورددا دەستی پێ کردوە. ئەگەر جاران حیزب وەسیلەی تێکۆشان بو بۆ بەرەنگاری چەوسانەوەی نەتەوەیی و روخاندنی داوودەزگاکانی دەسەلاتی داگیر کەر و "شەرعیەتی" کارەکانی لە "بەرپاکردنی شۆڕش" و بەرەنگاریەوە وەرئەگرت و ئەرکی سەرەکی "روخاندنی دەسەلاتی داگیرکەر" بو، ئەوا لە دوای راپەڕینەوە ئەم ئەرکەی حیزب بە تەواوی گۆڕا و ئەرکی تازەی کەوتە سەر شان کە ئەرکی بنیاتنانی دەسەلاتی قانونی بو. ئیتر لە باتی "شۆڕش" ئەبو ڕێگەی "هەڵبژاردن" بگرێ و لە باتی ئەوەی مەکتەبی سیاسی لە ڕێگەی "شەرعیەتی شۆڕش" و داوودەزگا رێکخراوەیی و سیاسی و پێشمەرگەیی و دارایی و دیپلۆماسیەکانی خۆیەوە کاروباری وڵات بەڕێوە ببات پەنا ببات بەر "شەرعیەتی قانون" و دامەزراندنی داوودەزگای حکومەتی جیا لە دەسەلاتی حیزب.

*

ئیستا لە کوردستان هەر سێ دەسەلات: تەشریعی، تەنفیزی، قەزائی، دامەزراوە. ئەم دەسەلاتانە هەن و ڕۆژانە دەوام ئەکەن. بەڵام هەر سێکیان لە لایەن حیزبەوە دروست کراون و حیزب ئاراستەیان ئەکات و، بە پێی فەرمان و ڕێنمایی و ئامۆژگاری حیزب و لەو چوارچێوە سنوردارەدا ئەجوڵێن کە حیزب بۆی دیار کردون. لە کوردستان، وەکو ئەوروپای شەرقی جاران، حیزب زاڵە بە سەر هەمو داوودەزگا دەوڵەتیەکاندا. دڵسۆزی بۆ حیزب، نەک نیشتمانپەروەری و لێهاتویی، دەوری بڕیادەری هەیە لە دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندەکانی حکومەتدا هەر لە مجەوری مزگەوت و فەڕاشی بنکەی تەندروستی و خوێندنگەی گوند و پۆلیسی دارستانەوە تا ئەگاتە سەر بەڕێوەبەری گشتی و جەنەرال و وەزیر و سەفیر. حیزب، ئەمانە بە کار ئەهێنێ بۆ فراوان کردنی نفوز و دەسەلاتی خۆی، بە تایبەتی هی سەرکردەکانی.

حیزبی کوردستانی، دوای دو هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، هەڵبژاردنێک بۆ پارلەمانی عیراق و هەڵبژاردنێک بۆ شارەوانیەکان و هەڵبژاردنێک بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەیان هەڵبژاردنی جۆراوجۆری رێکخراوی پیشەیی و جەماوەری، لە باتی کرانەوەی زۆرتر بە روی ئازادی تاک و کۆمەڵ و چەسپاندنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیمۆکراسی، سیستەمێکی تۆتالیتار (شمولی) ی دامەزراندوە رۆژانە دەس ئەخاتە هەمو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ و تاکەوە، تەنانەت دەس ئەخاتە ناو جموجوڵی وەرزش و هونەر و لێکۆڵینەوەی زانستیەوە.

سیستەمی سیاسی ئیستای کوردستان زیاتر لەوەی لە سیستەمی دیمۆکراتی وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا بچێ، یان لە سیستەمی نیمچە دیمۆکراتی وڵاتانی ئاسیایی وەکو هندستان، پاکستان، مالیزیا.. بچێ زۆرتر لە سیستەمی تۆتالیتاری ئەورووپای رۆژهەڵاتی سەردەمی حوکمی حیزبە کۆمۆنیستەکان ئەچێ.

کاربەدەستانی حیزب بونەتە چینێکی تازەی دەسەڵاتداری خاوەن ئیمتیاز لە ناو کۆمەڵدا، هەمو دەسکەوتێکی مادی و هەمو شتێکی باشیان بۆ خۆیان ئەوێ، پێیان وایە خەڵک بۆ خزمەتی ئەوان دروست بوە، لە بەرئەوە ئەو متمانە سیاسیەی جاران خەڵک بە حیزبیان هەبو ئیستا زۆری لە دەس داوە. بەو جۆرەی کە ئیستا کوردستان بەرێوە ئەبرێ نارەزاییەکی زۆری لە ناو خەڵک و ئەندامانی بنکەکانی خوارەوەی حیزبەکانیدا دروست کردوە. کار بەمجۆرە بڕوا سەرەنجامی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەنجامی حکومەتەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران و بلۆکی رۆژهەڵات باشتر نابی.

بۆ ئەوەی تەجروبەی کوردستان بە دەردی تەجروبەی دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژهەڵات نەچێ ئەبێ لە هەر سێ دەسەڵاتەدا: لە دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزاییدا، گۆڕینی بنەڕەتی بکرێ، حیزب قەدەغە بکرێ لە دەستێوەردانی رۆژانەی کاروبارەکانیان، دەسەڵات لە دەس دەزگا حیزبیەکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ دەزگا دەوڵەتیەکان. هەر سێ دەسەڵات لە واجیبەی حیزبەوە ببنە دەسەڵاتی راستەقینەی دەوڵەت:

یەکەم، ئەنجومەنی نیشتمانیی ببێتە پارلەمان

وەزیر لە هەر حیزبێک بێ و لە هەر پلەوپایەیەکی حیزبیدا بێ بانگ بکرێت بۆ بەردەم پارلەمان بۆ لێپرسینەوە. خەمی رۆژانەی خەڵکیان لە گەڵ باس بکا. ئەگەر پێویستی کرد باوەڕیان لێ بسێنێتەوە تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد بیدا بە دادگا.

هیچ یاسایەکیان بە سەردا نەسەپێنرێ، ئەگەر سەپێنرا ئەوەندە ئازا بن قبوڵی نەکەن. ئازاد بن لە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و دەسکاری، تەنانەت رەتکردنەوەی پرۆژەی قانونەکانیدا.

بودجەی ساڵانە، داهات و دەرچو، لە پارلەمانیدا باس بکرێ. ئەو پارەیەی حیزب لە دارایی گشتی بۆ کاروباری تایبەتی خۆی وەری ئەگرێ بخرێتە بەرچاوی خەڵک.

ئەگەر پارلەمان، لە ئیستا و لە پاشەڕۆژدا، ئەم ئەرکانەی پێ جێبەجێ نەکرا سەرۆکایەتی هەرێم هەڵی بوەشینێتەوە و، رێگە بدا بە خەڵک بۆ تازە کردنەوەی هەڵبژاردن و نوێ کردنەوەی پارلەمان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوەم، ئەنجومەنی وەزیران ببێتە دەزگای بڕیاردان

وەزارەت کۆبونەوەی دەوری بکا و، لە کۆبونەوەکانیدا بەرنامەی گشتی کابینە و، بەرنامەی تایبەتی وەزارەتەکان هەڵبسەنگینێ و بڕیاری لی بدا و ئاشکرای بکات. وەزارەت ببێتە دەزگای بڕیاردانی تەنفیزی.

ئەو وەزارەتەی لە ئەنجامی پێکهاتنی حیزبەکان و، لە ناو حیزبەکانیشدا لە ئەنجامی بەلاداکەوتنی ململانێی تەکەتولەکان، دروست ئەکرێن، بێ ئەوەی رەئی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیان لە سەر وەربگیرێ و، بێ ئەوەی رێگە بە پارلەمان بدرێ بە ئازادی دەنگیان لە سەر بدەن: باوەڕیان بدەنێ یان باوەڕیان پێ نەدەن، سەروەزیران چەند بە توانا بێ و، وەزیرەکانی چەند لێوەشاوە بن کارێکی ئەوتۆیان پێ ئەنجام نادرێ جێگەی رەزامەندی گەل بن.

ئەگەر وەزارەتێ لە توانایدا نەبێ، یا نەیویست، ببێتە وەزارەتێکی کارای لەو بابەتە، سەرۆکایەتی هەرێم پێویستە هەڵی بوەشێنیتەوە و وەزارەتێکی نوێ تەکلیف بکا دەس بە کار بن لە ئاستی جێبەجێ کردنی فرمانەکانیدا بێ.

سێیەم، ئەنجومەنی قەزایی ببێتە دەزگایەکی پیشەیی

دەسەڵاتی حیزب بە تەواوی لە داد دور بخرێتەوە و، رێ نەدرێ داوودەزگا حیزبیەکان دەس بخەنە کاروباری دادگاوە. حیزب هیچ دەورێکی نەبێ لە دامەزراندنی دادوەر و کارمەندانی تری دەزگای قەزاییدا و بە هیچ جۆرێ رێ نەدرێ، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، دەس وەر بداتە رەوتی کارەکانی دادگا و بڕیارەکانیەوە. هەر دادوەرێ یا کارمەندێکی ئەم دەزگایە پیشەیەتی و بێلایەنی لە دەس دا دەسبەجێ دور بخرێتەوە. ئەوەش کە هەیە سەرلەنوێ هەڵبسەنگێنرێتەوە، پاشماوەی سەردەمی شەڕی ناوخۆ و ململانێی حیزبایەتی لێ پاک بکرێتەوە.

*

جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت بە مەعنای فت کردنی حیزب و کوژاندنەوەی دەوری حیزب نیە لە ژیانی سیاسی وڵات و لە کاروباری گشتیدا، بەڵکو حیزبایەتی و سیستەمی فرە حیزبی کۆڵەکەی سەرەکی سیستەمی دیمۆکراتیە. ژیانی دیمۆکراتی بە بێ ململانێی حیزبی و، بە بێ دوبارەبونەوەی نۆرەیی هەڵبژاردن و، بە بێ بونی موعارەزەی ناوپارلەمانی و دەرەوەی پارلەمانی و بە بێ بونی میدیای ئازاد... وتەیەکی بۆشە. یەکێ لە گەورەترین هەڵەکانی حیزبەکانی کوردستان، لە کاتی دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی کوردیدا، لە دوای راپەڕین، تێکەڵاو کردنی دەسەلاتی حیزب و حکومەت بو. ئەو هەڵەیەی کۆمەڵی کوردی دوچاری چەندین دەردی گران کرد، لە سەرو هەمویانەوە شەڕی ناوخۆ، میدیای دەسبەسەر، بێدادی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی جۆراوجۆر.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیستا کاتی ئەوە هاتوە ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە، دەسەلاتی حیزب لە حکومەت جیا بکرێتەوە.

*

حیزب و حوکم:
ئەزمونی کوردستان

سایتی "سبەی"، ٤ ی ٦ ی ٢٠٠٨

سەرەتا

بۆ ئەوەی قسەی هەندێ ببڕم لە سەرەتاوە ئەڵێم: بە پێی ئەو جێگەیەی کە من هەمبوە لە ناو کۆمەڵە و لە ناو یەکێتی نیشتمانی دا، بە شانازیەوە بەشدار بوم لە دروستکردن و دامەزراندنی ئەزمون و قەوارەی کارگێڕی، سیاسی، قانونیی ئیستای کوردستانی عیراق دا بە هەردو لایەنی ئیجابی و سەلبیەوە. لە هەردو لایەنیدا پشکێکی بەرپرسیارێتی کەم یان زۆر، بە خراپ یان بە چاک، بەر من ئەکەوێ. هەرگیز خۆم لەم لێپرسراوێتیە نادزمەوە، لە بەردەمی مێژوی گەلەکەم دا بە سەربەرزیەوە ئەتوانم داکۆکی لە هەردوکیان بکەم.

لە پاش ١٦ ساڵ حوکمی کوردی کاتی ئەوە هاتوە ئەم ئەزمونە لە هەمو لایەنێکیەوە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە، هەڵسەنگاندنی کە لە نرخی ئەزمونەکە کەم نەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کات دا کەموکوڕیەکانی نەشارێتەوە.

هەندێ کەس، بە تایبەتی ئەوانەی سودمەندن لە گەندەڵی، کە باس لە کێشەکانی ئیستای ناو کوردستانی عیراق ئەکەن بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی سیاسی ناکۆکیەکان بێ مانا بکەن، هەوڵ ئەدەن بیخەنە قاڵبی ململانێی شەخسی و شەڕی کورسی و کێشەی تایبەتیەوە. سودمەندانی گەندەڵی زۆرجار کە باسی گیروگرفتەکان ئەکەن بۆ ئەوەی ڕەهەندی سیاسی، کارگێڕی، دارایی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی گەندەڵی بشارنەوە قەیرانی چەند پاڵوی ئیستای کوردستان لە مەسەلەی "پارەوپول" و "دەوڵەمەن بونی چەند کەسێکا" پچوک ئەکەنەوە. ڕاستە پێکەوەنانی ناقانونی پارەوپول بەشێکە لە قەیرانی گەندەڵی، بەڵام گەندەڵی (وەکو پێش چەند ساڵ لە کۆڕێکی تەلەفزیۆنی دا بە ئاشکرا وتم) وەکو گانگرین چۆتە جەستەی حیزب و حکومەتەوە، لە هەمو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵەکەمان دا ڕەنگی داوەتەوە.

لەم چەند کورتە وتارەدا گەڕەکمە لە باری سەرنجی خۆمەوە، بە زمانێکی کوردی کە هەمو کەس تێی بگا هەندێ بابەت کە پێوەندی بە ئیستا و داهاتوی گەل و وڵاتەکەمانەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەیە، بخەمە بەر باس و هەڵسەنگاندن. هەندێ بابەت کە چەند ساڵێ پێش ئێستا نوسیومن بۆ بیرهێنانەوە و بەراوردکردنی ئەمڕۆ لە گەڵ دوێنێ، سەرلەنوێ بڵاو بکەمەوە لەوانە:

حیزب و دەسەڵاتی تەنفیزی. حیزب و دەسەڵاتی تەشریعی. حیزب و دەسەڵاتی قەزایی. حیزب و هێزە چەکدارەکان. حیزب و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. حیزب و زانکۆ. حیزب و رێکخستنی ئابووری وڵات. حیزب و بەشداری کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی بەغداد.

رەنگە ئەمە روناکیەک بخاتە سەر لایەنە فیکریەکانی ئەو ناکۆکیانەی من و هەندێ لە هاوڕێکانم هەمانە لە گەڵ خەڵکی تر، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەسەڵات دان، چ حیزبی و چ حکومەتی.

لێرەدا سەرباسەکان ئەخەمە سەر مێزی لێدوان خۆم لە هەندێکیان ئەدوێم و لێدوانی هەندێکی بۆ خەڵکی تر بە جێ ئەهێڵم بەو هیوایەی ئەمە دەرگا بە فراوانی بکاتەوە بۆ ئەم بابەتە ژیانیانەی پێوەندیان بە ئێستا و داهاتوەوە هەیە.

حیزب و دەسەڵاتی تەنفیزی (١ – ٤)

لە وڵاتانی پارلەمانیدا، دوای هەڵبژاردن ئەو لیستەی زۆرایەتی ئەندامانی پارلەمان ئەباتەوە ڕاگەسپێردرێ کابینە پێک بهێنێ، ئەویش یەکێ لە ئەندامە دەرچوەکانی ڕاگەسپێرێ و، پاش ڕاوێژ و پرسوڕا لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبەکەی (یان حیزبەکان) هاوکارەکانی بۆ وەزارەتەکان هەڵئەبژێرێ و ئەیانباتە بەردەمی پارلەمان بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بدەن.

پارلەمان لە هەندێ وڵات بە کۆمەڵ دەنگ ئەدا بە ئەندامانی کابینەکە لە هەندێ وڵاتی تر لە سەر یەک بە یەکی وەزیرەکان.

ئەگەر کابینەکە باوەڕی پارلەمانی بە دەس هێنا دەس ئەکەن بە ئەنجام دانی بەرنامەی وەزارەتەکەیان و ئەگەر باوەڕی پارلەمانی وەر نەگرت پرۆسەکە دوبارە و چەند بارە ئەبێتەوە.

لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، سەرۆک هەمان کار ئەکا.

کورد لە مێژوی دورودرێژی خۆی دا دو جار دەرفەتی بۆ ڕەخساوە وەزارەت پێک بهێنێ:

جاری یەکەم، ساڵی ١٩٢٢ لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفیدا کە خۆیان پێیان وتوە (کابینە)، بەڵام ئەم کابینەیە لە ساڵێ زیاتر دەوامی نەکردوە بە هۆی هێرشی ئینگلیزەوە بۆ سەر کوردستان حکومەتەکەی شێخ مەحمود و کابینەکەی ڕوخاوە.

جاری دوەم، ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی قازی محەمەدا، کە خۆیان پێیان وتوە (هەیئەتی ڕەئیسە)، بەڵام ئەم هەیئەتەش لە ساڵێ زیاتر دەوامی نەکردوە بە هۆی هێرشی ئەرتەشی ئێرانەوە بۆ سەر کوردستان حکومەتەکەی قازی محەمەد و هەیئەتەکەی ڕوخاوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جگە لەم دو وەزارەتە ئیتر کورد تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەڵیکی تری بۆ هەڵ نەکەوتوە وەزارەتی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ و تەجروبەی پێکینانی وەزارەتی لە لا کەڵەکە ببێ، تەجروبەی (مەجلیسی تەنفیزی) حوکمی زاتی، تەجروبەیەکی بەعسی و تەجروبەی بەشداری وەزیرە کوردەکانی سەردەمی مەلیکی و جمهوریش لە دەرەوەی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی کوردی بو.

بۆ یەکەمین جار لە دوای ڕاپەڕین کورد توانی (وەزارەت) ی تایبەت بە خۆی واتە هێزی بنەڕەتی دەسەڵاتی تەنفیزی وڵات دابمەزرێنێ.

پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە مێژوی کوردا بە وەرچەرخانێکی سیاسی گرنگ دائەنرێ بەڵام لە هەمان کاتدا تەجروبەیەکە ڕەنگە تایبەت بێ بە کورد خۆی و لە وڵاتانی تری دنیادا نمونەی نەبێ. یەکەمین وەزارەت کە پێک هات، سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی ڕێک کەوتن:

ئەنجومەنی وەزیران نیوە بە نیوە بێ و، هەندێ وەزارەتیش بەشی حیزبەکانی تر بدەن بۆ ئەوەی بێ دەنگیان بکەن.

وەزیرەکان خۆیان دایان بنێن، بێ پرسی سەرۆکی وەزیران، بێ دەنگدانی ئازادی پارلەمان.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، وەزیرەکان و جێگرەکانیان، وەک یەک و بە قەد یەک دەسەڵاتی ئیداری، قانونی، دارایی یان هەبێ، بە کردەوە، دو سەرۆک بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دو وەزیر بۆ هەر وەزارەتێک.

ئەم تەجروبە بێ نمونەیە:

١.ڕێگەی گرت لە دروست کردنی ئیدارەیەکی یەکگرتو، بە کردەوە هەمو وەزارەتەکانی کرد بە دو وەزارەت و، کارمەند و فەرمانبەرەکانی دابەش کرد بەسەر دو حیزب دا.

٢.ڕێگەی گرت لە ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری خەڵک، لە دانانی پلانی دابینکردن و خزمەتگوزاری گشتی و، گەشەپێدانی ئابوری.

٣. ڕێگەی گرت لە خولقاندنی دڵسۆزی بۆ نەتەوە و نیشتمان

٤. ڕێگەی گرت لە دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن.

ئەم تەجروبەیە سەرەنجام بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و، دابەشبونی کوردستان بۆ سێ هەرێم: (هەرێمێکی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، هەرێمێکی ژێر دەسەڵاتی پارتی، هەرێمێکی ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی ئیسلامی) و بۆ دو کابینە و دو حکومەت کۆتایی هات.

دو حکومەت لە دو هەرێم دا چەندین ساڵ درێژەی کێشا تا لە ژێر گوشاری ڕوداوەکانی عیراقدا، بە ناچاری هەندێ لە وەزارەتەکان بەجۆرێکی (فەوقی) لە سەرەوە یەک خران و،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەندێکیشی، بە تایبەتی گرنگەکان، بە دوانەیی مانەوە لەوانە (پێشمەرگە، دارایی، کاروباری ناوخۆ)

تەجروبەی پێک هێنانی کابینەی دوای یەکخستنەوەی هەردو ئیدارە ئەویش دیسان تەجروبەیەکی بێ نمونەیە، ڕەنگە بە داهێنانێکی کوردی دابنرێ.

سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی ژمارەی ئەندامانی کابینەکەیان لە ٤٠ وەزیر تێ پەڕاند.

بێ ئەوەی کەسێ دیاری بکەن و رایبسپێرن بۆ هەڵبژاردنی وەزیرەکان و بواری بدەن پاش راوێژ و پرسوڕا هاوکارەکانی بدۆزێتەوە، بێ ئەوەی ئازادی دەنگدان و بێ ئەوەی پرس و ڕاوێژ بە سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران بکەن خۆیان ناوی وەزیرەکانیان بۆ دیاری کرد،

باوەڕ بەخشین و باوەڕ نە بەخشین بدەن بە پارلەمانی کوردستان و وەزیرەکانیان دان.

ئەنجومەنی وەزیران کە ئەبێ بەرزترین دەسەڵاتی تەنفیزی وڵات بێ، بۆتە بەڕێوەبەری وەزارەتەکانیان، لە سەرو ئەوانەوە حیزب دەسەڵاتی تەنفیزی ڕاستەقینەیە لە کوردستان دا.

حیزب وەزیرەکان دائەنێ، ئەمەیان شتێکی ئاساییە

حیزب وەکیلی وەزیر و خەبیر و موستەشار دائەنێ.

حیزب بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان دائەنێ.

حیزب قایمقام و مدیر ناحیە و سەرۆکی شارەوانی دائەنێ.

حیزب کارمەندی گەورە و بچوک دائەنێ.

بە واتەیەکی تر: دەسەڵاتی حیزب لە سەرو دەسەڵاتی تەنفیزیەوەیە.

لە هەمو گفتوگۆکانی بەعس – کورد یەکێ لە خواستە سەرەکیەکانی نوێنەرایەتی کورد، هەڵوەشاندنەوەی "مەجلیسی قیادەی سەورە" و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعس بو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عیراق. کەچی ئیستا حیزب لە کوردستان دا هەمان تەجروبە دوبارە ئەکاتەوە.

ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتوە:

حیزب دوای ناودێری وەزیرەکان و پێکهێنانی وەزارەت، واز لە دەستێوەرانی کاروباری حکومەت بهێنێ؟

حیزب واز لە پارلەمان بهێنێ لە وەزیرەکان بپرسێتەوە، باوەڕیان پێ ببەخشێ و، باوەڕیان لێ بسێنێتەوە؟

حیزب خەریکی حیزبایەتی بێت و ئازادی بدا بە وەزیرەکان وەکو وەزیری هەمو خەڵک کاروباری وەزارەتەکانیان رابپەڕێنێن؟

وەزیرەکان بێ لێکدانەوەی (ئیعتیباری حیزبی) بە پێی پێوەری کارگێڕی و قانونی کارمەندانی گەورە و بچوکی وەزارەتەکانیان هەڵبژێرن؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حیزب و دەسەڵاتی تەشریعی (٢ - ٤)

دوای ئەوەی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی – بەعس لە شوێنی خۆی دا چەقی و، بۆشایی دەسەڵات، لە ئەنجامی ئەوەش دا بۆشایی ئیداری و ئەمنی و قانونی... لە کوردستان دروست بو. سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاری دا هەڵبژاردنی گشتی بکرێ و، لوجنەیەکی دروست کرد بۆ نوسینی قانونەکانی. لوجنەکە قانونەکانی نوسی. یەکێکیان قانونی هەڵبژاردن بو.

قانونی هەڵبژاردن سیستەمی ڕێژەیی لیستی کرد بە بناغەی کار. ئەویش لە بەر هەڕەشەی حیزبە بچوکەکان: حشع، حسک، گەل، زەحمەتکێشان، پاسۆک، ئاسوری ... سور بون لە سەر ئەوەی هەڵبژاردن بە لیست و ڕێژەیی بێ و هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ئەگەر قانونەکە بەو جۆرە دانەڕێژرێ ئەوان بایکۆتی ئەکەن.

لە ژێر گوشاری ئەو حیزبانەدا سیستەمی ڕێژەیی پەسند کرا بەڵام بەو مەرجەی هەر حیزبێ ٧% کەمتر بهێنێ ڕێگەی چونە ناو پارلەمانی نەدرێ.

هەڵبژاردن ئەنجام درا جگە لە یەکێتی و پارتی هیچ حیزبێ ٧% ی ڕێژەی دەنگدەرانی نەهێنا و نەیانتوانی بەشداری پارلەمان بن. ئەگەر لە شەوی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دا، ئەو ڕێژەیە لابرایەو هەر حیزبە بەو چەند کورسیەی بە دەستی هێنا بو بەشدار بێ. حیزبە بچوکەکان بە بەشی خۆیان رازی نە بون و ئامادە نەبون لە پارلەمان دا بەشدار بن، لە باتی ئەوە داوایان کرد لە وەزارەتەکانا بەشیان بدرێ.

ڕێژەی حیزبە دەرنەچوەکان دابەش کرایەوە بە سەر یەکێتی و پارتی دا پارتی چەند هەزار دەنگێکی زیاتر بو، داوای ئەکرد کورسیەکی لە یەکێتی زیاتر بێ. بەڵام سەرەنجام بۆ خاوکردنەوەی هەلومەرجی گرژی کوردستان ڕێک کەوتن کە پارلەمان نیوە بە نیوە، پەنجا بە پەنجا دابەزرێ، کابینەیەکی ئیئتیلافی پێک بێ سەرۆکی کابینە و جێگرەکەی وەزیر و جێگرەکەی وەکو یەک دەسەڵاتیان هەبێ.

دوای هەڵبژاردنێکی پڕ هەراوهوریا، پڕ مشتومڕ، پڕ ڕەخنە، سەرکردایەتی هەردو حیزب پێکهاتن لە سەر دروستکردنی نیوە بە نیوەی پارلەمان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان پێکهات و کۆ بوەوە.

بە دوای ئەوەدا بە چەند هەفتەیەک سەرکردایەتی حیزب یەکەمین کابینەی نیوە بە نیوەی دامەزراند.

هاولاتیانی کوردستان، سەرەڕای هەمو ئەو ڕەخنانەی هەمو لایەکان لە هەڵبژاردن و جۆری پێکهێنانی پارلەمان و کابینە کەیان ئەگرت، بە خۆشی و بە ئومێدێکی زۆرەوە، لەم دامەزراوەیان ئەڕوانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەر لە سەرەتاوە، حیزب بە چاولێکەری حیزبی بەعس و حیزبە شیوعیەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لە پاڵ هەردو دامەزراوەدا دەسەڵاتی باڵای خۆی پاراست و، خۆی بو بە فەرماندەو چاو ساغ و ڕێپێشاندەری حکومەت و پارلەمان و ئەرکەکانی پارلەمانی بچوک کردەوە بە دانانی قانون.

ئەرکی یەکەمی پارلەمان، باوەڕ بەخشین و باوەڕ سەندنەوەیە لە سەروەزیران و وەزیرەکان. سەرکردایەتی هەردو حیزب بە کردەوە ئەم مافەیان لە پارلەمان سەندەوە، ئەوانەیان بە وەزیر سەپاند کە خۆیان ئەیانویست بێ ئەوەی ڕێ بدەن بە پارلەمان هیچ کەسێکیان ڕەت بکاتەوە.

ئەرکی دوەمی پارلەمان، لێکۆڵینەوەی بودجەی سالانەی وڵاتە، داهاتی حکومەت و جۆری دابەشکردن بە سەر کەرتەکانی ژیانی کۆمەڵ و جۆری سەرفکردنی...

سەرکردایەتی حیزب ئەم مافەیان بە پارلەمان ڕەوا نەدیت و خۆیان لە ناو خۆیان دا چەند کەسێکی کەم ، لە باتی پارلەمان دەستیان گرت بە سەر بودجەی مانگانە و سالانە دا خستیانە ناو تاریکیەکی ئەوتۆوە ڕەنگە ئێستا و دوا ڕۆژیش نەتوانرێ ئاشکرا بکرێ.

ئەرکی سێیەمی پارلەمان، کە بەشداریە شان بە شانی حکومەت لە دارشتنی کاروباری سیاسی وڵات و ڕێگە چارەکانی دا، بە تایبەتی کێشە چارەنوسسازەکان، ئەو مافەش بە پارلەمان ڕەوا نە بینرا، بەڵکو مەسەلە چارەنوسسازەکان، سەرکردایەتی هەردو حیزب بڕیاریان لە سەر ئەدا و ئەوان (موافەقەت) یان لە سەر ئەکرد.

حیزب پاڵێوراوەکانی خۆی دائەنێ بۆ پارلەمان، ئەمەش شتێکی ئاساییە.

حیزب لیستی پاڵێوراوەکان دیاری ئەکا و خۆی ڕیزبەندی یەکەمین و دوایەمینیان ئەکا.

حیزب دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بە دەستە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن.

حیزب سەرچاوەی دارایی لە بەر دەستدایە بۆ ڕاپەڕاندنی پروپاگەندەی هەڵبژاردن.

حیزب دەسەڵاتی چەکداری بە دەستە.

حیزب کارمەند و سەرپەرشتیارانی ناوەندی هەڵبژاردن و سندوقەکان دائەنێ.

ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتوە:

حیزب لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادی بە پارلەمان بدا ئەرک و مافەکانی خۆی لە دەنگدان لە سەر وەزیرەکان، لە سەر بودجەی سالانە، لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان بە کار بهێنێ.

حیزب واز لە پارلەمان بهێنێ ئەندامەکانی بە پێی ویژدانی نیشتمانیی‌یان، بە ئازادی کاربکەن، نەک بە پێی فەرمان و ڕێنمایی حیزب.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حیزب و دەسەڵاتی قەزایی (٣ – ٤)

لە سەردەمی میرنشینە کوردیەکان دا، دو جۆر دەسەلاتی دادوەری لە کوردستان دا هەبوە، کە هەردوکی کاری پێکراوە و بڕیارەکانی لەلایەن کۆمەڵ و لە لایەن دەسەلاتدارانی سەردەمەوە ڕێز لێ گیراو بوە:

١. دەسەڵاتی شەرعی- دینی.

ئەم دەسەڵاتە لەلایەن زانا ئاینیەکانەوە (مەلاکان) و بە زۆری لە مزگەوتەکان دا ئەنجام دراوە، لە ناو مەلاکان دا کەسانی شایستە و هەڵکەوتو لە لایەن میرەکانەوە هەڵبژێردراون و کراون بە قازی.

قازیەکان و مەلاکان بە پێی قورئان و حەدیس و سونەت و ئیجتیهادی فەقیهەکان و فتوای زانا ئاینیەکان کێشەکانی کۆمەڵیان بە لادا خستوە، هاوسەرگیری و کاروباری خێزان و دابەشکردنی میرات و... لە کارە سەرەکیەکانیان بوە.

٢. دەسەلاتی خێڵەکی- کۆمەلایەتی

ئەم دەسەلاتە سەرۆکی عەشیرەت و دەمڕاست و پیاو ماقوڵانی عەشیرەتەکان و بە زۆری لە دیوەخانی ئاغادا ئەنجام دراوە. لە ناو عەشیرەتەکان دا کەسانی دەسەلاتدار و دەمڕاست و ماقوڵ هەبون، کە لەناو کۆمەڵەکانی خۆیان دا ڕێز لە قسە و ئامۆژگاری و بڕیارەکانیان گیراوە.

ئەمانە بە پێی عادەت و عورفی کۆمەلایەتی باوی سەردەم کێشەکانیان بەلادا خستوە، بە زۆری کێشە خوێناویەکان کوشتنیان لێ کەوتۆتەوە بە تایبەتی کوشتن و ، تۆڵە و، زەویوزار و لەوەڕگا... لە کارە سەرەکیەکانیان بوە.

لە دوای نەمانی دەسەلاتی میرایەتیەکانی کورد و، دامەزراندنی حوکمی ناوەندی عوسمانی جۆرێکی تری دەسەلاتی قەزایی هاتۆتە کوردستانەوە کە دەسەڵاتی قانونیی- دەوڵەتی بوە.

عوسمانیەکان، لە پاڵ شەریعەت دا، چەند قانونیان دانابو بۆ ئەوەی کێشە گرنگەکانی کۆمەڵی پێ چارەسەر بکەن و، بۆ ئەم مەبەستە دادگایان دامەزراندبو. ئەگەر چی ((دادگای دەوڵەتی)) ئەبو جێگەی هەردو دەسەلاتەکە بگرێتەوە، بەڵام نەیتوانی بنبڕیان بکا، هەردوکیان وەکو دو دەزگای نارەسمی بە لاوازی مان.

دوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن بەریتانیاوە، ئینگلیز ((قانونی سوڵحی عەشایەری)) دانا و سەر لە نوێ دەسەلاتی خێڵەکی- کۆمەلایەتی لە چارەسەر کردنی کێشەکان دا زیندو کردەوە. بەڵام ئەمە دوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عیراق هەڵوەشێترایەوە و لە کار خرا و هەمو کێشەکان کەوتەوە دەس دادگا قانونیەکانی دەوڵەت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە دوای ڕاپەڕینەوە، کە بۆشایی دەسەلات لە کوردستان دروست بو دەسەلاتی حکومەتی قانونی لاواز بو، ئەم ٣ سێ دەسەلاتە سەر لە نوێ زیندو بونەوە، بەڵام هەر یەکەی بە جۆرێک.

جولانەوە ئیسلامیەکان لەو ناوچانەدا کە دەستیان تیا ئەڕۆشت (هەیئەتی شەرعی) یان دانا و، کەوتنە جێبەجێ کردنی شەریعەت، بەڵام بە جۆرێکی دواکەوتوی لە بابەتی تالیبانی ئەفغانستان.

حیزبە عیلمانیەکان لە هەمو ناوچەکان دا مەکتەبی کۆمەڵایەتیان دامەزراند لە سەرانی خێڵ و هۆز و کەسایەتی کۆمەلایەتی ناسراو و نەناسراو بۆ بەلادا خستنی کێشە گەورە و بچوک و، وەکو دەزگایەکی (بدیل) ی دادگاکانی دەوڵەت.

حکومەت کە لە سەرەتادا نیوە بە نیوە لە بەینی یەکێتی و پارتی دا دامەزرا و، پاش شەڕی ناوخۆ بو بە دو حکومەت و، دوای یەککرتنەوەش دیسانەوە بە جۆرێکی تر لە سەر بنچینەی نیوە بە نیوەی یەکێتی و پارتی دروست کرایەوە، داوودەزگای قەزای بیان خستە ژێر دەسەلاتی حیزبەوە.

حیزب وەزیری عەدل دائەنێ.

حیزب ئەندامانی مەحکەمەی تەمیز دائەنێ.

حیزب ئەندامانی مەجلیسی قەزا دائەنێ.

حیزب حاکم دائەنێ.

حیزب مدعی عام و نائیبی مدعی عام دائەنێ.

حیزب کاتبی عەدل دائەنێ.

حیزب بەشی زۆری کارمەندانی گەورە و بچوکی داودەزگای قەزایی دائەنێ.

سەرەڕای ئەمانەش کۆلیجەکانی حقوق و خوێندنی بەرزی یاسا تا ڕادەیەکی زۆر تەرخان کراوە بۆ ناوێرەکانی حیزب.

لە ولاتێک دا، داوودەزگای قەزائی بە مجۆرە دابنرێ. لە ولاتێک دا، مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی (کە لە لایەن حیزبەوە دانراون) دەسەلاتی یەکلایی کردنەوەی هەمو کێشە گرنگەکانی هەبێ و بتوانێ بڕیارەکانی خۆی بەسەر مەحکەمەدا بسەپێنێ، ئەبێ چۆن سەربەخۆی دەسەلاتی قەزایی باس بکرێ؟ ئاخۆ ئیتر کاتی ئەوە نەهاتوە:

حیزب و ئیعتیباری حیزبی دور بخرێتەوە لە دەسەلاتی قەزایی؟

مەکتەبی کۆمەلایەتی دور بخرێتەوە لە دەستێوەردانی دامەزراوەی قەزایی؟

داودەزگای قەزایی لە سەر بنچینەی پیشەیی و بێلایەنی و لێوەشاوەیی دابنرێ؟

دامەزراوە ئاکادیمیەکانی حقوق دور ڕابگیرێ لە دەستێخستنی حیزب؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حیزب و زانکۆ (۴ – ۴)

عیراق بە گشتی لە چاو وڵاتانی ئەورووپی دا نەریتی ئاکادیمی تازەیە. لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دا هەندێ کۆلیجی (یاسا، پزیشکی، ئەندازیاری دامەزراندوە، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دا. زانکۆی بەغدای دامەزراندوە.

یەکەمین زانکۆ لە کوردستان دا سالی ۱۹٦۸ لە سلێمانی دامەزرا

یەکێ لە خواستەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عیراق دا، چەکدار و هێمنانە، کردنەوەی خوێندنگەی جۆراوجۆر و، لە دوای ١٤ی تەموزی ۱۹۵۸ کردنەوەی زانکۆ بو.

زانکۆی سلێمانی لە ماوەی چەند سالێک دا گەشەی کردوە، لە ناو زانکۆکانی عیراق دا جێگەی خۆی کردەوە، ئەگەر چی حیزبی بەعس هەوڵێکی زۆری دا کە زانکۆی سلێمانی بکاتە مەڵبەندی بە بەعسی کردنی خوێندکارانی کورد. بەڵام سەرکەوتو نەبو، بەڵکو بە پێچەوانەوە بو بو بە مەڵبەندی پێگەیاندنی کادری شۆڕشگێڕ و دژی بەعس و لە ئەنجامی ئەوەش دا بۆ سزا دانی خەڵکی سلێمانی بە هۆی پشتیوانی کردنیان لە شۆڕشی کوردەوە، زانکۆیان لە سلێمانیەوە گوێزایەوە بۆ هەولێر ناوەکەشیان گۆڕی بۆ سەلاحەدین.

سەرەڕای هەوڵەکانی بەعسیش زانکۆی سەلاحەدین، ئەویش کە لە ژینگەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانە دا بو، بوبوە مەڵبەندی پێگەیاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ و کادری دڵسۆز.

لە دوای ڕاپەڕینەوە و، لە دوای دامەزراندنی یەکەمین پارلەمان و حکومەتی هەرێمەوە سەرکردایەتی سیاسی بایەخێکی تایبەتی داوە بە زانکۆ و پەرەپیدان و کردنەوەی زانکۆی نوێ، بێگومان ئەمەش کارێکی زۆر گرنگ بو، لە کاتێکدا حکومەتی بەعس گەمارۆی کوردستانی دابو، ئەیویست گەلی کورد لە ڕوی ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی، زانستی یەوە بخنکێنێ، کورد هەوڵی ئەدا خۆی لە گەمارۆ دەربهێنێ.

لە دوای ڕاپەڕین بەعس، هەر وەکو گەمارۆی کوردستانی دابو، دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکانیشی لە ڕوی خوێندکارانی کورد دا داخست. سەرکردایەتی کورد کارێکی باشی کرد بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە و بۆ پێگەیاندنی کادری زانستی و دو زانکۆی نوێی لە سلێمانی و دهۆک کردەوە، کردنەوەی ئەم دو زانکۆیە ئەوەندەی پێویستیەکانی کۆمەڵ بو، ئەوەندەش هۆی سیاسی لە پشتەوە بو.

لە هەر وڵاتێ یا شوێنێ کە زانکۆ ئەکرێتەوە، بۆ دابینکردنی پێوستیەکانی کۆمەڵە لە بواری جیاجیای ژیان دا و، پاش لێکۆڵینەوەی زانستی و هەڵسەنگاندنی توانای جێبە جێکردن و ئامادەکردنی پێویستیەکانی.

سەرکردایەتی کورد، ئەویش بە لاسایی کردنەوەی بەعس، لەسەر حسابی پشت گوێ خستنی پێوەری زانستی و ئاکادیمی، هەوڵی دا زانکۆ بکاتە مەڵبەندی حیزبایەتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حیزب بۆ مەبەستی سیاسی، زانکۆی نوێ، کۆلیجی نوێ، پەیمانگای نوێ ئەکاتەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتە دابین کردنی پێویستیەکانی جێبەجێکردنی.

حیزب سەرۆکی زانکۆ، ڕاگری کۆلیج، سەرۆکی بەش، تەنانەت کارمەند و فەرمانبەرەکانی دا ئەنێ.

حیزب لە ڕێگەی ڕێکخستنی حیزبی و لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکارانەوە دەس ئەخاتە ناو کاروباری زانکۆوە.

حیزب دەوری سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی خوێندکارانی خوێندنی بالای ماجستیر و دکتۆرا.

حیزب، پێڕەوی پێوەری کارگێڕی و زانستی و قانونی ناکا لە دابەشکردنی کار و زەوی و پێشخستن و سەفەری دەرەوەدا بە سەر مامۆستا و کارمەندەکانی دا..

ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتوە

زانکۆ لە کاری سیاسی جیا بکرێتەوە؟

حیزب و ئیعتیباری حیزبی دور بخرێتەوە لە زانکۆکان؟

حیزب دەس نەخاتە کاروباری دانانی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلیج و سەرۆکی بەشەکان؟

حیزب دەس نەخاتە کاروباری وەرگرتنی خوێندکارانی ماستەر و دکتۆرا؟

*

ئێمە و ئەوان: ناکۆکیەکانمان لە سەر چین؟

- ناکۆکیەکانمان لە سەر بودجەی هەرێم
- ناکۆکیەکانمان لە سەر بنەادی لە دابەشکردنی موچەدا

سایتی "سبەی" ۲۱ ی ۹ ی ۲۰۰۸

ئێمە و ئەوان: ناکۆکیەکانمان لە سەر چین؟ (۱ – ۳)

هەندێ لەوانەی ئەنوسن یان قسە ئەکەن بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە دێنە سەر باسی ناکۆکیەکان: ناکۆکیەکانی نێوان ئێمە "ئەوانەی ڕەخنە لە دەسەلات ئەگرین" و ئەوان "ئەوانەی داکۆکی لە دەسەلات ئەکەن" ئەڵێن:

– ناکۆکیەکان بنەمای فیکریان نیە بەڵکو لە سەر شتی شەخسیە

– ناکۆکیەکان لە سەر پرۆژەی سیاسی نیە بەڵکو لە سەر پارە و دەسەلاتە....

ئەم قسانە بۆ پوچکردنەوەی ناوەڕۆکی فیکری و سیاسی ناکۆکیەکان و سوککردنی ئەو ململانێ سیاسیەیە کە لە نێوان دەسەلات و موعارەزەدا دەستی پێ کردوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیارە موعارەزەی سیاسی لە کوردستان دا هێشتا نەچۆتە چوارچێوەی هێزێکی ڕێکخراوی خاوەن بەرنامەی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری... "بەدیل" ی ئەم حیزب و حکومەتەی ئیستا، بەڵام هەرکەس چاودێری ڕەوتی سیاسی ڕوداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کرد بێ و، وتار و قسەکانی ئێمەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا خوێندبێتەوە یا بیستبێتی، ئەزانێ ناکۆکیەکانی ئێمە لە گەڵ حیزب و دەسەڵاتی سیاسی بە هیچ جۆرێ لە سەر شتی شەخسی نیە بەڵکو لە سەر جۆری بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیە.

*

ئێمە ئەمانەوێ دەستێوەردانی حیزب - مەکتەبەکانی و مەڵبەندەکانی و کۆمیتەکانی - لە کاروباری ڕۆژانەی داوودەزگاکانی حکومەت و زانکۆ و دادگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی دور بخەینەوە.

ئەوان ئەیانەوێ دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەت و هەمو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دا توندتر بکەن.

*

ئێمە ئەمانەوێ دادپەوەری لە دابەشکردنی سامانی وڵاتەکەدا، لە دابەشکردنی موچە و زەوی و کاروفرماندا، دابین بکرێ.

ئەوان ئەیانەوێ سامانی وڵاتەکە و کاروفرمان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و زەلیلکردنی خەڵک بە کار بهێنن.

ئێمە ئەمانەوێ ڕوشنی و ئاشکرایی هەبێ لە کاروباری دارایی و ئابوری و بازرگانی و سیاسی حکومەت دا. ئەوان ئەیانەوێ ئەم بابەتانە لە تاریکی دا بە نەزانراوی بمێنێتەوە.

لێرەدا دو پرسیار ئەکەم با خوێنەر خۆی سەرپشک بێ لە وەڵامدانەوەی دا:

یەکەم، ئایا پرۆژەی سیاسی لەمە ڕۆشنتر و ئاشکراتر ئەوترێ؟

دوەم، ناکۆکیەکانی ئێمە لە سەر شتی شەخسیە یان لە سەر فەلسەفەو شێوەی حوکمڕانیە؟

ئێمە و ئەوان: ناکۆکیەکانمان لە سەر بودجەی هەرێم (٢ - ٣)

بە پێی بڕیاری ٩٨٦ ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە پرۆگرامی نەوت بە خۆراک، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دا، پشکی هەرێمی کوردستان لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بۆ یارمەتی مرۆڤایەتی ١٣% بو. دوای ڕوخانی ڕژێم لە سەردەمی مەجلیسی حوکم دا حاکمی مەدەنی ئەوسای عیراق سەفیر پۆل بریمەر لە سەر داوای کورد کردی بە ١٧%.

لە ٢٠٠٣/٧/١ وە تا ٢٠٠٣/١٢/٣١ هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان بڕی (٥٦٧) ملیون دۆلاریان وەرگرتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە : -

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دۆلار / ملیون

٢٦١	ئیدارەی سلیمانی
٣٠٦	ئیدارەی هەولێر
٥٦٧	

لە ساڵی (٢٠٠٤) وە تا ساڵی (٢٠٠٨) ئەو بودجەیەی لە خوارەوە هاتووە بە ڕێژەی (٥٤%) بۆ ئیدارەی هەولێر و (٤٦%) بۆ ئیدارەی سلیمانی تەرخانکراوە : -

ساڵ	کۆی خەرجی عیراق- دینار/ملیار	کۆی نابینکراو بۆ هەرێمی کوردستان دینار / ملیار
2004	20.145	2.797 دوو تریلیون و حەوسەد ونەوەد و حەوت ملیار دینار
2005	35.981	3.749 سێ تریلیۆن و حەوسەد و چلونۆ ملیار دینار
2006	50.963	4.273 چوار تریلیون و دووسەد وحەفتاوسێ ملیار دینار
2007	51.727	5.982 پێنج تریلیون و نۆسەد و هەشتاو دوو ملیار دینار
2008	60.192	6.580 شەش تریلیون و پێنج سەد و هەشتا ملیار دینار
2008 بودجەی تەواوکاری	86.446	9.910 نۆ تریلیون نوسەد و دە ملیار دینار. کە تا ئێستا زیادەکەی نەگەیشتوە

تێبینی:

١- ئەم چەردە پاریە بە دۆلاری ئەمەریکی ئەکاتە نزیکەی ٢٣ ملیار دۆلار

٢- ئەم پارەیە تەنیا پشکی هەرێمە لە بودجەی عێراق.

٣- ئەمە جگە لە داهاتی هەرێم و پاشماوەی پارەی پڕۆگرامی نەوت بە خۆڕاک کە بریتی بو لە زیاتر ١ ملیار و ٢٥٠ ملیۆن دۆلار.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ دا تا ٢٠٠٧ تەرازوی هێزی سیاسی لە ناو عیراق دا بە قازانجی کورد بو. کورد بە هێز بو لایەنە عەرەبیەکانی عیراق هیشتا خۆیان ڕێک نەخستبوەوە لە بەر ئەوە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عیراق دا لە ئەنجومەنی نوێنەران دا بێ مشتومڕ ئەڕوێنرا.

ساڵی ٢٠٠٨ تەرازوی هێز لە نێوان کورد و لایەنە عەرەبیەکان دا – بە شیعە و سوننەوە - خەریک بو بە قازانجی عەرەب بگۆڕێ. بۆیە لە کاتی تاووتوێ کردنی قانونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ ی عیراق دا هەندێ لایەنی عەرەبی لە ناو "ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق" دا داوایان کرد پشکی هەرێم لە ١٧% ەوە کەم بکرێتەوە بۆ کەمتر لە ١٤% چونکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی پلان (وزارە التخطیط) ی بەغداد رێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە چاو هەمو عیراق دا لە ١٤% کەمترە.

کێشەی هاوپەیمانی کوردستان لە "ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق" دا، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە لە بەغداد بوە دو جار هەڕەشەی کشانەوەی کردوە، هەردو جارەکەش ناکۆکیەکە لە سەر پارە بوە نەک لە سەر کێشەی سیاسی:

جاری یەکەم، کە ئەنجومەن ویستی پارەی موچە و دەرماڵەی سەرکۆمار کەم بکاتەوە.

جاری دوەم، کە ئەنجومەن ویستی پارەی ١٧% ی هەرێم کەم بکاتەوە.

هەردو جار لە بەر هەندێ هۆی سیاسی لایەنە عەرەبیەکان چاوپۆشیان لە داواکەی خۆیان کرد و داواکەی کوردیان سەلماند رەنگە ئەم ساڵ کە تەرازوی هێزی ناو ئەنجومەن بە قازانجی عەرەب گۆڕاوە ئەم داوایەی کورد ئیتر سەرنەگرێ.

بودجەی هەرێم دارایی گشتیە، سامانی گەلە، پارەی خەڵکە، ناکۆکیەکانی ئێمە و ئەوان لە سەر بودجە ئەوەیە:

*

ئێمە ئەمانەوێ خەڵک بزانێ ئەم بودجەیە و داهاتی تری هەرێم چۆن سەرف کراوە و بۆ کوێ و بۆ کێ و کەی و بۆ چی و چۆن رۆیشتوە.

ئەوان ئەیانەوێ لە تاریکی دا گومی بکەن و لە خەڵکی بشارنەوە.

*

ئێمە ئەمانەوێ خەڵک بزانێ بۆچی ئەم بودجە گەورەیە لە باتی ئەوەی ژێرخانی ئابوری هەرێمی پێ بنیات بنرێ و، ببێتە بناغەی ئیکتیفای زاتی کەچی بۆتە هۆی بەسترانەوەی هەرچی بەهێزتری هەرێم بە بەغدادەوە بە تایبەتی بۆ پێویستیە بنچینەییەکانی ژیان لە موچە و خۆراک و سوتەمەنی و دەرمان و کارەبا؟

ئەوان بەم بابەتانە خەڵک ئەترسێنن و، ئەیکەن بە بیانوی هەرچی "تەنازولی سیاسی" زۆرتر بۆ بەغداد و ئەمەریکا.

*

ئێمە ئەمانەوێ خەڵک بزانێ مانگانە حیزب چەند ملیار دینار لە بودجەی هەرێم بە نهێنی بۆ خۆی ئەبات

ئەوان ئەم پارانە بۆ دیلکردنی کادرەکانیان و بۆ زەوتکردنی ئازادی فەرمانبەرەکانیان و بۆ شێواندنی رێکخراوە "بە ناو" دیمۆکراتیەکان بە کار ئەهێنن.

*

ئاخۆ هاوواڵتیەکی ئاسایی ناهەقێتی بڵێ: "بودجەی هەرێم هەرچەندێ بێ، ١٧% بێ، کەمتر بێ یا زۆرتر بێ، بە من چی؟"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێرەدا دو پرسیار ئەکەم با خوێنەر خۆی سەرپشک بێ لە وەڵامدانەوەی دا:
یەکەم، ئایا داوا لەمە قانونیتر و ئاشکراتر هەیە؟
دووەم، ناکۆکیەکانی ئێمە لە سەر شتی شەخسیە یا لە سەر ڕۆشنیی داراییە لە داهات و خەرجی هەرێم دا؟

*

ئێمە و ئەوان: ناکۆکیەکانمان لە سەر بنەڕەتی لە دابەشکردنی موچەدا (٣ – ٣)

سەرچاوەی ژیانی هاوواڵاتی لە هەر دەوڵەتێک دا بێ لە یەکێ لەم دو بوارەوە دێ: کەرتی تایبەتی و کەرتی گشتی.

ئەوانەی لە کەرتی تایبەتی دا کار ئەکەن هەر لە جوتیار و ئاژەڵداری کەرتی کشتوکاڵەوە تا ئەگا بە خاوەنی کۆمپانیای گەورەی بواری بانک و بازرگانی، خۆیان ئازادن لە جۆری پەیداکردنی پارە و جۆری دابەشکردنەوەی بە سەر موچەخۆرەکانیان دا. بەڵام دەوڵەت بۆ ئەمانیش کۆمەڵێ کۆت و بەندی قانونی داناوە بۆ ئەوەی نەتوانن بە ئارەزوی خۆیان کرێکار و کارمەندەکانیان بچەوسێننەوە لەوانە: ئاشکراکردنی جۆری پەیدا کردنی سەرمایە و باجی هەڵکشاو و دیاریکردنی کرێی نرخی سەعاتی کار....

ئەوانەی لە کەرتی گشتی دا کار ئەکەن، هەمو ئەو کارمەند و فەرمانبەرانە ئەگرێتەوە کە لە داوودەزگاکانی دەوڵەت دا کار ئەکەن. موچەی ئەمان لە بازاڕی ئازاد و قازانجی کۆمپانیای بازرگانیەوە نایەت بەڵکو لە بودجەی گشتی ئەدرێ کە مووچی هەمو خەڵکە.

ئەگەر کابرایەکی سەرمایەدار سەربەست بێ لەوەدا کە چۆن جیاوازی لە دەوڵەمەندکردنی کارمەندەکانی پلەی یەکەمی کۆمپانیاکەی دا و لە هەژارکردنی کرێکارەکانی پرۆژەکانی دا دروست بکا، ئەوا حکومەت بە هیچ جۆرێ ئازاد نیە لە خوڵقاندنی جیاوازی چینایەتی لە نێوان کارمەندان و فەرمانبەرەکانی دا وەکو ئەوەی ئیستا لە کوردستانی عیراق دا پێڕەوی ئەکرێ.

لە هەمو ئەو وڵاتانەدا کە دەوڵەت ڕێز لە کەرامەتی هاوواڵاتیەکانی ئەگرێ بەردەوام لێکۆڵینەوە لە سەر بودجەی خێزان ئەکرێ و، بەو پێیە کرێ و نرخ و باج و هەڵئاوسانی دراو دەسکاری ئەکرێ و، دەوڵەت بیمەی بێکاری و نەخۆشی ... دابین ئەکا.

ئەبێ جیاوازی چی بێ لە پێویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی پێنج سەر خێزانی وەزیرێک و ژیانی پێنج سەر خێزانی کارمەندێکی هەژاردا؟ بۆچی ئەبێ جیاوازی موچەکەیان ئەوەندە گەورە بێ مانگ لە دوای مانگ لە یەک دور بکەونەوە، لە کاتێک دا سەرچاوەی موچەی هەردوکیان دارایی گشتیە نەک بازاڕی ئازاد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

ئیمە ئەمانەوێ خەڵک بزانێ بە چ هەقێک و لە سەر چ بنەمایەک موچەی کاربەدەستێکی حکومەتیی پلەی تایبەت نزیکەی ١٠ ملیۆن دینارە، جگە لە نەسریە و ئیمتیازات وشتی تری، کەچی موچەی فەرمانبەری پلەی دەیەمی هەمان حکومەت نزیکەی ١٠٠ هەزار دینارە. لە کاتێک دا لە دەوڵەمەندترین دەوڵەتی دنیادا لە ١٠ جار زیاتر نیە.

ئەوان ئەیانەوێ ئەم ژمارانە لە تاریکی دا بشارنەوە.

*

ئیمە ئەمانەوێ موچەی پلەکانی خوارەوە هەڵکشێ بۆ ئاستی دابین کردنی لایەنی کەمی پێویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی خیزان لە هەرێمی کوردستان دا. موچە بەرزەکان و نەسریە و ئیمتیازەکان کەم بکرێتەوە لە بەرامبەردا موچە کەمەکان: کارمەندانی دائیرەکانی حکومەت... بەرز بکرێتەوە.

ئەوان ئەیانەوێ موچەی پلەکانی سەرەوە بەرزتر و نەسریە و ئیمتیازەکانیان زۆرتر بکەن و، موچەی کەمدەرامەتەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە.

*

ئیمە ئەمانەوێ چاو بە موچەی هەمو پلەکانی کارمەندانی حکومەت دا بخشێنرێتەوە، موچە کۆڵەکەیەکی دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بێ.

ئەوان ئەیانەوێ موچە ئامرازی سەر پێ دانەواندنی هەژاران و دەستەمۆکردنی کارمەندان بێ.

*

لێرەدا دو پرسیار ئەکەم با خوێنەر خۆی سەرپشک بێ لە وەڵامدانەوەی دا:

یەکەم، کێن ئەوانەی شەڕ لە سەر پارە و دەسەڵات ئەکەن؟

دوەم، ناکۆکیەکانی ئیمە لە سەر شتی شەخسیە یا لە سەر دادی کۆمەڵایەتیە؟

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای ئەم هەمو رەخنەیە ئینجا چی؟

سایتی "سبەی"

١٢ ی ١٠ ی ٢٠٠٨

لە پاش ١٦ ساڵ حوکمڕانی گۆڕ لە هەر هاوڵاتیەکی کوردستانی بگری بە دەنگی بەرز و بە ئاشکرا ناڕەزایی دەرئەبڕێ:

ناڕەزایی دەرئەبڕێ لە سەر کەمی خزمەتگوزاری

ناڕەزایی دەرئەبڕێ لە سەر خراپیی "ئەدائی" دائیرەکانی حکومەت

ناڕەزایی دەرئەبڕێ لە سەر جیاوازی کردن لە نێوان کابرایەکی حیزبی و کابرایەکی ناحیزبی و، لە نێوان حیزبیەک و حیزبیەکی تردا

ناڕەزایی دەرئەبڕێ لە سەر بێعەدالەتی

ناڕەزایی دەرئەبڕێ لە سەر هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی بالا

ئەم ناڕەزاییە لە ناو هەمو تۆێژەکانی کۆمەڵ دا لە هەمو بوارەکانی ژیان دا ئەبیسترێ و بە شێوەی جۆراوجۆر دەرئەبڕدرێ:

بە نوسین، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنیەکان دا

بە قسە، لە دەمی هاوڵاتیانەوە لە دەزگاکانی بیستن و بینینی ڕاگەیاندن دا: ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوچەیی و سەرتاسەری و ئاسمانی

بە قسە، لە دەمی خەڵکەوە ڕۆژانە لە ناو بازاڕ و کۆڵان و سەرشەقام و شوێنەکانی کۆبونەوە

بە جوڵان، مانگرتن و خۆپیشاندانی پچڕپچڕ

بە مانگرتن، لە ناونوسین بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان دا

ڕۆژبەڕۆژ گلە و گازندە، سکاڵا، بێزاری، ناڕەزایی، تورەیی، ڕەخنە، ئاهونزولە، تەنانەت جنێو و دوعای شەڕ، زیاد ئەکا، کۆئەبێتەوە و کەڵەکە ئەبێ و ئەبێتە "دیاردەی گشتی" و "خوی کۆمەڵایەتی". سەرەڕای گەورەبونی بەردەوامی ئەم دەرکەوتە مەترسیدارە دەسەڵاتدارانی وڵات، نەئەبیستن و نەئەبینن، نە هیچ هەنگاوێکی جدی ئەنێن بۆ چارەسەرکردنی.

لێرەدا پرسیارێ سەر هەڵئەدا: دوای ئەم هەمو رەخنەیە، دوای ئەم هەمو ناڕەزاییە، دوای ئەم هەمو بێدادیە، ئینجا چی و ئەبێ چی بکرێ؟

وەڵامەکان جیاوازن و ئەشێ لە سیناریۆی جیاوازدا بخوێنرێنەوە:

- یەکێ ئەڵێ وازهێنان
- یەکێکی تر ئەڵێ بێدەنگی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- یەکێ ئەڵێ هەوڵی چاکسازی
- یەکێکی تر ئەڵێ هەوڵی گۆڕین

وازهێنان

هەندێک ئەڵێن، کەمیش نین ئەوانەی وا ئەڵێن، گەندەڵی بۆتە سیستەم، داوودەزگاکانی حیزب و حکومەت گەندەڵی دای رزاندون، چارەسەر ناکرێن با واز بێنین بیدەینە دەست رۆژگار و چاوەڕێ بین رووداوەکانی عیراق و کوردستان بەرەو کوێ ئەڕۆن چونکە:

هەردو دەسەڵات: هەردو حیزب داوودەزگاکانی حکومەتیان زەوت کردوە. سامان و دارایی وڵات، موچەی سەدان هەزار فەرمانبەر، کارمەند، خانەنشین، سوتەمەنی، زەوی، خۆراکی.. خەڵکی وڵاتەکەیان بە دەستە ئەتوانن بیبڕن و خێزان بێدەرامەت بکەن و فڕێی بدەنە سەر جادە.

هەردو دەسەڵات: ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگە، دەزگای نهێنیی‌یان هەیە، دادگا و زیندانیان بە دەستە. لە بەر ئەوە خەڵک لێیان ئەترسێ و هەرچی بکەین سودی نیە، کاریگەری نیە، بە ئاسانی ئەتوانن هەرچی جوڵانەوەیەک ببێ سەرکوتی بکەن.

لە بەر ئەوە ئێمە هیچمان پێ ناکرێ چاک وایە سەری خۆمان کز بکەین بێدەنگ بین بزانین چی ئەبێ.

ئەمە جۆرێکە لە بەردانی وڕە و بێئومێدی، بێهیوایی، ڕەشبینی... نیشانەی تێشکانی کەسایەتی کورد و داروخانی هەندێ توێژی کۆمەڵایەتیە، کە بێگومان سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵات بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی. بەڵام دیاردەیەکی کاتیە درەنگ یا زو ئەڕەوێتەوە.

بێدەنگی

هەندێک ئەڵێن: تەجروبەی هەرێمی کوردستان هێشتا جێگیر نەبوە لە بەر مەترسی هەڕەشەدایە، لە ململانێی سیاسیدایە لە گەڵ بەغداد و لە گەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

هەندێکی تر لەمە دورتر ئەڕۆن ئەڵێن: پیلان دژی هەرێم هەیە لە بەر ئەوە ئەبێ لە کەموکوڕیەکان بێدەنگ بین، لە ناشیرینەکان چاو بپۆشین، تا لەو پیلانە دەرئەچێ.

ئەمە بیانویەکی کۆنە ١٥ ساڵە ئەوترێتەوە. ئەگەر جاران هەندێ راستی تێدا بوبێ، ئیستا هیچ بنەمایەکی نەماوە نە مەترسی لەشکرکێشی جەنگیی عەرەبی – بەغداد، نە مەترسی لەشکرکێشی جەنگیی ئیرانی – تاران، نە مەترسی لەشکرکێشی جەنگیی تورکی – ئەنقەرە بۆ داگیرکردنی سەربازیی هەرێمی کوردستان لە کایەدا نیە.

ڕەنگە بۆردومانی ئەرزی و ئاسمانی ناوچە سنوریەکان بکەن. ڕەنگە گوشاری سیاسی و ئابوری دروست بکەن. بەڵام ئەمانە قەوارەی دەستوریی و داوودەزگا حکومەتیەکانی هەرێمی کوردستانیان پێ ناروخێ. وڵاتانی دیمۆکراتی کە توشی کێشەی سیاسی گەورە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەبن بۆ ئەوەی پشتیوانی میللەتەکەیان بە دەس بهێنن هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەکەن. حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی پێک ئەهێنن تا بە ریزی ناوخۆی یەکگرتوەوە روبەروی قەیران ببنەوە. بەڵام دەسەڵاتی کوردی چونکە هەمو شتێکی بۆ خۆی پاوان کردوە و بەمەش میللەتەکەی لە خۆی رەنجاندوە، هەمیشە لە هەڵبژاردن و هەمو گۆڕانێکی دیمۆکراتی ئەترسن. بە هەر جۆرێ بێ ئەیەوێ حکومەتی بە دەستەوە بێ، دەسەڵاتی لە دەس دەرنەچێ، بۆ ئەمەش خەڵک بە هەڕەشەی دەرەکی ئەتۆقێنێ و، وا لە خەڵکی کوردستان ئەکەن بە دایمی لە ترس و دڵەراوکێ دابن و وا تێ بگەن کە ئەگەر ئەوان نەبن عیراق و ئیران و تورکیا ئەیان خۆن.

ئەم قسانە هەندێ لە سودمەندانی گەندەڵی ئەیکەن بۆ سازدانی پشتیوانی رای گشتی لە دەسەڵات و هێشتنەوەی هەلومەرجی ئیستا بە راوەستاوی.

هەوڵی چاکسازی

هەندێک ئەڵێن: باشترین رێ هەوڵدانە بۆ چاکسازی دەسەڵات لە ناو دەسەڵاتەوە بە هۆی دەسەڵاتەوە.

ئەم رێگەیە لە هەمو رێگەکانی تر سەلامەتتر و ئاسانترە.

سەلامەتترە، چونکە پشێوی سیاسی، ئاژاوەی کۆمەڵایەتی، روبەڕوبونەوەی چەکداری لێ ناکەوێتەوە.

ئاسانترە، چونکە رێگەیەکی قانونیە، داوودەزگا دەستوریەکان ئەتوانن لە پرۆسەیەکی قانونی دا، بە هێمنی و شێتەیی، جێبەجێی بکەن. بەڵام ئەمە پێویستی بەوەیە:

سەرکردایەتی هەردو حیزب، لە ناو ئەوان دا بە تایبەتی هەردو سەرکردەی هەردو حیزب، ئیرادەی چاکسازیان لە ئیرادەی قسەوە لە لا بوبێتە ئیرادەی جێبەجێ کردن. مەکتەبی سیاسی و مەکتەبەکانیان، مەڵبەند و کۆمیتە و لق و ناوچەکانیان قەدەغە بکەن لە دەستێوەردانی رۆژانەی هەمو داوودەزگاکانی دەسەڵاتەکانی تەشریعی، تەنفیزی، قەزایی هەروەها لە بازاڕ و زانکۆ و پۆلیس و ئاسایش. میکانیزمی سزادان دابنرێ بۆ هەمو ئەوانەی لەم بڕیارە دەرئەچن، لە هەر پلەیەک دا بن.

وەزارەت حەفتانە کۆ ببێتەوە. وەزیرەکان بەرنامەکانی خۆیان باس بکەن. پرسوڕا بە یەکتری بکەن، ئاگایان لە ئیشەکانی یەکتری بێ، لە یەکتری بپرسنەوە. سەرۆکی ئەنجومەن چاودێری جێبەجێ کردنی بەرنامەکانیان بکا

پارلەمان بە ئازادی کار بکا. ئەندامانی پارلەمان لە گەڵ دەنگدەرانی ناوچەکانیان دا تێکەڵاو ببن و کۆببنەوە. بۆیان هەبێ بە ئازادی بدوێن، لە قەفەزی فراکسیۆنی حیزب دەربێن، ئەگەر پێویستی کرد فراکسیۆنی نوێ و ریزبەندی نوێ دروست بکەن. ئەرکە سەرەکیەکانی پارلەمان ئەنجام بدەن:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێپرسینەوە لە گەڵ وەزیرەکان بکەن ئەگەر پێویستی کرد متمانەیان لێ بسێننەوە
بودجەی هەرێم تاووتوێ بکەن و ئاشکرای بکەن بۆ خەڵک
کێشەی ڕۆژانەی خەڵک باس بکەن و بە هاوکاری لە گەڵ حکومەت چارەی بۆ بدۆزنەوە
دەسەڵاتی دادوەری بە هێز بکرێ. بژار بکرێ لە کەسانی نەشیاو. دەرگا بۆ شکات و سکاڵای هاوڵاتیان بکاتەوە. هیچ لایەن و هێچ کەسێ نەتوانێ دەس وەر بداتە کار و بڕیارەکانیانەوە.

دیوانی چاودێری دارایی بە کادری شارەزا بەهێز بکرێ. ڕابسپێردرێ و دەسەڵاتی بدرێتێ لێکۆڵینەوەی ورد بکا لە سەر هەمو گرێبەستەکان، بێ لێدەرهێنان و شاردنەوە. بە بودجەی هەرێم دا بچێتەوە. نەهێڵێ دارایی گشتی بە فیڕۆ بڕوا. کەموکوڕیەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکا

لە ڕاستی دا ئەمە بە بڕیاری دوکەس و تەنیا بە دو کەس ئەکرێ کە ئەوانیش: مام جەلال و کاک مەسعودن. مام جەلال سەرکۆماری عیراقە، لە هەمان کات دا، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە. کاک مەسعود، سەرۆکی هەریمی کوردستانە، لە هەمان کات دا، سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانە.

پێ ئەچێ ئەم دو سەرکردەیە باوەڕیان بەم ڕێگەچاکسازیە نەبێ. لە بەر ئەوە چاوەڕێ کردنی ئەوان کارێکی بێهودەیە. ئەبێ بۆ ڕێگەیەکی تر بگەڕێین.

هەوڵی گۆڕین

ئەوانەی باسی گۆڕین ئەکەن بیروبۆچونی جیاواز و ڕێگەچارەسەری جیاواز و سیناریۆی جیاواز باس ئەکەن، هەر لە هەوڵی گۆڕینەوە لە ناو حیزب و دەسەڵاتەوە تا زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە و شەڕی چەکدار، تا ڕاپەڕینی جەماوەریی شار و تا بایکۆتی هەڵبژاردن و تا شەڕی هەڵبژاردنەکان و زۆر شتی تر.

هەوڵی گۆڕین لە ناو دەسەڵاتەوە

هەندێک ئەڵێن: گۆڕین بە تەنیا بە ڕەخنە و نوسین ناکرێ، بۆ ئەوەی گۆڕین بکری ئەبێ بەشداری بکرێ لە دەسەڵاتەکان دا و، هەر یەکە لە لای خۆیەوە هەوڵی چاکسازی و گۆڕین بدا.

هەوڵی گۆڕین لە ناو ٣ دەسەڵاتەکەوە: دەسەڵاتی تەنفیزی – ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی تەشریعی – ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، دەسەڵاتی قەزایی - دادگاکان... واتە هەوڵی گۆڕین لە ناو دەسەڵاتەوە، هەرچەندی وەزیرەکان و پارلەمانتارەکان و دادوەرەکان باش و داواکاری چاکسازی یا خوازیاری گۆڕین بن، لە هەلومەرجی ئیستادا، بە هۆی ئەو سیستەمە سیاسیەوە کە لە وڵاتەکەدا پێڕەوی ئەکرێ کارێکە لە کردن نایەت. ئەم دەسەڵاتانە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵات نین. لە پشتی ئەمانەوە دەسەڵاتێکی تر هەیە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم دەسەڵاتانە بەڕێوە ئەبا و حوکمی وڵات ئەکا، ئەویش "دەسەڵاتی تارمایی" ە کە حیزب و دەستەبەندیەکانی ناو سەرکردایەتیەکانێتی. بۆیە ئەبێ بە تەمای ئەمە نەبین.

هەوڵی گۆڕین لە ناو حیزبەوە

لەم وڵاتەدا حیزب چۆتە ناو هەمو جومگە و دەمارەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. حیزب حکومەت دروست ئەکا. حیزبێکی باش حکومەتێکی باش دروست ئەکا حیزبێکی خراپ حکومەتێکی خراپ دروست ئەکا. کەواتە گۆڕین لە ناو حیزب دا بە باری باشە دا ئەبێ بە هۆی گۆڕین لە ناو حکومەت دا بە باری چاکسازی دا.

گۆڕین لە ناو حیزب دا لە کۆنگرە و کۆبونەوە حیزبیەکانی دەزگا بالاکانی دا ئەکرێ. لە کۆنگرەدا ئەتوانرێ پرۆگرام و دەستوری حیزب و، سەرکردایەتیەکەی بگۆڕێ. بەڵام تەجروبەی دو کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، تەجروبەی چەند هەڵبژاردنی ناو ئۆرگانەکانی و هەڵبژاردنی ناو هەردو کۆنگرەکانی دەریان خست، هیوا هەڵچنین لە سەر هەڵبژارنێکی پاک و ئازاد، دور لە پێلانگێڕان و بەکارهێنانی گفت و گەف، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ناو حیزبەکەدا، ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی نابێ.

هەمان تاقمی دەسەڵاتداری ناو سەرکردایەتی حیزب بە هەمو ڕێگایەک، تەنانەت بە ڕێگای بەکارهێنانی تفەنگ، داکۆکی لە مانی خۆی و جێگەکانی و دەسەڵاتەکانی و ئیمتیازەکانی ئەکا. دوانگەی ئازاد و بیروبۆچونی جیاواز دەمکوت ئەکا و، باڵی چاکسازی و گۆڕین سەرکوت ئەکا.

حیزب، لە دوای ڕاپەڕینەوە بە هۆی پاوانکردنی دەسەڵات و دارایی و دەسکەوت و ئیمتیازەکانیەوە لە لایەن توێژێکی دەسەڵاتدارەوە، قابیلی تازە بونەوەیەکی ڕاستەقینە نیە.

کەواتە گۆڕین لەم ڕێگایەوە ئەگاتە بەردەم دەرگایەکی داخراو.

هەوڵی گۆڕین لە دەرەوەی حیزب

حیزب ئامڕازە یا ئامانج؟

ئەگەر ئامانج بێ ئەبێ بمێنێ و، ئەگەر ئامڕازیش بێ ئەشێ بگۆڕێ و، ئەگەر کەڵکی نەما ئەشێ دەستی لێ هەڵبگیرێ و، ئەگەر ڕێگەی گرت ئالتەرناتیڤی بۆ دروست بکرێ.

حیزب بێگومان ئامڕازە بۆ بەدیهێنانی ئامانج بۆیە ئەبێ لە گەڵ ئامانج دا گونجاو بێ. ڕەنگە لە قۆناغێکی مێژویی دریژدا ئامانج بە نەگۆڕی بگرە بە پیرۆزی بمێنێتەوە بەڵام ئامڕاز ئەبێ بە پێی زەمان و زەمین بۆ تەختکردنی ڕێگەی بەدیهاتنی ئامانج لە گۆڕان دا بێ. کاتێ ئامڕاز واتە حیزب ناتوانێ ئامانج بەدی بهێنێ یا ئەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەدیهاتنی ئامانج دا ئیتر پێویستی بون و مانی لە دەس ئەدا.

ڕاستیی ئەم ڕیسایە هەروەکو لە سەرانسەری دنیادا سەلماوە، لە کوردستانیش ڕاستە. لە کوردستان زیاتر لە سەد ساڵە ئامانجی کورد و بزوتنەوەکەی نەگۆڕاوە، بەڵام لە هەمو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قۆناغەکان دا ئامراز کە حیزب یا هەر ڕێکخراوێ بوبێ گۆڕاوە، بە تایبەتی کە نەیتوانی بێ لە گەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی بزوتنەوەی کوردا بگۆڕێ و پێش بکەوێ. بەڵام ئیستا لە کوردستان دا، دوای ئەوەی حیزب قۆناغی شۆڕشی بە جێ هێشت و چوە قۆناغی حوکمڕانیەوە، خەریکە "حیزبپەرستی" لە ناو هەندێ لەوانەدا کە سودمەندن لە حیزب و لە ناو هەندێ لەوانەدا کە لە یاداوەری ڕابوردودا ئەژین ئەبێتە ئامانج و بیروباوەڕ. سەروەریی ڕابوردوی حیزب هەرگیز ناتوانێ پاکانە بۆ گەندەڵی و پەککەوتەیی ئیستای حیزب بکا.

مادام گۆڕین لە ناو حیزبەوە ناکرێ و مادام حیزب خۆی بۆتە ڕێگری گۆڕین و، مادام حیزب ئامانج نیە کەواتە ئەبێ بە دوای گۆڕین دا بگەڕێین لە دەرەوەی حیزب.

گۆڕینی ئەشخاس یا گۆڕینی سیستەم

هەندێک ئەڵێن:

ئەگەر فلان لابرا و فیسار خرایە جێگەی..

ئەگەر لە سەرکردایەتی حیزب چەند کەسێ لابران و چەند کەسێکی تر چونە جێگایان..

ئەگەر لە ئەنجومەنی وەزیران دا چەند وەزیرێ لابران و چەند کەسێ لە جێگەی ئەوان کران بە وەزیر..

ئیتر بارودۆخەکە ئەگۆڕێ و چاکسازی دەس پێ ئەکا.

لە ڕاستی دا ئەمە جگە لە خۆشباوەڕی شتێکی تر نیە.

سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات لە سەر چەند پایەیەک دامەزراوە لەوانە:

تێکەڵکردنی حیزب و دەزگاکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و داوەری

دەسگرتن بە سەر پارە و ئاسایش و پۆلیس و پشمەرگەدا

تاریکاندنی بودجە و، کاروباری ئابوری و دارایی و بازرگانی

تاریکاندنی پێوەندی سیاسی هەرێم و دەرەوە

لە بەر ئەوە کەس، چەندە کەسایەتیەکی بەهێز و دەسەڵاتدار بێ، چاک بێ یان خراپ، ئەندامی سەرکردایەتی یا وەزیر بێ، ڕەنگە کاریگەریی هەبێ لە سەر جۆری ئەدائی کارەکەی خۆی و بەردەستەکانی لە شوێنەکەی خۆی دا، بەڵام ناتوانێ کاریگەریی لە سەر تێکڕای سیستەمەکە هەبێ. بۆیە لە بارودۆخی ئیستای کوردستان دا قەیرانەکە لە کێشەی کەس و کەسایەتی دەرچوە و، بە گۆڕینی کەس بارودۆخی کوردستان چاک نابێ، چونکە سیستەمی گشتی وڵاتەکە لە گەڵ ویستی زۆرایەتی کورد ناکۆک و ناساز و لە گەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردا ناگونجێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەگەر کێشەکە گۆڕین بێ و، گۆڕین لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات دا بێ، ئینجا چەندین پرسیاری سەرەکی، بەڵام ئاڵۆز و سەربەگۆبەند، سەر هەڵئەدەن و، هەریەکەیشیان لە لایەن کەس و گروپی جیاوازەوە بە جۆری جیاواز وەڵام ئەدرێنەوە:

پرسیاری یەکەم: گۆڕین چۆن ئەکرێ؟

وەڵام:

- بە بەکارهێنانی توندوتیژی: کودەتا، شۆرش، ڕاپەڕینی جەماوەریی شار
- بە موعارەزەی شارستانی: مانگرتن، خۆپیشاندان، بایکۆتی هەڵبژاردن، بەگژاچونەوەی کاربەدەستان
- بە ململانێی دیمۆکراتی: هەڵبژاردن لە هەمو ئاستەکان دا

پرسیاری دووەم: گۆڕین بە چی ئەکرێ؟

وەڵام:

- بە دامەزراندنی حیزبێکی نوێ
- بە پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی موعارەزەی ڕێکخراو
- بە دروستکردنی ئالتەرناتیڤی سەندیکایی
- بە ڕێکخستنی لیستی جیاواز و مونافیس لە هەڵبژاردنەکان دا

پرسیاری سێیەم: گۆڕین لە چی دا ئەکرێ؟

وەڵام:

- لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات دا
- لە چەسپاندنی سەروەریی یاسادا
- لە جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان دا....

پرسیارەکان سەختن وەڵامەکانیان سەختترن!

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستان لە ناو بازنەی قەیران دا

- ئاشتی کۆمەڵایەتی
- بێمنەتی دەسەڵات لە خەڵک
- خۆپیشاندان و شەڕی ناوخۆ
- ئێمە ئەزانین چیمان ئەوێ!

سایتی "سبەی"

٣ ی ٥ ی ٢٠١١

کوردستان لەناو بازنەی قەیران دا

بەڵێ کوردستان لە قەیران دایە!

ئەو قەیرانەی کوردستانی تێ کەوتوە زادەی ئەمڕۆ نیە.

دەنگدانەوەی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەروی ئەفریقا نیە.

بەرهەمی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شەقامەکان نیە.

دەستکردی ئۆپۆزیسیۆن: گۆران و کۆمەڵ و یەکگرتو نیە.

قەیرانی کوردستان بە تەنیا زادەی یا دروستکراوی هیچ کام لە مانە نیە، بەڵکو هۆکانی دروستبونی لە زۆری ئەوانە کۆنترە. قەیرانێکە قوڵ و بەرفراوانە. قەیرانێکە رەهەندی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی هەیە.

قەیرانی کوردستان زادەی جۆری سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانە. بەرهەمی سیاسەتی ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری سەرکردایەتی هەردو حیزبی دەسەڵاتدارە، ئەگەرچی تا چەند هەفتەیەک لەمەوبەر سەرکردایەتی هیچ کام لەم دو حیزبە و هیچ کام لە کاربەدەستانی وڵات ئامادە نەبون دان بە هەبونی هیچ قەیرانێک دا بنێن، بەڵکو کە باسی کێشە و قەیران بکرایە تورە ئەبون هەتا دۆخەکە گەیشتە تەقینەوە و خەریک بو بگاتە کەناری رامالینی دەسەڵات، ئەوسا دانیان بەوەدا نا کە:

بەڵێ لە کوردستان قەیران هەیە.

بەڵێ کوردستان پێویستی بە چاکسازیە.

لە گەڵ ئەم پێڵێنانە ئاشکرایەش دا کەچی هێشتا نزیک نەکەوتونەتەوە لە دیاریکردنی هۆکارەکانی قەیرانەکە و لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی و لە میکانیزمی جێبەجێکردنی.

قەیرانی ئێستای کوردستان قەیرانێکی چوارسوچە:

سوچی یەکەمی نەمانی متمانەی خەڵکە بەم دو حیزبە، نەمانی باوەڕە بە بەڵێنەکانیان، بە راستگۆیی سەرکردەکانیان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سوچی دوەمی نەمانی متمانەی بنکە ڕێکخراوەییەکانی حیزبەکانی خۆیانە بە سەرکردایەتی حیزبەکانیان، بە تایبەتی دوای چاوەڕوانیەکی درێژی بێهودە بۆ بەستنی کۆنگرەی حیزبەکانیان.

سوچی سێیەمی نەمانی متمانەی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانە بە یەکتری کە ڕەنگی داوەتەوە لە ململانێی نهێنی و ئاشکرای کەس و دەستەکانیان دا بۆ ملشکاندنی یەکتری.

سوچی چوارەمی نەمانی متمانەی هەردو حیزبی دەسەڵاتدارە بە یەکتری. هیچ حیزبێکیان متمانە بەوی تریان ناکا دەسەڵات یا هیچ دەزگایەکی هەستیار تەسلیم بەوی تریان بکا.

ئەم قەیرانە چوارسوچە، کە بە هەر چواریان بێمتمانەییەکی چوارپاڵویان دروست کردوە، کوردستانی هاوبەشتۆتە ناو بازنەی داخراوی قەیرانێکی قوڵ و گەورەوە، کە ئەشێ ناوبنرێ قەیرانی دۆڕانی متمانە.

دەرئەنجامە ڕاستەوخۆکانی ئەم قەیرانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر بێ هێزکردن و لاوازکردنی دەزگا فەرمیەکانی هەرێم کە لە بنەڕەت دا ئەبو ئەوان جێگەی ڕاستەقینەی چارەسەری کێشە و قەیرانەکان بن. دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری کە ئەبو جێگەی چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکان بن و خاڵی هاوبەشی هەموان بن، خۆیان بون بە بەشێک لە کێشەکە و بەتەواوی کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو قەیران و کێشانەوە کە دو حیزبە باڵادەستەکە دروستیان کردوە. لێرەوە دۆڕانی متمانە لە حیزب و سیاسەتەکانی، سەری کێشاوە بۆ دۆڕانی متمانە بە دەسەڵاتەکانی هەرێم، دۆڕانی متمانە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دۆڕانی متمانە بە دەسەڵاتی یاسادانان، دۆڕانی متمانە بە دەسەڵاتی دادوەری.

*

ئاشتی کۆمەڵایەتی

ئاشتی کۆمەڵایەتی کۆڵەکەی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە.

ئاشتی کۆمەڵایەتی، ئەو ئاشتیەیە کە بۆ ئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتێک دا سەربگرێ ئەبێ هەبێ، لە نێوان نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز، لە نێوان دینی جیاواز، لە نێوان مەزهبی جیاواز، لە نێوان کلتوری جیاواز، لە نێوان چینی کۆمەڵایەتی جیاواز، لە نێوان بیری سیاسی جیاواز... دا سەرەڕای جیاوازییان لە یەکتری. دابینکردنی ئەم ئاشتیە چەند مەرجی هەیە:

مەرجی یەکەم، دانانە بەم جیاوازییانەدا و ڕێزگرتنی تایبەتمەندیەکانیتی و قبوڵکردنی یەکتریە سەرەڕای جیاوازییەکان.

مەرجی دوەم، دابینکردنی یەکسانیە لە مافەکانی هاوڵاتیبون دا، بە نوسین لە قانونەکان و دەستوری وڵات داو، بە جێبەجێکردن لە سەر ئەرز.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەرجی سێیەم، هەستکردنی هاوواڵتیە بەوەی کە بێ گوێدانە جیاوازی ڕەگەزی، ناوچەیی، خێڵەکی، دینی، لە سەرو ئەمانەشەوە حیزبی، هاوبەشە لە سامانی نیشتمانی و، بەشدارە لە بڕیاری چارەنوسی واڵتەکەی دا.

*

ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ئێستای کوردستان دا لە مەترسیەکی ڕاستەقینە دایە. ئەوەی کە ئەم ئاشتیەی خستۆتە مەترسیەوە دەسەڵاتی سیاسی حوکمڕان خۆیەتی. چونکە هەرێمی دابەشکردوە بە سەر دو ناوچەی حوکمڕانیی تاکحیزبی دا، لە ناو ئەو دو ناوچەیەش دا هاوڵاتییانیان دابەش کردوە بە سەر دو پلەی هاوڵاتیبون دا. دەسەڵاتی سیاسی، لە شوێنی ئینتیمای نیشتمانی بۆ گەل، ئینتیمای حیزبی بۆ حیزبەکانی خۆیان کردۆتە پێوەری دابەشکردنی دانیشتوان بۆ هاوڵاتی پلەی یەکەم و هاوڵاتی پلەی دوەم.

هاوڵاتی پلەی یەکەم، ئەوانەن کادر و ئەندام و دۆست و لایەنگری خۆیانن، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک سودمەند ئەبن لە ئیمتیازە مادی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی دەسەڵات.

هاوڵاتی پلەی دوەم، ئەوانەن لە دەرەوەی حیزبی دەسەڵاتدارن، بۆ ئەوەی ناچار بکرێن بچنە ریزی لەشکرە حیزبیەکەیانەوە، لە ئیمتیازەکانی دەسەڵات بێ بەش ئەکرێن.

بە درێژایی تەمەنی حوکمڕانی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ هەرگیز وەکو ئێستا ئاشتی کۆمەڵایەتی لە مەترسی تێکچون و شێوان دا نەبوە، ناکۆکیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و کێشە ئابوری و فەرهەنگیەکان لە قوڵبونەوەدان:

لە لایەکەوە جیاوازی چینایەتی نێوان کەمینەیەکی دەوڵەمەن و زۆرینەیەکی هەژار لە ئەنجامی دەستێکەڵاوکردنی سەرانی دەسەڵات لە گەڵ سەرانی پرۆژە ئابوری و بازرگانیەکان و، لە لایەکی تریەوە ناکۆکی لە نێوان داواکارانی بەرفراوانکردنی ئازادیەکان و پارێزەرانی بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان لە ئەنجامی ئەمەش دا پێداگری سەرانی دەسەڵات بۆ بە قانونی کردنی رژێمێکی حیزبی – شمولی و پێداگری دەستەبژێری سیاسی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەی – نەتەوەیی، ئەمانەش بونەتە هەڕەشەی جدی لە سەر ئاشتی کۆمەڵایەتی، کە کۆڵەکەی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە.

ڕوداوەکانی دوای ١٧ شوبات چەند ڕاستیەکی جارێکی تر دەرخستەوە:

ڕاستی یەکەم، جۆری سیستەمی بەڕێوەبردن لە بوارەکانی ژیانی خەڵک دا درزی خستۆتە ناو کۆمەڵگاوە. کۆمەڵگای دابەش کردوە بۆ ستەمکار و ستەملێکراو. ستەملێکراوان، سەرەڕای جیاوازی ئایدیۆلۆجی و پێگەی کۆمەڵایەتی و پلەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریان، ڕاست بونەتەوە داوای مافەکانی خۆیان ئەکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

راستی دوەم، دەسەڵاتی حوکمڕان بۆ ئەوەی لە دەسەڵات دا بمێنێتەوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک و سەپاندنی "هەلومەرجی هەبو" سڵ ناکاتەوە لە بەکارهێنانی هەمو جۆرەکانی تووندوتیژی. ئەوەندەی مانی دەسەڵاتی حوکمڕانی خۆی لا مەبەستە ئەوەندە بە تەنگ دابینکردن و پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتیەوە نیە.

*

بێ منەتی دەسەڵات لەخەڵک

مانگی تەممووزی ٢٠٠٩ سێ یەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا و، خەڵک بە پەرۆشێکی زۆر و بە هیوایەکی گەورەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بون.

حیزبەکانی دەسەڵات، بە دیاریکراوی پارتی و یەکێتی، هەمو ریگاکانیان بەکارهێنا، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، بەقازانجی خۆیان:

پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و هێزە چەکدارەکانیان بۆ بردنەوەی زۆرایەتی هەڵبژاردن بە قازانجی خۆیان لە ململانێیەکی نابەرامبەرەوە گلاند.

دەسەڵاتی وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکان و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و، بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیان بە کار هێنا.

پارەیەکی زۆری بودجەی گشتیان راکێشا.

مەکینەی زەبەلاحی میدیای حیزبەکانیان بە گەڕ خست.

تۆڕی پەیوەندی دەرەکی هەرێم وحیزبەکانیان جوڵاند.

هەزاران پارچە زەوی، دەمانچە، کۆمپیوتەر، سەیارەیان، بە سەر لایەنگرەکانیان دا بە جۆرێکی ناقانونی دابەش کرد.

جگە لەمانە هەمو:

کەوتنە هەڕەشە لە دەنگدەرانی لایەنەکانی تر و، تەقە کردن لە ماڵی هەڵسوڕاو و، بارەگاکانی گۆڕان.

کەوتنە سزای سیاسی: دەرکردن لە کار، موچەبڕین، گواستنەوە، سوکایەتی پێکردنی رۆژانە، گرتن و گلدانەوە و راونان...

لەمانەش هەموی ناشیرینتر: جێبەجێکردنی ساختەکاری سیستەماتیکی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی.

لە گەڵ هەمو ئەمانە زۆرێ لە خەڵک لەوانە، لایەنگرانی گۆڕان، یەکگرتو، کۆمەڵ، هەڵبژاردنیان قبوڵ کرد، بە ئومێدی ئەوەی:

یەکەم، ناڕەزایی شەقام بگوێزرێتەوە بۆ ناو پەرلەمان.

دوەم، حیزبەکانی دەسەڵات بە خۆیاندا بچنەوە و دەرسێکیان لە کەمبونەوەی پێگەی جەماوەریی خۆیان وەرگرتبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەیر ئەوە بو حیزبەکانی دەسەڵات نەک هەر دەرسیان لە رابردویان وەرنەگرت، ڕێگەیان نەدا ئۆپۆزیسیۆن کە بوبو بە نوێنەری ناڕەزایی شەقام هیچ ڕۆڵێکی لە دارشتنی ئەو یاسایانەدا هەبێت کە پەیوەندی بە شیوازی سیستەمی سیاسیەوە هەیە. نە ریگەیان دا ڕێگە لەو یاسیانە بگرێت کە دەستکاری سیستەمی سیاسی بە قازانجی حوکمڕانی تاک حیزبی ئەکات و دژی بنەماکانی مافی مرۆڤە، نە ریگەیان دا ئەو یاسایانە تێ پەڕێنێت کە بە قازانجی هەنگاو نانە بەرەو سیستەمێکی یاسایی و دیموکرات و کراوە. نە تەنانەت ڕێگەیان دا پەرلەمان دەوری چاودێرێکی ڕاستەقینە بەسەر حکومەتەوە ببینێ. بەڵکو لە جاران خراپتر بەردەوام بون لە سەر:

هەوڵی بە حیزبی کردنی کۆمەڵگا.

ئابڵوقەدانی هەرچی زۆرتری فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمان و، کپکردنی دەنگی ناڕەزایی دەرەوەی پارلەمان.

تەنگ هەڵچنین بە لایەنگرانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی لایەنگرانی گۆران، لە فەرمانگەکانی حکومەت و لە شەقام و لە کەرتی تایبەت دا.

تالانکردنی بودجەی گشتی بۆ بەهێزکردنی حیزب.

ڕەفتاری سیاسی هەردو حیزب لە هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دا گەیشتە ئەوپەری نابەرپرسیاریتی.

شەقامی ناڕازی کە دڵی بە هەبوونی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمان خۆش بو، ئیتر ئومێدێکی ئەوتۆی بەوان نەما کە لەناو پەرلەمانەوە بتوانن هەنگاوێ بنێن، بەرەو دابینکردنی لایەنی کەمی دادی کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری گشتی، دژایەتی گەندەڵی، چاکسازی سیستەمی سیاسی... شەقام سەرلەنوێ کەوتەوە جوڵە.

جوڵەی یەکەمی شەقام، لە ئەنجامی تیرۆری سەردەشت عوسمان دا دەرکەوت.

جوڵەی دوەمی شەقام، لە ئەنجامی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان دا دەرکەوت.

دەسەڵات نەک هەر حسابێکی بۆ جوڵەی شەقام نەکرد، بەڵکو بە بیانوی زۆرینە و کەمینەی ناو پەرلەمانەوە ویستی زنجیرەیەک قانونی نادیموکراسی، بۆ چەسپاندنی سیستەمی تاک حیزبی و دەسەڵاتی تا هەتایی خۆیان بەسەر پەرلەماندا بسەپێنن.

خەڵکی ناڕازی کە نائومێد بون لە پەرلەمان و حکومەت جوڵەی سێیەمیان لە شەقام دا دەس پێ کرد.

جوڵەی سێیەمی شەقام، کە ڕۆژی ١٧ ی شوباتی ٢٠١١ لە بەر دەرکی سەرای سلێمانیەوە سەری هەڵدا، بە کوشتنی یەک گەنج و بریندارکردنی ٥٥ گەنج لە شارێی سالمەوە دەستی پێ کردەوە، هاوزەمان بو لەگەڵ سەرکەوتنی گەلی تونس و گەلی میسردا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

روخانی زەینەلعابدین بن عەلی و رژێمەکەی لە تونس و، حوسنی موبارەک و رژێمەکەی لە میسر، لە باتی ئەوەی ببێ بە دەرس بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان، پێش روداوەکان بکەون و ئەو داواکاریانە جێبەجێ بکەن کە چەند ساڵە خەڵکی نارازی شەقام و میدیای ئازاد و بنکەی حیزبەکانی دەسەڵات و لەم سالانەی دواییش دا لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دواجار بزوتنەوەی گۆڕان لە ٧ مادەدا چڕیان کردبوەوە، داوایان ئەکرد، ڕێگەی سەرکوتکردن و بەرەنگاری و ترساندن و کوشتن و ڕاونان یان گرت.

سەرکوت کردن بە تەنیا دەرەقەتی روداوەکان نەهات. گردبونەوە و خۆپیشاندان بەردەوام بو، دەسەڵات ترسی ئەوەی هەبو بتەنێتەوە بۆ سەرانسەری کوردستان بە تایبەتی بۆ هەولێر، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و فشارەکان لەسەریان زیاد بکات. بۆ دامرکاندنەوەی ئەم هەڵچونە هەوڵیان ئەدا ناڕەزایی خەڵک، ناڕەزایی ئۆپۆزیسیۆن، ناڕەزایی ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی کوردستان مەهار (احتوا) بکەن و لەم قەیرانە بە سەلامەتی بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێ پێشکەشی خەڵک بکەن تێ بپەڕن، بۆیە کەوتنە هەوڵێکی چەند لایەنە:

یەکەم: دامرکاندنەوەی هەڵچونی خەڵک بە ئیرهابی دەوڵەت و، هەوڵی ساردکردنەوەیان بە بەڵێنی بێ ئەنجام.

دوەم، بەرپاکردنی جەنگی هەمە لایەنە دژی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن: هێرشی میدیا، شەڕی ئابوری و گوزەران، جەنگی سایکۆلۆجی، جەنگی سیاسی، لەشکرکێشی فراوان بە جلی مەدەنی و سەربازیەوە بۆ سەر شارەکان. بۆ ڕاکێشانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ سەر مێزی گفتوگۆیەکی درێژکراوەی بێهودە و ناچارکردنیان بە قبوڵکردنی مەرجەکانی ئەوان.

خۆپیشاندان و شەڕی ناوخۆ

لە ئیستای کوردستان دا زۆر جار کە باس لە خۆپیشاندان ئەکرێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەسەڵات و کاربەدەستانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، تەنانەت هەندێ لە کەسانی بێلایەنی نیازپاک، خەڵک و خۆپیشاندەران بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ ئەترسێنن. بێگومان خەڵک ناهەقی نیە لە شەڕی ناوخۆ بترسێ، چونکە شەڕی ناوخۆ کارەساتێکی نەتەوەیی بوە، جگە لە زەرەری گیانی و مادی، زەرەری سیاسی گەورەی بە پرسی نەتەوەیی کورد گەیاندوە، بۆیە لێرەدا پێویستە ئیستێ لە ئاستی پێوەندی نێوان خۆپیشاندان و شەڕی ناوخۆدا بکرێ:

١. ترساندنی خەڵک بە "شەڕی ناوخۆ" لە ڕودانی هەر خۆپیشاندانێکی جەماوەری، سیاسی، یا پیشەیی، نیشانەیە بۆ بەجێمانی فکری سیاسی سەرکردایەتی کوردی لە ڕەوتی گەشەکردنی فکری سیاسی دنیای پێشکەوتوو، حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان چونکە بەتەمان و بڕیاریان داوە تاهەتایە دەسەڵات لە دەست خۆیان دا بهێڵنەوە سەیری هەمو جوڵانەوەیەکی ناڕەزایی شەقام، سا بەهەر شێوەیەکی هێمنانە و شارستانی دەربببڕدرێ و،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە لایەن هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوێکی سیاسییەوە ساز بکرێ، وەکو کاری دوژمنی ناوەکی سەیری ئەکەن و دوژمنی ناوەکیش، کە لاوازترین دوژمنە، ئەبێ بە چەک ناکۆکی لەگەڵ یەکلایی بکرێتەوە.

٢. حیزبە نەریتەوانەکانی (نەریتەوان: تەقلیدی) کوردستان، لە سەردەمی شۆڕش دا، ماوەی کاری پارلەمانی و، کاری شارستانی و، کاری قانونیان نەبوە، بەڵکو لە پرۆسەی خەباتی نهێنی و خەباتی ژێرزەمینی و خەباتی چەکداردا دروست بون و بەو ڕێگایانە بینای پەیکەرەی ڕێکخراوەیی خۆیان کردوە و، خەڵکیان لە خۆیان کۆ کردۆتەوە. ئیستاش کە دیلی هەمان بیروباوەڕ و شێوەکاری ئەو سەردەمەن:

یەکەم: بۆ پاراستنی خۆیان و، مانەوەیان لە دەسەڵات دا چەک بە پێویست ئەزانن.

دووەم: تەرازووی هێزی خۆیان و لایەنەکانی تر بە چەک پێوانە ئەکەن و چەندە چەک و چەکداری هەبێ ئەوەندە خۆی بە بەهێز ئەزانێ و، ئەوەندە خۆی بە بەهێزتر دائەنێ لەلایەنە مونافیسەکانی.

سێیەم: لەدەرەوەی ململانێی سیاسی _ چەکدار، ململانێی سیاسی _ شارستانی، بە ناڕاسایی، بە موئامەرەی دەستی دەرەکی و بە ئینقیلاب، بە گێرەشێوێنی و ئاژاوە و تێکدان ئەزانێ.

چوارەم: هەرکات ناکۆکییەکانی لەگەڵ لایەک گەیشتە بنبەست، لە بەر ئەوەی ڕانەهاتوە و باوەڕی بە کاری شارستانی و کاری شەقام نەبوە وەکو: گردبونەوە، ڕێپێوان، مانگرتن، خۆپیشاندان، بۆ یەکلایکردنەوەو شکاندنی لایەنی بەرامبەری پەنا بۆ چەک ئەبا.

خۆپیشاندان، مانگرتن، ڕێپێوان، گردبونەوە، ئیمزا کۆکردنەوە... ئەمانە هەریەکەیان، لە وڵاتانی دیموکراتی دا و، لەو وڵاتانەدا کە قۆناغی خەباتی چەکداریان بە جێ هێشتوە، ڕێگەیەکن بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە سەر مەسەلەیەکی دیاریکراو و، ڕێگەیەکن بۆ دەربڕینی خواستێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، تەنانەت ژینگەیی.... لای ئەمان هێشتا بە دوژمنایەتی و بەروخاندن و بە تێکدان دائەنرێ، چونکە هێشتا ئەم ئوسلوبەی تێکۆشان لە فکری سیاسی ئەوان دا جێگەی خۆی نەکردۆتەوە. بەڵام ئەگەر بە تەمای جێهێشتنی قۆناغی خەباتی ژێرزەمینی و، ڕێکخستنی کاری نهێنی و، شەڕی پارتیزانی بن، ئەبێ لە گەڵ ئەم دۆخە شارستانیە نوێیەدا ڕابێن.

کەواتە مەترسی شەری ناوخۆ لە کوێوە دێ؟

هێزێکی سیاسی - شارستانی کە لەشکری چەکداری نیە، ئەگەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی دا ناهەقییشی لێ بکرێ، بە تەزویر هەڵبژاردنیش بدۆڕێنێ، ناتوانێ شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنێ، سەرەنجام ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی پێ .قبوڵ بێ یا قبوڵ نەبێ، بە سەری دا ئەسەپێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام هێزێکی سیاسی کە چەکداری هەیە، یان هێزە سیاسییەکانی لەشکری چەکداریان هەیە و مونافەسەی یەکتری و ململانێی وەرگرتنی دەسەڵات ئەکەن. ئەگەر بەزۆر و بە ترساندن و بە تەزویر، بردنەوەی هەڵبژاردنی، وەکو خۆی ئەیەوێ، تەئمین نەکرد چەک بەکار ئەهێنێ و قبوڵی ئەنجامەکەی ناکات، ئەوسا شەری ناوخۆ هەڵئەگیرسێنێ.

مەبەستە شاردراوەکانی رێککەوتنی ستراتیجی پارتی و یەکێتی هەرچیەک بێ، بیانوی سەرەکییان بۆ گرێدانی ئەو رێککەوتنە رێگری بوە لە مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆی نێوان ئەو دو حیزبە، چونکە هەردوکیان خاوەن لەشکری چەکدار بون و، لە هیچ هەڵبژاردنێکی گشتی دا دۆڕاندنیان لە یەکتری قبوڵ نەئەکرد.

مەترسی شەڕی ناوخۆ لەو حیزبانەوە دێ: کە هێشتا ململانێی سیاسی - شارستانییان قبوڵ نیە، دەستاودەستکردنی هێمنانەی دەسەڵاتیان قبوڵ نیە، خاوەنی هێزی چەکدارن، هێزی چەکدار بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان، بۆ ترساندنی خەڵک، بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن بەکار ئەهێنن.

مەترسی شەڕی ناوخۆ لەو حیزبانەوە دێ: کە هێزی چەکداریان هەیە، نەک لەو رێکخراوە سیاسیانەوە، کە هێزی چەکداریان نیە. بۆیە بۆ ئەوەی مەترسی شەڕی ناوخۆ نەمێنێ، ئەبێ هێزە سیاسیەکان لە چەک دابماڵرێن، لەشکرەکانیان لە لەشکری حیزبەوە بکرێن بە لەشکری نیشتمانی، لەشکرێ لە ململانێی سیاسی ناوخۆدا، لە ململانێی دەسەڵاتی نێوان هێزە سیاسیەکان دا، لەوانە لە هەڵبژاردنە گشتیەکان دا، بێلایەن بێ.

ئێمە ئەزانین چیمان ئەوێ!

قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەردو حیزبی دەسەڵات یان هەر لایەکی تر، دانی پێدا بنێن یاخود ئینکاری بونی بکەن، هیچ لە هەبون و جدی بونی کەم ناکاتەوە. سەرکردایەتی هەردو حیزب، یان وەکو خۆیان هەمیشە ناوی ئەبەن: "سەرکردایەتی سیاسی" کە لەسەرو هەر سێ دەسەڵاتەکانی "یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری" یەوەن، ئەتوانێ بە دو شێوە رەفتار لە گەڵ ئەم قەیرانەدا بکا و دو چارەسەری جیاوازی بۆ دابنێ:

شێوەی یەکەم، وەکو پرسی پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە پشێوی و ئاژاوە رەفتاری لە گەڵ بکا و، "چارەسەری ئەمنی" بۆ دابنێ.

شێوەی دوەم، وەکو پرسی ناڕەزایی خەڵک، لە حوکمێکی سەرنەکەوتوی گەندەڵی تاریک، کە نەیتوانیوە لایەنی کەمی خواستەکانی گەل بە جێ بهێنێ رەفتاری لە گەل بکا و "چارەسەری سیاسی" فرە رەهەندی بۆ دابنێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەگەر بە شێوەی یەکەم ڕەفتار بکا، وەکو لە ماوەی ڕابوردودا کردوویەتی، ئەوا بەردەوام ئەبێ لە سەر سازدانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و زانیاری و پاراستن بۆ گەمارۆدانی خەڵک و سەرکوتکردنی هەرچی تووندتر و خوێناویتر.

ئەمەش لە کەشوهەوای ئیستای کوردستان و عیراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا، ئەگەر بتوانێ هەندێ خامۆشکردنی کاتی ئەنجام بدا، بەلام لە کۆتایی دا زۆ یا درەنگ، بە ڕوخانی ئەم دەسەلاتە حوکمڕانیەی ئیستا تەواو ئەبێ.

خۆ ئەگەر پێڕەوی شێوەی دوەم بکەن، ئەوا پێویستە بەر لە هەر شتێ بۆ ئەوەی نیازپاکی و جدیەتی خۆیان بۆ "چارەسەری سیاسی" ئەم قەیرانە بسەلمێنن ئەبێ:

یەکەم، هەلومەرجی نائاسایی کوردستان بە تەواوی ئاسایی بکەنەوە. هەمو نیشانەکانی گەف و گوشار لە سەر لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لایەنگرەکانیان و، هەمو نیشانەکانی سەرکوتکردن لە سەر شەقامی ناڕازی، هەڵبگرن.

دوەم، گفتوگۆیەکی جدی دەس پێ بکەن بۆ پێکهاتن: لە سەر جۆری چاکسازی ریشەیی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم دا، لە سەر میکانیزمی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی، لە سەر زەمانبەندی پرۆسەکە.

زۆر جار دەسەلات و لایەنگرەکانیان لە ڕۆژنامەوان و مامۆستای زانکۆ و "چاودێری سیاسی" ئەڵێن:

ئەمانە - مەبەستیان ئێمەمانانە - نازانن چیان ئەوێ!

بەڵێ ئاغایان! ئێمە ئەزانین چیمان ئەوێ. ئێوەش ئەزانن ئێمە چیمان ئەوێ. ئێمەش ئەزانین ئێوە چیتان ئەوێ. بۆ ئەوەی ئیتر ئەم قسەیە ئەوەندە نەڵێنەوە. کورت و کرمانجی پێتان ئەڵێین:

ئێمە چاکسازی ریشەییمان ئەوێ!

چاکسازی ریشەیی بریتیە لە پرۆسەی گۆڕینی حکومەتی تاک حیزبیی - شمولیی یەکێتی لە سلێمانی و حکومەتی تاک حیزبیی شمولیی پارتی لە دهۆک و هەولێر بۆ حکومەتی دامەزراوەیی نیشتمانیی کوردستانی.

ئەمە دەردەکەیە، ئەوەش دەرمانەکەیەتی!

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پرسی ناوچە دابڕاوەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کێ بەرپرسە لە جێبەجێ نەبونی مادەی ١٤٠؟

ئەمریکا، عەرەب یان کورد؟

سایتی "سبەی"

٢٧ ی ٨ ی ٢٠٠٧

ئێستا کە باسی مادەی ١٤٠ ی دەستوری عیراق ئەکرێ یەکسەر ناوی کەرکوک ئەهێنن، لە کاتێکا ناوچە کوردستانیەکانی دابڕاو لە هەرێمی کوردستان، کە دەیان ساڵە جێگەی ناکۆکی کورد و عەرەبە و دەیان ساڵە هۆی ناکۆکی سیاسی و شەڕی چەکدارە، بە تەنیا کەرکوک نیە، بەڵکو ناوچەیەکی فراوانە لە مەندەلیەوە دەس پێ ئەکا بە خەتێکی راست بە ناو حەمرین دا درێژ ئەبێتەوە تا ئەگاتە شەنگار. ئەم ناوچەیە نزیکەی سێیەکی ئەرزی کوردستانی عیراقە.

کێشەی ئەرزیی لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عیراقا یەکێ بوە لە کێشە سەرەکیەکانی کە هەمیشە کۆسپی رێگەی لە یەک نەگەیشتن و رێک نەکەوتن بوە لە هەمو گفتوگۆکان دا. سەدام و رژێمی بەعس بە درێژایی تەمەنی حوکمڕانی خۆیان چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزەیان بە هۆی جێبەجێ کردنی سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و تەهجیرەوە ئاڵۆزتر و سەختتر کرد. دوای روخانیشی، ئەم کێشەیە کە بە میرات بە جێ مابو، سەرلەنوێ بە زەقی و قەڵبە قەڵباوی هاتەوە سەر مێزی باس و لێدوان و، ئەمجارەیان تورکمانیش بونە لایەکی گیروگرفتەکە.

مەجلیسی حوکم کە پێکهات، کورد جگە لەوەی بەشدارێکی گرنگ بو لە مەجلیسەکەدا، رۆڵێکی سەرەکیشی هەبو لە کۆکردنەوەی ئەو هەمو هێزە ناکۆکانەدا و، لە دروستکردنی دا. ئەوسا هەمو لایەنەکانی بەشدار و پێکهێنەری مەجلیس، جگە لە لایەنە کوردیەکان، لاواز و بێدەسەڵات و لە ناو گەلی عیراق دا کەم ناسراو بون، کورد ئەیتوانی زۆر لە خواستە نەتەوەییەکانی خۆی، لەوانە خواستە ئەرزیەکانی، بەوان بسەلمێنێ. بەڵام کورد هیچ پرۆژەیەکی ئامادەکراوی نەبو بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، لە بەر ئەوە ئەم کێشە گرنگە دواکەوت تا کاتی نوسینی قانونی ئیدارەی دەوڵەت و لەوێدا ناوچە ناکۆکەکان حەوالەی راپرسی کران. سەرکردایەتی کورد دو جار توشی هەڵەی سیاسی مێژویی بوە لە گفتوگۆکانی دا سەبارەت بە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانی عیراق، کە راستکردنەوەیان کارێکی دژوارە:

جاری یەکەم، ساڵی ١٩٧٠ لە گفتوگۆکانی رێکەوتنی ئازاردا کاتێ قبوڵی کرد چارەنوسی ناوچە کوردستانیەکان، بە تایبەتی کەرکوک، لە رێگەی راپرسیەوە بەلادا بخرێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جاری دوەم، ساڵی ٢٠٠٣ لە مەجلیسی حوکم و کاتی نوسینی قانونی ئیدارەی دەوڵەت دا کاتێ کە دیسان قبوڵی کرد چارەنوسی ناوچە کوردستانیەکان بە راپرسی بە لادا بخرێ.

گەلان ئامادە نین دەس لە بستێ ئەرزی نیشتمانەکەیان هەڵبگرن. هیچ کەسێ ملکی خۆی ناخاتە راپرسیەوە و، هیچ گەلێ ئەرزی نیشتمانەکەی ناخاتە راپرسیەوە، بە تایبەتی ئەگەر لە لایەن هێزێکی لە خۆی بەهێزترەوە داگیر کرا بێ و دیمۆگرافیای گۆڕا بێ. بەڵکو بە هەمو ڕێگەیەک هەوڵی سەندنەوەی ئەدا. بەڵام سەرکردایەتی کورد ئەوەشی قبوڵ کرد و، لە مادەی ٥٨ی قانونی ئیدارەدا رەنگی دایەوە.

گەلان، تەنانەت ئەگەر سەر بە یەک نەتەوەش بن، دەس لە ئەرزی نیشتمانەکەی خۆیان هەڵناگرن بۆ لایەنەکەی تر، ئەگەر لە هەمان نەتەوەیش بن: قەتەر و سعودیە، یەمەن و سعودیە، ئەمارەتەکانی خەلیج، دەوڵەتانی سەروی ئەفریقا: جەزائیر و مەغریب، پۆلیسیارۆ و مەغریب، لیبیا و چاد.. لە سەر هەندێ ناوچەی سنوری ناکۆکن و، هەندێ جار ناکۆکیەکانیان ئەبێتە هۆی دروستکردنی گرژی سیاسی و ئابوری لە پێوەندیەکانیان دا. مادەی ٥٨ کە دوایی بو بە بناغەی مادەی ١٤٠ هەر لە سەرەتاوە پێویستی بەوە هەبو کورد لە باری سەرنجی خۆیەوە رونی بکاتەوە و، میکانیزمی جێبەجێ کردنی هەمو پرۆسەکەی لە دەس پێکردنەوە تا تەواو بون، دابنایە. دوای ئیمزاکردنی قانونی ئیدارەی دەوڵەت دەسەڵات درایە دەست عیراق. غازی یاوەر بو بە سەرکۆمار، ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، فوئاد مەعسوم بو بە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی. لە سەردەمی حکومەتەکەی عەلاوی دا مادەی ٥٨ بە خەوتویی مایەوە.

هەڵبژاردنی گشتی کرا. ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق هەڵبژێردرا کە ئەبو دەستوری دایمی عیراق بنوسێ. د. جەعفەری بە هاوبەشی کورد وەزارەتی پێک هێنا. یەکێ لە مەرجەکانی کورد بۆ هاوبەشی لە وەزارەتەکەی جەعفەری دا، جێبەجێ کردنی مادەی ٥٨ بو. بەڵام تا حکومەتەکەی جەعفەری لە سەر کار بو نە جەعفەری مادەکەی جێبەجێ کرد و نە کوردیش هیچ بەرنامەیەکی جدی دانا بۆ جێبەجێ کردنی و نە هیچ گوشارێکی جدیان لە سەر دروست کرد تا ئەویش ناچار بێ مادەکە جێبەجێ بکا، بەڵکو سەرکردایەتی کورد و نوێنەرەکانی بە هیوای ئەمەریکا بون بۆیان جێبەجێ بکا، بە تایبەتی سەفیر نیگرۆپۆنتی نامەیەکی لەو بارەیەوە بۆ نوسی بون.

دەستوری عیراق نوسرا، مادەی ٥٨ ی قانونی ئیدارەی دەوڵەت بو بە مادەی ١٤٠ی دەستوری دائیمیی و کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دانرا بە کاتی جێبەجێ کردنی دوا قۆناغی. دەستور لە لایەن زۆرایەتی گەلی عیراقەوە دەنگی پەسەندنی لە سەر درا. مادەی ١٤٠ جێگیر بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کورد ئەبو بۆ هەر قۆناغێ لە قۆناغەکانی مادەی ١٤٠ پرۆژەی تایبەتی جیا جیای لایەنی زۆر و لایەنی کەمی ئامادە بکردایە:

- ئەو ناوچانەی کورد داوای ئەکا و ناکۆکییان لە سەرە کامانەن و سنورەکانیان لە کوێ دەس پێ ئەکا و لە کوێ تەواو ئەبێ.
- ئاساییکردنەوە چۆن ئەکرێ، عەرەب و کورد چۆن ئەگەڕێنرێنەوە شوێنەکانی خۆیان. تورکمان چۆن رازی ئەکرێ. سنوری ئیداری کام گوند و ناحیە و قەزا و پارێزگا پێویستی بە گۆڕینە.
- سەرژمێر چۆن ئەکرێ و لە کوێ ئەکرێ و کێ ئەیکا. حکومەتی عیراق یان داوودەزگایەکی بێلایەنی ناودەوڵەتی ئەنجامی ئەدا.
- دوای سەرژمێر کێن ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە راپرسیەکەدا و لە سەر چ بنچینەیەک ئەوە دیاری ئەکرێ.
- لە کام ناوچەدا راپرسی ئەکرێ. لە سەر ئاستی گوند، ناحیە، قەزا، پارێزگا راپرسی ئەکرێ. دەنگدەرانی هەر شارە بە جیا حساب ئەکرێ یان هەمو پارێزگاکە پێکەوە.
- کێ سەرپەرشتی ئەنجامدانی راپرسی ئەکا و کێ ئەنجامەکانی دەرئەهێنێ.

ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری تر پێویستیان بە وەڵام هەبو. کورد ئەبو پرۆژەی بۆ هەمویان ئامادە و بودجەی بۆ هەمویان تەرخان بکردایە.

***

سەرلەنوێ هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق کرایەوە. لە کاتی دروستکردنەوەی وەزارەت دا ئەمجارە کورد پێیان داگرت لە سەر ئەوەی کە نابێ جەعفەری ببێتە سەروەزیر، لە بەر ئەوەی بەڵێنەکانی سەبارەت بە مادەی ٥٨ جێبەجێ نەکردوە. ئیئتیلاف بە ناچاری مالیکی‌یان لە شوێنی جەعفەری دانا.

لە دانوسەندنێکی چەند مانگیی دا سەرکردایەتی کورد ریککەوتنێکیان لە گەڵ مالیکی ئیمزا کرد کە:

- تا کۆتایی ٢٠٠٧ مادەی ١٤٠ بە هەر سێ قۆناغەکەیەوە:

ئاساییکردنەوە، سەرژمێر، راپرسی، جێبەجێ بکا.

- هەر کات گروپی هاوپەیمانی کوردستان لە کابینەکەی کشانەوە، کابینەکە هەڵبوەشێتەوە و پارلەمانی عیراقی کابینەیەکی تر دابمەزرێنێ. کورد کارتێکی بە هێزی بە دەستەوە بو.

بە مەبەستی بە دوادا چونی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ لە کوردستان وەزارەتێکی تایبەتی دامەزرا و، لە بەغداش کۆمیتەیەکی وەزاری پێک هات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەو ماوەیەدا نە کۆمیتە وەزاریەکەی بەغداد هیچی لە قۆناغەکانی مادەی ١٤٠ جێبەجێ کرد و نە نوێنەرەکانی کورد لە بەغداد: ئەندامانی وەزارەت و پارلەمان، هیچ گوشارێکی جدیان بۆ سەر مالیکی دروست کرد، چ بە کشانەوەیان یا بە هەڕەشەی کشانەوەیان لە وەزارەتەکەی مالیکی.

سەرکردایەتی کوردیش لەم کەمتەرخەمیە بێدەنگ بو. جا لێرەدا ئەگەر گلەیی بکرێ، ئەبێ لە کێ بکرێ:

– لە ئەمەریکا؟ کە ستراتیجی تایبەتی خۆی هەبو لە عیراق دا و کورد بەشێکی بچوکی ئەو ستراتیجە بو. ئەیویست هاوسەنگی رابگرێ لە نێوان خواستەکانی کورد و ناڕەزایی تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی دا.

لە مالیکی؟ کە ئەیەوێ نوێنەرایەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی عەرەبی عیراق بکا و گلەیی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب نەهێنێتە سەر خۆی؟ لە نوێنەرانی کورد؟ کە گێڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکانیان کرد بوە دروشمی سەرەکی هاندانی کورد بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی عیراق و هەڵبژاردنەکان دا.

*

دیسانەوە مادەی ١٤٠:

هەڵسەنگاندنێکی جیاواز

سایتی "سبەی"

٩ ی ١٠ ی ٢٠٠٧

مادەی ١٤٠ بە ڕواڵەت چەند بڕگەیەکی کورتە و هەر بڕگەیەکی چەند ڕستەیەکە، بەڵام لە ناو ئەو بڕگە و ڕستانەدا تۆڕێکی ئاڵۆزی باس و بابەت و کێشەی جیاواز هەیە، هەر یەکێکیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی چەندین شارەزا و دانانی چەندین سیناریۆ و پرۆژەی جیاواز و پلانی ژمارە یەک و ژمارە دو و ژمارە سێ هەبو، کە ئەبو بکرایە و نەکراوە.

بڕگەی چ مادەی ١٤٠ باسی ناوچە ناکۆکەکان ئەکا، ناوچە ناکۆکەکان کوێیە؟

سنوری ئیستای هەرێمی کوردستان ئەو سنورەیە کە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ رژیمی بەعس دەسەڵات و دەزگای ئیداری خۆی لە هەندێکی کێشایەوە و لە هەندێکیشی خەڵک دەری کردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم سنورە، جگە لە چەند ناوچەیەکی بچوک، هەمان سنورە کە ڕژێمی بەعس و سەدام حسەین، لە جەنگەی دەسەلاتیان دا، وەکو سنوری ناوچەی کوردستانی حوکمی زاتی دانیان پێ دا ئەنا. پێش ڕوخانیشی بە چەند ساڵێ ئامادە بو، بە هەمان سنورەوە، دان بە حوکمی فیدراڵی دا بنێ و، پەیوەندی لە گەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە.

بەعسیەکان لە گفتوگۆکانیان دا لە گەڵ نوێنەرایەتی کورد، لایەنی کەم ئەو دو جارەی خۆمی تێ دا بەشدار بوم: ساڵی ١٩٨٤ لە گفتوگۆی یەکێتی – بەعس دا و، جاری دوەم ساڵی ۱۹۹۱ لە گفتوگۆی بەرەی کوردستانی – بەعس دا، خواستە ئەرزیەکانی کوردیان ئەکردە سێ جۆر:

جۆری یەکەمیان، ئەو ناوچانەی (کوردی) ین بەڵام لە سۆنگەی هەلومەرجی نائاساییەوە (لأسباب ظرفية) لەو قۆناغەدا ئەوان ئامادە نین بیخەنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

جۆری دوەمیان، ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، کورد بە هی خۆی ئەزانێ و ئەوانیش بە هی عەرەبی دائەنێن، ئامادەن گفتوگۆی لەسەر بکەن بۆ ئەوەی جۆرێ لە تێگەیشتنی هاوبەشی بۆ بدۆزنەوە.

جۆری سێیەمیان، ئەو ناوچانەی (عەرەبی) ین کورد بۆ سەودای ناو گفتوگۆ ناوەکانی ڕیزکردون، ئەوان ئامادە نین گفتوگۆی لە سەر بکەن.

نوێنەرایەتی بەعس بە ئاشکرا ناوی هەمو شوێنەکانی ئەهێنا و، لە یەکی جیا ئەکردنەوە و، بۆ هەر یەکێکیان بەهانەی خۆی هەبو.

دوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس و هاتنی ئەمەریکا بۆ عیراق، ئەمەریکیەکان هەمان سنوری ساڵانی ۱۹۹۱ – ۲۰۰۳ ی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەعسیان دانا بە سنوری نێوان ئیدارەی کوردی و ئیدارەی ئەمریکی. سەرکردایەتی کورد بێ هیچ ئیعتیرازێ ئەمەیان قوبوڵ کرد. بێگومان ئەمە هەڵەیەکی گەورە بو، ئەبو هیچ نەبێ پێیان دابگرتایە لە سەر هێنانەوەی ناوچە کوردستانیەکانی کە بەعسیەکانیش، بەو هەمو شۆڤێنیتی و ڕەگەزپەرستیەوە، بە ناوچەی کوردیان دائەنان، بە تایبەتی شوێنانی وەکو: خانەقین، شێخان، مەخمور، شەنگار.. نوێنەرایەتی کورد لە مەجلیسی حوکم دا بە دوی ئەم هەڵە سیاسی – میژوییەدا، لە کاتی نوسین و ئیمزا کردنی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق دا سێ هەڵەی تێکەڵاو لە بابەتی سیاسی، قانونی، کارگێڕی و میژویی کرد:

هەڵەی یەکەم، ئەو سنورەی ئیستایان لە قانونەکەدا سەلماند و، هەمو ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئەم هەرێمەی ئیستایان بە ناوچەی ناکۆک "متنازع عليها" قبوڵ کرد. وەکو لە مادەی ٥٣ ی قانونەکەدا نوسراوە:

)أ) دان ئەنرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا کە حکومەتی ڕەسمی ئەو ناوچانەیە کە لە لایەن ئەو حکومەتەوە لە ١٩ ی ئازاری ٢٠٠٣ دا بەڕێوە ئەبرا لە پارێزگاکانی دهۆک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دیالە و نەینەوا. زاراوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) واتە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەلاتی قەزایی هەرێم لە هەرێمی کوردستان دا.

(ب) سنوری هەر ١٨ پارێزگاکە لە ماوەی گواستنەوەدا بێ گۆڕین ئەمێنێتەوە".

هەڵەی دوەم، بەلاداخستنی چارەنوسی هەمو ئەو ناوچانەیان حەوالەی سەرژمێرێکی دیاری نەکراو و، ریفراندۆمێکی "ئەنجام نەزانراو" کرد. وەکو لە مادەی ٥٨ بڕگەی ج. ی قانونەکەدا نوسراوە: "بڕیاری هەمیشەیی ناوچە ناکۆکەکان، لەوانە کەرکوک، دوا ئەخرێ تا تەواو بونی ئەم رێوشوێنانە: ئەنجامدانی سەرژمێرێکی پاک و ڕون و پەسند کردنی دەستوری دائیمی. ئەو بڕیارەش ئەبێ لە گەڵ سەرەتای رەوایەتیدا بگونجێ، وبستی دانیشتوانی ئەو شوێنانە لە بەر چاو بگیرێ".

هەڵەی سێیەم، چارەسەرکردنی کێشە ئەرزیەکانی کوردیان بەست بە کێشە ئەرزیەکانی شیعەی عیراقەوە و، کێشەکەیان زیاتر ئاڵۆز کرد بەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عیراق و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیشیان تێکەلاو کرد وەکو لە مادەی ٥٨ بڕگەی ب قانونەکەدا نوسراوە: "رژیمی پێشو یاری بە سنوری کارگێڕی کردوە بۆ مەبەستی سیاسی گۆڕیوێتی. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی حکومەتی گواستنەوەی عیراق چەند راسپاردەیەک ئەدا بە کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ چارەکردنی ئەم گۆڕینە ناڕەوایانە لە دەستوری دائیمیدا. لە حالەتێکا کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە کۆی دەنگ نەیانتوانی رێک بکەون لە سەر دانانی ئەو راسپاردانە، ئەشێ بە کۆی دەنگ حەکەمێکی بێلایەن دابنێن بۆ لێکۆڵینەوە و دانانی راسپاردەکانی. لە حالەتێکا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیانتوانی رێک بکەون لە سەر حەکەمێک، ئەشێ داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەن کەسێکی ناودەوڵەتی ناودار دابنێ تا ببێ بە حەکەم".

دوا قۆناغی گفتوگۆکانی نوسینی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق بۆ ماوەی گواستنەوە، لە نێوان نوێنەرانی کورد و عەرەب و ئەمەریکا، لە تاریکی دا و، لە پشتی خەڵکەوە ئەنجام دران، نوێنەرانی کورد لەو گفتوگۆیانەدا بۆ رازی کردنی ئەمەریکا و عەرەبی عیراق، دەستیان لە هەندێ بەرژەوەندی کورد شل کرد و، سێیەکی ئەرزی کوردستانی عیراقیان خستە سەر "رێگای هات و نەهات" ی بازاڕی "ئیستیفتا" وە.

ئێستا هاوڵاتیەکی کورد بۆی هەیە بپرسێ:

خواستە ئەرزیەکانی کورد چین و، ناوچە ناکۆکەکان کامانەن؟

سنوری کوردستانی عێراق کوێ یە؟ لە کوێ دەس پێ ئەکا و لە کوێ دا تەواو ئەبێ.

لایەنی زۆر و لایەنی کەمی خواستە ئەرزیەکانی کورد چیە؟

کورد ئامادەیە واز لە کام ناوچەیە بهێنێ و ئامادە نیە واز لە کام ناوچە نەهێنێ؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم بابەتە چەند جار بە ئاشکرا یان بە نهێنی لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کورد و کۆر و کۆمەڵە سیاسی و پسپۆڕی جوغرافی کورد و غەیری کوردەوە باس کراوە؟

پرۆژەی سەرکردایەتی کورد بۆ ئەم مەسەلەیە چیە؟

پرۆژەی ئەم کارە کێ ئامادەی ئەکا: سەرکردایەتی حیزبیی کورد؟ سەرۆکەکانی کۆمار و هەرێم، ئەنجومەنەکانی وەزیران و، نیشتمانی...؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کێ وەرئەگیرێتەوە؟

مادەی ١٤٠: قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی

یەکێ لە کێشە سەرەکیەکانی کورد لە گەڵ رژیمی بەعس گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچە کوردستانیەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی عیراق بوە. حکومەتی عیراق لە سەردەمی پاشایەتیەوە، بە تایبەتی دوای دەرهێنانی نەوت لە کەرکوک، دەستی کردوە بە هێنانی عەرەب بۆ کوردستان، بەڵام ئەوەندە زیرەکانە و لە سەرەخۆ، لە دائیرەکانی حکومەت و کەرتەکانی نەوت و کشتوکاڵ دا ئەنجامی داوە سەرنجی هێزە سیاسیەکانی کوردی رانەکێشاوە تا بیکەنە بابەتێکی سیاسی. بەڵام لە١٩٦٣ەوە کە بەعس هاتە سەر حوکم، حیزبی بەعس بە جۆرێکی سیستەماتیک کەوتە گۆڕینی دیمۆگرافی هەندێ لە شوێنە ستراتیجی و نەوتیەکانی کوردستان و، بە پێی پلانێکی داڕێژراو سنوری ئیداری ئەو شوێنانەی گۆڕی و نەخشەی تەرحیل و تەهجیر و تەعریبی جێبەجێ کرد.

تەرحیل واتە ڕاگوێزانی کورد لە ئەرزی خۆی بۆ شوێنی تر.

تەهجیر واتە دەرکردنی کوردی شیعە و فەیلی بە ناوی ئێرانی بونەوە بۆ دەرەوەی عێراق.

تەعریب واتە هێنانی کەس و خێزان و بنەماڵە و عەشیرەتی عەرەب بۆ سەر ئەرزی کوردستان.

لە هەمو گفتوگۆکانی نوێنەرایەتی کورد و حکومەتەکانی عیراق دا هەر لە ١٩٦٣ بە دواوە تا روخانی بەعس لە ٢٠٠٣ دا و، دوای روخانی ئەویش لە گفتوگۆکانی سەردەمی مەجلیسی حوکم و نوسینی قانونی ئیدارەی دەوڵەت و نوسینی دەستوری هەمیشەیی دا ئەم گیروگرفتانە هەمو جار دوبارە بونەتەوە. لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت دا مادەی ٥٨ و لە دەستوری هەمیشەیی دا مادەی ١٤٠ ی بۆ تەرخان کراوە.

مادەی ٥٨ ی قانونی ئیدارەی دەوڵەت ئەبو وەزارەتەکەی د ئیبراهیم جەعفەری جێبەجێی بکا، لە بەر ئەوەی لە کاتی خۆی دا جێبەجێ نەکرا و، نوسینی دەستوری بەسەردا هات، دەستوری هەمیشەیی جێبەجێ کردنی مادەی ٥٨ ی تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ سپارد بە حکومەتی دوای هەڵبژاردن. وەکو لە مادەی ١٤٠ ی دەستوردا نوسراوە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەم – دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەو هەنگاوە پێویستانە دەگرێتە بەر بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستەکانی مادەی ٥٨ بە هەمو بڕگەکانیەوە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە.

دوەم – ئەو بەرپرسیارێتیەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی ئینتیقاڵیدا کە لە مادەی ٥٨ ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراق دا بۆ قۆناغی گواستنەوە دەقنوسکراوە دریژ دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بە پێی ئەم دەستورە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەمانە ئەنجام بدەن (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، کە کۆتایی دێت بە راپرسیەک لە کەرکوک و ئەو ناوچانەی دی کە کێشەیان لە سەرە بۆ دیاری کردنی ویستی هاوڵاتیانی) لە ماوەیەک دا کە لە (سی و یەکی) مانگی کانونی یەکەمی ساڵی دو هەزار و حەوت تێپەڕ نەکات.

بەم پێیە جێبەجێ کردنی مادەی ٥٨ کراوەتە ٣ قۆناغ: ئاساییکردنەوە، سەرژمێر، راپرسی. بۆ ئەوەی بچینە ناو تۆڕی ئاڵۆزاوی مادەی ٥٨ ەوە چاک وایە سەرلەنوێ دەقی مادەکە بخوێنینەوە:

مادەی ٥٨ ئەڵێ:

"ئەلف. حکومەتی گواستنەوەی عیراق و، بە تایبەتی کۆمیسیۆنی عیراقی ناکۆکی مولکداری و، دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر، بە پەلە کار بکا بۆ دانانی ڕێوشوێنێ بۆ لابردنی بێدادی کە بە هۆی کرداری حکومەتی پێشوەوە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی هەندێ ناوچەی دیاریکراو، لەوانە کەرکوک، بە ڕاگوێزان و دورخستنەوەی کەسان لە شوێنی نیشتەجێ بونیان، کۆچاندنی بە زۆر بۆ ناو و دەرەوەی ناوچەکە، نیشتەجێ کردنی کەسانی نامۆ لە ناوچەکەدا، بێ بەش کردنی دانیشتوانی لە کار و، ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی‌یان. بۆ چارەکردنی ئەم بێدادیە، حکومەتی گواستنەوەی عیراق ئەبێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێ:

یەکەم – سەبارەت بەو دانیشتوانەی ڕاگوێزراون، دور خراونەتەوە، یان کۆچیان پێ کراوە، ئەبێ، بە پێی نیزامی کۆمیسیۆنی عیراقی ناکۆکی مولکداری و، ڕێوشوێنی تر لە چوارچێوەی قانون دا، لە ماوەیەکی مەعقول دا، دانیشتوەکان بگێڕێتەوە بۆ ناو ماڵ و مولکی خۆیان، یان، ئەگەر ئەوە نەتوانرا، ئەبێ بژاردنیکی ڕەوایان بداتێ.

دوەم – سەبارەت بەو کەسانەی تازە براونەتە ناوچە و شوێنی دیاریکراو، ئەبێ بە پێی مادەی ١٠ ی نیزامی کۆمیسیۆنی عیراقی ناکۆکی مولکداری، بۆ دابینکردنی نیشتەجێ کردنەوەیان، وەرگرتنی بژاردن لە دەوڵەت، یا پێدانی زەوی تازەی دەوڵەتی لە نزیک شوێنی نیشتەجێ کردنیان لەو پارێزگایەی لێوەی هاتون، یان بژاردنی تێچونی جوڵاندنیان بۆ ئەو جۆرەشوێنانە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سێیەم - سەبارەت بەو کەسانەی بێ بەش کراون لە فەرمانبەری یا هۆی تری پشتیوانی بە مەبەستی کۆچاندنی زۆرملێ بۆ دەرەوەی ناوچە و شوێنەکانیان، ئەبێ هەلی نوێی فەرمانبەریان لەو ناوچە و شوێنانەدا بۆ بڕەخسێنێ.

چوارەم - سەبارەت بە راستکردنەوەی نەتەوەیی، ئەبێ هەمو بڕیارە پەیوەندیدارەکان هەڵبوەشێنرێتەوە و ئەبێ رێ بدرێ بەو کەسانەی دوچاری بون مافی بڕیاردانی ناسنامەی نەتەوەیی و رەگەزی خۆیان هەبێ بە ئازادی بێ زۆر لێ کردن و ناچار کردن.

ب. رژیمی پێشو یاری بە سنوری کارگێڕی کردوە بۆ مەبەستی سیاسی گۆڕیوێتی. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی حکومەتی گواستنەوەی عیراق چەند راسپاردەیەک ئەدا بە کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ چارەکردنی ئەم گۆڕینە ناڕەوایانە لە دەستوری دائیمیدا. لە حالەتێکا کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە کۆی دەنگ نەیانتوانی رێک بکەون لە سەر دانانی ئەو راسپاردانە، ئەشێ بە کۆی دەنگ حەکەمێکی بێلایەن دابنێن بۆ لێکۆڵینەوە و دانانی راسپاردەکانی. لە حالەتێکا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیانتوانی رێک بکەون لە سەر حەکەمێک، ئەشێ داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەن کەسێکی ناودەوڵەتی ناودار دابنێ تا ببێ بە حەکەم.

ج. بڕیاری هەمیشەیی ناوچە ناکۆکەکان، لەوانە کەرکوک، دوا ئەخرێ تا تەواو بونی ئەم رێوشوێنانە، ئەنجامدانی سەرژمێرێکی پاک و رون و پەسند کردنی دەستوری دائیمی. ئەو بڕیارەش ئەبێ لە گەڵ سەرەتای رەوایەتیدا بگونجێ، ویستی دانیشتوانی ئەو شوێنانە لە بەر چاو بگیرێ".

مادەی ١٤٠: هەر ٣ قۆناغەکەی جێبەجێ کردنی

مادەی ١٤٠ جێبەجێ کردنی مادەی ٥٨ ی کردۆتە ٣ قۆناغ، بەڵام چوارچێوەی میکانیزمی جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی، بێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاریەکانیەوە، هەر ئەوەیە کە لە مادەی ٥٨ دا باس کراوە. ئەبوایە کورد، راستەوخۆ لە دوای دەرچونی قانونی ئیدارەی دەوڵەتەوە، خۆی پرۆژەی وردەکاریەکانی هەر ٣ قۆناغەکەی دابنایە وەکو لێرەدا، لە باری سەرنجی خۆمەوە، هەندێ سەرە قەڵەمی لێ ئەنوسم.

قۆناغی یەکەم: ئاساییکردنەوە

ئاساییکردنەوە، وەکو کورد تێی ئەگا بریتیە لە سڕینەوەی شوێنەوارەکانی تەرحیل و تەهجیر و تەعریب. وەکو لە دەقی مادەکەش دەرئەهێنرێ دو بواری سەرەکی ئەگرێتەوە: یەکەم، راستکردنەوەی باری دیمۆگرافی. دوەم، راستکردنەوەی سنوری کارگێڕی.

بواری یەکەم، گێڕانەوەی هاوردە و راگوێزراو بۆ شوێنەکانی پێشویان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاوردە ئەو عەرەبانەن کە لە ناوچە عەرەبیەکانەوە هێنراون لە جێگەی کورد لە کوردستان نیشتەجێ کراون و، راگوێزراو ئەو کورد و تورکمانانەن کە لە شوێنەکانی خۆیان دەرکراون.

عەرەبی هاوردە و کورد وتورکمانی دەرکراو بگەڕێنرێنەوە شوێنەکانی پێشویان. هەردو لایان قەرەبو بکرێن. زەوی نیشتەجێ بون یان کشتوکاڵیان بدرێتی، کاریان بۆ بدۆزرێتەوە.

عەرەبی هاوردە کێیە، چۆن ئەگەڕێنرێتەوە شوێنەکەی پێشوی، هەندێ لەمانە لە ١٩٦٣ وە نیشتەجێ کراون، ئەوانەی لەو ناوچانەدا لە دایک بون جێگیربون و جگە لە شوێنی تازەیان جێگەیەکی تر بە وڵاتی خۆیان نازانن.

ڕێگە ئەدرێ لە شوێنی ئێستایان بمێننەوە، ئەگەر ڕێگە ئەدرێت بە چ شەرت و مەرجێ، لە کام ڕاپرسی و لە کام هەڵبژاردن دا مافی دەنگدانیان هەیە؟

ئەگەر بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشویان بۆ ئەوەی ژیانێکی تازە دەس پێ بکەن ئەبێ حکومەت چیان بۆ بکات؟

چەند پارەی نەختینەیان بدرێتێ.

خانو و زەوی و زاری ئێستایان چی لێ ئەکرێ؟

لە شوێنی پیشویان شوێنی نیشتە جێ بون، خزمەتگوزاری پێویست، هەلی کارکردنیان چۆن بۆ دابین ئەکرێ؟

کوردی دەرکراو کێیە؟

ئەو کوردانەی بەهۆی تەعریب و تەرحیل و تەهجیر... دەربەدەر بون، بڵاو بونەتەوە بە سەرانسەری کوردستانی عێراق و بە سەرانسەری عێراق و بە سەرانسەری دنیادا؟ ئەمانە هەندێکیان تا ئێستەش خۆیان بە ئاوارە ئەزانن و ، هەندێکیان جێگیر بون لە شوێنانی تر. ئەمانە چۆن ئەگەڕێنەوە یا ئەگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەکانی پێشویان؟

بۆ ئەوەی ژیانێکی تازە دەس پێ بکەن چیان بۆ ئەکرێ لە پارەی نەختینە، جێگەی نیشتەجێبون، خزمەتگوزاری پێویست، هەلی کارکردن؟

حکومەتی عێراق پرۆژەی چی بوە بۆ ئەم کێشەیەو، پرۆژەی کورد، کە خۆی بە خاوەنی کێشەکە ئەزانێ، بۆ چارەسەری ئەم کێشە کوردی- عەرەبیە چی بوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کێ وەرئەگیرێتەوە؟

دوەم: ڕاستکردنەوەی سنوری کارگێڕی

بەعس کە هاتە سەر حوکم گۆڕینی زۆری لە سنوری کارگێڕی هەندێ لە پارێزگاکانی عیراق دا کردوە، تەنانەت هەندێ زاراوەی کارگێڕیشی گۆڕی. بەر لەوەی بەعس لە ١٩٦٣ دا بێتە سەر حوکم لە بری زاراوەی "پاریزگا" زاراوەی "لیوا" بە کار ئەهێنراو لە باتی "پارێزگار" وشەی "موتەسەریف" بە کار ئەهات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕژێمی بەعس دەسکاری سنووری کارگێڕی پارێزگاکانی کردوە و هەندێ قەزا و ناحیە و ناوچەی دابڕیوە لە هەندی پارێزگا و خستوویەتیە سەر پارێزگایەکی تر یا پارێزگای تازەی لێ دروست کردوە، هۆی ئەم گۆڕینەش ئەگەرێتەوە بۆ مەسەلەی سیاسی و ئەمنی، نەک مەسەلەی یەکپارچەیی جوگرافی و قازانجی ئابووری- کشتوکاڵی، ئاودێڕی، پیشەسازی... ئەو ناوچانە. لەبەر ئەوە ئەمە بۆتە هۆی دروستکردنی کێشەی دیمۆگرافی، کێشەی نەتەوەیی، کێشەی دینی و مەزهەبی...

ئەگەر کورد لە مەسەلەی گۆڕینی سنووری کارگێڕی دا خۆی بە زوڵم لێکراو بزانێ، ئەوا شیعەش بە هەمان شێوە خۆی بە زوڵم لێ کراو ئەزانێ چونکە ئەنبار (رومادی) لەسەر حسابی زەوی نەجەف و کەربەلا فراوان کراوە و، سەلاحەدین (تکریت) لە سەر حسابی بەغداد و کەرکوک دروست کراوە. ئەگەر بویستری ئەم سنورانە راست بکرێنەوە لە سەر چ بنەمایەک و چی ئەکرێ بە پێوانە؟

مادەی ٥٨ میکانیزمێکی بۆ جێبەجێ کردنی مادەکە داناوە پێ ئەچێ هەرگیز لە کردن نەیەت ئەویش ئەوەیە کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەبێ بە کۆی دەنگ لە سەر چەند راسپاردەیەک پێک بێن بۆ جۆری راستکردنەوەی ئەو سنورە کارگێڕیانەی بەعس بۆ مەبەستی سیاسی یاری پێ کردون. ئەم ئەنجومەنەی کە پێک هاتوە لە ٣ کەس: کوردێک و عەرەبێکی سوننە و عەرەبێکی شیعە و، لە ناو ئەم ٣ لایەنەدا سوننە سودمەندی گەورە بوە و لە هەر ئالوگۆڕێکی سنووری کارگێڕی دا سوننە زەرەرمەندی گەورە ئەبێ، کەواتە چۆن ئەگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە سەر "ناوچە ناکۆکەکان".

بێگومان ئەگەر مەحاڵ نەبێ کارێکی زۆر دژوارە بگەنە راسپاردەی هاوبەش ئەوسا ئەبێ "حەکەمێکی بێلایەن" بکەن بە سەرپشک، ئەگەر ئەمیش کێشە ئەرزیەکانی پێ چارەسەر نەکرا داوا لە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەن "حەکەم" دابنێ و کێشەکان بە لادا بخا.

لێرەدا چەندین پرسیار دێتە پێشەوە:

سەرکردایەتی کورد بۆچی قبوڵی کردوە بەم پەیژە لەرزۆکەدا سەر بکەوێ؟

ئایا ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، وەزیرەکانی و فراکسیۆنە پارلەمانیەکەی لە بەغداد... بیریان لەم حەوالە بە گەوالەیە کردۆتەوە؟

خۆ ئەگەر بیریان لێ کردۆتەوە، چ لێکۆڵینەوەیەکی قانونی و سیاسیان بۆئەم کێشە سەختە ئامادە کردوە و چەند پرۆژەی حساب کراو و چەند سیناریۆی جیا جیایان داناوە بۆ ئەوەی لەم کەینوبەینەدا کورد توشی زەرەر نەبێ بەڵکو سەرزەمینی میژویی خۆی کە چەندین ساڵە شەڕی لەسەر ئەکا بگێڕێتەوە بۆ باوەشی دایکی نیشتمان؟

لێرەدا بیرهێنانەوەی دو پرسی تری گرنگ پێویستە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەمیان، بە پێی مادەی ١٤٠ ئەبو تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئەمە جێبەجێ بکرایە، بۆ نەکراوە و کێ بەرپرسە لە جێبەجێ نەکردنی؟

دوەمیان، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە هاوبەشی کرد لە دامەزراندنی وەزارەتەکەی نوری مالیکی دا، بەشداری کردن و مانەوەی لە وەزارەت دا گرێ دابو بە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ ەوە بە پێی زەمانبەندیەکی دیاریکراو کە ئەبو: لە ٣ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ دا پرۆسەی ئاسایکردنەوە، لە هەردو بواری راستکردنەوەی باری دیمۆگرافی و راستکردنەوەی سنوری کارگێڕی دا، تەواو ببێ.

ئەم زەمانبەندیە پێرەوی نەکراوە، ساڵی ٢٠٠٧ بەرەو کۆتایی ئەڕوا، کێ بەرپرسە لە جێبەجێ نەکردنی ئەم زەمانبەندیە و بۆچی سەرکردایەتی کورد هەڵوێستێکی بەرامبەر ئەم کەمتەرخەمیە، ئەگەر کەمتەرخەمی کرابێ، نەنواند؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کێ وەرئەگیرێتەوە؟

قۆناغی دوەم: سەرژمێر

لە عێراق دا چەند جارێ سەرژمێر کراوە، بەڵکو ئامار کراوە بەڵام هەرگیز حکومەتی عیراق ڕێگەی نەداوە ئەنجامەکانی سەرژمێریەکە بە ڕونی و بە ڕاستی و بە ئاشکرا بڵاوبکرێتەوە. لەبەر ئەوە ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی عێراق، ژمارەی پێکهاتەی نەتەوەیی و دینی و مەزهبیەکانی و، هەمو زانیاریە گرنگە پەیوەندیدارەکانی ئەو بابەتانە لە ژێر ناوی (ئاسایشی نیشتمانی) دا بە نهێنی هێڵراونەتەوە، بەعس بۆ مەبەستی خۆی، بە تایبەتی سیاسی و ئەمنی، بە کاری هێناون.

دوای ڕوخانی سەدام ئەکرا سەرژمێری دانیشتوان ئەنجام بدرێ و ئەنجامدانی ئامارگیری گشتی دوا بخرایە. داوودەزگاکانی وەزارەتی پلاندانان و فەرمانگەکانی ئامار بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان ئەیانتوانی لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەنجامی بدەن، تەنانەت لەسەردەمی مەجلیسی حوکم دا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و بەشێ هەر یەکێ لە پێکهاتەکانی دانیشتوانی عیراق لە کاروباری حوکمڕانی دا، هەندێ لایەن بڕوبیانویان ئەهێنایەوە بۆ نەبونی توانای ئەنجامدانی ئامار و، هەندێ لە کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتوەکانیشیان بەوە فریو دابو، کارمەندانی فەرمانگەی ئاماری سلێمانی چونە بەغداد و لە گفتوگۆیەکی زانستی چەند ڕۆژەدا کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتوەکانیان ئیقناع کرد بە توانینی ئەنجامدانی،

بەڵام شیعە کە ئەو زەمانە لە ڕاگەیاندنەکان دا، بە تایبەتی لە ڕاگەیاندنی ئەمەریکی و ئینگلیزی دا، بەندوباوی ئەوە بڵاو بو کە شیعە ٦٥% ی دانیشتوانی عیراق پێک ئەهێنن و، سەرانی شیعە خۆیشیان لەو ڕێژەیە دڵنیا نەبون بۆیە نەیان ئەویست تا هەڵبژاردنەکان ئەکرێ و پایە سەروەریەکانی دەوڵەت و وەزارەتەکانی حکومەت و کورسیەکانی پارلەمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دابەش ئەکرێ و دەستور ئەنوسرێ، بۆ ئەوەی رێژەی ڕاستەقینەی شیعە و سوننە و کورد و تورکمان و مەسیحی ئاشکرا نەبێ، سەرژمێر نەکرێ و سود لەو بەندو باوە وەربگرن، کە سوننە بە رێژەیەکی ناڕاست و دروستکراویان ئەزانی.

مادەی ٥٨ برگەی ج یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی "ناوچە ناکۆکەکان" ی بەستوە بە ئەنجامدانی "سەرژمێرێکی پاک و ڕون.." ەوە.

بەڵام ئەم سەرژمێرە، کە ئەبێ پاک و ڕون بێ، کێ ئەنجامی ئەدا: دامەزراوەیەکی بێلایەن وەکو نەتەوە یەکگرتوەکان یا وەزارەتی پلاندانانی عێراق؟

کێ پێوانەکانی سەرژمێری ساخ ئەکاتەوە و لە سەر چ بنەمایەک سەرژمێری دانیشتوانی ئەو ناوچانە ئەکرێ: ئاماری کۆنەکانی عیراق؟ ئاماری تازە؟ دانیشتوانی ئیستا؟ هاوردەکان، بە تایبەتی ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە، ئەخرێنە چ خانەیەکەوە؟

ئاخۆ دەرکراوەکانی کە بە سەرانسەری کوردستان و عیراق و دنیادا بڵاو بونەتەوە سەرژمێر ئەکرێن. ئەگەر ئەکرێ چۆن سەرژمێر ئەکرێن؟

دەوری کورد و داوودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەو سەرژمێرەدا چی ئەبێ؟

ئەبوایە بۆ هەمو ئەو هەنگاوانە پرۆژەی حسابکراو دابنرایە.

ئەمانە ئیشی کێ بون؟ ئەبو کێ بیکردایە؟

لیستی هاوپەیمانی، کە هەمیشە وەزارەتەکەی جەعفەری و پێش ئەو عەلاوی‌یان، تۆمەتبار ئەکرد بە کەمتەرخەمی، بۆ ئەوەی ڕێ لە حکومەتی تازە ببڕن زەمانبەندی‌یان دانا بۆ جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ تێنەپەڕێ و، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان وەکو مەرجی بەشداری کورد و مانەوەیان لە وەزارەتەکەی مالیکی دا ئەو زەمانبەندیەیان ورد کردەوە کە ئەبو لە ٣ مانگی دوەمی ساڵی ٢٠٠٧ دا قۆناغی دوەمی مادەی ١٤٠ کە "پرۆسەی سەرژمێر" بو ئەبو لە "ناوچە ناکۆکەکان" دا ئەنجام بدرایە.

وا ساڵێ ٢٠٠٧ بەرەو کۆتایی ئەچێ و، ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێر تێ پەڕیوە و، ئەو زەمانبەندیەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ وەزارەتەکەی مالیکی‌یان دانا بو پێڕەوی نەکراوە. بۆچی سەرکردایەتی کورد لەو بارەیەوە هیچ هەڵوێستێکی نەنواند؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کێ وەرئەگیرێتەوە؟

قۆناغی سێیەم: ڕاپرسی

وەکو مادەی ١٤٠ برگەی دوەم نوسیوێتی: ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، کە کۆتایی دێت بە ڕاپرسیەک کە لە کەرکوک و ئەو ناوچانەی دی کە کێشەیان لە سەرە بۆ دیاری کردنی ویستی هاوڵاتیانی.

لە سەرەتاوە ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە قبولکردنی سەرەتای ڕاپرسی بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی هەمو ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوبردنیان بە ناوچەکانی ناکۆکی، هەڵەیەکی سیاسی- مێژویی بوە کراوە، هەر کەس و هەر چەند کەس و هەر لایەن و هەر چەن لایەن، لێی مەسول بن، لە ژێر هەر گوشار و لە ناو هەر هەلومەرجێک دا بوبن، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە هیچ گەلێ بۆ سەندنەوەی پارچەیەک لە نیشتمانەکەی ڕاپرسی قبول ناکا.

ئەگەر گۆڕینێ لە دەستوری دائیمی عێراق دا بکرێ، وەکو عەرەبی سوننە و هەندێ لە عەرەبی شیعە ئەیانەوێ، پێویستە کوردیش داوای لابردنی ئەم سەرەتا ناڕەوایە بکا و، ئەوسا بێ ڕاپرسی داوای ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنوری ئێستای هەرێمی کوردستان بکا.

ڕاپرسیەکەش دیار نیە چۆن ئەنجام ئەدرێ.

ڕاپرسی چۆن بکرێ لەسەر ناوچە ناکۆکەکان: گوند بە گوند، ناحیە بە ناحیە، قەزا بە قەزا، محافەزە بە محافەزە؟

چەند بەشێکی نیشتمانی کورد کەوتۆتە سنوری ئێستای نەینەوا (موسل) لەوانە: شێخان، مەخمور، سنجار و، چەند بەشێکیشی کەوتۆتە سنوری ئێستای دیالە (باقوبە) لەوانە: خانەقین، سەعدیە، جەلەولا و، چەند بەشێکی کەوتۆتە سنوری ئێستەی سەلاحەدینەوە (تکریت) لەوانە: توزخورماتو و، چەند بەشێکیشی کەوتۆتە سنوری ئێستای (میسان یان واسیت) لەوانە: مەندەلی، بەدرە..

ئەگەر ڕاپرسی لەسەر ئاستی پارێزگا بکرێ وەکو هەندێ کورد ئەیانەوێ لە کەرکوک ئەنجام بدرێ (دوای گێڕانەوەی بۆ سنوری ئیداری١٩٦٨)، ئەوا لە موسل: مەخمور، شێخان، شەنگار و، لە دیالە: خانەقین و سەعدیە و جەلەولا و، لە سەلاحەدین: توزخورماتو و، لە واسیت : مەندەلی و بەدرە ئەدۆڕێ لە بەر هۆیەکی ئاسان، چونکە زۆرایەتی ئەو پارێزگایانە عەرەبن و، ئەو ناوچە کوردیانە قورساییەکی دیموگرافیان نیە لە چاو تێکرای دانیشتوانی عەرەبی پارێزگاکەدا.

ئەگەر ڕاپرسی لە سەر ئاستی قەزا بکرێ وەکو هەندێ پێشنیار ئەکا ئەوا کەرکوک کە ئێستە چاوی هەمو لایەکی لەسەرە هەروەها دوز لە دۆڕانەوە نزیکترە تا بردنەوە.

سەرکردایەتی کورد چی کردوە بۆ دابینکردنی ئەنجامی ڕاپرسی لەو ناوچانەدا؟

چ پرۆژەیەکی هەبو بۆ گێڕانەوەی کورد بۆ شوێنەکانی خۆی؟

چ پرۆژەیەکی سیاسی، قانونی، ئاوەدانکردنەوەی هەبوە بۆ ڕاکێشانی تورکمان و عەرەب و مەسیحی وشەبەک و یەزیدی لەو ناوچانەدا؟

کێ لەو ڕاپرسیەدا مافی دەنگدانی هەیە؟

هەمو ئەوانەی ئێستە لەوێ دانیشتون یا ئەوانەی لەسەرژمێرەکانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ یان ١٩٦٧ و ١٩٧٧ دا لەوێ نیشتەجێ بون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوانەی لە دواییین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی نوێنەران دا دەنگیان داوە؟

کێ سەرپەرشتیی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاپرسی و دەرهێنانی ئەنجامەکەی و جێ بەجێ کردنی ئەنجامەکەی ئەکا؟ حکومەتی عێراق یان دامەزراوەیەکی بێلایەن.

وەلامی ئەم پرسیارانە لە کێ وەرئەگیرێتەوە؟

دوا قسە:

لە کێ بپرسین هەواڵی راستی؟

بەیکەر – هامیلتۆن لە ڕاپۆرتە بە ناوبانگەکەیان دا دو جار و لە دو راسپاردەیان دا باسی کەرکوکیان کردوە. راسپاردەی ژمارە ١ ی ڕاپۆرتەکەی بەیکەر – هامیلتۆن دەربارەی دەس پێکردنی هەڵمەتێکی دیپلۆماسی نوێیە و، یەکێ لە مەبەستەکانی ئەم هەڵمەتە وەکو لە بڕگەی ٩ ی راسپاردەی ژمارە ٢ دا رونیان کردۆتەوە: "یارمەتی دانی عیراقە بۆ ئەوەی بگاتە رێککەوتنێکی قبوڵکراو لە سەر کەرکوک".

راسپاردەی ژمارە ٣٠ ی ڕاپۆرتی گۆرین تەرخان کراوە بۆ کەرکوک، بە ئاشکرا ئەڵێ: "لە بەرئەوەی دۆخی کەرکوک زۆر مەترسیدارە، ناوبژیوانی ناودەوڵەتی زۆر پێویستە بۆ خۆ لادان لە توندوتیژی ناو خەڵک. دانیشتوانی کەرکوک تێکەڵە لە کورد، عەرەب و تورکمان، وەکو بەرمیلی باروت وایە. ریفراندوم لە سەر پاشەڕۆژی کەرکوک (وەکو لە دەستوری عیراق دا داوا کراوە پێش کۆتایی ٢٠٠٧ بکرێ) ئەبێتە هۆی تەقینەوە بۆیە ئەبێ دوا بخرێ. ئەم بابەتە پێویستە بخرێتە سەر ئەجیندای گروپی پشتیوانیی ناودەوڵەتی عیراق وەکو بەشێ لە هەڵمەتی دیپلۆماسی نوێ".

پێ ئەچێ سەرەنجام ئەم راسپاردەیە جێبەجێ بکرێ!

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵێکی مێژویی بەڵام لە دەس چو!

سایتی "سبەی"

٢٨ ی ٩ ی ٢٠٠٨

گەلان هەموو جار هەڵیان بۆ هەڵ ناکەوێ.

لە دەیان ساڵ خەبات و چاوەڕوانی دا لە زەمان و زەمینێکی دیاریکراودا ئینجا رەنگە یەکجار هەڵێکی لەبار بۆ گەلێ بڕەخسێ ئامانجێکی گەورەی خۆی بە دەس بهێنێ. قۆستنەوەی ئەو هەلە لەو زەمان و زەمینەدا کارامەیی و ناکارامەیی یان لێ وەشاوەیی و لێ نەوەشاوەیی سەرکردایەتی ئەو گەلە دەرئەخا.

لە پێش ڕوخانی بەعس دا، لە ناو هەموو موعارەزەی عیراقی دا کە ئەوسا هەمویان ئاوارەی وڵاتان بوون و ئێستا لە حوکم دان، کورد بەهێزترین یاریکەری سیاسی مەیدانەکە بو. هێزێکی سیاسی، ئابوری، جەنگی ..کاریگەربو. چونکە لەسەر ئەرزی خۆی بو. ئەگەر چی دو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبو بەڵام دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بو لە ناو دەوڵەتی عیراق دا.

لەکاتی ڕوخانی بەعس دا، کە هەمو دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عیراق داڕما بو، بۆشاییەکی ئەمنی، ئیداری، سیاسی لە عیراق دا دروست بوبو، کورد تەنیا هێزی ڕێکخراو بو لە عیراق دا داوودەزگای حکومەتی و حیزبیی هەبو. هەرێمەکەی بۆشایی ئیداری، ئەمنی، سیاسی... تێدا نەبو.

لە دوای ڕووخانی بەعس، کورد لە عیراق دا، لە پاش چەندین ساڵ خەبات و چاوەڕوانی هەڵێکی مێژویی بۆ هەڵکەوت، بۆ ئەوەی هەندێ لە خواستە سەرەکییەکانی، بە تایبەتی دیاریکردنی سنوری کوردستان، بچەسپێنێ. ئەگەر لەکاتی خۆی دا بیقۆستایەتەوە لەوانە بو دەسکەوتی سیاسی، دیپلۆماسی، ئابوری پێشمەرگەیی گەورەی بەدەس بهێنایەو، بیتوانیایە هەندێ لە کێشە کۆنەکانی بەلادا بخستایە لەوانە کێشەی سنوری کوردستان، کە ماکی دێرینەی زۆر بە کێشەکانی تری بوە.

سەرکردایەتی کورد، بەهۆی ململانێ ی حیزبیی ناوخۆیانەوە، بۆ رازی کردنی ئەمەریکا، ئەم هەلەی لە دەس دا.

بەعس کە ڕوخا، لەگەڵ خۆی دەوڵەتی عیراقی بە هەموو دامەزراوە جەنگی، کارگێڕی، سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیری، دیپلۆماسیەکانیەوە ڕوخاند. لە عێراق دا شتێ نەمابو نیشانەی هەبونی دەوڵەت بێت. بۆشایی دەسەلات بە هەمو ڕەهەندە ئەمنی و سیاسیەکانیەوە دروست بو. خۆشاردنەوە و ڕاوەدونانی کاربەدەستانی دەسەلاتی ڕووخاو، چۆلکردن و تالانکرانی داوودەزگاکانی حکومەت، نائەمینی سەرو سامان، نەمانی حکومەت... سەرتاسەری عێراقی ژێر دەسەلاتی ڕوخاوی بەعسی گرت بوەوە لەوانە هەمو ناوچە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستانیە دابڕاوەکانی ژێر دەسەلاتی بەعس کە لەسەرەتای دروست بونی دەوڵەتی عیراقەوە لە١٩٢١ دا تا ئێستاش لە نێوان کوردو کاربەدەستانی عیراق دا ناکۆکی یان لەسەربوە.

لەو پشێویە سیاسی و کارگێریە قوڵەی عێراق دا کە نە لە بەغدادو نەلە هیچ پارێزگایەکی تری عیراق دا دامەزراوەیەکی حکومەتیی نەمابو بەسەر خەڵکەوە حوکمڕانی بکات، بۆشاییەکی گەورە و بەرەڵاییەکی بێ ئەندازە دروست بو، خزمەتگوزاری گشتی هەرەسی هێنابو، سەرکردایەتی کورد، ئەگەر وازی لە ململانێ ی حیزبی بهێنایەو، بەرنامەیەکی کوردیی نا حیزبیی بۆ پرکردنەوەی بۆشایی کارگێری و ئەمنی ئەو ناوچانەو، بۆ دابین کردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی جێبەجێ بکردایە، ئەیتوانی هەمو یا زۆری ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، کە ئەوسا بێ خاوەن بون و، چاوەڕێ یان ئەکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان لێ بکات بەخاوەن، وەکو ئیدارەی ئەمری واقیع، بیهێنێتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی. بەلام لە باتی ئەمە:

سەرکردایەتی کورد خۆیان چونە بەغداد بۆ جێگیرکردنی جێگە پێی قانونی و سیاسی و ئابوری لە دەوڵەتی عیراقی تازەدا.

لەهەمان کات دا رێگەیان دا بە بەرپرسەکانی رێزی دوەم و سێیەمی حیزبیەکانیان بڕۆنە ئەو ناوچانەوە بۆ داگیرکردنی هەرچی زۆرتری دائیرەو بارەگا و خانوی کاربەدەستانی رژێمی پێشوو، تالانکردنی هەرچی زۆرتری سەیارە، بلدۆزەر، شۆفڵ، کەلوپەلی داوودەزگا حکومەتی و حیزبیەکان...

هەڵێکی مێژویی کە بۆ کورد هەڵکەوت بو لە دەس چو!

*

لە کوردستان بڕیاری شەڕ بە دەس کێیە؟

بڕیاردانی جەنگ یەکێکە لە بڕیارە گرنگ و چارەنوسسازەکان. جەنگ هەمیشە دوژمنایەتی و وێرانی و کوشتن و ئاوارەیی و کارەساتی جۆراوجۆر بە دوای خۆی دا ئەهێنێ. جەنگ ئەشێ نەتەوەیەک بەرەو شکست یان بەرەو سەرکەوتن ببات بۆیە لە هیچ جێگایەکی ئەم دنیا پان و بەرینەدا بڕیاردان لە شەڕ بە دەس یەک کەس نیە تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە پاشای مەملەکەت یان دیکتاتۆری وڵات بێت.

لە وڵاتانی دنیادا کە دامەزراوگەلی دەوڵەتیی تێدایە بڕیاردانی جەنگ پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنە و بەشداری فراوانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت هەیە. تەنانەت ناردنی ژمارەیەکی کەمی سەرباز لە وڵاتێکەوە بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ولاتێکی تر، ئەگەر بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیشی لە سەر بێ، بێ لێدوان و ڕەزامەندی پارلەمان جێبەجێ ناکرێ.

تورکیا، حکومەتەکەی و سپاکەی، کە لە ناو زۆرایەتی کوردا بە فاشیستی ناسراوە هەمو جار بۆ لەشکرکێشیەکانی بۆ سەر پەکەکە مۆڵەت لە پارلەمانی ولاتەکەیان وەرئەگرێ.

لە دەوڵەتی ئیستای عیراق دا ڕاگەیاندنی جەنگ و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی ئەبێ بە پرۆسەیەکی دەستوری چەند قۆناغی دا بڕوا: سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ داوایەکی هاوبەش بدەن بە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی نوێنەرانیش بۆ بە دەسهێنانی ڕەزامەندی لە سەر ئەم داوایە پێویستی بە دەنگی دوسێیەکی ئەندامەکانی هەیە.(مادەی ٦١ بڕگەی نۆیەم: آ لە دەستوری عیراقی).

هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە بەڵکو بەشێکە لە دەوڵەتی عیراق و، زۆرایەتی دانیشتوانەکەی دەنگیان بەم دەستورە داوە، لە بەر ئەوە ئەبێ پابەند بێ بەم مادەیەوە. ئەمانە هەموی لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئێمەش لە کوردستان چەندین دەزگا و دامەزراومان هەیە:

سەرۆکایەتی هەرێممان هەیە

ئەنجومەنی وەزیرانمان هەیە

دو وەزارەتی پێشمەرگە و دو "هەیئەتی ئەرکان" دو دەزگای هەواڵگریمان هەیە

دو وەزارەتی کاروباری ناوخۆمان هەیە

ئەنجومەنی نیشتمانی مان هەیە

چەندین مەکتەبی سیاسی حیزبەکان و دو فەرماندەیی حیزبیی پێشمەرگەمان هەیە...

لە پشتی هەمو ئەم داوودەزگایانەوە ئەشێ کەسێ، پلەی هەرچیەک بێ، بە تەنیا بڕیاری شەڕ بدا دژی لایەنێکی تر، ئەو لایەنە هەر کێیەک و هەرکوێیەک بێ؟ یا بە ئارەزویەکی سەرەڕۆیانە شەڕێ هەڵگیرسێنێ لایەنێکی هەرێمی کوردستان بێ و لایەنەکەی تری عیراق یا دەوڵەتێکی دراوسێ بێ؟

قەیرانی ئەمجارەی خانەقین بێ باکی و بێ سەروبەری و بێ ئاگایی و بێ بەرنامەیی سەرکردایەتی سیاسی کورد و داوودەزگا قانونی و دەستوریەکانی هەرێمی کوردستانی دەرخست، ئەگینا کەسێ یان چەند کەسێ، چەند دەسەلاتدار و پایەبەرز بن، چۆن ئەتوانن گەلی کوردستانی عیراق بە قسەی ئاگرین و هەڕەشەی بێ سەروبێ لە شەڕێکەوە بگلێنن کە نە حسابی بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکە و نە بۆ ئەنجامەکانی کرد بێ؟

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پرسی کەرکوک:
کورد لە کەڵ تورکمان چی بکات؟

سایتی "سبەی"

۲۱ ی ۱۰ ی ۲۰۰۸

تورکمان لە نەتەوە کۆنەکانی دانیشتوی ناوچەکەن.

تورکمان لە تەلەعفەرەوە تا مەندەلی لە پارێزگاکانی نەینەوا، هەولێر، کەرکوک، سەلاحەدین، دیالە، واسیت بە چڕی لە هەندێ شوێن و بە پەرتوبڵاوی لە هەندێ شوێنی تر هەن. شریتێکی درێژ پێک ئەهێنن لە سەروی سنوری سوریا- عیراقەوە تا ناوەڕاستی سنوری عیراق – ئێران لە بەینی نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەب و لە بەینی کوردستان و عەرەبستان دا.

*

ئەم ناوچانە تێکەڵاون لە گروپی ئیتنی، دینی، مەزهبی جیاواز: کورد، عەرەب، تورکمان، موسوڵمان، مەسیحی، ئێزیدی، شەبەک، شیعە، سونە، کاکەیی...

*

ئەم ناوچانە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە لە نێوان بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و حکومەتی عیراق دا جێناکۆکی بون. سییەکانی سەدەی بیستەم چالاکەکانی کورد داوای دروستکردنی لیوای باجەڵانیان لە ناوچەکانی گەرمیان و لیوای بادینانیان لە موسڵ کردوە.

*

ئەم ناوچانە وەکو زۆر شوێنی تری کوردستان لە لایەن رژیمی بەعسەوە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی کەوتونەتە بەر هێرشی تەهجیر، تەرحیل، تەعریب و تەبعیس.

*

ئەم ناوچانە کە بە تێکەڵاو، دابڕاو، داگیرکراو، تەعریبکراو... ناوئەبرێن، هەمویان گرنگن چ بۆ کورد و چ بۆ عەرەب. هەریەکەیان جۆرێ لە گرنگییان هەیە. رەنگە گرنگی شەنگار لە گرنگی خانەقین و گرنگی خانەقین لە کەرکوک کەمتر نەبێ. بەڵام لە ناو ئەوانەدا کەرکوک لە کۆنەوە جێگەیەکی تایبەتی و ناوێکی تایبەتی هەیە بۆتە "دروشم" بۆ بزوتنەوەی کورد و بۆ حکومەتی عیراق.

*

کەرکوک یەکێکە لە گەورەترین مەیدانەکانی نەوتی عیراق و جیهان. پێش یەکەمین جەنگی جیهانی ئینگلیز زانیویتی نەوتی تێدایە. لە ساڵی ۱۹۲۷ەوە نەوتی لێ دەرئەهێنرێ و ئەنێردرێ بۆ بازارەکانی دنیا. سەرەتا هەمو هەناردەی نەوتی عیراق و دواتر دوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دۆزینەوەی نەوت لە شوێنەکانی تریش تا ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆی گشتی هەناردەی نەوتی عیراق ٤٠% لە کەرکوکەوە رۆیشتوە.

*

نەوتی کەرکوک لە پشتی لکاندنی ولایەتی موسڵەوە بو بە دەوڵەتی تازەدامەزراوی عیراقەوە و، لە پشتی شکستی شۆڕشەکانی کورد و، سەرنەگرتنی هەوڵ هەڵسوڕاوانی سیاسی کورد بوە.

*

ئیستاش دەستێوەردانی جیاواز لە کێشەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکیەکان دا بەردەوامە لە لایەن:

هێزە عیراقیەکان (بە حکومەت و سونە و شیعەوە)، سوریا، ئوردون، سعودیە،جامیعەی عەرەبی

هێزە ئیقلیمیەکان ئێران و تورکیا

هێزە جیهانیەکان ئەمەریکا و ئینگلیز

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوە جیهانیەکانی تر

بەڵام هەتا ئیستاش لە ناو هەمو ئەوانەدا کورد ئەتوانێ یاریکەری سەرەکی بێ لە کێشەکەدا.

*

لە پاش روخانی رژیمی بەعس هەمو کورد بە تەما بون ناوچە جێناکۆکەکان، بە تایبەتی کەرکوک، بە ئاشتی، بە رێگەی سیاسی و قانونی، بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. هەر بەو تەمایەوە مادەی ٥٣ و مادەی ٥٨ ی قانونی ئیدارەی دەوڵەت و مادەی ١٤٠ ی دەستوری عیراق دانران،بەڵام نە حکومەتی عیراق ویستی و نە کورد توانی لە کاتی دیاریکراودا جێبەجێی بکا.

*

ئیستا کەرکوک لە بەردەم چارەنوسێکی نادیاردایە.

هەر هێزە و سیناریۆیەکی جیاواز، کە لە گەڵ قازانجی خۆی بگونجێ، بۆ کەرکوک دائەنێ:

لایەک، بە تایبەتی بەشێ لە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، ئەیەوێ کەرکوک، وەکو ئیستا محافەزەیەکی لامەرکەزی بێ لە ژیر دەسەڵاتی مەرکەزیی بەغدادا بمێنێ.

لایەکی تر، بە تایبەتی بەشێ لە تورکمان، ئەیەوێ کەرکوک هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆ بێ.

لایەکی تر، بە تابەتی کورد، گەرەکێتی کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

ئەم پرۆژەیەی لێرەدا پێشکەش ئەکرێ کە دوای بینین و گفتوگۆ و پرس و راوێژ لە گەڵ چەندین کەس و گروپی کورد و عەرەب و تورکمانی پێوەندیدار لە گەڵ ئەم پرسە ئاڵۆزە ئامادە کراوە، ئەشێ پلاتفۆرمێ بێ بۆ گفتوگۆ لە سەر رێککەوتنی ستراتیجی کورد و تورکمان لە عیراق دا و، ئەشێ بکرێتە مۆدێلێ بۆ گفتوگۆ لە گەڵ عەرەب و کلدۆئاشوری ناوچە تێکەڵاوەکانی کوردستان.

سەرەتا گشتیەکان

١. کەرکوک لە ناو هەرێمی کوردستان دا دۆخی تایبەتی ئەبێ.

هەمو تورکمانێکی دانیشتوی هەرێمی کوردستان هەمو مافە دەستوریەکانی هاوڵاتی عیراقی و مافە دەستوریەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی هەیە.

٢. هەرێمی کوردستان وەکو لە ناو دەوڵەتی عیراق دا دیفاع لە مافی کوردەکانی دەرەوەی هەرێم ئەکا، هەروەها دیفاع لە مافی تورکمانەکانی دەروەی هەرێمیش ئەکا.

٣. دەستوری هەرێمی کوردستان مافی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری تورکمانەکانی دانیشتوی هەرێمی کوردستان دابین ئەکا.

٤. بە قانون بڵاوکردنەوەی بوغزاندنی نەتەوەیی دژی نەتەوە و دین و مەزهبی جیاواز لە راگەیاندنی کوردی دا قەدەغە بکرێ.

٥. بۆ زانینی ژمارەی راستەقینەی کورد و تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشوری ئامار ئەنجام ئەدرێ.

لە ئاستی پارێزگای کەرکوک دا

کەرکوک دۆخی تایبەتی ئەبێ:

١. کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری بە پێی رێژەی خۆیان لە ئەنجومەنی پارێزگادا نوێنەرایەتییان ئەبێ.

٢. ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەسەڵاتی لامەرکەزی ئەبێ.

٣. کەرکوک بودجەی تایبەتی خۆی ئەبێ.

٤. لە هەمو ئەو شوێنانەی کە یەکێ لەم پێکهاتانە زۆرایەتین سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە ناوچەییەکان لەوان ئەبێ.

٥. سەرۆکایەتی داوودەزگا گرنگەکان لە نێوان نەتەوەکان دا نۆرەیی ئەبێ. داوودەزگا گرنگەکانی پارێزگا بریتین لە: سەرۆکایەتی ئەنجومەنەی پارێزگا، پارێزگار، قایمقام، مدیری ناحیە، سەرۆکایەتی شارەوانی، پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس، ئاسایش، داوودەزگا نەوتیەکان... هی تر.

٦. زمانی تورکمانی لە پاڵ عەرەبی و کوردی دا زمانی ڕەسمی ئەبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ئاستی هەرێمی کوردستان دا

بە پێی ڕێژەی خۆیان بەشیان لە هەمو داودەزگاکانی هەرێم دا ئەبێ: بە تایبەتی لە دەزگاکانی: دەسەڵاتەکانی تەشریعی، تەنفیزی، قەزایی، پاسەوانی هەرێم، نوێنەرایەتی دەرەوە... سەرۆکایەتی یەکێ لە ٣ دەسەڵاتەکەی هەرێم بە تورکمان ئەدرێ.

لە ئاستی حکومەتی عیراق دا

بە پێی ڕێژەی خۆیان بەشیان لە هەمو دەزگاکانی عیراق دا ئەبێ. حکومەتی هەرێم پشتیوانییان ئەکا.

*

نوینەرایەتی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراق دا:
چی کردوە و ئەبو چی بکردایە؟

سایتی "سبەی"

٤ ی ٩ ی ٢٠٠٨

کوردستانی عیراق چەندە لە ڕوی جوگرافیای سروشتیەوە جوان و دەوڵەمەندە، ئەوەندە لە ڕوی جوگرافیای سیاسی و بەشەریەوە سەخت و ناڵەبارە. ئەمەش هەلومەرجی کوردستانی کردوە بە یەکێ لە ئاڵۆزترین کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کوردستانی عیراق کەوتۆتە ناو سنوری دەوڵەتی عیراقەوە. کورد لە باشترین حاڵەت دا سێیەکی دانیشتوانی عیراق پێک ئەهێنێ و دوسێیەکەکەی تری دانیشتوانی عیراق عەرەبن و هەمیشە خۆیان و عیراقیان بە بەشێ لە نەتەوە و نیشتمانی عەرەب ژماردوە. عیراق هاوسنورە لە گەڵ ٤ دەوڵەتی عەرەبی: سوریا، ئوردون، سعودیە، کوەیت و، دو دەوڵەتی ناعەرەبی: تورکیا و ئێران.

عیراق لە ناو هەریەکێ لەم دەوڵەتانەدا جۆرە دریژاییەکی ئیتنی، دینی، مەزهەبیی - مرۆیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری هەیە و، هەر دەوڵەتێکیش لەوانە جۆرە دریژاییەکی لە ناو عیراق دا هەیە. ئەم تێهەڵکێشیە جۆراوجۆرە لە باتی ئەوەی بەرژەوەندی هاوبەش و پێوەندی دامەزراو و دوستایەتی پتەو بخوڵقێنێ، ناکۆکی قوڵ و ململانێی سەخت و دژایەتی و دوژمنایەتی دروست کردوە.

کوردی عیراق لە ناو ئەم تەنورە داگیرساوەدا ئەژی.

کورد لە لایەکەوە بەشێکە لە دەوڵەتی عیراق. بیەوێ یا نەیەوێ بەشدارە لە هەمو کێشەکانی دا و، هاوبەشە لە شەڕ و گێچەڵ و کارەساتەکانی دا، بگرە کورد خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی ئاڵۆزانی پێوەندیەکانی عیراق و دراوسێکانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کورد لە لایەکی ترەوە بەشێکە لە نەتەوەی کورد. هەر بەشێکی ئەم نەتەوەیە لە ناو دەوڵەتێکی دراوسێی عیراق دا ئەژی، ئەو دەوڵەتەش هەمو پێشکەوتنێکی کوردی عیراق بە هەڕەشەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و بە مەترسی تێکدانی یەکێتی خاک و دابڕینی بەشێ لە وڵاتەکەی دائەنێ. لە بەر ئەوە یەکسەر دژی ئەوەستێ.

کورد بە هۆی قورسایی دیمۆگرافیەوە بۆ راستکردنەوەی هاوسەنگی نێوان شیعە و سوننەی عەرەب لە عیراق دا لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عیراقەوە هەمیشە بەشدار کراوە لە وەزارەت و داوودەزگا حکومەتیەکان دا بەڵام تا ڕوخانی بەعس هەرگیز وەکو نەتەوەیەکی جیاواز لە عەرەب بەشدار نەبوە لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراقی دا. لە بەر ئەوە نەیتوانیوە ڕێ بگرێ لەو پلان و پیلانانەی لە دژی ڕێکخراون. بۆیە هاوبەشیی نوێنەرایەتی کورد، هاوبەشیەکی ئامادە و چالاک، لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراقی تازە دا بۆ گەلی کورد شتێکی چارەنوسساز بو بۆ ئەوەی:

بەشی کورد لە دەسەڵات و سامان و ئەرزْ ی دەوڵەتی عیراق دا دەستەبەر بکا.

عیراق ببێتە سەرچاوەی هێز و پشتیوانی بۆ کورد نەک سەرچاوەی هەڕەشە و لاوازی.

هێز و توانای بەشەری و مادی دەوڵەتی عیراق بۆ پێشکەوتنی گەلی کورد و گەشەکردنی وڵاتەکەی بە کار بهێنێ.

بە شدار بێ لە داڕشتنی بڕیارە گرنگەکان دا بە تایبەتی ستراتیجیەکان و، ئاگادار بێ لە هەمو بڕیارەکان تا لە پشتی ئەوەوە هیچ بڕیارێ نەدرێ و هیچ ڕێککەوتنێ نەکرێ زەرەری لێ بدا.

ناوەندی دەزگای بڕیاردانی سیاسی دەوڵەتی عیراق لە بەغدادە. کەواتە کورد ئەبو لە بەغداد بێ. لە دوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس، مەجلیسی حوکم دامەزرا، ئەنجومەنی وەزیران پیکهات و کورد هەندێ وەزارەتی گرنگی وەرگرت و لە هەندێ وەزارەتی گرنگی تردا پایەی بەرزی وەرگرت. لە گەڵ پرۆسەکەدا ڕۆیشت تا پەیکەرەی دەزگاکانی بڕیاردانی سیاسی: سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەندامەکانی، دروست کرایەوە و، لە هەمو ئەمانەدا شوێنی خۆی گرت.

هەڵەی سیاسی و دەرەنجامی ستراتیجی

ساڵی ١٩٧٠ مەلا مستەفای بارزانی، سەرکردەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، کەوتۆتە گفتوگۆ لە گەڵ سەرکردایەتی ئەوسای عیراق. کاتێ کە دەستەی نوێنەرایەتی خۆی ناردوە بۆ دانوسەندن لە سەر مافەکانی کورد لە گەڵ نوێنەرانی بەعس لە بەغداد، داوای لێ کردون ئەوانە بچن بۆ دانوسەندن کە بە تەمای وەرگرتنی هیچ مەنسەب و مەسئولیەتێک نین لە حکومەتی عیراق دا. کەچی ساڵی ٢٠٠٣ سەرکردایەتی کورد دەستەیەکی نوێنەرایەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

راسپارد بۆ دانوسەندن، دەربارەی مافەکانی کورد لە گەڵ لایەنە عەرەبیەکان و لایەنی ئەمەریکی، کە خۆیان بە تەمای وەرگرتنی پۆستی بەرز بون لە حکومەتی عیراق دا. ئەمە جگە لەوەی لە "هونەری دانوسەندن" دا کارێکی نادروستە، هەڵەیەکی سیاسی بو ئەنجامی ستراتیجی لێ کەوتەوە.

لە پاش دامەزراندنەوەی داوودەزگاکانی دەوڵەتی عیراقی تازەوە تا ئیستا (٢٠٠٣-٢٠٠٨) سەرەڕای بەشداری چڕوپڕی نوێنەرایەتی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراقی دا، قورسایی کورد لە تەرازوی هێزە سیاسیەکان دا گۆڕانی بنەڕەتی بە سەردا هاتوە. بە درێژایی سەردەمی مەجلیسی حوکم و، بە درێژایی سەردەمی وەزارەتی د ئەیاد عەلاوی و، بە درێژایی سەردەمی وەزارەتی د ئیبراهیم جەعفەری و،بە درێژایی ساڵی یەکەمی تەمەنی وەزارەتەکەی نوری مالیکی، تەرازوی هێز لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی بەغدادا لاسەنگ بو بەڵام بە قازانجی کورد. نوێنەرانی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراقی دا ئەیانتوانی بەشێ لە خواستەکانی، کە لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق و لە دەستوری هەمیشەیی دا، سەلمێنرا بو بسەپێنن. شوێنی کورد لە عیراق دا بەهێزتر بکەن و دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسی و سەربازی باش بۆ هەرێمی کوردستان بە دەس بهێنن. سەرکردایەتی کورد منەت بە سەر کوردا ئەکەن کە هەندێ لە مافەکانی کوردیان ئاخنیوەتە دەستوری عیراقەوە، بەڵام با بزانین کام لەم مافانە لە سەر ئەرز جێبەجێ کراون:

گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان

ئەیانتوانی پێ دابگرن لە سەر جێبەجێ کردنی مادەی ٥٨ لە وادەی خۆی دا و دوای ئەوەی لەو وادەیەدا جێبەجێ نەکرا ئەیانتوانی پێ دابگرن لە سەر جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ لە ماوەی دیاریکراوی دەستوری دا.

یەکسانی زمانی عەرەبی و کوردی

ئەیانتوانی پێ دابگرن لە سەر جێبەجێ کردنی یەکسانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی (مادەی: ٤ لە دەستوری هەمیشەیی عیراق). زمانی کوردی بخەنە سەر هەمو دۆکۆمێنتەکانی عیراق بە تایبەتی: پارە، پاسپۆرت، هەویەی ئەحوالی شەخسی، پولی پۆستە و مالیە... کە سەنگی مەعنەوی هەیە بۆ تاکی کورد و سەنگی سیاسی هەیە بۆ نەتەوەی کورد.

کاروباری جەنگی

ئەیانتوانی بەشداریەکی کاریگەر بکەن لە داڕشتنی چوارچێوەی ستراتیجیی "ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی عیراق" دا و، پێ دابگرن لە سەر دەستەبەر کردنی پشکی کورد لە وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی و دەزگا موخابەراتیەکانی و وەزارەتی دیفاع و جەیشی عیراق دا. جەیشی عیراق بە جۆرێ دروست بکرێتەوە کە سنوری عیراق بە تایبەتی سنوری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستان، پارێزگاری بکا لە دەسدرێژی دەرەکی، نەک بکرێتەوە دەسکەلای دەسەلات بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیە ناوەکیەکان (مادەی ۹ اولا: لە دەستور). لە هەمان کات دا ئەیانتوانی پێشمەرگە لە هێزی پاسەوانی حیزب و سەرکردەکانیەوە بکەن بە هێزێکی رێکوپێکی نیزامیی "پاسەوانی هەرێم" ی کوردستان (مادەی ۱۲۱ خامسا: لە دەستور).

کاروباری دەرەوە

ئەیانتوانی بەشداریەکی کاریگەر بکەن لە دارشتنی چوارچێوەی ستراتیجیی "سیاسەتی دەرەکی" عیراق دا و، پێ دابگرن لە سەر دەستەبەر کردنی پشکی کورد لە وەزارەتی دەرەوە و سەفیر و کارمەندی سەفارەتەکانی عیراق دا، لە هەما کات دا "نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان" بۆ کاروباری گەشتوگوزار و رۆشنبیری و گەشەسەندن لە هەمو سەفارەتەکان دا دابمەزرێنن (مادەی ۱۲۱ رابعا: لە دەستور) و، بەشی کورد لە هەمو نوێنەرایەتی و ناردەکانی عیراق دا بۆ لای رێکخراوە ناودەوڵەتیەکان و کۆڕ و کۆبونەوە جیهانیەکان و، لە "زمالە و بعثاتی دراسی" دابین بکەن (مادەی ۱۰۵: لە دەستور).

کاروباری ئابوری

ئەیانتوانی بەشداریەکی کاریگەر بکەن لە دارشتنی چوارچێوەی ستراتیجیی "سیاسەتی ئابوری" عیراق دا و پێ دابگرن لە سەر دەستەبەر کردنی پشکی کورد (مادەی ۱۲۱ ثالثا: لە دەستور) لە ئابوری و دارایی و بازرگانی عیراق دا:

لە وەزارەتی دارایی دا بۆ بەشداری لە دارشتنی پرۆژەی قانونی بودجەدا.

لە وەزارەتی نەوت و کانزاکان دا بۆ چاودێری بەرزی و نزمی داهاتی رۆژانەی عیراق و رێککەوتنە نەوتی و غازیەکان.

لە وەزارەتی ئابوری و بازرگانی دا بۆ چاودێری چەردەی داهات و جۆری خەرجی عیراق و بەشی کورد لە خۆراک و سوتەمەنی دا.

لە هەیئەتی سەربەخۆی چاودیریی بەدەسهێنان و دابەشکرانی دادپەروەرانەی داهات و قەرز و منحە (مادەی ۱۰٦: لە دەستور).

لێپرسینەوە

لە هەرێمی کوردستان هیچ .لایەنێکی دەستوری، قانونی، سیاسی، تەنانەت حیزبی، نیە دەسەلاتی لێپرسینەوەی هەبێ لە گەڵ هیچ کام لە ئەندامانی نوێنەرایەتی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراقی دا.

ئەوانیش ئەوەندەی لە خەمی مسۆگەر کردنی پلە و پایەی بەرز و دەسکەوتی تایبەتی دا بون بۆ خۆیان و خزم و دەسوپێوەندەکانیان ئەوەندە لە خەمی چەسپاندنی مافەکانی کوردا نەبون لە مەیدانی جێبەجێ کردن دا.

وێستەکانی ئەوان هاتە دی خواستەکانی ئێمە کەوتە گەروی نەهەنگەوە!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاشکۆ:

ماده پێوەندیدارەکانی دەستوری عیراقی بەم بابەتەوە:

المادة ٤:

اولا: اللغة العربية واللغة الكردية هما اللغتان الرسميتان للعراق، ويضمن حق العراقيين بتعليم ابنائهم باللغة الامكال تركمانية، والسريانية، والارمنية، في المؤسسات التعليمية الحكومية، وفقا للضوابط التربوية، او بأية لغة اخرى في المؤسسات التعليمية الخاصة.

ثانيا : يحدد نطاق المصطلح لغة رسمية، وكيفية تطبيق احكام هذه المادة بقانون يشمل:

أ ـ اصدار الجريدة الرسمية باللغتين .

ب ـ التكلم والمخاطبة والتعبير في المجالات الرسمية كمجلس النواب، ومجلس الوزراء، والمحاكم، والمؤتمرات الرسمية، بأي من اللغتين.

ج ـ الاعتراف بالوثائق الرسمية والمراسلات باللغتين واصدار الوثائق الرسمية بهما.

د ـ فتح مدارس باللغتين وفقا للضوابط التربوية.

ھ ـ اية مجالات اخرى يحتمها مبدأ المساواة، مثل الاوراق النقدية، وجوازات السفر، والطوابع.

ثالثا: تستعمل المؤسسات الاتحادية والمؤسسات الرسمية في اقليم كردستان اللغتين.

رابعا: اللغة التركمانية واللغة السريانية لغتان رسميتان أخريان في الوحدات الادارية التي يشكلون فيها كثافة سكانية.

خامسا: لكل اقليم او محافظة اتخاذ اية لغة محلية اخرى، لغة رسمية اضافية، اذا اقرت غالبية سكانها ذلك باستفتاء عام.

المادة ٩:

اولا:

أـ تتكون القوات المسلحة العراقية والاجهزة الامنية من مكونات الشعب العراقي، بما يراعي توازنها وتماثلها دون تمييز او اقصاء، وتخضع لقيادة السلطة المدنية، وتدافع عن العراق، ولا تكون اداة لقمع الشعب العراقي، ولا تتدخل في الشؤون السياسية، ولا دور لها في تداول السلطة.

ب ـ يحظر تكوين ميليشيات عسكرية خارج اطار القوات المسلحة.

ج ـ لا يجوز للقوات المسلحة العراقية و أفرادها، و بضمنهم العسكريون العاملون في وزارة الدفاع أو أية دوائر أو منظمات تابعة لها، الترشيح في انتخابات لإشغال مراكز سياسية، ولا يجوز لهم القيام بحملات انتخابية لصالح مرشحين فيها، ولا المشاركة في غير ذلك من الاعمال التيتمنعها انظمة وزارة الدفاع، ويشمل عدم الجواز هذا انشطة اولئك الافراد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

المذكورين آنفا التي يقومون بها بصفتهم الشخصية او الوظيفية، دون ان يشمل ذلك حقهم بالتصويت في الانتخابات.

د ـ يقوم جهاز المخابرات الوطني العراقي بجمع المعلومات، وتقويما لتهديدات الموجهة للأمن الوطني، وتقديم المشورة للحكومة العراقية، ويكون تحت السيطرة المدنية، ويخضع لرقابة السلطة التشريعية، ويعمل وفقا للقانون، وبموجب مبادئ حقوق الانسان المعترف بها.

هـ ـ تحترم الحكومة العراقية، وتنفذ، التزامات العراق الدولية الخاصة بمنع انتشار وتطوير وإنتاج واستخدام الاسلحة النووية والكيميائية والبيولوجية، ويمنع ما يتصل بتطويرها وتصنيعها وانتاجها واستخدامها منمعدات ومواد وتكنولوجيا وأنظمة للاتصال.

ثانيا: تنظم خدمة العلم بقانون.

المادة ١٠٥:

تؤسس هيئة عامة لضمان حقوق الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم، في المشاركة العادلة في ادارة مؤسسات الدولة الاتحادية المختلفة، والبعثات والزمالات الدراسية، والوفود والمؤتمرات الاقليمية والدولية، وتتكون من ممثلي الحكومة الاتحادية، والاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم، وتنظمبقانون.

المادة١٠٦:

تؤسس بقانون، هيئة عامة لمراقبة تخصيص الواردات الاتحادية، وتتكون الهيئة من خبراء الحكومة الاتحادية والاقاليم والمحافظات وممثلين عنها، وتضطلع بالمسؤوليات الآتية:

اولا: التحقق من عدالة توزيع المنح والمساعدات والقروض الدولية، بموجب استحقاق الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم.

ثانيا: التحقق من الاستخدام الامثل للموارد المالية الاتحادية واقتسامها.

ثالثا: ضمان الشفافية والعدالة عند تخصيص الاموال لحكومات الاقاليم او المحافظات غير المنتظمة في اقليم، أو اوفقا للنسب المقررة.

المادة١٢١:

اولا : لسلطات الاقاليم، الحق في ممارسة السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية، وفقا لاحكام هذا الدستور، باستثناء ما ورد فيه من اختصاصات حصرية للسلطات الاتحادية.

ثانيا: يحق لسلطة الاقليم، تعديل تطبيق القانون الاتحادي في الاقليم، في حالة وجود تناقض او تعارض بين القانون الاتحادي وقانون الاقليم، بخصوص مسألة لا تدخل في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية.

ثالثا: تخصص للاقاليم والمحافظات حصة عادلة من الايرادات المحصلة اتحاديا، تكفي للقيام بأعبائها ومسؤولياتها، مع الاخذ بعين الاعتبار مواردها وحاجاتها، ونسبة السكان فيها.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رابعا: تؤسس مكاتب للاقاليم والمحافظات في السفارات والبعثات الدبلوماسية، لمتابعة الشؤون الثقافية والاجتماعية والانمائية.

خامسا: تختص حكومة الاقليم بكل ما تتطلبه ادارة الاقليم، وبوجه خاص انشاء وتنظيم قوى الامن الداخلي للاقليم، كالشرطة والامن وحرس الاقليم.

*

خوێندنەوەیەکی کوردی بۆ ڕێکەوتنی ئەمەریکی – عیراقی

سایتی "سبەی"

١٢ ی ١١ ی ٢٠٠٨

ماوەی چەند مانگێکە لە سەر ڕێککەوتنی ئەمەریکی – عیراقی مشتومڕە. ئەم ڕێکەوتنە لە ناو کەسایەتیەکانی عەرەب دا لێدوان و تێچێنی جۆراوجۆر و دژی یەکی بە ئاشکرا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا لی کەوتۆتەوە، کەچی لە ناو کوردا کەمترین باسی لێوە کراوە لە کاتێک دا ئەم ڕێکەوتنە ئەوەندەی پێوەندی بە عیراقەوە هەیە ئەوەندەش پێوەندی بە سەلامەتی کوردەوە هەیە.

ئەگەرچی سەرکردەکانی کورد زۆر بە پەرۆشەوە لە قبوڵکردنی ڕێکەوتنەکە دوان و ئەوان وەکو "پارێزەر" ی یەکەمی ریکەوتنەکە دەرکەوتن. پێیان وابوە هەرچی ئەمەریکا بیکا ئەبێ ئەمان بێ قەیدوشەرت پشتیوانی لێ بکەن و بە باشی دابنێن. کەچی زۆرایەتی خەڵکی کوردستان، تەنانەت کەسایەتیە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریەکانی، شتێکی ئەوتۆ لە ناوەڕۆکی ریکەوتنەکە نازانن. ئەمەش ئەمان باتەوە بۆ پرسێکی گرنگی جوڵانەوەی کورد و جۆری سەرکردایەتی کردنی و بەڕێوەبردنی ململانێ و کێشەکانی، ئەویش نەبونی ڕونی سیاسی بوە لە پەیوەندیە دەرەکیەکانی: سیاسی، ئابوری، عەسکەری... حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی حیزبەکانیدا، لە گەڵ بەغداد و دەوڵەتانی دراوسێ و دنیا کە هەمیشە لە تاریکی دا بوە.

ئەگەرچی دەقی ڕێکەوتنەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لە چەندین ڕۆژنامە و سایتی ئەلکترۆنی دا بڵاو کراوەتەوە، هەندێ ڕۆژنامەش دەقەکەیان کرد بە کوردی و بڵاویان کردەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بو کەسانێکی شارەزای کاروباری قانونی، سیاسی، سەربازی، ئابوری، لێیان نەکۆڵیەوە کە ئاخۆ کاریگەری ئەم ڕێکەوتنە لە سەر ئیستا و پاشەڕۆژی کوردستانی عیراق بە ئیستای هەرێم و ناوچە دابڕاوەکانیەوە چی ئەبێ.

ئەگەرچی وەزیری کاروباری دەرەوەی عیراق کوردە و، بە پێی ئەو "سیستەمی کۆتا" یەی کە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی لە سەر دامەزراوە، ئەم بۆتە وەزیری ئەو وەزارەتەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەشی کوردبوە، بەڵام گفتوگۆکانی ئەمەریکی – عیراقی دەریان خست هەبونی وەزیری کورد، بە تایبەتی ئەگەر داکۆکی لە بەرژەوەندیەکانی کورد نەکا، لە کابینەکەی بەغدادا هەبێ یا نەبێ شتێ لە مەسەلەکان ناگۆڕێ.

گفتوگۆ لە سەر ڕێکەوتنەکە لە سەرەتاوە بە دەس وەزارەتی دەرەوە بو. وەزیری دەرەوە، بێ ئەوەی زانیاریەکی ڕاست و ڕوشن بدا بە ڕای گشتی عیراقی و کوردی، لە قسەکانی دا هەمیشە بەهاری ئەهێنایە چۆکان. وای دەرئەخست کە ڕێکەوتنەکە گەیشتوتە کۆتایی و ها کە ئیمزا کرا. سەرکردەکانی کوردیش وا بە جوانی و بە حەماسەوە داکۆکییان لێ ئەکرد یەکێ شارەزا نەبوایە وای ئەزانی بەڵگەی سەربەخۆیی کوردستانی تێدا ڕائەگەیەنرێ، تا نوری مالیکی کتوپڕ بە جۆرێ کە لە "سوکایەتی پێ کردن" ئەچو هەمو فایلەکەی لە وەزیر و وەزارەتی دەرەوە سەندەوە، ئیتر خۆی ڕاستەوخۆ کەوتە بەڕێوەبردنی و هەندێ لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە دزەی پێ کرا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

لێرەدا چەند ڕاستیەک، ڕەنگە تاڵ بێ، بەڵام پێویستیان بە ڕونکردنەوە هەیە:

یەکەم، لە عیراقی فیدرالی دا کاروباری دیفاع و دەرەوە و دارایی، بە پێی مادەی ۱۱۰ ی "دەستوری هەمیشەیی" کە پارلەمانی کوردستان پەسەندویەتی و زۆرایەتی دەنگدەرانی کورد لە ریفراندۆم دا دەنگی بۆ داوە، لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیە. واتە ئەم ڕێکەوتنەش لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیە.

دوەم، ئەم ڕێکەوتنە و هەر ڕێکەوتنێکی تری لەم بابەتە، کە عیراق بە پێی مادەی ۲۳ ڕێکەوتننامەکە بۆی هەیە لە گەڵ دەوڵەتانی هاوبەشی هێزەکانی فرەڕەگەز و ڕێکخراوە ناودەوڵەتیەکان بیکا، کار ئەکاتە سەر ئیستا و پاشەڕۆژی گەلی کورد و هەرێمی کوردستان. لە بەر ئەوە ئەبێ کوردیش لە ئامادەکاری دا بۆ ئەم ڕێکەوتنانە ئاگادار و بەشدار بێ.

سێیەم، ئەگەر لە شاندێکی وەهادا، نوێنەری حکومەتی هەرێم، بە دەسەڵاتەوە بەشدار نەبێ، وەزیری دەرەوە کورد بێ یا عەرەب، چی لە مەسەلەکە ئەگۆڕێ. بە تایبەتی ئەگەر ڕێکەوتنەکە سەرەنجام بە دەنگی زۆرایەتی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق پەسەند کرا. ئەوسا حکومەتی هەرێم و پارلەمانی کوردستان پەسەندی بکەن یا ڕەتی بکەنەوە ئەبێتە کەپەنکی پاش باران.

چوارەم، ناوی دەوڵەتی ئەمەریکا بە "وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا" نوسراوە کەچی لە هیچ مادەیەکی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا ئیشارەت بە فیدرالی بونی دەوڵەتی عیراق نەدراوە و، هەمیشە بە "کۆماری عیراق" و "حکومەتی عیراق" ناو براوە.

ڕەوتی گفتوگۆی ڕێکەوتنی ئەمەریکی – عیراقی ئەبێ زەنگی هۆشیاری بێ بۆ کورد، ئەگەر وا بڕوا لە ڕابردودا عیراق پەیمانی سەعدابادی (۱۹۳۷) ی لە گەڵ تورکیا و ئێران و،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دواتر پەیمانی بەغداد (١٩٥٥) ی لە گەڵ ئێران و تورکیا و، پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری (١٩٧٢) ی لە گەڵ یەکێتی سۆڤێت و، ڕێککەوتنی جەزائیری (١٩٧٥) ی لە گەڵ ئێران ئیمزا کردوە، ئیستاش کێ ئەڵێ لە پاشەڕۆژێکی نزیک دا چەندین ڕێککەوتنی لەو جۆرە لە گەڵ ئێران و تورکیا و سوریا لە پشتی کوردەوە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی کورد ناکرێ؟ خۆ تا ئیستاش ئێران سورە لە سەر زیندویەتی و کارپێکردنی ڕێککەوتنی شا – سەدامی جەزائیر (١٩٧٥) کە بە تایبەتی دژی کورد ساز کرا، کەچی وەزارەتی دەرەوەی عیراق هیچ هەنگاوێکی جدی نەناوە بۆ هەڵوەشاندنەوە یا گۆڕینی بە ڕێککەوتنێکی تر.

دەربارەی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە

ئەمەریکا وەکو گەورەترین زلهێزی دنیا هێزەکانی بە سەرانسەری دنیادا بڵاو کردۆتەوە. بۆ ڕێکخستنی دۆخی قانونی هێزەکانی لەو وڵاتانەدا کە هێزەکانی تێدا ماوەتەوە، لە گەڵ هەر یەکێکیان ڕێککەوتننامەیەکی ئیمزا کردوە. ئەم جۆرە ڕێکەوتنە بە ناوی ڕێکەوتن لە سەر دۆخی هێزەکان "سۆفا:status of forces agreement"وە، چۆتە ناو فەرهەنگی سیاسیەوە. ئەمەریکا لەم جۆرە ڕێکەوتنەی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە حکومەتەکانی دنیا مۆر کردوە لەوانە دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ، یابان، کۆریا، عەرەبستانی سعودی، عومان، کوەیت، قەتەر، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتو... ڕێککەوتننامەی عیراق – ئەمەریکاش، هەمان "سۆفا" یە، بەڵام عیراق ئەیەوێ ناوی بنێ "ڕێککەتننامەی کشانەوە".

ڕەشنوسی "ڕێککەتننامەی کشانەوە" ی ئەمەریکی - عیراقی پێک هاتوە لە دێباجەیەکی کورت و ٣١ مادە. ئەگەرچی لە هیچ مادەیەکی دا باسی دانانی "بنکەی جەنگی" یا "بنکەی سەربازی" ناکا بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە زۆری مادەکانی بە تایبەتی مادەکانی: ٥ هەتا ٢٤ تەرخان کراوە بۆ ڕێکخستنی دۆخی سەربازی، سیاسی، ئابوری، دارایی، تەکنیکی... مانەوە و جوڵان و هاتوچۆ و لەشکرکێشی هێزەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەی قانونی دا لە بنکە سەربازیەکانی خۆیان دا لە سەر ئەرزی عیراق و لە دەرەوەی بنکەکانی خۆیان.

بە پێی مادەی ٣١: ماوەی ٣ ساڵ کار بەم ڕێکەوتنە ئەکرێ و،

بە پێی مادەی ٢٥: هێزەکانی ئەمەریکا ئەبێ تا ٢٠٠٩/٦/٣ لە ناو شار و ئاواییەکانی عیراق بکشێنەوە بنکە سەربازیەکانیان و، تا ٢٠١١/١٢/٣١ لە هەمو عیراق بکشێنەوە، ئەگەر تا ئەوسا ئەم ڕێکەوتنە هەڵ نەوەشێنرێتەوە یا درێژ نەکرێتەوە.

لێرەدا پێویست ناکا مادەکانی ڕێکەوتنەکە یەکە یەکە شی بکرێتەوە و، لە باری سەرنجی بەژەوەندی کوردەوە هەڵبسەنگێنرێن، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا باس بکرێ، لە بەر چکاوەی تەجروبە تاڵەکانی ڕابوردوی کوردا، چەند بابەتێکە کە پێوەندیان بە دێباجە و بە چەند مادەیەکەوە هەیە لەوانە: مادەکانی ٤ و ٢٦ و ٢٨ کە ئەشێ مایەی نیگەرانی بن بۆ کورد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە دیباجەکەدا ئامانجی ڕێککەوتنەکە بەمجۆرە ڕون کراوەتەوە: "... پتەوکردنی ئاسایشی هاوبەش و بەشداری لە ئاشتی و ئاسایشی ناونەتەوەیی و، بەگژاچونەوەی ئیرهاب لە عیراق دا و، هاوکاری کردنی یەکتری لە بوارەکانی ئاسایش و بەرگری و، بە هۆی هەمو ئەوانەوە ... بەڕێەرچدانەوەی هەڕەشەکانی لە سەروەری و ئاسایش و یەکێتی ئەرزی عیراق ئەکرێ..."

مادەی ٤: ئەرکەکان

بۆ بەڕێەرچدانەوەی هەمو هەڕەشەیەکی ناوەکی و دەرەکی دژی کۆماری عیراق و بۆ بەهێزکردنی هاوکاری بۆ تێکشکاندنی تەنزیمی قاعیدە لە عیراق دا و المجموعات الاخری الخارجە عن القانون بۆ ئەو مەبەستە هەردولا، لە سەر بنچینەیەکی کاتی، پێکهاتن لە سەر:

١. حکومەتی عیراق داوای یارمەتی کاتی ئەکا لە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان کە پشتگیری بکا لە هەوڵەکانی دا بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە عیراق دا، لەوانە هاوکاری بۆ ئەنجامدانی لەشکرکێشی دژی تەنزیمی قاعیدە و گروپە ئیرهابیەکان و المجموعات الخارجە عن القانون، لەوانە پاشماوەکانی ڕژێم.

٢. هەمو ئەو لەشکرکێشییانەی کە بە پێی ئەم ڕێککەوتنە ئەنجام ئەدرێن، بە موافەقەتی حکومەتی عیراق و هاوئاهەنگی تەواوی دەسەلاتی عیراقی ئەکرێن. هەمو ئەو لەشکرکێشییانە کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ هاوئاهەنگی سەربازی سەرپەرشتیان ئەکا، کە بە پێی ئەم ڕێککەوتنە پێک ئەهێنرێ. هەر کێشەیەکی پێوەندیدار بە لەشکرکێشی پێشنیارکراوەوە کە کۆمیتەی هاوبەشی هاوئاهەنگی نەیتوانی یەکلایی بکاتەوە ئەنێردرێ بۆ کۆمیتەی وەزاری هاوبەش.

٣. هەمو ئەو لەشکرکێشییانە لە گەڵ ڕێزگرتنی تەواوی دەستوری عیراقی وقانونەکانی، جێبەجێکردنیان گونجاو ئەبێ لە گەڵ سەروەری عیراق و بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی، بەوجۆرەی حکومەتی عیراق دیاری ئەکا، ئەرکی هێزەکانی ئەمەریکایە ڕێزی قانون و داب و نەریتەکانی عیراق و قانونی ناودەولەتانی بگرێ.

٤. هەردولا پێک دێن درێژە بدەن بە هەوڵەکانیان بۆ هاوکاری لە پێناوی بەهێزکردنی توانای ئاسایشی عیراق، بەو جۆرەی لە سەری ڕێک ئەکەون، لەوانە مەشق و تجهیز و پشتیوانی و پەیدا کردن و دامەزراندن و نوێکردنەوەی دەزگا لۆجستیەکان (گوێزانەوە و دالدەدان و ئازوقەدانی سەربازەکان)

٥. ئەم ڕێککەوتنە مافی هەردولا بۆ خۆپاراستن دیاری ئەکا وەکو ئەوەی لە قانونی ناودەوڵەوتی پێوەندیدار دا پێناسە کراوە.

مادەی ٢٨: بەڕێەرچدانەوەی مەترسیە ئاسایشیەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە پێناوی پتەوکردنی ئاسایش و ئارامی دا لە عیراق و بەشداری کردن لە دروژەپێدانی ئاشتی و ئارامی ناونەتەوەیی دا، هەردولا بە چالاکی هەوڵ ئەدەن لە پێناوی بەهێزکردنی تواناکانی سیاسی و عەسکەری کۆماری عیراق و توانینی عیراق بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە سەروەری و سەربەخۆیی سیاسی و یەکێتی ئەرزی ئەکەن، بۆ ئەو مەبەستە هەردولا بە شێوەیەکی نزیک پێکەوە کار ئەکەن دەربارەی ئەو بابەتانەی پێوەندیان لە گەڵ بەرگری و ئاسایش هەیە، لەو بارەیەوە:

١. لە کاتی دەرکەوتنی هەر مەترسیەکی دەرەکی یا ناوەکی دژی عیراق یا ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەر، سەروەری یا سەربەخۆیی سیاسی یا یەکێتی ئەرزی یا ئاوی یا ئاسمانی، یا توانای مانەوەی دامەزراوە دیموکراتیەکانی پێشێل بکا، لە سەر داوای حکومەتی عیراق، هەردولا دەسبەجێ دەس ئەکەن بە گفتوگۆی ستراتیجی، بەوجۆرەی خۆیان لە سەری ڕێک ئەکەون، ولاتە یەکگرتوەکان ڕێوشوێنی گونجاو ئەگرێ، کە پێکدێ لە کاری دیپلۆماسی و ئابوری و سەربازی، یا هەر تێکەڵەیەکیان، بۆ بەرەنگاری ئەو مەترسیانە.

٢. هەردولا موافەقەت ئەکەن لە سەر دروژەدان بە هاوکاری پتەو بۆ چەسپاندن و بەردەوامی دامەزراوە ئاسایشی و دامەزراوە سیاسی و دیموکراتیەکانی عیراق، لەوانە، بە پێی ئەوەی کە خۆیان لە ناو خۆیان دا لە سەری ڕێک ئەکەون، هاوکاری بۆ مەشق و تجهیز و چەکدارکردنی هێزەکانی ئاسایشی عیراق، لە پێناوی شەڕی ئیرهابی ناوخۆیی و ناودەوڵەتانی والمجموعات الخارجه عن القانون، ئەوەش لە سەر داوای حکومەتی عیراق.

لێرەدا تەنیا ٣ بابەت، کە پێوەندیان بە پرسی کوردەوە هەیە، ئەخرێتە بەر باس:

یەکەم: کورد و گەرەنتی ناودەوڵەتی

هەندێ کەسایەتی سیاسی عیراق، لەوانە هەندێ لە کاربەدەستە پایەبلندەکانی کە کوردن، نیگەرانی قوڵیان دربڕی لە ئیمزانەکردنی و، مەترسی زۆر گەورەیان ئەخستە بەردەم خەڵکی عیراق وەکو:

ئەمەریکا هێزەکانی لە عیراق ئەکێشێتەوە...

ئینقیلابی عەسکەری ئەبێ...

ئێران دەس وەر ئەداتە هەمو کاروبارەکانی عیراقەوە...

ململانێی دەسەڵات و شەڕی ناوخۆی شیعە - شیعە و، سوننە - سوننە و، شیعە - سوننە و، کورد – عەرەب ... ئەقەومێ...

پارەی کەڵەکەبوی عیراق، کە ئیستا سەرۆک بوش پاراستویەتی، لە لایەن خاوەنقەرزەکانەوە تاڵان ئەکرێ...

بە کورتی عیراق ڕۆژەبەر ئەبێ!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام کەسیان باسیان لەوە نەکرد کە نەبونی هیچ گەرەنتیەکی ناوەوڵەتی بۆ پاراستنی کورد لەم رێکەوتنەدا جارێکی تر کورد ئەخاتەوە ژێر مەترسیەکی جدیەوە. بە تایبەتی لە پاشەڕۆژدا ئەگەر هاوسەنگی تەرازوی هێزەکان لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی بەغدادا بە جۆرێکی بنەڕەتی گۆڕا و، ئەگەر دەسەڵات لە بەغداد جارێکی تر کەوتە دەس هێزێکی قەومی شۆڤێنی یا دینیی تووندڕەو.

ساڵی ١٩٢١ کە دەوڵەتی عیراق دامەزرا خرایە ژێر ماندااتی بریتانیەوە. حکومەتی بریتانی عیراقی بەست بوەوە بە چەندین رێکەوتنامەی سەربازی و دارایيەوە.

ساڵی ١٩٣٠ کاتێ عیراق ویستی سەربەخۆیی بە دەس بهێنێ و ببی بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دا ئەبو بەریتانیا شایەتی بۆ بدا کە توانای هەیە خۆی بەڕێوە ببات، بەریتانیا لە نرخی ئەم شایەتیەدا داوای ئەکرد کە رێکەوتنە کۆنەکان بە شێوەیەکی تازە دابڕێژنەوە.

رێکەوتنە کۆنەکان هەندێ رستەیان تێدا بو سەبارەت بە سەلماندنی هەندێ لە مافەکانی کورد، چونکە کۆمەڵەی نەتەوەکان بەو مەرجە ولایەتی موسڵ (بەشێکی کوردستانی ئەگرتەوە) خستبوە سەر دەوڵەتی عیراق کە دان بە هەندێ لە مافەکانی کوردا بنێ. رێکەوتنە تازەکەی بەریتانی _ عیراقی ئەو مافانەی کوردی پشتگوێ خست بو، بە بیانوی ئەوەی رێکەوتنەکە کارێکی ناوەوڵەتانیە بەڵام کێشەی کورد کارێکی ناوخۆی عیراقیە.

چالاکەکانی کورد لەو سەردەمەدا لە رێگەی ناردنی عەریزە و مەزبەتە و یادداشت و بروسکەوە بۆ حکومەتی بەریتانی و حکومەتی عیراق و کۆمەڵەی نەتەوەکان و، لە رێگەی خۆپیشاندان و گفتوگۆی روبەڕو لە گەڵ نوێنەرانی عیراقی و بەریتانیەوە داوایان کرد جۆرێ لە گەرەنتی سەبارەت بە دابینکردنی مافەکانی کورد لەو رێکەوتنەدا بنوسرێ، چونکە ترسی ئەوەیان هەبو حکومەتی عیراق لە پاشەڕۆژدا وەک چۆن تورک ئەرمەنی قڕ کردوە، ئەوانیش کورد لە عیراق دا قڕ بکەن. بەڵام هەوڵ و تەقەلای چالاکەکانی کورد سەرەنجام لە خوێناوی قوربانیەکانی شەشی رەشی ئەیلول (١٩٣٠) و لە زیندانەکانی عیراق دا خنکا.

دوای ئەوەی عیراق پەلاماری کوەیتی دا و داگیری کرد کۆمەڵگای ناوەوڵەتی بە دەنگ هات و ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ٦٦١ (١٩٩٠) ی دا و، بە دوای ئەویش دا زنجیرەیەک بڕیاری دا لەوانە بڕیارەکانی ٦٨٧ (١٩٩١)، ٦٩٩ (١٩٩١)، ٧٠٧ (١٩٩١)،٧١٥ (١٩٩١)،١٠٥١ (١٩٩٦)،١٢٤٨ (١٩٩٩)، ١٤٤١ (٢٠٠٢)، ١٤٨٣ (٢٠٠٣)، ١٥٤٠ (٢٠٠٤)... کە عیراقی خستە ژێر زەبری "بەندی حەوتەم" ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، کە ئەگەر بە ئاشتی لە کوەیت نەکشێتەوە بە زۆری هێز دەری بکەن و ئەگەر بە خۆشی بڕیارەکانی کۆمەڵگای ناوەوڵەتی جێبەجێ نەکرد بە زۆر بە سەری دا بسەپێنن. هێز بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەنیا بەکار هێنانی چەک نەبو، بەڵکو زنجیرەیەک سزای قورس و بڕیاری کاریگەر بو، سەرەنجام کوردیش وەکو میللەتی کوەیت کەڵکی لە هەندێکیان وەرگرت.

هەر لە ئەنجامی ئەو رووداوانەدا چەند بڕیاری گرنگ دەربارەی کورد درا لەوانە:

بڕیاری ٦٨٨ (١٩٩١) دەربارەی دامەزراندنی پەناگای ئەمین بۆ کورد.

بڕیاری ٩٨٦ (١٩٩٥) دەربارەی دیاریکردنی بەشی کورد لە پرۆگرامی نەوت بە خۆراک دا.

ئیستا یەکێ لە بیانوەکانی کاربەدەستانی عیراق و ئەمەریکی بۆ ئیمزاکردنی ئەم ریکەوتنە، وەکو لە مادەی ٢٦ دا رون کراوەتەوە، دەرهێنانی عیراقە لە ژێر باری بڕیارەکانی بەندی حەوتەم و ئەنجامەکانی.

کوردی عیراق چ قازانجێ ئەکا لە ئازادکردنی عیراق لە کۆتوپێوەندی ئەو بڕیارانە؟ ئەگەر ئەم کۆتو پێوەندە ناودەوڵەتییانە و، چاودێری ناودەوڵەتی نەمێنن و حکومەتی عیراق سەربەخۆیی تەواو وەربگرێتەوە چ گەرەنتیەک بۆ پاراستنی کورد هەیە؟ ئەگەر بڵێن دەستوری هەمیشەیی! خۆ چەندین مادە لە دەستوردا هەیە سەبارەت بە مافەکانی کورد لەوانە مادەی ١٤٠ بەڵام کامیان جێبەجێ کراوە و، گەرەنتی چیە بۆ جێبەجێ کردنیان؟

لەم ریکەوتنەدا هیچ دڵنیاییەک بە کورد نەدراوە کە حکومەتی عیراق هاوکاری عیراقی – ئەمەریکی لە پاشەڕۆژدا دژی کورد بە کار ناهێنێ و ریگە بە هێزە چەکدار و ئەمنیەکانی عیراق نادا تاوانی جینۆساید دژی کورد و هیچ گروپێکی ئیتنی و دینی دوبارە بکاتەوە.

دووەم: کورد و "المجموعات الخارجه عن القانون"

لەم ریککەوتنەدا ٣ جار باس لە "مجموعات خارجه عن القانون" کراوە. مادەی ٤ نوسیوێتی:

"بۆ بەرپەرچدانەوەی هەمو هەڕەشەیەکی ناوەکی و... تەنزیمی قاعیده و المجموعات الخارجه عن القانون..."

جارێکی تر لە بڕگەی یەکەمی هەمان مادەدا نوسیوێتی:

"حکومەتی عیراق داوای یارمەتی ئەکا ... دژی المجموعات الخارجه عن القانون"

ریکەوتنەکە جارێکی تر لە بڕگەی دووەمی مادەی ٢٨ دا نوسیوێتی:

"هەردولا موافەقەت ئەکەن... لە پێناوی شەڕی تێڕۆڕی ناوخۆیی و ناودەوڵەتی و المجموعات الخارجه عن القانون..."

*

کاتێ کە مادەی ٢٤ ی قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەبارەت بە کەرکوک ناکۆکی لە ناو پارلەمانی عیراق دا دروست کرد و، سەرۆکایەتی کۆمار قانونەکەیان رەت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردەوە، نوری مالیکی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق، لە تۆڵەی ئەوەدا بە بیانوی شەڕی تیرۆریزمەوە جەیشی عیراقی لە ژێر ناوی "عەمەلیاتی بەشائیرولخەیر" دا نارەد پارێزگای دیالە بۆ دەرکردنی هێزەکانی کورد (پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، بارەگای حیزبە کوردییەکان) لە جێناکۆکەکانی قەزای خانەقین: سەعدیە، جەلەولا، تەبەج، حەمرین، قەرەتەپە، جەبارە... کاتێ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ۱۵ ی ۸ ی ۲۰۰۸ بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە چونە بەغداد بە ڕاشکاوی ئاگاداری کردن کە بونی هێزەکانی کورد لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان "ناقانونیە" و مانەوەیان بە "دەرچون لە قانون" دائەنرێ و، چۆن ڕەفتاری لە گەڵ "جەیشی مەهدی" کردوە بە هەمان شێوە ڕەفتار لە گەڵ ئەمانیش ئەکا.

ئەگەرچی نوێنەرانی کورد ئەم هەڕەشەیەیان بە خەڵکی نەگوت بەڵام بە دوای مالیکی دا چەندین کەسایەتی سیاسی عیراقی هەمان قسەیان بە شێوەی جۆراوجۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا دوبارە کردەوە، لەوانە:

د هومام حەمودی، ئەندامی سەرکردایەتی مەجلیسی ئیسلامی ئەعلا، نوێنەری پارلەمان لە لیستی ئیئتیلافی شیعە دا، لە وتارێک دا لە بەردەمی کۆنفرەنسی "صادقون" دا لە تاران.

عەلی ئەدیب، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دەعوە و نوێنەری پارلەمان لە لیستی ئیئتیلافی شیعە، لە گفتوگۆیەک دا لە گەڵ ڕۆژنامەی شەرقی ئەوسەتی لەندەنی و لە گەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عیراقی دا.

د حەیدەر عەبادی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دەعوە و نوێنەری پارلەمان لە لیستی ئیئتیلافی شیعە لە قەناتە عیراقیەکانەوە.

سامی عەسکەری، ڕاوێژکاری سەرۆەزیر و نوێنەری پارلەمان لە لیستی ئیئتیلافی شیعە دا، لە گفتوگۆیەک دا ڕۆژی ۳۰ ی ۸ ی ۲۰۰۸ لە گەڵ "ڕادیۆی سەوا" لە هەمویان ڕونتر و ڕەوانتر وتی:

عەرەبیەکەی: "ان رئیس الوزراء نوری المالکی ابلغ القیادات الکردیه بان تواجد قوات البیشمرگه خارج اقلیم کردستان سیعرضها للملاحقه القانونیه... ان المالکی ابلغ القیادات الکردیه ایضا ان وجود قوات البیشمرگه خارج الخط الازرق فی قضاء خانقین فی محافظه دیالی یفرض علی الحکومه التعامل معها علی انها میلیشات خارجه عن القانون..."

کوردیەکەی: "سەرۆکی وەزیران نوری مالیکی بە سەرکردەکانی کوردی ڕاگەیاندوە کە بونی پێشمەرگە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەیانخاتە بەر ڕاونانی یاسایی... مالیکی بە سەرکردەکانی کوردی ڕاگەیاندوە بونی هێزەکانی پێشمەرگە لە دەرەوەی هێڵی شین لە قەزای خانەقینی پارێزگای دیالە بە سەر حکومەتی دا ئەسەپێنێ کە وەکو میلیشیای یاساشکێن ڕەفتاریان لە گەڵ بکا..."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کورد هەقیتی لەم دەستەواژانەی لەم چەند مادەیەدا نوسراون سڵ بکاتەوە. بە تۆمەتی یاخی بون و هەڵگەڕانەوە... لە قانون بە دریژایی میژوی حکومەتەکانی عیراق سەدان کورد لە دادگاکانی دا حوکمی ئیعدام دراون و بە هەزاران لە شار و گوندەکان دا کوژراون. ئەگەر بە مەنتیقی مالیکی و هاوکارەکانی بێ، وەکو لە رۆژانی قەیرانی خانەقین دا بە ئاشکرا دەرکەوت، پێشمەرگە و هێزەکانی کورد ئەچنە خانەی "المجموعات الخارجه عن القانون" و، بەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی وەکو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق ئەتوانێ داوا لە هێزەکانی ئەمەریکا بکا پێکەوە لە گەڵ هێزەکانی عیراق بچنە سەر هێزەکانی کورد. ئەمە لە کاتێک دا کە هێشتا ناکۆکیە بنەڕەتیەکانی کورد و حکومەتی عیراق بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، لەوانە:

یەکەم، ناکۆکی کوردی – عەرەبی لە سەر ناوچە جێناکۆکەکان، کە لایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەکی حکومەتی عیراقە، لە کاتێک دا هێشتا ناکۆکیەکە یەکلایی نەکراوەتەوە، چۆن ئەبێ هێزەکانی لایەکی ناکۆکیەکە بە "قانونی" و لاکەی تری ناکۆکیەکە بە "المجموعات الخارجه عن القانون" دابنرێ.

دووەم، ناکۆکی کوردی – عەرەبی لە سەر پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی کورد. دەستوری هەمیشەیی مافی هەرێمی کوردستانی سەلماندوە کە "حرس الاقلیم" ی خۆی هەبێ، بەڵام تا ئیستا جۆری رێکخستنی ئەم هێزە لە گەڵ هێزەکانی حکومەتی ناوەندی لە گفتوگۆدایە. تا ئەمە ساخ نەکرێتەوە چۆن ئەبێ ناتۆرەی "ناقانونی بون" بدرێتە پاڵ لایەک و دەسەڵاتی "قانونی بون" بە لاکەی تر بدرێ.

لە عیراقی ئیستادا ئەو دەزگایە کێیە دەسەڵاتی هەیە لایەک بە قانونی و لایەک بە ناقانونی دابنێ و، دەسەڵاتی هەیە داوا لە هێزەکانی ئەمەریکا بکا بۆ سەرکوتکردنی؟

ئەم رێکەوتنە هیچ جۆرە دڵنیاییەکی نەداوە بە کورد کە مەبەست لە "المجموعات الخارجه عن القانون" پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کورد نیە. کێ دەستەبەری ئەوە ئەکا حکومەتی عیراق ئەم بیانوانە بەد بە کار نەهێنێ. ئەبو لە سوچی یەکێ لە مادەکانی دا ئەم نیگەرانیەی کوردی بڕەوانایەتەوە.

سێیەم: کورد و یەکێتی ئەرزی عیراق

لەم رێکەوتنەکەدا ٣ جار باس لە "یەکێتی ئەرزی عیراق" کراوە، جارێک لە دیباجەکەی دا کە ئامانجی رێککەوتنەکە رون ئەکاتەوە و، نوسیوێتی:

"بۆ... بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی لە سەروەری و ئاسایش و یەکێتی ئەرزی عیراق ئەکرێ..."

هەروەها دو جار لە مادەی ٢٨ دا جارێک لە سەرەتای مادەکەدا کە نوسیوێتی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"... بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە سەروەری و سەربەخۆیی سیاسی و یەکێتی ئەرزی ئەکەن..."

جارێکی تریش لە بڕگەی یەکەمی هەمان مادەدا کە نوسیوێتی:

"... لە کاتی دەرکەوتنی هەر مەترسیەکی ... سەروەری یا سەربەخۆیی سیاسی یا یەکێتی ئەرزی یا ئاوی یا ئاسمانی... هەردولا دەسبەجێ دەس ئەکەن بە گفتوگۆی ستراتیجی... بۆ بەرەنگاری ئەو مەترسییانە..."

*

لەوەتی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە هەمو چالاکیەکی کوردی تووندوتیژ بووێ یان هێمنانە، سیاسی بووێ یا ڕۆشنبیری یا کۆمەڵایەتی... ئەگەر داوای دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بووێ، یا داوای ئۆتۆنۆمی، یا تەنانەت داوای هەندێ مافی ڕۆشنبیری بووێ، تاوانبار کراوە بە تێکدانی یەکێتی ئەرزی عیراق.

هەر بە بیانوی پاراستنی "یەکێتی ئەرزی عیراق" هەوە حکومەتەکانی عیراق لە سەردەمی حوکمی مەلەکیی بنەماڵەی هاشمیەوە (۱۹۲۱-۱۹۵۸) و دوای ئەو لە سەردەمی حوکمی جمهوری قاسم (۱۹۵۸-۱۹۶۳) حوکمی عارفەکان (۱۹۶۳-۱۹۶۸) حوکمی بەعس (۱۹۶۸-۲۰۰۳) یەک لە دوای یەک جەیشی عیراقیان ناردۆتە سەر کوردستان و دەیان هەزار کوردیان کوشتوە. تەنانەت بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجە و ئاوایێکانی تری کوردسان و عەمەلیاتی ئەنفال هەر بەم بەهانەیەوە ئەنجام دراوە.

بوێە ئەشێ ئەم چەند ڕستەیەی لەم ڕێککەوتننامەیەدا سەبارەت بە "یەکێتی ئەرز و ئاو و ئاسمان" و "پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی سیاسی و یەکێتی ئەرزی عیراق" نوسراون، کورد بە هەڕەشەیان بزانێ لە خۆی و بە مەترسیان دابنێ بۆ سەر خۆی. کاربەدەستانی عیراق لە کاتی تەقینەوەی هەندێ ناکۆکی بنەڕەتی دا، کە هێشتا بە زیندوویەتی ماون، ئەتوانن دژی کورد، بە کاری بهێنن. ئەگەر نەتوانن لە هەلومەرجی ئیستادا بە لەشکرکێشی جەنگی و هێزی سەربازی تاقی بکەنەوە، ئەتوانن بە ڕێگەی جەنگی ئابووری و سیاسی جێبەجێی بکەن.

*

ناکۆکیە کۆنەکانی نێوان کورد و عیراق، کە جاران لە نێوان بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و حکومەتی عیراق دا بو، ئیستا بۆتە ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب، لەوانە:

یەکەم، ناکۆکی عەرەبی – کوردی لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەت و ئەرزی عیراق

دوەم، ناکۆکی عەرەبی – کوردی لە سەر سنوری جوگرافی کوردستان

ئەم دو ناکۆکیە هەتا ئیستا یەکلایی نەکراونەتەوە، ئەتوانن هۆی لە یەک ترازان و پێکادان بن. لەو کاتەدا هەڵوێستی ئەم دو لایەنەی ڕێکەوتنەکە، ڕۆشنتر هەڵوێستی هێزەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمەریکا، لە کورد چی ئەبێ؟ لە گەڵ هێزەکانی عیراق دا پەلاماری کورد ئەدا، یان بێلایەن ئەبێ؟

لە کاتی نوسینی دەستوری هەمیشەیی عیراق دا لایەنی کوردی ویستی مافی چارەی خۆنوسینی کورد لە یەکێ لە بڕگەکانی دەستوردا بچەسپێنێ، سەرەنجام بەوە کۆتایی هات رستەیەک خرایە ناو دێباجەکەیەوە، کە دوا رستەیەو، ئەڵێ:

"پابەندی بەم دەستورەوە یەکێتی ئازادانەی گەل و ئەرز و سەروەری عیراق ئەپارێزێ"

واتە پاراستنی نەک هەر یەکێتی ئەرزی عراق، بەڵکو پاراستنی یەکێتی گەل و یەکێتی سەروەری دەوڵەتی عیراقیش مەرجدارە. بەستراوە بە پابەندیی بەو دەستورەوە کە هەندێ لە مافە سەرەتاییەکانی کوردی سەلماندوە. بە واتەیەکی تر ئەگەر کاربەدەستانی عیراق پابەندی دەستور نەبن، کوردیش ناچار نیە پابەندی "یەکێتی ئەرزی عیراق" بێ.

ئەم رێکەوتنە هیچ جۆرە دڵنیاییەکی نەداوە بە کورد کە جارێکی تر حکومەتی عیراق نەتوانێ تواناکانی عیراق (سەربازی، ئابوری، سیاسی...) بە بیانوی پاراستنی یەکێتی ئەرزی عیراقەوە دژی کورد بە کار بهێنێ. ئەبو لە سوچی یەکێ لە مادەکانی دا ئەم نیگەرانیەی کوردی بڕەوانایەتەوە.

*

دوای ئەم خوێندنەوەیە پرسیارێ دێتە سەر دەم: جێگەی کورد لەم رێککەوتنە ئەمەریکی – عیراقیەدا چیە؟

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەندێ بابەتی ئابووری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پرۆژەی ئاواکردنەوەی دێهاتی کوردستان

سایتی "سبەی"

٢ ی ١١ ی ٢٠٠٨

ئەم پرۆژەیە بۆیە لەم کاتەدا ئەخەمە بەرچاوی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان چونکە: یەکەم، هێشتا بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ لە کوردستان دوا بڕیاری لێ نەدراوە ئەشێ ئاڵوگۆڕ لە بابەتەکانی دا بکرێ و بەشی لەم پرۆژەیەی تێکەڵاو بکرێ.

دووەم، بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ ی عیراق ئەبو ٨٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکی بێ بەڵام بە هۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ئەمیش دابەزیوە بۆ ٦٧ ملیار دۆلار. لەم بودجەیە ئەگەر پشکی هەرێم ١٧% بێ زیاتر لە ١١ ملیار دۆلاری بەرئەکەوێ و، ئەگەر پشکی هەرێم ١٤% بێ زیاتر لە ٩ ملیار دۆلاری بەرئەکەوێ. لە هەردو حاڵەت دا چەردەیەکی ئەوەندە گەورەیە ئەتوانرێ لایەنی کەم ٢٠% ی کە ئەکاتە کەمێ زیاد یا کەم لە ٢ ملیار دۆلار لەم ساڵەوە بۆ جێبەجێکردنی بەشی لەم پرۆژەیە تەرخان بکرێ.

سەرەتا:

ساڵی ١٩٧٢ حکومەتی عیراق کەرتی نەوتی "تەئمیم" کرد. بەوە داهاتی عیراق لە نەوت زیادی کرد بەڵام لە ناوەڕاستی حەفتاکان دا کە نرخی نەوت لە بازاڕی دنیادا بەرز بوەوە داهاتی عیراق لە نەوت بوە چەردەیەکی خەیاڵی ئەوتۆ کە ئیتر منەتی بە داهاتی کەرتەکانی تری ئابوری، بە تایبەتی داهاتی کەرتی کشتوکاڵ، نەما.

رژیمی بەعس لە باتی ئەوەی داهاتی زۆری نەوت بۆ گەشەپیدانی عیراق و بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی و خۆشکردنی گوزەرانی خەڵک تەرخان بکا، بەشێکی گەورەی بۆ زلکردنی مەکینەی جەنگیی و، بڕێکی بۆ روخاندنی ئابوری دێهاتی کوردستان تەرخان کرد.

ئابوری دێهاتی کوردستان لە کۆنەوە لە سەر دو کۆڵەکەی سەرەکی راوەستاوە: یەکێکیان کشتوکاڵ و ئەوی تریان ئاژەڵداری بوە. رژیمی بەعس بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەردوکیانی روخاند بە مەبەستی ئەوەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و جوگرافی پێشمەرگایەتی تێک بداو، لە ئەنجامی ئەوەش دا دوایی بە شۆڕشی کورد بهێنێ. بە داهاتی نەوت توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە روخاندنی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان لە ئابوری دانیشتوانی ناوچەکە و لە عیراق دا دروستی کرد.

عەمەلیاتی ئەنفال (١٩٨٨) دوا قۆناغی روخاندنی هەمەلایەنەی ئابوری دێهاتی کوردستان بو، ژیانی تاکی کوردی بە جۆرێ لە بەرهەمهێنەوە گۆڕی بۆ بەرخۆر کە تا ئیستاش بەردەوامە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرنجدانێکی سەرپێیی لە بودجەی هەرێمی کوردستان، دەری ئەخا داهاتی هەرێم لە داهاتی هەمو کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار، باج و گومرگ و هی تر، لە چاو داهاتی هەرێم لەو پارەیەی لە بەغداوە دێ ئەوەندە کەمە ئەشێ بوترێ هەرێمی کوردستان شتێکی نیە بچێتە خانەی ئابوری نیشتمانیەوە، یان ئەوەندە لاوازە بە نەبو دائەنرێ. بۆ نمونە بڕوانە ئەم خشتەیە:

داهاتی هەرێم لە ١٢ مانگی ساڵی ٢٠٠٧ دا

کۆی داهاتی ناوخۆی هەمو هەرێم بە دینار:

ملیۆن	بلیۆن	تریلیۆن
٧٤٥	٢١٦	٠٠٠

کۆی داهاتی هەرێم کە لە بەغداد وەرگیراوە بە ڕێژەی:

٥٤% بۆ ئیدارەی پێشوی هەولێر

٤٦% بۆ ئیدارەی پێشوی سلێمانی

	ملیۆن	بلیۆن	تریلیۆن
....	٣٥٦	٩٨٢	٥

ژیاندنەوەی دێهات و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و، کاراکردنی کەرتی کشتوکاڵ جگە لە مەبەستی سیاسی، گرنگیەکی گەورەی هەیە لە ئابوری نیشتمانی و، لە بیناکردنەوەی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی و، لە بیناکردنەوەی کەسایەتی بەرهەمهێنەرانەی مرۆڤی کوردا.

ئاوەدانکردنەوەی دێهات و ژیاندنەوەی ئابوری دێهات سەرمایەی گەورە و ماوەی درێژ و پلانی زانستی درێژخایانی گەرەکە. جاران حکومەت "باج" ی لە جوتیار سەندوە، بەڵام ئیستا و تا چەندەها ساڵی تر بۆ ئەوەی ئابوری دێهات تەندروست بۆ بگەڕێتەوە ئەبێ حکومەت "باج" بە جوتیار بدا. حکومەتی هەرێم ئەبێ هەزاران ملیۆن دینار بڕژێتە ناو ئابوری دێهاتەوە بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بێ بە زویەکی زۆ، لە ماوەیەکی کورت دا، وەری بگرێتەوە. بەڵام ئەمە ئەبێتە سەرمایەگوزاری درێژخایان بۆ ئایندە. بنچینەی ئابوری دێهات بەهێز ئەکا و، کاریگەری کەرتی کشتوکاڵ لە پاشەڕۆژێکی نزیک دا لە تێکڕای ئابوری نیشتمانیی کوردستان دا دەرئەکەوێ.

لە هەلومەرجی ئیستادا، لە کوردستان بە هۆی ئەو بودجەیەوە کە لە بەغدادەوە دێ سەرمایە و، بە هۆی هەبونی ئاو و ئەرز و، هەبونی هێزی مرۆیی گەنج و شارەزا، بە کەڵک وەرگرتن لە پسپۆڕ و کۆمپانیای بیگانە، توانای ئەوە هەیە سەرلەنوێ دێهات ئاوەدان بکرێتەوە، بژێنرێتەوە، چالاک بکرێ و بکرێتە بناغەیەکی تۆکمەی داهاتی تاکی جوتیاری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستان و سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی نیشتمانی و، دابینکردنی ئاسایشی خۆراک کە یەکیکە لە پایەکانی ئاسایشی نەتەوەیی.

ئاواکردنەوەی دێهات:

بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاواکردنەوەی دێهات دەستەیەکی بالا پێک بهێنرێ لە:

سەرۆکی دەستە بە پلەی جێگری سەروەزیر.

ئەندامەتی وەزیرەکانی دارایی، کشتوکاڵ، ئاوەدانکردنەوە، پلاندانان...

لایەنی کەم ٢٠% ی داهاتی ساڵانەی هەرێم بۆجێبەجێکردنی تەرخان بکرێ.

ئەم دەستەیە پلانێکی درێژخایانی ئاواکردنەوەی دێهات دائەنێ، دابەشی ئەکا بۆ پلانی ساڵانە، هەر ساڵەی بەشێکی لە شوێنێک دا، یا ئەگەر توانی لە چەند شوێنێک دا، بۆ ئاسانکاری سەرەتا لە ناوچە دەشتاییەکان دا، جێبەجێ بکا.

پرۆژەکە بە قانون لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە پەسند بکرێ.

لێژنەیەکی پارلەمانی بەدواداچونی جێبەجێکردنی بکا.

دەستەی ئاواکردنەوە بەم رێگایانە کارەکانی ئەنجام بدا:

یەکەم: دروستکردنی شاری نوێ:

هەڵبژاردنی شوێنی گونجاوی نزیک لە چەند دێیەک بۆ دروستکردنی شارێکی نوێ.

ئەم شوێنە چاکتر وایە یان خۆی بکرێتە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی یان نزیک بێ لە یەکێ لە ناوەندە کارگێڕیەکانەوە.

تۆپۆگرافیای شوێنەکە، شاخاوی بێ یا دەشتایی، بە کاربهێنرێ بۆ جوانکردنی شارەکە.

نەخشەیەکی گشتی (ماستەر پلان) بۆ دروستکردنی دابنرێ.

فراوانبونی دواڕۆژی لە بەرچاو بگیرێ.

هەوڵ بدرێ کەمترین زەوی کشتوکاڵی خەسار ببێ.

سنوری زەوی نیشتەجێبون و کشتوکاڵ و پاوان و لەوەڕگا لە یەک جیا بکرێتەوە.

خەڵکی دێیەکانی نزیکی هان بدرێن بگوێزنەوە ئەم شارانە.

نەخشەکێشانی شارەکە بە شێوەیەکی زانستی بێ: شەقامی سەرەکی و کۆڵانەکانی و زێرابەکانی، باخچە و شوێنە گشتیەکانی، خانو و فەرمانگە و بازاڕ و دوکانەکانی... بە پێی پلانێکی دانراو دابەش بکرێن.

منداڵانی جوتیارەکان بەهرەمەند بن لە یارمەتی مانگانە تا تەمەنی ١٨ ساڵان.

هەر جوتیارێ تەمەنی گەیشتە ٦٥ ساڵ بەهرەمەند بێ لە مافی خانەنشینی.

شارەکە ئەم بینایانەی تێدا دروست بکرێ:

٤٠٠ – ٥٠٠ خانوی ٢ و ٣ و ٤ و ٥ ژور بۆ دانیشتوانی شارەکە و کارمەندانی فەرمانگەکانی حکومەت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دروستکردنی ڕێگاوبان بۆ بەستنی شارە تازەکە بە ناوەندی ناوچەکەوە.
کردنەوەی تۆڕی ڕێگاوبان بۆ ناو زەویەکانی دەوروبەری.
پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە
ئیستگەی کارەبا
بینای ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی
شارەوانی
خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی
مزگەوت
بازاڕ و بەنزینخانە و میوانخانە
بنکەی تەندروستی
بنکەی ئاسایش
بنکەی پۆلیس
بنکەی پۆست و تەلەفۆن و ئینتەرنێت
بنکەی کشتوکاڵ و کۆگای هەڵگرتنی بەروبوم
بنکەی دروستی ئاژەڵ و گەورێ گشتی
هۆڵی کۆبونەوە
یاریگە
باخچە

دوەم: پشتیوانی کشتوکاڵ:

باخداری - حکومەت سالانە بەرامبەر بە خێوکردنی هەر درەختێک بە پێی جۆری دارەکە بۆ مێو، ترش، بادام "رەزانە" و، بۆ هەنار، هەرمێ، هەنجیر، قەیسی، قۆخ، لیمۆ، سێو، پرتەقاڵ، گوێز، زەیتون، بستە... "باخانە" بە جوتیار بدا.

بۆ نمونە رەزانەی ١ بن مێو: .... دینار
رەزانەی ١ بن ترش: ... دینار
باخانەی ١ داری زەیتون: ... دینار
باخانەی ١ داری گوێز: ... دینار

دانەوێلە - حکومەت سالانە بەرامبەر بە چاندنی هەر دۆنمێک ئەرز بە پێی جۆری ڕوەکەکە بە گەنم، جۆ، نۆک، نیسک، ماش، فاسۆلیا، پاقلە، برنج... "زەویانە" بە جوتیار بدا.

بۆ نمونە زەویانەی ١ دۆنم گەنم: ... دینار
زەویانەی ١ دۆنم برنج: ... دینار

حکومەت بەروبومی سالانە بە نرخی هاندراو بکڕێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەوزە - حکومەت ساڵانە بەرامبەر بە چاندنی هەر دۆنمێک ئەرز بە پێی جۆری ڕوەکەکە بە شوتی، کاڵەک، خەیار، تڕۆزی، بامیە، تەماتە، باینجان، فاسۆلیا، کولەکە، کاهو، کەلەرم، تور، شێلم، پەتاتە، پیاز، سیر... "زەویانە" بە جوتیار بدا.

بۆ نمونە زەویانەی ١ دۆنم تەماتە: ... دینار

زەویانەی ١ دۆنم پەتاتە: ... دینار

ڕوەکی پیشەسازی - حکومەت ساڵانە بەرامبەر بە چاندنی هەر دۆنمێک ئەرز بە پێی جۆری ڕوەکەکە بە گەنمەشامی، گوڵەبەڕۆژە، لۆکە، کونجی، کەتان... "زەویانە" بە جوتیار بدا.

بۆ نمونە زەویانەی ١ دۆنم گوڵەبەڕۆژە: ... دینار

زەویانەی ١ دۆنم لۆکە: ... دینار

حکومەت بەروبومی ساڵانە بە نرخی هاندراو بکڕێتەوە.

سێیەم: پشتیوانی ئاژەڵداری:

حکومەت ساڵانە بەرامبەر بە خێوکردنی هەر سەرێ لە مەڕ، بزن، مانگا، گامێش، گوێدرێژ، ئێستر... "شوانانە" بە جوتیار بدا.

بۆ نمونە شوانانەی ١ سەر مەڕ: ... دینار

شوانانەی ١ سەر گامێش: ... دینار

هەنگداری و مریشکداری بە هەمان شێوە ڕەفتاریان لە گەڵ بکرێ.

چوارەم: پشتیوانی بازرگانی:

حکومەت پشتیوانی لە بەرهەمی خۆمالّی بکا لە بەرامبەر مونافەسەی بەرهەمی دەرەوەدا.

حکومەت کارئاسانی بکا بۆ خاوەنکاری کەرتی تایبەت بۆ هەناردنی بەرهەمی خۆمالّی بۆ بازاڕی دەرەوە.

پێنجەم: کاراکردنی بانکی کشتوکاڵ:

دانی قەرز بە جوتیاران بە سودی کەم و ماوەی درێژ بۆ:

دروستکردنی ڕەز و باخ

ڕاکێشانی جۆگە

هەڵکەندنی بیر

پرۆژەی مریشکداری

دروستکردنی حەوزی پەروەردەکردنی ماسی

پەروەدەکردنی هەنگ و دروستکردنی هەنگەڵان

پێکەوەنانی ڕان و گاگەل

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کڕینی تراکتۆر، پەمپ، سەیارە، ئامێری تری کشتوکاڵ

*

جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە ئەگەر لە ژێر چاودێری ورد و لێپرسینەوەی بەردەوام دا نەبێ، ئەشێ گەندەڵی دارایی، گەندەڵی کارگێڕی، گەندەڵی سیاسی بەرهەم بهێنێ. بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گەندەڵی ئەبێ چەند ڕێوشوێنی قانونی دابنرێ لەوانە:

نابێ بهێڵرێ ببێتە هۆی بە فیڕۆدانی دارایی گشتی

جێبەجێکردنی ژێرخانی پرۆژەکە پێویستی بە بودجەیەکی گەورە و ڕاپەڕاندنی خێراشی پێویستی بە کەمکردنەوەی کۆسپی بیرۆکراتی هەیە ئەمەش زەمینەی دروستبونی گەندەڵی دارایی ساز ئەکا بۆیە ئەبێ ڕێوشوێنی وەها دابنرێ ئەمە نەبێتە سەرچاوەی گەندەڵی دارایی.

دوای تەواوکردنی پرۆژەکەش ئەو داوودەزگایەی بەرپرس ئەبێ لە هەڵسەنگاندن و دانی پارەی پشتیوانی و قەرز بە جوتیارەکان ئەمیش زەمینەی دروستبونی گەندەڵی دارایی ساز ئەکا بۆیە ئەبێ چاودێری و لێپرسینەوەیەکی وایان بە سەرەوە بێ ڕێ لە رودانی لادانی وەها بگرێ .

*

نابێ بهێڵرێ ببێتە هۆی هەڵئاوسانی کارگێڕی

دەزگای بەڕێوەبردنی پرۆژەکە لە هەمو ناوەندێکی تازەدا پێویستی بە دەیان فەرمانبەر و کارمەندی بواری جیاجیای خزمەتگوزاری هەیە. ئیستا گرفتێکی کوشندەی دەزگای کارگێڕی هەرێمی کوردستان، کە کاری لە بەر ناڕوا و بۆتە بار بە سەر حکومەت و دارایی گشتیەوە، هەڵئاوسانی کارگێڕی و، زۆریی فەرمانبەر و کارمەندی بێکار و کارنەکەرە، ئەبێ لەم پرۆژەیەدا ڕێگە نەدرێ ئەم پەتایە دوبارە ببێتەوە، بەڵکو ئەبێ بە کەمترین و لێوەشاوەترین فەرمانبەر و کارمەندی ئیستای حکومەت کارەکان ئەنجام بدا.

*

نابێ بهێڵرێ ببێتە گیتۆی حیزبی یا گیتۆی خێڵەکی

ئەو ناوچانەی پرۆژەکانی تێدا جێبەجێ ئەکرێ بە زۆری لە ژێر دەسەڵات یا نفوزی حیزبێک دایە، یا ناوچەی ژیانی عەشیرەتێ، خێڵێ، هۆزێکی دیاریکراوە، نابێ ئەمە ببێتە هۆی دروستکردنی گیتۆیەکی داخراو بۆ ئەوانە. لە دابەشکردنی خانو و کار دا لە شارە تازەکەدا ئەبێ دەرفەتی یەکسان بۆ هەمو دانیشتوانی ناوچەکە بێ گوێدانە ئینتیمای حیزبی، عەشیرەتی، دینی و مەزهەبی، بڕەخسێنرێ.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پرۆژەی ئاواکردنەوەی دێهات پرۆژەیەکی ستراتیجیە. پێوەندی بە ئیستا و پاشەڕۆژی وڵاتەوە هەیە. ڕەهەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و، ڕۆشنبیری هەیە. بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی نەخشەکەی پێویستی بە سەدان کەسی شارەزا و پسپۆڕی کورد و بێگانەی بواری جیا جیا هەیە. دوای تەواوبونیشی دەیان و بگرە سەدان هەزار کەس لەم ناوەندە تازانەدا ئەژین، بۆیە هەرچی زۆرتر گفتوگۆی لە سەر بکرێ و، بە بیروبۆچونی تازە دەوڵەمەن بکرێ، هێشتا کەمە.

کێشەی نەوت:

لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم دا

سایتی "سبەی"

۲۸ ی ۱۱ ی ۲۰۰۷

لە دووای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە هەمو پرسە چارەنوسیەکانی عیراق سەرلەنوێ هاتونەتەوە سەر دەزگای باس و پێداچونەوە. زۆری ئەو پرسانە پێشتر لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق و دووای ئەو لە دەستوری هەمیشەیی عیراق دا ڕەنگیان داوەتەوە. یەکێ لەو پرسە چارەنوسیانە کێشەی نەوتە.

ئەگەر سەردەمێ، یا ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئابووری عیراق فرە بەرهەم و داهات و دەرامەتی فرە سەرچاوە بوبێ، ئەوا لە سەردەمی سەدام حسێن دا، بە تایبەتی لە ساڵانی جەنگەکانی دا، بۆتە وڵاتێکی تاک بەرهەم و تاک سەرچاوەی دارایی، کە ئەویش نەوتە .

لە دووای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، لە سەردەمی مەجلیسی حوکم و دووای ئەو لە سەردەمی وەزارەتەکانی د. ئەیاد عەلاوی، د. ئیبراهیم جەعفەری و، نوری مالیکی، کە جۆرێ لە ڕۆشنایی لە بودجەی عیراق دا دروستبووە ئەم ڕاستیە دەرئەکەوێ کە نەوت بۆتە سەرچاوەی سەرەکی بودجەی عیراق، هەر لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۳ەوە تا دووایین بودجە کە بودجەی ساڵی ۲۰۰۸ ە. هەندێ جار داهاتی نەوت ۹٦%ی بودجەی عیراقی داپۆشیوە.

داهاتی بودجەی ساڵی ۲۰۰۸ ی عیراق خەملێنراوە بە ۵۰ تریلیۆن و ۷۷۷ ملیار و ۸۱ ملیون دینار لەوە سەروی ٤۵ تریلیۆن و ۱۸۰ ملیاری لە فرۆشتنی نەوت دابین ئەکرێ. بۆیە نەوت لە قۆناغی ئیستادا بۆتە فاکتەرێکی گرنگ لە بڕیاردانی چارەنوسی عیراق دا. هەر لەبەر ئەوەش بو کە لە کاتی پەلاماردانی عیراق دا تەنیا جێگەی ئەمەریکا پاراستی وەزارەتی نەوت و دامەزراوەکانی نەوت بو، تەنیا کەرتی ئابوریش کە ئەمەریکا دووای داگیرکردنی عیراق بایەخی پێدا کەرتی نەوت بو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

*

ساڵی ۱۹۷۲ مەجلیسی قیادەی سەورە لە عیراق بە سەرکردایەتی سەدام حسێن نەوتی عیراقی بە سەرمایە و داوودەزگاکانیەوە »تەئمیم» کرد و، هەمو بوارەکانی نەوت و قۆناغەکانی دەرهێنان و فرۆشتنی کردە مۆنۆپۆڵ و مولکی دەوڵەت. لەوەتی ئەمەریکا هاتۆتە عیراقەوە کێشەی نەوت، وەکو زۆر پرسی چارەنوسسازی تر، بۆتە پرسی رۆژ، عیراق بە داهاتی نەوت بەڕێوە ئەچێ. بۆ رەفتار لە گەڵ پرسی نەوت دوو بۆچونی سەرەکی هەبوە، کە تا ئیستاش یەکلایی نەبۆتەوە:

بۆچونی یەکەم:

مانەوەی نەوت، لە هەمو قۆناغەکانی دا – دۆزینەوەی، هەڵێنجانی، فرۆشتنی، دابەشکرنی داهاتی – بە دەس حکومەتی ناوەندیەوە لە بەغداد.

بەیکەر – هامیلتۆن لە راپۆرتەکەیان دا بەشێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کردووە و، چەند جارێ باسی نەوتیان کردووە و، لە دو راسپاردەدا رای خۆیان بە ئاشکرا نووسیوە:

راسپاردەی ژمارە ۲۳: داوا ئەکا تا کۆتایی ۲۰۰٦ و سەرەتای ۲۰۰۷ قانونی نەوت لە عیراق دەربچێ.

راسپاردەی ۲۸ ئەڵێ: دابەشکردنی داهاتی نەوت، ئەبێ دەرامەتی نەوت بڕوات بۆ حکومەتی ناوەندی و بە سەر دانیشتوان دا دابەشبکرێ. نابێ کۆنترۆڵی داهاتی نەوت لەو کێڵگانەدا کە لە پاشەڕۆژدا ئەدۆزرێنەوە بدرێتە دەس هەرێمەکان، یا کۆنترۆڵی کێڵگەکانی نەوت بدرێتە دەس هەرێمەکان مەگەر بە سازان و هاوکات بێ لە گەڵ ئاشتبونەوەی نیشتمانی"

ئەم بۆچونە هی ئەمەریکیەکانە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی حاکمی مەدەنی عیراق پۆل بریمەرەوە تا سەردەمی سەفیر زاڵمای خەلیلزاد و دووای ئەو سەفیر راین کرۆکەر. هەوڵی سبەپاندنیان داوە لە بەرگێکی قانونی دا. بیانویشیان بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە کە نەوت فاکتەری مانەوەی ئەرز و گەل و دەوڵەتی عیراقە بە یەکگرتویی.

عەرەبی سوننە پشتیوانی لەم بۆچونە ئەکەن. جگە لەوەی زۆرایەتی عەرەبی سوننە لە گەڵ دامەزراندنەوەی عیراقێکی ناوەندیی بە هێزن، کە سەرلەنوێ دەسەڵاتی سیاسی، ئابوری، جەنگی لە دەستی حکومەتێکی ناوەندی بەهێزدا کۆ بکرێتەوە، مەترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر رەفتار لە گەڵ پرسی نەوت بکەوێتە دەس هەرێمەکان، ئەوان بێبەش بکرێن لە داهاتی نەوت چونکە تا ئیستا مەیدانی نەوتی دۆزراوە و دامەزراوەی دەرهێنانی نەوت لە ناوچەکانی ئەوان دا نیە.

جگە لە سوننەی عەرەب، هەندێ لە شیعەکانی عەرەب بە بیانوی دابین کردنی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتی سامانی سروشتی عیراق دا لایەنگری ئەم بۆچونەن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوانەش بە تەمان لە رێی کۆنترۆڵی نەوتەوە کۆنترۆڵی هەمو عیراق بکەن بە شیعە و سوننە و کوردەوە.

هەندێ کوردیش پشتیوانی لەم بۆچونە ئەکەن بە بیانوی ئەوەی نەوتی کوردستان لە چاو نەوتی عیراق دا کەمە، لە باتی ئەوەی کورد بەو نەختە نەوتەی خۆی دابکەوێ باشترە بەشدار بێ لە نەوتی مشەی عیراق دا. ئەمەش بیانویەکە، زۆرتر لەوەی پشت ئەستور بێ بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، بۆ هاوئاوازیە لەگەڵ سیاسەتی نەوتی ئەمەریکیەکان.

بۆچونی دوەم:

مانەوەی هەمو مەیدانەکانی کە ئیستا نەوتیان لێ دەرئەهێنرێ بە هەمو دامەزراوەکانیەوە لە دەس حکومەتی ناوەندی بەغدادا، بەو مەرجەی داهاتەکەی بە پێی ژمارەی دانیشتوان و پێویستی ئەو ناوچانەی لە سەردەمی بەعس دا زەرەری زۆرتریان لێ کەوتوە یا زۆرتر پێویستیان بە گەشە پێدانە، لە پاڵ ئەم دەسەڵاتە ناوەندیەدا سەلماندنی مافی هەرێمەکان بۆ دۆزینەوەی مەیدانی نوێ و هەڵێنجان و فرۆشتنی.

ئەم بۆچونە بە رادەی یەکەم لە لایەن کوردەوە داکۆکی لێ کراوە بە تایبەتی، چونکە تەجروبەی کورد لە گەڵ حکومەتی ناوەندی بەغداد لە بواری نەوت دا یەکجار تاڵ و خوێناویە. هەمو ناوچە نەوتیەکانی کوردستان کەوتونەتە بەر شالاوی تەهجیر و تەعریب و، هەمو دامەزراوە نەوتیەکانی عیراق لە کورد بژار کراون.

لە ساڵی ١٩٢٧ هوە نەوت لە کوردستان دەرئەهێنرێ. حکومەتی ناوەندی بەغداد نەک هیچ بەشێکی داهاتی نەوتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و باشکردنی ئاستی گوزەرانی خەڵک و بنیاتنانی ژێرخانی ئابوری بە کار نەهێناوە، بەڵکو بە دەرامەتی نەوت گەورەتری مەکینەی جەنگیی دروست کردووە، کوردستانی پێ وێران و کوردی پێ قڕ کردووە.

*

لە رۆژانی نوسینی دەستوری هەمیشەیی عیراق دا پرسی نەوت ناکۆکیەکی دژوار بو لە نێوان لایەنی کوردی لە لایەک و لایەنی عەرەبی و ئەمەریکی لە لایەکی ترەوە. سەرەنجام چەند مادەیەک بە نیوەوناچل لە ژێر گوشاری لایەنی کوردی دا سەبارەت بە نەوت و غاز خرایە دەستورەوە.

مادەی ١١١: نەوت و گاز موڵکی هەمو گەلی عیراقە لە هەمو هەرێم و پارێزگاکان دا.

مادەی (١١٢):(

یەکەم- حکومەتی فیدرال هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئیستادا لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەم هێنەکاندا بە مەرجێ داهاتەکانی دادپەروەرانە دابەش بکرێت، کە بگونجیت لەگەڵ دابەش بونی دانیشتوان لە هەمو ناوچەکانی وڵاتدا و لەگەڵ دیاری کردنی بەشێک بو ماوەیەکی دیاری کراو بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەرێمە زیان لێ کەوتوەکان کە لە لایەن ڕژێمی پێشوەوە بە شێوەیەکی بێ دادی بێ بەش کراون و زیانیان لێ کەوتوە دووای ئەوە، بە جۆرێک پەرەپێدانی هاوسەنگ بۆ هەمو ناوچە جیاجیاکانی وڵاتت دابین بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت.

دوەم- حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەم هێنەکان بە یەکەوە هەڵدەستن بە نەخشەکێشان بۆ ستراتیژیە پیویستەکان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی سامانی نەوت و گاز بە جۆرێک بەرزترین سود بۆ گەلی عێراق بەدی بێنێت بە پشت بەستن بە نوێترین تەکنەلۆژیا و پرەنسیپەکانی بازاڕ و هاندانی بەرهەم هێنان.

سەرەڕای ئەم دوو مادەیە مادەیەکی تریش خرایە دەستورەوە کە ئەویش بەشێکی پێوەندی بە نەوتەوە هەبو. پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس هەندێ گرێبەست لە گەڵ هەندێ کۆمپانیای بیانی ئیمزا کرا بو بۆ گەڕان بە دووی نەوت و دەرهێنانی دا. ئەو مادەیە ئەبو ئەو گرێبەستانە لە هەڵوەشاندنەوە بپارێزێ.

مادەی ١٤١: «ئەو یاسایانەی لە ساڵی (١٩٩٢) بەولاوە لە هەرێمی کوردستان دانراون و بەردەوام کاریان پێ دەکرێت و هەمو بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان –بە بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکانیشەوە- کاریان پێ دەکرێت مەگەر هەموار بکرێت، یان هەڵبوەشێندرێنەوە بە پێی یاساکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن لایەنی تایبەتمەندەوە کە ناکۆک نەبن لەگەڵدەست«

*لە سەردەمی وەزارەتەکەی مالیکی دا کێشەی نەوت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی دا بە زەقی ئاشکرا بو. د. حسین شەهرستانی وەزیری نەوت لە کابینەکەی مالیکی دا، کە لە سەر لیستی ئیئتیلافی شیعەیە، بە ئاشکرا دژی گرێبەستەکانی پێشووی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بیانیەکان دووا و، داوای کرد کە سەرلەنوێ بە هەمو گرێبەستەکان دا بچنەوە و، دووای ئەوەی لە سلێمانی و هەولێر چەند گرێبەستێکی نوێ ئیمزا کران، شەهرستانی هەموو ئەم گرێبەستانەی بە »ناقانونی» دانا و، هەڕەشەی سزادانی لەو کۆمپانیا بیانیانە کرد کە گرێبەستی نەوتیان لە گەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا کردووە.

ئەم کێشەیە چەند لایەنی جیاوازی هەیە:

لایەنی سیاسی

لە هەمو گفتوگۆکانی کورد – بەعس دا، سەرانی بەعس بە ئاشکرا ئەیان وت بۆیە ڕێگە نادەن کەرکوک بخرێتە سەر «ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان» چونکە ئەبێتە بنچینەی ئابوری دەولەتی کوردی و جیابونەوەی کوردستان لە عیراق. عەقلیەتی ئیستای شەهرستانی نواندنەوەی هەمان عەقلیەتی شۆڤێنی نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی سەردەمی حوکمی مەلەکی و جمهوری عیراقە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لایەنی دەستوری

گەرانەوەیە بۆ حوکمی مەرکەزی و، هەڵوەشاندنەوەی مادەکانی ١١١ و ١١٢ و ١٤١ ی دەستوری عیراقە کە جۆرێکە لە گەرەنتی دەستوری بۆ جێبەجێ کردنی سەرەتای فیدرالی «دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و ئەرز» لە نێوان هەرێم و ناوەندا. کێشەکەکە ئەگەرچی بە روالەت خراوەتە قالبی قانونیەوە بەڵام جەوهەرەکەی سیاسیە.

لایەنی ئابوری

ئەیەوێ ژێرخانی ئابوری کوردستان وەکو جاران بە لاوازی بمێنێتەوە و، نەتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ و تا هەتایە هەر دەسندەخۆری حکومەتی ناوەندی بێ، بۆ ئەوەی هەرگیز بیر لە جیابونەوە نەکاتەوە.

*

لە سەردەمی سەفیر زاڵمای خەلیل زادا پرۆژەیەک بۆ قانونی نەوت و غاز لە عیراق ئامادە کرا و، لە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق دا بە پەسەندکراوی تێپەڕی و نێردرایە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەندنی. خەلیلزاد ئەیویست ئەو قانونە بکا بە سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ خۆی و هەرچی زوتر لە پارلەمانی عیراق، پێش رۆیشتنی خۆی، تێ بپەڕێ. بەڵام قانونەکە لە زۆر لای جیاوازی سوننی و شیعی و کوردی عیراقی و زۆر لایەنی عەرەبیەوە، لە روانگەی جیاواز و بە بیانوی جیاوازەوە، کەوتە بەر هێرش و رەخنە. سەرەنجام قانونەکە بەر لە پەسەندنی لە پارلەمانی عیراق دا راگیرا و، خەوێنرا.

ئەگەر ئەم قانونە پەسەند بکرایە هەمو ئەو مادانەی لە دەستوری عیراق دا سەبارەت بە پرسی نەوت جێ کرا بونەوە و لە ریفراندۆمی دەستوردا زۆرایەتی خەڵک دەنگی بۆ دا بو، بە کردەوە هەڵئەوەشایەوە. دەسەڵاتەکان ئەکەوتەوە دەس حکومەتی ناوەندی.

بۆ دەسپێشکەری و، ریبرین لە تێپەڕینی ئەم قانونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەلە پرۆژەی قانونێکی بۆ نەوت و غاز لە کوردستاندا ئامادەکرد و حەوالەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی کرد. ئەویش بە پەلە و بێ ئەوەی ماوەی پێویست بدا بە ئەندامەکانی و بە خەڵک بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لە سەر بکەن، پەسەندی کرد و خرایە مەیدانی کار پێ کردنەوە.

پێش پەسەندنی ئەم قانونە و، پێش روخانی رژێمی بەعس و دووای روخانی رژێم چەندین گرێبەست لە کوردستان دا ئیمزا کراون. پەسەندنی ئەم قانونە چەندین کۆمپانیای بیانی نوێی هێنایە ناو کایەکەوە و چەندین گرێبەستی تر ئیمزا کران.

گرێبەستەکانی ئیمزا کراون و قانونی نەوت و غازی کوردستان هەرچی بەندوو باوێکی بە دووادە بێ و، هەرچی تانەیەکی لێ بدرێ و، هەرچی قسە و باسێکیان لە سەر بکرێ، هێشتا بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ دانەنرێ لە بواری کەڵک وەرگرتن لە سامانی سروشتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستان و بنیاتنانی ژێرخانی ئابوری دا و لە بواری دابین کردنی پێویستیە ژیانیەکانی خەڵکی کوردستان دا بە تایبەتی سوتەمەنی و کارەبا.

نابێ کورد بە هیچ جۆرێ و لە ژێر هیچ گوشارێکی ناوەکی و دەرەکی دا، دەسهەڵبگرێ لە مافەکانی خۆی:

مافی خۆ بە خاوەن زانینی سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان - لەوانە سەرچاوەکانی نەوت و غاز و ئاو—

مافی بە کار هێنان و وەبەرهێنانی بۆ قازانجی خەڵکی کوردستان.

ئەمە ئۆبالّی مێژوییە لە ئەستۆی سەرکردایەتی کوردا.

بەڵام گەورەترین مەترسی لە سەر ئەم گرێبەستانە ئەوەیە لە تاریکی دا، لە ژوری داخراودا، بێ ئاگاداری خەڵکی کوردستان، تەنانەت بێ ئاگاداری شارەزا و پسپۆڕی ئەم بوارە ئەنجام ئەدرێن.

لایەنەکانی گفتوگۆ لە سەر پرسی نەوت کێن؟

لایەنی کوردی کێن؟ حکومەتی هەرێمی کوردستانە، نوێنەری حیزبەکانی دەسەلاتن؟ کۆمپانیای کەرتی تایبەتی کوردستانین؟

کۆمپانیا بیانیەکان کێن؟ رەگەزنامەی کوێیان هەیە؟ سەرمایەیان چەندە؟ پێشتر لە بواری نەوت دا چییان کردووە؟

گفتوگۆکان لە سەر چین؟

گەڕان بە دووی نەوت دا؟ دۆزینەوەی؟ هەڵکەندنی بیر؟ هەڵهێنجانی؟ هەناردنی؟ فرۆشتنی؟ کێ سەرمایەی ئەنجامدانی قۆناغەکانی دابین ئەکا و مەرجەکانی چین و دووایی ئەم سەرمایەیە چۆن وەرئەگیرێتەوە؟

قازانجەکەی چۆن دابەش ئەکرێ و پشکی هەر لایە چەندە؟

پشکی کۆمپانیاکان؟ پشکی خەڵکی ناوچەکە؟ پشکی حکومەتی هەرێم؟ پشکی حکومەتی بەغداد؟

بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم لەم ململانێیەدا لە گەڵ حکومەتی ناوەندی دا بەهێز بێ، ئەبێ پشت ئەستور بێ بە پشتیوانی خەڵک، بۆ ئەوەی پشتیوانی خەڵک بە دەس بهێنێ، ئەبێ لە هەمو هەنگاوەکانی دا لە رۆشنایی دا بە ئاشکرا کار بکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەرەب لە کوردستاندا مەترسی دروستدەکەن یان لە ئاوەدانکردنەوەدا بەشداریی دەکەن؟

سایتی "سبەی"

١٦ ی ٨ ی ٢٠٠٧

لەو کاتەوە کە بەریتانیا دەوڵەتی عێراقی دروستکرد لە پێکەوەنوساندنی ویلایەتەکانی بەسرە، بەغداو موسڵو تێکەڵاوکردنی کوردو عەرەبو تورکمانو موسڵمانی شیعەو سوننەو مەسیحی... هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ناسنامەی عێراقی (الهویه العراقیه) بۆ دانیشتووانی بە نەتەوەو دینو مەزهەب جیاوازی ئەو سەرزەمینە دروستبکات .

لەگەڵ ئینگلیزدا چەندین عەرەبو کوردیش هەوڵیان دا ئەم کارە بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کتێبو وتاری میژوویی، سیاسیو کۆمەڵایەتییان نووسی کە عێراق وەکو قەوارەیەکی کۆنی خاوەن شارستانیو میژووی هاوبەشو خاوەن پاشەڕۆژو قازانجی ناوکۆیی پیشانبدەن .

عێراقیبوون لەدوای ١٩٢١ەوە بۆتە شتێکی قانونی بۆ ناسینەوەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیەو جیاکردنەوەی لە هاووڵاتییانی دەوڵەتانی تری دنیا، لەوانە دراوسێکانی: ئێرانو تورکیاو سوریاو ئوردنو سعودیو کوەیت.

بەڵام نە هەوڵەکانی ئینگلیز بەدرێژایی سەردەمی داگیرکردنو ئینتیدابو سەربەخۆییو نە هەوڵەکانی کاربەدەستانی عێراق بەدرێژایی هەشتا ساڵی حوکمی عێراقو نە نووسینی سەدان مامۆستای زانکۆو ڕۆشنبیری عەرەبو کورد نەیانتوانی شوناس "هەویە"ی عێراقیبوونی کوردو عەرەبی عێراقی بسەلمێنن و بیکەن بە قەناعەت لەلای هاووڵاتیی عێراقی. عەرەبی عێراقی بەزۆری خۆی بە بەشێکی نەتەوەی عەرەبو کوردی عێراقی خۆی بە بەشێکی نەتەوەی کورد دەزانی، تەنانەت عەرەبی سوننەو شیعەش پێکەوە نەلکان.

پارێزگاریی قەوارەی عێراق بە زەبروزەنگی جەیشو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئینگلیزو عەرەبو دوای ئەوانیش حوکمی سەدام حسێن، نەیانتوانی ئەم قەوارە قانونییە کارتۆنییە بکەنە قەوارەیەکی ڕاستەقینەی پتەوو سەقامگرتوو، بەڵکو هەمیشە ترسی جیابوونەوەی کوردو عەرەبی شیعە لە عێراقدا ترسێکی ڕاستەقینە بووە، لەدوای ڕووخانی سەدام-یشەوە بە ئاشکراترین شێوە تەقیەوەو لە هەڵبژاردنەکانیشدا بە زەقی ڕەنگیدایەوە:

-کورد، سەرەڕای جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسییان، لە دەوری لیستی کورد کۆبوونەوە.

- شیعە، سەرەڕای جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسییان، لە دەوری لیستی شیعی کۆبوونەوە.

- سوننە، سەرەڕای جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسییان، ئەوانەی دەنگیان دا، لە دەوری لیستی سوننی کۆبوونەوە. جیاوازیی عەرەبی- کوردیو شیعی- سوننی لە وەزارەتو پەرلەمانو هەموو داوودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقدا ڕەنگیدایەوە، تا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەندازەیەکی زۆریش لە شەری بەرەسمی رانەگەیەنراوی خۆبەخۆی ئەم میللەتانە لەگەڵ یەکتریدا .

*

کوردی عێراق تەجروبەیەکی تاڵو سەختی لەگەڵ عەرەبی عێراقدا هەیە.

کوردی عێراق بەدرێژایی حوکمی عێراق هەمیشە لەلایەن حکومەتی بەغداوە زوڵمی لێکراوە، کەوتۆتە بەر هێرشو پەلاماری لەناوبردنو تواندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی ئابووریو پێکهاتەی کۆمەلایەتیو رۆشنبیری.

هەموو ئەوانەی سەردەمی پێش راپەڕینیان لەبیرە، لەبیریانە کە جەیشی عێراقی لە کوردستاندا چۆن وەکو جەیشی ئیحتیلالو دەزگا سەرکوتکەرەکانی حیزبی بەعسو ئەمنو ئیستیخباراتو موخابەرات، کە زۆربەیان عەرەب بوون، چۆن لەگەڵ کورددا وەکو ژێردەستەیەکی بێگانە ڕەفتاریان دەکردو چییان بەسەر هاووڵاتیی کوردو وڵاتەکەیدا دەهێنا.

لەبەرئەوە شتێکی ئاسایی بوو هەستی دژەعەرەب لە ناو کورددا گەرابکاتو گەشەبکات. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، پەروەردەی سیاسیی حیزبەکانی کوردستان نەیانهێشت شەڕی کوردو حکومەتی عێراق قۆڵ بێتەوە بۆ شەری کوردو عەرەبو ئەوەی ئێستا تیرۆریستەکانی عەرەب بەرامبەر خەڵکی مەدەنی دەیکەن، ئەوان بیکەن. ئەمە بە یەکێک لە تیشکە ڕۆشنەکانی بیری سیاسیی کوردی دادەنرێت.

ڕاپەڕین کۆتایی بە دەسەڵاتی حکومەتی بەغداو دەسەڵاتی عەرەب هێنا لە بەشێکی گەورەی کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا مانی حوکمی بەعس وەکو هەرەشەیەکی ترسناک لە کوردستاندا پەیوەندیی خراپی نێوان کوردستانی ئازادو عێراقی بەعسیو ڕەفتاری خراپی بەعس لەگەڵ کورددا، تا ڕووخانی بەعس، ئەمیش بووە سەرباری ئەو پەیوەندییە نائاساییەی لەنێوان کوردو عەرەبدا هەبوو .

لەدوای ڕووخانی سەدامەوە، لەوەتی جوواڵنەوە دینییە توندڕەوەکان کەوتوونەتە جموجوڵ، پەیوەندیی کوردی- عەرەبی لە هەر سەردەمێک خراپتر بووە.

لە ناوچەکانی عەرەبی سوننەدا بە هەزاران خێزانی کورد دەرکراونو بە سەدان کورد کوژراون، تەنها لەبەرئەوەی کورد بوون.

هەروەها لە ناوچەکانی عەرەبی شیعەدا، بەهەمانشێوەی ناوچە سوننییەکان، بە هەزاران خێزانی کورد دەرکراونو لە هەندێک جێگەشدا بە سەدان کورد کوژراون.

بۆ خۆشبەختی، کاردانەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو خەڵکی ئاسایی کورد نەخلیسکاوەتە ناو ئەو قەسابخانەیەوە کە گروهە دینییە تونڕەوەکان سازیانکردووە، سەرەڕای هەموو ئەو دەستدرێژیو تاوانو تیرۆرە، کورد هەڵوێستی خۆی وەکو گەلێکی شارستانی ڕاگرتووە .

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەرەب لە عێراقدا، بەتایبەتی لە بەغداو دیالەو ئەنبارو موسڵ، بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێت، کە دەشێت بە کارەساتی مرۆڤایەتی ناوببرێت. ئیرهابی گروهە دینییە تووندڕەوەکانو گەندەڵیی داوودەزگا حکومەتییەکان، لەوانە؛ پۆلیسو ئاسایش، بۆتە هۆی ئاوارەیی سەدان هەزار خێزانی عەرەب.

سەدان هەزار خێزانی عەرەبی عێراق رووبانکردۆتە سوریاو ئوردنو میسرو ئیمارات‌و وڵاتانی سەرانسەری دنیا.

لە هەمانکاتدا دەیان هەزار خێزانی عەرەب رووبانکردۆتە شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

ئەم کۆچە بێبەرنامەیە بەرەو کوردستان:

لەلایەکەوە ترسی دزەکردنی ئیرهابی ئیسلامی لە ناو هاووڵاتیی سادەی کوردستانیدا خوڵقاندووە .

لەلایەکی ترەوە هەستی دژە عەرەبی لەناو هەندێک نەتەوەپەرستی داخلەدڵو گەنجی نەشارەزاو پیشەی دانسقەدا دروستکردووە.

دەبێت سەرکردایەتیی کورد چ وەک حیزبو چ وەک حکومەت‌و دانیشتووانی کوردستان وەکو گەل، چۆن رەفتار لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا بکەن؟

-دەریانبکەن یان جێیانبکەنەوە؟

ئەم دیاردەیە، دیاردەی کۆچی عەرەب بەرەو کوردستان، رووداوێکی کاتییە، درەنگ یان زوو، بەلادا دەکەوێت. ئەوانەی ئاوارە بوون، دوای دامەزرانەوەی داوودەزگا حکومەتییەکانو ئارامبوونەوەی ناوچەکانیان، ئەگەر هەمووشیان نەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەوا زۆربەیان دەگەڕێنەوە.

لەبەرئەوە هیچ مەترسییەکی گۆڕینی دیمۆگرافی لە ئێستاو لە پاشەڕۆژدا، لە سلێمانی‌و هەولێرو دهۆکدا، دروستناکەن، بەتایبەتی کەسیان لە پۆستە گرنگەکانی حوکمڕانیدا نین.

رەفتاری مرۆڤپەروەرانە لەگەڵ ئاوارەی عەرەبدا، جگە لەوەی هەڵوێستێکی پێویستە، دەشبێتە هۆی دامەزراندنەوەی پەیوەندیی دۆستانە لەنێوان دوو نەتەوەی دراوسێی یەکتری کە لە ئێستاو لە پاشەڕۆژدا دەبێت بەتەنیشت یەکەوە بژین، چونکە هیچ لایەکیان ناتوانێت وڵاتەکەی بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تری ئەم دنیایە. ئەگەر ترسێک هەبێت لە دزەکردنی تیرۆریستەکان بۆ ناو ریزەکانیان، دەزگاکانی ئاسایش دەتوانن لێکۆڵینەوە لە فایلی هەر یەکێکیان بکەن‌و بڕیاریان بکەن بۆ ئەوەی ڕێنەدەن کەسانی لەو بابەتە خۆیان بخزێننە ناویانەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پزیشکێکی بەناوبانگی عەرەب کە دێتە کوردستان کاربکات، رەنگە مەترسی بۆ سەر پزیشکێکی هاوپیشەی خۆی دروستبکات، چونکە لە موراجیعەکانی پزیشکە خۆماڵییەکە کەمدەکاتەوە.

ئەندازیارێکی بەتوانای عەرەب کە دێتە کوردستان کاربکات، رەنگە مەترسی بۆ سەر ئەندازیارێکی هاوپیشەی خۆی دروستبکات، چونکە مونافیسی بۆ دروستدەبێت.

رەجول ئەعمالی دەوڵەمەند و شارەزای عەرەب کە دێنە کوردستان کاربکەن، رەنگە مەترسی بۆ سەر قازانجی تایبەتی چەندین رەجول ئەعمالی خۆماڵی دروستبکەن، چونکە لەوانەیە سەرمایەو شارەزایی داوودەزگاکەی ئەوان لە هی خۆماڵی زۆرتر بن .

بەنناپەکی عەرەب کە دێتە کوردستان کاربکات، رەنگە مەترسی بۆ سەر بەنناپەکی کورد دروستبکات، چونکە مونافیسێکی هەقدەست کەمتری لە بازاڕی کاردا لێ پەیدادەبێت .

بەڵام ئایا ئەمانە، بەم هاتنەیان بۆ مونافەسەی هاوپیشەکانیان لەناو بازاری کاری کوردستاندا، هیچ مەترسییەک بۆ سەر قازانجی گەلی کوردستانو بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد دروستدەکەن؟

بەپێچەوانەوە، هەمووی بە قازانجی هاووڵاتیانی ئاسایی کوردستانەو دەشێت بوترێت ئەمە جۆرێکە لە بەشداری لە پرۆسەی دووروودرێژی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی کوردستاندا.

*

گەلان بە هەزاران پسپۆرو زاناو کرێکاری شارەزا لە دەرەوەی وڵاتانی خۆیان بەکرێدەگرن بۆ ئەوەی لە گەشەپێدانی بواره جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵەکانیاندا کەڵکیان لێوەربگرن.

ئەمریکا، بە هاندانی کۆچی بێگانە گەیشتۆتە ئەو پلە زانستییەی دەرمانی جۆراوجۆرو مانگی دەستکردو کۆمپیوتەرو سەتەلایت دابهێنێت ئەڵمانیا، کە ئێستا یەکێک لەگەورەترین هێزە ئابووریپەکانی دنیایە، دوای شکانو وێرانبوونی لە دووەمین جەنگی جیهانیدا وڵاتەکەی بە کرێکارو توانای بێگانە سەرلەنوێ ئاوەدانکردۆتەوە.

بەریتانیا، هەزاران پزیشکو ئەندازیارو مامۆستای زانکۆو کرێکاری نەتەوەی جیاوازی سەرانسەری دنیای لە کۆمەڵەکەی خۆیدا جێکردۆتەوە.

دوبەی، کە بریقەی گەشەکردنی خێرای سەرنجی زۆر کەسی راکێشاوە، بە مێشکی پسپۆری بێگانەو بە بازووی کرێکاری بێگانە، گەیشتۆتە ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەوتن.

ئێستاش لەناو عەرەبی عێراقدا:

هەزاران مامۆستای زانکۆو زانای بواری جیاجیای پزیشکی، فیزیا، کیمیا، ئەندازیاریو قانون هەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەزاران سەرمایەداری شارەزای سەرمایەگوزاریو بازرگانی هەن. هەزاران هونەرمەندو وەرزشکار هەن.

هەزاران وەستاو کرێکاری کارامەو جووتیاری شارەزا هەن.

ئەم جۆرە پیشەو کەسانە لە تەرازووی هێزی مرۆیی دانیشتووانی هەر ولاتێکدا، هێزێکی گرنگنو قورساییەکی گەورەیان هەیە لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەلایەتی، زانستیی... گەلاندا .

ئێستا کورد هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوتووە کەڵک لە تواناکانی عەرەبی عێراقی وەربگرێت لەباتی ئەوەی دەریانبکەن، لە قازانجی کوردە باوەشیان بۆ بکاتەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە رۆژانی ٢٩-- ٢٠٠٩/١٠/٣١ دا یەکێتیی نیشتمانی لە هۆڵی تەلاری هونەری شاری سلێمانی بە ئامادەبونی ١٦٠٠ کەس چوارەمین پلینۆمی بەست. هەندێ کەس، چاوەڕێی ئەوە بون لەم پلینۆمەدا پلانی چاککردنەوەی پەیوەندی حیزبەکەیان لە گەڵ خەڵک دابنێن، بەڵام دەرکەوت پلینۆمەکە بۆ مەبەستێکی تر رێک خرا بو.

پێشتر قسەکانی "فەخامەتی سەرۆکی کۆماری عیراق و بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" تاڵەبانی، کە لە پلینۆم دا دژی من و هاوڕێکانم لە بزوتنەوەی گۆڕان دا کردبوی، بەشێوەی جیاواز بە من گەیشتبو. هەندێک لەو قسانە لە رۆژنامەکاندا بڵاوبونەوە و بەر گوێی زۆر کەس کەوت. بەڵام تا ئەوکاتەی قسەکان بەشێویەکی فەرمی بڵاونەکرانەوە، منیش وەک شتێکی نەبو حسابم بۆ کردن و بە تورەبون و هەڵچونێکی کاتیم لە قەڵەم دان کە پێویست نەکات وەڵام بدرێنەوە. بەڵام ئێستا کە کۆی ئەو قسانە لە هەمو دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتیدا بڵاوکرانەوە ناچارم و بە پێویستی ئەزانم وەڵامی زۆری ئەو تۆمەتانە بدەمەوە کە تاڵەبانی بۆ خودی خۆم و هاوڕێکانم لە بزوتنەوەی گۆڕان ریزی کردوە.

لێرەدا بە راشکاوی ئەڵێم: پێم ناخۆشە ئاستی پەیوەندی من لەگەڵ تاڵەبانیدا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی وتوێژ کە هەر هەموی تۆمەتبارکردن و "تەخوین" ە. پێم ناخۆشە پاش ٤٠ ساڵ لە تەمەنی هاوڕێیەتی و هاوخەباتی، تەنها لەبەرئەوەی چیتر لە ژێر چەتری یەک رێکخراودا پێکەوە کار ناکەین، بە "زمانی تەخوین" قسە لەگەڵ یەک بکەین.

من نە تاڵەبانی و نە هیچ سەرکردە و نە هیچ سیاسیەکی کوردم بە خائین و دژی کوردستان و بە "کلکگرێدان لەگەڵ جاش و بەعسیەکاندا" تاوانبار نەکردوە وەک ئێستا تاڵەبانی من و هاوڕێکانمی پێ تاوانبار ئەکات. ئەوەی ئێمە هەمانە ئەوەیە سیاسەتی تاڵەبانیمان بۆ بەرێوەبەرایەتی حیزب و بۆ بەرێوەبردنی وڵات پێ راست نەبوە و پێ دروست نیە. بڕوامان وایە ئەم سیاسەتە نابێتە هۆی بەدیهێنانی ئەو دروشمە سەرەکیانەی هەزاران رۆڵەی کورد خۆیان لەپێناویدا کردە قوربانی کە ئەویش: "دروستبونی وڵاتێکی دیموکرات و دادپەروەر و ئازاد کە کەرامەتی هەمو هاوڵاتیانی تیا پارێزراو بێت."

ئێمە سیاسەتی تاڵەبانیمان پێ راست نیە و چەوتە. بەڵام نە بە خائین و نە بە دوژمنی خۆمان و نە بە بەکرێگیراو و نە بە دەستی دەرەکی ئەزانین. کەچی ئەو تەنها لەبەرئەوەی چەند کورسیەکی پەرلەمانی بە ئێمە دۆڕاندوە، پێ لە ٤٠ ساڵ هاوخەباتی و هاوسەنگەری ئەنێت و وەک دوژمن و ناحەزی کوردستان وەسفمان ئەکات. چونکە ئەو قسانەی تاڵەبانی لە پلینۆم دا لەسەر بزوتنەوەی گۆڕان و خودی خۆم کردویەتی سنورەکانی رەخنەی سیاسی بەزاندوە و سەرئەکێشێ بۆ تۆمەتبارکردنێکی سەرتاسەری کە ئەگەر تەنها یەکێکیشیان راست بێ، هەڵسوراوانی بزوتنەوەکە و لایەنگرانی پەلکێشی دادگا ئەکات و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕەنگە ڕووبەڕوی حوکمی لە سێدارەدانیشیان بکاتەوە. لەبەرئەوەش کە تاڵەبانی کەسێکی ئاسایی نیە و ناکرێت قسەکانی بێ وەڵامدانەوە بڕۆن، ناچارم لێرەدا وەڵامی هێڵە گشتیەکانی ئەو تۆمەتانە بدەمەوە کە لە ڕاپۆرتەکەی پلینۆم دا بۆ خۆم و هاوڕێکانمی هۆنیوەتەوە.

ئەگەرچی تاڵەبانی لە ڕاپۆرتەکەی دا ڕووداوەکانی زیاتر لە ٣٠ ساڵی بە تێکەڵوپێکەڵی گێڕاوەتەوە کە وەڵامدانەوەی لێدوانی زۆر زیاتری هەڵئەگرت، بەڵام بۆ ئەوەی لەمە درێژتر نەبێ هەڵم گرت بۆ کاتی خۆی.

*

ئەشی کوژێ و بۆیشی ئەگری

تاڵەبانی لەڕاپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

"لەناو خۆشماندا، بێ ئاگاداری سکرتێری گشتی و نیوەی (م.س) و ناوەندی کۆمەڵەش، بڕیاری کوشتنی خەڵکی لەشارو لەلادێ دەردەکرد. ئەمەش بوو بەهۆیەکی گەورەی ناکۆکی ئێمەمانان لەگەڵ هێڵی نەوشیروان لەساڵی (١٩٨١)ەوەلەناو کۆمەڵەدا. تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەڕەشەمان کرد بەبەجێهێشتنی ولات ئەگەر کوشتار لەشارو لەلادێ ڕانەوەستێت، هەرچەندە، سەرەتا ئەنجامدانی ئەو تاوانانەو گەلێ بڕیاری ترمان لێ دەشاردرایەوە، بەڵام سەرەنجام، دوای ماوەیەکی کەم، لەڕێگەی بەڕپرسانی گەورەی ناو شارەوە، ڕاستیەکانمان هەموو زانی و چیکەفڕوفێڵ دادی نەدەدا. ئەم ڕاستیانەش وای لێکردین بتوانین دوا سنوور بۆ پاکتاوی جەستەیی ناڕەوا دابنێین! ئەمە یەکەمین ناکۆکی و دووبەرەکی ناڕاستەوخۆی گرنگی نێومان بوو، لەگەڵ پەیڕەوانی تووندوتیژی."

*

لە سەرەتاوە ئەڵێم: من وەکو هەندێ کەس نامەوێ پاکانەی درۆ بکەم!

لەساڵی ١٩٧٥ ەوە کە، لەگەڵ تاڵەبانی و ئەندامانی تری دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی، دەستمان کرد بەدانانی ڕێوشوێنی خەباتی سیاسی – چەکدار و، لەئەنجامی ئەوەش دا هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی کورد، من وەکو یەکێ لە بەڕپرسە باڵاکانی ئەو جوڵانەوەیە، لەساڵی ١٩٧٥ ەوە تا ساڵی ١٩٩١ کە بە ڕاپەڕین کۆتایی هاتوە، بەئەندازەی مەسئولیەتی خۆم لەجوڵانەوەکەدا، ئۆباڵی ئەدەبی و ئەخلاقی و سیاسی هەمو ڕووداوەکانی شۆڕشەکە و، هەمو ئەوانەی کە لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەدا کوژراون یا زەرەرمەند بون، لە هەر لایەک بوبن، لە ڕیزەکانی یەکێتی دا بوبن، یان لە ڕیزەکانی لایەنەکانی تری شۆڕشی کوردا بوبن، یان هاوڵاتی ئاسایی بوبن، یان لە ڕیزەکانی حکومەتی عیراق دا بوبن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەلّئەگرم و، لەبەردەم کەسوکاری ئەوانەدا و، لەبەردەم دادگای میژوی نەتەوەکەم دا و، لەبەردەم دادگای خوای گەورەدا ئامادەی وەلامدانەوەم.

ئەبو هەر کەسێ ئەو قسەیەی بکردایە تالّەبانی قسەی وای نەکردایە!

ئەگەر تالّەبانی من و چەند کەسێکی کە تاوانبار بکات بە کوشتنی چەند کەسێ لە شار و لە لادێکانی کوردستان دا، ئەی کێ بەرپرسە لە کوشتنی سەدان هەزار کورد کە بە درێژایی سالّانی ۱۹٦۱ – ۱۹۷۵ و ۱۹۷۵ – ۱۹۹۱ و ۱۹۹۱–– ۲۰۰۱ کوژراون؟

❊

کارەساتی هەلّەبجە: کێ بەرپرسە من یا سەدام؟

تالّەبانی لە راپۆرتەکەی دا ئەلّێ:

"لەناو ئەو کێشمەکێشە سیاسی و فکرییەدا، سەرەڕای ئەوەی تاقیکردنەوەی زۆرمان لەگەل سەدامییەکاندا هەبوو، بە تایبەتی سیاسەتی سەدام لە جەنگی عێراق- ئێراندا، سروشتی فاشیانەی رژێم ئاشکرا دەرکەوتبوو، دەریش کەوتبوو کە ئەم فاشیستانە لە هیچ تاوانێک نەدەسڵەمینەوە، مفاوەزاتەکەشمان لەگەل رژێم سالّێک بوو بەهۆی شۆڤێنیەتی بەعسی سەدامی و تەکنەلۆژیای جەنگی و فشارە ئیقلیمیەکە، شکستی خواردبوو، ئەو هەموو راستیانەمان دەزانی، بۆیە دەبوو ژیرانەتر هەلّبسوڕێین و کەمترین پاساو بدەینە دەست فاشیەکان، کەچی لەو کاتەدا، نەک نەمانتوانی جیاوازیەکان و هەلّەکان سەبارەت بە سکرتێری کۆمەلّە کەمبکرێنەوە، بەلّکو ناوبراو ناکۆکیەکانی لە مەیدانی سیاسەتو فکرەوە، گەیاندە ئاستێکی ترسناک، ئەویش بواری عەسکەرییە، بڕیاری هەرەمەترسیداریش لەو کاتەدا، ئەوە بوو بەبێ رەزامەندی سکرتێری گشتی، کە فەرماندەی گشتی هێزی (پ.م)ش بوو، بەلّکو بەبێ رەزامەندی زۆربەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیش، فەرمانی عەسکەری دابوو بە فەرماندەو هەڤالانی دەڤەری هەلّەبجە، کە وەکو بەشێک لە هاوکێشە عەسکەرییەکانی جەنگی عێراق – ئێران هەوڵی رزگارکردنی هەلّەبجە بدەن. گوایە بۆ کەمکردنەوەی گوشار بوو بۆ سەر سەرکردایەتی کە رژێم پەلاماری دەدا. ئەم بڕیارەش بەو شێوەیە، بەبێ لێکدانەوەی هەلومەرجی جەنگەکەو سروشتی فاشیانەی سەدامیەکان لە دوو سالّی کۆتایی جەنگەکەدا، پاساوی دایە دەست سەدام کە سروشتە فاشیەکەی بەرۆژی روناک، بەبێ دوودڵیی لە شاری هەلّەبجەدا جێبەجێ بکات. کە ئەگەر هاتباو ئەم نەخشەیە لە مەکتەبی سیاسی و لەگەلّ سکرتێرو فەرماندەی گشتی (پ.م)دا، باسکراباو تاوتوێ بکرایە، بێگومان رێگە نەدەدرا رێگەی وا بگیرێتە بەر. بەلّکو هەول دەدرا نەخشەو تاکتیکی عەسکەری گونجاوتر لەو هەلومەرجەدا بگیرێتە بەر. بە تایبەتی حکومەت پێشتر هەڕەشەی بۆ ناردبوین کە هەر پەلامارێک لەگەل پاسداران بۆ سەر هەر شوێنێک، بە بەکارهێنانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەکی کیمیاوی جوابی دەبێت، تەنانەت گەر شاری سلێمانیش بێت. سەرەڕای هەموو ئەم راستیانەش، ئۆباڵی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو سەرانسەری کوردستان، لە ئەستۆی بەعسی سەدامدایە.

کە کارەساتەکە رووبداو حوکمی دیکتاتۆری هەڵەبجەی دایە بەر چەکی کیمیاوی، ناڕەزایی لەسەر سەپاندنی بڕیارەکە، کە بەبێ ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی دەرکرابوو، لەلایەن چەندین هەڤاڵەوە بەرزبۆوە. بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.

*

لەمێژە وتوبێنە سەرکەوتن هەزار باوکی هەیە بەڵام شکان هەتیوە.

تاڵەبانی لەمێژ بو گەیشتبوە ئەو باوەڕەی ڕژێمی بەعس لە عێراق ئەوەندە بەهێز بوە کە موعارەزەی عیراقی، بە کورد و بەئەویشەوە، لە توانایدا نیە بیرۆخێنێ. باوەڕی وابو ڕوخانی ڕژێمی سەدام بە "عامیلی خاریجی" و بە "هێزی دەرەکی" ئەکرێت. هەر بۆیە بایەخێکی تایبەتی ئەدا بە سوریاو لیبیا بە هیوای سازدانی ئینقیلابی عەسکەری. کە لەوان بێ ئومێد بو پەنای بردە بەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەو کاتە لەگەڵ جەیشی عێراق، لە جەنگێکی خوێناویەوە گلا بو، بەشکو بە هاوکاری جەنگی و سیاسی ئێران، عێراق بروخێ.

لە چوارچێوەی ئەم ستراتیجیەدا هێشتا مفاوەزاتی یەکێتی بە تەواوی لەگەڵ عێراق کۆتایی نەهاتبو، لە هەوڵی دامەزراندنی پێوەندی دا بو لەگەڵ ئێران.

دوای چەندین هاتوچوی نوێنەرانی هەردولا و، دوای چەندین هەڵکشان و داکشان لە دانوستانەکانی نوێنەرانی هەردولادا زەمینەی پێکهاتن ساز بو. تاڵەبانی لەگەڵ شاندێکی یەکێتی کە پێک هات بو لە فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر کەمال خۆشناو، محەمەد تۆفیق ڕەحیم، شێرزاد حەوێزی... چوە تاران.

لەمانگی ١٠ ی ١٩٨٦ دا لەتاران، بە نوێنەرایەتی یەکێتی لە لایەن تاڵەبانی و بە نوێنەرایەتی ئێران لە لایەن محەمەد باقیر زولقەدر (فەرماندەی ئەوسای قەرارگای ڕەمەزان) ڕێککەوتنێکی جەنگی و سیاسی و لۆجستی بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی هێزەکانی هەردولا دژی جەیشی عێراق لە هەمو بوارەکان دا ئیمزا کرا.

بە پێی ئەم ڕێککەوتنە ئەبو هێزەکانی یەکێتی لە هەمو بوارێکی جەنگی دا، هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئێران بکا و، تا ڕوخانی سەدام درێژە بە شەڕ بدا و بێ ئاگادرای ئێران و ڕەزامەندی ئەو هیچ مفاوەزەو ئاشتیەک لەگەڵ عیراق نەکا.

دوای ئەم ڕێککەوتنە زنجیرەیەک عەمەلیاتی عەسکەری هاوبەشی پێشمەرگەی یەکێتی و لایەنەکانی تر لەگەڵ سپای پاسداران بە ئاشکرا لە ژێر ناوەکانی "فەتح" و "نەصر" و "فەجر" ... دەستی پێ کردو بەدوی ئەویش دا دەیان عەمەلیاتی تر ئەنجام درا، کەیەکێکیان "داستانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رزگاری" بو لە ناوچەی چوارتا نزیک بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، کە لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی خودی تاڵەبانی دا بو، بە هاوکاری و هاوئاهەنگی راستەوخۆ لە گەڵ محەمەد باقیر زولقەدر، دواتر سەرۆکی ستادی سپای پاسداران، و عەلی شەمەخانی، دواتر فەرماندەی نیروی دەریایی ئینجا وەزیری دیفاع.

هەر هاوکاریو هاوئاهەنگیەک لە نێوان من یان هەر سەرکردە یان فەرماندە یا پێشمەرگەیەکی یەکێتی لەگەڵ هێزەکانی ئێران کرابێ، بە پێی ئەم رێکەوتنە بوە، کە ئاغای تاڵەبانی ئیمزای کرد بو. پاکانە بە بیانوی بێئاگاییەوە لەم عەمەلیاتە، لە لێپرسراوێتی سیاسی و قانونی ئەو کەم ناکاتەوە، هیشتا سەدان کەس لە ئاگادارەکانی ئەو پەیوەندی و هاوکاریانە شایەتی زیندون و، پاکانەش بۆ سەدام و رژێمی بەعس، بە بیانوی ئەوەی هەرەشەی پێشەکیان لێ کردوە، هیچ لە لێپرسراوێتی سەدام و هاوڕێکانی کەم ناکاتەوە، ئەوە دادگای تاوانەکان لە بەغداد خەریکی لێپرسینەوەیە.

پێش هەڵەبجە لە چەندین مەیدانی جەنگیدا لە پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دیالە... کاری هاوبەش لەگەڵ ئێران کرابو،ئازادکردنی هەڵەبجە کە بە وێرانکردنی هەڵەبجە و قڕکردنی خەڵکەکەی تەواو بو بەشێک بو لە نەخشەیەکی جەنگیی فراوان بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی هەڵەبجە، قەڵادزە، رانیە، دوکانو چوارتا... کاتێک کە ئازادکردنی هەڵەبجە لە ئەنجامی کیمیابارن دا بو بە کارەسات، واز لە جێبەجێکردنی تەواوی نەخشەکە هێنرا.

پێش هەڵەبجە حکومەتی بەعس کەم جێگەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە هەبو کیمیابارانی نەکردبێ، چەندین ناوچەی لە خۆشناوەتی، بیتوێن، پشدەر، بەری مەرگە، دۆڵی جافەتی، بەری قەرەداغ، بادینان، دەشتی کۆیە، دەشتی کەرکوک... کیمیاباران کردبو. حکومەتی بەعس تەنیا بە تەسلیمبون و کۆتاییهێنان بە شۆڕش دەستی لە کیمیاباران هەڵنەگرت، بە تایبەتی لە سایەی بێدەنگی ئەمەریکاو زلهێزەکانی دنیادا.

ئەو هەرەشەیەی تاڵەبانی باسی ئەکات ئەگەر بەو گەیشتبێت، بە من نەگەیشتوە، چونکە ئەو زەمانە بەعس هیچ رێگە پەیوەندیەکی لەگەڵ من نەبو تا ئەو هەواڵەم پێ بگەیەنێ، ئاغای تاڵەبانیش شتی وای بە ئێمە نەوتبو.. ئۆبالی گوێنەدان بەم هەرەشەیە، ئەگەر راست بێ، لە ئەستۆی ئەودایە.

پێویست ناکات لە سەر کارەساتی هەڵەبجە درێژەی پێ بدەم، چونکە خوالێخۆشبو شەوکەتی حاجی موشیر کتێبێکی لە ژێر سەرناوی "کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە —— بەهاری ١٩٨٨" لە سەر نوسیوە و ساڵی ١٩٩٨ لەسەر ئەرکی تاڵەبانی لە سلێمانی چاپی کردوە.

هەرکەس ئەو کتێبە بخوێنێتەوە ئەزانی کە:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فەرماندەی عەسکەری عەمەلیاتەکە شەوکەتی حاجی مشیر بوە و،
لێپرسراوی سیاسی عەمەلیاتەکە دکتۆر فوئاد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر بون و،
لێپرسراوی لۆجستی عەمەلیاتەکە ساڵح محەمەد ئەمین بوە.

یەکێ لەو بەڵگانەی لەم کتێبەدا باڵاو کراوەتەوە وێنەی نامەیەکی فوئاد مەعسومە بۆ شەوکەت کە تیا نوسیوە: "هومێدی سەرکەوتنت بۆ دەکەم لە کارە پیرۆزەکە" دا کە ناڕاستیی هەمو قسەکانی تاڵەبانی ئەسەلمێنێ.

ئەو زەمانە مەکتەبی سیاسی پێکهاتبو لە ٥ ئەندام: سکرتێری گشتی، دو نوێنەری شۆڕشگێران-- کە فوئاد مەعسوم و نازم عومەر بون و، دو نوێنەری کۆمەڵە -- کە یەکێکیان منو ئەویتریان فەرەیدون بو.

عەمەلیاتی وا گەورە کە سەدان فەرماندە و بەرپرسو چەندین لایەنی سیاسی کوردستانیو عێراقی (پارتی، سوشیالیست، بزوتنەوەی ئیسلامی، فەیلەقی بەدر) ی تێدا بەشدار بێت، بارەگای چەندین لایەنی سیاسی ئێرانی (لەوانە دیموکراتو کۆمەڵە) بکەوێتە بەر مەترسی، نەئەکرا بێ ئاگاداریو رەزامەندی سەرکردایەتی یەکێتیو بە تایبەتی شەخسی تاڵەبانی ئەنجام بدرێت. خۆ بێئاگاکردنی ئاغای تاڵەبانی لەو مەسەلەیە چەواشەکاریەکی ئاشکرایە لەبەردەم تەوژمی روداوەکاندا خۆی ناگرێت.

لەو سەردەمەدا کە ئیمە بە دڵی شکاو و دەرونی بریندارەوە باسی ئەوەمان ئەکرد چۆن هەولی "ئازادکردنی هەڵەبجە" بو بە "کارەساتێکی ئینسانی"، ئاغای تاڵەبانی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ئەیوت: "کیمیابارانی هەڵەبجە مەسەلەی کوردی بردە ناو مەیدانی ناودەوڵەتیەوە... ئاخ بۆ دووسێ هەڵەبجەی تر".

*

بوشی باوک: رزگاری بۆ کوەیت و فیدرالی بۆ کوردستان!

تاڵەبانی لە راپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

"ئەمریکیەکان بە سکرتێری گشتی ی.ن.ک یان راگەیاند، کە ئەگەر بێت و هاوکاری هێزی هاوپەیمانان بۆ رزگارکردنی کوێت بکەن، ئەوا هەم یارمەتییەکی باشی چەک و ماددی دەدەن بەکوردو هەم پاشان فیدرالیەتیشی لە عیراقدا بۆ دەسەلمێنن و دەسەپێنن. سکرتێری گشتیش، داوای لە نەوشیروان کرد، کە لەگەل هەڤالانی سەرکردایەتی و پارتیش دراسەی بکەن و وەلامی بدەنەوە. ئەویش وا وەلامی سکرتێری گشتی دایەوە: کە ئەوە پەسەند نییە، چونکە سەدام هەر بە خۆشی لە کوێت دەکشێتەوەو شەڕەکەش تووشی ئیمە دەبێت. بەم هەڵوێستە هەڵەیە هەڵێکی مێژوویی لە کیس کورد دا، ئەگینا دوای رزگاری کوێت، بەتایبەتی کەزۆربەی زۆری کوردستانمان رزگارکردبوو، فیدراڵمان بۆ دەچەسپا."

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تاڵەبانی لەپێش دەست پێکردنی عەمەلیاتی ئەنفالەوە بە ٢ مانگ سەفەری دەرەوەی کردبو، لە کاتی ڕاوەستانی شەڕی عێراقو ئێراندا ئەو چەند مانگ بو خۆی لەدەرەوە ئەگنخاند، هەمیشە بیانوی ناڕاستی دائەتاشی بۆ مانەوەی هەرچی درێژتری لەدەرەوەی کوردستان.

تاڵەبانی لە کاتی هێرشی جەیشی عیراق دا بۆ سەر کوەیت لە دەرەوەی کوردستان بو. لەدوای داگیرکردنی کوەیت سەفەری ئەمەریکای کرد. بە بروسکە ڕەئی منیشی پرسی، کە لەوێ داوای چی بکا. من سەفەرەکەیم پێ باش بو. پێشنیارم بۆ کرد هەرچیەکی پێ ئەکرێت بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعس و بۆ ڕوخاندنی بیکات، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆری میللەتەکەمان لە ئۆردوگاکان دا وەکو دیلی جەنگ کۆکراونەتەوە و چەندین هاوڕێمان لە زیندانەکانی بەعس دان، خۆی لە "تەسریحاتی ڕۆژنامەوانیی ئیستیفزازی" بپاریزێ. هەرچیش بە ئیمە ئەکرێت بیکەین. لەو کاتەدا ئیمە، لە قاسمەڕەش، بەوپەڕی جدیەتەوە، خەریکی خۆ ئامادەکردن بوین بۆ ڕاپەڕین. وردەکاری نەخشەی کارەکانی خۆمان بۆ سازدانی پێشمەرگە و ڕاپەڕاندنی خەلک لە شارەکان، بە نوسین و بەدرێژی، بە دەستی، بە دانای ئەحمەد مەجیدا، کە ئەوسا نوێنەری یەکێتی بو لە کرماشان، بۆ ناردبو بۆ دیمەشق، ئەویش سوریەکانی لێ ئاگادار کرد بو.

ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکی بوشی باوک، لەو هەلومەرجەدا، ئامادە نەبو نە تاڵەبانی و نە هیچ کەسێکی تری موعارەزەی عیراقی ببینێ، چونکە ئامانجی ئەمەریکا لەو شەڕەدا تەنیا دەرکردنی جەیشی عیراقی بو لە کوەیتو ڕزگارکردنی کوەیت بو لە داگیرکردنی عێراق. ڕوخانی ڕژێمی بەعسو لابردنی سەدام لەبەرنامەی ئەمەریکادا نەبو، چونکە ئەمە هاوسەنگی هێزەکانی نێوان ئێران- عێراق و ئێران- خلیجی تێک ئەدا.

وتارەکانی بوشی باوک و وتەبێژەکانی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژانی کۆڕەودا، کە ڕای گشتی جیهانی وروژا بو داوای دەستێوەردانی جیهانیان ئەکرد، ئەم ڕاستیە دەرئەخەن. ئەوان بە ئاشکرا ئامانجی خۆیان ڕونکردەوە. هەرکەس بیەوێ لەڕاستی ئەمە بکۆڵێتەوە ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئارشیفی قسەکانی ئەوکاتەی سەرۆک بوش کە وتی: "من ئامادە نیم یەک سەربازی ئەمەریکی بنێرم بۆ ناو زەلکاوی عێراق".

تاڵەبانی لەسەفەرەکەی ئەمەریکادا ئەگەڕچی هەوڵی زۆری دابو کاربەدەستانی ئەمەریکی ببینێ، تەنانەت بۆ خۆنزیککردنەوە لە کاربەدەستانی ئەمەریکی، بەرتیلێکی سیاسی خۆڕایی دابونێ. تەسریحێکی ئاگرینی دا کە لە "واشنتۆن پۆست" دا بڵاوکرابوەوە وتبوی: "ئەگەر سەرۆک بوش ڕازی بێ ١٠ هەزارکەس لە پیاوەکانم ئەنێرم بۆ کوەیت شان بە شانی سپای ئەمەریکی شەڕی جەیشی عێراق بکەن..."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تاڵەبانی بە هۆی چەند رۆژنامەنوسێکی ناسراوەوە وەک جوناسان راندال کارمەندێکی بچوکی وەزارەتی دەرەوەی لەچایخانەیەک دا بینی بو، ئەویش بە ئاشکرا و، بێ هیچ پێچوپەنایەک، پێی وتبو: "ئەمەریکا لەو کاتەدا ئامادە نیە لەگەڵ موعارزەی عێراق پەیوەندی دروست بکا".

مەسەلەی ئەم بەڵێنەی کە بەو دراوە حیکایەتێکە خۆی دروستی کردوە، بەمە گەرەکێتی سۆزی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ سودی خۆی و سەلماندنی گرنگیی سەفەرە بێهودەکانی بە کار بهێنێ، وا لە خەڵک بگەیەنێت کە دەوڵەتی ئەمەریکاش - وەک ئیدارەی سیاسی سەردەمی سەرۆکایەتیەکی خۆی - بێ سەروبەرەو ئەویش بێ رەزامەندی دەزگا پێوەندیدارەکانی کۆنگرێس و سێنات و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و وەزارەتەکانی بەرگریو دەرەوە، ئەتوانێ بەڵێنی درۆ بەم و ئەو بدات.

نە ئەو سەردەمە، سەرۆک بوشی باوک و، نە دوای ئەویش سەرۆک کلینتۆن و، نەدوای ئەوانیش سەرۆک بوشی کوڕ و، نە ئێستاش سەرۆک ئۆباما، هیچکامیان بەڵێنی لەو بابەتەیان بە تاڵەبانی و بە هیچ کوردیکی تر نەداوە.

سەرۆک بوشی باوک و کاربەدەستە باڵاکانی سەردەمی ئەو هەمویان زیندون. ئەگەر بشمرن ئارشیفی بەڵگەکانیان لەدەزگا پەیوەندیدارەکان دا ئەمێنێ. لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی تەنانەت رۆژنامەوانێکی وریا ئەتوانێ بچێتە بنجوبناوانی ئەم قسەیەی تاڵەبانی و دەرئەکەوێ کە شوبهاندنی ئیدارەی ئەمەریکی لە بەخشینی بەڵێنو پارەو چەک و پشتیوانی، کە لە ئەمەریکا، بە پرۆسەیەکی قانونی دریژدا تێ ئەپەڕێ و، شوبهاندنی بە ئیدارەی کوردی کە بە ئارەزوی خۆی ئەتوانێ ئەو شتانە بێ پرۆسەی قانونی و پەرلەمانی تێپەڕێنێ، درۆیەکی چەند زلە بۆ چەواشەکردنی رای گشتی کوردی.

خۆ ئەگەر بەڕاستی بەڵێنی وەهای پێ درا بو ئەبو ئاگاداری سەرکردایەتی "بەرەی کوردستان" ی بکردایە و، بە پێشنیارێکی فەرمی رەوانەی سەرکردیاتی بەرەی کوردستانی بکرایە، بۆ ئەوەی تاوتوێی بکات و بڕیاری لێ بدات. چونکە سەرکردایەتی بەرە پێکهاتبون لە سەر ئەوەی هیچ لایەک بە تەنیا بڕیاری کاری چارەنوسساز نەدا، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا مەسعود بارزانی بەرپرسی یەکەمی کاروباری بەرە بو لە کوردستان و تاڵەبانی بەرپرسی کاروباری هەندەران بو. من بەشبەحاڵی خۆم لەم راپۆرتەدا ئەو حیکایەتەم خوێندۆتەوە. بۆ خۆشبەختی سەرانی بەرەی کوردستانی هەمویان زیندون ئەتوانن راستی و ناڕاستی ئەم حیکایەتە ساخ بکەنەوە.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاشهاتەکانی ئەنفال: گلان و هەڵسانەوە

تاڵەبانی لە راپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

"ناکۆکیەکی تری سەرەکی لەنێوانماندا، لەسەروبەری راوەستانی شەڕی ئێران- عیراق بوو، لەوساتەدا سکرتێری کۆمەڵە باوەڕی بەشۆڕش نەمابوو، لەدوای شەڕی سەرکردایەتی وڕەی بەردابوو، بەپەلەپرۆزە ناوچەکەی بەجێهێشت بەسەر هەڤالانی سەرکردایەتیدا بێ ئەوەی پرس و راوێژیان پێ بکات. بەتایبەتی لەدوای ئەنفالەکان. کە سەدان خێزان و هەزاران کەس لەگەل یەکێتی لەپاشەکشەدا کەوتبوون و پێویستیان بەهاوکاریو ڕێنوێنی هەبوو، بەڵام سکرتێری کۆمەڵە بەئارەزووی خۆی بڕیاری دەداو سەرەنجام سەربەخۆ کەوتە بلاوەپێکردنی شۆڕشو دەستی کرد بەناردنە دەرەوەی کادیرەکانی نزیک لەخۆی و هاندانی پێشمەرگەش بۆ چونە ماڵی خۆیان یان بۆ ئێران. بەکەڵکوەرگرتن لەدەسەلاتی جێگری سکرتێری گشتی لەغیابی سکرتێری گشتیدا، خەریک بوو شۆڕشەکە بلاوە پێ بکات. ئەگەر بەرهەڵستی هەڤالان کاک کۆسرەتو هەڤال جەبار فەرمان و چەند هەڤالێکی شۆڕشگێڕیان نەبا، بەرەسمی بڕیاری بلاوەپێکردنی شۆڕشی دەدا. سەرەنجامی ئەم سیاسەتەو ئەم باوەڕەی کەوتە هەڵگرتنی دروشمی گفتوگۆ لەگەل سەدام و پروپاگەندە بۆ نەمانی توانای درێژەدان بە شۆڕش. بۆ رازیکردنی سکرتێری گشتیش، کە لەسوریە بوو، هەڤال عومەر عەبدوڵلا یان ناردە لای. بەڵام سکرتێری گشتی ئەو سیاسەتەی پەسەند نەکردو بەقسە بەناوبانگەکەی وەلامی دانەوە، کە خەبات درێژە پێدەدەین تا سەدام هەر دەڕوخێنین.

لێرەوە ناکۆکی نێوان سکرتێری گشتی و جێگرەکەی زۆر تووندتو قول بوو. هەر بەوە خاوکرایەوە کە پاشان (م.س) بڕیاری دا شۆڕش بەشێوەی شەڕی پارتیزانی درێژەی هەبێت و خەبات شان بەشانی موعارەزەی عیراقیش دژی دیکتاتۆریەت درێژەی هەبێت، خۆشمان دەست بکەین بە دروستکردنی دەستەی چەکدار لەشارەکان و ئوردوگاکان بۆ ڕۆژی خۆی. چونکە ئێمە پێمان وابوو، کە سەدام کەتنیک لەگەل کوێت، هەر دەکات، ئەمریکاو ئەوروپاش هەر لێی دەدەن. لەسەر ئەوەش لەگەل نەوشیروان ناکۆک بووین، چونکە ئەو پێی وابوو کە لەسەدام نادرێت، تەنانەت دوای پەلاماردانی کوێتیش پێی وابو سەدام دەکشێتەوە، بۆیە داوای گفتوگۆی لەگەل سەدام دەکرد. ئەوەبوو، بێ پرسی هەڤالانیش، بەتایبەتی سکرتێری گشتی، کەوتە نامەناردن بۆ سەدام و هەوڵدانی لاواز بۆ ڕێکەوتنێکی لاواز بەهیوای ئەوەی سیاسەتی خۆی بباتەسەر. کەچی نەک سەدام ئامادەنەبوو چارەسەرێکی لاوازیش بۆ کێشەکە بسەلمێنێ، بەڵکو شەخسی خۆی ئامادە نەبوو وەلامی یەک نامەی جێگری سکرتێری یەکێتیی بداتەوە، تەنیا داوای زارەکی ئەوەبوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە (یاخیبووەکان بگەڕێنەوە ریزی نیشتمانی) ئەمەش هەر بیروبۆچونەکانی هێڵی ڕوخاندنی سەدامی سەلماندەوە، کە ڕژێم شۆڤێنی و فاشییەو مافی دیموکراتی هەرگیز نادات."

*

هەرکەس باسی ئەنفال و پاشهاتەکانی ئەنفالی بکردایە، ئەبو تاڵەبانی خۆی لە قەرەی ئەو باسە نەدایە. چونکە ئەو ئەیزانی گەورەترین هێرشی ئەو جەیشە زەبەلاحەی سەدام بۆ شەڕی ئێرانی دروست کردبو، بەڕێوەیە بۆ سەر کوردستان. کەچی بۆ ئەوەی خۆی لەو ئاگرە سورە دور رابگرێت، سەفەرێکی بۆ ئێران ڕێکخستو لەوێوە ڤڕی بۆ دەرەوە و تا سەرکەوتنی کورد لە ڕاپەڕیندا و تا ئازادکردنی هەمو کوردستانی عێراق نەگەڕایەوە بۆ کوردستان. لە گەڕانەوەشی دا کە توشی شکانو کۆڕەو بوین، لەباتی بەرگریکردن و کەڵک وەرگرتن لەو هەلەی کۆڕەو لە ئاستی ناودەوڵەتی دا بۆ کوردی ڕەخساند، بە هەڵەداوان چوە بەغدا و بە جۆرێکی شەرمهێنەری ئەوتۆ ئەملاوئەولای سەدامی ماچ کرد، بوە هەوالی یەکەمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سەرانسەری دنیادا.

تاڵەبانی و هەندێ لە هاوبیرەکانی پێیان وا بو: لە دوای ئەنفال ئیتر ئیشمان بە پێشمەرگە نەماوە، بۆیە ئەو دیسان سوریای کردەوە بە بارەگای سەرەکی خۆی و، بۆئەوەی باری سوک بێ و ئیلتزاماتی مادی کەم بێ، ئەیویست جگە لە ئەندامانی سەرکردایەتیو ژمارەیەکی کەمی کادری سیاسی و ئیعلامی و پێشمەرگەیی، ئەوەی تری "ڕەشایی لەشکر" بە هەر جۆرێ بێ لە کۆڵی بێتەوە.

لە سوریا بایەخی زۆری بەکاری ڕاگەیاندنو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی ئەدا، بۆیە کە بەرەی کوردستانی دامەزرا ئەو خۆی ئەوەی هەڵبژارد کە بەرپرسی چالاکیەکانی بەرەی کوردستانی بێ لە هەندەران. بەڵام کە سەدام گەوجێتیە گەورەکەی کرد و کوەیتی داگیر کرد، ئینجا کەوتەوە جۆش و خرۆش بۆ سازدانو کۆکردنەوەی پێشمەرگە.

ئەگەرچی هەمیشە باوەڕم بەوە هەبوە کە شان بە شانی کاری چەکدار و ململانێی توندوتیژ ئەشێ گفتوگۆی ژیرانە و دانوسەندنی سیاسی ڕێگەیەکی تر بێ بۆ بە لادا خستنی کێشەی سیاسی و دواخستنی ململانێی خوێناوی، بەڵام بە درێژایی ژیانم، نە ئەو کاتەو نە پێش ئەوکاتەو نە دوای ئەو کاتە، هەرگیز نامەم بۆ سەدام حسێن و بۆ هیچ کام لە کاربەدەستانی بەعس نەنوسیوە. لە کاتێکدا ڕەنگە ئاغای تاڵەبانی دەیان نامەی بە خەتی خۆی و بە ئیمزای خۆی بو سەدام حسێنو بەرزانی بڕایەو سەبعاوی برای و بۆ عیزەت دوری و کاربەدەستانی تری بەعس نوسی بێ و، دوای ڕوخانی بەعس و بە تاڵان چونی بەڵگەکانی عێراق، وێنەی هەندێکیان کەوتۆتە دەس دەزگا و دەوڵەتی جیاواز و، ڕۆژێ دێ روناکی ببینن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەدوای ئەنفال زیاتر لە بیست مانگ من لە سەر سنور لە قاسمەڕەش، نۆکان و شێخێ، بوم. ئەمتوانی منیش وەکو ئاغای تاڵەبانی بچم لە یەکێ لە پایتەختە خۆشەکانی ولاتانی ئەوروپا پاڵی لێ بدەمەوە لەوێوە قسەی زلی بێ گومرگ بکەم و قارەمانێتی بە هاوڕێکانم بفرۆشمەوە، بەڵام من ئەوەم نەکرد، لە گەڵ هاوڕێکانم و لە گەڵ هاوسەنگەرەکانم و لە گەڵ هاوڵاتیە لێقەوماوەکانم دا مامەوە. تەنیا شتیش کە ئەوەی پێ ئەکردم خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمانەکەم بو، ئەگینا هەمو شارەزایەک ئەزانێ ئەو زەمانە لەو زەمینەدا هیچ خۆشیەکی دنیایی یا هیچ دەسکەوتێکی مادی نەبو کەسێ بە دیاریەوە دابنیشێ، بەڵام لەوێ بە هاوکاریو بە یارمەتی هاوڕێکانم "لە غیابی سکرتێری گشتی" دا، وەک خۆی نوسیوێتی، "پایەکانی ستراتیجی قۆناغی نوێی کار" مان لەسەر ٤ بناغە دانا:

١. کاری رێکخراوەیی – سیاسی
٢. کاروباری راگەیاندن
٣. کاری پێشمەرگەیی
٤. کاری دیپلۆماسی

"لە غیابی سکرتێری گشتی دا" لەو ماوەیەدا "بەرەی کوردستانی" مان پێکهێنا و، بۆ یەکەمجار لە مێژوی شۆڕشەکانی کوردا بناغەی دۆستایەتیەکی بەهێزمان لەگەڵ پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لایەنە کوردستانیەکان دامەزراند، کە دواتر لە راپەڕین و کۆڕەو و مفاوەزات و دامەزراندنی یەکەمین تەجروبەی حوکمڕانی کوردا رەنگی دایەوە.

"لە غیابی سکرتێری گشتی دا" لایەنی کەمی ژیانی پێشمەرگەمان، بێ ئەوەی ئەو بتوانێ هیچ سەرچاوەیەکی دارایی‌مان بۆ پەیدا بکا، دابین کرد. نەمانهێشت جیاوازی چینایەتی لە ژیانی کادرو تێکۆشەرو پێشمەرگەکانی یەکێتی دا دروست ببێ.

"لە غیابی سکرتێری گشتی دا" نەمانهێشت دەزگای راگەیاندن لە کار بکەوێت، رادیوی دەنگی گەلی کوردستان بوە سەرچاوەی گەیاندنی راستیو هەواڵو سازدانو رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک و شەڕارەی عەرەبی و ریبازی نوێی کوردی مانگانە بڵاو ئەکرانەوە.

"لە غیابی سکرتێری گشتی دا" هێزە چەکدارەکانمان رێکخستەوە:

١٢ بەتالیۆنی نیمچە نیزامی لە سەر سنورەکان
٥٢٠ پارتیزان لەسەرانسەری کوردستان
١٢٠ کادری سرک لەناو شارو ئۆردوگاکان دا
٧٠٠٠ کەس لە ریزی شانە چەکدارەکانی شالاو و بروسک دا
چەند هەزار کەس هێزی پشتگیری لەناو ئاوارەکانی ئیران دا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەهەر چوار مەیدانەکەدا بە سەرکەوتویی ئەرکەکانی "ستراتیجی قۆناغی نوێی کار" مان بەجێ هێنا، لە رۆژانی جەنگی دوهەمی کەنداودا، "شکستی ئەنفال" مان گۆڕی بە "سەرکەوتنی راپەڕین".

ئێمە "لە غیابی سکرتێری گشتی دا" ئەمانەمان کردوە، ئەو چی کردوە؟

*

کورد— عەرەب: برایەتیەکی لاسەنگ یا پەیوەندیەکی هاوتا؟

تاڵەبانی بۆ هاندانی هێزە عەرەبیەکان لە بزوتنەوەی گۆڕان و خودی خۆم "وای پێشان ئەدات من دژی عەرەبم و گاڵتەم بە برایەتی کورد و عەرەب دێت. ماوەیەکیشە سیاسەتێکی دوفاقی دزێویان دژی بزوتنەوەی گۆڕان گرتۆتە بەر. لای هێزە عەرەبیە عێراقیەکان وەک بزوتنەوەیەکی تۆندڕەوی کوردی ,وێنامان ئەکەن کە بڕوای بە پێکەوە ژیان نیەو کار بۆ سەربەخۆیی ئەکات ، و لای خەڵکی کوردیش وەک هێزێک کە دژی کوردستان و ئازادی کوردستانە و کار بۆ پارچە پارچە بونی ئەکەن. هەندێکجار وەک ناحەزی ئەمەریکا و هەندیکجار وەک ناحەزی ئێران.. هەندێکجار وەک ناحەزی پارتی و لایەنگری شەڕی ناوخۆ، و لای هەندێکیش وەک بزوتنەوەیەکی فاشی دژ بە هەمو شتێکی غەیرە کوردی. لە کۆی چیان پێ کرا بێت دژی ئێمە کردویانە و لەکوێش.هەستیان کردبێت تۆمەتێک هەیە وا لە لایەنێک ئەکات دژمان بۆستێتەوە وتویانە. ئەم قسانەش "کە ئێستا لە پلینۆمدا دژی خۆم و بزوتنەوەی گۆڕان ئەیکات، هەر لەپێناو ئەم ئامانجەدایە.

سەبارەت بە مەسەلەی برایەتی کورد و عەرەبیش ئەبێ بڵێین هیچ کەس بەقەد ئێمە بڕوای بە هاوکاریو دۆستایەتی و پێکەوەکارکردنی نەتەوە و ئەتنیە جیاوازەکان نیە. بگرە یەکێک لە رەخنە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و خودی خۆم لە سیاسەتی حیزبە کوردیەکان ئەوە بوە کە نەیتوانیوە بەشێویەکی دیموکراتیانە و دور لە دەمارگیری حیزبایەتی و خیڵایەتی مامەڵە لەگەڵ فرە نەتەوەیی کوردستان و عیراقدا بکات.

بەڵام هاوکاریو دۆستایەتی و مامەڵەی یەکسان شتێکەو خۆ بەبچوک زانی شتێکی تر. ئەوەی ئێمە ئەوساو ئێستاش دژایەتیمان کردوە هەستی خۆ بە بچوکزانی و خۆ بچوککردنەوەیە لەبەرامبەر ئەوانی تردا. زۆرێک لە سیاسیەکانی کورد لەبەر ئەوەی کورد خاوەن دەوڵەتی خۆی نەبوەو تەنها بزوتنەوەیەکی چەکداری هەبوە کە لە روی هێزو ژمارە و قەبارەوە لە ناحەز و نەیارەکانی لاوازتر بوە، بە گرێی هەستی خۆ بەبچوکزانی و خۆ سوککردنەوە مامەڵەیان لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکانی ئەو گەلانەدا کردوە کە بەهێز و قەبارەگەورەتر بون. ئەمە تا ئێستاش بەردەوامە هەرکەس چاودێری هەڵسوکەوتی سەرانی کورد بکا لەگەڵ کار بەدەستانی عەرەب چ لە عێراقو چ لە جیهانی عەرەبدا،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانیو تورکیدا، لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمەریکیو ئینگلیزیدا بە ئاشکرا ئەم دیاردەیە ئەبینرێت و ئەم فەرهەنگە ئەخوێنیتەوە.

لە قۆناغێکی سیاسی کوردستانیشدا بۆ ئەوەی رەوایەتی بەم هەستی خۆ بە بچوکزانینە بدرێت، دروشمی درۆزنانەی برایەتیان هێناوەتە پێشێ. برایەتیەک کە برایەتی نەبوە، بەڵکو کۆیلەیەتی و خۆ بە بچوکزانی و بەسوک تەماشاکردن بوە. سیاسیەکانی کورد لەجیاتی ئەوەی وەک نوێنەری میلەتێک و بە هێز و وزە وەرگرتن لەو نوێنەرایەتیەوە، بە هەستێکی هاوشان و چونیەکەوە بچنە وتوێژ لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکانی گەلانی تردا، بە هەستی خۆ بە بچوکزانیەوە مامەڵەیان کردوە و زۆرجار بەمەش گەلەکەی خۆیان شەرمەزار کردوە.

سەرۆک و سەرکردەکانی گەلانی دنیا، هێز و توانای خۆیان لە گەلەکانیانەوە وەرئەگرن، نەک لەهێزی سەربازی و قەبارەی سیاسی بچوکی دەسەلاتیانەوە وەک هەندێک لە سەرکردەکانی کورد ئەیکەن.

گەلان هیچیان خۆیان لەوانی تر بە کەمترو بچوکتر نازانن. هیچ گەلێک ئەگەر بە ژمارەش کەم بێت خۆی لە گەلێکی تر ئەگەر تەنانەت بە ژمارە زۆریش بێ بە بچوکتر نازانێ.

بەڵام زۆرێک لە سیاسیەکانی کورد کە قەت قەبارەی سەربازی هێزەکانیان لەئاست قەبارەی سەربازی دراوسێکانیاندا نەبوە، بە رۆحێکی خۆ بە بچوک زانی و برا بچوکیەوە تەماشای گەلەکانی تریان کردوە.

بڕوای پتەوی ئێمەش ئەوساو ئێستاش ئەوەیە کورد برابچوکی هیچ گەلێک نیەو هیچ شتێکی لە هیچ نەتەوەیەکی تر کەمتر نیە. هەر جۆرە برایەتی و هاوکاریەکیش باسی برا گەورەیی و بچوکی تیا کرا، برایەتی نیەو کۆیلەیەتی و سوکایەتی پێکردنە. لەنێوان گەلانی دنیادا گەورەو بچوکی نیە، بەڵکو یەکسانی و هاوشانی و ڕێزگرتنی بەرامبەر و بەرژوەندی هاوبەش هەیە. مرۆڤ ئاژەڵ نیە و بە لۆژیکی دارستان ناژی کە تیای دا ئەوەی گەورە و بەهێز بێت، مافی زیاتر و گەورەتری هەبێت. گەلان هەمو ئەبێت لەپێگەیەکی یەکسانو چونیەک و ڕێزی هاوبەشەوە، مامەڵە لەگەڵ یەک بکەن، نەک بە پێی گەورەی و بچوکی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوەی ئێمە ئەوسا و ئێستاش دژایەتی ئەکەین ئەوەیە سیاسی و سەرکردەکانی کورد بە گرێی خۆ بەبچووکزانیەوە مامەڵە نەکەنو ڕێز و حورمەت و کەرامەتی ئەو نەتەوەیە بگرن کە نوێنەرایەتی ئەکەن. نەتەوەکەیان لەبەر خۆ خۆشەویستکردن لای بێگانە بچوک نەکەنەوە و بە برا بچوکی لە قەڵەم نەدەن.. خەڵکی ئێمە بەوە پەرەوەردە نەکەن برابچوکی هیچ گەلێکی تر بێت و هیچ کەس لە خۆی بە گەورەتر نەزانێت. ئەوسا و ئێستاش بڕوامان وابوە ئەبێت گەلەکەی خۆمان فێری هاوکاری و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و یەکسانی بکەین، نەک کۆیلەیەتی و خۆ بە بچوک زانی.

بێگومان برا گەورەیەتی و برا بچوکی وەکو بەشێک لە نەریتی کۆمەڵایەتی ناو خێزانو بنەماڵە و تیرە و هۆز و خێڵ شتێکی ئاساییەو ئەبێ پەیڕەوەی بکرێت، بەڵام براگەورەو برا بچوک لە پەیوەندی سیاسی ناو دەوڵەتان و ناو گەلانو ناو نەتەوەکانی جیهاندا نیە، بەڵکو پەیوەندی یەکسان لەسەر بنچینەی قازانجی هاوبەش و ڕێزگرتنی یەکتری هەیە.

جگە لەو فەرهەنگە چەوتەی ماوەیەکی درێژە هەندێک لەسەرانی کورد و سیاسیەکانی، لاوەکانی کوردیان پێ ڕائەهێنا: کە "کورد لە عێراق دا برا بچوکی عەرەبە"و "عەرەب لە عێراق دا برا گەورەی کوردە".

لەساڵی ١٩٧٥ هەوە خۆم و زۆرێک لە هاوڕێکانم وێستومانە ئەم فەرهەنگە لە بناغەوە هەڵتەکێنینو بیگۆڕین بەوەی تاکی کورد بەتایبەتی ئەندامانی کۆمەڵە و یەکێتی پەروەردە بکەین بەوەی کوردیش وەکو هەمو نەتەوەکانی جیهان مافی چارەنوسی هەیە، مافی دەوڵەتی هەیە، برا بچوکی هیچ نەتەوەیەکی تر نیە، پەیوەندی کورد لەگەڵ گەلانی دراوسێ دا لەسەر بنچینەی هاوتایی‌و یەکسانی‌و قازانجی هاوبەش دابمەزرێنین‌و، گرێی خۆبەکەمزانی‌و خۆ بە بچوکزانی بگۆڕی بەخۆ نازین و کورد لە ئاستی هیچ بێگانەیەک دا خۆی بە کەمتر و بچوکتر نەزانێت.

ئەگەر کەسانێک هەبن ئەمە بە نوقسانی بۆ من لە قەڵەم بدەن، من بە شانازی ئەزانم بۆ خۆم.

*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کێ فیدرالیزمی پارێزگاکانی داهێنا؟

تاڵەبانی لەقسەکانیدا بزوتنەوەی گۆڕانو هەڵسوڕاوەکانی بە دژی فیدراڵیزم و هەرێمی کوردستان تاوانبار ئەکات و ئێمە بە لایەنگری فیدراڵی پاریزگاکان ناو ئەهێنێ، گۆیا ئێمە دژی هاتنەوەی کەرکوکین بۆ سەر هەرێمی کوردستان. پێ ئەچێت تاڵەبانی وەک چۆن زاکیرەی خۆی لاواز بوە لە گێرانەوەی روداوەکان دا، وابزانێت هەمو خەڵکی کوردستانیش زاکیرەیان لاوازە و ئەوەیان لە بیر چوتەوە. خەڵکی کوردستان هەمو لە بیریانە:

یەکەم، ئەوەی یەکەم کەس کە بە شێوەیەکی فەرمی پرسی فیدراڵی پاریزگاکانی سەلماند و بەم سەلماندنەش هەمو کوردی لەبەردەم هێزە عێراقیەکانو ئەمەریکادا ئیحراج کرد خودی تاڵەبانی بو.

لەو رێکەوتنەدا کە تاڵەبانی بەناوی سەرۆکی مەجلیسی حوکم و بریمەر بەناوی حاکمی مەدەنی عیراقەوە ئیمزایان کردوەخاڵێکی سەرەکی رێکەوتنەکەیان ئەوە بو کە عیراق ببێتە ١٨ پاریزگای فیدرالی، ئەمەشی بۆ هەمو عێراق قەبوڵ کردبو، لەوانە هەرێمی کوردستان. دوای ئەوەی سیاسیەکانی عەرەبو لە کوردستانیش هەندێک لایەن لێیان کرد بەهەرا، ئینجا لێی بێدەنگ بو.

دوەم، ئەوەی کێشەی بۆ مادەی ١٤٠ دروستکرد و بو بە هۆی هێنانە ئارای پرۆژەیەکی قانونی جیاواز لە مادەی ١٤٠ لە کاتی دانانی قانونی هەڵبژاردنی پاریزگاکان دا، خودی تاڵەبانی بو.

تاڵەبانی لە سەردانەکەی دا بۆ کەرکوک و لە کۆبونەوەی دا لەگەڵ ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوک داوای لێ کردن "دەسەڵات و بەرێوبەرایەتی کەرکوک بە رێژەی ٣٢% لە نێوان تورکمانو عەرەبو کوردا دابەش بکرێت و کەرکوک ببیتە هەرێمێکی فیدراڵی جیاواز لە هەرێمی کوردستان." ئەم قسەیەی لە کۆبونەوەکانی لەگەڵ تورکمانو عەرەب دوپات کردۆتەوە.

ئەم کەتنە بوە هۆی هاندانی عەرەب و تورکمان بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە ببەنە پەرلەمانی عێراق و بیکەن بە یاساو لە دەنگدانی رۆژی ٢٢ تەموزدا بیسەپێنن و کێشەیەکی سیاسی و یاسایی دژواری ئەوتۆی خوڵقاند کە بە بایکۆتی ئەندامانی کوردی پەرلەمانی عێراق وله

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەنجامی ئەم بایکۆتەدا و لە ژێر فشاری رای گشتی دا دەستەی سەرۆکایەتی ناچار بە ڤیتۆ کرا، بەڵام وەکو کێشەیەکی هەڵواسراو مایەوە دوا خرا بۆ کاتێکی دیارینەکراو.

سێیەم، لە کاتی خۆی دا کە ئێمە بەم کەتنەمان زانی بۆ هەڕەشە و ناچارکردنی بە پاشگەزبونەوە لەو بیرە، بە تاڵەبانیمان وت: "ئەگەر ئەو باوەڕی وایە عەرەبو تورکمانو کورد لە پارێزگای کەرکوک ببن بە هەرێمێکی جیاواز، ئەوا باشتر وایە سلیمانیو هەولێر و دهۆکیش هەریەکەیان ببێ بە هەرێمێکی فیدراڵی، ئەوسا هەر ٤ هەرێمی فیدراڵی پێکەوە ئەتوانن دەزگایەکی هاوبەشی کوردستانی پێک بهێنن. ئەوسا کەرکوکیش نابێتە حاڵەتێکی جیاواز لە پارێزگاکانی تری کوردستان."

لە گۆڕانێکی وەهادا تاڵەبانی خۆی هیچ دەسەڵاتێکی نەئەما، نە لە کوردستان و نە لە پارێزگای سلیمانی، بۆیە لە بەردەم دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی دا پەشیمان بوەوە، وتی: "من سوێندم خواردوە پارێزگاری دەستور بکەم، مادەی ١٤٠ یش مادەیەکی دەستوریە".

تاڵەبانی هەتا ئێستاش لە سەر کەرکوک بە دو جۆر ئەدوێ:

لەگۆبونەوە تایبەتیەکانی دا لەگەڵ تورکمانی کەرکوکو لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی تورک پشتگیری لەوە ئەکات کەرکوک ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی.

لە گۆبونە گشتیەکانی کوردستانیش دا باسی مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی کەرکوک ئەکا بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە ناو تورکمان و کورد و عەرەب دا هەن کە فیدراڵیەتی کەرکوک بە چارەسەرێکی گونجاو ئەزانن بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی کەرکوک، خۆ ئەگەر تاڵەبانی لەم بڕوایەدایە پێویست بەوە ناکات نیازی راستەقینەی خۆی بشارێتەوەو بەو دو جۆرە جیاوازە بدوێت.

ئێمە بیروبۆچونی خۆمان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بە گشتی و لە سەر جۆری چارەسەرکردنی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان دا، بە ئاشکرا لە دەیان وتار و گفتوگۆی رۆژنامەوانی و رادیۆیی و تەلەفزیۆنی دا بڵاو کردۆتەوە. لەم بارەیەوە هەر قسەیەک بکەن ئەچێتە خانەی موزایەدەی سیاسی بێ بایەخەوە، رەنگە هەبن لە دۆڕاندنی هەندێ ناوچەی کوردستان دا قازانجی سیاسی بکەن، بەڵام ئێمە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی یا مادی لە دۆڕاندنی مەترێکی سەرزەمینی کوردستان دا بە دەس ناهێنین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چوارەم، ئێمە پێمان وایە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم لە گەڵ پێویستیەکانیپێشکەوتنی گەلی کوردستاندا ناسازە:

حیزب و حکومەت تێکەڵاوە.

حیزب دەس وەر ئەداتە دەسەڵاتەکانی تەنفیزی، تەشریعی، قەزائی.

حیزب دەس وەر ئەداتە زانکۆ، پەیمانگا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی.

حیزب دەس وەر ئەداتە بازاڕ و بازرگانی.

ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە بێلایەن نین.

بودجە ڕون نیە و، بە جۆرێکی ناعادلانە سەرف ئەکرێ.

گەندەڵی بە هەمو شێوەکانی کارگێڕی، دارایی، سیاسی، لە داوودەزگاکان دا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەمانە بیروبۆچونەکانی ئێمەن، نەمان شاردۆتەوە. بە ئاشکرا لە وتار و پەیام و گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی دا دوبارەمان کردۆتەوە و، ئالتەرنەتیڤمان پێشنیار کردوە.

پێنجەم، لە شێوەی بەڕێوەبردنی هاوچەرخ دا لە دنیای ئەم سەردەمەدا نەناوەندێتی کارگێڕی بۆتە بنەمایەکی باوی کاری حکومەت و فەرمانگەکانی، کەچی ئەوە بە دژایەتی فیدرالیزم دائەنێ، لە کاتێک دا ئەمە بەشێکە لە چاکسازی کارگێڕی هەرێمی فیدرالی کوردستان. ئێمە پێمان وایە پێویستە چاکسازی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان دا بکرێ. پێویستە:

دەسەڵاتی جیبەجێکردن کە خۆی ئەنوێنێت لە سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگە و ئاسایشو پۆلیس، پێویستە یەکگرتو بن لە دەسەڵاتی هەرێم دا.

دەسەڵاتی تەشریعی کە بریتیە لە پەرلەمانی کوردستان پێویستە یەکگرتو بێو قانون بۆ هەمو هەرێم دابنێ.

دەسەڵاتی قەزائی کە بریتیە لە ئەنجومەنی قەزاو دەزگاکانی سیستەمی قەزائی پێویستە یەک دەسەڵاتی قەزائی لە هەمو هەرێم دا حوکمڕان بێ و بە قانونەکانی پەرلەمان کار بکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام ئەبێ دەسەلات لەنێوان دەسەلاتی کارگێڕیی هەرێمو دەسەلاتی پارێزگادا دابەش بکرێ، کە ئەویان خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران و ئەمیان خۆی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دا ئەنوێنێ، واتە پەیڕەوی بنەماکانی نەناوەندێتی بکرێت.

ئەوانەی دژی "نەناوەندێتی" و ئەم پێشنیارانە رائەوەستن ئەوانەن کە قازانجیان هەیە لە مانەوەی بودجەی هەرێم و جۆری سەرفکردنی و، دامەزراندنی کارمەندانی پلە و پایە جیاوازەکانی پەیژەی بەڕێوەبەرایەتی، لە تاریکی دا و، ئەوانەن بە جۆرێ لە جۆرەکان سودمەندن لە شێوە جیاوازەکانی گەندەڵی.

ئێمە بیروبۆچونەکانی خۆمان لە سەر ئەو بابەتە گرنگانە نەشاردۆتەوە، هەم بە نوسین و هەم لە گفتوگۆی تەلەفزیۆنی دا بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا رونمان کردۆتەوە. ئەمە نەک بە تاوان نازانین، بەڵکو بەشێکە لە پرۆژەی چاکسازی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان.

*

دەستور: خەبات بۆ سەرۆکایەتی یان بۆ مافی کورد؟

تاڵەبانی لە چەند جێگەیەکی راپۆرتەکەی دا شانازی ئەکا بەو دەستکەوتانەوە کە لە دەستوری عێراق دا نوسراون، کەسێ ئاگای لە پرۆسەی نوسینی نەبێ وائەزانێ ئەمە قارەمانی بەدەستهێنانی دەسکەوتە دەستوریەکان.

لێرەدا پێویستە بۆ مێژو لەم بارەیەوە شایەتیی خۆم تۆمار بکەم. هەر کەسیش ویستی وردەکاری زیاتری ئەم پرۆسەیە بزانێ، ئەتوانێ بپرسێ. بۆ خۆشبەختی مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئازاد بەرواری و د رۆژ شاوەیس، ماون کە بەشداری راستەقینەی پرۆسەکە بون. ئەمە جگە لە دەیان کەسی تر کە بەو بۆنەیەوە لەبەغدا رۆژانە لە کۆبونەوەکان دا بەشدار ئەبون.

من ئەندامی پەرلەمانی عێراق نەبوم، لەبەرئەوە ئەندامی لێژنەی دارشتنی دەستوریش نەبوم، کاتێک کە خەریک بو دارشتنی دەستوری عێراق بگاتە دواییین قۆناغی، چەند رەشنوسێک بڵاوکرایەوە کە مافەکانی کوردی بە رونی تیا دیاری نەکرابو. مەسعود بەرزانی بۆ بەشداری لە دوادارشتنی دا چو بۆ بەغدا، لەگەڵ خۆی نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستانی برد، داوای لە منیش کرد لە گەڵی بچم بۆ بەغدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ژێر گوشاری ئەمەریکی دا بۆ ئەوەی پرۆسەی نوسینی دەستور بە ڕێکوپێکی بڕوا و لەکاتی دیاریکراودا تەواو ببێو ڕابگەیەنرێ، "مەتبەخێکی سیاسی" لە نوێنەرانی هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی عێراق و کوردستان پێکهێنرا بۆ تاوتوێکردنو ئامادەکردنی مادەکانی دەستور. لەو مەتبەخەدا تاڵەبانی و من نوێنەرایەتی یەکێتی مان کرد.

ئەو ڕەشنوسەی کە بۆ دەستور نوسرابو دەسەڵاتی سەرکۆماری سنوردار کردبو، پایەی سەرکۆماری کرد بوە کارێکی تەشریفاتی. تاڵەبانی خۆی ئامادەکردبو ببێتە سەرکۆمار، ئەو دەسەڵاتانەی بۆ سەرکۆمار، واتە بۆ خۆی بە کەم ئەزانی. ئەیویست دەسەڵاتەکانی فراوان بکات. لایەنە عەرەبیەکان کە شارەزاتر بون لە کورد، ئەیانویست سیستەمی سیاسی عێراق پەرلەمانی بێ و بۆ ئەوەی تەجروبەی سەردەمی سەدام دوبارە نەبێتەوە، سەرۆکی کۆمار پایەیەکی "تەشریفاتی و ئیحتیفالی" هەبێ. دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبێ بتوانێ سیستەمی سیاسی- پەرلەمانی بخاتە مەترسیەوە.

تاڵەبانی بەمە ڕازی نەبو، لە کۆبونەوە سەرەتاییەکانی ڕۆژی یەکەم دا لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار دوانێکی توندوتیژی دا. لەبەرئەوەی کەس نەبو بە هاوەڕەنگی بە تورەییەوە کۆبونەوەکەی بەجێهێشتو ئیتر هیچ بەشداریەکی جدی و کاریگەری لە گفتوگۆکانی نوسینی دەستوردا نەکرد، دو جار نەبێ کە هەردوک جارەکەش بە زەرەر بۆ کورد تەواو بو:

یەکێکیان، زوربەی لایەنە عەرەبیەکان ڕازی کرابون بەوەی کە لە دەستوری نوێی عێراق دا ئاماژە بۆ ئەوە نەکرێت "عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب" کە ساڵەهای سال هۆی ناکۆکی کورد و حکومەتی ناوەندی عێراق بوە. ئەم مادەیە لە دەستوری چەند دەوڵەتێکی عەرەبی دا هەیەو لە دەستوری چەند دەوڵەتێکی تردا نیە.

تاڵەبانی بۆ ڕازیکردنی عەرەب پێشنیارێکی هێناو، وتی: "ئەمە هی عەمرۆ موسای ئەمینی عامی جامیعەی عەرەبیەو منیش پێم باشە بیخەینە دەستورەوە". پێشنیارەکەی بریتی بو لەوەی ئەم ڕستەیە: "وهو عضو مؤسس وفعال فی جامعه الدول العربیه وملتزم بمیثاقها" بخرێتە مادەی ٣ ی دەستورەوە. پێشنیارەکەی بە خۆشیەوە وەرگیرا و خرایە دەستورەوە، بەوەش ناوەڕۆکی مادەی ٣ کە دانی نابو بەوەدا: "عیراق ولاتێکی فرەنەتەوە و فرەئاین و فرەمەزهەب" ە لاواز بو.

دوهەمیان، دوای ئەوەی نوسینی دەستور تەواو بو، ئیتر ئەبو بڵاوبکرێتەوەو بخرێتە بەردەم دەنگدەرانی عێراق بۆ قەبوڵکردن یان ڕەفزکردن، زالمای خەلیل زاد، سەفیری ئەمەریکا، لەسەر داوای هەندێ لایەنی عەرەبی سونی ویستی مادەیەکی تازە تێهەڵکێشی دەستورەکە بکرێ، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتودا بێ ئەوەی ٨

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵ چاوەڕوان بکەن، مادەکانی دەستور قابیلی دەستکاری بێو زۆری ئەو مادانەش کە ئەیانویست دەستکاری بکرێن، ئەو مادانە بون کە بە قازانجی کوردو شیعە بون.

لایەنی شیعە بەهیچ جۆرێ ئامادە نەبون ئەم مادەیە قەبوڵ بکەن، بەڵام لەسەر داوای خەلیلزاد، تاڵەبانی لایەنی کوردی "ئیحراج" کرد قەبوڵی بکەن، هەر ئەوان لایەنی شیعەشیان بەم گۆڕینە رازی کرد، بە تایبەتی سەید عەبدولعەزیز حەکیم کە سەرۆکی ئیئتیلافی شیعە بو. پاش دوجار سەردان و پێداگریەکی زۆر ئینجا ئەویش لەسەر داوای کورد قەبولی کردو بو بە مادەی ١٤٢.

لە کاتێک دا نوێنەرایەتی کورد خۆی دەوری سەرەکی هەبوە لە دانانی مادەی ١٤٢ دا بۆ تەعدیلکردنی دەستور، کەچی ئێستا خۆی بە هەڕەشەی دائەنێ لە دەستکەوتە دەستوریەکانی.

عەرەب ئەڵێت "شر البلیه ما یضحک"!

*

جاران و ئیستا

تاڵەبانی لە ڕاپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

"پێویستە ئەم ڕاستیە بۆ خەڵک ڕوون کەینەوە کە بۆچی: لە سەرۆک جاشە بابەلباب خائینەکانەوە، تا سەر مەلا کرێکار، تا سەر جاشە هارەکانی خۆمالی، تا سەر کۆنە جاسوس و کۆنە بەعسی، هەروەها باڵی تۆرانی جەبهەی تورکمانی، بەگەرمی دەنگیان بۆ دان؟ ئایا لەدژی پارتی و ی.ن.ک و حکومەتی هەرێم و کوردایەتی نەبوو؟"

جاران یەکێ لە هونەرەکانی تاڵەبانی دوان و نوسین بو.

پێ ئەچێ لە ژێر کاریگەری توڕەیی دۆڕاندنی هەڵبژاردن دا ئەم هونەرەشی لاواز بوبێ. نوسینەکانی و وتارەکانی پڕن لە قسەی ناکۆک و ڕستەی ناهاوسەنگ، ئەوەی لە شوێنێک دا ئەیڵێ لە شوێنێکی تردا پێچەوانەکەی ئەڵێ، لە یەک کات دا شتێک و پێچەوانەکەشی دوبارە ئەکاتەوە. لیستی ئەو تۆمەتانەی بۆ من و بزوتنەوەی گۆڕانی ڕیز کردوە پڕە لەم جۆرە شتانە.

لە لایەک پێم ئەڵێ سلێمانچێتی ئەکا، کەچی لە شوێنێکی تردا ئەڵێ ٣ هەزار ملیۆن دۆلاری کۆریەکانی لە کیس سلێمانی داوە چونکە لە هەولێر خەرجیان کردوە!

لە لایەک پێم ئەڵێ دژی برایەتی کورد و گەلانە، کەچی لە شوێنێکی تردا ئەڵێ هاوکار و دۆستی کۆنە بەعسی و جاش و تۆرانیە!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە لایەک پێم ئەڵێ پیاوێکی تووندوتیژە کەس قبوڵ ناکا کەچی لە شوێنێکی تردا ئەڵێ هاوڕێی مەلا کرێکارە، بە واتەیەکی تر دۆستی ئیسلامیە تووندڕەوەکانە!

لیستی تۆمەتە هەڵبەستراوەکانی هەمو سنورەکانی مەنتیقی تێپەڕاندوە، لە "تەخوین" ی ئیمەوە سەر ئەکێشێ بۆ "تەخوین" ی سەدان هەزار هاوڵاتی ئەم نیشتمانە.

لە هەڵبژاردنی ۲۰۰۹/۷/۲۵ دا زیاتر لە ٤٤٥ هەزار کەس لە هاوڵاتیانی کوردستان دەنگیان بە لیستی گۆڕان داوە... تۆ بڵێی ئەو هەمو خەڵکە جاشی بابلباب و کۆنە بەعسی و خائین بوبن؟ بۆچی ئەو کاتەی ئەم خەڵکە پاکە دەنگی بۆ یەکێتی ئەدا تێکۆشەر و دڵسۆز و هاوڵاتی پاک بون و ئیستاش کە دەنگیان پێ نەداون کۆنە بەعسی و جاشی بابلبابن؟ تۆ بڵێی هەمو ئەو خەڵکە دژی حکومەتی هەرێم و کوردایەتی بن؟

لە لایەکی ترەوە هەمو کەس ئەزانێ کەرکوک بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان دا نەکرد، ئیتر ئەم باڵە تورانیەی "جەبهەی تورکمانی" لە کوێوە هاتن و چۆن دەنگیان بە ئێمە دا؟ لەمەش بترازێ هەرکەسێ باسی تورانی و جەبهەی تورکمانی بکات، هەق نیە تاڵەبانی بیکات، چونکە ئەو بو ئێکلیلی گوڵی بردە سەر گۆڕی ئەتاتورک و هەر لەوێش رایگەیاند دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانەیە، نەک من و هەڵسوڕاوانی گۆڕان.

ئایا هیچ لۆجیکێ لەم قسانەدا هەیە؟ ئەگەر ئەمانە هەر هەمۆی هەوڵێکی ڕێکخراو نەبێ بۆ پەڵپ گرتن و بیانو هێنانەوە بۆ دژی بزوتنەوەی گۆڕان چ مەبەستێکی تری لە دوایە؟

*

کاکڵەی ڕاپۆرتەکەی تاڵەبانی و مەبەستی پلینۆم

تاڵەبانی لە ڕاپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

"سیاسەتی ڕاستەقینەی گۆڕانی گردەکە

گۆڕانی گردەکە، کە دەکاتە گۆڕانی نەوشیروان، لەدەستپێکیەوە دژی ی.ن.ک کاردەکات.

بەڵام سیاسەتی شاردراوە، یان نیمچە شاردراوەیان دژی کوردایەتی، دژی فیدرالە، دژی یەکێتی خاکی کوردستانە، دژی گەڕاندنەوەی کەرکوکە بۆ باوەشی هەرێم، دژی (هـپ.ک)و یەکێتیی خەڵکی کوردستانە. چۆن؟

۱.دژایەتیکردنی (ی.ن.ک) بۆ هەموو خەڵک و خۆمان ئاشکراو ڕوونە، بۆیە پێویستی بەباسکردن نییە.

۲. دژی فیدرالی کوردستانن: گەر بۆیان بکرێ سلێمانی لە هەرێم جیادەکەنەوەو هەرێم پارچە پارچە دەکەن، هەر پارێزگایەک بۆ خۆی لامەرکەزیەتێکی هەبێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

۳. دژایەتی کوردایەتین: بەنەهێشتنی ئەو کیانە سیاسیەی کوردستان دژی هەرێمو فیدرالیەتی کوردستانن.

٤. دژی هاتنەوەی کەرکوکن بۆ سەر کوردستان: هەردەم بەگوتەیەک جارێکیان دەڵێ وا چەمچەمال و کفری و کەلار هاتوتە سەر سلێمانی و زۆربەی نەوت و غاز لەوێیە: ئیتر ئێمە بۆ لەسەر کەرکوک هەرا بکەین؟ جارێکی تریان دەڵێ: با کەرکوک پارێزگایەکی سەربەخۆ بێت! لەهەردوو جاردا کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر هەرێم!

٥. لای هەندێ دەوڵەت و هەندێ لایەنی سیاسی عیراقی دەڵێ (هـپ.ک) زیادەیەو پێویستمان پێی نەماوە.

٦. هەندێ جاریان نەوشیروان بەئاشکرا دەڵێ بادینی کورد نین، کەرکوکی کەس نازانێ چین؟ هەوڵێریش (قسەی قێزەون دەکات)، بۆیە هەر سلێمانیمان بەسە:

جا هەڤاڵینە: ئێمە پێویستە کە لەسەر گۆڕانی نەوشیروان دەنووسین، ئەم راستیانە بۆ خەڵک روون کەینەوە. نەک شتی شەخسیەکانیان. پێویستە خەتەری ئەو سیاسەت چەوتەیان ریسوا بکەین.

هەروەک پێویستە ئەم راستیەش بۆ خەڵک روون کەینەوە، کە ئەو گۆڕانە پێویستە بە نەوشیروان ناکرێت، بەڵکو بە ی.ن.ک و پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، کە ئەوان دژایەتیان دەکەن.

*

ئەمە کاکڵەی ڕاپۆرتەکەی تاڵەبانی و مەبەستی سەرەکی پلینۆمەکەیەتی!

تاوانبارکردنی بزوتنەوەی گۆڕان بەو هەمو دوژمنایەتیە لە گەڵ کوردایەتی، فیدرالیزم، پێشمەرگە، کەرکوک.... جگە لە چەواشەکاری شتێکی تر نیە.

مەبەستی تاڵەبانی لە پلینۆمەکەی نمایشی سیاسی، عەسکەری، نەفسیی... بۆ سازدانی هەمو هێز و توانای خۆی و یەکێتی و داوودەزگا حکومەتیەکان، دژی بزوتنەوەی گۆڕان. لە بەر ئەوەی خۆی سەرکۆماری عێراقە و لە هەمان کات دا سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی و فەرماندەی گشتی پێشمەرگەکانی و بەرپرسی یەکەمی دەزگاکانی زانیاری و هەواڵگری و ئاسایشە، حیزبەکەشی هاوبەشی حکومەتی ناوەندیی بەغداد و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەبێ ڕاپۆرتەکەی بە هەڕەشەیەکی جدی وەربگیرێ.

مرۆڤ ئەبێ بپرسێت:

ئایا ئەو لێشاوی تیرۆر و تۆقاندن و هەڕەشانەی لەدوای پلینۆمەوە بۆ سەر لایەنگران و هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەستی پێ کردوە، پەیوەندی بەم قسە و تۆمەتانەوە نیە کە تاڵەبانی بۆ بزوتنەوەی گۆڕانی هەڵئەبەستێت؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئایا ئەو تۆمەتانەی تاڵەبانی بۆ بزوتنەوەی گۆڕانی ڕیز ئەکات، هەڵکردنی چرای سەوز نیە بۆ ئەو دەستدرێژییانەی لە دوای پلینۆمەوە کراوەتە سەر لایەنگر و هەڵسوڕاوانی گۆڕان؟

ناساندنی بزوتنەوەی گۆڕان و هەڵسوڕاوەکانی لە لایەن تاڵەبانیەوە، بە خەتەر بۆ سەر کوردایەتی، هەڕێمی کوردستان، فیدرالیزم، دیمۆکراسی، پێشمەرگە، کەرکوک و دانانی بە دوژمنی یەکێتی و کورد و کوردستان خۆشکردنی زەمینەیە بۆ پاکتاوی جەستەیی بزوتنەوەکە و هەڵسوڕاوەکانی.

بۆیە لەدوای ئەم ڕاپۆرتەوە کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکێتیەوە بڵاو کراوەتەوە، ئۆبالی هەمو ڕوداوێکی ناخۆش و قەوماوێکی نەویستراو ئەکەوێتە ئەستۆی تاڵەبانی و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و ئەوان بەرپرسیاری سەرەکی هەمو پاشهاتەکانی ئەبن.

*

پاشکۆ

بۆ یەکێ بیەوێ هەندێ بەڵگەی خۆڕێکخستنەوەی دوای ئەنفال بخوێنێتەوە ئەتوانێ سەیری ئەم بابەتانە بکا:

بە یاننامەی یەکێتی بە بۆنەی ئەنفالەوە

پایەکانی ستراتیجی قۆناغی نوێی کار

پەیڕەوی ناوخۆی سرک

کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨، لەنوسینی شەوکەتی حاجی مشیر، وێنەی بەرگی کتێب، لاپەرە ٨٩ و لاپەرە ٩٥.

بۆ یەکێ بیەوێ ئەو وتار و پەیامانە بخوێنێتەوە کە لە سەر کەرکوک و ناوچە دابراوەکان بڵاومان کردوتەوە ئەتوانێ سەیری:

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە:

ژمارە٤١ ڕۆژی٢٠٠٧/٠٨/٢٠ :کێبەرپرسە لە جێبەجێ نەبونی مادەی ١٤٠؟ئەمریکا، عەرەب یان کورد؟لاپەڕە١٠

لە سبەی:

ژمارە٧٧ڕۆژی٢٠٠٧/١٠/٠٩ :دیسانەوە مادەی ١٤٠: هەڵسەنگاندنێکی جیاواز. لاپەڕە١٢

لە سبەی:

ژمارە٢٧٠ ڕۆژی٢٠٠٨/٠٧/٢٨ :کورد نەیتوانی نمونەیەکی باش بدات بە نەتەوەی تورکمان و نەتەوەی عەرەب لە کەرکوکدا. لاپەڕە٥-٤

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژمارە۳۲۹ رۆژی۲۲/۱۰/۲۰۰۸ :پرسی کەرکوک: کورد لەگەڵ تورکمان چی بکات؟. لاپەڕە۳

لە سبەی:

سایتی سبەی:

نەوشیروان مستەفا: کەرکوکمان نەدۆڕاندووە

بۆ یەکێ بیەوێ ئەو وتار و پەیامانە بخوێنتەوە کە لە سەرفیدرالیزم و سیستەمی بەڕێوبردن لە کوردستان دا بڵاومان کردۆتەوە ئەتوانێ سەیری:

رۆژنامەی رۆژنامە:

ژمارە٥١٤ رۆژی١٩/٠٧/٢٠٠٩ ، پاشکۆی بەرەو گۆڕان ژمارە١٩:ئێمە لە کۆنەوە لایەنگیری ئەوە بووین پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، چەندین دەسەڵاتی یاسایی و ئیداریی و دارایی هەبێت. لاپەڕە٥-٤

سایتی سبەی:

نەوشیروان مستەفا: لایەنگری حوکمی لامەرکەزیم لە کوردستاندا

نوێنەرایەتی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عیراق دا: چی کردوە و ئەبو چی بکردایە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له نەورۆزی ١٩٩١ دا ئەمان توانی بڵێین: ئەوە یەکەمین جارە لە مێژوی کوردا نزیکەی سەرانسەری سەرزەمینی کوردستانی عیراق لە دەسەڵاتی حکومەتی عیراق رزگاری بوە و، کورد لە رێگەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیەوە دەستی گرتوە بە سەر نیشتمانەکەی خۆیدا.

بەهاری ئازادی کورد زۆری نەخایاند، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە وەرگەڕا بە گەورەترین شکستی جەنگی و، گەورەترین کۆچی بە کۆمەڵی کورد و، گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی و، سەرەنجام بۆ یەکەمین جار مەینەتیی کورد توانی بەزەیی بەشێ لە رای گشتی جیهانی پێشکەوتو بە دەس بهێنێ.

فەرهەنگی کرۆزانەوە بۆ "بەدەسهێنانی بەزەیی بەرامبەر" بەشێکە لە کەسایەتی کورد. رەنگە بیدەوڵەتی و ژێردەستەیی دریژخایەنی دەسەڵاتی بێگانە لە دروستکردنی ئەم فەرهەنگەدا کاریگەر بوبێ. تاکی کورد بۆ بەدەسهێنانی مافەکانی، لە جیاتی ئەوەی خۆی بە خاوەن هەق دابنێ و داکۆکی ڕەوا لە خواستەکانی بکا، هەوڵ ئەدا لە ڕێی ئەوەوە کە گوناحە، نەگبەتە، بەدبەختە، لێقەوماوە، لاواز و زۆرلێکراوە، بە پارانەوە و لالانەوە و نوزانەوە هەستی بەزەیی لە بەرامبەرەکەی دا ببزوێنێ و، خواستەکەی پێ بسەلمێنێ. ئەوە لە کەسایەتی بە کۆمەڵی کوردیش دا، لەوانە لە سەرکردایەتی حیزبەکان دا، ڕەنگی داوەتەوە.

نرخی (١٨٠٠) دینار
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM